هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 38

سالی/ 2006 – بەرگی سی و هەشت

---

چاپی یەکەم/ سالی 2007

له بڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی(2006)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق
بەرگی: 38
چاپی یەکەم: 2007
تیراژ: 500
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

# پێرِیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/10/16 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2006/10/19 ل67

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/10/30 ل71

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/11/1 ل131

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/11/6 ل203

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/11/8 ل261

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/11/14 ل315

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/11/27 ل369

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/11/29 ل421

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2006/12/17 ل441

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/12/19 ل501

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/12/26 ل549

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/12/27 577



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14)**

**دوو شەممە رێکەوتی 16\10\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (14)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2006/10/16

كاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2006/10/16 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (14)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گەیاندن.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گەشت و گوزار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2006/10/16دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گەیاندن.

2- خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گەشت وگوزار.

فەرموو كاك خورشید نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی پرسیارێكم هەیە, ئێمە لەوەتەی ئیفتتاحی جەلسەی یەكممان كردووە, ژمارەیەكی زۆر قەوانین دەرچووە, ئێمە نوسخەی پرۆژەكەمان وەرگرتووە, بەڵام تائێستا یەك ئەندامی پەرلەمان لەو قانونەی دەرمان كردووە و نصابەكەی لەسەر كراوە, ئەوەی جەنابت ئیمزات كردووە یەكمان بەدەست نەگەیشتووە وهەر نازانین چۆن دەرچوون, ئەمە یەك, دووەم وەقائعی كوردستانمان هەر نەدیوە, سێیەم پێشنیار دەكەم

جەنابتان هەتا ئی بەغدایە ئەو قەراراتانەی لەوانیش دەردەچێت و مصادەقەی لەسەر دەکەن لەوانیش نوسخەیەکمان بۆ بنێرن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نیو نوقتەی نیزام بوو, ئەوەلەن ئەو یاسایانەی کە دەردەچن یانی ئیقرار دەکرێن لێرە پێویست بەوە دەکات لیژنەی صیاغە ئیعادەی نەزەر بکاتەوە لە رووی زمانیەوە و هەموارکردنی ئەو بڕگانەی کە لێرە ئیقرارتان کردووە, دواتر ئینجا ئیمزا دەکرێت و دەچێتە سەرۆکایەتی و سەرۆکایەتی هەرێمیش ئیمزای دەکات, لەجەریدەی وەقائعی کوردستان بڵاودەبێتەوە, ئەو وەختی لەبەردەستی هەمووتانە, داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی گەیاندنیش کە راپۆرتی هەیە بێن, پێش ئەوەش بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز کاك حیدر وەزیری گەیاندن و بەڕێز کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین, بەخێربێن سەرچاو, من ئەگەر ئیجازە هەبێت داواکارییەکم لە لیژنەی یاسا هەیە, ئەویش ئەوەیە تەبعەن ئەمە چەندین جارە موناقەشەی پرۆژەی یاسای وەزارەتەکان دەکەین, شارەزاییەکمان پەیدا کردووە و کە هەندێ شتی رۆتین هەیە لە هەموو وەزارەتەکان تیکرار دەبێتەوە, پێشنیارم وایە کە تەحصیل حاصلە پێویست ناکات لێرە موناقەشەی بکەین, بۆ نموونە لەتەسەلسولەکەی ئەوەلەن و سانیەن و ئەوە هەمووی وایە, لە دیباجەیە ئەو شتانە کە هەمووی تیکرار دەبێتەوە, لەوەختی خۆتانی پێ مەکوژن, لەبەر ئەوەی یەکسەر بچینە سەر ماددەکان, مەعلومە کە ئێمە هەموار دەکەین وەکو پرۆژەکانی تر, کە ئیقرار کرا لێرە, عەینی شت و بەهەمان شێوە, یەك ودوو سێیەکە دەکەینە ئەوەلەن و سانیەن و سالیسەن, دیباجە مەعلومە چوار دێڕە, ئەسبابی موجبەی دانانی ئەو یاسایەیە, بۆ ئەوەی وەختەکەمان هەبێت داوایان لێ دەکەین ئەوە مولاحەزە بکەن و لە موناقەشەکە بچنە سەر ماددەی یەك, فەرموون, بڕگەی یەکەم پرۆژەکە بەکوردی بخوێننەوە ئینجا راپۆرتەکە,

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتی لیژنەی یاسا بەکوردی خوێندیەوە.

**بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ب/ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گەیاندنی هەرێمی کوردستان –عێراق و هەواڵەکردنی بۆ لیژنەی یاسایی، لێژنەکەمان هەڵساوە بە دراسەکردنی پرۆژەکەو کۆبونەوە لەگەڵ وەزیری ڕاسپێردراو بۆ پۆستی وەزارەتی نوێو دوای گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە، لێژنە ڕاپۆرت وڕاسپاردەو پێشنیازەکانی خۆی سەبارەت بە پرۆژەکە بە تێکڕای بۆچوونەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکەش دەکات:-

یەکەم: لیژنە پشتگیری پرۆژەی یاساکە دەکات لەبەر ئەوەی وەزارەتێکی نوێیە لە هەرێمدا، وپێشنیاز دەکەین دیباجەیەکی بۆ دابڕێژرێت وماددەکانی ریز بەندبکرێنەوەو بڕگەکانیش ڕێك بخرێنەوەو هەندێك

هەمواركردن وگۆرانكاريش لە دارشتنى بەندەكانىدا ئەنجام بدريێت كە دواتر لە ريێگەى ئەم راپۆرتەدا دەردەكەويێت.

دووەم: ليێژنە دارشتنى ديباجەى ياساكە بەم شيێوەيەى خوارەوە پيێشنياز دەكات:-

بەناوى خوداى بەخشندەو دلۆڤان

بەناوى گەل

ئەنجومەنى نيشتيمانى كوردستان –عيێراق

پشت بە حوكمى برگە (1)لە ماددەى (56)لە ياساى نمرە (1)ى سالىٚ(1992)ى هەمواركراو بيناكراو لە سەر پرۆژەى كە ئەنجومەنى وەزيرانى هەريێمى كوردستان – عيێراق كە خستبووە رووى ئەنجومەنى نيشتيمانى كوردستان – عيێراق لە دانيشتنى خۆى ژمارە (    )ى ريێكەوتى/    /2006 بريارى دا ئەم ياسەيە دابنيێت :-

**ياساى ژمارە (    ) سالىٚ 2006**

**ياساى وەزارەتى گەياندنى هەريێمى كوردستان –عيێراق .**

سىٚيەم: ئەوەى پەيوەستە بە ماددەى يەكەم لە ئەسلىٚ پرۆژەكەدا ليێژنە ئەمەى خوارەوە پيێشنياز دەكاو راشدەسپيێرىٚ:-

1-دووبارە دارشتنەوەى ديێرى يەكەم لە مادەكەدا بۆ ئەوەى لەگەلٚ دەقى پەيرەوكراو لە باسكردنى پيێناسەكاندا بگونجىٚ كە لە ياساكانى دەرچووى پەرلەمانى كوردستاندا بەكارهيێنراون كە بەم شيێوەيەى خوارەوەيە (مەبەست لەم دەستەواژانەى خوارەوە واتاكانى دياريكراوى بەرامبەريانە)

2-گۆرينى زنجيرەكان لە نمرەيىيەوە بۆ نوسراوەيى لە برگەكانى مادەكەدا.

چوارەم: ئەوەى پەيوەستە بە مادەى دووەم لە پرۆژەكەدا ليژنە ئەمەى خوارەوە پيێشناز دەكات:-

1-گۆرينى زنجيرەكان لە نمرەيىيەوە بۆ نوسراوەيى.

2-دووبارە دارشتنەوەى برگە (6)ى ماددەكە بەم شيێوەى خوارەوە (پيێدانى مۆلەت بە سەرجەم دامودەزگاكانى تايبەت بەگەياندن و پۆست بۆ كۆمپانيا وەبەرهيێنەرەكانى خۆجىٚو بيانى و ويێراى سەرپەرشتىكردن و بەدواداچوونيان بە گويێرەى ئەو بەستوبەندو گريێبەستانەى بە ياسا لە نيێوان وەزارەت وكۆمپانيا وەبەرهيێنراوەكاندا ريێكەوتنى لەسەر دەكريێت).

**پيێكهاتەكانى وەزارەت**

پيێنجەم: بەلاٌم ئەوەى پەيوەستە بە مادەى سىٚيەم لە پرۆژەكەدا ليێژنە ئەمەى خوارەوە پيێشنياز دەكات:

1-دووبارە دارشتنەوەى برگەى (يەكەم) بەم شيێوەى خوارەوە:

(وەزير خۆى سەرۆكى بالاٌى وەزارەتەو لە كارەكان و ئاراستە كردنى سياسەتەكانى دا بەرپرسەو سەرپەرشتى وچاوديێريكردن بەسەريدا پيادە دەكات وهەموو بريارو فەرمان وريێنماييەكان، لەوەوە دەردەچن و هەر بەسەر پەرشتى خۆشى جىٚبەجىٚ دەكريێن، لە هەر شتيێكدا كە پەيوەندى بە ئەرك

وفەرمانەكانی وەزارەت وپێكهاتەو دەستڕۆیەكانی وسەرجەم كاروبارەكانی تەكنیكی ودارایی و كارگێری و رێكخستنەوە هەبێ بە پێی حوكمەكانی یاسا لە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسیار دەبێ بەو پێیەی كەتێیدا ئەندامێكی هاوكارە)

2-لابردنی ڕستەی (دەبێ بڕوانامەیەكی زانكۆی سەرەتایی بە دەست هێنابێ)كە لە بڕگەی (دووەم)دایە چونكە بە دەقێكی دانراو چارەسەر كراوە.

3-گۆستنەوەی هەردوو بڕگەی (1 و2)لە مادەی چوارەمی پرۆژەكەدا بۆ ماددەی سێیەم دوای بۆ زێدە كردنی ڕستەی (بە پلەی بەرەێوەبەر)بۆیان ودەبنە زنجیرەی سێیەم وچوارەم لەناو مادەی سێیەم دا.

4-زنجیرەی سێیەمی (ڕاوێژكاران)بكرێ بە زنجیرەی (پێنجەم).

شەشەم: بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە مادەی چوارەم لە پرۆژەكەدا لیژنە پێشنیاز دەكات بە داڕشتنەوەی بەم شێوەی خوارەوە:-

ماددەی چوارەم:- وەزارەت بریتی دەبێ لەم بەرێوەبەرایەتیە گشتیانەی خوارەوە:-

یەكەم:- بەرێوەبەرایەتی گشتی كاروباری كارگێری ودارایی: لابردنی (بەپلەی بەرێوەبەری گشتی) لە ماددەكەدا چونكە ناونیشانەكەی ئاماژە بەوە دەكات كە بەرێوەبەری گشتییە.

-زنجیرەی نمرە (4)بكرێ بە (دووەم)و وەك خۆی بەجێ بهێڵرێتەوە.

- زنجیرە نمرە(5)بكرێ بە (سێیەم)و وەك ئەمەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:-

بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆ پلاندانان و بەدواداچوون فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەیەكی زانكۆیی سەرەتایی بەدەستهێنابێ و شارەزاو پسپۆڕیش بێ و ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەشی پێوەی دەبەسترێتەوە:-

وەك ئەوەی لە پرۆژەكەدا هاتووە كە ئەمەش پێشنیازێك بوو لە وەزیرو لێژنەی یاسایش پشتیوانی لێ دەكات و دواین ڕاش بۆ پەرلەمانە.

-زنجیرەی نمرە (6) بكرێ بە (چوارەم) وبەم شێوەی خوارەش بكرێ بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی:-

چوارەم (بەڕێوەباریەتی گشتی گەیاندن، فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكا كە بڕوانامەیەكی زانكۆی سەرەتایی بەستهێنا بێ و شارەزاو پسپۆڕیش بێت.....هتد)

(بەرێوەبەرایەتی نامە گۆرینەوە بكرێ بە بەڕێوەبەرایەتی نامەكاری) لەبەر ئەوەی لە ئەنجامی هەڵەیەكی چاپەوە داهاتوە.

حەوتەم: بەڵام سەبارەت بە مادەی پێنجەم لە پڕۆژەكەدا لیژنە ئەمەی خوارەوە پێشنیاز دەكات:-

2-گۆڕینی بڕگەی(4) لە (یەكەم)دا و بەرێوبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون بكرێ بە ئەندام لە جیاتی بەڕێوبەری كاروباری یاسایی.

3-ووشەی وەزارەت بكرێ بە (وەزیرەكان)لە دووەمی ئەركوفەرمانی ئەنجومەندا.

4-ووشەی(بەڕێوەبەرایەتی گشتی)شوێنی ووشەی (نوسینگە)لە بڕگەی دووەمی (4،2)دا بگرێتەوە.

5-گواستنەوەی بڕگە (8)بۆ بڕگەیەکی سەربەخۆ لەناو ماددەی شەشەمی پرۆژەکەدا وبەشێوەیەکی دیکە کە دوواتر بەدەردەکەوێت.

هەشتەم: بەلاَم سەبارەت بە ماددی شەشەم بکرێ بە سێ بڕگە وەك ئەمەی خوارەوە:-

یەکەم: پەیڕەوو ئەرك وتایبەتکاریەکانی پێکهاتەی وەزارەت دیار دەکرێ.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسەیە دەربکات.

سێیەم:وەزیر بۆی هەیە هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یان بەش یانیش هۆبەکان لە چوارچێوەی وەزارەتدا بکاتەوە یان لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە بە پێی داخوازیەکانی کارەکەی خۆی.

نۆیەم: بەلاَم سەباەت بەماددەی حەوتەم لە پڕۆژەکەدا لێژنە پێشنیاز دەکات وەك ئەوەی خوارەوە دابڕیژرێتەوە:-

(کاربە هیچ دەقێك ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت )

دەیەم: بەلاَم سەبارەت بە ماددەی هەشتەم لە پڕۆژەکەدا لێژنە پێشنیاز دەکات وەك ئەمەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە.

(ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەریانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن).

یازدەم: بەلاَم سەبارەت بەماددەی نۆیەم لە پڕۆژەکەدا لێژنە پێشنیاز دەکات وەك ئەمەی خوارەوە دابڕێژێتەوە:-

ئەم یاسایە دانراوە لەمێژووی دەرچواندنیەوە جێبەجێ بکرێت ولە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)یش بلاوبکرێتەوە.

**هۆیەکانی پێویستکار**

لەبەر هێنانەکایەی وەزارەتی گەیاندن لە هەریم وبۆ ئەوەی تۆڕی گەیاندن بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مودێرن وشەپۆلەکانی بەکارهێنراو لە سیستەمی گەیاندنی دەنگی ودیتراوەیی بنیات بنرێ ورێك بخرێ وپەرەی پێ بدرێت بۆ دابین کردنی ئەمەشیان بەرپرسیارەتی گەیاندن لە هەرێمدا بە وەزارەتێکی تایبەت سپێردراوە, بۆیە پێویستە یاسایەکی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی پێکهاتەو ئەرکوفەرمان وئامانجەکانی ئەم وەزارەتەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە پێوەی بەستراون دیار بکات، بۆ بەدیهێنانی ئەمەی سەرەوەش ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش کاك کریم بحری راپۆرتی لیژنە بەعەرەبی دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلا پێم باشترە لیژنەی شارەوانییەكان راپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە, ئینجا مادده بە مادده گفتوگۆی بكەین, فەرموو كاك رشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راپۆرتی لیژنەی شارەوانی.

بعد المداولات والمناقشات المستفيضة ثم ابداء الملاحظات والمقترحات الاتية:

المادة الثانية:

فقرة /6 اضافة العبارة الاتية الى نهاية الفقرة بعد مصادقة المجلس الاعلى للاستثمار في الاقليم عليها.

- اضافة فقرة 7 تنص على مايلي:

- لايجوز للوزارة قبول اي شرط من الشركات المتعاقدة معها تتضمن شروطاً تؤدي الى الاحتكار.

المادة الثالثة:

ثانياً: اضافة كلمة تخصصية بعد شهادة جامعية اولية

ثالثاً: اضافة عبارة (لما لاتقل عن عشر سنوات)

المادة الخامسة:

1-تصحيح ماورد في آخر الفقرة الى مجلس وزراء الاقليم.

2-خلو القانون من الاسباب الموجبة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, كاك سعد فەرموو.

**بەڕێز سعد محمد امین/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە یەك دوو جاری تریش ئەم تێبینیەمان خستە بەردەمی سەرۆكایەتی و لیژنەكان, ئەو لیژنانەی كە مەعنین بە موناقەشەی مەشروعەكانی وەزارەتی پەیوەندیدار, مەفروزە لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار دابنیشن وەكو لیژنەی قانونی, یانی هەم وەكو مامۆستا باسی كرد بۆ ئەوەی مولاحەزەكان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیری و هەمیش بۆ ئەوەی موناقەشەكانی ئێرەش كەم بێتەوە و هەمیش بۆ ئەوەی وەزیریش خۆی ئامادە بكات بۆ وەڵام دانەوە, جا هیواداریین ئەمە بۆ لەمەودوا, ئەو پرۆژانەی كە ماون لەبەرچاو بگیرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

حەقە ئەو كۆبوونەوانەی كە دەكرێت لەگەڵ وەزیرەكان, هەموو ئەو لیژنانەی كە راسپێردراون راپۆرتیان هەبێت و بەشداری بكەن لە كۆبوونەوە, هەریەك مولاحەزەی خۆی بدات و گوێ لە رەئیی وەزیری

پەیوەندیدار بگرێت و بۆ ئەوەی لە راپۆرتەکەی بینووسێت, ئێستا مادده بە مادده, دوایی رەئیی قانونیش و رەئیی لیژنەی گەیاندنیش.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قانون وزارة الاتصالات لاقليم كوردستان العراق**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:

1-الاقليم:اقليم كوردستان العراق.

2-الوزارة:وزارة الاتصالات للاقليم.

3-الوزير:وزير الاتصالات اللاقليم.

4-وكيل الوزارة:وكيل وزارة الاتصالات للاقليم.

5-المجلس:المجلس الاستشاري للاتصالات.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت لیژنەی یاسایی تەنها دوو موفتەرەحاتی شەکلی هەیە,

فيما يتعلق بالمادة الأولى من أصل المشروع تقترح اللجنة وتوصي بما يلي:-

1-إعادة صياغة السطر الاول من المادة لتنسجم مع الصيغة المتبعة في سرد التعاريف المستعملة في القوانين الصادرة عن برلمان كوردستان وكالآتي( يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة إزاءها).

2- تبديل التسلسلات الرقمية الى التسلسلات الكتابية لفقرات المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەکوردیەکەش بخوێنەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای وەزارەتی گەیاندن هەرێمی کوردستانی عێراق**

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

1 - هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

2 - وەزارەت: وەزارەتی گەیاندنی هەرێم.

3 - وەزیر: وەزیری پەیوەندیدیکاری هەرێم.

4 - بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی گەیاندنی هەرێم.

5 - ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاری گەیاندن.

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی تەنها ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی یەکەم لە ئەسڵی پرۆژەکەدا لێژنە ئەمەی خوارەوە پێشنیاز دەکاو ڕاشدەسپێرێ:-

دووبارە دارشتنەوەی دێڕی یەکەم لە مادەکەدا بۆ ئەوەی لەگەڵ دەقی پەیڕەوکراو لە باسکردنی پێناسەکاندا بگونجێ کە لە یاساکانی دەرچووی پەرلەمانی کوردستاندا بەکارهێنراون کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە (مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە واتاکانی دیاریکراوی بەرامبەریانە)

گۆرینی زنجیرەکان لە نمرەیی‌یەوە بۆ نوسراوەیی لە بڕگەکانی مادەکەدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس مولاحەزەی نەبێت, ئەوە تەنها روتینێکە, هەموو وەزارەتەکان وامان کردووە (ئەوەلەن و سانیەن و سالیسەن), فەرموو کاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا باسی وەزیر دەکرێت, نووسراوە وەزیری پەیوەندیکاری هەرێم, ئەوەکانی تر هەمووی گەیاندنە و ئەوە پەیوەندیکاریە, بۆچی لێرەش هەر گەیاندن نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی راستە, سوپاست دەکەین, ئەویش وەزیری گەیاندنی هەرێمە, نازانم بۆ ئەوها نووسراوە, کەواتە پاش ئەو مولاحەزەیە کە مولاحەزەیەکی زۆر دروستە, ئەوانی تریش رۆتینەکان یەك ودوو وسێ, دەبێتە یەکەم و دووەم و سێیەم, کەس رەئیی موخالیفی لەسەر نییە, دەیخەمە دەنگدان, ماددەی یەك کێ لەگەڵێەتی لەگەڵ موفتەرەحی لیژنەی یاسایی؟ کێ لەگەڵی دا نییە؟ بە تێکڕایی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**ئامانجی وەزارەت ئەوەیە:**

1-بەقەوارەیەکی گونجاو ئیدارە و رێکخستن و بەردەوام خزمەت کردن, صیانە و بەرەوچاتر گۆڕینی مەکینەکانی بەدالە و تۆڕەکانی هێلی تەلەفۆنی تەلەفۆندار و تەلەفۆنی مۆبایل و ئامرازەکانی دی گەیاندن لەشارەکانی هەرێمدا دەستەبەر بکات.

2-بنیات نان و رێکخستن و بەرەوچاکتر گۆڕینی تۆڕەکانی گەیاندن بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ و کێبلی رووناکی و مەکینەی بەستنی دەرەکی لەنێوان شارەکانی هەرێم و پارێزگاکانی عێراق و بەستنیشی بە جیهانی دەرەوە بەپێی سوود و کەلك و پێداویستی.

3-بنیات نان و رێکخستن و پێشخستنی بنکەکانی پۆستە و دەرچواندنی پولی پۆستەو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پۆستە لەرێگەی بەکارخستنی سیستەمی پۆستەی خێرا و پەرەسەندوو لەشارەکانی هەرێم بەجۆرێك کە هەموو بابەتی پۆستە و پۆستە کاریەکان تێدا فەراهەم ببێت.

4-دامەزراندن و ڕێکخستن و پێشخستنی تۆڕەکانی زانیاری و ئەنتەرنێت لەشارەکانی هەرێمدا.

5-ڕێکخستنی لەرەلەر (ترددات) لە سیستەمی گەیاندنی بیستراو دیتراودا.

6-پێدان و سەرپەرشتی و چاودێری بۆ هەموو هۆبە تایبەتیەکانی گەیاندن و پۆستە بۆ کۆمپانیا وەبەرهێنەر و ناوخۆیی و دەرەکییەکان بە پێی بەند و گرێبەند کەرێك دەکەون لەسەری بەشێوەیەکی یاساکانی لەنێوان وەزارەت و کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية:**

**تهدف الوزارة الى:**

1-تامين ادارة وتشغيل وصيانة وتطوير اجهزة البدالات وشبكات خطوط الهاتف السلكية والهاتف النقال و وسائل الاتصالات الاخرى في مدن الاقليم بالسعة الملائمة.

2-بناء وتنظيم وتطوير شبكة الاتصالات باستخدام التكنولوجيا الحديثة باستخدام الكيبل الضوئي واجهزة الربط الخارجي بين مدن الاقليم ومحافظات العراق وربطها بالعالم الخارجي وفق الجدوى والحاجة.

3-بناء وتنظيم وتطوير مراكز البريد واصدار الطوابع البريدية وتقديم الخدمات البريدية باستخدام انظمة البريد السريع المتطور في مدن الاقليم بحيث تتوفر فيها كافة وسائل الاتصالات البريدية.

4-بناء وتنظيم وتطوير الشبكات المعلوماتية والانترنيت في مدن الاقليم.

5-تنظيم الترددات المستخدمة في انظمة الاتصالات الصوتية والمرئية.

6-منح واشراف ومتابعة الاجازات لكافة المرافق الخاصة بالاتصالات والبريد للشركات المستثمرة المحلية والخارجية بموجب ضوابط وعقود يتم الاتفاق عليها قانونا بين الوزارة والشركات المستثمرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی چی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەستە بە مادەی دووەم لە پرۆژەکەدا لیژنە ئەمەی خوارەوە پێشناز دەکات:-

1-گۆڕینی زنجیرەکان لە نمرەییەوە بۆ نوسراوەیی.

2-دووبارە دارشتنەوەی بڕگە (6)ی ماددەکە بەم شێوەی خوارەوە (پێدانی مۆڵەت بە سەرجەم دامودەزگاکانی تایبەت بەگەیاندن و پۆست بۆ کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانی خۆجێی‌و بیانی و وێڕای سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونیان بە گوێرەی ئەو بەستوبەندو گرێبەستانەی بە یاسا لە نێوان وەزارەت وکۆمپانیا وەبەرهێنراوەکاندا ڕێکەوتنی لەسەر دەکرێت).

**بەڕێز عبدالکريم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**فيما يتعلق بالمادة الثانية من المشروع تقترح اللجنة مايلي:-**

**1-تبديل التسلسلات الرقمية الى التسلسلات الكتابية.**

**2- إعادة صياغة الفقرة (6) منها كالآتي( منح الاجازات لكافة المرافق الخاصة بالإتصالات والبريد للشركات المستثمرة المحلية والخارجية والاشراف عليها و متابعتها بموجب ضوابط و عقود يتم الاتفاق عليها قانوناً بين الوزارة والشركات المستثمرة).**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەهەمان بڕگە بڕگەی (6) لە مادده دوودا داوا دەکەین پاش (المستثمر) کەلیمەی (بعد المصادقة مجلس الاعلى للاستثمار في الاقليم عليها) زیاد بکرێت, وای لێ دێت (منح واشراف ومتابعة الاجازات لكافة المرافق الخاصة بالاتصالات والبريد للشركات المستثمرة المحلية والخارجية بموجب ضوابط وعقود يتم الاتفاق عليها قانونا بين الوزارة والشركات المستثمرة بعد مصادقة مجلس الاعلى للاستثمار في الاقليم عليها. )**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کەواتە دوو موقتەرەح هەنە, یەکیان لەلایەن لیژنەی قانونی, یەکیان لەلایەن لیژنەی گەیاندن وشارەوانییەکان, لیژنەی قانونی صیاغەیەکی هەیە, وەکو خوێندیانەوە تۆزێك کەلیمات ئیزافە کراوە, لیژنەی گەیاندنیش داوا دەکات کە ئەو ئیجازە دان و موتابەعە کردنی ئیجازەکان و ئەوانە پاش موصادەقەی مەجلیسی ئەعلای ئیستیسمار بێت لەسەریاندا, یانی ئەهدافی وەزارەت لێرە کە خوێندیانەوە لەسەر موقتەرەحی لیژنەی یاسایی ئەگەر کەس قسەی نەبێت, کاك جمال فەرموو.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من تێبینیم لەسەر خاڵی سێ هەیە, هەرچەندە لەلایەن من خۆم شتێکم لەو بابەتە بیستووە کە گوایە لە سلێمانی, چونکە لێرە باسی پۆستە دەکات, بەبێ ناونیشان و داڕشتنی ناونیشان لەسەرتاسەری کوردستان پۆستە و بەرید هیچ مەفعولێکی نابێت, من لەلاوە بیستومە کە گوایە لەسلێمانی شەریکەیەکی ئەڵمانی خەریکن ناونیشان و ئەدریس بۆ مەنتیقەی سلێمانی دائەڕێژن, جەنابی وەزیر ئەگەر مەعلوماتی هەبێت, شتێکی واشم بیستووە کە لێرەش شەریکەیەك بەدەستەوەیە کە کارێك لەوبابەتە بکات, چونکە بەبێ ناونیشان پۆستە و بەرید هیچ مەفعولی نییە, ئەگەر بکرایە و ئەگەر نەبێت شتێك لەو بابەتە لێرە ئیزافە بکرێت, سوپاس.**

**بەڕێز حیدر شێخ علی /وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن قەزیەی بەرید, ئێمە ئێستا دەستمان پێكردووە, یانی من بەصەراحەت پێتان دەڵێم ئێمە لە سفرەوە دەستمان پێكردووە, بەڵێ لەسلێمانیش شەریكەی ئەهلی هەیە كەلەسەر ئەو قەزیەی بەرید ئیش دەكەن, ولێرەش ئەوە شەریكەی سویدیە لەگەڵ ئەوان موناقەشە دەكەین و لەو نزیكانە لەوانەیە بگەینە نەتیجە, سوپاس.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەش بەحاڵی خۆم تێبینیم لەسەر ماددەی دووەم هەیە, كە تێیدا بەكورتی باس لە چاكتر كردن و گۆڕینی مەكینەكانی بەدالەكانی تەلەفۆناتی هەم مۆبایل و هەم تەلداریش, هەروەك جەنابیشتان و هەموو لایەك دەزانن ئێمە لەكوردستاندا چەندین سیستەمی تەلەفۆناتمان هەیە, ئەمە ئاریافۆنەو میدیاتیلە و سێ چوار كۆمپانیای مۆبایل هەیە, كە بەداخەوە یەكێك لە گرفتە گەورەكان ئەوەیە ناتوانی تۆ لەنێوان شەبەیەكی مۆبایلەوە بۆ مۆبایلێكی تر پەیوەندی بكەیت, بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە لەو بڕگەیەدا ئەوە ئیزافە بكرێت كە وەزارەت هەوڵ بدات پەیوەندییەكانی نێوان ئەو سیستەمانە یەك بخاتەوە, بۆ ئەوەی كەوا هاوڵاتیانی خەڵكی كوردستان بتوانن لەنێوان سیستەمێكی تەلەفۆنی بۆ سیستەمێكی تر پەیوەندی بكەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری تەواوی ئیقتراحەكەی لیژنەی پیشەسازی دەكەم, ئەوەی سەبارەت بە رێز گرتن بە پرنسیبی نەهێشتنی یاخود مەنعی ئیحتیكار, بەحەقیقەت ئیحتیكار یەكێكە لەو جۆرە گەندەڵیانەی كە تەئسیرێكی زۆر خراپی هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هێشتا نەگەیشتینە ئەوێ كاك سەردار, فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری بۆچوونەكانی كاك ئارام دەكەم و هەمان قسەی ئەوم هەبوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر لەسەر موقتەرەحی كاك ئارام قسەت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز حيدر شێخ علی/وەزيری گەياندن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەو قەزيە زۆر قسەی لەسەر كراوە, من تەفاصيلی قەزيەكە دەزانم, بەس برايان ئێوە دەزانن مەسەلەی ئيستيسمار و كەرتی تايبەت, ئەوە ئيشی ئێمە نييە كە زەغتيان لەسەر بكەين و چۆن ئيتيفاقيان لەگەڵ بكەين, ئێمە ئامادەين ئيجازە بە كۆڕەك بدەين و بە سانا, بەعراقنا, بەهەمووانێك, دەمێنێتەوە رەبت و ئەوانە ئەوە ئيشی خۆيانە, كەرتی تايبەت دانيشن و ئيتيفاق بكەن, ئەمڕۆ موشكيلەكە لەناوخۆيان ئيتيفاق ناكەن, سوپاس.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبينيەكەم سەبارەت بە داڕشتنی ماددەكەيە بە كورديەكی زۆر سەقەت بەداخەوە ئەڵێم, پێويستە جارێكی تر دابڕێژرێتەوە, چونكە من عەرەبيەكم لەبەردەستە ئێستا لە كورديەكەی تێ ناگەم, تكا دەكەم كەوا جارێكی تر بە كورديەكی باش دابڕێژرێتەوە ئينجا پەسند بكرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەرووی زمانەوانيەوە تكايە رەچاوی بكەن و بەعەرەبيەكە و بەكورديەكەی بيدەنە كاك دكتۆر نوری و مولاحەزەكانی بدات, نوسخە عەرەبيەكەی بيدەنە دكتۆر نوری, بزانن تێبينيەكانی چييە لەسەری بۆ ئەوەی پێدابچنەوە, بەڵام هەموو جار ئێمە دەڵێين لە ناحيەی زمانەوانی ئينشائەڵڵا پێش ئەوەی ئيمزای بكەين رەچاوی دەكەين و پێيدا دەچينەوە, كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو ئيقتيراحم هەيە, يەكيان ئەوەی كاك ئارام باسی كرد بە صيغەيەكی تر, دووەميشيان بڕگەی پێنج ئێمە هەندێ  جار ئەوەندەی كوردی دێنين كە كەليمەكە لە تام دەربچێت, مەسەلەن ئێستا كەليمەی لەرە لەر, رەنگە شتێكی عادی بازاڕی بێت, ئەمە مەسەلەيەكی عيلميە, من پێم وايە (فينكويسی) زۆر باشترە, ئەو وشانەی كە كوردی نيمانە, عيلميەكە دابنێين باشترە لەوەی كەليمەی بازاڕی تێبخەين, رەنگە (تردد) كەليمەيەكی عيلميە ئێمە لە كوردی نيمانە  و وشەی تەلەفزيۆنمان نييە, لە خۆمانەوە كەليمەی كوردی بۆ دانەڕێژين, بۆ نموونە لێرە لەجياتی تردد كەليميە فينكويسی زۆر باشترە, يانی كەليماتی كوردی بازاڕی نەخەينە ناو قانونەكەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكايە كاتێك كە يەكێك قسە دەكات, دوو كەس لەگەڵ يەكتر قسە بكات نە تەسجيلەكە باش دەردەچێت ونە ئێمە باش گوێمان لێ دەبێت و نەخۆتان, بێگومان جەنابی وەزيريش ناتوانێت مولاحەزەكە بنووسێت و بە چاكی جوابی بداتەوە, تكايە بێ دەنگ بن, فەرموو دكتۆرە شوكريە.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینی یەكەمم كاك ئارام وتی, تێبینیەكی ترم هەیە كە دەڵێ ئامانجی وەزارەت ئەوەیە, لەزمانی كوردیدا وا كە خاڵەكانی زۆر بوو دەڵێی ئامانجەكانی وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێن, ناڵێی ئەوەیە, كە بڵێی ئەوەیە بۆ دوورە, ئەمەیە بۆ نزیكە كە لەبەردەممانداییە و دەیخوێنینەوە, ئەمە خاڵی یەكەم, خاڵی دووەمم سەرنجم هەیە دەربارەی خاڵی یەكەم كە دەكرێ بە قەوارەیەكی گونجاو لێرە باس لە شارەكانی هەرێم دەكات, ئەی ئێمە ناتوانین بۆ شارۆچكەكان وقەزاو ناحیەكانیش هەر ئەو بەستەیە بكەین, حەزدەكەم ئەو پێشنیارە یا وەزیر وەڵامم بداتەوە, یا ئێوەی بەڕێز, لەهەمان كاتیشدا من چەندین دانە جار دووبارەم كردۆتەوە وەكو پسپۆڕێكی زمانی ئەدەبی كوردی, بەراستی ئێمە لە پەرلەمان داین, پەرلەمان بەرزترین دەسەڵاتە و دەبێ لەپەرلەمان دا ئێمە بە زمانێكی وا كەرەستەكان دابڕێژین ببێتە جێگای سەرنج و خوێندەوار و ئەوانەی كەوا تەماشای ئەو نووسینانەی پەرلەمان دەكەن, باوەڕم پێ بكە, هەندێ وشە هەیە خەجاڵەت دەبم كە دەیبینم, ئەم گەلیە بەستەنەی یا كۆمەڵێك شت هەیە كە هەمووی داتاشراوە, ئێمە وشەمان هەیە لەلادێ وەریدەگرین, وشەمان هەیە داتاشراوە, ئەو هەموو وشە داتاشراوانەی كە لێرەدا باس دەكرێن یان لێرەدا هاتوون هیچیان پەیوەندی بەو بابەتانەوە نییە, لەزمانی عەرەبیدا كە لێرەدا دەڵێ, خاڵی دووەم بنیاتنان و رێكخستن و بەرەوچاكتر گۆڕینی تۆڕەكانی بەدالەكان بەبەكارهێنانی تەكنەلۆجیای نوێ و كێبڵی رووناكی ومەكینە گەلییە بەستن, ئەوە چییە, هەر مەكینە بەستنەوەی دەرەكی ئەوە جوانترە, ئەم گەلییە پێویست ناكات, هەروەها كە دەگەینە سەر ئەوەی بەستنیشی بەجیهان, بەستنەوەی بەجیهانی دەرەوە, كە ئەڵێی بەپێی كەڵك و ئەرك و سووددا ئەوەش هەر رەكیكە, بەپێی پێویست و كەڵك و سوود لێ وەرگرتن, ئەمانە جوانترە, كۆمەڵێك پێشنیاری ترم هەیە لەسەر ئەمە, تكام لێ هەیە سەرۆكی پەرلەمان من موتەرجمێكی زۆر چاكم دۆزیەوە, لە یەكێتی نووسەرانی كورد زاڵە بەسەر زمانی كوردیشدا و زۆر تەرجەمەشی هەیە لەم لاو و ئەملا, هاتم بە بەڕێزتانم راگەیاند نازانم سەرنجەكانی منتان بۆ بەهەند وەرنەگرت, داواكارم لە بەڕێزتان هەرچەندە موتەرجمی تر هەیە لێرە, با هەماهەنگی بكرێت لە نێوانیاندا, یان بدرێت بە ئەو, یان ئەوان بیكەن, ئینجا هیوادارم ئەو وتەیە ئەو پێشنیازەی كە دەیخەمە بەردەمی بەڕێزتان بە هەند وەربگیرێت, منیش لە دڵسۆزیمەوەیە بەراستی وام لێهاتووە ئێستا ئەم شتانە كە ئەبینم و موناقەشەی نەكەم, چونكە چەندین دانە جارە لەرووی زمانەوانی هەڵدەستم بە بەڕێزتانی رادەگەیەنم هیچ كاروعەمەلێكی پێ ناكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش با تەعلیقێك بدەم, ئەگەر ئیجازەم بدەنێ, لە مەوزووعی زمانی كوردی تەرجومە و ئەوانە بە حەقیقەت تەقریبەن موناقەشەیەكی دائیمیە لەناو پەرلەمان, بەڵام حەقیقەتێك هەیە دەمەوێ هەمووشمان بیسەلمێنین بۆ ئەوەی واقیعی بین, ئیتیفاق نییە لەسەر زمانی كوردی رێك كەوتن نییە, هەر

لەو قاعەیەدا شەش حەوت زمانەوانی باشمان هەیە, من پێم وایە ئەگەر دابنیشن بە تەرجەمەیەك رێك ناکەون بە دوو حەفتەش, ئەو وشانەی کە دەیانەوێ بیانکەنە کوردی, وشەیەکمان نییە بۆ نموونە عەرەبی زمانی قورئانە, هەزارو چوارسەد ساڵە خزمەتی دەکرێت, براوەتەوە, زاراوەی هەیە, هی ئێمە زمانی کوردی بەهەمووی سەد ساڵە هەیەو خزمەت دەکرێت, بەسەد ساڵ ناگاتە هەزار و چوارسەد ساڵ, عەیبیش نییە ئەگەر بڵێی کەم وکوڕیمان هەیە لە زمانەوانیدا, دونیا تەتەوری کردووە, دەیان وشە رۆژانە دێنە سەر زمانی هەموو دونیا, شەرت نییە بەرەئیی من لە کوردیدا تەنیا بگەرێن وشەیەك بدۆزینەوە رەسەن بێت لە کوردیدا, رەنگە پەیدا نەبێت, ئێستا تەماشا بکەیت تەرجومەیەکی حەرفی, دەقیقی, وشك کراوە, ئەوە هەر بۆ ئەوەیە بڵێی وەڵڵامن لەزمانی کوردی رەسەن تەواوم, ئەو عوقدەیەی ناوێ, زمانی فارسی دەوڵەمەندترین زمانە سەدا چلی وشەی عەرەبیە, تورکی هەزار ساڵە خزمەت دەکرێت سەدا سی لاتینیە, کوردی تێدایە, عەرەبی تێدایە, زمانی کوردیش بۆچی دەوڵەمەند نەکرێت, ئەگەر راوەستێ تەنیا دەبێت کوردی رەسەن بێت, لەلادێکان پەیدای بکەین, ئەو ئیختیلافە هەر دەمێنێتەوە, دەستوورمان تەرجومە کرد بەو هەموو هەوڵ و ماندووبوونە کە ساڵ ونیوێکە خەریکین, کاك دکتۆر نوری زۆر ماندوو بوو, ئینجا تەماشا جەریدەکان بکەین دەبینین چەند رەخنە و تێبینی لەسەر دەستوورەکە گیراوە, ئەو برادەرەی کە دەست نیشان کردووە دڵنیام کەوا شەخسێکی باشە, بەڵام دڵنیاشم ئەویش دە رەخنەی لێ دەگیرێ, ئەگەر سەد نەبێت, با ئێمە ئیش بکەین و هەڵەش بکەین بە قەناعەتی من ئەگەر لە جێگایەك ئیختیلافمان هەبوو وشە عەرەبیەکە یان ئەجنەبیەکە بەکاربێنین, بەرەئیی من شەخصیە, ئینجا نازانم رەنگە زەحمەت بێت بۆ زمانەوانان کە ئەو ئیتیجاهە غالبە ئێستا دەبێت ئیللا رەسەن بێت, رایدەگرێت و تەرجومەی وشکی دەکاتەوە دەیمرێنێت بۆ ئەوەی هینی بکات, لەبەر ئەوە هیچ زمانێکم نەدیوە وەکو کوردی ئەوەندە ئیصرار بکات, ئیللا دەبێ رەسەنی بدۆزێتەوە, ناتوانێ عیلمیە شتەکە, رادیۆ بەچ تەرجومەی دەکەی, گوێبیست و نازانم چی, ناکرێت, عەرەبی نەیکردووە, تەلەفۆن کردیانە هاتف, تەلەفزیۆن ئەوە وشەیەکی لاتینیە وهەموو دونیا بەکاریدێنن, عەرەبیش بەکاری دێنێ و کوردیش بەکاری دێنی, وشەی عیلمیە ئەوە زمان دەوڵەمەند دەکات, بە تەئکید ئەگەر وشەیەکی رەسەن هەبێت جێی خۆیەتی و جێی خۆشی دەگرێتەوە, کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە لەگەڵ رای جەنابتان داین, هەندێ وشە هەیە ناتوانین تەرجومەی بکەین, بەڵام هەندێ وشە هەیە بەراستی هەموومان دەزانین, مەسەلەن تەصدیق کراو, هەمووتان نازانن پەسەند کراوە, شتێك دەڵێی کە تەصدیق کراوە یانی پەسند کراوە, بەڵام هەندێ وشە هەیە وەکو قۆنتەراتچی ئەی نازانێ یانی بەڵێندەر, کێ هەیە ئەوە نەزانێت, ئێمە دەڵێین ئەو وشانەی دەتوانین تەرجومەی بکەین با بیکەین, ئەوەی ناتوانین تەرجومەی بکەین با وەکو خۆی بمێنێتەوە, کەس مانعی نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كێشەی وەرگێڕان كێشەیەكی بەردەوامی لیژنەی یاساییە, چونكە كاتێكی زۆرمان دەبات, ئێمە بە هەموو لایەك هەوڵ دەدەین, جگە لەوەش ئێمە وەرگێڕمان هەیە لێرە بەرەسمی, تەقدیمی ئەوی دەكەین, ئێمە ئێستاكە ئامادەین هەر كەسێك لەو ئەندامانەی كەوا رەخنەیان هەیە بێن ئامادە بن لەگەڵمان تەعاون بكەن, بەڵام نەك رۆژێك بێت و من بەشەش رۆژ نەتوانم بیبینمەوە, چونكە ئێمە رۆژانە هەتا ئێواریٚ لێرە ئامادە بین, لەبۆ ئەوەی كەوا ئەو پرۆژانە ئامادە دەكەین, ئایا ئەوانە موستەعیدن بێن ئەو خزمەتەی بكەن و بێن هەموو رۆژێ لەگەڵمان بن, ئەگەر نا وشەیەكی دیتەوە هەڵستێتەوە و بڵێ وەڵڵا گوناحە واتان كردووە, ئەوە لەدەست ئێمە نییە, ئێمە پێمان ناكرێت, خۆمان داوای كەماڵمان نەكردووە و هەموو شتێكیش ئێمە نین, چەند برادەرێكی تریش لێمان پرسینە, هەوڵمانداوە و هاوكاریمان دەكەن بەهەموو لایەك, ئێستاش لێرە داوا لە سەرۆكایەتی دەكەم لیژنەیەكی رەسمی دابمەزرێنێت لەو برادەرانەی كەوا موكەلەفن بەوەی كەوا كەیفیان پێ دێت و رەغبەتیان هەیە, بۆ ئەوەی كەوا ئێمەش لەو ئازار و ئەزیەت و ماندوو بوونە رزگارمان بێت, سوپاس.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی یەكەم, ئامانج و ئەركەكانی وەزارەت لێك جودا نەكراوەتەوە, پێشنیار دەكەم كەوا دوو ئەرك لەسەر ئەو ئەركانە زیاد بكرێت, یەكەمیان ئامادەكردنی كادیری پسپۆڕ, یان لەرێگەی كردنەوەی خول, یان ئەوەتا هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی فێركردن و خوێندنی باڵا كەوا بەشێكی تایبەت لە كۆلیژەكان بكرێتەوە, لەبۆ ئامادەكردنی كادیری پسپۆڕ, ئەركی دووەم چاودێری كردنی كەرتی تایبەت و كەرتی گشتی لەبواری گەیاندن, بەنیسبەت خاڵی یەكەم لە ریزی دووەم لە پرۆژەكە دەڵێ وشەی (سعة الملائمة) هاتووە, ئەگەر بگۆڕدرێت بە (ضمان احتياجات الاقليم) وابزانم چاكترە, خاڵی سێیەم باسی (انظمة البريد السريع المتطور في الاقليم) ئەوە بگۆڕدرێت بە (تقديم الخدمات البريدية المتطورة والتي تتسم بانتظام والامان والسرعة), سوپاس.

**بەڕێز حیدر شیخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت قسەكانی دكتۆرە شوكریە, من تەصور دەكەم ئەو تەرجومە لە كوردیەكەی من باشترە, ناتوانم لەو مەسەلە قسە بكەم, دەمێنێ مەسەلەی شارۆچكەكان تەبعەن حەقیقەتێك هەیە دەمەوێ بزانن, پێش پێنج ساڵ لە هەموو كوردستان سلێمانی, دهۆك, هەولێر, لە هەموو قەزاو ناحیەكان دوازدە تەلەفۆن ئیشی دەكرد, ئەمڕۆ سەدەها هەزار تەلەفۆن لە كوردستان هەیە ئەویش نۆرماڵ, سەدو پەنجا هەزار ئاریافۆن هەیە و دوو ملیۆن و نیو موشتەرەك مۆبایل هەیە. دەبێ ئەو حەقیقەتە بزانن, ئەوە یەك, دووەم هەموو

**شارۆچکەکان هەمووی بەدالەیان تێدایە, دەمێنێ قەزیەی ئەنتەرنێت, ئەنتەرنێت ئەمڕۆ هەر کەس تەلەفۆنی لە ماڵ هەیە مانای ئەنتەرنێتی هەیە, ئێمە ئێستا لەگەڵ شەریکەی لوبنانی کە لە مەجالی ئیتیصالات ئیش دەکات لە موناقەشەی من ئێستا لە ئۆتیلی شیراتۆنن و لەبۆ قەزیەی ئیتصالات ئەوە زۆر پێویستە و زۆر زەرووریە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**یانی ئەو موقتەرەحەی دکتۆرە رۆژان کە دەڵێ مەعهەدی کادیریش هەیە, دکتۆرە رۆژان ئیقتیراحی کردووە دوو بڕگە زیاد بکرێت لەسەر ئامانجەکانی وەزارەت, یەکێکیان ئەوەیە ئامادەکردنی کادیری پسپۆڕ, دووەمیان چاودێری کردنی کەرتی تایبەت وانییە, ئەگەر پێتان باشە ئەو دوو بڕگەیە لەشوێنێکدا جێیان بکرێتەوە.**

**بەڕێز حیدری شێخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من نەك هەر پێم باشە, پێم زۆر زۆر باشە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کەواتە منیش مولاحەزەیەکم هەیە, ئەویش ئەوەیە لە جێگایەك نووسراوە گەیاندنی شارەکان بە عەرەبی (مدن) بکرێتە (محافظات) شارەکان دەگرێتەوە و شارۆچکەکانیش دەگرێتەوە, ئەگەر بکرێ بکرێتە موحافەزات, پارێزگاکانی هەرێم ئەوە هەمووی دەگرێتەوە, کاك رشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی ئێمەش داوامان کردبوو کە فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت بە تەسەلسولی حەفت, (لایجوز للوزارة قبول اي شرط من الشركات المتعاقدة معها تتضمن شروطا تؤدي الى الاحتكار) داوا دەکەین ئەوە ئیزافە بکرێت, سوپاس.**

**بەڕێز حیدر شێخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لە 8/16 لە مەجالی ئیتصالات هیچ ئیحتیکارێك نەماوە, من پێش ئەوە دژی ئیحتیکار بووم, ئەوە نەخزمەتی هاوڵاتیان دەگرێتەوە نە خزمەتی نیشتمان دەکات, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**من ئەو موقتەرەحەی لیژنەی گەیاندن وشارەوانییەکان موقتەرەحێکی زۆر چاکە, جەنابی وەزیریش پەسەندی دەکات, پێم وایە تەسبیت بکرێت وەکو فەقەرەیەك, لیژنەی یاسایی ئەگەر ئیعتیرازی نەبێت, ئەو موقتەرەحانەی کە کران لێرە کە مدن بکرێ بە موحافەزات و ئەو دوو بڕگەی کە زیاد بکرێت ئەوەی**

دکتۆرە ڕۆژان ئیزافەی کرد, برگەیەك کاك رشاد ئیقتراحی کرد, من دەیخەمە دەنگەوە بەو ئیزافاتانەوە, کێ لەگەڵیەتی لەگەڵ ئەم ماددەیە؟ سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە؟ بەکۆی دەنگ قەبوول کرا, ماددەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵاو ، بەرپرسی ئیش وکارو ئاڕاستەکردنی سیاسەت وسەرپەرشتیکردن و چاودیری وەزارەتەکەیەو، هەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییەکیش کە پێوەندییان بە ئەرکوفرمان و پێکهاتەو سەلاحییات و کاروباری دیکەی هونەری ودارایی وئیداری ورێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لەوەزیرەوە دەردەچن و، خۆی سەرپەرشتیان دەکات.

دووەم:بریکاری وەزارەت: لە چوار چێوەی ئەو دەسەڵاتەیدا کە پێی دەسپێردرێ یاریدەی وەزیر دەدات ، لە ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەتەکەیدا, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت.

سێیەم: راوێژکارەکان: ژمارەکانیان لە چوارکەس زیاتر نەبێ، مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و، شارەزاو ئەزموونداربن

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

1-الوزير:هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر لشؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون.

2-وكيل الوزارة:يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه, على ان يكون حاصلا على شهادة جامعية أولية.

3-المستشارون:لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة الشهادة الجامعية الاولية وله خبرة وممارسة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أما فيما يتعلق بالمادة الثالثة من المشروع فتقترح اللجنة مايلي:-

1- إعادة صياغة الفقرة (اولاً) كالآتي:-

(الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها و توجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية والتنظيمية وفق أحكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه).

2- **حذف جملة (على ان يكون حاصلاً على الشهادة الجامعية الأولية) من الفقرة ( ثانياً) لان ذلك معالج بنص تشريعي.**

3- **نقل الفقرتين (1و2) من المادة الرابعة من المشروع الى المادة الثالثة بعد إضافة ( جملة بدرجة مدير) إليهما وتكون تحت تسلسل ثالثاً و رابعاً ضمن المادة الثالثة.**

4- **جعل تسلسل ثالثاً (المستشارون) بتسلسل ( خامساً)**

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەلاّم ئەوەی پەیوەستە بە مادەی سێیەم لە پرۆژەکەدا لێژنە ئەمەی خوارەوە پێشنیاز دەکات:**

1-**دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی (یەکەم) بەم شێوەی خوارەوە:-**

**(وەزیر خۆی سەرۆکی بالاّی وەزارەتەو لە کارەکان و ئاراستە کردنی سیاسەتەکانی دا بەرپرسەو سەرپەرشتی وچاودێریکردن بەسەریدا پیادە دەکات وهەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییەکان، لەوەوە دەردەچن و هەر بەسەر پەرشتی خۆشی جێبەجێ دەکرێن، لە هەر شتێکدا کە پەیوەندی بە ئەرك وفەرمانەکانی وەزارەت وپێکهاتەو دەستڕۆیەکانی وسەرجەم کاروبارەکانی تەکنیکی ودارایی و کارگێری و رێکخستنەوە هەبێ بە پێی حوکمەکانی یاسا لە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسیار دەبێ بەو پێیەی کەتێیدا ئەندامێکی هاوکارە)**

2-**لابردنی ڕستەی (دەبێ بڕوانامەیەکی زانکۆی سەرەتایی بە دەست هێنابێ)کە لە بڕگەی (دووەم)دایە چونکە بە دەقێکی دانراو چارەسەر کراوە.**

3-**گۆستنەوەی هەردوو بڕگەی (1 و2)لە مادەی چوارەمی پرۆژەکەدا بۆ ماددەی سێیەم دوای بۆ زێدە کردنی ڕستەی (بە پلەی بەرەێوەبەر)بۆیان ودەبنە زنجیرەی سێیەم وچوارەم لەناو مادەی سێیەم دا.**

4-**زنجیرەی سێیەمی (ڕاوێژکاران)بکرێ بە زنجیرەی (پێنجەم).**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەس بەنسبەت موستەشارین, داوامان کردووە مومارەسە و خبرەیان لە 10 سالّ کەمتر نەبێت, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**جەنابی وەزیر تۆ موافیقی لەسەر ئیقتیراحی لیژنەی قانونی, فەرموو.**

**بەڕێز حيدر شيخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من موافقم, بەلاّم یەك تێبینیم هەیە بەنیسبەت موستەشارین, ئێمە چوار موستەشارمان هەیە, هەموویان پتر لە بیست سالّ خزمەتیان هەیە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ ئەوەنییە، بەڵام لەرووی قانونیەوە کە دەبێت ئەساسێك هەبێت، سبەینێ یەکێکت لابرد، یەکێکی ترت تەعین کرد کە پارەکە دەرچووە، من خۆم پێم وایە شتێکی باشە کە تەحدید بکرێت، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەصڵەن لە ئەساسدا قانونا موستەشار دەبێت لە دە ساڵ پتری هەبێت، ئینجا دەبێتە موستەشار، نابێت بە ساڵێك و دوو ساڵ و سێ ساڵ، ئەگەر وابکرێت ئەوە موخالفی قانونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم نەصێکی قانونی هەیە لەو بارەیەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ لە قانونی خدمەی مەدەنی تەعریفی ئەوە دەکات هەتا مودیرەکان هەتا مودیری ئیعتیادی نابێت لە دە ساڵ کەمتر خدمەی هەبێت، ئەدی موستەشار بێت بەلای کەمی دەبێت پازدە ساڵ کەمتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە ئیقتراحەکەی ئەوەیە، تەبعەن لەگەڵ جەنابی وەزیر ئیتیفاقی لەسەر کراوە خاڵی یەکەم و دووەمی ماددەکەی تر بگەڕێتەوە، وەکو زۆر لەوەزارەتەکانی تر عەینی موناقەشە کراوە، وەکیل وەزیر و فەقەرەی تر چییە بخرێتە سەر ئەو ماددەیەو بەوشێوەیەی کە باسیان کردووە ئەوان، ئەگەر تێبینی نەبێت، پێم وایە ماددەیەکی رۆتینیە هەموو وەزارەتەکان تەنزیماتەکە واکراوە، فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رای لیژنەی شارەوانیدام، چونکە بەراستی ئەگەر دیاری بکرێت، ئەوە شتێکی زۆر باشە، بەڕێز وەزیری گەیاندن دەفەرمێ دەڵێ چوار موستەشارمان هەیە لە بیست ساڵ کەمتر خزمەتیان نییە، ئەگەر لە قانونەکەدا نەبێت، بۆی هەیە کەسێك بێت نەشارەزایی هەبێت، لەوانەیە دوو ساڵ خیبرەی هەبێت، بەس کە لەقانونەکە تەسبیت بوو ئەوە شتێکی زۆر ئەساسە، بۆیە پشتیوانی لە رەئیەکەی گەشت و گوزار دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابی وەزیر مانعی نەبێت، لیژنەی یاسا موافق بێت دە ساڵ باشە کەم نییە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز حیدر شێخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێوە دەزانن مەسەلەی ئیتصالات فەرقی هەیە, ئێستا بچینە سەر موناقەشەی وەزارەتی بەلەدیات و حقوق ئینسان و ئەوەی ناکەن, ئیتصالات هەیە خەریجی هەندەسەیە دوو ساڵە دەرچووە لە هەندەسە باشترین خیبرەی هەیە, ئەمن ئەوەی دەڵێم, ئەوە هەیە ئێمە لەلای خۆمان, بەڵام خۆ زەروورەت نییە هەر ببێ بە موستەشار, ئیحتیمالە مەجالی دی هەبێت سبەینێ, لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە دە ساڵ بێت, سوپاس.

**بەڕێز اخر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت موستەشار من لەگەڵ ئەوە نیمە کە دە ساڵ خبرەی هەبێت, مەسئەلە فەنیات و تەقنیەی نوێ و تەکنەلۆجیای نوێیە, موهەندیسەکمان لەرووی تەکنەلۆجیای نوێ لە دەرەوە لە بۆ دێت, بابەتەکەی زۆر بەباشی دەزانێ وبەباشی خوێندوویەتی, چونکە تەکنەلۆجیا لە لای ئێمە دروست نابێت, لەدەرەوە دروست دەبێت ئەوەی خبرەی هەیە, ئەوەی لێ ئەزانێ ئەو بکرێ بە موستەشار زۆر تەبیعی یە, یانی دە ساڵ پێش ئێستا هیچ تەقنیەی ئێمە لە کوردستان هیچ پێشکەوتنی نەبووە و هیچ نەیدەزانی ئەنتەرنێت چییە و ئەو شتانە چییە, من لەگەڵ ئەوە نیمەو واباشە, بەپێی خیبرە و زانین بێت, سوپاس.

**بەڕێز حیدر شیخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بەپێی خیبرە وزانین بێت, منیش لەگەڵ ئەوەم, بەڵام دەبێ ئەو حەقیقەتە بزانێ ئەوانەی کە لەدەرەوە دێن شەرت نییە موستەشار بن, لە مەجالی ئیتصالات ئیشی زۆر هەیە, ئەوانەی موستەشار بن دەبێت هەر موستەشاری بکات, من خۆم هیچ لە ئیتصالات نازانم, یانی موستەشاریش هیچی لێ نازانێت و دوو ساڵ خدمەی هەبێت, ئەوە مەعقول نییە, لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە دە ساڵ خدمەی هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەزارەتێك کە تەکنەلۆجیای تازە دێنێت و مەشاریعی تازە دێنێ, چەند ئەصحاب خبرەیەکی ئیفاد دەکاتە دەرەوە و تەدریبی لەسەر دەکەن, ئەوە ناکات ئیللا دەبێ ئەو هات و دەبێ ببێتە موستەشار, ئیستیشارە شتێکە بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە شتێکی ترە, سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من نازانم هەموو جارێ مەسەلەی ئەو دە ساڵە موناقەشە دەکرێتەوە, تا ئێستا لەهیچ وەزارەتێکی هەرێم موافەقە لەسەر ئەو دە ساڵە نەکراوە, بۆ لێرە موناقەشە دەکرێت, ئێمە هەشت وەزارەتمان

موناقەشە كردووە و قانونەكەمان دارشتووە, دە ساڵی تێدا نییە, هەمووی دەڵێ خاوەنی شەهادە بێت و ئەزموونداربێت, دە ساڵەكەی تێدا نەبووە, بۆ لەو وەزارەتە ئێستا موناقەشەی دەكەینەوە, یان دەبێت هەمووی بگۆڕێ, یانیش دەبێت ئەوە موناقەشە نەكرێت, سوپاس.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی شارەوانی ئەو قانونانەی وەزارەتەكان كە هاتۆتە لای ئێمە لە هەر هەموویان داوامان كردووە كە ئەو دە ساڵە هەبێت بەنیسبەت موستەشارین, دووەم داوامان وایە موستەشار دەبێت ناسنامەكەی دیار بێت, چونكە موستەشار هەیە لە وەزارەت دێتە دەرەوە و وەزارەتیش حەقی هەیە بیكات بە موستەشار, ئەوەی كاك بەڵێنیش وتی تەئییدی دەكەم و داواش دەكەم ئەگەر بكرێت تەعمیم بكرێت لەسەر هەموو وەزارەتەكان, چونكە موستەشار خیبرەیە و دەبێ هەموو شەهادەشی تێدا بێت, مەفروزە پرۆفیسۆر بێت لەو مەجالەی كە تێیدایە, سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەم لەگەڵ رایەكەی كاك بەڵێن دایە, تائێستا لە هیچ وەزارەتێك باسی ئەو دە ساڵە نەكراوە, مەرجیش نییە ئەو دە ساڵە بەس بێت بۆ ئەوەی كە ئەوە خبرەی تەواوی هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مەوزوعە یانی دە ساڵ باشە, بەڵام فیعلەن ئەو مولاحەزەیەی كە لەوەزارەتەكانی تر نەنوسراوە, یانی لێرە بەتەنیا بنووسین تۆزێك موشكیلە بۆ ئەوانی تر دروست دەكات, لیژنەیەك هەیە وەكو من بیستومە لە ئەنجومەنی وەزیران پێك هاتووە, بۆ دانانی ئەو مەبادیئانەی لەبەر رۆشنایی ئەوەدا موستەشار دادەنرێت و مودیر عام دادەنرێت و خەبیر دادەنرێت, با چاوەڕوانی ئەو پرۆژەیە بكەین, لێرە موناقەشەی دەكەین وەكو یاسایەك دەبێتە بنەما بۆ هەموو وەزارەتەكان, لەبەر ئەوە لێرە با خۆمان ماندوو نەكەین بڵێین بۆ لەو وەزارەتە نوسراوە و لەوەزارەتی تر نەنوسراوە, ئەو پرۆژەیەی كە لەلایەن حكومەتەوە بۆمان هات لێرە ئیقرار كرا دەبێتە ئەساسێك بۆ هەموو وەزارەتەكان و بۆ خۆشمان, هەرچەندە من بڕوام وایە كە دە ساڵی دەبێ تێدا بێت, فەرموو كاك حیدر.

**بەڕێز حیدر شێخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن من داوا لەبرادەران دەكەم لە مەجالی ئیتصالات, موستەحیلە كەسێك ببێت بە موستەشار دە ساڵ خدمەی نەبێت, تەسبیتی بكەن لە قانون, تەسبیتی نەكەن هەر بەو شێوە دەڕوات, چونكە موستەشار دەرەجەیە, نابێ یەكێك لە جادە بێنم بیكەمە موستەشار, بە خۆی عەمەلیەن لە وەزارەتی گەیاندن لەبەر

ئەوەی وەزارەتی فەنییە بە ئیمتیاز, موستەشاری لە دە ساڵ کەمتر نابێت خدمەی هەبێت, ئەوە بەو شێوەیە رۆیشتووە, ئەگەر تەسبیت بکرێت و تەسبیت نەکرێت هەر ئەوەیە بەخۆی, سوپاس.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها مولاحەزەیەکم هەبوو, کاک بەلێنیش باسی کرد, دیباجەی هەموو وەزارەتەکان وەکو یەکە, تەنها لەمە فەرقی هەیە یان ئەمان وەکو ئەمەی لێ بکەن, یان ئەمە وەکو وان لێ بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە تێیدا نەبێت, ئیشارەتی پێ نەکرێت, تەحصیل حاصلیشە, با چاوەڕوان بکەین تەوحید بێت بێ ئەو دە ساڵە, ئەو ماددەیەش بەو موقتەراحانەی لیژنەی قانونیەوە دەیخەمە دەنگەوە, ئەو موقتەرەحەی کە وەزیریش پشتگیری لێ کرد, ئەگەر لیژنەی یاسایی چ تێبینیەکیان نییە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر ئێمە هیچ تێبینیمان نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی شارەوانیش ئەو دە ساڵەی ئینسحاب بکات مەمنونین, فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مانعمان نییە, سوپاس.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بیخەینە دەنگەوە بۆ هەموو وەزارەتەکان, چونکە ئێمە هەر بۆ خۆمان لە رۆژنامەکان دوایی گلەیی لە حکومەت دەکەین کە حکومەت خەڵکی تەعین کردووە کە پلەی مستەشار نییە و پلەی پێداوە, ئەوە پێشتر لە هەردوو حکومەت گلەیی کراوە, پێم وایە ئێمە تەسبیتی بکەین و بیخەینە دەنگەوە بزانین پەرلەمانتاران چی دەڵێن, بۆ هەموو وەزارەتەکان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن بۆ هەموو وەزارەتەکان ناتوانین بیخەینە دەنگەوە لێرە, وەزارەتەکان قانونیان بۆ دەرچووە و لێرە ناتوانین فەرزی بکەین لەسەر وەزارەتەکانی تر, ئەوە تەنها بۆ ئەو وەزارەتەیە, دووەم کاک فرسەتیش تەوزیحێکی هەیە دوو شتی جیاوازە و تێکەڵاو کراوە لە مەوزوعەکان, فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئیی من دوو مەوزوع تێکەڵاو بوونە فەرقی هەیە نێوان مۆزەفێك دەرەجەی موستەشاری هەیە, ئەوە بەگوێرەی قانونی خدمەی مەدەنی پلەی پێ ئەدەی, پلەی موستەشاری پێ ئەدەی, بەس یەکێکە و موزەفێکە خبرەی هەیە دوور نییە ئەوە سێ ساڵە لە کولیە دەرچوو بێت و چووبێتە خارج و لەوێ فێری شتێك بوو بێت, وەزیر دێنی دەیکاتە ئەندامی مەجلیسی ئیستیشاری یان پلەی موستەشاری نییە, پلەی خەبیریش نییە, بەس موزەفێك شارەزایی هەیە, هی وەزارەتەکانی تر ئەوەمان بەکارهێناوە, وەکو موزەفێك لە دەرەوەی پەرلەمان یان یەکێك خارجی پەرلەمان خبرەی هەبێت, نەمانگوتوە دەرەجەی موستەشاری هەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەیخەمە دەنگەوە بە مولاحەزاتی لیژنەی قانونی و بەسەحبی موقتەرەحی لیژنەی شارەوانی کە دە ساڵەکە نەمێنێ, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات؟ سوپاس, کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا, ماددەیەکی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم ودووەم چووە ماددەی سێ:

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری کارگێڕی ودارایی: فەرمانبەرێك بە پلە بەڕێوەبەری گشتیی سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و, شارەزا و پسپۆڕ بێت, ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش پێی وابەستە دەبن:

أ-بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی.

ب-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی.

ج-بەڕێوەبەرایەتی لێ وردبوونەوە و ورد بینی چاودێری ناوخۆ.

د- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

هـ-بەڕێوەبەرایەتی هەڵسوڕاندنی خزمەت.

و-بەڕێوەبەرایەتی کۆگاکان.

چوارەم:بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریی پۆستەو پاشەکەوتکردن: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ وراستەوخۆ بەوەزیرەوە دەبەسترێتەوە.

پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون: فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری(اقدم)سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ، راستەوخۆ بەوەزیرەوە دەبەسترێتەوە, ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەی پێ دەبەسترێتەوە:

أ-بەڕێوەبەرایەتی بیناکان ونەخشەسازی (تصمیم)

ب-بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵ کاری و پەرەسەندن.

ج-بەڕێوەبەرایەتی ئیحصا وئامار و زانیاریەکان.

شەشەم: فەرمانگەی گەیاندنەکان: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێت و شارەزا و پسپۆڕ بێت, ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەش پێوەی دەبەسترێنەوە:

أ-بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و نامەکاری(مراسلات).

ب-بەڕێوەبەرایەتی بەدالەکان (بگۆڕەکان).

ج-بەڕێوەبەرایەتی تۆڕەکان و نەخشەسازی (تصمیم).

د-بەڕێوەبەرایەتی زانیاری ئایتی (I.T).

ه-بەڕێوەبەرایەتی تواناو راهاتن (التكيف).

و-بەڕێوەبەرایەتی هاوورده وكڕدراوەكان (مشتريات).

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بعد نقل الفقرتين الى المادة الثالثة اصبحت فقرة ثالثة فقرة واحد:

1- المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يراسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها المديريات التالية:

1-مديرية الادارة والذاتية.

2-مديرية المالية

3- مديرية الرقابة وتدقيق الداخلي.

4-مديرية الشؤون القانونية.

5-مديرية الخدمات.

6-مديرية المخازن.

2-مديرية خدمات البريد والتوفير:

ويراسها موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويرتبط بالوزير مباشرة.

-3مكتب التخطيط والمتابعة:

يراسها موظف بدرجة مدير اقدم حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها المديريات التالية:.

أ مديرية المباني والتصاميم.

ب-مديرية البحوث والتطوير.

ج-مديرية الاحصاء والمعلومات.

4-دائرة الاتصالات:

يراسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية من ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها المديريات التالية:

أ-مديرية المراسلات.

ب-مديرية البدالات.

ج-مديرية الشبكات والتصاميم.

د-مديرية المعلومات (IT).

هـ-مديرية القدرة والتكيف.

و-مديرية الاستيراد والمشتريات.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أما فيما يتعلق بالمادة الرابعة من المشروع فتقترح اللجنة صياغتها كالآتي:

المادة الرابعة: تتألف الوزارة من المديريات العامة التالية:-

أولاً:- المديرية العامة للشؤون الإدارية والمالية: وحذف ( بدرجة مدير عام) منها لأن عنوانه يشير الى كونه مديراً عاماً.

جعل تسلسل رقم (4) (ثانياً)والابقاء عليها كما هي.

جعل تسلسل رقم (5) ثالثاً و صياغتها كالآتي:-

المديرية العامة للتخطيط والمتابعة ويرأسها موظف حاصل على الشهادة الجامعية الأولية من ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها المديريات. "الواردة في المشروع وكان هذا مقترحاً من الوزير وقد أيدته اللجنة القانونية والرأي الاخير للبرلمان.

جعل تسلسل رقم (6) رابعاً و جعلها مديرية عامة بالصيغة الآتية:-

رابعاً(المديرية العامة للاتصالات ويرأسها موظف حاصل على الشهادة الجامعية الأولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص ... الى اخر الفقرة) وجعل (مديرية المراسلات بمديرية التراسل) لورودها نتيجة خطأ مطبعي.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە مادەی چوارەم لە پرۆژەکەدا لیژنە پێشنیاز دەکات بە داڕشتنەوەی بەم شێوەی خوارەوە:-

ماددەی چوارەم:- وەزارەت بریتی دەبێ لەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانەی خوارەوە:-

یەکەم:- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی ودارایی: لابردنی (بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی) لە ماددەکەدا چونکە ناونیشانەکەی ئاماژە بەوە دەکات کە بەڕێوەبەری گشتییە.

-زنجیرەی نمرە (4)بکرێ بە (دووەم)و وەك خۆی بەجێ بهێڵرێتەوە.

- زنجیرە نمرە(5)بکرێ بە (سێیەم)و وەك ئەمەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:-

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ پلاندانان و بەدواداچوون فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەیەکی زانکۆی سەرەتایی بەدەستهێنابێ و شارەزاو پسپۆڕیشبێ و ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەشی پێوەی دەبەسترێتەوە:-

وەك ئەوەی لە پڕۆژەکەدا هاتووە کە ئەمەش پێشنیازێك بوو لە وەزیرو لێژنەی یاسایش پشتیوانی لێ دەکات و دواین ڕاش بۆ پەرلەمانە.

ــ زنجیرەی نمرە (6) بکرێ بە (چوارەم) وبەم شێوەی خوارەش بکرێ بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی:-

چوارەم (بەڕێوەبەاریەتی گشتی گەیاندن، فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکا کە بڕوانامەیەکی زانکۆی سەرەتایی بەستهێنا بێ و شارەزاو پسپۆڕیش بێت.....هتد)

(بەڕێوەبەرایەتی نامە گۆڕینەوە بکرێ بە بەڕێوەبەرایەتی نامەکاری) لەبەر ئەوەی لە ئەنجامی هەڵەیەکی چاپەوە داهاتوە.

**بەڕێز ڕشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە بەراستی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لەچەند جێگایەك هاتووە دەڵێ بەڕێوەبەرایەتیەك فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات, ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی بێت, بەڕێوەبەریش پێویستە بەڕێوەی ببات نەك سەرۆکایەتی بکات, وابزانم بەڕێوەی دەبات جوانترە لەوەی کە سەرۆکایەتی دەکات, ئەوە یەك, دووش لە خاڵی پێنجەم لە بڕگەی (أ) بیناگەل ئەوە وشەیەکی زۆر نارێکە, نازانم خانووبەرە هەیە و بەکاری دەهێنین, ئەوەش لەرووی زمانەوانی, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنحومەن.**

من لەسەر ئەو بڕگەیەی کە مراسلات بکرێت بە تراسل, وابزانم کەسمان سیبەویهی نین لێرە, تاکو کەلیمەیەکی شائیع موراسەلات بەعەرەبی بێت هەر موراسەلاتە, ئیتر مانای نامە گۆڕینەوەیە, بەڵام ئێمە

ئەتوانین ئەو ئیشکالە تێپەڕ بکەین و بیکەین بە بەڕێوەبەرایەتی پۆستە, ئەگەر مەبەستت ئەوەیە نامە لەدەرەوەی ئەو مودیریەتەوە بڕوات و بێت, با بکرێت بە پۆستە, ئەمە یەك, دوو بەراستی من لەسەر واو (مدیریە الاستیراد والمشتریات) بەراستی من تێناگەم لە هەموو دونیادا لیژنەی موشتەریات و ئیستیراد لیژنەیە, لیژنە سێ مانگ جارێك ئەگۆڕێت و بۆ ئەوەی بە حساب گەندەڵی نەبێت, ئێستا مودیریەتێك دائەنرێت, مودیرێك هەر ئەمە ئیشی بێت, بەخوا دەست بەپەلەکەی هەورەوە بگرێت گەندەڵ دەبێت, ئینجا بۆچی ئەوە دەکەن, با لیژنە بێت باشترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حیدری شیخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موراسەلات بە غەڵەت هاتووە, بەخۆی تەراسولە و تەراسول عیلاقەی بە بەرید نییە, ئەوە عیلاقەی بە تەرەدودات هەیە لە ئاسمان, ئەوە مورتەبیتە بە مودیری عامی تەکنیکی, ئەوە یەك, دووەم بەنیسبەت وەزارەت مودیریەی عامە (للتخطيط والمتابعة) من نازانم وەزارەت هەیە لە کوردستان کە مودیریەی عامەی تەختیت و موتابەعەی نەبێت, غەیری وەزارەتی گەیاندن, ئێستا تەقریبەن دەورات هەیە لەو وڵاتە, لەلای من موشکیلە نییە, ئەگەر موافق بن وموافق نەبن, ئیشمان دەڕوات, بە مودیر دەڕوات و بە مودیر عام دەڕوات, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو ئیشکالەمان دەفع کردووە, چونکە وەکو وەزارەتەکانی دیکە مودیریاتمان لابردووە و بەس مودیریە عامەکانمان داناوە, زیاتر ئەوان مودیریەی تەراسولە, ئەوە بەپێی ماددەیەکە کە لەمەودوا دێت تەخویلی وەزیرمان کردووە و ئیستحداس و ئیلغاو دەمج بکات, ئەو کات بەپێی ئەو مودیریاتانە چی دەوێت با بیکات, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکی وەزیر تێ نەگەیشت, من نەمگوتوە تەختیت و موتابەعە لابدرێت, من شتی وام نەوتوە, من وتومە مودیریەتی ئیستیراد و موشتەرەیات لاببەن, چونکە ئەوە دەبێتە هۆی گەندەڵی, مودیرێك بەتایبەتی بەس شت بکڕێت وشت بفرۆشێت, لە دونیادا نەبووە, لەدونیا وایە لیژنەیە و لیژنە سێ مانگ جارێك ئەگۆڕێت, بۆ ئەوەی گەندەڵی دروست نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر ئەوە نەماوە, تۆ دیارە ئینتیباهت نەکردووە لە راپۆرتی یاسایی, ئەوان خۆیان ئیقتیراحیان کردووە وەکو وەزارەتەکانی تر, ئەگەر مولاحەزەت کردبێت لە موناقەشەی وەزارەتەکانی تر لامان بردووە, لێرەش

**لیژنەی یاسایی ئیقتیراحی کردووە لابدرێت، مودیریەی تەنها ئیشارەت بە مودیریاتی عام دەکرێت, فەرموو.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سەبارەت بەوەی کە (مکتب التخطیط والمتابعة) بوویتە (مدیریة التخطیط والمتابعة) واباشترە لەرووی جەمالیەتی نەصەوە بکرێت بە (المدیریة العامة للشؤون الفنیة) دوای ئەوە مودیریەی تەختیت و مودیریەی موتابەعە و ئەوانە بەپێی نیزام دادەڕێژرێت, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خۆی لە ئەصڵی مەشروعەکە هاتووە دووەم (مدیریة خدمات البرید والتوفیر یراسە موظف بدرجة مدیر) ئەوە بیرێکی لێ بکەنەوە مدیریەی عامی ناوێت.**

**بەڕێز حیدر شیخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مودیریەی فەنی جودایە و مودیریەی تەختیت و موتابەعە جودایە, ئێمە مودیر عامی تەکنیکی وفەنیمان هەیە, بەس مودیری تەختیت و موتابەعە ئێستا ئیشی لە قەزایای فەنی جودایە, ئەوە تحدید لە وەزارەت دەکات, ئەوە نابێت ئێمە دوو مودیریەی عامی بەیەك ناومان هەبێت,من نازانم مودیریەی عامی برید من تەصور دەکەم پێویستیمان پێی نییە, مودیری دەتوانێ بە باشترین شێوە بەڕێوەی ببات, دوای بەرید وتراوە ئیتصالی موباشر لەگەڵ وەزیری بێت, بەرەئیی من ئەو مودیریەی پەیوەندی بە مودیریەی عامی دیوان بێت باشترە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەگەر وەزارەت خۆی داوا نەکات, ئێمە مەمنونین, ئێمە دەمانەوێ گچکە بێتەوە, کە ئەوە دەڵێ مودیریە بۆ بیکەینە مودیرعام وەکو کاك فرست ئەڵێ, مەسەلەن لێرە مودیریە هەیە, لەسلێمانی و لە دهۆك چ دەبێت؟.**

**بەڕێز حیدر شیخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوەی دەبێ ئیشی بۆ بکەی بەراستی, یانی ئەوە ئیشی زۆری دەوێت, یانی تێکەڵ بوونی دوو ئیدارە ئاسان نییە, ئێستا ئێمە ئەو قانونە دیراسەت دەکەین, برادەران دەبێت بزانن ئێمە دوو نیزاممان لە ئیتصالات هەیە, لە سلێمانی نیزامی خۆی هەیە ولێرە نیزامی خۆی هەیە, لەوێ بەکامل کارتی تایبەت بە شەبەکە و بە بەدالە و بە تەلەفۆن هەمووی کڕیوە, لێرە شتی ترە, بەس ئێمە ئیش دەکەین هەتاکو ڕێکیان بخەین, لەسلێمانی مودیر هەیە, ئێستا لەدهۆك مودیر نییە, لەهەولێر مودیر نییە.؟**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لە سلێمانی مودیر هەبێت، لەدهۆك مودیر هەبێت، دەبێت لێرە ببێتە مودیریەی عامە، تاوەكو مودیریە لەسلێمانی هەبێت و لە دهۆك هەبێت، لێرەش مودیریە هەبێت، ئەبێ ئەوەی ئێرە ببێتە (المديريه العامه)، فەرموو كاك كریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من واپێشنیار دەكەم وەكو یاسای وەزارەتەكانی تر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاكان لێرەدا ئیستیحداس بكرێت، بكرێتە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاكان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من ئیقتراحەكەم ئەوەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێت لە هەولێر، سێ بەڕێوەبەرایەتی تریش هەبێت، ئەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاكان نییە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خەدەماتی تەوفیر و ئەوانەیە، ئەوانی تر وتمان مدیریە دەسەڵاتی خۆیەتی، دەیكاتەوە لە موحافەزات.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وا پێشنیار دەكەم هەر لەوەزارەت ولەمەركەز (بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەیاندنی پارێزگاكان) هەبێت، مودیریەی پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك سەر بەو بەڕێوەبەرایەتی گشتییە بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نابێت، ئەو ئیقتراحە وەكو وەزارەتەكانی تر نییە، ئەوە ئیشی بەریدە، بەریدیش هەر موحافەزەیەك هی خۆی هەیە، لێرە مودیریەی عام هەبێت، ئیشی بەرید پۆستە لە سلێمانی بێت، سبەینێ لە كەركووك دەكرێتەوە رەبتی ئەو مودیریەی عامە دەبێت كە ئیشی پۆستەیە لەهەولێر، فەرموو كاكە حەمە.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە خەمی ئەوەمان بوو كە جەنابی وەزیر داوا بكات، ئەگەر ئەو داوا ناكات بۆ ببێت، هەر با ئەوەی ئێرە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە قانونەكەی دادەنێین لێرەدا ئەندامانی پەرلەمان یەكە یەكە حەقیان هەیە بۆچوونی خۆیان بڵێن و رەئیی خۆیان بڵێن وەكو وەزیر، بەڵام ئەو دەتوانێ رەئیی خۆی بڵێ بڵێ خراپە، ئەگەر ئەغلەبیەت وتیان نەخێر ئەوە رەئیی پەرلەمان دەخوات، فەرموو كاك سعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو وەزیری بەڕێز باسی کرد, ئەو ئەسباب موجبەی هەیە وبەوەی کە لەو مەرحەلەیە زەروریەتی دروست کردنی ئەو مودیریەتە عامە نییە, دەڵێ لە شارەکان سەربە مودیریەتی ئیتصالاتن, بۆیە من داوا دەکەم کە رەئیەکەی بەنەزەری ئیعتبار وەربگیرێ, مادام زەرووری نییە, دەڵێ تا ئێستا هینی بەرید سەر بەمودیریەتی ئیتصالات بووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارەکەم ئەوەیە, مودیریەی خەدەماتی سلێمانی مودیریەیە, مودیریەی خەدەماتی هەولێر مودیریەیە, مودیریەی خەدەماتی دهۆك مودیریەیە, سەر بە کێن؟ فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین کە خۆی داوای کەمکردنەوەی مودیریەتێکی کرد, بەڵام ئەو مەسەلەیە ئەگەر زیادیش بێت مودیریەتی عامەی ئیتیصالات دەبێ دابنرێت, دەنا موحافەزەکانی تر بە کێوە گرێ بدرێن, حەتمەن ئەگەر زیادیش بێت وپێویستیش نەبێت, دەبێ لە هەیکەلی نیزامی وەزارەت دابنرێت, چونکە ئەوانی تر دەبەستێتەوە بەیەك, سوپاس.

**بەڕێز حیدر شێخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو هەموو مودیریاتانەی کە ئێوە وتتان یەك لەدوای یەك, من لەگەڵیدام, ئێمە سێ مودیریەی عامەمان هەیە, هەر مودیریەی عامەیەك ئیختیصاصی موعەیەنی خۆی هەیە, هەموو مودیریەتێك رەبتی مودیریەی عامەن, سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی پێنجەمی پرۆژەکەی جەنابی وەزیردا هاتووە, کە ئەنجومەنی وەزیران ناردوویەتی, لە خاڵی سێیەمدا هاتووە ئەڵێ بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی گەیاندن, بۆ خۆی تێیدایە لەوەزارەت, بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی گەیاندن, کەواتە فەرمانگەی گەیاندن ئەوەش دەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز حیدر شێخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مودیر عامی ئیتصالاتە, یانی مودیری عامی تەکنیکی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئیی وەزیر لەسەر ئەو مەوزوعە وابزانم وازیحە, خۆی دوایی تەنزیمی دەکات, مودیریاتەکان لە سلێمانی و رەبتی چ مودیریات عامێك دەکات لە سلێمانی, ئەو ماددەیە بە موفتەرەحی لیژنەی قانونی, سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی دەڵێ ئێمە باسی ئەوەمان کردووە کە ئەو مودیریەتە عامەیە لابرێ, ئەوە وەرمگرت شتی وای تێدا نییە, بەس دەڵێ چوارەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندیکاری فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بڕوانامەی زانکۆی هەبێت, ئینجا بەڕێوەبەرایەتی موراسەلات, ئینجا هیچ باسی ئەوە ناکات کە مودیریەی ئیستیرادو موشتەرەیات لابراوە, ئاخر لای پرۆژەکە مودیریەتە کەباس کراوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشکە سۆزان ئێمە لێرە گوتمان ئەو مودیریاتانە هیچێکی باس ناکەین لەناو یاساکە, کە باسمان نەکرد یانی نەما, ماوە لەناو قانونەکەش هەبێت, ئێستا لە موفتەرەحی ئێمە تەنها بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان بێنینە ناو یاساکە, بەڵام مودیریاتەکان بۆ جەنابی وەزیری بەجێ دێڵین و تەخویلی دەکەین بە نیزامێك, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لات وازیحە, ماددەکە بە ئیقتراحەکەی لیژنەی یاسایی کە مودیریاتی لابردووە, تەنیا مودیریاتی عامەی هێشتۆتەوە, ماددەکە خوێندرایەوە و لیژنەی یاسایی رەئیی خۆی دا و وەزیریش پەسەندی رایەکەی لیژنەی قانونی کرد, رەئیەکانیش موناقەشە کران و تەئکیدیان لەسەر رەئیەکەی لیژنەی قانونی کردەوە, لەبەر ئەوە دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی؟ سوپاس, کێ لەگەڵی نییە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا, بڕۆ بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: لەوەزارەتدا ئەنجومەنێکی ڕاوێژکار پێك دێت بەناوی(ئەنجومەنی گەیاندن) بەسەرۆکایەتیی وەزیر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1-بریکاری وەزارەت:جێگری سەرۆکە.

2-بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری بەڕێوەبردن ودارایی: ئەندام.

3-بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی گەیاندن: ئەندام.

4-بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون: ئەندام.

5-بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی: ئەندام.

6-ڕاوێژکارانی وەزارەت: ئەندامن.

7-ئەندامێك، یان زیاتر، وەزیر لەناوەوە، یان لەدەرەوەی وەزارەتەکە دەیپالێوێ.

دووەم: ئەرکوفرمانی ئەنجومەن:

1-ئامادەکردن و داڕشتنی ئامانجە گشتییەکانی پلانەکانی وەزارەت لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

2-گفتوگۆکردن لەسەر پلانە سەرەتاییەکان کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوونەوە ئامادە کراون لەسەر ڕۆشنایی ئەو پلانانەی کە لەلایەن پێکهاتەکانی وەزارەتەوە پێشکەش کراون، وبڕیاری سەرەتاییان لەسەر دەداو بەدوای جێبەجێکردنیان دەچێ.

3-پلان دانانی گشتیی بۆ گەیاندن و بەرنامەی بەکارخستن وخستنەبازاڕ ودارایی و ئابووری پێشنیاز دەکات.

4-گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی وەرزی گشتیی( الدوری العام)ی وەزارەت کە نووسینگەی پلاندانان و بەدواداچوون ئامادەی دەکاو، ئنجا هەر تێبینی وڕێنمایی رادەگەیەنی و لەو بارەیەوە دەیبینێ .

5-دیراسەتی  پڕۆژەو یاساو پێڕۆو ڕێنماییانەی کە پێویست بە کارەکانی وەزارەت ئەوەی کەدەیبینێ و ، ئنجا لەو بارەیەوە لە تێبینی و ڕێنمایی.

6-هەر مەسەلەیەك وەزیر بیخاتە بەردەمی لێی دەکۆڵێتەوە و رای خۆی لەسەر دەدەبڕێ وپێشنیازو ڕاسپاردەی بۆ پێشکەش دەکات.

7-ئەنجومەن هەر سێ مانگ جارێك کۆدەبێتەوە وبڕیارگەری پێویست تێدا دەردەکات.

8-کاتێ پێویست بکات بەڕێوەبەرایەتی بەشی نوێ دەکاتەوە یان یەکیان دەخات یان هەڵیان دەوەشێنێتەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اولا/يشكل في الوزارة مجلس استشاري باسم (مجلس الاتصالات) برئاسة الوزير وكالاتي:

1- وكيل الوزارة/نائبا للرئيس.

2-مدير عام الشؤون المالية والادارية/عضوا

3-مدير عام دائرة الاتصالات/عضوا.

4- مدير الشؤون القانونية/عضوا.

5-عضوا أو اكثر يرشحه الوزير من داخل او خارج الوزارة.

ثانيا:مهمات المجلس:

1-اعداد وصياغة الاهداف العامة لخطط الوزارة على ضوء توجيهات مجلس وزارة الاقليم.

2-مناقشة الخطط الاولية المعدة من قبل مكتب التخطيط والمتابعة على ضوء الخطط المقدمة من قبل التشكيلات التابعة للوزارة واقرارها مبدئيا ومتابعة تنفيذها.

3-اقتراح الخطط العامة للاتصالات وبرامج التشغيل والتسويق والمالية والاقتصاد.

4-مناقشة التقرير الدوري العام للوزارة والذي تعده مكتب التخطيط والمتابعة وبيان مايراه في هذا الشأن من ملاحظات وتوجيهات.

5-دراسة المشاريع والقوانين والانظمة والتعليمات المتعلقة باعمال واهداف الوزارة وما يراه مناسبا بهذا الشأن من ملاحظات وتوصيات.

6-دراسة كل ما يعرض عليه الوزير من قضايا وبيان الراي فيها وتقديم المقترحات والتوصيات المناسبة بهذا الشأن.

7-يجتمع المجلس كل ثلاثة اشهر لاتخاذ القرارات اللازمة.

8-استحداث ودمج والغاء مديريات واقسام عند الاقتضاء.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اما بالنسبة المادة الخامسة من المشروع تقترح اللجنة مايلي:-

1-جعل الفقرة (4) من ( اولاً) مدير عام التخطيط والمتابعة عضواً بدلاً من مدير الشؤون القانونية.

2- جعل كلمة وزارة بـ ( الوزراء) في ثانياً/ مهمات المجلس.

3- إحلال كلمة ( المديرية العامة) بدل كلمة ( مكتب) في الفقرة ثانياً (2و4).

4- نقل الفقرة (8) الى فقرة مستقلة ضمن المادة السادسة من المشروع و بصيغة أخرى ستظهر لاحقاً.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵام سەبارەت بە مادەی پێنجەم لە پرۆژەكەدا لیژنە ئەمەی خوارەوە پێشنیاز دەكات:-

2- گۆڕینی بڕگەی(4) لە (یەكەم)دا و بەڕێوبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون بكرێ بە ئەندام لە جیاتی بەڕێوبەری كاروباری یاسایی.

3-وشەی وەزارەت بكرێ بە (وەزیرەكان)لە دووەمی ئەركوفەرمانی ئەنجومەندا.

4-وشەی (بەرێوەبەرایەتی گشتی)شوێنی وشەی (نوسینگە)لە بڕگەی دووەمی (2،4)دا بگرێتەوە.

5-گواستنەوەی بڕگە (8)بۆ بڕگەیەكی سەربەخۆ لەناو ماددەی شەشەمی پرۆژەكەدا وبەشێوەیەكی دیكە كە دوواتر بەدەردەكەوێت.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئەمە عیلاج كراوە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحەکانی لیژنەی قانونی ئەوەیە لە یەکەمدا لەجیاتی مودیری شئونی قانونی مودیری عامی تەختیت بێت, ئەوەی تر وەزارەت هاتووە بەغەڵەت, دەبێ مەجلس وەزەرا بێت, موهمترین شت ئەوەیە هەشتەم دەڵێن ببێتە ماددەیەکی تایبەت, هەشتەم کە دەڵێ (دانان و دەمج کردن وئیلغای مودیریات و ئەقسام لەکاتی پێویستدا) ئەوە ببێتە ماددەیەکی تایبەت, کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لە ئەنجومەنی گەیاندن هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکان تێدا بەشدار بن, لەجیاتی بەخاڵێك و دووان, هەموو بەڕێوەبەرە تایبەت لە ئەنجومەنەکە بەشدار بن, وای لێ بکرێت کە هەموو بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت ئەندام بن لەو ئەنجومەنە, ئەوە یەك, دوو لە دووەم لە بڕگە یەك ئامادە کردن و داڕشتنی ئامانجە گشتییەکان دیارە ئێمە ئامانجی وەزارەتمان هەیە, یانی وەزارەت ئامانجی هەیە پێویست ناکات جارێکی تر ئەو لیژنەیە دابنیشێتەوە, چونکە ئامانجەکان دیاریکراون, تەنیا داڕشتنی پلان, بۆچی لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی ئەنجومەنی وەزیران, یانی کاری وەزارەت, وەزارەت خۆی دەسەڵاتی هەیە و ئەرکی هەیە, ئامانجەکانی دیاریکراوە, لەبەر ئەوە پێم باشە تەنیا بکرێت, داڕشتنی پلانی وەزارەت, یان داڕشتنی پلان لەوەزارەت, سوپاس.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ئەنجومەنە ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاریە, بەڵام من نابینم ڕاوێژکارەکانی وەزارەت تێیدا ئەندام بن, ئەمە یەکەم, دووەم چەند بڕگەیەکمان هەیە کە ئەمانە ئەرك و فرمانی ئەم ئەنجومەنە دەستنیشان دەکەن, پێشنیاری ئەوە دەکەم کورت بکرێتەوە بەوەی کەئەرك و فەرمانی ئەنجومەن بەپێی نیزامی داخلی وەزارەت دیاری بکرێت, لەجیاتی ئەوەی چەند بڕگەیەك هەبێت, کە ئەوە موناقەشەی زیاتر هەڵدەگرێت, سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی حەوتەمی ئەم ماددەیە ئەنجومەن هەر سێ مانگ جارێك کۆدەبێتەوە, بکرێت بە یان هەر کاتێك پێویست بکات, لەبەر ئەوە جاری وا هەیە حاڵەتی ناکاوی دێتە پێشەوە, بڕگەی هەشتەم بگۆێزرێتەوە بۆ ماددەی سێ, چونکە ئەویش صەلاحیەتی وەزیرە بۆ کردنەوەی بەش و مودیریات, سوپاس.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا پێشنیاری کردووە بەڕێوەبەری پلان دانان و نەخشەسازی بێتە جێگای بەڕێوەبەی کاروباری یاسایی، بەڵکو هەردووکیان پێویستن ئامادە بن لەو لیژنەی راوێژکاریەدا، چونکە بەڕێوەبەری گشتی کاروباری یاسایی رای خۆی دەربارەی لایەنی یاسایی ئەو کۆبوونەوە و ئەو راوێژکاریە دەدات، لەگەڵ ئامادەبوونی راوێژکارەکان، کە راوێژکاری وەزیرن ئەگەرچی کە خۆشیان رەئیان نەبێت، لەرێگای جەنابی وەزیرەوە رەئیان تەرح دەکرێت، بەڵام ئامادە بوونیان رەنگە کارێکی پێویست بێت، سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگە یەکدا لە پێنجەم پێشنیار دەکەم (عضوا و اکثر) بکرێتە (او اکثر) وەسفی پسپۆڕی بدەینێ، لەبەر ئەوەی لەیاساکانی تریش وامان گۆڕیوە، لەدووەم برگەی حەفت پێشنیار دەکەم ئەوە لابدرێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەی شەشەم دەڵێ (یحدد بنظام مهام واختصاصات تشکیلات الوزارة) ئەوەش یەکێکە لەتەشکیلاتی وەزارەت، جۆریەتی کۆبوونەوەش لە نیزام تەحدید دەکرێت، نەك لێرە، سوپاس.

**بەڕێز حیدر شێخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك مولاحەزەم هەیە، تەبعەن لیژنەی قانونی (مودیری شئونی قانونی) ئەو مودیریە زۆر موهیمە، وجودی لە هەیئەی ئیستیشاری بۆ ئێمە زەروریە، ئیستیشارە دەکات لە قەزایای قانونیدا، با لەگەڵ تەختیت و موتابەعە بمێنێت، موشکیلەمان نییە، مادام پێنج صەلاحیات دانراوە بۆ وەزیر یەك ئیزافە بکات، دووان ئیزافە بکات، ئەگەر نامێنێ لێرە بەخۆمان ئیزافەی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بەڕێوەبەری شئونی قانونی، بۆیە لاماندا چونکە مەبدەئیەن ئێمە ئەو مودیریاتەمان لەناو یاساکە دانەبەزاندووە، هەرچی ئەوەیە مودیریەتی تەختیت وموتابەعەیە، یەك عامە، بۆیە ئەوەمان داناوە لەجیاتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت نەتیجەی قسەکان و ئەوانە و رەئیی وەزیریش، مەجلیسی ئیستیشاری کە فعلەن مودیری شئونی قانونی دەبێت تێدا بێت، دەبێت تەختیتشی تێدا بێت، بەڵام برادەرێك ئاماژەی بەوە کرد کە ئەندام موستەشارەکانیش دەبێت تێدا بێت، فعلەن ناوی بۆ موستەشارە، کە موستەشار لە مەجلیسی ئیستشاری ئەندام نەبێت، نابێت، ئەگەر برگەیەك ئیزافە بکرێت کە موستەشارەکانی وەزارەتیشی تێدا بێت، ئەو فەقەرەیەش کە وابزانم کاك سەردار بوو وتی حەوتەم، فعلەن ئەو زیادە لە نیزام دەتوانێ بۆ خۆی

دایبنێت, کۆبوونەوەی مەجلیس سێ مانگ جارێکە بە قانون بۆچی تەحدید بکرێت, مومکینە نیزامەکە بگۆڕن و بتوانن بە مانگێك جارێك و یا هەر شەتب بکرێت, ماددەی هەشت کە لە موقتەرەحی لیژنەی قانونیە کە ببێتە ماددەیەکی تایبەت, فعلەن ئەوە داهاتێکی بەقوەتی هەیە, ئەوە نەصێکی تایبەتی خۆی دەوێت, ئەگەر لیژنەی قانونی بەو وردە کارییانەی کە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد و منیش خولاصەم کرد و مانعیان نەبێت, موقتەرەحەکەیان هەمواربکەنەوە بەو هینانە و جنابی وەزیریش مانعی نییە, ئەگەر مانع نییە دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات؟ سوپاس, کێ لەگەڵ نییە؟ بەکۆی دەنگ بەو مولاحەزانەی کە وتران پەسند کرا, ماددەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

ئەرکوفرمان ودەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕۆی ناوخۆ دیاری دەکرێن.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەی ئەوەی تر نەتانوت دەبێتە ماددە شەش, ئەوە ئیقتراحی خۆتانە, بڕگەی هەشت بیکەنە ماددە شەش.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اما بالنسبة للمادة السادسة فتقترح جعلها بفقرتين وكالآتي:

اولاً:- يحدد بنطام مهام وإختصاصات تشكيلات الوزارة.

ثانياً:- للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

ثالثاً: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەشتەم: بەلاّم سەبارەت بە ماددی شەشەم بکرێ بە سێ بڕگە وەك ئەمەی خوارەوە:-

یەکەم: پەیڕەوو ئەرك وتایبەتکاریەکانی پێکهاتەی وەزارەت دیار دەکرێ.

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسەیە دەربکات.**

**سێیەم:وەزیر بۆی هەیە هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یان بەش یانیش هۆبەکان لە چوارچێوەی وەزارەتدا بکاتەوە یان لێکیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە بە پێی داخوازیەکانی کارەکەی خۆی.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەسەر ئەو ماددەیە هیچ تێبینیمان نییە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە, نییە, کەواتە دەیخەمە دەنگەوە بە مولاحەزەکانی لیژنەی قانونی, کێ لەگەڵە دەستی بڵند بکات؟ سوپاس, کێ لەگەڵ نییە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی حەفتەم:**

**هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ، کاری پێ ناکرێ.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السابعة:**

**لا يعمل باي نص يتعارض مع احكامه.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تاسعالَ: أما بالنسبة للمادة السابعة من المشروع فتقترح اللجنة صياغتها كالآتي:-**

**( لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون).**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڵام سەبارەت بەماددەی حەوتەم لە پرۆژەکەدا لێژنە پێشنیاز دەکات وەك ئەوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:-**

**(کاربە هیچ دەقێك ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت )**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەمەش رۆتینە, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی؟ سوپاس, کێ لەگەڵی دانییە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی تر.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دەیەم:**

**پێویستە لەسەر وەزارەت حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثامنة:**

**على الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**عاشراً: أما بالنسبة للمادة الثامنة من المشروع تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:**

**( على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەیەم: بەڵام سەبارەت بە ماددەی هەشتەم لە پرۆژەکەدا لێژنە پێشنیاز دەکات وەك ئەمەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە.**

**(ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەریانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی لەهەموو وەزارەتەکان هەبوو و بەم شێوەیە کرا, دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە؟ سوپاس, کێ لەگەڵ نییە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی دواتر.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی نۆیەم:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و، لە ڕۆژنامەی فەرمیی ( وەقایعی کوردستان )دا بڵاودەکرێتەوە**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة:**

**ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حادى عشر:اما بالنسبة للمادة التاسعة من المشروع فتقترح اللجنة صياغتها كالآتي:-

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمەش هەروەكو ماددەكانی تر موناقەشەی لەسەر نییە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات؟ سوپاس, كێ لەگەڵی نییە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**

لاستحداث وزارة الإتصالات في الاقليم وبغية بناء وتنظيم و تطوير شبكة الاتصالات بأستخدام التكنولوجيا الحديثة والترددات المستخدمة في أنظمة الاتصالات الصوتية والمرئية ولتأمين ذلك أناطه مسؤولية الاتصالات بوزارة خاصة في الاقليم فقد أصبح من الضروري تشريع قانون يحدد مهام وأهداف هذه الوزارة والمديريات المرتبطة بها و لتحقيق ما تقدم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**هۆیەكانی پێویستكار**

لەبەر هێنانەكایەی وەزارەتی گەیاندن لە هەرێم وبۆ ئەوەی تۆڕی گەیاندن بە بەكارهێنانی تەكنەلۆژیای مودێرن وشەپۆلەكانی بەكارهێنراو لە سیتەمی گەیاندنی دەنگی ودیتراوەیی بنیات بنرێ ورێك بخرێ وپەرەی پێبدرێت  بۆ دابین كردنی ئەمەشیان بەرپرسیارەتی گەیاندن لە هەرێمدا بە وەزارەتێكی تایبەت سپێردراوە, بۆیە پێویستە یاسایێكی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی پێكهاتەو ئەركوفەرمان وئامانجەكانی ئەم وەزارەتەو بەرێوەبەرایەتیانەی كە پێوەی بەستراون دیار بكات، بۆ بەدیهێنانی ئەمەی سەرەوەش ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەزارەت پلانی چییە بۆ مەسەلەی موراقەبە لەسەر ئیتصالاتی هەرێم, لەسەر تەلەفۆنات, لەسەر نامە, لەسەر ئەنتەرنێت, ئەوە بەحەقیقەت پێم وایە بە رەهاییە و هیچ قانونێك نییە دام ودەزگا ئەمنیەكان مولزەم بكات, ئەوە كێشەیەكی گەورەشە ئەمریكا خۆی لەگەڵ ئەوەی كە وڵاتێكە زۆر بڵێین وڵاتێكی گەورەیە هەرەشەی لەسەرە, لەهەمان كاتدا كێشەی لەسەر ئەو مەسەلەی موراقەبە دروست بوو, ئەوە لەو بەرنامەی وەزارەتدا چ حەلێكی بۆ ئەو كێشەیە داناوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام ئەوە عیلاقەی بەو جەلسەوە نییە، ڕۆژێکی تایبەت وەزیر بانگ دەکەین و ئەو شتانەی کەهەمانە، دەبێت وەزیری ناوخۆشی تێدا بێت، چونکە بەشێکی عیلاقەی بە جانبی ئەمنیەوە هەیە، بۆ ئەوەی جواب بداتەوە، ئێستا دیباجە و هەموو ماددەکە پێکەوە دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، ئینشائەڵڵا سەرکەوتوو دەبن، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز حیدر شیخ علی/وەزیری گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پڕ بەدڵ سوپاسی هەمووتان دەکەم، سوپاسی هاوکاریتان دەکەم، بەتایبەتی لیژنەی قانونی کە بەراستی ماندوو بوون لەگەڵماندا، چەند جار ئیجتیماعمان کرد بەیەکەوە، زۆر سوپاسی سەرۆکی پەرلەمان دەکەین کاك عدنان، سەرۆکی پەرلەمان، من یەك مولاحەزەم هەیە حەزم نەکرد باسی بکەم، بەڵام بۆ تەوزیح، وەزارەتی گەیاندن، وەزارەتی موستەحدس نییە، وەزارەتی ئەصڵیە، ئەمە وەکو وەزارەتی نەقلە، لەبەر ئەوە مودیریەتی هەبوو لەلای ئێمە بوو و ڕۆیشتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئێستا پشوویەك دەدەین بۆ ماوەی بیست دەقیقە، پاشتر وەزارەتی گەشت و گوزار موناقەشە دەکەین، ئەویش کورتە ئینشائەڵڵا تەواوی دەکەین، سوپاس، بەخێر بێن سەرچاو.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەینەوە، بەخێرهاتنی بەڕێز کاك نمرود وەزیری گەشت وگوزار دەکەین، کەبەشداریمان دەکات لەم دانیشتنە، جگە لە لیژنەی یاسایی هیچ ڕاپۆرتی تر هەیە، شارەوانی فەرموو. داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم پرۆژەکە بخوێننەوە بەرەچاوکردنی ئەو مولاحەزاتانەی کە دامان بەو بەیانییە، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## یاسای وەزارەتی گەشت وگوزار

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەکەمان پڕۆژەی یاسای وەزارەتی گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان – عیراقی تاوتوو کرد و لەگەڵ وەزیری تایبەتمەند کۆبۆوە و دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، بەکۆی دەنگ گەیشتینە ئەم ڕاسپاردەو پێنیارانەی خوارەوە:

یەکەم: لیژنە پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات چونکە وەزارەتەکە تازە لەهەرێمدا هاتۆتەکایەوە. بەڵام پێشنیاز دەکات دیباجەیەکی بۆ دابڕێژرێت و مادەکانی ڕێزبەند بکرێن و برگەکانی ڕێك بخرێن و هەندێ

هەمواركردن و گۆڕانكاری لە داڕشتنی هەندێ لە بەندەكانی ئەنجام بدرێن، هەروەك لە شوێنی خۆیان دەیانخەینە ڕوو.

دووەم: زنجیرە نمرەییەكان بە ڕەنووس بنووسرێن وەك ئەوەی لەیاسای وەزارەتەكانی دیكە ئەنجامدراون.

سێیەم: لیژنە ماددەی یەكەمی پرۆژەكە پەسەند دەكات بە مەرجێك دەستەواژەی (بۆ مەبەستەكانی ئەم یاسایە) لە كۆتایی رستەكەدا زیادبكرێت.

**بەڕێز كریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الى / رئاسة المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**م / تقرير اللجنة القانونية**

قامت لجنتنا بدراسة مشروع قانون وزارة السياحة لاقليم كوردستان - العراق المحال اليها بعد القراءة الأولى له في البرلمان بتأريخ 2006/9/4 وأجتمعت مع الوزير المكلف بحقيبة الوزارة المستحدثة و بعد المناقشة و المداولة تقدم اللجنة تقريرها و توصياتها و اقتراحاتها بشأن المشروع باجماع الآراء وكمايلي:-

أولاً: ان اللجنة القانونية تؤيد مشروع القانون نظراً لأستحداث الوزارة في الأقليم و تقترح صياغة ديباجة له و تبويب مواده وتنظيم فقراته و اجراء بعض التعديلات و التغيرات في صياغة بعض بنوده و التي ستظهر لاحقاً من خلال هذا التقرير .

ثانياً: تبديل التسلسلات الرقمية بالتسلسلات الكتابية اسوة بالأسلوب المتبع في مشاريع بقية الوزارات.

ثالثاً: بالنسبة للمادة الأولى من المشروع. ان اللجنة القانونية تؤيدها و تقترح اضافة عبارة (لأغراض هذا القانون) الى اخير الجملة الأولى منها.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یەكەم:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە, ماناكانی بەرامبەریانە:

1-هەرێم: هەرێمی كوردستانی عێراق.

2-وەزارەت: وەزارەتی گەشت وگوزاری هەرێم.

3-وەزیر: وەزیری گەشت وگوزاری هەرێم.

4-بریكار: بریكاری وەزارەتی گەشت وگوزاری هەرێم.

5-ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژكاری وەزارەتی گەشت وگوزاری هەرێم.

6-مەبەستی گەشتوگوزار: مەبەست لەحەوانەوە (الراحە) و بووژانەوە (الاستجمام) و وەرزش و مەلەوانی و رابواردن و, راوو, دیتنی هەواری مێژوویین و ئاسەوار و نیگاری سروشتی و پارك و سەیرانگا و زیارەتی

ئاینی و, کڕینی پێداویستی شەخسی و, بزاڤی خەمڕەوێن و هەر مەبەستێکی دیکەشە کە گەشتیاران ڕابکێشێ.

7-جێگەی گەشتوگوزار: هەر جێگەیەکە, مەبەستی گەشت وگوزاری تێدا بەجێ بێ, وەك ئوتێل وخواردنگەو گازینۆ و جێی بووژانەوە (المنتجعات) و چادرگا و, جێگای دیکەش کە بۆ مەبەستی گەشتوگوزار ئامادە کرابێ.

8-ناوچەی گەشتوگوزار: هەر ناوچەیێکە, بۆ چالاکیی گەشتوگوزار لە باربێ و, مەبەستی گەشتو گوزاری بۆ فەراهەم کرابێ, یان بۆ گەشتوگوزار لەباربێ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها:

1-الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

2-الوزارة: وزارة السياحة.

3-الوزير: وزير السياحة.

4-الوكيل: وكيل وزارة السياحة.

5-المجلس: المجلس الاستشاري لوزارة السياحة.

6-الغرض السياحي: ويقصد به الراحة والاستجمام والرياضة والسياحة والتسلية والصيد ومشاهدة الاماكن التاريخية والاثرية والمناظر الطبيعية والحدائق والمتنزهات والزيارات الدينية واقتناء الحاجيات الشخصية والانشطة الترفيهية الاخرى واي غرض اخر يحقق الجذب السياحي.

7-المرفق السياحي: ويقصد به اي نشاط يمارس فيه الغرض السياحي كالفنادق والمطاعم والكازينوهات والمنتجعات والمخيمات والمحلات المعدة لتحقيق الاغراض السياحية.

8-المنطقة السياحية: ويراد بها اي مكان مؤهل لمارسة النشاط السياحي ويتوفر فيه الغرض السياحي او يصلح له.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە هیچ ڕەخنەیەکمان نییە, پێشنیارمان تەنها ئەوەیە لە ماددەی یەکەم ڕستەی (لاغراض هذا القانون) لە ئەوەلی دابنرێت (يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو ماددەیە فەرموو کاك رشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر مادده يەك چەند نوقتەيەكمان هەيە, ماددەی يەك بڕگەی شەش لەجياتی (مشاهدة) بكرێتە (زيادة), لەجياتی (الزيارات الدينية) بكرێتە (زيارة الاماكن المقدسة) و(اقتناء حاجيات الشخصية) لابرێ لە هەمان بڕگە و لەجياتی (الغرض السياحي) لە هەمان بڕگە بنووسرێت (للاهداف السياحية), وشەی رابواردن لە دەقی كوردیەكە لە بڕگە شەش و لەسەر هەر ماددەيەكی تری ئەم قانونە هاتووە لابدرێت, چونكە وشەيەكی نەگونجاوە لەناو كۆمەڵگادا, لەهەمان بڕگە (للغرض السياحي) لابدرێت تەنها بنووسرێت (السياحة) و پێناسەكە بەم شێوەيەی لێ بێت: (ويقصد بها كل مايتعلق بالراحة والاستجمام وزيارة الاماكن التاريخية والاثرية و زيارة الاماكن الطبيعية والحدائق والمتنزهات) هەر ئەوەندە بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادده يەك هيچ تێبينييەكی لەسەر نييە, تەنيا لەسەر وشەكەيدا كە ئەو تێبينيەيان نيشان داوە, بەڵام ليژنەی شارەوانی چەند تێبينيەكی داوە, مەسەلە ئەوەيە كە سەردانە شوێنە ئاينيەكانی پيرۆز, ئەوە شتێكی تەبيعی يە, ئەو وشەيە رابواردن داوا دەكات لە كورديەكەی بگۆڕێت, لەعەرەبيەكەی ئيعتيادی هاتووە, لە كورديەكەی لەهەندێ شوێن بە مانايەكی تر بەكارهاتووە, فەرموو جەنابی وەزير.

**بەڕێز نمرود بثيو/وەزيری گەشت وگوزار:**

السيد رئيس المجلس.

اتصور هناك فرق بين الغرض السياحي والمرفق السياحي, يعني الزيارات الدينية هي غرض سياحي, يعني ميصير الاماكن المقدسة, الاماكن المقدسة او المرافق الدينية المقدسة هاي تدخل بالمرفق السياحي, يعني الزيارة هي غرض سياحي, مو مكان, يعني عندما تقول الزيارات الدينية يعني غرض سياحي اريد اروح ازور, فاذا يريد يدخل فهذا تدخل بالمرافق السياحي, يعني العتبات المقدسة, وهذا هم تعتبر مرافق سياحية يزورها السواح, اتصور الزيارات الدينية صحيحة, شكراً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەم ماددەيە بابزانين چەند كەس قسەيان هەيە, ژمارەيەكن, فەرموو كاك شهاب.

**بەڕێز شهاب عبدالله صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من يەك پێشنيارم هەيە لەسەر ماددەی يەكەم, فەقەرەی شەش, ئەوەی كە موتەعەليقە بە (الانشطة الترفيهية اخرى واي غرض آخر يحقق الجذب السياحي) پێشنيارەكەم ئەوەيە كە ئەو دێرەی لەسەر ئيزافە بكرێت (على ان يراعي طبيعة المجتمع الكوردستاني)، سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو برگەی شەش من پێشنیار دەکەم چەند وشەیەك لابرێ، ئەوەش کە جەنابی وەزیر وتی (والزيارات الدينيه) پێم وایە دین زیارەت ناکرێت، مەراکیزی دینی زیارەت دەکرێت یان موقەدەساتی دینی، بۆیە پێم باشە وای لێ بکرێت با لە سەرەتاکەی دەست پێ بکەین (ويقصد به الراحة (الاستجمام) ئەوە لابدرێت، چونکە کە وتمان لەوێ بێت یان لەوێ نەبێت هیچ نوقصانیەك و زیادەیەکی تێدا نییە و وشەیەکی جوانیش نییە، (والرياضة والسباحة والتسلية) لێرە لە کوردیەکە تەرجومەی کردووە (تسلیە) بە (رابواردن)، من پێم وایە تەسلیە بە مانای رابواردن نییە، بەزمانی عەرەبی، تەسلیە بە مانای دڵنەوایی و دڵدانەوەیە، ئەصڵی وشەی تەسلیە یانی دڵدانەوە، بەڵام ئەو زۆر بەزەقی دەڵی رابواردن، رابواردنیش لەناو ئێمە یانی کەلتورێکی ناشرینە، شتێکی جوان نییە، ناڵێم نییە رابواردن ئێستا، بەڵام حەق نییە ئێمە وەکو پەرلەمان مەشروعێکی بۆ دابنێین بیکەین بە قەرار، بە قەرار راببواردرێ، ئەوە شتێکی جوان نییە، تاریخ لەسەرمان دەنووسێ، بەحەقیقەتیش کەلیمەی تەسلیە ئەوەی کە تەرجومە کراوە لە کوردیەکە، پێم وایە بەباشی بۆی نەچووە، تەسلیە یانی دڵدانەوە، دڵنەوایی کردن، نەك رابواردن، وشەکە جوان نییە، ئەوە دوو، یەکیان وەکو عەرزم کردی (استجمام)(تسلية)(صید)، ئەو کەسەی کە دێت بۆ سیاحە موستافین بۆ ئەوە نەهاتووە بچێت راو بکات، راوکردن ئێستا لەناو ئێمە بۆ تەیرو تیور هەر مەنع کراوە، دووەمین ناحیەی ئەمنیش ئەگەر بچی حیوانێك بکوژی بە تفەنگێك ئەو تفەنگ بەکارهێنانە شتێکی بەکار نییە بۆ راوچی، راوچی من پێم وایە ئەوەی لێی مەنع بکرێت، راو کردن لە موستاف بە قانون قەدەغە بکرێت، بە قانون راو کردن بۆ موستافین مەنع بکرێت، ئەمەیان دوو، و(مشاهدة الاماكن التاريخية) ئەوە قەیناکە من لەگەڵیمە و(الاثرية والمناظر الطبيعية والحدائق والمتنزهات و الزيارات الدينية) زیاراتی دینی جوان نییە، مەفروزە بوترێت (وزيارات المراكز الدينية والشخصيات والعتبات المقدسة) ئینجا دەست پێ دەکات دەڵێ (واقتناء الحاجيات الشخصية و الانشطة الترفيهية الاخرى) لەو واوەی ڕا تا یێ ئەخیری (واقتناء الحاجيات) داوا دەکەم لەسەرۆکایەتی پەرلەمان ولیژنەی قانونی هەموو پەرلەمانتاران ئەو صیغەیە لابدرێت، چونکە ئەوە صیغەیەکی جوان نییە، جارێ هەر (اقتناء حاجيات) بۆ قەزاو حاجەتە، ئینجا هەر حاجەتێك هەبێت، هەر نەوعە حاجەتێك هەبێت، نابێت لەناو مەشروعێکی وا بەکاربێت، ئێمە بیکەین بە عادەت و دەستوورێك، بیکەین بە قانونێك شتێکی جوان نابینم ئەوە، پێم باشە لابدرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا قسەکانت هەندێکی بەجێیە، بەڵام هەندێکی وشەیە، مەسەلەی ئیقتینای حاجیاتی شەخصیە لە هەموو شوێنێکدا هەیە، بەڵام کەلیمەکە لەجیاتی ئەوەی تەسەوق بێت، چونکە زۆر کەس هەیە دەچێتە لەندەن بۆ سیاحە یان هەر بۆ کڕینی جل وبەرگ، بۆ کڕینی ئەو ئەشیایەی کە لەوڵاتەکەی خۆیدا نییە،

ئینشائەڵلا کوردستانیش وا تەتور دەکات کە خەڵکێك دێتە ئێرە بۆ کڕینی ئینتاجی کوردستانی، ئینجا ئەوە بکرێتە تەسوق باشترە، رابواردن ئەویش لابدرێت باشە، بەرەئیی من، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بڕگە شەش لە مادده یەك، مەبەستی گەشت وگوزار زۆر شتی تێدایە، بەڵام یەکێك لەو شتە گرنگانەی کە باس نەکراوە دوای ئاسەوار و نیگاری سروشتی و پارك و سەیرانگا، دەریاچە ورووبارەکانە، هەروەکو ئێستاش دەبینین بەهۆی دەریاچە و رووبارەکان ئەو ناوچانە کە دەیگرێتەوە گەشت وگوزاری زۆر رووی تێ دەکات، زیندووترین نموونەش دەڤەری دوکانە، بۆیە پێم باش بوو کە دەریاچەو رووبارەکان لە دوای سروشتی و پێش پارك و سەیرانگاکان ئیزافە بکرێت، کە ئەوەش بگرێتەوە، خاڵی دووەمیش بەنسبەت من تەئییدی مامۆستا ناکەم بەوەی کە راو لابچێت بەتەواوەتی، لەبەر ئەوەی لە زۆر وڵاتان راو هەیە، بەڵام تەنزیم کراوە وشوێنی خۆی بۆ دانراوە وکۆمەڵێك مەرجی خۆی بۆ دانراوە، ئەمەش بەشێکە لەسیاحەت بۆیە پێشنیار دەکەم بمێنێتەوە، بەڵام لە داهاتوودا تەنزیم بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم دەربارەی خالا شەشێیە، دەزانین پەیڤا رابواردن دێت یە بارکێش بێت، دیاردەکا زمانێ هەیە، ئەگەر پەیڤێکی دوو سێ واتایەکی بەو نیشانەدا دەوڵەمەندیا زمانیا، پەیڤا عەرەبیا تەسلیە هاتیە بەرامبەری کوردیشی رابواردنێ ئەم کەینە سەیران، یانی دچی بۆ تەسلیەی، سەیرانگا مە هەیە، سەیران، ئەوە یەك دووەمیش مامۆستا باسی نێچیری کرد گوتی لکوردستانێ قەدەغەیە، بەس نێچیر نەبەس حەیوانێك کو بێت، مە لکوردستانێت گەلەك گۆمێت ئاو هەی، مە دەریاچە هەینە خەڵك دچێت نێچیریا ماسیا دکا، ئەوژی هیوایەتەکا، یانی بۆ ئەو رێگەیە بگرین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر شێخ مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، ئەوەی راو کاك شێخ باسی کرد، ئەبێ مەسەلەی راو تەصلیح بکرێت، ماسی لە فەصڵی خۆی راو دەکرێت، باڵندە وتەیرو توار ئەوە هەر مەمنوعە لە کوردستان تا رادەیەکی زۆر، یانی با تەصنیفێکی بۆ دابنرێت، دیاری بکرێت چ راوێك کراوەیە و چ راوێك مەمنوعە، لە بڕگەی هەشتیش ئێمە لە کوردستان لە سیاحە زۆر دواکەوتوین، ئەو شوێنانەی کە بەکەڵکی سیاحە دێن هیچی بۆ نەکراوە، لێرە هیچ دیاری نەکراوە تەنیا دەڵێ ئەو ناوچانەی کە بۆ گەشت وگوزار و بەمەبەستی گەشت وگوزارە فەراهەم کراوە، هیچ نەکراوە تاوەکو فەراهەم بکرێت، ئەبێت ئەمە زیاد بکرێت، ئەبێت هەوڵ بدرێت ئەو شوێنانەی کە بۆ گەشت وگوزار بەکەڵك دێن ئاسانکاریان بۆ بکرێت وخەدەماتیان بۆ بچێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**دەربارەی راو بۆ كەسێكە لەدەرەوە دێت, یا لەشوێنی ترەوە دەچێت بۆ سەیران بۆ ناوچەیەكی تر, حەقی نییە ئەو راو بكات لەو مەنتیقەیە, راو تەنها خەڵكی ئەو مەنتیقەیە خۆی دەیكات, قانون شتێكی بۆ دابنرێت, كەسێك لەدەرەوە دێت بۆ سەیران حەقی راوی نییە لەو ناوچەیە, چەكی پێ بێت و راو بكات, دەربارەی وشەی رابواردن, وەكو برادەرانیش باسیان كرد, خۆی سەیران, سەیرانگاكان ئەوە جێگەی بگرێتەوە باشترە, دەربارەی زیارەت, زیارەت بۆ جێگە دینیەكان بەكاردێت, یانی دائیمەن كەلیمەی زیارەت بۆ زیارەتی فلان شوێنی موقەدەس و شوێنی تاریخی, شوێنی ئاسار و فلان, زیارەت بۆ ئەوانە بەكاردێت, بۆ شوێنەكانی تریش سەیرانگا بەكاربێت, ئینجا ئەوە جیا بكرێتەوە, سوپاس.**

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من دارشتنی خاڵی شەشەم بە نوقصان دەزانم, شتێكیشم نووسیوە, ئەگەر رای هەڤاڵانی بەرێزی لەسەر بێت, یەكەم راو تایبەتە بە وەزارەتی ژینگەوە, پەیوەندی نییە بە ئێمەوە, ئەوەی سروشت پارێزەكان زیاتر داكۆكی لەمەسەلەی راو دەكەن, لەوێش یاسایەكیان هەیە خۆیان وەرزێكیان داناوە بۆ كێیە, هەندێ تایبەتمەندیان هەیە, ئەوانەی كە راو دەكەن زۆریان هاتوون بۆ لام, من ئەو شێوە دارشتنەم پێ باشە ( مەبەستی گەشت وگوزار: ئەو گەشت وگەرانەیە بە مەبەستی دیتنی هەوارگەی مێژوویی ودیمەنی سروشتی و پارك و سەیرانگاو سەردانی شوێنە پیرۆزە ئاینیەكان یان هەر كارێكی گەشتیاری, گەشتیاران رابكێشێت بە مەبەستی پشوو) لە خاڵی هەشتەمیشدا ناوچەی گەشت وگوزار هەر ناوچەیەك بۆ چالاكی گەشت وگوزار) باشترە بنووسرێت بۆ مەبەستی گەشت وگوزار , ئەوە رەنگە دەوڵەمەندتری بكات, سوپاس.**

**بەڕێز د. شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من لەگەڵ رەئیی لیژنەی شارەوانیم بۆ مەسەلەی سەردانی شوێنە پیرۆزەكان, لەجیاتی زیاراتی ئاینی, لە هەمان كاتیشدا هەروەكو ئاماژەیان پێكرد دارشتنەوەی خاڵی شەشەم, پێویستە بەجۆرێكی تر بێت, بەتایبەتی كە مەسەلەی رابواردن و راو ئەگەر لابدرێت, پێویستە ئەم خاڵەی تریش چاك بكرێت, دیتنی هەوارگەلی مێژوویی نوێ ئاسەوارو نیگاری سروشتی, دیتنی هەوارگەلی هەر بكرێت بە شوێنە مێژوویی و كەلەپورو دیمەنی سروشتی لە جیاتی نیگار, هەر وا رۆیشتووە لە شیعر و لەكەلەپوور, دەڵێی دیمەنی جوانی كوردستان, پاركیش ئێمە باخچەمان هەیە, سەیرانگاش لێرەدا هەیە, كرینی پێداویستی شەخصی و بزاڤی خەمرەوێن, بزاڤی خەمرەوێن نازانم لەم شوێنەدا چی دەگەیەنێت؟ یانی بەراستی دەتوانم بڵێم زیادە, بەنیسبەت خاڵی حەوتەم من سەرنجێكی ترم هەیە, جێگەی گەشت وگوزار هەر جێگەیەك مەبەستی گەشت وگوزاری تێدا بەجێ بێت وەك ئوتێل و خواردنگاو گازینۆ و جێگای بووژانەوە و چادرگا و جێگای**

تریش بۆ ئەم مەبەستە، حەز دەكەم خاڵێكی تر ئیزافە بكرێت، بەتایبەتی موزەخانەی میللی، موزەخانە میللیمان هەیە، لە سلێمانی موزەخانەی فۆلكلۆرو ئەتنۆگرافیمان هەیە، لە هەولێر دوو مۆزەخانەمان هەیە، مۆزەخانەیەكی فۆلكلۆریمان هەیە، مۆزەخانەیەكیش وەكو گەلەرییە، ئەمانەش زیاد بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا مولاحەزەكەی ئەخیری شتێكی تر دێنێتەوە بیر، ئەصڵەن مودیریەی ئاسار دەبێت تابعی ئەم وەزارەتە بێت، ئەگەر جەنابی وەزیر ئیقتراح بكات، پرۆژەیەك لە مەجلسی وەزەراوە بێت، مودیریەی ئاسار لەوەزارەتی رۆشنبیری نەمێنێت بێتە سەر ئەو وەزارەتە، ئەوە زۆر رەبتی هەیە، غەرەزی سیاحیە و زیارەتە و زیارەتی مەناتیقی ئەسەریە، لێرە ناوی هاتووە مدیریەی عامەی ئاسار، ئەمە غەڵەتە، لەبەر ئەوەی قانونەن (المدیریة العامة للآثار) تا ئێستاكە عایدی وەزارەتی سەقافەیە، دەبێ بە پرۆژە، یەكەم داوا بكرێت و ئینفیكاك لەوێ بكرێت و رەبتی ئێرە بكرێت، ناوی وەزارەتەكەش بگۆڕدرێت، ئینجا ئەو مودیریەتە دەكرێت لێرە بێت، فەرموو دكتۆرە رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت صەید هیچ كێشەمان نییە، چونكە یاسایەكی تایبەتمان بە صەید هەیە، لە هەموو عێراق، بەنیسبەت وشەی رابواردن كە كێشەی دروست كردووە بگۆڕدرێت بە وشەی خۆشگوزەران، سێ چوار تێبینی ترم هەیە بەنسبەت گۆڕینی چەند وشەیەكە، لەوانەیە ئەو بیروبۆچوونە جیاوازەی چارەسەر بكات، ئەو كێشەیەی كە لەو گفتوگۆیانە پەیدا بوو، لە بڕگە شەش باسی (مشاهدة اماكن تاریخیة) دەكات، ئەگەر وشەی (مشاهدة) بە (زیارة) بگۆڕدرێت، لەجیاتی زیاراتی دینی بكرێتە (اماكن دینیة) ئەوە صیاغەتەكە دەگۆڕێ، لە بڕگە حەفتیش (یقصد بە اي نشاط یمارس فیە الغرض السیاحي) لەباتی (یمارس فیە) بگوترێت (ولە صلة بالغرض السیاحي)، چونكە غەرەز وابزانم مومارەسە ناكرێ، پەیوەندی هەیە یانی (یقصد بە اي نشاط لە صلة بالغرض السیاحي)، بڕگە هەشت (اي مكان مؤهل لممارسة النشاط السیاحي و یتوفر فیە الغرض السیاحي) دیسان وشەی (یتوفر) بگۆڕدرێت بە (ویتحقق فیە الغرض السیاحي) وابزانم دەقیقتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز نمرود بێیو/وەزیری گەشت وگوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مدیریەی ئاسار قەرارێكی ئەنجومەنی وەزیرانە دەری كردووە، پێ گۆتی دەبێتە تابعی ئێمە، یانی بەری حەفتیەك، یانی ژ قەرارێك ژئەنجومەنێ دەركردیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەبێ لێرە بە قانون چاك بكرێت، بە قەراری ئەنجومەن چاك ناكرێت، یانی دەبێ بنێرێ بۆ ئێمە چاكی بكەین، بە ئەوان چاك ناكرێت، چونكە بەقانون لەلای ئێمەوە ناوی ئاسار بەشێكە لە هین، ناویشی

وەزارەتی سیاحەیە، ئەگەر بە قانون پرۆژەمان بۆ دێت، هەم ئەو قەرارە وەربگرین کە ئاسار لە وەزارەتی سەقافە نەمێنێ و بێتە ئێرە، ئەو وەختی دەتوانین، ئەگینا بە قەراری ئەنجومەنی وەزیران ئەمە جێبەجێ ناکرێت، بەنیسبەت موقتەرەحی دکتۆر رۆژان ئەو وشانەی باسی کرد، خاتوو نەسرین فەرموو.

**بەڕێز نسرین حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکم هەبوو لەسەر راو، زۆریشیان باسی ئەوەیان کرد، بەڵام ئەو رایەی من هەمە جیاوازە لەگەڵ ئەوانی تردا، راو پیشەیەکە لە هەموو وڵاتێکی جیهاندا هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا خەریکە بەرەو نەمان دەچێت، یانی زەرەرێکی زۆر لە سامانی نەتەوایەتی نیشتمانیمان ئەدەن، ئەو گیاندارانەی کە هەمانە ئێستا بە ئەو کەرستانەی کە بەکاری دێنن، هێندە شیاوە کە بەکاری دێنن بۆ راوکردن، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە هەندێ قاچاغچیمان هەنە کاتێك ئەو گیاندارانە راو دەکەن ئەینێرنە دەرەوەی هەرێم، ئەوە زۆر زۆر زەرەرە بۆ ئێمە، ئەگەر ئێمە ئێستا سەیرێکی هەرێمی کوردستان بکەین زۆر لەو گیاندارەمان نەماوە کە لەوەو پێش هەمان بوو، سوپاس.

**بەڕێز رمزیە احمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کوردیەکا نڤیسیا یاسای وەزارەتا گەشت وگوزار، لە عەرەبیا نڤیسیا قانون وزارە السیاحە، گەشت وگوزار یانی سیاحة واصطیاف، قانون وزارە السیاحە یانی بەس سیاحە، ئیستیاف تێدا نییە، اقلیم ئیقلیمی کوردستان، وەزارەت وەزارەتی سیاحە، لازمە سیاحە و ئیستیاف بێت، وەزیر وەزیری سیاحە و ئیستیاف بێت، سیاحە و ئیستیاف ئەوەی من لە جوگرافیا بیستومە کە بیست وچوارساڵە، سیاحة یقصد بها المناطق الاثارية والعتبات المقدسة، الاصطیاف یقصد بها المصائف، سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها لەسەر وشەی رابواردن، پشتیوانی لە دکتۆرە رۆژان دەکەم، پێم باشە لەجیاتی وشەی رابواردن وشەی (خۆشگوزەراندن) لەهەموو ئەو شوێنانە بەکاربێت کە وشەی رابواردنی تێدایە، چونکە ئەگەر وشەی رابواردن لەناو ئەم یاسایە لابرێت دەبێت وشەیەك لەجیاتی ئەوە دابنرێت، دەنا یاساکە کەم وکوڕی دەبێت، بۆیە وشەی خۆشگوزەراندن لەجیاتی وشەی رابواردن بەکاربێت، پڕ بە پێستی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئەگەر هەر گۆڕین بێت، سەیرانەکەم پێ باشترە، نازانم ئەوە ئیشی زمانەوانیە، کاک شێخ ادهم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستا من لەڤێ فەقەرێ خوشکە بەڕێز گوڵناز باس کرد, ئەویش لەسەر مەوزوعێ راڤێ, تەنها من دڤێت هەندەك تێبینی لسەر ئاخافتنێ جەنابێ وێ ئیزافە بکەم, راستە وەکی وەی گوتەی مەوزوعی راڤێ پەیوەندیا ب وەزارەتا ژینگەی هەی, نەك وەزارەتێ سیاحێ, مەوزوعێ وەی مەوزوعێکی موعەقەدە و مەوزوعێکی موهیمیشە, پێویستیا بە یاسایەك هەی کە پەرلەمان ڤێ یاسایێ لە وەزارەتێ ژینگە بێت بۆ پەرلەمان, بۆ ڤێ مەبەستێ ئەز وێ من فایلێکە حدودێ پێنجا, شەێست, حەفتا لاپەڕی, من تەسلیمێ لیژنا یاسایی کرد, ونوسخەکەیا دای وەزارەتێ ژینگەی بۆ ڤێ مەبەستێ, پێ ئەز وێ تەوزیحێ بدەم هەر حەیوانێك, هەر باڵندەك قیمەتا خۆی هەی, قیمەتا وی دێتە دیار کرن, هەندێ دێتە مەنع کرن بۆ کوشتنێ, هەندەك نایەتە مەنع کرن ڤە ئیجازە بدەن, ئەڤێ بەرەڤ نەمان دەچێ دێتە پاراستن, لهەندەك جێ تایبەتی دێتە پاراستن, لێرە هەر کەت مە کەلیمە راڤێ بەرنامەی وەزارەتی سیاحەی داهاتیە, ئەڤەش یا جێی خۆی دایە, ئەڤەش یەکا وەکی وان جیا, بەلاَن لە دووی یاسایەکی وەزارەتی ژینگەی عەمەل پێ دێتە کرن, وەزارەتێ سیاحە پێ هەستێ ئەو سیاحە و موستاڤێ کە لەدەرێ دێن کو یا مەعمولیشە و لە زۆر دەوڵەتیا کار پێ دێتە کرن, ئیحتیمالە هی نەفەرێك لە دەوڵەتێك چ بۆ دەوڵەتێکی پێنج هەزار دۆلار بۆ کوشتنا یەك سەر حەیوان دەدات لە وەزارەتا ژینگەیان وێ دەوڵەتێ, دەبێ ئیجازە وەرگرێت و کە بچێ بنوعە حەیوانە راڤ بکات, بۆ چێکردنێیە, بۆ وشکردنەیە, بۆ بیرهاتنەڤەیەکی لێرە بێت, راستە پێویستیا یاسایەکە بەرفرەیە هەی, کە وەزارەتا ژینگەی پێشکەشی پەرلەمانا کوردستانێ بکە, کە ڤا حەیوانات و ڤا حەشرات و ڤا باڵندێت کەمە لە کوردستانێت هەی, قیمەت و سیعرێت وان دێتە دیار کرن, دووێت یاسای پاشی وەزارەتی سیاحە کە ئەو کەسێ دێنە کوردستانێ بۆ سیاحەتێ لدووێ یاسایێ پێ هەستێت وڤان کەسا وان ئیشێ بدات و تەعاون و تەنسیق لەگەڵ وەزارەتا ژینگەی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ ئەوە صیراعێك بەینی وەزارەتی سیاحەو وەزارەتی ژینگە دەبێت, تەئکیدم, سیاحە دەیەوێ کسبی خەڵك بکات, ژمارەی زیاد بکات و پارە پەیدا بکات, ژینگەش دەیەوێت هەواکە پیس نەبێت, سامانی حەیوان و تەیر وتوار بمێنێت, ئینجا ئەوە لەبەینی ئەو دووەدا یانی چی دەبێت, فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر برگەی شەش لەماددەکە, بۆ مەسەلەی ئەو راوە دیارە ڕاو هەروەکو نەریتێك لە کوردەواری پەیڕەو کراوە, لە کۆنەوە وەکو هیوایتێك, بەس دەکرێت بەس چارەسەرکردنی بگوترێت (ڕاوی مۆڵەت پێدراو) یانی ئەوانە ناگرێتەوە کە قەدەغەن, خاڵێکی تر کوردستان هەر سروشتی هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی بەجۆرێکە کە گەشت و گوزار گونجاوە, حەقە ئەوە رەنگ بداتەوە ئەو یاسایە, بۆ

نموونە بوونی ئەو چیاو کوێستانانە لە کوردستان, دەکرێ لە شوێنی سەردانەکاندا بوترێت سەردانی چیاو کوێستانەکان, ئەوە وەکو هەدەفێکی بۆ گۆڕینی ئاوو هەواش یانی یەکێکە لەمەبەستەکانی گەشت وگوزار, کە خەڵکێك سەردانی ئەو شوێنە فێنکانە دەکات, کە بەداخەوە سوودیشی لێ وەرنەگیراوە وەکو پێویست تاکو ئێستا, خاڵێکی تر لەسەر بڕگە حەوت, لێرەدا لە کوردیەکەی زۆر باشە, باس لە جێگای گەشت وگوزار دەکات دەڵێ هەر جێگەیەکە مەبەستی گەشت وگوزاری تێدا جێبەجێ دەکرێت, بەڵام لە عەرەبیەکەدا نووسراوە (النشاط یمارس فیه الغرض السیاحي) نەشات شوێن نییە, دەبێ بڵێ (المکان), چونکە لەدواوەش ئەوانەی کە هێناویانەتەوە هەمووی شوێنە, باس لە فەنادق و مەتاعم و ئەوانە دەکات, سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم تەنها لەسەر وشەی (تسلیە) هەیە, بەرای من نەسەیرانە و نەخۆشگوزەرانیە و نە ئەوەیە, تەنها کات بەسەربردنە, یانی وشەی (تسلیە) یانی کات بەسەربردن, سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکانم کاك ادهم زۆر بە فراوانی باسی کردن, بەڵام من ئەمەوێ شتێك ئیزافە بکەمە سەری, بە حەقیقەت راو خەڵکی زائیر رێگە نادرێ کە راو بکات, چونکە کە راوبکات, چەکی دەدەنێ, لە ناحیەی ئەمنیش زروفەکە تێك دەدات, لەبەر ئەوە ئیلتیزاماتی تایبەتی هەیەو لەهەموو عالەمدا, هەموو کەسێك بۆی نییە لە شوێنێك بیەوێ بچێت بۆ راو, لەبەر ئەوە بەرەئیی من ئێمە پێویستمانە بەتایبەتی لە کوردستان پێویستمانە کە پارێزگاری حەیوانات و تەیرو توار بکەین, بۆ ئەوەی تەواجودی زیاد بکات, حالیەن وەکو پێویست تیای نییە, لەبەر ئەوە بەرەئیی من لێرە هەر نەمێنێت, سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ماددەی یەکەم لە بڕگەی شەشدا, دیارە منیش پشتگیری ئەوە دەکەم شوێنی رابواردن بکرێ بە شوێنی کات بەسەربردن, یانی کات بەسەربردن جوانترە وەکو کاك بەڵێنیش باسی کرد, من پشتگیری دەکەم, خاڵێکی تر من پێشنیار دەکەم ئەو شوێنە گەشت وگوزاریانەی لەلایەن حزبەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە, وەزارەت کار بکات لە کاتێکی گونجاو بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر وەزارەتی گەشت وگوزار, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا خاڵی شەش لە ماددە یەك, ئەگەر تەحدیدی بکەین گەلێك زۆر دەبات, چونکە سیاحە مەجالی زۆر زۆر فراوانە, ئەگەر هەمووی بنووسین هیچ تەواو نابێت, یانی هەندێکی هەر دەمێنێت, بۆیە باشترە

ئەوە کورتی بکەینەوە, بڵێین مەبەست لەو کەسانەی ناوەوەی هەرێم و دەرەوەی هەرێم و وڵات, کە بەمەبەستی دیدەنی بۆ ناو هەرێمی کوردستان دێن بۆ ماوەیەکی کاتی و ئەگەڕێنەوە, یانی بۆ ماوەیەکی کاتی دێن سەردان دەکەن و ئیسراحەت دەکەن, بەڵام نایەن بۆ ئیش و پاشان دەڕۆن, وەختێکی موحەددەدە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ماددەی یەکەم نازانم خوشك وبرایان وابزانم بە سەهو چوونە, ئێمە لێرە مەبەستمان ئەوە نییە حوکمێکی دابنێین لە بۆ یاری و لەبۆ راوو لەبۆ شتی وا, ئێمە تەنها تەعریفی ئەو موصتەلەحاتانە دەکەین, ئەو موستەلەحاتانە ئێمە بیلێین و نەیلێین, ئەو مەعنایەی دەگەیەنێ, کەواتە بۆ ئێمە لێی لابدەین وابکەین, ئەغرازی سیاحی ئەو شتانەیە, ئینجا تۆ رازی و رازی نی, ئەوە دەتوانین بە قانونێکی تر ئەوانە رێك بخەین و مەنعی بکەین وڕاو مەنع بکەین, یان تەنزیمی بکەین, بەرەئیی من شێوەکەی زۆر جوان هاتووە, پێویستیش بە گۆڕین ناکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەخوا من وا تەصورم دەکرد کە رەمەزانەو تاقەتی موناقەشەتان نابێت, کاك زرار نوقتەی نیزامە, فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەسلیە یانی دڵخۆش بوون, یانی دڵفراوان بوون, باشە سەیران جاری وا هەیە دەچی بۆ سەیران, بەڵام دڵت خۆش نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نییە ئەوە, خۆی دەزانی موشکیلەی ئەوان لێرە دیسان دەگەڕێتەوە سەر تەرجومەی حەرفی دەکەن, شەرت نییە تەرجومەی حەرفی بکرێت, تەسلیە ئەگەر مانع سەیران پڕی دەکاتەوە, کەلیمەی سەیران جێگەی دەگرێتەوە, تەنها ئەبێت تەسلیە بێت, من پێم وایە سەیران دەیگرێتەوە, کاك شێردل فەرموو.

**بەڕێز شيردل عبدالله حويزى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆت پێشتر لە جەلسەکەی تریش باست کرد, پێی ناوێ ئەوەندە تەعقیدی بکەین زمانەکە, با ئەو تەسلیەی لەناو قەوس دابنێین و تەواو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو نوقتەی خیلاف هەیە, کە لەسەر صید تێدا بێت یان نا, هەندێك وتیان تێیدا بێت و هەندێك وتیان تێیدا نەبێت, جەنابی وەزیر چی دەڵێت بابزانین.

**بەڕێز نمرود بشیو/ وەزیری گەشت وگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بزانم بۆچی (تسلیه) ئێوە بەسوء فەهمی وەردەگرن, بزانم بۆچی؟ ئەوە یەك, دوو گەلێك نەوعە سیاحە هەیە, (سیاحة الاستشفاء, سیاحة المعارض, سیاحة عرض الازیاء) یانی گەلێك هەیە, ئەگەر باسی ئەو هەمووە بکرێت ئەوە زۆر کات دەخایەنێت, ئەوە نابێت, تەفصیلی مومیل ئەویش نادروستە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەسەر تەسلیە موناقەشەمان نییە, بەڵام لەسەر تەرجومەکەی بۆ کوردی موناقەشەمان هەیە, تەسلیە خیلاف نییە لەسەری, کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە (صید)واتە ڕاو, ڕاو لێرەدا مەبەست شوێنی راو کردنە, مەسەلەی راو کردن بەیاسایەکی تایبەت رێك دەخرێت, یاسایەکی تایبەت کە بەڕێز کاك ادهم ئاماژەی پێکرد, پڕۆژەیەکی تەقدیم بە لیژنەی یاسایی کردووە, دەتوانین لە داهاتوودا ئەو پڕۆژەی رێکخستنی ئەو راوە, لەو کاتەدا دەتوانین ئەو موناقەشەیە لەسەر مەسەلەی راو بکەین, واتە بۆ کوردستان پڕۆژەیەکی تایبەت لە ئارادایە, مەسەلەی صەید لێرەدا بێ شوێنی راو کردن لە هەموو وڵاتانی دونیا کە باس کرا برادەران باسیان کرد لەوانە کاك ئارام کە باسی کرد, لە هەموو دونیا شوێنی راو کردن تەرخان کراوە بەپێی یاسا, زۆر ئاساییە بۆ گەشت و گوزار بۆ چوون بۆ ئەو شوێنانە راو بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانن موناقەشە زۆر کرا, ورەئیی زۆر درا بەراستیەکەی, بەنیسبەت رابواردنەکە ئەوە هیچ دەبێت لابردرێ, سەیران بنووسن یان حەز دەکەن قەوسێك بکەنەوە بڵێن (تسلیه), دواییش هەموو تەفصیلاتێك نانووسرێت, مەسەلەن لێرە دەوترێت مەرافقی سیاحی مەقصەد لەوەدایە هەموو نەشاتێکی کە غەرەزی سیاحی بێت وەکو فندق و فلاَن وفلاَن شت, کە ئەگەر شەشی تریش نەنووسرابێت مانای وانییە هەو نییە, کە دەڵێی (کالفنادق والمطاعم والکازینوهات) مانای مومکینە دەتوانی دەی تر ئیزافە بکەیت, نەیوتوە حەصەرەن ئەوانە, ئەوە میسال دەدات, وەکو نموونەیەك دەڵێت ئەو شوێنانە, لە شوێنێکدا باسمان کرد کە لە جیاتی (اقتناء )(تسوق) بێت باشترە, وابزانم وەزیریش رەئیی وایە کە (صید)ەکە بمێنێت, لەبەر ئەوەی ئەو تێبینی و بۆچوونانە هەیە دژی ئەوە, مادام بە قانونێك دیاری دەکرێت, صەید لەکوێ دەکرێت, راو لەکوێ دەکرێت؟ وچۆنە, وەختی چییە, مەسەلەن ئێستا راوە ماسی, ئەگەر راوە ماسی نەکرێت, بێ بەش دەبین, خۆ ناکرێت, راوە ماسی وەختێك دەکرێت, رەنگە خەڵکێك بۆ سیاحە بچێتە دوکان, بۆ راوە ماسی لەوەختی خۆی دا, زۆر تەبیعیە, مەسەلەن راوی بەراز ئەگەر هەبێت دەچێت هینی دەکات, بەڵام مادام قانونی بۆ دەردەچێت, رێگا لەوە دەگرێت کە تۆ ئەو ئیعتیرازاتانەی لەلایەن ژینگەوە هەیە بۆ ئەم

مەبەستە, زۆر تەبیعی یە تێیدا بێت, بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو دوو شتەی کە مولاحەزەتان دا بە هەند وەربگیرێت, هەندێ مولاحەزەش لەلایەن دکتۆرە رۆژان درا وەك ئیزافات بوو, لیژنەی قانونی وەریبگرێت و دوایی لەگەڵ وەزیردا صیاغەی بکات, بەو دوو سێ تەعدیلە دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات؟ سوپاس, کێ لەگەڵی نییە؟ سێ دەنگ لەگەڵی دا نییە, کەواتە بەزۆرینە وەرگیرا, برۆ بۆ ماددەی دوو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دووەم:**

**أ-وەزارەت ئەم ئامانجانەی خوارەوە دێنێتە دی:**

**1-بەهاودەنگی لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکاندا, وزەی گەشتوگوزار و چاوگە خۆرسکەکانی هەرێم وەبەردێنێ و بەرەوچاکتریان دەگۆڕێ.**

**2-بەهاوکاری و هاودەنگی لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکاندا, ناوچە مێژوویی وئاسەوارە جۆربەجۆرەکان, بەجۆرێ بەرهەم دێنێ و بەرەوچاکتریان دەگۆڕێ, کە خزمەت بە مەبەستەکانی گەشتوگوزار بکات.**

**3-هاندانی دروستکردنی شارو کۆمەڵگای گەشتوگوزار و جێگای بووژانەوەو ئوتێل و خانووی گەشت وگوزار.**

**4-دامەزراندن و بەکرێدان و بەکرێگرتنی خواردنگە و گازینۆو چایخانە و جێگای رابواردن و سەیرانگا و جێگای خۆڕسك و دەستکردنی مەلەوانی و, جێگای خلیسکانی سەر بەفرو سەهۆڵ و شتی دیکە.**

**5-لەگەڵ سەندیکا و رێکخراوە جەماوەریەکاندا هاوکاری دەکاو, بەپێی توانا, ئاسانکاری بۆ هەموویان دەرەخسێنێ بۆ پەیداکردنی بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی گەشت وگوزاری.**

**6-گەڕان (سفرە)ی گەشت وگوزاریی تاك تاك و بەکۆمەڵیش, لە دەرەوە بۆ هەرێم و بە پێچەوانەشەوە, بەشێوازی جۆربەجۆر رێك دەخاو, هەروەها گەڕانی گەشت و گوزاریی بەتاك و بەکۆمەڵیش رێك دەخات.**

**7-بەهاودەنگی و بەپێکهاتن لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکاندا, خزمەتگوزاریی پارە گۆڕینەوەی پێویست لە ناوچەو دامەزراوە گەشتوگوزاریەکاندا, پێشکەش دەکا.**

**8-دامەزراندنی کۆمپانیاو نووسینگەو وەکالەتی سەفەرو گەشتوگوزار.**

**9-لەگەڵ دەستە و کۆمپانیا و تاکەتاکەی خەڵکیشدا, لە ناوەوەی هەرێم و لە (دەرەوەی هەرێمیش دوای وەرگرتنی موافەقەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران), گرێبەست ساز دەدات.**

**10-لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنی دیکەی پێوەندیداردا, لە بوارەکانی گەشتوگوزاریدا هاودەنگی پەیدا دەکات.**

**11-لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان, لەهەرێمدا بۆ راکێشانی وەبەرهێنەران بۆ ناو هەرێم, لەچوارچێوەی پلانەکان ویاساکاندا, کە بۆ مەبەستە دانراون دەکەوێتە هاوکاری وهاودەنگی.**

**ب-ئەرك و فرمانی وەزارەت:**

**وەزارەت ئەم ئەرك و فرمانانەی خوارەوە پیادە دەکا:**

**لەچوارچێوەی پلانی گشتیی گەشتوگوزار, لە هەرێمدا, نەخشەی بزووتنەوەی گەشتوگوزارو ناوچەی هاوینەهەوارەکان ئامادە دەکا.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية:**

**أ: تتولى الوزارة تحقيق اهدافها مايلي:**

**1-استغلال وتطوير الطاقات السياحية والمصادر الطبيعية في الاقليم و بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.**

**2-تطوير واستثمار المناطق التاريخية والاثرية المختلفة بما يخدم الاغراض السياحية, بالتعاون والتنسيق مع الجهات المعنية بذلك.**

**3-تشجيع اقامة المدن والمجمعات السياحية والمنتجعات والفنادق والدور السياحية.**

**4-تشييد وتاجير واستئجار المطاعم والكازينوهات والمقاهي ومحلات التسلية والمتنزهات والمسابح الاصطناعية والطبيعية ومحلات التزحلق والتزلج وغيرها.**

**5-التعاون مع النقابات والمنظمات الجماهيرية وتقديم التسهيلات الممكن لها كافة لخلق حركة سياحية واسعة.**

**6-تنظيم السفرات السياحية الفردية والجماعية من الخارج الى الاقليم وبالعكس وبمختلف الوسائل و كذلك تنظيم السفرات السياحية الفردية والجماعية.**

**7-تقديم الخدمات الصيرفية الضرورية في المناطق والمنشآت السياحية وبالتنسيق والاتفاق مع الجهات ذات العلاقة.**

**8-انشاء شركات ومكاتب ووكلات السف والسياحة.**

**9-التعاقد مع الهيئات والشركات والافراد داخل الاقليم وخارجه بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.**

**10-التنسيق مع الوزارات والجهات المختصة في مجالات السياحة.**

**11-التعاون والتنسيق مع هيئة الاستثمار في الاقليم لجذب المستثمرين الى داخل الاقليم ضمن الخطط والقوانين المسنة لهذا الغرض.**

**ب/مهام الوزارة:**

**تمارس الوزارة المهام التالية:**

**تخطيط ومتابعة الحركة السياحية ومناطق الاصطياف ضمن اطار الخطة العامة للسياحة في الاقليم.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**فيما يتعلق بالمادة الثانية من المشروع تقترح اللجنة مايلي:**

**1-دمج الفقرتين (أ، ب) ضمن المادة و صياغة بداية المادة كالآتي:**

{تمارس الوزارة مهام التخطيط و متابعة الحركة السياحية و مناطق الاصطياف ضمن اطار الخطة العامة للسياحة في الإقليم و تتبع الوسائل التالية لتحقيق اهدافها :

2-اعادة صياغة الفقرة (5) منها كالآتي{التعاون مع النقابات و المنظمات المهنية و الجماهرية و تقديم كافة التسهيلات الممكنة لها لخلق حركة سياحية واسعة.

3-اضافة كلمة (الداخلية) الى ما بعد كلمة (السياحة) الواردة في السطر الأخير من الفقرة (6)منها.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەم، لیژنە پێشنیاز دەكات:

1-هەدوو بڕگەی (أ ،ب) لێك بدرێت و سەرەتای مادەكە بەم جۆرە بخوێنرێتەوە:

وەزارەت ئەرك وفەرمانەكانی پلاندانان و بەدواداچوونی بزاڤی گەشت و گوزار و ناوچەكانی هاوینەهەوار پیادە دەكات لە چوارچێوەی پلانی گشتی گەشت و گوزار لە هەرێمدا و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی ئەم شێوازانە دەگرێتەبەر.

2-بڕگەی (5) بەم جۆرە دابڕێژرێت:

هاوكاری لەگەڵ سەندیكاو ڕێكخراوە پیشەیی و جەماوەریەكان و پێشكەش كردنی گشت ئاسانكاریی لە توانا بۆ هێنانەدی بزاڤێكی فراوانی گەشت و گوزار.

3-لە بڕگە (6)دا وشەی(ناوەخۆ)لە دوای وشەی گەشت و گوزار زیادبكرێت.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

12-ماددەی دوو (أ) بڕگە (6) كەهاتیە (تنظيم السفرات السياحية الفردية والجماعية من الخارج الى الاقليم وبالعكس وبمختلف الوسائل), هەتا ئێرە كافیە, چونكە (كذلك تنظيم السفرات السياحية الفردية والجماعية.) دووبارە بوویتەوە لەو بڕگەیە, دوو فەقەرە ب دەمج بكرێت لەگەڵ فەقەرە یەك هەروەكو برادەرانی لیژنەی یاسایی ئیشارەتیان پێدا, بڕگەیەكیش ئیزافە بكرێت (التنسيق مع الوزارات المعنية لتأسيس المصرف بأسم المصرف السياحي لتقديم القروض لاصحاب المشاريع السياحية عند الحاجة), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەو ماددەیە هەمووی دەبێت بگۆڕێت, پێم وایە دەبێت ئەو جەلسەیە تەئجیل بكەین ئێمە, چونكە دوو شتی جیاوازە, هەندێك مەهامی خستۆتە سەر خۆی كە ڕەبتی بە وەزارەتی سەقافەوە هەیە, هەرچی عیلاقەی بە ئاسارەوە هەبێت, ئێستا لەدەسەڵاتی وەزارەتی سەقافەیە, جگە لەوەی كە مودیریەی عامەی ئاسار لێرەدا لە تەشكیلاتی داهاتوودا ئەویش بەشێكە لەوەزارەتی سەقافە, لەبەر ئەوە دەبێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەوە یەك لا بكرێتەوە, داوا لە ئێمە بكرێت ئەوەلەن مودیریەی ئاسار

لەوێندەر لابدرێت وببێتە بەشێك لەوەزارەتی سیاحە, ناوی دەگۆڕن, ئینجا ئەو پرۆژەیە موناقەشە دەكرێت و دەبێت یاسای وەزارەتی رۆشنبیریش هەمواربكرێتەوە, بەو گۆڕانكاریەی كە ئاساری لەگەڵدا نامێنێت, فەرموو كاك كریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەی هەمواركردنی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری دا هاتووە, كە مودیریەی ئاسار لەوێ لابراوە و خراوەتە سەر وەزارەتی سیاحە, كە لەگەڵ بەڕێز وەزیری رۆشنبیری لیژنەی یاسایی كاتی خۆی كە دانیشتنی كردووە, بەڕێوەبەرایەتی ئاسار لە وەزارەتی رۆشنبیری بەشێوەیەكی مەبدەئی نەماوە, بەڵام لێرەدا دەتوانین بە یاسا بكرێت, بڵێین هەر نەصێكی تر تەعاروز بكات لەگەڵ ئەوەدا كاری پێ ناكرێت, مەسەلەكە تەواو دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەبێت ئەوەل جار مادام وایە هی ئەوان هەموارەكە چاك بكەینەوە, ئێمە ناتوانین شتێك لێرە ئیقرار بكەین, دەسەڵاتێك بدەینە وەزیری سیاحە هێشتا وەزارەتی رۆشنبیری وەكو خۆی ماوە, دەبێت ئەوەل جار قەرارەكە بدەین و مودیریەتی ئاسار لەوێ لابدەین و ئینجا باسكردنی ئاسانە لێرەدا باس بكرێت, ناكرێت ئێمە شتێك بكەین و بەتەماین سبەینێ ئەوە بكەین, رەئیەك وابوو وتی نەخێر عیلاقەی بە رۆشنبیری زیاترە, پەسند كرا, نابێت دووبارە بێینەوە, لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم ئەو پرۆژەیە دەبێت پێشتر موناقەشە بكرێت, بڕیار بدەین مودیریەتی ئاساری عامە لە رۆشنبیری لابچێت, قانونی وەزارەتی رۆشنبیری هەموار بكرێتەوە, ئینجا بێینە سەر ئێرە, لەبەر ئەوە من داوا دەكەم دوای بخەین, لەوانەیە بكەوێتە دوای جەژن, هەرچەندە من ئومێدم دەكرد كە زوو تەواوی بكەین و داوای لێبوردنیش دەكەین لە جەنابی وەزیر, بەڵام ئەوە ناچارین, بەیانی سەعات یازدە كۆبوونەوەمان هەیە, ئێستاش راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەخوێنینەوە لەسەر سجنەكان, سەردانی چەندین سجنیان كردووە, داوامان كردوو برا وەزیرەكانی پەیوەندیدار بەشدار بن, دابوومانە كاك سعد سەعات یازدە, فەرموو كاك ئارام.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوێنی ئەو مەسەلەیان لەگەڵ ئێمە باس كرد, لە بۆ ئەو مەسەلەیە دەبێت چوار پێنج وەزیر ئامادە بن, پەیوەندیمان بە كاك كریم سنجاری لێرە نییە و سەفەری كردووە, تەقریری لیژنەی قانونیش بڵێین كە چوونە سەردانی گرتووخانەكانیان كردووە, سێ گرتووخانەیە, دوانیان ئی ئەو ناوچەیە كە تا ئێستا لە ژێر ئیشرافی وەزیری هەرێمە بۆ كاروباری ناوخۆ, وەزیری ناوخۆ كاك عوسمان حاجی محمودیش ئەمڕۆ تەقریرەكەمان بۆ ناردووە, بۆیە ئێمە پێشنیار دەكەین ئەگەر ئیمكان بێت, جەلسەی بەیانی تەئجیل بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لێرە خۆمان پێش جەژن قەرارمان داوە, لەبەر ئەوە ئەگەر بەیانی نەبێت, تەنیا بۆ دوو بەیانی هەیە, کەواتە دوو بەیانی سەعات یازدە, ئەگەر وەزیریش لێرە نییە, وەکیلی دەتوانی بێت, بەوەکالەت دەتوانێ بێت, وەزیرێك بەوەکالەت, مەسەلەن ئەگەر وەزیر کاك عوسمان بێت, ئەتوانێ وەکالەتی کاروباری وەزارەتی هەرێمیش بکات, فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەوەیە زۆر جوزئیات هەنە, بابڵێین رەوشی گرتووخانەکان زیاتر وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ ئاگادارە, یانی فەقەت مەوزوعەکەی ئێمە ئەوەیە, ئەگەر پرسیار کردن بێت ئیحتیمالە ئەو برادەرەی کە بەوەکالەت دێتە ئێرە لە جێی وەزیری ناوخۆ زۆر ئاگاداری وەزعی گرتووخانەکان نەبێت, یانی ئێمە مولاحەزەکەمان بەس بۆ ئەوەیە, ئاخیر بڕیاریش بڕیاری ئێوەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەکرێ وەکیل وەزیر بێت, بەڵام قسە نەکات, مولاحەزەی هەیە دەینووسێت بۆ وەزیر, وەزیر دەیڵێت, وەکیل وەزیری کاك کریم سنجاری بێتە ئێرە, کاك عوسمان لێرەیە وچ مولاحەزەیەك هەیە بۆی دەنووسن و لەگەڵ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی, وەزیری دادو وەزیری مافی مرۆڤ, ئەگەر وایە سبەینێ بێت, سەعات یازدە, فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یانی ئەو مەسەلەی زیندانیانە ئەوانە فرە لایەنە, ئێمە وەکو مافی مرۆڤ, ئەوان وەکو یاسایی, لیژنەی تەندروستی وەکو لایەنی تەندروستی, یانی زۆر لایەنی تری ماوە, ئێمە تەواومان نەکردووە, بەقەناعەتی من ئەوە دوا بکەوێت, بۆ ئەوەی ئێمەش و لیژنەی تەندروستیش و لیژنەی کۆمەڵایەتیش هەموو پێکەوە راپۆرتێك ئامادە بکەین لەسەر هەموو لایەنێك, لایەنی یاسایی, لایەنی مافی, لایەنی تەندروستی ئەم زیندانیانە, کۆمەڵێ زیندانی تریش هەیە هەر ئاگامان لێی نییە, یانی هەمووی یەك بخرێت ئەو کاتە ئەو وەزیرە بەڕێزانە بێن وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەنەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شەرت نییە هەموو لیژنەکان پێکەوە بنووسن لەسەر مەسەلەیەکدا, دووەمینش ئەمە کارێکی تازەیە بەنیسبەت ئێمەوە, بەدواداچوونی ئەو مەسەلە گرنگانە, ئەگەر هەموو شتێك وایە تەئجیلی بکەین بۆ ئەوەی تێروتەسەل بێت و سەد لەسەد بێت و شتە ئەساسیەکە لەبیر دەچێت, ئەگەر دوو سبە نەیکەین دەکەوێتە پاش جەژن, ئێمە ئەهدافێکمان هەیە داواکاری پێشترمان کردووە, داوای لێبوردنی گشتیمان

کردووە، ئەو لیژنەیە سبەینێ ڕاپۆرتی دەخوێنێتەوە هەمموو ئەندامێك لێرە بۆی هەیە ڕەئیی خۆی بدات، کەم وکوڕی ڕاپۆرتەکەی چییە و لە زمنی ئەوانە کە ڕاپۆرتەکە دەبوایە لیژنەی مافی مرۆڤیشی لەگەڵدا بوایە، دەکرێت ماوەیەکی تر ئێوە لەگەڵ لیژنەیەکی تایبەت ئەگەر بکرێت سەردانی لیژنەی تایبەت سەردانی سجنەکانی ئاسایشی ئاکرێ و ئەوانەش بکەن، فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لیژنە پەیوەندیدارەکان وەکو مامۆستا محمد وتی، ئێمە مودەیەکی زۆر خەریکی سەردان بووین، ڕاپۆرتیشمان ئێستا حازرە بەراستی، داومانە بەسەرۆکایەتی و داوای بینینی وەزیرەکانیشمان کردووە لە نزیکەوە، لەبەر ئەوە ئێمەش یەکێکین لەو لیژنانەی کەداوا دەکەین کە ڕاپۆرتمان هەبێت لەم جەلسەیەی سبەینێ یا دووسبەینێ، باری سەرنجی خۆمان بخەینە سەر دیدی وەزیرە بەڕێزەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ڕاپۆرتەکە حازر بێت مەمنونین، ئەگەر بۆ دووسبەی حازر بێت مەمنونین، کەواتە دەیکەینە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە کێشەی سجنەکان بەعام باس بکرێت، کە وەزیر بانگ دەکرێت کێشەی سجنەکان زیاتر ئەوانەی لای برایانی ئاسایشن، ئەوانە کێشەیان زۆرە، ئەوانە گرفتن کە چوار ساڵە وپێنج ساڵە حوکم نەدراون، ئێمە واتێگەیشتووم لە قسەی جەنابت کە یانی ئێمە دانیشتووین لەوانەی کە حوکم دراون یان تەقییمیان بکەین یان عەفویان بۆ دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سبەینێ باسی ئەوە ناکەین، دوو سبەی سەردانی گرتووخانەکان کراوە، لەرووی یاساییەوە، لەرووی فەنییەوە، مولاحەزاتیان یان کەم وکوڕیان چییە، ئەما ئێوە کە وەزیرەکان لێرەن ئەو تێبینیەی خۆتان بڵێن و سبەینێ بیدەن، ئەوە کۆتایی دونیا نییە، سەرەتایەکە ڕەنگە پێویستیمان بە شەش حەوت دانیشتنی تر هەبێت لەگەڵ وەزیرەکان، مەسەلەیەکی گرنگە پەیوەندی بەخەڵکەوە هەیە، ئێمە دەمانەوێ یاسا جێ بەجێ بکرێت، هەدەفمان لەوەدایە کەس لە زینداندا بەبێ مەحکەمە لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا نەمێنێ، لەنوقتەیەك دەبێ دەست پێ بکەین، ئەو نوقتەیە ئەوە سبەینێیە، فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك مولاحەزەم هەیە لەسەر بوونی ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ، تەبیعی پێش ئەوەی بگاتە دەست وەزیرەکان، ئەوە وەکو حەقێك ئێستا چۆن ڕاپۆرتی لیژنەی قانونی دوای سەردانەکان ئێمە ناردمان بۆ

هەموو ئەو برا وەزیرانەی کە دەبێت ئامادە بن دووبەیانی, بەراستی ئەوەی ماڤ مرۆڤیش ئەگەر نەگاتە دەستیان, ئەو کاتە یانی خەلەلێکە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مولاحەزەیەکی باشە, دەتوانن سبەینێ بیاندەنێ, باشە سبەینێ بیاندێ, ئینشائەڵلا کورتە دوورو درێژ نەبێت, تەنیا مولاحەزە دەقیقەکان بێت, واز لە موقەدیمە و ئینشا بێنن, فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین(وەزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باوەڕ بکەن ئەگەر سەعات یەك بێت, زۆر ئاسان نییە, یانی ئەوە کێشەیەکە بڕوا دەکەن زیاتر گلەییەکە لە ئێمە دەکرێت, لە رووی نیزامیش ئەوان حەقی خۆیانە, دەسەڵاتی تەنفیزی حەقی خۆیەتی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دەیخەینە پێنج شەممە, پێنج شەممە سەعات یازدە, زۆر سوپاستان دەکەم.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کرکوکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی 19\10\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (15)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی 2006/10/19

كاتــژمێر (11,12)ی ســەر لــە بــەیانی ڕۆژی پێــنج شــەممە ڕێكــەوتی 2006/10/19 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردســتانی عێــراق بــە ســەرۆكایەتی بــەڕێز عــدنان ڕشــاد مفــتی ســەرۆكی ئەنجومــەن و، بــە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قــادر عبــدالله(د.كمــال كــەركووكی) جێگــری ســەرۆك و، بــەڕێز فرســت أحمــد عبــدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی دووەم، ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگــە (1)ی مــاددە (20) لــە پێــڕۆی نــاوخۆی ژمــارە (1)ی هــەمواركراوی ســاڵی 1992ی ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردســتانی عێــراق، دەســتەی ســەرۆكایەتی ئەنجومــەن بڕیــاردرا دانیشــتنی ژمــارەی (15)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خــولی هەڵبــژاردنی دووەمــی پەرلــەمانی كوردســتان – عێــراق، بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی ڕاپۆرتی لیژنەكانی یاسایی و تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی و مافــەكانی مرۆڤ لەسەر ڕەوشی بەندیخانەكان و بەند كراوەكانی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11,12)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2006/10/19دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی ڕاپۆرتی لیژنەكانی یاسایی و تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی و مافەكانی مرۆڤ لەسەر ڕەوشی بەندیخانەكان و بەند كراوەكانی هەرێم.

سەرەتا بەخێر هاتنی بەڕێزان كاك فاڕووق وەزیری دادو كاك دكتۆر شوان وەزیری مافی مرۆڤ و كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین لەم دانیشتنەدا ئامادە بوون و زۆر بەخێر بێن و سەرچاوان، ئەوە یەك.

دووەم/ بڕیار بوو ئەمڕۆ وەكو لە بەرنامەی كار نووسراوە تەرخان بكرێتن بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەكانی ئەو لیژنانە، ئەویش چوار لیژنەیە، كە سەردانی بەندیخانەكانیان كردووەو ڕاپۆرتی خۆیان حازر كردووەو، گوێ بیست بین لە ڕەئی وەزیرە پەیوەندیدارەكان، پاشان گفتوگۆ بكەین لەسەر وەزعی زیندانەكانی و گرتووخانەكان بەگشتی، بەڵام بەداخەوە هەندێك كۆسپی فەنی هاتە پێشەوە، كۆسپە فەنیەكان هەندێكی

**مەوزوعی بوون بە دەست ئێمە نەبوو, ئەویش ئەوەیە بەهۆی نەهاتنی وەزیری ناوخۆ کە لە دەرەوەی هەرێمە زەرووری بوو لێرە بێت و حازر بێت, کاك کەریم سنجاری, کاك عوسمان حاجی مەحمودیش نەخۆشە, دوێنێ شەو تەلەفۆنی کرد, وتی هەرچەندە باری تەندروستیشم**

**باش نەبێتن هەر دێم, بەس دیارە باری تەندروستی باش نییە, ئینشائەڵلا چاك دەبێتن, هەروەها وەزیری هەرێم بۆ کاروبارەکانی دەرەوەی هەرێم ئەویش بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندی هەیە بەم مەوزوعە, لەبەر ئەوەی بە دوای مەلەفێکدا دەچێتن, لەبەر ئەوە پەیوەستە بە مەسەلەی زیندانەکان, جگە لەوەش لەلایەن خۆشمانەوە لە پەرلەماندا خەلەلێکمان هەبوو, ئەویش ئەوەیە بەبێ ئەو راپۆرتانە دەبوایە پێشی چەند رۆژێك بکەوێتە دەست وەزیرە پەیوەندیدارەکان, تەنیا راپۆرتی لیژنەی یاسا حازر بوو, تا دوێنێ نیوەڕۆش راپۆرتەکانی تر بەشێوەیەك تەواو نەکرا بوون, کە بگاتە دەست وەزیرەکان, جگە لەوەی کە باسم کرد, بۆیە ئەم مەسەلەیەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە دەستپێیەکە بۆ پەرلەمان بۆ چاودێری کردنی وەزارەتەکان و بەدواچوونی کێشەی خەڵك, بۆ تەواو کردنی هەموو کەموکورتیەکانی, پێکهێنانی ئەم دانیشتنە بەشێوەیەکی رێك و پێك بێتن لە رووی یاساییەوە, لە رووی ئامادەییەوە لەلایەن وەزیرە بەڕێزەکان بتوانن وەڵامی هەموو ئەو خالآنە بدەنەوە, کە لە راپۆرتەکاندا هاتووە, بۆیە پێویست دەکاتن ماوەیەکی تر بدەین تا ئەو وەزیرە بەڕێزانە بتوانن ئەو راپۆرتانە بە تێر و تەسەلی بخوێننەوەو, ئەو راپۆرتانەی پێیان نەگەیشتووە پێیان بگاتن, ئەم دانیشتنە دوا دەخەین بۆ دوای جەژن, یەکەم دووشەمی دوای جەژن دادەنیشینەوە, ئەو وەختی هەر چوار راپۆرتەکە بە تەواوەتی گەیشتۆتە دەستیان و خۆیان حازر کردووە, سوپاسی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین کە حازر بووینە, ئومێد دەکەین لەو دانیشتنەیەدا کە دەکەوێتە دوای جەژن, هەموو پێداویستی سەرخستنی کۆبوونەوەکە ئامادە کرا بێت, چونکە گرنگە خەڵك چاوەڕوان دەکات, سەرەتاییەکە بۆ ئەوەی دانیشتنی تریشمان هەبێت, هەم لەسەر هەموو ئەو مەسەلانەیە تەواوی لایەنەکانی تر رەنگە لەو راپۆرتە نەهاتبێتن, هەم سەرەتاییەك بێتن بۆ هەڵسانی پەرلەمان بە واجیباتی خۆی لە رێگەی لیژنەکانەوە لە چاودێری کردنی حکومەت, زۆر بەخێر بێن سەر چاوان کۆبوونەوەکە دوا دەخەم بۆ دوای جەژن, جەژنیشتان پیرۆز بێتن, یەکەم دووشەمی پاش جەژن کۆ دەبینەوە لە هەمان کاتدا بۆ هەمان مەبەست, زۆر بەخێر بێن سەرچاو.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)**

**دوو شەممە رێکەوتی 30\10\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2006/10/30

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2006/10/30 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (16)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی لیژنەکانی یاسایی و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ و داکۆکی کردن لە مافی ژنان و ئافرەتان لەسەر ڕەوشی بەندیخانەکان و بەندکراوەکانی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2006/10/30دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی لیژنەکانی یاسایی و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ و داکۆکی کردن لە مافی ژنان و ئافرەتان لەسەر ڕەوشی بەندیخانەکان و بەند کراوەکانی هەرێم.

داوا لە لێپرسراوانی ئەم لیژنانە دەکەم بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن, لیژنەی یاسایی و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی, لیژنەی مافی مرۆڤ وداکۆکی کردن لە مافی ژنان و ئافرەتان, لیژنەی تەندروستی. سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم, کە لەگەڵمان ئامادەن سوپاسیان دەکەم بۆ ئەو ئامادەبوونە, دیارە ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی گرنگە, لەپاش چەندین سەردانێك لەلایەن ئەم لیژنانەوە بۆ ئەو بەندیخانانە کە ئێستاکە لە ڕاپۆرتەکاندا ئاماژەی پێ دەکرێت, ڕاپۆرتەکان دەخرێتە بەردەمی ئێوە, دەخوێندرێتەوە, دواتر هەر ڕایەك لەلایەن وەزیرە بەڕێزەکان کە پەیوەندیان بەو خاڵانە هەیە کە لە ڕاپۆرتەکاندا هاتووە, وەڵام دەدرێتەوە, دواتر دیارە کە هەر ئەندامێك بۆی هەیە ڕەئی بدات لەسەر

راپۆرتەكان, لەسەر گفتوگۆكان, لە چوارچێوەی ئەو راپۆرتانە دەبێت كە دەخوێندرێتەوە, یانی وەكو مەسائیلی دەرەوەی ئەو راپۆرتە لەم دانیشتنەدا باس ناكرێت, واتە داواتان لێ دەكەم نەچنە دەرەوەی ئەو راپۆرتە شتێك كە لێرەدا نەهاتووە و پەیوەندی بە وەزارەتەكەوە هەیە, پەیوەندی بەو وەزیرە بەڕێزەوە هەیە و لێرە حازرە, باس نەكرێت, بۆ ئەوەی ئیش وكارەكانمان بەشێوەیەكی یاسایی و قانونی بەڕێوە بچێت, هەرچەندە چەند رۆژێكە بەسەر جەژندا تێپەڕیوە, بەڵام هەندێكمان یەكتریمان نەدیوە, لەهەمووتان پیرۆز بێت, ئینشائەڵلا جەژنێكی تر و تا دەگەینە جەژنێكی تر چەندین یاسای ترمان دەرهێنا بێت, چەندین هەنگاوی باشترمان هاوێشتبێت وەكو پەرلەمان, بۆ ئەوەی هەم خۆمان و هەم میللەت لێمان رازی بێت, زۆر سوپاستان دەكەم, ئێستا داوا دەكەم لە لیژنەی یاسایی راپۆرتەكەی خۆیان بخوێننەوە, سەرەتا بەزمانی كوردی فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان وەزیرانی تایبەتمەند.**

دوای یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حكومەتی هەرێمی كوردستان و متمانە دان بە كابینەی پێنجەم, قۆناغێكی نوێ لە ئەرك و فرمانەكانی پەرلەمانی كوردستان دەستی پێكرد, بۆیەش لیژنە هەمیشیەكانی پەرلەمان زێتر داواكراون بۆ بەجێگەیاندنی ئەركە سەرەكیەكانی لە بەدواداچوون و چاودێری كارەكانی حكومەت و لێپرسینەوەیاندا, لەم روانگەوە لیژنەی یاسایی پەرلەمان خۆی بەبەختەوەر دەزانێ كەیەكەمین لیژنەیە لە جێبەجێ كردنی ئەركێكی سەرەكی خۆی, هەڵسانی بەسەردانی گرتووخانەكان و بەندیخانەكان وبنكە چاكسازیەكانی هەرێمی كوردستان لە پارێزگاكانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك, بۆ ئەوەی لە نزیكەوە چاودێری لەبارەی یاسایی گیراوو بەندییەكان بكەین (الموقوفین والمحكومین) بكات بەمەبەستی تەئكید كردنی و رەچاوكردنی رێكارە یاساییەكان و هەروەها بۆ ئەوەی لەكەم وكورپەكانیان ئاگادار بێت, بەمەبەستی دەستنیشان كردنی هۆكارو رێگە چارەكان, هەروەها بەمەبەستی سەروەری یاسا و بەرژەوەندی گشتی, لە ئەنجامی سەردانەكانمان دەركەوت كەوا (1420) مەحكوم لە بەندیخانەكانی كوردستان هەن, هەتا كاتی ئامادەكردنی ئەم راپۆرتە, هەروەها (349) مەوقوف, ئێستاش بەڕێز مامۆستا كاكە بڕیاردەری لیژنەی یاسایی راپۆرتەكەتان بۆ دەخوێنێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راپۆرتەكە دەخوێنێتەوە.

**راپۆرتی لیژنە یاسایی**

دوای یەكگرتنەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان و متمانەدان بە كابینەی پێنجەم, پەرلەمانی كوردستان پێی نایە قۆناغێكی نوێ لە ئەرك و فەرمانەكانیدا هەر بۆیەش لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان زێتر

داواكراون بۆ بەجێگەیاندنی ئەركە سەرەكیەكانیان لە بەدواداچوون و چاودێری كارەكانی حكومەت و لێپرسینەوەیدا, لەم روانگەوە لیژنەی كاروباری یاسایی وەك ئەركێكی سەرەكی خۆی زنجیرە سەردانێكی بۆ گرتووخانە و بەندیخانە ناوەندییەكان و بنكە چاكسازیەكانی هەرێمی كوردستان ئەنجامدا پارێزگاكانی هەولێرو دهۆك سلێمانی بۆ ئەوەی لە نزیكەوە چاودێری لەباری یاسایی گیراو (الموقوفین) و بەندییكان (المحكومین) بكات كە تا چەند لە قۆناغەكانی لێكۆڵینەوە و دادگاییدا رەچاوی رێكارە یاساییەكان كراوە, هەروەها بۆ ئەوەی لە كەم وكوڕیەكانیان ئاگادار بێت و راستەوخۆش گوێبیستی داواكاری و پێشنیارەكان بێت ئەویش بە مەبەستی دەستنیشانكردنی هۆكارو رێگە چارەكان لەرووی یاسایی و تەكنیكەوە, بۆیە لێرەدا مێژووی سەردانەكان خاڵ بەخاڵ دەخەینە روو بەم شێوەی خوارەوە:

یەكەم: سەردانی گرتووخانە و بەندیخانەی ناوەندی هەولێر:

رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2006/8/3 شاندێكی لیژنەی یاسایی كە لە سەرۆك و ئەندامانی لیژنە كە پێكهاتبوو لە بەڕێزان: شێروان حیدری, سەرۆكی لیژنە, تاریق جامباز و عبدالكریم هەمەوەند و كریم بحری برادۆستی و خلیل ابراهیم و قادر سعید (زانا رۆستایی) ئەندامانی لیژنە سەردانی بەندیخانی ناوەندی هەولێری كرد كەبەشی گرتووخانەش دەگرێتە خۆی یان راستر بڵێین كە پێشتر گرتووخانەی شاری هەولێر بووەو ئێستاش لەلایەن ئەفسەرێكی پۆلیس بە پلەی عەقید بەڕێوە دەچێ و لەرووی كارگێڕی و پاسەوانیشەوە سەر بەوەزارەتی ناوخۆی هەرێمە, سەرەتا شاندەكە كۆبوونەوەیەكی لەگەڵ بەڕێوەبەرو كارمەندانی بەندیخانەكە ئەنجامداو كە تیایدا رەوشی بەندی و گیراوەكان و بەندیخانەیان خستە روو دواتر شاندی لیژنەی یاسایی سەردانی قاوش و بەشەكانی ناو گرتوخانە و بەندیخانەی بەسەر كردەوە و راستەوخۆش لەگەڵ كۆمەڵێك گرتوو و بەند كراو گفتوگۆیان كرد لە حاڵەتی یاسایی و تەندروستی و پێداویسیتەكانیان كۆڵیەوە, دواتر شاندی لیژنەكە بنكەی تەندروستی و ناندینی بەندیخانە و هۆڵی سیمنار و سەردانەكان و گۆڕەپانی وەرزشی كە لەناو بەندیخانەكەدایە بەسەر كردەوە دوایی ئەوەی شاندی لیژنەكەمان بەشە جیاجیاكانی دیكەی كارگێری و توێژەرانی كۆمەڵایەتی ناو بەندیخانەكەی بەسەر كردەوە دواتر بەڕێوەبەرو كارمەندانی چەندین پێشنیازو داواكاریان خستە روو بەم شێوەی خوارەوە:

1-گۆڕینی ناوی بەندیخانەی ناوەندی هەولێر بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی هەولێر.

2-بەڕێوەبەرایەتی چاكسازیەكان لەلایەن وەزارەتی دادەوە بەڕێوە ببرێت.

3-جیاكردنەوەی بەشی گیراوەكان (الموقوفین) لە بەندیخانەكە.

4-تانكەرێك بۆ دەردانی پیسایی بیرەكان دابین بكرێت.

5-تانكەرێك بۆ ئاوی خاوێن دابین بكرێت.

6-دابینكردنی وەرشەی كار بۆ بەندكراوەكان (المحكومین).

7-دامەزراندنی كارمەندی شارەزا و تایبەت بۆ بەندیخانە.

8-زیاد كردنی ژمارەی هێزی پاسەوانی لەبەندیخانەكە.

9-ئۆتۆمبێلی تایبەت بە گواستنەوەی گیراو بەندییەکان دابین بکرێت.

10-نەسریەی بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە زیاد بکرێت.

سەرنج و تێبینیەکانی لیژنەی یاسایی:

دوا بەدوای بەسەر کردنەوەی هەموو شوێنەکانی بەندیخانە و گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرو کارمەندان و گیراو بەنکراوەکان شاندەکەمان کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی بەدەست هێنا کەلەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە کراون:

1-بەشێوەیەکی گشتی بەندیخانە کە لەرووی پاك وخاوێنی و چارەسەری ئێمەرجنسی و داودەرمان زۆر باشە بەتایبەتی بوونی دەزگایەکی مۆدێرنی لۆندوری بۆ شوشتن و ئوتوکردنی جلوبەرگ و پێخەفی گیراو بەند کراوان لەبەندیخانەکەدا جێگای ڕەزامەندی بوو.

2-بینایە وشوێنی بەندیخانەکە بۆ هەولێری پایتەخت شیاو گنجاو نیە و بەتایبەتی بینایەکە بچووکە و مەرجەکانی بنکەی چاکسازی تێدا بەدی ناکرێت و پێویستە حکومەت لەبەرنامەی کارەکانی دا پلانی بۆ دانێت.

3-هەرچەندە قاوشی گیراو و بەندکراوان بەشێوەیەکی باش ڕێکخراوە بەڵام لە زۆربەی ژمارەی گیراوو بەندیان (الموقوفين والمحكومين) کە سەرجەمیان لەو ڕۆژەدا (193) گیراو (356) بەندی بوو شوێنەکەیان بە جۆرێك تەسك بوو کە رووبەری هەر قاوشێك نزیکەی 200م2 بوو, بەڵام زیاتر لە 40 بەندکراوی تێدا بوو.

4-ژمارەیەك لەگیراوانی قۆناغی لێکۆڵینەوە زیاتر لەشەش مانگ یان ساڵێك بوو گیرابوون کەچی هێشتان کێشەکەیان یەکلا نەکرابۆوە کە ئەمەش سەرپێچی ئەحکامی یاسای رێو شوێنە دادگاییەکانی سزاییە بۆیە گەرەکە هەرچی زووە ئەم کێشانە یەکلا بکرێنەوە, هەروەها بەندکراوێك هەیە کە یاسای بەکاریگەری پێشو لەسەر جێبەجێ کراوە و بە (20) ساڵ حوکم دراوە بەپێچەوانەی یاسا.

5-دەبێ بەپێی حوکمەکانی یاسا بەندیە مەحکومەکان مۆڵەتی خێزانی بەردانی مەرجدار واتە (الافراج الشرطي) و کارکردن لە وەرشەکانی پیشەیی وبواری خوێندن لە هەموو قۆناغەکاندا بیانگرێتەوە کەچی بە پێچەوانەوە لەو هەموو یاساییانە بێ بەشن کەئەمەش دەچێتە بوونی پێشیلکاری یاساییەوە.

6-سەبارەت بە لێبوردنی تایبەت دوای تەنازولکردنی لەمافی کەسی جیاکاری لە حاڵەتی هاوشێوە داکراوە لەبەر ئەوەی زۆرێك لەو دۆسیانەی تەنازولیان هەیە تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە لەوەشدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بۆیە گەرەکە ئەو دیاردەیە چارەسەر بکرێت.

7-پێدەچێ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی وەزارەتی داد و ناوخۆ و مافی مرۆڤ و سەرپەرشتیاری دادی (الاشراف العدلی) و سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوە دەزگای داواکاری گشتی وەك پێویست ئاوڕ لە گرتوخانە و بەندیەکان نەدەنەوە و سەردانیان نەکەن بۆیە کیشە و گیروگرفتیان زۆرە وتاکو ئێستا بێ چارەسەر ماوەتەوە ئەمەش جێگەی سەرنج وتێڕامانە.

8-هەموو بەند کراوەکان داوای بەزەیی پێداهاتنەوەو لێبوردنی گشتی لە پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم دەکەن.

دووەم: سەردانی بەشی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتان لەهەولێر:

رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2006/8/8 شاندێکی لیژنەی یاسایی کە پێکهاتبوو لەبەرێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنە شێروان حیدری و تاریق جامباز کریم بحری برادۆستی و خلیل ابراهیم سەردانی بەشی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتانی کرد لە هەولێر کەسەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە لەرووی کارگێڕی پاسەوانیەوە دوای ئەوەی لیژنەکەمان کۆبوونەوەیەکی کورت خایەنی لەگەڵ بەرێوەبەر و کارمەندانی بەشە جیاجیاکان ئەنجامداو راوبۆچوون لەهەردوو لا وەخرانە روو دواتر بەهاورێییەتی بەرێوەبەری بەشی نەوجەوانان سەردانی بەشی یەکەم کرد کە تایبەت بوو بە چاودێری پاشێنەی نەوجەوانان (الرعایة اللاحقة للاحداث) شوێنەکە بەسەر کراوە, بەلاَم جێگەی خۆشی بوو کە چۆڵ بوو هیچ کەسی تێدا نەبوو دوای ئەمە بەشی دووەمی نەوجەوانانمان بەسەرکردەوە کە نەوجەوانانی گیراو نەوجەوانانی مەحکومیان دەگرتەوە کە گیراوەکان ژمارەیان (18) کەس بوون کە زۆربەی تاوانەکانیان کوشتن و دزی و لەرەوشت لادان بوو تەنها یەکێکیان بەپێی ماددەی بێ هۆشکەرەکان بوو, شاندەکەمان ژوور بەژوور هەموو گیراو بەندکراوانی نەوجەوانانی بەسەر کردەوە لەگەڵیاندا دوان دوای ئەوەش لیژنە ژوور وبەشەکانی بنکەی تەندروستی و نانخواردنی بنکە و هۆڵەکانی وەرشەی کاری نەوجەوانان وەك دارتاشی و سەرتاشینی بەسەر کردەوە.

دواتر شاندی لیژنەی یاسایی بەیاوەری بەرپرسی بەش و توێژەرانی کۆمەڵایەتی سەردانی بەشی چاکسازی ئافرەتانی کرد کە گیراو مەحکومانی ئافرەتی دەگرتەوە کە ژمارەیان (26) گیراو بەند کراو بوون تاوانەکانیان زۆربەی کوشتن و دزی و لەشفرۆشی بوو, تەنها یەك حاڵەتی حوکمی لە سێدارەدانی تێدا بوو, دوای خۆ ناساندنی شاندی لیژنەکە لە کێشە و گیروگرفتەکانیان کۆڵیەوە.

دوای کۆتای هاتنی سەردانەکەمان جارێکی دیکە لەگەڵ بەرێوەبەری گشتی چاکسازی و کۆمەڵایەتی کۆبووینەوەو لەو کۆبوونەوەیەدا چەندین پێشنیار و داواکاریان خستەڕوو بەم شێوەی خوارەوە:

1-لەبەر کەمی و تەسکی ژوورەکانی کارگێری داوای ئاوەدانکردنەوەی بینایەی دیکەیان دەکرد لەتەك بیناکەیاندا.

2-دابینکردنی گۆڕەپانێکی فریزی دەستکردی تۆڕدار بۆ ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی بۆ نەوجەوانان داواکاریەکی سەرەکیان بوو.

3-داوای دەرماڵەی مەترسی (خطورة) دەکەن بۆ تەواوی فەرمانبەرانی چاکسازی هەروەها بۆ چاودێرو پاسەوانانیش.

4-پێشنیاز دەکەن بۆ گرنگی دان بە لیژنەی بەدواداچوونەوەی نەوجەوانان ئەندام پەرلەمانێك ببێتە ئەندام لەو لیژنەیەدا.

5-داوا دەکەن نەسریە بۆ بەشەکانیان زیاد بکرێت کە 2 ملیۆن دینارە و بەشیان ناکات.
6-دابین کردنی دەزگایەکی لۆندوری بەپێویست دەزانن بۆ شوشتنی و ئوتوکردنی جل وبەرگی نەوجەوانان.
7-دابین کردنی ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ گواستنەوەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی کە ژمارەیان (13) توێژەری پیاو ژنن.
8-داواکارن کارمەندان لەدابەشکردنی جل وبەرگ بێ بەش نەکرێن.
سەرنج وتێبینیەکانی لیژنەی یاسایی بەم جۆرەی خوارەوەیە:
1-بینایە و شوێنی بەشی چاکسازیەکە باشە و کەم کورتی ئەوتۆی نییە.
2-داواکاری گشتی بەشێوەیەکی بەردەوام مانگێ دووجار سەردانی بەشی چاکسازی دەکات.
3-زۆربەی کات نەوجەوانان و ئافرەتان بەرۆژ لەدەرەوەی ژوورەکانن.
4-زۆربەی پێداویستیەانی چاکسازی وەرشە و کاریان بۆ دابین کراوە وەك دارتاشی و سەرتاشین و درومان.
5-هەموو مەرجەکانی پاکو خاوێنی وداودەرمانیان بۆ دابین کراوە.
6-ئەوەی جێگەی نیگەرانیە هەندێ ئافرەت منالی ساوایان لەگەڵدایە لەناو قاوشەکاندا کە دەکریت چارەسەر بکرێت.
7-سیستەمی مۆڵەتی خێزانی و بەردانی مەرجدار (الافراج الشرطي) پەیڕەو ناکرێت.
8-هەموو گیراو بەندکراوەکانی نەوجەوانان و ئافرەتان داوای بەزەیی و لێبوردنی گشتیان دەکرد لەپەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم.
سێیەم: سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی:
رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2006/8/21 شاندێکی لیژنەی کاروباری یاسایی کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان سەرۆکی لیژنە شێروان حیدەری و جێگرەکەی عونی بەزاز و ئەندامانی لیژنە تارق جامباز و کریم بحری برادۆستی و دلێر محمد شریف سەردانی پارێزگای سلێمانی کرد بۆ بەسەرکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی کە دەکەوێتە ناو (معسکر السلام) ی کۆن و لەوێ شاندەکە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانیەوە پێشوازی کراو دواتر هەردوولای چاکسازیەکەیان بەسەر کردەوە:
أ-سەردانی بەشی مەحکومیەتی پیاوان دوای چاوپێکەوتن لەگەڵیانا رەوشەکەی بەم شێوەیە بوو:
کۆی گشتی حوکمدراوانی پیاو 606 کەس بوون.
کە هەندێکیان بەحوکمی هەتا سەر واتە (مدى الحياە) حوکم دراون کە پێچەوانەی یاساکانە لە کوردستاندا.
زۆربەی ئەو ماددانەی کە پێ حوکمدرابوون بەزۆری دابەش دەبووە سەر تاوانەکانی د زی و کوشتن و نێربازی و ماددە سڕکەرەکان و تیرۆر و رووداوی ئۆتۆمبێل, لیژنە تێبینی ئەوەی کرد کە ئەو شوێنەی بۆیان تەرخانکراوە کەمترین مەرجی ژیانی تێدا بەدی ناکرێت, لەبەر کۆنی بینایەکە وتەسکی شوێنەکەیان

و نەبوونی ئامرازی هەوا گۆڕین و فێنکەرەوەی پێویست کە حوکمدراوانی تێدا ئاخێنرابوون بەشێوەیەکی دوور لە ئاستی مرۆڤایەتییەوە.

ب-دواتر بەشی ژنانی مەحکومیان بەسەر کردەوە کە حوکمدراوانی بەم شێوەیە بوو:

کۆی گشتی 12 کەس بوون

زیاتر ماددەی تاوانەکانیان کوشتن بوو.

ج-دوای ئەمەش لیژنە بەشی نەوجەوانی بەسەر کردەوە کە حوکمدرابوون لیژنە تێبینیەکانی کرد کە بەم شێوەیە بوون:

کۆی گشتی 36 نەوجەوان بوو

لیژنە تێبینی کرد کە شوێنی نەوجەوانان باشترە لە چاو شوێنی حوکمدراوانی پیاو, هەروەها زۆربەی ماددەی گوناهەکانیان کوشتن ودزی و لادانی رەوشتی دەگرتەوە و یەك حاڵەتی ماددەی سڕکەر و حاڵەتێکی رووداوی ئۆتۆمبێل.

دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحکومانی هەر سێ بەشی پیاوان و ژنان و نەوجەوانان بۆ شاندی لیژنەکەمان دەرکەوت کە داواکارییەکانیان تەنها بەزەیی پێداهاتنەوە و لێبوردنی گشتییە لەپەرلەمان نەخاسمە ئەوانەی ئاشتبوونەوەیان بۆ کراوە هەروەها داواکاربوون بەتایبەتی پیاوەکان کەشوێنێکی فراوانتر و تەندروستی تریان بۆ دابین بکرێت لەجیاتی ئەو شوێنەی تێدانە کەرووبەرەکەی 40 م2 و نزیکەی 40 تا 70 کەس دەگرێتە خۆ و کەمترین مەرجی تەندروستی نیە.

بەڵام دواتر لیژنە چاوی لەو بینایە نوێیە کرد کەلە قۆناغی جێبەجێ کردندایە بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ پیاوان پێدەچوو بە شێوەیەکی مۆدێرن و لەسەر شێوەی چاکسازیەکاین جیهانی بە ئەنجام بگەیەنرێت.

بەڵام وادەرکەوت کە جەمەکانی خواردنیان بەجۆرێکی باش بەڕیوە بچێت بەپێی ئەو لیستەی هەڵواسرابوو هەروەها لەزاری مەحکومەکانەوە. هەروەها داواکاری پێشنیارەکانی سەرپەرشتیار خرانە روو کە بەشێوەیەکی یاسایی پێشکەشی بکەن سەبارەت بەوەرشەی کار بۆ مەحکومەکان و شوێنی سەردانی کەس وکاریان و هۆڵی هوشیاری بۆیان بە ئەنجام بگەیەنرێت, بە پێویستمان دەزانی خانەی چاودێری نەوجەوانان بکرێتەوە بۆ بێ نەوایانی هەروەها تێبینی ئەوە کرا چاودێری پاشینە (الرعاية اللاحقة) نیە کە پێویستە بکریتەوە و هەروەها ئۆتۆمبێلی گواستنەوەیان نیە.

هەروەها لیژنە تێبینی کرد کە هەندێك لەو مەحکومانەی لەلایەن دادگاکانی کەرکوك حوکمدراون لەرووی ئەمنیەوە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی دانراون بۆیە گەرەکە چارەسەرێکیش بۆ ئەمانە بدۆزرێتەوە.

د-دوای ئەمە لیژنەکەمان بنکەی پۆلیسی گرتووخانە و گواستنەوەی سلێمانی بەسەر کردەوە ئەم تێبینیانەی خوارەوەی بەدی کرد:

1-ئەو بینایە بۆ گرتووەکانی پیاوان و ژنان و  نەوجەوانان تەرخانکراوە زۆر تەسکە و سادەترین مەرجی حەوانەوەی تیایدا بەدی ناکرێت قاوشەکانی بچوکن کەهیچ مەرجێکی تەندروستی نیە و68 کەسیش دەگرێتە خۆی ئەمەش پێچەوانەی یاسایە و زۆر لە کێشەکان یەکلا نەکراونەتەوەسەرەرای رەتبوونی ماوەی دیارکراوی یاسایی بەسەریەوە کەبەرپرسی گرتووخانە هۆیەکەی گەڕاندەوە بۆ ناتەواوی لە پێ راگەیاندن و ئامادەنە بووین شایەتحاڵەکانی کیشەکە یان نادیاری ئادریسی لایەنەکانی کێشەکە بوو, بۆ نمونە لیژنە تێبینی کرد کە یەکێك لەگیراوەکان بەناوی (عوسمان حمد امین) (7) ساڵە گیراوە بەپێی ماددەی 502 یاسای سزاکان لەبەر شێتی و نەبوونی بنکەی تەندروستی نەخۆشیەکانی هۆشی و دەرووی, هەروەها کەسانیك هەبووە زیاتر لەماوەی دیاریکراو بەسەر گرتنەکەیان رەت ببوو بێ ئەوەی هۆیەکەی دیار بێت.

دوا بەدوای ئەوەی سەرەوە لیژنەکەمان ئەم خاڵانەی خوارەوە پێشنیار دەکات و رادەسپێرێ کە:

1-ئاگاداری لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێتەوە کە پێویستە پەلە بکرێت لە تەواو کردنی بینایەی نوێ ی چاکسازیەکە و کاری مەحکومان چارەسەر بکرێت لەرووی مرۆڤایەتی و تەندروستی و وەرشەی کارو دیارکردنی شوێنی سەردان و لێك جیاکردنەوەی مەحکومان بەپێی گەورەیی و جۆری کێشەکانیان.

2-کردنەوەی خانەی چاودێری نەوجەوانان و خانەی میوانداری بۆ بێ نەوایان کە ماوەی حکومیان تەواو دەبێت.

3-دابینکردنی هۆی گواستنەوەی پێویست بۆ گواستنەوەی مەحکومان و ئەوانەی چاودێری پاشینەوە دەیانگرێتەوە.

4-دەرکەوت بۆ لیژنەکەمان کەوا بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی و کۆمەڵایەتی بە هەموو بەشەکانیەوە سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتین, بەڵام پاسەوانەکانیان سەر بە وەزارەتی ناوخۆن هەر هەموو کارمەندەکانیش دەرماڵەی ختورە وەردەگرن لە وەزارەتی ناوخۆ.

چوارەم: سەردانی فەماندەیی گرتووخانە و(تەسفیراتی) ناوەندی دهۆك:

رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2006/8/27 شاندێکی لیژنەی یاسایی کە لەبەرێزان سەرۆکی لیژنە شێروان حیدری و جێگرەکەی عونی بزاز و ئەندامان تارق جامباز وخلیل ابراهیم و کریم بحری برادۆستی پێکهاتبوو لە چوارچێوەی بەرنامەی سەرداکانیاندا بۆ گرتووخانە و بنکە چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی فەرماندەیی گرتووخانەو (تەسفیرات)ی ناوەندی دهۆکیان کرد سەرەتا کۆبوونەوەیەکی کورت خایەنی لەگەڵ بەڕێوەبەر و جێگرەکەی و بەرپرسی بەشەکان ئەنجامدا ئینجا راستەوخۆ شاندەکە (تەسفیراتی)دهۆکیان بەسەرکردەوە کە ژمارەیان (88) گیراو بوون کەلەسەر تۆمەتی جۆراو جۆر بە زۆریش دزی و کوشتن و رووداوی ئۆتۆمبێل بوو, لیژنە تێبینی ئەوەی کرد کە شوێنی گیراوەکان بۆ حەوانەوەیان گونجاو نەبوو بەجۆرێك هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نەبوو سەرباری ئەوەی زۆر لە حاڵەتەکان ماوەی یاسایی دیارکراویان رەت کردبوو بەبێ پاساوێکی یاسایی کە هەندێکیان ساڵێك زیاتر

گیرابوون هیچیان نەدرابوونە دادگا, هەروەها هەندێکیان لە جۆری خواردن گلەییان هەبوو هەندێکیشیان باسیان لە ئەشکەنجەدان دەکرد لەکاتی لێکۆڵینەوە هەروەها ژووری تایبەت بە پارێزەرانیان نەبوو.
دواتریش لیژنەکەمان بەشی مەحکومەکانی بەسەر کردەوە کە ژمارەیان (354) بەنکراو بوو بەسەر دوو بەشدا دابەشکرابوون لە بینایەکی کۆنی میری بەم شێوەی خوارەوە:

1-بەشی ئەحکامی سووك.

2-بەشی ئەحکامی قورس.

ئەوانە بە کێشەی جیا جیا حوکمدرابوون وەك تاوانی کوشتن و دزی وروودای هاتوچۆو مادده سڕکەرەکان و لەرەوشت لادان و نێربازی و رفاندن و بەدەستەوە بوونی تەقەمەنی ..هتد.

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرا بەم شێوەی خوارەوە بوو:

1-تەسکی شوێنەکە و جەنجاڵی لەزۆری حوکمدراواندا.

2-وا دیار بوو هەندێك لە مەحکومانی مادده سڕکەرەکان بەپێی لێبوردنی تایبەت بەردرابوون کەچی هاوشێوەکایان هەر لەژوورەوە بوون.

3-زۆر لە کێشەکان ئاشتەوایان تێدا کرابوو تەنازولیان هەیە, بەلاَم کەس لێیان ناپرسێت و بەر نادرێن.

4-ناندینەکەیان بچوکە و لەگەڵ ژمارەی بەندییەکان ناهێتەوە.

5-بەزۆری مەحکومەکان داوای بەزەیی پێداهاتنەوە و لێبوردنی گشتی دەکەن.

6-داوای زیاد کردنی نەسریە دەکەن کە لەگەڵ ژمارەی بەن کراواندا نەگونجاوە.

هەر لەهەمان رۆژدا شاندی لیژنەکەمان سەردانی بەرێوەبەرایەتی بەشی چاکسازی سێمێلی (نەوجەوانان) و ئافرەتانی دهۆکی کرد کە دەکەوێتە دەرەوەی شاری دهۆك بینایە و شوێنەکەی زۆر گونجاوە زۆربەی پێداویستیەکانی بۆ دابین کراوە و دەتوانین بڵێین هەموو مەرجەکانی بنکەی چاکسازی تێدا هەیە وئەویش بەسەر سێ بەشدا دابەش کراوە بەم شێوەیە:

1-بەشی گیراوانی نەوجەوانان.

2-بەشی مەحکومانی نەوجەوانان.

3-بەشی مەحکومانی ئافرەتان.

4-بەشی چاودێری پاشینە.

ئەم بنکە چاکسازیە چەندین وەرشەی کار دەگرێتە خۆ وەك دارتاشی و کۆمپیوتەر و سەرتاشین و سیرامیك و دروما ن و مۆسیقا, ژمارەی سەرجەم گیراوو مەحکومان دەگاتە (60) کەس بەم جۆرەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| نەوجەوانی مەحکوم | 37 نەوجەوان بوون |
| نەوجەوانی گیراو | 18 نەوجەوان بوون |
| بەلاَم ژمارەی ئافرەتانی مەحکوم | 5 ئافرەت بوون |

کێشەکانیان جۆراو جۆرە هەر لە دزی وکوشتن و لەشفرۆشی تا دەگاتە تاوانی گزی(تزویر).

داواكاريان بەم شێوەی خوارەوەيە:

1-دروستكردنی ياريگايەكی دەستكردی تۆڕدار.

2-دابين كردنی تانكەرێك بۆ ئاوی خاوێن.

3-دروستكردنی كابينە بۆ ميوان و سەردانی خێزانی.

4-دامەزراندنی راهێنەران بۆ وەرشەكان.

5-دەرماڵەی مەترسی (خطورة) بۆ كارمەد و پاسەوانان.

6-گواستنەوەی ئافرەتان بۆ شوێنێكی تايبەت بۆخۆيان.

7-دروستكردنی قوتابخانە بە هەموو قۆناغەكانەوە.

8-دامەزراندنی توێژەرانی  كۆمەڵايەتی بەتايبەتی ژن.

9-بەشی گيراوان لە پۆليس وەرگێريتەوە وپاسەوانانی جل و بەرگی مەدەنی لەبەر دەكەن.

لەكۆتاييدا ليژنەی ياسايی پەرلەمان كۆبوونەوەيەكی تايبەتی ئەنجامدا لەسەر هەڵسەنگاندنی سەردانەكانی بۆ هەر سێ پارێزگای كوردستان ئەم چەند داواكاری و پێشنيارانە دەخاتە بەردەم سەرۆكايەتی پەرلەمانی بەڕێز:

1-داواكارين لە نزيكترين بواردا بەڕيزان وەزيرانی هەسێ وەزارەتی پەيوەندار وەزارەتی داد و وەزارەتی كاروباری كۆمەڵايەتی بانگهێشت بكەن بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی لەكاتی خوێندنەوەيدا ئامادەی گفتوگۆكانی پەرلەمان بن سەبارەت بەباری گرتووخانە ومەحكومەكان لە بەنديخانەكاندا.

2-داواكارين هەرچەندی زووە پرۆژەی لێبوردنی گشتی سوككردنی حوكمەكانی پێشكەشكراو لەلايەن ليژنەی ياسايەوە بخرێتە كارنامەی پەرلەمانەوە بۆ پەسند كردنی لەبەر ئەوەی داواكاری سەرجەم مەحكومەكان بوو دوای يەكگرتنەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان و بەبۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پيرۆز.

3-ليژنەكەمان پشتگيری تەواوی ئەو داواكاری و پێشنيارانە دەكات كە لە راپۆرتەكەدا هاتووە.

4-داواكارين كيشەی ئەو گرتووانەی لە دادگای لێكۆڵينەوەدا ماوەی دياريكراوی گرتنەكەيان لەرووی ياساييەوە رەت كردووە هەتا زووە كێشەكەيان يەكلابكرێتەوە.

5-پۆلێنكردنی مەحكومەكان بەپێی ياساو جۆری تاوانەكانيانەوە.

6-پێويستە ئەو مەحكومانەی لە كێشەی هاوبەشدا كە هەندێكيان لێبوردنی تايبەتيان بۆ دەركراوە بەيەكسانی بۆ لێبوردنی تايبەتی بۆهاوشێوەكانی ديكە دەربكرێت.

7-پێويستە وەزارەتی پەيوەندار پرۆژەيەكی رێكخستنی چاكسازی بۆ هەرێمی كوردستان ئامادە بكات و پێشكەش بەپەرلەمان بكات بۆ پەسند كردنی.

8-ليژنەكەمان پێشنیار دەكات ئەو بینایەی بۆ مەحكومان لە پارێزگای دهۆك كە لەقۆناغی كۆتایدایە بكرێتە مەڵبەندی چاكسازی و كۆمەلأیەتی بۆ سەرجەم مەحكومان لەهەرێمی كوردستان لەبەر ئەوەی هەموو مەرجەكانی چاكسازی و كۆمەلأیەتی دەگرێتەخۆ.

9-چارەسەركردنی ئەم كێشانەی كەوا بەسزای (هەتا سەر) (مدى الحياة) حوكمدارانە بەرێگایەكی یاسایی چونكە سزای (مدى الحياة) لەیاساكاندا نییە و ئەمەش دەبێ بە بڕیارێكی پەرلەمان چارەسەر بكرێت و هەروەها ئەو بەندیەی بە كاریگەری پێشو (اثر رجعي) بە (20) ساڵ حوكم دراوە. چارە بكرێ.

10-داواكاریەكی زۆر پێشكەش كراوە كەوا داوا دەكەن هەندێك كەس گیراون بێ ئەوەی ئیجرائاتی یاسایانەیان لەگەڵ بكرێت و بێ ئەوەی بزانن بەچ تۆمەتێك گیراون و رەوانەی ئاكرێ كراون.

11-هەندێك لە مەحكومەكان داواكاریان پێشكەش كرد تێیدا روونكردنەوەیەكیان دایە ئەویش ئەوە بوو كەوا لەهەندێك كێشە دوویان سێ كەس یان زیاتر وێكرا حوكم كراون, بەلأم دوای بەلێبوردنی تایبەت لەلایەن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەرەڵلا كراون و ئەوانی تریش ماونەتەوە هەرچەندە كێشەكەیان یەك كێشەیە و بۆیە داوا دەكەن یان ئەوانیش بگیرێنەوە یان ئەوانیش بەرەڵلا بكرێن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی بۆ كاك عبدالكريم بۆ خوێندنەوەكەی, ئێستاش داوا لە لیژنەی تەندروستی و كاروباری كۆمەلأیەتی دەكەین بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەكەی.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راپۆرتی لیژنەی تەندروستی و كۆمەلأیەتی لەسەر رەوشی بەندیخانەكان:

لیژنەی تەندروستی و كۆمەلأیەتی پەرلەمانی كوردستان زنجیرەیەك سەردانی مەیدانی ئەنجام دا بۆ ئەم شوێنانەی خوارەوە:

1-فەرمانگەی چاككردنی كۆمەلأیەتی لە سلێمانی لە 2006./9/10

2-بەڕێوەبەرایەتی نەوجەوانان و ژنان لە هەولێر لە 2006/9/13.

3-گرتووخانەی ناوەندی هەولێر لە 2006/9/18.

باری سەرنجمان لەسەر هەریەك لەم شوێنانە بەم شێوەیە:

لەبارەی فەرمانگەی چاككردنی كۆمەلأیەتی لە سلێمانی پاك وخاوێنی لە ژوورەكاندا راگیراوە و, بنكەی تەندروستی بۆ پیاوان و ژنان هەیە, پزیشك بەپێی بەرنامە سەردانیان دەكات, دەرمانخانە و ژووری چارەسەركردن وئامێری ددانیان هەیە.

پێشنیارەكانی لیژنە بۆ ئەم فەرمانگەیە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1-پێویستی دروستكردنی بنكەیەكی تەندروستی گونجاو بەپێی رێنمایی تایبەت.

2- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پزیشك بەپێی گرێبەست بۆ ماوەیەكی دیاریكراو, تا بتوانرێت لە ئایندەدا كاتەكە زیاد بكرێت, ئەمە چاكترە لەوەی هەر مانگە وچەند دكتۆرێك سەردانیان بكات.

3-هەوڵدان بۆ دروستكردنی گرتووخانەیەك لەگەڵ سەردەمدا گونجاو بێت.

دووەم: سەردانی بەڕێوەبەرایەتی نەوجەوانان و ژنانی هەولێرمان كرد, سەردانی لیژنە بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە بەرواری 2006/9/13 د ا, بەشێوەیەكی گشتی لەرووی پاك وخاوێنی بوونی پێداویستی تەندروستی تێدا تا رادەیەكی باش گونجاو بوو, تێبینی ئەم خاڵانەمان كرد كە دەیخەینە بەر دیدی بەڕێزتان و بۆ چارەسەر و بەدواداچوون:

1-لەرووی چاكسازی و كۆمەڵایەتی پێویستیان بە شارەزایی كۆمەڵناسی و دەروونناسی هەیە, كەلە كێشەكانیان بكۆڵێتەوە, هەروەها خولی گونجاویان بەپێی بواری پەروەردەیی و رۆشنبیری بۆ بكرێتەوە.

2-ژمارەیەك گیراو هەیە كە لەبارەی مێژوویی راگرتنیان یانی (تەوقیف)كردنیان لەشەش مانگ زیاترە, هەوڵ بدرێت بەزووترین كات بدرێنە دادگا, وژمارەكە هاوپێچ لەگەڵ راپۆرتەكەماندا هەیە.

3-سەرچاوەیەكی پێویست وكتێبخانەیەكیان بۆدابین بكرێت.

4-راهێنانی ناوجەوانان و ژنان لەرێگەی خولی تایبەت بۆیان لەبواری پەروەردەیی و كۆمپیوتەر وئەنتەرنێت.

5-جوداكردنەوەی نەوجەوانان لەگەڵ ژنان لەبەر ئەوەی پێویستی تایبەتیان هەیە, هەر یەك لەمانە پێویستیان بە مامەڵە كردن هەیە.

سێیەم: سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی هەولێر كە ناسراوە بە (مەحەتە) لەمیانەی ئەم سەردانەمان بۆ گرتووخانەی ناوەندی هەولێر رۆژی 2006/9/18, بەشێوەیەكی مەیدانی بەناو بەش وهۆبەكانی گرتووخانەكاندا گەڕاین, بەشی تەندروستی وژووری گرتووەكان و چێشتخانە و بەشەكانی ترمان بەسەر كردەوە, بەڕێوەبەرایەتی ئەم بەشە, خۆماندوو كردنیان پێوە دیاربوو, ئەوەی لە دەسەڵات وكاری ئەوان بێت كرابوو, بەڵام باری سەرنجی لیژنەكەمان بۆ دەزگا پەیوەندیدارەكان بەم شێوەیەیە:

1-ژمارەی گرتووەكان لە ژوورەكاندا زۆرن, بەتایبەتی بەشی راگیراوەكان نزیكەی حەفتاو شەش كەس لەیەك هۆبەدا كە مەرجی تەندروستی تێدا بەدی ناكرێت و زۆر بچوكە.

2-نەبوونی پشكنینی گشتی بۆ هەر حاڵەتێك بێت, بەتایبەتی بۆ نەخۆشیە ساریەكان, دووبارە كردنەوەی ئەو پشكنینانە بەدەوری.

3-نەبوونی خول لەرووی پەروەردەیی و چاكسازی, هەروەها توێژەری دەروون و كۆمەڵایەتی بۆ گرتووەكان.

4-بوونی ژمارەیەكی زۆر راگیراو, بەتایبەتی بیست وچوار حاڵەتیان لەشەش مانگ زیاترن كەهاوپێچ لەگەڵ راپۆرتەكەمانە, ناوەكانمان لەلایە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, ئێستاش داوا له ليژنەی ماڧ مرۆڤ وداکۆکی کردن لەماڧ ژنان وئافرەتان, ماڧ مرۆڤ کاك محمد فرج, فەرموو.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عیراق.**

**راپۆرتی لێژنەی مافی مرۆڤ**

**لێژنەی مافی مرۆڤ له رۆژی دەستبەرکابونیەوە هەتا ئێستا دەیان سکاڵاوو داواکاری هاووڵاتیانی پێگەیشتوە دەربارەی کەسوکارە گیراوەکانیان له گرتووخانەکانی هەریمی کوردستان دا. به تایبەتی ئەوانەی له گرتووخانەکانی ئاسایش دان. که زۆربەیان به ئیجرائاتی ئەمنی گیراون , به دور له فەرمانی دادوەر.که ئەو رەوشە پێچەوانەی بنەماکانی جارنامە وبەڵێننامە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤە.**

**هەرلەبەر زۆری ئەو داواکاریانە لێژنەکەمان دۆسیەیەکی تایبەتی بۆ ئەو مەسەلەیە کردوەتەوە بۆ بەدواداچونی لەبەر رۆشنایی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ وهەردوو بەڵێننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی وسیاسیەکان وهەروەها مافە ئابوری وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیریەکان و, به هەردوو پرۆتۆکۆلە پەیوەستکراوەکانیانەوەو رێکەتننامەی قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان . چونکه له زۆربەی زۆری سکاڵاکاندا و ئەو سەردانەی مەیدانیەی که ئەندامانی لێژنە کردویانە بۆ هەندێ له زیندانەکان ئەوە به ئاشکرا دیارە که:**

**1- دەستگیرکردن بەبێ فەرمانی دادگا.**

**2- دروستکردنی حالەتێکی ترس وتۆقاندن له کاتی گرتنەکاندا .**

**3- هێشتنەوەی درێژخایەنی زیندانیان و نەدانیان به دادگا. له 2003/12/2 بۆ 2006 هەیە. له کاتێکدا درێژترین هێشتنەوەی یاسایی نابیت له شەش مانگ تیپەڕ بکات لەژێر هەر بیانوو پاساوێکدا بێت. 120 حاڵەتی تۆمار کراوی لەو جۆرە لەلای ئێمە هەیە.**

**4- بێسەروشوێنی ژمارەیەك له گیراوەکان . که21 حاڵەتی تۆمارکاوی لەو جۆرە به سکاڵا لای ئێمە تۆمار کراوە.**

**5- هەندێ لەو زیندانیانە رێگای سەردانی خێزان ومناڵ و کەسوکاریان نیە.**

**تەواوی ئەو هاووڵاتیانە له سکاڵاکانیان دا جەخت لەسەر پابەندبونی دەزگا قەزایی وئەمنیەکان به جاڕنامەو بەلێننامە نێودەوڵەتیەکان و یاساکانی ناوخۆوە دەکەنەوە له مامەڵەکردنی گیراوەکان دا..**

**ئەو بەشەی که پەیوەندی به پاراستنی ماف وئازادیەکانەوە هەیە ئیمە وەکو لێژنەی مافی مرۆڤ داکۆکی لێوە دەکەین وداوای چاکسازی وچارەسەری جددی بۆ دەکەین .**

چونکە ئەمرۆ پابەندبون بە پاراستنی ماف وئازادیەکان وچاکسازی لەو بارەیەوە بوەتە سیمبولی پێشکەوتن و گەشەپێدان و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر گەل و نەتەوە و کۆمەڵگەیەك. جگە لەوەی ئەوە کرانەوەیەکی نێودەولەتی وپشتگیریەکی باشیش دەستەبەر دەکات. بیگومان پێچەوانەکەیشی کارەساتی گەورە دروست دەکات بە تایبەتی بۆ ئەو گەل ونەتەوانەی کە لە قۆناغی سەرەتایی پێشکەوتن دان.

ئەمرۆ لەبەر رۆشنایی ئەو حاڵەتە کرانەوە سەرتاسەریەی دونیاو, ئەو ئارامی وئازادیەی لە کوردستان دا هەیە، بارێکی ئەوتۆی خولقاندوە کە بە دەیان رێکخراوو کۆمەڵەی مەدەنی تابیەت بە ماف وئازادیەکان لە بیانی وناوخۆیی دروست بوون. جگە لە دەزگاکانی راگەیاندن کە بە وردی چاودێری رەوشی ماف و ئازادیەکان دەکەن بە دوای پێشێلکاری و نهێنیەکاندا دەگەڕێن.بیگومان ئەوانە هەموو بەبێ کاریگەری نابن لەسەر ئیستاو ئایندەمان.

لەبەر ئەوە زۆر پێویستە هەموو ناوەندەکانی دەسەڵات بە هەموو توناکانیانەوە کاربکەن بۆ پاراستنی ماف وئازادیەکان ریزگرتن ومامەڵەکردنی دروستیان بە تایبەتی کە ئیستا ئێمە لە قۆناغی ئیقرارکردنی دەستور داین بۆ هەرێمەکەمان.

بەرێزان/ ئەو حاڵەتانەی کە لێژنەی مافی مرۆڤ بەدەستی گەیشتوە برێتین لە:

یەکەم- وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆری سکاڵاوداواکاری هاووڵاتیان کە کە باس لە گرتنی ناکاوو بێ سەروشونکردنی کورو کەسەکانیان و درێژکردنەوەی هێشتنەوەیان بەبێ دادگای کردن و هێشتنەوەی هەندێکی تر کە ماوەی قانونی گرتنەکانیان تەواوکردوەو بەریان نەداون. بەڵام بەداخەوە لێژنەکەمان هەتا ئیستا نەیتوانیوە بەدواداچونی راستەوخۆی ئەو گیراوانە بکات.

هەرچەندە لەم ماوەیەدا ژمارەیەك لە کەسوکاری ئەوگیراوانە سەردانی پەرلەمانیان کرد و جیگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لێکردن لە نزیکەوە گوێبیستی سکاڵاوو داواکاریەکانیان بوو.

دوهەم: سەردانی مەیدانی لیژنەکەمان بۆ گرتوخانەکان

1-سەردانی گرتوخانەی ناوەندی هەولێر. ژمارەیەك لە گیراوەکان پتر لەشەش مانگە راگیراون (توقیف)و نەدراوون بە دادگا.

2-.سەردانی موقفی تەسفیراتی سلیمانی. کە 325کەسی تێدا بوو138 کەسیان رەوانەی دادگا کرابون. بەڵام دادگا هێشتا وەری نەگرتنبون. 166 کەسیان رەوانە نەکرابون.

لە کۆی گشتیدا 12 ئافرەتی تێدابون .هەروەها لە ناو پیاوەکاندا دوو شێت و دوو کەس کە نەخۆشی سیلیان بوو هەبوە. بەڵام جیاکرابونەوە. شوێنەکە بەگشتی هیچ مەرجێکی زیندانی تێدا نیە. جگە لە بچوکی شونەکان و قەرەباڵغی گیراوەکانیش.

3- سەردانی بەندیخانەی نەوجەوانانی سلیمانی کە منداڵپاریزی کوردستان سەرپەرشتیان دەکات. ئەمانەیش هێشتا حوکم نەدراون. کە ژمارەیان 23 کەس بوون.

4- بەندیخانەی (معسکر سلام) کە حوکمدراوەکانی پیاوان و ژنان و نەوجەوانانی تێدایە لە حوکمی سوکەوە بۆ هەتاهەتایی و لە ناوبردن.

ژمارەی حوکمدراوەکان 650کەسە. 297کەسیان لە 5 ساڵ هەتا 10ساڵ و, ئەوانی تر لە10ساڵەوە بۆ هەتاهەتای و لەناوبردن.

5- سەردانی گرتووخانەی چاکسازی کۆمەڵایەتی نەجەوانان و ئافرەتانی هەولێر: کە بە تاوانی جۆراوجۆر گیراون و هەندێکیان منالّی بچوکیان لەگەڵ دایە.

6- سەردانی بەندیخانەی نەوجەوانان وئافرەتانی دهۆك کە 28 حالەتی جیاجیای تێدایە و، ئەم بەندیخانەیە ریکخراوێکی یابانی کۆمەك وخەرجی دەکات.گرفتەکانیان بچووکی شوێنەکانیان و نەبوونی جێگای یاری بۆ منالەکان. نەبوونی پزیشك و لیکۆلەری کۆمەڵایەتی پسپۆر.

پێشنیارو داواکاریەکان:

1-بەتایبەتە بەو گرتوانەی موقف تسفیراتی زیندانی هەیە زیاد لە شەش مانگ ماوەتەوەو تائێستا رەوانەی دادگا نەکراوە. لێپێچینەوە لەگەڵ دادوەرەکانی لێکۆڵینەوە بکرێت هۆی رەوانەنەکردنیان چیەوچی زووترە دادگایی بکرێن. ئەو حالەتە لەگرتووخانەکانی ئاسایشیشدا هەن و کەسوکاریان داوای رەوانەکردنی دادگایان دەکەن.

2-دەرکردنی بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ ئەو گیراوانەی کە هیچ تاوانیکیان لەسەر ساغ نەبوەتەوە.

3- دیاریکردنی ئەو گیراوانەی هەتا ئیستا بێ سەروشوێنن .کە ژمارەیەکی لەبەرچاوی ئەوانە لەلای ئیمە هەیە.

4-جیاکردنەوەی جێگای شێتەکان و پەرتەوازەکان تاچی تر لەگەڵ تاوانبارەکاندا لەیەك شوێندا نەبن .

5-دروست کردنی بێنای تایبەت بە هەموو بەندیخانەکان واتە – موقف تسفیرات و اصلاحیەو نەوجەوانان و ژنان بە پێی رێنماییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

6-قەدەغەکردنی رۆژنامەوانەکان و دەزگاکانی راگەیاندن کە بە هیچ شێوەیەك ناوی تاوانباران و تاوانەکانیان لەسەر لاپەڕەکانیان بلاّو بکەنەوە.

7-کردنەوەی خولی تایبەت بۆ فەرمانبەرانی بەندیخانەکان و دامەزراندنی پسپۆڕی شارەزا لەبواری کۆمەڵناسی و دەرونیداو راهێنانیان کە تابتوانن خەسڵەتی مرۆڤایەتی زیندانیەکان بپارێزن و پێدانی مووچەی تایبەت و حوافیز بەوکارمەندانە .

8-دەرس وتنەوە بەزیندانیەکان لەلایەن پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی و دەروونناسی و مامۆستای ئاینی و کردنەوەی قوتابخانە لە بەندیخانەکاندا تایبەت بەو زیندانیانەی کەحوکمەکانیان خەفیفە یاخود قوتابین لە ئەسڵدا.

9-کردنەوەی وەرشەی پیشە دەستیەکان وفێربونی مۆسیقاو وێنەکێشان وشانۆ زۆر هونەری جوانی ترو، بەشداری پێکردنیان بە بەشێك لەسودی بەرهەمەکانیان .

10-کۆنترۆڵ کردنی بازاری فرۆشتنی ئەو سیدی و ئەفلامانەی منالّ هان ئەدەن بۆ توندوتیژی و بەدرەوشتی و بە جددی بخرێنە ژێر چاودێری پۆلیس وئاسایشەوە.

11-چارەسەرکردنی پەیوەندی نێوان ئەوژن و مێردانەی کە یەکێکیان بەندکراوە.

12-چارەسەرێکی جددیانەی ئەوژنانەی کە گیراون و منداڵیان لە شیرەخۆرەوە تا پێنج وهەشت ساڵیان لەگەڵ دایە. مانەوەیان لە بەندیخانەدا ئاکامی خراپی دەبیت لەسەر کەسایەتیان لە دوارۆژدا.

لە کۆتاییدا هیوادارین لێرە بەداواوە پەرلەمان و تەواوی وەزارات ودەزگا پەیوەندیدارەکان بە جددی پابەندبونی خۆیان بەریزگرتن وپاراستنی ماف وئازادیەکانی مرۆڤەوە بە عەمەلی دوپات بکەنەوەو کاری جددی بۆ گەشەپێدانی ئەو بوارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ژنان وئافرەتان لەسەر رەوشی بەندیخانەکان دەکەین, کە راپۆرتی خۆیان بخوێننەوە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی داکۆکی لەمافی ژنان و ئافرەتان**

لەچوارچێوەی ئەرك و چالاکیەکانی دا لیژنەکەمان بە مەبەستی ئاگاداری لە رەوشی ئافرەتانی گیراو حکومدراو لە گرتووخانە و بنکەی چاکسازیە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان بە سێ تیمی جیا سەردانی گرتووخانە و بنکەانی ئافرەتانی کرد لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: سەردانی بنکەی چاکسازی وکۆمەڵایەتی نەوجەوانان و ئافرەتان لە هەولێر:

رۆژی 2006/10/12 ئەندامانی لیژنە بەڕێزان(کوردستان پیرداود و خاتوو ڤیان دزەیی) بە هاوڕێیەتی دکتۆرە شوکریە رسول ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ سەردانی بنکەی چاکسازی کۆمەڵایەتی نەوجەوانان و ئافرەتانیان کرد لە هەولێر, بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و ئاگاداربوون لەباری تایبەتی ژنانی گیراو مەحکوم لە هەموو روویەکەوە و کە ژمارەیان (24) ئافرەت بوو توانرا حاڵەتی یەك بەیەکیان دیار بکرێت و پەنجە لەسەر هۆکارەکان دابنرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بابەتیانە رێگە چارەی گونجاویان بۆ بگرێتە بەر بەشێوەی گشتی تاوانەکانیان بریتی بوو لە دزی و لەشفرۆشی و سواڵکردن و چەند حاڵەتێکی وەك کوشتن و رەدوکەوتن و مادەی سرکەریش بەدیدەکران.

دووەم: سەردانی گرتووخانەی سلێمانی:

ئەندامانی لیژنەکەمان کە لەبەرێزان کوێستان محمد و نسرین پێکهاتبوو بە هاوڕێتی پارێزەر عمر عبدالرحمن ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان رۆژی 2006/10/4 سەردانی

گرتووخانەی سلێمانیان کرد ئەوەی لای لیژنەکەمان مەبەست بوو لەم سەردانەدا زیاتر بەسەرکردنەوەی ژنانی گیراو کە ژمارەیان (12) ئافرەت بوو بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەو بارودۆخە ئاگادار ببین کە ئەوانە بە شێوەیەکی گشتی تێدا ژیان بەسەر دەبەن و جۆری هەڵسوکەوتی سەرپەرشتیاران, بۆ ئەوەی بتوانرێت هۆکارو چارەسەرە سەرەکیەکان دەست نیشان بکرێت بەشێوەیەکی بابەتی وزانستیانە.

سێیەم: سەردانی بنکەی چاکسازیی و کۆمەڵایەتی و نەوجەوانان لە دهۆك کرد:

پێشتر لە رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2006/5/28 خاتوو مریەم بابە شێخ ئەندامی لیژنەکەمان لە چوارچێوەی چالاکیەکانی دا سەردانی بنکەی چاکسازی کۆمەڵایەتی نەوجەوانان و ئافرەتانی لە پارێزگای دهۆك کردبوو بەمەبەستی تاووتۆ کردنی ئەو حاڵەتانەی کە ئافرەتی پێ حوکم دراوە, هەروەها هەر لەنزیکەوە ئاگاداری رەوشی ژیان و گوزەرانی مەحکومان بێت لەنێو ئافرەتاندا کە ژمارەیان لەو بنکەیەدا تەنها (6) گیراو مەحکوم بوون بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە راپۆرتەکەدا هاتووە زۆربەی کێشەو تاوانەکانیان دزی ولەشفرۆشی و خیانەتی هاوسەری بووە.

داواکاری وپێشنیارەکان:

1-لەبەر ئەوەی چەندێك لەو ژنانەی حوکمدرا بوون یان گیرابوون خاوەن منداڵی ساوا شیرەخۆرە بوون بۆیە پێویستە بەشی دایەنگا لەبنکە چاکسازیەکانی ئافرەتاندا بکرێتەوە.

2-زیندانیان بەپێی تەمەن و جۆری تاوان لێك جیا بکرێنەوە.

3-یەکلاکردنەوەی کێشەی ئەو گیراوانەی کە زیاتر لەماوەی (6) مانگە بەسەر گرتنیانەوە رەت بووە.

4-ئەوانەی لەسەر سواڵکردن و دەرۆزە گیراون دوای دە رۆژ لە گرتنیان بەڵێنامەیان لێ وەربگیرێ و بەربدرێن.

5-شوێنی حەوانەوە و خواردنیان لە گرتووخانە و بنکە چاکسازیەکاندا زیاتر ئاوڕی لێ بدرێتەوە نەك تەنها لەلایەن رێکخراوەکانەوە بەڵکو دەبێ حکومەت ئەم ئەرکە بگرێتەوە ئەستۆ.

6-بەرنامەی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی زانستی لە بنکە چاکسازیەکاندا پەیرەو بکرێت و هەوڵ بدرێت مەحکومەکان فێری کاری پیشەیی دەستیان بکەن.

7-لیژنەکەمان پشتگیریی داواکاری سەرجەم گیراو ومەحکومەکانی ئافرەت دەکات سەبارەت بە دەرکردنی بڕیارێکی لێبوردن بۆیان.

لیژنەی داکۆکی لەمافەکانی ژنان و ئافرەتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کوێستان خان, کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەویٚ تەوزیحێك بدەم سەبارەت بەو لیژنەی كەوا بەڕێز سەرۆكی لیژنەی مافی مرۆڤ ئاماژەی پێكرد, لە پەرلەمانی كوردستانی ئێمە لیژنەمان نییە بەناوی لیژنەی شەكاواو حقوقی ئینسان, كەوا مامۆستا باسی لێوە كرد, ئەو لیژنەیە پێشتر هەبوو ئێستا تەعدیل كراوە, بە قەراری پەرلەمان ژمارە 3 لە 2001/4/12, واتە ناوەكەی بوویتەوە (لجنة حقوق الانسان) بەتەنیا شەكاوی لەگەڵدا نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو تەوزیحە, تەبعەن راپۆرتی لیژنەی ناوخۆش دوێنێ پێمان گەیشتبوو, لەبەر ئەوە نەمانتوانی بیخەینە بەرنامە, نەگەیشتبووە برا وەزیرەكان, دەبوایە پێشتر بۆ وەزیرەكان بنێدرێن, لەبەر ئەوە لێرە نایخوێنینەوە, ئیكتیفا بەوە دەكەین كە راپۆرتەكە دواتر بینێرین بۆ وەزارەتە پەیوەندارەكان و رەچاوی ئەو پێشنیارو چالاكیانە بكەن, كە بەراستی راپۆرتێكی تێروتەسەلە و پێشنیاری باشی تێدایە, هیوادارین هەموو راپۆرتەكان سوودی هەبێت بۆ چاككردنی وەزعی بەندیخانەكان و گرتووخانەكان, دیارە پێشتر دەبوایە بڵێم عوسمانی حاجی محمود وەزیری ناوخۆ بەم بەیانیە تەلەفۆنی بۆ كردین كە مامی وەفاتی كردووە, بۆیە داوای لێبوردنی كرد و نەیتوانی بێت, ئێمەش سەرەخۆشیمان لێكرد, بۆیە داوا لەكاك كریم سنجاری دەكەم لەجیاتی خۆی و ئەویش ئەگەر تێبینی و سەرنجێكی هەبێت, سەرەتا پێشكەشی بكات, فەرموو.

**بەڕێز كریم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئێمە راپۆرتەكانمان پێگەیشتبوو, بۆیە بە راپۆرت وەڵامەكانم حازر كردووە, ئەگەر مەجال هەبێت ئێمە راپۆرتەكە دەخوێنینەوە.

**بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.**

ئێمە لە راپۆرتەكان دوو خاڵ هەبوو پێشنیار هەبوو, وسەرنج و تێبینی هەبوو, تەبیعی پێشنیارەكانمان داوەتە لیژانی موختەص و هەمووی دیراسە دەكرێت, بۆ ئەوەی كە بزانرێ و پێمان بكرێت جێبەجێی بكەین و ئینشائەڵلا جێبەجێ دەكرێت.

بەڵام دەربارەی سەرنج وتێبینیەكانی لیژنەی یاساییك

1-دەربارەی خاڵی دووەم بەندیخانەی ناوەندی ئێستای هەولێر كە كاتی خۆی بەڕێوەبەرایەتی شەمەندەفەر بووە (محطة السكك الحديد) دواتر لە ساڵانی هەشتاكان كرا بە بەڕێوەبەرایەتی موقف وتسفیراتی هەولێر, ئێستاش ئەم بەڕێوەبەرایەتیە سەرەڕای موقف وتسفیرات تاوانبارە حوكمدراوەكانیشی تێدایە, بەڵام ئێمەش لەگەڵ بەڕێزتان پێشنیار دەكەین بۆ وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی كە مشوری ئەمە بخوات دەزگای چاكسازی بۆ بەندكراوەكان (المحكومين) دروست بكرێت بۆ سەرتاپای هەرێمی كوردستان بەبێ مواصفات و مەرجەكانی نێو دەوڵەتی كە تیاید تاوانباران لە ماوەی حوكم بەسەر بردنیان دا بخرێنە ژێر بەرنامەی چاكسازی هەمە لایەنە لەرووی دەرووی و كۆمەڵایەتی و فێركردن و رۆشنبیر كردنیان.

2-خاڵی چوارەم ئەو کێشانەی کە ماوەی یاساییان بەسەر چووە و یەکلانەبوینەوە ئێمە لەوەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ لەکاتی کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری داد هەمان بابەتمان گفتوگۆ لەسەر کردووە ولیژنەی هاوبەشمان پێك هێناوە بۆ یەکلایی کردنەوەی سەرجەم ئەو کێشانەی کە پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان تەواو نەبووە و هەست دەکەین کە ئەو کێشەیە بەرەو نەمان دەچێت تەنیا ئەگەر چەند حاڵەتێکی کەم مابێ ئەویش چارەسەر دەکرێ و, هەروەها ئێستا پرۆژەیەك لەبەر دەستدا هەیە بۆ دروست کردنی ژووری تایبەت بۆ جێگری داواکاری گشتی لەناو بەندیخانە دەوام بکات, تاکو لەنزیکەوە بەدواداچوون لەسەر پەڕاوی لێکۆڵینەوەکان بکات و بەپیر داواکانیان بچێت وریوشوێنی یاسایی بگرێتە بەر تاکو لەکاتی یاسایی دیاری کراودا پەڕاوی لێکۆڵینەوەکان ڕەوانەی دادگا بکرێت.

3-خاڵی حەفتەم لەراپۆرتەکەدا هاتووە کە گوایە وەزارەتی داد و ناوخۆ و مافی مرۆڤ و دادگای پێداچوونەوە و داواکاری گشتی وەك پێویست ئاوڕ لە بەندیخانە و گرتووەکان نادەنەوە.

ئەوەی پەیوەستە بە وەزارەتمان:

أ-بەدواداچوون لەسەر لێکۆڵینەوەی تۆمەتباران و تەواوکردنی پەڕاوگەیانە و بخرێنە بەردەم دادگا.

ب-دابین کردی پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەیان و پاراستنیان لەوەش وەك بزانین کەم وکوڕیمان نەبووە لەرووی پاك و خاوێنی و تەندروستی و ژیانی رۆژانەیان وەك لە برگەی یەکەمی راپۆرتی لیژنەکەش ئاماژەی پێکراوە.

4-خاڵی هەشتەم بەرای ئێمە کە کەسێك دادگایی کراو حوکم درا واتە تاوانبارە و ئامانجی دەوڵەت لە حوکم دان و سزادانیدا بریتی یە لە سێ خاڵی گرنگ:

أ-الردع الخاص للمتهم.

ب-الردع العام.

ت-تحقيق العداله والاصلاح.

واتە ئەگەر هەر کەسێك تاوان بکا و دوای چەند مانگێك لێبوردنی بۆ دەربچێ هیچ یەکێك لەو ئامانجانەی سەروو جێبەجێ نابێت, بۆیە پێویستە هەموو دەزگاکان و پێکهاتەی دەوڵەت کار بکات بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستانە و یاسا جێبەجێ بکات.

5-دەربارەی فەرماندەیی گرتووخانەی تسفیراتی ناوەندی دهۆك بۆ چارەسەر کردنی شوێنی گیراوەکان ئاگاداری بەرێزتان دەکەین کە بۆ مانگی 3ی ساڵی 2007 بینایەی نوێ تەواو دەبێت لە دهۆك کە تایبەتە بە گرتووخانە و تسفیراتی ناوەندی دهۆك و ئەو بینایە (92) هۆڵ لەخۆ دەگرێت و شوێنی تایبەتی بە بەندکراو ومحکومین و ئافرەت و منداڵ هەیە و هەموو مەرجەکانی تەندروستی و حەوانەوەی تێدا بەدی دەکرێت لەسەر مواصەفاتی نێو دەوڵەتی دروست کراوە.

6-دەربارەی تەواو نەبوونی پەڕاوی لێکۆڵینەوە لەکاتی یاسایی خۆیدا کەشەش مانگە ئەوەش دەگرێتەوە بۆ دوو هۆ:

یەك: لەبەر زۆری کێشەکان و پێڕانەگەیشتنی دادگاکان کە هەموو مانگێك لەلایەن پۆلیسی دهۆکەوە ئاگاداری دادگا دەکرێت بە نوسراوی رەسمی لەسەر ئەو پەڕاوانەی ماوەی یاساییان تەواو بووە وحەسم نەکراون ئەویش لە رێگای داواکاری گشتی دهۆك بەناوی (یوسف رمضان).

دووەم: هەندێ جاریش هەیە لێکۆڵینەوەکە دوا دەکەوێ بەهۆی نەهاتنی یەکێك لە شاهێدەکان یان لایەنی پەیوەندار بەکێشەکان یان هۆی هونەری.

7-گوایە هەندێك لەجۆری خواردن گلەییان هەبووە ئێمە لەهەموو بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان لەرێگای بەڵێندەر جێبەجێ دەکرێت و بەرەزامەندی وەزارەتی دارایی وئابووری نرخەکانیان دیاری دەکرێت وهەموو شوێنێك وەکو یەکەو خواردنەکانیش بەپێی بەرنامەی هەفتانەیە لەهەموو بەندیخانەکان.

8-بوونی ئەشکەنجەدان لەکاتی لێکۆڵینەوە حەز دەکەین لیژنەکە چەند نموونەیەکی دەست نیشان بکردایە تاکو لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ ئەو کەسە بکردایە کە بەم کارە هەڵسا بێت, لەبەر ئەوەی ئێمە وەك وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ بۆ چەندین جار رێنماییمان ئاراستەی سەرجەم فەرمانگەکانی وزارەت کردووە کە بەهیچ شێوەیەك نابێ پەیڕەوی ئازارو ئەشکەنجەدانی تۆمەتبار بکرێ ودەبێ رێز لە بنەماکانی دیموکراتیەت ومافەکانی مرۆڤ بگیرێت وهەرکەسێك لەهەر پلەو پایەیەك بێت پێشێلی ئەو مافانە بکات خۆی بەرپرس دەبێت.

9-بەشێوەیەکی گشتی ئەو تێبینی یانەی لەسەر بارودۆخی بچووکی شوێن هەیە لە بەندیخانەی دهۆك ئومێدەوارین لەماوەیەکی کورتدا نەمێنێت دوای تەواو بوونی بینایە نوێیان.

لەکۆتاییدا ئێمەش پێشنیار دەکەین کە هەرچی زووە پرۆژە یاسایەك ئامادە بکرێ لەلایەن وەزارەتەکانی پەیوەندار بۆدەزگای چاکسازی حوکم دراوەکان و سەرپێ بوونیان بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و هەموو مەرج و یاساکای تێدا رەچاو بکرێت وەك پەیڕەو کردنی بەرنامەی چاکسازی و پیادە کردنی دیراسات و توێژینەوە لەسەر بارودۆخی دەروونی  کۆمەڵایەتی و چاکسازی تاوانباران و هەروەها پەیڕەوی سیستەمی مۆڵەتی خێزانی سیستەمی (الافراج الشرطي) (بەردانی مەرجدار) و(رعاية لاحقة) ...هتد, بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی تاوانباران و هەروەها هەوڵ دان بۆ کەم کردنەوەی رێژەی تاوان لە هەرێمی کوردستان بەسوود وەرگرتن لەسەرجەم داهێنان و زانستە تەکنەلۆجیەکانی سەردەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, داوا لە کاك فاروق جميل وەزیری داد دەکەین, ئەگەر تێبینیەکی هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز فاروق جميل/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەوەی کە بانگهێشتی ئەوکۆبوونەوەتان کردین, من یەك دوو مولاحەزاتم هەیە, مولاحەزاتی ئێمەش وەکو وەزارەتی داد لەسەر ئەو کەسانەن کەگیراون, یاخود حوکم دراون, بەرێگەی قانونی لەلایەن دەزگای قەزائییەوە, نەوەك ئەوانەی بە رێگەی غیر قانونی گیراون, برادەرانی لیژنەکان

ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەوانەی شەش مانگ زیاتر لەسەر بەندکردنیان تێپەڕیوە و تا ئێستاش حوکم نەدراون, بەشێوەیەکی غیر قانونیان لەقەلەم داوە, خۆی راستە ئەوانەی کە دەگیرێن چەندی زووتر کێشەکانیان یەك لا بکرێتەوە, تەبعەن ئەوەندە باشترە, پێویستە لەسەر مەحاکمیش هەر بەو شێوەیە رەفتار بکات, بەڵام هەندێ حاڵات هەیە دەبینین تەحقیق تەواو نابێت, لەو حاڵەتانە حاکمی تەحقیق کە شەش مانگ تەواو بوو لەسەر قەزیەکە, موافەقەتی مەحکەمەی جینایات وەردەگری, واتە مەحکەمەیەکی سەروتر ئەوەی کە پێکهاتووە لە سێ حاکم, یانی حاکمی تەحقیق ناتوانێ لە شەش مانگ زیاتر هیچ کەسێك بەند بکات, بەڵام ئەگەر زانی قەزیەکەی کەمێك ماویەتی و تەحقیقی تێدا تەواو نەبووە, قەزیەکەی رەوانی مەحکەمەی جینایات دەکات, موافەقەتی ئەو مەحکەمەیە وەردەگرن وتەبعەن ئەوە سێ حاکمن دادەنیشن و تەماشا دەکەن و بە پێی زروفی قەزیەکە ئەگەر پێویستی کرد ئەوە موافەقەت دەکەن, کەواتە مانەوەیان شێوەی قانونی وەردەگرێت, وانییە شێوەی قانونی وەرنەگرێت, نوقتەیەکی تر بەنسبەت برادەران کە باسی ئەوەیان کرد, حوکمی هەتا هەتایێ یانی موئەبەد شتێکی قانونی نییە, شتێکی قانونییە حوکمی هەتا هەتایێ, چونکە بە دەلیلی ئەوەی نەصی پێ هاتووە لە قانون, مەسەلەن دەڵێ (ویعاقب) لە قەزایای قەتل بەتایبەتی یان ئیعدام یان سجنی موئەبەد, بەڵام یەعنی ئەوە نییە سجنی موئەبەد هەتا هەتایێ ئەو کابرایە لە سجن ئەمێنێ, نەخێر سجنی موئەبەد بەپێی قانونی سجون, پێم وایە لە بیست ساڵ زیاتر نییە, ئینجا بۆیە مانای ئەوە نییە سجنی موئەبەد خیلافی قانونە, نوقتەیەکی تر هەیە, بەراستی جارێ ئەگەر هەر پرۆژەیەکی عەتف وەیا سووککردنی حوکم کردن بێت, پێویستە لەلای وەزارەتی دادەوە بێت, چونکە بەراستی وەزارەتی داد, چونکە وەزارەتی داد موختەصە بەشئونی قەزاوە, چونکە ئەو بارەکان باشتر دەخوێنێتەوە, مەقصەدم نییە کە لیژنەی قانونی پەرلەمانیش ئەو حەقەی نییە, بەڵێ ئەو حەقەی هەیە, بەڵام ئێستا بە هاریکاری لەگەڵ وەزارەتی داددا ئەو پرۆژەیە ئەگەر بکرێت تەرح بکرێت, لەسەر مەسەلەی عەفو, بەراستی عەفو هەر ئەوە نییە حوکم بگۆڕدرێت و قەرارێك دەربکەین و عەفو دەربچێت و کۆمەڵێك خەڵك لە سجنەکان بەرەڵڵا بکرێن, من پێم وایە ئێمە وەکو وەزارەتی داد عەفوی عام بە خەرقی قانون دادەنێین, بەبایەخ کەمکردنەوە لە مەحاکم و لەقەزائی دادەنرێت, چونکە لەبەر ئەوەی ئەو کابرایەی کە دەگیرێت حەتمەن تاوانێکی کردووە, مەحکەمە کراوە وحوکم دراوە و حوکمەکەشی ئیکتسابی دەرەجەی قەتعی کردووە, بەشی زۆری ئەو حوکمانەی کە زۆرن لەلایەن مەحکەمەی تەمییزەوە تەصدیق کراوە, بۆیە پێم وایە مەسەلەی عەفو دەرکردنی گشتی, من بە خەرقێکی قانونی دەزانم, یانی قانون و مەحاکم بایەخیان کەم دەبێتەوە, چونکە یەکێك حاکم حوکمی کردووە لە مەحکەمە حوکم دراوە, پاش فەترەیەك بچی حوکمی عەفوی بۆ دەربکەیت, مانای قیمەتی مەحکەمە و قیمەتی قەزائی نامێنێ, وەکو بەڕێز کاك کریم سنجاریش ئاماژەی پێدا, لەلایەکی ترەوە زۆرجار بەعزە حالات هەیە دەبینی بە صولحی عەشائیری و ئەوانە, کابرایەك قەتلی کردووە و ئەوانە صولحی عەشائیریان کردووە, دەبێت ئەو کابرایەی بەربدەین لە بۆ ئەوەی نیزاع نەمێنێ, بەعەکسەوە من پێم وایە ئەوە شتێکی خراپە, مانای وایە ئێمە

زیاتر نەزعەی عەشائیری دەچەسپێنین لە موجتەمەعی خۆمان, کە ئێمە خۆمان پێمان وایە وەکو کوردەواری پێویستە بەرەو موجتەمەعی مەدەنی هەنگاو بنێین و بەرەو موجتەمەعی مەدەنی بڕۆین, کابرایەك لەو گۆڕەی بە ناحەق دەکوژرێ زەنبی چییەماڵ و منداڵی و ژن و منداڵی مومکینە عومریان هێشتا لە هەژدە ساڵی کەمترە, کەواتە ئەهلیەتی قانونیان نییە, خزم وکەسی لەو گۆڕەی بچن لەڕێگەی ئامۆزایەتی یان برایەتی صولحێك بکەن بەناوی ئەو عائیلەیە کەچی رەزامەندی ئەو منداڵانەی تێدا نییە و بچنە لایەکی ترەوە عەفویەکی تایبەتی بۆ دەربچێت, بۆیە پێم وایە ئەوەش پەسند نییە, یەك شت هەیە بەرەئیی من باشە, ئەگەر بکرێت بە هەموو موناسەباتەکان تەخفیزی عقوبەت بکرێت, بۆ نموونە بە موناسەبەتی نەورۆزەوە, یان بە موناسەبەیەکی گەورەی کوردەواری خۆمان دەبێت, ساڵی جارێك ئەگەر لەسەدان دە یان لەسەدا پازدە یان لەسەدا بیست قەرارێك دەربچێت لەو بابەتانە ئەویش شتێکی خراپ نییە, بەنیسبەت مەوزوعێکی تر مەوزوعی برادەران کە پێشنیاریان کرد مەوزوعی بەندیخانەکان کە بدرێتە وەزارەتی داد, هەرچەندە مەشاکیل بۆ وەزارەتی داد پەیدا دەبێت زیاتر, بەڵام ئیشێکی باشە, چونکە لەبەشی زۆری دونیادا گرتووخانەکان یانی دائیرەی ئیصلاح نەوەکو مەوقوف, ئەوانە سەر بەوەزارەتی دادن, پێم وایە ئەگەر وەزارەتی داد سەرپەرشتیان بکات, نەختێك لەرووی قانونی و لەرووی عەدالەتەوە زیاتر مەسەلەکان چارەسەر دەکرێن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عزالدین مەلافندی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت زۆر حەز دەکەم زۆر سوپاسی ئەو برا بەڕێزانە بکەم, کە هەموو لیژنەکان ماندوو بوونە, ئیشی باشیان کردووە, زۆر ئیقتراحاتی رێك وپێکیان پێشکەش کردووە, بەڵام هەندێك مولاحەزاتم هەیە, هەندێکیان برای بەڕێز کاك کریم و برای بەڕێز کاك فاروق تەوزیحیان کرد, بەنیسبەت پێشنیاری کەناوی مەوقوف و تسفیرات بگۆڕێت, تەبعەن ئەوە مەوقیفە, یانی بەراستی ئێمە تەموحمان ئەوەیە هەروەکو جەنابیشیان لە راپۆرتەکەیان نووسیتیان کە بەندیخانەیەکی زۆر مۆدێرن و نوێ بکرێت, کە هەموو شەروتی ئەوەی کاك کریم باسی کرد تێدا متەوەفر بێت لە بۆ مەحکومەکان, ئەوە خۆی ئەصڵەن لەبۆ تەوقیفیش دەست نادات, یانی بەو تەریقەیە عیلاج بکرێت, ئەگەر ئەو ناوەی بەڕێزیان پێشنیاریان کردووە, ئەی مەقوفەکان کێوە بچن؟ من زۆربەی ئەوانەی کەباسی ناکەم یانی پشتگیری راپۆرتەکەی دەکەم, رەئیەکم هەیە باسی ئەوان دەکەم, تەبعەن دووپاتی قسەکانی بەڕێز کاك فاروق دەکەم, یانی ئەگەر یەکێك شەش مانگ زیاتر تێپەڕی لەسەر مەوقوفیەتی چونکە لە زۆر راپۆرتەکان وا هاتووە, مانای وانییە غیر قانونییە, بەڵام ئەگەر ئیزنی مەحکەمەی جینایات وەرنەگیرا بێت, ئەوە یاسایی نییە, مەفروزە حاکم تەحقیق صەلاحیەتی شەش مانگە, صەلاحیەتی لەشەش مانگ زیاتر نییە کەس تەوقیف بکات, ئەگەر شەش مانگ تەحقیق تەواو نەبوو, دەبی ئیزن لە مەحکەمەی جینایات وەربگرێت, پێش تەواو بوونی شەش مانگەکەی, ئەگەر ئەو تەجاوزاتە کرابێت, ئەوا ئەو وەختی یاسایی نییە, بۆ نموونە بەبێ رەزامەندی

مەحکەمەی جینایات نۆ مانگ بێت, دە مانگ بێت, ساڵێك بێت, ئەو وەختی یاسایی نییە مانەوەی ئەو مەوقوفە, تەبعەن بە حەقیقەت وبەتەجروبەی ئەو برا بەرێزانە سەردانی بەندیخانەکانیان کردووە, یانی ئیعتیمادی ئەساسیان لەسەدا نەوەد لەسەر وتەی گیراوەکان بووە, یان مەحکومەکان, ئەویش بەراستی زۆر مصداقیەتی تێدا نییە, یانی هەر کەسە دەڵێ ئەوە وا و وا, یانی خۆی ئیزبارە دەخوێنێتەوە, بەحەقیقەت ئیزبارە قەرار دەدات, زۆر جار ناوەڕۆکی ئیزبارەی, ئەوە لەلایەك, لەلایەکی تر بەراستی ئەو برادەرە بەڕێزانە لەسەر ئەو ماندوو بوونەیان سەردانی هەموو جێگەیەکیان کردووە, بەداخەوە نەچووینە هەروەکو کاك کریم باسی کرد ئێمە دائیرەی داواکاری گشتیمان هەیە لەناو بەندیخانەی مەحەتەی, من برادەرێکم بانگ کرد, کوڕێکی زۆر نەشیتە, جێگری داواکاری گشتییە, کاك پشتیوان لەوێندەرە, زۆر زیرەکە و زۆر بەقابلیەتە, بانگم کرد وتم ئەتۆ لەوێ نەبووی وەکی ئەو برادەرانە هاتن, گوتی ئەصڵەن قەتعەیەکیان هەیە هەر دەچوومە ژووری و دەهاتمە دەرێ دەمگوت بەڵکو سەرم لێ دەن, وتی رۆیشتن و نەهاتنە لام, ئینجا نازانم خەتای مودیری سجنەکە بووە پێیان نەوتوە کە ئەو دائیرە لەکوێ هەیە, نازانم خەلەلەکە لەکوێ هەبووە, ئەگەر لەجەولەکەی ئەو برادەرەیان لەگەڵ خۆیان بردبایە, فەرموو پشتیوان جوابی بدەوە, ئەو راگیراوەی کەفسان دەکات کاك پشتیوان بزانە رەئیی چییە, موتابەعەی قەزیەی ئەوەت کردووە, ئەو وەختی زۆر سەهلتر بوو لەبۆ ئیشەکەی ئەوانیش کە ئیشەکە بەرێك وپێکی بکرابایە, باسی(افراج شرطي) دەکەن, تەبیعی کاك عونی مامۆستا کاك شێروان زۆر لەمێژە ئەوانە موحامات دەکەن, کاك کریم و هەموویان, زۆر باش دەزانن مەوزوعی ئیفراجی شەرتی تاوانبارەکە بەخۆی موتابەعە دەکات کەینێ مودەکەی تەواو دەبێت, ئەصڵەن بوویتە شتێکی رۆتینی, ئیمکان نییە, ئێمەش رۆتینیە لەسەر هەر هەمووی موافەقەت دەکەین, هەموو دادگاییەکان لەسەر هەموو ئیفراج شەرتی موافەقەت دەکەین, تەبعەن تەنها هەندێ ئیستیسنائات هەیە, جەرائیم موخیلە بیشرەف ئەوانە ئیستسنا هەیە, ئیفراج شەرتی شمولیان ناکات, دەنا حالاتی تر هەر بۆ خۆی مەحکومەکان دەزانێت چ رۆژێك موستەحەقی ئیفراج شەرتییە, یەکسەر داواکارییەکەی پێشکەشی داواکاری گشتی دەکات, ئێمەش وەکو تەسهیلێك تەقریبەن کەسمان رەت نەکردۆتەوە, چونکە شتەکە بوویتە رۆتین, داواکاری گشتی داواکەی پێشکەش دەکات, محەتە تەقریری لەسەر دەنووسی دەڵێ رەوشتی باش بوو ئەو فەترەیەی سجن بووە, ئینجا محەتە هەر هەموو سجنەکانی تریش یانی بەنیسبەت دهۆك و ئەوانەش, یانی من ئیستیغراب دەکەم بڵێت ئیفراج شەرتی شملمانی نەکردووە, لەوانەیە هەندێ تاوانبار یان حوکم دراوەکان ئەوانی کە شمولیان ناکات و بەرێزیانیان گوتوە ئێمە ئیفراج شەرتیمان بۆ ناکەن, من هەموویشم داوا کردووە, ئێستا لەلامە ودەتوانم هەمووی بنێرم بۆ خزمەتتان, لەیەك لە بڕگەکان هاتووە کە ئیشراف عەدلیەو داواکاری گشتی وەکو پێویست بەکاری خۆیان هەڵناستن, بەحەقیقەت ئیشراف عەدلی ئێمە نەقصمان هەیە لە ئیشراف کردنی, من کە هاتیمە ئەو وەزارەتە ئەوە ماوەی پێنج مانگە, تەنها رەئیس ئیشراف عەدلیمان هەیە, موشرف عەدلیمان نییە, ئەوە حەقیقەتێکە منیش دەڵێم دەبێ چەند موشرف عەدلیەکی دابمەزرێنین, ئەویش لەوانەیە سەبەبی کەمی

حاكمەكان بێت, تەنها ئیشراف عەدلی بەخۆی ئیشەكان دەكات, ئەوانی تر دوو موشرف عەدلیمان هەیە, بەڵام حەقیان نییە تەفتیشی دادگا و دەوائیری مودیر عام بكەن, بەنیسبەت داواكاری گشتیش بە حەقیقەت من لەگەڵ ئەو رایە نیم, داواكاری گشتی موتابەعە دەكات, مەسەلەن دائیرەیەكمان هەیە, دائیرەیەكی تایبەت چونكە ژمارەیەكی زۆر داواكاری گشتی ژمارەیەكی باشیان هەیە, نەقصیان تێدا نییە, لە محەتە دائیرەمان هەیە دائیرەی داواكاریی گشتی دهۆك, وەكو كاك كریم ئیشارەتی پێكرد كاك یوسف لەوێندەرێیە, ئەوان بەخۆیان تەقییمی ئەو برادەرەیان كردووە كە پازدە رۆژ جارێك دەچێت لە بۆ نەوجەوانان, ئەویش سەبەبەكەی ئەوەیە بەدائیمی لەوێ دەوام دەكات, سەبەبەكەی نەبوونی جێگایە, بەڵام بە هاوكاری لەگەڵ وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ ئەوان بەراستی تەسهیلاتێكی زۆریان كرد, بۆیە ئەو دائیرەی داواكاری گشتیمان هەیە لە محەتەی, چونكە جێ و بینایەكی رێك وپێكی هەیە, منیش بەراستی لەحاڵەتی ئاسایی لەگەڵ مەبدەئی عەفو نیمە بەراستی بەشێوەیەكی گشتی, بەڵام هەندێ جار ئیستیسنائات هەیە, ئەگەر بۆ یەك جار پرۆژەیەكی عەفو ئامادەكرابایە, پاش دیراسەتێكی زۆر و یەك جار عەفو بدرایە ئینجا پاشان بنبڕ بكرابایە, مەوزوعی عەفو نەبوایە, چونكە دەبێ تاوانبار دانەنیشێ بە ئەمەلی عەفو, چونكە كە تاوان ئەنجام دەدات بەتایبەتی لەكۆمەڵگای ئێمە و بەراستی یانی ئیعتیماد بكات لەسەر عەفو و لەسەر صولح, وەكو كاك فاروق فەرمووی یانی هەریەكێك پارەی هەبێت دەتوانێ صولح بكات, یانی زۆربەی هەرە زۆریان بە پارە مەوزوعەكە حەل دەبێت, بەڵام ئەوە نەبێتە سەبەبێك چونكە تەنازول هەیە دەبێ عەفو بكرێت, بەتایبەتی هەندێ جەرائیم یانی هەر موستەحەقی عەفو نییە, وابزانم لە راپۆرتی خوشكان و ژنان و ئافرەتان, دەڵێن حەزانەیەكی بكەنەوە لەبۆ ئافرەتان ئەوانەی بەند كراون, من دەزانم حەزانە لەبۆ ئەو كەسانەیە كە یەكێك موزەفە بێت لە دائیرەی منداڵەكەی خۆی بباتە حەزانە بە خۆی ئیشێكی تری هەبێت, من تێ ناگەم حەزانە چۆن دەكرێ ئەگەر لەناو سجن بێت, بەخۆی لەوێیە دایكە, حەزانە لە بۆ چییە, بەڵام ئەگەر جیا بكرێنەوە ئەوانەی منداڵیان هەیە, نەك لەگەڵ ئەوانەی منداڵیان نییە, ئەوە شتێكی باشە, ئەوەی كاك فاروق فەرمووی بەنیسبەت حوكمی موئەبەد, دەزانم هەردوو بەرێزان خۆیان ئامادە كردووە وەڵام بدەنەوە, مەبەستی برادەرانی لیژنەی یاسایی موئەبەد نییە, بەڵام مەدای حەیاتە, مەبەستیان مەدای حەیاتە, بەس مەدای حەیات تەعبیرێكی قانونیە, من تێ ناگەم كو ئەو حوكمەیان داوە, یانی عەجەبەن شتی وا هەیە, چونكە قانونەن جائیز نییە, لە هەموو قانونی عقوبات مەدای حەیاتی تێدا نییە, تەنیا موئەبەدی تێدایە, ئینجا حەز دەكەین مەعلوماتمان بدەنێ بزانین چییە ئەو مەدای حەیاتە, باسی ئەسەر رەجعی دەكەن لە جەرائیمەكان, تەبعەن ئەسەر رەجعی لە هیچ لە قانونەكان هەبێت, بەپێی دەستوور هیچ قانونی عقوبات نابێت ئەسەر رەجعی هەبێت, تەنها ئەگەر لەبۆ (اصلح المتهم) بێت, یانی ئەگەر لە صالحی موتەهەم بێت, باسی یەك حالەت دەكەن تەمەنام دەكرد ناوەكەیان لە راپۆرتەكە تەسبیت بكردبایە, هەتا بەدواداچوونێكی بۆ بكەینەوە, چونكە من قەناعەتم نییە كە ئەوە بە ئەسەر رەجعی حوكم درابێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو سەرنج و تێبینیانەی ئەو لیژنانەی پەرلەمان كە چوونەتە سجنی ئەحداس و مەعسكەر سەلام و ئەوانە، هەندێكیان دروست وایە و كەم وكوڕیمان هەیە لە بینایە، لە پێویستیەكانی ناو سجن، ئەوەندەی موتەعلیق بێت بە وەزارەتی ئێمەوە هەوڵمان داوە چارەسەری بكەین ئەوەی بەخۆمان بكرێت، ئەوەشی بەخۆمان نەكرێت، داوامان لە ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز كردبوو بۆ چارەسەر كردنی، من لە پێشەوە حەز دەكەم ئێمە مەسەلەی ئیصلاح و سجن لە كوردستاندا، یەكەم: پەرلەمانی بەڕێز ئەو بڕیارە جێبەجێ بكات، قەرارێك بۆ ئیصلاح دەربچێت لە كوردستاندا، دووەمیشیان چارەنووسی دائیرەی ئیحصا دیاریبكرێت، لای ئێمە هەندێكی عایدی وەزارەتی كۆمەڵایەتیە، هەندێكی عایدی وەزارەتی داخلیەیە، كە ئەوە ئیشكالیەتێك دروست بووە، ئێمە لای خۆمان پرۆژەیەكمان ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بۆ قانونی ئیصلاحی كوردستان، ئەگەر بەنیزام دایبنێین یان بینێرین بۆ بەڕێزتان بۆ تەصدیق كردنی، ئەگەر كەم وكوڕیشی بوو لێرە بەڕێزتان ئەتوانن چاكی بكەن و فراوانتری بكەن، بەنیسبەت سجنی مەعسكەر سەلامەوە بەڕێزان هەندێ مولاحەزەیان هەبوو، دەمەوێ هەندێكیان ڕاست بكەمەوە، بینایەی سجن خراپ بێت ئەوە هیچ مەرجێكی ئەوەی تێدانییە كە مەعسكەر كراوەتە سجن، ئەو بینایەی كە باسیان كرد، ئەو بینایە تازەیە، ئەوە بینای سجن نییە، ئەوە بینایەكە ئەكرێت بۆ مواجەهە، بۆ ئەوەی هەر خێزانێك كە دەچێت بۆ مواجەهەی كەسوكارەكەی لەوێ شوێنێكی هەبێ بتوانێ ئەو ماوەیە بە ئیسراحەت لەگەڵیان دابنیشێ ئەو چەند سەعاتەی، وابزانم شتێكی تازەشە لە عێراقدا ڕەنگە نەبێت ئەوە تا ئێستا، دووەم لەوێ ئەوەی ئیفراجی شەرتی و ئیجازەی سجن لە ساڵی 2004 ەوە بە حوكمی ئەوەی دوو ئیدارە بووە لە ئیدارەی سلێمانی جێبەجێ كراوە، ئیفراج شەرتی بووە و دوای ئەوەش ئیجازەی سجنیش سێ مانگ جارێك بەپێی قانون ئیجازەكەیان دراوەتێ، تەبعەن مەكتەبیشی تێدایە و فوتابخانەی شەش پۆلی، ڕەنگە بەڕێزیان خۆیان دیتبیان لەحاڵەتی تەواو بووندایە، بەنیسبەت هۆڵەكانەوە وەكو باس كرا كە مەرجی صحی تێدا نییە، وایە بەڵام فێنك كەرەوەی تێدایە، هەر هۆڵێك دوو موبەریدەی تێدایە، و هەر هۆڵێك دوو ساحبەی تێدایە، باسی ئەوەیان كرد لە سلێمانی رعایەی لاحیقە نییە، رعایەی لاحیقە لەوێ هەیە لە سلێمانی، بەڵام بەو شێوەیە نییە كە رعایەی لاحیقە بێت، لەوێ خۆ ئامادەكردنە بۆ رعایەی لاحیقە، ڕەنگە لە حاڵەتێكی وا بێت یەك كەس یان دوو كەس بێت، دائیرەیەكی گەورەی پێویست نییە، تەبعەن ئەوانەی كە رعایەی لاحیقە شمولیان دەكات ئەوانە لەناو سجن ئازادن، باحیسێكیان لەگەڵدایە، بەڵام كە چوونەوە ماڵەوە، لەوێ باحیسە ئیجیتماعیەكان و رعایەی لاحیقە دەست پێ دەكات، مەسەلەن ئێمە لە پیرزین لە سلێمانیەوە دێن مانگێ جارێك یان دوو جار دێنە لای كە لە سجن دەرچوون، بەڵام ڕەنگە لە بەغدا یان لەشوێنێكی تر قەرەباڵغ بێت و دووسەد كەسی تێدا بێت، پێویستی بە رعایەكی لاحیقەیە و بینایەكی موختەصی بۆ دابنرێت، ئێمە خۆشمان لە وەزارەت بەرنامەیەكمان هەیە بۆ ئەوەی پێیدا بچینەوە و بزانین مەسەلەن ئێستا لە هەولێر

هەمانە داخراوە یەك كەسیان نییە, لە دهۆك هەمانە یەك كەسی تێدایە, مەجموعەیەك و حەوت, هەشت كەسی پێوە خەریكە, ئەمانەوێ ئەوەی چاك بكەینەوە و داواشمان كردووە لە ئەنجومەنی وەزیران بە كتابی رەسمی دوو سجن دروست بكرێت, لە سلێمانی و هەم لەهەولێر بكرێت, ئینجا نازانم موافەقەمان بۆ دەكرێت یا نا, ئەوەندەی پێویستە بە ئێمە, ئێمە رەئیەكەی خۆمان داوەتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ چارەسەر كردنی, بەنسبەت ئەوەی باحسی ئیجتیماعی, ئێمە باحسی ئیجتیماعیمان هەیە رەنگە ژمارەكەی كەم بێت, پێویست دەكات باحس موختەص بێت لە مەسائیلی دەروونی و ئەوانەی كە پێویستن لە سجن, بەلاّم ئێمە خەلەلێكمان هەیە ئەكرێت وەزارەتی خوێندی بالآشی لێ ئاگادار بكرێتەوە, ئەو بەرنامانەی هەمانە لە جامیعە بەراستی باحیسەكانمان دەتوانم بلّێم ئیشی باحیس دەكەن, زۆر موختەص نین, بەرنامەی جامیعەمان باش نییە, حەقە ولآتی ئێمە ئەگەر بمانەوێ تەحەوەلی موجتەمەع لە ئێستاوە بۆ باشترببەین, گرنگە لە جامیعەوە بەرنامەیەكی باش دابنرێت, مەجالەكە فراوان بكرێت, لەبۆ ئەوەی قوتابی زیاتر وەربگیرێ و بەرنامەیەكی علیمی تازە لەگەلّ سەردەمدا بگونجێ, بۆ ئەوەی بتوانین ئێمەش ئیستیفادەیان لێ بكەین, هیوادارم حكومەت و بەرێزیشتان تەئكید لەسەر ئەوە بكەنەوە جامیعە زیاتر گرنگی بەو بوارە بدات كە من بە بوارێكی زۆر گرنگی دەزانم, هەم بۆ پێشكەوتنی كۆمەلآیەتی و هەم بۆ چارەسەركردنی گرفتە كۆمەلآیەتیەكان, خۆتان دەزانن واقیعی كۆمەلآیەتی ئێمە چۆنە, بەنیسبەت سجنی ئەحداسی ئافرەتان چ دهۆك و چ هەولێریش, ئەو بینایەی خۆتان بینیتان ئەو بینایەیە ئەوەندەی كرابێت, ئەوەندەی ئەو بینایە تاقەت و توانای هەبێت, وابزانم خۆیان بینیویانە تەقصیری تێدا نەكراوە, بەلآم ئەوەش فیعلەن ئەوە پێویستی بەوەیە هەم ئافرەتان جیا بكرێنەوە, ئێمە كێشەیەكمان هەیە لەگەلّ ئافرەتانی مەحكوم و ئەوانەی مەوقوفن, هەندێك هەیە ئەوانە مەحكومن, ئەگەر باحیسێكی ئیجتیماعی لەگەلّیان مانگێك خەریك بێت, یەكێك مەوقوفێك مەسائیلی لەشفرۆشی هەبێت, یا مەسائیلی تر تێكەلّی ئەوانە بێت, لەوێ دیسانەوە ئەو مەوزوعە كێشەیەك بۆ ئێمە دروست دەكاتەوە, ئەوانە بەرەو خراپی دەبات, زۆر گرنگە ئەوانە جیا بكرێنەوە, هەم مەوقوفەكان و هەم مەحكومەكان, بەتایبەتی لە دهۆك هەندێ حالّەتمان هەبوو یانی ئینسان نازانێ چ تەفسیرێكیان بۆ بكەیت, پێویستیش دەكات ئێستا لە دهۆك هەمان موشكیلەمان هەیە, مولاحەزەیەك هەبوو كە ئافرەتان و نەوجەوانان جیا بكرێنەوە, بەلآم تاقەتی بینایەكە ئەوەندەیە, بۆ مەسائیلی تەنكەری ئاو وئەوانە كەباس كران, ئێمە لە دهۆك بیرێكی ئیرتیوازی هەیە, لەوێ لەكاتی خۆی بەرێز پارێزگار كردوویەتی بۆیان, نەك سجنەكە بۆخۆیان گەرەكەكەش ئیستیفادە دەكات, ئینجا نازانم ئەگەر خەلەلێكی هەبووبێت مەسەلەی تەنكەری ئاو ئەوەمان پێ عیلاج دەكرێت, حالّەتێكیش هاتبوو سەیارە بۆ رعایەی لاحیقەی سلێمانی, باسكرا و پێشنیارەكەمان پێ گەیی, فیعلەن ئەوەمان بۆ جێبەجێ كردن, هەولّ دەدەین ئەوانی تریش جێبەجێ بكرێن, بەلآم من تەئكیدی دەكەمەوە گرنگە ئێمە مەسەلەی ئیصلاح چارەنووسی دیاری بكەین كەلەسەر چ وەزارەتێكە, كاك فارووق باسی ئەوەی كردووە لەسەر وەزارەتی عدل بێت باشە, لە عێراق كاتی خۆی لەدوای رووخانی رژێمی صەدام

قانونی بریمەر خرا سەر وەزارەی عەدل, بەلآم دوای ماوەیەك دیراسەیان كردووە ئیصلاحی ئافرەتان و ئەحداسیان خستەوە سەر وەزارەتی كۆمەلآیەتی, هەر وەزارەتێك بێت گرنگە كە بەرنامەی كاری خۆی دانا بۆ ئیش كردن, ئەگەر چی وایە, وەزارەتی عەدل ئەو جیهەتەیە كەعقوبەی دەدات, جیهەتێكی تر سەرپەرشتیان بكات باشترە, سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد عزیز (د. شوان) /وەزیری مافی مرۆڤ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەم بدەنێ منیش هەندێك قسەم هەیە لەسەر هەندێ شت, هەروەكو لە راپۆرتەكەی لیژنەی یاسایی هاتۆتەوە لیژنەی یاسایی لە لاپەڕە چوار لە ژمارەی حەوت كە دەڵێت وەكو پێویست ئاوڕ لە گرتووخانەكان نادرێتەوە, ناوی وەزارەتی مافی مرۆڤ هاتووە, ئێمە هەموو دوو حەفتە جارێك سەردانی سجنەكان دەكەین, هەموو مانگێك جارێك تەقریرێكی تایبەتی لەسەر گرتووخانەكان دەردەكەین, ئەو تەقریرە بلآو دەكەینەوە بۆ لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان و بۆ هەموو وەزارەتەكان بلآودەكەینەوە, هەروەكو لە تەقریرەكان هەموو هاتووە, ئێمە دوای دامەزراندنی حكومەتی نوێ تەقریرەكان كە بۆ ئێمە هاتووە, ئێمە خودی خۆشم سەردانی سجنەكانم كردووە لەسەر ئەنجامدانی ئەو سەردانانە ئەوەی لە تەقریرەكەدا هەمووی هاتووە, ئێمە گەیشتبووینە ئەو ئەنجامانە, لەسەر ئەوە ئێمە پێشنیارمان كرد, كۆبوونەوەیەكی خاص لەسەرپێشنیاری وەزارەتی مافی مرۆڤ لەگەڵ وەزارەتی داد و وەزارەتی ناوخۆ ئەنجام درا, بۆ موناقەشەی ئەو مەسەلانەی كە لە هەموو تەقریرەكان هاتووە كە لەهەر چوار تەقریرەكەی كە هاتووە, ئەوە بوو ئێمە گەیشتینە هەندێ ئەنجام, بۆ هەندێك شت لیژنە دانراوە كە دادوەری گشتی لە سجنەكان دەوام بكات, ئەوەی كە ئیشەكەی تاخیر كراوە كە بەزووترین كات بكرێت, یانی ئێمە كارەكانمان جێبەجێ كردووە, بەلآم ئەوەی كە پەیوەندیدار بێت بە وەزارەتەكانی تر ئەنجام نەدرا بێت, بەلآم وەكو وەزارەتی مافی مرۆڤ ئێمە كارەكانی خۆمان ئەنجام داوە, ئەگەر ئیجازەمان بدەن دوو مولاحەزەم هەیە لەسەر هەندێ شت كە لە راپۆرتەكەدا هاتووە, یەك لەوانە سەبارەت بە زۆربەی موشكیلەكان كە لە بەندیخانەكاندا هەنە, حەل دەكرێن بەوەی كەوا سجنی مۆدێرن دروست بكرێت كە هەروەكو لە دهۆك دروست دەكرێت, لەهەولێر و لە سلێمانیش دروست بكرێت, زۆربەی موشكیلەكان كە هاتووە بەوە حەل دەكرێت, ئەوە یەك لە شتەكانە, مولاحەزەی دووەمیشم ئەوەیە كە مەسەلەی لیژنەی لێبوردن, ئێمە وەكو وەزارەتی مافی مرۆڤ, لە دونیای مافی مرۆڤدا دەژین, ئێمە وڵاتێكی كراوەین ئێستا لەسەر دونیا, لیژنەی لێبوردن دەبێت هەبێت پێمان چاكە, بەلآم بە تەنسیقی كامل لەگەڵ وەزارەتی داد, شرووتی خۆی هەیە ئەوە, بۆ نموونە هەر كەسێك كە دەگیرێت و حوكم دەدرێت ئەوە نییە دوای چەند مانگێك بەردرێت, دەبێت بەلانی كەمەوە سەدا پەنجا حوكمەكەی ئەنجام بدرێت, دەبێت سجن تەقریری لەسەر بدات, دەبێت حاكم تەقریری لەسەر بدات, شروتی بۆ دابنرێت, ئەو شروتانە دەبێ دابنرێت, ئینجا بەردرێت, تا دوای

چەند مانگێك ئەگەر یەكێك حوكم درا و بەربـبێت، ئینجا ئەوە ئێمە پێمان باشە ئەو لیژنەیە هەبێت و ئینجا دیراسە بكرێت، چونكە ئێمە لە دونیای مافی مرۆڤدا دەژین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جنان قاسم/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ژنان و ئافرەتان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من لێرە دەمەوێ ئاماژە بدەم كە من وەكو وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ژنان و ئافرەتان، مانای وەزارەتەكەم بەبێ حەق بێت، ئەو مەشاكیلانەی كە باس كران، وەزیری مەعنی خۆی هەیە، بەڵام لێرە ئەمەوێ ئیشارەت بكەم جگە لەوە ئێمە بەرنامەجێكمان داڕشتووە بۆ سەرۆكایەتی بەڕێز سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەزمنی ئەوەش دانراوە لە لیژنەی موتابەعە، لیژنەیەكی ترمان داناوە لەسەر كۆمەڵایەتی، چونكە بەراستی دووشتی گرنگە، بەس لێرە من دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم كە لەدوای سەیر كردنی ئەو راپۆرتە لەسەر داكۆكی كردن لە مافی ژنان و ئافرەتان، بەراستی خۆی هەندێ كێشە هەیە ئەتوانین بە تەنسیق لەگەڵ وەزیرە پەیوەندارەكان حەل بكرێت و چارەسەر بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا رێگە بە لیژنەكان دەدەین، بۆ ماوەیەكی زۆر كورت یەك جار تێبینیەكانی خۆیان لەسەر ئەو رەئیی و بۆچوونانەی برا وەزیرەكان بدەن، دواتر دەرگای موناقەشە دەكەینەوە، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە عقوبەی مەدای حەیات، لەقانونی عقوباتی عێراقی عقوبەی نییە، لەپاش سقوتی نیزامی عێراقی، بریمەر قەرارێكی دەرهێنا ساڵی 2003 عقوبەی مەدای حەیاتی تەسبیت كرد، ئەو حاڵەتانەش كەلەراپۆرتەكەمان هاتووە لە هەولێر و دهۆك نییە، تەنیا لە سلێمانی هەیە، 48 حالەت هەیە ئەو فەترەیەی كە من حاكمی تەمییز بووم، لە مەحكەمەی تەمییزی سلێمانی توانیمان ئەو كێشانەی كە بۆمان هاتبوو، نەقزی بكەین و دووبارە ئیعادە بكرێتەوە، واتە یان مەحكەمە دووبارە حوكمی ئیعدامی لەسەر بدات یان حوكمی موئەبەد بەپێی قانونی عێراقی، كە لەمادده 87 قانونی عقوبات موعالەجە كراوە، نابێت عقوبەی موئەبەد لەبیست ساڵ زیاتر بێت، ئەوە تەوزیحێك بوو بەرامبەر بەوەی مەدای حەیات كەجەنابی وەزیری داد ئیشارەتی پێدا، هەروەها وەزیری هەرێم بۆ كاروباری داد كەوا داوای كرد تەوزیحی لەسەر بدرێت، سەبارەت بە عەفوی عام كە بەڕێزیان لەگەڵ ئەو مەنهەجە نییە كە پەرلەمانی كوردستان عەفو دەربێنێ، باشە ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەو مەنهەجە نییە، پەرلەمانی كوردستان وەختی خۆی قەرارێكی دەرهێناوە، بە ژمارە 1 لە 2002/4/6 تەخویلی رەئیسی وزەرای ئیقلیمی كوردستانی كردووە (صلاحية اصدار قرار عفو خاص عن المحكومين في الاقليم) دوای ماددەیەكی تری دەڵێت (يخول رئيس مجلس الوزراء الاقليم كوردستان العراق صلاحية اصدار قرار بايقاف التعقيدات القانونية وغلق الاوراق

التحقيقية بحق المتهمين في مراحل التحقيق والمحاكمة و اخلاء سبيلهم) باشە ئەو قەرارە لايزال ئیشی پێدەکرێت, زۆر حالات هەیە کە داواکاریمان لە بۆ هاتووە زۆر کەس بەرەڵلا بووە بەو قەرارە, مەفروزە یەکەم ئەو قەرارە ئیلغا بێت, دووەمین هەتا ئەو حەقەی دەدەمە مجلس وزەرا, خۆ پەرلەمان حەقی خۆیەتی قانونێکی عەفو عام دەربکات, ئێمە لە لیژنەی یاسایی لە مانگی حەفت پرۆژەی یاسایی عەفو عامەکمان تەقدیمی پەرلەمان کرد, دوو حالاتی تەسبیت کراوە, یەکەم تەخفیزی مودەی عقوبە لەسەدا سی کە وەکو کاك فارووق ئاماژەی پێکرد ئەوەمان داوا کردووە, هەروەها داوای ئیعفامان کردووە لە هەندێك جەرائیم و تەنها ئەو جەرائیمانەمان دیاری کردووە کە ئەو جەریمانەن کە لە پرۆژەکەدا هاتوون, ئەوانە مەشمول نابن بە عەفو کردنی عام, واتە پرۆژەکە هەتا ئێستا لەبەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمانە و لەبەرنامەی کار دانەنراوە, ئومێدەوارین لەو رۆژانە لەبەرنامەی کاردا دابنرێت, دەمەوێ ئیشارەت بە نوقتەیەك بدەم ئێمە نیازمان وابوو و ئومێدەواربووم پێش جەژن پەرلەمان موناقەشەی ئەو مەوزوعە بکات, بڕیاری لەسەر بدات, بەڵام لە وەسائیلی راگەیاندن گوێمان لێ بوو کە سەرۆکایەتی هەرێم قەرارێکی دەرهێناوە بە عەفویەکی خاص لە 121 کەس هەتا ئێستا پەرلەمان و ئێمە نازانین کێ مەشمولە و چ ماددەیەکە و پێمان خۆش بوو ئەوە بەرێگای پەرلەمان بوایە وپەرلەمان ئاگای لێ بوایە, لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرۆکایەتی هەرێم صەلاحیەتی هەیە بەپێی قانون عەفو خاص دەربێنێ, بەڵام مەعلوم بێت عەفوەکان کێیە و ماددەکان چییە و چ نین, بەنیسبەت رەئیەکانی بەڕێز کاك کریم سنجاری تەوزیحی دا, بەڵام بەنیسبەت ئیفراجی شەرتی و ئیجازە, بەڵام تەحدیدی نەکرد, ئایا ئیجازە ئێستا لە هەولێر کاری پێدەکرێت, ئیجازەی مەنزلی مەحکومەکان, چونکە بەپێی قانونی موئەسەسەی ئیصلاحی ئیجتماعی, هەر مەحکومێك بۆی هەیە سێ مانگ جارێك پێنج رۆژ ئیجازە وەربگرێ, بەڵام تەوزیحی نەکرد عەجەبا ئەو ئیجازە دراوە یان نەدراوە, بەنسبەت سەقفی زەمەنی کە برادەران ئیشارەتیان پێدا, ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە کە بەڕێزان هەردوو وەزیری داد و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری داد ئیشارەتیان پێدا کە بڵێین ئەوە موخالەفەیەکی قانونیە, ماددە 109 تەحدیدی کردووە راستە ئەوان تەوزیحیان کرد کە هەر کێشەیەك ئەگەر شەش مانگ بەسەری تێپەڕی ئیحالەی رئاسەتی مەحکەمەی جینایاتی موختەص دەکرێت لە مەنتیقە, کە بڕیاری تەمدید کردنەوەی بدەن, تەبیعی مەحکەمەکەش لە سێ ئەندام پێك هاتووە, لەسەرۆك و دوو ئەندام, ئەوانە پاش لێکۆڵینەوە و تەقییم کردنی لە قەزیەکە بڕیاری ئەوە دەدرێت ئەگەر زانیان قەزیەکە پێویستی هەیە تەمدیدی مەوقیف بکرێت, تەمدید دەکرێت لەبەر هەر زروفێك بێت, کێشەکانیش زۆرن تەبیعی, لە راپۆرتەکان هاتووە تەبیعی کەوا قەزاکان ئەو کەسانەی کەوا لە بەندیخانەکانمان دیت زۆریان گلەییان هەبوو دەڵێن موقەصیرن, ئیهمال هەیە, موتابەعە نییە لەمەوزوعدا, و ئیللا ئێمە ناڵێین موخالەفەیەکی قانونیە, فعلەن موخالەفەی قانونی نییە فعلەن, بەپێی قانونی 109دا لە ئوصولی موحاکەماتی جەزائی فەقەرە ج تەوزیحی کردووە, لەچ حالەتێك تەمدید دەکرێت مەوقوف لەشەش مانگ زیاتر, بەنسبەت برادەران کە گوتیان حالەتێکمان بۆ نیشان بکەن بە ئەسەری رەجعی,

تەڵەبمان بۆ هاتووە بەناوی (امیر عزت عبدالله) داواکە خۆی تەقدیمی کردووە لەرێگەی ئەندامانی لیژنەی یاسایی کە چووینە سەردانی بەندیخانەیان کردووە، دەڵێ من حوکم کرامە بە قانونی ئەسەری رەجعی، بەراستی ئێمە نەگەیشتینە نەتیجە، بۆیە ئیشارەتمان پێدا، دەڵێ لە مەحکەمەی جینایات دووجار حوکم بووە، دوایی داواکارییەکی زۆریش هاتووە هەندێك دەڵێن ئێمە زۆر کەس گیراینە لە قەزیەکی موعەیەن دوو سێ موتەهەمین، بەڵام دوو کەس بەربوون بە قەرارێکی عەفو خاص، ئێمە ماوین، عەدالەت وا ئیجاب دەکات ئەگەر وابێت ئێمەش موستەحەقین بە بەربوون نەك ئەوان بەتەنیا، یان ئەوانیش دووبارە بگیرێنەوە وبەردەوام بن لە حەبس کردنیان، ناویشیان داوە یەك لەوانە، تەبعەن ئیشارەتیان داوە بۆ هەر سێ سجنەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، دەڵێن 67 کەس بە قەراری عەفو خاص دەرچوونە، بە جەرائیمی ماددەی موخەدەرات، ئەوە ناوەکانیشمان لەلایە، ئەگەر پێتان خۆشە ناوەکانیشتان بۆ دەخوێنمەوە، گرنگە هەر جیهەتێك پەیوەندی پێوە هەبێت، حاڵەتێکی دیکەمان لەپێشە داواکاری تەقدیم کراوە دەڵێ ئێمە کەس وکارمان گیراوە، تەعقیبمان کردووە، رەوانەی ئاسایشی ئاکرێیان کردووە، پێمان خۆشە ئەوەش وازح بێت، ناوی ئەوانیشمان لایە، لە 6/2 تەڵەبێك تەحدید بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیحالەی لیژنەی یاسایی کردووە، دەڵێ من باوکی (همزه ابراهیم اسماعیل)م لە 2005/6/2 کوڕەکەم گیراوە هەتا ئێستا تەعقیبمان کردووە، ڕەوانەی ئاکرێ کراوە، هەتا ئێستا هیچ قەراری حاکمی لەسەر دەرنەچووە، ئەوە قسەی ئەوە، قسەی ئێمە نییە، دەبێت لێکۆڵینەوە لەو مەوزوعەدا بکرێت، سەبارەت بە قسەی کاك ئازاد عزالدین دەڵێ فەرمانگەی داواکاری گشتیمان لە بەندیخانەهەیە، راستە هەیە کاك پشتیوان لەوێ نائیبی مودەعی عامە، ئێمە مولاحەزەمان کردووە زۆر بەچالاکانە ئیش دەکات، فعلەن زۆر تەقریری تەقدیم کردووە، بەڵام جیهاتی گەورەتر لەوی بەتیان پێ نەکردووە، یەك لەوانە رەئاسەی ئیدعای عام، لەوانە هەیە ئیشراف عەدلی، سەقفە زەمەنیەکان مەفروزە ئیشراف عەدلی موتابەعەی بکات، کە ئەو تەقریر دەنووسی دەڵێ حالاتی وامان هەیە هەیئەی ئیشراف عەدلی دەورێکی سلبی هەبووە، جگە لەو ئاخیرەی لیژنەیەك پێك هاتووە بەسەرۆکایەتی کاك صوبحی هەرزانی لەگەڵ دوو ئەندامی تر، یەك لەوانە کاك پشتیوان خۆی بوو وەك ئەندام، ئەوانە چووینە خۆیان تەقریرێکیان نووسیوە و تەحدیدی حالاتیان کردووە کە موخالەفەی تەعلیماتی وەزارەتی عەدلی کردووە، بەنیسبەت سەقفی زەمەنی موتابەعەی دەعواکان، پێمان خۆشە کە جەنابی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ لێرەیە، دوو حاڵەت لە راپۆرتێکی داواکاری گشتی سجنی محەتەی هاتووە، دەڵێ ئەوە دوو کەس هەیە یەکیان بەناوی (اسعد محمد) لە 2006/1/19 گیراوە هەتا ئێستا بە قەراری حجز، دووەمیان (عبدالرحمن احمد جمعە) لە 2003/8/21 گیراوە بە فەرمانی بەڕێز وەزیری ناوخۆ، ئەوە لەراپۆرتی بەڕێز جێگری داواکاری گشتی پشتیوان هاشم هاتووە، پێمان خۆشە وەزیر تەوزیح بدات سەبارەت بەو نوقاتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵام پێش ئەوەی کاك محمد قسە بکات، بەنیسبەت عەفوی خاصەوە، یان بەپێی قانونی سەرۆکایەتی هەرێم، دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە کە عەفوی خاص بدات، بەڵام ئەوەی من بزانم حەز دەکەم

برا وەزیرەکان ئەگەر مەعلوماتێکیان هەبێت پێمان بڵێن، ئەوەندەی من بزانم ئەو عەفوەی کە دەرچوو بوو ئەو سەدو قسور کەسە، ئەوانە حوکم نەدرا بوون، یانی مەحکوم نین، لەبەر ئەوە پێم وایە هەڵەیە ناوێك بوترێت عەفوی خاص، ئەوە بە بریارێك مەلەفەکەی دادەخرێت و ئیتلاق سەراح دەکرێت، ئینجا نازانم حاڵەتی ئەو 121 کەسە کە عەفویان بۆ دەرچووە ئەوەندەی من بزانم مەحکومین نین، بەڵکو مەوقوفینن، مەوقوفینیش دەبوایە قەرارەکە بەشێوەیەك بێت کە غەلقی مەلەفیان بکرێت و ئیتلاق سەراحیان بکرێت، ئەگەر مەعلوماتتان هەیە دواتر پێدا بچینەوە، ئەگەر نا عەفوی خاص لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە، تەبعەن باشتر وایە پێشتر باش دیراسەت بکرێت، بەڵام لە قانونەکە دەسەڵات دراوەتە سەرۆك هەرێم، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تێبینیەکانم وەکو هی کاك عونی وایە، یانی هێشتنەوە مەسەلەن یەکێك ئەگیرێ لە شەش مانگ ئەگەر ئەبێت بەساڵ و بەدوو ساڵ، ئینجا ئەگەر یەکێك بەساڵ کێشەکەی یەك لا نەبێتەوە، هەر بەوە باشە بیسووتێنی، جگە لەوە لەناو ئەم کەسانە بە پێنج دەقە بەردەبێت، ئەگەر حاکم موتابەعەی شت بکات، چۆن یەکێ دوو ساڵ تەوقیفە بە پێنج دەقە مەسەلەکەی کۆتایی پێ دێت، یا ئەو جارە یەکەم جارە کە دەیبەنە بەردەم دادگا و بە پێنج دەقە دەڵێن تەواو بوو، ئیشەکە تەواو بوو، دوو ساڵ بە پێنج دەقە چۆن کۆتایی پێ دێت، لەبەر ئەوە تکا دەکەم لەوە پیاچوونەوە پێدا بکەنەوە لەسەر ئەو دادوەرانەی کە لەو مەجالە ئیش دەکەن. دووەم عەفووی عام من لێرەوە زۆر سوپاسی سەرۆکی هەرێم دەکەم کە لەپێش جەژنی رەمەزان ئەو عەفووی دا کۆمەڵێك خەڵك بەربوون، ئێوە تەنها بەڕێزەکانتان وەزیری داد باستان لە مەسەلە جینایەتەکان کرد، خەڵکێك کە لەسەر جینایات دەگیرێ، خەڵکی دیکە دەگیرێ لەڕێی ئەجهیزەی ئەمنی، مەسەلەن ئێمە لەلامانە کۆمەڵێك خەڵك و ژمارەیەکمان لایە تا ئێستا دیارنین، ژمارەیەکی تریش بڵاوبۆتەوە ژمارەیەکی زۆرە، ئەوەی لای ئێمەیە ژمارەکە زۆر نییە نزیکەی (21) کەسە، ژمارەیەك لای ئێمە هەیە حوکم دراون، بە مەحکەمەیەك کەلەئاسایش بۆیان کراوە، حوکمەکەی تەواو کردووە ساڵی بەسەردا چووە، دوو ساڵی بەسەرداچووە هێشتا بەرنەبووە، کۆمەڵێ خەڵکی ترمان لایە .........

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە بدەی کاك محمد، ئێمە موناقەشەکەمان لەسەر راپۆرتەکانە، ئینجا عەرزت بکەم، ئەگەر ئەو ناوانەت پێشتر داوەتە وەزیرەکان، ئەگەر داوتە پێشتر ئەوە داوای وەڵام بکە، ئەگەر نەتداوە ناتوانن جواب بدەنەوە، ئینجا ئەوە عەفوم دەکەی ئێمە ئیتیفاقمان وایە جەلسەیەکی تر بکەین، چونکە ئەوە سەرەتایە، جەلسەیەکی تر بکەین هەم ئاسایشمان هەیە، هەندێك بەند کراو هەنە کە داواکارییان هەیە لەلای ئێمە، پێشتر دەبێ بەنامە بۆیان بنووسین و خۆیان حازر بکەن، چونکە ئێستا ئێمە ئەو ناوانەی کە دەیخوێننەوە دەبوایە پێشتر بەوان درابایە، دەیانتوانی جوابیان هەبێت یەکە یەکە، جا لەبەر ئەوە بۆ جەلسەیەکی تر ئەو ناوانە بنێرین بۆ سەرۆکایەتی حکومەت و ئەوانیش لە وەزارەتە پەیوەندارەکان داوا بکەن خۆیان حازر بکەن، من داوا دەکەم ئەو دانیشتنەمان مەحصور بێت لەسەر راپۆرتەکان کەلەسەر ئەو بەندیخانانەن،

سەرنج و تێبینی بەڵێ هەیە, منیش هەمە, ئێوەش هەتانە, هەمووومان هەمانە, هەدەفمان لەو دانیشتنە سەرەتایەکە, بۆ ئەوەی زیندان لە کوردستاندا ببێتە زیندانێك وەکو هەموو کۆمەڵگایەکی مەدەنی هەموو وڵاتێکی پێشکەوتنخواز, بەپێی یاسا بێت وەزعی زیندان, زیندانییەکان بەیاسایی بگیرێن, تەوقیف لە مودەی خۆی تێپەڕبوو نابێ بمێنێتەوە, دەبێ مەحکەمە بکرێت و تاخیر نەبێت, ناکرێت زیندانێك لە ژێر ئیشرافی پەرلەمانە دوور بێت یاخود مەخفی بێت, بەڵام ئەوانە هەمووی بە مەراحل دەکرێت, مەرحەلەی یەکەم ئێمە کە لێرەدا حەقمان لێرە هەیە ئەو ڕاپۆرتانە کە دراوەتە حکومەت موناقەشە بکەین, بۆیە حەز دەکەم لەو ئیتارە دەرنەچن, زۆر سوپاس, فەرموو کاك محمد تێبینیەکانت تەواو بکە, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی ئەو ڕاپۆرتانە زیاتر لەسەر زاری گیراوەکانە, ڕاستە, بەڵام من تایبەت بە مافی مرۆڤ دەڵێم, ئێمە تەنها شتە عامەکانمان باس کرد, مەسەلەن کابرا باسی ئەوە دەکات, دەڵێ بمبەن بۆدادگا, با دادگایی بکرێم بۆ ئەوەی وەزعم ڕۆشن بێتەوە, نە ئەوە بڵێی مەسەلەن ئەوە لەوانەیە بڵێ من تاوانەکەم وانییە, ئێمە باسمان لەو شتانە نەکردووە, تەنها ئەو کابرایە دەڵێ من حەزم لێیە بمبەن بۆ دادگا نەجاتم بێت, یانی باسەکان شتی عاممان لەسەر ئەو بابەتانە وتوە, ئینجا داواکاری گشتی وابزانم ئێمە هەمووومان گلەییمان هەبوو بەراستی, ئەوەش ئیشارەتتان پێکرد, یانی تەفعیل کردنی لەمەولا وابزانم شتێکی زۆر دروستە و لەجێگەی خۆی بێت, گرفتێکی تر لەبارەی ئەو خەڵکانەی کە ئەنێرنەوە (افراجی شەرتی), من بەعزێ حاڵات ئەو کەسانەی کەسەردانی سلێمانیان کردبوو, یانی ئەگەر بکرێ, ئەگەر لە زیندانەکاندا جێگەیەك چاك بکرێت, چونکە بەعزە خەڵك هەیە, ناتوانێ بچێتە دەرەوە, یان ئەگەر بچێت لەوانەیە دووچاری کوشتن و تۆڵە سەندنەوەو شتێك بێت, ئەگەر مومکین ئەبێت, یانی ئێوە بەتایبەتی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە سجنەکاندا جێگەیەك بۆ ئەمانە تەرتیب بکەن, وابزانم گرفت و کێشەیەکی زۆر ناخۆشە ئێمە کۆمەڵێك شتمان لەلایە, یانی باس لە ترسناکی ئەم حاڵەتە دەکات, لەدەرەوە هەم لە خێزانەکە دەقەومێ و هەم لە کوڕەکەشی دەقەومێ, یانی ئەگەر وابزانم شتێکی زۆر قورسیش نییە ئەگەر ئەتوانن ئەوە چارەسەر بکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر مولاحەزەکەی وەزیری هەرێم بۆ وەزارەتی داد, سەبارەت بەو ژنانەی کەوا منداڵیان لەگەڵیاندایە لە سجنەکان, دیارە هەروەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەتی پێدا, هەمووومان ئەزانین سجن ئیصلاحیەیە, هەر بۆیەشە گرتووخانەکانمان ناوی چاکسازی کۆمەڵایەتیە, ئینجا کە تائێستا گرتووخانەکانی ئێمە نەیانتوانیوە چاکسازی لە ئاکارو ڕەوشتی ئەو زیندانیانە بکات, حەق نییە تەحتیمی منداڵەکانیان بکەن, ئێمە هەروەك چۆن لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی مافی مرۆڤ هاتووە کە ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ ئەو منداڵانە

بدۆزرێتەوە کە حەق بوو و پێویست بوو تا ئێستا وەزارەتی پەیوەندیدار ئەو کێشەیەی چارەسەر بکردایە, جارێکی تر بەناوی لیژنەکەمانەوە داوا دەکەین کە چارەسەری کێشەی ئەو منداڵانە بکرێت کە لەزیندانەکاندا لەگەڵ دایکیانن, ئینجا چۆن چارەسەری دەکەن, بەجیا کردنەوەیان یان بەدروست کردنی دایەنگا بەهەر شێوەیەك گرنگ ئەوەیە چارەسەری بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی پێشنیارەکانی لیژنەکەمانەوە, بەراستی زۆربەی وەزیرە بەڕێزەکان جوابی زۆربەیەك لە پێشنیارەکانی ئێمەیان داوە, سوپاسیان دەکەین, بەڵام تەنها دوو خاڵمان هەیە حەز دەکەین تەئکیدی لێ بکەین, یەکەم تا ئەو کاتەی کە گرتووخانەی رێك وپێك لە سلێمانی و لەهەولێر دروست دەکرێت, واپێشنیار دەکەین کە بنکەی تەندروستی گونجاویان بۆ دروست بکرێت, ئەو دکتۆرانەی کە لەوێ ئیش دەکەن بە دەوری نەبن, بە پێی گرێبەست دابمەزرێن لەوێ تا ئاشنایەتیان لەگەڵ نەخۆشی ناو گرتووخانەکاندا هەبێت, ئەوە باشترە بەراستی هەر رۆژێك داوا بکرێت لە فەرمانگەی تەندروستی دکتۆریان بۆ بنێرن, لەو دکتۆرانە یان رێك دەکەون یان وەختیان نییە, یان وەکو خەفارەتیان هەیە, لەبەر ئەوە شتێکی زۆر باشترە ئەگەر ئەو دوو کارە بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك دکتۆر فوئاد مەسئولی لیژنەی تەندروستی بوو, پێشتریش کوێستان خان بوو, لێپرسراوی لیژنەی ئافرەتان بوو, بۆیە دەیڵێم لەبەر ئەوەی کاك فرسەت پێی وتم ئەگەر ناویان نەخوێندرایەوە لە پرۆتۆکۆلەکان, لە مەحزەرەکان نانووسرێت, ئێستا ژمارەیەکی کەم لە ئەندامان لە حدودی 10 کەسن, بەڵام دەمەوێ من ئیجازە بەخۆم بدەم قەرار بدەم کێ قسە دەکات, لەبەر ئەوەی ناکرێت دەرگا بکەمەوە بۆ هەموو کەسێك رەچاوی هەندێك شت دەکەین, ناوەکان دەنووسم, فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران هەندێ سوئالیان کرد, ئایا بۆمان هەیە وەڵامیان بدەینەوە, یان پاشان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئێستا جوابیان بدەیەوە, دەتوانرێ هەر پرسیارێك وەزیر موباشەرەتەن پاشی جواب بداتەوە, دەشتوانی کۆی بکاتەوە, دوایی جوابیان بداتەوە, فەرموو ئێستاکە جواب بدەوە.

**بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەرانی لیژنەی یاسایی دوو سێ پرسیاریان کرد, یەکێکیان کە ئیجازە لە سجن لە هەولێر نییە, مامۆستا محمد خوا خێری بنووسێ بەشێك لە وەڵامەکەی دایەوە, بەشی دووەم تەبیعی سجن ئەساسەن ئیصلاحە,

ئێمە نیزامی ئیصلاحمان لە سجون نییە, ئەو موجریمەی کە لەسجندایە موجریمی دەمێنیٚ, بۆیە تۆ ئێستا بەرەڵڵای بکەی بە پێنج رۆژ یان دە رۆژ دەچیٚ بۆ ئیجازە, ئیحتماله دوو جەریمەی تر بکات و بگەڕێتەوە, بۆیە من پێشنیار دەکەم تەبیعی لە هەموو سجنەکان لیژنەیەك دروست بکرێت لەوەزارەتی عەدل لە وەزارەتی مافی مرۆڤ, لە وەزارەتی ناوەخۆ, دیراسەتی ئەو حاڵەتانە بکات بزانن کامە موستەحەقە و فەترەیەك ئیجازەی پیٚ بدەین و ئێمە مانعمان نییە, بەڵام بەو حاڵە بووە, باسی دوو زیندانی کرد, نازانم ناوێك لە ئاکریٚ (اسعد همزە) یان (همزە اسعد) پێم باش بوو لیژنەی یاسایی پرسیاریان لە ئاسایش بکردبایە, ئایا ئەم شتە هەیە یان نییە؟ چۆنە و چۆن نییە, موتابەعەیان بکردبایە پێش ئەوەی لێرە باسی بکەن, چونکە دائیرەی ئاسایش, دائیرەیەکی حکومیە, پەرلەمان چۆن بۆی هەیە بێتە وەزارەتی ناوخۆ و بێتە سجنی محەتە و سجنی سەلام و ئەوانە, بۆی هەیە بچێتە سجنی ئاسایش ودائیرەی ئاسایش زیارەت بکات, خاڵی سیٚ دوو ناوی تاکە گیراون, من تەحقیق لەو دووناوە دەکەم و ئینشائەڵڵا بەرەسمی جوابتان دەدەمەوە, یەك مولاحەزەم هەیە لەسەر پێشنیارێکی لیژنەی یاسایی خاڵی هەشتەم کەدەڵیٚ کە سجنی دهۆك تەواو بوو هەموو زیندانیەکانی چاکسازی بچنە سجنی دهۆك, من تەئییدی ئەو ئیقتراحە ناکەم, چونکە ئەمە موشکیلەیەکی گەورەیە, موهمترین شت بۆ ئێمە کە هەفتانە ئەو خەڵکە سەردانی زیندانیەکان دەکەن, حاڵەتی نەفسیان, وەزعیان هەموو شتێکیان باشە, ئەگەر بردمانە دهۆك باوەڕ بکەن ئەوەی سلێمانی سیٚ مانگ جارێك دەچنە زیارەتی, یەك دوو سیٚ رۆژی دەویٚ, دوو ناحیەی ئیقتیصادیش فەرقەکە وەزعی ماددی باش نییە, بۆیە من تەئییدی ئەو پێشنیارە ناکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش تەئییدی تۆ دەکەم, هەرچەندە خارجی ئەوەیە, جارێکیش بۆم باس کردی بەندکراوێك لێرە نەقل کرا بۆ دهۆك, ماڵ ومنداڵەکەی سەردانیان کرد, سەیارەکەیان وەرگەڕا سیٚ کەس لە رێگە مردن, ئینجا ئەوە زەمیریش تەئنیب دەکات, کاك فاروق وەزیری داد.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مەسەلەی لێبوردنی گشتی, تەبیعی ئەو کارەی کە کاك عونی ئیشارەتی پێدا لە ساڵی 1992 ە, وانییە کاك عونی؟ کەدەسەڵات دراوەتە رەئیس وزەرا, تەبیعی وەختی خۆی ئەم کارە پێش یەکگرتنەوەی ئیدارەکان بووە, ئەو وەختە رەئیسی هەرێم نەبووە, کە رەئیسی هەرێم نەبووە, دەسەڵات دراوەتە رەئیسی وزەرا, من پێم وایە حەقە ئیعادەی نەزەر لەو مەسەلەیە بکەنەوە, چونکە ئێستا رەئیسی هەرێم هەیە, یەك دەسەڵات هەبێت بتوانیٚ عەفو دەربکات, نەوەك دوو سیٚ دەسەڵات, ئەوە یەکیان, ئەوەی تر دەربارەی ئەو مەوزوعەی مامۆستا جەنابی فەرمووی دەربارەی ئەوەی کە کابرایەك دوو ساڵ تەحقیقی لەگەڵ دەکرێت و بە پێنج دەقە مەحکەمە دەکرێت, مەوزوعەکە وانییە وەکو مامۆستا دەفەرمویٚ, چونکە لەوانەیە مامۆستا زۆر شارەزایی لە مەحکەمە و مەحکەمەکاری نەبێت, حەتمەن تەحقیق ماوەی دەویٚ, بەعزە قەزایا هەیە شایەدی لە شوێنی دوورە, بەعزە قەزایا هەیە کە هینی فەنی تێدا هەیە, فەت

مەحكەمە كە قەزیە دەچێتە پێشی ئەوەی كە مەحكەمە دەكات, قەزیەكە جائیزە لەبۆ ئەوە یانی هەموو شتەكان دیراسەت كراوە, یانی نابێت ئەو ماوەیە قیاس بكرێت, بەلاَم لەهەموو حالەتەكان من لەگەلْ جەنابی مامۆستام كە دەبێ حەول بدرێت بەزووترین كات, خەلْك تەقریری مەصیر بكرێت, بۆ لەبەلاش بمێنێتەوە, مومكینە خەلْكێك هەیە سالێك دەمێنێتەوەو دوایی لە نەتیجەی مەحكەمەش ئیفراج دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد عزیز(د. شوان)/وەزیری ماف مرۆڤ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەلێ یەك مولاحەزەی بچووك, لیژنەی لێبوردن, پێش یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێمی كوردستان, لیژنەی لێبوردن هەبوو, وەزیری ماف مرۆڤ خۆی رەئیسی لیژنەكە بووە, یانی پێش یەكگرتنەوەكە لیژنەی لێبوردن هەر هەبووە, سوپاس.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/وەزیری كاروباری كۆمەلاَیەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برادەران باسیان كرد لە سلێمانی قوەتێك هەیە بۆ حیمایەی سجن عایدی وەزارەتی داخلیەیە, ئەو قوەتە بەس مەعاشەكەی لەسەر وەزارەتی داخلیەیە, ئەوەی تر ئیداریەن عایدی وەزارەتی كۆمەلاَیەتیە, من پێشنیار دەكەم بەپێی قانونی 104ی ئیصلاحی سالْی 1984 ی عێراق, قوەی ئیجرائی دروست بكرێت, خۆی قوەیەكی مەدەنییە بۆ نەقل كردنی سجن بۆ مەحكەمە و بۆ ئیجازە دان و بۆ حیمایە ئەو قوەیە, ئەگەر بكرێت هاوكارمان بن ئەو قوەیە لە كوردستانیش دروست بكرێت, بۆ ئەوەی روویەكی حەزاری هەبێت بۆ سجن, دووەم هەندێ قەزایا هەیە وابزانم رەنگە لە سلێمانی و لێرەش هەبێت, ئەوراقیان تەفریق ناكرێت, كەسێك هەیە بەمەوادی موخەدر لێرە سجنە, تەلاَبەكەی رایكردووە لە بانەیە و لە شنۆیە, تاكو ئەو نەیە ئەوە نابێت, ئەوانەش چارەیەكی لێ بكرێت زۆر باشە, ئەو مەدای حەیاتەی كە باس كرا, ئێمە لەسلێمانی مجموعەیەك راستە, (48) كەس هەیە, بۆتە مایەی كێشە و فەوزا لەناو سجنەكە, بۆتە كوێخا وپیاوباشی ئەوانە, هەركەسێ دێت موحازەرەی دەدەن و موقیمن لەوێ مەسئولیەتی خۆشیان نازانن, جار بەجار ئاژاوەیەك دروست دەكەن, ئەمە پێویست دەكات یان وەكو ئەوەی بكرێتەوە موئەبەد, یا ئیعدام بكرێت, بۆیە ئەوە ئیعادەی نەزەری تێدا بكرێتەوە, بۆ ئەوەی ئێمە رزگارمان بێت لەمە, چونكە ئەوە مەصدەری كێشەی سجنی مەعسكەر سەلام ئەو 48 كەسەیە, مەسەلەی سجنەكان نەقل بكرێن بۆ دهۆك, ئەو مەسەلەیە لەرووی ئیقتیصادیەوە وابزانم زەرەری زۆرترە بۆ ئێمە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوە, وابزانم ناوەكانم نووسیوە تەقریبەن دە دوازدە كەس دەبن, كەسی تر هەیە ناوی بنووسین, بەلێ فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو مولاحەزەی کورتم هەیە، چونکە زۆربەی زۆری مولاحەزەکان برای بەڕێزم کاك عونی ئیشارەتی پێدا، یەك بەنیسبەت عەفوی عام و عەفوی خاص، ئەو حەقە بە قانون مومارەسە کراوە، قانونی عقوباتی 111 ساڵی 1969 دەڵێ عەفو عام بەو شکلە دەبێت وعەفوی خاصیش بەو شکلە دەبێت، عەفو عام بە قانون دەبێت، عەفو خاص بە عەفوەیەکی تایبەت دەبێت، پاش دروست کردنی موئەسەساتی دەستووری و موئەسەساتی قانونی بزەبت عەفوی عام لەلایەن پەرلەمانەوە بەیاسا دەبێت، عەفوی خاصیش بەپێی قانونی سەرۆکایەتی هەرێم دراوەتە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەوە یەك، دوو بەنیسبەت داواکاری گشتی لە صوڵبی ئیش وکاری داواکاری گشتی موراقەبەی مەشروعیەتە، واتە ئەو تەجاوزەی سەقفی زەمەنی کەدەکرێت، شەش مانگەکە و موافەقەت وەرناگیرێ لە جینایاتەوە، کە ئێمە مەبەستی سەرەکیمان ئەوەیە، ئەبێت داواکاری گشتی موتابەعەی بکات، نەك تەنها ئیشرافی عەدلی، ئەو دوو تەوزیحەم هەبوو بۆ بەڕێزتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من دەستخۆشی لە برایانی لیژنەکان دەکەم، بە هەموویان کە راپۆرتەکانیان شتێکی نەوعی بوو، هەنگاوێکی نەوعیشە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەو جۆرە هەنگاوانە، دواتر کە باسی سجن دەکەین بە حەقیقەت جێی خۆیەتی کە دەست خۆشی لە هەموو دام و دەزگا ئەمنیەکان بکەین، کە ئەمنیەتێکی باشیان لە کوردستان بەرقەرار کردووە، رۆڵە ئیجابیەکەیان ببینین دواتر بێینە سەر رەخنە گرتن لەسەریان، دوای ئەوەی ئەوەی جەنابی کاك مسعودیش، بەحەقیقەت شتێکی چاك بوو کە لەهەولێر 120 کەس یان زیاتر ئازاد کراون، جێی خۆی بوو بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێم ئەو لاش بگرێتەوە، کە ئیدارەی پێشووە، ئیدارەی سلێمانی کە لەوێش خەڵکێکی زیندانی ئاسایشەکان کەس وکاریان کە چەند ساڵێکە گیراون، بەنیاز بوون ئەم جەژنە لێبوردنێك بیانگرێتەوە، من پشتگیری عەفوی عام دەکەم، بەحەقیقەت لەبەر یەك شت، لەبەر ئەو عەفوە خاصانە کە هەبووە، عەفوە خاصەکانیش من وەکو زانیاریەکی تازە ئێستا بۆم دەرکەوت، کە خەتای پەرلەمان بووە کە بڕیاری بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەردوو لا دەرکردووە، تا ئێستا گلەییەك هەبووبێ لە رەئیس وزەراکان بووە، کە ئەوان عەفوی خاصیان دەرکردووە، بەڵام بەداخەوە دەرکەوت خەتاکە لە برایانی خۆمان لە ئەندامانی پەرلەمانی پێشووە، من لێرەشدا سەرنجی خوشك وبرایان رادەکێشم بۆ یەك نوقتە کە لە دەرکردنی بڕیار وەکو پەرلەمانی کوردستان ئاگامان لێ بێت، بۆ شەخص بڕیار دەرنەکەین، زۆر ورد بین لە بڕیارداندا، بۆ ئەوەی ئەوانەی دوای ئێمە گلەییمان لێ نەکەن، یەك خاڵ کە ئیشارەتی پێ نەکرا، کە زۆر ئەیبیستم ئەویش ئەوەیە هەندێ بەند

کراو هەیە کە شوێنی تایبەتیان هەیە و ژووری تایبەتیان هەیە وجیاکراونەتەوە لە بەند کراوی تر, جێگایان, رێگایان, خواردنیان, ئاوە, پێم خۆشە وەزیرانی تایبەتمەند وەلأمێکیان بۆ ئەوە هەبوایە, لەسەر رۆژنامەکان دەنووسرێت, ئایا لیژنەکان هەستیان بەو شتە کردووە کە سەردانی سجنەکانیان کردووە, یان مەسەلەن کابرا سەتەلأیتی هەیەو سەلاجەی هەیە و تەلەفزیۆنی هەیە, وەکو ماڵی خۆی, چی بوێ و بۆی ئەبرێ, ئەمە گوایە بەند کراوە, مەسەلەی تەعزیب من پێم سەیرە کاك کریم دەڵێ تەعزیب نییە, تەعزیب لە کوردستاندا هەیە, بەند کراو تەعزیب دەکرێت, بەلأم من یەك شت دەڵێم نازانم بۆ موستەقبەل ئێستا کەس ئامادە نییە بێتە بەردەم بڵێ وەڵڵا من تەعزیب دراوم, بەلأم ئەوەندە داوام وایە ئەگەر کاك کریم روونی بکاتەوە, بەلأم موشکیلە ئاسایشە ئێستا ئەویش کۆمەڵێك سجنی لایە سەر بە کاك کریمە؟ یان سەر بە کاك عوسمانە ئەویش کێشەیەکە دەبێت پەرلەمانی کوردستان قسەی لەسەر بکات, یا ئاسایش سەر بەکێیە؟ کە ویستت قسە بکەیت رەخنەیەك بگری لەکێ بگری, ئەوە موشکیلەیەکە, ئاسایش یان دەبێت دیار بێت سەر بەکوێیە, بگەڕێتەوە سەر وەزارەتی داخلی, بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەگەڵ وەزیری پەیوەندیداردا قسە بکەین, بەلأم من ئەوەندەی دەڵێم تەعزیب هەبووە, بەس ئەگەر ئەو ئەوەندەی پێ بکرێت لەگەڵ کاك عوسماندا لەمرۆوە با تەعزیبی ناشیاو تەعزبێك کە بەرپرسانی خۆمان کاتی خۆی بەعس سجنی دەکردن, گلەییان هەبوو لەو جۆرە تەعزیبانە, با ئەو تەعزیبانە رجامان وایە ئا ئەمە نەمێنێ, چونکە ئا ئەوە لە سجنەکاندا تیرۆریست دروست دەکات, ئێمە ئەگەر بمانەوێ تیرۆریست نەمێنێ بۆیە بەندی دەکەین, ئەو جۆرە تەصەروفاتانە من پێم وایە, من نموونەیەشم لایە ئەگەر کاك کریم پێی خۆشە پێی ئەڵێم, بەلأم ناوی ناڵێم, نوقتەیەکی تر بۆ وەزیرانی داد هەردووکیان و لەگەڵ وەزیری مافی مرۆڤ, ئەویش ئەوەیە ئایا حاکمی ئاسایش لەرووی قانونیەوە, چونکە برایانی قانونی هەر کاتێ قسە دەکەی بەدڵیان نەبێت, دەڵێن تۆ لە قانون نازانی, منیش پرسیاریان لێ دەکەم, ئایا حاکمی ئاسایش هەندێ جار بە قسەشی ناکەن, حاکمی ئاسایش چەند بەندکراوێکی بەرداوە و بەقسەشی ناکەن, بەلأم بۆ شەرعاندن و بۆ ئەوەی بیشەرعێنن, ئەیهێنن جاروبار, ئەو حاکمەی ئاسایش وەزیری دادی پێشوو پرسیارم لێکرد جوابی نەدامەوە, ئایا لەرووی قانونیەوە ئەکرێت ئاسایش حاکمی خۆی هەبێت, حاکمی تایبەتی خۆی هەبێت, کاك عدنانیش نوقتەیەکی سەرنجی راکێشام لیژنەی یاسایی دەڵێ گرتووخانەی هەولێر ئاوی نییە, دەڵێ لە دهۆك بیری باشی لێیە, پێم وایە ئەوەی هەولێریش ئەگەر بیری بۆ بکرێت شتێکی باشە, هەندێ پێشنیارم هەیە, یەکەم عەفو عام دەربکرێت, دوایی پەرلەمان بڕیار بدات لیژنەیەك بوێری و بتوانێ سەردانی سجنە تایبەتیەکان بکات, کە من پێش ئەوەی رەخنە بگرم لە ئاسایش هەتا ئەو دەزگایانەش کە هەن لە کوردستان ئەوانیش هاوکاری ئەمنیەتن بەراستی, پێش ئەوەی رەخنەیان لێ بگری سوپاسیان دەکەین, یانی فعلەن دەزگای زانیاری و دەزگای پاراستن هاوکارن لە ئەمنیەتی کوردستاندا, بەلأم لە هەمان کاتدا دەبێ بەرامبەر بە ناحەقەکانیان بڵێین ناحەقن, ئەو سجنە تایبەتیانە با پەرلەمان بڕیارێك دەربکات کە ئەویش سەردان بکرێت, ئینجا پەرلەمان ئەو بڕیارەی خۆی و بڕیاری ئەو برایانەی

پێشووی ئێمە هەڵبوەشێنێتەوە کە عەفوی خاص نەمێنێ، تەوقیف نەکردنی کەس بەبێ دادگا، نەمانی تەعزیبی ناشیاو و ناگونجاو، ئینجا ئاسایش یەك لا بکرێتەوە سەر بە جیهەتێکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، قسەکانت بەجێنە، بەڵام مولاحەزەی منت بە هەند وەرنەگرت، قسەکانی منیش دەیکەم، ئەویش ئەوەیە ئێستاکە ئەو برا وەزیرانە ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارانەی جەنابت بدەنەوە، لەسەر مەوزوعی ئاسایش، خۆشت وتوتە ئەو زیندانیانەی سەر بە ئاسایش سەر بەوەزارەتی ناوخۆ نیە، لەبەر ئەوە کاك کریم ناتوانێ جواب بداتەوە، ئەگەر نا، بەڵام دەیخەینە بەرنامەی داهاتوو، رەئیەك هەیە لەسەرۆکایەتی هەرێم و هەر سێ سەرۆکایەتیەکە کە کۆبوونەوە، ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ئینشائەڵلا دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوە قازانجی یاسایی کردنی هەموو موئەسەساتی هەرێمە، بەڵام پرسیارەکان حەقی خۆتە بیکەی، لێرەدا پابەندین بەو راپۆرتانە بۆ ئەوەی وەزیرەکان بتوانن وەڵام بدەنەوە، ئەگەر نا من لەگەڵتم، عەمەلیەن لەبەر ئەوەی وەخت کەم بوو بەدەست نێردرا بوو، دابویان بە وەزیری هەرێم مامۆستا سعد، بڕیار بوو رۆژێك پێش جەژن کۆبوونەوەکە بکەین، بەدەست نێردرا بوو بۆ لایان فریا نەکەوتین، دوایی راپۆرتەکانی تر حازر نەبوون، بۆیە تەئجیلمان کرد، ئەگەر نا قسەکەی تۆ راستە، کاك فرست تەوزیحێکی هەیە لەسەر عفوی خاص و عەفوی عام، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیلتیباسێك پەیدا دەبێت لە نێوان برادەران، حقوقیەکانیش هەندەك جار تووشی ئەو ئیلتیباسە دەبن، واتەصور دەکەن عەفو خاص بۆ چەند کەسێکە، عەفو عامیش بۆ هەموویانە، وانییە، دوورنییە عەفو خاص بۆ زۆر کەس بێت، عەفو عامیش بۆ دوو کەس بێت، مەوزوعی عەفو عام بەس موعالەجەی مەوزوعی جەریمە دەکات، یانی ئەوەی مەشمول بێت بە عەفو عام ئیعتیبار دەبێت و وەك بڵێی جەریمەی نەکردووە، بەسابیقە لەسەری حیساب نابێت موستەقبەل، عەفو خاص بەس موعالەجەی حوکمەکە دەکات، ئینجا کێ عەفو بێت لە هەموو حوکم، یان عەفو بێت لە سەدی نسبەیەك لەو حوکمە، بەس وەك موجرم، وەك سابقە لەسەری حساب دەبێت، لەسەری دەمێنێت هەتا هەتایێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، بەراستی سەرەتایەکی باش بوو بۆ رووبەرووی باسی کێشەی خەڵك بکەین لێرە کە خەڵکی ئێمەن بەراستی، مەسەلەی گرتووەکانیش ئەوانەی کە گیراینە دیارە هیچیان غەریب نینە، هەمووی خەڵکی خۆمانن کە جێگەی حەوانەیان بۆ چاك بکرێت، بەشێوەیەکی یاسایی موعامەلە لەگەڵ سجنەکان بکرێت، هەرچەندە ئەوەی کاك عدنان قسەکانی منی کرد، بەس من دوو سێ خاڵ هەیە دەمەێ باسی بکەم کە لەراپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ هاتبوو، پەیوەندی بە کاك کریمەوە هەیە،

ئەویش نازانم لێرە جوابی دەداتەوە، یان نا، خاڵی چوارەم دەربارەی بێ سەروشوێنی هەندێ کەس، حەزمان لێیە چ بە راپۆرت، چ ئێستا وەڵامی بداتەوە، کاك کریم وەڵامی ئەو پرسیارەی نەداوەتەوە کە لە راپۆرتی مافی مرۆڤدا هاتبوو، خاڵی پێنج بەشێك لە گرتووخانەکان مواجەهە و سەردانیان لێ قەدەغە کراوە، حەزمان کرد تەوزیحێك بدات لەو بارەیەوە، بۆچی سەردان قەدەغەیە لەبەشێك لە گرتووەکان، خاڵێکی تر باسی ئەوە دەکات کە بەشێك لە گرتووەکان لەسەر یەك مەسەلە حوکم دراون، بەشێکیان ئازاد بوونە و بەشێکی تریان هەر لە گرتووخانەکان ماونەتەوە، پێمان خۆش بوو لەسەر ئەوەش تەوزیحێك بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رۆڵی هێزەکانی ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایش بەرز دەنرخێنین، کە توانیان ئەمن وئاسایش بۆ هەرێمەکە دابین بکەن، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێت و ئەیبینین ئێستاش لە راپۆرتەکاندا دوو خاڵی سەرەکی هەیە، یەکەمیان هەندێك خەلەل هەیە لە کێشە دادگاییەکاندا، کە کۆمەڵێ خەڵك کۆمەڵێك کێشەی دادگاییان هەیە، دادوەرەکان وەکو پێویست ئەبینی هەندێك حوکمیان تەواو بووە و ئازاد نەکراوە، یان ماوەی گیراو نەدراوەتە دادگا، ئەمە خەلەلێکە لەرووی دادگاوە، دووەم شت مەسەلەی راپۆرتی هەر لیژنەکانی چاودێری خۆیان، مەسەلەن ئەو پێویستیانەی ئەوان لەرووی ئیداریەوە ئەگەر بۆ وەزارەتی ناوخۆ ناردبیان، یان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی یان وەزارەتی داد، هەندێك پێویستن، مەسەلەی دابین کردنی ئاو یان شوێن و رێ یان زیاد کردنی نەسریەیە، ئەمانە کێشەی وردن، بۆیە دەکرێت هەر هەمان ئەو لیژنانەی کەئەو راپۆرتانەیان ئامادە کردووە لە نزیکترین کاتدا بەدواداچوونێکی تریان هەبێت، لە دانیشتنی دووەم ئێمە بتوانین، ئەو ناوانەی کە قسە لە لێدان دەکەن، یان کێشەیان هەیە وەکو تایبەتی بگاتە دەست وەزیرە بەڕێزەکان، بۆیە پێویست بەدانیشتنێکی تر دەکات، هیوادارم ئەو تێبینیانە بە هەند وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ماوەی یەك دوو ساڵە کوردستان لە بارودۆخێکی زۆر باش دەژی، ئەوەی لە نەتیجەی ماندووبوون و هەوڵدان و ئارەقە رشتنی جیهازی ئاسایش و پۆلیس و دەزگاکانی حکومەتە، زۆر سوپاسیان دەکەین کە شەو ورۆژ خەو وخۆراکیان لەخۆیان حەرام کردووە، جێگەی تەقدیر و رێزن، بەڵام مانای وانییە کە ئەو هەموو جهودە سەرف دەکرێت مەسئولیەت و کەم وکووڕیشیان نەبێت، مەوزوعی عەفو کردن، عەفو کردن کە دەسەڵات سەرۆکی هەرێم دراوە، پێم وایە هەموو کەسێك نابێت بگرێتەوە و ناشیگرێتەوە، بەتایبەتی مەسەلەی ئیرهاب، عەفو کردن بەهیچ شێوەیەك حەق نییە ئیرهاب بگرێتەوە و بۆ ئەوەی نوقتەیەکی موهم بێت تێیدا، چونکە ئیرهاب قانونێکی خاصی بۆ دەرچووە وتەصدیقیش کراوە، ئەوە زۆر موهمە کە

رەچاو بکرێت, ئەگەر لەپەرلەمانیش شتی وا هەبێت, وەکو بیستومە خەڵکێکی وا بەوە موتەهەم بووە و بەردراوە, من نازانم راستیەکەی چ بڵێم, ئێستا موشکیلەیەکمان هەیە ئەویش موشکیلەی مجتەمەعە, هەندێ کەس هەیە کە موتەهەمە بە قەتل, دەزگای کۆمەڵایەتی حزبەکان هەبوو پێشتر, ئێستا راستە ئەو دەزگایانە صەلاحەتیان کەم بۆتەوە, بەڵام واقیعێك هەیە ئێمە سجن بەتایبەتی مەسائیلی جینائی, کە خەڵك سجن دەکرێت لەسەر کوشتن بۆ ئەوەی ئیصلاح بکرێت, ئێمە لیژنەی مافی مرۆڤ و وەزارەتی مافی مرۆڤ داوا دەکەین کە بۆ کوشتن عقوبەکەی ئیعدام نەبێت, حوکمی ئیعدام نەمێنێ, بۆ ئەوەیە ئەگەر ئیصلاح نەکرێت ئەو کابرایە ماڵ ومنداڵی هەیە, بانەبنە زەحییە, بەڵام لە حاڵەتێکی ئیجتیماعی کە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکەشی لەگەڵ بکرێت, ئەم حاڵەتە لە موجتەمەعی ئێمە کەلتوری ئێمەیە, حاڵەتی عەفو و صوڵح کردن هەیە لەناو ئێمە, بەسەدان ساڵە هەیە, ئێمە بێین تەجاوزی ئەو حاڵەتە ناتوانین بکەین, لەبەر ئەوەی من پێم وایە راستە بەعزە کەس ئیمکانیەتی هەیەو پارەی هەیە صوڵحەکە دەکات, بەڵام خۆ خاوەنی قەزیەکە ئەگەر رازی نەبێت صوڵحەکە ناکرێت, لەبەر ئەوە پێم وایە ئەگەر صوڵحەکە بکرێت هەتا لە دەوڵەتانی دەوروپشتیشمان ئەو نیزامە هەیە, کە صوڵح کرا موتەهەمەکە بەر دەبێت, ئینجا ئەوە ئەگەر لێك جودا بکرێتەوە, بەرەئیی من شتێکی باشە, چونکە ئیحتیمالە زۆر حاڵەتی وا بووە, قاتیل گیراوە, بەڵام چوونە ئامۆزای قاتلیان کوشتوە, یان باوکی قاتلیان کوشتوە, بەسەدان ئەگەر بەهەزاران حاڵەتی وا نەبێت, لەبەر ئەوە پێم وایە رێگەی صوڵحی عەشائیری ئەو رێگەیە قەپات نەکرێت و ناشتوانین تەجاوزی بکەین, نوقتەیەکی تر هەیە مەوزوعی بەندکراوەکان, کە زۆر قسەی لەسەر کرا, ئەو کەسانەی کە دەگیرێن, ئێمە لە حاڵەتی تەوارین, لە حاڵەتی حوکمی عورفین, بەڵێ هەندێ حاڵەت لە کوردستان بووە, پێویستی بە ئیجرائات هەیە, ئەو حاڵەتانەی کە ئینفیجارات دەبێت کۆمەڵێك خەڵك دەگیرێن, لەوانەیە بۆ ئەوەیە بگەنە تەحقیق و ئی وابگیرێ هەر ئاگاشی لێ نەبێت, ئەمە کە دەگیرێت پەنجا کەسن, شەست کەسن, لەوانەیە مەجموعەیەك موحەدەدە, بەڵێ دەبێ تەحقیق بکرێت, بەڵام ئەوەی کە برادەرانیش باسیان کرد, شەخص هەیە سێ ساڵە گیراوە, خودا شاهیدە چەند تۆ سوئالت لێکردووە تا ئێستا بەر بووە ئەوەندە سوئالە کراوە, دوو ساڵە گیراوە, ئەوە شەش مانگ نییە, یەخەی مەحکەمە مەگرن خەتای مەحکەمە نییە, چونکە ئەصڵەن قەزیەکە نەدراوەتە حاکم, ئەصڵەن حاکم تەحقیقی لەگەڵدا نەکردووە, ئەصڵەن ئەوراقی فایلی نییە, ئەصڵەن ئیزبارەی نییە, ئەگەر بدرێتە حاکم ئەوە تەصدیق دەکات و حوکمی دەدات, هەرچەندە لە قانون نازانم, خەڵك هەیە من دەتوانم ئێستا دە کەست بۆ بێنم, کە دووساڵە گیراوە وساڵ ونیوێکە گیراوە, ئەصڵەن کە چوویتە ژوورێ وتیتیان ببورە خواحافیز, پاشی دوو ساڵان, خواحافیزی چی, چیت بۆ من هێشت, دوو ساڵە گیراوم سوئالم لێ ناکەی, ئەمە کاریسەیە, ئەگەر زروفی کوردستان ئەو مەجالەی هەبوبێت, لەبەر ئەوە پەرلەمان دەبێت ئەو مەوزوعە حەل بکات, کۆتاییشی پێ بێنێ, بەتایبەتی سجنی تایبەتی کە هەیە, ئەو سجنانەش بوویتە نوقتەیەکی زوعف لەسەر

حکومەتی هەرێمی کوردستان, لەسەر پەرلەمانی کوردستان, دەبێ چارەسەر بکرێت ئەوانە, هەتا کەی ئەو سجنە تایبەتیانە هەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, خۆی ئەو قسەی جەنابت فەرمووت, شتێکی شاراوە نییە, واقیعێکە هەیە, بەڵام ئێمە راپۆرتەکان موناقەشە دەکەین, ئەو مولاحەزەیە لە راپۆرتەکاندا نەهاتووە, بۆیە وەزیر مولزەم نییە وەڵام بداتەوە, بەڵام واقیعێکە وانەبێت نەبێت, بەس ئێمە موناقەشەی ئەو مولاحەزاتانە دەکەین کە لە راپۆرتەکاندا هاتوون, بەخیلافی ئەوەی بە نموونەی ئەوەی کاك محمد حکیم کە لە موناقەشە و راپۆرتی مافی مرۆڤ کە هەندێ خاڵ هاتووە, پێویست بوو نەبوایە, پێویست بوو من مولاحەزەم بکردبایە, بەڵام بەهەر حاڵ ئینشائەڵڵا لەمەودوا رەچاوی ئەو جۆرە تەرتیبە دەکەین, سارا خان.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین, پێمان باش بوو لیژنەکانی پەرلەمان حسابێکی یان گرنگیەکی بە قەزاکانیش دابایە, لەبەرنامەی کارکردنی خۆیان, چونکە کاریان هەر لەسەر پارێزگاکان کردووە, بۆیە لەسەر ئەوە تێبینیم هەیە ئێستا, لە قەزاو ناحیەکان گیراوەکان یان بەندییەکان کێشەی شوێنیان هەیە, واتە بینای تایبەت بە بەندیخانە یان سجنیان نییە, تەنها ژوورێکی زۆر بچووکی ناو مەرکەزەکان نەبێت, بۆ ئەمەش ناچار دەبن بەندکراوەکان بەرن بۆ شارە گەورەکان و کێشە بۆ بنکەی پۆلیس و کەس وکاری گیراوەکانیش دروست دەبێت, یان کە ژنێك بەند دەکرێت, دەبێ بیرێتە ماڵان, یان لە ژوورێکی نەگونجاوی ناو بنکەکە دەهێڵدرێتەوە, مێردمنداڵ یان نەوجەوانان لەگەڵ کەسانی بکوژ و گەورەکان لەیەك ژووردا بەند دەکرێن, ئەگەر بینایەکی تایبەت و گەورە هەبێت لەو شوێنانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە, دەتوانرێ ئەم دوو بەشەی تێدا بێت, لەلایەکی ترەوە لەبەر نەبوونی شوێن, خواردن نییە لە سجنی قەزاکان, خاڵێکی تر ئێمە باس لە سجنەکان دەکەین, پۆلیسیش بەشێکی گرنگی پەیوەندیدارە بەو سجنانە, لەبەر ئەوە حەقە خزمەتی پۆلیسیش بکرێت لەهەمان کاتدا, وەکو مووچەکەیان, وەکو جل وبەرگیان, وەکو ئەو سیلاحەیان کە لەهەندێ مەرکەز موعاناتیان هەیە کە سیلاحەکەیان ژەنگاویە, لەلایەکی ترەوە خولی وشیاری بکرێتەوە بۆ ئەو پۆلیسانەی لە سجنەکاندا کار دەکەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, هەندێ جار خۆشم تێکەڵاوی دەکەم, بەینی سەجین و موقوف, گرتووخانە فەرقێکی هەیە, کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەوزیحەکەی من بۆ هەردوو بەڕێزان کاك فاروق وەزیری داد و جەنابی کاك کریم وەزیری ناوخۆیە, زۆر باس لەوە کرا کە لە مەوقیفەکانی سلێمانی و هەولێر و ئەوانە, خەڵکێك هەیە تائێستا ئیحالەی مەحکەمە نەکراوە, یاخود هەیە ئیحالە کراوە, بەڵام کێشەکەی کۆتایی پێ نەهاتووە, هەروەکو باس لەوە کرا کەلە سلێمانی نیسبەتێکی سەدو شەست و ئەوەندە کەسە هەیە ئیحالە کراوە, قسمێکیشیان هێشتا ماونەتەوە, راستە ئەمە کێشەیەکی سەرەکیە, ئەگەر ئێمە لێکی بدەینەوە ئەو کەسانەی کە دەمێننەوە, وەکو کاك محمد فرجیش باسی لێوە کرد, دوو ساڵ سجن دەبێت و دوایی بە پێنج دەقیقە مەحکەمە دەکرێت دەڵێن بڕۆ ماڵەوە خواحافیزت بێت, مانەوەی ئەو مەوقوفانە لە مەوقوف و تسفیرات, تەبیعی ئەرکێکە و مەسرەفێکە لەسەر خۆیشی و لەسەر کەسوکارەکەی زۆر راستە ئەمە, بەڵام تا بمێنێتەوە خۆشمان باش دەزانین ئەبێتە ئەوەی کەوا کابرای مەوقوف زەرەری زیاتر بێت لەمانەوەی, بەرەئیی من واباشە جەنابی وەزیری داخلیە بۆ ئەوەی زوو کاروباری تەبلیغاتی خاوەن عیلاقە لەکێشەکاندا چ شاهید بێت, چ موشتەکی بێت, چ مودەعی بەحەقی شەخصی بێت, تەبلیغاتەکان پەلەی لێ بکرێت, بەهۆی مەرکەزی شورتە, ئەویش لەرێگەی ئەنجومەنی گەڕەکەکان, یاخود ئەنجومەنی دێیەکان, با وەزارەتی داخلیە بتوانێت تەهیئەی موستلزەماتی کاملیان بۆ بکات, بۆ شورتەکان, لە سەیارە و یان لەمەسەلەی عینوان و دۆزینەوەیان, بۆ ئەوەی زووتر ئاگاداری کەسەوکاریان بکرێنەوە, راستە دادگا نکوڵی لەوە نییە, هەر موتەهەمێك بێتە مەحکەمە محاکەمەی بکات, ئەیکات, بەڵام ئەگەر خاوەن عیلاقە حازر نەبێت, بەتەئکید دادگا ناچار دەبێت تەئجیلی دەعواکان بکات, کە تەئجیلیش بوو لەبەر ئەوەی کێشەکانیش زۆرن, ئێمە خۆمان تەماسمان پێیانەوە هەیە, دەعواکان دەڕوا بۆ بیست رۆژ و بیست وپێنج رۆژ, جاری وا هەیە بۆ مانگێك دوور دەکەوێتەوە, تەبیعی ئەم مانەوە زیاترە تەئسیری لەسەر کابرای مەوقوف دەکات وەکو باسمان کرد لەسەر ناحیەی ئیقتیصادی, ناحیەی نەفسی, ناحیەی هەموو شتێك, باشتر وایە وەزارەتی داخلیە وەکو عەرزم کردن تەسهیلات لە مەرکەزی شورتەکان, دائیرەیەکی بەقوەتی تەبلیغات دروست بکات, لەسەیارە مەسەلەن, لە مەسارفی هاتوچۆی ئەو کەسانەی کە تەبلیغات دەکەن, بۆ ئەوەی زوو بگەنە دەست خاوەن عیلاقە, حازریان بکەن بۆ مەحکەمەکانیان, لەلایەکی ترەوە بەنیسبەت جەنابی وەزیری دادەوە, ئەگەر هەوڵ بدرێت زیاتر کە عەدەدێکی تر لە حاکم تەعین بکرێت لە هەموو شارەکاندا یان لە قەزاکاندا, راستە ئێمە ئێستا بۆ میسال لە سلێمانی پێنج حاکم تەحقیقمان هەیە, بەڵام شاری سلێمانی مەساحەی گەورەتر بووە و نفوسی زیاتر بووە, کێشەی زیاتر تێدا هەیە, هەروەها شارەکانی تریش, با مەحکەمەی تەحقیق پێنج نەبێت, شەش بێت, شەش نەبێت, حەوت حاکم تەحقیق بێت, موحەقیقینی تایبەت ئیشی تێدا دەکەن, کە دەورەی تەحقیقیان بۆ بکەنەوە و تەسهیلاتیان بۆ بکەن, بە تەئکید عەمەلیەی تەحقیق کردن لەگەڵ موتەهەمدا و ئیحالە کردنیان بۆ دادگای تایبەتیەکانی خۆیان سەریع تر دەبێت, باس زۆر لەسەر

مەشروعی عەفوی خاص و عام کرا, بەس من باس لەسەر مەشروعی عەفوو عامەکە دەکەم, کاك شێروان تەلمیحێکی پێدا, مەسەلەی کەلیمەی عەفوی عام شتێکی واریدە وموتەبەعە و قانونیشە لە دەستوورەکانیشدا هاتووە, لەزۆر شوێنیش هەیە عەفو عام دەربچێت, بەڵام بەرەئیی من عەفو عامەکە مەفروزە بەتەنسیق لەگەڵ وەزارەتی عەدلدا, ماددە یاساییەکان ئەوانەی کەوا چ ماددەیەك شمولیان دەکات رەچاو بکرێت, بزانن ئەم تاوانەی کە کردوویانە تا چەند خەتورەی هەیە, راستە مەسەلەی عقوبە, عقوبە فەلسەفەیە, ئەوەی کە دەچێتە سجنەوە عیقاب فەلسەفەیە و دوایی ئەوە هەیبەتی قەزا مەفروزە پارێزراو بێت, مەفروزە ئیستیقراریەتی قەراراتی قەزائی هەبێت, لەقانوندا هەیە ئەو حاکمەی کە قەرار دەردەکات, قەرارەکەی ئەوەندە رێزی لێ بگیرێ و بەردەوامی هەبێت, بۆ ئەوەی خەڵك ئیحتیرامی قەزا بگرێت, بەڵام ئەو کەسانەی کە دەشگیرێن پاش فەترەیەك, مەفروزە ئەگەر تاوانەکانیان زۆر گرنگ نییە, بەڵام فەترەیەکیان لە سجن بردووەتە سەر, پێدەچێت دەرسێکیان وەرگرتبێت, ئەگەر بگەرێنەوە کۆمەڵ رەنگە ئیستیفادەیان لێ بکرێت, سوپاس.

**بەرێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك تاکە پرسیارم هەیە, چونکە پرسیارەکەی من لە راپۆرتەکانی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ژنان و ئافرەتان نەهات, پرسیارەکەشم زۆر کورتە, دەتوانم پرسیارەکەم لە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بکەم, ئەو خەڵکانەی کە حوکم دەکرێن, خەڵکێك هەیە بێ وەزیفەیە و حوکم دەکرێت و کاری نییە, چوار پێنج منداڵی لەماڵەوە هەیە لەگەڵ خێزانەکەی بەجێی دێڵێ, ئایا وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ژیان و گوزەرانی ئەوانە چۆن دابین دەکات, ئایا هیچ حقوقێکیان هەیە؟ سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوئالێکی بەجێیە, ڤیان خان.

**بەرێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من بۆ لایەنی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە, کەوا کردنەوەی شوێنێکی تایبەت, نەك شوێنێك بەڵکو نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە نەخۆشی دەروونی, چونکە ئێستاکە نەخۆشیە دەروونیەکان زۆر لە زیاد بوونن, لە ئەنجامی رەوشی کە بەسەر کوردستاندا هاتووە, ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی, لە ئەنجامی ئەوە نەخۆشیە دەروونیەکان زۆر لە زیادبووندایە, باری ژیانیان زۆر لە خراپ بوون دایە, کەواتە داوا دەکەین شوێنێك یان نەخۆشخانەیەکی تایبەتیان لە بۆ بکرێتەوە, لەسەر بنەمای تەندروستی و زانستی و شارستانی بێت, چونکە ئەوەی تەماشا دەکەین بنکەیەك هەیە لە شاوێس, کە ئەو بنکەیەش زۆر دوورە لە هەموو بنەماکانی تەندروستی کە نەخۆشیە دەروونیەکانی لێ کۆکردۆتەوە, لێرە ئەو پێشنیارەش دەکەم,

کەوا نەخۆشیە دەروونیەکان لەگەڵ شێتەکان جیا بکرێنەوە, دووبارە دەڵێم وشەی شێت بەکارنەیەت, بە بەکارهێنانی کەم عەقڵەکان یان کەم هۆشەکان بەکاربێنین, ئەوانە دەبێت جیاواز بکرێنەوە, لەگەڵ نەخۆشیە دەروونیەکان, چونکە نەخۆشیە دەروونیەکان نەخۆشین دەتوانرێ چارەسەر بکرێت, ئەوانە لەوانەیە چاك بکرێنەوە, یانی تەندروستیان چاك بێت, ئەوە یەك, خاڵێکی تریشم لەسەر ئەوەیە بۆ وەزیری داد, کەوا پێشنیاری ئەوە دەکەم کاتێك کە دادوەری بەڕێز لێکۆڵینەوە دەکات لەسەر کێشەی ئافرەتێك یان ژنێك, کەوا هۆکارەکەی روون دەبێتەوە, پاش ئەوەی کە هۆکارەکە روون دەبێتەوە بە کەفالەت بەردەبێت, لایەنی کەفالەتەکە زۆر بەشێوەیەکی گرنگ و باش ئیمزا بکرێت, کاتێك کە کەس وکارەکەی بەری دەدەن, چونکە حاڵەتی وا هەبووە پاش ئەوەی کە بەردەدەرێت, حاڵەتی وا هەبووە کوشتیتیان, دەبێ لەو حاڵەتە دادوەر زۆر تێبین بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم لەو راپۆرتانەی هاتووە شێتی تێدایە, شێت حوکم دەدرێت, یان دەنێردرێت بۆ نەخۆشخانەی دەروونی, بەهەرحاڵ ڤیانێك قسەی کرد دەبێت ڤیانەکەی تریش قسە بکات, فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو داواکاریم هەیە, خۆی داواکاریەك و پرسیارێك, یەکەمیان داوا لە وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم کە لەمەودوا جیتر جیاوازی نەکەن لە نێوان بەند کراوەکان و گوناهباران, لەرووی جۆری موعامەلە کردن و دابین کردنی جێگە و شوێن, چونکە بەراستی شتێکی وا لە سجنەکان دەبینرێت, گوناهبار هەر گوناهبارە, ئەوجا چ کەسایەتی یان کوڕە کەسایەتیەکی ناوداری ناو کۆمەڵگا بێت, یان ناسراو بێت, یان خەڵکێکی ئاسایی بێت, با ئەو جیاکاریە لەنێوان سجنەکان نەمێنێ, پرسیارێکیشم هەیە لە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان, ئایا ئەو کاتەی کە باسی تەمەنی هەندێ منداڵیان کرد تەمەنیان لە پێنج ساڵ تا هەشت ساڵ لەگەڵ دایکیانن, منداڵ لە شەش ساڵی و حەفت ساڵی دەچنە قوتابخانەوە, ئایا قوتابخانەیەك لەناو سجن بۆ ئەو منداڵانە هەبوو, یان هەموو رۆژێ دەنێردرێنە قوتابخانەکانی دەرەوە و دەگەڕێنەوە ناو سجن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆشحاڵ بووم کە ئەمڕۆ لەبەردەمی وەزیرەکاندا ولەگەڵ ئێمەدا هەندێك گفتوگۆ بکەین لەسەر ئەو بابەتانە کە پێشکەش کران, من بەراستی لە ساڵی 1993 کاك تاریق جامباز یەکێك بوو لەوانەی کە لەگەڵماندا کۆمەڵەی منداڵپارێزی کوردستانمان لە هەولێر دامەزراند, سەردانی سجنەکەمان کرد, من ئێستا زۆر خۆشحاڵم بەوەی کەوا ئەمڕۆ باری سجنەکان زۆر گۆڕاوە, چ لەرووی پێداویستیەکان کە بۆ یەکەم جارە من دەبینم لە سجندا تەلەفزیۆن هەبێت, ئەو پاك وخاوێنیەو پەیوەندی نێوان کەسانی ناو بەند کراوەکان,

هەڵسوكەوتی بەڕێوەبەری سجنەكە, هەروەها پۆلیسەكان, هەرچەندە كە هەندێ كەس تێبینی هەبوو لەسەریان, ئێمە بەپێی ئەوەی كەوا سەردانمان كردن, ئەمە بەلایەك, بەلایەكی تر من بەراستی هەندێك تێبینی و هەندێ پێشنیازیشم هەیە, یەكێك لەو پێشنیازانەم كەباسی كردنەوەی خولتان كرد, من پێشنیاز دەكەم زۆر نەوجەوانمان هەیە لە ناو سجنەكاندا و قوتابیشن كەوا لە دواناوەندیدا, هەروەها هەندێكیان كولیەشیان تەواو كردووە, حەز دەكەم بە كردنەوەی خولێكی تایبەت بۆیان بە فێربوونی زمان, ئیتر ژ زمانی عەرەبی بێت, یاخود ئینگلیزی بێت, ئەمە زۆر زەرووریە, ئەمە لەلایەك, لەلایەكی تریشەوە بەڕێزان ئاماژەیان بە كردنەوەی پیشە دەستیەكان كرد, ئایا ئەو پیشە دەستیانەی كەوا لەناو ئەوێدا باس كراوە, هەر بۆ كات بەسەربردنە, من لەدەرەوەی وڵاتەوە ئاگادارم, یەكێك سجن كراوە پاش ئەو مودەیەی بەسەری بردووە, پارەیان لەجیاتی وەرگرتووە ئەو ئیشانەی كەوا كردوویانە, كە دەریش چووە سێ هەزار یۆرۆی وەرگرتووە و داویەتی بە موحامیەكەی, من پرسیاریان لێ دەكەم, ئایا ئەو پیشانە دەكرێتەوە وەكو بڵێی دارتاشییە و یان هەندێ ئیشی ترە, ئایا ئەمە بۆ كات بەسەربردنە یاخود دەتوانن سوودیشی لێ وەربگیرێ, پێشنیازێك دەكەم بەراستی ئەمە من خۆم بەچاوی خۆم بینیم و لە رێگەی رۆژنامەكانیشدا خوێندمەوە, توێژەری كۆمەڵایەتیمان هەیە لەناو سجنەكاندا, بەناوی راستی لەسەر ئەو ئافرەتانە دەنووسن كەوا لە كەسوكاریان هەڵاتوون و یاخود با بڵێین رەدوو كەوتوون و كۆمەڵێ كێشەیان بەدوا داهاتووە, من زۆر نیگەران بووم, هیوادارم لە رێگەی وەزیرە بەڕێزەكانەوە و ئەوانەی كەوا پەیوەندیدارن بە كێشە كۆمەڵایەتیەكانەوە, ئەو توێژەرە كۆمەڵایەتیانەی یان دووربخرێتەوە یاخود ئاگادار بكرێتەوە, من نازانم بۆچی قانون لەلای ئێمە دەڵێ گورزی دەكات, بەكاردەهێنرێت, مەدای حەیات یان بیست دانە ساڵ یەكێك لە سجندا دەبێت, نابێت ژنی خۆی ببینێ, كێشەكە وا گەورە دەبێت ژنەكەی وازی لێ دێنێ, ئەچێ شوو دەكاتەوە, یان منداڵێ ناكەوێتەوە نێوانیانەوە, بەراستی پێویستە لێرەدا, وەكو چۆن لەمیسر هەیە, رێگە بەو ژن ومێردانە بدرێت, ئاوا حەفتەی دووجار, سێ جار, یان لە مانگێكدا حەفتەیەك بچنەوە ماڵ, ئەمە لە زۆر وڵاتیشدا ئەمە پەیرەو كراوە, ئێوە بەڕێزتان داوای تەرخان كردنی كتێبخانەتان كرد, حەز دەكەم گۆڤار و رۆژنامەكان بەراستی لەناو سجندا هەبێت, قوتابیمان هەیە كە لەكۆتایی ساڵدا دەگیرێ, ساڵی یەكەمی لەكیس دەچێت, تكاتان لێ دەكەم ئەمە ئاگاداری ئەو وەزیرە بەڕێزانە دەكەم ساڵی یەكەمیان لەكیس دەچێ, بۆ ساڵی دووەمیش ناتوانێ ئیمتیحان بداتەوە, ئینجا حەلێك بۆ ئەمە بدۆزنەوە, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەرەتای دروست بوونی كۆمەڵگایەكی مەدەنین, مرۆڤ لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی ئەبێت مامەڵە بكرێت, چ تاوانبار بێت یاخود هەر تاوانێكی كردبێت, بەڵام ئەوەی كە رەچاو دەكرێت لە هەموو راپۆرتەكاندا ئەو میزانە نییە, ئەو پابەندبوونە بە مرۆڤایەتی مرۆڤ نییە لەناو سجنەكاندا, ئیتر ئەگەر وەزیرە بەڕێزەكان نكوڵی لێ بكەن, یان لێی نەكەن, یاخود بەشتێكی هەروا هاكەزایی بەسەریدا تێپەڕن,

لەبەر ئەوە من لێرە پێشنیاز دەکەم کەوا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە هەبێ, چونکە تەنها لێکۆڵینەوە بەس نییە, بەڵکو لێپێچینەوەش هەبێت, چونکە چەند حاڵەتێك باس کراوە لەناو راپۆرتەکاندا کەباس لە ئەشکەنجەدان ئەکات, ئەوە بەراستی لە رۆژێکدا کە ئەمڕۆ کە دەبێت پابەندی مافەکانی مرۆڤ بین, شتێکی وا رووبدات لەناو سجنەکانی ئێمەدا, بەراستی پێویستی بە لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوە هەیە, ئەو لیژنەیەی لەناو پەرلەمانی کوردستانەوە دروست بێت, لێکۆڵینەوە بکات لەسەر ئەو حاڵەتانەی کە هەیە, دووەم شتم بەراستی ئەوەیە, با دەرگای داخراوی سجن نەمێنێ ئیتر, لە ئاستی ئەو لیژنەی ئاساییەی پەرلەمانی کوردستان, ئیتر بەهەرچ هۆیەك بێت, سەربەهەرکەسێکیش بێت, یاخود هەرچی لایەنێك بێت, من داوا دەکەم لەوەزیری بەڕێزی کۆمەڵایەتی کە ئێمە باسمان لە منداڵ کرد لەناو سجنەکاندا, دایکەکە حوکم دراوە قەیناکە, بەڵام ئایا ئەو منداڵە گوناحی چییە, بزانم بەڕێزی هیچ چارەسەرێکی دۆزیوەتەوە, بۆ هەتا ئێستا ئەوە هەیە؟ سێیەم خاڵم ئەوەیە کە خاڵی کۆتاییە داوا لە وەزیری مافی مرۆڤ دەکەم ئایا هەتا ئێستا مەشروعی ئەوەی تەقدیم کردووە کە لەهەموو سجنێکدا دەبێ مەکتەبی مافی مرۆڤی لێ بێت, وکارمەندی مافی مرۆڤی لێ بێت, ئەگەر کردوویەتی بۆ نییە, ئەگەر نەشی کردووە بۆتەقصیری کردووە لەو خاڵەدا, سوپاس.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا سوپاس بۆ لیژنە بەڕێزەکانی پەرلەمان, سوپاس بۆ وەزیرە بەڕێزەکان و ئامادە بوونیان, بەراستی زۆربەی تێبینیەکانی من برادەران پێشتر باسیان کرد, بەتایبەتی ئەوەی کە سۆزان خان ئێستا باسی کرد, تەئکیدی لێ دەکەمەوە, بەراستی ئەمڕۆ منداڵ نابێت لە سجن بێت, رۆژگاری ئەوە نییە ئێمە نەتوانین رێگەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەگەر دایکێك تووشی زیندانی بوون هات, سزا درا منداڵەکەی لەگەڵی بچێتە سجن, بەتایبەتی ئەم ساڵانەی سەرەتای تەمەن, کاریگەری یەکجار زۆری هەیە لەسەر کەسایەتی دوارۆژی ئەو منداڵە, بۆیە من لێرەوە داوا لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەم هەرچی زووترە ناوەندێك دابمەزرێنن بۆ چارەسەر کردن و بۆ چاودێری کردنی ئەو منداڵانە بەتایبەتی ئەگەر کەسی نزیکی ئەو منداڵانە حازر بن و قەبوڵیان بکەن, بۆیە من داوا دەکەم ئەو عیلاجی بەپەلەی بۆ بدۆزرێتەوە, خاڵی دووەم کە لە راپۆرتەکاندا بەراستی من پرسیارێکم هەبوو بەنیسبەت لیژنەی یاسا, ئەویش گوێبیستی ئەوە نەبووین ئایا لەناو بەندکراوەکاندا, بەند کراوی تێدایە کە زیاتر لە جارێك گیرابێت, بەتایبەتی بۆ ئەو تاوانانەی وەکو دزی و هەندێ تاوانی سادەتر کە ئێمە بزانین تا کوێ توانراوە نەتیجەی حوکمدراوی یەکەم جاری ئەو تاوانبارە چارەسەری بۆ دۆزرابێتەوە یاخود ئەو تاوانە ئەنجام نەداتەوە, خاڵی سێیەمیش من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئیهتیمام بە خوێندن و وشیار کردنەوە بدرێت لە سجنەکان, بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین بەندکراوەکان ئامادە بکەین و بتوانن جارێکی تر بێنەوە ناو کۆمەڵگا و بەهەمان رێگەدا ئەو تاوانە تیکرار نەکەنەوە, سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جەخت لەسەر پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم, بۆ لێبوردنی گشتی, چونکە لە پەرلەمانی کوردستان لە 1992ەوە تا ئێستاش یەك لێبوردنی گشتی دەرنەچووە, ئێمە چاوەڕوان بووین کە حکومەتی کوردستان و وەزارەتی پەیوەندار پرۆژەیەك بۆ ئێمە بنێرن, بەڵام ئێستا پرۆژەکەمان هەیە لە مانگی حەفتەوە, پێمان خۆشە لە ئایندەدا بێتە ناو بەرنامەی کارو ئەو لێبوردنە گشتیە دەربچێت, سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو دانیشتنەی ئەمڕۆ کردمان, کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی پەرلەمان چاوەڕێی ئەوە دەکات کە بزانین ئێمە چ بڕیارێك دەردەکەین, لەبەر ئەوە هەرچەندە زۆریش بە پەلەن, بەس من چەند وشەیەك هەیە دەیخوێنمەوە هیوادارم مەجالم بدەن:

دوای خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنە پەیوەندی دارەکان و کۆمەڵێك ریش سپی و پیاو ماقوڵ و چەند ئەندامێکی بەشی کۆمەڵایەتی کە سکاڵای کەسوکاری گیراوەکانیان پێ راگەیاندین.

لەسەر رۆشنایی ئەم سکاڵاو داواکاریانە من وەك ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پێشنیار دەکەم بۆ بەڕێزتان:

یەکەم: کۆمەڵێ: خەڵك هەنە لەناو گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستان لە سەر تاوانی کوشتن سزادراون بە:

أ-لەناو بردن بەڵام جێبەجێ نەکراوە.

ب-گرتنی هەتاهەتایە.

ج-بۆ ماوەی بیستساڵ وبەرەو خوار بڕیاری گرتنیان دراوە.

ئەگەر ئەوانەی خەڵکیان بەدەست کوژراوە لە ئەنجامی هەڵچونێکی کاتی یان کێشەی نێوان دوو بنەماڵە یان کوشتنەکە بەئەنقەست نەبووە یان بەهۆی رووداوی ئوتۆمبیلەوە رووی داوە.

ئێستا لەدەرەوەی گرتووخانەکان هەردووك بنەماڵەی کوژەرو کوژراو چارەسەری کێشەکەیان بەرەزامەندی هەردوولا کردووە یەکتریان بەخشیوە بە رەزامەندی خۆیان لە ژێر کاریگەری هیچ لایەك یان هیچ لایەنێك نەبووە وداوای بەرزکردۆتەوە بۆ دەسەڵاتی بەرپرس لە هەرێمی کوردستان.

داواکارم لێ بوردنێکی تایبەت دەرچێت بۆ کەم کردنەوەی سزاکانیان وبەخشینی ئەوانەی سزاکانیان زۆری نەماوە کۆتایی بێ, بەمەرجێك ئەم لێ بوردنە تایبەتەش ئەوانە نەگرێتەوە کە:

أ-کاری تیرۆریستیان ئەنجام داوە.

ب-یان جێبەجێی کردنی کاری کوشتنەکەیان بۆ ئەوە بوو کە ئاسایشی هەرێمی کوردستان تێك بدەن.

دووەم: پێشنیار ئەکەم گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستان گەورە بکرێن و گرنگێکی زۆریان پێ بدرێ لە بواری حەوانەوە و وەرزش و کاری هونەری وبایەخدان بە بوار تەندروستی و رەچاوی مافی مرۆڤ بکرێ تیایاندا.

سێیەم: یەك لاکردنەوەی کێشەی هەموو ئەو گیراوانەی کە ماوەیەکی زۆرە گیراون کە ماوەی گرتنەکانیان زۆر زیاترە لەماوەی یاسای سزاکانیان ئەگەر کێشەکانیان یەك لا کرابایەوە.

چوارەم: ئەو دەسەڵاتەی کە بڕیاری لێ بوردن دەرئەکات بۆ کەم کردنەوەی سزاکان یان بەخشینی تاوانباران لە سزاکانیان داواکارم ئەو دەسەڵاتە بەیەکسانی بڕیارەکەی هەموو تاوانباران بگرێتەوە نەك بەشێکیان وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچن وبەشێکیشیان کە هەمان تاوانیان هەیە لەناو گرتووخانەکان بمێننەوە.

یەك شتی تریشتان پێ دەڵێم بەراستی دکتۆرە شوکریە باسی رەدو کەوتنی کرد, رەدوکەوتن مافێکی سروشتی مرۆڤە, نایدەنێ ئەگەر نەیدەنێ چی بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر سوپاسی ئەو لیژنانە دەکەم, بەراستی دەوری باشیان بینیوە و مەجموعەیەك خاڵی زۆر گرنگیان خستۆتە بەردەم پەرلەمان, هەروەها سوپاسی برایانی وەزیر دەکەم کە هاتوون و ئەمڕۆ گوێ لەو پێشنیارانە دەگرن, بەڵام ئەوەی کە من تێبینیم کردووە مەجموعەیەك تێبینیم هەیە لەسەر شتی یاسایی کە بگونجێ لەگەڵ رۆژ, لەگەڵ ئێستا, لەگەڵ سیستەمی ئەمڕۆ, بە پێویستی دەزانم کە بیخەمە بەردەمی پەرلەمان و بەردەمی وەزیرە بەڕێزەکان, یەکەم ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ شتمان تەقدیم کردووە وەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد, ئینشائەڵڵا ئەگات بەوەزیرەکان و خاڵی باشی تێدایە, نامەوێ ئەو خاڵانە باس بکەم, لە واقیعدا وەکو گلەییەك عادەتەن مافی مرۆڤ کە تەقریر تەقدیم دەکات, یان هەر کەسێك یان تەرەفێك, مەفروزە بە فراوانی هەموو تەرەفەکان بگرێتەوە, ئێمە لە کوردستان بەحەقیقەت دام ودەزگای وەزارەتی داخلیەو ئاسایش و ئەمنیەکان, توانیویانە بارێك دروست بکەن کە هەمووومان پێویستە سوپاسیان بکەین, چونکە زۆر بەئاشکرایی و بەروونی دیارە و حەقی تەقییمیان هەیە لەو رووەوە, شتێکی زۆر زۆر یاساییە, دام و دەزگای ئاسایش تەحقیق لە بەعزێ قەزایا بکات کە ئەگەر موستەمسەك نەبێت, ئەگەر هەر تەنها شك بێت, حەقی خۆیانە تەحقیق بکەن, ئەوەی کە من شارەزاییم هەبێت تا ئێستا و سەردانی بەتایبەتی ئاسایشی گشتی و ئەمانەم کردبێت, وەکو سجن نیانە, بەڵام بەعزێ تەحقیقاتیان کردووە, ئەگەر کەسێکیش لەوێ مابێتەوە بەراستی وەکو ئینسان موعامەلەیان لەگەڵدا کردووەو تا حەدێکی زۆریش هەموو پێویستیەکانی ژیان تەئمین کراوە بۆیان, بەنیسبەت عەفوی عام بەراستی هەڵەیە, بەڵام سیستەمی گرتنمان و مانەوە لە سجن ئەبێت پیاچوونەوەیەکی پیا بکرێت, ئسلوبێکی تر دابڕێژرێ, بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بەپێی ئەو تەصەروفەی کە دەیکات لەناو سجندا ئیستیفادە لە کۆمەڵگا بکات و جارێکی تر رێگەی پێ بدرێت کە بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا, بەنیسبەت سجن و

تەوقیف لە هەموو کۆمەڵگەی مەدەنی سجن عیلاقەی بەوەزارەتی دادەوە نییە، وەزارەتی داد راستە مەسئولی یاسایی هەموو کەسێکە ئەو کەسانەی کە حوکم دەدرێن، بەڵام بەرێوەبردن و بەخێو کردنیان ئەمە خەڵکێکی تر، بەتایبەتی خەڵکی ئەهلی سەرپەرشتی ئەوە دەکات، تەنها ناحیە یاساییەکان عیلاقەیان بە وەزارەتی دادەوە دەبێت، یەك دوو شتی یەکجار موهیمم هەیە، باسی ئەوە کرا کە ئەوەی هەتا هەتایی هەیە، ئەگەر هەتا هەتاییە با هەتاهەتایی بێت، ئەگەر نا با ئیعدام بێت، ئەمە غەدرێکی زۆر گەورەیە لە مرۆڤ دەکرێت، عادەتەن پێویستە مەحکەمە کاتێ کە حوکم دەدات، تەحدیدی ئەو کەسانە بکات کە حوکمی هەتا هەتاییان دەدەن، لە کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو کەلیمەیان گۆڕیوەو کردوویانە بە ژیان، ژیان کاتێك کە حاکم حوکم دەدات دەڵێ ژیان لەگەڵ ئیحتیمالی گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگا، یانی ئەمە پاش مودەی پازدە ساڵ، بیست ساڵ ئەگەر تەصەرووفی باش بوو لەناو سجندا، ئەوا بەرەڵڵا دەکرێت، ئەوەی کەتەصرووفی باش نەبوو، حاکم هەست بکات کە ئەمە بەعەمەلی کۆمەڵگا نایەت، ئەڵێ ژیان، بەڵام مەجالی ئەوەی نەبێت بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا، بەنیسبەت ئیعدام هەموو کەسێك ئیعدام ناکرێت، ئەوانە ئیعدام دەکرێن کە کاری کوشتن دەکەن و خەڵك پارچە پارچە دەکەن، یانی جەرائیمەکەیان زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ کوشتن، لەبەر ئەوە مەفروزە ئەم نوقتەیە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت و وائاسان نەبێت، ئەوەی هەتا هەتایی نەبێت و ئیعدامی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەموو لیژنەکان راپۆرتی تێر وتەسەلیان پێشکەش کرد، وەزیرە بەڕێزەکانیش وەڵامیان دانەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە با هەمووی بە تێکڕایی کە لەسەر راپۆرتەکان بەشێوەیەکی گشتی، من پێم وایە دەبێت بەند کراو وگیراو پۆلین بکرێن، لەرووی ئەنجام دانی ئەو کارەی کە پێوە تۆمەت بار دەکرێت، ئەوانەی کە تێکدانی ئەمنیەتی هەرێم ئەوا جیا بکرێنەوە لەگەڵ ئەوانەی کە ناتەبایی و کێشەی کۆمەڵایەتیان دەبێت جیا بکرێنەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ دەزگا پەیوەندارەکان پۆلین کردنی بەندکراو گیراوەکان بکرێت، لەرووی ئەنجام دانی کارەکانیان، لەلایەکی تر ئەوەی کە من سەرنجم هەبوو لە تێکڕای راپۆرتەکان و لەتێکڕای ئەوانە من حازر بووم بەشێکی لەدەرەوە بووم، لەسەر ئەوە کە زۆر عاتیفە زاڵ بوو بەسەر ئێمەدا، بێ لەبەر چاو گرتنی بەرژەوەندی گشتی یان ئاسایشی گشتی وڵات، یان ئاسایشی هەرێم، ئێمە لەواقیعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا دەژین، کە دەبێت هەندێك شت ماویەتی ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەی کە باسی لێوە دەکەن، بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەکرێت، ماڧی مرۆڤ رەچاو بکرێت، لەگەڵ ئەوەدام ماڧی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی هەموو بەندەکانی رەچاو بکرێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبێت رەچاو کردنی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، تەماشا دەکەی ئەو بەندیخانانەی کەئێمە هەمانە نەبوونەتە مەڵبەندی چاکسازی جارێکی تر بەو شێوەیەش لێبوردنی گشتی بدرێت، لەگەڵ کەمکردنەوەی سزادانم، چ ماوەی سزادانەکە، بەڵام لێبوردنە گشتیەکە بەشێوەیەکی وا رەها ناکرێت، چونکە چەند جار ئەگەر دەزگا

پەیوەندارەکان, بێگومان ئەوان زانیاریان زیاتر هەیە لە ئێمە, خەڵك هەیە ئازاد کراوە, جارێکی تر هەمان تاوانی ئەنجام داوە, بۆ چەندەمین جاریش دووبارە بۆتەوە, بەتایبەتی تاوانی دزی کردن و تاوانی کوشتن, تاوانی تۆڵە سەندنەوە, بۆ رەچاو کردنی تەبایی کۆمەڵایەتی و بەرقەرار بوونی ئاسایش و بەردەوام بوونی ئەو ئاسایشە کە ئێستا لە هەرێم هەیە, بەدەر لەبەشەکانی تری عێراق, پێم وایە زیاتر هێندە عاتیفە زاڵ نەبێت بەسەرماندا, پێویستە زیاتر دیراسەتێکی وردتر بکەین, لەرووی کۆمەڵایەتی و واقیعی سیاسی و باری ئەمنی لە کوردستاندا, سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو ئەگەر شتێکتان نییە, من لەجیاتی ئێوە خولاصەکە بڵێم, بەڵێ کاك کریم فەرموو.

**بەرێز کریم سنجاری/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەڵامی سێ خوشك و برایەك دەدەمەوە, بەرێز کاك عوسمان بانی مارانی, باسی هەندێ شتی کرد دیار بوو لێرە نەبوو کە جەنابت باسی هەندێ شتت کرد کە عیلاقەی بە ئێمەوە نییە, بەڵام من دێمە سەر خاڵەکانی زۆر تەئکیدی لەسەر دەکرد و دەیگوت کە هەندێ کەس بێ سەروشوێن کراون, بۆ جەوابت نەداوەتەوە, من داوا لە لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەم لە سجنی مەحەتەی هەولێر, لە سجنی تسفیراتی دهۆك چ سجنێك هەیە بێ سەرو شوێن کراوە, ناوەکەمان بدەنێ بۆ ئەوەی ئێمە تەعقیبی بکەین, شتی وا هەیە, دوو دەڵێ کەس وکاری هەندێك سجن قەدەغە کراون لە بینینیان, وابزانم رێگا کراوەتەوە و زیارەتی هەفتانە هەیە, هەموو کەس دەیبینێت, نموونەتان هەیە بماندەنێ کەسێك قەدەغە کرابێت, چونکە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان باسی ئەوەی کرد کە مەوزوعی موتەعلیق بە ئێمە, بەڵام کاك عوسمان باسی کرد و من مەجبورم جوابی بدەمەوە, سێ هەندێ کەس ئازاد کراون و هەندێ کەس ئازاد نەکراون, ئەویش باس کرا ئەو عەفوە عیلاقەی بە ئێمەوە نییە, وەزارەتی ناوخۆ عەفو دەرناکات, سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران عەفو دەردەکات و دەتوانی ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەوان بکەیت, بەنسبەت بەرێز کاك خورشید تەبیعی ئەویش مەوزوعەکە عیلاقەی بە ئێمەوە نییە, بەڵام من دەمەوێ نەختێك روونکردنەوە بدەم, ئێمە لە مەرحەلەیەك دەژین ئیرهاب یەخەی ئێمەی گرتووە, ئەو کەسانەی کە گیراون بۆ ماوەیەك هەموویان توهمەکەیان ئیرهابە سەر بە گرووپی ئەنساری ئیسلامن, یان گروپەکانی تری تیرۆریستی, هیچ قانونێك نەبوو موعالەجەی ئەو وەزعە بکات, وەزعی ئەم گیراوانە, ئێستا قانونی ئیرهاب دەرچووە لە پەرلەمان, هەموو دەزگاکانی ئەمنی وابزانم خەریکن بە پەیرەو کردنی ئەو قانونە, وابزانم ئەو موشکیلە نامێنێ, دەمێنێ موشکیلەی ئەوانەی کە کۆن گیراون, چونکە قانونەکە بە ئەسەر رەجعی نییە, ئەبێت ئێوە لەپەرلەمان چارەسەرێکمان بۆ بدۆزنەوە, چارەیەکی قانونی ئایا ئەو دەزگا ئەمنیانە چی لەوانە بکات, بەرێز کاك عبدالرحمن باسی تەبلیغاتی قەزائی کرد, زۆر سوپاسی دەکەم ئیقتراحێکی باشە, ئێمە دائیرەی تەبلیغاتی قەزائیمان هەیە, موشکیلەمان نییە, یەك موشکیلەمان هەبوو لەکاتی دوو ئیدارەکە, هەندێ

**کەس جەریمەی لێرە دەکرد و رای دەکرد بۆ سلێمانی، بە پێچەوانەوە لە سلێمانی جەریمەی دەکرد و دەهاتە ئێرە، ئەو موجریمانە ماون، ئێستا ئێمە لیژنەیەکمان دروست کردووە لە هەردوو وەزارەت و خەریکین کێشە بە کێشە ئەوانە هەموو دەگیرێن و دەدرێن بە دادگا، خوشکە سۆزان داوای دەکرد کە بەنسبەت لیژنەی مافی مرۆڤ رێگایان پێ بدرێت زیارەتی سجن بکەن، من دەمەوێ تەوزیحێك بدەم لەو بارەیەوە، سجنەکانی ئێمە کراوەن بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ، دائیمی دەچن بە کەیفی خۆیان بیانەوێ، صەلیبی ئەحمەری دەولی بە هەموو شەوێ دەچن سەردانیان دەکەن، مونەزەمەی عەفوی دەولی دەچن سەردانیان دەکەن، کەواتە بەبێ سوئال و جەواب لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانیش دەتوانێت زیارەتیان بکات، ئێمە راپۆرتی زۆرمان هەیە لە صەلیبی ئەحمەر لەو دەزگا نێو نەتەوەیی کە چۆن ئیحترامی مافی مرۆڤ کراوە لە سجونی ئێمە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، با وەزیرەکان تەوزیحاتی خۆیان بدەن، فەرموو کاك عدنان.**

**بەڕێز عدنان محمد قادر/وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ببورە هەندێ پرسیار ئاراستەی ئێمە کرا، حەز دەکەم بەکورتیش جەوابیان بدەمەوە، بەڕێزێك پرسیاری کرد ئەوانەی کە سجنن ئایا ئەو خێزانانە هاوکاری دەکرێن  کەس وکاریان، ئێمە قانونی چاودێری خێزانمان هەیە، هەر کەسێك ئەو قانونە شمولی بکات، سجنی زۆرمان هەیە، بەپێی ئەو قانونە یارمەتیان دەدەین، ئێستا قانونێکی ترمان هەیە لە عێراق دەرچووە، خودی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ئەوە شمولی ئەوانە دەکات کە بێ کارن، بەتەئکید ئەوانە یارمەتی دەدرێن، یەکێکی تر باسی نەخۆشخانەی دەروونی کرد، رەنگە ئەوە پەیوەندی بەئێمەوە نەبێت، لەوانەیە بەشێکی پەیوەندی بەئێمەوە هەبێت، لە سلێمانی ئێستا مەصەحەیەکی نەفسی لە تاسلوجەش کراوەتەوە، ئێمە خۆشمان ئەو بنکە تەندروستیەی شاوەیس من و بەڕێز دکتۆر زریان کە بیستمان صەحەفیەك شتێکی وت، چووین سەردانمان کرد فیعلەن باش نییە ئەوە، کاك کریم ئاگادارە ئەو هینەم نەقل کرد بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەت، داواکەی قەبووڵ کرد، وتمان لە شوێنێکی گەورە لەجێگایەکی فراواندا مەصەحێکی نەفسی بکەینەوە لە هەولێریش، دکتۆرە ژیان خۆی لێرەیە کە وەکیل وەزیر صحە بوو چوو بۆ لای ئەو، ئەفکاری بەڕێز سەرۆکی وەزیرانم پێیە، کە موافەقەی کردووە و نەخشەکەی بۆ کردین و بۆ ئەوەی دروست بکرێت، ئەوەی عیلاقەی بە تەندروستییە، ئەوە خۆیان سەرپەرشتی دەکەن، ئەوەی عیلاقەی بە ئێمەوە هەیە توێژەری کۆمەڵایەتی وئەوانە ئیشی لێ بکەن جێبەجێ دەکەین، کردنەوەی خول لە سجندا ئەوە پرسیارێك بوو کرا، ئەو خولانەش لە سجن دەکرێنەوە بۆ زمان، تائێستا ئەوەی عیلاقەی بەو سجنانەی کەپەیوەندیان بە وەزارەتی کۆمەڵایەتیەوە هەبێ، خولی زمانی فارسی، ئینگلیزی، عەرەبی، کراوەتەوە لە سلێمانی و لێرەش خول زۆر دەکرێتەوە، نوکتەیەك هەیە و گێڕامەوە کاك هەمزە هەبوو هەندمان خول پێکردەوە لەسجنێك پرسی بووی هەوڵ بدە نەیەتەوە ئێرە،**

وتبوی نایەمەوە ئێرە نەك لەبەر ئەوەی چاك بوومە, لەبەر ئەوەی تۆ مێشكت تێك دام هەندە دەورەت پێكردین, باسی ئەوە كرا كە سجنەكان فێری ئیش بكرێن, ئێمە باسمان كرد كە سجنەكانمان خۆیان باش نین, هەموویان سجنی بچوكن جێگەمان نییە, كە جێگەمان نەبێ لەكوێ ئەو شوێنانە بێنن, ئەگەر توانرا سجنی گەورە دروست بكەین حەتمەن ئەوە دەكرێت, هەرچەندە ئێستا لە سجنی ئەحداس هەم لە سلێمانی و هەم لە هەولێر و هەم لە دهۆك ئەو كارانەمان هەیە, بەڕێزێك پرسیارێكی كرد وابزانم دكتۆرە شوكریە بوو, گوایە توێژەری كۆمەڵایەتی بەناوی صەریحەوە لەسەر خەڵك دەنووسێ, ئەگەر ئەوە بووبێت, رەنگە محاسەبەی دەكەین و قەبووڵیش ناكەین جارێكی تر ئەوە بكرێت, ئەوە موستەحەق نییە بەناوی خۆیەوە بڵاوی بكاتەوە, ئەگەر موشكیلەی هەبێت ئەوە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە, مەسەلەی سجن و قوتابی ئەوانەی رەبتیان بە وەزارەتی كۆمەڵایەتیەوە هەیە, ئێمە لە حاڵەتی ئیعتیادیدا ئیجازەمان داوە سێ مانگ جارێك بەپێی قانون, یەك دوو حاڵەتیشمان بووە ئەوەی ئیمتیحانی هەبووە داوای كردووە و ئیجازەمان داونێ, ئیزنیشیان دەدەین و حەقی خۆیتیان, ناهێڵین مەكتەبیان بفەوتێ, چارەسەری كێشەی منداڵی بچووك لە سجن, ئەوەش كێشەیەكە نازانم رەنگە یەك دوو حاڵەتی وا هەبووە, دایكەكە منداڵێكی بچووكی لایە, چی لێ بكەین, ئێستا خانەی منداڵانمان هەیە, ئێمە خۆمان لە محاوەلەی ئەوەین ئەو منداڵانە بگەڕێنینەوە نێو كۆمەڵگە, لە سلێمانی تەقریبەن چل و ئەوەندە منداڵمان بووە ودوو لەسەر سێمان گێڕاوەتەوە وبچێتە ناو كۆمەڵگە, بەمناڵیەوە بگیرێن و تائەوەی گەورەش دەبێت غەریب دەبێت لەناو كۆمەڵگە ئەوەش موشكیلەیەكە بۆخۆی, نازانم ئەوەش خۆتان بیرێكی لێ بكەنەوە, ئێوەش بیرێكی لێ بكەنەوە بزانین چی بكەین بۆ ئەو مناڵانە, هەندێكی شیرە خۆرەن و تا دوو ساڵ لای دایكی بێت باشترە, ئەگەرچی ئەو عقوبە نەدراوە ودایكی عقوبە دراوە, لەسجن ئەوەندە بكرێ كە ئێستا لە سلێمانی قوتابخانەی شەش پۆلی دروست كراوە و ئەوەی هەولێریش وەكو خۆتان باسی دەكەن سجنێكی تازە دروست دەكرێت و ئەو پێویستیانەی هەمووی تێدایە, ئاخیر نوقتەم ئەوەیە كە كاك محمد پرسیارێكی كرد تۆزێ بەلامەوە سەیر بوو, ئاراستەی منی كرد, دیار بوو تەقریرەكەی باش نەخوێندبۆوە, ئەوەی كەباسی تەنكەری ئاوەكەی كرد. سجنی مەحەتەی هەولێر عایدی ئێمە نییە, عایدی كاك كریمە, ئەوانیش داوایان كرد وفعلەن بۆیان دابین دەكەن, دهۆك عایدی ئێمەیە, ئەویش ئاراستەی منی كردبوو بە پێكەنینەوە باسی كرد, پرسیارێكی تریش ئەوەی عەفوەكە, عیلاقەی بە منەوە نییە, كاك كریمیش جوابی نەدایەوە, سلێمانی شمول ناكات, من وكاك محمد لەمەنتیقەیەكدا بووین لە شارەزوور و ئەوانە, خۆی دەزانی رەنگە خەڵكی ئەوانیش گیرابن, ئەنصار لەوێ بوو خەڵك زۆر گیراوە, تۆ هاتوچۆت كردووە, ئەوانەی كەگیراون لە سلێمانی زۆربەیان ئەنصارن وخۆیشت دەزانی وەزعی ئیرهاب چۆنە, رەنگە ئەندامی ئێوەی تێدا بێت, بۆ نموونە ئەحمەد شەش پەنجە, زۆر محاوەلەتان كرد بەربێت وماموٚستا عەلیش داوای كرد, بۆ ئەوەی ئەو تەوزیحە بدات, بۆ ئەوەی روون بێت, ئەوانەی لەوێ گیراون هەمووی ئەنصاری ئیسلامن, دەلیلیان لەسەرە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من تەوزیحێكی بچووك دەدەم, بێگومان كاك محمد حكیم مەقصەدی ئەوە بوو, عەفو خاصەكەی حكومەت, دیسان تەئكید دەكەمەوە, عەفو نییە, چونكە ئەوانە مەوقوف بوون, مەحكوم نەبوون, ئیتلاق صەراحە لەگەڵ غەلقی مەلەف, ئەو ناوانە بوو لێرە ئەگەر كەسێك هەبێت لە سلێمانی بێت لەلایەن سەرۆكی هەرێمەوە, بڕیارەكە لەوێ جێبەجێ دەكرێت, بەڵام كەسێك نەبوو پرۆژەیەك تەقدیم بكات و ناوێك هەبێت كە پێویست بكات كە ئیتلاق صەراحیان بكات, كاك فاررووق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەسەلەی حاكمی ئاسایش كەباس كرا, تەبیعی حاكمی ئاسایش مانای ئەوە نییە ئەو حاكمە بەشێكە لە ئاسایش, حاكم بەشێكە لە مەحكەمە, بەڵام بە حوكمی دابەش كردنی ئیش وكارەكان, دائیمەن لە حاكمی تەحقیق چەند حاكمێك دادەنرێت, یەك ئیحصای ئاسایش دەبێت, یەكێك موكافەحەی ئیجرام دەبێت, یەكێكی تر لە مەنتیقەیەكی تر ئیش دەكات, ئەوەیە مەوزوعەكە, بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو حاكمەی كە ئیش دەكات لە ئاسایش صاحبی قەراری خۆی بێت, صاحبی شەخصیەتی خۆی بێت, ئەگەر هەرچی مودیر ئاسایش پێی گوت ئیمزای كردووە و هەرچی زابتی ئاسایش ئیزبارەی بۆ هێناوە وچاوی قوچاندووە و ئیمزای كردووە, مانای فەرقی نابێت لەگەڵ حاكمەكەی زەمانی بەعس كە هەرچی ئەمن پێی دەگوت ئەوە جێبەجێ دەكات, ئینجا بۆیە بەرەئیی من دەمێنێتەوە سەر شەخصیەتی حاكم, پێویستە وەزارەتی دادیش ئەو كەسانە دابنێت كە بەراستی صاحبی قەراری خۆیان بن لەو مەسەلەیە, مەسەلەی ئەوانەی حوكمیان كۆتایی پێ هاتووە كەبەر نادرێن, بەراستی ئەوە خەرقە لەلایەن سوڵتەی تەنفیزیەوە, مەفروزە وەزیری داد بەهیچ نەوعێك قەبووڵ نەكات. من بۆ نموونە پێشی یەكگرتنەوەی ئیدارە دوو مەوزوعی ئەوها روویدا كە لەسلێمانی وەكیلی وەزیری داد بووم, بە هیچ نەوعێك قەبووڵم نەكردووە, خەریك بوو ئیستیقالە بدەم ئەگەر بهاتبایە قەرارەكەیان جێبەجێ نەكردبایە ئاسایشی سلێمانی, فعلەن دەست بەجێ كۆتایی بەو كێشەیە هات, ئینجا بۆیە پێم وایە وەزیری داد مەسئولە لەو مەسەلەیە, ئەگەر لەهەر شوێنێك دیتی قەراری مەحكەمە جێبەجێ ناكرێت, نابێت بەهیچ نەوعێك قەبووڵ بكات, مەسەلەی تەبلیغات و چارەسەر كردنی كە كاك عمر ئاماژەی پێكرد, مەوزوعی تەبلیغات بەراستی ئەوە زیاتر عیلاقەی بە وەزارەتی داخلیەوە هەیە, بەڵام پێویستە وەزارەتی داد بەهاوكاری لەگەڵ وەزارەتی عەدل و جیهازی شورتە ئەو كێشانە چارەسەر بكات, چونكە بەراستی یەك لە مەسەلە گرنگەكانە كە چارەسەركردنی كێشەكان تاخیر دەكات, مەسەلەی تەبلیغاتە و مەسەلەی بەعزە وەزارەتە, وەزارەتی پێشمەرگەیە, یا وەزارەتی داخلیە هەندێ جار تەئخیری دەكەن لە ناردنی بەعزە مەسئولین بۆ مەسەلەی ئیفادە دان ئەو یەكێكە لەو مەسئەلانە, مەسەلەی دامەزراندنی دادوەر بەراستی ئەوە كێشەیەكە ئێمە بمانەوێی و نەمانەوێ باسی ئەوە ناكەم لە كام لا زیاتر لە كام لا كەمتر, بەڵام پێش یەكگرتنەوەی ئیدارە مەسەلەی دانانی دادوەرو نائیب

مودەعی عامەکان, بە شێوەیەکی خراپ بەڕێوە دەچوو, ئەوەی ئیستیمارەی حزبی پڕ کردبایەوە ئەو دەبووە حاکم, یان دەبووە نائیب مودەعی عام, لەگەڵ قانونی سوڵتەی قەزائی ناگونجێت, چونکە ئەوانەی حزبی نەبن, هەتا ئەگەر حزبیش بن ئەگەر ویستیان ئەو وەزیفەیە بکەن, دەبێت ئیستیقالە بدەن لەو حزبە, بەڵام بەداخەوە پێش یەکگرتنەوەی ئیدارە نەبووە, ئێمە لەو فەترەی ئەخیردا لەگەڵ کاك ئازاد تووشی کێشەیەکی وا بووین کە کۆمەڵێك خەڵك بە ئەمری بەڕێز کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم دایانمەزراندبوون, بەبێ ئەوەی کە رەچاوی شروتی قانونی بکەن, وەڵلا من و کاك ئازاد رەئیسی مەحکەمەی تەمییز چووینە لای کاك مسعود وهەموو مەسەلەکەمان تێگەیاند, فعلەن زۆر بەرەحابەتی صەدرەوەش وەریگرت و بڕیاریشی دا کە ئەو مەسەلەیە مادام غەیری قانونیە نابێت جێبەجێ بکرێت, لە ئەنجومەنی قەزائیش رەفزی کرد, بەڵام من پێم باشە ئێستا ئەو مەسەلەی دامەزراندنی دادوەر رابگیرێت تا هەردوو وەزارەتی داد یەك دەگرنەوە, ئەو کاتە بەپێی پێداویستەکان چەند حاکمان ویست ئەو وەختە قانون رێگای بۆ داناین کە ئیعلانی بکەین لە وەسائیلی ئەعلام لە جەریدە لە تەلەفزیۆن کەپێنج حاکمان دەوێ, دە حاکمان دەوێ, ئەوەی شروتی قانونی تێدا هەیە هەموو کەسێك بۆی هەبێت کە تەڵەباتی خۆی تەقدیم بکات و بێنە ئەنجومەنی قەزائی و لەوێ ئیمتیحان بکرێن و کۆتایی پێ بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز یوسف محمد عزیز(د. شوان)/وەزیری مافی مرۆڤ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی سۆزان خان, مەکتەبی مافی مرۆڤ لە سجنەکان, ئێمە ئەو مەوزوعەمان موناقەشە کردووە لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران, مەبدەئیەن موافەقە کراوە کە نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤ, نەك فەقەت لە سجن و لە مەحکەمە و لە وەزارەتەکانیش هەبێت, ئەوە لە بەرنامەدا هەیە, بەڵام چۆن تەتبیق دەکرێت ئەوە ئیعلان دەکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا کوردستان بە زروفێکی تایبەت دەرباز بوو, زۆر حاڵەتی ناتەبیعی روویدا, هەرچی ئەوانەی زیندانی بوون هەندێك بەناحەق لە زیندان ماون, چیش ئەوانەی تا ئێستا ماونەتەوەو محاکەمە نەکراون, ئیحتیماڵە دادگایی بکرابان, سزاکەیان زۆر قورستر بوو لەوەی کە ئەو دوو ساڵ سێ ساڵە لەوێ, ئەمڕۆ ئێمە لە وەزعێکی تەبیعین ئەلحمەدولیلا کوردستان ئیستیقرارە, پێویستە وەزارەتی داد دەوری خۆی ببینێت, ببێتە خاوەن گشت زیندانیەکان, ئەو زیندانیانەی لە کوردستان هەنە پێویستە شاراوە نەبێت, ئاشکرا بێت خەڵکێکی کە لەو زیندانانە ئەو یاسایەی کە لە کوردستان هەیەتی لەسەریان تەتبیق بکرێت, چی یاسای ئیرهاب ئەوەی کە لەمەودوا ئەگیرێت, یان یاسای عقوبات کە پێش ماوەیەك کە لەم پەرلەمانە بڕیاری لێ درا, یان ئەوانەی بەریئن پێویستە ئازاد بکرێن و قەرەبووش بکرێنەوە, چونکە بەراستی خەڵکێك هەنە وەکو موراجەعەی ئێمە دەکەن لەم پەرلەمانە, کە مناڵیان دوو ساڵە و سێ ساڵە گیراون و دادگایی نەکراون,

هەیشە دەڵێ دادگایی کراون و دادگا ئازادیشی کردوون, بەڵام هێشتا لە ژوورەوە ماون, لەبەر ئەوەی شکوکیەتێك لەسەریەتی, بۆ ئەوەی عەدالەت بەتەواوی جێبەجێ بکرێت پێویستە وەزارەتی داد خاوەنی گشت زیندانەکان بێت, دەزگای زانیاریش و دەزگای ئاسایشیش دەزگایەکی رەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستانن, وەزارەتی داد واجبیەتی لەگەڵیان پەیوەندی بکات, بۆ ئەوەی ئەو رەوشە روون بێت, ئەو بەرێزانەی کە ئێستا لە ژوورەوەن و خۆیان بە بەریئ دەزانن, پێویستە ئیعادەی ئیعتیبباریان بۆ بکرێت بێنەوە ناو کۆمەڵگا, ئەوانەشی کە (بالفعل) کە ویستویانە وەزعی کوردستان تێك بدەن و خەڵك بکوژن, پێویستە ئەوانەش سزا بدرێن, بەگوێرەی ئەو یاسایانەی کەلە کوردستان هەیە, سوپاسی ئەو وەزیرە بەرێزانەش دەکەین کە پشتیوانی تەقریرەکەی ماف مرۆڤ ولیژنەی یاساییان کرد بۆ چاکسازی و زیندانیەکانی کوردستانیش ئەوانەی مەعلومن و مەعروفن لەبەرچاون, رۆژ بەرۆژ بەرەو باشتر ئەڕوات, لەبەرنامەی داهاتووش وەکو ئێمە ئاگادارین سجنی باشتر دروست ئەکرێت, بۆ ئەوەی کە ئینسانێك ئەگیرێت کە جەریمەیەك دەکات بەرامبەر جەریمەکەی تەحدیدی ئازادیەکەی دەکرێت, بەڵام نابێت زوڵمی لێ بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ خاڵی بچووکم هەیە, یەکەمیان ئەو مەسەلەیە صوڵح, صوڵح عقوبەیە, صوڵح کردنیش هەر عقوبەیە, یانی تۆ بە پارەیەك تەعویزێك لەو موجریمە بە کەس وکاری ئەو کەسەی کە تاوانەکەی لەسەر کراوە دەدرێ, لەبەر ئەوە کە ئەڵێی صوڵح مانای ئەوە نییە عقوبە نامێنێ, یا قانون هەیبەتی نامێنێ, صوڵحیش هەر عقوبەیە, هەندێ گیراو کە وتیان کە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی یارمەتیان دەدەن, بەراستی ئەوە ئیشێکی زۆر موهیمە, بەڵام هەندێك هەن کە گیراون هەر لە مانگێك دوای گرتنیان مەعاشەکەیان بڕیون, یانی عائیلەی بێ سەرپەرشت لەلای ئێمە هەیە, ئەگەر دوایی ویستتان دەتوانین ناوەکانتان بدەینێ, خاڵێکی تر کە ئەڵێین لێپێچینەوە, یانی مەبەست ئەوە نییە ئێمە بڵێین هەر ئیشێك کە دەکرێت هەڵەیە, یانی ئەم وڵاتە ئیشیش دەکرێت و ئیشی زۆرباشیش دەکرێت, ئیش دەکرێت ئەبێ بزانین هەڵە دەکرێ, یانی ئەمە نەکەین بە شامی شەریف بڵێین ئیتر دونیا تەختە و هیچی تێدا نییە, یانی ئێمە بە جورئەت بین هەڵەکانی خۆمان, خۆمان بیڵێین, با خەڵك پێمان نەڵێت, ئەگەر خۆمان بیڵێین دەتوانین چارەی بکەین, بەڵام ئەگەر خەڵك وتی من قەناعەتم نییە کە بۆمان چارەسەر بکەن, لەبەر ئەوە بەجورئەت بین, یانی کە ئەڵێین لە ئاسایش سجن نییە, ئەی لەکوێ هەیە, دوو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نەکەین بە معیار, وەڵڵا وەزعەکە ناسکە و ئیتر ئەمەیە, با ئێمە بەجورئەت بین, ئێستا قانون هەیە ودەستوور هەیە, هەر کەسێك تاوانبارە هەڵیواسە, هەرکەسێکیش بێت تاوانی نییە با بچێت بەدەست ئیشی خۆیەوە, باسەکە لێرە دەکرێت, ئێمە دوو نەوعە کەسمان هەیە, خەڵکێکمان هەیە موتەهەمە بە فیعلی موتەهەمە, یانی تاوانی ئەنجام داوە, ئەمە ئەبێ مامەڵەی ئینسانی لەگەڵ بکرێت, ئێمە وەکو لیژنەی ماف مرۆڤ داوا ئەوە دەکەین,

خەڵكێك كە ئەگیرێ عقوبە دەدرێ و موستەحەقی عقوبەكەیە وەكو ئینسان مامەڵەی لەگەڵ بكرێت, دوو كەسێكی تر هەنە گیراون بەناوی موتەهەم, بەڵام بێ تاوانن, ئێمە داوا دەكەین بە یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت, ئیتر نەچین بۆ شتی تر, نەپیێچین بەشتی ترەوە, ئێمە لە لیژنەی مافی مرۆڤ سێ جۆر سكالا هاتۆتە لای ئێمە, چوار هەبووە بەڵام چوارەممان وەرنەگرتووە, خەڵكانێك كە خەڵكیان گیراوە بەناوی تیرۆر بەناوی ئەنصار, بەناوی هەر كەسێ حوكم دراوە ئێمە ئەو سكالانەمان وەرنەگرتووە, مادام حوكم دراوە, ئەوە ڕێچكەیەكی قانونی بۆ خۆی گرتووە, تۆ ئەتوانی مەسەلەن لە رووی قانونیەوە بێی مامەڵە لەگەڵ ئەو قانونە بكەیت, ئێمە تەنها داواكاری ئەو خەڵكانەمان وەرگرتووە:

1-كە خەڵكەكانیان تا ئێستا نەدراوە بەدادگا, كە سێ ساڵ, چوار ساڵ بەسەریدا چووە, یانی ئێمە خەڵكمان هەیە سكالای هەیە لای ئێمە لە 2002ەوەیە.

2-خەڵكێك دراوە بە دادگا و دادگایی كراوە كە من تەمەننا دەكەم ئێوە ئەو حاكمانەی كە لەئاسایش حوكم دەدەن سەر بەئێوە بن, لێیان بپێچنەوە, بەڵام مودەكەشی تەواو كردووە ساڵ و نیویشی بەسەردا چووە وبەرنەبووە.

3-خەڵكێك دیار نییە, كەس وكارەكەی نازانن لەكوێیە, گیراوە شوێنەكانی لای ئێمە دیارە لە فلان شوێن گیراوە, ئێستا دیار نییە, خەڵك دەڵێن ئەمانە دیار بكەن, ئەگەر نەدراوە بەدادگا بیدەن بەدادگا, تاوانبارە با بەپێی تاوانەكەی خۆی حوكم بدرێت, ئەگەر تاوانی نییە با بەربدرێت, یانی بەحسەكە لەوە نییە بڵێی وەڵڵا خەڵكێكی ئیرهابی بێتە دەرەوە هەم تاوان ئەنجام بدات, نەخێر.

تكا دەكەم مەسەلەكان بە وازحی تێ بگەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا تكا دەكەم لە مەوزوعەكە دەرچووی, عەفوم دەكەی ئەو توهمەتە نەخەیتە سەر خۆت و نەبیخە سەر چ لایەنێكیش, ئەگەر ئیجازە هەبێت, مامۆستا محمد دەڵێ صوڵحی عەشائیری عقوبەیە, بە هیچ شێوەیەك عقوبە نییە, بەشێكە لە كێشەكە, جوزئێكە لە قەزیەكە, بەتەنیا حاكم عقوبەكە دەدات, كەسی تر عقوبەكە نادات, ئەوە مەسەلەیەكە دەبێ روون بێتەوە, من لە خولاصەی ئەو دانیشتنە زۆر سوپاسی هەموو لایەك دەكەم, وەزیرە بەڕێزەكان كە هاتوون ئەمڕۆ لەوەزارەت دەوامیان نەكردووە, سوپاسیان دەكەین و جوابی راپۆرتەكانیشیان داوە, شتی جوانیشیان روون كردەوە, سوپاسی هەموو لیژنەكان دەكەم كە ماندوو بوون لەو فەترەیەدا, سەردانی گرتووخانەكانیان كردووە و لەسلێمانی و لەهەولێر لە دهۆك, ئەمە وەكو عەرزم كردن سەرەتایە, سەرەتایەكە ئەگەر بێتو بە مەوزوعی تەقییمی بكەین زۆر باشە, كە دەڵێم مەوزوعی بە رەچاوكردنی ئەو حكومەتەی پێنج مانگە دەست بەكارە, ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە دواوە كە دوو ئیدارە هەبووە, بڕۆین محاسەبەی هەموو ئیجرائات و قانونێك بكەین كە لە سلێمانی روویداوەو لە هەولێر روویداوە, ئەمە دەست پێكردنە وەكو سەرەتایەك ئەم كۆبوونەوەیەمان ئەنجام داوە وەكو تەحدیدەن بۆ ئەو شتە, وەكو سەرەتایەكە پێم وایە ئەگەر وەكو سەرەتایەك تەماشا بكەین لەبەر

رەچاوگرتنی ئەو پێنج مانگە, کات زۆر باشە, دەستتان خۆش بێت, سەرکەوتوو دەبن, داوام لە وەزیرە بەرێزەکان ئەوەیە لەبەر رۆشنایی ئەو کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆو لەبەررۆشنایی ئەو شتانەی کەلەبەر دەستتاندایە, ئەو هەنگاوانەی کە قەناعەتیان پێیەتی و باشە بۆ چاککردنی گرتووخانەکان و وەزعی بەندیخانەکان و هەتا مولاحەزاتی تریش کە لابەلا بۆیان هات موتابەعەی بکەن, هەر بڕیارێکیش دەردەکەن, نوسخەیەك بدەنە پەرلەمان بۆ ئەوەی لیژنەی پەیوەندار ئاگادار بکەینەوە لێی و مولاحەزەی بکات لێی, لەبەرنامەی داهاتووی خۆیدا رەچاوی بکات, پێش ئەوەی کۆتایی بە کۆبوونەوەکە بێنین, سبەی نا دوو سبەی کۆدەبینەوە بۆ موناقەشەی یاسای وەزارەتی پەروەردە, راپۆرتی لیژنەی یاسا حازرە, پێم وایە دەبێت راپۆرتی لیژنەی پەروەردەش حازر بێت, ئینشائەڵلا ئەگەر حازریش نەبوو, تەوزیعیش نەکرابێت, ئەمڕۆ و سبەی دەبێ تەوزیع بکرێت, دووسبەی سەعات دە کۆ دەبینەوە, بۆ لیژنەی پەروەردە, حەز دەکەن جەمعیەی حوکامیش ئەویش حازرە و کورتە ئەویش تەواو دەکەین, و ئینشائەڵلا لەو دوومانگە پرۆژەکانی وەزارەتەکان هەمووی تەواو دەکەین و پرۆژەیەکی گرنگیشمان لایە و لەپێش هەموویانەوە وەبیر لیژنەی یاسا دێنمەوە ئەو قەرارات وقەوانینەی کە لەدوو ئیدارەکەدا دەرچووە بە پرۆژە هاتووە, بۆ یەکلاکردنەوەی و تەوحید کردنی ئەمەش وەختێکی زۆری ناوێت, ئەگەر چوارشەممە کۆبوونەوە نەبێت بخرێتە بیدایەتی حەفتەی داهاتوو, ئەگەر هاتووە دیراسەی بکەن چونکە مەسەلەیەکی موهیمە, چونکە پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە, پەیوەندی بە وەزارەتی کاروباری وەزارەتی دادەوە هەیە, بەهەر حاڵ ئەگەر هاتە لاتان لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار وەزیری هەرێم بۆ کاروباری داد زوو یەکلای بکەنەوە, بخرێتە بەرنامەی کارەوە, جارێکی تر زۆر سوپاس, کۆبوونەوەکەمان کۆتایی پێ دێنین و هەر بژین.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كركوكى) | عدنان رشاد مفتى |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17)**

**چوار شەممە رێکەوتی 1\11\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (17)

## چوار شەممە رێكەوتی 2006/11/1

كاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2006/11/1 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (17)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (17)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەموار كردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای كۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (17)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2006/11/1دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە.

2-خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای كۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی كوردستان.

سەرەتا زۆر بەخێرهاتنی بەڕێز مامۆستا دڵشاد وەزیری پەروەردە و بەڕێز كاك سعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەم, زۆر بەخێربێن, داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دەكەم كە راپۆرتیان هەیە بۆ موناقەشە كردنی خاڵی یەكەم كە هەمواركردنی یاسای پەروەردە, فەرموو دانیشن, وەكو هەموو ئەو یاسایانەی كە موناقەشە كران, داوا دەكەم تەقریری لیژنەی یاسایی بخوێننەوە, دوایی خاڵ بەخاڵ و دوایی تەقریری لیژنەی پەروەردەش, دواتر خاڵ بەخاڵ ئەصڵەكە و موقتەرەحی لیژنەكان ئەگەر بكرێتە موناقەشە, فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی دەست پێ بکەین بە خوێندنەوەی راپۆرتەکان, تەوزیحێکمان هەیە حەز دەکەین بە ئێوەی بەڕێز رابگەیەنین, ئەویش ئەوەیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ لیژنەی پەروەردە دوو کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەنجام دا, کۆبوونەوەی یەکەم پەیوەندی هەبوو بەو پرۆژەیەی کەلەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە پێشکەش کرابوو, کە گۆڕانکاری تەواوی یاساکەی تێدا کرابوو, دوای ئەوەی لەگەڵ جەنابی دانیشتین و موناقەشەیەکی دووردرێژمان لەگەڵ کرد, هەموو لایەکمان هاتینە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئیمکان هەیە ئەوە به پرۆژە تەعدیلێك چارەسەر بکرێت, ئەوە بوو وەزارەتی پەروەردە پرۆژە تەعدیلێکی پێشکەش بە پەرلەمان کرد, ئێستا ئێمە کارمان کردووە لەسەر ئەو پرۆژەیە و لەگەڵ لیژنەی پەروەردە راپۆرتی جیامان هەیە, ئێستا برای بەڕێزم کاك کریم راپۆرتی لیژنەی یاسا دەخوێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسا**

**لێژنەکەمان هەڵساوە بە تاوتوێی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان - عێراق کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان رۆژی 2006/9/13بۆی ڕەوانە کرابوو، دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەل وەزیری ڕاسپێردراو بە پۆستی وەزارەت و گفتو گۆکردن و بیروڕا گۆڕینەوە لێژنە ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی خۆی سەبارەت بە پرۆژەکە بە تێکڕای بۆچوونەکان بەم شێوەی خوارەوە پێشکەش دەکات :-**

**یەکەم: ناوزەدکردنی پرۆژەکە بە (یاسای دووەم هەموارکردن بۆ یاسای پەروەردەی هەرێمی کوردستان – عێراق نمرە 4 بۆ ساڵی 1992ی هەموارکراو).**

**دووەم: لیژنە دیباجەیەك بۆ پرۆژەی یاساکە پێشنیاز دەکات.**

**سێیەم: ئەوەی پەیوەیستە بە مادەی یەکەم لە پرژەکەدا لیژنە پشگیری لێوە دەکات و پێشنیازیش دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دایرێژێتەوە:-**

**(ماددەی یەکەم ):- برگەی (3) لە ماددەی دووەم لە یاسای یەکەم هەموارکرنی یاسای وەزارەتی پەروەردە نمرە (17)ی ساڵی 2000 هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-**

**(وەزیر چەند ڕاوێژکارێکی دەبێ، نابێ ژمارەیان لە چوار زێتر بێت، لەبەرێوەبردنی کاروباری وەزارەت وجێبەجێ کردنی ئەرکەکانی تەکنیکی و پەروەردەیدا یارمەتی دەدەن بە مەرجێك هەڵگری بڕوا نامەی زانکۆی سەرەتایی و شارەزا و پیادەکار بن).**

**چوارەم:** ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی دووەم لەم پرۆژەیەدا، لیژنە پشتگیری لە ناوەرۆکەکەی دەکات و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

(ماددەی دووەم):-ماددەی دووەم لە یاسای پەروەردە نمرە 4 بۆ ساڵی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوەو ئەوەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:-

ئامانجەکانی وەزارەت:- پێگەیاندنی نەوەیێکی وریا و نیشتیمان پەروەر، سەودا بە بیرکردنەوەی زانستی، چەکدار بە زانست وداهێنان، وەرگر بە دەرهاوێشتەکانی پەرەسەندنی شارستانی، زانا بە مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی بوونی چاك و ئەرکەکانیان و تێگەیشتوو بۆ ئازادیو بەرپرسێتی لە کەمەربەندی کۆڵگادا بە جۆرێك لەگەڵ حوکمەکانی دەستوری هەرێمی کوردستاندا بگونجێت.

**پێنجەم:** ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی سێیەم لەم پرۆژەیەدا لیژنە پشتگیری ناوەرۆکەی دەکات و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

(ماددەی سێیەم) ئەمەی خوارەوە دەخرێتە سەر دواوەی ماددەی چوارەم لە یاسای نمرە 4 بۆ ساڵی 1992 و دەبێتە بڕگەی (5)ی ماددەکە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-

5-گۆرینی بەرنامەی خوێندن بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بەپێی داخوازیەکانی سەردەم بەجۆرێك لەگەڵ ڕێڕەوی پرۆسەی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان گونجاو بێت.

**شەشەم:** ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی چوارەم لەم پرۆژەیەدا لێژنە پشتگیری دەکات لەوەی تێیدا هاتووە بەخستنە سەر ئەم ڕستەی خوارەوە بۆ دواوەی بڕگەی (1) لە ماددەی پێنجەم لە یاسای نمرە 4 ی ساڵی 1992( بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی)و هەموارکرنی دەقی بڕگە (4) لەهەمان ماددەداو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

(ماددەی چوارەم):- هەردوو بڕگەی (1)و(4) لە ماددەی پێنجەم لە یاسای نمرە (4)ی ساڵی 1992و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

1-مسۆگەرکردنی ئامادەکاری مامۆستاو وانە بێژان و سەرپەرشتیارە پەروەردەییەکان وبەرپرسانی بەڕێوە بردنی فێرکاری و سەرپەرشتی کردنی ومەشق پێکردنیان لەکاتی خزمەتداو فەراهەمکردنیان لە گەشەسەندنی پیشەیی وزانستی داو پشتگیریکردنی پایەکەیان بە هەمەهانگی لەگەڵ وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دا.

2-گرنگیدان بە پەروەردەی ئاینیوڕەوشتەوە بەپێی سەرەتاکانی لێبوردەییو هاوکاریوڕاستگۆیو دڵسۆزی لە گوتن وکردەوەکاندا وێڕای ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتی ئایینەکانی دیکە لە هەرێمدا.

**حەوتەم:** یان ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی پێنجەم لەم پرۆژەیەدا لیژنە پشتگیری لە ناوەرۆکەکەی دەکات و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

(ماددەی پێنجەم):- ماددەی نۆیەم لە یاسای نمرە (4)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوە ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:-

**وەزارەت بۆی هەیە پۆل و قوتابخانەی ئەوتۆ دروست بکات بۆ دستەبەرکردنی:-**

**أ-چاولێکردنی درەنگ فێربووان وگوێچکە وچاوکزان بەپێی شێوازە زانستیەکانی سەردەم.**

**ب-چاولێکردنی سەرکەوتوان وبەهرەداران.**

**هەشتەم؛ یان ئەوەی پەیوستە بە ماددەی شەشەم لەم پرۆژەیەدا لێژنە پێی وایە کەوا ئاماژە بە نمرەی ماددەی شەشەم لە هەموارکردنی یەکەمی یاساکە بکرایە نەك بە ماددەی 23 لەبەر ئەوەی خۆی لە بنەرەتدا هەموارکراوەو لێژنەش دوای ئەنجامدانی هەموارکاری لەسەر بڕگەکانی (6،12،14)ی ماددەکە پشتگیری لێ دەکات، ئەویش بەدانانی ناونیشانی بڕگەی (6) بەم شێوەیە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخچەی ساوایان وخوێندنی سەرەتایی)ودانانی ناونیشانی بڕگەی (12)ش بەم شێوەیە ( بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاهێنان وپەیمانگاکان)و لادانی وشەی (قوتابخانەیی) لە دواوەی بڕگەی (14)ی ماددەکەدا و ماددەکەش دوای ئەنجامدانی هەموارکاریەکان بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-**

**(ماددەی شەشەم) ماددەی بیست و سێیەم لە یاسای نمرە (4)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو هەمواردەکرێ وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-**

**پێکهاتەکانی ناوەندی وەزارەت پێك دێت لە:-**

**1-نوسینگەی وەزیر.**

**2-نوسینگەی بریکاری وەزیر.**

**3-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان.**

**4-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرنامەکان وشێوازەکانی فێرکاریوچاپەمەنیەکان.**

**5-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چالاکی وەرزشیو هونەری.**

**6-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باخچەی ساوایان وخوێندنی سەرەتایی.**

**7-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هەڵسەنگاندن وئەزمونەکان وبڕوانامەکان.**

**8-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی دواناوەندیو پیشەیی.**

**9-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانانی پەروەردەیی.**

**10-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی سریانی.**

**11-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی تورکمانی.**

**12-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی مەشقکردن وپەیمانگاکان.**

**13-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.**

**14-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بینایەو کارگەکان.**

**نۆیەم؛ یان ئەوەی پەیوستە بە ماددەی حەوتەم لەم پرۆژەیەدا لێژنەی یاسایی پشتگیری لێوە دەکات وبەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-**

**(ماددەی حەوتەم):- ئەوەی دادێ دەخرێتە سەر دواوەی ماددەی بیست و دووەمی هەموارکراوو دەبێتە بڕگەی (5) لە ماددەکەدا:-**

**5-وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ شارەزایانی عێراقی و بیانی یان هەر کۆمپانیایێك مۆر بکات لەو بوارانەدا کە بە پێویستی دەزانێ یانیش خۆی پێویستی بە خزمەتگوزاریان هەیە بۆ ئەوەی کەڵك لە شارەزاییان وەربگیرێت دووایی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.**

**دەیەم: یان ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی (هەشتەم) لەم پڕۆژەیەدا لێژنە پێشنیاز دەکات ناوەرۆکەکەی جێگیر بکرێت لە ناو ئەو ماددە زیادکراونەی دەخوازرێن بخرێنە سەر یاساکەو وەك لە ماددەی یەکەمی ماددە زێدەکراوەکاندا هاتووەو دەبێتە بڕگەی دووەمی ماددەکەو ماددەکەش بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-**

**(ماددەی هەشتەم) {ماددەی زێدە کراوە}.**

**یەکەم:- وەزارەت بە پێڕەویکی تایبەت پەیمانگایەك بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان و هونەرەجوانەکان وکاری میوانخانەیی وگەشت وگوزارو ئیدیکەش دەکاتەوە.**

**دووەم:- خوێندنی پیشەیی و لقەکانی بە پێڕەوێك دەخرێت.**

**یانزەم: یان ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی دووەم کە لەو مادانەیە دەخوازرێن زێدە بکرێت ئەوا لێژنە پشتگیری لێوە دەکات وبەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-**

**ماددەی نۆیەم: (ماددەیەکی زێدەکراو)**

**ئەو ماددەی دادێ بۆ یاسای نمرە (4)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو زێدە دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-**

**(دەکرێ ماوەی خوێندن بە گواستنەوە بۆ پۆلێکی بەرزتر کورتبکرێتەوە ، هەمووکارانەی پەیوەست بە گواستنەوەکە بە رێنمایی دیار دەکرێت.**

**دووانزەم: یان ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی سێیەم کە لەو ماددانەیە دەخوازرێ زێدە بکرێت ئەوا لێژنە پشتگیری لێوە دەکات دوای کەمکردنەوەی ماوەی لە(17)ساڵ بۆ (15)ساڵ کە لە بڕگە(1/م)ی ماددەکەدا هاتووەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-**

**ماددەی دەیەم: (ماددەکەی زێدە کراوە)**

**ئەو ماددەی دادێت بۆ یاسای نمرە (4)ی ساڵی 1992 ی هەمووارکراو زێدە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-**

**- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت.**

**أ-دەبێ بڕوانامەی زانکۆی سەرەتایی بە دەستهێنابێ وزیاتر لە (15)ساڵ ڕژاە (خدمە)ی لە پەروەردەدا هەبێت.**

**ب-بەکەسایەتی بەهێزو دەستپاکی وناوبانگی باش ناسراو بێ ولە نێو ئەندامانی دەستەی وانە بێژان وماماۆستایاندا شارەزاو بە توانا بێت.**

سێزدەم: یان ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی چوارەم کە لەو مادانەیە دەخوازرێ زێدە بکرێت بۆ یاساکە ئەوا لێژنەی یاسایی پشتگیریی لێ دەکات و پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە خوارەوە:

(وەزارەت بۆی هەیە قوتابخانە بۆ خوێندنی ئێواران بکاتەوە بۆ ئەوەی هاولاتیانی بتوانن کارو زانست پێکەوە ئەنجام بدەن).

چوارەم: یان ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی پێنجەم کە لەو ماددانەیە دەخوازرێ زێدە بکرێت بۆ سەر یاساکە ئەوا لێژنەی یاسایی وای بۆ دەچێ لابردرێت لەبەربوونی ماددەی هەشتەم لە هەموارکردنی یەکەمی یاساکەدا بەهەمان دارشتن و واتاوە. هەروەها لێژنە پێشنیاز دەکات بە زێدەکردنی سێ ماددەی دیکە بۆ سەر پرۆژەکە و بەم شێوەی خوارەوە:-

ماددەی دووازدەم (مادەیەکی زێدەکراوە):-

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی سێزدەم:( ماددەیەکی زێدەکراوە)

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی چوارەم: (مادەیەکی زێدەکراوە)

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێو لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

بە هاورِا لەگەڵ ئامانجەکانی قۆناغی ئێستادا کە خۆی لەبایەخ پێدانی کەرتی پەروەردەدا دەنوێنێ بەو گرینگیەی کە دەیهێنێ لە پێناو بەشداریکردنی بەشێوەیەکی کاریگەر لە بزاڤی ئەو پەرەسەندن وپێشکەوتنەی کە بە هەرێمەوە دیارەو بۆ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە لە کوردستاندا بکارێ شانبەشانی پەرەسندن وپێشکەوتنی زانستیو شارستانی بێت بۆ زامنکردنی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت لە پێگەیاندنی نەوەیەکی وریایی ئەرك پەروەر، سەودا بەبیرکردنەوەی زانستی، چەکدار بە زانست وداهێنان وەرگر بە دەرهاوێشتەکانی پەرەسەندنی شارستانی زانا بە مافەکانی مرۆڤ وهاولاتیبونی چاك وهەروەها ئەرکی لە گۆرِانکاری بەرنامەکانی خوێندندا بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بە پێی داخوازیەکانی سەردەم بێ بەجۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ رێرەوی پرۆسەی پەروەردەیی و سروشتی ئەو قۆناغەی کە هەرێمی پێدا تێپەرِ دەبێ بۆ ئەوەی وەزارەتەکە کاریگەری و توانایی زیاتری هەبێ لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

تکادارین بفەرمون بە خوێندنەوە و خستنە رووی پرۆژەکەو رِای لێژنەی یاسایی بۆ ئەنجومەن سەبارەت بەو یاسایە بۆ ئەوەی گفتوگۆ و رِادەربرِینی گونجاو لەسەری بکرێت.

**بەرِێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**پێشنیاری لیژنەی پەروەردە و فێركردنی باڵا لەسەر یاسای وەزارەتی پەروەردە:**

**ماددەی یەكەم:**

**پووچەڵ كردنەوەی بڕگەی (6) لەماددەی یەكەم واتە وشەی (نەتەوەكان) كە هاتووە.**

**ماددەی دووەم:**

**ئامانجی وەزارەت:**

**ئامانجی وەزارەت ئەوەیە نەتەوەیەكی چاوكراوە و وەرگری هزری مرۆڤایەتی دۆست بە نیشتمان و گەلی كوردستان و كارامەی دڵسۆز پێ بگەیەنێت كە شێوازی زانستی و ماقووڵ و لەبیركردنەوە وكارایی كردن بگرێتە بەر, تابتوانێت لە خێروبێری گەشەسەندنی شارستانی لە چوارچێوەی ڕەسەنایەتی هاوچەرخیدا حاڵی ببێت, فێرببێت بەجۆرێكی ئەوتۆ كە بنەماكانی دیموكراسی و مافی مرۆڤ و هاوڵاتیەتی و ئەركی سەرشانی هاوڵاتی بزانێت, لەئازادی و یەكسانیدا دادوەری وكۆمەڵایەتی تێ بگات, بە جۆرێك لەگەڵ حوكمەكانی دەستووری هەرێمی كوردستاندا بگونجێت.**

**ماددەی سێیەم:**

**لە خاڵی پێنجدا بەرنامەكانی خوێندنی هەموو قۆناغەكانیدا لە هەرێم بەپێی پێداویستی هاوچەرخ بگۆڕدرێن, وەك كاروچالاكیە پەروەردەییەكان, شان بەشان لەگەڵ گەشەسەندنی زانستی و تەكنەلۆجیادا بەرەوپێش بچن.**

**ماددەی چوارەم:**

**بڕگەی یەكەم لە ماددەی پێنجەمی هەمواركراو, هەمواردەكرێ بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**1-زەمانەتی ئامادەكردنی كادیری فێركاری و پەروەردەیی و دووبارە مەشق پێكردنیان لە ماوەی خزمەتەكانیاندا, تا بتوانن بەهرەی پیشەیی و زانستیان پەرەپێبدەن و بە هاودەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان پلەو پایەیان بەهێز بكات.**

**2-بایەخ دان بەپەروەردەی ئاینی و ئاكاری لەسەر بنەمای لێبوردەیی و هاوكاری و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی چ بە گفتار, چ بە ڕەفتار.**

**بڕگەی چوارەمی ماددەی چوارەم بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

**4-تەدریسی زمانەكانی توركمانی و سریانی و عەرەبی وەك فێركردنی زمان لە قۆناغەكانی سەرەتایی و دواناوەندیدا وەك زمانی فێركردن بێت و هەموو ماددەكانیش بەسەرپشكی مافی پارێزراوە بۆ منداڵەكانیان لەو ناوچانەی كە لێدادەنیشن.**

**تێبینی:**

**ئەم پێشنیازە لەگەڵ ئەوەیە كە واقیعی باری تەدریسی ئەم زمانانە لەم قۆناغەی ئێستادا بگونجێت.**

**ماددەی شەشەم:**

**لەیاسای ژمارە چواردا ماددەی بیست ویەکی هەموار کراوی ژمارە 17 تایبەتە بە پێکهاتەکانی وەزارەت هەمواربکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:**

**1-باخچەی ساوایان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی و فێرکردنی سەرەتایی زیاد بکرێت وبەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:**

**6-بەڕێوەبەرایەتی گشتی ساوایان و فێرکردنی سەرەتایی.**

**2-دارشتنەوەی برگەی (14)بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**14-بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئامادە کردی مەشق دانی مامۆستایان.**

**3-دارشتنەوەی برگەی 12 بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**12-بەڕێوەبەرایەتی گشتی بینایە و کارگەکان.**

**لیژنە پێشنیار دەکات ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەی خوارەوەش زیاد بکرێت, چونکە بۆ ئەم قۆناغە زەرووره, لەبەر ئەوەی قوتابیان لە قۆناغە جۆربەجۆرەکاندا بەدەست کێشەی زۆر دەناڵێنن, بۆ ئەوەش کەئیش وکاری توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان رێك بخرێت ورۆڵی خۆیان لەکاری پەروەردەدا بگێڕن وقوتابیان بە ئاگاو وشیار بکرێنەوە, کێشەکانیان چارەسەر بکرێت ودیاردەی توندوتیژی وخۆکوژی پەرەنەسێنێ, ئێمە پێشنیار دەکەین وەکو خاڵی پازدەهەم:**

**15-بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی زیاد بکرێت.**

**یەکخستنی هەردوو ماددەی بیست و بیست ودووی ئەصڵی یاساکە کە پێکهاتەکانی وەزارەتەکەی تێدا باس کراوە, داواکارین.**

**ماددەی حەوتەم:**

**فێرکردنی پیشەیی و لقەکانی بە پێڕۆ دەبێت.**

**ئەو ماددانەش کەداوا دەکەین زیاد ببێت:**

**ماددەی یەکەمیان کەدەبێتە ماددەی بیست وچوار(وەزارەت بەپێی سیستەمێك یاخود پەیڕەوێکی تایبەت پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایان و هونەرە جوانەکان و ئوتێل گێڕی و و گەشت وگوزار و هی دیکە دادەمەزرێنێت) واتە وشەی (هی دیکە)دەبێت زیاد بکرێت, چونکە لەوانەیە مەعاهدی دیکەش پێویست بێت هەبێت.**

**لەدوایشدا برگەی (أ) لەماددەی سێیەمی ماددە تەعدیل کراوەکە هەروەکو لیژنەی یاسایی ماوەی (17) ساڵ بکرێت بە (15) ساڵ. سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان ئێستا ماددە بەماددە بەکوردی و بەعەرەبیەکە بخوێندرێتەوە, ئینجا موقتەرەحاتی هەردوو لیژنە دەخوێندرێتەوە ئەگەر هەبێت لەسەر ماددەکە, فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**تعدل الفقرة (3) من المادة الثانية المعدلة و تقرأ كالأتي:-**

**( 3-للوزير مستشارون يساعدونه في ادارة شؤون الوزارة و تنفيذ مهماتها الفنية و التربوية).**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**ئەوەى پەيوەيستە بە مادەى يەكەم لە پرژەكەدا ليژنە پشگيرى لێوە دەكات وپێشنيازيش دەكات بەم شێوەيەى خوارەوە دايرێژێتەوە:-**

**(ماددەى يەكەم ):- برگەى (3) لە ماددەى دووەم لە ياساى يەكەم هەمواركرنى ياساى وەزارەتى پەروەردە نمرە (17)ى ساڵى 2000 هەمواردەكرىَ و بەم شێوەيەى خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-**

**(وەزير چەند ڕاوێژكارێكى دەبىَ، نابىَ ژمارەيان لە چوار زێتر بێت، لەبەڕێوەبردنى كاروبارى وەزارەت وجىَبەجىَ كردنى ئەركەكانى تەكنيكى و پەروەردەييدا يارمەتى دەدەن بە مەرجێك هەڵگرى بڕوا نامەى زانكۆى سەرەتايى و شارەزا و پيادەكار بن).**

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**فيما يتعلق بالمادة الأولى من المشروع تؤيدها اللجنة وتقترح صياغتها كالآتي:-**

**(المادة الأولى): تعدل الفقرة (3) من المادة الثانية من قانون وزارة التربية رقم 4 لسنة 1992 المعدل و تقرأء كالأتي:-**

**(للوزير مستشارون لايزيد عددهم عن اربعة يساعدونه في ادارة شؤون الوزارة و تنفيذ مهماتها الفنية و التربوية على ان يكونوا من حملة شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة و الممارسة ).**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**بەنيسبەت ليژنەى ياسا ئەو گۆڕانكاريەى كە بەسەر ئەصڵى مەشروعەكە هاتووە, ئەوەيە, يەكەم ئەوە قانونى تەعديلى دووەمە, هى قانونى وەزارەتى تەربيە, بۆيە ئێمە ئەوەمان صياغە كرد, قانونى تەعديلى يەكەم ساڵى 2000 كرايە بەپێى ژمارە (17) ئەوە تەنها لەبۆ تەوزيحە, ئێمە وەكو ماددەكە تەئييد دەكەين, ئەو گۆڕانكاريەى كەبەسەر ماددەكەدا هاتووە بەم شێوەيەيە: پێشتر وەزير چوار موستەشارى هەبوو, يان سێى هەبووە, ئێستا ئەو موستەشارانە وەزيرى پەروەردە بەشێوەيەكى موتڵەق داوا دەكات, كەبەشێوەيەكى موتڵەق بێت, بەڵام ئێمە لە قانونەكە كردوومانە بە چوار موستەشار, هەروەكو وەزارەتەكانى تر, دوا رەئيش رەئيى ئێوەى بەڕێزو ئەندامانى پەرلەمانە, ئێستاش رەئيى ليژنەى پەروەردە نازناز خان, سوپاس.**

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم دەکات لەو تەعدیلە, ئێمە هیچ ڕەئیەکمان نییە, بەڵام دەگەڕێینەوە بۆ ماددەی یەکی ئەصڵی قانونەکە کە داوامان کردووە وشەی (نەتەوەکان)ئیلغا بکرێت, چونکە بەپێویستی نازانین و لە ماددەکانی تر موعالەجەمان کرد, سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد /وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی یەك, کە پێشنیاری لیژنەی پەروەردەیە, کە ماددەی یەك باس لە تەشکیلاتی هەندێ ناو دەکات, تەعریفی ناوەکانی قانونەکە دەکات, لە بڕگەی شەش (القومیات) هاتووە, بەرەئیی منیش پێویست ناکات ئەوە هەبێت, لەبەر ئەوەی لە مەتنی یاساکان و بڕگەکان باس کراوە, دیاریکردنی وشەی قومیات بۆ خۆی مانای جیاکاری دەگەیەنێ, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو تەعدیلەی وەزارەتی پەروەردە و لیژنەی پەروەردە, ئەوە لە ئەصڵی پرۆژەکە ئەوە داوا نەکراوە بەحەقیقەت, بەنیسبەت ئێمەوە شتێکی تازەیە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك شێروان ئەوە پێشنیاری لیژنەی پەروەردەیە لەسەر ئەصڵی قانونەکە, نەك تەعدیلەکە, چونکە کە تەعدیلات دەکەین ئێمە وشەی (قومیات) نامێنێ, کە نامێنێ لەوەدا زیادەیە, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مولزەمین بەو مەشروعەی کە هاتووە بەراستی, ئەو ماددەیەی کە لیژنەی پەروەردە ئیشارەتی پێدەدا, ئەصڵەن وەزارەتی پەروەردە داوای تەعدیلی نەکردووە, بۆیە دەبوایە لە زمنی تەعدیلاتەکە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران بکات, بێتە ئێرە و ئەنجومەنی وەزیران موافەقەت بکات بێتە ئێرە و ئینجا ئێمە لێرە موناقەشەی لەسەر بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مادام لە ئەصڵی موقتەرەحەکە نەهاتبێ, ناکرێت ئێمە موناقەشەی بکەین, چونکە پرۆژەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە, ئێمە مولزەمین بەو پرۆژەیە, هەرچەندە مولاحەزەکەی لیژنەی

پەروەردە, یانی جێگەی ئەوەیە کە موناقەشە بکرێت و رەئیەکی موحتەرەمە, بەڵام پرۆژەکە نەهاتووە, فەرموو کاك د.کمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەت من تەئیدی پێشنیارەکەی لیژنەی پەروەردە و جەنابی وەزیر دەکەم, ئێمە لێرە دانیشتووینە موناقەشەی بکەین و رەئیێکی دروست لەسەر مەشروعەکە بدەین, ئەگەر هیچ لەوەی ئەنجومەنی وەزیران نەگۆڕین کە هاتووە, مانای وایە بۆچی دانیشین, هەر ئاوا موافەقەت دەکەین, بۆیە ئەو موقتەرەحەی لیژنەی پەروەردە, من داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم قەبووڵی بکەن و زۆر لە جێگەی خۆیەتی, دروستە, چونکە پێویست ناکات مادام مەسەلەی تەربیە شاملە, ئیتر بۆچی وا زەحمەتی بکەین, سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەم یاسایە چواردە ساڵ لەمەوپێش دەرچووە, حەقیقەتەکەشی قەومیات ئەصڵەن نەهاتووە, ناوی ئەقەلیات هاتووە, نەك قەومیات, بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەم ئەصڵەن ئەم بڕگەیە ئەکاتە بڕگەی شەشەم لە ماددەی یەکەم نەمێنێ باشترە, چونکە لە ئەصڵی یاساکە هاتووە (الاقلیات) شەرح کراوە (الاشورین و تورکمان و العرب وغیرهم) ئینجا لەبەر ئەوە هەر ئەقەلیاتە نەك قومیات, هەر نەمێنێ باشترە, چونکە پێم وایە ئێستا بۆچوون سیاسەتی سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەرێمی کوردستان, ئەصڵەن وشەی ئەقەلیات لە زمانی کوردی و کوردستان هەر نەمێنێ باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هاتوو لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران درکی بەوە نەکرد کە ئەو وشەیە ئێستا بەکارنایەت, یانی ئەمەوێ بەراستی ئەو پرسیارە بکەم, ئێمە مولزەمین بەوەی ئەوان شت فەرز بکەن بەسەر ئێمە, یاخود ئێمەش بواری ئەوەمان هەیە خۆمان هەندێ ابداع و داهێنان بکەین, سوپاس.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی شەشی ماددە یەکی ئەصڵی قانونەکە لابدرێت لەبەر دوو هۆ, یەکەم بە پێچەوانەوەی دەستوورە, چونکە دەست نیشان کردنی نەتەوەکە لە صەلاحیەتی دەستوورە, لە صەلاحیەتی وەزارەت نییە, لێرە لە دەستووریش هاتووە (قومیات الاشورین والکلدان و الترکمان والخ)ئەوە یەك, دووەم, دەبی لابدرێت لەبەر ئەوەی چارەسەر کراوە, ئەو بڕگەیە چارەسەر کراوە, عیلاقەی بەزمانەوە هەیە, زمانی سریانی, زمانی کلدان و ئاشوریەکانە, زمان نییە زمانی کلدان و ئاشوری بێت, زمانی سریانی هەیە هەردووکی, سوپاس.

**بەڕێز بایزار ملكو اوهان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتا نوقتەی شەشێ مادده یەكێ (القوميات الكلدان والاشورين)له دەستوور ژێ هاتیە, هاتیە (الكلدان و الاشورين والتوركمان العرب والارمن), كلدان پێشیا حسب دەستورێ عێراقێ و ژێ كوردستانێ, سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له وەڵامی بایزار خان, ئێمە بۆیە خۆمان رزگار كردووە (ئەقەلیات و قەومیات) چونكە لەماددەی چوارەم و برگەی چوارەم وامان بەو شێوەیە هێناوەتە خوارێ, دەڵێن تەدریسی زمانەكانی توركمانی و سریانی و عەرەبی, له قۆناغەكانی سەرەتایی و دواناوەندی وەك زمانی فێركردنی هەموو ماددەكانیش بەسەرگشتی مافی پارێزراوە, واتە لێرەدا باس لەزمانی مەنهەج دەكەین, لێرەدا ئێمە كێشەی قەومیات و ئەقەلیات باس ناكەین له كوردستان, لەبەر ئەوەی هەموو كەسێك دەتوانێ بە زمانی خۆی كە زمانە مەنهەجی خۆی بخوێنێ و یا دەرسێكی هەبێت بۆ زمانی خۆی, چۆن ئێمە زمانی كوردی زمانی رەسمیە و هاوڵاتیان دەخوێنن, ئەویش لەدەڤەرەكەی خۆی كە نیشتەجێیە دەتوانێ بە زمانی سریانی بخوێنێ, زمانی سریانیش زمانی كلدان وئاشوورە, ئینجا ئێمە بۆیە ناوی كلد و ئاشوورمان نەهێناوە بۆ ئەوەی رزگارمان لەو كێشەیە, سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێویستە مولزەم بین بەوەی كە پرۆژەی هەمواركردنەكە ئەساسەن چۆن هاتووە, ئێمە موناقەشەی لەسەر ئەوە بكەین, دەرچوونە له بەرنامەی كار, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی له ناحیەی پرۆتۆكۆلەوە راستە ئێمە ناتوانین موناقەشەی بكەین, پرۆژەیەكە بۆمان هاتووە ئەوە ئیزافەیەكە, بەڵام ئەگەر رەئیی لیژنەی قانونی هەبێت, موفتەنع بێت بەوەی كە دەكرێت ئەوە بكات, موقتەرەحەكەی لیژنەی پەروەردە زۆر بەراست دەزانم, بەس تەنیا موشكیلەكەمان پرۆتۆكۆلیە, ئەگەر نا دەشتوانین نەبێت لەجەلسەیەكی تردا دە ئەندام ئەوانەی كە قسەیان كرد تەقدیمی بكەن, دەتوانین ئیزافەی بكەین, ئەگەر لیژنەی قانونیش رێگە دەدات لەناحیەی قانونی و پرۆتۆكۆلی دەتوانین ئێستا بیكەین, ئەگەر نا فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من حەز ناكەم وا تێ بگەن، ئێمە نامانەوێ قەومیات داخلی ئەو قانونە بێت، حەز دەكەم ئەو ئینتیباعە نەمێنێت، چونكە موداخەلەكان هەموو لەو وەتەرەیە و ئێمەش لەسەر ئەو مەوزوعە كۆكین، لەناحیەی پرۆتۆكۆلی ئەوەی ئێمە كە معامەلەمان لەگەڵ پرۆژەكان كردووە بەم شێوەیە، ئێستا ئەوە چی پێ دەوێ، ئێمە جارێ دیراسەی ئەو ماددەیەمان نەكردووە، چونكە لە پرۆژەكەدا نەهاتووە، بەو دەم ودەستەش ئێمە ناتوانین صیاغەی بكەینەوە، باشە ئێمە دیراسەت نەكەین چۆن رەئیی لەسەر ئەو مەوزوعە بدەین، مەسەلە پرۆتۆكۆلیە، ئەگینا ئێمەش لەگەڵ ئەو مەسەلەیەن، مەوزوعەكە بەو شێوەیەیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**تكایە من موقتەرەحێكم هەیە، پێم وایە كەس خیلافی لەسەر ئەوە نییە كە قەومیات بنووسرێ، ئێمە ئەوە تەواو دەكەین، تەصویت لەسەر هەموو قانونە هەمواركردنەكە دوا دەخەین لە بۆ جەلسەی داهاتوو، جەلسەی داهاتوو دە ئەندام ئەو موقتەرەحە بكات و ئیزافە بكرێت و موناقەشەی دەكەین و ئینجا تەصویت لەسەر هەموو یاسا هەمواركردنەكە دەكەین، بەو شێوەیە حەلێكی بۆ دەدۆزینەوە، پێتان باشە كاك شێروان، باشە ئەو موقتەرەحە دوا دەخەین و موناقەشەكە تەواو دەكەین، بەڵام دەنگ دان بۆ هەموو ماددەكە، فەرموو كاك زرار نوقتەی نیزام.**

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ناكرێت ئێستا بیخەینە دەنگ دانەوە، ئەگەر زۆرینەی دەنگی هێنا ناتوانین داخلی بكەین؟ سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**لەبەرنامەمان نییە، یانی ئەو موقتەرەحە نەخراوەتە پەرلەمان، ئەو شتانە موناقەشە دەكەین، یان لە حكومەتەوە بۆمان هاتبێت و لێرە نووسرابێت، یان دە ئەندام تەقدیمی كردبێت، ئێستا ئەو پرۆژەیە دەبوایە پێشتر كە موناقەشە دەكرا لەگەڵ جەنابی وەزیردا، تەعدیلی پرۆژەكەتان كردبایە، بڵاوتان كردباوە ئێستا دەبووە خاڵێك، بەڵام ئێستا ئەصڵی پرۆژەكە نەهاتووە، كە یەكەم خوێندرایەوە، فەرموو كاك رفعت.**

**بەڕێز رفعت عبدالله حمەرەش:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**مەفروزە ئەو پرۆژەیەی كە وەزارەتی پەروەردە داویەتی، خاڵ بەخاڵ ئەوە موناقەشە بكەین، جارێ و دوایی هەمواری لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە، چونكە ئێمە ئەوەمان خوێندۆتەوە شتمان لەسەر ئەوە تەسبیت كردووە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**كاتێك كە پرۆژەكە هاتە بەردەستی پەرلەمانی كوردستان كە یەكەم خوێندنەوەی كرا، جەنابتان ناردتان بۆ لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی، لەبەر ئەوە نوقتەیەكی نیزامیە رەئیی لیژنەی پەروەردە حسابی بۆ**

بکرێت، بەتایبەتی لیژنەیەکی پسپۆڕە بەرامبەر بەو یاسایە لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی یاسایی، لەبەر ئەوە نیزامیە ئێمە ئێستا موناقەشەی ئەوە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفو، کە من داوام کرد لە لیژنەی یاسایی مەقصەدم راپۆرتەکە نییە، مەقصەدم لەوەدایە پرۆتۆکۆلی پەرلەمان هەیە، پرۆتۆکۆلی پەرلەمان دەڵێ بە دوو جۆر مەشروعی قانون دەخرێتە ئەجندە، یەکیان لەحکومەتەوە بۆمان بێت، یەکێکیشیان لە دە ئەندامەوە بۆمان هاتبێت، ئەوە ماددەی یەکە وەکو موقتەرەح نە لەوێوە هاتووە و نە دە ئەندام تەقدیمی کردووە، کە رەئیی لیژنەی یاسایی پرسی نەکردووە لەسەر ئەو یاسایە، بەڵکو لە ناحیەی ئەو پرۆتۆکۆلە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەروەردە نۆزدە ئەندامی هەیە، کاتێکیش کە ئێمە موناقەشەی ئەو مەوزوعەمان کردووە، سێزدە ئەندام لەوێ ئامادە بوون، ئەمە یەك دوو، باشە ئێمە ئەگەر قانونێك دەکەین لە پڕ ئیقتراحی ئەوە دەکرێت کە مودیریەتێکی بۆ ئیزافە بکرێت، بۆچی لەوێدا ئەو شتە قانونیە، بۆیە ئەو داوایەی ئێمە ئێستا قانونیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە من جوابت دەدەمەوە، مودیریەی عامە کە موناقەشە دەکەین، لێرە هاتووە لەو موقتەرەحەی ئەنجومەنە بۆمان هاتووە، نووسراوە مودیریەی عامە فلان، ئینجا چ بۆ موناقەشەی بکەین یان ئیلغای بکەین، بەڵام ماددەیەك کە نەهاتبێت، موقتەرەحی لیژنەی پەروەردە وەکو موقتەرەحی لیژنەی یاساییە، لیژنەی یاساییش ئەو موقتەرەحەی کرد هەمان رەئیمان دەبوو لەسەری، فەرموو کاك اسعد.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی پەروەردە یاسای ئەصڵەکەمان موناقەشە کردووە، کە ئێستا لەبەردەمی ئەندامە بەڕێزەکان نییە، ئەوە یەك، هەدەڤی هەموارکردنی ئەو یاسایە بەرەو پێش چوون و چاککردنەوەیە، هەندێ نەك تەنها ئەو فەقەرەیەی شەش لەماددەی یەك، هەندێ فەقەراتی تریش هەیە پەیوەستە بە گۆڕانکردنی دیموکراسیەتی کوردستان، بەڵام لێرە نەهاتووە و لە لیژنەی ئێمە چاکمان کردووە، ئینجا بەس ئەو فەقەرەیە نییە، فەقەرەی تریش هەیە کە گۆڕانکاری پێویستە، بەڵام لە پرۆژەکە نەهاتووە، بۆیە دەڵێم ئەگەر مەشروعە بە پازدە یان بیست کەس ئیمزا بکەن، باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بەبیرتان بێت ئێمە دوو پرۆژەمان رەت کردۆتەوە، پرۆژەی یاسای ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە لە حکومەتیشەوە هاتبوو، وتمان حکومەت بیگەڕێننەوە، چاکی کەنەوە و هەمواری بکەن، بەو

شێوەیە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا بگونجێت، نەمانتوانی تەعدیلی بکەین، یان دەبوایە دە ئەندام بچێت تەعدیلی بکات و تەقدیمی بکات، یان بۆ حکومەتمان گەڕاندەوە، یاسای وەزارەتی گەشت وگوزاریشمان گەڕاندەوە ئەویش پێویستی بە تەعدیل دەکرد، لەبەر ئەوەی دەبێت یاسای وەزارەتی رۆشنبیری تەعدیل بکرێت، یان دەبێت حکومەت پرۆژەکەی خۆی سحب بکاتەوە جارێکی تر تەقدیمی بکات، یان دەبێت دە ئەندام ئیمزا بکات، ئێمە تەبعەن فێربووینە بۆ جارێکی تر، لیژنەکان کە موناقەشەی هەر یاسایەك دەکەن ئەگەر موقتەرەحێکی تازە هاتە پێشەوە، دە ئەندام ئیمزای بکات و پێشکەشی بکات بۆ سەرۆکایەتی، بۆ ئەوەی لەگەڵ پرۆژەکە پرۆژەی ئەو دە ئەندامەش کە ئەو ماددەیە بخرێتە بەرنامە و چاك بکرێتەوە، موناقەشەمان لەسەر ئەوە نییە کە ئەوە حەقە و مەنتیقیە، حەقە و مەنتقیشە و قەناعەتمان پێیەتی، موشکیلەکەمان پرۆتۆکۆلیە فەقەت، حەز دەکەن نیزامی داخلی پەرلەمان بگۆڕن، ئەگەر تەصویتتان کردووە، ئەو وەختی چی دەڵێن دەیکەین، لەنیوەی جەلسە هاتە بیری یەکێك موقتەرەحێك تەقدیم بکات، ئەگەر بڕیارتان دا، بەڵام ئەوە بڕیارێکی پەرلەمان خۆیەتی و دەنگی لەسەر داوە، یاسا بەو دوو رێگەیە دەبێت، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی وەختەکە نەکوژین، ئێمە ناتوانین دەبوایە دە ئەندام ئیمزا بکەن، ئێستاکەش بۆ جەلسەیەکی تر ئەو دە ئەندامەی پەروەردە، یان پرۆژەکە یان موقتەرەحەکە، بۆ ئەو ماددەیە بخەنەڕوو، دەنگی بۆ دەدەین و ئینجا دەنگ بۆ هەموو یاساکە دەدەین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا ئەگەر بەپرۆژەیەکی دە ئەندامیش تەقدیم بکرێت، ئەو دوو پرۆژەیە جیاوازن، یەکێکیان لە حکومەتەوە هاتووە، یەکیان لە لیژنەوە هاتووە، دەبێت بە دوو یاسا دەربچێت، دوو یاسای هەموار کراو، ناکرێت تێکەڵی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من خۆم هەروام دەگوت، بەڵام کاك فرسەتیش تەئکیدی لەسەر رەئیەکەی کرد، ئەوە دەکرێت، چونکە هەردووکیان رێگەی مەشروعن، دەمج دەکرێن و جەنابی وەزیریش لێرەیە، ئیعتیرازی لەسەر نەگرت دەڕوات، ئیعتیرازی کرد موناقەشەی دەکەین، ئەگەر رایەکە لەلای پەرلەمان بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، رەئیی پەرلەمان دەخوات، بەڵام دەمج کردنەکە موشکیلە نییە دەکرێ، فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم بەو شێوەیە حەل دەبێت هەر لێرە، ئێمە ئێستا بۆ ماددەی پێنجی ئەصڵەکە ئەو چوار خاڵەی کە دامانڕشتووە، بەس لەوێ لە ئەصڵەکە لە فەقەرە چوار وشەی (اقلیات) هاتووە، لە دواییشدا بیدایەتی وەزارەتی پەروەردە تەعدیلێکی لەسەر ئەو قانونە کرد، کردی بە (قومیات)، ئێمە لەسەر ئەوەش ئیشمان کرد، ئێستا تەنها لەوێ یەك جار وشەی (قومیات) هاتووە، ئەوەی لیژنەی پەروەردە پێشنیاری کردووە لەو

فەقەرە چوارەی کەوا قەومیات هاتووە, ئیتر قەومیات نەهاتووە و ئەقلیات نەهاتووە, بۆیە لە حاڵەتێکدا کە ئێمە ئەگەر ئەوە پەسند بکرێت ئەوەی ئێمە ئەو خاڵانە, ئۆتۆماتیکیەن ئەو قەومیاتە نامێنێ و ئیلغا دەبێتەوە, چونکە لەناو نەصەکە بەهیچ شێوەیەك قەومیات دووبارە نابێتەوە, ئایا کە ئێمە پێشنیاری پێناسەیەك دەکەین, تەعریفێك دەکەین, ماددەیەك دەکەین کەلەوێ خۆی وشەی قەومیات پێشتر هاتبوو, ئێستا نەهاتبێتەوە مەعقولە لە پێناسەکەی لە ماددەی یەکەم ئێمە پێناسەی ئەقەلیات یان قەومیات بکەین, چونکە لە داخلی نەصەکە نەهاتووە, بۆیە ئەگەر ئەوە پەسند بکرێت ئەوەی ئێمە کە دامانڕشتووە, خۆی نامێنێ هەر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نامێنێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خیلافمان لەسەر ئەوە نییە, خیلافمان تەنیا لەسەر ئالیەتەکەیە, با بچینە سەر ماددەکانی تر, (للوزیر مستشارون لایزید عددهم عن اربعة یساعدونه في ادارة شؤون الوزارة وتنفیذ مهماتها الفنیة والتربویة علی ان یکونوا من حملة شهادة جامعیة اولیة ومن ذوي الخبرة والممارسة) تەنیا شەهادە جامعیە اولیە کە حەدێکی ئەدنا علی الاقل شتێك بنووسرێت, حەصر نەکرێت تەنها, یەکێك ماستەری هەیە یانی نایگرێتەوە, یان دکتۆرای هەیە, کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مەبەست هەر (علی الاقل)ە بەراستی, تا بڕوانامەی بەرزتر بێت باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە, کاك رفعت.

**بەڕێز رفعت عبدالله حمەرەش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من بۆ موستەشارەکان ئەمە ئیزافە بکرێت (حاصل علی شهادة جامعیة وله خبرة في حقل التعلیم وممارسة اداریاً و تربویاً) و لەئاخیرەکەی (وممارسة اداریاً وتربویاً) سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لێرە موستەشارەکانی ئێمە شەرت نییە مومارەسەی ئیداری و تەربەویان هەبێت, جاری وا هەیە بۆ شوێنێکی تایبەت, یان تەنها بۆ حەقلێکی تایبەت موستەشارێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دائەمەزرێت دوایی نامێنێت, لەبەر ئەوە مەرج نییە مومارەسەی هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

که ئێمە ئەڵێین هەڵگری شەهادەی زانکۆیی وئەوەلی بێت, ئەوە حەدی ئەدنایە, پێویست ناکات بڵێین (علی الاقل) حەدی ئەعلای ئەوە شتێکی باشترە, دووەمیش لەرووی ژمارەوە بەراستی ئێمە دەبێت کالاّ بەقەد بالاّ بێت, وەزارەتی پەروەردە وەزارەتێکی گەورە و گرنگە لە ئێستا و لەداهاتووی نەتەوەکەماندا, ناکرێت وەکو وەزارەتی گەشت وگوزار یان وەزارەتێکی تر قاڵبێکی تەسکی بۆ دابنێین و لە چوار زیاتر نەبێت, بەپێی پێداویستی وەزارەتەکە بەتایبەتی ئێمە لەسەردەمی گۆڕان داین, ئەم مستەشارانە بۆ ئەمرۆ, باشتر وایە بۆ ئەم وەزارەتە زیاتر بن و جۆراو جۆرتر بن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو رەئیە مەعقولە بە ئیزنی کاك دڵشاد, بەلاّم پیاو لەشتێك دەترسیّ دەرگا بکرێتەوە مادام لەویّ جێگا هەیە و هەرچی بیّ ئیشە, بیکەنە موستەشار و قانون رێگەی داوە لەوەختێکدا بیست موستەشاری هەبێت, وەکو پێشتریش وابووە, لەبەر ئەوە تەحدید کردنەکەی زەروورییە, ئەگەر وەزیر بەچوار موافقە, من پێم وایە باشترە لەوە.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو بۆچوونەی بەڕێزت ئێمەش هەمان رەئیمان هەیە, هەموو سەکتەرێکی پەروەردە پێویستی بە موستەشار هەیە, بەلاّم ئەو ترسە بوو کە تەحدیدمان کرد, بۆیە لە هەمان بڕگە ئەگەر ئیجازە بدەن بەشێوەی گرێبەست ئیزافەی بکرێت, وەزیری بۆی هەبێت بەشێوەی گرێبەست لەگەڵ راوێژکاردا, راوێژکاری تر دابمەزرێنیّ نەك وەکو دامەزراندن, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جاریّ ماددەیەکی ئەصڵی هەیە ئەوە مەجال دەدات بە وەزیر کە خوبەرا بێنیّ و عەقدیان لەگەڵ بکات, دووەمیش مەوزوعی تەعاقود لەگەڵ موستەشارەکان ئیعتیادی لە زمنی دەسەلاّتی وەزیرە, راستە ئێمە چوارمان تەحدید کردووە وەکو سەکتەرێك بۆ هەموو وەزارەتەکان, بەلاّم ئەمە مانای وانییە کە وەزیر دەسەلاّتی ئەوەی نییە بە عەقد موستەشار بێنیّ لە وەزارەتەکەی خۆی دایبمەزرێنیّ و لەبۆ ئەوەی ئیستیفادەی لیّ بکات لەزمنی مودەی عەقدەکە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وەك(ذوي الخبرة) وەکو وەزیر باسی کرد, ئەوەش دەگرێتەوە یانی هەم لە تەعلیمە و هەمیش مومکینە ئیختیصاصی تەعلیم نەبێت, مومکینە ئیختیصاصی قانون بێت, کە تەعلیم نییە و موحتاجیەتی و موستەشارێکی قانونی هەبێت, لەبەر ئەوە حەصر کردنی بە موستەشاری بە بواری پەروەردە, ئیحتیمالە نەتوانێت هەمووان لەبواری پەروەردە, موحتاجی هەموو ئەوانە نییە, مومکینە موستەشاری بوێت لەبواری

قانونی یاخود ئیحصا, هەر شتێك بێت, کە وتت خبرە هەمووی دەگرێتەوە, خۆی بەپێی ئیحتیاجی خۆی, کاك کرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو تەحدید کردنە باشە, بەڵام ئێمە بەخۆتان دەزانن وەکو دیراسەتی تورکمانی و دیراسەتی سریانیش هەیە لەوەزارەتی پەروەردەدا, بۆیە ئەوەی ئێستا ئێمە ئاگادارین کە موستەشاریش هەیە, موستەشاری دیراسەتی تورکمانی لە وەزارەت و هی سریانیش هەیە, ئەگەر دوویان بۆ ئەوانە جیا بکرێنەوە, هەردوویان بۆ وەزیرەکە دەمێنێتەوە, بۆیە پێشنیار دەکەم بەلایەنی کەمی ئەوە بکرێت بە شەش, ئینجا تەحدیدەکە بەو شێوەیە بێت, سوپاس.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنومەن.**

منیش هەمان ڕەئیی کاك کەرخیم هەیە, چونکە بەراستی دیراساتی ترمان هەیە, لەبەر ئەوە منیش پێم وایە موستەشار زیاد بکرێن, چۆن هەندێ شت بۆ سبەی تەئجیل دەکەین, یان بۆ کۆبوونەوەیەکی تر, دەتوانرێ ئەوەش تەئجیل بکرێت بۆ ئەوەی ئیفراغ بکرێت لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران, بۆ ئەوەی تەحدیدێکی تەواو بکرێت, یانی تایبەتمەند بێت بە وەزارەتی پەروەردە, خاڵێکی تر لێرە تەرجومە کوردیەکەی بەراستی ئەڵێ بڕوانامەی زانکۆی سەرەتایی, خۆی پێم وایە جوانترە بڵێی بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ, چونکە زانکۆی سەرەتایی نییە, بەڵام بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ هەیە, ئێمە نابێت تەرجومەکەی بە حەرفی لە عەرەبیەوە بیکەین, دروست نییە لەعەرەبیەوە بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆشتی وا پێویست ناکات, ئێمە هەموو شتێکی بەسیت بیگەڕێنینەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران, ئەوە پێویست ناکات, بەڵام ئەوەی تریان زمانەوانییە, چی ئیتیفاق دەکەن لەسەری ئیعتیادیە, کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان هەیە لەتەشکیلەی وەزارەت, یەك بۆ تورکمانی و یەکێ بۆ سریانی, لەو کاتە بەراستی پێویستیمان بەراوێژکاری نابێت کە ئێستا لەوەزارەت هەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە چوار موستەشارەکە وەکو خۆی هاتووە, مادام  مودیریەی عامەی تەربیەی تورکمان و سریانی هەیە, ئەوان لە عەینی کاتدا مودیر عام و موستەشارن, من دەیخەمە دەنگەوە ئەو موقتەرەحەی لیژنەی

**یاسایی و لیژنەی پەروەردە هیچ ئیزافەیەکی لەسەر نییە, جەنابی وەزیریش موافقە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات؟ سوپاس, کێ لەگەڵی نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, ماددەی تر.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية:**

**هدف الوزارة: تهدف الوزارة الى تنشئة جيل واع محب لوطنه اخذ بالتفكير العلمي متسلح بالعلم والخلق مستوعب معطيات التطور الحضاري منفتح على الفكر الانساني في اطار المعاصرة مدرك لحقوق الانسان والمواطنة الصالحة و واجباتها متفتح للحرية والمسؤولية في نطاق المجتمع و بما ينسجم مع احكام دستور اقليم كوردستان.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی دووەم لەم پرۆژەیەدا، لیژنە پشتگیری لە ناوەرۆکەکەی دەکات و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-**

**(ماددەی دووەم):- ماددەی دووەم لە یاسای پەروەردە نمرە 4 بۆ ساڵی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوەو ئەوەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:-**

**ئامانجەکانی وەزارەت:- پێگەیاندنی نەوەیەکی وریا و نیشتیمان پەروەر، سەودا بە بیرکردنەوەی زانستی، چەکدار بە زانست وداهێنان، وەرگر بە دەرهاوێشتەکانی پەرەسەندنی شارستانی، زانا بە مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی بوونی چاك و ئەرکەکانیان و تێگەیشتوو بۆ ئازادیو بەرپرسێتی لە کەمەربەندی کۆمەڵگادا بە جۆرێك لەگەل حوکمەکانی دەستوری هەرێمی کوردستاندا بگونجێت.**

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دووەم ئێمە بەو شێوەیە دامانڕشتووە:**

**ئامانجی وەزارەت:**

**ئامانجی وەزارەت ئەوەیە نەتەوەیەکی چاوکراوە و وەرگری هزری مرۆڤایەتی دۆست بە نیشتمان و گەلی کوردستان و کارامەی دڵسۆز پێ بگەیەنێت کە شێوازی زانستی و ماقووڵ و لەبیرکردنەوە وکارایی کردن بگرێتە بەر, تابتوانێت لە خێروبێری گەشەسەندنی شارستانی لە چوارچێوەی رەسەنایەتی هاوچەرخیدا حاڵی ببێت, فێرببێت بەجۆرێکی ئەوتۆ کە بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هاوڵاتیەتی و ئەرکی**

سەرشانی هاوڵاتی بزانێت، لەئازادی و یەکسانیدا دادوەری وکۆمەڵایەتی تێ بگات، بە جۆرێك لەگەڵ حوكمەكانی دەستووری هەرێمی كوردستاندا بگونجێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من مولاحەزەیەكم هەیە پێش ئەوەی جەنابی وەزیر قسە بكات، پێشتریش باسمان كرد لە جەلسەی پێشوو، لیژنەی یاسایی و لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیدار حەق وابوو كۆبوونەوەی موشتەرەكیان هەبێت، مەسەلەن ئەو خاڵە ئێستاكە هەدەفی وەزارەت پێشتر ئیتیفاقیان لەسەر كردووە، زۆر بۆ ئێمە ئاسانتر بوو، مولاحەزەیەكیشم هەیە لەسەر ڕەئیی لیژنەی قانونی، كە دەڵێ (بما ینسجم احكام دستور اقلیم كوردستان) ناتوانین وا بنووسین، چونكە دەستووری ئیقلیمی كوردستان هێشتا ئیقرار نەكراوە، قانونێك دەربێنی هێشتا قانون دەچێتە وەقائیعی كوردستانی عێراقی، خەڵك دەیبینێت و شتێك باس دەكەین كە هێشتا وجودی نییە، لەبەر ئەوە من پێم وایە زیادە ئەوەی هاتووە لێرە، شتێكی ڕۆتینیە و بەدیهیە كە ئەوە دەبێت لەگەڵ دەستووری ئیقلیم بگونجێت، پێم باشە شەتبی بكەن، ئێمە مادام جارێكی تر كۆدەبینەوە بۆ ئیقراری هەموو ماددەكە، ئەوەی هەدەفی وەزارەت پێم باشە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە ڕەئیان تەوحید بكەن و بۆ موافەقەتی وەزیر، بۆ ئەوەی كێشەمان نەبێت، لەبەر ئەوەی دوو موقتەرح هەیە هەردووكی موناقەشە بكەی ئەوە وەختێكی زۆری دەوێ، هەرچەندە فەرقێكی زۆری نییە، بەڵام پێم باشە ئەمەش صیغەكەی تەوحید بكەن هەردوو لیژنەكە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەحكامی دەستووری ئیقلیمی كوردستان، ڕاستە پەسند نەكراوە، ئێمە دەتوانین ئەوەی ئیلغا بكەین، بەس بەنیسبەت ئەوەی كە بەینی وەزارەتی تەربیەو لیژنەی پەروەردەیە، لەسەر كامە صیغە ئیتیفاق دەكەن، ئێمە وەكو لیژنەی قانونی مانعمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو نەصەی كە بەڕێز لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، ئەو نەصە بووە كە بەسێ لایەنە لەسەری ڕێك كەوتوین و ئەوەی لیژنەی پەروەردەش خوێندیەوە جیاوازیەكی ئەوتۆی نییە لە صیغەی داڕشتنەكەیە، بەڵام من لێرە پێشنیارێكی ترم هەیە كەلە هەدەفی وەزارەتەكە بەراستی بڕگەیەكی لێ كەم كراوەتەوە، یان بە نوقصانی هاتووە، من ئەوەیان بە پێویست دەزانم ئەگەر ڕێگە بدەن بیخوێنمەوە، هەدەفەكە بەشێوەیەكی تر هەردوو دەقەكەی ئەو بەڕێزانەشی تێدایە، جگە لە ئامانجی سەرەكی وەزارەتیش تێیدا هاتووە بەشێوەیەكی ڕەسمی، (تهدف الوزارة الى تنشئة جیل متعلم واع محب لوطنه اخذ بالتفكیر العلمي مستوعب لمعطیات العصر والتطور الحضاري مدرك لحقوق الانسان ومؤمن بها ومتفهم للحریة والمسؤلیة و تهدف ایضا الى توفیر سلطة التعلم الى كل من یرغب او بحاجة الیه) سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من بەرگری دەکەم لەو نەصەی خۆمان، چونکە وشەیەکی زۆر گەورەی تێدایە کەبەراستی ئەمرۆکە ئەوە دەبێت سیستەمی، مادام سیستەمی سیاسیمان لەسەری دەڕوا، دەبێ لەناو سیستەمی پەروەردەش رەنگ بداتەوە ئەویش مەسەلەی دیموکراسیە، کە بەداخەوە لەناو نەصەکەی وەزارەتی پەروەردە و لیژنەی یاسایی ئیشارەتی پێ نەدراوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بزانم هەمووتان موئەیدن، من دەزانم لەجیاتی هەمووتان قسە دەکەم، موئەیدی دیموکراتین کەس نییە بڵێ تێدا نەبێت، هەموو دەڵێن تێیدا بێت، دونیایەکی تازەیە، تەربیە دەبێ بە پەروەردە بێت بە مەبادیئی دیموکراتیەت و ماڤی مرۆڤ، ئەگەر ئەساسی کۆمەڵگا، سەقافەتەکەی نەگاتە نەوەکان و لەتەڵەبەوە دەست پێ نەکات، ناتوانین بەخۆمان بڵێین دیموکراسی، لەبەر ئەوە من ئیقتراح دەکەم ئەو خاڵە دابڕێژن و جەنابی وەزیر و لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە موقتەرەحەکە تەوحید بکەن، یانی ئەوەی کاک دڵشادیش وتی وەزیری پەروەردە دوو سێ کەلیمەی زیادی هەیە، یانی لێرە وەختێکی زۆری دەوێ تا تەوحیدی بکەین و هەریەکە کەلیمەیەکی ئیزافە بکات، بۆیە با بیخەینە ئەو جەلسەیەی کە دە ئەندامەکەش موقتەرەحەکە بکەن، بڕۆن بۆ ماددەیەکی تر، فەرموو نوقتەی نیزام.**

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێستا جەنابت پێشنیاری ئەوەت کرد، وتت لیژنەکە دابنیشێ و لیژنەی پەروەردە لەگەڵ لیژنەی یاسایی لەگەڵ جەنابی وەزیر، کەواتە لیژنەکە بەهەمووی دابنیشێ و نەك دوو کەس و سێ کەس دابنیشێ، ئەوەیە پێشنیاری من، بە کاملی دابنیشن و هەرکەسە ورەئیی خۆی بدات، کە دەڵێی لیژنە یانی دوو کەس و تاکڕەوی ئیش نەکرێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خۆی ئەوە لیژنەی پەروەردە دانیشتووە و موقتەرەحی هەیە، بەڵام کە دادەنیشن هەموو لیژنەکە پانزە کەس بە پانزە کەس ناکرێت، تەنها دوو سێ کەس دەبێت بەینی خۆیان ئیتیفاق بکەن و لەگەڵ دوو سێ کەسی لیژنەی یاسایی و لەگەڵ جەنابی وەزیر دادەنیشن، بۆ ئەوەی صیغەکە دابڕێژنەوە، فەرموو.**

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەراستی ئەوەی ئێستا دەیخوێنینەوە وەکو لیژنەی پەروەردە، رای هەمووی لیژنەی پەروەردەیە، ئەوەی کە ئامادە بووە بەلای کەمی دوازدە، سێزدە کەس ئامادە بووە، بۆیە ئێمە ئەو نەصە گفتوگۆ دەکەین لەگەڵ**

جەنابی وەزیر, هەر کامەمان کە نوێنەرایەتی ئەو لیژنەیەمان کرد وەکو ئەوەی وایە کە لەجیاتی هەموومان قسە دەکات, بەڵام ئەو نەصە لەلایەن هەمووومانەوە دەنگی پێ دراوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەهەر حاڵ ئەم خاڵەش دوادەخەین, بڕۆ بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: يضاف مايلي الى آخر المادة الرابعة من القانون رقم 4 لسنة 1992 و تصبح الفقرة (5)لها وتقرأ وكالآتي:-

5- تغيير المناهج الدراسية لجميع المراحل الدراسية وفق متطلبات العصر بحيث يتلاءم مع سير العملية التربوية في اقليم كوردستان.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی:

ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی سێیەم لەم پرۆژەیەدا لیژنە پشتگیری ناوەرۆکەی دەکات و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

(ماددەی سێیەم) ئەمەی خوارەوە دەخرێتە سەر دواوەی ماددەی چوارەم لە یاسای نمرە 4 بۆ ساڵی 1992 و دەبێتە بڕگەی (5)ی ماددەکە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-

5-گۆرینی بەرنامەی خوێندن بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بەپێی داخوازیەکانی سەردەم بەجۆرێك لەگەڵ ڕێڕەوی پرۆسەی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان گونجاو بێت.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

لە خاڵی پێنجدا بەرنامەکانی خوێندنی هەموو قۆناغەکانیدا لە هەرێم بەپێی پێداویستی هاوچەرخ بگۆڕدرێن, وەك کاروچالاکیە پەروەردەییەکان, شان بەشان لەگەڵ گەشەسەندنی زانستی و تەکنەلۆجیادا بەرەوپێش بچن.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەگەڵ ئەو دەقەی کە بەڕێز لیژنەی یاسایی خوێندیەوە, من تەنها یەك تێبینیم هەیە, (تغيير المناهج الدراسية لجميع المراحل الدراسية وفق متطلبات العصر بحيث يتلائم مع سير العملية التربوية والتنموية في اقليم كوردستان), وشەی (والتنموية) ئیزافە بکرێت, سوپاس.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە, (تغيير المناهج الدراسية لجميع المراحل الدراسية وفق متطلبات العصر بحيث يتلائم مع سير العملية التربوية في اقليم كوردستان )کامەیە, ئێمە ئەمانەوێ ئەمە بەرزبکەینەوە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**باشتر وایە لەجیاتی (سير العملية) بکرێتە (مع السياسة التربوية), ئەگەر چاکی بکەن و مولاحەزەتان لێی نەبێت باشترە, وابزانم فەرقێکی ئەوتۆش نییە بەینی لیژنەی پەروەردە و ئەوانە, وابزانم تەنیا زمانەوانیە, دوایی تەواو ئەگەر قسەی نەبێت دەیخەمە دەنگدان, کێ لەگەڵە دەستی بەرزبکاتەوە؟ سوپاس, کێ لەگەڵ نییە؟ بەکۆی دەنگ قەبووڵ کرا, ماددەی تر.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز وەزیری پەروەردە داوای کرد (تنموية) ئیزافە بکرێ, ئێستا نازانین ئیزافە کرا یان نا, بەس روونکردنەوە, بۆ ئەوەی ئێمە تێبگەین لە وەزعەکە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کە کەس ئیعتیرازی نەگرت لەسەر ئیقتراحی وەزیری پەروەردە (تنموية)کە, لێرەش بەدەستی ئیزافەمان کرد, یانی بە موقتەرەحەکەوە و کەس ئیعتیرازی نەگرت, خستمانە دەنگەوە, فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الرابعة: تعدل الفقرتان (1) من المادة الخامسة المعدلة وتقرأ كالآتي:**

**1- ضمان اعداد المعلمين و المدرسين و المشرفين التربويين و المسؤولين عن ادارة التعليم و الاشراف عليه و اعادة تدريبهم اثناء الخدمة و تمكينهم من النمو المهني و العلمي و دعم منزلتهم بالتنسيق مع وزارة التعليم العالي و البحث العلمي.**

**2- تعدل الفقرة (4) من المادة نفسها و تقرأ كالآتي:**

**4- العناية بالتربية الدينية و الخلقية بتيسير الفرص القادمة على التسامح والتعاون والصدق والاخلاص في الأقوال والاعمال مع مراعاة الخصوصية الدينية للاديان الاخرى في الاقليم.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی:**

**ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی چوارەم لەم پرۆژەیەدا لیژنە پشتگیری دەکات لەوەی تێیدا هاتووە بەخستنە سەر ئەم ڕستەی خوارەوە بۆ دواوەی برگەی (1) لە ماددەی پێنجەم لە یاسای نمرە 4 ی ساڵی 1992( بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی)و هەموارکرنی دەقی برگە (4) لەهەمان ماددەداو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-**

**(ماددەی چوارەم):- هەردوو برگەی (1)و(4) لە ماددەی پێنجەم لە یاسای نمرە (4)ی ساڵی 1992و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-**

**1-مسۆگەرکردنی ئامادەکاری مامۆستاو وانە بێژان و سەرپەرشتیارە پەروەردەییەکان وبەرپرسانی بەڕێوە بردنی فێرکاری و سەرپەرشتی کردنی ومەشق پێکردنیان لەکاتی خزمەتداو فەراهەمکردنیان لە گەسەندنی پیشەیی وزانستی داو پشتگیریکردنی پایەکەیان بە هەمەهانگی لەگەڵ وەزارەتی فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دا.**

**2-گرینگیدان بە پەروەردەی ئاینیوڕەوشتەوە بەپێی سەرەتاکانی لێبوردەییو هاوکاریوڕاستگۆیو دڵسۆزی لە گوتن وکردەوەکاندا وێڕای ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتی ئایەنەکانی دیکە لە هەرێمدا.**

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی پەروەردە:**

**ماددەی چوارەم: برگەی یەکەم لە ماددەی پێنجەمی هەموارکراو, هەمواردەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**3-زەمانەتی ئامادەکردنی کادیری فێرکاری و پەروەردەیی و دووبارە مەشق پێکردنیان لە ماوەی خزمەتەکانیاندا, تا بتوانن بەهرەی پیشەیی و زانستیان پەرەپێبدەن و بە هاودەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان پلەو پایەیان بەهێز بکات.**

**4-بایەخ دان بەپەروەردەی ئاینی و ئاکاری لەسەر بنەمای لێبوردەیی و هاوکاری و راستگۆیی و دڵسۆزی چ بە گفتار, چ بە رەفتار.**

**برگەی چوارەمی ماددەی چوارەم بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

**4-تەدریسی زمانەکانی تورکمانی و سریانی و عەرەبی وەك فێرکردنی زمان لە قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندیدا وەك زمانی فێرکردن بێت و هەموو ماددەکانیش بەسەرپشکی ماڤ پارێزراوە بۆ منداڵەکانیان لەو ناوچانەی کە لێدادەنیشن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هەر بۆ تەوزیح, فەرق لە نێوانی ماددەی ئەصڵی و ماددەی معەدەل ئەوەیە, بەنیسبەت فەقەرە یەك تەنها (بالتنسيق مع وزارة التعليم العالي والبحث العلمي) ئیزافە کراوە, ئەمە یەك, دوو, بەنیسبەت فەقەرە چوار**

بەراستی جەنابی وەزیر دانیشتبوو لە نقاشەکە کە ئێمە کردمان و لیژنەی تەربیەش دانیشتبوو, واتەصور دەکەم ئەو کاتە هیچ ئیعترازاتێك نیشان نەدرا, بەڵام جگە لەوەش ئێستا مەسەلەی  موراعاتی خصوصیەی ئەدیان هاتە گۆڕێ, بەحەقیقەت ئەگەر نەصەکەی بخوێنیەوە بە موتڵەقی دێت, وبە موتڵەقی شمولی هەموویان دەکات, وابزانم هیچ ئیشکالیەتێکی تێدا نابێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من پێش ئەوەی رەئی بدەم, جەنابی وەزیری پەروەردە, ئەو موقتەرەحەی لیژنەی پەروەردە بەراستی دەزانم, لە ناحیەی زمانەوانیەوە مادام ئیشارەت نەدراوە بە مەبادیئی دینی ئیسلامی, ئەو ئەدیانە ئیزافەی زیادە, ئەگەر بوترابایە دینی ئیسلامی موراعاتی خصوصیاتی ئوخرا, ئەدیان ئوخرا مەعقول بوو, ئێستا مەبادیئی دینی مەفهومە, کە عیلاقەی بە ئەخلاق و تەسامح ئەوە بێت, لەهەموو دینەکان ئەو مەبادیئانە هاتووە, جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ هەمان رەئیم ئەو ئیزافەیە بەراستی زیادەیە و دووبارەبوونەوەیە, ئەوەی بڕگەی یەکەم بەتەنسیق لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا لە موقتەرەحەکەی لیژنەی پەروەردە بە شێوەیەکی شاملتر هاتووە, واتە وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتەکانی تریش دەگرێتەوە, من پشتگیری ئەوەیان دەکەم, ئەوەیان بەهێزترە, لەبەر ئەوەی تەنها وەزارەتی خوێندنی باڵا لەوێ تەرەف نییە بۆ پشتگیری کردنی وەزارەتی پەروەردە, سەبارەت بە بڕگەی سێیەم کە لە لیژنەی پەروەردەدا هاتووە (یحق تدریس اللغات الترکمانیة والسریانیة والعربیة) ئەمە بەراستی ناوهێنانی ئەو سێ زمانە بە تەنها,  رەنگە ئەگەر خۆیان ئاشوریەکان و ئەرمەنیەکان یا ئەوانەی کەمە نەتەواتیەکان کە لە کوردستاندا دەژین, ئەوانیش داوای ئەوە بکەن کە بۆچی ناوی ئەوان لەوێ نەهاتووە, لەبەر ئەوە لە یاسای پێشتر هاتووە (جعل لغات القومیات) کە ئەمە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ خاڵەکەی پێشوو ئەوەی یەکەم, کە قەومیات لە ماددەی یەکەم هاتووە, لێرە لۆغاتی قەومیات دووبارە بۆتەوە, ئەو پێشنیارەی لیژنەی پەروەردە کە لابردنی ئەو قەومیاتە, بۆیە ئەم تەعدیلە هاتووە, لەبەر ئەوە لێرە دەگەڕێینەوە سەر ئەصڵی مەوزوعەکە, قومیات ئەگەر بمێنێت لەماددەی یەکەم لێرەش تەنها (جعل لغات القومیات اخری, لغة التعلیم في مراحل الدراسیة) لەوێ گونجاو تر دەردەچێت لەوەی کە ناوی یەکە یەکەی زمانەکان بێنین, واتە ماددەی یەکەمیش وەکو خۆی بمێنێتەوە, لێرەش تەنها لغە القومیات باس بکەین, ناوی قەومیەکان نەهێنین, عەرەب و تورکمان و ئاشوری, سوپاس.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی چواری ئەصڵی قەرارەکە (جعل لغات القوميات لغة التعليم) قوميات لێرەش بە پێشنیاری لیژنەی پەروەردە لاماندایە, تەنها دەمێنێ (جعل لغات السريانية والتوركمانية والعربية)یانی قەومیات لێرەش لادرایە, بۆیە پێویستە لە ماددەی یەکەمیش بڕگە شەش لابدرێت, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی یەکەم (ضمان اعداد المعلمين والمدرسين) تەبعەن ئەو دوو ناوە باشترە لە (کوادر), ئەوەی کە لەمەجالی تەربیە ئیشی کردبێت, بەراستی (تأهيل) بە قوەتترە, ئیعداد جۆرێکە لە هەڵقولاندن, زۆرمان بینیوە یانی ناتوانێ دەورەکەی خۆی ببینێ, بەتایبەتی ئێستا کە لە مەجالی ئیعدادیە زۆرتر خەریجی علوم دێن, خەریجی ئاداب دێن, یانی ئەمە تەئهیلی دەوێ, ئیعداد ناتوانێ ئەوە دروست بکات, یانی دەورەیەکی مانگی, یان هەفتەیی یان پازدە ڕۆژی, ئەوەی دێت دەبێتە مامۆستایەك لە قوتابخانە, یان یەکێك لە گرفتی ئەم پرۆسەی پێگەیاندنە یان فێرکردنە ئەمەیە, لەبەر ئەوە داوا دەکەم لە وەزیری پەروەردە زۆر گرنگی بە تەئهیل بدەین, یانی شیاواندن, ئەوەی شیاوی ئەو ئیشە بێت, دەربارەی تەربیەی دینی وابزانم هەر نەصە پێشوەکەش هەر خراپ نییە, کە بڵێین (العناية بالتربية الاسلامية والخلقية وفق القائمة) نابێت, چونکە ئێمە دەبێت ڕاکێشانی دینە بەرامبەر شتی تردا, بڵێین (تأكد) یانی ئەو مەبادیئانەی کە لە ئیسلامدا تەئکید لەسەر ئەمانە دەکەن (وفق) وابزانم بچووك کردنەوەی ئیسلامە, ئینجا زۆر شتێکی تەبیعی یە کە لەهەموو قانونی دنیا ئەدیانی تر باس دەکرێت, یانی (مع مراعاة الاديان الاخرى) ناویشیان بڵێن شتێکی تەبیعی یە, لەبەر ئەوەی کە ئەمە زۆرینەی زۆرن لەم وڵاتە موسڵمانە, ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەوان زەعیف دەکەین, بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە گەورە بچکۆلە دەکەیەوە, لەبەر ئەوە شتێکی دروست نییە, هەم مافی ئەو نافەوتێ و شتێکی زۆر تەبیعی یە بڵێین (التربية الاسلامية مع مراعاة الاديان الاخرى) ئەویش وەختی خۆی کە زوو لە عێراق ئەوە باوە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی قسە بدەم بە برادەرێکی تر, ئیجازە بە خۆم دەدەم تۆزێك تەوزیح بدەم بەراستی, یانی من لەو مەوقیعە هەمووشمان موسڵمانین, لەو مەوقیعەدا بەراستی نابینم بڵێی (وفق مبادئ الديانة الاسلامية) چونکە کەوتت (الديانة الاسلامية ومراعاة الاديان الاخرى) وەکو ئەوەی خیلافێك هەیە نێوان دینی ئیسلامی و دیانەتەکانی تر لەسەر ئەو مەسەلەیە, من پێم وایە لەسەر ئەو مەسەلانە خیلاف نییە, تەساموح, صدق, ڕاستگۆیی, نیشتمان پەروەری, کە وتت الاديان هەر یەکە, بە تەئکید لە هەرێمی کوردستان مەبادیئی ئیسلامی دەخوێندرێت, وایە, بەڵام لێرە تەشخیصی بکەیت, لەلایەکەوە فەرزە و

لەلایەکی ترەوە موراعات بکرێ, چ موراعات بکرێ, دینی ئیسلامی باسی راستگۆیی دەکات, باشە راستگۆیی چ موراعاتێکی مەسیحی بکەم ئەگەر بلێم موراعاتی بکەم, عەینی ئەمان مەبادیئی ئیسلامی بۆ راستگۆیی مەسیحیەکەش گوێ رادەگری, هەمان مەبادیئی مەسیحیە بۆ راستگۆیی و ئیسلامەکەش گوێ رادەگرێت, لەبەر ئەوە ئەو ناوهێنانە ئیجازە بدەم بەخۆم برێکیش مەلا زادەم, خۆم دەڵێم ئەو ناوەی تێدا نەبێت باشترە, کاك اسعد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاكر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لە کوردستان کەمە نەتەوایەتی نەماوە, بەڵام بە داخەوە جەنابی وەزیر دوو سێ جار دووبارەی کردەوە, لە ئەصڵی مەشروعەکە لیژنەی پەروەردە کە ئەو ئیقتراحەی داوە فەقەرەی چوار بگۆڕدرێت, چونکە بۆ؟ لە ئەصڵی مەشروع دەڵێ (جعل لغات القومیات لغة التعلیم في المرحلة الابتدائیة ) ئێمە ئەوە سێ وەجبە, یانی هەم تورکمان و هەم ئاشوری, یانی لوغەی سریانی سێ وەجبە ئیعدادیەیان تەواو کرد, یانی چووینە کولیات و مەعاهد, لێرە ئەوە نۆ ساڵە ئینتیزار دەکەین هەموارکردنی ئەو فەقەرەیە کە تەنها لە بۆ ئیبتیدائی نەمێنێ, مەراحلەکانی تریش بگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وتمان ئەوە دەخەینە کۆبوونەوەی داهاتوو موقتەرح دەکرێت, کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك اسعد باسی کرد, ئەوە لە پرۆژەکەدا نەهاتووە بۆ ئاگاداری ئەوە لە یاسایە ئەصڵەکە هاتووە, ئەوەی کە باسی کرد (جعل لغات الاقلیات)دوایی کراوە بە (لغە القومیات) بۆ مەرحەلەی ئیبتیدائی, ئەوەش دەبێت رەچاو بکرێت, جارێکی تر دابنیشن بۆ ئەم مەوزوعە, بەڵام ئەوەی لێرە دەربارەی ئەو دووخاڵەی کە هەیە, ئە دوو برگەیە (ضمان اعداد المعلمین و المدرسین) و(تأهیل) منیش لەگەڵ ئەوەمە ئەو وشەیەی (اعداد و تأهیل المعلمین) هەردووکی تێدا هەبێت باشترە, بەنسبەت (العنایە بالتربیە الدینیە والخلقیە) وەکو ئەوەی وایە ئێستا لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە (مع مراعاة الخصوصیة للادیان الاخری في الاقلیم) ئەگەر ئەمەش لابدرێت, من پێم وایە هەردەبێت تەئکید بکرێتەوە لەسەر ئەوەی کەوا ئەگەر نەوترا مانای وایە باسی کێ دەکەی, بۆیە دەبێ بوترێ (العنایة بالتربیة الدینیة والخلقیة لکافة ابناء اقلیم کوردستان وفق مبادئ التسامح و التعاون والصدق والاخلاص في الاقوال والعمل) یانی ئەبێت بڵێین (لکافة ابناء اقلیم کوردستان) ئەگەر نا تۆزێك ئیشكال دروست دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر برگە دوو من قسەم هەیە, هەرچەندە بەشێك لە لیژنەی پەروەردە چاکی کردووە, پێشتریش تەئییدی قسەکانی جەنابت دەکەم, دیارە وەزارەتی پەروەردەی ئێمە, ئەمانەوێ هاوکار یان قوتابی یان خوێندکار لەسەر ئەساسی هاوڵاتی پەروەردە پێ بگەیەنین, نەك لەسەر ئەساسی دینی, لەکوردستانیش چەند دینێك هەیە کە ناوی دینەکان دێ خۆی جیاوازی دروست کردنە, رەنگە سبەینێ خیلافمان بۆ دروست ببێت لەنێوان ئێمە و یەزیدیەکان و لە نێوان ئەوان و ئێمە و هەر کەسێکی تر, ئەوە مەبدەئە لای من, ئەوە مەبدەئ نییە لای تۆ, لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی گشتی وەکو هەر جەنابیشت فەرمووت فعلەن ئەو پرانسیبانەی کە ئێمە هەموو دینەکان لەسەری کۆکین, هەر ئەوان نەبی, کە ناو نەهات هەموو ئەوانە دەگرێتەوە, هاووڵاتیەکی صالح وەکو دەڵێ لە کوردستان پەروەردە دەبێت ئەو کاتە, شێوەی دارشتنی برگەکەش بەشێوەیەکە تەفسیری جیا جیا هەڵدەگرێت, چونکە پەروەردەی دینی بەلای خۆمەوە کە دەڵێی پەروەردەی دینی زۆرتر بە جانبی دینی, نەك بە جانبی پەروەردەیی دەبێت, پەروەردەی دینی خۆتان دەزانن رێباز و رێگای جۆراو جۆری هەیە, بە توندترین شێوە تا نەرمترین شێوە, من بەشێوەیەکی تر رەنگە ئەوە دوایی خیلافی لەسەر دروست ببێت, دامرشتۆتەوە, دوو وشە هەیە باس دەکرێت, یەك بایەخ دان جوانترە لە گرنگی دان, کە نازناز خانیش باسی کرد, دوو کەباسی رەوشت دەکەی, رەوشتی خراپ هەیە و رەوشتی بەرز هەیە, لەبەر ئەوە من هەر جوملەکەم بە شێوەیەکی تر دارشتۆتەوە, ئەگەر روخسەت بدەن بیخوێنمەوە, هەمان ئامانجە کە لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە, بەڵام شێوەی دارشتنەکە رەنگە تۆزێك جیاواز بێت (بایەخ دان بە رەوشت بەرزی و گیانی لێبوردەیی و راستگۆیی و چاکە کردن و دڵسۆزی لەبەجێ هێنانی ئەرکی سەرشان بەپێی پرنسیپە پەروەردەیی وئاینیەکان) ئەوە پێشنیاری منە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەرێز ارام رسول مامند:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە, بەحەقیقەت ئەوەی یەکەمیان دەکرێت بۆ ئەهدافی وەزارەت پێشوش ئیستیفادەی لێ بکرێت, بەڵام هەر باسی لێوە دەکەم, ئەگەر دەرفەت بدەن, پێشنیاری یەکەمم ئەوەیە کە وەزارەت هەوڵ بدات بۆ بەدیموکراسی کردنی پۆل و ناوەندەکانی خوێندن بەشێوەیەك کە قوتابیان و خوێندکاران بیانەوێت فێرببن, بزانن چۆن دەتوانن ئەو زانستە بەدەست بێنن کە مەبەستیانە, تەنها ئەگەر یەك لەحزەیەك مەجالی من بدەن وەك شی کردنەوە بۆ ئەو خاڵە, سیستەمی پەروەردەیی ئەمرۆ لە کوردستان بەشێوەیەکە کە قوتابی رادەکێشێت بۆ پۆلەکە و زەغتی لێ دەکات بۆ فێربوون, مەسەلەیەکی قەدیمیش هەیە کە دەڵێ تۆ دەتوانی ئەسپێك یان گوێدرێژێك ببەیتە سەر جۆگایەك, بەڵام ناتوانێ بەزۆر ئاوی دەرخوارد بدەی, بۆیە بەراستی تموح ئەوەیە کە ئێمە بتوانین ناوەندەکانی خوێندن و پۆلەکانمان بەشێوەیەك بێت وای لێ بکەین کە ئەو قوتابیانە و ئەو خوێندکارانە ئارەزووی خوێندنیان هەبێ, بزانن کە ئەتوانن ئەو علمە بەدەست بێنن, پێشنیاری دووەم کە وەزارەت هەوڵ بدات بۆ دابین کردنی دەرفەتی

یەکسانی لەسەرجەم بوارەکانی خوێندن و فێربووندا, بەتایبەتیش لە ناحیە و گوندەکان, کە بەراستی پێویستە ئەو مەنتیقانەی کە کەمتر ئاوەدانکردنەوەی گەیشتۆتێ بەتایبەتی گوندەکان کە ئیهتیمامی زیاتر پێ بدرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تا ئێستا سێ چوار برادەر قسەیان کرد, ئەگەر جەنابی وەزیر تەعلیقی هەبێت لەسەر قسەکانیان, فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووبارە من پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسا دەکەم, بە لابردنی ئیشارەت دان بە ئاینەکانی تر, لەبەر ئەوەی لەسەرەتاوە پەروەردەی ئاینی و پرۆگرامەکانی خوێندنیش ئێستا لە کوردستان ناویان پەروەردەی ئیسلامی نییە, پەروەردەی ئاینیە, واتە شێوەیەکی گشتگیر ئەگرێتە خۆی, دووەم لەوێدا پەیوەندی کراوە (وفق مبادئ التسامح) واتە پەروەردە ئاینیەکە بەرەو ئەو ئاقارەیە پرۆگرامەکان کە لێبوردەیی و قەبوڵ کردنی یەکتری بێت, لەوێدا مەربوتە و مەرجدارە نەك بەلایەنی تەتروف لێك بداتەوە, بۆیە ئەو داڕشتنە داڕشتنێکی گونجاوە و لەبارە بۆی, سوپاس.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە لە مادده چوار لە فەقەرەی یەکەم (ضمان اعداد المعلمين) بخرێتە سەر ئەهدافەکانی وەزارەت, چونکە ئەهدافەکانی وەزارەت ئامادەکردنی جیلێکی نوێیە, ئەو جیلە پێویستی بە کەرەستەیەکی تر دەکات, لەبۆ ئەوەی ئامادەی بکات و تێی بگەیەنێ, لەبەر ئەوەی تەڵەبەو قوتابی دائیمەن لاجیئ و مەلجوئن, پێشنیار دەکەم بگوازرێتەوە بۆ ئەهدافەکانی وەزارەت, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیریی جەنابت دەکەم بۆ ئەو بەشەی باسی پەروەردەی ئاینی دەکات, ئەمە بەشی یەکەمی, بەڵام بەشی دووەمی من حەز دەکەم یەك شت روون بکەمەوە بۆ جەنابی وەزیریش کە لێرەیە, راستە ئێمە ئێستا پەروەردە گۆڕاوە هینی ئاینی و کتێبەکانیشی گۆڕاوە, بەڵام ئێستاش لە پۆلەکاندا منداڵەکان ئەناڵێنن لە پۆلی یەك و دوو و سێدا بەدەست ئەو مامۆستایانەی ئاین کەبەشەق ئەیانەوێ فێری سورەتەکانی ئاینیان بکەن, مع العلم مەنهەجەکە گۆڕاوە کە لە پۆلی یەك و دوو سێی سەرەتایی منداڵ پێویست ناکات مێشکی بەو شێوەیە ئەزیەت بدەی, کە بەزۆر شتی پێ لەبەر بکەی, ئارەزووی خۆیەتی لەماڵەوە دایك و باوکی فێری بکات, لەبەر ئەوە بەرای من بەڕاستی ئەو بڕگەیەی هەر لابدەین باشترە, مامۆستا ئیلتیزامی پێوە ناکات, ئەگەر هەر لاش بدرێ, زۆر باشترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە بدەن, سۆزان خان ئێمە باسی ماددەی دین ناکەین, ئێمە باسی مەبادیئی ئەدیان دەکەین, لە ئیخلاص و راستگۆیی, ئەمە بەتەنیا لە ماددەی دیندا نییە, لە منهاجی تەربەوی هەموویدا هەیە, فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکەم, باس لە موعەلمین و مودەرسین دەکات, بەمەبەستی مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی کراوە, بەڵام لە موشرفین باس تەنها لە موشرف تەربەوی کراوە, خۆی لە ئەصڵدا لە پەروەردەدا موشرفی ناوەندییەکان یان دوا ناوەندییەکان پێی دەڵێن ئیختصاصی, لەبەر ئەوە ئەگەر لێرە زیاد بکرێت و بوترێت (مشرفين التربويين والاختصاصيين) بۆ ئەوەی سەرپەرشتیاری پسپۆریش بگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئییدی قسەکانی کاك اسعد دەکەم, لەگەڵ لیژنەی پەروەردە, بەڵام یەك تێبینیمان هەیە لێرە کە زمانی کوردیش لە خاڵی چوارەم (يحق تدريس اللغات التركمانية و السريانية والعربية كاللغة في مراحل الابتدائية والثانوية و كاللغة التعليمي لجميع المواد اختياريا لابنائها في المناطق التي تقطنها) لێرە زمانی کوردیش لێی زیاد بکەن, کە زمانی کوردیش لەگەڵ ئەم زمانانە و ئەو قوتابخانانە بخوێندرێت, چونکە زمانی کوردی زمانی فەنییە لە کوردستاندا, لە ئەصڵی ماددەکەش هاتووە (مع التعليم على ان يكون تعليم اللغة الكوردية فيها الزاميا), سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی تەئییدی رەئیەکەی جەنابت دەکەم, لەسەر ئەو جوملەیەی کە هاتووە لە ئاخیردا دەڵێ (والاعمال مع مراعاه الخصوصيه للاديان الاخرى) کە گۆتی (مع مراعاه الخصوصيه) مانای خصوصیەتەکە دینی ئیسلام دەگەیەنێ, پاشان (والاديان الاخرى) یانی لەپێشی ویش دینی دی تەئیید کراوە, بۆیە باسی ئەدیانی ئوخرا دەکرێت, من تەئییدی رەئیەکەی جەنابت دەکەم و دەست خۆشی لیژنەی قانونی دەکەم کە وشەکە بەو شێوەیە هاتووە, بەڵام تەعلیقێکم لەسەر قسەکەی سۆزان خان .............

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا عەفوم دەکەی, لێرە لەپەرلەمان لەسەر تەعلیق تەعلیق نادرێت, رەئیی خۆی وتی ئێمەش بۆمان تەوزیح کرد, هەرکەسێك ئازادە لەرەئیی خۆی, بەڵام تەعلیق لەسەر تەعلیق نابێت, ئەو باش

تێنەگەیشتبوو, باسی ماددەی دینی کرد, کە ئێستا جێگەی ئەوە نییە, موناقەشەی ئەوە ناکەین, ئێمە باسی منهاجی تەربەوی دەکەین لەسەر ئەساسی مەبادیئی دین کرایە, نیزامی ئێمە وا دەڵێ, دەڵێ تەعلیق لەسەر تەعلیق لێ نادرێ, فەرموو د. شوکریە.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر خاڵی دووەم, هەروەها تێبینیەکی تریشم هەیە, تێبینی یەکەمم لەرووی زمانەوە, بەراستی سێ جۆرە کوردی لەلای من هەیە, من ئەم کوردی دارشتنەی لیژنەی پەروەردە زۆر بەجوان دەزانم, بەمەرجێك خاڵی دووەم کە دەڵێ چ بە گوفتار وچ بە رەفتار, ئەو (چ) بکرێت بە (بە) (بەگوفتارو بە رەفتار) چونکە لەزمانی کوردی کە دەڵێ چ ئەوە و چ ئەوە, یا ئەمە یا ئەوە, ئەگەر بکرێ بە (بە) جوانتر دەڕوات, ئەمە لەلایەك, لە هینی لیژنەی یاسایی بەراستی کوردیەکەی زۆر نارێکە, لە قانونەکەشدا کە بەعەرەبی هاتووە, هی وەزارەتی پەروەردە کە دەڵێ (فی الاقوال و الاعمال) ئەگەر بکرێت (قولاً وعملاً) جوانترە بە رەئیی من, ئەمە خاڵێك, خاڵێکی تر کە لە لیژنەی پەروەردەدا هاتووە لە خاڵی چوارەمدا, تەدریسی زمانەکانی تورکمانی و سریانی و عەرەبی لە قۆناغەکانی سەرەتایی ودوا ناوەندی وەك زمانی فێرکردنی هەموو بابەتەکان بەسەرپشکی مافی پارێزراو بۆ مناڵەکانیان لەو ناوچانەی کە لێی دادەنیشن, لەو ناوچانەی کە زۆرینەیان, ئەگەر وشەی زۆرینە دابنێین, چونکە مەعقول نییە لە دێیەك دوو عائیلەی تورکمانی یا دوو عائیلەی سریانی هەبێت, من مەکتەبیان بۆ بکەمەوە, ئەگەر زۆرینە بەکاربێنین زۆر جوانتریشە, ئەمە خاڵێك, خاڵێکی تریش هەیە ئەگەر ئێمە بڵێین خوێندنی زمانی کوردیش تێدا ئیلزامی بێت لەو شوێنانەدا, وەکو لەدەستوورەکەشدا هاتووە زۆر لەجێگەی خۆیەتی, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەمەبەستی دابین کردنی کادیری گونجاو بۆ تەعلیمی سریانی و تورکمانی لە قوتابخانەکانی ئیبتدائی و دواناوەندی, پێویستە قسمێك لە مەعاهد و کولیەکان هی زمانی سریانی و تورکمانی دابنرێت, بۆ ئەوەی بتوانن تەخریجی کادیرێکی گونجاو و ئەکادیمی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی خوێندنی سریانی لە مەرحەلەی ئیبتیدائی و سانەوی, سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی لەسەر ئەو برگەیە پشتیوانی رای بەرێزتان دەکەم بە پڕاو پڕی, بەڵام یەك تێبینیم هەیە بە حەقیقەت, ئێمە گرنگیمان بە پێش سەرەتایی نەداوە لەسەرتاسەری ئەو باسانەی کە کردومانە, لە کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر زەروریە خەڵکێکی پسپۆڕ لەسەر مستەوای دکتۆرا لەو شوێنانە بێت, بۆچی؟ چونکە ئەوە بنەمای فێرکردن و راهێنان و دروست کردنی شەخصیەتی منداڵە, لەلای ئێمە خەریجی صناعەیە, خەریجی زراعەیە, تەڵەبەی صنفی پێنجە ئەیکەنە مامۆستا و لە رەوزەکان دادیدەنێن, رەوزە ئەبێ گرنگی پێ بدرێت, ئەبێ خەڵکی پسپۆڕی تێدا بێت, بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە لەوێ دەردەچن و ئەچنە قوتابخانە, خەڵکێکی زۆر رێك وپێکیان لێ دەردەچێت, ئێستا حالیەن لە هەموو شوێنێك زۆر زەروریە چەند کەسێکی پسپۆڕ ئێستا خاوەن دکتۆرایە لەو شوێنانە بن, چونکە بۆچی؟ ئەوە بنەمای دروست کردنی شەخصیەتی منداڵە, سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان کە کاك تەلعەت خدر دەڵێ زەمانەتی ئامادەکردنی کادیری فێرکاری و پەروەردەیی, بەشێکە لە هەدەفی وەزارەت, ئێمە ئەگەر بیخوێنینەوە دەڵێ وەزارەت بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم شێوازانە دەگرێتە بەر, کەواتە بۆ ئەوەی تۆ ئەو ئامانجانەی کە ئێمە باسمان کرد کە دەمانەوێ کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و بەو شێوەیە دروست بکرێت و خەڵك فێربکەین, تۆ بۆ ئەو ئامانجە ئەم وەسیلەیەت پێ دەوێ, وەسیلەکەش چییە راهێنان و تەئهیل و ئامادەکردنی مامۆستای فێرکاری و پسپۆڕیە بەوشێوەیەی کەباسمان کرد, بۆیە ئامانجی وەزارەتی پەروەردە دروست کردنی مامۆستا و بەرهەمهێنانی مامۆستا نییە, بەڵکو دروست کردنی کۆمەڵگایە, بەڵام لەرێگەی چی, لەرێگەی دروست کردنی مامۆستای باش بۆ ئەوەی نەوەیەکی باش پەروەردە بکات, لە وەڵامی سارا خان کە دەڵێ ئێمە لێرە پسپۆڕی موشرفینی تەربەویمان هەیە و پسپۆڕیمان هەیە و بەم شێوەیە, ئێمە خۆمان رزگار کردووە لیژنەی پەروەردە, بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەوەزارەت و لەلیژنەی یاسایی هاتووە, ئێمە دەڵێین زەمانەتی ئامادەکردنی کادیری فێرکاری وپەروەردەیی, کە ئەوەت گوت مامۆستای سەرەتایی و رەوزە و سانەوی و مەعاهید دەگرێتەوە ئیتر لە دوای ئەوە موشریفەکان بەهەموو شێوازەکانیان, هەموو ئەو کەسانەی کە لەناو سلکی پەروەردە ئیش دەکەن, هەموویان دەگرێتەوە, بۆیە من داکۆکی لەو نوقتەی یەکەمی خۆمان دەکەم و حەزیش دەکەم دەنگی پێ بدەن, چونکە بەراستی رزگارمان دەکات لە زۆر شتی تر کە لەوانەیە لەدواییدا پێویست بێت و دروستیش بکرێت, لە وەڵامی دکتۆرە شوکریە کەدەڵێ با ئیشارە بدرێت ئەگەر دوو ماڵ لە لادێیەك ئەرمەن بوون مەسەلەن پێویستە مەکتەبیان بۆبکرێتەوە یان نا, لێرە هاتووە لەماددەی چوارەمی ئەصڵی قانونەکە دەڵێ (لەو شوێنانەی کە زۆرینەیان ئەوانن) کەواتە لەو شوێنانەی کە خەڵك تورکمانن, لەو شوێنانەی کە خەڵك ئەرمەنە, هەر نەتەوەیەکە لەوێ بۆی هەیە مەکتەبی خۆی هەبێت, بەزمانی خۆی بخوێنێ, لە وەڵامی ڤیان خانیش کە دەڵێ با زمانی کوردیش زیاد بکرێت, زمانی

**كوردی لێره پێویست ناكات زیاد بكرێت, چونكه لەماددەی چوارەم دەڵێ (جعل اللغة الكوردية لغة الدراسة في جميع مراحلها) یانی زمانی كوردی زمانی هەرێمی كوردستانه, واجبه هەموو كوردستانیەك و هەر نەتەوەیەك بێت و سەر بەهەر ئاینەك بێت, دەبێ زمانی كوردی بخوێنێ, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**دیاره قسه كردن لەسەر ئەو ماددەیه دوو بابەتی جیاواز, لیژنەی پەروەردەی تێكەڵاوی كردووه بەڕاستی, ئەو ماددەیەی كەباسی زمانەكان دەكات, ئەوه له ماددەی چواردا هاتووه, ئێمه وتمان لەگەڵ ماددەی یەك تەئجیلی دەكەین بۆ جەلسەی داهاتوو, چونكه ئەوەیان قسه كردن كاتێكی تر هەڵدەگرێ, بۆ دوو بڕگەكەی تر, من بەتەواوی پشتگیری رایەكەی لیژنەی پەروەردەم كرد كه ئەو بڕگەیه بەو شێوەیه داڕشتنه بێت, لەبەر ئەوەی شێوەیەكی گشتگیره و بواری لیژنەی پەروەردە دەستی باڵاتر دەكاتەوه و بەپێی پێویست كاربكات له ئایندەدا, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**نازانم ئەو ماددەیه فەقەرەی چوارەم, كه لیژنەی پەروەردە ئیزافەی كردووه, دەڵێ (يحق تدريس اللغات التركمانية و السريانية والعربية كاللغة) ئەصڵی فەقەرەكه چییه؟ فەرموو.**

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەصڵی فەقەرەكه (جعل لغات الاقليات) تەبعەن ئێمه كردوومانه بە(قوميات)(لغة التعليم في المرحلة الابتدائية) وەكو ئەو بەڕێزه دەستنیشانی كرد, ئەو مەرحەله ئیبتیدائیەش لابدرێت, (جعل لغات القوميات لغة التعليم لابنائها في المناطق التي تقطنها على ان يكون تعليم اللغة الكوردية فيها الزامياً), چونكه ئەو بڕگەیەی كه نازناز خان باسی كرد كه دەڵێ (جعل اللغة الكوردية لغة الدراسة في جميع مراحلها) ئەوه ئەم بڕگەیه ناگرێتەوه كه قوتابخانەی ئاشوری وتوركمانی و شتەكانی تره, بۆیه دەبێت لەو بڕگەیه تەسبیت بكرێت كه لوغەی كوردی تێدا بێت, بۆیه بەرەئیی ئێمه ئەگەر بێتو بەڕێزتان له رووی پرۆتۆكۆلیەوه ماددەی یەكەم (قوميات) بمێنێتەوه, ماددەی چوارەم بەو شێوەی خوارەوه بێت (جعل اللغات القوميات لغة التعليم لابنائها في المناطق التي تقطنها على ان يكون التعليم اللغة الكوردية الزاميا) ئەوه له كێشەی ماددەی یەكیش رزگارمان ئەكات, لەكێشەی ئێرەش رزگارمان دەكات, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**من پێشنیارەكەی وەزیر به باشی دەزانم به ئیزافەیەك, به پێی دەستووری عێراقی دوو زمانی رەسمییه, دەبێت لوغەی كوردی نا بەتەنیا, لوغەی كوردی و عەرەبی, دەبێ هین نەكەین دوایی ئیعتیرازمان لەسەر بگیرێ, چونكه دەستووری عێراقی دەڵێ (لغتين رئيسيتين), لەبەر ئەوه دەبی بڵێین (اللغة الكوردية**

والعربية الزاميا) ئەوەی تر (لغات التركمانية والسريانية والارمنية) ئەوە باسمان كردووە لە زاخۆ هەمانە رەمزیە, ئەگەر ئەو صیغەیەتان پێ باش بێت كاك شێروان, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێمە مولاحەزە دەكەین, ئەو موناقەشاتەی كە لەسەر لوغە كرا, لە ئەصڵی پرۆژەكە نەهاتووە بەحەقیقەت, ئەمە شتێكی تازەیە بەنسبەت ئێمەوە, بۆیە ئەگەر ئەوەش تەئجیل بكرێت, بۆ ئەوەی یەك لا بكرێتەوە لەگەڵ ئەو ماددەیەی كە تەئجیلمان كرد, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت ئەوە فەرقی هەیە لەگەڵ ماددەكەی تر, ئەمە ماددەی چوارە, سێ فەقەرە موناقەشە كرا, ئەوە بڕگەیەكە دەكرێت, مادام ماددەكە كرایەوە وەكو ماددەی یەكەم نییە, ئەم ماددەیە موقتەرح هاتووە یەك, دوو سێ چوار, ئیزافە كراوە, بڕگەیەكە دەكرێت, مادام ماددەكە كرایەوە بۆ موناقەشە یانی دەكرێ, وەكو ماددەی یەكەم نییە, جێگەی موناقەشە نەبوو, چونكە داوا نەكرابوو, ئەمە داوا كراوە ماددەی چوارەم, فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من پشتگیری كاك دڵشاد و كاك شێروان دەكەم, كە تەئجیل بكرێت, چونكە ئەوە پەیوەندی بە ماددەی چواری پرۆژەكەوە نییە, بە ماددە چواری یاساكەوە هەیە, فەرقی هەیە, لەوێ باسی لوغەی كوردیش هاتووە, ئەوە جارێكی تر ئیعادەی نەزەری لێ بكرێتەوە, وەكو جەنابت ئاماژەت پێ كرد, چونكە زمانی كوردیش وزمانی عەرەبی ئێستا رەسمینە, بەڵام ئەمە لەگەڵ ماددەی یەكەم جارێكی تر ئەمە تەئجیل بكرێت, چونكە پەیوەندی بەم پرۆژەیەوە نییە ئەوەی ئێستا وەزارەتی پەروەردە هێناویەتی, لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر بزانە ئێمە شتێكمان وت, یانی هەمووومان بەخۆشمەوە, خیبرەمان لە پڕۆتۆكۆل كەمە, بەخۆشمەوە دەڵێم, من كاك فرست لێرە نەبێت لەوانەیە لەئێوە زیاتر غەڵەت بكەم, لە ناحیەی یاساییەوە, ئەو ماددەیەی كە تەئجیل كرا دەچێتە ئەو بابەی دەبێت بە دوو رێگە بگۆڕدرێت, یان لە پرۆژەكە هاتبێت, یان دە ئەندام داوایان كردبێت, ئەو ماددەیە فەرقی هەیە, ئەو ماددەیە لە پرۆژەكەدا هاتووە كراوەتەوە و سێ خاڵی موناقەشە كراوە و خاڵی چوارەم ئیزافە دەكرێت, مادام ماددەكە كراوە بۆ موناقەشە لە پرۆژەكە هەیە, ئەگەر موافەقەتتان كرد, ئەگەر موافەقەتتان نەكرد ئەوە هیچ ئیلغا دەكرێتەوە, ئەگەر ئەو

ئیزافەیە موافەقەت کرا دەکرێ ئیزافە بکرێت, مادام ماددەکە کراوەتەوە, لەبەر ئەوە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو ماددەیەی کە لە ئەصڵی پرۆژەکەدا نەهاتووە, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن تەئکید دەکەم ئەو ماددەیە لەبۆ تەعدیل نەهاتووە, ماددە هاتووە, بەڵام ئەو فەقەرەیە لەبۆ تەعدیل نەهاتووە, ئەم فەقەرەیە فەقەرەیەکی تازەیە کە موناقەشە دەکرێت, ئەوە جەنابی وەزیریش لێرەیە, سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە هاتووە, بەڵام بڕگەکە نەهاتووە, لەبەر ئەوەی جەنابت فەرمووت ئەگەر پرۆتۆکۆڵ ڕێگە بدات بڕگەکە موناقەشە بکرێت ئەوا ئاسایی دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە ئەگەر خیلاف نەبێت لەسەر نەصەکە و ئەو موقتەرەحەی کە جەنابی وەزیر کردی, لەلایەن لیژنەی پەروەردەوە بیدایەتەکەی ئیقتراح کراوە, بەس بەو تەعدیلەی کە وتمان خوێندرایەوە, زمانی عەرەبیش ئیزافە کرا, صیاغەکە دەمێنێتەوە لەگەڵ ئەو لەبەر ڕۆشنایی موناقەشەکان و ڕەئیی جەنابی وەزیر, ئەو شتانەی کە ئیجماعی لەسەرە, یەکێکیان ئەوەیە لە ئیعدادی کادیر و تەئهیل, نەك تەنها ئیعداد, زەمان ئیعداد و تەئهیل کادر ئیزافە کرایە, ئەو صیغەیەی فەقەرە چواریش لە فەقەرە سێش موراعاتی خصوصی دینی ئیلغا کرا, فەقەرە چواریش بەو صیغەیەی کە لە فەقەرەی یەك بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی تەعلیمی عالی و (الوزارات الاخری) ئیزافە کراوە, ووزارات زات عیلاقە ئیزافە کرا, لەگەڵ بڕگەی چوار کە بەو صیغەیەی کە بەڕێز کاك دڵشاد وتی و ئیزافە کردنی زمانی عەرەبی و نەك کوردی بەتەنیا, فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕێزم بۆ بۆچوونەکەی جەنابی وەزیر, ئەمە دوو ماددەی جیاوازن, لە ئەصڵی پرۆژەکەدا دوو ماددەی جیاوازە, ماددەی چوار ئەصڵەن ئەمڕۆ باسمان نەکردووە, لە پرۆژەکەی ئەواندا نییە, کەباسی زمانی کوردی دێت لەگەڵ زمانەکانی تر ئەوە لەماددەی چواری ئەصڵی یاساکەدایە, نەك لە پرۆژەکە, لەبەر ئەوە تکام وایە ئەوە تێکەڵاو نەکرێت, ئەوە لەگەڵ ماددە یەك یەکتر دەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشه موشكیله نییه, مادام خیلاف هه‌یه, با ئه‌وه‌ش دوا بخرێت بۆ ئه‌وه‌ی صیغه‌ی بۆ بدۆزنه‌وه, ره‌نگه له‌گه‌ڵ مادده یه‌ك ببێته پرۆژه‌یه‌ك, فه‌رموو كاك شێروان.

**به‌رێز شێروان ناصح حیدری:**

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

ئه‌و مادده‌یه موهه‌یه‌ئه له‌بۆ ته‌صویت, له‌به‌ر ئه‌و فه‌قه‌راتانه‌ی كه جه‌نابت ئیشاره‌تت پێدا, یه‌ك ئیزافه كردنی (والوزارات ذات العلاقة)ئه‌مه یه‌ك, دوو (مع مراعاة الخصوصية) به‌نسبه‌ت فه‌قه‌ره چوار لابچێت, سێ مه‌سه‌له‌ی (تأهيل) ئیزافه بكرێت, ئه‌وه‌ی تریش عیلاقه‌ی به مادده‌یه‌كی تر هه‌یه, كه داده‌نیشین له‌گه‌ڵ جه‌نابی وه‌زیر و ئیمكان هه‌یه ئه‌ویش عیلاج بكرێت, سوپاس.

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

ئه‌وه زۆر باشه ئێستا به‌و شێوه‌یه كه مادده‌كه سێ برگه‌یه, برگه‌ی چواره‌م له‌گه‌ڵ مادده‌ی یه‌كه‌م صیغه‌یه‌كی بۆ ده‌دۆزنه‌وه له دانیشتنی داهاتوودا, ئه‌و مادده‌یه به‌و شه‌تب كردن و ئیزافه كردن وهینه‌كان كه خوێندرایه‌وه, ده‌یخه‌مه ده‌نگدان, كێ له‌گه‌ڵیه‌تی ده‌ستی بڵند بكات؟ سوپاس, كێ له‌گه‌ڵی نییه؟ دوو كه‌س, به‌ڵام زۆربه‌ی ده‌ستیان بڵند كرد, باشه نۆ كه‌س مومته‌نیعن نه‌له‌گه‌ڵن و نه له‌دژینه, كه‌واته به‌زۆرینه‌ی ده‌نگ وه‌رگیرا, مادده‌ی تر.

**به‌رێز شێروان ناصح حیدری:**

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

المادة ا لخامسة:

تلغى المادة التاسعة ويحل محلها مايلي:

للوزارة ان تنشيء من الصفوف والمدارس مايكفل:

أ-رعاية بطئ التعلم و ضعاف السمع و ضعاف البصر وفق الاساليب العلمية الحديثة.

ب-رعاية المتفوقين و الموهوبين.

**به‌رێز كریم بحری عبدالله:**

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

ئه‌وه‌ی په‌یوه‌سته به مادده‌ی پێنجه‌م له‌م پرۆژه‌یه‌دا لێژنه پشتگیری له ناوه‌رۆكه‌كه‌ی ده‌كات وبه‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه ده‌خوێندرێته‌وه:-

(مادده‌ی پێنجه‌م):- مادده‌ی نۆیه‌م له یاسای نمره (4)ی ساڵی 1992 هه‌ڵده‌وه‌شێنرێته‌وه ئه‌مه‌ی خواره‌وه جێگه‌ی ده‌گرێته‌وه:-

وه‌زاره‌ت بۆی هه‌یه پۆل وقوتابخانه‌ی ئه‌وتۆ دروست بكات بۆ ده‌سته‌به‌ركردنی:-

أ-چاولێكردنی دره‌نگ فێربووان وگوێچكه وچاوكزان به‌پێی شێوازه زانستیه‌كانی سه‌رده‌م.

ب-چاولێكردنی سەركەوتوان وبەهرەداران.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە, بەڵام لەسەر كوردیەكە, كوردیەكەی لیژنەی یاسایی هەر ئێستا دەبێت چاك بكرێت, چونكە دەڵێت (چاولێكردنی درەنگ فێربوان و گوێچكە و چاوكزان) (گوێچكە) بە مەعنای چی دێت, ئەگەر بە مانای گوێگرانی ئەوە شتێكی ترە, سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تەواو لەگەڵ ماددەكەین, بەس تەنها بۆ ئەوەی گشتگیرتر بێت (رعاية بطئ التعلم و ضعاف السمع و البصر وذوي الاحتياجات الخاصة وفق الاساليب العلمية الحديثة.) لەبەر ئەوەی رەنگە كەسی تر هەبێت پێویستی بە شتی تر هەبێت ئیزافە بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو دوو فەقەرەیە هەردووكی فەقەرەی تازەن, تەعدیلە لەبۆ ئەو ماددە نوێیە, كە تایبەت بوو بە مەعەوەقین و كردنەوەی پۆل بۆ معوەقین و ئەوانە, ئێستا ئەو دوو فەقەرەیە هەر هەمان مولاحەزەی جەنابی وەزیرە, ئەوەی تایبەتەكە ئیزافە بكرێت ئەوانیش دەگرێتەوە, لە بۆ ئەو مەسەلانە بێ بەش نابن, سوپاس.

**بەڕێز رفعت عبدالله حمەرەش:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێ ناگەم هەموو هینەكانی پرۆژەكە تێكەڵ كراوە, لە ماددەی پێنجدا هاتووە, فەقەراتی تر هاتووە لە ماددەی پێنج (العناية بالتربية الرياضية والفنية لكافة المراحل الدراسية) ئەوە چی بەسەر هات, فەقەرەی شەش (ضمان انشاء او ادارة المدارس الحكومية على اختلاف درجاتها) فەقەرە حەوت (الاشراف على المدارس الاهلية وتوجيهها في تربية الناشئة) ئەمانە هەمووی ئێمە شتمان لەسەری هەیە, ئیزافاتمان هەیە, هەمووی تەرك كراوە, باس نەكراوە, یان ئەو فەقەرەی (العناية بالتربية الرياضية والفنية لكافة المراحل الدراسية) دەمەوێ (الكشفية) زیاد بكرێت, یان (ضمان الانشاء والاشراف على المدارس الاهلية) (والاجنبية)ی بۆ زیاد بكرێت, هەندێ فەقەراتی تر هەیە ئێمە ئیزافاتمان لەسەری هەیە, لەبەر ئەوە حەقە وەكو خۆی بڕوات ئەم ماددەیە, سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگەی ئەلف و باء جیاوازی هەیە, ئەوەی یەكەم (بطئ التعلم و ضعاف السمع و البصر ) هاتووە, ئەوەی دووەم (متفوقين و الموهوبين) كەچی بۆ هەردووكیان رعایە هاتووە, من پێم وایە بۆ (متفوقين و موهوبين) رعابە بەكارناهێنرێت, بەڵكو (تشجيع وتطوير) باشترە, سوپاس.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە, نازانم لێرە جێی دەبێتەوە یان لەشوێنێکی تر, کردنەوەی بنکەی تەندروستی بچووك, بۆ ئیسعافاتی ئەوەلی ئەگەر بکرێت لە مەکتەبەکان, چونکە شتی وا لە دونیا هەیە لە مەکتەبەکان ئەگەر بکرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە داواکەی وەزیر دەکەم (بطئ التعلم و ضعاف السمع و البصر), بەڵام ئێستا هەر هەمووی بە (ذوي الاحتياجات الخاصة) هین دەکرێ, یانی ناوی جۆری کەمئەندامیەتەکە ناهێنرێ, ئەوانە ئحتیاجاتی تایبەتیان هەیە بۆ فێربوون, پێویست ناکات ئێمە بەوە دائیمەن دەستنیشانیان بکەین, کە ئەوە نابینایە و یاخود گوێیگرانە, ئەمە یەك, دوو, بەراستی من تێناگەم بۆچی لە کوردیەکە بووە بە چاولێکردن, چاولێکردن لای ئێمە یانی لاسایی کردنەوە, بۆچی یانی وشەیەکی تر نییە, وەکو رعایە, چاودێری موراقەبەیە, خۆ وشەیەکی تر هەر دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی زۆر باشە ئەم ماددەیەی نۆ, ئاوا شی کراوەتەوە, کراوەتە دوو بڕگە, هەرچەندە برایانی ئەندامانی پەرلەمان تێکەڵاوی دەکەن لەگەڵ ماددەی پێنجی ئەصڵی یاساکە, باسی ئەوە دەکەن ئەوە عیلاقەی بەوەوە نییە, هەرچەندە واجبی من نەبوو جواب بدەمەوە, بەڵام بۆ روونکردنەوەیەك, بەڵام بەنسبەت ماددەی نۆوە, من لەگەڵ ئەوەدام بەو شێوەیەی کە هاتووەوە, بەڵام من پێم وایە داڕشتنەوەیەکی دەوێ هەر ئەوەی ئەوان, بەڵام داڕشتنەکەی بە شێوەیەکی تر بێت, ئەگەر لێم وەربگرن, ( المادة الخامسة: تلغى المادة التاسعة من قانون رقم (4) لسنة 1992 ويحل محلها مايلي: تنشئ الوزارة من الصفوف والمدارس وفق اساليب العلمية الحديثة لرعاية:

أ-بطئ التعلم و ضعاف السمع و ضعاف البصر وفق الاساليب العلمية الحديثة.

ب- المتفوقين و الموهوبين.) بۆ ئەوەی دوو جار رعایە بەکارنەهێنرێت, هەر لە بیدایەتەکە رعایەکە بەکارهێنراوە, سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ناوەڕۆکی بابەتەکە هەروەکو خۆیەتی, داڕشتنەوەکەی ئیعادەی صیاغەکە, لیژنەی صیاغەکە لە پەرلەمان کە جەنابتان بڕیاری لێ دەدەن, ئەتوانرێ صیاغەکەی بەشێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە, ئێمە هیچ لاریمان نییە لە داڕشتنەکەی, بەڵام لابردنی ئەو بڕگەیە لە شێوەیەکی پەروەردەیی شارستانی هەیە, کە ناو

نەیەت بە گوێگران و چاوکز, هەر تەنها (ذوي الاحتیاجات الخاصة) ئەوانەی کە پێویستی تایبەتیان هەیە, ئەوە هەموو ئەو کەمە ئەندامانە دەگرێتەوە کە ئێستا هەن, سوپاس.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پێشنیاری سۆزان خانم هەیە, ئەمڕۆ لە قانونە نێو دەوڵەتیەکان کە باس لە مافی مرۆڤ دەکەن, بەهیچ شێوەیەك باسی کەمئەندام و مەکفوفین ناکرێت, تەنها دەوترێت (ذوي الاحتیاجات الخاصة) ئەگەر بیخوێنیتەوە, ئینجا کوردیەکەشی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکانە, لەبەر ئەوە تەئکید دەکەینەوە کە نە زعافی سمعی تێدا بێت, نە زعافی بەصەر, چونکە ئەوانە هەمووی ئیلغا کراوەتەوە لە قانونە نێو دەوڵەتیەکان, بۆیە تەئکید دەکەینەوە تەنها (ذوي الاحتیاجات الخاصة) بنووسرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام جەنابی وەزیریش موافقە لەسەر ئەوە, لەجیاتی بەتیئی سەمع و بەصەر بێت, بکرێتە (ذوي الاحتیاجات الخاصة ), ئەگەر لیژنەی قانونی ئەمەی لای خۆتان بنووسن, هەر بکرێتە (رعایة ذوي الاحتیاجات الخاصة وفق اسالیب العلمیة الحدیثة) کەواتە ئەو ماددەیە یەکەمی دەبێتە (رعایة ذوي الاحتیاجات الخاصة وفق اسالیب العلمیة الحدیثة) دوو ( رعایە المتفوقین والموهوبین), یان (رعایە وتشجیع المتفوقین والموهوبین) رعایە هەردووکی دەگرێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بکرێت بە (الاهتمام خاص) ئەوە باشترە, چونکە ئیهتمامێکی خاص وابزانم ئەمڕۆ مەدارسی نموزەجیش هەیە, بۆیە ئەوە دەگرێتەوە لێرە, سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: تلغى المادة التاسعة من قانون رقم (4) لسنة 1992 ویحل محلها مایلي: تنشئ الوزارة من الصفوف والمدارس وفق الاسالیب العلمیة الحدیثة لرعایة:

أ-ذوي احتیاجات الخاصة.

ب- المتفوقین و الموهوبین.)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, جەنابی وەزیریش موافیقە, ولیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی تێبینیان نییە, موقتەرەحەکە بەو شێوەیە تەعدیل دەکرێت کە د. ناصح خوێندیەوە, باشە هەمان شێوە دەکات, ئێستا دەیخەمە دەنگدان, کێ لەگەڵە دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵ نییە؟ کاك سردار لەگەڵدا نییە, بە زۆرینە وەرگیرا, ماددەکەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة السادسة: تعدل المادة الحادية والعشرون المعدلة والخاصة بتشكيلات الوزارة وتكون كالاتي:**

1-مكتب الوزير

2-مكتب وكيل الوزارة

3-المديرية العامة للديوان

4-المديرية العامة للمناهج والوسائل التعليمية والمطبوعات

5-المديرية العامة للنشاط الرياضي والفني

6-المديرية العامة للتعليم الابتدائي

7-المديرية العامة للتقويم والامتحانات والشهادات

8-المديرية العامة للتعليم الثانوي والمهني

9-المديرية العامة للتخطيط التربوي

10-المديرية العامة للتعليم السرياني

11-المديرية العامة للتعليم التركماني

12-المديرية العامة لاعداد المعلمين

13-المديرية العامة للاشراف التربوي

14-المديرية العامة للابنية والمعامل المدرسية

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یان ئەوەی پەیوستە بە ماددەی شەشەم لەم پرۆژەیەدا لێژنە پێی وایە كەوا ئاماژە بەنمرەی ماددەی شەشەم لە هەمواركردنی یەكەمی یاساكە بكرایە نەك بە ماددەی 23 لەبەر ئەوەی خۆی لە بنەرەتدا هەمواركراوەو لێژنەش دوای ئەنجامدانی هەمواركاری لەسەر بڕگەكانی (6،12،14)ی ماددەكە پشتگیری لێ دەكات، ئەویش بەدانانی ناونیشانی بڕگەی (6) بەم شێوەیە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخچەی ساوایان وخوێندنی سەرەتایی)ودانانی ناونیشانی بڕگەی (12)ش بەم شێوەیە ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی ی ڕاهێنان وپەیمانگاكان)و لادانی ووشەی (قوتابخانەیی) لە دواوەی بڕگەی (14)ی ماددەكەدا و ماددەكەش دوای ئەنجامدانی هەمواركاریەكان بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

(ماددەی شەشەم) ماددەی بیست و سێیەم لە یاسای نمرە (4)ی ساڵی (1992)ی هەمواركراو هەمواردەكرێ وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

پێكهاتەكانی ناوەندی وەزارەت پێك دێت لە:-

1-نووسینگەی وەزیر.

2-نووسینگەی بریكاری وەزیر.

3-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان.

4-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرنامەکان وشێوازەکانی فێرکاریوچاپەمەنیەکان.

5-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چالاکی وەرزشیو هونەری.

6-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باخچەی ساوایان وخوێندنی سەرەتایی.

7-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هەڵسەنگاندن وئەزمونەکان وبڕوانامەکان.

8-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی دواناوەندیو پیشەیی.

9-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانانی پەروەردەیی.

10-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی سریانی.

11-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی تورکمانی.

12-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی مەشقکردن وپەیمانگاکان.

13-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

14-بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بینایەو کارگەکان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی پەروەردە بەم شێوەیەیە:

ماددەی شەشەم: لەیاسای ژمارە چواردا ماددەی بیست ویەکی هەموار کراوی ژمارە 17 تایبەتە بە پێکهاتەکانی وەزارەت هەمواربکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:

1-باخچەی ساوایان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی و فێرکردنی سەرەتایی زیاد بکرێت وبەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:

6-بەڕێوەبەرایەتی گشتی ساوایان و فێرکردنی سەرەتایی.

2-دارشتنەوەی بڕگەی (14)بەم شێوەیەی خوارەوە:

14-بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئامادە کردی مەشق دانی مامۆستایان.

3-دارشتنەوەی بڕگەی 12 بەم شێوەیەی خوارەوە:

12-بەڕێوەبەرایەتی گشتی بینایە و کارگەکان.

لیژنە پێشنیار دەکات ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەی خوارەوەش زیاد بکرێت, چونکە بۆ ئەم قۆناغە زەرووره, لەبەر ئەوەی قوتابیان لە قۆناغە جۆربەجۆرەکاندا بەدەست کێشەی زۆر دەناڵێنن, بۆ ئەوەش کەئیش وکاری توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان رێك بخرێت ورۆڵی خۆیان لەکاری پەروەردەدا بگێڕن وقوتابیان بە ئاگاو وشیار بکرێنەوە, کێشەکانیان چارەسەر بکرێت ودیاردەی توندوتیژی وخۆکوژی پەرەنەسێنێ, ئێمە پێشنیار دەکەین وەکو خاڵی پازدەهەم:

15-بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی زیاد بکرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو مودیریانەی کە زیاد کراون بووە بە هەشت مودیریەی عامە, ئێستا بەپێی ئەو تەعدیلەی کە تەقدیم کراوە ژمارەی مودیریەتە عامەکان گەیشتە دوازدە مودیریەی عامە, کە لەگەڵ جەنابی وەزیریش دانیشتین لەسەر فەقەرە شەش تەنها ئەوەندە گۆڕانکاری کرا بەنیسبەت لیژنەی یاسا لەجیاتی ئەوەی بڵێی (المديرية العامة للتعليم الابتدائي) بووە (المديرية العامة لرياض الاطفال والتعليم الابتدائي), بەنسبەت فەقەرە دوازدەش (المديرية العامة لاعداد المعلمين) بووە (المديريه العامه للمعاهد والتدريب) بەنسبەت فەقەرە چواردەش (المديرية العامة للابنية والمعامل المدرسية) بووە (المديرية العامة للابنية والمعامل ) واتە (المدرسية) حەزف کرا, ئەوە لەگەڵ جەنابی وەزیر موتەفق بووین, سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەوەی بەڕێز کاك شێروان خوێندیەوە, ئێمە لەسەر ئەو صیغەیە ڕێکەوتین, تەنها لە وەرگێڕانە کوردیەکەی تەعلیم وەرگێڕاوە بە خوێندن, کە ئەوە هەڵەیە ببێت بە فێرکردن, بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی سەرەتایی و فێرکردنی ناوەندی, یان لەو بابەتە, دووەم وەکیل وەزارەت, بریکاری وەزیر نییە, بریکاری وەزارەتە, لە تەرجومەکە, سەبارەت بە پێشنیارەکەی لیژنەی پەروەردە بۆ گۆڕینی ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان و راهێنان بۆ ئامادە کردن و راهێنان, ئێمە پێمان وایە پەیمانگاکان وراهێنان بمێنێتەوە, لەبەر ئەوەی ڕەنگە پازدە پەیمانگا ئێستا لە کوردستان دا هەیە, ئێستا ناوهێنانیان وەکو لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکە ئەرکی سەرەکی سەرپەرشتی کردنی ئەو پەیمانگایانەیە بە ئیزافەی تەدریب, بۆیە ناوهێنانیان بە پێویست دەزانم, سەبارەت بە پێشنیاری بە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی, ئێمە بەراستی لێرە وەکو هەڵئاوسانێکی ئیداری بە پێویستیمان نەزانیوە, ئەمە لە ئایندە دەسەڵاتی کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیمان هەیە بۆ هەر بابەتێك پێویستی بێت کە لەو کاتانە هەیە, ئێستا ناوێك دیاری بکەین, پێداویستیەکانی ڕەنگە تا ساڵێکی تر بەراستی نەگونجێ بە پێویستیمان نەزانیوە, بۆیە داکۆکی لەسەر ئەو پێشنیارە دەکەین بەو شێوازەی کە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە خوێندراوەتەوە, سوپاس.

**بەڕێز بایزار ملکو اوهان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتا ئەرمەنێ لە ئەقلیما کوردستانێ ژمارەکی باش هەنە, ئەمە سێ قوتابخانەی ژفێرکردنا ئەرمەنێ هەنە لە کوردستانێ, لە زاخۆ و لە ئاکرێ و لە دهۆکا ژ یەك کرن, حەقە ئەو ژی مودیریەی عامە للتعليم الارمنی هەبێت لە وەزارەتی پەروەردە, سوپاس.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەڕێوەبەرایەتیەکاندا باس لە نەهێشتنی نەخوێندەواری و نەوجەوانان نەکراوە, بەس نازانم ئەگەر مدیریەت هەبێت بۆ ئەوە زەرووره, ئەوەش هەبێت و گرنگی پێ بدرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەش باس لە تەشکیلاتی ناو وەزارەت دەکات, بەڵام لە ئەصڵی قانونەکە لە ماددەی بیستدا مدیریەتی عام ئیشارەت بەوە دەدات کە لە هەموو پارێزگایەکە بەڕێوەبەرایەتێکی گشتی پەروەردە هەیە, ئێمە ئەزانین کە بڕیاری تایبەت بە هەردوو ئیدارەی پێشووی سلێمانی و هەولێر کۆمەڵێك بەڕێوەبەرایەتی لە ناوەندی قەزاکانی کوردستاندا کراونەتەوە, یەك لەوانە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەیە, من پێشنیار دەکەم لەبەر کۆمەڵێك هۆ کەیەك لەوانە ئەمە پێشنیاری منیش نییە, داواکاری کۆمەڵێك خەڵك لەکاتی سەردانی خەڵکی هەڵەبجە بۆ لای سەرۆکی هەرێم, دوو داواکارییان پێشکەش کرد, یەك لەوانە هێشتنەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە لە ناوەندی قەزای هەڵەبجەی شەهید, دووش لەشێوەی یاداشتێکدا بە ئیمزای 2500 کەس تەقدیم بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە, دیسان ئەو داوایە دووبارە کراوەتەوە, بۆیە من پێشنیار دەکەم کە لێرە مادام ئیشارەت بەوە دراوە کە تەنها لە مەرکەزی پارێزگاکاندا ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکاندا دەبێت و تەحصیلی حاصلە, ئەوانی تر هەڵدەوەشێنرێتەوە, من داوا دەکەم ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەی لە هەڵەبجە هەیە بەدەر کرێ لەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران لەبەر کۆمەڵێ هۆکار, یەك لەوانە ئێمە کۆمەڵێ رووداو و کارەسات لە کوردستان روویداوە یەك لەوانە کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهید, کەبەراستی ئەو کارەساتە تەنها کوشتن و بڕین و وێرانی دەربەدەری هەڵەبجەی لێ نەکەوتەوە بەتەنها, مەعالمی شارستانی و فەرهەنگی لە دەڤەرەکە تێکچووە, یەك لەو کەناڵە رەئیسیانەی کە بتوانێ ئاسەواری خراپی ئەو تێکچوونە چارەسەر بکات, پرۆسەی پەروەردە و هێشتنەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە, دووش بەڕێوەبەرایەتیەکە سنوورێکی بەرفراوان لەخۆی دەگرێت, کە ناوەندی سێ قەزا دەگرێتەوە, قەزای هەڵەبجەی شەهیدە و پێنجوێنە, قەزای شارەزوورە و زیاتر لە 364 قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی تێدایە, زیاتر لە 6665 مامۆستا و مودەریسی سانەوی و ئیپتیدائی تێدایە, بۆ مەعلوماتیش لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەشاری سلێمانیدا 264 قوتابخانە هەبووە, لەبەر ئەوە من هێشتنەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بە خزمەتێکی زۆر گەورە بۆ دەڤەرەکە دەزانم, لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە ئەو هەڵوەشانەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە لە قەزاکاندا هەڵەبجەی شەهیدی لێ بەدەر بکرێت, چونکە بەراستی ئێمە یادکردنەوەی ئەو کارەساتانە کە دەبێت, رەنگدانەوەی لە بڕیارو یاساکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنزیمە و تەعلیماتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا دەبێت, تەنها بۆ یادکردنەوە و بەرزراگرتنی ئەوە بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی ئەو بەڕێزە مدیریەی تەعلیمی ئەرمەنی، بێگومان ئەوە لەسنووری زاخۆ چەند مەکتەبێك هەیە بە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتێك یان بەشێك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات، نەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی، نەهێشتنی نەخوێندەواری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخچەی ساوایان و فێرکردنی سەرەتایی چارەسەری کراوە، سەبارەت بە هەڵەبجەی شەهید وەك بەڕێزتان ئاگادارن لە ئیدارەی پێشووی سلێمانی، هەڵەبجەی شەهید، رانیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبوو، بەڵام بەپێی یاسا لەسنووری پارێزگاکان نەبێت، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانە نامێنێت، ئێمە لە پرۆژەی خۆماندا کە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانمان بەرزکردەوە هێشتبوومانەوە، بەڵام لیژنەی یاسایی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەلایان خست، لەبەر ئەوەی بەپێی یاسا بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەشوێنێکدا بێت کە پارێزگا هەبێت نەك قایمقامیەتی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە مودیریەی عامە لە پارێزگاکان ناوی نەهاتووە، چۆن؟ باشە کاك پیر خدر.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە لەساڵا 1996 بەدواوە لە کوردستانێ ئازاد بۆ جارێکی دی بیرۆکەدا قوتابیەت ئیزیدی بە بابەتێ زیاتر خوێندی، وا لە پێنج شەش ساڵەدا هەتا 2003 دەڤەرێ مە رزگار کری کەم بوون، نزیکی یازدە و دوازدە هەزار قوتابیا بوو، کات بەڕێوە چوو لە پشتی شەڕی ئازادیا عێراقێ و دەڤەرێت مە رزگاربوو وی ژ کوردستانێ شەنگار و شێخان و ژمارێت قوتابێت مە زیاد بوو بابەتێ زیاتر دەخوێنێ و 152 هەزارو 242 قوتابینە، میکانیزمێك نینە بۆ چاودێری کردنا ڤێ پرۆسا خوێندنێ، پار ئالۆزیەتی پەیدا بوو ل تاقی کردنا سەری ساڵێ لە وەزاریا لە قۆناغا ئامادەییێ، لە رۆژا دیاریکریا پرسیار نەگەیشتە قوتابیا، هاتە پرسیار کرن بۆچی، گوتی نەزانێ کێ پرسیارا دانێت، باشە وەزارەت دانێت، یا بەڕێوەبەرایەتیە گشتیا پەروەردە دانێت، ئان کو میکانیزمێك نەبوو کو پرسیارێك بۆ ئەوان دانێت، ئەم ژمارا زۆرا قوتابیان گەلەك فەرد بینی، بۆیە پرۆسیا پتر بێتە خەملاندن وەك مافەکی مەی رەوای کوردستانا ئازاد پێشنیار دەکەین، پێکهاتا وەزارەتێ دا رێڤەبەریەکی گشتی پەروەردێ بۆ بابەتێ ئیزدیا هەبێت و رێڤەبەریا گشتی بێت بۆ سەرپەرشتیا دانانا پرسیارا بۆ هەرسێ قۆناغێ سەرەتاییێ و ناوەندی و دواناوەندی، هەروەسا رێڤەبەریا هەبێت کەچەند ساڵێکە جارێکە ئەڤ بابەتە دێتە بژارکرن و تەقییم کرن و رێڤەبەریەکی مەنهەجیش هەبێت لڤێ وەزارەتدا، بۆ ئاگاداری من پێشنیارێکم هەبوو و نووسیم و گەیاندمە لیژنا پەروەردەییێ رۆژا جەنابێ وەزیر هێنایە پەرلەمانێ و لەگەڵ لیژنا یاسایی، هەنگی جوابا وان وابوو گوتی نەکو جودا بوونا

ئیزدیا ژ کورداو ئەز وی دلنیا دکەم نەخێر بابەتێ زیاتر کوردێ تێدا دەخوێنن, هیچ جودا بوون نینە, بەلکی خۆکردنا گیانا کوردایەتی, جەنابی وەزیر گوتی کەوابێ پەرلەمان لەوێ چارەسەر بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده شەش فەقەرەی پێنج هاتووە (المدیریة العامة للنشاط الریاضي و الفني), داوا دەکەم بنووسرێ (المدیریة العامة للنشاط الریاضي والکشفي) کەشفی تێدا نییە, ئەوەی تر (والفنی) بکرێتە (المدیریة العامة للنشاط المدرسي) ئەوانە هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە, پێشنیاری یەکەم بڕگەی دەو یازدە جێگۆڕکیان پێ بکەین, چونکە لەدەستووری عێراقی تورکمان ئینجا سریانی ناویان هاتووە, لە پرۆژەی دەستووری خۆشمان هەر ئەو شتە هاتووە و لەچەند یاسایەکیشمان هەیە ئەوەش هەر دووبارە بۆتەوە, تورکمان ئینجا سریانی, پێشنیاری دووەمیشم ئەوەیە ناوی ئەرمەنی نە لە ساڵی 1992 ونە هەمواری یەکەم و نەهەمواری دووەم نەهاتووە کەنەتەوەیەکە و زمانی تایبەتی خۆی هەیە, پێشنیار دەکەم کەناوی لە یاسایەکەدا بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم ئەوە شکلیە تەقدیم و تەئخیری, خۆ بڵاونابێتەوە, دووەمیش ئەرمەنی دەبێتە بەشێك, ئێمە وەکو قەومیە هاتووە, بەڵام مودیریەی عامەی شوێنەکە دیارە کە قەومیە لەشوێنێکی تر هاتووە, لە مادده یەکیش دەتوانین ئیزافەی بکەین.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەوەیە فەرامۆش کراوە ناوهێنانی لەو یاسایەو لەگەڵ یاساکانی تر ناوی بێت, هەر مەبەستم ئەوە بوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئینتیباهت نەکردووە, ئەگەر نا لە موناقەشە کە خستمانە دواتر ناوی قەومیەی ئەرمەنیمان تێخستووە, بەڵام دیارە لێرە نەبووی یان ئینتیباهت نەکردووە, کاك رفعت فەرموو.

**بەڕێز رفعت عبدالله حمەرەش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم لەجیاتی ئەوەی بڵێی(المديرية العامة للتعليم السرياني) یاخود (التركمانی) یەك مودیریەتی عام بكەینەوە (المديرية العامة للقوميات) پاشان (أ و ب و ج) بێت و چیمان بوێ داینێین لە ژێریەوە, ئەوە یەك, دووەم پێشنیارەكەی كاك بارزان تەئیید دەكەم حەقە مودیریەی عام لە هەڵەبجە وەكو خۆی بمێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا منیش پشتگیری لە پێشنیارەكەی كاك بارزان دەكەم, بۆ هێشتنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجە, هەروەها ئەو قەزایانەی تریش كە ژمارەی دانیشتوانیان لە دوو سەد هەزار تێدەپەڕی, چونكە لەوڵاتی ئێمە لە كوردستان مەسەلەی نەقل و گواستنەوە بەراستی مەسەلەیەكی گرنگە زەحمەتە, وا كار ئاسان نییە بۆ خوێندكاران لە سنووری قەزاكان, ئەگەر بكرێ ئێمە بیگونجێنین لەگەڵ ئەو قەزایانەی كە ژمارەیان زۆرە, فعلەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیان هەبێت كارێكی باشە, سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمن پێشنیار دەكەم بەنسبەت ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانە بۆ ئەو قەزایانە هەمووی دابین بكرێت كە لە وەختی خۆی قەرار بوو بیكەن بە پارێزگا, نەك هەر تەنها یەك یان دوو, ئەوانە هەموو ئیقتراح دەكەم, دووەم من تێبینیەكم هەیە لەسەر مەدارس و موعەلمین, بەحەقیقەت لە كوردستان و لەسەرتاسەری كوردستان نەقصی قوتابخانە هەیە, لە ئیپتیدائی تا دەگاتە دواناوەندی, هەروەها نەقصێكی زۆر هەیە لە مامۆستا و مودەریس و ئەوانە, قوتابخانە هەیە دووجارە یان سێ جارە, یانی سێ وەجبە لەیەك قوتابخانە لە رۆژێك دەرس دەدەن, ئەمە دەلیلە لەسەر ئەوە هەم قوتابخانە كەمە و هەم مامۆستاش كەمن, لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم ئەو موشكیلەیە چارەسەر بكرێت, من بەنسبەت قەزای ئاكرێ دەزانم چەند پێویستیان بەو شتانە هەیە, لەبەر ئەوەی تەنها هەر ئاكرێش نییە من واتەصور دەكەم لە سەرتاسەری كوردستان ئەم نەقصە هەیە, ئەمن لەوەختی خۆشی راپۆرتێكم نارد بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان وهەروەها لیژنەی پەروەردە, بەڵام هەتا ئێستا هیچ ئەنجامێكمان نەدی كە چی لێ هات و چی لێ نەهات, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من هەروەكو عائیدەبەك تەئییدی كاك بارزان بكەم سروشتییە, بەس هەر بۆ ئیزافە یانی لەپەرلەمانی كوردستانیش هەڵەبجە ئیقراری ئەوە بووە كە بكرێتە پارێزگا, جگە لەو خصوصیەتە تایبەتیەی كە هەیە, من شتێكی تر ئیزافە دەكەم لە عێراق كە بۆتە نیزامێكی فیدراڵی لە نیزامی سادەوە بۆتە ئاوێتە, ئیتر مانای وایە لە خواری ئەو ئیدارانەوە جۆرێك لا مەركەزیەت ئەبێت دروست ببێت, ئێمە

سەیر دەکەین تایبەتمەندی هەیە، مەنتیقەی هەڵەبجە و مەنتیقەی گەرمیان، ناکرێ یانی ئەم سیستەمە مەرکەزیە هەر بەردەوام قیادە بێت، من مامۆستا بووم یانی لە حەفتاونۆ مامۆستا بووم، بۆ ئیشێکی بەسیت ئەبێ دوو رۆژ بچی بۆ سلێمانی موەزەفەکە لەوێ نییە خۆی دەوام هەر دوو سەعاتە، سەعاتەکی ئەو لەوێ نییە، سەعاتێك نان دەخوات، سەعاتێکی تەلەفۆن دەکات بۆ ماڵ، ئیتر هیچ، یانی وانەزانێ ئەمە شتێکی زۆر سادەو ئاسانە، یانی لە مانگێکدا پێنج هەزارو سەد و هەشتاونۆ مامۆستای ئیبتدائی موراجەعەی دەوێ، چ بۆ مووچە، چ بۆ موحازەرە، چ بۆ پێداویستی، یانی ئەمەی بەشتێکی سادە نەگرین، مامۆستا هەزارو سەدو هەشتاوشەش مودەریس مانگانە ئەبێت موراجەعەی تەربیە بکەن، من پێم وانییە ئەمە شتێکی زۆر ئاسانە، هەر هی هەڵەبجە، هەر هی رانیە ئەی شاری سلێمانی، ئەی کۆیە، ئەی گەرمیان، ئەی هی شوێنەکای دی، ئەمانە لەسەر یەك کەس جەنابت دەزانی بەڕێوەبەرێك مەسەلەن بڵێین ئیدارەی زاتیەی سانەوی ئەمە هەر هی هەڵەبجە هەزار و سەدو هەشتاو شەش کەس موراجەعەی دەکات، یانی ئەو نەفەرانە من مامۆستا بووم کە دەچووم بۆ لایان تووشی گرفت دەبووم، یانی نیو سەعات نییە زەلام هەیە دە زەلامی لا نەبێت، ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ سەیری رێژەی دەرچوون لە هەڵەبجە بکەین لەو کاتەوە کە ئەم بڕیارە دەرچووە، بڕیاری مودیریەت سەیر دەکەم رێژەی دەرچوون لەهەڵەبجە هەمیشە سەرکەوتووە و لەگەڵ ئەوە پێداویستی ناو شار زۆر لاوازە، زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر پرۆسەی خوێندن، زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر پێشەوە چوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە لەسەر ئاستی قەزا دروست نەبوونە، لەسەر ئاستی ناوچە دروست بوونە، زۆر جار زیاتر لە قەزایەکی گرتۆتە خۆ، مەفروزە دروست بوونی بەڕێوەبەرایەتی لەسەر حەجمی ئەو موئەسەسەیە بێت، لەسەر پێداویستیەکانی خەڵکی ناوچەکە بێت، ئێمە ئێستا بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە یاخود بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی لەناو محافەزەکاندا بە ئیشەکانی خۆیان زۆر جەنجاڵن، چ جای ئەو کۆمەڵە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانەش بێنەوە سەریان، لەدووری هاتۆچۆ لە مەصەرەفی هاتووچۆ لە کۆڵێك رۆتیناتەوە، بۆیە ئەمان کە دەڵێم دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە یاخود تەندروستی گەورەترە لە هی قایمقام، حەلێك بۆ دەسەڵاتی قایمقام بکرێت، ئەمانە لە ئاستی قەزایەکدا نین تا ئیزدواجیەت دروست بکات، لە ئاستی ناوچەدان، پێویستمانە لەو ناوچانەی کە دوورن لە چەقی پارێزگاکان و چڕێکی دانیشتوانیان تێدایە، ئەوە بەیاسایەك حەل بکرێت، دەسەڵاتی قایمقامیش پارێزراو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو خاڵەی کە بەڕێوەبەرە گشتیەکانی پارێزگاکان، بەداخەوە لە پرۆژەکە هەر ئاماژەی پێ نەکراوە ولەو ئەو موناقەشە دەکرێت، هەرچەندە منیش لەگەڵ ئەوەم ئەمە پێویستە، تەنانەت هەڵەبجە نا

لەگەڵ رێزم هەڵەبجە تایبەتمەندی خۆی هەیە, بەڵام پەروەردە فەرقی هەیە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی تردا, بەڵام دەبێ ئەمە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ وەربگیرێت, پەروەردە وەکو وەزارەتەکانی تر نییە, لەمەرکەزی پارێزگاکان دەبێت بەڕێوەبەری گشتی هەبێت, من پێم وایە لە زاخۆش پێویستە و لە سۆرانیش پێویستە, چونکە لەو شوێنانەدا و لەهەموو قەزاکاندا پێویستە, چونکە پەیمانگای تێدایە, یانی پەیمانگای تەکنیکیان تێدایە و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان تێدایە, پەیمانگای سیاحەیان تێدایە, یانی کۆمەڵێك پەیمانگا لەو شوێنانە هەن, واتە زەرورەتێك هەیە و تایبەتمەندیەك بۆ وەزارەتی پەروەردە بکرێت, تەبعەن هەرچەندە هەڵەبجە تایبەتمەندی خۆی هەیە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەکانی تریش, یان بڵێین قەزاکانی تریش پێویستیان پێ هەیە, بەداخەوە لە کوردیەکە و عەرەبیەکە تێکەڵاویەك هەیە یانی ناوی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لێرەدا هاتووە گۆڕانکاری تێدایە, تەنانەت لەو کوردیەی کەوا پێشنیاریان کردووە لە ژمارە دوازدەدا ئەڵێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەشق کردن و پەیمانگاکان, لە پرۆژەکەدا بڕگەی دوازدە دەڵێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی راهێنان و پەیمانگاکان, یانی هەموو بۆ خۆی لێرەدا دوو شتی جیاواز هاتووە, یانی من لەگەڵ رێزم بۆ لیژنەی یاسایی دیارە تەماشای ئەوەیان نەکردووە, بۆیە من لەگەڵ رەئیی جەنابی وەزیرم بکرێتە پەیمانگا و راهێنان ئەوە باشترە, مەشق وپەیمانگاکان لابدرێ و بکرێتە پەیمانگا و راهێنان, بەنسبەت تەرتیبی بەڕێوەبەرایەتیەکان بەراستی پێویستی بە تەرتیب کردنێکی زیاتر هەیە, یانی ئەوەی ئێستا هاتووە تەسەلسولی هەتا دەگاتە چوار (مكتب الوزير, مكتب وكيل وزير, المديرية العامة للديوان, المديرية العامة للمناهج والوسائل التعليمية, المديرية العامة للنشاط الرياضي) یانی بۆچی نەشاتی ریازی بکەوێتە پێش مودیریەتەکانی تر, لەبەر ئەوە تەسەلسولەکەی بکرێتە (المديرية العامة للتخطيط التربوي) پێنجەم بێت, (المديرية العامة للتقويم والامتحانات والشهادات) شەشەم بێت, ئینجا دوایی بەو شێوەیە بگەڕێتەوە, یانی بەراستی تەقدیم و تەئخیری پێویستە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو شتانە شکلینە موهیم نینە, بەڵام ئەو ئیقتراحەی کاك دڵشاد, پەیمانگا و راهێنان و تەئییدیشی کراوە, لای خۆشتان وابزانم هەمان شتە, ئێستا موشکیلەمان فەقەت ئەو موقتەرەحەیە کە ئەوەی هەڵەبجە ببێتە مودیریەی عامە, ئەزانم هەمووتان تەئییدی دەکەن, هەمووتان دەڵێن باشە, بەس بزانین خاوەن مەشروعەکە, خاوەن مەشروعی هەموارکردنی یاساکە کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە, وەزیری پەروەردە رەئیی چییە, فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە ئەو پرۆژەیەی کە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردبوو, بەڕێوەبەرایەتی گشتی قەزاکان هەمووی هاتبوو, بەس لەوێ حەزف کرابوو, لە ئەنجومەنی وەزیران لیژنەی یاسایی وەکو رێگەیەکی یاسای بە نەگونجاویان زانی کەلە قەزاکاندا بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت, وەکو زۆربەی زۆری بەڕێزانیش

پێشنیاریان کرد, ئەگەر هەڵەبجە ببێت چەند قەزایەکی تر پێویستی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە, بەراستی ئێمە ئەوەمان چارەسەر کردووە بەوەی دەسەلاَتێکی زۆر زیاتر بدەین بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان, ئەوەی گواستنەوە و دامەزراندن و ئەو کێشانەی کە مامۆستا رۆژانە تووشی دەبێت, لەجیاتی ئەوەی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکاندا قەتیس ببێت, بچێتە خوارەوە بەڕێوەبەرایەتی قەزاکان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, خۆی لەراستیدا رەئیی مەنتیقی نەك عاتیفیانە, عاتیفیانە هەمووممان لەگەڵ هەڵەبجەین, حەقی ئەوەی هەیە ببێتە محافەزەیەك, حەقی شوێنی تریش هەیە, بەلاَم ئێستاکە تۆ هەڵەبجە بەتەنیا بکەیت, دەبێت لەبەر رۆشنایی واقیعێکی تر بکەیت, ژمارەی مەکتەب, پێداویستی, تەماشا دەکەیت ئەو وەختی تەنیا ئەویَ نییە, رانیەش هەمان وەزعی هەیە, دیاناش هەمان وەزعی هەیە, زاخۆ و عەقرە, بەلاَم بەوە دەکرێت وەکو کاك دڵشاد باسی کرد دەسەلاَت بدرێتە ئەو مودیریەتانە, کە تۆ دەڵێی مودیریەی عامە مانای وانییە ئەگەر نەبێت یانی نییە, مودیریە هەیە هەموو قەزاکان مودیریەی هەیە, دەسەلاَتی پیَ بدرێت هەمان دەسەلاَتی مودیریەی عامە بدرێتە مودیریەی شوێنێك وەکو قەلاَدزیَ, شوێنێك وەکو رانیە, شوێنێك وەکو ئاکریَ, یانی مەعاش لەویَ وەربگرن, هەموو پێداویستیەکانیان, مامۆستا موحتاج نەبێت بێتە سلێمانی, لە هەڵەبجەوە, یان لە ئاکرێیەوە بچێتە دهۆك, یان مەسەلەن لە دیانەوە بێتە هەولێر, ئەو دەسەلاَتە بدرێت, چونکە ئەگەر نەکرێتە محافەزە ئێمە لەگەڵ ماددەکەی تریشدا هەر دەبێتە موشکیلە, وتمان مودیریەی عامە لە محافەزەکان, باشە بە ئیستیسنا هەڵەبجەی دابنێیت, دەبیَ جێگەی تریش دابنێی, ئەمە مەوزوعێك نییە بۆ قەرەبووی زیانەکان, یاخود بۆ خزمەتکردنی کەس وکاری ئەنفال کراوەکان و ئەوانە, مەوزوعەکە قابلی موناقەشە نییە, هەمووممان لەگەڵینە, بەلاَم ئەوە شتێکی ئیداریە, دەبیَ لە ئیداریدا مەسائیلی فەنی رەچاو بکرێت, رەئیی حکومەت چەند ئیمکانی هەیە و خاوەن مەشروعەکە, بۆیە ئەو ماددەیە بەو ئیقتراحەوە و رەئیەی لیژنەی یاسایی بە تەعدیلاتەکان کە کراو لەو برگەیەشدا کە لیژنەی پەروەردە تەئییدی کردبوو, تەنها فەقەرەیەك هەبوو لیژنەی پەروەردە ئیزافەی کردبوو, ئەگەر ئیقتراحەکەی سەحب بکات بۆ ئەوەی بتوانین بیخەینە دەنگەوە نوقتەی دووەم زۆر تەئییدی نەکرا, کاك پیر خدر موقتەرەحەکەت تەنیا خۆت وتت, من نامەویَ تەعلیقی لەسەر بدەم, بەلاَم لێرەدا جێی نییە یەزیدی کوردی رەسەنن, لەمەسەلەی زمان و پەروەردە, مەسەلە ئایین نییە, لە ئایین هەموو شتێکی بۆ بکرێت, جێی خۆیەتی, بەلاَم لە دیندا مەصحەفەکە بەکوردی نووسراوە, فەرمووو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەلەك جارا ئێزیدیاتا ئێمە بۆتە قوربانیا کوردا مە, بەلاَم ئەم سوپاس دەکەم ئەم کوردی رەسەنین و ئەم دینی مەش کوردیە, لە پەرلەمانیَ عێراقیَ کوردیَ مە نوێنەریَ تێدا نینە, لە حکومەتا کوردستانیَ

وەزیرێکی کارامە نینە, لەگەڵ ڕێزم بۆ وەزیرا هەرێم مەدانێ پێ رازی بکەن, مە رێڤەبەریەکا گشتیێی پەروەردا ئیزدیاتێ دڤێت, بۆمەش سێ وەزیرا ژی باشترە, 152 هەزار و 242 قوتابینە, کەس نینە سەبەبی پرۆسیسا وان و سەرۆکا وان پێدابچێت و وەکو سەرکەون, من جوابێ جەنابی وەزیرێ دەدەم لحزوریا وان وتی لە پەرلەمان چارەسەری دەکەین, ئەمە لێرە دڵنیا دەکات و ئەم سوپاسی وا دەکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك پیر خدر ئێمە مودیریاتی عاممان داناوە لەسەر ئەساسی موحافەزات و لەسەر ئەساسی قەومیاتی تر, تورکمانی وسریانی, لەسەر ئەساسی یەزیدی خۆ نەتەوەیەکی تر نین, دەبێت ئەگەر باسیش نەکەین بڵێی مودیریەی عامە تەربیە ڤی سنجار, ئاوا باس بکەین هێشتا مەعقولترە, بەڵام نەك بڵێی مودیریەی عامە للتربیە یزیدیین, ئەوە کردتە قەومیەتێکی تر, کە ئەوە دژی بۆچوونی خۆتانە, بۆچوونێکی موحتەرەمە, بەڵام فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکا سەرناکەفتا, یانی مافەکا مەیە ئەم پێ شاد بووینە لبن سێبەرا کوردستانا ئازاد, دەبێ مافا بۆ مە بخەملێنن, ئەمن پسپۆر بووم لەوەزارەتی پەروەردە و هێنامیان بۆ پەرلەمان, چی بکەم لە پەرلەمان, ئەز وزاری بم باشترە پسپۆری و ئەو وەزارەتێ پرسیارا هەرسێ قۆناغ دێنێتە دانان من سەرپەرشتی دەکەم, جەنابی وەزیری چارەیەکی دابنێت, یان پرسیارەکی دی ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەدەنە ئێمە, ماددا پشتی وێ دەسەڵاتا وەزیر هەیە برگە چوار بەڕێوەبەرا دانێت, بلا بۆ مە بەڕێوەبەرێکی وەزارەت دانێت بۆ تاقی کردن, بەڕێوەبەرێکیش دانێت بۆ تەنقیح کردنی بابەتەکە, ئەگەر نا مە دڵنیا بکات بە حزوریا لە تەلارا پەرلەمانێ ئەز بدا بەمە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا ئەگەر مەجال بدەی نامەوێ موناقەشە وای لێ بێت, یەزیدی ئەگەر مەسەلەی ئاین بێت هەرچی ئیختیصاصات بێت حەقی خۆتانە, بەس لێرە پەروەردە بە زمانی کوردیە, یەزیدی کوردی ڕەسەنن, لەوانەیە بۆ تایبەتمەندی یەزیدیەکان من لەگەڵتم هەزار جار, لە دەستووردا چی ئاماژە بە حقوقی بکەی, بەڵام لە مەوزوعی زماندا لەپەروەردە یەك نیزامی پەروەردە دەبێت, ئەگەر نەتەوەیەکی تر هەبێت خصوصیەتی خۆی هەیە و مودیریەکی عامی بۆ دابنێی, ئەگەر نا موناقەشەی ئەوەی دەکەی یەزیدی میللەتێکی ترە ئەوە مەوزوعێکی ترە, فەرموو مریم خان.

**بەڕێز مریم حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پشتگیری پیر خدر دەکەم, بلا ھەبێت (المديرية العامة للشؤون الازيدية) راستی گەلەك تەلەبە ھەنە, ببینێت مەناتیقێت مە ھەر ببینێت جێی مە, نە مەکتەبەك دروستن, سێ دەوام دەکەن لە یەك قوتابخانە, یانی زۆر تەعدایە, ئەڤ ئاخافتنە فایدە ناکات, یانی بێژن ئێزیدی ڕەسەنێ, ئەڤە نەراستە بەڕاستی, بەس گەلەك زەروریە ھەبێت مودیریەی عامە للشؤون الازيدية, على الاقل جارەکی ژبەر ئیمتحانێ, تشتەك تێدا نینە ئەگەر ھەبێت, یانی تورکمان بن ئان مەسیحی, یانی نابێت بەراستی مودیریەی عام خاص بەوان ھەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو باشە, یانی بەحەقیقەت وەکو مەسەلەی ھەڵبجەیە, عاتیفەیە لێرەشدا, یانی یەزیدی مەغدورن و زوڵمیان لەسەر کراوە و مافیان پێشێل کراوە, کەس موناقەشەی ئەوە ناکات, بەڵام چۆن خزمەتی یەزیدیان دەکەین, چۆن قەرەبووی ئەو زیانانە دەکەین, چۆن باشتر ئەو ناوچانەی لالشە, سنجارە, شێخانە, خزمەت دەکەین, ئەوە بەرنامەکی حکومەتی دەوێ بەعام, ئەمە پەروەردەیە, زیاتر زمانە, یەك نیزامی پەروەردەیی ھەیە, وەزارەتی پەروەردە دەبێت گرنگی بە ناوچەکانی یەزیدی بدات و مەکتەبیان بۆ زیاد بکات, بواری ژیانیان باشتر بکات, تەلەبەکانی ئیھتیمامیان پێ بدات لە ناردنیان بۆ خوێندنی باڵا, بۆ دەرەوە عەدالەتێك ھەبێت, ڕەچاوی دەرچووانی مەنتیقەکانی یەزیدی بکرێت, ھەموو ناوچەکان تەنیا ھەولێر و سلێمانی و دھۆك نەبێت, کەرکووکیش بگرێتەوە, شەنگاریش بگرێتەوە, کە ئێستاکە لەدەرەوەیە, ئەوانە لەبەرنامەی حکومەت و لەبەرنامەی وەزارەتی تەربیە ھەموو وەزارەتەکان دەبێت ھەبێت, بەڵام تۆ ئەگەر وابێت سبەینێ مانای وایە لە وەزارەتی عەدلیشدا مودیریەتی عامە لە بۆ شئونی یەزیدین ببێت, لە وەزارەتێکی تریش, ئەوە ناکرێت, یان دەبێت ناوچە بێت, یان لە مەوزوعی تەربیە لەسەر ئەساسی قەومیەت, چونکە زمانیان جیاوازە بۆ خوێندن و تایبەتمەندی خۆیان, نازانم جەنابی وەزیر چی دەڵێ, فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بەڕێزان مافی خۆیانە کە داوای ئەوە بکەن گرنگی زۆر زیاتر بە ناوچەکانی یەزیدی بدرێت, ئەو بەڕێزانە دیارە ڕەنگە لەرۆژنامەکاندا زۆر بەراستی کە بەکرمانجی خواروو دەنووسرێ, کێشەکانی پەروەردە ئاگادار نەبن, لە ھەموو کوردستان ھەمان کێشە دووبارە بۆتەوە, نەبوونی قوتابخانە, نەبوونی مامۆستا, نەبوونی میلاك, سێ دەوامی لەناو جەرگەی ھەولێر ھەیە, قوتابخانە ھەیە چوار دەوامی ھەیە, لەبەر ئەوەی کێشەیەکی گشتیە, ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە, کە بەھەموو ئەو کەم وکوڕیانەی وەزارەتی پەروەردە لە ھەموو شوێنەکانی کوردستاندا بچێتەوە بە ناوچەی یەزیدیاتیشەوە, وچ شێوازێك بەباش بزانێت و بەگونجاوی بزانێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بیگرێتە بەر, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەسە ئەو موناقەشەیە با کۆتایی پێ بھێنین, فەرموو نوقتەی نیزامت ھەیە.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتاوە دەستم بەرزکردەوە وامزانی ناونوس کراوم, من تەئییدی رەئیەکەی کاك بارزان دەکەم, رەنگە هەموومان دەزانین هەڵەبجە چییە, بەڵام من بە موبەرەراتی قانونیدا داوا دەکەم, بەراستی لەگەرمیان مودیریەتی پەروەردە هەبێت, لەبەر ئەوەی هەمووتان دەزانن یانی پێشتر پارێزگایەك هەبووە بەناوی پارێزگای کەرکووك لە دەربەندیخان, راستە ئێمە ماددەی 140 هەیە بۆ گەڕانەوەی ئەو قەزایانەی کە سەر بەکەرکووك بوون, بەڵام ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیران لە کابینەی پێنجەوە بڕیارێك دەرچووە, ئیدارەیەك دروست بووە لە گەرمیان بەناوی ئیدارەی گەرمیان, هەمووی قەزای کفری, قەزای کەلار, قەزای دەربەندیخان, قەزای چەمچەماڵ, سەربەو ئیدارەیە, ئینجا هەموو ئەو مودیریەتانە هەیە, مودیریەتی ئاسایش, پۆلیس, جنسیە, پەروەردە, هەموو مودیریەتەکان هەیە, بۆیە من داواکارم نەك لە وەزارەتی پەروەردە بەڵکو لە تەشکیلەی وەزارەتەکانی تر, یانی بە نەزەری ئیعتیبار ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ, ئینجا ژمارەی دانیشتوانیش تەقریبەن 450 هەزارە, ئەوەیان ئەگەر یارمەتیم بدەی من سەبارەت بە تەشکیلەی مودیریەی عامەکان دوو پێشنیارم هەبوو تەئییدی لیژنەی پەروەردە دەکەم, بەڵام من بە صیغەیەکی تر ئەوان باسی مودیریەتی عامی باخچەی ساوایان و سەرەتاییان کردووە, بەڵام من دەڵێم باخچەی ساوایان جیا بکرێتەوە, بەو رایەی کە کاك جمال وتی, یانی شەخصیەتی ئینسان کە بنیات ئەنرێ هەنگاوی یەکەم لە باخچەی ساوایانەوەیە, یانی پێویستە کۆمەڵە خەڵکی شارەزا و ئەوانە هەبێت لە باخچەی ساوایان دەرس بڵێنەوە, بەڵام مودیریەتێك لەو بابەتە هەبێت زۆر باشە, ئینجا سەد لەسەد تەئییدی ئەوە دەکەم بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەبێت, بەراستی بۆ ئەوەی بتوانرێت قوتابخانە سەرەتاییەکان عیلاقەیەك دروست ببێت لەنێوان قوتابخانە و خێزان و ئەوانە, بۆ ئەوەی پەروەردەی حاڵەتی نەفسی قوتابی بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین کە جیلێکی باشی تەندروست باش دروست بکەین لە داهاتوودا, خۆتان دەزانن ئێمە ئینسانی ئەو وڵاتە بەهۆی ئەو هەموو وێرانکاریە چۆن شەخصیەتێکی لێ دروست بووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانن لە هەندێ موناقەشە کە تەرح دەکەن, پێتان وایە ئەگەر مودیریەی عامەکە نەبێت یانی تەواو, کە ئێستا جەنابت ئەو ئیقتراحەت کرد, خۆ ئەگەر مودیریەی عامە نەبێت بەشێکە لە مودیریەی عامە, مانای وانییە مافی خوراوە و یان کەمتەرخەمی کراوە, دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ کاك پیر خدر.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەکرێت ئیزیدیەك پرسیارێت تاقی کردنا لسەرێ ساڵێ لە قۆناغێ سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بۆ برایێت مەسیحی و موسڵمان دانێن, گوایە من مودیریەی عامەی ئیمتیحاناتم, پار پرسیار

دانان من وەصا شەرم کرد, چونکە کو کەسێك بوو نە ئاگای لە ناوەڕۆکی کتێبەکە بوو, نە دەزانی بابەتەکە چییە, هەر بۆ دانانا پرسیارا ئامادەیی من شەرم کرد, ئەڤەیە بابەتەکە, میکانیزمێك بۆمە بدۆزنەوە بۆ ئەو پرۆسیسە سەربکەویت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە باش بوو ئەو پرسیارەت کرد, ئەوەلەن کەدەڵێی ئیعادەی نەزەر بکرێتەوە لە مەناهیج, ئەوە یەك رەچاو بکرێت, دوو نەیەزیدی و نەمەسیحیش پابەند نین بە ماددەی دین, نە ئیمتیحانی دەدەن و نەدەشخوێنن, نەبەشداریش دەبن لە خوێندنیش, سێش ئەو مەنهەجەی کە دادەنرێت بۆ کوردە, بۆ تورکمانە, بۆ مەسیحیە, بۆ کلدانە, بۆ یەزیدیە, فەرقی نییە, منهاجەکان هەمووی رەچاو دەکرێت, ئیعادەی نەزەریش لە مەناهج ئەوەیە ئاماژە بە تاریخی یەزیدیش بکرێت وەکو دیانەتێك لە کوردستاندا, وەکو بەشێکی رەسەن لە کورد, من لەگەڵتم ئێستا وەزارەتی ئەوقاف لێرە موناقەشەی هەیکەلیەتی بکەین, خۆم ئیقتراح دەکەم دەبێت مودیریەتێکی عام هەبێت لە بۆ شئونی یەزیدیان, چونکە دینێکی ترە و جیاوازە, وەزارەتی ئەوقاف موهتەمە بە شئونی دینی, دەبێت تایبەتمەندی خۆی هەبێت, مودیر عامی خۆی هەبێت, بەرنامەی خۆی هەبێت بۆ رعایەتی یەزیدیەکان, بەڵام لێرە ناکرێت سبەینێ مادام وایە کەواتە دەبێت مودیریەتێکی عام دابنێین لە بۆ کاکەییەکان, نابێت چۆن دروستە, مودیریەتێکی عامی تر دابنێین بۆ فەیلییەکان, فەیلیش ملیۆنێکن, نازناز خان ئەو فەقەرەی کە ئیقتراحتان کردبوو, ئەگەر وەزیری پێ ئیقناع بکەن, یان سەحبی بکەن, کاك حاتم نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من سێ خاڵ بوو, پێشنیارم ئەوەیە وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە تەنسیقێکیان هەبێت, بۆ ئەوەی کە ئێمە گرفتی قوتابخانەی گوندەکانمان هەیە, کە سەرەتاییان تەواو کرد یەکسەر رێ دەگرن بۆ ناحیەکان و قەزاکان و لەرووی داخیلی و ئەوانەوە زەحمەتە, ئەوە بوو پێشنیارم و هەرچەندە زۆر پەلەتان لێم کرد, سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە کاك پیر خدر دەکەم کە میکانیزمێکی زۆر گونجاو ببینرێتەوە, چونکە ئەو مەناتیقە وەکو چۆن ئێمە لە فەلسەفەی پەروەردە باس لەتەمییزی ئیجابی دەکەین, مەنتیقەیەکی زۆر بێ بەش کراوە, وەکو شوێنەکانی تری کوردستان بەشێکی زیادیان, بۆیە با ئیهتیمامێکی زیادی پێ بدرێت, موستەشارێکی فەعال هەبێت لەناو ئەو وەزارەتە, یاخود بەڕێوەبەرایەتیەك هەبێت, یانی ئالیەتێك لێرە ئێمە داوا دەکەین و پشتگیری دەکەین لە داواکەی کاك پیر خدر بەو شێوەی کەوا گرنگ ئەوەیە پلان و میکانیزمی گونجاو هەبێت بۆ ئەو مەبەستە, وادیارە بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەیسەر نابێت بەو شێوەیەی کە گفتوگۆ کرا,

لەسەر ئەوەش من حەز دەكەم راى هەموو ليژنەشە, پێم دابگرم بۆ بەڕێوەبەرايەتى گشتى توێژەرانى كۆمەڵايەتى, لەبەر ئەوەى كە ئێمە رۆژانە هەمووومان لە رۆژنامەكانى كوردستان دەخوێنينەوە كە منداڵانى ئێمە بەتايبەتى لە ناوەندى و دواناوەندى تووشى كێشەگەلى زۆرى كۆمەڵايەتى و دەروونى دەبنەوە, بۆيە حەز دەكەين ئەو بەڕێوەبەرايەتيە هەبێت بۆ ئەوەى بايەخ بدرێت بە باحسى ئيجتيماعى ئێمە لەناو مەكتەبەكان دەور ببينن, بۆ ئەوەى ئەو كێشانە كەم بكرێتەوە, يانى ئێمە دياردەى خۆسووتاندن و خۆكوشتنمان نەبووە تا ئێستا لە كوردستان, بەڵام ئەمە چەند ساڵێكە سەرى هەڵداوە, يانى زۆر شتى تريش, زۆر نارەحەتى تر, زۆر مەشاكيلى تر هەيە تەنها لەو روانگەوە, بەڵام ئەگەر جەنابى وەزير دەڵێ ئەمرۆ ئيمكانات نييە, بۆ ئەوەى ئێمە ئەو بەڕێوەبەراتيە گشتيانە دابمەزرێنين, رەنگە ئێمە بتوانين تەنازول بكەين بۆ ئەوەى كە بەڕێوەبەرايەتيەكى فەعال هەبێت لەناو وەزارەت بۆ ئەم كارە, ئينجا نازانم ئێستا حەز دەكەم رەئيى كاك دڵشاديش بزانم, سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزيرى پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ديارە بۆ پەزيديەكان وەكو عەرزم كردن ئەوە ئەركى ئێمەيە, ميكانيزمى گونجاو بدۆزينەوە بۆ سەرپەرشتى كردن, سەبارەت بە بڕگەى دووەم ئێمە پشتگيرى لەوە دەكەين بەڕێوەبەرايەتيەكى توێژينەوەى كۆمەڵايەتى لە ديوانى وەزارەت پێك بهێنرێت بۆ سەرپەرشتى كردنى كاروبارى توێژەوەرە كۆمەڵايەتيەكان لە كوردستان تا ئەو كاتەى دەگاتە پێداويستى كردنەوەى بەڕێوەبەرايەتى گشتى, ئەو كاتە بە پێشنيارێكى تر لە ئەنجومەنى وەزيرانەوە بەرزى دەكەينەوە, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە هيچ مانعمان نييە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كەواتە موديريەى عامە لە كوێ جێى دەكەنەوە, وامزانى گشتييە, ئەگەر گشتى نەبێت دەسەڵاتى وەزيرە, كەواتە ئەوە دەسەڵاتى وەزيرە پێويست بە موناقەشە ناكات, ئەو ماددەيە بەو ئيزافاتانەى كە كرا لەلايەن ليژنەى قانونيەوە و لەلايەن ليژنەى پەروەردەوە, چونكە ئەوە موديريەى گشتى نييە, موديريەتێكە ئيهمال دەكرێ لەبەر ئەوەى دەسەڵاتى وەزيرە, پێويست ناكات خۆى تەقديم دەكات, دەيخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵيەتى دەستى بەرزبكاتەوە؟ سوپاس, كێ لەگەڵى نييە؟ يەك كەس لەگەڵ نييەو, بە زۆرينەى دەنگ وەرگيرا, فەرموو ماددەيەكى تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**المادة السابعة: تضاف مايلي الى نهاية المادة الثانية والعشرين المعدلة وتصبح الفقرة الخامسة لها:**

5-للوزير التعاقد مع خبراء عراقيين او اجانب او شركات للاستفادة من خبراتهم في المجالات التي يراها ضرورية او بحاجة الى خدماتهم بعد موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوستە بە ماددەی حەوتەم لەم پرۆژەیەدا لێژنەی یاسایی پشتگیری لێوە دەكات وبەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-

(ماددەی حەوتەم):- ئەوەی دادێ دەخرێتە سەر دواوەی ماددەی بیست و دووەمی هەمواركراوو دەبێتە برگەی (5) لە ماددەكەدا:-

5- وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ شارەزایانی عێراقی و بیانی یان هەر كۆمپانیایێك مۆر بكات لەو بوارانەدا كە بە پێویستی دەزانێ یانیش خۆی پێویستی بە خزمەتگوزاریان هەیە بۆ ئەوەی كەڵك لە شارەزاییان وەربگیرێت دوایی رەزامەندی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەروەردە هیچ تێبینیەكی نییە لەسەر ئەم ماددەیە, سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەك ئیزافەم هەیە بۆ سەر ئەو ماددەیە, دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران, صیغەیەك جاری وا هەیە بە وەختێكی زۆر وەڵامی ئەنجومەنی وەزیران ناگەڕێتەوە, ئینجا بە مانگ و دوو مانگ و جاری وا هەیە وادەكات ئەو خەبیرەی, یا ئەو موستەشارەی كەئیشت پێیەتی بۆ كاتێكی دیاریكراو نەتوانێ ئەو گرێبەستەی لەگەڵدا بكەیت, بۆیە ئەگەر نەصەكە وای لێ بێت (دوای ئاگادار كردنەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە كلێشەی ئەو گرێبەستەی لە ماوەی چواردە رۆژدا یان بیست ویەك رۆژ ئەگەر وەڵامیان نەهاتەوە بە رەزامەندی بزاندرێت) یانی ئەگەر وەڵامێك نەهاتەوە بە بوون یان بەنەبوون, ئەو ماوەیە بۆ ئەو دەسەڵاتە بدرێت بە وەزارەت كە گرێبەستیەكە تەمشیە بكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

راستە رۆتین هەیە, هەوڵ بدەین رۆتین نەمێنێ پەلە بكەین لە وەڵامدانەوە, بەس لەبەر ئەوەی تەعاقود لەگەڵ ئەوانە بەتایبەتی ئەجانب, ئەوەلەن پێویست بە پارە هەیە, پێویست بە جانبی ئەمنی هەیە, بۆیە پێویست دەكات بە موافەقەتی, هەر بۆ ئێوە نەهاتووە, لە قانونی هەموو وەزارەتەكاندا هاتووە كە پێویستە بە موافەقەتی مەجلیسی وزەرا هەیە, بەڵام ئێمە دەبێت كار بكەین لەگەڵ مەجلیسی وزەرا رۆتین نەمێنێ و زوو جوابتان بدەنەوە, وا باشترە, كەس قسەی هەیە لەسەر ئەوە, با ناوەكان بنووسم, كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیقتراح دەکەم ئەو فەقەرەیە ببێتە ئەلف و باء , بەنسبەت شەریکاتی محەلی صەلاحیەتی جەنابی وەزیر بێت, بەنسبەت شەریکاتی ئەجنەبی موافەقەی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ وەرگیرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فیعلەن بەنسبەت محەلی پێویست ناکات, وەزیر پێی باشە و موشکیلە نییە لەلایەن قانونیەوە, وابزانم لەیەك دوو وەزارەتیش وامان کردووە, بەس ئەجنەبی جانبی ئەمنی و ئەوانە پێویست بە موافەقە دەکات, باشە با بکرێتە دوو فەقەرە مادام موافقن, فەرموو د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن یەکێك لەخاڵەکان ئەوە بوو, فعلەن بکرێتە دوو بەشەوە, چونکە بەشێکی پەیوەندی راستەوخۆی بەجەنابی وەزیرەوە هەیە, بەنسبەت هینەکەشەوە ئەگەر بکرێت بۆ بیانیەکە پێم وایە دارِشتنەکە تۆزێك عەرەبیەکەی ئیشکالی تێدا نییە, بەڵام کوردیەکەی تۆزێك لەنگ ئەوەستێ, بەتایبەتی نووسراوە لە شارەزایان وەربگیرێت دوایی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران, هەم لە ئیملایەکەی غەڵەتە و هەم مانای خۆی نادات, ئەگەر بکرێت وەزیر بۆی هەیە دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ شارەزایانی بیانی یان هەر کۆمپانیایەکی بیانی مۆر بکات لەو بوارانەدا کە بە پێویستی دەزانێ, یانیش خۆی پێویستی بە خزمەتگوزاری هەیە, بۆ ئەوەی کەمێك لە شارەزایانی وەربگرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەناحیەی زمانەوانێ دوایی موراعات بکەن, کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئییدی مام رەشاد دەکەم, کە ئەوانەی گرێبەستن لەدەرەوە پێویستی بە ئەنجومەنی وەزیرانە, بەڵام ئەوەی ناوخۆ پێویستی پێ نەکات, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کەوا دەڵێ وەزیر بۆی هەیە گرێبەستێك لەگەڵ شارەزایانی عێراقی و بیانی یان هەر کۆمپانیایەك بکات, لێرەدا دەڵێ لەگەڵ هەر کۆمپانیایەك بکات وەزیر بۆی هەیە, بەڵام ئایا پاڵپشتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییش لەگەڵی بێت, ئەوە باشە, بەڵام لێرە کێشە دروست دەکات, هەندێ جار لە کۆمپانیاکان بەرژەوەندی گشتی وای لێ دەکرێت بەرژەوەندیە تایبەتیەکان بخوات, وەکو بۆ نموونە

لەقوتابخانەی شویفا, لێرە کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە لە گەڕەکێکی وەکو عەدالە, وای لێ هاتووە کە دوو قوتابخانە ئەو قوتابخانەیە بە گرێبەستیەکی پێنج ساڵە, گرێبەستێك لەلایەن کۆمپانیایەکی پرۆفایل وەریگرتووە شەخصێك کەوا موستەشار بووە لە وەزارەتی پێشووی پەروەردە مۆڵەتی وەرگرتووە لە ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ وەزارەتی دارایی, تەڵەبەکان لەو گۆڕەی ماونەوە و سێ چارەگ یان نیو سەعات بەپێیان دەڕۆن لە بۆ قوتابخانەیەکی تر, ئەو قوتابخانە شویفاتە بەو هەموو مواصەفاتی عالەمی و بەو هەموو بودجەی کە بۆی دانراوە بە پاڵپشتی حکومەت, بۆ قوتابخانەیەکی وا لە ناوچەیەکی وا عەدالە داگیر بکات, کەوا خەڵکەکە زۆر زۆر لەبۆی زەحمەتە, زستان داهاتیە, ئەوەندە کێشەیان هەیە, منداڵان یەکی ئیبتیدائی تا شەشی ئیپتیدائی بە پێیان لەسەر جادە دەڕۆن و خەتی جادەی سەریعیش لەنێوانیاندایە, کێشەیەکی گەورەی نایتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکەت راستە, بەڵام مەوزوعێکی ترە, فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك شت دەبینم, دائیمەن لە کارەکان و بڕیارەکانی ئێمە جۆرە بیروکراتیەکی تێدایە, راستە ئێمە ئەبێت ئەگەر هاتوو یەکێکی بیانیمان داوا کرد, ئەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئاگای لێ بێت, بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەنجومەنی وەزیران سێ مانگ جارێك کۆنابێتەوە, چل ودوو وەزیر هەر کۆنابنەوە, باوەڕ ناکەم ئەوە وەزیری بەڕێزیش لێرە دانیشتووە, هەتا ئێستا دوو جار دانیشتنیان کردووە, لەبەر ئەوە, ئەمە تۆزێك بەشێوەیەکی تر بکرێت, لەبەر ئەوەی بۆ وەزارەتی پەروەردە وەکو وەزارەتەکانی تر نییە, حاجەتێکی زۆر مولیحمان هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کەی جارێکی تر حکومەتمان بانگ کرد, جارێکی تر ئەو رەخنەیان لێ بگرە, کاك سردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك رشاد دەکەم, بەڵام بەصیغەیەکی تر, من پێم وایە لەو بڕگەیەدا باسی محەلی نەکرێت, تەنها باسی ئەجنەبیەکان بکەین, واتە بکرێتە ( للوزير التعاقد مع الخبراء الاجانب او الشركات الاجنبية) لە قانوندا سکوت لە قانون مانای ئیباحەیە کە لێرە باسی محەلیت نەکرد یانی خۆی بۆی موباحە بۆ وەزیر ئەو دەسەڵاتەی دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەوزیح چ زەرەرێکی نییە, ئیزافە کردن چ زەرەرێکی نییە, دووەمیش لە قانون کە هەبێت دەتوانێت کە میزانیەی دانا, میزانیەك تەرخان بکات بۆ ئەو تەعاقودە, بێ ئەوەی وەزارەتی مالیە ئیعتیرازی لەسەر

بگرێت, لەقانوندا کە هات کە میزانیە داندرا پارەیەك بۆ تەعاقود لەگەڵ ئەو خوبەرانەی ناوخۆ, ناتوانێت وەزارەتی مالیە بڵێت ئەوە زیادە, لە قانوندا هەیە و بۆی هەیە بیکات, ئەو ماددەیە بەچ شێوەیەك ببێت بە دوو خاڵ بۆ ئەوەی بیخوێنینەوە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو صیاغە صیاغەمان نەکردووە, بەڵام بە دوو فەقەرە دێینە خوارێ و بەو مەبدەئانەی کە لەسەری رێك کەوتین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, دەیخەینە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو تەعدیلەیە دەستی بڵند بکات؟ سوپاس, کێ لەگەڵ نییە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: یضاف مایلي الى المادة الثالثة والعشرین وتصبح الفقرة الثانیة لها:

2-تنظیم التعلیم المهنیی وفروعه بنظام.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لێژنەی یاسایی:

ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی هەشتەم لەم پرۆژەیەدا لێژنەی پێشنیاز دەکات ناوەڕۆکەکەی جێگیر بکرێت لە ناو ئەو ماددە زیادەکراوانەی دەخوازرێن بخرێنە سەر یاساکە و وەك لە ماددەی یەکەمی ماددە زێدەکراوەکاندا هاتووەو دەبێتە برگەی دووەمی ماددەکە و ماددەکەش بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-

ماددەی هەشتەم (ماددەی زێدە کراو).

یەکەم: وەزارەت بە پێڕەویکی تایبەت پەیمانگایەك بۆ پێگەیاندنی مامۆستایان و هونەرەجوانەکان و کاری میوانخانەیی و گەشت و گوزارو ئیدیکەش دەکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم تێبینیەك هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشایی مشروعەکەی بکەی ئەوەی ئێمە خوێندمانەوە, ماددەی هەشتە لەو مادانەی کە وەزارەتی پەروەردە داوای کردووە, تەعدیل بکرێ, چ بەنیسبەت ئەصڵی قانونەکە چ بەنیسبەت هەمواری قانونەکە, ئەو فەقەرەیەیی داوا کردووە لە ضمنی ماددەی هەشت, ئێمە بەباشمان زانی لەگەڵ ماددەیەکی ئێزافەکە دووەم: خوێندنی پیشەیی و لقەکانی بەپێڕەوڕێك دەخرێت.

یانزەم:یان ئەوەی پەیوەستە بەماددەی دووەم کە لەو مادانەیە دەخوازرێن زێدە بکرێت ئەوا لێژنە پشتگیری لێوە دەکات و بەم شێوەیە خوارەوە دەبێت:
(تنشئ الوزارة بنظام خاص المعاهد لاعداد المعلمين و الفنون الجميلة والفندقه والسياحة) ئەوەی دەمج کەین بەیەك مادده, واتا هەم ببێتە ماددەیەکی ئیزافی وەهەمیش لەهەمان کاتدا مرامی وەزارەتی تەربیە دەگەینێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەمانایەکی تر مانای وایە ئەوانە داوا دەکەن ماددەی شەش ئیلغا بکرێ, دەبێ وابێ مادەم داوا دەکەن ئەو ماددەیە لە جێگایەکی تر هەبێ, دەبێ ئیلغای بکەن. ئەوەی نالێم عەفو کاك شێروان, ماددەی هەشت کە لەڕاپۆرتی ئەوە کە دەڵێ (یضاف مایلی الی المادة الثالثة والعشرين وتصبح الفقرة الثانية لها: 2-تنظيم التعليم المهنيى وفروعه بنظام.) ئەوەتان خستۆتە جێگایەکی تر دەتانەوێ بیبەنە ماددەی یەکەم, لەوێ ئیلغای بکەن, بابزانین لە نێوان لێژنەی یاسایی لێژنەی پەروەردە ئەو فەقەرەیە ئیلغا بکرێ, ئینجا بێینە سەر موادی مطلوبە, کاك دلشاد ئەو فەقەرەیە لەماددەی هینە, ماددەی هەشتە لەماددەی چەندە هاتووە ماددەی بیست و سێ فەقەرەی سێ تنظيم التعليم المهنيى وفروعه بنظام لێژنەی یاسایی پێی وایە ئەوە لەماددەی یەك معارەزە بکرێ, بەڵێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خیلافەکەی ئێمە ئەوەیە ئەوە ئیزافەی ماددەی بیست و سێ ناکرێ لە ئەصڵی قانونکە, ئەوە دەبێتە دوو بڕگە, یەکێکیان جەنابی وەزیر داوای کردووە لەماددەی هەشت داوای کردووە وەکو پڕۆژە, یەکێکیان ماددەیەکی ئیزافیە جەنابی داوای کردووە, ئێمە هەردووکمان کردووتە یەك مادده بە دوو فەقەرە هاتوینە خوارێ,

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری رایەکانی لێژنەی یاسایی دەکەین, لەسەر داوای خۆمان بووە بەس تەنزیمی ماددەکە کراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی دووەم: خوێندنی پیشەیی و لقەکانی بە پێڕەو رێك دەخرێت.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان رای لیژنەی یاساییمان هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وەرقانەی لای ئێمەیە هی لیژنی یاسایی هەردوو بەڕێز کاك کریم بحری و کاك شێروانیش ئێستا نازناز خانیش, ئەوەیان نەخوێندەوە بەشی یەکەمی, چونکە کە ئەڵێی مادده مزافه ئەوان خۆشیان وتیان ئێمە هەردووکیمان کردووە بەیەك مادده, کەواتە دەبێ فەرعی ئەلف ئەوەلن وە ثانیاش بخوێندرێتەوە, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش لە ئەوەلەن دەگەڕێم, خەلەلێك هەیە, بابیدۆزنەوە ئینجا, موقتەرەحی وەزارەت بۆ ئەم ماددەیە, لیژنەی قانونی ئیقتراحی وایە ئیزافەی ئەو ماددەیە بکرێ, بەدوو خاڵ لەجیاتی ئەو موقترەحە یەکێکیان دەڵێ(تنشئ الوزارة بنظام خاص المعاهد لاعداد المعلمين و الفنون الجميلة والفندقة والسياحة) ئەوەی تریش دەڵێ تنظيم التعليم المهنيی وفروعه بنظام بەلآم من ئیشکالەکەم لەوەدایە تنشئ الوزارة بنظام الخاص ئەوانیش هەموو تعليم مهەنی نیە, دوای دووەمینیش دەڵێ فروع تعليم مهني بنظام, نظام خاصەکە لەیەکەم لابىن ثانيا ينظم ذلك بنظام چونکە ئەوە تعليم مهنيه اعداد معلمين و فنون جميله, خەلەلێکی تیدایە, بەڵێ کاك محمد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوشتانەی کە بەنیزام رێك دەخرێ, بریتی یە لەپەیکەری ناو وەزارەتەکە, ئەمە شتێکی ئەساسەیە, کردنەوەی بەشێکی گەورە وەکو معاهد کە شەهادەکەی بریتیە لە دبلۆم, من ئەمەوێ بلێم ئەوە هی پێشە هی چلەکان، هی پەنجایەکان کە کاتێ وەزارەت ناوی وەزارتی تعليم بوو, لەو کاتانە ئەوە هی مامۆستایان هەبوو هی زراعە هەبوو, وابزانم نیزامێکی سەرکەوتوو نەبوو, ناڵێم فاشل بوو, بەلآم ئەڵێم سەرکەوتوو نەبوو, لەبەر ئەوە ئێمە ئەبێ لەگەڵ سیستەمی دنیا بچین, دبلۆم بەکەلۆریۆس تایبەتە بەزانکۆوە, ئەمەش ئەبێ پەیوەست بکرێ, هەموو معاهدێك پەیوەست بکرێ بەتعليم عاليەوە, چونکە سیستەمەکەی سیستەمێکی جیایە, وەزارەتی تەربیە وابزانم ئەبێتە سیستەمێکی تر, ئەویش هەیتی و ئەویش بیبێ, گرفتێکی گەورە دروست ئەکا, لەبەر ئەوە من ئەڵێم زۆرجارە تربيە ئینسحاب بکا خۆی زۆر مەشغول نەکا, بەشتێکی ترەوە تەنها ئەم ئیشە, یەعنی هەتا بەکالۆریۆس خەڵك بتوانێ ئەساسی علم لێرەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیجازه بدەن بەمن، پێم وایه نابی بڵێی تنشئ الوزاره چونکه ئەوانه هەن هەموویان وجودیان هەیه، معاهده هەیه فنون جمیله هەیه، باشتر رێگا وایه بڵێی (تنظم المعاهد المعلمین والفنون الجمیلة و الفندقة والسیاحة) دوایش معاهدی فەنیه که صناعه و زراعەی تجارەی دەگرێتەوە، نازانم ئەوانیش هەموویان فەنینه، جەنابی کاك دڵشاد بزانی.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاره لێره دوو شتی جیاوازە، یەکێکیان معاهدی مامۆستایان و هونەره جوانەکان فندەقه شتی تریش وەکو ئەوساڵ پەیمانگایی وەزرش و کۆمپیتەرمان چەند شتی تریشمان کردۆتەوە، ئەمه دەسەڵات ئەدا بەوەزارت لەئایندەدا پەیمانگای تر بکاتەوە، نەك هەر ئەوانەی که هەن رێکیان بخەن، بڕگەیی دووەم تعلیمی میهەنی جیاوازه له پەیمانگاکان، تعلیمی میهنی کشتوکاڵ و پیشەسازی بازرگانی کۆمەڵێك میهەنی تر ئاینده که کوردستان پێویستی پێیەتی ئەکاتەوە، واتا ئەم دوو بڕگەیه دەسەڵات ئەداته وەزارەت، که بەپێی پێویستیەکانی کۆمەڵگایی کوردەواری هەم تعلیمی میهنی پێش بخات هەم پەیمانگایی پێویستیش بکاتەوە، بۆیه هەردووکیان بەپێویست دەزانین که بمێننەوە بەم شێوەیه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0 ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی هەشت، من پێم وایه هەڵەیەك دیسان دووباره ئەکەینەوە، معاهدی (اعداد المعلمین یان معاهدی لاعداد معلیمات)، من لەگەڵ رێزمدا بۆ دەرچووانی ئەم پەیمانگەیانه، بەڵام حەزدەکەم بزانن که جەنابی وەزیریش لێرەیه، لەکاتی ئینسیابی کەمترین ئەوانەی کەمترین نمره وەرئەگرن، ئەوان ئەچن مەعاهدی الاعدادی معلمین، هەرچەنده ئێمه 2003-2004 و 1993-1994 بریارمان دابوو که ئەو معاهدانه نەمینێن، هەنگاویشمان بۆ نا، بۆ ئەوەی بایەخ به مەڵبەندی پەیمانگەی مامۆستایان بدرێت پاشان بکرێت بکلیه، فعلەنیش ئێستا کلیه مامۆستایان هەیه، پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانیش بایخێکی تایبەتی پێئەدرێ، من پێم وایه ئەمەیان زیاده، معهدی ئیعدادی معلمین ئەصڵەن، با پەیوەندی به وەزارەتی پەروەرده نەبێت، چونکه ئەوانەی کەمترین نمرەیان هەیه، بەداخەوە له ئینسیابیه بەدەره، هەر ناجح ئەبن له پۆلی سێ، ئینجا ئەوانه وەرئەگیرێن، یەعنی خۆشتان ئەزانن مامۆستای سەرەتایی وا ئاسان نیه، مامۆستای سەرەتایی بنیات نەره ئێمه باسی رەوزه ئەکەین راسته، بەڵام مامۆستای سەرەتایی بنیاتنەره، مامۆستای سەرەتایی پێویسته معلوماتێکی وەهای هەبێ که ئاستی خوێندەواری و ئاستی پەروەردەکردنی بەرز بێ بۆ ئەوەی بتوانی قوتابی پێبگەینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز دلشاد عبدالرحمن محمد (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە لێك نەگەیشتنێك هەیە، نەوەك ئێمەش هەمان مەبەستمان هەیە، مەعاهدی ئیعدادی پۆلی سێ نەماوە بەراستی، لێرە مەبەست مەعاهدی ئیعدادی معلمی مەركەزیە، بەسە كە ناو هاتووە ئامادەكردنی مامۆستایان ئەوەش هەر ئامادەكردنی مامۆستایان ناوی دێت، ئەگەر نا لە سێی ناوەندی مەعاهدی مامۆستا نەماوە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سوزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك محمد فرج شتێكی باس كرد، كەوتی ئەوە نیزامێكی كۆنە معاهد، تەبعا ئێستا ئێمە لە كوردستانا كادێری ناوەندیمان كەمە، ئەو مەهەنیەكان كادێری ناوەندیمان بۆ دروست ئەكا، ئەوەی تر كادرێكی سەرو ناوەندیە جۆرە ئەكادمیەێكی وەرگرتووە، یەعنی بۆ هەردووكی پێویستە هەبێ میهەنی بۆ ناوەندیەكەیە ئەوەی تر پلەیەكی بەرزترە، ئەمە لەهەموو دنیا پەیڕەو ئەكرێ، ئەمە لەبەر نەبوونی كەوادری ناوەندی، كە ئێمە بەڕاستی پێویستمانە لەكوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەو تعلیمە میهەنیەی، ئێمە هەیتمان تەعلیمی میهەنی زراعەت، صناعەت، تجارە هەتا پۆلی شەشی ئیعدادیە ئەوە كۆتایی پێی دی ئەوە سەر بەوەزارەتی پەروەردەیە، بەڵام لەسەروە بۆنمونە معاهدی فەنی تر هەیە ئەوە تێكەڵمان ناكا لەگەڵ وەزارەتی تعلیم عالی و بحث علمی، سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وادیارە تێكەڵاویەك هەیە، هەروەك كاك دڵشاد باسی كرد، ئێمە دەتوانین بڵێین سێ جۆر خوێندنی پیشەیی و فەنیمان هەیە، یەكەمیان ئەوەی باست كرد تجارە، صناعە، زراعە لە پۆلی سێ ناوەندی كە تەواو دەبێ قوتابی دەچێتە ئەو بەشانە كە سێ ساڵ تەنها دەخوێنی شەهادەی دوازدەكەی وەردەگرێ، دوای ئەوە ئێمە بەشێكی ترمان هەیە وەكو فنون جمیلە و ئەوانی تر كە لە سێ دواناوەندی تەواو دەكا پێنج ساڵ دەخوێنێ، دیسان دەبێتە مامۆستای هونەری بۆ قوتابخانە سەرەتایەكان، ئینجا لەدوای ئەوە ئێمە معاهدی فەنیمان هەیە، لە دوای كلاسی دوازدەكە كە شەشەكەت تەواو كرد بەپێی نمرەكانی خۆت دەچیە معاهدی فەنی، سەر بەوەزارەتی تعلیمی عالیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەیەش بابمێنێ بۆ دانیشتنی داهاتوو, یەعنی چ ئیشاکالەك هەیە, معاهدی فەنی بەنیزامە ئینشائی معاهدەکەو تۆزی لێژنەی قانونی لەگەڵ وەزیر, رەئیی ئەندامانی پەرلەمان گرنگترە, كاك دلشاد وەزیری پەروەردە ئەگەر ئەو دوو فەقەرەیە لێژنەی قانونی ئاخر توزیحمان بدەیی بتوانین بیخەینە دەنگدان کە دەڵێ:

اولا: تنشئ الوزارة بنظام خاص معاهد لاعداد المعلمين و الفنون الجميلة والفندقة و السياحة و غيرها.

ثانيا: ينظم التعليم المهنى و فروعه بنظام.

**بەڕێز دلشاد عبدالرحمن محمد (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکەم, (تنشئ الوزارة بنظام خاص معاهد المعلمين), (الاعداد)ەکە لابردرێت بۆ ئەوەی توشی ئەو ئیشکالەی پۆلی سێی متوسطە نەبین کە ئێمە لەئەساسە مەبەستمان نەبوو, معاهد المعلمين ئەوە وەکو خۆی ئەوانی تر زۆر ئیعتادیە, باقی تر, بڕگەی دوو تعلیمی مهەنیە ئەوە سەر کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی, هەموو پیشەیەکی تر دەگرێتەوە بەو دوو شێوەیە بخرێتە دەنگدان, پێشنیارەکە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان لێژنەی قانونی ئەگەر تێبینی بکەن (بنظام خاص)ەکە زیادە لابەن, معاهد المعلمين)(لاعاد)ەکە لابەن بۆئەوەی ئیشکالمان لە کۆڵبێتەوە, بۆیە بەم شێوەیە دەیخمە دەنگدان, بەو دوو فەقەرەیە کە ئێستا وازح بوو, بەوەی کە بەنیزام وەزارەت پەیمانگا دائەنێت بۆ معلمین و فندقە و سیاحە هەتا فروعی تعلیمەیەکانی بەنیزام, نوقتەی نیزامە, فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تعلیم مهەنیە دوو بەشە لە الاعدادیە تەواو دوای ئیعدادیە بەسەرەوە تووشی وەزارەتی تەعلیمی عالیمان دەکات, مەبەستم لێرە ئەوەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەنیزام باس دەکرێ, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بەتێکڕایی دەنگ, فەرموو بۆ ئەوەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەش هەر ماددەیەکی ئیزافیە,

يجوز اختصار مدة الدراسة بالأنتقال الى صف اعلى و تحدد بتعليمات جميع الأمور المتعلقة بالإنتقال.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی:

ئەوەی پەیوەستە بەماددەی دووەم كە لەو مادانەیە دەخوازرێن زێدە بكرێت ئەوا لیژنە پشتگیری لێوە دەكات و بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

ماددەی نۆیەم: (ماددەیەكی زێدەكراو)

ئەو مادده دادێ بۆ یاسای نمرە $(4)$ی ساڵی $1992$ی هەموارکراو زێدە دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(دەكرێ ماوەی خوێندن بە گواستنەوە بۆ پۆلێكی بەرزتر كورتبكرێتەوە, هەموو ئەو كارانەی پەیوەست بە گواستنەوەكە بە ڕێنمایی دیار دەكرێت.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەكمان لەسەر ئەصڵی تەعدیلەكە نیە, سوپاس.

**بەڕێز دلشاد عبدالرحمن محمد/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو مادده بۆ ئەوەیە, زۆر قوتابی و خوێندكار دەگەڕێنەوە لە وڵاتان یان كاتێ كە تەمەنیان تێپەڕ كردووە ئەتوانن قۆناغێك لە قۆناغی زیاتر ببڕن, بۆ نمونە لە پێنجی سەرەتایی ئەتوانێ تاقیكردنەوەی شەش بداتەوە بێتە ناوەندی , ئەو ماددەیە ڕێگا بەوەزارەت بدا بەو قوتابیانەی كە ئەوە بكەن سیستەمێكی پێشكەوتووی پەروەردە, سوپاس.

**بەڕێز رفعت عبدالله حمەرەش:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە بەرەئیی من بۆ ئەو قوتابیانە بێت, كە تەفەوقن نەك ببێتە مصدری ئستغلال لەلای هەندی برادەران ئەوانەی كەتوانایان نیە جیایان بكەن, قوتابی موهوبون دیاری بكرێ یەعنی تحدید بكرێ, سوپاس.

**بەڕێز شوقی حسين ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو ماددەیە لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕایەكەی جەنابی وەزیر, ڕەنگە لە هەندێ حالەت خراپ ئیستغلال بكرێ, بۆیە من لەگەڵ ئەوەم كە ئەو ماددەیە ئەصڵەن هەر نەمێنێ, سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (الاختصار) ساڵەك نابێ بەدوو ساڵ ببڕێ الاختصار دەبێ بە مرحەلە بکرێ, مراحلی ابتدائی مراحلی ثانوی مراحلی ئیعدادی, هەروەك پێشان مرحەلەی الاعدادی دووساڵ بوو, الاختصار لەوە دەکرێ, لەوە ناکرێ قوتابیەك ساڵێك بەدووساڵ بڕێ بکات, ئەوە ئیمتیازەك دەبی بۆ هەندێك کەسان, خەڵکانێکی زۆریش تیایدا مەغدور دەبن زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0 رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە بۆ ئەوانە دەکرێ ئەوانەی لە پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی بەتایبەتی تەمەنێکیان هەیە لەشوێنێکی تر, وەکو جاران لە خوێندنی حوجرەکان یان لەلای مەلاکان  خوێندەوارییەکیان هەبوو تەمەن و ئاستی رۆشەنبیریان لەوەدابوو کە یارمەتیان بدرێ, بەلأم بۆ ئێستا لەلای کەس و کاری مامۆستا و هەندێ کەسەوە ئیستغلال بکرێ, بە قەناعەی من پێویست نیە خوێندکار قۆناغی خۆی بەئاسایی ببڕێ, بۆ دوارۆژ و بۆ داهاتوو خۆی و گەلەکەی باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم بکە برا, ئێستا ئەوە مقترەحە لێژنەی قانونی شرحیان کرد, وەزیریش و لێژنەی پەروەردەش, رەئیش درا, هەندێك دژینە هەندێك لایینە, یەعنی پێویست ناکا, شرحەکە معلوم بوو, ئەوەی منتق داوا دەکا لە رەئیی لێژنەی قانونی و وەزیرشدا هاتووە, ئەوەی کە دەشلێ باش نیە, مەترسی ئەوەی هەیە, کە ئیستغلال بکرێ, واستە, بازانین رەئیی کاك بەلێن دەلێ جیاوازم هەیە, بزانین چ دەلێ.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەلێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو فەقەرەیە زیادە لێرە ئەوە قانونی وەزارەت دادەنێ یان قانونی تعلیم دادەنێ, قانونی تعلیم کاك عدنان جیاوازە قانونی تعلیم بریتیە لەمەسەلەی عبورە عفوی عامە, یان دووساڵ راسب دەبی یان سێ ساڵ دوای دەخرێتە مەکتبی شەو, یەعنی ئەو فەقەرە لێرە زیادە هیچ عیلاقەی بێرە نیە بەراستی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی ئەو رەئیەت دەق جێی خۆیەتی, یەعنی ئەو فەقەرەیە عیلاقەی بە قانونی  تەشکیلاتی وەزارەتەوە نیە, لەبەر ئەوە عیلاقەتی بە بەرنامەجی تربەوی هەیە, لەبەر ئەوە بە مشروع هاتووە, دەیخمە دەنگەوە, ئەو فەقەرەیە بمێنێ یان نەمێنێ, جەنابی وەزیر رەئیت چیە؟

**بەڕێز دلشاد عبدالرحمن محمد/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە دڵڕەوایی بەڕێزان هەمووی جێی شوێنی خۆیەتی بەلأم وەزارەت رێنمایی و مەرجی داناوە بۆ ئەو کارە ئەوە نیە هەرکەسێ بێ بیەوێ قۆناغێك ببڕێت بەراستی, لەبەر ئەوە پەیوەستە بەمەرجێکی زۆرەوە,

هەموو ساڵی پار چوار تەلەبە سودی لەوە وەرگرتووە, رەنگە لەساڵەکە هەر نەبێ, بەلاَم ئەمە رێگا ئەدا بەوەزارەت لەحالەتێکی وەها ئەو تەلەبانە مەغدور نەبن, ئەگەر یەکێکیش زوڵمی لێنەکرێ, کاتێ ئێمە بەڕەوای نازانین, بۆیە بمێنێ باشە بۆئەوەی شێوەیەکی یاسایی وەربگرێ بۆ پشتگیری کردنیان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان لێژنەی قانونی, ئەو رەئیەی کاك بەڵێن من پێم وایە ئەوە جێگایی ئێرە نیە, بەلاَم ئەساسەن جێگای ئێرەیە, ئەگەر جێگایی ئێرەیە دەیخەینە دەنگدانەوە, ئەگەر جێگایی ئێرە نیە ئەوا داوا دەکەین کە ئیقتراحەکەیان سحب بکەن, جێگایی ئێرە نیە ئیقتراحەکە سەحب بکەن, کاك ناصح.

**بەڕێز د0 ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئێستا هەیە, بەلاَم صفوفی منتهی نایگرێتەوە, ئەوەی جەنابی وەزیر پێشنیاری کرد, صفوفی منتهیش دەگرێتەوە, چونکە بە موتڵەقی هاتووە فەرقەکە ئەوەیە, لێرە ئەوەش ئەگرێتەوە بۆیە قانونەکەی پێویستە, چونکە ئۆتاماتیکیەن هەیە, بۆ ئەو کەسانەی, راستە مەرج هەیە, بەلاَم ئەتوانێ لە پۆلی یەکی متوستە ئیمتیحانی پۆلی دووش بدا, لە پۆلی چواری عام دەتوانێ صەفی پێنجیش بدا, بەلاَم ناتوانێ پێنج و شەش پێکەوە ببڕێ, ناتوانێ دوو سێ پێکەوە ببڕێ, ئیشکالکە لەوەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز دلشاد عبدالرحمن محمد (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە مانەوەی بەپێویست دەزانین, وەکو یاسایەك کە دەسەلاَت زیاتر ئەدا بە وەزارەت, بۆئەوەی نەشکرێ هەر رێنمایەکیمان هەبێ بڵێین لەماددەکە نەهاتووە, بڵێین دەسەلاَتی وەزیرە, ئەتوو پابەند بی بەکۆمەڵە یاساوە دەستت ئەملاو ئەولا نەکا, بۆیە بمێنێ باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی جەنابت, مەسەلەن تەلەبەیەك پۆلی پێنجی سەرەتایی زۆر سەرکەوتوو بوو دەتوانی بیبەیتە پۆلی یەکەی متوستە بیبەیە بەکەلۆریا, بەپێی ئەم قسەیە.

**بەڕێز دلشاد عبدالرحمن محمد (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەژداری خولی دووەمی تاقی کردنەوەکان دەکا لەشەشا, لە پێنجی سەرەتایی تاقی کردنەوەی یەکەمی داوە, بڵێین ئەوە پێنجی هێناوە, لەخولی دووەمی شەشی سەرەتایی بەشداری بەکەلۆریا ئەکا بڵێین ئەوە دەرئەچێت, هەم تەمەنی گونجاوە هەم مافی خۆیەتی, سوپاس.

**بەڕێز عادل حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەوە نیە, سەرانسەر قانونەکە تێکەڵ و پێکەڵە, تەشکیلی وەزارەت مەسەلەیەکی ترە پێویستە قانونێکی تر هەبێت قانونی تەعلیم, ئەوانە هەموو بەوردی روون بکاتەوە, تێکەڵاویەکە هەر ئەو ماددە نیە, هەموو قانونەکە بخوێنەوە, مەسەلەی ساڵە مەسەلەی کۆمەڵێك شتی ترە, کەئەوانە پێویستە پڕۆژەیەك بێت لەحوکمەتەوە, ئەو پڕۆژەیە بەناوی قانونی تعلیمەوە تەفاصیلەکە دیاری بکا ئەمە لێرە تەشکیلیەی وەزارەت ئەبێ جیاواز بێ لەگەڵ ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش پێم وایە کە جێگایی ئێرە نیە وە لێژنەی قانونیش هەر هەمان رەئیی هەیە, بەلأم ئەگەر جەنابی وەزیر موافەقەت ئەکا ئەو ئیقتراحە شەتب بکا, جەنابی وەزیر ئێرە جێگایی نیە, دەسەلأتەکە نا یەعنی مەسەلەکە نا ئەگەر سەحبی کەی.

**بەڕێز دلشاد عبدالرحمن محمد/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لێرە لەم یاسایە, بریاردرا کە خوێندنی سەرەتایی شەش ساڵ بێ و خوێندنی ناوەندی سێ ساڵ بێ و خوێندنی ئامادەیی سێ ساڵ بێ کەواتە ئەبێ دەسەلأت دان بە وەزیری بەرێنمایی بەراستی ئەو قۆناغە ببڕێ ئەگەر بێت و لەم یاسایە جێگایی دەبێتەوە بۆیە بۆ ئەوەی مافی چەند قوتابیەك ئەگەر هاتوو, مافێکی رەوایی خۆیان هەبێ پشتگوێ نەخرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست پێی وایە پڕۆژەیەك بنێردرێتە وەزارەتی پەروەردە, یەعنی ئەوە تەشکیلاتی وەزارەتە قانونی وەزارەتە, یەعنی نەك هی وەزارەت,

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو مەبدەء لەگەڵ مەبەدەئەکەینە, بەلأم نیقاشەکە ئەوەیە جێی ئێرەیە یان نا , لێرە ئەمە دەسەلأتمان دایتە وەزیر, دەڵێین هەقی هەیە نیزامی خاص دەربکات, بۆ مەعاهدی فنونی جەمیلە, ئایا ئەوەش جێی ئێرەیە؟ ئەمەش لەزمنی تەشکیلاتی ئەنجومەنی وەزارەتە, ئەمەش لەزمنی تەشکیلاتی وەزارەت نیە, بەراستی, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان, بەنیزام نابێ, نابێ بەنیزام هەر شتەك کە وتت بەنیزام دەسەلأتی پەرلەمانە, نازناز خان فەرمووو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە دەمێکە ئەو گفتوگۆیەمان دەست پێکردیە, ئێمە پێویستیمان بەیاسایەك هەیە, بەناوی یاسای خوێندن ئەم یاسایی فێرکردن لەهەموو دنیا هەیە, ئێمە هەتا چەند نیزامێکیشمان بەتەرجەمەیەکمان لەدەستدایە کە زۆر بە وردی باس لەو شتانە دەکا, یەعنی ئەوەی کە دەگوترێت نیزام

و تعليمات و ئەوانى تر هەموو بەياسا كراوە چونكە ياسا بەهێزترە, وازحترە و شەفافترە و سنوورەكانى ديارترە, لەگەڵ كاك دڵشاديش هيچ ناكۆكيمان نيە لە بەرنامەمان دايە دواى بەستنى كۆنگرە ئينشاءالله ئەو كارە دەكەين, بەلأم ئێستا ئێمە ئەوە لابەين لەكوێ جێى بكەينەوە, چونكە هيچ قانونى ترمان نيە, كەواتە مەجبورين يەك جملە يەك مادده بهێنين, بەلأم ووردەكاريەكان دوايى بە نيزام تەنزيم بكرێ, سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەوەى ئێمە دەزانين, بەتەسەلسى تدرجى قانونى نيزامى وەزير نيە نيزامى مجلسى وەزيرانە, وەزير ناتوانێ بە تعليمات حوكمێكى تازە ئيزافەى سەر قانون بكات, تعليمات بۆ ئەوەيە كە قانونەكە روونى بكاتەوە, بەلأم هەقى ئەوەى نيە, شتێكى تازە ئيزافە قانونێك بكا, زۆر سوپاس.

**بەڕيز دڵشاد عبدالرحمن محمد/ (وەزيرى پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەو روون كردنەوەى بەڕێزان هەموو پشتگيرى راييەكەى ئێمە كە پێويستە لەم ياسايە هەبێ, ئەگەر مبدەئەكە راستەو رەوايە پێويستە لێرە جێگاى بكەينەوەو, مەسەلەى ياسايى خوێندنيش چەند بەڕێزانێك باسيان كرد بەڕاستى لە دنيادا هيچ شتەك نيە ناوى ياسايى خوێندن بێ ناوى ياساى وەزارەتى پەروەردە, ئەوانى تر نيزامى مەدارسە نيزامى تعليماتە, تعليماتى وەزارەت ئەنجومەنى وەزيران لەگەڵ وەزارەت دايدەنێ, ئەمرۆ دنيا دنياى گۆڕانە ئەمساڵ نيزامێك دائەنرێ, ساڵێكى تر پێويستى بەگۆڕانە, ناكرێ ياسەيەك هەبێ هەمووساڵێك ئەو ياسايە بگۆڕدرێتەوە, بۆيە من پێم باشە كە بمێنێتەوە بەم شێوەيە لەو ياسەيە, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە داوا ئەكەين كەوا ئازادى بدرێ لەخوێندنا, دادپەروەرى هەبێ لەخوێندنا ئازادى هەبێ لەخوێندنا, خوێندنى ليبراڵ هەبێ, مەبەستمان ئەوەيە, تۆ ئەو ئازاديە كەكاتێ مناڵێك ئەبينى كەبەهرەمەندە يان نەك هەر بەهرەمەندە, خوێندكارێكى باشە, ئەو ئازاديەى بدێيتى كە بەساڵێك دووساڵى خوێندن بخوێنێت, من خۆم كوڕەكەى خۆم پێنج و شەشى سانەوەى بەيەك ساڵ خوێندوە, لەبەر ئەوە توانايى هەبووە, كەواتە ئەگەر بهاتايە بەنيزامێك ياخود قانونێك مەحروميان كردبايە لەكيسى ئەچوو, لەبەرئەوە, ئەوە فرستێكە بەگوێرێك لەئازادى خوێندن ئەمە يەك, بەراستى من سەيرم دێ كە كاك دڵشاد وەها ئەڵێ كە قانونى خوێندن نيە خۆى جەنابى هينى بەرێتانيايى بۆ نادروين, لەوێ ناوى نيزام نيە, بەس ناوى ئەجوكەيشن

لۆ وای پێ ئەوترێت, خۆی ئەوە قانونی تعلیمە هەموو پرۆسەکانی تیا واژح کراوە, ئێستا ئێمە جێی قانونی خوێندنمان نیە, ئەبێ لەلایی وەزارەتی پەروەردە جێگایی بکرێتەوە, ئازادیەك ئەدا بەخوێندکار ئێمەش لەگەڵ ئەو ئازادیەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە وابزانم ماندوو بووینە, دووسێ فەقەرەش هەیە, با ئەو فەقەرەیەش کۆتایی پێدەهێنین دەیخەینە تصویت, پاشی ئەوەرۆژی دووشەم سەعات دە کۆدەبینەوە هەم بۆ ئەم صیاغانەی کە لەماددەی یەکەم تەواو کردنی لەگەڵ فەقەرەی دووی بەرنامەی ئەمڕۆ, یەعنی خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسایی کۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی کوردستان ئەو فەقەرەیە تصویتی لەسەر ئەکەین, کاکە, ئێستا جارێکی تر دەیخەمە دەنگەوە, پێش ئەوە ئایا موافقن لەسەر ئەو خاڵە بیخوێنینەوە, دەیخەمە دەنگەوە, خاڵەکەش دەڵێت, بیخوێنەوە موقتەرەحەکەی لیژنەی یاسایی وتەربیەشە و وەزیریش موافقە لەسەری, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: مادة مضافة: تضاف المادة التالية الى قانون رقم (4) لسنة 1992 المعدل و تقرأ كالآتي:

يجوز اختصار مدة الدراسة بالانتقال الى صف اعلى و تحدد بتعليمات جميع الامور المتعلقة بالانتقال.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دڵشاد یەك ئیشکال هەیە لێرە, ئەو صیغەیەی کە هاتووە تەوزیحی نییە بەکالۆریا دەگرێتەوە یان نا, فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێگەی پێ دەدەین تەنها لە ئیمتیحان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئەوەش تەئجیل دەکەین بۆ دانیشتنی داهاتوو, ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین, تا دانیشتنی داهاتوودا.

| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
|---|---|---|
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)**

**دوو شەممە رێکەوتی 6\11\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (18)

## دوو شەممە رێكەوتی 2006/11/6

كاتژمێر (10,10)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2006/11/6 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (18)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەموار كردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای كۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10,10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2006/11/6دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەموار كردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای كۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی كوردستان.

سەرەتا پێش ئەوەی داوا لە لیژنەی یاسایی و پەیوەندیدار بکەین بێن دانیشن, بەخێرهاتنی بەڕێز کاك دڵشاد وەزیری پەروەردەو, بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم, حەز دەکەم ئاماژە بە دوو مەسەلە بکەم, یەکێکیان ئەوەیە ئەو بڕیارەی محکەمەی کە دوێنێ ئیعلان کرا سەبارەت بە تاوانی دوجێل و تێدا سەددام و دارودەستەکەی بە حوکمی خۆیان گەیشتن, پیرۆزبایی گەرم لە گەلی کوردستان دەکەم بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە گەلانی عێراق و پێکهاتەکانی عێراق, کە دوێنێ رۆژێکی مێژوویی بوو تاوانباران گەیشتنە سزاکانی خۆیان لەو تاوانە, دیارە مانایەکی زۆری هەیە, پێش هەموو شتێك مانای ئەوەیە کە تاوانبار چەندیش زەمنی لەسەردا بڕوات هەر دەبێت بگات بە سزای خۆی.
دووەم/ ئەمە سەرەتایەکە لە راستیدا, راستە ئەوە ئەنجام هەر جێ بەجێ کردنی ئەو حوکمەیە, بەڵام ئێمە چاوەڕوان دەکەین لەسەر کێشەکانی تریش, لەسەر تاوانەکانی تریش سزای حەقی خۆی وەرگرێتن, لە پێش هەموویانەوە تاوانی بەکارهێنانی کیمیا لە کوردستان, تاوانی ئەنفال, تاوانی تێکدان و سووتاندنی هەزاران گوند و شاروچکەی کوردستان, تاوانی بە ئیعدام کردنی دەیان و سەدان و هەزاران رۆڵەی گەلەکەمان و بێ تاوانانی هەموو خەڵکی عێراق, تاوانی شەڕ دژی گەلی کوردستان, تاوانی شەڕ دژی گەلانی ئێران, تاوانی داگیر کردنی کوێت, ئەو تاوانانەش کە هەر ئەو لێی مەسئوولە لە عێراقدا تاکو ئێستا خوێن دەڕژێت و ئیرهاب زۆر شوێنی گرتۆتەوە, مەسئوولیەتەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو رژێمە, لەبەر ئەوە پیرۆزبایی لە خۆمان و لە هەموو گەلی کوردستان و گەلانی عێراق و هەموو ئازادیخوازێك لە دنیادا دەکەین, ئومێدەوارین ئەوەش ببێتە دەرسێك بۆ هەموو دکتاتۆرانی دنیاو, بۆ هەموو ئەو کەسانەی پێیان وایە تاوان بێ سزا دەمێنێتەوە, دەتوانن سیاسەتی دکتاتۆری  و خوێنمژی خۆیان لە هەر جێگایەك بن بەکار بێنن, ئەمە دەرسێکە بۆ هەموو خەڵکێکی نادیموکرات و دیکتاتۆر و فاشیست و تاوانبار.
مەسەلەی دووەمیش/ ئەوەیە دیارە لەم رۆژانە بارانێکی زۆر باریوە, باران دائیمەن خۆشی و خێری بۆ کوردستان هێناوە, بەڵام بەداخەوە بارانەکە بەم شێوەیە بووە, لە هەندێ شوێندا لافاوی لێی روویداوە, کارەسات لێی روویداوە, ئەو کارەساتە چەند شوێنێکی گرتۆتەوە, بەتایبەتی لە مەنتیقەی باڵەکایەتی, لە بلەی ژێری, کە سەر بە ناحیەی خەلیفانە, کە چەندین قوربانی لێ کەوتووەو خەڵکی ئەو گوندەو ئەو ناوچەیە, بۆتە هۆی وێران کردنی گوندەکەو زیانێکی زۆری بە خەڵك گەیاندوە, لە کاتێکدا سەرەخۆشی لە کەسوکارانی ئەو قوربانیانە دەکەین, داوا دەکەین لە حکومەتی هەرێمیش بە زووترین کات فریای ئەو ناوچەیە بکەوێتن, بۆ ئەوەی بتوانێت هاوکاری خەڵکەکە بکاتن و قەرەبووی زیانەکانیان بکات و رێگاوبانەکە باشتر بکاتن, هەروەها لە ناوچەی پشتدەر و رانیەش چەندین پرد رووخاوە, بۆتە هۆی ئەوەی هاتوچۆ زەحمەت بێت, رەنگە هەندێ ئەندام پەرلەمانیش ئەمڕۆ غائیب بن,  نەهاتبن, چونکە نەیانتوانیووە بێن, ئومێدەوارین لەو ناوچەیەشدا کاری وا ئەنجام بدرێت, کە کار ئاسانیان بۆ بکەن و هاتوچۆیان لەو ناوچەیەدا باشتر بێتن, هەروەها مەنتیقەی بادینانیشی گرتۆتەوە, کە بۆتە هۆی ئەوەی زیانێکی زۆر بە خەڵك بگەیەنێتن, ئومێدەوارین هەموو لاکمان هاوکار بین, بۆ ئەوەی لە ئایندەدا خۆمان

حازر بكەین, بۆ ئەوەی شتی وا روونەداتن و پێداویستی تەواو هەبێتن, لە كاتێكدا كارەساتی وا روودەداتن, دەبێت خوتەی فریاگوزاری هەبێتن لە لایەن دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێم, بۆ ئەوەی بە زووترین كات فریای لێ قەوماوان بكەوین.

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر كۆبوونەوەكەمان, داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دەكەین بێن دانیشن لە شوێنی خۆیان, داوا دەكەم كە لەو شوێنەی راوەستاین, بڕیار وا بوو لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی پەروەردە دابیشن بگەنە نەتیجەیەك بە موەحەدی ئەو خاڵانەی كە خیلافی لەسەر بوو و دوامانخست بیهێنینە ئێرە, پێشم وایە كۆبوونەوەی تەواویان كردووە, گەیشتوونەتە ئەنجام ئینشائەڵڵا, بە زووترین كات ئەو پرۆژەیەش تەواو بێت, فەرموو كاكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسا رۆژی پێنج شەممە لەگەڵ لیژنەی پەروەردەو لەگەڵ بەڕێز وەزیر دانیشتین, بۆ تاوتۆ كردنی ئەو خاڵانەی كە موعەلەق بوو و مابۆوە, یەك لەوانە هەدەفی وەزارەت بوو, دوای تاووتۆ كردنی هەدەفی وەزارەت لیژنەی پەروەردەو وەزیری پەروەردەو لیژنەی یاسا توانیمان هەموومان بگەینە صیغەیەك, ئێستا صیاغەكەتان بۆ دەخوێننەوە, بەنیسبەت هەدەفی وەزارەت, جگە لەوە هەندێك خاڵیش چارە كرا بە حەقیقەت داخیلی مەشروعەكە نەبوو, یەك لەوانە ئەوە بوو ئیلغای فەقەرەی شەش لە مادده یەك لە قانونی وەزارەتی تەربیە ژمارە (4) ساڵی 1992ی هەموار كراو, ئەوەش بە حەقیقەت چارەسەر كرا, پرۆژەیەك ئامادە كراوە, بەنیسبەت ئەو فەقەرەیە, كە دە ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئیمزایان كردووەو, هەمان شت بە نیسبەت فەقەرە چوار لە ماددەی چوار لە قانونی وەزارەتی تەربیە, ئەویش هەر بە پرۆژەیەك ئامادە كراوە, بەڵام ئێمە پێمان باشە یەكەمجار بەنیسبەت ئەو خاڵانەی كە موعلەق بوون لە ئەسڵی پرۆژەكە پێدا بچینەوە, پاشان پرۆژەكەی دووەم بخوێنینەوە, كە تازەیە لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە, بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پرۆژەیە لەگەڵ پرۆژەی ئەسڵی دەمج بكەین و, جێگای خۆی بكەینەوە لە پرۆژەكەدا, بۆ ئەوەی تەعدیلەكە ببێتە یەك تەعدیل, زۆر سوپاستان دەكەین, ئێستاش بەنیسبەت هەدەفی وەزارەت ئەگەر پێتان باشە ئێمە ئەو صیاغەیەی كە لەسەری رێككەوتووین بۆتان دەخوێنینەوە, بۆ ئەوەی دوا بڕیاری لەسەر بدرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:فەقەرەی سێیەم:

یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4)ی ساڵی 1992 لا دەدرێت ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

ئامانجەکانی وەزارەت:- وەزارەت پێگەیاندنی نەوەیەکی ورشیاری خۆشەویست بۆ نیشتیمان و هەڵگری بیرکردنەوەی زانستی، تێرو پڕ بە زانست و رەوشت و تێگەیشتوو لە دەرهاوێشتەکانی پێگەیشتنی ژیاری و مافەکانی مرۆڤ بزانێت و باوەڕی هەبێت بە بنەماکانی دیموکراسیەت و هاوولاتی بونی چاك و ئەرکەکانی هاوولاتی بوون و تێگەیشتوو لە سەربەستی بەرپرسێتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا بە فەراهەمهێنانی هەلی فێر بوون بۆ هەموو ئەوانەی پێویستیان پێی هەیە, یان ئارەزووی پیێ دەکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێتان باش بێت بە عەرەبیەکەش دەخوێنمەوە, بەم شێوەیە:

هدف الوزارة :- تهدف الوزارة الى تنشئة جيل واعٍ محب لوطنه اخذ بالتفكير العلمي ومتشبع بالعلم والمعرفة و الخلق, مستوعب لمعطيات التطور الحضاري, مدرك لحقوق الانسان ومؤمن بمبادئ الديمقراطيةو, المواطنة الصالحة، وواجباتها متفهم للحريةو، المسؤولية في نطاق المجتمع وتوفير فرص التعلم لكل من يرغب في ذلك أو بحاجة اليه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە ئەوە ئیتیفاقە لەنێوان لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە و جەنابی وەزیر, وابزانم زۆریش موناقەشەمان کرد و, ئێمە موناقەشەمان کرد بە حەقیقەت, بەناوی ئێوە تەخویلی ئەوانمان کرد صیاغەیەکمان بدەنێ, ئەو صیغەیە جارێکی تر بیخەینەوە, بۆ موناقەشەش, بەس دوو کەس رەئی بداتن قەیدی ناکات, فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە بۆ وەزارەتی پەروەردەیە بۆ خوێندەوارە, لەبەر ئەوە من پێم وایە لێرە دوو سێ وشە ئیزافە بکرێت, من بە عەرەبیەکە دەڵێم (هدف الوزارة :- تهدف الوزارة الى تنشئة جيل متعلم) پێش هەموو شتێك دەبێت موتەعەلیم بێت, ئینجا واعی بێت, لەبەر ئەوە وشەی موتەعەلیم زەروورییە لێرە هەبێت (جيل متعلم واعٍ محب لوطنه), ئەوەی کە (اخذ بالتفكير العلمي), من پێم وایە ئەسڵەن زیادە, چونکە دوای ئەوە موباشەرەتەن هاتووە (ومتشبع بالعلم والمعرفة), چونکە تەنها عیلم نییە مەعریفەش هەر لە پەروەردە زیاد دەبێت, ئەو دوو وشەیە زیاد بکرێت متوعەلیم و مەعریفە, و (اخذ بالتفكير)یش لا بدرێت, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی خۆی زەرەری نییە ئیزافە بکرێت, بەلآم دواتر دەڵێت (متعلم ومتشبع بالعلم والمعرفة) عەینی شت دەگرێتەوە, بەس با هەر ئیزافە بکرێت, دەبێتە سێ جار, فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی پەروەردە، سەرۆکی لیژنەی پەروەردەش ئاگادار بوو موناقەشەکمان کرد لەسەر مەوزوعی ئەوەی ئێمە تەنها جیلێکی تەنها عیلیمی دروست دەکەین، چونکە ئەگەر ئەوە بێت خەتەرە، مانای ئەوەیە ئێمە مەجموعەیەك رۆبۆت دروست دەکەین، کە تەنها عیلم دەزانن و مەنتیق نازانن، ئێمە دەبێت جیلێك دروست بکەین کە مەنتیقیش بزانن، چۆن دیفاع و موقابیلەکەی وا لێ بکات کە قەناعەتی پێ بکات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاك دکتۆر ناصحم، ئەگەر مەعریفەکەی بخرێتە سەر، چونکە مەعریفە خۆتان دەزانن بەحرێکی زۆر گەورەیەو هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابی وەزیر مانعی نییە، هەردوو لیژنەکە.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هیچ لاریەکمان نییە لە ئیزافە کردنی، بەڵکو وەکو جەنابت فەرمووت دووبارە کردنەوەکانی ئەگەر لە سەرەتاوە بڵێین موتەعەلیم، لە دواییدا هەموو شت بە عیلم هەیە، ئەگەر یەکێکیان لە داڕشتنەکە لابرێت، یەعنی بە صیغە هیچ لاریەکمان نییە، ئیزافە کردنی مەعەریفەش شتێکی بەسوودە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی خۆی دووبارەی تیایە، بەڵام زەرەریشی نییە، با ئیزافە بکرێتن (متعلم ومتشبع بالعلم والمعرفە)، فەرموو کاك دیلمان.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی قسە دەکەم، ئێمە لە لیژنەی پەروەردەش زۆر لەسەر وشەی (صالحة) و (هاووڵاتی) بوو، بە تەسەوری من فەلسەفەی هاووڵاتی بوون لە هەموو دنیادا یەك فەلسەفەیە، ئەویش ئەساسە لە فیکری ئازادی تاك دێتن، جەوهەری مواتەنە رێکخستنی پەیوەندیە لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتی بوون لەسەر ئەساسی حقووق و واجیبات، ئیلتیزاماتی سوڵتە بەرامبەر بە ئیلتیزاماتی هاووڵاتی، ئیتر کێ تەحدید صالیحە دەکاتن، ئەوەیە جەوهەری مواتەنەکە، یەعنی ئەو موستەلەحاتەی کە دێتن لە فەلسەفەیەك هاتووە، فەلسەفەیەکی شمولی کەون، یەعنی عیلاقەی بەو جەوهەری مواتەنە نییە، پێشنیار دەکەم تەنها مواتەنە بێتن، چونکە تەنزیمی وەکو عەقدێکی ئیجتیماعییە لەنێوان دەسەڵات و لەنێوان هاووڵاتییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر ئەو مولاحەزەیەی بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی تەصویتی لەسەر بکەین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هدف الوزارة :- تهدف الوزارة الى تنشئة جيل متعلم واعٍ محب لوطنه اخذ بالتفكير العلمي ومتشبع بالعلم والمعرفة و الخلق, مستوعب لمعطيات التطور الحضاري, مدرك لحقوق الانسان ومؤمن بمبادئ الديمقراطيةو، المواطنة الصالحة، وواجباتها متفهم للحرية والمسؤولية في نطاق المجتمع وتوفير فرص التعلم لكل من يرغب في ذلك أو بحاجة اليه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت وا بوو صاليحه نەبێت, کە گوتت مواتەنه صاليحەی بۆ چییه, ئەگەر مانعیتان نەبێت صالحەکەش لا بدەن, (المواطنة) کافیه, بەڵێ.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ منيش لەگەڵ رايەکەی کاك ديلمانم, رای ليژنەکەش وا بوو, کە صالحه شتێکی زۆر غامزە, رەنگە ئەوەی بە دیدی جمهوری ئیسلامی ئێرانی مواتینێکی صالح بێت لە لای ئێمە ئەوە نەبێت, ئەوەی لە لای ئێمە هەبێت صالحە, لەلای یەکێکی تر صالحه نەبێت, بۆیە صالح زۆر شتێکی گشتگرە مەفهومی نیسبییه لە شوێنێك بۆ شوێنێك تر جیاوازە, بۆیە با صالحه نەبێت, بەلاّم خۆی مواتەنه مانایەکی ستاندەری عالەمی هەیە, دەزانی مواتەنه ئەرکەکانی چیەو واجیباتەکانی چییه, هاوولاّتی بوون چییه, بۆیە هەر هاوولاّتی بوونەکە بمێنێت کافییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا من دەخوێنمەوەو دەیخەمە دەنگدانەوە.

هدف الوزارة :- تهدف الوزارة الى تنشئة جيل متعلم واعٍ محب لوطنه اخذ بالتفكير العلمي ومتشبع بالعلم والمعرفة و الخلق, مستوعب لمعطيات التطور الحضاري, مدرك لحقوق الانسان ومؤمن بمبادئ الديمقراطيةو، المواطنة وواجباتها متفهم للحرية والمسؤولية في نطاق المجتمع وتوفير فرص التعلم لكل من يرغب في ذلك أو بحاجة اليه.

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەمیش تەصویت لەسەری تەئجیل کرا, کە ئەوە دەقەکەیەتی دەڵێت (يجوز اختصار مدة الدراسة بالانتقال الى الصف الاعلى وتحدد بتعليمات جميع الامور المتعلقة بالانتقال), ئەوە بوو دەنگدانی لەسەر تەئجیل کرا بۆ ئەم جەلسەیە, ئیتر داوا دەکەین ئەوەش بدرێتە دەنگدان, بۆ ئەوەی بچینە ناو ئەسڵی پرۆژەکەی پێشنیار کراو لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەمە زۆر قسەمان كرد, تەنیا مەجال دەدەمە دوو كەس, كاك رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە رەئیمان وا بوو لەگەڵ هەندێك ئەندامانی پەرلەمان, كە ئەو مادەیە ئیلغا بكرێت, چونكە ئەو ماددەیە ئیستیغلال دەكرێت لە لایەن هەندێك كەسانی مەسئوول و ئەوانەوە, یان دەبێت تایبەت بێت بە (موهوبین) كە موهوب بن لە یەكەمەوە تایبەتیان هەیە, یان ئیلغا بكرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەوە رەئی موخالیفە, كە دەڵێت ئیلغا بكرێتن, رەئی موئەید كێیە؟ كاك ئارام.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پێویستە ئەو ماددەیە هەبێت, لەبەر ئەوەی دەبینین لە چەندین قۆناغ, بۆ نموونە من خۆم كەسێك بووم كە بەهۆی زرووفی سیاسیەوە لە كوردستان كاتی خۆی كە دابڕاین لە ئێران دەرفەتی ئەوەمان هەبوو كە دوو ساڵ بە ساڵێك بخوێنین, ئەوە خاڵێك.

خاڵی دووەمیش بۆ بوونی ئەم ماددەیە, رەواندنەوەی ئەو مەترسیەیە ئیستیغلال دەكرێت, كە ئەو قوتابیانە بە قۆناغی تاقی كردنەوە دادەڕۆن, ئەگەر قوتابیەكیش توانی لە قۆناغی تاقی كردنەوە سەركەوتن بەدەست بێنێت, دیارە توانای ئەوەی هەیە ئەو پۆلە ببڕێت و, بۆیە پێم وایە پێویستە ئەو دەرفەتەی بدرێتێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەسڵی ماددەكە دەخەمە دەنگدانەوە, دوو رەئی درا, رەئی لیژنەی قانونی و وەزارەت داوای دەكەن, رەئیەك هەیە ئەو رۆژە زۆر موناقەشەی لەسەر كرا, ئەمڕۆ رەئیەك لەگەڵە و رەئیەكیش لەگەڵ نییە, ئێستا ئەسڵی مەشروعەكە كە پێشنیاری لیژنەی یاسایی و وەزارەتەو لیژنەی پەروەردەیە, دەڵێت ئەو ماددەیە هەبێت, بخوێنەوە, بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە بەو شێوەیەی لێهاتووە:

رای لیژنەی یاسایی.

دەكرێت ماوەی خوێندن بە گواستنەوە بۆ پۆلێكی بەرزتر كورت بكرێتەوە, هەموو ئەو كارانەی پەیوەست بە گواستنەوەكەیە بە رێنمایی دیاری دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە عەرەبیەكەش.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية: يجوز اختصار مدة الدراسة بالانتقال الى الصف الاعلى وتحدد بتعليمات جميع الامور المتعلقة بالانتقال.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, ماددەیەکی تر تکایە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لێرە پێم باشە سەرەتا پرۆژە ئەسڵەیەکە بخوێنینەوە, پاشان ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن ئەندامانەوە تەقدیم کراوە, ئەوەش بخوێنینەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**یەکەم جار هی ئەندامان بخوێنەوە, موخالەفەیەکی بچووك دەبوایە بۆمان بێتن لەو دە ئەندامانە.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەڕێز**

**ب/پرۆژەی یاسایی**

**سلاّو و ڕێزمان.**

**ئێمەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان, پرۆژەی هاوپێچمان گەلاّڵە کردووە, بەناوی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە, تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری داهاتووی ئەنجومەن لەگەڵ ڕێزماندا.**

**ئەوانەی واژوویان کردووە لەسەر پرۆژەکە:**

1- **شێروان حیدری.**
2- **طارق جامباز.**
3- **عونی بەزاز.**
4- **زانا سەعید.**
5- **کاکە هەماوەند.**
6- **محەمەد صالح اسماعیل.**
7- **ئارێز عبدالله.**
8- **سەردار هەرکی.**
9- **نازناز محەمەد.**

10- سۆزان شەهاب.

11- ڤیان دزەیی.

12- کەریم بەحری.

ناوەڕۆکی پرۆژەکە:

ماددەی یەکەم/ بڕگە شەشی ماددەی یەکەم لە یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4) ساڵی 1992 لا دەدرێت.

ماددەی دووەم/ بڕگەی چواری ماددەی چوارەم لە یاسای ژمارە (4) ساڵی 1992 هەموار دەکرێت بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

4- زمانەکانی تورکمانی, سریانی, ئەرمەنی دەکرێتە زمانی فێر کردن لەو ناوچانەی کە قسەکەرانی چڕیەکی دانیشتوان پێك دەهێنێت, بەپێی ڕێکارە پەیوەندیەکان, بە مەرجێ فێرکردنی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی تیایدا ئیلزامی بێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

تلغى الفقرة (6)من المادة (الاولى)من قانون وزارة التربية رقم (4) لسنة 1992.

المادة الثانية:

تعدل الفقرة(4) من المادة الرابعة من القانون رقم 4 لسنة 1992 وتقرأ كالاتي:

4- جعل اللغات التركمانية والسريانية والأرمنية لغة التعليم في المناطق التي يشكل الناطقين فيها كثافة سكانية وفقاً للضوابط التربوية على ان يكون تعليم اللغتين الكوردية والعربية إلزامياً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا هەردوو فەقەرەکە کەمێك شەرح بکەین.

یەکەم/ ماددەی یەکەم کە پێشنیار کراوە (تلغى الفقرة 6) ماددەی یەکەم تەعابیرە لە ئەسڵی ماددەکەدا, وەزارەت: وەزارەتی تەربیەیە, وەزیر: وەزیری تەربیەیە, وەکیل: وەکیلی تەربیەیە, دیوان: دیوانی وەزارەتی تەربیەیە, شەشەم کە داوا دەکەن ئیلغا بکرێت نووسراوە (القومیات اشووری و ترکمانی و عرب وغیرهم) ئەوە داوا کراوە ئیلغا بکرێت, ئەوە کارێکی باشە بە حەقیقەت, یەعنی بۆ ئەوەی فەهمی بکەن, بە هەر حاڵ هەردووکی لا بچێت, یەعنی فەقەرەکە لا بچێت, ماددەی تر کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیار کراوە, تەعدیلی فەقەرەی چوارە لە ماددەی چوار, فەقەرەی چوار دەڵێت (زمانی قەومی لوغەی تەعلیمی تەنها لە مەرحەلەی سەرەتایی نووسراوە, هەروەها زمانی کوردیش ئیلزامیە بە تەنیا نووسراوە, ئەو ماددەیە یەکەم ناوی بە تەنیا نەێتن.

دووەمیش/ زمانی كوردی و عەرەبی لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەستووری عێراقی بگونجێتن، لەگەڵ دەستووری خۆشمان بگونجێت، دەبێت زمانی كوردی و عەرەبی ئیلزامی پێ بكەین، خۆی بەو شكلە پێشنیاریان كردووە، زۆر لە جێگای خۆیەتی (جعل اللغات التركمانية والسريانية والأرمنية لغة التعليم في المناطق التي يشكل الناطقين فيها كثافة سكانية وفقاً للضوابط التربوية على ان يكون تعليم اللغتين الكوردية والعربية إلزامياً)، واتا لێرەدا مەرجی نەكردووە بە تەنیا سەرەتایی، دووەمیش/ بەپێی دەستووری عێراقی و دەستووری خۆشمان كوردی و عەرەبیەكە كراوە، پێم وایە زۆریش موناقەشە هەڵناگرێت، كاك كەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو شتانەی كە تەعدیل كراوە، سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەكەم، كە گرنگی داوە بەو مەوزوعە، بەڵام یەك شت هەیە، كە دەڵێت (في المناطق الذي يشكلون الاغلبية)، یەعنی چڕی دەنوێنن، باشە لە شوێنێكی وەكو هەولێر توركمان چڕیشی نییە، یەعنی كورد زیاترە، بەڵام ئێمە هەر دەبێت ئێستاش قوتابخانەمان هەیە، یەعنی دەڵێین ئەوە تەحدید نەكرێت بەوە، ئەگەر تەحدید بكرێت، كەواتە ئێمە حەقمان نابێت، لەوانەیە قەسدیان ئەوە نەبێت، لە نەصەكە وەها تەفسیر بكرێت، بۆیە داوای ئەوە دەكەم كە تەحدید نەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەسافەیەكی سوكانییە مانای ئەغلەبی و ئەقەلیەت نییە، یەعنی لە هەولێر كەسافەیەكی توركمانی هەیە، پێویست بە قوتابخانەیەكی توركمانی دەكات، پێویستە بە زمانی توركمانی بخوێنێت، یەعنی تەفسیر وایە، دەستووری عێراقیش وا دەڵێتن مەنتیقیش وا دەڵێتن، چونكە ناڵێت ئەغلەبیە سكانیە، كسافە یەعنی عەددەكە موستەحەقی ئەوە بێت مەكتەبی بۆ بكەیتەوە، هەمان نەص لە دەستووری عێراقیش هاتووە.

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زمانی توركمانی و سریانی لەو شوێنانە رەسمیە كەسافەتی زمان، ئەو باسی ئەو تەعلیمە ناكات، تەعلیم نییە من موتەئەكیدم، من خۆم لە بەغدا لەناو شتەكە دابووم، بەڵام زمانەكەیە، تەعلیمەكەش تەحدید نەكراوە، بۆیە ئەگەر (في مناطق التواجد)ی هەبێت، ئەوە حەل دەبێتن، موشكیلە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی ئەكەم ئەو نەصە لەگەڵی دەگونجێتن، یەعنی منەتیش نییە ئەوە حەقێكی تەبیعییە، لە هەولێردا چەند مەكتەبی توركمانی هەیە، (17) مەكتەبی توركمانی هەیە ئەو نەصەش وجودی نەبووە، دەزانی چییە تەواجود نابێت،كەسافە، یەعنی عەددێكی كافی نەبێت بۆ مەكتەب، باشە با ئەوانی تریش قسە بكەن، كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بەو شکلەی هاتووە بۆ خۆم کاك کەرخیش قسەی لێ کرد وای نابینم, وا پێم باشە بنووسرێت لەو قوتابخانانەی زۆربەی زمانەکەی ئەو نەتەوانەی دەخوێنن, نەك چڕی, چونکە چڕی دیاری ناکاتن, یەعنی نیسبەتەکە دیار نییە, سوکانیش نەبێت, چونکە ئەگەر سوکانی بێت, لەبەر ئەوەی فیعلەن لە هەولێر بەجۆرێکی تر بێت, ئەو قوتابخانانەی کە زۆربەیان تورکمانین, خوێندگاکان نەك دانیشتوانەکان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفو, ئەوە بۆ تەوزیحە, ئێمە ناچینە قوتابخانەکان بزانین چەند تورکمانی و ئەوانە, مەکتەبێك قەرار دەدرێتن بە زمانی تورکمانی, مەسەلەن لە هەولێردا دوو هەزار ئیمزا کۆ دەکەنەوە, دەڵێن ئێمە دەمانەوێت بە تورکمانی بخوێنین, وەزارەتی تەربیە بەپێی ئەو نەصە ئەو کەسافە سوکانیەی پەیدا کرد, مەکتەبیان بۆ دەکاتەوە, لە هەولێر (17) مەکتەبیان هەیە, بڵێین لە دهۆك تورکمان هەیە, ژمارەیەك دەچن داوا دەکەن لە مودیریەی تەربیە دەڵێن ئێمە ئەوەندە عائیلەی تورکمانین, ئەوەندە منداڵەمان هەیە دەمانەوێت مەکتەبێکی تورکمانی بکەنەوە, ئەگەر ئەو عەدەدە نیسبەی کەسافەی سوکانی نیشاندا, ئەوە وەزارەتی تەربیە بۆی هەیە بەپێی ئەو نەصە مەکتەبیان بۆ بکاتەوە, مەقسەدم ئەوەیە کەسافەی سوکانی, سلێمانی جاران تورکمانی تێدا نەبوو, بەڵام ئەو مەسەلەی کەرکووك و ئەوانە تورکمانی تێدایە و مەکتەبی تورکمانیشی تێدایە, مامۆستا ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لە نەصە ئەسڵیەکە هاتووە, تەنها قومیات لابدرێت, ئەوەی کەوا باس کرا پێویست ناکات, دوایی کەسافە لێرە پێویست ناکات (المناطق التي تقطنها), تەبعەن ئەگەر لەو شوێنانەی بڵێین سریان هەن, ئاشووری هەن, کلدان, یان تورکمانن, مەرج هەیە بۆ کردنەوەی مەکتەب و پۆلیش, لەبەر ئەوە پێویست ناکات بڵێین کەسافەتی هەبێت, یان نەیبێت, چونکە مەرج هەیە بۆ ئەوانە, لەگەڵ ئەوەی جەنابت باست کرد, فیعلەن لە بڕگە چواریش بکرێتە (تعليم اللغة الكردية والعربية فيها الزاميا), هەر ئیزافە بکرێت لەوێ, بەس ئەوەی هی سێیەم, ئاخر لێرە سێیەم هەیە (جعل اللغة الكردية لغة الدراسة في جميع مراحلها), ئەوە بمێنێتەوە وەکو خۆی, چونکە ئەوە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام ئەو نەصەت لایە بیخوێنەوە.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوار لە دەستوری هەمیشەیی عێراق بە ئاشکرا ئیشارەت بەوە دەدات کە زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا, مافی سەرجەم عێراقیەکان پارێزراوە لە فێرکردنی رۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەك (تورکمانی و سریانی) لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بەپێی یاسا پەروەردەییەکان, یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتی تێدایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بەس لەسەر وشەی (الزامی) تێبینیم هەیە, ئەو وشەیە بەڕاستی وشەیەکی قورسە, خۆمان لەدەست مەسەلەی ئیلزام رزگار بکەین, چونکە ناوەڕۆکێکی شۆڤیانەی هەیە, ئەگەر بکرێتن ئەو وشەیە هەڵبگیرێت و بکرێتە زمانەکانی تورکمانی و سریانی و عەرەبی, یاخود زمانەکانی تورکمانی و سریانی زمانی فێر بوون بن لە تەك زمانی کوردی و عەرەبی, کە گوتت لە تەك زمانی کوردی و عەرەبی, ئەو کات هەمووی خۆی دەبێتە ئیلزامی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باوەڕ ناکەم ئەو مانایەی هەبێت لە دەستووریش هاتووە, تەعلیم هەر بۆ ئێمەش ئیلزامییە, کاك تەلعەت.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەربارەی قوتابخانە سەرەتاییەکانی تورکمانی قسە دەکەم, لە پۆلی یەکەوە کوردی و تورکمانی فێر دەبن, کە بوونە پۆلی چوار عەرەبیەکەی فێر دەبن, بوونە پۆلی پێنج ئینگلیزیەکەی فێر دەبن, ئێستا ئەو فەقەرەیەی برادەران باسیان کرد لە پۆلی یەکەوە کوردی و عەرەبی و تورکی ئینگلیزی فێر دەبن, ئەوە چۆن دەکرێت, بەلای کەمی بکرێتە مەرحەلەی دووەم, بۆ کوردەکانیش, نەك هەر بۆ تورکمان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دلشاد عبدالرحمن محمد/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو دڵڕاوکێیەی کە زمانی کوردی, یان عەرەبی لە یەکەوە, بەپێی زەوابتی پەروەردەیی ئێمە نەصەکەمان نوسییوە, ئەو کەسافە سوکانیەش وەك جەنابت ئیشارەتت پێدا, دیسان ئەوە بەپێی کەسافەی سوکانییە بەپێی زەوابتی تەربەوی لە هەر شوێنێکی کوردستان ئەگەر هاتوو دانیشتوانی, ئێستا

کۆچکەرێکی زۆر هاتووە بۆ کوردستان، ئێمە بەپێی ئەوە قوتابخانەیان بۆ دەکەینەوە، بە مەرجێك زەوابتی تەربەوی ڕێگە بدات، کەوا بێت هیچ دەلائیلێك نییە لەوە زیاتر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکانم سەبارەت بە دوو خاڵن.

یەکەم/ پێویستە منداڵی خەڵکی کوردستان کورد بێت، یان ئەوانی تر بێت زمانی عەرەبیش بخوێنن، لەبەر ئەوەی زمانی کوردی و عەرەبی زمانی فەرمین لە دەستووری عێراقدا باس لەوە دەکات، کە ئەو دوو زمانە زمانی فەرمین، باس لەوە ناکات کەوا دەبێت ئەو دوو زمانە بخوێندرێن، رابردووی پێشوشمان پاش بەیاننامەی ئازار، کە دەبوایە زمانی کوردی لەناو ناوچەکانی تری عێراق بخوێندرێت، بۆمانی ئیسپات کرد کەوا نەخێر ئەوە قەت کاری پێ نەکراوەو، ئێستاش لەمەودوا باوەڕ ناکەم کار بەوە بکرێت، ئێمە پێویست ناکات لە ئێستاوە ناچاری خەڵکی کوردستان بکەین، ئایا کورد بێت، یان نەتەوەکانی تر زمانی عەرەبی لە پاڵ زمانی کوردیدا بخوێنن، ئەوە کارێکی پەروەردەییە بیهێلینەوە بۆ ئەو دەزگایانەی کەوا تایبەتن لە وەزارەتی تەربیەدا کەوا بڕیار بدەن، ئایا لەو قوتابخانەشدا زمانی عەرەبی بخوێندرێت لە پاڵ زمانی کوردیدا، یان نا.

سەربارەت بە مەسەلەی دەست نیشان کردنی ئەو قوتابخانەی کەوا زۆرینەی تورکمانن، یان سریانین، یان ئەوانی تر، ئەوەش کارێکە باشتر وایە دووبارە بۆ وەزارەتی تەربیە بنێرن، تا ئەو بڕیاری لەسەر بدات، بۆ نموونە ئێستا خەڵکانێکی عەرەبی زۆر لە ناوچەکانی عێراقەوە هاتوون، بۆ هەموو شارەکان و بۆ بەشێکی زۆری شارەکان، ئەوە ئەرکی خۆیانە، هەموویان لە جێگایەك دانانیشن، ئەرکی باوکەکانە کەوا مەکتەبێك کرایەوە بە زمانی عەرەبی دەبێت کوردیشی لەگەڵدا بخوێنن، ئیتر باوکەکانیان منداڵەکانیان دەنێرن بۆ ئەو قوتابخانانە، ئەوە بیهێڵینەوە بۆ وەزارەتی تەربیە، بە هاوکاری کردن لەگەڵ دەزگاکانی تایبەتمەندی تر، بۆ ئەوەی لەو قوتابخانەدا زمانێك بەکار بهێنرێت لە پاڵ زمانی کوردیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەر تەعلیقێکم هەیە لەسەر قسەکانی بەڕێز دکتۆر نوری، یەعنی جگە لەوەی هەردوو زمان لە دەستوور هاتووەو زمانی ڕەسمین، فێرکردنی زمانی عەرەبی من خۆم مونەتلقم بەس دەستوور نییە، مەسلحەتی خەڵکی کوردستانە زمانی عەرەبی فێر بێت، من هەر لە سەرەتاییەوە، یەعنی ئەگەر لە فیدراڵیەت نەبینین، زمان هەرچ زمانێك فێر بیت سیلاحێکە بە دەست تۆوە، تۆ دەچیتە سویسڕا چوار قەومی لێیە، بە دەگمەن یەکێك دەبینت فەرەنسی، ئەلمانی نەزانێ، یان زمانەکانی تر نەزانێ، بچیە بەلجیکاش هەروایە هەرکەسێ بەزمانی خۆی قسە دەکات باشتر، بەلام لە زمانەکانی تریش شەریکە، چونکە

نیزامی تەربەوی ئیلزامییە، شوبە ئیلزامییە، ناڵێم ئیلزامییە، هەر لە مەرحەلەی یەکەمەوە ئەو زمانانە فێر بووە، بەرژەوەندیان پێکەوەیە، ژیانیان پێکەوەیە، جگە لەوەی لە دەستووریش هاتووە، ئێمە ناتوانین ئەوە رەچاو نەکەین، ئێمە ئەگەر زمانی عەرەبی فێر بین، مانای وایە قوەتێك دەخرێتە پاڵ نەتەوەی گەلەکەمان، سیلاحێکە بە دەستمانەوە، ئینگلیزیش هەروا، ئەمڕۆ دنیا وای لێهاتووە، عەولەمەیە، بەبێ ئینگلیزی ژیان ناڕواتن، فەرموو ئێستا تۆ لە کوێ دادەنیشت موحتاجی ئەنتەرنێت و ئەوانە بکەیتەوە، ئەگەر ئینگلیزی نەزانی ناتوانیت کۆمپیوتەر بەکار بێنیت، کەواتە ئەگەر ئینگلیزی فێر نەبیت، جیلی دواترمان زیاتر پێویستی بە ئینگلیزی دەبێت، نەفسێکی گەورە دەبێتن، ئەگەر مەجال هەبێتن تورکمانیش فێر بین وسریانیش فێر بین، بەحەقیقەت چ زەرەرێکی نییە ئەگەر فێر بین، بەلاّم تەبعەن زمانی خۆمان باشتر فێر دەبین، ئەدەبەکە دەخوێنیەوە، مێژووەکە دەخوێنیەوە، زمانی کوردی لە مەجالەکانی خۆتدا خوێندنی پێ دەکەیت، کە ئەو زمانانە فێر بوویت، ئەو زمانانە فازانجی زۆری هەیە، ئەو مەوزوعی کەسافەی سوکانیش دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی ئەو کەسافەی سوکانیە قوەتە، هیچ مەترسییەکی نییە بە قەناعەتی من، هیچ مەترسی نییە، کەسافەی سوکانی یەعنی ئەکسەریەی سوکانی ناگەیەنێتن، ئەوە دڵنیا بن لەوەی و تەفسیر غەڵەت ناکرێتن، کاك دڵشاد تۆ رەئیەکت هەیە.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەك جەنابت ئیشارەتت پێدا بوونی زمانی عەرەبی زەروورییە، ئەرکێکی وەزارەتی تەربیە قورستر دەکات لەسەرمان، بەڕێزتان بۆتان هەیە بانگمان بکەن ئەو هەدەفانە نەکراوە بەڕاستی، ئامانجەکانی وەزارەت بەدیهێنانی نەوەیەکی وشیارە، ئەگەر زمان نەزانێت بێگومان نابێت، مەسەلەی کەسافەی سوکانیەکەش بەهیچ شێوەیەك هیچ جۆرە جیاوازییەکی تێدا نییە، تەنیا بەپێی زەوابتی تەربەوی لە هەر شوێنێك قوتابیان، یان خوێندکارانی ئەو قسەکەرانە بەو زمانە هەبوو لەسەر وەزارەتی پەروەردە پێویستە قوتابخانەیان بۆ بکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من موداخەلەیەکم هەیە لەسەر خوێندنی زمانی عەرەبی، بەداخەوە ئەو مەنهەجەی بۆ خوێندنی عەرەبی دانراوە بۆ قوتابخانەکانی کوردستان مەنهەجێکی زۆر سەقەتە، بەردەوام ئاستی زانستی قوتابی کورد دادەبزێتن و هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەرسە، لەبەر ئەوەی هیچ کاتێك ناتوانن دەرەجەی باشی لێ بێنن، ئەوە خاڵێك دواتر ئەو نصوصانەی لە ئەدەبی عەرەبی هەیەو بۆ پۆلی شەش، یان سێ کە لە تاقی کردنەوەی وەزاری بەشدار دەبن، بەڕاستی نصوصی وا هیچ ئیجاب ناکات، خوێندەواری کورد هیچ

ئیستیفادەیەکی لێ ناکات, ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە زمانی عەرەبی بخوێنین با شتێکی زۆر ئاسان بێت, بۆ ئەوەی خوێندەوانی کورد ئیستیعابی بکاتن, نەك بەو شێوەیە, مەسەلەن شیعری جاهیلی ئێستا نازانن مانایەکەی چیە, ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تر هیچ کاتێك خوێندەڤانانی کورد لە رێی خوێندنی ئەو بابەتانەی کە لە خوێندگاکان دەخوێنن فێری عەرەبی نەبوونەو سوودیشیان لێ وەرنەگرتووە, بگرە گرفتی سەرەکیان بووە, ئێمە دەکرێت شتێکی تر بکەین, دەکرێت هەوڵ بدەین بۆ خوێندنی عەرەبی شتێکی وا بێت کە داخیلی ئیمتیحانی کۆتاییش نەبێتن بەڕاستی, چۆن عەرەبەکان بەشێکی لە هەندێ قوتابخانەکان کوردی دەخوێنن, کوردیەکان پێشتر داخیلی ئیمتیحانی نیهائی نەبوو, با هەوڵ بدەین عەرەبیش بەو شێوەیە بێت و شتێکی ئاسایی بێت, ئەگەرنا بە زمانی عەرەبی ئێمە هەوڵ بدەین ئەدەبی کوردی بدەینە ناسین بە خوێندەوارانی کورد, مەسەلەن کەباسی موتەنەبی دەکاتن, نازانی موتەنەبی کێیە, با باسی پیرەمێردی بۆ بکەین, گۆرانی بۆ بکەین بە زمانی عەرەبی, با ئەوانی تریش تەعبیر لە واقیعی کوردستان و واقیعی و نەتەوەیی و مەزهەبی و سەقافەی کوردستان بکاتن, بابەتەکانی تریش کە لە خوێندنی زمانی عەرەبیدانە, نەك بەو اسلوبەی کە ئیستاکە هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت بەشێکی بەجێیە, ئەوە دەمێنێتەوە سەر نیزامی پەروەردە, بەلآم باس لە مەبدەئەکە دەکەین, شتێکی تریش هەیە ئێمە هەموو زمانی ئینگلیزیمان خوێندووە لە قوتابخانە, ناکرێت زمانی ئینگلیزی بێ و ئەدەبی کوردی بخوێنی, ئەگەر ئەدەبی ئینگلیزی نەخوێنی نازانی شوعائیرەکان کێینە, نووسەریان کێە, بەلآم پەروەردە مەفروزە پێدا بچێتەوە بەڕاستی, فیعلەن هەندێ وشەی زاهیری هەیە, ئەوە دەمێنێتەوە سەر نیزامی پەروەردە, ئێمە باسی مەبدەئەکە دەکەین, ئەگەرنا مولاحەزەکە بۆ مستەوای قوتابی راستە, فەرموو کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژە کە دە ئەندام ئیمزای کردووە, کە ئێستا پێشکەش کراوە, داخیلی بەرنامەی کار نەکراوە, دەبوایە ئەوە داخیلی بەرنامەی کار بکرێت, ئینجا تەوحید بکرێت لەگەڵ پرۆژەکەی تر, ئینجا ئێمە دەنگی لەسەر بدەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو شتێکی پرۆتۆکۆلی قسەکەت راستە, بەلآم ئەمە حەلێکی وەسەت بوو کە تەکلیفمان کرد, ئەو لیژنەیە, ئەو نەقسە هەبوو لەنێوان خۆیان ئیتیفاقیان کردووەو خراوەتە سەری, لە سەرەتاوەش ئیشارەتمان پێ کرد, وەکو مولاحەزەیەك جێی خۆیەتی ئەو مولاحەزەیە, بەس لەبەر ئەوەی لە زیمنی ئەو مونافەشەی لە

پێڕێوە دەستمان پێ کردووە, خۆمان داوامان کرد تەوحیدی نەکەین, لە زیمنی ئیتیفاقیەتی تەوحید کردن, کە گوایە ئەوە تەقدیم بکەن, بۆیە قەبولمان کرد, کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من (100٪) پشتگری لە قسەکانی کاك غەفور دەکەم, چونکە بەڕاستی من خۆم لە ژیانی تەڵەبایەتی ئەوەم بەسەر هات, لە تاقی کردنەوەی شەشی عیلمی شتێکمان بۆ هاتبۆوە (ان الشیاطین والنبین کلهم في النار), لەوانەیە مەلایەکان بزانن ئەو (واو)ە چیە, بەس من بیرم دەکردەوە دەمگوت چۆن دەبێت هەموو شەیتانەکان و هەموو پێغەمبەرەکان لەناو ئاگر دابن, من نەمدەزانی ئەو (واو)ە لەوێ (واو)ی قەسەمە (الشیاطین والنبین), یەعنی هەموو شەیتانەکان بە هەموو پێغەمبەرەکان لەناو ئاگرن, بەڕاستی قسەکەی کاك غەفور زۆر زۆر راستە, من مەعدەلم (96) بوو بە دەرسی عەرەبی مەعدەلەکەم بووە (86), ئەگەر وا نەبوایە لەوانە بوو لە هەندەسەی مەعماری وەرگیرابام, لەبەر ئەوە (100٪) پشیتوانی لە قسەکانی کاك غەفور مەخمووری دەکەم, قسەکەشی زۆر تەواوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە حەلەکەی بەوە نییە تۆ مەنهەجەکەی بگۆڕی, حەلەکەی ئەوەیە مامۆستای باش پەیدا بکات ئەو واوە شەرح بکاتن, خۆی لە راستیدا ئەو مولاحەزەی کاك غەفور و کاك زراریش وامان لێ دەکات داوا لە وەزارەتی تەربیە بکەین, کە زمانی عەرەبی بۆ کوردستان عەینی مادده نەبێتن کە لە بەغدا و ئەو شوێنانە هەیە, ئێستا لیژنەیان هەیە پێداچوونەوەیان کردووە, بەڵام داوا دەکەین لێیان بەشێوەیەك بێتن قوتابی ئیستیعابی بکاتن, کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ دڵنیا بوونی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان, ئێستا وەزارەتی تەربیە بڕیاری داوە زمانی عەرەبی وەکو زمانی دووەم بۆ خەڵکی کوردستان بخوێنێت, زمانێك بێت کە تەنها فێری نووسین و زمانەکەیان بکات, چۆن مەعامەلە لەگەڵ زمانی ئینگلیزی دەکەیت, نەك وەکو جاران کە چۆن زمانی عەرەبی خوێندوە, هەمان شت بۆ قوتابیەکی کورد, یان خوێندکارێکی کورد ئەو پرۆگرامەی هەبووە, لەبەر ئەوە ئێستا لە گۆڕینی ئەو پرۆگرامەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەو تەوزیحە وازیحە, فیعلەن یەعنی گوناحە لەسەر خوێندکار و قوتابی کوردستان بچێتە بەکەلۆریە هەمان مادده کە تەڵەبەی عەرەبیش ئیمتیحانی پێ دەداتن, بە هەمان شکل نابێت, دەبێت بە شێوەیەك بێت لەگەڵ مستەواو ئەوانە بگونجێتن, دائیمەن وەك کۆن و ئێستاش لە ماددەی عەرەبی کەمتری دەرەجە دەهات, ئێستا لەمەودوا ئەو قورساییە نامێنێتن, من پێم وایە ئەو ماددەیە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

تلغى الفقرة (6)من المادة (الاولى)من قانون وزارة التربية رقم (4) لسنة 1992.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو فەقەرەیە دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئیلغایتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا, پێشنیاری تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية:** تعدل الفقرة(4) من المادة الرابعة من القانون رقم 4 لسنة 1992 وتقرأ كالاتي:

4- جعل اللغات التركمانية والسريانية والأرمنية لغة التعليم في المناطق التي يشكل الناطقين فيها كثافة سكانية وفقاً للضوابط التربوية على ان يكون تعليم اللغتين الكوردية والعربية إلزامياً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, سێ کەس لەگەڵدا نییە, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەمان بدەنێ ئێمە دوایێ ئەو دوو ماددەیە جێگایان دەگەینەوە لە پرۆژەی ئەسڵی, بۆ ئەوەی ببێتە یەك پرۆژە, ئێستاش دەگەڕێینەوە سەر مادده ئیزافیەکانی پرۆژەی تەعدیلی وەزارەتی تەربیە, کە ئەویش لە پرۆژەکەدا بە ماددەی سێ هاتووە, مادده سێ لە ئەسڵی پرۆژەکە دەڵێت:

المادة الثالثة: يضاف مايلي الى نهاية المادة الرابعة من القانون رقم 4 لسنة 1992 و تصبح الفقرة (5)لها وتقرأ وكالآتي:-

5- تغيير المناهج الدراسية لجميع المراحل الدراسية وفق متطلبات العصر بحيث يتلاءم مع سير العملية التربوية في اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەڵەمان کردووە, ئەوە لە مادده ئەسڵیەکەیە, نەك ماددەی ئیزافی, بەڵام مادده سێ دەکات لە مادده ئیزافیەکە ئێستا دەخوێنینەوە:

المادة الثالثة: وتضاف مايلي الى القانون وتصبح المادة السادسة والعشرون لها:

يجب ان يتوفر في المدير العام للتربية المواصفات التالية :

أ- ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية وله خدمة في التربية اكثر من ( 15 ) سنة .

ب- يمتاز بقوة الشخصية والنزاهة والسمعة الطيبة وذو خبرة وكفاءة بين اعضاء الهيئة التدريسية والتعليمية.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی كوردی.

دووانزەم: یان ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی سێیەم كە لەو ماددانەیە دەخوازرێ زێدە بكرێت ئەوا لیژنە پشتگیری لێوە دەكات دوای كەمكردنەوەی ماوەی لە(17)ساڵ بۆ (15)ساڵ كە لە بڕگە(1/م)ی ماددەكەدا هاتووەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:-

ماددەی دەیەم: (ماددەكەی زێدە كراوە)

ئەو ماددەی دادێت بۆ یاسای نمرە (4)ی ساڵی 1992 ی هەمووارکراو زێدە دەكرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت.

أ-دەبێ بڕوانامەی زانكۆی سەرەتایی بە دەستهێنابێ وزیاتر لە (15)ساڵ ڕژاە (خدمە)ی لە پەروەردەدا هەبێت.

ب-بەكەسایەتی بەهێزو دەستپاكی وناوبانگی باش ناسراو بێ ولە نێو ئەندامانی دەستەی وانە بێژان ومامۆستایاندا شارەزاو بە توانا بێت.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی پەروەردەش, هەر ئەوەیە كە لە ماددەی سێ بڕگەی (أ) ماوەی (17) ساڵ بكرێت بە (15) ساڵ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی فەرقەكە ئەوەندەیە حەڤدە ساڵ بكرێتە پازدە ساڵ, ئەگەر كەس ئیعتیرازی نەبێت ماددەكە دەخەمە دەنگدانەوە, فەرموو كاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حەقە ئەو مومەیزاتەی كە دراوەتە ئەو كەسەی دەبێتە مودیر عام لە تەربیە و ئەوانە, دەبێت قانونی حزبی بەعس و قانونی ژمارەی (18)ی خۆشمان شمولی دەكاتن كە بەعسی نەبوو بێتن, ئەوانە شمول بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەحصیل حاصلە دەبێت لە هەموو شوێنێك شمولی بکات, نەك لێرە, دەبێت هەموو وەزیر و وەکیل وەزیر و مودیر عام دەبێت ئەو قانونە وردە وردە دێتە سەری, ئەوە ماددەیەکە دەبێت شمولیان بکاتن, پێویست ناکات لێرە بنووسین.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم ئەگەر بکرێت فەقەرەیەکی تر زیاد بکرێت, ئەو شەخسە, یان ئەو ئافرەتە خێزاندار بێت, کە مودیر عام دەگاتە دەرەجەکی بەرز حەز دەکەم خێزاندار بێت, ئەگەر بکرێت ئەو فەقەرەیە زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا ئیختیلافەکە بەس لەسەر حەڤدە ساڵ و پازدە ساڵەکەیە, کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو حەڤدە ساڵە بکرێتە پازدە ساڵ دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەی تر, ئێستا پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەی تر دەمەوێت لەجیاتی ئێوە بەخێر هاتنی مێوانانی بەڕێز بکەم, کە ئەندامانی پەرلەمانی ئیتالیان بەسەردانێکی فەرمی هاتونەتە کوردستان, دوێنێ ئێوارە لەگەڵ ئێمە دانیشتن و کۆبوونەوەیەکی نیو سەعاتیمان کرد, لەسەر هەموو مەسەلەکان باسمان کرد, لە پێش هەموویانەوە بەرەو پێش بردنی پەیوەندیەکانی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی ئیتالیا, ئێمەش بەناوی گەلی کوردستان سوپاسمان کردن, ئاماژەیان پێ دەکەم و بەخێرهاتنیان دەکەم ناویان دەخوێنمەوە:

بەڕێز داریۆ ریڤۆڵتە/ سەرۆکی وەفدە. بەڕێز پواتۆ ئەلساندرۆ, داتۆ چینسیا, ئۆسمان جۆرجیۆ, بەڕێز پادۆ پۆلێدری, نازانم ناوەکانم هەموو لە بیر کردووە, زۆر بەخێر بێن سەرچاوان, چەپەڵەیەکیشیان بۆ لێدەن, ئەو وەفدە دوێنێ لەگەڵمان دانیشتن حەزیان کرد ئەمڕۆ بێن بۆ چەند ساتێك تەماشای دانیشتەکەمان بکەن, زۆریش دۆستی گەلی کوردن, هاوکاری ئێمەیان کردووە لە ساڵانی رابردوو خۆیان و حزبەکەیان, وەفدێکن لە چەندین حزب پێك هاتوون, لە حزبی موحافیزینی تێدایە, دوو حزبی ئۆپۆسیۆنی تێدایە, جۆنایستی تێدایە, کەسایەتی تێدایە, بۆیە پێم وایە ئەوە هەنگاوێکی ترە بۆ پتەو کردنی پەیوەندی نێوان گەلی کوردستان و گەلی ئیتالیا بەتایبەتی, دەرگایەکی تازەشە بۆ پەیوەندی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی ئیتالیا بەرەو پێش بڕواتن, من بەناوی ئێوەشەوە سوپاسی حکومەتی ئیتالیا و گەلی ئیتالیام کرد, بۆ ئەو هاوکارییەی کردوویانە بۆ گەلی کوردستان و گەلی عێراق و دەشیکەن, ئاماژەشم بەوە کرد کە خەڵکی کوردستان ئاشنایە بەو هاوکاریە, ئاشنایە بەو پەیوەندیانەی کە هەیە, بەتایبەت لە رووی ئینسانییەوە, ئێستاش لەو چەند مانگەی رابردوو چەندین منداڵ و نەخۆشیان بردۆتە ئیتالیا بۆ چارەسەر کردنیان, بە تایبەتی ئەوانەی کە نەخۆشی تەلاسیمایان هەیە, یاخود لە نەتیجەی کیمیا باران نەخۆش کەوتوون, یاخود نەخۆشی دڵیان هەیە, لە تەمەنی منداڵی تا حەڤدەساڵی, ئومێدم خواست کە ئەوانیش

دەورێکی باشتر ببینن, بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندیانە بەرەو پێش بچن, زۆر بەخێر بێن سەرچاو, دەگەڕێینەوە سەر موناقەشەی خۆمان, فەرموو کاك شێروان ماددەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: اضافة المادة الى القانون وتصبح المادة السابعة والعشرون لها:

للوزارة ان تمنح او توافق على فتح مدارس للتعليم الليلي لتمكين المواطنين من الجمع بين العمل و العلم.

بەنیسبەت ئەو ماددەیە بە حەقیقەت رەئی ئێمە لە سەرەتاوە وا بوو کە ئەو ماددەیە پەسند دەکەین, بەڵام دوای ئەوەی کە تەدقیقی قانونی ئەسڵیمان کرد, ئەوە لە قانونی ئەسڵی چارەسەر کراوە لە فەقەرە شەشی ماددە پێنج, بۆیە ئێستا ئێمە پێشنیارەکەی خۆمان سەحب کردەوەو لەگەڵ جەنابی وەزیریش قسەمان کرد, ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بە کوردیەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەزمانی کوردی.

ئەوەی کە کاك شێروان ئاماژەی پێدا رای لیژنەی یاسایی گۆڕا سەبارەت بە ماددەی چوارەم کە لە پرۆژەکەدا هاتووەو زێدە کراوە لە پرۆژەکە, ئێمە داوا دەکەین لەو ماددەیە ئەو پێشنیارەمان سەحب دەکەینەوە, داوای ئیلغا دەکەین, ماددەکەش دەڵێتن:

(وەزارەت بۆی هەیە قوتابخانە بۆ خوێندنی ئێواران بکاتەوە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن کارو زانست پێکەوە ئەنجام بدەن).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی پێشنیارەکەی خۆی ئەساسەن وا بووە, کە داوا دەکاتن رێگە بدرێت قوتابخانەی ئێواران بکرێتەوە, بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکە هەیە, هیچ موجیب نییە دووبارە بکرێتەوە, لیژنەی قانونی دەڵێت ئەو پێشنیارە ئیلغا بکرێتن, پێم وایە شتێکی تەبیعییە, تەربیەش موافیقە, نازناز خانیش هەمان مولاحەزەی هەیە, دەیخەینە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: تضاف مايلي الى القانون ويصبح المادة الثامنة والعشرون:

للوزير اصدار التعليمات والانظمة الداخلية الازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی پێنجەم کە لەو ماددانەیە دەخوازرێ زێدە بکرێت بۆ سەر یاساکە, ئەوا لێژنەی یاسایی وای بۆ دەچێ لابردرێت لەبەربوونی ماددەی هەشتەم لە هەمووارکردنی یەکەمی یاساکەدا بەهەمان دارشتن و واتاوە. هەروەها لێژنە پێشنیاز دەکات بە زێدەکردنی سێ ماددەی دیکە بۆ سەر پرۆژەکە و بەم شێوەی خوارەوە:-

ماددەی دووازدەم: (مادەیەکی زێدەکراوە):-

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی سێزدەم:( ماددەیەکی زێدەکراوە)

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی چوارەم: (مادەیەکی زێدەکراوە)

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێو لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلاّودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ماددە بە ماددە بخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووازدەم (مادەیەکی زێدەکراوە):-

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی پێنجەم کە داوا کراوە ئیزافە بکرێت لەسەر پرۆژەکە, ئێمەی لیژنەی قانونی وا بۆی دەچین کە ئەو ماددەیە نەمێنێت, لەبەر ئەوەی ماددەی هەشت لە تەعدیلی قانونی وەزارەتی تەربیە هەیە, بە هەمان صیغە و مانا بۆتان دەخوێنمەوە:

المادة الثامنة:

للوزير اصدار التعليمات والانظمة الداخلية الازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نیزامی داخیلی لە دەسەڵاتی وەزیرە, یان ئەنجومەنی وەزیرانە.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نیزامی داخیلی وەزارەت ئەوە پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە, چونکە تەعلیماتی وەزارەتە, پێشتریش لە قانونەکان ئەوە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی نیزامی داخیلی ئیعدادەکەی لە لایەن وەزارەتەوە دەبێت, بەڵام تەصدیقەکەی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە باسی ئیصدار دەکات, دەبێت ئەنجومەنی وەزیران ئیصداری بکاتن, ئەسڵەکەی چی دەڵێتن.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەصی یاساکەی پێشتر کە تەعدیل کراوە:

المادة الثامنة:

للوزير اصدار التعليمات والانظمة الداخلية لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

واتا تەحدید کراوە ئەو تەعلیماتانە بۆ ئاسانکاری ئەو قانونەیە, نەك بۆ شتی تر, کە لە نیتاقی قانونەکە دەرچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن نیزام وەزارەت حازری دەکات, بەڵام تەصدیق دەکرێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە, لەگەڵ ڕێزمدا حەز دەکەم ئەو خاڵە تەوزیح بکەم.

تاکو ئێستا هیچ وەزارەتێکی ئێمە نیزامێکی نییە, تاکو ئێستا تەنها لەسەر ئەساسی یاسایە, وەزارەتێکی ئێمە نیزامی بۆ خۆی دانەناوە, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی هەموو وەزارەتێك پێویستی بە نیزام هەیە, بەڵام ئەگەر نەیانکردووە کەم تەرخەمیەکە خۆیان لێی مەسئوولن, نەك ئێمە, دەبێت هەبێتن بەس ئیصدارەکەی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبێت, لەبەر

ڕۆشنایی ئەو نیزامە تەعلیمات وەزیر دەتوانێت دەریبکات, بۆیە ئەگەر لێرە لیژنەی یاسایی صیغەکەی وا لێ بکاتن, فەرموو کاک کەرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەو شێوەیە بیکەین حەل دەبێت:

(وتکون نافذة بعد المصادقة علیها من قبل مجلس الوزراء), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە قانونی وەزارەت تەعدیلی یەکەمی لە قانونی وەزارەتدا, ئەوە هاتووە, بەڵام پێم وایە ئەوە غەڵەتە, نیزامی داخیلی دەبێت ئەنجومەنی وەزیران دەریبکات, بۆیە ئەو قەرارەی پەرلەمان بە هەڵە وەرگیراوە, دەبێت ئەویش تەعدیل بکرێت, لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە لێرە بنووسین (للوزارة اصدار التعلیمات) ئەوی تر لا ببەین, ئەگەر جەنابی وەزیر موافەقەت بکات.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لە کابینەی پێنجەم کە پێشکەش کرا یەکێك لە مەبدەئەکانی لامەرکەزیەت بوو بەڕاستی, ئەم یاسایە لە ساڵی 2000 ڕێگەی داوە بە وەزیر کە تەعلیماتی نیزامی ناوخۆ دەربکات بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی یاساکە, ئێستا ئێمە بێین لە ساڵی 2006 پاش ئەوەی کە لامەرکەزیەت بۆتە پرۆنسیپ لە پرۆنسیپەکانی ئیدارە بیگەڕێنینەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران, ئەوە ئاستتەنگە بۆ کارەکانی وەزارەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فەرسەت تەوزیحێکی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزو تەقدیرم بۆ جەنابی وەزیر, بەڵام ئەوە عیلاقەی بە لامەرکەزیەت نییە, سبەی پەرلەمان تەنازول لە سەلاحییاتی تەشریعی بکاتن, بڵێت مەجلیسی وەزیران با قانونێك دەربکاتن, ئەوە عیلاقەی لەگەڵ نییە, لە سولەمی تەدەروجی قانونی, قانون پەرلەمان دەریدەکات, نیزام مەجلیسی وەزیران دەردەکات, تەعلیمات وەزیر دەریدەکات, لەبەر ئەوە ڕاستە لە قانونی ئەسڵیش هاتووە, بەس غەڵەتە, لێرە فورسەتە بۆ ئێمە, چونکە نەصەکە ئیسارە بوو ڕاستی بکەینەوە, ڕاست کردنەوەکەش ئاسانە, ئێمە نەصێکمان هەیە دەڵێتن بە هیچ نەصێك ناکرێت, ئەگەر موخالەفەی ئەو قانونە بێت, ئێستا برادەرانی لیژنەی قانونی ئیزافەیان کرد, لێرە ئەگەر بێتو ئەو نەصەی پێشنیارەی, ئەوەی پێشنیار کراوە, ئەنزیمەی داخیلی لەغو بکەین, دەبینین

بەس تەعلیماتە (للوزیر اصدار التعلیمات لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون)، ئیشەكە بە ئیعتیادی بەڕێوە دەچێت، بەس كەلیمەی ئەنزیمەی داخیلی لەغو بكەین، بە موجیبی ئەو نەصەش نەصی ئەسڵی لە قانونەكە ئیلغا دەبێت، چونكە نەصێكمان لێرە داخیل كردووە (لایعمل بأي نص یتعارض واحكام هذا القانون)، ئیشەكە تەواو دەبێتن، ڕێز و ئیحتیرامم سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ غەڵەتێك بووە لە هین، ئەو غەڵەتە دووبارە دەكەینەوە لێرە، لەبەر ئەوە ئێستا ئەو نیزام داخیلیە لا ببەین، دوایێش پێم باشە لە هەر شوێنێكی تردا ئەو هەڵەیە كرا بێت چاكی بكەینەوە، چونكە ئێمە دەسەڵاتی تەشریعین، دەبێت ئەو شتانەی لێرە دەریدەخەین ئەوە جێ بەجێ بكەین، پێم باشە بنووسرێتن (للوزیر اصدار التعلیمات لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون)، باشە، فەرموو كاك كەریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وا پێشنیار دەكەم، ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوەی دیراسە بكرێت، لیژنەی یاسایی بە چاكی لەو مەسەلەیەدا، لەبەر ئەوەی لە هەموو یاساكانی پێشوودا بەو شێوەیە هاتووە (وەزارەت بۆی هەی نیزام دەربكات)، بۆ وەزارەتی تەربیە بە تەنیا ئەوەی لەبیر بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك فەرسەت گوتی ئێمەش لەگەڵ ئەو مەبدەئەینە، تەصدیقی نیزامی داخیلی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبێت، وەزیر بۆی نییە تەصدیقی نیزامی داخیلی خۆی بكات، بەڵام ئیعدادەكە وەزارەت دەیكات، ڕەفعی دەكات بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران تەصدیقی دەكات و ئیصداریشی دەكات، واتا سیفەتی تەصدیق و سیفەتی ئیصدار دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئیعدادەكەش دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەكرێت بڵێین (للوزیر اصدار التعلیمات واعداد النظام الداخلي على ان تصادق من قبل مجلس الوزراء)، فەرموو كاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وادەزانم مادام ئەوەی كاك فەرسەت شتێكی دروستە، هەڵەیەكی پێشتریشمان كردووە لەوانە ڕاستی بكەینەوە، یەعنی مادام ئەوەی دكتۆر ناصح دەڵێت هیچ وەزارەتێك نیزامی داخیلی شتی وا نابێت، یەعنی

وەزارەت دەبێت کاروبارەکانی بە نیزام رێك بخات, لەبەر ئەوە لێرە دەبێت ئەوانی تریش راست بکەینەوە, چونکە ماددەیەکی سەربەخۆ هەموو وەزارەتێك دەبێت نیزامی داخیلی خۆی هەبێت, کە ئەنجومەنی وەزیران تەصدیقی دەکات, تەعلیماتیش ئەوە سەلاحیەتێکە تێکەڵی نەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بچینە سەر پێشنیاری لیژنەی یاسایی هەر وا لە قانونی پەروەردە هاتووە, بۆیە صیغەکە وای لێ دێت (للوزير اصدار التعليمات الازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون), کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کاك کەریم لەگەڵ نییە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا پێشنیار دەکات, کە ماددەیەك ئیزافە بکرێت لەسەر پرۆژەی هەموارکردنی وەزارتی تەربیە بەم شێوەیە: (لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کوردیەکەی تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی.

ماددەی دووازدەم (مادەیەکی زێدەکراوە):-

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیش ماددەیەکە لە هەموو قانونەکان هاتووە بۆ وەزارەتەکانی تر, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة: مادة مضافة.

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەزمانی کوردی.

**ماددەی سێزدەم:( ماددەیەکی زێدەکراوە)**

**لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوەش وەکو ماددەی پێشوو تازەیەو لە هەموو پرۆژەکاندا ئیزافە کراوە, دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر تکایە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة عشرة: مادة مضافة.**

**ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی.**

**ماددەی چوارەم: (مادەیەکی زێدەکراوە)**

**ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێو لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەمەش وەکو ماددەکانی تر, دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو ئەسبابی موجیبە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەسبابی موجیبەکە دوور و درێژ بوو, بە تەنسیق لەگەڵ لیژنەی پەروەردەو جەنابی وەزیر ئیختیصارمان کرد, ئێستا صیغەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:**

**( الاسباب الموجبة)**

**تماشياً مع اهداف المرحلة التي تتمثل في ايلاء قطاع التربية مايستحقه من أهمية من أجل اسهامه بصورة فعالة في حركة التطور والتقدم التي يشهدها اقليم كوردستان ولتمكين وزارة التربية من مواكبة التطور والتقدم العلمي والحضاري ولضمان تحقيق اهداف الوزارة وبغية جعلها أكثر فاعليةً وقدرةً على تحقيق ذلك فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆكارەكانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

هاوشان لەگەل ئامانجەكانی ئەم قۆناغدا كە خۆی دەنوێنێ لە گرنگیدانی پێویست بـە كـەرتی پـەروەردە لـە پێنـاو دیـتنی رۆڵێكی بەرچاوو كاریگـەر لـەو بزاڤـە بـەرەو پـێش چـوون و گەشەسـەندنە كـە حكومـەتی كوردستان بە خۆیەوە دەبینێت, بۆ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە وای لـێ بكرێـت پێشكەوتن و گەشەسـەندنی زانسـتی بڕوانرێـت, بـۆ مسـۆگەر كردنـی هێنانـەدی ئامانجـەكانی وەزارەت و لـە پێنـاو كاریگـەر كردنـی بـە تواناتر بۆ جێ بەجێ كردنی هەموو ئەو شتانەی ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەسبابی موجیبە تەبیعییەو, هەم جەنابی وەزیر و هەم هـەردوو لیژنـە سوپاسـیان دەكـەم لیژنـەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە ئیتیفاقیان لەسەر ئەوە كردووە, كـە موناقەشـەكەمان هـین بـێتن, ئەگـەر كـەس مولاحەزەی نەبێتن دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەل دایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس, كـێ لەگـەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بـە كـۆی دەنـگ وەرگـیرا, ئێسـتا هـەموو پـرۆژەكە بـە تێكڕایـی بـە ئەسبابی موجیبەوە دەخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەل دایـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس, كـێ لەگـەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێكڕای دەنگ وەرگـیرا, سـوپاس. پیرۆزبـایی لـە جـەنابی وەزیـر دەكەین ئینشائەڵلا سەركەوتوو دەبێت, فەرموو كاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت هەنـدێ تێبـینی هـەبوو ئـەمڕۆ روویـدا, حـەز دەكـەم بیخەمـە بـەردەمی بـەڕێزتان, ئێمـە لـە پەرلەمان كە قسە دەكەین بەڕاسـتی بـە زەرەبینێكـی یـەكجار گـەورەو فـراوان سـەیری قسـەكانمان دەكـەن و موتابەعـەی قسـەمان دەكـەن, چ لـە ئەنتـەرنێت, چ دەوڵەتـەكانی دراوسـێمان, ئێمـە ئـەمڕۆ نازنـاز خـان میسالێكی هێنایەوە لەسەر جمهوری ئیسلامی, گوایـە مواتینـەی صالحە لـەوێ مانـای ئـەوە نییـە مواتینـەی صالحەیە لێرە, بە رەئی من ئێمە میسالەكانمان لەسەر دەروبەر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا عەفوم دەكەی, ئەوە كەی خاڵی نیزامییە,, ئەوە رەئییە, ئەوە موناقەشەیە, دەبوایـە لـەكاتی خـۆی بتكردبوایە, فەرموو كاك جەمال خاڵی نیزامە.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حەقیقەت بە سوپاسیەوە بۆ جەنابی وەزیر كە لێرە ئامادە بـووە, مـن چـەند مولاحەزەیـەكی كـورتم هەیـە حەز دەكەم بیخەمە روو.

یەكەم/ بیستوومە ئەو ماوەیە مامۆستایان دەرماڵەیان بۆ خەرج دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفو کاك جەمال عیلاقەیان بەوە نییە، دەتوانن موزەکەرەیەك بنووسن، ئەوە نابێت، زۆر سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن محمد/ (وەزیری پەروەردە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی بەڕێزتان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی کوردستان دەکەم، زۆر سوپاسی بێ پایانی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لە دوو کاتژمێرێك خۆیان تەرخان کرد، بۆ دەنگدان و دەوڵەمەند کردنی ئەو پرۆژە یاسایەو هەموار کردنی، حەز دەکەم بە بەڕێزتانی رابگەیەنم، ئەوە بەرهەمی هاوبەشی هەردوو لیژنەی یاسایی و پەروەردەی پەرلەمان لەگەڵ وەزارەت چەندین کاتژمێر و دانیشتن بووە، بەناوی وەزارەتی پەروەردەوە خۆشحاڵم کە سوپاسی بەڕێزتان بکەم و ئامادەیی وەزارەت پیشان بدەین بۆ هەموو کاتێك بانگهێشت کردنمان بۆ ئێرە، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بەڵێنانە و ئەو بڕیارانەی کە لەو یاسایەدا هاتوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش زۆر سوپاست دەکەین هەربژیت و سەرکەوتووی ئینشائەڵڵا، ئێستا دانیشتنەکە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دوا دەخەین، یەکی تەواو لێرە بن، کاتژمێر (12)ی تەواو لێرە بن، سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، پێش ئەوەی بچینە سەر موناقەشە، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو مەسەلەیە ناگەم بەڕاستی ئێستا پرۆژەی یاسای کۆمەڵەی دادوەران هاتۆتە ئێرە، ئێستاش ئێمە یاسای قانونی جەمعیاتمان هەیە لە رووی نیزامیەوە ئایا جەمعیات ئیجازە لە حکومەت وەردەگرێت، یاخود لێرە پرۆژە یاسایەکانی ئیقرار دەکرێتن، من حەز دەکەم ئەوەمان لە یاسایەکان تەوزیح بکەن، چونکە هەندێك لە جەمعیەکان ئێستاش ئیجازە لە حکومەت وەردەگرن و یاسایەکان لەوێ ئیقرار دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی من دەمویست ئەو مەوزوعە باس بکەم، بەس مادام تۆ پرسیارت کرد، لیژنەی یاسایی با خۆیان وەڵامت بدەنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

راستە لە حەقیقەتدا قانونی جەمعیات هەیە لە کوردستاندا, بەلاَم سەبەبی ئەساسی ئەو بۆ ئەو پرۆژەیەی پێشکەش بە پەرلەمان کراوە, کە دادوەرانی کوردستان دەیانەوێت ببنە ئەندام لە (اتحاد الحكام الدوليين), مەرجی ئەو ئیتیحادە ئەوەیە دەبێت قانونێکی تایبەتیان هەبێت, لەبەر ئەو مەبەستە ئەو پرۆژە تەقدیمی کوردستان کرا, ئێمەش دەمانەوێت پشتگیری لێ بکەین بۆ ئەو سەبەبە ئەساسییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تایبەتە بە جەمعیەیەی حاکمەکان تەنیا لە 2005/12/27 یەکەم خوێندنەوەمان کردووە, یەعنی ئەوە تەقریبەن یازدە مانگ پێش ئێستایە, دواش کەوتووە, لەلایەن لیژنەی قانونییەوەو لەگەڵ حاکمەکانیش و داواکارەکان دانیشتوون و لیژنەی قانونیش راپۆرتی خۆی هەیە, ئێستاکە پێم باشە بۆ ئەوەی کەسبی وەقتیش بکەین, مادده بە مادده ئەسڵی قانونەکە بخوێندرێتەوەو لەگەڵ رای لیژنەی یاسایی, پێم وایە شتێکی وا ئەوتۆ موناقەشە هەڵناگرێت, لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر یەکێك شتێکی تایبەتی هەیە, یان مولاحەزەیەکی تایبەتی هەیە, دەتوانێت هێن بکاتن, ئەگەرنا حاکمەکان بۆخۆیان دانشتوون و خۆیان حاکمن قانونێکیان بۆ جەمعیە داناوە, پێم وایە رەنگە کەموکوری کەم بێتن, فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەو پرۆژەیە مادده بە مادده لە لایەن بەڕێز کاك کەریم بەحری بە زمانی کوردی دەخوێندرێتەوە, دوایی مامۆستا کاکە بە زمانی عەرەبی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

دووەم: بەشێوەیەکی گشتی لیژنەی یاسایی پشتگیری لەم پرۆژەیە دەکات دوای رەچاو کردنی ئەم تێبینیانەی خوارەوە:

أ- دوای یەکەمین خوێندنەوەی یاساکە لە پەرلەمان و کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ نوێنەرانی دادوەرانی بەڕێز و لەسەر پێشنیاری خۆیان بابەتی گۆڕینی ناوی یاساکە خرایە روو لە (یاسای کۆمەڵەی دادوەرانی کوردستان – عێراق) بۆ ناوی (یاسای یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان – عێراق) لیژنەی یاسایش پێشنیارەکەی لا پەسندە نەخاسمە ئەو ناوزەد کردنە بەپێی زمانی عەرەبی ناوزەد کردنێکی جیهانیە, چونکە ناوە نێودەوڵەتییەکەی بە عەرەبی یەکێتی (قازیانە) واتە دادوەرانە, هەروەها ناوزەد کردنی قازی زیاتر گونجاو و رێکە لەگەڵ پشەی دادوەریدا, لەبەر ئەوەی دادوەری کێشەکانی نێوان خەڵك یەکلا دەکاتەوە و قەزاوەتیان لەنێواندا دەکات.

بەلاّم وشەی (حاکم) یان (حاکمەکان) زیاتر بۆ لایەنی سیاسی دەچێت, لەبەر ئەوە لیژنە پێی باشە وشەی (حاکم)ی عەرەبی لە هەر شوێنێکی پرۆژەکەدا هاتبێ بگۆڕدرێت بۆ وشەی (قازی).

ب- بەلاّم ئەوەی پەیوەستە بە بەند و ماددەکانی پرۆژەی یاساکە لیژنە پێی باشە دووبارە رێك بخرێتەوەو دارِشتنەوەی ماددەی یەکەم بە جیا لە بەندەکانی یاساکەدا وەك ماددەیەکی سەربەخۆ تایبەت بێت بە پێناسەکان و بەم شێوەی خوارەوە:

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەربڕینانەی خوارەوە واتای بەرامبەرەکەیەتی:

1- هەرێم:هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- یەکێتی: یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

3- دەستەی گشتی: دەستەلاّتی بالاّی یەکێتییەو هەموو ئەو دادوەرە ئەندامەی تۆمار کراون دەگرێتە خۆ.

4- ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی یەکێتییە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانيا: ان اللجنة القانونية تؤيد المشروع بشكل عام بعد الاخذ بنظر الاعتبار الملاحظات الاتية:

أ- لدى الاجتماع مع ممثلي السادة الحكام بعد القراءة الاولى للقانون في البرلمان وبأقتراح منهم تم طرح موضوع تبديل اسم القانون من (قانون جمعية حكام أقليم كوردستان – العراق) الى (قانون اتحاد قضاة اقليم كوردستان – العراق), ان اللجنة القانونية ترى وجاهة الاقتراح سيما وان هذه التسمية هي التسمية العالمية المقبولة, لان اسم الاتحاد الدولي هو اتحاد القضاة كما وان تسمية القاضي اكثر انسجاماً واتفاقاً مع منهة القضاء لان القضاء هو الفصل في المنازعات ولان لفظة (الحاكم) او (الحكام) ينصرف الى الجانب السياسي عليه ترى اللجنة تبديل كلمة الحاكم اينما وردت في المشروع بكلمة القاضي.

ب- اما مايتعلق بفصول مشروع القانون ومواده فترى اللجنة اعادة ترتيبها وصياغة المادة الاولى مستقلاً عن فصول القانون وكمادة مستقلة خاصة بالتعاريف وعلى الشكل الاتي:

المادة الاولى: يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها:

1- الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

2- الاتحاد: اتحاد قضاة اقليم كوردستان – العراق.

3- الهيئة العامة: السلطة العليا للاتحاد وتضم جميع القضاة الاعضاء المسجلين فيه.

4- المجلس: مجلس ادارة الاتحاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا لە ماددەی یەکەم بە رەئی لیژنەی قانونی دوو شت بگۆڕێت, یەکێکیان ئەوەیە جەمعیەکە ببێتە ئیتیحاد, ئەویتریشیان حاکمەکە ببێتە قازی, هەردووکیان وەجاهەتی هەیە مەنیتقیە لە رووی زمان و لە رووی ماناشەوە, کەس مولاحەزەیەکی نییە لەسەر ئەوە, پێشنارەکە دەخەمە دەنگدانەوە, ماددەی یەکەم بە

پێشنیاری لیژنەی یاسایی, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دووەم: بەپێی ئەم یاسایە یەکێتیەکی پیشەیی سەربەخۆ بۆ دادوەران دادەمەزرێت و پێی دەوترێت یەکێتی دادوەرانی کوردستان و بارەگاکەی لە هەولێری پایتەخت دەبێ, بۆی هەیە لقێك لە هەر پارێزگایەکی هەرێمدا بکەنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الاول**

**التأسيس والاهداف**

المادة الثانية:

تؤسس بموجب هذا القانون جمعية مهني مستقل للقضاة يسمى اتحاد قضاة اقليم كوردستان ويكون مقرها في العاصمة اربيل وله ان يفتح فروعاً له في محافظات الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش پێش و پاشیان خست, یەکەم جار لیژنەی قانونی رەئیەکەی بوو, کەواتە ئەسڵەکە ئیزافە کراوە (ان يفتح له فروعاً في محافظات الاقليم), ئەویش شتێکی تەبیعییە دەگونجێت, لە هەموو شوێنێك جەمعیە دەبێتە ئیتیحاد, فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

يؤسس بموجب هذا القانون اتحاد مهني مستقل للقضاة يسمى اتحاد قضاة اقليم كوردستان ويكون مقره في العاصمة اربيل وله ان يفتح فروعاً له في محافظات الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

سێیەم: گۆڕینی زنجیرەی بەندی دووەم کە لە بنەڕەتی پرۆژەکەدا هاتووە, بۆ زنجیرەی بەندی یەکەم و بەناونیشان و ناوەڕۆکەکەوە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

## بەندی یەکەم

## ئامانج و دامەزراندن

**ماددەی سێیەم:**

**یەکێتی کەسایەتیەکی یاساییەو سەربەخۆییەکی دارایی و کارگێری هەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاکە یەکەم جار ئەسڵیەکە بخوێنەوە, ئینجا دوایی رای لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة: تتمتع الجمعية بالشخصية المعنوية وبالاستقلال المالي والاداري.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة: يتمتع الاتحاد بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**هەروەکو خۆیەتی بەس جەمعیەکە بۆتە ئیتیحاد, (تتمتع) بۆتە (يتمتع), دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەکەی تر.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێستا ئەسڵی پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:**

**المادة الرابعة: يهدف هذا القانون الى مايلي:**

**1-المحافظة على سيادة القانون واستقلال القضاء.**

**2- السعي لتأمين حقوق الحكام وحمايتهم واعلاء شأنهم.**

**3- المحافظة على سمعة المهنة ومنزلتها وتقويم التصرفات والسلوكيات التي تحط من منزلة الحكام.**

**4- العمل على رفع المستوى العلمي للحكام وتشجيعهم على تقديم البحوث القانونية والقضائية.**

**5- العمل على رفع المستوى المعيشي للحكام وتأمين سائر الخدمات الصحية والاجتماعية لهم ولاسرهم.**

**6- السعي لانضمام الجمعية الى الاتحاد الدولي للقضاة واية منظمة اخرى مماثلة تخدم الحكام.**

**7- تأمين احدث الوسائل والتقنيات لخدمة مسيرة العدالة.**

**8- التعاون مع السلطتين التشريعية والتنفيذية في الاقليم لتطوير مسيرة القضاء في الاقليم.**

**9- التعاون مع المنظمات والاتحادات الحقوقية في المجالات المختلفة.**

**10- اقامة مركز ثقافي واجتماعي خاص بألحكام.**

11- التصدي للفساد الاداري واية ظاهرة غير قانونية تؤثر على مسيرة العدالة.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی.

ماددەی چوارەم:

یەكێتی ئەمانەی خوارەوە بە ئامانجی خۆی دادەنێ:

1-پارێزگاری كردن لەسەروەری یاسا و سەربەخۆیی دادوەری بە جۆرێك ڕێگە بگیرێت لە دەستێوەردانی كاروبارەكانیەوە.

2- هەوڵدان بۆ دابین كردنی مافەكانی دادوەران و پاراستنیان و زامن كردنی ئاسایشیان.

3- پارێزگاری كردن لە پیشە و پایەكەی بە جۆرێك لەگەڵ سەربەخۆیی دادوەریی و دەستپاكیەكەیدا گونجاو بێت.

4- كاركردن بۆ بەرز كردنەوەی ئاستی زانستی دادوەران و دنەدانیان لەسەر پێشكەش كردنی توێژینەوەی یاسایی و دادوەری و كردنەوەو بەشداری كردنی خولی ڕاهێنان لە ناوەوەی هەرێم و دەرەوەیدا.

5- كاركردن بۆ كردنەوەی ئاستی بژێوی دادوەران و بایەخدانی تایبەت بە خزمەتگوزاری تەندورستی و كۆمەڵایەتی بۆ خۆیان و خێزانیان بە جۆرێك لەگەڵ پلەو پایەكانیاندا شیاو بێت.

6- چوونە پاڵ یەكێتی نێو دەوڵەتی دادوەران و هەر ڕێكخراوێكی دیكەی هاوشێوەو بەتینكردنی پەیوەندیەكان لەگەڵیاندا بە جۆرێك ئامانجەكانی یەكێتی بەدی بێنێ.

7- دابینكردنی نوێترین شێوازو تەكنەلۆژیا بۆ خزمەتی ڕێرەوی دادپەروەری و گەیشتن بە ڕكێفی پەرەسەندنە دادوەریە جیهانیەكانەوە.

8- هاوكاری لەگەڵ هەردوو دەستەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێ كردنی هەرێم بۆ پەرەپێدانی ڕێرەوی دادپەروەری.

9- كردنەوەی ناوەندە ڕۆناكبیری و كۆمەڵایەتییەكان بۆ دادوەران.

10- كاركردن بۆ زامن كردنی ڕێز و پاراستنی مافە دەستووریەكانی هاووڵاتیان.

11- دەوڵەمەند كردنی هزری یاسایی و بەشداری كردن لە پەرەپێدانی یاساداناندا.

12- پشتگیری دادوەران لە پیادە كردنی حوكمی یاساو بە جێگەیاندنی ماف و دادپەروەریدا.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی.

المادة الرابعة: يهدف الاتحاد الى مايلي:

1- حماية سيادة القانون واستقلال القضاء بما يمنع التدخل في شؤونه.

2- السعي لتأمين حقوق القضاة وحمايتهم وضمان أمنهم.

3- المحافظة على سمعة المهنة ومنزلتها بما ينسجم ومبدأ استقلالية القضاء ونزاهتها.

4- العمل على رفع المستوى العلمي للقضاة وتشجيعهم على تقديم البحوث القانونية والقضائية وفتح الدورات التدريبية والمشاركة فيها داخل الاقليم وخارجه.

5- العمل على رفع المستوى المعيشي للقضاة واهتمام الخاص بتوفير الخدمات الصحية والاجتماعية لهم ولاسرهم بما يتلائم مع مكانتهم.

6- العمل على الانضمام الى الاتحاد الدولي للقضاة واية منظمة مماثلة وتوطيد العلاقات معها بما يحقق اهداف الاتحاد.

7- تأمين احدث الوسائل والتقنيات لخدمة مسيرة العدالة ومواكبة التطورات القضائية العالمية.

8- التعاون مع السلطتين التشريعية والتنفيذية في الاقليم لتطوير مسيرة القضاء.

9- فتح المراكز الثقافية والاجتماعية للقضاة.

10- العمل على ضمان احترام وحماية حقوق المواطنين الدستورية والقانونية.

11- إغناء الفكر القانوني والمساهمة في تطوير التشريع.

12- اسناد القضاة في تطبيق حكم القانون واحقاق الحق والعدالة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من تەنیا مولاحەزەی زمانم هەیە بە حەقیقەت, لە سەرەتاكەی نووسراوە (یهدف الاتحاد الى), كەواتە حیمایەكە لە یەكەم زیادە سعیەكە زیادە, موحافەزەكە زیادە, زۆربەی ئەو شانەی لە یەكەم و دووەم و ئەوانە هاتوون هەمووی زیادن, یهدف الاتحاد (1- سیادة القانون, 2- تامین حقوق القضاة, 3- سمعة المهنة ومنزلتها, 4- رفع المستوى العلمي للقضاة, 5- رفع المستوى المعيشي, 6- الانضمام الى الاتحاد, 7- احدث الوسائل والتقنيات, 8- التعاون مع السلطتين, ئەوە باشە تەعاونەكە بمێتنێت, 9- فتح المراكز, ئەوەش دەمێنێتەوە, 10- ضمان احترام لەجیاتی عەمەلەكە, 11- اغناء الفكر, بمێنێتن, 12- اسناد القضاة في تطبيق القانون, ئەوەش بمێنێتن) یەعنی سێیان دەمێنێتن ئەوانی تر هەمووی زیادن, مادام نووسراوە یەهدف, بەڵێ تەئمینەكەش بمێنێت, تەنیا ئەو چوار جێگایە پێویست دەكاتن, ئەو مولاحەزەیەش كاك دكتۆر كەمال دای لە دووەم هاتووە (السعي لتأمين حقوق القضاة وحمايتهم وضمان امنهم), ئەو زەمان و حیمایەتە ئیشی حكومەتە, لێرە زیادە (السعي لتأمين حقوق القضاة), كافییە, یەعنی حیمایەیان وەكو هەموو هاووڵاتیەك حكومەت دەیكات, ئەمینیەتیش هەروەها دەكاتن, لێرە زیادەو پێشیان ناكرێتن, كەواتە دووەمین وای لێ دێتن (السعي لتأمين حقوق القضاة) ئەوی تر لا دەبرێت.

المادة الرابعة: يهدف الاتحاد الى مايلي:

1- سيادة القانون واستقلال القضاء بما يمنع التدخل في شؤونه.

2- تأمين حقوق القضاة.

3- المحافظة على سمعة المهنة ومنزلتها بما ينسجم ومبدأ استقلالية القضاء ونزاهتها.

4- رفع المستوى العلمي للقضاة وتشجيعهم على تقديم البحوث القانونية والقضائية وفتح الدورات التدريبية والمشاركة فيها داخل الاقليم وخارجه.

5- رفع المستوى المعيشي للقضاة واهتمام الخاص بتوفير الخدمات الصحية والاجتماعية لهم ولاسرهم بما يتلائم مع مكانتهم.

6- الانضمام الى الاتحاد الدولي للقضاة واية منظمة مماثلة وتوطيد العلاقات معها بما يحقق اهداف الاتحاد.

7- تأمين احدث الوسائل والتقنيات لخدمة مسيرة العدالة ومواكبة التطورات القضائية العالمية.

8- التعاون مع السلطتين التشريعية والتنفيذية في الاقليم لتطوير مسيرة القضاء.

9- فتح المراكز الثقافية والاجتماعية للقضاة.

10- ضمان احترام وحماية حقوق المواطنين الدستورية والقانونية.

11- إغناء الفكر القانوني والمساهمة في تطوير التشريع.

12- اسناد القضاة في تطبيق حكم القانون واحقاق الحق والعدالة.

ئێستا وازیحه, ئەگەر کەس موناقەشەی لەسەر نییە, دەیخەمە دەنگدانەوە بە تەعدیلاتەکانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا, تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: يشترط لعضوية الجمعية مايلي:

1-ان يكون حاكماً او قاضياً في المحاكم المدنية في الاقليم.

2- ان يقدم طلباً للانتماء الى الجمعية.

3- يجوز قبول الحكام المتقاعدين كأعضاء في الجمعية مالم يمارسوا اعمالاً اخرى.

4- يجوز قبول عضوية الحكام (القضاة) من محاكم العراق خارج الاقليم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی.

چوارەم: دوای ئەنجام دانی ڕاست کردنەوەکان بەگوێرەی ئەو بڕیارەی دراوە بەندو ماددەکانی دیکە بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**بەندی دووەم**

**یەکەم/ ئەندامێتی و پابەندەکانی**

ماددەی پێنجەم:

1-ئەمانەی خوارەوە مەرجن بۆ ئەندامێتی لە یەکێتیدا:

أ- دەبێ دادوەر بێ لە دادگاکانی هەرێمدا.

ب- داواکاریەك بۆ هاتنە رێز پێشکەش بە یەکێتی بکات.

2- أ- دەکرێ دادوەرانی دادگاکانی عێراق لە یەکێتیدا وەربگیرێن.

ب- دەکرێ دادوەرانی خانەنیشین وەك ئەندام لە یەکێتیدا وەربگیرێن.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راي اللجنة القانونية باللغة العربية.

رابعاً: تقرا بقية الفصول والمواد بعد اجراء التصحيحات على ضوء ما قرر كالاتي:

**الفصل الثاني**

**اولاً/ العضوية والتزاماتها**

المادة الخامسة:

1- يشترط لعضوية الاتحاد مايلي:

أ- ان يكون قاضياً في محاكم الاقليم.

ب- ان يقدم طلباً للانتماء الى الاتحاد.

2- أ- يجوز قبول القضاة من محاكم العراق في الاتحاد.

ب- يجوز قبول القضاة المتقاعدين كأعضاء في الاتحاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم هەیە, لێرەدا لەبەر ئەوەی هەموو حاکمەکان نەبووینە قازی نە لە رووی سەقافییەوە, نە لە رووی عەمەلەیەوە, لەبەر ئەوە نازانم هەرچەندە لیژنەی قانونی باشتر دەزانن, ئەگەر هەردووکی بنووسرێت تەئکید قازی و حوکام, لەبەر ئەوەی لە دەستوور, کوردیەکە موشکیلە نییە, بەس عەرەبیەکە (ان یکون قاضیاً او حاکماً) بۆ ئەوەی نەفس نەبێتن, کێ دەیەوێت قسە بکات, فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت قسە بکەم لەسەر (2- ب- يجوز قبول القضاة المتقاعدين كأعضاء في الاتحاد) مانای ئەو (یجوز)ە, ئەگەر لێرە لا بدرێت قازیەکیش کاتێك کە تەقاعود دەکرێت, مانای ئەوە نییە ئیتر لە حەیاتی لە عەدالەتدا دوور بکەوێتەوە, کە تۆ ئەو (یجوز)ت بۆ دانا ئەوسا هەیئەتەکە دەبێت حوکم بە ئەو قازیە تەقاعدە وەرگیرێت, یان وەرنەگیرێت, بەڕاستی کە قازی تەقاعود کرا خەڵك دەتوانێت زۆر زۆر ئیستیفادەی لێ بکات, لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو (یجوز)ە لابدرێت زۆر باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**مولاحەزەیەكی زۆر چاكە (للقضاة المتقاعدین الحق في الانضمام الى الاتحاد)، ئەوە شتێكی تەبیعییە، یەعنی ئەوان زیاتر دەگرێتەوە، چونكە بێ ئیشن دەتوانن كاری باشی تێدا بكەن، ئەگەر ئەوەش ئیزافە بكەن (للقضاة المتقاعدین الحق في الانضمام الى الاتحاد) ئەوەی بكە فەقەرە یەك (القضاة من محاكم العراق) بیكە بە فەقەرە دوو، بێیەكە بیكە ئەلف، كاك تەڵعەت فەرموو.**

**بەڕێز طلعت سیف الدین خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من تێبینیەكەم لەسەر (2- أ- یجوز قبول القضاة من محاكم العراق في الاتحاد)، پێم وایە لەگەڵ ئەسڵی ناونیشانەكەی ناگونجێت (قانون جمعیه الحكام لاقلیم كوردستان - العراق)، ئەوان عێراقن، ئەوە كوردستان، دەكرێت قازی لە جنوب و لە شوێنەكانی دیكەی عێراق ئەندام بن تێیدا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**خۆی ئەوە دەڵێت (یجوز) ناوەكەی وایە، بەلاٚم دەڵێت (یجوز) لێرەدا ئیجازەی داوەتێ، ئەوە سەلاٚحیەتێكە دەدەیتە هەیئەی ئیداریەكە، زۆر تەناقوز نییە، بەلاٚم بۆ خۆی تەعین دەكاتن، ئەگەر ئیستیفادەیان هەبێتن، بزانین رەئی لیژنەی قانونیش چ دەڵێت.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لێرە لەو حاڵەتەی كە دەڵێت (یجوز) مانای وایە هەیئەی ئیداری ئیتیحاد بۆی هەیە قەبول بكات، بۆشی هەیە قەبول نەكات، لەوە زیاتر شمولی ئەوانە دەكات كە خەڵكی كوردستانن لە دەرەوەی كوردستان دەژین، كە دێنەوە كوردستان ئەو مافەیان بدرێتێ، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك غەفور.**

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخمووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**تێبینی منیش هەر لەسەر بڕگە دوو بوو خاڵی (أ) كاك تەڵعەت كە باسی كرد، بەلاٚم دەكرێت وەك لیژنەی قانونی ئاماژەیان پێ كرد بنووسرێت (دەكرێ دادوەرانی كوردستان كە لە دەزگاكانی عێراقدا كار دەكەن لە یەكێتیدا وەربگیرێن)، یەعنی بەو شێوەیە صیاغە بكرێتن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك ئارام فەرموو.**

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینی من لەسەر بڕگە (أ) لە ماددەی پێنجەم لە بڕگەی یەکەمدایە, کە دەڵێت (دەبێ داوەر بێ لە دادگاکانی هەرێمدا), لەوێ دەڵێت دەبێ, لە بڕگە دوو لە خاڵی (أ) دەڵێ (دەکرێ دادوەرانی دادگاکانی عێراق لە یەکێتیدا وەربگیرێن), لە سەرووتر دەڵێ (دەبێ دادوەر بێ لە دادگاکانی کوردستان), لەوەکەی تریش دەڵێ (دەکرێ دادوەر بێ لە ناوچەکانی تری عێراقدا وەربگیرێت), یەعنی من پێم وایە یەکیان ئەوەی تر هین دەکات, نازانم بە تەواوەتی لە لای من وازیح نییە, ئەگەر ئەندامانی لیژنە بۆمان تەوزیح بکەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام وازیحە, لە بڕگەی یەکەم دەڵێ دەبێ دادوەر بێ, لە بڕگەی دووەم دەڵێ دەکرێ حاکمێك, یان قازیەك لە دەرەوەی هەرێم ببێتە ئەندام لە ئیتیحاد, یەکەمیان لە کوردستان مەرجە, ئەویتر هەیئەی ئیداری قەرار دەداتن, دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شكريە رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش رایەکەم لەگەڵ رای سۆزان خانە, لە هەمان کاتیشدا ئەو دوو (یجوز)ە لا بدرێت باشترە بە رای من, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر (یجوز)ی یەکەم زەرووریيە بمێنێت, ئەگەرنا مومکینە هەموو قازیەك دەیەوێت ببێتە ئەندام, پێم وایە بەو صیغە تازەیە بخوێندرێتەوە, بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

1- يشترط لعضوية الاتحاد مايلي:

أ- ان يكون قاضياً في محاكم الاقليم.

ب- ان يقدم طلباً للانتماء الى الاتحاد.

2- أ- يحق للقضاة المتقاعدين الانتماء الى الاتحاد.

ب- يجوز قبول القضاة من محاكم العراق في الاتحاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من مولاحەزەیەکی تریشم هاتە پێش, یەعنی ئیشکالێکمان دەبێتن (يجوز قبول القضاة من محاكم العراق) ئەی ئێمە لە کوێین, ئەو عێراقیشە ئیشکالێك دروست دەکات (يجوز قبول القضاة من محاكم خارج الاقليم), دوایێ قانونیەکان شتێکمان لەسەر تەسبیت نەکەن, ئەو وەختیش دەتوانین ئەوروپایی کورد بێتن قبول بکەین, ئەوە باشتریشە, فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێت بە خارجی ئیقلیم جائیزە حاكمەكانی دەرەوەی هەر عێراقیش بێنە ناو ئیتیحادەكەوە, كە وتمان خارجی ئیقلیم, ئەوە شاملە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی شتێك یەكەم هەیئەی ئیداری قەرار دەداتن, كە موناقەشە دەكەین من حەز دەكەم مولاحەزە بدەین بەڕاستی, ئەویش ئەوەیە رەغبەتمان شتێكە, شعورمان, ویستمان, خەباتمان شتێكە, لێرە كە قسە دەكەین شتێكی ترە, كە لێرە باس دەكەین دەبێت پابەند بین بە دەستووری عێراق, پابەند بین بە یاسا, بۆیە كە مولاحەزەیەك دەدەین, وەنەبێت كەسێك لەسەر كەسێك نە موزایدە بكات, نە كەمتر بێتن, لەبەر ئەوەی لە ویستی, لە بۆچوونی, لە خۆشەویستی كوردستان, لە خەو بینینی بۆ دەوڵەتی كوردستان, هەموومان لەو شتە نە لە كەسێك زیاترین, نە كەمترین, بەلاّم لێرە دادەنیشین وەكو پەرلەمان دەبێت قانونت لەبەر چاو بێت, دەبێت شتێك نەكەین سبەینێ محكەمەی دەستووری بەغدا بڵێت ئەو قانونەتان دەركردووە لەنگە لەگەڵ دەستووری عێراق ناگونجێتن, پێش ئەوەی خەڵكێك رەخنەمان لێ بگرێتن, دەبێت خۆمان ئەو مولاحەزاتانە بدەین لە هەموو قانونەكان و لە دەستووریشدا هەیە, ئێمە دەستوورێكمان دەركردووە, چەندین مولاحەزەمان بۆ هاتووە, دەڵێن ئەوە لەگەڵ دەستووری عێراق ناگونجێت, ئەگەر رەچاوی نەكەین و دەستوورەكە دەرچوو, سبەینێ رەتمان دەكەنەوە, ئینجا وەرە تەعدیل بكەوە ناخۆشەو محكەمەی دەستووریش قەراراتی قەتعییە بۆ هەموو لایەك, كە كەمال قسەی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باشتر دەبێت بە رەئی من ئەگەر تەحدیدی بكەین بەو خەڵكی كوردستان لە دەرەوەی ئیقلیمە, نەك مەواتینی ئیقلیم ئەوانەی لە دەرەوەن, ئەوا بێت باشترە لەوەی شامل بێت لەوەی خەڵكی دەرەوەی كوردستان وەربگرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش مەعقولە (يجوز قبول مواطني كوردستان في المحاكم من خارج الاقليم), بەڵێ كاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخمووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەعنی پێشنیارەکەی من هەر ئەوە بوو, بەس ئەوەی ئێوە بەشێوەیەکی تر دەیکەن, من دەڵێم (دەکرێ دادوەرانی کوردستان کە لە دادگاکانی عێراقدا کار دەکەن لە یەکێتی پەرلەمانتاراندا وەربگیرێن) وا صیاغە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەوەی کە تەقاعودە لە بەغدا دانیشتووە حەقی نەبێت؟ کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم جەمعیەیە خۆی جەمعیەکی کوردستانییە, یەعنی کەواتە هەموو هاوولاَتیەکی کوردستانی لەوێ جێی دەبێتەوە, ئەم دەقە تایبەت کراوە بە خەڵکێك لە دەرەوە, یەعنی ئەو هاوولاَتیە لەوانەیە کورد نەبێت, عەرەبیش بێت, ئەگەر ئەو بێت ئینتیما بکات بۆ جەمعیەکی کوردستانی چ رێگرێك هەیە, لەبەر ئەوە پێم وایە ئەوە شتێکی زۆر تەبیعییە, عێراقیش تەمسیلی دەوڵەتەکە دەکات, ئێمە هەرێمێکین هاوولاَتیەکی ئەو هەرێمەین, لە ئاخیردا هاوولاَتی دەوڵەتێکین کە دەوڵەتی عێراقە, چونکە ئێمە بەپێی قانون, بەپێی دەستوور ئەوها دێتەوە, لەبەر ئەوە زۆر تەبیعییە من پێم وایە دەکرێت محاکمی عێراق فیعلەن وشەی عێراقەکە لێرە نەگونجاو بێت, دەتوانین بڵێین هەموو دادوەران باشتر بێت لەوەیە, بەس ئەوە تەنیا بۆ کوردستانی نییە, یەعنی خۆیان وایان کردووە, جەمعیەی حوکام, حاکمەکان قەسدیان لێرە ئەوە نییە تەنها هاوولاَتیەکی کوردستانی, تەبعەن کوردستانیەکە بە تەبیعی لە بەغدا هاوولاَتیەکی کوردستانی هەیە, سبەینێ نابێتە هاوولاَتی ئەم هەرێمە, هەر خۆی لەوێ دەمێنێتەوە, هەر فیعلەن کوردیشە دەتوانێت زۆر بە تەبیعی بێت, بەلاَم لەوانەیە هاوولاَتیەکی تریش کە دادوەر بێت بیەوێت ببێتە ئەندام, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم رێکخراوە پیشەییانە کە دروست دەبن لەسەر ئەساسی پیشە دروست دەبن, با ئێمە رێکخراوەکانی خۆمان بە گەورەیی نەبینین, ئێمە هەموو کاتێك مەبەستمان بچینە رێکخراوە مەرکەزیەکەوە, کە عێراق پیشان دەدات, ئەوان کەمتر مەبەستیانە, بەلاَم بۆ رێکخستنی ئیش بەپێی یاساکانی رێکخراوەکان کابرایەکی حاکم, یان محامی کە دەیەوێت بێت بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئیش بکات, یەکێك لە مەرجەکانی ئینتیما کردنە بەو رێکخراوە پیشەییانە, تاکو هەم حەقی بدرێتێ ئیش بکات, هەم زەوابتی رێکخراوەکەی

بەسەردا فەرز بکرێت لەکاتی ئەو کێشانەی دێتە رێگای, لەبەر ئەوە ئێمە دائیمەن ئەهدافمانە لە رێکخراوە مەرکەزیەکە قبول بکرێین, ئەمە خۆ بە بچووك زانی نییە, ئێمە بەشێکین لە عامەکە, دوایی رێکخراوەکان لەسەر ئەساسی پیشەیی دروست دەبن, نەك لەسەر ئەساسی قەومی ئێستا گەڕانەوە ئەوەندە بۆ ناسو نالەزمی شتێکی باش نییە, ئێمە تەسکی بکەینەوە, ئەو خەڵکانەی کە خارجی ئیقلیمن وەختێك دێت کە لە کوردستاندا دەژین دەیانەوێت مومارەسەی ئیشەکە بکەن, دوایی زەمالەت گرنگە لەم پیشەیەدا رەچاوی بکەین, نەك وا تەسکی بکەین, حاکم لە هەموو دنیا مەفروزە حاکم بێت, ئەگەر لە ئەورووپاشەوە حاکمێکی ئەورووپی لە شوێنی خۆی رازی بێت لە جەمعیەکەی ئێمە ئەندام بێت, دەبێت بە خۆشیەوە قەبولی بکەین, چونکە ئێمە هەر کەسێکمان کە چووینە وڵاتێکی ترەوە بەپێی ئیشەکەمان جێمان دەبێتەوە لە کۆمەڵەکانی ئەواندا, بۆ لە کۆمەڵەی ئێمەدا خەڵکی پێشکەوتووتر دائیمەن جێی نەکەینەوەو عەرقەلەیان بۆ دروست بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم باشە صیغەکە وا بێتەوە, ئەو تەفسیلە دوور و درێژەی ناوێتن (یجوز قبول القضاة من محاكم خارج الاقليم في الاتحاد), بۆ ئەوەی سبەینێ ئیقلیمێکی تر دروست نەبێت, بڵێن کام ئیقلیم دەڵێن (یجوز قبول القضاة من محاكم خارج الاقليم في الاتحاد) دەبێتن, چونکە لە جێگایەکی تر نووسیمانە کوردستان, فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە برگە سێ دەڵێین (قبول الحكام المتقاعدين), یەعنی دیاریمان نەکردووە هی کێ؟ هی دەرەوەش بێت, مادام حاکم بێت موتەقاعد بێت حەقی ئەوەی هەیە بێت, ئەوەی کە لە فەقەرە دوو باسی دەکەین, تەنیا دەتوانین بڵێیت ئەوانەی کە لە ئیش دان, کە دەڵێین حاکمی موتەقاعد یەعنی موتڵەقە, یەعنی بەس سیفەتی حاکمی هەبێت, موتەقاعد بێت, مانای وایە مەشمولە ئینجا لە عێراقەوە بێت, لە دەرەوەی عێراق بێت, یان لە هەر شوێنێکی ترەوە بێت, یەعنی ئێمە حەق وایە فەقەرەیەکی زیاد بکەین بڵێین (ان يشترط من سكان اقليم كوردستان), ئینجا دەتوانین ئەوەی تر وەك فەقەرەی تر زیاد بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئەو فەقەرەی کە زیاد کرا بووە موتەقاعدین مەرجەکانی لەسەر ئەوەی تر کە هەیە دەیگرێتەوە, خارجی ئیقلیمیش هەر دەیگرێتەوە, مەرجەکانی دەبێت تەقدیمی تەڵب بکات دەیگرێتەوە, لەناو هەرێمە دەیگرێتەوە, پێویست ناکات ئەو شتانە بگوترێت, ئەگەر ئیجازەتان هەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە, پاش خوێندنەوەی لەلایەن کاك عەونی پاش ئەو تەعدیلاتە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

1- يشترط لعضوية الاتحاد مايلي:

أ- ان يكون قاضياً في محاكم الاقليم.

ب- ان يقدم طلباً للانتماء الى الاتحاد.

2- أ- يحق للقضاة المتقاعدين الانتماء الى الاتحاد.

ب- يجوز قبول القضاة من محاكم خارج الاقليم في الاتحاد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا, تكایە ماددەی شەش.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

يلتزم العضو بمايلي:

1-دفع بدلات الانتماء والاشتراك.

2- المحافظة على هيبة القضاء ومكانته والابتعاد عن كل مايثير الريبة في استقامته.

3- عدم الترشح لعضوية الهيئات الادارية للجمعيات والمنظمات الاخرى.

4- المساهمة في نشاطات الجمعية وحضور اجتماعاتها والالتزام بمقرراتها والسعي لتحقيق اهدافها.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی كوردی.

ماددەی شەشەم:

ئەندام بەمانەی خوارەوە پابەند دەبێ:

1- ئابوونەی هاتنە ریزو هاوبەشی بدات.

2- شكۆمەندی دادوەران و پایەكەی بپارێزێ و خۆی بە دوور بگرێت لە هەر شتێك گومان بوروژێنێ لە راستەڕێیكەیدا.

3- نەچێتە ریزی دەستە كارگێریەكانی كۆمەڵە و رێكخراوەكانی دیكە.

4- لە چالاكیەكانی یەكێتیدا بەشدار بێ و ئامادەی كۆبوونەوەكانی بێت و پابەندی بڕیارەكانی بێ و كۆشش بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی بكات.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راي اللجنة القانونية باللغة العربية.

**المادة السادسة:**

**يلتزم العضو بمايلي:**

**1-دفع بدلات الانتماء والاشتراك.**

**2- المحافظة على هيبة القضاء ومكانته والابتعاد عن كل مايثير الريبة في استقامته.**

**3- عدم الانتماء لعضوية الهيئات الادارية للجمعيات والمنظمات الاخرى.**

**4- المساهمة في نشاطات الاتحاد وحضور اجتماعاته والالتزام بمقرراته والسعي لتحقيق اهدافه.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڵێ کاك عەونی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەم ماددەیە لیژنەی قانونی هیچی نەگۆڕیوە, تەنیا جەمعیەکە نەبێت بۆتە ئیتیحاد, لە بڕگەی سێیەم (عدم ترشح) بۆتە (عدم الانتماء).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دکتۆرە شوکریە خاڵی نیزامی هەیە.**

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەناو ئەم یاسایە کە دەیخوێنمەوە لە هەندێ شوێندا یەکێتی دەبینیم و لە هەندێ شوێنیش کۆمەڵە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئینتیباهت نەکرد, ئێمە قەرارێکماندا لە ماددەی یەکەم, لە هەر شوێنێك کۆمەڵە هەبێت دەبێتە یەکێتی, ئەوەی دەخوێندرێتەوە نەصی مەشروعەکەیە, ئەسڵیە بە کۆمەڵە هاتووە, ئەویتر رەئی لیژنەی یاساییە لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانکاریە کراوەتە یەکێتی, فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من یەك مولاحەزەم هەبوو بۆ سەر فەقەرە سێ (عدم الانتماء لعضوية الهيئات الادارية للجمعيات والمنظمات الاخرى), کارکردن لە مونەزەماتدا هەموو کەسێك ئازادە, لە دەستووریشدا هاتووە ئازاد, بەلاّم دادوەر نابێت ئینتیمای هەبێت بۆ هیچ حزبێکی سیاسی, خۆی ئەوە گرنگە دەبێت موستەقیل بێت, بەلاّم بۆ مونەزەمات ئەوە ئازادە, مونەزەمە هەیە دیفاع دەکاتن لە حقووقی ئینسان, مونەزەمە هەیە موحافەزە لەسەر بیئە دەکات, مونەزەمات شتێکە بۆ هەمووانە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت لە جێیە هەیئەی ئیداریش هیچ عەیبێکی نییە, بەس بۆ حزبەکان مەمنوعە, ئینتیمای دادوەر من پێم وایە هەر زیادیشە, کاك رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رایەکەی سۆزان خانم هەیە, دەکرێت ئەم مەرجە بۆ هەیئەی ئیداری خۆیان دابنێن لە هەیئەی ئیداریەکی دیکە, بەس دوو ئەندامێتی بە پێچەوانەوە, خەڵکی دادوەر خەڵکێکی گونجاوە سەرۆکایەتی لیژنەی مافی مرۆڤ تا کۆمەڵێکی ترمان بۆ بکەن, ئێوە لە هەیبەتی خۆتان کەم دەکەنەوە کە مەنعی دەکەن, دەکرێت لە دوو هەیئەی ئیداریدا نەبێت لە دوو رێکخراوی جیا, بەڵام با ئەندام بێت لە رێکخراوی تردا, یان سەرۆك و هەیئەی ئیداری رێکخراوێکی تر بێت ئەندامی ئێوە بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئەو فەقەرەیە هەر زیادە بە حەقیقەت, من پێشنیار دەکەم لا بدرێت, قەیدی ناکات داوایان کرد بێت, بەڵام قانونی نییە, حەقێکی عام هەیە با جەمعیەش داوای بکات لەگەڵ دەستوور ناگونجێتن, تەنیا حاکم مەمنوعە حزبی بێتن, کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی مەسەلەی حزبی بوونی حاکم تەنها لە کاتی مومارەسەی ئیشەکەیەتی, بەڵام وەختێك کە تەقاعود دەبێت, ئەو ئینسانە بۆ حەقی لێ بەسندرێتەوە کە ئینتیمای حزبی نەبێت, جەمعیە ئیشی قازیەکان ناکاتن, چونکە لێرە ئیشارەت بە کاری حزبی دراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو فەقەرەیە لا بدرێت, ئەگەر بۆ خۆشیان هەیئەی ئیداری قەرارێکیان دا خۆیان تەحەمول بکەن, بەڵام وەکو قانون پێم غەڵەتە تێیدا بێت, ئەو فەقەرەی سێ پێشنیاری ئێمەیە لابدرێت دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە لابدرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, سێ کەس لەگەڵدا نییە, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, سێ فەقەرەکەی تر هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە, تەنیا جەمعیەکە بۆتە ئیتیحاد, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا, ماددەی حەوت تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: يفقد الحاكم عضويته في الجمعية:

1-اذا فقد احد شروط العضوية.

2- عند عدم الالتزام بواجبات العضوية.

3- عند الاستقالة.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی كوردی.

**دووەم**

**لە دەستدانی ئەندامێتی**

ماددەی حەوتەم: لەم حاڵەتانەی خوارەوە دادوەر ئەندامێتی لە دەست دەدات:

1- لە دەست دانی مەرجێكی ئەندامێتی.

2- دەست كێشانەوە.

3- كۆچی دوایی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راي اللجنة القانونية باللغة العربية.

**ثانيا**

**فقدان العضوية**

المادة السابعة: يفقد العضو عضويته في الاتحاد في الحالات التالية:

1- فقدان احد شروط العضوية.

2- الاستقالة.

3- الوفاة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز طلعت سيف الدين خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەفاتەكە مەقسەدم تەحصيل حاصل نییە, كە مرد تەواو دەبڕێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم بڕگەیەكی تر ئیزافە بكرێت (اذا سلك سلوكاً يعرقل تحقيق اهداف هذا القانون), لە شروتی عوزویە باسی ئەهدافی نەكردووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك ئارام.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەرجەمەی كوردی یاسایەكەم لە لایە, لە ماددەی پێشوو حەوت بڕگە بوو, كاتێك كە خوێندرایەوە ئیشارەت بە چوار درا, لێرەش بە هەمان شێوە لێرە پێنجەو كە لیژنەی یاسایی خوێندیەوە ئیشارەت بە سێ درا, نازانم ئیتر ئێمە لەسەر كامەیان دەڕۆین لێرە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەمەزان.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەپێی ماددەی پێنج شروتی عوزویە نووسراوە (ان يكون قاضياً, وان يقدم طلباً), یەعنی ئێمە ئەگەر هەر ئەو دوو شروتەی تێدا بوو, ئەی ئەگەر ئەو ئەندامە شتی تری بەسەر هات, بەپێی ئەو رووداوانە شتێكی تر ئیقسا ناكرێت لەو ئەندامێتیەتە, شروتەكانی دوانە (أ و ب) چی تری نەگوتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ دەیەوێت قسە بكات, فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بۆ فیقدانی عوزویەت فەقەرەیەكی تری بۆ ئیزافە بكرێت, بۆ زیاتر تەوزیح كردنی لەسەر قسەی كاك رەمەزان (عدم التزام العضو بالنظام الداخلي), چونكە ئەم یەكێتییە نیزامێكی داخیلی هەیە, هەرچەند لە فەقەرە یەك باسی فیقدانی شروتی عوزویە دەكات, ئەگەر بگەڕێینەوە ماددەی پێنجەم شەرتی عوزویەی بە دوو شت داناوە قازی بێت و تەڵەب تەقدیم بكات, ئەم یەكێتییە سبەینێ نیزام داخیلی دەبێت, شەرت نییە ئەو قازیە لەوانەیە شتێكی لێ رووبدات لە قازیەتی لابرێت, لەوانەیە دابەزێتە خوارەوە لە وەزیفەكەی خۆی لا ببرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەرخی.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە بێ لە شروتی عوزویە لە ماددەیەكی تردا ئیلتیزاماتیش هەیە, لەوێ ئەو شتانەی باس كردووە, جا بۆیە ئەگەر (يبقى الحاكم عضويته في الجمعية اذا فقد احد شروط العضوية) ئەگەر (والتزاماته) بخەینە

سەر ئینجا ئەوانیش دەگرێتەوە, چونکە لە ئیلتیزاماتەکان (المحافظة على هيبة القضاء ومكانته والابتعاد عن كل مايثير الريبة في استقامته), ئەوە لە ئیلتیزاماتەکە هاتووە, لە عوزویەتەکە نەهاتووە, ئینجا ئەگەر ئەو وشەیەی بۆ زیاد بکەین (اذا فقد احد شروط العضوية والتزاماته) ئەویش دەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیزافەیەکتان هەیە فەرموو کاک بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان رەئیەکەی کاک کەرخییە, یان ئەوە بکرێتن, یان ماددەی پێنجەم و شەشەم تێکەڵ بکرێت موشکیلەمان نامێنێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی کۆچی دوایی تەحصیل حاصلی نەتیجەکەیە, ئەو ئەندامەش کۆمەڵێ مافی هەبێت بە مردنیشی ئەو مافانەی هەر بۆ هەبێت, ئەگەر لێرە وشەی مردنی بۆ دانەنێین, بۆیە مردن لە جێگەی کۆچی دوایی بمێنێت, شروتەکانیش زیاد بکرێت, لەوەیە کەسێك هەبێت دادوەر بێت, بەڵام تاوانێکی کرد, لەو کاتە ئەندامێتی لەدەست دەدات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخۆی وەرگرتنی ئەندامەکان مەشروتە بە شروت, با لێرە ئیشارەتی پێ بدەین (اذا فقد احد الشروط الواردة في المادة) ماددەکەی سابق, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر رۆشنایی ئەو موداخەلاتانە, من پێم وایە ئەوەی لە ئەسڵی مەشروعەکە هاتووە راستە, چونکە کە یەکێك مرد ئەندامێتی نامێنێت, پێویست ناکات, کە مرد فەقدی دەکات, ئەوە عامە پێویست ناکات هەر باس بکرێت, لەبەر ئەوە ماددەکە ئەوەی لە ئەسڵدا هاتووە:

يفقد القاضي عضويته في الاتحاد:

1- اذا فقد احد شروط العضوية.

2- عند عدم الالتزام بواجبات العضوية.

3- عند الاستقالة.

ئەوە هەمووی دەگرێتەوە, لەبەر ئەوە نەصی پرۆژەکە لیژنەی یاسایی ئەگەر ئیجازە بدەن سەحبی پێشنیارەکەی خۆیان بکەن, پێم باشە بۆ ئەوەی ئەسڵیەکەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی مانعی نییە و پێشنیارەکەی خۆمان سەحب دەکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەی حەوت ئەسڵیەکەی دەخوێنینەوە:

یفقد الحاكم عضويته في الاتحاد:

1- اذا فقد احد شروط العضوية.

2- عند عدم الالتزام بواجبات العضوية.

3- عند الاستقالة.

دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا, ماددەی هەشتەم تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الرابع**

**التشكيلات والمهام**

**الهيئة العامة**

المادة الثامنة:

1-تتألف الهيئة العامة من جميع الاعضاء المسجلين وتعتبر السلطة العليا للجمعية وتعقد مؤتمرها التأسيسي الاول بعد ستين يوماً من تاريخ نفاذ هذا القانون لاقرار النظام الداخلي للجمعية لانتخاب المجلس.

2- تعقد الجمعية مؤتمراتها الدورية كل سنتين مرة واحدة ويكتمل النصاب بحضور اغلبية الاعضاء.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی.

**پێنجەم: سەبارەت بە بەندی سێیەم لیژنە بڕیاریدا بە زێدە کردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی یەکێتی لە پێنج ئەندامەوە بۆ حەوت ئەندام , لەبەر ئەوەی لە هەرێمدا ژمارەی دادوەران زێدە بووە, بۆیە پێویستە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن زێدە بکرێت و هاوئاهەنگ بێت و دوای ئەنجام دانی هەموار کردنەکان, ئەوا بەندەکە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**بەندی سێیەم**

**ئەرك و پێکهاتەکان**

**یەکەم/ دەستەی گشتی**

**ماددەی هەشتەم:**

**1- دەستەی گشتی بە باڵاترین دەستەڵاتی یەکێتی دادەنرێت و لە سەرجەم ئەو ئەندامە تۆمار کراوانە پێك دێت, کە پابەندیەکانیان بەپێی ئەم یاسایە بەجێ هێناوەو یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنیشی دوای شەست رۆژ لە رۆژی کارپێکردنی ئەم یاسایەدا دەبەستێ بۆ دانانی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی و هەڵبژاردنی ئەنجومەن.**

**2- یەکێتی بە بڕیارێکی ئەنجومەن و بانگهێشتنی سەرۆك کۆنگرە خولەکیەکانی خۆی هەر سێ ساڵ جارێك دەبەستێ بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی سەرۆك و شەش ئەندامی رەسەن و دوو ئەندامی یەدەك و, رێژەی یاسایش بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی دەستەی گشتی دێتە جێ و, کاتێك رێژەکەش تەواو نەبوو هەڵبژاردنەکان دوای پازدە رۆژ لە مێژووی یەکەم کۆبوونەوەو لە هەمان کات و شوێنی دیاری کراودا ئەنجام دەدرێت, ئەوساکە رێژەی یاسایی بە ئامادە بوونی سێیەکی ئەندامان بە تەواو دادەنرێت و بە پێچەوانەش ئەنجومەن بۆ خولێکی دی بەردەوام دەبێت.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**راي اللجنة القانوني باللغة العربية.**

**خامساً: بالنسبة للفصل الثالث فقررت اللجنة زيادة عدد اعضاء مجلس ادارة الاتحاد الواردة في الفقرة (2) من المادة الثامنة والفقرة/1 من المادة العاشرة من خمسة اعضاء الى سبعة اعضاء نظراً لزيادة عدد القضاة في الاقليم وضرورة زيادة عدد اعضاء مجلس الادارة تناغماً معها ويقرأ الفصل عموماً بعد اجراء التعديلات كالاتي:**

**الفصل الثالث**

**التشكيلات والمهام**

**اولاً/ الهيئة العامة**

**المادة الثامنة:**

**1-تعتبر الهيئة العامة اعلى سلطة للاتحاد وتتألف من جميع الاعضاء المسجلين الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعقد مؤتمرها التأسيسي الاول بعد ستين يوماً من تاريخ نفاذ هذا القانون لاقرار النظام الداخلي للاتحاد وانتخاب المجلس.**

**2- يعقد الاتحاد مؤتمراته الدورية كل ثلاث سنوات مرة واحدة بقرار من المجلس و دعوة من رئيس الاتحاد لاعادة انتخاب الرئيس وسبعة اعضاء اصليين وعضوين احتياط ويتم النصاب بحضور اغلبية اعضاء الهيئة العامة وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشرة يوماً من تاريخ الاجتماع الاول وفي نفس الزمان والمكان المعينين حيث يعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء وبعكسه يعتبر المجلس مستمراً لدورة اخرى.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو دوو ساڵە بۆ بۆتە سێ ساڵ, مەنتیقی چیە؟**

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دیار بوو پاش موناقەشە کردن لەگەڵ حاکمەکان, ڕەئییان وا بوو ئەو دوو ساڵە کەمە, کاتێکی نزیکەو ئەو کۆبوونەوەیەی دەکرێت مەسرەفی زۆرە, لەبەر ئەوە بڕیارياندا ماوەکە کەمە ئەو دوو ساڵە بکرێتە سێ ساڵ, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**یەعنی ئەوە پێشنیاری خۆیانەو ڕەئیشیان گۆڕیووە, کێ دەیەوێت قسە بکات, فەرموو سۆزان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە خاڵی دووەمدا (المؤتمرات الدورية) نییە, یەك موئتەمەرە لە سێ ساڵ جارێکدا, بەلاَم من قسەم لەسەر ئەو فەقەرەی دوای ئەوەیە (بقرار من المجلس), ئەی ئەگەر مەجلیس قەراریدا ئەو سێ ساڵە نەکرێتن, زروفێك هەبوو, خۆمان دەزانین لە کوردستان هەردەم زروفی سیاسی هەیە, تەوافوق هەیە, هەر لێرە یەکسەر تەسبیت بکرێت (يعقد الاتحاد مؤتمره الدوري كل ثلاث سنوات) تەواو, لە دوای ئەوەوە ئینجا باس دەکرێت (دعوة من رئيس الاتحاد لاعادة انتخاب الرئيس وسبعة اعضاء اصليين وعضوين احتياط), چونکە لێرە کە مەجلیسەکە خۆیان ئیتیفاقیان کرد لەنێوان خۆیاندا, مەجلیسی ئیدارە کە ئیتیفاقیان کرد لەنێوان خۆیاندا, ئەوسا هیچ هینێك نامێنێت بۆ ئەندامەکانی هەیئەی عامە, هیچ قسەیەك نامێنێت, چونکە ئەوە خراوەتە ناو دەستی مەجلیس خۆیەوە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مام رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو هەیئەی ئیداری کە ئینتیخاب دەکرێت مەفروزە رەئیس و نائیب رەئیسیشی هەبێتن, هەتا لە غیابی رەئیس نائیب رەئیس بتوانێت ئیشەکان و کاروباری جەمعیەکە بەڕێوە ببات, لە زیمنی حەوت ئەندامەکە یەك دەبێتە رەئیس و یەکێکیش دەبێتە جێگر و پێنج ئەندام لەگەڵ دووی ئیحتیات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە پێشنیاری لیژنەی یاسایی گوێم لە دوو شت بوو کە دەڵێت (من الاعضاء المسجلین الذین اوفوا بالتزاماتهم), من پێم وایە زیادە, هەر موسجلینیش زیادە, لەبەر ئەوەی ئەگەر ئیلتیزاماتی خۆی جێ بەجێ نەکات, بەپێی ماددەی حەوت بڕگەی دوو هەر عوزو نابێت, بۆیە هەر تەنیا بڵێین عوزو و کیفایەتە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکی تریشم هەیە, بڕگەی دوو دەڵێت (یعقد الاتحاد مؤتمراته الدوریة کل ثلاث سنوات مرة واحدة بقرار من المجلس و دعوة من رئیس الاتحاد لاعادة انتخاب الرئیس وسبعة اعضاء اصلیین), یەعنی ئەو موئتەمەرە بەس بۆ ئینتیخاب کردنە, ئەو صیغەیە غەڵەتە دەبێت بڵێین (ینتخب فیه) یەعنی لە زیمنی موئتەمەرە ئەو ئینتیخابە, بەڵام عادەتەن تەنیا بۆ ئینتیخابی رەئیسی هەیئەی ئیداری نابێت, لە جیاتی ئیعادەی ئینتیخاب (یتم من خلالها انتخاب الرئیس وسبعة اعضاء اصلیین.............), یەعنی جگە لەوانە ئەوەش دەبێتن, یەعنی وانەبێتن موئتەمەرەکە تەنیا بۆ هەڵبژاردن بێتن, کاك رەمەزان.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەیری ماددەی دواتری بکەین, ئەمەی کە دەڵێت هەیئەی عامە وەڵامی داوەتەوە, ئەمانەش هەمووی دەبێت لە مەئتەمەردا موناقەشە بکرێت تەحدیدی بەدەلاتی ئینتیما و موناقەشەی تەقریری ئیداری و ئیقراری تەعدیلات, چونکە سەڵاحیەتی هەیەو هەیئەی عامەش لە هەموو ئەندامان پێك هاتووە, کە هەموو ئەندام کۆبوونەوە هەر موئتەمەرەکەیە کۆیان دەکاتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كە هاتینە سەر ماددەیەکی تر خەلەلێکی هەیە, بەلآم ئەو دوو فەقەرەیە جیاوازە با تەواوی بکەین, کاری هەیئە عامەیە, بەلآم هەندێك کاری موئتەمەرە, ئەگەر ئەو مولاحەزاتانەی دران بیخوێنەوە جارێکی تر, بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە کوردیەکەی بەو شێوەیەی دەبێت

یەکێتی بە بڕیارێکی ئەنجومەن و بانگهێشتنی سەرۆك, کۆنگرە خولەکیەکانی خۆی هەر سێ ساڵ جارێك دەبەستێ لە هەڵبژاردنەوەی سەرۆك و شەش ئەندامی رەسەن و دوو ئەندامی یەدەکی لێ دەکەوێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی عەرەبیەکە باشترە (یعقد الاتحاد مؤتمراتە بشکل دوري کل ثلاث سنوات مرة واحدة بقرار من المجلس و دعوة من رئیس الاتحاد لایتم خلالها), خاڵی نیزامە, کاکە هەڵبژارن هەیئە دەیکات, یان مەجلیس دەیکات, هەیئەتەکە چەند کەسن دیاری نەکراوە, مەجلیسەکەش حەوت کەسن چۆن دەبێت, باشە ئیعادەی ئینتیخابەکە لێرە لابدرێت, یەعنی ئێستا فەقەرە دووی ماددە هەشت (لاعادة انتخاب الرئیس وسبعة اعضاء اصلیین وعضوین احیتاط ویتم النصاب بحضور اغلبیة اعضاء), ئەوانە لا بدرێن, چونکە دەچێتە ماددەی دواتر لە مەهامی هەیئەکە, ئەگەر بیخوێننەوە بێ ئەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(انتخاب الرئیس وسبعة اعضاء اصلیین وعضوین احیتاط ویتم النصاب بحضور اغلبیة اعضاء).

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەیەك لێرە هەیە نازانم ئەندامی رەسەن و نارەسەن, ئەو رەسەن و نارەسەنە چییە, بگۆڕدرێت بۆ وشەیەکی تر جوانتر نییە, سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ماددەیە من دوو سەرۆکی تێدا دەبینم, لێرە سەرۆکی یەکێتی هەیە, سەرۆکی مەجلیسش هەیە, من پێم وایە ئەوە هەڵەیە بەس دەبێت سەرۆکی مەجلیس هەبێت, بەلآم لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوەی بکەین موئتەمەر کێ بەڕێوەی دەبات؟ یەعنی دەبێت بەشێواز بە دەنگدان سەرۆکی مەئتەمەر هەبێت, سەرۆکی یەکێتی زیادە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە پێم وایەماندوو بوونە هەمووتان یەعنی لەسەرتان دیارە, نەخێر نیصاب تەواوە, یەکێك بچێتە دەرەوە نیصاب کەم دەبێتەوە, ئەوە گرنگ نییە خۆی موناقەشە دەکرێت بێ نیصاب, بەلاّم تەصویت ناکرێت, ئەگەر نیصابەکە کەم بێتەوە تەصویتی لەسەر ناکرێت, لەبەر ماندوو بوون و ئەوانە دوای دەخەین و داواش دەکەین ئەو ماددەیەو ماددەی دوای لیژنەی یاسایی پێدا بچنەوە, ئەوە یەك.

دوو/ رۆژی چوار شەم کۆدەبینەوە, ئێمە قەرارمان داوە هەفتەی سێ رۆژ کۆببینەوە دوو شەم و سێ شەم و چوار شەم, کە بەیانی دەکەینە پشوو بۆ ئاسانکاری ئێوە, ئەگەر بڵێن چوار شەمیش ناتوانن, هیچ شتێك ناکرێتن ئیجماعی لەسەر بکرێت, سبەی بکەین و دوو سبەی نەکەین, نیوەتان دەڵێن وەڵلاّ رێگامان بدە برۆین و سبەی زوو بگەڕێینەوە, ئەگەر دەیخەینە دوو سبەی دەڵێن ئێمە ئەمرۆ برۆین و دەمانەوێت دوو سبەی بگەڕێینەوە, ناکرێتن, ئینجا بەیانی ئیسراحەیە, دوو سبەی لەسەر داوای لیژنەی بەدواداچوونەوەی جێ بەجێ کردنی ماددەی (140) کە لەگەڵ وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم کۆبوونەتەوە, لەو بەینەدا چەندین قۆناغ چۆتە پێش بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی (140) لیژنە لە بەغدا دامەزراوە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە, وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ئەندامە لەو لیژنەیە, دەنگ وباس دەبیستێت پارەکە چۆنە و لیژنەکە لەچی پێکهاتووە, بۆیە لەبەر رۆشنایی کۆبوونەوەیان لەو لیژنەیە لە پەرلەماندا هەیە بە سەرۆکایەتی کاك دکتۆر کەمالە, هەردوو لیژنەکە پێیان باشەو, ئێمەش پێمان باشە کە جەنابی وەزیر دەعوەت بکەین رۆژی چوارشەممە لێرە قسەمان بۆ بکات و باسی هەنگاوەکانمان بۆ بکات, کە چی کراوە, ئەگەر ئێوەیش پرسیارتان هەبوو, تاکو وەلاّمتان بداتەوە, کەواتە رۆژی چوار شەممە, پاشان کە لەوە بووینەوە تەواو کردنی ئەو پرۆژیەش, فەرموو مامۆستا خاڵی نیزامت هەیە.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو قانونانەی کە دەرچوون, مەلەسەن بوو بە (13) یاسا بۆ وەزارەتەکان, حەق وایە ئەندامانی پەرلەمان نوسخەی تەواوی کە دەرچووەو تەواو کراوە لەلایان بێت, تاکو بزانن چۆن دەرچووە؟

خاڵێکی تریش ئەوەیە ئێمە نەشاتاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەیە لەوەسائیلی ئیعلام دەبینین, حەق وایە نەشرەیەك هەبێت بۆ داخیلی, بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بزانین, یان جەنابتان باسی بکەن جاری وا هەیە دە دەقیقە پێش تەواو بوونی کۆبوونەوە, بۆ ئەوەی بزانین سەرۆکایەتی پەرلەمان نەشاتاتی چیە و کێ هاتووەو؟ یەعنی ئەوانە ئاگامان لێ نییە بەڕاستی وەکو خەڵکێك لە ئیعلام تەماشا دەکەین, لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرۆژانەی کە لێرە ئیقرار کراوە, تەبعەن بە ئەمانەتەوە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندیدار و لیژنەکانی تر هەموویان لە صیاغەکە بەشداریان کردووە, دواتر ئێمە بە ئیمزای سەرۆکایەتی پەرلەمان دەنێرین بۆ سەرۆکایەتی هەرێم ئەوان ئیصداری دەکەن, ئەگەر ئیصداریشی نەکەن پازدە رۆژیشی بەسەردا بچێت ئیعتیبار دەکرێتن مونتەهییە, تا ئێستا هیچ یاسایەك لێرەوە پەسند کرا

بێت رەت نەكراوەتەوە, واتا هەمووی ئیصدار كراوە, كە ئیصدار دەكرێتن لە وەقایعی كوردستان بڵاو دەكرێتەوە, لە جەریدەی پەرلەمانیش بڵاو دەبێتەوە, لەسەر ئەنتەرنێتیش بڵاو دەبێتەوە.

بەڵام خاڵی دووەم لە كۆبوونەوە باسی ئەوە بكەین, لەڕاستیدا نیزامی داخیلی پەرلەمان ئەو خاڵەی تێدا نییە, هەموو شتێك دەبێت بخرێتە بەرنامەی كار, ئەگەر نیزامی داخیلیمان چاك كردەوە, دەكرێت ئەو بارودۆخ و ئەوانە بیخەینە روو, هەر موناسەبەیەك هەبێتن پێویست بكاتن و روون كردنەوەیەك هەبێتن پێشكەش بە ئێوەی بكەین, فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمە هەمیشە دەستمان بەستراوە بە نیزامی داخیلی, هەر لە یەكەم جەلسەی پەرلەمان و یەكەمین پەرلەمان بیكەن تەعدیلی نیزامی داخیلی بێت, ئەم نیزامی داخیلییە ساڵەكانی رابردووە, پەرلەمانی عێراق یەكەمین ئیشی كردیان تەعدیلی نیزامی داخیلی بوو, ئەمە خاڵێك.

خاڵێكی تر, بەڕاستی ئێمە لەبەر دەم قەزیەكی گەورە داین, قەزیەی بودجەی هەرێم, میزانیەی هەرێم, دەبوایە ئێستا میزانیە بهاتایە پەرلەمان و موناقەشەمان لەسەر كردبوایەو تێدەپەڕێت نازانین چی دەبێت.

خاڵێكی تر, ئێمە لە یەك دوو جەلسەی پەرلەمان قەرارماندا مراجەعە بكرێت بۆ تەفعیلی پەرلەمان, یەكێك لەو شتانەی كە باس كرا ئەوە بوو, ئێمە پێش جەلسەی پەرلەمان بچینە باسە رەسمیەكانەوە, باسی ناوەخۆیی بكەین, كێشەكانی هەرێم باس بكەین, ئێستا زۆر جار پرسیارمان لێ دەكرێت كاكی پەرلەمان ئەوە چی دەزانی لەبارەی كێشەی كارەباوە, وەڵلا هیچمان پێ ناكرێت, لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم هەر ئەگەر ئیستیسنائیش بێت, جەلسەكان لە هەر هەفتەیەك نیو ساعات باسی ناوخۆی پەرلەمان و كێشەكانی ئەم میللەتە بكەین.

خاڵێكی تر زۆر زەختی لێ كراوە, جەلساتی پەرلەمان ئیعلان بكرێت, ئێستا نابینین قەرار بوو دەزگایەكی ئیعلامی تەرتیب بكرێت و سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی خاڵی نیزام نەبوو, بەڵام قەیدی ناكات, لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ قسەت نەكرد خاڵە نیزامیەكەت قەبول دەكەین هەرچەندە نیزامی نەبوو, بەڵام یەك شت هەیە, ئێوە هەر شتێكتان بوێت چۆن دەبێتن, دە ئەندامی پەرلەمان تەقدیم دەكاتن بیخەینە بەرنامەی كار, بڵێن دەمانەوێت ئەو مەوزوعە لە پەرلەمان بێتە باس كردن, ئێمە دەخەینە بەرنامەوە ئەوە مەوزوعێكی ترە, میزانیە كە لە حكومەتەوە حازریان نەكرد بێت, ئێمە لەگەڵ ئەوە چی بكەین, چاوەڕوان دەبین تا تەواوی دەكەن, ئەو وەختە دێین لێرە موناقەشە دەكەین, هەر وەختێكی هاتن ئێمە حارزین, نیزامی داخیلی ئێمە چەند ساڵە هەیە, لەبەر رۆشنایی دەیان نیزامی داخیلی پەرلەمانەكانی دیمان وەرگرتووە, بەڵام تەجروبەیەكمان پەیدا كردووە, هەندێك كەموكوڕییە, زۆر نییە, كەمە ئەوە دەبێت پێدا بچینەوە, پەلەیشی تێدا نییە, بەڵام عێراق بۆ خۆی تازەیە, خۆیان پێویستیان بە نیزامی داخیلی هەیە, بۆ ئەوان رەئیسی پەرلەمان دەیگوتووە كاكە شتێكی زۆر چاكە بۆ بێنرن ئیستیفادەی لێ بكەین, جاری وا هەیە لە نیزامی داخیلی دەڵێت (لكل لجنة

حق بحث ظاهرة حالة عامة وتنظيم دراسة عنها وتطلب من هيئة الرئاسة عرض مناقشهتا بحضور رئيس الوزراء او الوزير المختص), ئەوە جێ بەجێمان کرد.

دووەمیش/ بە کوردیەکەی دەڵێم بۆ هەر دە ئەندامی پەرلەمان هەیە داوای هەر موناقەشەیەکی عام بکەن, داوا بکەن بخرێتە بەرنامەی کار, بۆ ئەوەی بخوێندرێتەوە, لەبەر ئەوەی هەر چ مەوزوعێك باسی دەکەن, باسی بکەن فەرموو, ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمانیش موافەقەتی نەکرد لەسەر داوای ئێوە, ئەوە ئەو وەختی عەرز دەکرێتن بۆ ئەندامانی پەرلەمان قەراری لێ دەدەن, فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چوار شەممەی رابردوو دە کەس ئیمزامان کرد بوو مەسەلەی پێنج نمرە بە منداڵانی شەهیدان, بەڵام هیچ وەڵامێکمان وەرنەگرتەوە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داواکە دراوەتە لیژنەی قانونی دەبێت موناقەشەی بکەن.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەوزوعە دەبێت پەلەی تیا بکرێت, لەبەر ئەوەی خوێندن دەستی پێ کردووە, ئێستا ئەو منداڵە شەهیدانە چاوەڕوانی ئەوەی دەکەن ئەو پێنج نمرەیە وەربگرن, نازانن نە بچن لەو بەشەی دەرچوونە دەوام بکەن, نە ئیعتیماد بکەنە سەر ئەو مەوزوعە, بۆیە پێم باشە ئەوە بخرێتە بەرنامەی کار بۆ رۆژی چوار شەممە کە دادەنیشین گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسایی حازریان کرد بێت, ئەویش دەتوانین بخەینە رۆژی چوار شەممە, دە ئەندامی پەرلەمان ئیمزاتان کردووە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژی چوار شەممە بۆ ئێمە هات نزیکی دەوام تەواو بوون, پێنج شەممەش من لێرە نەبووم, پێنج شەممە و هەینی و شەممە سێ رۆژ عوتلە بوو, ئەمڕۆ دوو شەممەیە, دوێنێ تەحویلی جەنابی سەرۆکم کرد, پێنجی مانگ تەحویلی جەنابی سەرۆکم کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ ئەگەر حازر بێت چوار شەم خوێندنەوەی یەکەمی دەکەین, کاك ناصح خاڵی نیزام.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم کێشەیەی کەوا لیژنەی پەروەردە ئاماژەی پێ کردووە, کۆبوونەوەشیان لەسەر کردووە, وەزیری خوێندنی باڵاش رەئی لەسەر نییە, بۆیە پێویستە ئەو ئامادە بێت, بۆ ئاگاداری چونکە رەئی ئەو رەئیەکی موخالیفی هەیە, ئەوەی جیهەتی تەنفیزە لەبیرمان نەچێت وەزارەتە, لەبەر ئەوە دەبێت وەزیری تەعلیمی عالی بانگ بکرێت, ئەویش موبەریراتی خۆی لێرە باس بکات, سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك تەوزیح دەدەم, ئەو مەوزوعە ئێمە لە داواکاریەکەش نووسیوومانە لە پێناوی یەکخستنەوەی ئیدارەو تەوحید کردنی رێنماییەکانی هەردوو ئیدارە, چونکە لە ئیدارەی سلێمانی نزیکەی چوار ساڵی پێشەوە تاکو ئێستا ئەم کارە کراوەو پێنج نمرە دراوە بە خانەوادەی شەهیدان, ئێستا ئەو زەختە لەسەر خوێندنی باڵا هەیە, کە بۆچی ئێمە ئەو چوار ساڵە بەهرەمەند بووینە لەو پێنج نمرەیە, بەڵام ئێستا کە تەوحیدی ئیدارە کراوە زەرەری خانەوادەی شەهیدانە, بۆیە ئێمە پێمان باش بووە لە پێشنیارەکەش وامان نووسیووە لە پێناوی یەکخستنەوەی ئیدارەو تەوحید کردنی تەعلیمات, بۆ ئەمساڵ ئەم شێوەیە کە لە سلێمانی پیادە کراوە, ئەمساڵ بۆ هەموو کوردستان بکرێت, بەڵام بۆ ساڵی داهاتوو دەکرێت دیراسەیەکی ورد بکرێت, دەکرێت رەفز بکرێت, دەکرێت رێگای تری بۆ بدۆزرێتەوە, بەڵام ئەمساڵ زەرووڕە, چونکە ئەو منداڵە شەهیدانە لەسەر ئەو نمرە را هاتوونە, ئێستا لە ناکاو بەبێ هیچ شتێك و بەبێ موقەدیمە لێیان ببڕێت, بەڕاستی کاردانەوەیەکی خراپی هەیە بۆ سەر ئەم کابینەی پێنجەم, مەسەلەکە لێرەدایە, نەك لەسەر راستی و دروستی ئەو نمرەیە, چونکە بە راستی رای جۆراوجۆر هەیە, کە ئایا ئەو پێنج نمرەیە باشە بدرێتە منداڵە شەهید, یان نەدرێتە منداڵە شەهید, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە بۆ جەنابی سکرتێر, ئێمە نەك سێ شەم و چوار شەم و پێنج شەم, ئێمە سێ مانگە دوو پرۆژەی یاسایی پێشکەشمان کردووە, تاکو ئێستا هیچ وەڵامێکمان نەدراوەتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەوزوعە مەوزوعێکی گرنگە, ئەوەی لیژنەی پەروەردە باسیان کردووە, مەوزوعێکە قابیلی موناقەشەیە, دوو لایەنی هەیە, هەرچەندە ئێستا کاتی باس نییە ماندووشن, لەکاتی خۆیدا موناقەشە دەکەین, بەس ئێستا تەماشای دەکەین بزانین چی پێویستە بە زووترین کات بیخەینە بەرنامەی کار خەبەرتان دەدەینێ, دانیشتنەکە تەواو, رۆژی چوار شەممە کۆ دەبینەوە سەعات (10,30), بەخێر بێن سەرچاوان, سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) | عدنان رشاد مفتى |
| سكرتێرى ئەنجومەنى نيشتمانيى | جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى | سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |


# ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژمارە (19)**

**چوار شەممە رێكەوتى 8\11\2006**

# خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)

## چوار شەممە رێکەوتی 2006/11/8

کاتژمێر (10,30)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2006/11/8 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (19)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1-ئامادە بوونی بەڕێز ( د. محمد احسان ) وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ روونکردنەوەی دوا هەنگاوەکانی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی (140)ی دەستووری عیراقی فیدراڵ.

2-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای کۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری

دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(10,30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2006/11/8دا بەم شێوەیە بێت:

1-ئامادە بوونی بەڕێز ( د. محمد احسان ) وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ روونکردنەوەی دوا هەنگاوەکانی لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی (140)ی دەستووری عیراقی فیدراڵ.

2-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای کۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی کوردستان.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك( د. محمد إحسان) دەکەین. لەگەڵ بەڕێز کاك (سەعد) وەزیری هەرێم بۆ ئەم دانیشتنە کە ئامادە بوون، داوا لە بەڕێز ( محمد إحسان) دەکەم بێت لە مەنەسە دابینشیتن، دیارە ئەم دانیشتنەمان تایبەتە بە گوێگرتن و بیستنی دوا هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ماددەی (140)، لە پەرلەمان لیژنەیەکمان هەیە، بەسەرۆکایەتی د. کمال، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی (140)، لەلایەن حکومەتی فیدرالیش، لیژنەیەك پێش چەند مانگێك دانرا، بەسەرۆکایەتی وەزیری داد بۆ جێبەجێکردنی ماددەی(140)، واتە کە پەیوەندی بە کەرکوك و شەنگار و خانەقین و ناوچە کانی تری کوردستان هەیە کەتا ئێستاکە نەگەڕاونەتەوە سەر کوردستان، گرنگیەکی زۆری جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، لەلایەن هەموو خەڵکی کوردستان هەیە و دائیمەن موتابەعەی ئەوەش دەکەین، خەڵك لێمان دەپرسێتن و موتابەعەی دەکات لە تەلەفزیۆن و لە ڕادیۆ لەو چالاکیانەی کەلەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، جێبەجێ دەکرێتن، لەلایەن حکومەتی فیدرالی بەغداوە، هەنگاو نراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەوماددەیە، دیارە ( د. محمد إحسان) وەزیری کاروباری ئەو ناوچانەی کە هێشتا لەدەرەوەی هەرێمن، ئەندامە لەو لیژنەیە من نامەوێ باس لەوە بکەم، بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کە بەئێمە گەیشتووە، بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لیژنەی (58) کە ئێستا (140)ە لە پەرلەمانەوە کە تەماشادەکەین کە ئەو لیژنەیە  بەو شێوەیەی کە چاوەڕوان دەکرا هەنگاوی نەناوە، ئەگەر چی دەستخۆشی لە( د. محمد إحسان)دەکەین کە چالاکانە لەو لیژنەیەدا بەشدارە، و هەموو توانای خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە بتوانێ هەنگاوەکان لەسەر شانیەتی جێبەجێی بکاتن، ئەم دانیشتنەمان بۆ ئەوەیە گوێڕابگرین لەو هەنگاوانەی لەلایەن ئەم لیژنەوە جێبەجێکراون، و ئەو چالاکیانەی کەحکومەتی هەرێم و نوێنەری حکومەتی هەرێم لەو لیژنەیەدا ئەنجامی داوە، و چی پێویستە بکرێتن، لەسەر ئێمە لەسەر ئەو لیژنەیە و دواتر کە گوێمان لە د. إحسان گرت، ئەندامانی لیژنەو ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پێشنیارو پرسیاری خۆیان پێشکەش بکەن بەڵام یەك شت ڕوون ئەکەمەوە ئەویش ئەوەیە کاك د. إحسان مەسئول نیە لە کەموکوڕیەکان لە ڕاستیدا، وەنەبی لێرەدا بانگمان کردبێتن بۆ ئەوەی ناموسائەلەی بکەین، یان موحاسەبەی بکەین چونکوم وەزارەتەکە نوێیەو هێشتا قانونەکەشمان بۆ دانەناوە، ئەم ئیشەش بەئەرکی ئەم وەزارەتە نیە، بەڵام بانگ کراوە بۆ ئێرە وەکو وەزیرێك وەکو ئەندامێك لەو لیژنەیە بۆ ئەوەی دوا

هەنگاوەکانمان بۆ باس بکاتن جا من ئێستا داوای لێدەکەم با بۆ ئێوەی بەڕێز و بۆ خەڵکی کوردستان باس لەوە بکاتن، بەڵێ کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێم وایە پێش وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم کەئەندامە لە لیژنەی ماددەی (140) کە لە بەغدا پێك هاتووە، لیژنەی (140)کەلەپەرلەمانی کوردستان پێك هاتووە، لەو ماوەیە کاری زۆری کردووە دەبوایە ڕاپۆرتی خۆیان پێشی تەقدیم بکەن، ئەوان کەموکوڕیەکانیان دەست نیشان بکردایە لەو ڕاپۆرتەدا بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەسەر ئەوە باس لەگەڵ وەزیر بکەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەوەلەن ئەو ڕێکەوتنەمان وابوو، دووەمینیش بەرنامەی کارمان بەو شێوەیە هاتووە کەخوێندمەوە ئەگەر ئەو فیکرەی جەنابت قبوڵ بکرابا پێشمان دەخست، ئەوەل جار داوای ڕاپۆرتی لیژنەکەمان دەکرد، بەڵام پێمان باش بوو کە ئەو دانیشتنە تەرخانبکرێتن بۆ گوێگرتن لەبەڕێز( د. محمد إحسان) ئینجا هەم لیژنەکە ئەگەر تێبینیەکیان هەبێ ئەندامانی لیژنەو ئەندامانی پەرلەمانیش دەتوانن ڕوونی بکەنەوە، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز د. محمد إحسان/ وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، سپێدەباش, پڕ شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کە بەرامبەرئەندامانی پەرلەمان ڕاوەستم و باسی کاری لیژنەکە بکەم کە چی کراوە نەکراوە، حەقیقەت هەردەرفەتیش دەبینم سوپاسی لیژنەی (58)بکەم و ئەندامانی (58) کارێکی زۆر گرنگیان هەبوو بەزەخت کردن، فشارکردن لەسەر حکومەتی فیدرال، تاکو عەجەلە بکەن بەتەحویل کردنی هەندێك لەو بەشە پارەی کە تەخصیص کراوە بۆ لیژنەکە، من مەلەفێکم حازرکردیە لە ڕۆژی دامەزراندنی ئەم لیژنەیە تا ئێستا، دەست پێدەکات لەقانونی ئیدارەی دەوڵەت قەراری حکومەتی عەلاوی ئەوەی سەبارەت بە( الهيئة العليا لتطبيع الاوضاع في محافظة كركوك) لەدوای بەرنامەجی حکومەتی مالیکی بەرنامەجی حکومەتی هەرێمی کوردستان کو ئەو ئەمری کرد کە ئەم لیژنەیە هاتیە دامەزراندن. ئەمرێك دەرچوو بە ئەمری رەقەم (48) لە 8/9 کە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی ئەم لیژنەیە بوو، من هاتیمە دەست نیشان کردن کە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانم، ئەم لیژنەیە تا ئێستا تەقریبەن 8 کۆبوونەوەی خۆی کردیە لە بەغدا، و هەندێك کارو چالاکیەکانی خۆی کردیە بەرامبەرتان هەرچی شتیەکیش هەیە لێرە نوسخەیەك هەیە صادر لە لیژنەکە لەبن دەستی ئێوە ئەبیتن و مەحزەرەکەش بە تەفصیل کە چ کەسەك قسەی کردیە هەموو شتەکیش لێرە ئەبێ حەقی هەبێ ئەوەتانە لەدوای کۆبوونەوەکە کۆپیەکی بدەینە ئەندامانی پەرلەمان بە هەرکەسێکی ویستی، یەکەم کۆبوونەوەی لیژنە کە من یەکەم جار چوومە بەغدا خەبەر بۆم هاتیە 7/28 ئەم لیژنە یەکەم کۆبوونەوەمان داناوە

یەعنی هەر تەقریبەن دوای 20 رۆژ لەپاش دەرچوونی قەرار لەبەغدا، لەگەڵ سەرۆکی لیژنە کە وەزیری عەدلی عێراقە کابرایەکە بەحەقیقەت شارەزایە لە بواری قانونی، کابرایەکی مەوزونە زۆر بەڵام لەباری ئەم کێشەیە کە کێشەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە و چونی من جاری یەکەمە بۆیە ئەم کابرایە هیچ ئیتلاعی لەسەر ئەم مەسەلەیە نیە بەڵام لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و لەگەڵ سەرکردایەتی کورد، قەرار بۆ ئەوان بوو وتیان ئەمە کابرایەکی باشە کەسەرۆکایەتی لیژنە بکات ومن تا ئێستا هیچ ئیشکالیەك و هیچ خەلەلێکم لەسەرۆکی لیژنە نەدیوە، پێکهاتەی لیژنە دیارە وابزانم زۆربەتان ئیتلاعتان لەسەر ئەوە هەیە، ئەگەر ئیتلاعتان لەسەر نیە دەتوانم ناوەکانتان بۆ بخوێنم، کە کێن لەم لیژنەیەوە و کۆپیەکیش لێرە هەیە جا کێن ئەو کەسانەی لەکیتابی یەکەم.

السید هاشم عبدالرحمن شبلي / سەرۆکی لیژنە ئەبێت. کەوەزیری عەدلی عێراقە،

السید جواد کاظم بولاني/ وەزیری داخلی عێراقە.

السیدة نرمین عثمان حسن/ وەزیرەی بیئەی عێراقە.

السید جاسم محمد جعفر/ وەزیری ریاضةو شەبابی عێراقە.

السید بابەکر صدیق أحمد/ ئەندامی مەجلسی موحافەزەی کەرکوکە.

السید محمد خلیل نصیف/ ئەندامی مەجلسی موحافەزەی کەرکوکە.

السید تحسن محمد کهیة/ ئەندامی مەجلسی موحافەزەی کەرکوکە.

السید ئاشور یلدا بنیامین/ نەك ئەندامی مەجلسی موحافەزەی کەرکوکە بەڵکو کابرایەکی ئاشوریە. ومن مومەسیلی حکومەتی هەرێمی کوردستانم. ئەمە دەقی ئەمری ئیداری مالکی (46)ەکە دەڵێت ئەم لیژنەیە( یوضع في رصید هذه اللجة میئتي ملیون دولار فقط لتغطیة مصارف تنفیذ مضمون المادة ( 140) مئة والاربعین.) ناوی لیژنەکەش ( لجنة تنفیذ المادة (140) من الدستور المتعلق بالمناطق المختلف علیها ولیس المتنازع علیها) ئەمرەکە وا دەرچووە، قەراری حکومەتی عەلاوی وا نەبوو، قەراری حکومەتی عەلاوی بەشەکلێکی تر قەرارەکە دەرچوو بوو ئەوەی کە ئەساسی لیژنەکەیە، ئەو لیژنەیەی کە هی کۆبوونەوەیەکمان نەکرد، بەهیچ جۆرێك نەدانیشتین و بویتە خیلاف لەبەینی ئێمەو حکومەتی جەعفەری ناوی لیژنەکەی عەلاوی( الهیئة العلیا لتطبیع الاوضاع في محافظة کرکوك) ئێمە دژی ئەو شتە بووین لەڕۆژی یەکەمەوە وتمان ئەمە مەسەلەکە مەسەلەی کەرکوك بەتەنیا نیە کاتێ باسی مەناتق منازعە عەلەیها دەکەین ناوچەیەکی تەواوە، دەست پێدەکات لەخانەقینەوە هەتا کۆتایی پێبێتن لە زرباطیە و لە سنجارەوە تاکو خانەقین و زرباطیە وئەو ناوچانە، لەدوای ئەوە ئەم لیژنە کەدانیشتن یەکەم جار وابیرورا دەرچوو ئیتفاقمان کرد، کە تەقسیمی مەهاماتی ئەم لیژنەیە بێتەکردن، چەند لیژنەیەکمان دانا لەسەر ئەساسی ئەو لیژنانە هەریەك لەو برادەرانەی کە بەشدارن لەم لیژنەیە، سەرۆکایەتی لیژنەیەکی فەرعی بکاتن تاکو بتوانن کارەکانیان تەنزیم بکات. لیژنەی موتابەعە وەزیری عەدل.لیژنەی مالیە خاتوو نەرمین خان.سکرتاریەت محمد إحسان.لیژنەی فەنی محمد نصیف.لیژنەی تەقەسی حەقایق

تحسين محمد علی کهیه. و بڕیارمان دا 3 نوسینگه بکەینەوە نوسینگەی یەکەم لەکەرکوك، نوسینگەیەکی تر لەسنجار، نوسینگەیەکی تر لەخانەقین، ستاڤ کەرکوك دامەزراوە، ستاڤ خانەقین دامەزراوە، وە ستاڤ سنجاریش دامەزراوە، هەرسێ ئۆفیس ئێستا. بەکاری خۆیان دەکەن، خەڵکمان دەست نیشان کردیە ئەویش ( أخذنا بعين الاعتبار) وەکی ئەڵێن و تەرتیبی پێکهاتەی ئەو جێگانەش ئەعنی ئەگەر جێگایەك عەرەبی تیایە تورکمانێکی تیایە ئاشوریەکی تیایە، کوردی تیایە، لەسەر تەقسیمی تەکویناتی ئیجتماعی یەعنی ( أخذت بعين الاعتبار) وەرگیراون ئەو مەکتەبانەش کە دامەزراون هەریەکەیان بەکاری خۆی هەڵدەستێ داوامان کردیە لەوەزارەتی پلاندانان و تەعاونی مائی لە 9/13 کە ئیحسائەکەیان پێمان بدەن، کتابی ئیحسائییان بۆمان هاتیە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان ئەڵێت ئێمە ئیحسائات لە عێراق لە77، 87، 97، بەتەنها لەوەزارەتی پلاندانانە، لە 27تەوە تا 97 لە وەزارەتی داخلیەی عێراقە هیچ عەلاقەتێکمان پێ نیە، داوامان کرد تا ئێستا 3 جار لە وەزارەتی داخلیەی عێراقە بەکتابی سرِی و عاجل و شەخصی تا ئێستا ئەو ئیحسائاتە بەدەست ئێمە نەگەشتیە، ئەمە دەقی کتابەکانیش لای ئێمەیە، داوامان کردیە لە مەجلسی محافەزەی کەرکوك لە مەجلسی محافەزەی دیالە لە شنگارو ئەو ناوچانە هەرچی دیکۆمێنت و وەسائیق و ئیحسائات و ( بشأن تصحيح قومية) بشەئنی علاقاتی ملکیە بشئن عقود زراعی بشئینی ئەم شتانە هەمووی پێکەوە بخەنە بەردەستی ئێمە، هەندێکیان هاتیە هەندێکیان نەهاتیە، ئەمانەی عامە بمجلسی وزەرا 10/5 یەڵلاً خەبەری بە ئێمەدا ئیتصالیان کردیە، یەعنی نەهی هەتا 10/5 خەبەریان بە ئێمە داوە ئیتصالاتیان کردیە بەوەزارەتی مالیە نەصی کتابێکی مالیە لەلای ئێمەیە کە حیسابی ئەم لیژنەیە پارەی کرا بەخەم، بەداخەوە بەزەختی ئێوە بەزەختی ئێمە لە بەغدا یەڵلاً ڕۆژی یەك شەممەی دا ڕۆشتین 29 ملیۆن دولار کەوتە ناو حسابی بانکی ڕافدەین لە شارع رەشید بەناوی ئەم لیژنەیە، کە هەنگاوێکی یەکەم بێت بەڵام بەزەختی تەواو بە حجەجی نەموفقنیع إحسائات تا ئێستا لەبەر دەمی ئێمەیە دانوستاندنمان کردیە، لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە هاتیە تەشرید کردن لەم جێگایانە، مجلس محافەزەی شنگار ئەوان خەڵك دەستنیشان کردیە کە ببنە ئەندام وتمان نەك شتێك بێت فەرز بێت، فکرەی بەغدا ئەوە بوو ئەوان وەزیری داخلیە فکرەی ئەوە بوو ئەم زابت لێرە ئەبتە ئەندام ئەوە نوێنەری ئێمەیە ئەمە نوێنەری حدودە، وتمان ئێمە نەهاتینە ئێرە تەقسیمی دەوری وزارات بکەین، ئەمە کێشەیەکە لە بەینی حکومەتی هەرێمی کوردستان و(من وراء في نظام صدام حسين كتبت) لە بەغدا حکومەتی فیدرال و ئەوانەی ئیدارەی حکومەت ئەکەن، ئیلتزامێکی قانونی بەرامبەریانە، ئیتفاقێکی دەستوریمان هەیە، ئەمە پارچەیە ئەم ماددە لە دەستور، لازمە بێتە جێبەجێکردن نەصی کیتابەکان هەموویان لێرەیە کە چیمان کردیە و چی هاتیەش، ئەم فەترەیە سێ سەرەدانمان کرد، سەرەدانێك بۆ ناوچەی سنجار سەرەدانێك بۆ کەرکوك سەرەدانێك بۆ ناوچەی خانەقین، تاکو ئیتیلاع لەسەر وەزع بکەین، میصداقیەتی لیژنەکە بێتە دامەزراندن خەڵك بزانن کە چی کار لەوێ هاتیەکرن، دەست بەکاری خۆ بیت، ئەم شتەش بۆ لیژنەکە هاتیەکرن، بەداخەوە ڕۆژی 19 مانگ یان 10/15 کتابێکی تر یان ئەمرێکی تر لە دیوانی لە حکومەت

دەرچوویە، رەقەمی 84 بەزیادە کردنی دوو ئەندام و تەغیری سیفەی ئەندامێك، یەکێك لەو ئەندامانە ئێمە داوامان کرد کە ببێتە ئەندام، هەیئەی منازعاتی مولکیە، ئیتفاقێ بوو لەناو لیژنەکە وتمان، نەك لەبەر هیئەی منازعاتی مولکیە نەڵێن تائێستا فەشەلیان هێناوە لە عێراق و من موفتەنەعم لەبەر رۆژی دامەزراندنی هەیئەی منازعاتی مولکیە من لەگەڵی بووم تارۆژی ئێستا لە 38هەزار دەعوەی هەیە لەکەرکوك، دوو قازی هەیە، ئەمە قسەی سەرۆکی هیئەی منازعاتی مولکیەی لە مەحزەرەکە دیارە بۆتان، بەڵام ئیتفاق ئەوە بوو وتیان ئەقەل شی 38 هەزار دەعوەی لەگەڵە بابتە ئەندام لەگەڵمان تاکو بتوانین ئەو دەعوایانەی لێ وەرگرین، وتمان تەواو ، ئۆکەی إزفەیان کرد کاك جاسم ئەمری ڕەئیس وزەرا ئەوە (کأنە) کردیتیە مومەسیلی خۆی لە لیژنەکە، لە قانونێکتان دیوە لە وڵاتێك لەعالەم لیژنەیەکی وزاری هەبێت سەرۆکی لیژنە هەبێت بەڵام عەینی کات مومەسیلی ڕەئیس وزەراشی لەگەڵدا هەبیت، لە هیچ وڵاتێك لەعالەم لە هیچ جێگایەك نیە، بە حەقیقەت، ئەمە بیدعەیەکی مالکی بەحسە، عەینی کات نوێنەرێکی تری برادەرێکی تورکمانی إزافە کرد، من خۆم دژی مەبدەئی إزافەم و قبوڵمان نەکردیە لە بیدایەت، تا ئێستاش تێنەگەیشتیم موبەریراتی مالکی چی بوو لەئیزافەکردنی برادەرێکی تر لە جەبهەی تورکمانی، ئەگەر ئیستحقاقی إنتخابی بێت هیچ حەقێکیان نیە، ئەگەر ئیستحقاقی خلاقیش بێت ئەویش حەقی نیە، بەڕەسمی داوامان لێکردیە، چ تەبریرێك هەیە بۆ ئەم إزافاتە، حەقیقەت تا ئێستا بەدەستمان نەگەشتیە، بەتەما بووین بڕۆین بۆ بەغدا، ڕێگا نیە لەبەر مەحکەمە کردنی سەدام، رۆژی 13 مانگ لەگەڵی دانیشین، پێم خۆشە لەبەر ئەوە ئەمە موهیمەیەکی تأریخیە پێم خۆشە مبررات واقعیە بۆمان دیار کات مبررات چیە، ولەوە دژین ئێمە جوملەتەن وە تەفسیلەن وەلەو لەبەر ئیستحقاقی إنتخابی بێت، کورد زۆر حەقی زیاترە لە سێ ئەندام لەلیژنەکە، ئەگەر ئیستحقاقی إنتخابی بێت، حەقمان زۆر زۆر لەوە پترە کە بۆمان کرایە، بەڵام ئەگەر بیدعەیەکی مالکی بێت، پێتەویە پێمان بڵێت، کا چیە ئێمە لەسەر ئەساسێکی قانونی قسە ئەکەین، ئەمە ئەمری 84ی دەرکردیە، بەڵام نوقتەکە لە چیدایە حەقیقەت، مالکی ئەمری دەرخستیە، لە 10/15 رۆژی 10/19 کتابەك بۆمە ناردیە ئایا ڕەئیتان چیە، ( للاطلاع) ئەمە تەئتیکاتی نا پرۆفیشنەڵە، تەئتیکاتی نا حیکمەت داریە، بۆمن نیشانەیەکی خراپە بۆ لیژنەکە بەڕاستی، ئەمە هەر کتابەکانی لای منە، کتابی 19ی مانگیش بۆتان حازرە کتابی 15ی مانگیش بۆتان حازرە، ڕاستە کیتابی ئەو برادەرانەی کە ئەحزابەکانی تورکمانیش خۆمن باسی ئەوە ناکەم باسی مەفهومەکەم زیادە لەقیمەتی کەس ناکەم، بڵێم باس بکەم بەرامبەر بە شەرەفترین و موقەدەس ترین جێگا لە کوردستان، کە پەرلەمانە، بە حەقیقەت بەڵام للإتلاع مەجلسی محافەزەی کەرکوك چەند کتابەکی کردیە بۆ مەجلس وزەرا بۆ تەعینات و شتەکانی تر، ئەوان تەحویلی وەزارەتی حقوقی إنسانیان کردیە، ئایا ڕەئیتان بەمە چیە، وەزارەتی حقوقی إنسانیانی کوردستانی عێراقی تەجەروئی نەکردیە کە کتابەکە بۆمە تەحویل بکات بۆ لیژنەکە، بە ناوێکی غەڵەت، یانی ئەوانیش وا ئەزانن کە ئەنەهو، ئەم لیژنەیە لیژنەی (تطبیع الاوضاع في محافظة كركوك) معەوقاتی لیژنەب بێجگە لە معەوقاتی کاری عام لە بەغدا یەعنی ئیش لەبەغدا

کارسەیە حەتا ئەگەر بچتە جێگایەکی تر یەعنی 24 سەعات یەك کار دەکەی ناتوانی دوو کار یان سێ کار بکەی یەعنی لە نوقتەیەك ئەچیتە نوقتەیەکی تر ئەمە موشکیلەیەکی عامە موشکیلەی لیژنەکە نیە، بەڵام موعەویقاتی کار نەپۆشنە لیزم نا ئیحتراف لەکاری حکومەتی فیدرال نەشعور کردن بەمەسئولیەت لەحکومەتی فیدرال بەحەقیقەت، من ناتوانم بڵێم نیەتێکی سافم نیە بەرامبەر بەم شتە تا ئێستا نەگەیشتمە ئەو قەناعەتە، بەڵام موبریراتیان موقتەنیع نین پێی لەکارەکانی خۆیان، ئیزافەکردنی ئەو نوقتانە ئەو خەڵکانەی کە هاتیە، ئیعاقەیەك بوو، وەلەو حەقی تەصویت، و ما تەصویت تا ئێستا لە نیزامی داخلی لیژنەکەمان نیە لەبەر ئەوەی وتم من نازانم پرسیارێکم لە ڕەئیس وزەرا کرد, وتم ڕەئیس وزەرا ئەگەر تۆ لیژنەیەکی وزاریت هەبێ تەوجیهی وزارەت بکەی ڕەئیس لیژنەت هەبێ ئایا مومەسیلی ڕەئیس وزەرا لەو لیژنەیە دەوری چیە؟ نەرمین خان قسەیەکی خۆشی گوت لە مەحزەرەکە پێیان لەو ڕۆژە بۆتان دەگێڕمەوە نەرمین خان دەڵێ ئەگەر ڕەئیس وزەرا سیقە بەئێمە نەکات لە لیژنە مومەسیلێکی خۆی دانایە بۆ جاسوسی ئێمە لێی قبوڵ ناکەین، حەقیقەت ئێمەش لێی قبوڵ ناکەین، بەڕاستی نەك لە ڕەئیس وزەرا لەهەر کەسێك لەبەغدا بێت ئێمە بەقانون تەعامول دەکەین، ئێمە موشکیلەیەکی تا ئێستا بۆ ئێمە ئەمە قەزیەیەکی تۆپ لیستی ئێمەیە تۆپ ئەجندەی کوردستانە و حیکمەتی فیدرال قەزیەیەکی ترە قەزیەیەکی عابرە، نوقتەیەکی تر خلافێکی زۆر هەیە لە ناو بەینی من و ئەو ئەندامەکانی تر لەوێ بلە خەس ئەو ئەندامانەی دەیانەوێ تێك بدەن ئیشەکە، مەفهومی من لە مناطق متنازع عليها ئەوان مەفهومێکی خۆیان هەیە، مەفهومەکەیان ئەوەیە کاك فرسەت لەهەموویان باشتر ئەزانێ مەفهومەکەیان ئەوەیە کەئەنەهو دەیانەوێ کێشەی کەرکوك یان سنجار یان خانەقین یان مەندەلی یان زرباطیە تەشابە بکەن کە ئەنەهو کێشەی ئیداریە، لە مابەین ئەنبار و دیوانیە لەبەر ئەوە دەولەتی ڕەئیس وزەرا ئیعترازی کرد وتی بۆ سێ مەکتەبتان کردیە ئەگەر وابێت لازمە ئێمە 22 مەکتەب بکەن، کابرا لە خەیاڵدا دەژی وادەزانی وەك هەندێ خەڵکی تر ئێمە موشکیلەیەکی زۆر گەورەیە کە شتێك هەبیتن لەنەجەف و کەربەلا خۆ ئەمە ئیشی من نیە موشکیلەی مناطق متنازع عليها تەعریفێکمان هەیە بۆ ئەو تەنازعە بۆ ئێوە هەمووتان ئەو پارچە کوردستانیەکانی تا 2003/3/19 لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووە، و سیاسەتی تەعریب تیادا هاتیە کرن، ئەمە خەلەلێکە لە مەفهوم و حەقیقەت بەداخەوە هەندێك خەڵك جەماعەتی ئێمەش لە بەغدا مەفهومیان وایە و کەئەنەها مەبەستی ئێمە کێشەی کەرکوکە، بۆ تأریخ ئەڵێم ئەگەر ئێمە بچینە هەرچی کێشەیەك لەمفاوەزاتی عالەمی بێت لەهەرچی مفاوەزاتێك بێت بە یەك کارت بچیتە ناو مفاوەزات کاریسەیە ئەمە دەقێکی قانونیە ئەم ناوچانە هەموویان پێکەوە دابڕاون لەکوردستان بەیەك سیاسەت بەیەك شت تەوەجهێك هەیە لەبەغدا دەیانەوێ ئێمە حەسرمان بکەن بەس بۆ کەرکوك، کەرکوك ڕاستە دڵی کوردستانە یان ڕاستە قودسی کوردستانە ڕاستە هەموو شتێك بڵێت هەر ڕاستە بەڵام هەندێ پارچەی تری هەنە لە کوردستان ئەویش دابڕاون لەکوردستان، هەندێ شارەکانی تری کوردستان هەنە تەعرب تیایدا دەکرێتن، ئەمە تائێستا ئەمە قەناعەتە لەلایان بۆیە ئەڵێم بۆ تأریخ تا

ئێستا ئەو قەناعەتە لەلایان ماوە نوقتەیەکی تر سەقفی زەمەنی من دەقی قسەکانی مالکی بۆ ئێوە حازرم کردیە، ئەمە لەبەرنامجی حکومەتەکەی خۆی لە فەقەرەی 22 ئەڵێت

( تلتزم الحكومة بتنفيذ مادة 140 من الدستور معتمدةً على مادة 58 من قانون إدارة الدولة والمتمثلة بتحديد المراحل الثلاث, التطبيع والإحصاء والإستفتاء في كركوك وغيرها من المناطق المتنازع عليها وتبدأ الحكومة أثر تشكيلها في إتخاذ الخطوات الازمة الإجرائات التطبيع بما فيها إعادة الأقضية والنواحي التابعة لكركوك في الاصل, تنتهي هذه المرحلة في 2007/3/18 وتبدأ مرحلة إحصاء في 2007/7/31 وتتم المرحلة ألاخيرة وهي الإستفتاء في 2007/11/15 ئەم تەوقیتانە ئەمە بەرامجی حکومەتی مالکیە، مالکی لەپەرلەمانی عێراق لەپەرلەمان قسەی کردیە، پەرلەمان مصادەقەی کردیە لەسەری لەسەر بەرنامەجەکەی ئێمە مولزەمین لەبەر ئەم بەرنامجە سەدا سەد لەبەر سیستەمی ئەسبەقیاتی ئێمە ئەمەیە، ئەوان حەزەکەیان ئەوەیە ئەگەر تەمدیدێك هەبێت لەئیشەکە باوەختەکە کافی نیە جوابی ئێمە بۆ ئەوان ئەوە بوو، ئایا لەعێراق چ شت هاتیەکردن دوای ڕووخانی سەدام هەتاکو وەختی خۆی ئایا تەحویلی سیادە لەوەختی خۆی بوو کەسیادە تەحویل بوو بۆ عێراقیەکان ئایا سیاغەی دەستوور لەوەختی خۆی بوو، ئایا ئینتخابی یەکەم لەوەختی خۆی بوو، ئایا ئینتخابی دووەم لەوەختی خۆی بوو، ئایا ئیستفتا لەوەختی خۆی بوو، بۆ کاتێك ئەگەر موتەعەلق بێت بەکوردستان ئەڵێن حەزمان لەتەمدیدی وەقتە، لەبەر ئەوە من پشتگیری ئێوەم ئەوێت بۆ ئەم مەسەلەیە، هیچ تەمدیدی وەقت قبوڵ نەکەین لێیان لەبەر لعبەی وەقت لەتأریخا قەت لەساڵحی کوردستاندا نەبوویە هەموو جارێ ئێمە زەحیەی تأریخ و زەحیەی وەقت بووینە، بۆیە لەسالحی ئێمەدا نەبوویە، ئەگەر خەڵکێك ئینتزار دەکات تا وەقت لەگەڵمان بەکار بێنێت ئێمەخۆ تووشی ئەو کاریسەیە ناکەین، ئەمە معەوەقێکی تری کارەکەیە، کاری ئیداری موعەوەقاتی ئیداری لەهەموو لیژنەیەکدا دامەزرێنیت بەحەقیقەت موعەوەقاتی ئیداریت هەیە، یەعنی لەبەغدا تاکو ئێمە ئۆفیسێك جێگایەك بۆ خۆمان بدۆزین، بڕوا بکەن 3 حەفتەی پێچووە، 3 حەفتەی پێچوو تاکو توانیمان جێگایەك بۆخۆمان بدۆزین کەتیایدا دانیشین، بەڵام ئێستا موشکیلەکەمان تەواو بوویە، مەقەڕێکمان هەیە لە ئەمانیەی عامەی مەجلس وزەرا توانیومانە ئەدەواتی لۆجیستیکی خۆی إتصالیاتی خۆی لەهەر سێ نووسینگەکانی خۆمان جێبەجێمان کردیە یەعنی ئەتوانین إتصالیان پێوە بکەین ئەتوانین دانوستاندنیان لەگەڵدا بکەین کارەکەش کەفتیە بەحساب ڕۆژی یەك شەممەو تائێستا هیچ شتێکمان نەکردیە و هیچ دانیشتنێکمان نەکردیە، ڕۆژی 13 مانگ ئەڕۆین کۆبوونەمان هەیە، من ڕۆژی یەك شەممە بەیانی کۆبوونەیەکی ترم هەیە لەگەڵ دەوڵەتی ڕەئیس وزەرا من ئینتزاری تەحریریەن ئەنجامم لێی دەوێت، ئایا موبەڕیڕاتی بۆ ئیزافات چیە، چەن پرسیارێکی ترمان هەیە لێی جوابمان بدات، ئەم کێشەیە لە سولبی قەزیەی لە توپ لیستەکانی ئێمەیە شتی باش ئەوەی کە ئێستا هەیە لەکوردستانی ئێمە تەنسیقێکی زۆ ر زۆر باش هەیە لەمابەینی ئەندامانی کورد بە حەقیقەت یەعنی ئێمە سێ کوردین لەوێ نەك مەسەلەی بەیەك زمان قسە ئەکەین ئەز ڕێکین مەوقیفمان لەهەموویان قایم ترە قانونەن شەرعەن سیاسیش بێت

بەمەنتیقیش بیت بەمەنتیق قسە ئەکەین، یەعنی بەحەقیقەت جێگای دەست خۆشیە، کە کوردەکانی تریش لەگەڵماندا توانایەکی تەواویان هەیە لەم بارەیەوە، یەعنی بۆ تأریخ بیلێین لە کوردستانەوە بەحەقیقەت عەلاقەتێکی باش باشمان هەیە، تا ئێستا لەگەڵ لیژنەی ماددەی 58 پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، و من تەمەناش ئەکەم داوا لەئێوەش دەکەم لەبەر ئەوە ئەم ئیشە بەوەزارەتێك بەتەنها نایەتە کرن، و بەحەقیقەت بەمنیش بەتەنها نایەتە کرن نیهائی، من پشتگیری هەمووتانم ئەوێت بۆ ئەم ئیشە تاکو بیکەین تەنسیقێکی پترمان هەبیت دەعمی پەرلەمانم دەوێت، دەعمی سەرۆکایەتی هەرێممان دەوێت، تاکو ئەم ئیشە بتوانین جێبەجێی بکەین لە کاتی خۆی، وە یەك دەنگمان هەبیت، بونی هەندێ جار دەنگێکی نەشاز لێرە لەجێگایەکی تر تەئسیرێك لە پرۆسیسی ئێمە ئەکات، لە پرۆسێسی تەعامول کردن ئەکات لەگەڵ تەرەفەکانی تر، وە مەسەلەی وەقتیش ئێمە زۆر زۆر مولتەزمین پێی هیچ تەمدیدێك نەلە وەقت هیچ ئیزافاتێکی تریش قبوڵ ناکەین، من حازرم هەرچی پرسیارێکتان هەیە بەحەقیقەت من نامەوێت چی تر درێژ بکەم وسەرتان بئێشێنم جەلسەی یەکەمە جارێ، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر زۆر سوپاس بۆ کاك د. محمد إحسان. وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم. بۆ ئەو ڕوون کردنەوەیە کە باسی هەموو لایەنەکانی کرد کەپەیوەندیان بەلیژنەی دامەزراوی لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە هەیە کە خۆشی ئەندامە تێیدا، من حەزەکەم ئەوەی دەیەوێت و پرسیاری هەیە، با دەستی بڵند بکات. سەرەتا قسە ئەدەم بە د. کمال کەرکوکی بەو ئیعتیبارەی کەخۆس سەرۆکی لیژنەی بەدواچوونی جێبەجێکردنی ماددەی 140ە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز کە ئەمڕۆ ئەم بەرنامەیەمان لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140ەو بزانین چی لەوێنەدا هەیە، بەحەقیقەت ئەو خاڵانەی کە ڕێزدار کاك د. محمد إحسان. باسی کرد، ئێمە زۆر بەوردی ئاگامان لەیەکترە، هەتاکو ئێستا، و سوپاسی جهودیشی ئەکەین، و سوپاسی جهودی ئەندامانی لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی 58 کەئێستا 140 لەبەغدا لەپەرلەمانی کوردستان کە ئەو بەڕێزانە زۆر بەحسەوە زۆر بەوردی زۆربەیان لەپشتی کار ئەکەن. بەنیسبەت مولاحەزاتی ئێمە پێویستە ئەمە ڕوون بێت بۆ ئەندامانی پەرلەمان و وەکو ڕوونە بۆ ئەندامانی پەرلەمان هەموو کەسی کوردستان کەکاری لیژنەکەی ئێمە جێبەجێکردن نیە بەدواداچوونە، لەکوێ خەلەلێك ببینین مەجبورین بەزوترین کات ئەو خەلەلە بگەیەنینە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەرۆکایەتی هەرێم لەسەروو یان نوێنەری هەرێمی کوردستان لە لیژنەکە ئەندامە بەڕێزەکانی تری ناو لیژنەکە، ئێمە مولاحەزەمان کرد لە بەغدا دەست

تێوەردان هەیە لەکارەکان، مولاحەزەمان کرد دواکەوتن هەیە عەرقەلە هەیە ئاستەنگ لەباتی ئەوەی ئاسانکاری بکرێتن ئاستنگیان بۆ دائەنێن بۆ ئەو پارەیە بەبێ پارە کار ناکرێت. بەڵام وەکو ڕێزدار د.محمد إحسان وتی هەتاکو یەك شەمی داهاتوو ئەویش لەژێر زەختێکی زۆری لیژنەی بەدواچوونی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لەپەرلەمانی کوردستان و ڕێزدار د.محمد إحسان خۆشی و نەرمین خان و کاکە ڕەشیش کە هەرسێکیان دەورێکی باڵایان هەبوو، و ئێمە بەڕێزیشەوە سەیری سەرۆکی لیژنەکە ئەکەین کە کاك هاشم عبدالرحمن شبلییە کە ئینسانێکی بێ لایەنەو وەزیری دادی عێراقە ئەویش ڕێك وپێکە، ئەوە بۆ ئێمە دەرکەوت هیچ کەسێك لەئەندامانی لیژنە، لەسەرۆکایەتی لیژنە ئاگای لەو دەستکاری ودەستێوەردانەی ناو لیژنەکە نیە، بۆیە ئێستا بەتەئکید ئەندامانی لیژنە هەموویان بۆچۆنی خۆیان هەیە لەسەر ئەوە و ئێمەش داوا لە ڕێزدار کاك دکتۆر ئەکەین، ئەو پێکهاتەی لیژنە بەئارەزوو زیاد و کەم نەکرێت، بەنیسبەت کوردستان وەك خۆیان فەرموویان ئەو تەنسیقە هەبێت کە ئێستا ئەندامان بەوردی دێنەسەری ئەوەی من ئەمەوێت بەموختەسەری بیڵێم ئێمە لەکوردستان بەهیچ شێوەیەك نەئەتوانین نە لەگەڵ ئەوەین ئەو ماددە دەستووریە ماددەی 140 دوا بخرێت چونکە بۆ دەستکاری کردنی ماددەیەکی دەستووری پێویستە گشت عێراق دەنگی لەسەر بدات، پێویستە لە عێراق إستیفتا بکرێت ئایا ئەم ماددەیە چونکە ماددەیەکی دەستووریە لیژنەکە ناتوانێ دوای بخات، ئەگەر لیژنەکەی جێبەجێکردن ماددەی 58 موافق بێتن کاتی جێبەجێکردنی دوابخاتن ناتوانێتن، ئەگەر ئێمە لەکوردستانیش بمانەوێت ناتوانین، نوری مالیکیش بیەوێت ناتوانێتن، پێویستە ئێمە پابەندی دەستوورەکە بین چونکە، گۆڕینی بەندێك لەدەستوور پێویستی بەئیستفتا هەیە لەگشت عێراق، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو کوردستان وەکو ئەوەی من لەناو خەڵکم ئاگام لە خەڵکی کوردستانە ئاگام لەپەرلەمانی کوردستانە کەس لەگەڵ ئەوە نیە کە داوا لەخەڵکی خۆی بکانت تەعدیلی دەستوور بکرێتن بۆ دواخستنی ماددەی 140 ناکرێت جێبەجێکردنیشی إلتیزام نەکردنە بەدەستووری عێراق ئێمە لەکوردستان بەدڵ و بەگیان بەهەموو شت، بەتوانامان هەوڵەدەین ئەو ماددە دەستووریە جێبەجێبێت، جێبەجێکردنی ماددەکە إلتیزامە بەدەستوورەکە، ئەگەر لایەنێکی تر هەوڵ بدا ئیلتزام نەکرێت بەدەستوورەکە، ئەوە بەپێی جوملەی ئەخیر لە دیباجەی دەستووری عێراق ئەوجا خەڵکێکی تر مەسئولە لەوەی کە هەوڵبدات دیارە نایانەوێت جێبەجێکرێ ئێمە لەکوردستان دەمانەوێت لەکات و ساتی خۆی جێبەجێبکرێت، وەحیمایە بکرێت مەحفوز بێ من لێرە نامەوێ بچمە سەر وردەکاریەکان بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان و بۆ ئەندامانی لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بەجێدەهێڵم و ئەگەر پێویستی کرد دێینە ناو و وەڵام دانەوەی ترمان دەبێتن بەس ئەوەی من دەمەوێت لە پێش پەرلەمانی کوردستان بە ئەمانەتەوە بیڵێم تەنسیقێکی زۆر باش لەگەڵ د. محمد إحسان هەیە لەگەڵ کاکە ڕەش هەیە، و لەگەڵ نەرمین خانیش و ئەندامانی لیژنە تەنسیقێکی باشیان هەیە، لەگەڵ لیژنەیەك لە سەرۆکایەتی هەرێم دانراوە لەگەڵ ئەویش تەنسیق هەیە، پێویستە

لەكوردستانەوە بەيەك دەنگ لەسەر ئەوكارانەی كە لەگەڵ تەرەفی تر گفتوگۆی لەسەر دەكرێت ڕابوەستین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەندەك لە قسەكانم كاك د. كمال باسی كرد. بەسوپاسیەوە بەڵام مەوزوعەكە پێویستی بە تەوزیحی زیاتر هەیە، حكومەتی عێراق وا پێدەچیت زۆر موترەهی ئیشەكە دەكاتن، ئەوە لەپێش چاوە كو بیدایەت مەوزوعی هەڵبژاردن و إستیفتا و تەنفیز كردنی ماددەی 58 بەبریاریك ماوە كە درێژكرا لێرەش دەتوانن نەفسی شت بێت، ڕاستە وەكی جەنابی د.كمال باسی كرد، درێژكردنی ماوەی ماددەی 140 فەرقە لەگەڵ درێژ كردنی ماوەی 58، 58 بەقانونێك هاتبوو، بەبریارێكی جەمعیەی وەتەنی یان بە قانونەك دروستیان كرد یان ماوەیان درێژ كرد، لێرە پێویستی بەتەعدیلی دەستوور هەیە، تەعدیلی دەستووریش لازمە إستفتای تێدا بێت، سێ محافەزەش ڕەفزی نەكاتن، بەس نوقتەی جەوهەری لێرەدایە، ئەگەر هاتوو ماوەكە تەواو بوو، حكومەتی عێراق داوای تەعدیلی دەستووریان كرد، ئێمە دوور نینە زاهریەن وا بلێین كە سیلاح لەدەستمانە سێ محافەزە ڕەفز دەكەت، ڕەفز كردن ئەو كاتە لە مەسڵەحەتی مەدا نیە، چونكو ماوەكە تەواو بوویە، ڕەفزكردنی درێژ كردنی ماوەكە لە زەرەری ئێمەدایە، كەواتە لازمە مەوقیفیكی تر وەرگرین بە ڕەئی من، حكومەتی عێراق جەدوەلێكی زەمەنیان هەیە، ئێمە مەوقفەكی حاسم وەرگرین، ئەگەر هاتوو مەرحەلەی ئەوەل جەدوەلی زەمەنی تەنفیز نەكرا، لەوێ لازمە مەوقیفمان هەبت، مەجال نەدەین تەجاوزی ماوەی ئەوەل بێتە كرن، ئەگەر تەجاوزیان كرد، تەجاوزی ماوەی دووەمیش ئەكەن، سێیەمیش ئەكەن دواهی ئێمە ناحەق ئەبین، ئەڵێن وەڵا ئیشەكە تەواو نەبوو زمنی مودەی موحەدەد، داوای تەعدیل كردنی دەستوورمان كرد، ئەوە كوردەكان موافق نینە ئەو وەختە لەحەلەقەیەكی موفرەغ ئەسوڕێین، ئو داخلی ئەو حەلەقەیە بكەین بەرەئی من نەتەنفیز كردنی مەرحەلەی ئەوەل نەڕێز گرتنە لە دەستووری عێراق مەفروزە قیاداتی عێراقی وەك پەرلەمان مەوقفەكی توندیان هەبت و ئاشكرایان هەبت، شەفافیان هەبت، ئەگەر هاتوو ڕێز لەماددەی 140 ماوەكانی نەهاتە گرتن ئێمە مسۆگەر كردنی یەكێتی عەردی عێراق ناكەین، ئەوە حەقەكە لەدیباجە هاتووە، دوور نیە خەڵكەك بلێتن دیباجە قوەتی دەستووری نیە، قوەتی قانونی نیە، بە مەفهومی جمهوری فوقەهائی قانونی دەستووری من نالێم ئیجماعی لەسەرجمهوری فوقەهائی قانونی دەستووری لەعالەم ئەڵێن دیباجەی دەستوور پارچەیەكە لەدەستوور ونەفسی قوەتی هەیە، بەڕەئی من ئێمە لێرە زۆر مەوزوعەكە بەحەساسیەت وبەئەهەمیەت وەربگرین وا نەكەین كو ئەو شوعورە لەلای ئێمە بت، بلێن وەڵا ئەو ماددەیە نایەتە گۆڕین ئێمە موافەقەناكەین چوكو

**نەموافەقەکردن دوایی لەسەر گۆڕانکاری سەر دەستوور مەعنای ئەوە ماوەکە لێرە تەواو بوو لێرە ئێمەش موافەقەمان نەکرد لەسەر درێژ کردنەوەی ماوەکە ئەلنەگبەت کوبرا, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس. بەڕێز کاك کەرخی.**

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**جارێ دەمەوێ سوپاسی بەڕێز د. محمد إحسان بکەم، بۆ ئەو شەرح و تەفصیلەی کە پێشکەش بە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کرد لەو مەسەلەیەوە، بەڵام هەندێ حەقایق هەبوو بۆیە من حەزم کرد لێرەدا ڕۆشنی بکەمەوە، یەك لەوانە زۆرجارگوێمان لێدەبێ، ئەڵێن ئەندامێکی تورکمان زیادکراوە، لەڕاستیدا ئەندامێکی تورکمان نیە، ئەندامێکی جەبهەی تورکمانیە زیاد کراوە هیچ عیلاقەی بەگەلی تورکمانەوە نیە، من زۆر جار ئەوە دووپات دەکەمەوە، ڕجاشتان لێدەکەین، کە ئەو دوو شتە لەیەك جیابکەنەوە، هەتا بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان و ئێستا بەڕێز د. محمد إحسانیش هەر وتی ئەندامێکی تورکمان حەقە بڵێن ئەندامێکی جەبهەی تورکمانی زیادکراوە چونکی گەلی تورکمان حەقیقەتێك هەیە لێرە چەند کورد دەیەوێت ماددەی 140 جێبەجێبێت بڕواتان هەبێت تورکمان لەو زیاتر حەزی لێیە بۆشی باشترە کە ماددەی 140 تەتبیق بکرێت، کامە خاوەن ویژدانێك بۆی هەیە بڵێت، ماددەی 140 لەکەرکوکدا یان لەشوێنەکانی تردا، تەتبیق نەکرێت، کەچی لە زمنی ماددەی 140دا هەموو بەسەدانساڵ مافە زەوتکراوەکانمان دەگەڕێتەوە سەر حەقی ساحێبی شەرعی خۆی، چۆن دەتوانین بڵێین تورکمان ڕەفزی ئەو ماددەیە دەکات دەتوانین بڵێین جیهەتێکە کە بەناو تورکمانە ئەوان ئەو شتە دەڵێن ئەو ئیتهامە لەسەر تورکمان ئەبێ هەستێ وئەو شتە ڕاست بکرێتەوە، دووەم ئالیەتی دانانی ئەندام لەو لیژنەیە هەتا ئێستا ئەگەر بەئەمری سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ بێ، ئەوە موشکیلەمان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێت، چونکی ئەوەی بەشەرعی گەلی تورکمان لە عێراقدا تەمسیل دەکات تورکمانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانن و ئەندامانی ئەوانەی کەلە بەغدان، حیزبەکانیشیان هەر لەوانە پێکهاتووە، إستیناد لەسەر چی دەکرێ من نازانم بۆیە پرسیاردەکەم، چۆن ئەو ئالیەتە پێکهاتووە، چۆن ئەو ئەندامە زیاد کراوە، بێ ئەوەی هیچ حیزبێکی تورکمانی ئاگادار بێت، سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**من ناوەکانم لە خوارەوە نووسیوە دوایی ئەگەر کەسێکم لەبیر کردبوو ئاگادارم بکاتەوە، کاك جمال.**

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێشەکی سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەم، کەئەو تەوزیحاتانەی دا سەبارەت بەکەرکوك و ناوچەکانی تر، دیارە سەقفی زەمەنی وەکو ئیشارەتی پێدرا زۆر گرنگەو کاك فرسەت ئیشارەتی پێداو منیش ئێشارەتی**

پێدەدەم، مەرحەلەی یەکەمی تەتبیع هەندێك کێشە هەیە، لە زمنی سەقفی زەمەنی بۆ تەتبیع وەکو گەڕانەوەی ناوچەکانی وەکو چەمچەماڵ و کفری وکەلار وئەوانە ڕەنگە پێویستی بەجوهدێکی زۆر نەبێت ئەگەر ئەو شارۆچکانە بگەڕێنەوە سەر کەرکوك، ڕەنگە قەرارێکی ئیداری ئەوە چارەسەری بکاو ئیزافە ببێت لەسەر کەرکوك، بۆ ئەوە تەئخیر دەبێ، دوو کێشەی ناسنامەکانی ئەوکوردانەی کە تەعریب کراون، هاوڵاتیەکی کوردی کە ناسنامەکەی گۆڕیوە بەناسنامەی عەرەبی ئایا ئەمە چارەسەر ناکرێت زمنی فەترەی زەمەنی تەتبیعکردن ئەو مەرحەلەی یەکەم، کە پێش ئەوەی ئێمە بڕۆین بۆ مەرحەلەی دووەمی ئامارو ئیستیفتا کە ئەو فەترە موحەددەدەو تەحدید کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو نازناز.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی بەڕێز کاك د. محمد إحسان دەکەم پرسیارەکەی من لەسەر پەیوەندی ئەو لیژنەیە و پەیوەندی جەنابیان وەکو کەسێکی ئەندام ونوێنەری حکومەتی هەرێم، لەگەڵ ولآتانی بەریتانیا و ئەمەریکا لە چ ئاستێکدایە وبۆ تەنفیزکردن وجێبەجێکردنی ئەم کارە و ئەرکەکانی ئەم لیژنەیە وتەتبیعکردنی ناوچە دابڕاوەکان وهەروەها پەیوەندیان لەگەڵ دووەلی مانیحەو لەگەڵ ئینتەرناشناڵەکان و بانقی دەولی بۆ ئەوەی تەعویزی ئەو هەموو کەمتەرخەمیەی حکومەتی عێراق بکرێتەوە بۆ بەفیڕۆدانی ئەو پارەیەی بۆ تەتبیعکردن دانراوە چونکە بەڕاستی ئێمە و جەنابیشیان کەلەڕووی عیلاقاتی دەولی دەستێکی باشی هەیە، ئایا ناتوانین ئێمە لەو ڕێگایانەوە تەعویزی ئەو ماددەیە بکەین کەلەکاتی خۆی بەئێمە ناگات وبێ ماددەکەش ناکرێ کارەکە بەڕێوە بچێت، لەڕووی ماددی و لۆجیستیکەیەوە ئێمە پێویستیمان بەو پارەیە هەیە، ئایا حکومەتی هەرێمیش ناتوانێت بەشێك لەو کەموکوڕیە ماددیە تەعویز بکاتەوە، چونکە ئەوە شتێکی زۆر چارەنووس سازە، ئەگەر ئێمە دان بەخۆماندا بگرین و بەشێك لە بووجەی خۆمان بۆ ساڵی 2007 تەرخان بکەین شتێکی باشی بووجەی هەرێم بۆ ئەو مەسەلەیە ئایا جەنابیان لەو ڕووەوە هەوڵوتەقەلاکانیان چیەو پلانی چیە بۆ ئەم عیلاقاتە، چونکەبەڕای من ئێمە تاکو ڕاستەوخۆ لەناو ئەوبازنەی خۆمان وئەوان کە عێراقە بسوڕێینەوە، قەت تەسەوڕ ناکەم دەسکەوتێکی باش بەدەست بهێنین ئەوە ساڵەهای ساڵە ئێمە ئەوەمان تەجروبە کردووە، ئەوەی کەحەسمی مەوزوعەکان دەکات، سیاسەتی دەولی وسیاسەتی دەرەوەیە بەتایبەتی سیاسەتی ئەمەریکایە، ئایا ئەگەر ئێمە تاقەتمان زیاتر سەرف کرد و سەرنجی ئەوان بۆلای ئەو مەوزوعە ڕابکێشین بەهەموو قوەتی خۆمان، ئالیەتی گونجاو پەیدابکەین پلانی باش دابڕێژین تەسەور ناکەن ئەوە بەقەدەرئەو هەموو هەوڵانەیە کەئێمە و ئەوان دەیکەین بەرامبەر بەیەکتری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك ئەنوەر.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی لەلیژنەی ماددەی140 دەكەین، پێم خۆش بوو كەئەو دوو ئەندامەی تریش لێرە بانایە، ئەوانەی كەلەلیژنەكەن، بەسەرۆكایەتی بەڕێز د. محمد، پرسیارەكەم ئەوەیە بۆ جەنابی دكتۆر ئایا ئالیەتی چارەسەركردنی ئەو كۆسپانەی كەلەپێش جێبەجێكردنی ماددەی 140 هەیە، چیە لەلیژنەكەتاندا كە یەك لەو كۆسپانەی جەنابت باست كرد، ئەو لێك حاڵی نەبوونە یان مەفهومی متنازع علیها لەلایەن لیژنە و لەلایەن حكومەتی فیدراڵ چۆن تەوزیحات ئەدرێت وچۆن ئەتوانرێت تەسەورەكان بكرێت بەیەك چونكەتا تەسەور بەرامبەر بەو تەعریفە نەبێتن بەیەك حەتمەن كێشەكان هەر بەردەوام تر دەبن، دووەمینیان مەعلومات چیە لەسەر شوێنەكانی تری كوردستان كەداخلی هەرێم نین، مەسەلەن باس هەر باسی كەركوكە، ئەو شوێنانەی تر كە مەسەلەن تاكو ئێستا لەرۆژنامەكان دەخوێنینەوە كە ئالیەتی تەعریب و بەردەوام بوونی تەعریب هەر هەیە، یان مەزلۆمیەتی كورد هەر هەیە لەو شوێنانەی تردا، ئایا جەنابتان چ مەعلوماتێكتان هەیە لەو مەوزوعانە؟ خاڵێكی ترم ئەوەیە ئایا هەڵوێستی ئەمەریكا وبەریتانیا چۆنە بەرامبەر بەجێبەجێكردنی ماددەی 140 یەعنی بەوازحی باس بكرێت، هەروەكو دادە نازناز باسی كرد، ئایا چۆنە هەڵوێستەكە، بەئیجابیە یاخود بەسلبیە یان موحاید وبێلایەنە؟ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. كاك اسعد.

**بەڕێز اسعد شاكر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنێكی گەرم لە د. محمد إحسان دەكەین. سێ ئستفسارم هەیە، یەكەم لەپێكهێنانی ئەو لیژنەیە وگۆڕانكاریەكە، دەلالەت دەكات كە ئێمە باش دەزانین، قوەتێكی تر هەیە وەرائە ستار كەتەئسیر دەكاتە سەر ئەولیژنەیە، چونكە مەعقول نیە وەكو جەنابیشت وتت لیژنە سەرۆكی هەبێتن ونوێنەری سەرۆك وەزیران مالكی ئەندام بێتن لەو لیژنەیەدا، ئەوە خۆی بەخۆی وادەكاتن كەكارەكان لەناو لیژنە تێك بچێتن، ئەوەی ئێمەش دەیزانین كە وەزارەتی عەدلیش عاجز بوویە بەتەمایە سەرۆك بەجێی بهێڵێتن، لە سەرۆكایەتیەكەی ئەوە یەك، دووەم دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی كاك كەرخی ئاڵتی بەرماغ كەدانانی نوێنەر لەبەرەی توركمانی لەناو بەرەی توركمانی ئەوە شتێكی یاسایی نیە، بۆ چونكە ئەوەش هەر عەینی شت زەختی دەرەكیە لەسەر بەڕێز مالكی كەئەو نوێنەرەی دانێ، ئەو نوێنەرەش خۆی باش دەزانین ئێمە توركمانەكانی عێراق كەئەو حزبە پاش ڕزگار بوونی عێراق لە ڕژێمی بەعس ئەوجا دانراوە، لەسەر چ بنەمایەكیش دامەزراوە ئەوەش باش دەزانین، رەئیس حزبەكەشی كاك ئەنوەر بەیرەقدار، ئەوەلەن

حیزبەکەی ئیجازەی نیە، قانونی نیە ئەوە زۆر ئەساسە چونکە رەئیس وزەرای عێراق شتێکی ناقانونی دانێتن لەناو قانون چونکە ئێستاکە ئەو چ خۆی چ حزبەکەی بەرەی تورکمانی چ لە کوردستان ئیجارەیان نیە چ لە عێراق بۆ، چونکە ئەمری دەرەکی هەیە، ئەنگۆ لەوانە گەورەترن نابێ ئیزن وەرگرن، ئەوەش غەیرە قانونیە چۆن ئەبێ لەناو قانونمان شتی غەیرە قانونی دانێین، سێیەمیش دانانی بووجەی 200 ملیۆن دۆلار کەدانراوە، 29 ملیۆنیان داوە، ئەوە بووجەی 2007ە ئەبێ هەموو 200 ملیۆنەکە لەبانق دانرێ لە حسابی ئەو لیژنەی 140ە ئەوە ئێستا مانگێك ونەختێك مایە، خلاص بی لەو باوەڕەم ئەو پارەیە هەمووی نادرێت، سەبەبێکی ڕەئیسیش دەبێتن بۆ دواخستنی تەنفیزی ئەو ماددەیە، ئەوجا من ئیقتراحم لەبۆ جەنابت هەیە، کە دەڵێیت 13 مانگ دەچیت جەنابی مالکی دەبینیت، لەوێ ئێمەش وەکو تورکمان 20 -30 حزبمان هەیە لە گشت عێراق بابە ئینتخاب نوێنەر دانێن نەك ئەوان هەمووی 5 حزبن هەریەکیش بەلایەك پەیوەندیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەین، بۆ ئەم دانیشتنە. من دوو پرسیارم هەیە لەگەڵ تێبینیەك، پرسیاری یەکەمی من ئەوەیە کەی ئێمە و خەڵکی کوردستان و ئەو خەڵکەی کە چاوەڕێیە، ئەبینن کەیەکەم وەجبەی عەرەبی هاوردە کەلەنەتیجەی سیاسەتی بەعەرەب کردنی حزبی بەعس ئەگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی و خەڵکی ڕەسەنی ئەو شوێنانە ئەگەڕێنەوە بۆ زێدی باو باپیریان ئەمە یەکەم، دووەمیش جەنابی وەزیر من ئەمەوێت لە بۆچونەکانی هەریەك لە حکومەتی نوری مالکی تا لایەنە سیاسیەکانی ناو حکومەتی عێراق هەروەك ئەندامانی بەڕێزیش پێش من باسیان کرد، هەڵوێستی سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا وبەریتانیاو هاوپەیمانان بزانم سەبارەت بەجێبەجێکردنی ماددەی 140 تاکوێ ئەوانە توانیویانە هاوکار بن، دەشزانین ئەوان لەعێراق تاڕادەیەکی زۆر هەوڵی ئەوە دەدەن کەدەستوور ودەسەڵاتێکی قانونی جێگیر ببێت، ماددەی 140یش یەکێکە لەوبڕگانەی کەلەدەستووردا هاتووەو خاڵی سێیەمم تێبینی سێیەمم ئەوەیە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دڵنیاشم سەرجەم بەڕێزانی ئامادە بووی ئەم ئەنجومەنە هاوبیر دەبن لەگەڵ من کەهەموومان بڵێین بەتێکڕایی پشتیوانی خۆمان بۆ هەوڵی جەنابتان وسەرکردایەتی سیاسی کوردو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 دووپات دەکەینەوە، بەتەواوی مانا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**كاك ئارێز بەس پێش ئەو من مولاحەزەیەکم هەیە ئەوەڵەن لە جیاتی هەمووتان من بەخێرهاتنی بەڕێز د. محمد إحسانم کرد، بۆ ئەوەی قەسەکانمان مورەکەز بێتن، لەجیاتی هەمووتان جارێکی تر بەخێرهاتنی دەکەم.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە ئەزانین دوای رووخانی ڕژێمی بەعس هەموو دام ودەزگاکانی حکومەتی عێراقی هەڵوەشێندرانەوە، ئەمن، موخابەرات، پۆلیس هەرچی هەیەتی هەڵوەشێندرایەوە، قەراراتی قیادەی سەورەشی هەڵوەشێندرایەوە، بەڵام ئەوەی ئەبینین ئەوەی تایبەتە بەگەلی کوردستان بەتایبەتی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدایە تائێستا بڕیارەکە سیاسەتەکە ستەمەکە، هەمووی بەردەوامە، تاکو ئێستاش ئەوەی دیومانە، مەبەستی من ئەوەیە ئەوەی بڕیارەکەی دایەو کارەکەی کردیە ئەوەش کە پێداگریش دەکات لەسەرمانەوەی ئەو ستەمە بەڕأی من هیچ جیاوازیەکی نیە یەعنی جیاوازی ئەم ستەمە ببینم لەگەڵ ئەو ستەمە، لەو ڕوانگەیەوە هیچ جیاوازی نابینم، ئەوە یەك، دوو ئێمە حکومەتی عەلاویمان دی پیاوێکی عیلمانی وکراوە، سیاسەتەکەیمان دی، حکومەتەکەی (جەعفەری)یشمان دی چۆنی تەسەروف کردوو، سەری خۆشی لەسەردانا ئەوەشمان دی، ئومێدێکی زۆر زۆرمان بەمالکی هەبوو لەبەر دوو هۆ، یەك پێمان وابوو کەسێکی جیاوازە، دوو لەبەر ئەوەی تەجروبەی جەعفەری لەپێش چاو بوو، بەڵام ئەوەی ئێمە ئێستا ئەیبینین تەگەرە دروست ئەکات، یەکێك لەتەگەرە دیارەکان دانانی نوێنەرێکی بەرەی تورکمانیە، ئێمە قانونمان هەیە کاتێ قانون جێبەجێ دەکرێ بەنیسبەت من عەرەبێك یان کاك محمد إحسان جێبەجێی بکات هیچ جیاواز نیە، ئەگەر ئەو ماددەی لەدەستووردا هاتیە ئێمە کێشەمان لەوە نیە نوێنەری کورد چەندە وچەند نیە، هی تورکمان کێیەو کێ نیە، با هەمووی گەلی تورکمان بێت، هەموومان ئەزانین یەك لەژێر زەختی دەرەوەیە، دوو بۆ دواخستن وتەرەویس کردنە، سێش نیەتی باش نیە، من پرسیارێك ئەکەم کاتێ نیەتی باش نیە، لە جێبەجێکردنی ماددەیەکی دەستووری، نیەتی باش یەعنی ئێمە بەتەمای چین لەو حکومەتە لە ئایندەی ئەو حکومەتە، لە ئێستاوە وردە وردە کاتمان لێ بەفیڕۆدەدەن، ئایا بەفیڕۆچوونی ئەو کاتە بۆ ئێمە تەعویز دەبێتەوە وەکو کاك د. کمال و کاك فرسەت باسی جانبە قانونیەکەشیان کرد، رەنگە ئێمە لەدوایی توشی ئەزمەیەکی گەورەش بین، ئەگەر هاتوو دەستوور دواخرا، دەستکاری کرا، رەنگە هەندێ شتیشمان بەسەردا بسەپێنن، لەدەستوور ئەو وەختە رەنگە هەندێ مەبادیئ کە ئێستا بەدەستمان هێنایە لەدەستی بدەین، لەبەر ئەوە من دوو قسەی ترم هەیە، یەکێکیان ئەوەیە پرسیار لە د. محمد إحسان ئەکەم ئەڵێ بەیەك کارت نەچینە گفتوگۆ، ئێمە کارتێك جێبەجێکردنی ماددەکەیە، ماددەی 140 بەڵام پرسیار دەکەم ئەی کارتەکەی تر چیە لەکاتێك دەبینین لەکاتی خۆیدا ئەوە جێبەجێنابێتن، چ کارتێکی تر بەکار بهێنین یەعنی نەخشەی چیە بۆ ئەو مەسەلەیە، ئەوە یەك، دووەمینیش داوا دەکەم پەرلەمانی کوردستان لەم دانیشتنەدا هەڵوێستێکی ڕوون وئاشکرا بداتە حکومەتی فیدڕالی هەڵوێستی زۆر**

به ئاشكرای تێدا ڕوون بكاتەوە بەنوێنەرایەتی گەلی كوردستان، لێرە بەدواوە ناتوانین چاوپۆشی لەپێشێل كردنی ئەو دەستوورە بكەین كەتەواوی گەلی عێراق دەنگی لەسەرداوە، ئێمە ناتوانین چی تر چاوپۆشی لەستەمێك بكەین، كەحكومەتی بەعس لەگەلی كوردی كردیە، وئێستەش درێژەی پێدەدەن، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاتەم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من وەكو خۆشمان لێی بەئاگاین، لە قەسەكانی كاك محمد إحسانیش دەردەكەوێت. كەشك وگومانێگ هەیە، لەجێبەجێكردنی ماددەكە، ئێستاش ئیهمالكردنێكی تێداهەیە، بۆیە من یەك دوو خاڵێكم هەیە هەرچەند هەندێكیان باسكرا، بەڵام ئەوەی كەلام ماوە، یەكێكیان ئەوەیە كە پێشنیاری ئەوە دەكەین یان داوای ئەوە دەكەین كە ئێمە لیژنەكانی كوردستان هەموو خەڵكی كوردستان بەعام هەموو ئەو لیژنانەش كەتەشكیل بوون، بەئاگابین ئەو جەلسانە كەئەكرێت، ئەو كۆبوونەوانەی كەئەكرێت ئەو مەحزەرانەی كە كۆبوونەوەكەی لەسەر ئەكرێ وێنەیەكی بداتە ئەولیژنانەی كوردستان بۆ ئەوەی لێی بەئاگابین، دووەم شتیش وەكو یەكێك لەبرا بەڕێزەكان باسیكرد، ئەو مەبلەغەی كە دیاریكراوە، بچڕ بچڕ نەكرێت هەتا ببێتە بیانویەك بۆ ئەوەی تەتبیعەكە دوابخات، سێیەمیش هەوڵ بدرێت ئەگەر نەبێتە ئەوەش كە عەرقەلەی بۆ دروست بكەن، بەشێوەیەكی دەستووریش بڕوات بەڕێوە، بەشێوەی ئەو مەرحەلانەی كەلەدەستووری هەمیشەیی عێراقدا دیاریكراون، مەرحەلەی تەتبیعی كەركوك وئەوشوێنانەی كەنیزاعیان لەسەرە جێبەجێ بكرێت و زۆر سوپاس.

**بەریز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا حەقە فرسەتێك بدەینە كاك د. محمد إحسان پێشتریش ناوی خۆمم نووسیوە دوو كەلیمە قسە ئەكەم وئێتر جوابی ئەو شتانەتان بداتەوە، سەرەتا نەوەك نوقتەی نیزامی بگرن، ئوسوڵ وایە بێم لەوێ دابنیشم بەڵام ئەوە لەبەر ئەوەی جەلسەی موسائەلە نیە، جەلسەی موسائەلە بێ ئەگەر پرسیارێكم هەبێ ئەبێ بێم لەوێ دانیشم بەڵام ئەم جەلسەیە بە جەلسەی موسائەلە نازانم بۆیە لەجێی خۆمەوە قەسەكانم دەكەم، من تەنها دوو پرسیارم هەیە، یەكێكیان، ئەوەیە كاك د. محمد إحسان ئاماژەی بەوەكرد گفتوگۆ و مەسەلەی كارت وئەوانە من پێم وایە گفتوگۆ نیە ئەوە، ئەمە لیژنەیەكە بۆ جێبەجێكردنی ماددەیەك، خاڵەكانی دیاری كراوە، پێویست بەگفتوگۆ ناكاتن، بەعەكسەوە دەبێ ئیسرار بكەین لەسەر هەنگاوەكان، ئەوە 4،3،2،1 جێبەجێبكرێتن، دوو، جێبەجێكردنی ماددەی 140 تەنها ئەركی ئەو لیژنەیە نیە، بەقەناعەتی من مەسئولیەتی هەموو لایەنێكە هی حكومەتە حكومەتی فیدراڵ حكومەتی هەرێمە، حزبە سیاسیەكانە هاوڵاتیانە، هەركەسێك لەبواری خۆیدا، بۆی بكرێتن هەنگاوێك بنێتن، هاریكاری دەبێتن بۆ جێبەجێكردنی

ماددەی 140 بۆ نموونە: هەموومان دەزانین لەرۆژنامەکان لە تەلەفزیۆن بلاوببووەوە، لێرە لەپەرلەمانی ئێمە پێشوازیمان کرد لە وەفدێکی عەرەبە هاوردەکان کە ئیمزای حدودی 65 هەزار کەسیان کردبوو، کەنزیکەی 7 هەزار عائیلە بوون هاتن لێرە ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان، تەنها هەندێك مەتالیبیان هەبوو، دواتر چوون بەڕێز سەرۆکی هەرێمیان دی، لە بەغدا سەرۆك کۆماریان دی، کاك د. إحسانیش بەتەئکید دیویانە، ئاگادارن لەمەسەلەکە، چی کراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم داوایە من پێم وایە ئەوە نیوەی موشکیلەکە حەل دەکاتن، ئەگەر ئەوە جێبەجێبکەن، چەند حکومەتی هەرێم دەتوانێت هاوکار بێت ڕانەوەستێت لەسەر ئەوەی بەغدا کە هاوکاری کارمان بێتن، حکومەتی هەرێمیش ئەتوانی هاوکاربێتن، بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵە، حزبە سیاسیەکان دەتوانن هاوکاربن بۆ ئەو کارە، جگە لەوەش چەندین نامەمان بۆ هاتووە، لەلایەن ئەنجومەنی قەزاو ناحیەو گوندەکان کە تائێستا لەدەرەوەی هەرێمن خۆیان داوا دەکەن کە ئەوان نوێنەری خەڵکن، لەوێندەر خانەقینە سنجارە گوندەکانی دەوروبەری کەرکوکن، داوا دەکەن کە ئەو ئەنجومەنە بە إنتخاب هەڵبژێردراون، بخرێنەوە سەر کەرکوك، ناوچەکانی کوردستان، ئایا ئەم لیژنەیە چی کردووە بۆ ئەوەی لەم بوارەدا بچێتە پێشەوە پێویست بەوەناکاتن تەتبیع کراوە، مەسەلەن تەتبیع ئاسانە لەوێندەر، یاخود پێویست بەو هەنگاوانە ناکاتن لەوێندەر لەکەرکوك پێویستە، لە شوێنێکی وەکو خانەقین وەکو سنجار، ئەوە زەحتێك بێتن لەسەر حکومەتی فیدڕالی بەغدا کەئەوە داواکاری خەڵکە لەو ناوچەیانەدا، هەتا بەتەنها خۆشی ئاماژەی پێکرد، خەڵك پێی وایە بەس مەسەلەی کەرکوکە، بەڵێ زۆر خەڵك پێی وایە 140 یەعنی کەرکوك، بەڵام خەڵکی واعی دەزانێتن خانەقینە، سنجارە، ناوچەی تریشن، بۆیە لەو دوو مەسەلەیەدا حەزدەکەم، بزانین حکومەتی هەرێم چی کردووە، بەو إعتبارەی ئەندامە لە ئەنجومەنی وەزیران، چی دەکرێتن، ئێمە بەحەقیقەت جگە لەخۆشمان سەرۆکایەتی هەرێمیش موهتەمە، بەجێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، نوێنەرێکی داناوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، پێم وایە ئەمڕۆ ڕۆژی کارە، ساڵێك ومانگێك وپانزە ڕۆژمان لە پێشە، وەکو کاك فرسەت گوتی ئەم ماوەیە درێژ ناکرێتەوە لەبەر ئەوەی نەصێکی دەستووریە، دەبێ ئێمە تەئکید لەسەر ئەوە بکەینەوە، قەت مومکین نیە ئەو ماوەیە درێژبکرێتەوە، بۆیە دەبێ زەخت بکەین لە سەقفی زەمەنی خۆیدا تەواو بێتن، زۆر سوپاس.

فەرموو کاك دکتۆر وەڵامی ئەوەندە بدەوە دوایی ئەچینە سەر برادەرانی تر.

**بەڕێز د. محمد إحسان/ وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تر زۆر زۆر سوپاس دەست پێدەکەم لە پرسیاری کاك کەرخی من داوای لێبوردنی لێدەکەم کە وتم نوێنەری تورکمانن نەخێر من قەت ناڵێم نوێنەری تورکمانن وپێم خۆش نیە ئەو شەرەفە پێیان بدەم کە دەقی کتابەکەی ئەوان کەنووسیویانە بۆ مالکی بۆت بخوێنمەوە، بەڵام ئەوان ئەڵێن 4،3،2،1 یەعنی 15 حزبن، جێگای شکە بەس من ئەو شەرەفە پێیان نادەم، ئالیەی تەشکیل کردنی ئەم لیژنەیە قەت بەدەستی

ئێمە نەبوویە، بە حەقیقەت، من زۆر لە دوای چوم بۆ ئەوەی بزانم ئەم لیژنەیە، چۆن هاتیە تەشکیل کرن، ناومان چۆن دەرچوویە، قەوسێك ئەکەم، ( أفتح قوس) یەعنی قەسەی من نیە قسەی مالکیە، ئەڵێ ئەم لیژنە هاتیە دامەزراندن بەئیتفاقێك لەمابەین من د. ڕۆژ د. بەرهەم، ئێمە ئیتفاقێکمان کردیە لەسەر ئەو شتە، منیش تەبیعەتم نیە شت لەدوای قەسەکردن ئەوە دەڵێ ئەم لیژنە لەویَ دەست پێکردیە، یەعنی ئەم ناوانە لەویَ هاتیە دەست نیشان کرن، نازانم لەکام جێگا بەحەقیقەت، چەند ڕاستە چەند ڕاست نیە یەعنی إقتیباس بۆ کاك جەمال، ڕاستە من موتەفقم لەگەڵ قسەی وی، وکاك فرسەت سەدا سەد بۆچونی مەش حەقیقەت لە مەرحەلەی یەکەم ئەوەیە، ئەگەر ئێستا هەوڵبدەین و من پێم وتیە هەموو جارێك بەلیژنەکە ئەڵێم بەحکومەتی فیدڕالیش ئەڵێم، ئەم کێشەیە ئەگەر ماددەی 140 بەمەراحلی سێیەم، لەکاتی وەقتدا هەرمەرحەلەیەك لەکاتی خۆیدا نەیەتە کرن هەندێ جار من زیاتر لەوەقت پێیان ئەڵێم مراجەعەیەکی شاملی کوردە بۆ دەستوور و بۆ مەوقیفیان لەعێراق، و مەوقیفیش ئێستا ئێوە چ ئۆفەرێکە بۆ کورد تاکۆ بڵێن پارچەیەکە لە عێراق، منیش بۆ ئەمەریکان و ئینگلیزەکان ئەوەیە بەڕاستی، بۆ حدودی ئیداری تغیر کردنی حدودی ئیداری پێم زۆر باشە، ئەوەی ماددەی 58 نەخوێندبێتەوە، بەتەفصیلی وبەوردی بیخوێنێتەوە، تغیر کردنی حدودی ئیداری وا سەهل نیە، وەك ئێمە ئەڵێین بەوردی بخوێننەوە، کایە حدودی ئیداری چۆن دێتە گۆڕین، ئەمە قەرارەکە بۆ ئێوەیە، قەراراتی تەغیر هەویەو شتان ئەوە ئۆتۆماتیکیەن خەڵك خۆی زۆری کردیە، حەقیقەت یەعنی خەڵك خۆی زۆر زۆری کردیە موشکیلەیەکمان هەیە لەمەنتیقەی سنجار وزمارو ئەوجێگایانە، تا ئێستا سجلەکان هەندێکیان لە موصلە ئیشکالیەی گەڕانەوەی سجلی نفووسمان هەیە، لە خانەقین ئیشەکی باش هاتیەکرن لەو وەزعە یەعنی من حەقیقەت پێت بڵێم، خوشکە نازناز باسی مەوقفی ئەوانەی کەمن ئەبینم ئەوانەی کە عیلاقاتێکی تەواویان هەیە بەم کێشەیە، ئینگلتەرەو ئەمەریکا قونسولێکیان کردەوە لەکەرکوك بۆ ئەم مەسەلە لەبەر ئەو ئەساسە قونسولێکی تریان بۆ نەکرد لە سلێمانی یان هەولێر یان جێگەیەکی تر حەقیقەت تاکو نزیکی جێگای حەدەس بن، ئەمریکیەکان هەم جارێکی تر بە وزوح قسە ئەکەم بۆ لیژنەی ڕیئاسە پوڵسێکیان هەیە لە عێراق ( کیپ کوایت) موستەحیل ئەگەر ئەوان کیپ کوایت یەعنی با هدوء ئمورەکە ئەگەر کیپ کوایت دوژمنەکان بکەنە کوایت رۆژێك ڕەفیقەکانی ئەوانیش کوایت نابن، لەم مەسەلە ئێمە بۆیان دیار دەکەین ئەوان بۆچونێکی خۆیان هەیە، مەفهومیان بۆ ئەم موشکیلە وانیە یەعنی نەزرەیەکی تریان هەیە ڕۆژێك یەکێك گوت موستەشارێکی قانونی نیگرۆ پۆنتی بوو گوت ئێوەی کورد دێنە ئەمریکا 6 ساڵ لەئەمریکا ئەبن، دوایی ئەبیە ئەمریکی و حەقتە کەلەئینتخابی ڕیئاسە ئەوە بکەیت، حەقت هەیە لە فرجینا بچینە مریلاند ئایا چۆن کابرایەکی عەرەب لەبەصرەوە دێتە کەرکوك تۆ ئەڵێیت ئەم کابرایە وایە، وتم وەی وەی ئەگەر سیاسەتەکەی تۆ ئەمە بێت بەخوا ئەگەر تۆ موستەشاری قانونی نیگرۆ پۆنتی بیت حاڵمان زۆر خراپ دەبێت، ئایا لەئەمریکا خۆمن کابرا لە عێراق ڕای کردیە ڕای کردیە خۆ سیاسەتی تەعریب لەمابەین فرجینیاو مریلاند هەبوویە، بەڵام مەوقیفی سیاسی ئەوان حەقیقەت لەگەڵ جێبەجێکردنی

دەستووری تەواون، مەوقیفی ئینگلیزەکان زۆر زۆر موتەفەهیم ترن لەبەر ئەوەی ئینگلیزەکان خیبرەیان لەباری مەسائیلی وا زۆر زیاترە لە ئەمریکیەکان بەلاَم ئێمە لەم مەوزوعەدا هەموو حەقیقەتیان عیلاقەیەکی باشمان لەگەڵیان هەیە، نەك هەرچی شتەك بەئێمە ئەڵێن بەدڵمانە بەلاَم ڕاستە ئێمە دۆستین هاوپەیمانین، بەلاَم لەم مەسڵەحەتە لەم قەزیە هیچ شتەك هاوەنەی پێنایەتە کرن، إنشاء الله ڕاپۆرتێك دەرەچێت نزیك لەسەر لیژنەی هاملتن و بیکەر ئەوەی کە سەردانی عێراقی کرد، حەقیقەت هەندەك شتی زۆر ناشرینی تێدایە، بەلاَم ئێمە بیدەنگ نابین، ئەویش ڕاپۆرتی لیژنەیەکە، سەبارەت بەدوەل مانیحە ئەگەر عێراق نیەتی هەبێت مەشاکیلەکانی خۆی حەل بکات، من ئەتوانم پارە بەملیار بۆ ئەم کێشەیە بێنم بۆ عێراق بۆ کوردستان نەك بەملیۆن، بە ملیار ئەگەر عێراق یارمەتی خۆی بدات وهاوکاربت ئەگەر ئەم لیژنەیە لەسەر ئەم مەسائیلانە بەلاَم تائێستا دوەل مانیحە ناتوانن کار بکەن لەبەر مەشاکیلی دوەل مانیحە ئەگەر ئیتلاعێکت لەسەر هەبت چ مەئساتێکە چەن پارە گەشتیتە عێراق چەند نەگەشتیە حەقیقەت، کاریسەیە، بۆ حەل کردنی ئەم کێشەیە، ئەڵێین چەند تەوەرێك هەیە، پێکتڤیە لەسەر ئاستی محلی کار لەسەر بێتە کرن، لەسەر ئاستی عێراق هەمووی کار لەسەر بێتە کردن، لەسەر ئاستی نیزامی ئیقلیمی کار لەسەر بێتە کردن، لەسەر ئاستی دەولی حەقیقەت، موشکیلە لەسەر ئاستی دەولیمان نیە، لەسەر ئاستی محەلیش نیمانە، لەسەر ئاستی عێراقی من پێی ئەڵێم ئەزمەی قیادەیە، لەسەر کارەکە بێتە کرن، ئەگەر بڵێت نەخێر ئەمە موشکیلەیەو حەلەکرێت، تەرەدود لەوێ هەیە، باسی حیکمەت جێگای پرسیاری ئەوە نیە، لەسەر ئەقلی ئیقلیمی دەروی ئیقلیمی دژی ئەم کێشەیە، حەقیقەتەن مەوقیفەکە دیارە، بۆ کاك ئەنوەر باسی حلولی مەشاکیلەکان کرد، حلول کردنی مەشاکیل ئێمە جادەی کوردیمان هەیە لەبەغدا ئەوان دەورێکیان تیادا هەیە، ئێمە خۆمان، کەلیژنەی پەرلەمانی کوردستانە، کە مومەسیلی ئەم کارەم لەو لیژنەیە ئەندامی یان نوێنەری کوردستانم، سەرۆکایەتی هەرێممان هەیە، دانوستاندن لەگەڵیان ئەکەین، ناڵێم گفتوگۆ قەسدم لەگفتوگۆ نیە مفاوەزات لەگەڵیان ناکەین نەخێر دانوستاندن لازمە، مەسجەکە پێیان بگەیەنین، مەسجەکە و چشت ئەوانە لەدڵمانە مەوقفەکەمان زۆر زۆر سارمە لەبەر دەستکاری خۆ لە سەرەتای لیژنەدا کوردەکان گوتیان ئێمە نوێنەرێکی تر زیاد دەکەین، ئێمە وتمان کاکە با دەستکاری تێدا نەکەین ئەگەر دەستکاری بێتە کرن لە مەسڵەحەتی هیچ کەسێکدا نیە،لەسەر ئەساسی لیژنەکە، مەوقفی ئینگلیز و ئەمریکا ئێستا باسم کرد، ئەوان مەساڵحی خۆیان هەیە لە عێراق ئێمەش مەسڵەحەی خۆمان هەیە، ئەمە مەسەلەی کەرامەتی میللەتێکە، مەسەلەی مەسڵەحەتی چەند شتێکی موشتەرەکت هەیە لەگەڵ ئینگلتەرە و ئەمریکا مەساڵحت گونجاوە چەند شتێکت هەیە جێگای خیلافە مانای ئەوە نیە هەرشتێك لەجێگای مەسڵەحەتی ئەوان بێت ئێمە پێیان ئەڵێین نەخێر بەڵێ ئەمری ئێوەیە، ئەو شتە لە قاموسی کورد نەماوە، کاك اسعد باسی تەشکیلی لیژنەی کرد، حەقیقەت من تەشکیلی لیژنە پێم گوتن چۆن بوو، جارێکی تر جەبهەی تورکمانی ئەڵێم قەت جەبهەی تورکمانی نوێنەری تورکمان نیە، لە ڕاستی حزبێکە حەقی سیاسی خۆی هەیە کەحزبێك یان کۆمەڵە حزبێك بێت، بەلاَم

حەقی مصادەرەکردنی کەسێکی نیە، قانونەن منیش لەگەڵ تۆم ئێستاش ئەو حزبەی لەکوردستان بەقانونی کوردستان حزبێکی مورەخەس نەبت من قەت داینانێم بەحزب بە عەسابەی دادەنێم مەفهومی من شەخصی ئەممەیە بۆی، بۆ پارەکردن نیەتێکی زۆر زۆر چاکە 29 ملیۆن تەرخان کراوە، ئیشارەتێکی باش یەعنی ئەگەر کارەك بۆمە بێتە کرن، خۆ هەرلیژنەیەك بێتە دامەزراندن، لەم میکانیزمە نیە کەهەموو پارە بچتە ناو کارەکەیان یەعنی پارە بەوەجبات ئەچت ئەمە ئسلوبێکی موتەفقە حەتا ئەمە لەحکومەتیش ئەگەر لیژنەیەکمان هەبت پارە هەمووی یەکەم جار نایەتە تەرخانکردن لەسەر ئیمکانیاتی حالی وەزارەتی مالیە ئەمێنیت کە چەند پارە ئەتوانێت تەرخان بکات بۆ ئەو لیژنەیە وەبل ئەخەس لە عێراق مەشاکیلی مالیمان هەیە بەڵام ئەمە کاتی قەراری دەفع هەیە پارە دەفعیان کرد، جێگای دەست خۆشیە، کاك ئارام باسی تەرحیلی عەرەبی کرد کەی دەست پێئەکەن لەوێ، من ئەڵێم جارێکی تر دووبارەی ئەکەمەوە، ناڵێم تەرحیلی عەرەب، ئەڵێین تەرحیلی عەرەب پارچە ئەوانەی بەشدارییان لەسیاسەی تەعریب، حەقیقەت، گەڕانەوەی عەرەب تەشجیعیان دەکەین بۆ گەڕأنەوەیان ئەوانەی بەتەعریب هاتینە کوردستان، قەت ناڵێم عەرەبی ڕەسەن، لەبەر عەرەبی ڕەسەنیش نیە، سیاسەتی تەعریب هەیە زمنی سیاسەتی ئەو ناوچانە، ئەڵێم زمنی سیاسەتی تەعریب نیە برادەرێکی عەرەبە لەم ناوچەیە لەگەڵ خەڵك ژیاوە، لەم ناوچانە مەشاکیلی نیە، ئەهلەن وەسەهلەن، بەڵام ئەو عەرەبەی زمنی سیاسەتی تەعریب هاتیە لەوێ، پارچەیەك لەنیزامی پێشوون، حەقیقەت نەك بەعورفی عەرەبی مەقبولن، بەڵام قسەی من ئەوەیە، پێیان ئەڵێم نە بەعورفی ئێوە ئەم شتە مەقبولە نە بەعورفی عەشایەری مەقبولە نە بەعورفی قانونیش مەقبولە نە بەعورفی سیاسیش مەقبولە نە بەئەمرۆ بەموعادەلەی سیاسی بەس لەم مەنتەقە مەقبولە، ئەوە من گەشبینم لێرە ئەگەر ئەم کارە دەستی پێکرد وەکی تۆپی بەفرەبێت، لەبەر ئەم خەڵکە بەپارە هاتیە، تەشجیع کردنیان بەپارە، جارێکی تر ئەگەڕێمەوە لەبە ئەوە موقتەنیعم ئەم عەردە عەردی ئەوان نیە، موقتەنیعن ئەمە جێگای ئەوان نیە، موقتەنیعن ئەمە بیئەی ئەوان نیە، موقتەنیعن ئەمە عالەمێکی ترە بۆ ئەوان، زەرفێکی خاسیان لەسەر زەمانی بەعس بۆیان هاتیەتەرخانکردن ، هاتین لەوێ دانیشتین و جێگیریان کردیە، بەڵام گەر دەستی پێکرد، وەکی کورەی سەلجیە تۆپی بەفریە گەر دەستی پێکرد ئەو تۆپە بەفرێك دەست پێدەکات گەورە دەبێت گەورە دەبێت بەڵام بەپارە، ئەو خەڵك بەپارە هاتیە بەپارە دەگەڕێتەوە جارێکی تر، حەقیقەت، لیژنەیەکی تریش لەپەرلەمانی عێراقیش هەیە هەم برادەرانی کورد لەوێ زۆرن، حەقیقەت پشتگیرییەکی زۆر تەواوی ئەوانمان هەیە، بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (140) ئەویش جێگای دڵخۆشیە حەقیقەن، کاك ئازاد عبدالله نیەتی حوکمەت، من ناڵێم نیەتی حکومەت نەك ئەولەویەتی ئەسبەقیاتی ئەوانیان نیە ئەهەمیە بەقەزیەی وەکی ئێمە چەند موهیمە بۆ ئێمە بۆ ئەوانیان نەگرتیە، بەداخەوە لەبەر ئەوەی سیستەمی حوکمداری لەوێ بەحەقیقەت عالەمێکی ترە، مامۆستا وتی کارتی دووەم، کارتی دووەم بەدەستی تۆیە بۆ کوردستانی دێنی و کاری پێدەکات، کارتی دووەم لێرە دەست پێدەکات لە پەرلەمانی کوردستان دەست

پێدەکات، نەك لەجێگایەکی تر، کورد هەرچی کارتی تری هەبێت کارتەکانی لێرە سیاغە دەکات بۆیە هەموومان پێکەوە دانیشتین تاکو باسی ئەوە بکەین بەڵام کارتی دووەم لێرەیە، جێگای کارکردن بۆ کارتی دووەم لێرە دەست پێدەکات، کاك حسن داوای کرد محازری پەرلەمان هەرچی شتێك هەیە، لەم لیژنەیە صادر، وارد، محازەرات من مانعم نیە بیخەمە بەردەستی هەموو ئەندامانی پەرلەمان، تاکو هەموویان پێکەوە إتلاعیان لەسەر بێت، پارە پارچەیەك لەحیسابدا هەیە ئەوانی تریش بەوجودی ئێوە هەمووتان ئەتوانین پارەکانی تریش هەمووی ئەبێتەوە بەس ئەگەر نیەتێکی ساف لەبەغدا هەبی، بەڕێز جەنابی سەرۆك گوتی گفتوگۆ بەڕاستی جەنابی سەرۆك گفتوگۆ چونی من بۆ گفتوگۆ کوردیەکەی من مەزبوت نیە مەفهومی گفتوگۆ وانیە، یەعنی کورمانجیەکەی من  مەزبوت نیە یەعنی مەفهومەکەی من وانیە، بەحەقیقەت مەسئولیەتی هەموویانە، عەرەبەکانی زمنی سیاسەتی تەعریب حەقیقەت، ئەو حەق هەزارە، ئێمە لەحکومەت هەوڵمان داوە، کەپارەیەکیان بۆ دابین بکەین بەڵام ئینتزاری ئەوە ئەکەین، کوا لیژنەی (140) پارەیان هەیە یان نیانە، ئەگەر پارە لەوێ بێت ئەوا خۆ ئێوە وەزعی پارەی حکومەت ئەزانن لەمن باشتر ئەزانن وەزعی پارە ئەمڕۆ وەزعی پارە چیە، بەڵام بۆ ئەو مەسەلە من داوا ئەکەم وتیان بۆ شت بۆ خەدەمات نایەتە ئەو ناوچانە من داوا ئەکەم میزانیەی کوردستان دێتە بەردەستان ئێستا 12/ی مانگی 10 یە وابزانم میزانیە نەهاتیە ئێرە، داوا لەپەرلەمان ئەکەم، پارەیەکی وا بخەنە بەردەستمان تا بتوانین ئێمە ئەم کارەی پێ بکەین، لەمیزانیەی میللەت یەعنی میزانیە لێرە مصادەقە دەکرێت، ڕەئی ئێوە لەسەر میزانیە پێم خۆشە ڕەئی ئێوە جوان تەرکیز بکەن چۆن پارەیەکی باش بێتە تەرخانکردن، من خۆم چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەو جەماعەتە کرد حەق هەزارەکان دوو جارم دیوە، تەنسیقێکی باش لەگەڵ ئێمە هەنە، ئەوان ئەبنە بیدایەتی کورەی سەلجی حەقیقەت، زۆر زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ وەڵامەکان  فەرموو کاك ئاخر.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من لەپێشەوە پشتگیری لەبۆچوونەکانی بەڕێز د.کمال و کاك فرسەت دەکەم لەبۆ گرنگی وەقت و ئەم بابەتە، من هەندێ تێبینیم هەیە، تا ئێستا وەکو ئێمەی پەرلەمان، نەمان دەزانی لیژنەی (140) چ هی پەرلەمان بێت و چ هی لیژنەی سەرەکی بێت، بەو شکلە ڕۆیشتیە، پێمان وایە نازانم ختواتەکان زۆر کەمن هیچ نەڕۆیشتوون، ئەگەر سەبەب حکومەتی عێراق بێت دیارە حکومەتی عێراق نیەتی نیە ئەو ماددەیە جێبەجێ بکات، ئەبێ ئێمە لەئێستاوە خۆمان ئامادە بکەین و ئیهتمامێکی سەرەکی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانیش پێی بدرێ، کە ئەو ماددەیە جێبەجێ ناکرێت، یەعنی ئەو جانبەی زۆر بەگرنگی وەربگرین، چونکە جێبەجێ نەکردنی ماددەی (140) یەعنی جێبەجێ نەکردنی دەستوورە، کە دەستوور جێبەجێ نەکرا مانای وایە فیدرالیش جێبەجێ ناکرێت، و هیچ جێبەجێ ناکرێت، و

حكومەتی مەركەزی عێراقیش ناوی لێبنێین فیدرال ئیعتراف بەفیدرالیەكەش نەكردووە، تا ئێستا ئیعتراف بەفیدرالیەت ڕاستە بەدەستووری كردیە، بەدەستووریش وەكو كاك محمد إحسان گوتی لەبەرنامەی حكومەتی مالكی دیارە كە چ بەرنامەیان بەدەستەوەیە، ئەوەل جار گواستنەوەی ئەو عەرەبە هاوردانەیەو دوایی گەڕاندنەوەی كوردەكانەو ئەوانەشیانە جێبەجێ نەكردیە مانای وایە نیەتیان نیە ئەو ماددەیە جێبەجێ بكەن، یەعنی بەشەفافیەت تر ئێمە بچینە ناو مەوزوعەكەوە، ئێمە لە ئێستاوە دەبی بەرنامەیەكی باشمان هەبی، دەبێ خەڵكی خۆشمان خەڵكی كوردستان تێبگەیەنین ئەو قۆناغە هەتاكو چەند چویتە پێش، ئەگەر تێنەگەینین، سبەینێ بووە هەر كێشەیەك ئێمە و حكومەتی مەركەزی لەو دەم ودەستەی ئێمە ناتوانین خۆمان ئامادە بكەین، چونكە تەوەقوعی هەموو شتەكی دەبی بكرێ، ناتوانین ئەو دەمی بلێین خەڵك دەڵێ میللەت دەڵێ بۆ بە ئێمەتان نەگۆت، حەقە بەشەفافیەت ئێمە بەخەڵكی خۆشمان ڕابگەیەنین كە قۆناغەكانی جێبەجێ نابن، ئەمن وەكو تەسەور بكەم، سەركردایەتی كورد ئینتزارەكات جێبەجێ بكرێت، سەبری ئەمریكاش زۆرە، ئەمریكا حوكمەكات لە عێراق، هەتا ئەو دەقەش ڕاستە مەسائیلی دەستووریش هەیە بەڵام ئەمریكا حوكمەكات، و ئەمریكاش وا پێ ئەچێ لایەنگیری ئێمە نەبێ، هەتا ئێستای دەنگی لێوە نەهاتیە بەنیسبەت ماددەی (140) جا ئەگەر بەدزی شتێك هەیە، چیت پێوە دیار نیە زەمەنیش ئەوە خەلاص دەبی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك كەریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا پشتگیری تەواوی بۆچوونەكانی برای بەڕێز كاك فرسەت دەكەم، بەڕاستی بۆ دۆزینەوەی ئالیەتێك بۆ جێبەجێكردنی قۆناغەكانی بەرنامەی مالكی پێویستە و داواكاریشم لە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان هەتاكو زووە هەنگاو بهاوێتن بۆ جۆلاندنەوەی ئەو پرسە، بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆكایەتی هە رێم و سەركردایەتی سیاسی گەلی كوردستان و تەواوی حزبە سیاسیەكان هەروەها لەگەڵ ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئەوەی بتوانن ئالیەتێكی ئەوتۆ دەست نیشان بكەن ئەگەر هاتوو لە مەرحەلەی یەكەمدا جێبەجێ نەكرا ئەم بەرنامەیە پێویستە ئالیەتێك دیاری بكرێتن، ئەوە سەبارەت بەمەسەلەی ئالیەتەكە، چەند پرسیارێكم هەیە لەجەنابی وەزیر، یەكەمیان ئەوەیە دەپرسم ئایا ئەو نووسینگانەی كەركوك، خانەقین، شەنگار لەسەر چ بنەمایەك واتە لەسەر چ ئەساسێك دامەزراون، یان پێك هێنراون، بۆ لەقەزاكانی دیكەی وەكو تلكێف وشێخان و بەدرەو ئەو شوێنانەی تر یان مەخمورو ئەو شوێنانە ئەو نووسینگانە نەكراونەتەوە، ئەوە لەلایەك، خاڵی دووەمی پرسیارەكەم ئەوەیە بەڕاستی ئەو بڕیارەی مالكی ژمارە (84) لە 2006/10/15 دەری كردووە، سەبارەت بە ئیزافەكردنی چەند ئەندامێك بۆ لیژنەكە، ئایا بڕیاری مالكی شەخصی خۆیەتی یان بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەگەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە بۆ

لەلایەن ئەندامان وحەتا ئەو وەزیرانەی لای خۆمان بۆ رێگیری لێ نەکراوە ئەوە پرسیارێکە، پرسیارەکانی دیکەشم برادەران ئاماژەیان پێکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمالمان لەبیر چوو ئێستا فەرموو،

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من تەنها تۆزێك بۆ بەقوەت کردنی مەوزوعەکە، ئەم بەیانیە تەقریرێکم سەیر کرد، لەسەر بڕیاری (140) ( ئیم ، ئێس ، ئێن) لەسەر هەموو مادەکانی دەستووری عێراقی تێبینی خۆیان هەیە، ئەوان وا تێبینی ئەکەن کە ئەم ماددەیە، تەنفیز ناکرێ چونکە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی وجهە نەزەریان هەیە لەسەر تەنفیز کردنی قەراری (140) نیە، تەنانەت ئەڵێن ئیحتمال زۆرە، وا بکرێ جارێکی تر یەعنی دەستوورێکی نوێ دابنرێ، لە عێراقدا لەسەر بنەمای ئەم خاڵە لەسەر بنەمای ئەم ماددەیە (140) بەلەر ئەوە با ئەم بۆچوونە کە خەڵکی دەرەوەو خەڵکی بیانی هەستیان پێکردووە، ئێمەش لامان وازح بێت کە نیەت وایە تەنفیز نەکرێت، ئیتر شتەکانی تر موماتەڵەو تەئخیر کردن ئێمە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، یەعنی بەرنامەجی خۆمان بۆ تەنفیز نەکردنی ماددەی (140) کەئەوان نیەتیان وایە بەرنامەی خۆمان بگۆڕین و بەرنامەکانمان لەسەر مستەوایەك  بێت بیرلەوە بکەینەوە کە لەئێستاوە چی بکرێت ئەگەر تەنفیز نەکرێ، بەڕای من ئێمە تا ئێستا تەنها مەسەلەی بڕیاری سیاسی سەدامی پێشووما کردووە بەبنەما بۆ گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچەکان ئێمە پێویستە وشیارانە کار بکەین لەداڕشتنی بەرنامەیەکی تر لەپاڵ ئەوا بنەمای کلتوری و تەندروستی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو ناوچانە کە بنەمایەکی زۆر پتەو و بەقوەتن بۆ پشتیوانی کەر لەلایەن چ ناوەوەو چ دەرەوە بۆ گۆڕینی ئەو هەڵوێستەمان و کارکردنمان  لەو لیژنەیە یەعنی ئەمە بکرێتە ئەساس ئەگەر بمانەوێ وەکو دکتۆر وتی قەناعەت بەئەمریکا بکەین کە کەرکوك بگەڕێنینەوە لەبەر ئەوەی خەڵکێك لە جنوبەوە هاتۆتە ئێرە یان بەقەراری سەدام ئەمە زەحمەتە بەڵام ئەگەر ئێمە کار بکەین لەسەر مستەوای کە تا چ ڕادەیەك ناحیەی تەندروستی خۆی ئەبینێ ناحیەی کۆمەڵایەتی دەوری خۆی ئەبینێ ناحیەی ئابووری دەوری خۆی دەبینێ خەڵکێك لە چەمچەماڵ ببرێ بۆ ئەوەی کارێکی لە سلێمانی جێبەجێ بکات، لەباتی ئەوەی 20 کیلۆ مەتر بچێتە کەرکوك بۆ ئەوەی کارەکەی خۆی جێبەجێ بکات، بۆ گەڕانەوەی ناحیەی ئیداری ئەو شوێنانەی کە لابراون لەسەر کەرکوك یان لەسەر ناوچەکانی تر، کەواتە ئێمە پلانەکانمان لە ئێستاوە وەکو پلانی جامیعە بێت لەدەرەوە، لەدەرەوە خەڵك ئەچێت ئەخوێنێ ئەتوانێ بخوێنێ بۆ دووساڵ ئەو دەرسانە بخوێنێ کە ( ئەی ، ئەی) ئەهێنێ مەسەلەن ئەبێتە خەریجی کولیە یان ئەو دەرسانە بخوێنێ کە ( ترانسفێر) ئەبێت، یەعنی بۆ ئەوەی کە جامیعە تەواو بکات، ئێمەش با بنەمای کارەکانمان لەسەر ئەوە دابڕێژین ئەم لیژنەیە کە نیەتێکی زۆر بەقوەت هەیە لەلایەن عێراقیەکان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان عێراقی زۆرینەیان کە

زۆر مورتاح نین بەم ماددەیە و زۆر دەرو دەبینین بۆ ئەوەی کە نەك تەنفیزی نەکەن بەڵکو بەهۆی ئەوەوە دەستووریش بگۆڕن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە لەگەڵ تەعقیبێك لەسەر قسەکان، حەزم کرد لە دکتۆر بپرسم هەرچەند نەی وت ژمارەی ئەو کەسانەی لەناو لیژنەکەدان ژمارەیان چەندە و جەنابتان ئاماژەتان پێکرد کە سێ کوردی تیایە ئایا کەم نیە ژمارەی سێ کورد لەو لیژنەیەدا، کە ئێمە داوای حەقی خۆمان ئەکەین، دوو باسی نووسینگەکانت کرد، کە مەکاتبتان کردۆتەوە لەو شوێنانەی ئاماژەت پێکرد، ئەو مەکاتبانە کێن، هەر دیسانەوە لە تورکمان و لەعەرەب وکورد پێك هاتوون، حەزەکەم ئەوەشم بۆ ڕوون بکەیتەوە خاڵێکم هەیە بەڕێزت لەبنکەی کاوە، کە بویتە وەزیر زۆر بە قوەت و موتەفائیل بەهینێکی زۆر خۆشەوە دڵی هەمووومانت خۆش کرد، وتت هەرچی ناوچەکانە کە نەبەستراونەتەوە بەکوردستانەوە هەر ئەیکەم و ئاماژەشت  پێکرد، بەڵام من ئێستا هەست دەکەم، ئازارێك لەناو دڵ ودەروونی تۆدایە، مالکی وای کردو خەڵك ئەخاتە ناومانەوەو دەست دروست دەکات و هەست بەشتێکی تر دەکەم، داوا لەپەرلەمان و هەموو هێزەکان ئەکەی یەك بگرین کاك فرسەت لەلایەکەوە و بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وجێگرەکەی و سکرتێر لەلایەکی ترەوە قسە ئەکەن ئێستاش بەڕێزت لەناو پەرلەماندا ئاماژە بەم قسانە دەکەی کەواتە دلگرانیەك لەلای ئێمە دروست بووە، من دەگەمە ئەوەی کەوا بڵێم هیچ کاتێك شۆڤینیەتی عەرەب و هەروەها تەنانەت عەرەبەکانیش ڕازی نابن بەگەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆ هەرێمی کوردستان ئێمە ئێستا سەیری هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین هەولێرە سلێمانیە دهۆکە، بەڵام کەسەیری نەخشە خەیاڵیەکە دەکەین، ئەو شوێنانە دەبێتە سنوریان لە عەقڵیەتی شۆڤینیەتی عەرەبدا کەواتە چەسپاندنی سنوری کوردستانە ئینجا بۆیە ڕژێمی بەعس بەتەختیت بەشێوەیەکی زۆر وردو دەقیق توانی ئەنفال لەکوردستاندا بەتایبەتی لەگەرمیاندا ئەگەر ئێمە پرسیار لە خۆمان بکەین ژمارەیەکی زۆری گەرمیانی و ژمارەیەکی زۆری گوندەکان ویستی وجودی کورد لەو ناوچانەدا نەهێڵێ و ئێستاش ئەگەر ئێمە ئیحصایەك بکەین هیچ عەرەبێك قبوڵ ناکات ئەمە خاڵێك خاڵێکی تر بەداخەوە من ئەڵێم ئەگەر بەراوردی دەسەڵاتی کوردی بکەین لە خانەقین و لەکەرکوکدا زۆر جیاوازی هەبوو، توانیان دەسەڵاتی کوردی لە خانەقین هەموو عەرەبە نارەسەنەکان دەربکەنە دەرەوە بەڵام لەناو کەرکوکدا بەپێچەوانەوە سەرەتا هەموو خۆیان ڕایان کرد، دوایی هێنایانەوەو بەپێچەوانەشەوە مامە حەمەییان  بۆ دەکردن ئەگەر هێزیان هەیە نەتەوەکانی تر کەلە کەکوکدان هەموو ئەم جارە یەك بگرین بەهێز نەبێت کەرکوك و شوێنە داگیرکراوەکان ناگەڕێنەوە.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پیر خدر.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیار بۆ جەنابی وەزیر هەینە پرسیارەکی ئاشکرایە لە جێبەجێکردنی ماددەی (140)دا هەندە گریە ست هەنەو هەندەك گریەی ئالوز، وان گریە سست کو تەنها بڕیارەکی سەرۆکایەتیە حکومەتی فیدرال دەچارە بن، قەزا شێخان ناحیە فایدێ مەخمور لەوانە هەندێ ناوچەی دی ژی ئەڤە کە بڕیارەکی غەدر دابڕاینە کوردستانێ وەختێ ڕژێمێ بڕیارەکا ڤە بگەڕێنە سەر ئۆپرەتێك قایمقام وناحیەو وان دەڤەرا هەموو لەبوجەیا حکومەتا هەرێما کوردستانێیا یەعنی تومەز، فە ئەڤ گریە سستن وبێتە چارەکرن، دا خەلکی مە ژڤێد ئیزدواجیە هەردوو ئیدارە ڤورتاربت، ڤەزایە تلکێفێ دوو بڕێڤەبەریا پەروەردە لێهەینە، هەردوو ڕك مانای یەك و دوو دکەن، بۆ تەعیرب کردنا دەڤەرێ پرۆسێس کردنا مافێ ڕەوای خەلکی دەڤەرێ کوردی بخوێنن، ڤێکێشەیە خەلکی مە ڤان دەڤەرا دەژی کێشەیە خەلاص بڕیارەکی، ئەوژی ڤۆناغا تەتبیع دەستپێکریا، خالی دووێ ئەنجامان سیاسەتا تەعریب کردنا گواستنێ کە دوو لایەنی بوو، یەك ژی خەلکێکی مە ڕاگواستن بۆ دەڤەرێکی دی شنگاری هێنانە ڤەزایە شێخان، سالا 73 وسالا 75 پشکا دووێ پشتی 76، 156 گوندێ دەڤەرا شنگارێ هەموو تەخت کرن، ئەیخاتنە 12 کومەلگای زۆرە ملی خەلکی وا دەڤەرا بەتایبەت شنگاری ڕاگواستینە شێخان و بەعەدرێ و خانکێ ڤەستا نڤیسگا پەرلەمانێ لە دهۆکێ کەن ڤە چی بکەین، مەویس نەگەڕێینە ڤە دەڤەرێ خۆ و عەردێ مە، بکەوێتە دەستێ مە، ڤە دەستکیسا حکومەتێ بەعس بوون و ڤەستینە، مەلکی مە وان بستێنێ، پرسیارا لیژنامە چی بکەت، بۆوان ئایا ئەو بوجەیە هاتیە تەرخانکردن بۆ نۆرمالێ کردنا ڕەوشێ بۆ تەتبیعێ دێ پشکێك وێ بووجەیە هەبیتن بۆ ڤەگەڕاندنا وان بۆ ئەوی گوندێ خۆ ئاڤادان کەن، یان ڤە خۆڕاییا بچن ئیمکانیان نیە، یادی ئەو 12 کۆمەلگایە، 156 گوند هاتینە تەخت کرن و وێران کرن، گوندەکیش ژە دەڤەرێ گوندی وزارێ وان هێشتا دەستەی عەرەبدان ژ شنگارێ دوو ناحیە ڤەرارەکی ئیداری ژ شنگارێ دابڕی ئێخستنە سەر بهاجێ، ئەڤاندە چی لێکەن، ئەگەر بخوازن بگەڕێنە گوندێ خۆ، وان کۆمەلگا زۆرە ملی کە گەلەك دەرد چێژینە بوجا ڤی 200 ملێۆنی ڤە بەرا وان دەکەویت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو سۆزان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند پرسیارێکم هەیە لەجەنابی کاك دکتۆر ئەگەر ئەزیەت نەبێ بەلکو وەلامێکمان باتەوە، ئەگەر ڕوون کردنەوەیەکی هەبێت، تەبعەن ئێوە تا ئێستا نیزام داخلیتان دانەناوە هی لیژنەکە، ئەوەش خۆت

ئەزانی یەكێكە لەخاڵەگرنگەكان بۆ ئەوەی هەركەس بزانێ كارەكەی خۆی چیە، بەڕای من ئێوە كاتێكیش سەرف دەكەن لە كیتاب و ئەوشتانە ئەگەر ئێوە یەكێك تەكلیف بكەن ئەگەر خەڵكێكتان لەگەڵدا بێت لەناو لیژنەكەدا بۆ دانانی نیزام داخلیەكە، بۆ خۆتان بەسەریعی یەعنی كەسكێكی قانونی وبتوانێ ئێوە گۆڕانكاری لە هەندێ خاڵدا بكەن، چونكە ئەگەر جەنابت تەكلیف كرابیت، خۆشت بەم مەشغوڵیەتە ئەوە نیزام داخلیەكە تأخیر دەبیت كە تأخیریش بوو عوزر دەدەن بەدەستەوە، ئێمە نامانەوێت هیچ عوزرێك بدەین بەدەستەوە، دووەم شتم من ئەزانم ئەبێت تەنیسیقیق هەبێت لە نێوان ئەو لیژنانەی كە دروست بووە، چ لەناو پەرلەمانی كوردستان چ لەناو پەرلەمانی عێراق چ لەسەرۆكایەتی هەرێم چ لەگەڵ جەنابتانا، میكانیزمەكەتان تاكو ئێستا هیچ جۆرێك دۆزیوەتەوە، من ئەزانم جەنابت هەموو كات پەیوەندی ئەكەیت بە دكتۆر كەمالەوە لەوانەیە پەیوەندی بكەیت بەمەكتەبی سەرۆكایەتی هەرێمەوە، بەڵام ئەوانە شتی عەمەلی نین، یەعنی ئەبێ شتێك بێت عەمەلی بێت یەعنی تەنیسیق كردنەكە شتێكی عەمەلی بێت، سێیەم خاڵم كەمن ئەمەوێت باسی بكەم لەگەڵ تۆدا، تەفعیل كردن و كاراكردنی وەزارەتەكەتە یەعنی ئەگەر تۆ تاكە كەسێك بیت سوپەرمانیش بیت تۆ ناتوانی وەزارەتێك بەریت بەڕێوە و لەلایەكیش لەبەغدا بیت لەلایەكیشەوە تەفعیل كردن و كاراكردنی وەزارەتەكەت یەكێكە لەخاڵە گرنگەكان، و ئەوەش بزانە كەتۆ ئاوەدانكردنەوەی ئەو ناوچانەش لەوانەیە هەر لەسەر ئەستۆی جەنابت بێت، هی وەزارەتەكەت بێت، بەڵام من لێرەوە هیوادارم و داوات لێدەكەم، كەوا ئەو كەسانەی مەسئولەبن بۆ ئاوەدانكردنەوەی كەسانێكی بەعسی نەبن چونكەی ئەوەی ڕوو ئەدات ئێستا ئەوەیە خەڵكانێكی بەعسی خۆیان وێرانیان كردووەو ئێستا جارێكی تر سنگ دەرئەپەڕێنن و ئەیانەوێت ئاوەدانی بكەنەوە، نەخێر ئاوەدانكردنەوەكە نابێت لەسەر دەستی ئەوان بێت، كوردستان پڕە لەكەسی دڵسۆزو ڕابردوو پاك ڕجاتان لێ ئەكەم وەڕجا لەجەنابت ئەكەم كەتۆ دەست دەكەیت بەئاوەدانكردنەوەی ئەو ناوچانەی كەوا وێران كراونكاریەكی زۆری تێدا كراوە، ئەوەی كە بەعسیە ئاوەدانی ناكاتەوە وێرانتری ئەكات، خەڵكەكەش ڕقی لێی هەڵئەستێ، ڕقی لەئێمەش هەڵئەستێ، بەنیسبەت تەسیق كردنی دۆكیومێنتەكانەوە من هیوادارم ئەو دۆكیومێنتانەی دێنە بەردەم لیژنەی جەنابتانەوە ئێمە لەناو پەرلەمانی كوردستان لە لیژنەكەمان لیژنەی (140) ئێمە ئەو دۆكیومێنتانە هەرچیەك بێتە بەردەستمان ئێمە ڕەوانەی جەنابتی بكەین بۆ ئەوەی ئەوشتانە بەموەحەدی بێت، كاتێ دێتە بەردەستی ئێوە ئیوە هیچ پەیوەندیتان پێوەی  نیە ئێمە ساحێب قەزیەكەین ئێمە ئەبێ كارەكانی خۆمان تەنزیم بكەین ومونەزەمی بكەین، یەعنی ئەمە چ شێوە ڕوون كردنەوەو چ شێوە پرسیارێكە، بەڵام بۆ ئاوەدانكردنەوەكە حەزەكەم ڕوونكردنەوەی خۆت بدەیت و بیبیستم زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەندێك پرسیاریم لەجەنابی وەزیر هەیە، یەكەمیان ئایا ئەو لیژنەیە لیژنەكەی خۆتان ئەو ئیزافەیە كە كرا لە لیژنەكەدا لەلایەن مالیكیەوە، هەڵوێستی ڕەسمی چی بووە بەتایبەتیش سەرۆكی لیژنەكە شتێكتان بەڕەسمی داوە بە مالكی دوو جەنابت باست كرد ئەولیژنەیە كەدامەزرایە، تۆ نازانیت كێ ئەولیژنەیەی دامەزراندووە، بە تەئكید تەرەفی كوردی بەشدار بووە لەدانانی ئەو لیژنەیە، جا ئەگەر لەئەنجومەنی وەزیران بێت وەكو برای بەڕێزم كاك كریم بەحری ئیشارەی پێدا ئەوە جێگری ئەنجومەنی وەزیران و چەند وەزیرێكی كوردمان لەبەغدا هەیە، ئەگەر بەموافەقەتی ئەوان دامەزرایە مەوقفی ئەوان تاكو ئێستاكێ لەبەرامبەر ئەو زیادكردنە چیە، بۆ شتێكی ڕاگەیەندراومان نەزانی كە ئەوان سەڵاحیاتی ئەوەیان هەیە دكتۆر مالكی خۆی بەخۆی دوو كەس زیاد بكات ئەی بۆ ئەوان ئەو سەڵاحیاتەیان نیە ئەو بڕیارەی دكتۆر مالكی ڕابگرن، ئەوەش پرسیاری دووەممە پرسیاری سێیەمیشم ئەوەیە بەڕاستی ئێمە لێرەدا تەنها باس لە مەسەلەی پشتگیری لەو لیژنەیە دەكەین، زۆر تەئكید دەكەینەوە ئەو لیژنەیە بەتەنها كاری پێناكرێت، بەڵام بەعەمەلی ئەوەی ئێستا دەیكەن خروقاتی ئەو حكومەتە لە زیاد كردنی دوو نوێنەر دەستی پێكرد، لە سەردەمی قۆناغی عەلاوی بەخشكەیی تێیان پەڕاند، جەعفەری تێیان پەڕاند ئێستاش دەیانەوێ پلان و نەخشەیەكی تریان بەدەستە وەكو برای بەڕێزم كاك فرسەت ئیشارەتی پێدا، بەڕاستی زۆر بەخشكەیی دەیانەوێت ناوەڕۆكی ماددەی(140) یشمان بەسەردا تێپەڕێنن و پوچەڵی بكەنەوە، ئایا تائێستا ئەوەی كە پەیوەندداره بە پرۆسە سیاسیەكە لە عێراق بەگشتیی لە جێبەجێكردنی دەستوور بەگشتیی لە فراكسیۆنی كوردستانی لەبەغدا لە سەرۆكایەتی عێراق سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان پەرلەمانی كوردستان لیژنەی بەدواداچوونی پەرلەمانی كوردستان، نووسینگەی سەرۆكایەتی هەرێم تا ئێستا بەڕەسمی چ وەرەقەیەكی سورمان بە دكتۆر مالكی ئەو ئەتراف‌انەی كە دژی جێبەجێكردنی ماددەی (140)ن پیشاندایە، ئێمە زۆر وەرەقەمان هەیە ناڵێم مەسەلەی جیابوونەوەو زیادە رۆیی بكەین بەڵام ئەتوانین پرۆسەی سیاسی لە عێراق پەك بخەین، دەتوانین حكومەت پەك بخەین دەتوانین پەرەلەمان پەك بخەین، زۆر شت هەیە وەرەقەمان بەدەستەوەیە بەڕاستی ئەو وەرەقانەمان بەكار نەهێنایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس وەڵڵا شەش حەوتێك ماون، فرسەت بدەینە دكتۆر محمد إحسان دواتر هەموو لایەكتان قسە بكەن بەڵام هەندێك جار تعلیقێكی خەفیف ئەگەر ئیجازەم بدەن، بۆ ئەوەی لامان ڕوون بێتن جارێكی تر تەئكید دەكەمەوە لەسەر ئەوەی جێبەجێكردنی ماددەی (140) بەتەنها ئەركێكی یان واجبێكی ئەو لیژنەیە نیە هەمووومان لێی مەسئولین، زۆر جوانبی هەیە بەداخەوە كەس باسی نەكردووە، من پێم وایە یەكێك لە مەسەلە هەر گرنگەكان ئەوەیە كە ئێمە چۆن جگە لەخەڵكی كورد لەو ناوچانەدا خەڵكانی تر لە كوردستاندا دەژین ئیقناعیان بكەین كە بەرژەوەندیان لەوەدایە كە لەكوردستان بمێنن، مەرحەلەی دوایی جێبەجێكردنی ئەو ماددەیە دەنگ دانە، ئەگەر چی من دڵنیام لەوەی كە زۆرینە دەنگ دەدەن كە بۆ كوردستان بێت بەس بۆچی لەسەدا نەوەد نەبێت كە ئێمە خۆمان بە دیموكراتی ئەزانین پێمان وایە لە

عێراقێكی فیدراڵدا دەژین، ئەو خەڵكەی لە كەركوك وناوچەكانی تر دەژین، غەیری كورد بەرژەوەندیان لەوەدایە كە لە پرۆژەی دەستووری هەرێم ئاماژە بەمافەكانیان كراوە، حزبە سیاسیەكان و لایەنەكان هەموویان بڕوایان وایە، با زیاتریش بێت بۆ ئەوەی دڵنیایی بدەینە نەتەوەی توركمان و برا عەرەبەكان وكلدان وئاشور كەلەگەڵماندا دەژین، لەبەر ئەوە ئەمە ئەركی هەموو لایەكمانە، دووەم لەڕاستیدا ئەگەر ئیجازەم بدەن كاك بەڵێن ئێمە واجبمان ئەوەیە حكومەتی فیدرال بەقوەت بكەین، باشترین كەوادیری خۆمان داوەتە ئەو حكومەتە لەپەرلەماندا لە مەجلسی نواب دا تەحالوفمان هەیە بەشدارین، سەرۆك كۆمار كوردە، نایب رەئیس وزەرا كوردە، چەندین وەزیرمان هەیە ئێمە هەدەفمان ئەوەیە حكومەت بەقوەت بێت، ئەگەر حكومەت بەقوەت بێت ئێمەش بەقوەتین، ئەو ماددەی (140) جێبەجێ دەكرێتن، یەعنی خوانەخواستە بگاتە ئەو قۆناغە، ئەوە إنشاء الله ناگاتە ئەو قۆناغە لەبەر ئەوە تەجروبەكە هەمووی هینەبێتن، لەبەر ئەوە وا بكەین چ هەنگاوێكی پێویستە، جێبەجێی بكەین، فەرموو كاك دكتۆر محمد إحسان.

**بەڕێز د. محمد إحسان/ وەزیری كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی كاك ئاخر باسی وەقتی كرد من لەگەڵ تۆدا موتەفقم تەمامەن وەقت لەساڵحی ئێمەدا نیە بەحەقیقەت باسی مەوقفی دەولی كرد مەوقفی دەولی لە سالحی كورددایە بەڵام ئیشێكە كاری لەسەر ئەكەین، مەوقیفی دەولی جێگای ئیعتماد نیە بەحەقیقەت، لە سیاسەت مەسالحی موشتەرەكت هەیە ڕەفیقی دائمت نیە، تۆ كارەكەی بۆی قیاداتی كوردی هەمووی كارەكات بۆ مەوقیفی دەولی لەسەرئەم كارە یەكێك لەوەتەرەكانی سەرەكی حەلی مەوقیفی دەولیە مەوقیفی دەولی تا ئەم لەحزەیە لە ساڵحی كوردایە، جەنابی كاك كەریم باسی مەكاتبی كرد خۆزگە لێرابا، ئێمە زیارەتی هەموو مەكاتبی ئەو ناوچانەمان كردیە، ئەو خەڵكانەی كە لەوێ كاردەكەن، ئێمە ئیتصالمان كردیە لەگەڵ مەجلیسی بەلەدیە مەجلسی قەزا خەڵكێكی بەشەرت كابرایەكی ئەكتیف بیت حساب نەبیت لەسەر نزامی پێشوو بەعسی نەبت حەتا ئەگەر كابرایەكی عەرەبیش بێت پرۆفیشنەڵ بیت فەهمی قەزیە كردبت، ئەگەر مشارەكە بكەیت لە لوعبەیەكی سیاسی قانونی لوعبەكە بزانی خۆشە، ئەگەر خەصمت بەس قانونی لوعبەكە بزانێت خۆشە، بەڵام ئەگەر كەسێك بۆت دانێ قانونی لوعبەكەش نەزانێ ئەمە كاریسەیە، ئەو كەسانەی كە دەست نیشان كردیە ئێمە دەست نیشان كردیە حەقەت دەستی بەرز بۆ ئێمە بوویە دەستی بەرز بۆ كەسی تر نەبوویە، لە خانەقین لەشنگار ولەكەركوكیش بەڵام تەركیبەی ئیجتماعی ئەبی وەرگرین بەنەزەری ئیعتبار كاك كەریم هەم دیسان دوو پرسیاری كرد لەسەرقەراری مالكی قەرار، قەراری مالكی بوویە شەخصی بەتەوقیعی مالكی بوویە خۆم عەینی رۆژی قەرار وەلێ جێگای ئەوە نیە إتصالم كریە شەخصیەن لەگەڵ جێگری سەرۆكی حكومەت، زۆر زۆر تورە بوو ئەو ئاگای لێنەبوو، هیچ خەبەرێكی لێنەبوو مەجلسی وزەرایش هیچ خەبەری لێ نەبوو، بەڵام عوقدەكە لەوێدایە سەیری كەن، كیتابەكان لەكنە منە، مدیر مەكتەبی نووسینگەی

سەرۆکی وەزیران دەقی کیتابی جەبهەی تورکمانی بۆ ئێمە ئەنێرێت، لە 19ی مانگ بەڵام سەرۆکی وەزیران 15ی مانگ کیتابەکەی تەوقیع کرد، ئەمە نیشانەی نەپرۆفیشنەڵە نەحیکمەت داریە، کاك جەمال باسی هەنگاوەکانی پەرلەمانتارانی بەغدای کرد حەقیقەت لەگەڵ تۆمە، ئەوەی کە فەرقێك هەیە لەمەفهومی پێگەیاندنی مەفهومی کار وجهەت نەزەری جیا هەیە لەمابەین ئێمە وئەمریکیەکان و ئینگلیزەکان بۆ ئەم مەسەلە هەر لە بیرمە کاك د. کمال خۆی لەکەرکوك بوو چەند موشکیلەمان هەبوو لەگەڵ ئەوانەی لەکەرکوك لە زەمانی (C.P.A) مەفهومێکی تریان هەیە تێنەگەیشتن خۆ ئەمەش سەبەبێکی فەشەلی ئەمریکا بوویە تا ئێستا لە عێراق نەزەریاتی خۆیان تەتبیق کرد لەسەر عێراق لەبەر ئەوە حالیان وای لێهات. دکتۆرە شوکریە باس لەوە ئەکات تەرکیبەی لیژنە سێ کوردی تیایە سێ عەرەبی تیایە دوو تورکمانی لەبەین قەوسەکی کابرایەك تیایە کە ئاشوریە ئاشوری کلدانە کاك رۆمیۆ نازانم ناوی خۆی ئەدات کلدانە ئاشوریە ناوی خۆی دائەنێت ئاشوور کلدانە بەڵام کابراکە لەسەر ئەو لیستەیە دکتۆرە شوکریە من خۆم تەفائولم زۆر زۆر موتەفائیلم حەقیقەت و ئەم ناوچانە ئەگەڕێتەوە بەهەرچی شتێکی بیت ئەگەڕێتەوە، ئەزانی بەڵام مانای وا نیە ئەگەر موشکیلە هەبن من لێرە هاتیمە تا موشکیلە باس بکەین ئەگەر هەبت لەبەر ئەوە مەسئولیەتیش وەزعی لیژنەکەش ئەمەیە، مانای ئەوە نیە موتەفائیل نیم نەخێر موتەفائیلم و سیقەیەکیشم هەیە ئەم ناوچانە هەمووی ئەگەڕێنەوە نەك ئەمە پتر لەوەی داوامان کردبوو فەترەی پێشوو باسی هەندێ شتت کرد کوردیش غەڵەتی کردیە لەم ناوچانە لەم جێگانە زۆر پێکتقیە زۆر لە زۆر جێگا غەڵەتمان کردیە، ناڵێین (لکل حادث حدیث)غەڵەتمان کردیە لەو مەسائیلانە کاك پیر خدر مەسەلەی حدودی ئیداری ئەو ناوچانەی کە تۆ باست کرد، هەندێکیان ئەتوانین بەزەختی سیاسی بیکەین بەڵام هەندێکیان وا ئاسان نیە وەکو ئێمە تێئەگەین سەیری ماددەی (58) بەتەواوی بەوردی بخوێنەوە لەسەر حدودی ئیداری وا ئاسان نیە وەکو ئێمە تێگەیشتووین بەڵام ئێمە پارچەیەکین لەو ئیتفاقە ئەو پارەی هاتیە تەرخانکردن بۆ تەتبیعە بەتەنها هەرچی شتەك لە زمنی خانەی تەتبیع بێت ئەو پارە بەکار دێت و پارەیەکی زیاتیش لەو پارە داوا ئەکەین، بەم پارەیە ئیش نایەتە کردن، ئەو پارەیە کەمە، بەڵام دەڵێن دەفعەی یەکەمە، خاتوو سۆزان تۆ باسی نیزامی داخلیت کرد، نیزامی داخلی هەر لەسەر زەمانی ئەیاد عەلاویەوە من لەگەڵ بەڕێز دکتۆر نوری تاڵەبانی لەگەڵ محمد شریف کارمان کردبوو لەو کاتە وەرەقەی دکتۆر نوری تاڵەبانی و ئەو کارەی  ئەو کاتە کارمان لەسەر کردبوو بویتە ئەساسی کاری کەمن بۆ نیزامی داخلیەکە حازرم کردیە بەڵام موشکیلەیەکم هەیە من لیژنەیەکم نەم دیوە سەرۆکی لیژنەی تیدا هەبت وموستەشاری نازانم بڵێم چ رۆڵ بۆ مومەسیلی سەرۆك وەزیران دابنێم نازانم ئەو پرسیارە ئەگەر هەبت نیزامەکە هەمووی لەگەڵ ئێمەیە. بەڵام ئەو کاتە شتی چاك لەم لیژنەیە ئەوەیە ئەتراف کوردی لەسوللەمی ئەسبەقیاتی ئێمەیە ئێمە حازر بینیەکی تەواومان لەبەر دەستی ئێمەیە خەڵکێکی تر نەحازرە دەیەوێت وەقت بۆخۆی بێت تاکو لەئێمە تێك بدات، ئەم حەقیقەتەش هەیە، تەنسیق حەقیقەتەن ئەوەی بەمن هاتبێتە کردن ئەگەر گلەییەکتان هەیە تەوجیهم بکەن بەمن بڵێن وایە

**ووایه من تا ئێستا بەقەناعەتی خۆم تەفسیریم نەکردیه یەعنی لەگەڵ هەموو ئەترافێك موتەفیقم هەمیشه سەبارەت بەتەنسیق ئەگەر شتێکتان تەوجیه بکەم هەمووتان بڵێن داوای ئەوه لێتانەکەین من قەت مانعم نیه من بەئێوه ئەڵێم لەیەکەوه تاکو ئەخیر له دەستی منه صادری لیژنەکه بەردەستان ئەخەم حازره بۆتان، من ئەڵێم کوردستان لازمه دەرەجەیەکی قودسی هەبیت بۆ خەڵك هەموو شتەك بزانن ئێمه لەمونەزەمەیەکین له ئەشکەوتێك ناژین تەفعیل کردنی وەزارەتیش( الكرة في ملعبكم ليس في ملعبي)قانونەکه لەلای ئێوەیه ئێوه تەصدیقی قانونەکه ئەکەن، سبەی ئەوەی بێته کردن من کابرایەکم ( وطني حقيبتي وأنا مقاتل) وەکی ئەڵێن مەسەلەی إعمار من نەئەزانم تۆ باسی کێ ئەکەی مەفهومت چیه چی لەخەیاڵی تۆدایه، موتەفقم لەگەڵ تۆدا 100٪ بەڵام موتەئەکید به ئەو شتەی لەخەیاڵی تۆدا هەیه لەخەیاڵی منیشدا هەیه، شتی غەڵەت قبوڵ ناکەم ئەگەر لەهەرچی مستەوایەکدا بێت، من ناتوانم شتێك بگۆڕم بۆخۆم ناتوانم کۆنترۆڵی خۆ بکەم، مەفهومی من لەویێ ئەوەیه، کاك بەڵێن ئەڵێت هەڵوێستی لیژنه، سەرۆکی لیژنه فەقیره خەبەری نیه من خەبەرەکەم پێداوه، خەبەری پێ نەبوو، ئەو قەراره قەراری مالکی شەخصی بوو بەڵام زۆر ئەهەمیەت نەدەینه ئەو مەوزوعه ئەو مەوزوعه ئەتوانین چارەسەر بکەین، کورد زۆر کارتی بەدەسته، کورد لاعبێکی ساسی لەموعادەلەی إستقرارێکی ئەمڕۆ کوردی عێراق لاعبێکی ئەساسیه لەموعادەلەی ئیستقرارو دابین کردنی ئیستقراره له مەنتەقه لەسەر ئاستی دەولی ولەسەر ئاستی داخلیش، یەعنی لەوه گەشبین به حەقمان زۆر بەدەسته، زۆر زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**كاك زرار.**

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**زۆربەی ئەو قسانەی من ئەمویست بیکەم کران، تەنها یەك پێشنیارم هەیەو پشتیوانی له بۆچونەکەی کاك فرسەت دەکەم، ئێمه وەکو کورد که مەرحەلەی یەکەم دواخرا پابەند نەبین بەپاراستنی یەکێتی خاکی عێراق و بەس، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**كاك سەردار.**

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وەك دەزانین تێبینی ئەوه دەکرێ، ئەو لیژنانەی تایبەتمەندن بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی (140) یەکجار زۆر بوون، لێره مەبەستمان ئەو لایەنه فەرمیانەیه، ئەویش خۆی دەگرێ له ڕێزدار کاك قادر عزیز، لیژنەکەی خۆمانه هی پەرلەمان، هەروەها وەزارەتی بەڕێز من پێشنیار ئەوه دەکەم، ئەو**

لایەنانە ئەگەر هاوکاری یەکتری بکەن ئەوانەی کوردستانیشی لەگەڵ بێ، مانگانە کۆبوونەوەی دەوریان هەبێ، سەری هەموو مانگێك ئەو لایەنانە کۆببنەوە لەگەڵ هەردوو بەڕێزەکەی دی نەرمین خان و کاکە ڕەش، کۆبوونەوە بکەن هەتا تەوحیدی وجهەت نەزەر هەبێ لەنێوان ئەوانەدا شتێکی باش دەبی، خاڵی دووەمم بەزەختێکی لیژنەی پەرلەمان 29 ملیۆن دۆلار سەرف کرا، بەشێك لەبوجەی ئەو لیژنەیە سەرفکرا، ئەگەر بێتو زەختەکە گەورەتر بێت یەعنی ئەو ممارەساتە دیموکراتیەیانەی کە هەیە، جەماوەر کەخۆپیشاندان دەکەن کەپێم وابێ زەختەکی زۆرتر دەبی، ئێمە خەڵك موزاهەرات دروست ناکەین، بەڵام ڕێگر نەبین لە دروست بوونی موزاهەرات ولەو موزاهەرەش پێم وابێ خەڵك باسی ئەوەی دەکەن پێیان خۆشە ئیعلانی سەربەخۆیی کوردستان بکەن ئەگەر بێت و ماددەی (140) جێبەجێ نەکرێ، ئەگەر جێبەجێکرا بەشێوەیەکی نادروست پێم وایە هەڕەشەکردن بەبەکارنەهێنانی هێز باشتر لە بەکار هێنانی هێز بۆیە ئێمە زوو ئەو کارە بکەین باشترە، خاڵی ئەخیرم ئەمریکیەکان خۆشیان دەزانن کەرکوك شارێکی کوردیە هەموو خەڵك دەزانن موزەکەراتی پۆڵ برێمەر بخوێنەوە لاپەڕەی 55 تەحیدەن عەرەبیەکەی دێڕی چوارەم زۆر بەڕوون وئاشکرایی باسی کوردیەتی کەرکوك دەکات ئێمە دەڵێین کوردستانیە ئەو دەڵێت کوردیە، پێم وایە ئەو سیاسەتەمان هەیە (کیپ کوایت) ئەگەر بێت و پاراستنی سەقامگیری و ئارامی ئەگەر بێت وجێبەجێش نەکرا ئەوا ئەو( کیپ کوایت)ە نابێتن سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك محمد.**

**بەڕێز رشید کریم رشید (محمد ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیشارەت ئەدەم بە قسەیەکی جەنابی وەزیر کەلەکاتی باسەکەدا ئیشارەتی بەشتێك دا وتی بەنەزەر عەرەبەکانەوە یان بەنەزەر حکومەتەوە ئەم کێشەیە کێشەیەکی ئیدارییە، من وائەزانم ئەگەر هاتوو ئاوا تەعریف و پێناسە کرابێت هەر لەزەمانی برێمەرەوە تاکو عەلاوی هەتاوەکو جعفەری ئێستاش هەمان دەستوور مالکی پێناسەیەکی خەتەرە، ئێمە لەوەزعێکی باشدا لەنیهایەتا نابینین خۆمان، ئەگەر بەکێشەی ئیداری بێت ئەوە مەرسومێکی جمهوری یان مەرسومێکی وزاری موشکیلەکە حەلەکات و ئاسان دەبێت لەکۆتایشدا ڕەنگە بەو حاڵەتەیا بەرن، خۆ ئاشکراشە لای ئێمە چ کێشەیەکە کێشەی نەتەوایەتییە سیاسیە ئینسانیە مرۆییە، هەموو شتێك لەم حاڵەتانە وا ئەزانم وا پێویست ئەکات مەسافەیەکی کەمیشی ماوە کەتۆزێك توند کردنەوە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە ببێت چ سەرۆکی هەرێم چ پەرلەمانی کوردستان چ حکومەتی هەرێم ئەو پەرلەمانتارانەی کەلەناو پەرلەمانی عێراقدان ئەگەر تۆزێك وروژاندنێك نەبێت یان گورج کردنەوەیەك نەبێت بەعزێك فشار نەبێت ڕەنگە لەمەساری ئەو مەبەستەی کە ئێمە ئەمانەوێت لەو مەسەلەیە لابدەن، پێشنیاری ئەوە ئەکەم وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر دلێر.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باس لە کێشەیەکی گەورە ئەکەین، ئەم کێشەیە چەند لەسەری بڕۆین هێشتا کەمە، یەکێك لەجەمسەرەکانی ئەم کێشەیە بریتیە لە ئیفرازاتی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی ناسیۆنالیستی عەرەبی هەرلە دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوەو لکاندنی ولایەتی موصل بەم قەوارە سیاسیە دروست بووەوە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەما ناسیۆنالیستی عەرەبی ڕەگەز پەرست سیاسەتێکی ڕەگەز پەرستانەی لەعێراقدا بەکارهێناوە، ئەم کێشەیەی کەئێمە ئێستا باسی ئەکەین بریتیە لە ئیفرازاتی سیاسەتی بەعەرەبکردنی هەندێ لەناوچەکانی کوردستان بۆ باس کردنی هەچ دیاردەیەك بۆ ئەوەی ئێمە لەڕەگ و ڕیشەو ناوەڕۆکی ئەو دیاردەیە تێبگەین دەبێ لەچوارچێوە مێژوویەکەیەوە تەماشای بکەین یەعنی لەباری مێژوویەوە، ئەگینا ئێمە تێی ناگەین، لەحەقیقەتی مەسەلەکە ناگەین، بۆ ئەوەی من زیاتر نەچمە ناو مێژووەوە ( ئەم هەویرە ئاو زۆر ئەکێشێ) ئەم کارەساتەی کە ئەمڕۆ دروست بووە هەڕەشە نەك تەنها لەیەکێتی خاکی عێراق و ئەمن وئاسایشی ناوچەکە ئەکات ، لەبەر بەرژەوەندی زل هێزەکان ئەکات لەناوچەکەدا ئەمە ئیفرازاتی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانی عەرەب وەکو وتم بەپشت گیری کردنی وڵاتە زل هێزەکان بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا لە سەرەتای سەدەی بیستەم و دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دواتروڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو ئیفرازاتی جەنگی سارد، بۆیە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستی بە هەڵوێست وپلان و پێداچونەوەیەکی گەورە هەیە، کەبەداخەوە ئەو پێداچوونەوەیە، لەلایەن هەندێك دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی بەناوی عێراقی فیدارڵ نابینرێت، بۆیە ئەو گەشبینیەی جەنابی وەزیر ئەیبینێ من نایبینم، هەمان بیرو بۆچونی کاك ئارێزم هەیە، کەبەداخەوە سیاسەتی دەسەڵاتداران یاخود هەندێك لایەنی زۆری لەدەسەڵاتدارانی عێراقی درێژە پێدانی دەسەڵاتدارەکانی پێشووی عێراقە بەدەسەڵاتی بەعسیشەوە ئەگەر زوو ئەم مەسەلەیە چارەسەر نەکرێت، ئەبێ ئێمە پەیامێکمان هەبێت من پشتگیری بیروبۆچوونەکانی کاك فرسەت ئەکەم ئەبێ پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی هەبێت بۆ ڕای گشتی ناوخۆو دەرەوەو جیهانی کە ئێمە بەرپرس نین لە یەکێتی خاکی عێراق و لەپاراستنی یەکێتی خاکی عێراق هەچ ڕووداوێك ڕوو ئەدات لە عێراقدا لە ئایندەی عێراقدا ئێمە و خەڵکی کوردستان لێی بەرپرس نین، دەسەڵاتدارانی عێراق لێی بەرپرسە وڵاتە زل هێزەکانی بەریتانیاو فەرەنسا بەتایبەتی ئیلتیزامێکی ئەخلاقیان هەیە بەرامبەر بەو کێشەیە کەلەسەردەمی (عصبة الامم) جێبەجێیان نەکردووە ئەمڕۆش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بەتایبەتی ئەم دوو زل هێزە ئیلتیزامێکی ئەخلاقی وسیاسی و ئینسانی گەورەیان هەیە بۆ جێبەجێکردنی بەشێك لەکلیلی چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە کەوتۆتە دەست ئەوان بەداخەوە ئەو پشتگیری و هاوئاهەنگیەی ئەوان کەجەنابی وەزیر باسی ئەکات لەگەڵ کێشەی کوردا و کێشەی ئەو ناوچانە لەگەڵ

ئێمەدا بەڵام من هەستی پێناکەم ونایبینم بە پێچەوانەوە جۆرە گلۆپێکی سەوز بۆ ڕەگەز پەرستانی عەرەب هەڵکراوە کەسیاسەتی ڕەگەز پەرستانەیان درێژە پێبدەن لەو ناوچەیە جارێکی تریش من لێرەوە داوا ئەکەم کە پەرلەمانی کودستان ئێمە وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان خاوەنی هەڵوێست بین و پەیامێکمان هەبێت بۆ ڕای گشتیی ناوخۆو دەرەوە و دەسەڵاتدارانی عێراق و هاوپەیمانان کەئێمە تەحەمولی هیچ مەسئولیەتێك ناکەین لە ئایندەی عێراق و پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق و ئەو دەستوورەی کە دانراوە لە عێراقداو زۆر بەی هەرە زۆری خەڵکی عێراق دەنگیان لەسەر داوە ئەوە لایەنی کەمی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێدەکات لەبەر ئەوە ئەبێ ئەمە پەیامی ئێمە بێت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕەشاد.

**بەڕێز رشاد أحمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران ئیشارەتیان بەزۆر شتدا بەڵام یەك دوو تێبینیم هەیە ئەو لیژنانەی کاك دکتۆر ئیشارەتی پێدا ئەو نووسینگانەی دانرانە، پێویستە ئەو لیژنانە موتابەعە بکرێن لەلایەن لیژنەی پەرلەمانەوە هی خۆمان بۆ ئەوەی ببنە پاڵپشتێك بۆ ئەوان ئەو کەموکوڕیەی هەیە بتوانرێـت یارمەتی ئەو لیژنانە بدەن بەپێشیان بخەن بۆ تەوفیرکردنی ئەو موستەمسەکاتەی کەکاك دکتۆر ئیشارەتی پێدا خۆ ئەو موستەمسەکاتەی لە وەزارەتی خارجیەی بەریتانی و ئەمریکیدا هەنەو زۆر بە سانایی بەدەستیان دەکەوی ئەگەر هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن ئەو لایەنانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان بیەوێت بچێتە دەرەوەی پەرلەمان نەیەتەوە دەبی وەرەقەمان بۆ بنوسی بۆ ئەوەی بیخەینە مەحزەرەوە بەڵام بۆ دەرچوونی موئەقەت قەیناکە، سۆزان خان ئەگەر ئەتەوێت بچی ئیشت هەیە بنووسە بۆمان ناوت هەیە لەبەر ئەوەی لە لیژنەکەی تۆ دکتۆر کەمال دەڵێ پێم باشە بمێنێت کاك شێخ الله.

**بەڕێز شێخ الله إبراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بۆ من دانرابوو قسەی لەسەر بکەم وا بزانم لیژنەی (140)ی پەرلەمان دەورمان تەزیع کردبوو خوشکە سۆزان هەندێکی پرسیارەکان وداواکانی منی قوت داو لەباتی من باسی کرد، هەمووڵا ئەزانین ئەرکی ئەو وەزارەتە یان ئامانجی ئەو وەزارەتە کە دروست کراوە لەپێناو ئامانجێکی زۆر پیرۆز و گرنگە ئەوەی من مولاحەزە دەکەم، تا ئێستا جەنابی وەزیر بەتەنها لەو وەزارەتە کاردەکات تاکو ئێستا ئەو یاسایەی کە دایناوە بێت لێرە لەپەرلەمان تاوتوێی بکرێت قسەی لەسەر بکرێت و موافەقەی لەسەر

بدرێت هەروا مایتەوە کەچی دەبوایە پێش هەموو وەزارەتەکان بکەوێ چونکە بەتەنها زەحمەتە بتوانی ئەو کارە بکات ئەگەر ستاف وەزارەتەکەی ستافێکی بەکەڵك وبەتوانا و دڵسۆز و دەست پاکی لەگەڵدا نەبێت ئەوانی تریش خوشکە سۆزان باسی کرد لە دامەزراندنی ستافەکە تکامان وایە جەنابی وەزیر و بەرپرسانی تر ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەن کە باسی کرد کە خەڵکی دڵسۆزو دڵپاك و لە تیرو توانج چونکە ئەو جۆرە کەسانە ئەگەر خانوو لە زێر بۆ خەلکی کوردستان دروست بکەن پێمان وایە ئیهانەی خەلکی کوردستان دەکەن چونکە هەر ئەوان تێکیاندابێ و هەر ئەوانیش بێن چاکیان بکەنەوە ئیشێکی نابەجێیە و خەڵکیش هەیە نامانەوەێ ناوی کەس بڵێین ئێستا لەو لیژنانە بەناوی کورد قسە دەکەن و لەو لیژنەکان هەنە، نامانەوێ ناوی کەس بهێنین بەڵام پێویستە مراعاتی ئەوە بکرێت و هەستی ئەو خەڵکە بالەوەی مراعات بکەین خەڵکێکی وا لەو وەزارەتە دا هەبێ کە جێی بڕوا و متمانەی خەڵك بێت. بۆ هاوکاریش لەگەڵ وەزارەت من پێم باشە ئەو وەزارەتە هەموو ئیش و کارەکانی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە چاودێری بکرێت وە یارمەتی بدرێ و هەرشتێك کە پێشکەش دەکرێت بۆ چارەسەری کێشە و گیروگرفتەکان ئەمەیلێ بە ئاگا بێ. دەربارەی هەڵوێست لە حکومەتی مەرکەزیمن پێم وانیە هەمووی هەر ئیشی ئەو لیژنانە بێت کە بۆی دروست کرایە لیژنەی زۆر بەرزتر دروست کرایە قیادەی سیاسی خۆی بەرپرسە لەو کەم وکوڕیانەی ئەورۆ لە بەغدا ڕوو دەدات پێویست بەوە دەکات ئەوان هەڵوێستی ئاشکراو ڕوونیان هەبێت لە بەرامبەریان، نەك تەنها وەزیری کاروباری دەرەوەی هەرێم یان لیژنەیەك لەوێ ویەکێکی تر لەوێ، ئێمە واجبی هەموو لایەکمانە بەتایبەتی واجبی سەرکردایەتی سیاسی کوردە کە هەوڵ بدات ئەو ئاستەنگانە بەر لەوەی تەحدیدی کە ئەوەکان کرایە بە سێ مەرحەلە ئەو شتە کۆتایی پێ بێت با ئەو مەرحەلە بەسەر نەچی و بچینە مەرحەلەیەکی تر ئینجا لێی بە ئاگابین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموري:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو کێشەیە، بەڕاستی ئەم کێشەیە کێشەی ئێستا نیە لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە ئو کێشەیە هەیە، دەربارەی عەرەبی ڕەسەن و ناڕەسەنیش بە پێی هەموو سەرچاوە مێژووییەکان لە پێش هاتنی ئیسلام بۆ ئەو ناوچەیە عەرەب لەو ناوچەیە نەبووە هاتنی عەرەب لە ساڵی 16 هیجرییەوە کە دەکاتە 637 زاینی بۆ ئەو ناوچەیە دەستی پێکردووە. بۆیە ئەو عەرەبەی کە لەو ناوچە دا هەیە هەمووی قۆناغ بە قۆناغ هاتووە بەشێکە لە تەعریب کردنی ئەو ناوچەیە، ئێمە دەبێ ئەو ڕاستیە مێژووییانە باش بزانین ئەمە خاڵێك وە خاڵێکی تر ئەوەی تێبینی دەکرێت ئێستا دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی عێراق نایانەوێ ئەو مادەیە جێبەجێ بکەن و ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن وەك فارس دەڵێ (ئەگەر شوما حیلە نەداری چڕا لەف لەف میکونی)ئەگر ئەوان نیازیان پێکهێنانیئەو مادەو جێبەجێ کردنی ئەو مادەیە بێت ئەو

هەموو لەف و پێچە چییە دەیکەن بەڕاستی و هەروەها پێویستە ئاماژە بەخاڵێکی تر بکەم ئەویش مەسەلەی دیکۆمێنتەکان دەبێ کارێکی وا بکرێتن کە ئەو لیژنانەی کە هەن دەبێ هەموو لیژنەکان ئەو دیکۆمێنتانەی کە لایان هەیە هەمووی کۆبکرێنەوەو سەیر بکرێن تەدقیق بکرێن و تەوحیدبکرێن نەك هەر لیژنەیەك دیکۆمینتەك پێشکەش بکات، چ ئەو لیژنەی پەرلەمان چ لیژنەی سەرۆکایەتی هەرێم چ لیژنە کانی خۆی لە نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی دا هەبوو ئیشی ئەوان کە چیان کردووە و ئەو لیژنەی کە ئیستا بەڕێز کاك محمد احسانیش تێدا کاردەکات ئەوانە هەمووی تەوحید کرێن ئێمە ئاگامان لە یەکتری بێت و یەك دەنگ بین وە لەهەمان کاتدا هەوڵ بدرێت لیژنەیەکی باڵای بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی مادەی 140 لە کوردستان پێك بهێنرێت سەرۆکی هەموو لیژنەکان چ لیژنەی پەرلەمانی کوردستان چ لیژنەکانی تر لەو لیژنەیەدا ئەندام بن مانگێ جارێك یان دووجار بە پێی پێویستی کۆ ببنەوە هەڵوێستیان یەك بخەن چی کراوە وی پێویست چی بکرێتن هەم ئیش و کاری رابردوو تقیم بکرێتن وە کارنامە بۆ کار و خەباتی داهاتووی لیژنەکەش دابنرێت، و هەرەها بەڕاستی دەبێ لەو میزانییەی 200 ملیۆن دۆلارەی کە تەرخان کراوە بەشێك بۆ هەندێك کاری پەلەی ناوچەکان تەرخان بکرێت چونکە تا 3/29 کاری ئاسایی کردنەوەی ناوچەکان دەکرێتن ئیمە تەماشا دەکەین من نموونەی ناوچەکانی قراج و مخمور و ئەوانەتان دەدەمێ، لە مخمور گوندەکانی قەراج هەمووی گەڕانەوە لەگەڵ ڕووخانی صدام تا ئەو دوایەش مانەوە بەڵام نەڕێگەی هاتووچۆیان هەبوو نە ئاوی خواردنەوەیان هەبوو نە کارەبایان هەبوو نە قوتابخانەیان هەبوو لە ڕەوشێکی زۆر خراپ دەژیان ووردە وورده گوندەکانیان چۆڵ کرد و گەڕانەوە بۆیە داوا لە وەزیری پەیوەندیدار دەکەم ئەگەر بکرێتن هەوڵی ئەوە بدات لە میزانیەی 2007 لەسەر بوودجەی وەزارەتەکە بە شێك لە پارەکە تەرخان بکرێت بۆ ئاوەدان کردنەوەی ئەوناوچانە بە تایبەت گوند نشینەکان ئەگەر ئێمە هۆکارنەبین بۆ گەڕانەوەی ئەو خەڵکە کەواتە ئێمەش هۆکار نابین بۆ ئاسایی کردنەوە، و ئاسایی کردنەوەش قۆناغێکە پێش سەرژمێری کردن کە ئەو خەڵکە نەگەڕابیتەوە تۆ چی سەرژمێری دەکەی بەڕاستی، دەبێ ئێمە کاربکەین بۆ نموونە بەمەسەلەیەکی بەسیت بە حوکمی شارەزاییم کە خەڵکی مخمورم یەك جادەی هەیە تەنها چەوڕێژ بکرێتن کە جادەی پۆستەی پێ دەڵێن کە لە مخمورەوە بۆ گوێڕ دەچی زیاتر لە 60 – 70 گوند هەیە لەسەر ئەوجادەیە هەمووی دەگەڕێتەوە ئەگەر ئەو جادەیە ئێستا چارەسەر بکرێتن بەڵام زستانان ناتوانن هاتوچۆ بکەن وە پارەیەکی زۆر کەمیشی دەوێتن بۆ دروست کردنی ئەو جادەیە. لە هەمان کاتدا ئەو گرفتە لە گوندەکانی دەورو بەری کەرکوکیش دا هەیە لە گوندەکانی دەوروبەری شێخان و سنجار و ئەو ناچانەش دا هەیە، ئێمە ناڵێن یەکسەرە هەموو شتێك بکرێت بەڵام هەندێك شتی پێویست بۆ نموونە مخمور هەتا ئێستا گەربیانەوێ یەك ئەشیعە بگرن دەبێ بێنە هەولێر، بەم دوایە بەڕێز پارێزگاری هەولێر بڕیاری دا کە ئامێرێکی تیشك بۆ مخمور ڕەوان بکاتن بەڕاستی نەخۆشخانەکەی بەرباده هەموو ئەوشارە لە 2003 وەبەربادە جگە لەهۆڵێکی بۆنە ئاینیەکان جگە لە چاك کردنەوەی مزگەوت و چەند مەکتەبێك هیچی تری بۆ نەکراوە. دەتوانین بڵێین ئەو ناوچەیە

لەڕووی خزمەتگوزارییەوە لەدوای هەموو ناوچەکانی کوردستان دێتن لەوانەیە جەنابی وەزیر خۆشی چوو بێت ناوچەکەشی بینیبێتن ناو کۆلانەکانی مخمور هیچی قیرتاو نەکراون شەقامەکانی ناو مخمور سەرلەبەری خراپ بووە ئاو گرفتێکی سەرەکیە لە ناوچەکە واتە بەڕاستی ئەو خەڵکە لە کونەمەرگییەکی زۆر گەورەدا دەژیت بۆیە پێویستە ئێمە هەوڵی ئەوەبدەین بە هاوکاری لەگەڵ ئیدارەی ئەوێندەر چونکە ئیدارەی ئەوەیَ ئێستا دوو ئیدارەیە بۆ نموونە لە مەحکەمە حاکمی هەولێر دەوام دەکات و حاکمی موصلێش دەوام دەکات، پۆلیس تا ئێستا سەر بە موصلە یعنی کۆمەڵێك دەوائر سەر بە هەولێر و کۆمەلێکیش سەر بە موصلە و ئەو دوو ئیدارەییەی ناوچەکە دواتر حالەتی مخمور بە هەرسێ ناحیەکەیەوە قەراج و گوێڕ و کەندێناوە حالەتێکی جیا دەبێت لەناوچەکانی تر لە ئەیلولی 1996 ماوەی 10 ساڵە خراوەتە سەر موصل مخمور کۆنترین قەزای عێراقە کە لە ساڵی 1927 وە قەزایە سەر بە پارێزگای هەولێر بووە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەموو موستەنەداتی رەسمی حکومەتی عێراقی ئەو 10 ساڵە گەڕاوەتەوە بە فەرمانێکی کۆماری خراوەتە سەر موصل دەکرێ دەستەی سەرۆکایەتی ئێستا هەوڵ بداتن بیگەڕێنێتەوە سەر کوردستان و باوەڕ دەکەم ئەوە ساناترین ئیشیشە ئیشی ناوچەی مخمور چونکە هیچ کێشەیەك نیە وە عەرەبی ناوچەکەش داوای گەڕانەوە دەکەن بۆ سەر کوردستان وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسمان خۆ لەبیر نەچووە. بەڕێز کاك ڕۆمیۆ.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك دوو پرسیارو پێشنیارێکیشم هەیە، مەسەلەی میزانیە کە زۆرش باس کرا بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هۆکارێکی سەرەکی بوو لە دواکەتنیان درەنگ دەست پێکردنی ئیش و کاری لیژنەکە و لە داهاتووش دا دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ تاخیر بوون یان چەق بەستنی ئیش و کاری لژنەکە، ئایا ئەگەر لە قۆتاغێك لە قۆناغەکانی داهاتووی ئیش و کاری ئێوە وەکو ئەم لیژنەیە جارێکی تر ئەم مەسەلەیە وەکو عەرقەلەیەك خرابێتە بەردەم ئێوە و ئیش و کارەکانی ئێوە، ئایا ئێوە چ بەرنامەیەکتان هەیەو چ هەڵوێستێك دەنوێنن.

خاڵی دووەم دەستکاری مالکی لە گۆڕین و ئیزافە کردنی نوێنەری خۆی ئەمە شتێکە نیازێکی ناپاکی بە دواوەیە ئەگەر لە داهاتوودا جارێکی تر لەم لیژنەیە و لە لیژنە فەرعیەکانی تردا ئەم شتە دووبارە بێتەوە، ئایا ئێوە جارێکی تر چ هەڵوێستێکتان دەبێت یاخود چ قسەیەکتان هەیە. پێشنیارێکی تریشم هەیە بۆ مەسەلەی ئەو لیژنانە بەتایبەتی سێ لیژنەکان یاخود کەزیاترن بە لیژنەی کەرکوکیشەوە دەبێتە چوار لیژنە بە لیژنەی پارێزگای کەرکوك. حەقە ئەم سێ لیژنانە تەنسیقێکی تەواویان لەنێواندا هەبێت من من پێشنیار دەکەم چۆن لە کاتی نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا لیژنەیەکی پشتیوانی لە پەرلەمانی کوردستان دا هەبوو بۆ ئەم سێ لیژنانە و لیژنەکانی تریش یەك نەخرێن وەکو ئەوەی کاك

غفور باسی کرد بکریتە لیژنەیەك بەڵام بەناوی لیژنەی پشتیوانی خەلکی کوردستان یان لیژنەی پشتیوانی پەرلەمانی کوردستان لە ئەو سێ ئەندامە بەڕێزانەی لە لیژنە سەرەکیەکەدا هەن. خاڵێکی تریش باس کرا ئەو خەڵکانەی کە لە لیژنەکان دادەنێ بەتایبەتی سێ لیژنەکان کە جەنابی وەزیریش تەئکیدی لەوە کردەوە کە وتی من هەموویان دەناسم یاخود ڕابردووی ئەوان ڕابردوویەکی باشە بەڵام لە داهاتوودا ئەگەر مالکی و هاوشێوەی مالکی چۆن دەستیان وەردا لە لیژنە سەرەکیەکە ئەگەر نیازی گۆڕین یاخود زیادکردنی ئەندام بێت لەم لیژنانە حەقە مەسەلەی خاوێنی و ڕابردووی پاکی ئەم نوێنەرانە بە هەند وەربگیرێ. خاڵێکی کۆتایی تەئکید دەکەمەوە سەر ئەوەی کە ئەبێ سەقفی زەمەنی هەر سێ قۆناغەکانی لیژنەکە زۆر بە هەند وەربگیرێ. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە چەند کەسێکم لەبیر چووە کاك خورشید شێرە کاك دکتۆر نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاس بۆ ڕوون کردنەوەکانی کاك محمد ئیحسان کە زۆر شتی بۆ ڕوون کردینەوە لەو دەمەوە کەوا ئەو لیژنەیە پێك هاتووە کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان کۆنن بەڵام بەشێکیان خۆمان بەرپرسین لە دروست کردنیان بەتایبەتی پاش ڕزگارکردنی ناوچەی کەرکوك، ئێمە کەباس لە کەرکوك دەکەین لەگەڵ ناوچە دابراوەکانی دی کوردستان کورد وتەنی ئەڵێ پادار بگرە و بێ پا هی خۆمانە. کەرکوك بێ پایەکەیە ئەگەر کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ناوچەکانی دی بە ئاسانتر دەگەڕێنەوە. کێشەکانی کەرکوك زۆرن لێرە من تەنیا ئاماژە بۆ بەشێکیان دەکەم.

یەکەم شێوەی دروست کردنی ئەو لیژنەیە کە کاك محمد ئیحسان ئاماژەی بۆ کرد لە سەرەتادا کاك حمید مجید موسا ئەو دستنیشان کرابوو ئەویش عەرەبە کاك هاشم شبلیش عەرەبە هەردووکیان دۆستی کوردن بەتایبەتی من دۆستایەتیم لەگەڵ هاشم شبلی دەگەڕێتەوە بۆ 35 ساڵ پێش ئێستا چوار ساڵ پێکەوە قوتابی بووین لە کۆلێژی حقوق لە بەغدا ئینسانێکی چاکە دیموکراتی خوازە هەر بۆ ئاگاداری ئێوە خێزانەکەی کوردە زاوایەکی کوردە بەڵام ئاگاداری کێشەی کەرکوك نیە کاك حمید مجید موسا وەکو ئێمە ئاگاداری ناوەرۆکی کێشەی کەرکوکە ئەوە یەکێ بوو لە کارەکانی مالکی کەوا دەست بخاتە ناو ئەو کێشەوە ئاڵۆزی بۆ دروست بکات ئەوی لابرد یەکێکی دانا بەوناوەی وەزیری دادە بەڵام ئاگاداری ئەو کێشەیە نیە لە کۆتایی ساڵی 2003 دا دانەیەك لە کتێبەکەم بە عەرەبی بۆم نارد سەبارەت بە کەرکوك لەگەڵ نامەیەك دا بۆ گەڕانەوەی دادوەرێك خەڵکی کەرکووکەو کوردە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کەرکوك وەڵامی ئەوەبوو کەوا لە دەسەڵاتی من دانیە ئەوە هەر بۆ ئاگاداریتان. مالکی من لەو باوەڕەدام ئەویش وەکو جەعفەری باوەڕی بە جێبەجێکردنی مادەی 140 نیە بەڵام مرۆڤێکە وریاترە لەسەرخۆترە بە شێوەیەکی تر کاردەکات دەست دەخاتە ناو کارەکان نەك بەوشکی وەکو جەعفەری ڕوو بەڕوو پێت دەڵێت ئەو کارە ناکەم. ئەبێ

ئاگاداری ئەوەش بین ئەویش خاڵێکی تری گرنگە کەوا ئیستا چەندەها لایەن خەریکن کە جیّبەجیّکردنی مادەی 140 دوابخرێت دەوڵەتانی دەوروبەرمان هەموویان ئەوانەی کەوا بەفەرمانی ئەوان کاردەکەن بە تایبەتی لە کەرکوکدا هەروەها چەند رێکخراوێکی بەناو ناحکومی کە من راپۆرتی هەموویانم چاو پێکەوتووە لە ئەوروپا لە ئەمریکا بە بیانووی ئەوەی کە گوایە باری ئەمنی کەرکوك خراپە چاكترە کەوا ئەو مادەیە حیّبەجیّ نەکرێت و دوابخرێت دواخستنی هەمووکارێکیش هەموو دەمێك لە زەرەری کورد دابووە لە ساڵی 1970 وە تاکو ئێستاش. ئەوان باری ئەمنی کەرکوکیان کردۆتە بیانگە بەڵام هەر خۆشیان ئەم بارە دروست دەکەن چەکدارەکانیان و تیرۆرستەکان لەو ناوچانەوە دێن کەوا عەرەبی هاووردەی لێیە هەر خۆیانن لە حەویجەوە چەکیان بۆ دەنێرن هاوکاریان دەکەن بە هەموو شێوەیەك هەتا ئەو بارەش وا بڕوا ئەوان نایانەوێ ئەو ماددەیە جیّبەجیّ بکرێت هەوڵی ئەوەش دەکەن کەوا باری ئەمنی لە کەرکوك چاك نەبێت. کیشەیەکی تری هەیە کە تائیستا بیرمان لیّ نەکردۆتەوە مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لەم نزیکانە دا دەکریّ لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا تا ئێستا هیچ ئامادە کارییەکی باشی بۆ نەکراوە و من لەو باوەڕەدام ئەگەر بێت و ئەم جارە لایەنی کوردستانی بەباشی خۆی بۆ ئامادە نەکات ئەو ئاکامەی دەستمان کەوت لە سەرەتای 2005 بە دەستمان ناکەوێتەوە ئەوکاتە کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت. بەداخەوە کەوا دەڵێم لە سەرەتاوە لایەنی کوردستانی بەرنامەو ستراتیژی نەبووە بۆ چارەسەر کردنی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تری کوردستان وەکو بەشی زۆری برادەران ئاماژەیان بۆ کرد کاتی ئەوە هاتووە کەوا کورد بەرنامەی هەبێت ستراتیژیەتی هەبێت چۆن لە ماوەی پتر لە 30 ساڵدا بەعس بە پێی بەرنامە ئەو ناوچانەی کردە عەرەب ئێمەش ئەبێت ئەوسیاسەنە بە پێی بەرنامە هەڵوەشێنینەوە و پێویستە ئێمەش هەموو دەمێك پشتیوانی لەو وەزارەتە بکەین و لەو لیژنانەش کەوا هەوڵی ئاسایی کردنەوەی ناوچەی کەرکوك دەدەن. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر باشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێك و پێشنیارێکم هەیە بۆ جەنابی وەزیر، پرسیارەکەم ئەوەیە جەنابی مالکی بە قسەی خۆی دەڵیّ هەموو مادە و برگەکانی ماددەی 140 دەبیّ جیّبەجیّ بکرێت بەڵام ئەگەر تەماشای دەستوری عێراق بکەین زۆر برگە هەیە کەوا داکۆکە لەسەر ماف تاکە کەس و ئازادی تاکەکەس، ئایا ئەوە نابێتە رێگر لە پێش گەڕانەوەی ئەو کەسانە لەبۆ شوێنی خۆیان؟

پێشنیارەکەشم ئەوەیە ئایا کە جەنابی وەزیر لایەنێکی مەعنی و لایەنێکی ڕاستەوخۆیە کە وەزیرە ئایا بکریّ کەوا وەکو نموونەیەك وەکو قۆناغێکی یەکەم 100 تا 150 ماڵێك بنێردرێتەوە سەر شوێنی خۆیان

و لایەنەكانی ڕاگەیاندن چاو پێكەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن بزانین كە وەكو قۆناغی یەكەم چ كاریگەریەكی هەیە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان.

**بەڕێزعثمان أحمد حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی سوپاس بۆ دكتۆر محمد ئیحسان كە واقیع بینانە پەرلەمانی ئاگادار كردۆتەوەلەوەی كەوا مەترسی یەك هەیە زۆر سوپاس بۆ كاك فرسەتیش كە لە ڕووی یاسایی یەوە بەرچاو ڕوونی كردین كە مەترسیەكان بە پێی ئەولەویەت چۆن سەقفی زەمەنی تا بەرەوە كەم بوونەوە بڕوا لە صالحی جیٚبەجیٚ كردنی مادەی 140دا نیە، جێی خۆیەتی ئەو كۆبوونەوەی ئەمڕۆ وەك وێستگەیەكی جدی و بە خۆدا چوونەوەو حسابی بۆ بكریٚ پێم وایە پەرلەمانی كوردستان جێی خۆی دەبیٚ كە داوای كۆبوونەوەیەكی نائاسایی بكات لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان و جەنابی سەرۆكی هەرێم و ئەوەی كە مەعنیە بە ئەو حالەتە حەساسەی ڕووی لە جیٚبەجیٚ كردنی مادەی 140 كردووە بۆ ئەوەی حزبە كوردستانیەكان ئەركی خۆیان بزانن جەماوەری كوردستان ئەركی خۆی بزانیٚ پەرلەمانیش ئەركی خۆی بزانیٚ چونكە بەڕاستی ئەگەر ئالیەتێك دانەنرێت جەماوەر، حكومەتی هەرێم حزب و لایەنە سیاسیەكانی كوردستان چۆن هەڵوێست نیشان بدەن لەوەی كە د. محمد ئیحسان وەكو وەزیر داوای لە پەرلەمانی كوردستان كردووە كە پشتیوانی لیٚ بكات دیارە جەنابی واقیع بینانە باسی لەوە كرد كەپێویستە بە جدی پشتیوانی ئەو نەك لیژنەكە یا خۆی بە تەنیا ناتوانیٚ ئەو حەساسیەتی ئەوەی كە بۆ ئالیەتی ئیدارەی لیژنەكە هاتبێتە پێشیٚ ئەگەر بۆ ئیدارەی ئالیەتی لیژنەكە هاتبێتە پێش ئەی بۆ جیٚبەجیٚ كردنەكەی چەند بێتە پێش. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەبینن چەند كەسێكم لەبیر كردبوو. كاك هیوا.

**بەڕێزهیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر دەكەین، من چەند تێبینیەكم هەیە، ئەو گەشبینییەی وەزیر و ئەو بەڵێنانەی كە وەزیر دای كە ئەو ناوچانە دەگەڕێنەوە بۆ سەر كوردستان جێگەی دەست خۆشی و دڵخۆشیە، بەڵام لە ڕاستیدا هەروەكو باستان كرد ئێمە ئەبیٚ زیاتر ئەم بابەتە بوروژێنین و باسی بكەین چونكە خاوەن پێویستیەكان ئێمەین بەرامبەرەكان بە بەردەوامی هەوڵ دەدەن هەلەكان لە دەست ئێمەبەن كاتەكان لە دەست ئێمەبەن هەر لەو گۆڕنكاریانە لە لیژنەكەدا كراوە ئەو ازافە كاریانەی كە كراوەئەوە بەدی دەكرێت وە لە قسەكانی وەزیردا ئاماژە بەوەكرا ئاستەنگەكان هەر لە وولاتانی ڕۆژئاوا و تەوەجوهی ئەمریكا و بەریتانیا كە ئێستا ئەوان زیاتر لە عێراقدا مەعنین بە كاروباری عێراق ئەوان ئەو بۆچونانەی

ئێمە بە چەوت ئەزانن کە باسی ئەوە دەکەین هاو دانیشتنێکی کەرکوك بگەڕێنرێتەوە چونکە نموونەمان بۆ دەهێنێتەوە کە تۆ شەش ساڵ لە ئەمریکادا بیت ئەبیت بە تاکێکی ئەمریکی مافی خۆ پاڵاوتنت هەیە بۆ سەرۆك کۆماری لەلایەکی ترەوە لە ڕاستیدا ولاتانی ئیقلیم ئێمە ئەبێ بزانین دژن بە داوای ئێمە و کاریگەری وولاتانی ئیقلیم وە هەندیکیان دیارە لە عێراقدا و دەتوانم بڵێم ئەوانن ئیدارەی عێراق دەکەن زیاتر لە ئەمریکاش دەستیان دەڕوات و سولتەی عێراقیش و حکومەتی عێراقیش ئەویش تەوەجوهی دیارە هەر لە عەلاوییەوە دوای ئەوە بۆ جەعفەری دوای ئەوەش ئێستا هاتۆتە مالکی، مالکی جوان رایگەیاند لە کاتی راگەیاندنی حکومەتەکەیدا کە ووتی یەکێك لە خاڵەکان جێبەجێ کردنی خاڵەکان ئەوە یەکێك لە پڕۆژەکانی حکومەت دەبێ. بەڵام وا دەبینرێ بەڕاستی هەر بەدوایدا دەیهێنن نایەنە پێشەوە. من چەند پێشنیارەك ئەکەم بەڕاستی هەروەکو ئەرکێکی مێژوویی پەرلەمانی کوردستان بیکات زۆرشت هەیە لەوانەیە بۆت نەکرێ بەڵام مێژوویەکە و تۆمار دەکرێت. وا ئەبینم ئێمە ئەم بابەتە لە پەرلەمان و لە حکومەتیشدا وەك پێویست نەوروژێنراوە بە دەمیەوە نەبووین ئێستا ئەوا بەدم میزانیەوەن بچین لەگەڵ حکومەتدا دابنیشین و میزانیەکەمان بۆ رێکبخات ئەوەندە قەزیەی کەرکوك و ناوچە ئازادکراوەکان نەورووژێنراوە بۆیە من پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان داوا بکات لە پەرلەمانتارانمان لە بەغدا کە بیکەنە قەزییەك بیورووژێنن بیکەنە باسێکی پەرلەمان بیکەنە بابەتێکی ئێستای پەرلەمانی عێراق بۆئەوەی بتوانین فشارێك دروست بکەین، لە ڕاستیدا ئێمە ئەو کارتانەی کە بە دەستمانەوەیە زۆر جار باسی یەك پارچەیی خاکی عێراق دەکرێ ئێمە قەناعەتمان نیە بە قودسیەتی یەك پارچەیی خاکی عێراق بەڵام شتێکە کە خۆمان لەسەری پێك هاتووین لەبەرئەوە من ئەڵێم هەر کارتەکەیە بەدەستمانەوە زیاتر لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بابەتی مزەکریەك شتێك بێت کە بە هۆی ئەم دانیشتنەوە هەروا هەڵنەستین و بڕۆینەوە با پەرلەمانی کوردستان بریارێك بدات زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێنج برادەر ماوە قسە بکەن دیار من لە بیرم چووە یان دواتر بیریان کەوتۆتەوە کاك د. ناصح، کاك شعبانە، کاك بەرزانە، کاك تەلعەتە، دواتر کاك د. کمالە، کاك د. فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئیمە پێش هەموو شتێك ئەو واقیعە بزانین کێ ماددەی 58 و ماددەی 140 یان ماددەی 58 لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەو ماددەی 140 لە دەستوری هەمیشەیی عێراقی لەسەر داوای کێ و کێ توانی بیچەسپێنێ، ئایا کورد بەتەنها و لەگەڵ هاوپەیمانەکانی یان پێداگرتنی کورد بووە بە تەنها بۆ ئەوەی ئەوانی تریش ناچار بوون چاوپێخشاندن لەسەر ئەوە بکەنەوە چونکە بە قەناعەتی من بە پێی ئەو تەجروبەی کەوا سێ حکومەت هاتۆتە ئاراوە عەللاوی کە خۆمان پێمان داگرت عەللاویمان کرد بە سەرۆك وەزیران جەعفەری کە دوای ئەوەهات بە هەڵبژاردن و هەروەها مالکی، من لەو

قەناعەتەدام هیچ یەکێك لەمانە و هەر عەرەبێکی تر ببێ بە سەرۆك وەزیران ئامادە نییە ئەم ماددەیە جێبەجێ بکات بەئارەزووی خۆی، ئامادە نییە جێبەجێی بکات لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەموو عەرەبێك چونکە لێرەدا خەلەلێك دروست دەبێت بۆ خۆی هەروەها بەنیسبەت ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان ئایا ئەتوانن دژی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 بن؟ نەخێر ئیستاش مالکی ناڵێ من دژم بەڵام ئامادە نییە وەکو پێویست جێبەجێی بکات ناتوانێ کەشتێکی نادەستوری یە ناقانونیە بڵێ من ئاماد نیم جێبەجێی بکەم، هەروەها بەنیسبەت ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئەوان دژی نین بەڵام بە قەناعەتی من هەوڵ دەدەن بوارێك بڕەخسێنن شتێکی وا دروست بکەن کە سبەی ئێمە ناچار بکرێین ڕازی بین چۆن پێداچوونەوە بۆ ماددەکانی تر ئەبێ ئەمەش تاخیر بێت من گومانم لەوەدایە ترسم لەوەدایە، بەڵام ئەگەر بێت و لە کاتی خۆشی دا ئەم سێ قۆناغەی کە دانراوە کە لەمانگی 3 و مانگی 7 و مانگی 11 یە ئەگەر وەکو پێویستیش هەموو قۆناغەکان وەکو پێویست جێبەجێ نەکرێن بۆ نموونە هاوردەکان خۆیان ئەیانەوێ بگەڕێنەوە ئێمە بۆ هاوکاریان نەکەین کە بگەڕێنەوە ئەوەی کەئامادەیە بگەڕێتەوە بۆ ئێمە چاوەڕێ بکەین حکومەتی بەغدا بیکات چونکە من گومان لەوەدایە کە حکومەتی بەغدا بیەوێ ئەو ئاسانکاریە بکات چونکە ئەزانێ ئەوە ئاسانکاریەکی گەورەیە بۆ ئیشەکە. گەڕانەوەی قائیم مەقامیەتەکات ئەو ناوچانەی کە دابڕاون لە کەرکوك بۆ نموونە کەرکوك بەتەنها بینیت ئەوانە خۆ ئەتوانن بگەڕێنەوە باشە ئەگەر بەشێك لەو ئیشە جێبەجێ نەکرا ئایا ئیمە ناتوانین بچینە قۆناغی دووەم و قۆناغی سێیەم جێبەجێ بکەین بۆ نموونە نەیانویست یان فێڵیان کرد یا قۆتاغی یەکەم وەکو پێویست جێبەجێ نەکرا قۆناغی دووەم نابێ بکرێت کە سەرژمێرییە یان قۆناغی سێیەم نابێ بکرێ کە ئیستفتائە. من بۆ خۆم گومانم لەوەدا نییە منیش گەشبینم کە کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان دەنگ بۆ ئەوە دەدەن کە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان چونکە ئیسپاتمان هەیە نموونەی پێشوو دوو هەڵبژاردن کراو لەگەڵ ئستفتائێك. خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە بەنیسبەت حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئێمە هەر ئەڵێین بەرەی تورکمانی و عەرەبی شۆفێنی و هاوردەکان ئێمە خۆمان تا چەند توانیومانە لەگەڵ ئەو سێ شەریحەیەی کەوا هەیە خۆمانیان لێ نزیك کەینەوە چیمان بۆ هاوردەکان کردووە چۆن یەکێك لەوانە هاوکاریان بکەین بگەڕێنەوە چیمان بۆ تورکمان کردووە بۆ ئەو تورکمانە ڕەسەنانەی کە لەگەڵ ئێمەن بۆ ئەوەی تورکمانەکانی دی هان بدرێن چیمان بۆ ئەوان کردووە ئێمە ڕاستە ئێستا ئاوەدان کردنەوە ئەکەین لە کەرکوك و لە زۆر شوێن بەڵام چیمان لە ناوچە تورکمانەکان کردووە حەزدەکەم ئەوە بزانین چۆن ئێمە بتوانین ئەوانە ڕابکێشین چۆن ئێمە بتوانین هەوڵ بدەین ئەوانەی لەگەڵ بەرەی تورکمانین ئەوانەی بە هاندانی تورکیا دژی ئێمە ئەبن چۆن وا بکەین قناعەتیان پێ بێنین کە ئەوان لەگەڵ کوردستان بن باشترە و یان هەروەها عەرەبە ڕەسەنەکان ئێمە قەناعەتیان پێ بینین بۆ باشترە بۆ ئەوان لەگەڵ ئێمە دابن ئەمانە هەمووی پرسیارن ئینجاش ئایا مەرجەعیەتی ئەم لیژنەیە تەنها مالکیە بە کەیفی خۆی قەرار دەدات یان ئەنجومەنی وەزیران، برادەرانی ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوان هەڵوێستیان چیە بەرامبەر بەمە لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

**باپیر کامەلا.**

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیە تایبەت بە جێبەجێ کردنی ماددەی 140 کە کێشەیەکی هەچەندە ماددەکە شتێکی نوێیە بەڵام کێشەکە کێشەیەکی کۆنە پێشینەیەکی زۆری هەیە ڕیشەیەکی قووڵی مێژوویی هەیە، و کێشەیەکی نەتەوەییە بۆتە کێشەیەکی سیاسی هەم یاسایی هەم دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێك دەرئەنجامی تری لێ کەوتۆتەوە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم کێشەیە من ڕەش بینم لەوەی کە هیچ یەکێك لەو حاکمانەی کە لە بەغدا حوکم دەکەن چ عەرەب بن هەتا کەسێکی تریش بەری بۆ ئەوێ ئەوە جێبەجێ بکەن بەڵام لەوەی ئەو قوناغە سیاسیەی کە هەیە و ئەو گۆڕانکاریە سیاسیەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت لە جێبەجێ کردنی ماددەی 140 بەڵام ڕەنگە کاتی زیاتری بخایەنێ پێویستیشمان بە خۆ ڕێکخستنی زیاتر هەبێت بۆیە برادەران زۆر لەو قسانەی دەم ویست بیکەم کردوویانە تەنها چەند پێشنیارێکم هەیە، پێشنیارەکەم ئەوەیە کە ئەو لیژنەیەی کە د. محمد ئیحسان بۆ خۆی و نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرایەتی ماددەی 140ی لە پەرلەمان لیژنەیەك پێك بێنن لیژنەی باڵای چاودیری کردنی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 ناوبێت ئەو لیژنەیە چەند لقێکی هەبێت هەر بەرنامەی کاری ئەوەبێت کە 15 ڕۆژ جارێك کۆ ببێتەوە بەرنامەی کاری مانگانەی هەبێت لە چەند لیژنەیەکی فەرعی هەبێت لیژنەیەکی تایبەت هەبێت بۆ هاندانی ڕێکخراوەکانی NGO بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە زیاتر لیژنەیەك هەبێت بەتایبەتی بارودۆخی ئاسایی کردنەوەی ئەمنی زیاتر کە وڵاتانی ئیقلیمی زۆر دەستیان هەیە لەوەی کە بارودۆخی ئەمنیان تێکداوە کێشەی زۆر دروست دەکەن لە زۆر ڕێگاوە ئەو پێشگیری لێ بکرێت بەتایبەتی ئەوە ناوچانەی کە زۆربەی زۆری کوردە پۆلیسەکەی کوردە یان ئاسایشەکەی کوردە بتوانرێت ئەوە زیاتر گرنگی پێ بدرێت دوواتر میدیاکان بەتایبەت لیژنەیەکیان هەبێت هەموو میدیاکانمان تەرکیز لەسەر ئەو کێشەیە بکەن کۆڕو سیمیناری زیاتری لەسەر ببەسترێت وێرای ئەوەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بوودجەیەکی تایبەت دابنێ، سەرەڕای ئەو لیژنەیە هەوڵبدات ئەو کێشەیە بە کێشەیەکی میللی بکات زیاتر کە بکرێت سندوقی خەیریش دروست بکرێت لە زۆربەی شوێنەکان بۆ ئەوەی پارە کۆبکرێتەوە بۆ گێڕانەوەی قۆناغی یەکەم با ئێمە ئیش لەوە بکەین با کوردەکانی خۆمان بگەڕێنینەوە یان ئەو تورکمانانەی کە لەوێ ڕا تەرحیل کراون بە سیاسەتی تەعریب کردن ئەوانیش بگێڕنەوەو ئەو پارەیە پشتیوانی بێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی دێیەکان بۆ کردنەوەی مەکتەب و خەستەخانەو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێویستن. ئێستا کوردەکان چونەتەوە ئەوێ بەڵام هیچ خزمەتگوزاریەکی ئەوتۆیان ناگاتێ کە بۆ ئەوەی ئیستقرار بکەن لەوێ بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو سندوقە دابنرێت و ئەهەمیەتی پێ بدرێ, هەم لەلایەك تاکی کوردی هەست بەوە دەکات کە

ئیلتیزامێکی لەسەرە لەلایەکی تر ئیلیتزامێکی مالی دروست دەبێت ئەو سندوقە ئەهمیەتێکی زۆری هەیە، شەرت نیە ئەوەش هەبێت لە هەرێمی کوردستاندا ئێمە ئەو سندوقانە ئەوە بکەین دەکرێت لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانیش ئەوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. دەستت خۆش بیت کاك شعبان.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز جەنابی وەزیر جەنابی وەزیر باسی ئاستەنگێکی کرد کە دێتە ڕێی ئەوان هی لیژنەی ئەوان لە حکومەتی فیدرالیەوە، ئایا ڕەدە ئەوان بەرامبەری ئەڤ ئاستەنگا چیە ئایا شیانە ڕێخۆشکردنێ پشتی وان خۆش بکەن بۆ ئەوەی کاری خۆ بەدروستی بەڕێڤە بەرن، خالێ دوو ئەگەر حکومەتی فیدرالی محاوەلەی تەمدید کرنا سەقفی زەمەنی کرد هەلۆێستی وا بەرامبەری ڤە چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك طلعت.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری د. کمال و مامۆستا کاك فرسەت دەکەم و کاك کەرخیش تورکمانەکانی کەرکوك لەگەڵ قسەی دکتۆر ناصحم ئەبێ ئیشیان لۆ بکەین ئەو ولاتانەی کەباسیان کرد ولاتی دەرەکی تەبعەن تورکیایە لەپاش ڕاپەڕینی ساڵی 1991دەست تێوەردان لە کوردستان مەشاکیل بۆ خەڵق دەخولقێن وبەتایبەتیش ئێستا جەخت دەکات لەسەر دوو خاڵ، یەکەم مەترسیەکی بلاوکردۆتەوە لەکەرکوك گەر کەرکوك گەڕایەوە بۆ باوەشی کوردستان ئەوا لەخاکی عێراق دەپچڕێت، لە عێراق نامینی ئێمەش دەڵێین کوردستان بەشێکە لەعێراقی فیدرالی، دووەمین هەوڵی تورکیا ئەوەیە کە پرۆسەکە دوا بخات تا ساڵی 2010 بەونیازەی کەباری ئابووری لەکەرکوك تەواو نیەو د. محمد إحسان تکایە خاڵێکم هەیە بۆ جەنابت باس دەکەم، ئەویش تەلەعفەر گەورەترین قەزایە لەعێراق و لەکوردستانیش تکایە تۆزێك ئاوڕ بدەنەوە لە تەلەعفەر وئۆفیسێکیش لەوێ بکرێتەوە ئەوانیش تورکمانن پارچەیەکن لە کوردستانی عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی کە موداخەلەیان کرد دیارە موداخەلەکان و پرسیارەکان و وەلام دانەوەکەشیان هەمووی یەك هەلۆێستی کوردستان لەگشت پێکهاتەکان ڕادەگەیەنێ کە هەموو حەریسن لەبەر ئەوەی کە ئەو مادده دەستووریە جێبەجێ بێت ئیلتیزامە بە عێراق ئەوانەی نایانەوێ ماددەکە جێبەجێ بێت دیارە

دڵیان بەکورد دەسووتێ دەیانەوێ کورد زیاتر لە فیدرالیان هەبێ، ئیلتیزام نەکردن بەدەستوورەکە مانای ئەوەیە بە دەستوورەکە ڕازی نین ئەوجا لە دیباجەی دەستووری عێراق لە ئاخر سەترەکەی کە بەڕاشکاوی ئەڵێت ئیلتیزام بەم دەستوورە، یەکپارچەیی ڕائەگرێتن ئێمە تەمەنا ئەکەین ئەو برادەرانە بەجدی هەوڵدەدەن دەستوورەکە جێبەجێ بێـتن وەئیلا ئەگەر لەبەر خاتری ئێمەیان بێت ئەوە مەسەلەیەکی ترە، زۆر برادەر ئیشارەتی بەوەکرد ئیش نەکراوە نا بەحەقیقەت گوناحە بڵێین ئیش نەکراوە زۆر کراوە لە پێش قیادەی سیاسی کوردستان دوو ڕێگە هەبوو بەشەر بیهێنی یان بەیاسا میللەتی کورد قیادەی کورد یاساییەکەی پێ مەنتقی تر بوو لەبەر ئەوە ئەم ماددانە بەئاسانی نەهاتوونە، چی لەقانون ئیداری دەوڵەتی عێراقی ماددەی (58) چی ماددەی (140) لە دەستووری هەمیشەیی عێراق زۆر بەجدی چ پەرلەمانتاران چ لایەنە سیاسیەکان چ سەرۆك كۆمار چ سەرۆکی هەرێم زۆر هیلاك بوون تاکو ئەم ماددە دەستووریە جێگە بگرێت، خاڵێکی تر ئەو لایەنانەی دژی ماددە دەستووریەکەن زۆر بەئاشکرا ئەڵێن نووسراوەکانیان هەیە هەندێکیان لەبەر دەستی ئێمەن ئەڵێن ئەمە کورد توانیویەتی سیاسیەن بیباتەوە چونکە حەلیفی حولەفایەو حەلیفی ئەمریکایە دەستووریەن بردوویانەتەوە چونکە ماددەیەکی دەستووریان تەسبیت کردووە تەعدیلی یان ئیلغای بە ئاسانی ناکرێت ئیلا کورد خۆی ئەبێ موافق بێت چونکە ئەگەر ڕەفزیان کرد لە سێ موحافەزە ئەو ماددەیە دەستکاری ناکرێتن بۆیە داوا بکەن لە حولەفا ئەوان زەختیان لێبکاتن ئەویش باوەڕ بکەن هەچ کەسێك داواش بکات میللەتی کورد ئەو تەنازولە ناکات بەنیسبەت ئەوەی هەمانە کەکورد پێی ڕازی بووە گەلێك کەمترە لەماڤی تەواوی ئێمە منەتی کەسیش نیە لەسەرمان بەڵام کورد میللەتێکی دیموکراتیە زوڵمی لێکراوە لەم مەرحەلە تەئریخیە ئەم تەوازوعەی نیشانداوە ئەم شتە بەسیتانەی هەنە مەوافەقەت بووە، حەقی ئێمە لەوە زیاترە، بەنیسبەت ئەوانەی دواخستن و جێبەجێکردنی من ئەتوانم بڵێم نایانەوێت بڵێن لەسالحی کوردە چونکە کورد مەرحەلەیەکی تر ئەڕواتە پێش یەعنی ئیلتیزام نەکردنە بە دەستووری عێراقی کورد ئازادە بۆ خۆی، ئێمە تەمەنا ئەکەین نەچێـتە ئەوێ بۆیە لەسەر ڕۆشنایی مداخەلەکانی ئێوەی بەڕێز و لێژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی (58) کە ئێستا ماددەی (140)ە لە پەرلەمان ئێمە بەمیکرۆسکۆب موراقەبەی وەزعەکە ئەکەین لەکوێ خەلەلێك هەبێت نەفسی ڕۆژ برقیەی بۆ لێئەدەین، هەرای بۆ ئەکەین تەمەنا ئەکەم هەموو بەڕێزان ڕۆژنامەکان بخوێننەوە لە ئیعلام موئتەمەر سەحەفی کراوە لە ڕۆژنامە وتراوە زەخت خراوەتە سەر گەورەترین شوێنی عێراق ئێمە هەم لە لیژنەکەمان هەم لێرەش لەبەر ڕۆشنایی مەدخەلەکانی ئیوەی بەڕێز ئەم خاڵانە دەخەینە پێش ئێوەی بەڕێز یەکەم مەلەڤی کەرکوك و شوێنە کێشەدارەکان، پێویستە لە کوردستانەوە سەرپەرشتی بکرێت، ئێمە لەگەڵ ڕێزمان بۆ ئەو گشت بەڕێزانەی

هەمانە لەخوارەوە کاریان زۆرە ئەمە ڕەئی ئەوانیشە نەك تەنها ڕەئی ئێمەیە چونکە کێشەکە لەبەین کوردستان و لەبەین عێراقە پێویستە لێرەوە زۆر بەوردی موتابەعە بکرێن موداخەلە بکرێن لە قیمەی قیادەی کوردستانەوە لەسەر خەتی سوور بن لەگەڵ قیمەی قیادەی عێراق، هەر خەلەلێك هەبێت دەبێ زوو چارەسەر بکرێت لیژنەکانی بەدواداچوون سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی عێراق، نوێنەری هەرێم، نوێنەرانی ترمان لە لیژنەکە تەنسیقی تەواو لەبەینماندا هەبێ، حەتا عیلاقە خۆشکەین لەگەڵ ئەندامانی تری لیژنەکە کە بۆ ئەو کارە دانراون، دیکۆمێنتەکانی تەقدیم دەکرێت یەك بخرێن و لەکوردستانەوە بدرێتە نوێنەرانمان کە بیبەن بۆ لیژنەکە، هەرکەس بەئارەزووی خۆی کاك دکتۆرە یان خوشکێکە یان برایەکە دیکۆمێنتەکان ببات ئیحتیمالە ئەو دیکۆمێنتە چێك نەکرابێت یان سەیر نەکرابێت یان خەلەلێکی تێدا بێت بەزەرەرمان تەواو ئەبێت پێویستە لە کوردستانەوە لێرە ئێوەی بەڕێزیش ئاگاتان لێبێت، سەرۆکایەتی هەرێمیش حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەوجا ئەدرێتە ئەو سێ بەڕێزەی کە نوێنەرایەتی کوردستان ئەکەن لەو لێژنەیە، مەحازری دانیشتنەکانی لێژنەکەی جێبەجێکردن بەبەردەوامی و بەبێ دواکەوتن بگەنە لامان لایەنە پەیوەندیدارەکان وەکو بەڕێز جەنابی وەزیر ئیشارەی پێکرد، پێش ئیستەش گەیاندوویەتیە ئێرە تەمەنا ئەکەین ئیتر مونەزەم تر مورەتەب تر زووتر لامان بێت، ڕێگا نەدرێت دەستکاری لێژنەکەی بەغدا بکرێت بەبێ تەوافوقی لایەنە پەیوەندیدارەکان کوردستان تەرەفە لەو کێشەیە ئەگەر ئاگای لێنەبێ سەرۆکی هەرێم ئاگای لێنەبێ سەرۆکایەتی حکومەت ئاگای لێنەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگای لێنەبێت پەرلەمان ئاگای لێنەبێت ڕێزدار مام جەلال ئاگای لێنەبێت دکتۆر بەرهەم ئاگای لێنەبێتن نەفەرێك ئیزافە بکرێت ئەمە جوملەتەن مەرفوزە لەبەر ئەوەی ئەصلەن لەبەر هەر ئیعتیبارێك بێت ئەم جارە ڕەفز بێت ئێمە بۆ ئەو ئیزافەیە رێزمان بۆ برای تورکمانی برای ئێمەیە ئێمە پێ دادەگرین لەمافی ئەوان مەقسەدمان ئەوە نیە ئەم برایە تورکمانە، ئەم برایە لەسەر داخوازییەکی سیاسی دەست نیشان کراوە کە خۆی برا تورکمانەکانیش پێی ڕازی نین و ئەو شەخصە خۆیشی لەناو حزبەکەی دژی ماددەکەیە، ئەوان بەئاشکرا بەڕوونی ئەڵێن ئەم ماددەی (140)ە ئەبێت تێك بدەین کە تێك بدین بۆ نوێنەری ئیزافەی ئەوێ ئەکرێ، پێویست ناکات، تەعدیلی ماددەی (140) خاڵی (6) بەهیچ شێوەیەك ناکرێت وەخەتی سوور بۆ کوردستان بۆ گشت لایەك بەهیچ شێوەیەك بیری لێنەکرێتەوە کە دوا بخرێت یەعنی ئەوە مومکین نیە، ئەبێ تەعدیل بکرێت دوا خستنی نیە،بەپێی قانون ماددەیەکی دەستووریە ناتوانن دوای بخەن ئەگەر بێت و کورد تەنازول بکات ئەبێت کوردستان دەنگی لەسەر بدات بۆ ئەوەی تەعدیل بکرێت، ئەمەش لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نیە، و کێش بڵێ کەس بەقسەی ناکات، لەبەر ئەوە کەس بیری لێناکاتەوە، نە عێراق نە دۆستانی عێراق نە لەکوردستانیش هیچ

کەس وهیچ لایەنێك (7) ئیلتیزام نەکردن بەجێبەجێ کردنی ماددەی (140) ئەوە دەگەیەنێت ئیلتیزام نەکردنە بە دەستووری هەمیشەیی عێراق ولایەنی کە ئیلتیزامی پێوە ناکات بەرپرسە لە هەموو ڕووداوێك بۆ ئایندەی عێراق (8) شوێنە کێشەدارەکان بەپێی یاسای دەستووری ئستئنا کراوە نابێت لەبەر ئالۆزی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ئەمرۆ خەڵك بێن لەوێ نیشتەجێ بێ بڵێن وەزعیان خراپە، ئەوەی لەبەر وەزع خراپی ڕائەکات ڕۆحی خۆی نەجات بدات ئێمە بەڕێزەوە سەیری ئەکەین، بابێتە شوێنێکی تری نەك بچێتە کەرکوك جارێکی تر کەرکوك تەعریب بکاتەوە لەبەر ئەوە ئەبێت ئەمە نوقتەیەك بێت ڕێزدار دکتۆر محمد إحسان زۆر بەڕاشکاوی لەشوێنی خۆی باسی بکات، (9) تەتبیع کە تا 3/29 پێویستە عەرەبەکانی تەعریب بنێردرێنەوە ئاوارە بگەڕێنەوە قەزاو ناحیەکان وەك چەمچەماڵ، کەلار، کفری، دوز بگەڕێنەوە سەر سنووری پارێزگای کەرکوك ئەمە پێویستە زۆر بەوردی کاری بۆ بکرێت بۆیە لێرە دێمە سەر ئەوەی ئەو 29 ملیۆن دۆلارە کەمە، ئەمرۆ 70 هەزار عەرەبی تەعریب بەناو لای ئێمەیە ئەیانەوێت بڕۆنەوە ناردنەوەیان پێویستە نەقڵی سجیلاتی نفوسیان بکەن نەك تۆ پارەی بدەیتێ ئەمرۆ بڕوات بەیانی بێتەوە، یان شەو بێتەوە ئەوە مومکین نیە ئەبێ ئوسولاتی خۆی هەبێت و بۆی بکرێت 7 هەزار ماڵ ئەگەر هەر ماڵی تەکلیف 10 هەزار دۆلار بکات دەکاتە 70 ملیۆن دۆلار ئێ ئەم بەڕێزانە 29 ملیۆن دۆلاریان هەیە بۆکاری خۆیان وزۆر شتی تریش بۆیە پێویستە پا دابگرن بێتەوە سەر حسابەکەیان، بەنیسبەت وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم وەکو ئەندامی لیژنەکەمان بەڕێز سۆزان ئیشارەتی پێدا پێویستە تەفعیل بکرێت و چاکسازی بۆ ئاوەدانکردنەوەو چاکسازی بۆ گشت پێکهاتەکانی بگرێتەوە قەومەکانی تر نەتەوەکانی تر ئایینەکانی تر بەبێ جیاوازی دور لەپاڵەپەستۆی حزبایەتی لەدەست خەڵکانی دڵسۆز و ڕێزدارو جێگەی ڕێزی خەڵکی ناوچەکان بن پاك بن دەست ماوەو پاشماوەی ڕژێمە دیکتاتۆرە ڕوو خاوەکە نەبن کە ئەو مەئساتەی بەسەرماندا هێناوە پێویستە خەڵکێکی دڵسۆز بە پاکی بەدڵ ئیش بکات نەك یەکێك بێت بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و عایلەکەی کار بکات، (10) دانیشتنی لیژنەکە، لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی(140) دەستووری هەمیشەیی عێراق با هەندێك لەدانیشتنەکانی لە کوردستان بکات، لە بەغدای بکەن لەکەرکوکی بکەن لەهەندێ شوێنەکانی تر بەڵام چونکە ئێمە تەرەفێکی کێشەکەین با هەندێکی دانیشتنەکانیان بێن لەکوردستان بیکەن، واجبی هەموومانە، بۆ کارکردن بۆ ئاگادارکرنەوەی جەماوەری کوردستان بەڕێگەی کۆمەڵگای مەدەنی و پەرلەمان و ڕاگەیاندن و گشت لایەنەکانی تری ناو کوردستان کە ئیمانیان بە دیموقراتی و جێبەجێکردنی ماددەی (140) هەیە، ئەبێ زۆر بەوردی و بەبێ دواکەوتن، بەردەوام بوونی هەموومان لەبەئاگاهاتنیان وئامادەکردنیان بۆ هەر هەڵوێستێك، (12) سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پاداشتێك بدات هەتا لایەنە

پەیوەندیدارەکانی عێراق و کوردستان کە کوردستانی فیدراڵە پارچەیەکە لە عێراقی ئیتحادی بەو ئاستەنگانەی کە دەکرێت و هەستمان پێکردووە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم دانیشتنەمان لەپەرلەمانی کوردستان، بکرێتە یاداشتێك و پێیان بدرێت، ومن دووبارە سوپاسی ڕێزدار کاك دکتۆر محمد إحسان. ئەکەم لە پێشی ئێوەی بەڕێز ئەڵێم تەنسیقێکی تەواوی هەیە، لە عەمان بووە لە مەتاری عەمان بووە پەیوەندیمان هەبووە لەگەڵ یەك لەبەغدا بووە پێش بچێتە ناو دانیشتنەکە دوای دانیشتنەکە تەنسیقمان هەبووە، لەگەڵ برادەرانی تریش کاك کاکە ڕەش لەناو سەیارە بووە بۆ بەغدا چووە، لەبەغدا هاتووە پەیوەندیمان هەبووە هەموو ئینسانی ڕێزدار وبەڕێزن ئەو تەنسیقە چەند بەقوەت وبەهێز بێت لەگەڵ خوشکە نەرمینیش بەهەمان شێوە ئاستی پێشەوە چونی کارەکان جێبەجێ ئەبێت ئەو مەراحیلانەی کە لە بەرنامەی مالکی هاتووە 3/29 و 7/31 و15 ئەو نەفەسێکی باشە بۆ جێبەجێکردن، ئەگەر تأخیرێك یان دواکەوتنێك هەبێت نابێتن هی یەکەم، لەهی دووەم دەرباز بیت بەڵام خەتی سوورە لە 12/31 ئەم جێبەجێکردنە دوا بخرێتن دواخستنی لەبەرژەوەندی ئەوانە نین کە تەوەقوع ئەکەن جێبەجێ نەکرێت لەبەرژەوەندی خۆیانە ئەوە لەبەرژەوەندی کوردە دووبارە ڕێزم هەیەو سەربەرزو سەرکەوتوو بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك د. کمال دیارە ئەوە پوختەی کار و ئیشکردنی لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی (140) بوو تا ئێستاش کۆبوونەوەی زۆریان کردووە، لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتنیان کردووە، لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دانیشتنیان کردووە، وفودیان ئیستقبال کردووە، لەکەرکوك و ناوچەکانی تر خولاسەی ئەوانە نەبوو، ماندوو بون، نوقتەی نیزام چیە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

14-15 نوقتە باسکرا دیارە هەموو نوقتەی جوان بوون لێرەدا خۆلاسەی ئەو قسانە بوون کە ئێمە کردمان بەڵام کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدایە بۆیە پێم وایە پێویستە نووقتەی ئەخیر یاداشتنامەکە بکرێتە خاڵی یەکەم چونکە ئێمە کێشەکەمان لەوێیە لێرە نیە چۆنیەتی ئیش کردنەکە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نیە عەفو، مولاحەزەیە. ئێستا داوا لە بەڕێز د. محمد إحسان دەکەم وەڵامی زۆر شتی ئێوەی دایەوە بەڵام بەکورتی دوا قسەی بکاتن ئینجا پۆختەی ئەم کۆبوونەوەیەتان بۆ دەخوێنمەوە وەکو شتێکی موختەسەر پاش ئەوەی کە دکتۆر تەواوی ئەکات فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز د. محمد إحسان/ وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك حەقیقەت من ئەمڕۆ لە ئارائی زۆر لە ئەندامان کەلەخزمەتی کارەکەدایە پێم گەشت، توانیم بزانم زۆر کەسی تر هەیە عەینی تەفکیر بەعەینی ڕێگا فیکردەکەنەوەو ئەم کۆبوونەوەش بەحەقیقەت بۆ ئەوەیە کە جدیەتی مەسەلەکەیانەو ئەسبەقیەتی لەمیسداقیەتی پەرلەمانی کوردستاندایە چەند جوابێکی پرسیاری براکان ئەدەم بە کورتی ئەگەر پێتان خۆش بێت بەس کاك هەرکی باسی بەکار هێنانی قوەتەکەین قوەت گەل تەعریفی سیاسەت بۆ قوەت ( التلویح بأستخدام القوة ولیس بأستخدام القوة) ئەگەرقوەت بەکار هێنا تەواو بۆیە زۆر جارداوا لەئێوە ئەکەم زۆر جار ئێمە قوەتی خۆمان بەکاردێننین بانەچینە خاڵی ئەخیر ئەوە جێگای قوەتی ئێمەیە بەلاّم بازوو چەند مەرحەلەیەکی تر هەیە، نەك یەکەم شت بڵێین کیپ کوایت یەعنی ( التلویح بألقوة لاستخدام القوة) بەعەرەبی ئەوەیە نەك بەکارهێنانی قوە لەگەڵ خۆت بەکارت هێنا یەعنی تەواو لەگەڵ تۆمە ئەوەی کە کەسێك نیە شەکێك لێ هەبێ بڵێ کوردی نینە ئەو ناوچانە کوردستانی پێ ناوترێت بەحەقیقەت، بەلاّم لەبیرمان نەچێت ئەمە کێشەیەکە نەك لە 2003 دەستی پێکردیە خەڵکێك هاتیە پەروەردەکردن لە مێشکیاندا ماوە ئێمەش تەعامول ئەکەین لەگەڵ هەندێك میللەت ناویان ناهێنم زەحمەتە تاکو ئیستعاب بکات عەینی کاتیش خەڵکێکی زۆر زۆر هەیە لە برا عەرەبەکان پشتگیری ئێمە ئەکەن، دیفاع لەقەزیەکە ئەکەن، قەناعەتیان هەیە، بەم قەزیە بە حەقیقەت، ژیان ڕەش و سپی نیە، جیاوازیەکی تەواوی تێدا هەیە، کاك محمد رەشید ماوەتی وتی مەسەلەیەکی ئیداریە بۆ خەڵکێك مەسەلەیەکی ئیداری نیە، کاکە مەسەلەیەکی تأریخیە، جوگرافیە سیاسیە، جەزرێکی وا هەیە لەڕۆژی دامەزراندنی عێراق تا ئێستا وایە، کاك دلێر باسی تەفاعولی کرد کاك دلێر من ناڵێم لەسیاسەت ئەگەر تەفاعول نەبێت تەفاعولم لە قوەتی تۆدایە، تەفاعولم لەقوەتی ئەم پەرلەمانەدایە، تەفاعولم لە قوەی سیاسەتی کوردیدایە ئەڵێم ئەم ناوچە مادام تأریخەن حەقی خۆمانە و ئەوەی (مبني على باطل فهو باطل) ئێمە لەمەرحەلەیەکداینە بڕوا بکە لەمەسلەحەتی ئەو خەڵکەیە ئەوەی کە ئیقابەمان ئەکەن ئەگەر ئەم مادده جێبەجێ بێت بڕوا بکە ئەگەر جێبەجێ نەبێت، (لم ألم الإ نفسهم)حەتا ئەگەر قیادەی سیاسی قبوڵیش بکات جادەی کوردی قبوڵ ناکات، خەڵکێك هەیە لەکوردستان هەموو شت قبوڵ ناکەن بەلاّم لەسەر واقع حاڵێکی تر ئەڵێت با تێکڕا بڕۆین تا ئەخیر. یەعنی ئەمە واقع حاڵێکە تەفائولەکەی من لەوێیە تەفائولەکەی من لەجادەی کوردستانیە، تەفائولەکەی من لە بیرو ڕاکەی تۆیە، تەفائولەکەی من لەم پەرلەمانەیە لە قوەتی ئەم پەرلەمانەیە، کاك شیخ الله إبراهیم باسی تەعیناتەکان و قانونی وەزارەتی کرد کاکە بۆ من دانا لەوای ئەوە ئەگەر شەکێکت هەبێ لەیەکێك کەمن تەعینم کردبێ سەر هەردوو چاوم کاك غەفور باسی وەسایقی کرد زۆر ڕاستە تا ئێستا هیچ وەسائیقی ڕەسمی تەقدیمی لیژنەکەمان نەکراوە هیچ وەسائیق هەموو پێکەوە تەنسیق بێت لە مابەین لیژنەی ماددەی 58 و سەرۆکایەتی هەرێم ئەوانەی لەگەڵ ئەترافەکانی سیاسیدان بەیەك پێکێش لەبەر هەندەك وەسیقە هەیە ئەگەر لەوەقتێکی غەڵەت چویت تەقدیمت کرد مصداقیەتەکەی وا نیە ئەگەر لەوەقتێکی

مەزبوت دا بچێت، باسی میزانیەو ئەوەمان کرد هیچ میزانیەکمان نیە، تا ئێستا بۆ ئەو ناوچانەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەو ناوچانە بێتە سەرف کردن، وەزارەتەکەی من تا ئەمڕۆ میزانیەی نیە، لە حکومەت بۆ ئەم ئیشانە، دیناریکیش نیە بۆ ئەم شتانە بێنە جێبەجێ کردن، ئەو میزانیەی کە هەیە بۆ رووانذنی ئیشی ڕۆژانەی ئەو موزەفانەی کەمن لەوەزارەتێکی تر نقلّی خەدەماتیم بۆ کردوون، تا ئێستاش لەوەزارەتی خۆی یەك کەسم تەعین نەکردیە، بۆ ئاگاداری ئێوە، یەك کەسم تەعین نەکردیە هەندێك کەس لەگەڵم ئیش ئەکات نەقلّی خەدەماتیم کردیە، لەم وەزارەت بۆ ئەو وەزارەت، ئەو ئیشەی کاتی کردنەش ئەمەش پوختەی ئیشی تەقریبەن (48) رۆژە هەمووتان بۆ ئیحسا نوقتەیەك هەمووتان دیاری بکەن إحسائی مادەی (58) مەفهومی ئیحسائی ئەوەی نیە کە ئێمە ئەیزانین، مەفهومی ئیحسائی ئەوەی کە ئێمە ئەیزانین، ئیحسا بەم فەترەیە ئیستیحالەیە ئەگەر بێتە کردن مەفهومی ئیحسامان بۆ ماددەی (58) ئەوەیە لەدوای تەتبیع کێ موئەهەلە دەنگ بدات لەو مەنتەقە کێ حەقی هەیە دەنگ بدات بۆ ئیستفتا یان نا یەعنی نەك کەسێك بڵێت إستفتا چۆنە, ئێمە ئێستا دەزانین ئەگەر باسی ئیحصامان کرد دەست پێ دەکات چەند کورسیت هەیە لە قوتابخانە ئایا چەند تەختت هەیە لە خەستێ چەند 22ساڵت هەیە چەند 18ساڵت هەیە ئەم کایە ڕاستە بەم ماوەیە ناکرێ بەلاّم بۆچوونمان بۆ ئیحصا ئەوەیە چەند کەس حەقی دەنگدانی هەیە لە ئیستفتا یا نا لە دوای تتبیع, کاروباری ئیداریش لەو جێگایانە راستە بەقەرارێکی ئیداری کراوە. دووبارە داوا دەکەم میکانیزمی ماددەی 58 بە حدود تاخیر کردنی حدودی ئیداری وا ئاسان نیە وەك ئێمە دەزانین کاك شعبان گولی باسی ئاستەنگەکان دەکات, ئێمە باسی کێشەیەك دەکەین کە لە پێش دامەزراندنی دەولەتی عێراقی ئەم کێشەیە هەبووە بێ گومان ئاستەنگ هەیە بێ گومان کێشە هەیە و دەبێ دانیشتن هەبێ و بێ گومان شەریش دەبێ و دەبێ پەنجا جەلسەی تریش بکەین هەتا ئەو ماددەیە جێبەجێ بێت بەلاّم لە کۆتایی جێبەجێ دەبێت لەسەر ئەصلی جزری تأریخی خۆی لەسەر بنەمای حەق سەقفی زەمنی سوورین لەسەر درێژنەکردنەوەی. کاك رۆمیۆ باسی نووسینگەی لیژنەی کرد لە هەرسێ جێگاکان کاك رۆمیۆ لیژنەمان نیە لە خانەقین بەلاّم لیژنەیەکی بالاّمان هەیە لە بەغدا بەلاّم لە خانەقین و سنجار و کەرکوك نووسینگەمان هەیە دەزانم لە لیژنەی ئەم مەکاتبانە ترکیبی قەومی دانراوە لەسەر چەند بنەمایەکی پرۆفیشناڵیزم و باکگراوندەکەی چەند موئمنە بە ماددەکەی ڕای لایەنەکان کە بەڕاستی موئمنن بە بەم کێشە کە پێی هەڵساون تێیدا ئیزافە کردن لەم لیژنەیە یەك ئیزافە قبوول ناکەین تێیدا کەس بۆی نیە ئیزافەی تێدا بکات لەوێ لەبەر ئەوەی موسڕین لەوێ، وەکێشەکەش تەنها لە نێوان ئێمە و حکومەتی عێراقی فیدراڵە. تەلەعفەر لەگەڵ مامۆستا دیارە ئەگەر کەمتەرخەمین لە تەلەعفەر بەلاّم بڕوا بکە ئینشاءاللە زیارە تی ئەوێش دەکەین, بەلاّم نووسینگەی سنجار دەست پێ دەکات لە غەربی دیجلە هەمووی تاکو مەخموور تەنسیقێکی تەواو لە نێوانیاندا دەکرێت. وتمان کەرکووك و ئەترافەکەی مەقەڕەکەی لە کەرکوك بێت خانەقین و مەندەلی و زورباتیە و کەلارو کفری و تاکو حدودی

ئەمرۆی کەرکوك سەر بەنووسینگەی خانەقین بێت نیازمان ئەوە نیە نووسینگەی سنجار تەنها بۆ شاری سنجاربێ نەخێر یان نووسینگەی خانەقین تەنها بۆ شاری خانەقینە وا تەوزیعمان کردووە ووتمان ئەگەر بێت و تەوزیعی بکەین زۆربەی پارەی ئەم لیژنەی کەتا ئەو رۆژی نووسینگەمان دانا پارەمان نەبووە یان وتمان ئیشمان هەمووی ئەچێت بۆ نووسینگەکان و دەزانیش لە عێراق و هەتا لە کوردستانیش ئەگەر باسی نووسینگەت کرد باسی سەیارە دەکات و باسی کرێ دەکات و کرێی خانوو دەکات و باسی پاسەوان دەکات و میزانیە دەکات و لیستێکت بۆ دادەنێت پارەکەی هەمووی بۆ خەدەماتی چەند کەسێك بچێت لەسەر ئەو بنەمایە موسیر ماین با سێ نووسینگەمان هەبێت بەتەواوی. وجارێکی تر سوپاستان دەکەم و بۆ ئەم دەرفەتە لە هەر کاتێك کێ پێشنیارێکی هەیە یا تەوجیهێکی هەیە حەقی موسائەلەی منی هەیە لێرە بێت لە دەرەوەی پەرلەمان بێت لە وەزارەت بت لە هەر جێگایەك بت ئێمە ئامادەین و زۆر سوپاس.

**بەرێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ تێبینیەکانت و وەڵامی پرسیارەکانت سوپاس بۆ هەمووتان کە بەشداریەکی زۆر باشتان کرد لە دەوڵەمەندکردنی تێگەیشتنی وەزعی ئەو ناوچانەی کە دەبێ بە پێی ماددەی 140 بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە و لە ئەنجامی قسەکانی بەرێزتان چەند خاڵێك سەرەکین کە دەبێ هەنگاوی بۆ بهاوێژرێ دواتر رێکی دەخەین بەڵام وەکو بنەما، یەکێکیان ئەوەیە کە لەبەر ڕۆشنایی ئەو کۆبوونەوەیە نامەیەك ئاراستەی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی عێراقی بکرێت تەئکید لەسەر ئەو بۆچوونانە بکرێتن لەلایەن ئێوە دەست نیشان کران ئەو نیگەرانیانەی کە لەلایەن ئێمە دروست بووە لە بەرێوەچوونی کاروباری ئەو لیژنەیە هەروەها تەئکید لەسەر ئەوە بکرێتن پێویستە پابەندبێت بە کات لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێگەیشتنەی ئێمە بۆ ماددەی 140 کە دەبێ وەکو کاك فرسەت ئیشارەی پێدا. دووەم داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت کە کار ئاسانی لە لایەن خۆیەوە بکات بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140 بەتایبەتی هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان بێجگە لە کارەکانی لیژنەی دروست کراو لە بەغدا و حکومەتیش لەلایەن خۆیەوە ئەو ئیشە بکات. سێیەم داوا دەکەین حکومەتی هەرێم تەفعیلی وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بکات ئیمەش لە هەفتەی داهاتوو یاخود هەروەختێ وەزیر ئامادە بێتن پرۆژەی یاساکەیان تەواو بکەین و بۆ ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە ئامادە بێت پێکهاتەکانی تەواو بکات ستافێکی باش دابنێت بۆ ئەوەی وەزارەتەکە بتوانێت بە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی هەڵبستێت هەروەها پەرلەمان دانیشتنی دەوری بکات بە ئامادەبوونی بەرێز د. محمد ئیحسان وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم هەرکاتێك پێویست بوو بۆ ئەوەی هەموو لایەکتان ئاگادار بن لە هەنگاوەکان و خەڵکی کوردستانیش ئاگاداربێت و ئەمەش دەبێتە پاڵەپەستۆیەك لەسەر حکومەتی فیدراڵی عێراق و ڕای گشتی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە. داوا لە هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان دەکەین کە ئەوانیش بە دەوری خۆیان هەڵبستن بۆ ئاسایی کردنەوەی

وەزعی کەرکوك لە ڕێگای جێبەجێ کردنی ماددەی 140 لە هەموو ڕوویەکەوە ڕۆشنبیری و پەیوەندیەکان و گفتوگۆ و شوینەکانیان بێت هەموو لایەنە سیاسیەکان ئەندامی خۆیان هەیە وەزیریان هەیە لە پەرلەماندا دەوریان هەیە پەیوەندیان لەگەڵ حزبە سیاسیەکاندا هەیە لە کەرکوك و ناوچەکانی تر لە سنجار و خانەقین ئەوانیش دەبێ بەدەوری خۆیان هەستن لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی گرنگی ئەو ماددەیە، داوا لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان کوردستان لە حکومەتی بەغدا دەکەین کە پشتگیری نوێنەرانی حکومەت بکەن، پشتگیری نوێنەرانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بکەن کە ئەندامن لە لیژنەی بەدواداچون و جێبەجێ کردنی ماددەی 140 لە لایەن حکومەتی فیدراڵەوە چونکە دواخستنی ئەو جێبەجێ کردنە لە بەرژەوەندی عێراقدا نیە دەبێ ئەوان لە لایەن خۆیانەوە بەو شوێنەی کە هەیانە کە بەردەوام ئەو مەسەلەیە بە جدی وەری بگرن فشار بخەنە سەر حکومەتی بەغدا سەر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەم ماددەیە جێبەجێ بکەن تێشیان بگەیەنن کە بەهیچ شێوەیەك خەتی سوورە لەلایەن ئێمەوە جێبەجێ نەکردنی یان دواخستنی ماوەکەی بۆ جێبەجێ کردنی ئەمە کۆی هینەکان بوو کە دواتر کە صیاغەی دەکرێن لە لایەنی زمانەوانیش شتێکمان لەبیر چوبوو ئیزافەی دەکەین، بەلاّم چەند نامەیەك لەبەر ڕۆشنایی ئەو کۆبوونەوەیە یەکێکیان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق یەکێکیان بۆ سەرۆکایەتی وەزیرانی هەرێمی کوردستان یەکێکیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم هەروەها بۆ کوتلەی هاوپەیمانی کوردستانی لە بەغدا بۆ سەرۆك کۆمار بۆ جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان ئەو کۆبوونەوەیە شەرح دەکەین کە ئێمە بەناوی پەرلەمانەوە هەریەکە ئەو شتانەی کەوا لێرەدا ئاماژەی پێکراوە داواتان لێدەکەین بە مەسئولیەتی خۆیان هەڵبستن پێش ئەوەی کۆتایی بە کۆبوونەوەکە بێنم ڕۆژی سێ شەمەی هەفتەی داهاتوو کۆ دەبینەوە فەرموو نوقتەی نیزامە،

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناتوانین نوسخەیەکیش بنێرین بۆ زەڵمای خەلیل زاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەتوانین لە دانیشتن و لیقائاتی خۆمان و ئەو بەڕێزانەی کە ناومان هێنان ئەوان باسی ئەو کۆبوونەوەیان لەگەڵ بکەن، سێ شەممەی داهاتوو کەواتە سەعات (10/30) یاسای کۆمەڵەی پەرلەمانتاران پێشنیار دەکەن قیرائەی یەکەمی بۆ بکەین و بیخوێنینەوە خوێنراوەتەوە موناقەشەیە، خوێندنەوەی یەکەمی یاسای عەفو عام ببورن ئەمەش کراوە خوێندنەوەی یەکەمی یاسای ئەرازی پرۆژەی ڕاگرتنی بریاری (368) کە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوی عێراق درابوو, ئەبێ ئێمەش لێرەدا بڕیاری لەسەر بدەین و بەردەوام بوون و موناقەشەکردنی قانونی یەکێتی دادوەرانی کوردستان هەروەها

پرۆژەی قانونی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەخەینە ڕوو. ڕۆژی چوار شەمی داهاتوو قانونی وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم کە تەواومان نەکردبوو، ئەویش دەخەینە موناقەشەوە, لە ئێستاوە بزانن ئەو شتانەی ئەگەر لێرەدا مابوون کەواتە تا ڕۆژی چوار شەم سەعات 10/30 کۆبوونەوەکەمان لێرەدا کۆتایی پێ دێنین زۆر سوپاس بەخێر بێن سەرچاوم.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (20)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 14\11\2006

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2006/11/14

کاتژمێر (10,35)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2006/11/14 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (20)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (20)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لە سنووری شارەوانییەکان.

2- خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی ڕاگرتنـی بڕیـاری ژمـارە (368)ی (ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی هەڵوەشاوە).

3- بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژەی یاسـای کۆمەڵـەی دادوەرانـی هـەرێمی کوردستان.

4-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (20)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10,35)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2006/11/14دا بەم شێوەیە بێت:

1-خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی یاسـای هـەموارکردنی یاسـای کوژاندنـەوەو جیاکـاری زەوی لـە سـنووری شارەوانییەکان.

2-خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی ڕاگرتنـی بڕیـاری ژمـارە (368)ی (ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی هەڵوەشاوە).

3-بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژەی یاسـای کۆمەڵـەی دادوەرانـی هـەرێمی کوردستان.

4-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن, کاک عونی فەرموو, بۆ خاڵی یەکەم تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, ئێستا دەقی پرۆژەی تعدیل کردنی قانونی الاطفاء لەلایەن بەڕێز کاک کریم برادۆستی بەزمانی کوردی دەخوێنرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە بەتەنیا بەزمانی کوردیەکەی بخوێننەوە, بۆ ئەوەی وەختەکەی هین نەکەین.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی بڕیار**

**یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە(3)ی ساڵی 1998. یاسای ژمارە () ساڵی 2006 کوژاندنەوەو دابڕکردنی (جیاکاری) زەوی ناو سنووری شاروانیەکان**

**ژمارەی بریار:**

**رۆژی بریار:**

**پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نشتیمانیی کوردستان- عیراق لەدانیشتنی ژمارە () رۆژی() 2006ی دا بەپێی حوکمی برگەی (1) ماددەی (56) یاسای ژمارە (1) ساڵی 1992ی هەموار کراو ئەنجامی داوە, پشت بەو صلاحیەتەش کە برگەی (39)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە, برِیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی خوارەوەماندا:**

**ماددەی یەکەم: برگە (2)ی مادده دووەمی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1998 کوژاندنەوەو جیاکردنەوەی زەوی ناو سنووری شاروانییەکان هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:**

**دووەم: ئەوانەی مافی بەکارهێنانیان لەو زەویانەدا هەبووە بەرێژەی 12٪ هەموو رووبەرەکانی ئەو زەویانەی کەمافی بەکارهێنانیان واتا التصرف تێدا کوژێنراوەتەوە قەرەبوو دەکرێـتەوەو, بەناوی خۆیانەوە بەملکی تەواوی خۆیان تۆمار دەکرێن.**

**ماددەی دووەم: برگەی (2)ی ماددەی سێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1998 کوژانەوەو جیاکردنەوەی زەوی ناو سنووری شارەوانییەکان هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێـتەوە:**

**2-خاوەن ئەو زەویانەی بە هەمان واتا بەزەوی بەرێژەی 20٪ کۆ رووبەری ئەو زەویانەی بەناوی شارەوانی تۆمار دەکرێن قەرەبوو دەکرێن و مافی ئەوەشیان هەیە ئەو رووبەرە زەویە کە پێیان دراوە بەجۆرێ جیاکردنەوەی بکەن لەگەڵ جۆری بەکارهێنانە ئیقرارکراوەکان پێچەوانە نەبێ.**

**ماددەی سێیەم: هەر دەقێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ناخرێـتە کار.**

**ماددەی چوار: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە کار.**

**ماددەی پێنجەم: ئەم یاسایە لەو رۆژەوە دەخرێتە کار کە لەوەقائعی کوردستانەوە بلأودەکرێـتەوە.**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەم پرۆژەیەی یاسای هەموارکردنی یاسای کوژاندنەوە و جیاکاری زەوی, لەسنووری شارەوانیەکان پێویستە لەلایەن لێژنەی یاسایی و لێژنەی شارەوانی و لێژنەی کشتوکاڵ بەوردی دیراسەت بکرێتن, راپۆرتیان حازر بکەن بۆ ئەو کاتەی کەدیاری دەکەین, بۆ مناقشە کردن, ئێستا بۆ برگەی دووەم واتا خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی راگرتنی بریاری ژمارە(368)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی هەڵوەشاوە, فەرموو.**

**بەرێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهربان, بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان- عیراق**

ژمارەی بریار

رۆژی بڕیار

پشت بەحوکمی برگەی (1)ی ماددەی 56ی یاسای ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵێ 1992 و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان - عیراق لەدانیشتنی رۆژی //2006 ئەم بریارەی خوارەوەمان دا:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێ کاك کاکە پێش ئەوەی بیخوێنیەوە, پێم باشە مەزموونی بریارەکە شەرح بکەن, ئینجا بیخوێنیەوە یاخود با کاك عەونی شرحەکەی بکات, ئینجا بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, کاتی خۆی مجلس قیادة الثورة قەرارێکی دەرهێنابوو لەژێر ژمارە (368) لە 1990/9/9 ئەوە نصەکەیتی بەعەرەبی دەیخوێنمەوە:

اولا: یسمح بتشغیل الاحداث الذین لا تقل اعمارهم عن الثانیة عشر من العمر في مشاریع القطاع الخاص والمختلط والتعاوني, ئەو قەرارە دەرچووە کەمەجالی ئەوە دەدات کە نێوجەوان ئیش بکا لەمشاریعی قطاعی خاص و موختەڵەت و تەعاونی, ئەو پرۆژەیەی کە تازە بۆمان هاتووە, پرۆژەکە وا داوا دەکا ئەو بریارە رابگیری هیچ کاری پێنەکرێ لەکوردستان. ئێستا مامۆستا کاکە دەیخوێنێتەوە بەزمانی کوردی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بڕیار**

پشت بەحوکمی برگە (1)ی مادده (56) لەیاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992, لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان - عێراق لەدانیشتنی / /2006 ئەم بڕیارەی خوارەمان دا:

1-لەکارخستنی بریاری ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشی عیراقی هەڵوەشاوە ژمارە (368) لەرۆژی 1990/9/9

2-هەر دەقێ بەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بریارە بێت ناخرێتەکار.

3-پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ئەم بریارە بخاتە کار.

4-ئەم بڕیارە لەرۆژی بلاْوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستاندا دەخرێتە کار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆ ئەم پرۆژەیەش داوا لە لێژنەی یاساو لێژنەی مافی مرۆڤ و لێژنەی تەندروستی و لێژنەی کۆمەلاْیەتی دەکەم کە دیراسەتی بکەن و راپۆرتیان حازر بکەن بۆ ئەو رۆژەی دیاری دەکرێت بۆ مناقشە

کردن. ئێستاش برگە (3) بەردەوام بوون لەسەر خستنە روو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای کۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی کوردستان لەو خاڵەی کە راوستاین بەردەوام دەبین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کۆبوونەوەی پێشتر, لەسەر گفتوگۆکردن لەسەر یاسای کۆمەڵەی دادوەرانی هەرێمی کوردستان لەسەر ماددەی هەشتەم راوەستاین, کەوابوو دەنگی لەسەر بدرێ, صیاغەکە بەشێوەیەکی تازە دابڕێژرێ, ئێستا لەلایەن مامۆستا کاکەوە صیاغەکەتان بۆ دەخوێنرێتەوە, هەتا بدرێتە دەنگدان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثالث**

**التشكيلات والمهام**

اولا: الهيئة العامة

المادة الثامنة: 1-تعتبر الهيئة العامة اعلى سلطة للأتحاد و تتألف من جميع الاعضاء المسجلين الذين إوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعقد مؤتمرها التأسيسى الاول بعد ستين يوما من تاريخ نفاذ هذا القانون لأقرار النظام الداخلي للاتحاد و إنتخاب المجلس.

2-يعقد الاتحاد مؤتمراتها الدورية كل ثلاث سنوات مرة واحدة بقرار من المجلس ودعوة من رئيس الاتحاد لأعادة انتخاب الرئيس و سبعة أعضاء أصلين و عضوين إحتياط ويتم النصاب بحضور اغلبية أعضاء الهيئة العامة, وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشرة يوما من تاريخ الاجتماع الاول و في نفس الزمان و المكان المعينين حيث يعتبر النصاب كاملا بحضور ثلث الاعضاء وبعكسه يعتبر المجلس مستمرا لدورة أخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشتر دەبوایە ئەصلی مشروعەکە بخوێندرێتەوە, ئەوجا پێشنیاری لێژنەی قانونی, ئەصلی مشروعەکە بخوێنەوە, ماددەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الهيئة العامة:

المادة الثامنة:

1-تتألف الهيئة العامة من جيمع الاعضاء المسلجين وتعتبر السلطة العليا للجميعية وتعقد مؤتمرها التأسيس الاول بعد ستين يوما من تاريخ نفاذ هذا القانون لأقرار النظام الداخلي للجمعية و إنتخاب المجلس.

2-تعقد الجمعية مؤتمراتها الدورية كل سنتين مرة واحدة ويكتمل النصاب بحضور اغلبية الاعضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە گۆڕانکاریەکە بەس لەناوی جمعیە و الاتحادە,چیی ترە روونی کەنەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يعقد الاتحاد مؤتمراتها الدورية كل ثلاث سنوات مرة واحدة بقرار من المجلس و دعوة من رئيس الاتحاد لأعادة انتخاب الرئيس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا ئیقتیراحی لێژنەی یاسایی لەلایەن مامۆستا کاکە دەخوێنرێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەکەمان زیاد کردۆتەوە لەبەرئەوەی مەجالەکی بدەین, دوو ساڵ ماوەیەکی کەمە, سێ ساڵەکە بێ, ئەوا لێژنە بەباشی دەزانێ, معقول ترە, هەتا مشغول نەبن و نەفەقات و ئەوانەشی زۆر تێ نەڕوا لەو حاڵەتە, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێتن برایان ئەو فەقەرەی ماددەی هەشت دوو فەقەرەیە فەقەرەی یەکەم لەئاستی ماددەکەدا هاتووە دەڵێ هیئەی عامە لەو ئەندامانە پێك دێ کە ناویان نووسراوە  ئیعتبار دەکرێ, دەسەلأتی بالأی یەکێتیەکە موئتەمەری دامەزراندنی یەکەمی پاش شەست رۆژ لە دەرچوونی ئەو قانونە ئیقراری نیزامی داخلی دەکاتن, لێژنەی قانونی صیاغەکەی بەم شێویە تازە کردەوەو ناوەکەی گۆڕیوە تەبعەن, لەوێندەرێ جمعیە بوو لێرە کردوویەتی بە الاتحاد, دەڵێ هیئەی عامە ئیعتبار دەکرێتن بە بالأترین دەسەلأت و پێك دێـتن لە هەموو ئەندامانی ناویان تۆمار کراوە و ئیلتیزاماتی خۆیان دا وە بەپێی ئەو قانونە, موئتەمەری یەکەمی خۆی دەبەستێت پاشی شەست رۆژ لە دەرچوونی ئەو قانونە بۆ پەسەند کردنی پەیڕەوی ناوەخۆ و هەڵبژاردنی ئەنجومەن, واتا تەنها ناوەکە گۆڕاوەو تۆزیکیش شەرحی دراوەتێ, ئەگەر کەسێ موناقەشەی لەسەر ئەوە هەبێـتن باشە ناوی دەنووسم, کاك ئارێز و کاك سردار و کاك رشاد و کاك دیلمان, چوار کەسن کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆك پێشنیار دەكەم ئەو دەستە گشتییە، یان هەیئەی عامە بكرێتە ئەنجومەنی گشتی، یان المجلس العام، چونكە هیئە ژمارەیەكی كەم دەگرێتەوە، بەلاّم ئەگەر مەجلیس بێ هەموو ئەندامەكان دەگرێتەوە، بەلاّم هەیئە نوقتەیەك لەناو ئیتحادەكە دەگرێتەوە زۆرسوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، لەبرگە (2)دا ئاماژە بەو كرایە، سەرۆكی یەكێتی، لە ماددەكانی پاشەوە هاتووە سەرۆكی ئەنجومەن، لە (اعراف)ی سەندیكاكان جەمعیە ئەو شتە نیە، خۆی یەكە سەرۆكی ئەنجومەن عادەتن سەرۆكی هەموو ئیتحادەكە دەبێ، نابێ سەرۆكی ئیتحاد هەبێ و سەرۆكی ئەنجومەن، زۆرسوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وا پێشنیار دەكەم ئیتحادەكە تەمسیلی هەرسێ پارێزگایەكە بكا، سێ جەمعیە دادەنرێ لەهەر پارێزگایەك (جمعیة القضاة) یان (الحكام) الاتحادەكە تحصیل حاصلە لەو سێ جمعیەی تكوین دەكرێ، نابێ تێكەلاّو بكرێتن، هەریەك ناوبێتن شمولی هەرسێ پارێزگایەكە بكا، وەكو (اتحاد غرف التجارة و اتحاد رجال الاعمال) ئەوانە الاتحادەكە تەمسیلی هەر هەموویان دەكاتن، بەس هەر پارێزگایەك مەجلسی خۆی هەیە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرەدا وا دەچیتن تەنها ئینتخابی رەئیس بكەتن و حەوت ئەندام بكەتن، باشە تلازمی الاختصاصی موئتەمەر یعنی لە هەموو مونەزەماتێكی دیموكراتی، موئتەمەر (اعلی سلطة)یە هەیئەك پێش دروست ببیتن زەحمەتە ببێتە (اعلی سلطة) لە (الاتحاد)، هێشتا دروست نەبووە موئتەمەر نەبویە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێژنەی قانونی هیچ رەدێكیان هەیە لەسەر ئەو چوار ملاحەزیەی كە كرا؟

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە تەئیدی ئەوەی دەكەین كە لەپرۆژەكە هاتیە، لەبەر ئەوەی دەڵێ هیئەی عامە تەمسیلی هەموو ئەندامانی كۆمەڵەكە دەكات كە تسجیل كرانە لە كۆمەڵەكە، بەلاّم ئەگەر بڵێ (المجلس)، مەجلس، یەعنی ئەو جیهازە كە ئینتخاب دەكرێ، واتا هەیئە عامە گەورەترە، شمولی هەموو ئەندامانی تۆماركراوەكان دەكا لە لێژنەكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ بۆچوونەکەی کاك عونیمە, هەیئەی عامە گەورەترین دەسەڵاتە لەهەر سەندیکایەك و ئیتحاداتێك هیئە عامە دەست نیشانی المجلس دەکا بما فیهم رئیسی مجلسەکە ئەمە یەك, دوو بەنیسبەت ئەوەی کاك سەردار دەڵێتن عادەتن رئیس الاتحاد دەبیتە رئیس المجلسیش لەهەمان کات بەنیسبەت ئەوەی کاك دیلمانیش ئیشارەتی پێدا راستە, ئێستا ئەو الاتحادە تشکیل نەکرایە, بەلاّم عادەتن لیجنەی تەحزیری تشکیل دەکرێ و ئینتیمای الاعضاء وەردەگیرێ و شەست رۆژیش دانرایە پاشان کۆنگرەکە دەبەسترێ, نیزامی داخلیش دەهاوێشترێتە ناو کۆنگرەکەوە بۆ ئەوەی مصادقەی لەسەر بکرێ, شرعیەتی خۆی وەرگرێ, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت مولاحەزەکەی کاك رشادیش لە هەر محافەزەیەك فەرعەك دادەنرێ, ئینجا ئەوە خۆی مەجلسەکە, یان هەیئەکە موئتەمەری بەس خۆی معالیم و شت و دەسەلاّتی تەشکیلاتی دادەنێت, دوو موناقەشەی تر دێن فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ پشتگیری کردنی کاك عونی و کاك شێروان, هیئە لێرە مەبەست کۆنگرەکەیە, مەسەلە ناوەکە نییە, هەیئە هەموو ئەو دەزگایەیە کە پێکەوە کۆ دەبنەوە, یەعنی کە تەرجومە ئەکرێ, دەستە, دەستەکە غەڵەتە نابێ تەرجومەکە بکرێ بۆ دەستە, دەستە با هەر بە وشەی هەیئە بێ, چونکە ئەگەرنا, راست ئەکا ئەگەر بڵێی دەستە, دەستە بچووکە, بەلاّم هەیئەکە بەمەعنای هەموویەتی, کۆنگرەکە گشتیەتی لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی دائیمەن لە قاعیدە را دەست پێدەکا عادەتەن ئینتیخابی ئەو جەمعیات, وەکو غورف تیجاری و رجال ئەعمال پێم وایە بەدائم لە قاعیدە را دەست پێدەکا, هەر سێ پارێزگا لەیەك رۆژ ئینتیخاب دەکەن, بەنیسبەت جەمعیات لە تەحصیل حاصلی وەی هەیئەی عولیا دروست دەکرێتن و سەرۆکی ئیتیحاد و نائبی دادەنرێ و ئەعزایەکانی تەسمیە دەکرێن, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەجیاتی لیژنەی قانونی جوابت دەدەمەوە, ئەوە یەکەم موئتەمەریانە, تەئسیسیە هێشتا فروعیان نیە تا لەوێ دەست پێبکەن و هەڵبژاردن بکەن, هێشتا سەرەتایە, دەبێ ئەوەل جار تەسهیل کا ئەوانەی کە دایاننایە موئتەمەری عام دەکەن, ئینجا قەرار دەدەن فروعی دادەنێن بۆ موئتەمەرێکی تر لە فروعەکانەوە

دەتوانن ئەندامان قەرار بدەن هەموویان پێکەوە دەبن یان بەهەڵبژاردنەکە، ئەگەر قەراریاندا موئتەمەرەکە هەموو ئەندامێکی هەیئەی عامە کە نیزامەکە وادەڵێ، هەیئەی عامە هەموو ئەندامەکان دەگرێتەوە موئتەمەرەکە لەفروعاتەوەش دێتن، لەهەموو شتەوە، بەس ئێرە یەکەم کە ئیشارەتی پێداوە دەڵێ موئتەمەری تەئسیسیە، واتا هێشتا هیچ نیە، فروع نیە، شت نیە دەبێ بەو صیغەی بێ. دەچینە سەر صیغەی دووەم لەئەصلی مشروعەکەدا بەکورتی هاتووە، نوقتەی نیزامە؟

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك تێبینیم هەبوو لەسەر خاڵی یەکەم، چونکە هەتا ئێستا ئەو هیئەتە، ئەو مەجلیسە دروست نەبووە، پێویستە لیژنەی تحزیرەکەی داوا لە هەیئەی عامە بکا، دوای دروست بوونی، ئەوجا ئەوان دەست بەکۆبوونەوەکان بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیان زەحمەتە، ئەو صیغەی هاتووە عەمەلی ترە، ئەوە وەکو جەمعیەکی عادی نیە، ئەوە هی قازیەکانە، ژمارەیان محدودە، شروتیان محدودە، هەموویان هیئەی عامە دەبن، هەموویان ئەندامی کۆنگرەکە دەبن، کۆنفرانسەکە دەبن، ئەوجا مەجلیسێك هەڵدەبژێرن، دوایی قەراری خۆیان دەدەن، ئەوجا دووەمیش تەواو دەکەین ئینجا دەخوێنینەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، هەردووك پێکەوە، دووەم بەکورتی هاتووە دەڵێ جەمعیە لە ئەصلەکەی داهاتووە دەڵێ جەمعیە موئتەمەراتی دەوری خۆی هەر دوو ساڵ جارێك دەکا، نیصابیش بە ئەغلەبیەت دەبێتن، موقتەرەحی هین جگە لەوەی جەمعیە دەبێتە یەکێتی، دەڵێ هەر سێ ساڵ جارێك خوێندیەوە، بۆیە من هینی دەکەم، هەرسێ ساڵ جارێك دەبێـتن لەجیاتی دووساڵ بەقەراری ئەنجومەن دەبێتن ئەو موئتەمەرە، یاخود قەراری ئەنجومەن دەعوەتی رەئیسی یەکێتیەکە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و حەوت ئەندامی ئەصلی و دوو عەزووی ئیحتیات، نیسابیش بە حزوری ئەغلەبیەت دەبێتن، ئەگەر نیساب تەواو نەبێتن ئینتخابات پاشی پانزە رۆژی تر ئەکرێـتن لە کۆبوونەوەی یەکەمەوە لەزەمان و مەکانی دیاری دەکرێن، نیسابیش تەواو دەبێ ئەگەر یەك لەسەر سێی ئەندامان پاش ئەو هەینە، ئەگەر نەشبوو مەجلسەکە بەردەوام دەبێتن، تاوەکو بتوانێت ئامادەی بکات، یەعنی ئەو گۆڕانکاریەی داوای کردیە لیژنەی قانونی تەفسیلاتە، جگە لەوەی دوو ساڵەکەی ببێـتە سێ ساڵ و جەمعیەکەش ببێتە هین، حەز دەکەم بیخوێنێتەوە ئەگەر کەسێ نیقاشی هەبێتنن دەتوانین ئەوەی بکەین با بیخوێنێتەوە، ئەسڵەکەی یەعنی رەئی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثامنة: وبعضوي احتياط ويتم النصاب بحضور اغلبية اعضاء الهيئة العامة وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخاب بعد خمسة عشرة يوما من تاريخ الاجتماع الاول وفي نفس الزمان والمكان المعينين, حيث يعتبر النصاب كاملا بحضور ثلث الاعضاء وبعكسه يعتبر المجلس مستمرا لدورة اخرى.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی هەشتەم: بڕگەی دووەم: یەكێتی بە بڕیارێكی ئەنجومەن و بانگهێشتی سەرۆكی كۆنگرە خولەكەكانی خۆی هەر سێ ساڵ جارێك دەبەستێ ڕێژەی یاسایش بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی دەستەی گشتی دێتە جێ, كاتێك ڕێژەكەش تەواو نەبوو كۆبوونەوەكە دوای پانزە ڕۆژ لەمێژووی یەكەم كۆبوونەوە و لەهەمان كات و شوێن ئەنجام دەدرێ, ئەوسا ڕێژەی یاسایی بەئامادەبوونی سێیەكی ئەندامان بەتەواو دادەنرێت و بەپێچەوانەش ئەنجومەن بۆ خولێكی دی بەردەوام دەبێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**من خۆم ملاحەزەیەكم هەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر برادەران مەجال دەدەن, (يعقد الاتحاد مؤتمراتها الدورية كل ثلاث سنوات مرة واحدة, بقرار من المجلس و دعوة رئيس الاتحاد لأعادة أنتخاب الرئيس وسبعة أعضاء أصليين) ئەوە تۆزێ لەنگە, یەعنی نازانم, یەعنی (سبعة أعضاء)ەكە چیە؟ بڵێ (انتخاب المجلس لأنتخاب الرئيس متكامل من سبعة أعضاء لاعاده انتخاب الرئيس والمجلس متكامل) ئەوەندە كێ قسەی هەیە؟ كاك رشاد, سۆزان خان, گوڵناز خان, پەخشان خان, كاك رشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**عادەتەن كە هەیئەی عامە ئینتیخاب دەكرێ هەیئەكەی ئینتیخاب دەكرێ لەناو هەیئەكە دووبارە دەكرێنەوە سەرۆك و جێگر دەبێ ئینتیخاب بكرێ, لێرە باسی جێگیر هەنە كرایە هەرجێیەكی سەرۆكایەتی تێدابێ, دەبێ جێگری تێدابێ, بەبێ جێگر نابێ, سەرۆكە, دوو جێگرە, ئەعزایە, ئەعزای ئیحتیاتە, لەوەی پێك دێ تەشكیلەكە, زۆرسوپاس.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من هەمان رای جەنابتم هەبوو, كە ئەڵێ (لاعاده إنتخاب الرئيس), چونكە ئەوەنیە لانتخاب الرئيس جارێكی تر یەعنی رەئیسێكی تر, كێ ئەڵێ عەینەن ئەوەیە (لاعادة) واتای ئەوەیە هەمان كەس, ئەمە مولاحەزەیەكە, بەڵام من یەك شت لێرە سەرم لێ سوڕماوە, لێرە ئەڵێ ئەگەر هاتوو نەیانتوانی كۆببنەوە**

یاخود خەڵقەکەیان بۆ کۆنەکرایەوە, (یعتبر المجلس مستمرا لدورة أخرى), یەعنی ئاخر خۆ ئەوە گاڵتە نیە تۆ هەمان مجلس سێ ساڵیکە ئەوە ئیحتکار ئەبێ بۆ ئەو دەسەلاتە, لەبەر ئەوە ئەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە کە ئەو شتە روونەدات, ئەبێ هینیان لەسەر بکەی, فەرزکەی لەسەری کە ئەبێ سێ ساڵ جارێك بکرێ ئەوە نابێ بخرێتە ئەگەری و نەگەری ئەگەر نەیان توانی, زۆرسوپاس.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان رەئیی سۆزان خانم هەبوو, بەلاَم جیاوازیەکیش هەیە لەکوردیەکە و عەربیەکە لەوێ بە حەوت ئەندام هاتووە, لەوێ بەشەش ئەندام هاتووە, ئەگەر ئەوەش راست بکرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکەم هەیە کۆنگرە تەنها بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەو دەستەیە ئەبێ یان شتی تریش, یەعنی ئیدیکەشی هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی بەجێیە, سوپاس لێژنەی قانونی رەئیتان لەسەر ئەو ملاحەزاتانەو ئەو تێبینیانە چیە؟

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەو جیاوازیەی لەنێوان ئەندامان و سەرۆك, دەڵێێن شەش ئەندامەکە راست ترە لەحەوت ئەندامەکە کە لەعەرەبیەکە هاتووە, سەرۆك و شەش ئەندام, دەبێ تاك بێ, زۆر لەو شەشانەش کە هەن ئەو دەستەی کە هەڵدەبژێردرێ دوای ئەوە پێرەو و پرۆگرامی ناوەخۆ دادەنرێ لە پێرەو پرۆگرامی ناوەخۆ ئەو کەم و کوریانەی کەهەنە لەوێ دەتوانن پڕیکەنەوە و جێبەجێبکەن, هەڵبژاردنی جێگیرو ئەو مەسائیلانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ملاحەزاتانەی کەدران زۆربەی بەجێنە, یەکەم رەئیس دەبێ نائبی هەبێ, ئەدی بە ئینتخاب ناکرێ دەبێ بڵێین (لانتخاب الرئیس ونائبة و المجلس المتکون من سبعة أعضاء). تەعدیلی بکەن بەم شکلە تکایە (لاعادە نا لانتخاب الرئیس ونائبە و أعضاء المجلس المتکون من سبعة الاعضاء والمجلس المتکون من سبعة أعضاء).

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە قسەی جەنابت بێ, یەعنی سەرۆك و جێگرەکەی و حەوت ئەندامەکە, یەعنی ئەبێ بە نۆ ئەندام, زۆر سوپاس.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە لێرە حەوت ئەندام لەگەڵ دوو ئەندامی یەدەك, ئەو حەوت ئەندامە وەکو ئەوەی لە ماددەی دەیەم هاتووە لەویٚ حەوت ئەندامەکە لەناوخۆدا کۆدەبنەوە سەرۆك و جێگر هەڵدەبژێرن لەگەڵ سەرۆکی لێژنەکان دیاری بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستەی گشتی هەڵدەبژێردرێن, دەستەی گشتی کۆدەبنەوە رەئیس و نائب رئيس هەڵدەبژێرن بەینی خۆیانە (ألاعضاء الاحتياط) و ئەصلیەکەش لەویٚ دیاری دەکریٚ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس, بەڵام ئەمە تناقضی هەیە لەگەڵ ماددەی دە, تەناقوزەکەش ئەوەیە لەماددەی دە دەڵیٚ (يتألف المجلس من سبعة أعضاء), کەواتە نابیٚ بڵێین لێرە دەبیٚ تەعدیلی بکەین بڵێین (يعقد الاتحاد المؤتمرات الدورية كل ثلاث سنوات مرة واحدة بقرار و دعوة من رئيس الاتحاد لانتخاب المجلس, رەئیسی ناویٚ, چونکە لەویٚ دەڵیٚ رئیس لەناو مەجلیس ئینتیخاب دەکریٚ, (لانتخاب المجلس المتكون من سبعة أعضاء), ئەوها ئێستا وازیح بوو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لێرە پێویستە تەحدید بکریٚ (ينتخب الرئيس ونائبه و خمس أعضاء أصليين وعضوين أحتياط), ئەو وەختە هەموو ئیشکالاتەکەت بۆ حەل دەبیٚ. ئەو وەختە پێویست ناکا ماددەی دە دووبارە بکرێتەوە, چونکە لێرە زەروریە هەبیٚ. زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بزانی لێرە باشتێکتان پیٚ بڵێم, راستیەکەی هەردوو ئسلوب دەبیٚ, بەڵام ئەو ئسلوبە دیموقراتی ترە ئەگەرئینتخابی رئیس لە مجلس بکریٚ نەك لە موئتمر, ئەگەر لەموئتەمەر بکریٚ دەسەڵاتێکی زۆری پیٚ دراوە, دەبێتە دیکتاتۆرێك لەسەر ئیتیحاد, وازی لێبێنن با لە مەجلیسی ئینتیخابەکە بکریٚ و بەدەوریش بێت باشترە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەی ئەوسا توافق و رازی کردنی یەکتری و حزبایەتی دەور نابینیٚ؟ ئەی ئاخر ئێمە ئەوەمان ناویٚ بمێنیٚ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەگەر هەشبیتن تەعبیر لەواقع دەکاتن, ئەوە باشترە لەوەی دەسەڵات بدرێتە یەکێك بۆ ماوەی دوو ساڵ بەکەیفی خۆی ئینتیخاب کراوە, هیچ کەسێك ناتوانیٚ موحاسەبەی بکاتن, موئتەمەر کە دەسەڵاتی دا

بەکەسێك فوقی مجلس دەبێتن ئەوەی دووەم باشترە لەبەر ئەوە تغیری بکەن کاك عەونی, (لانتخاب المجلس المتكون من سبعة أعضاء أصليين و عضوين احتياط) رئیس و نائبەکە لێرە لابەن لانتخاب المجلس ويتم النصاب بیخوێنەوە, نوقتەی نیزامە.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەدی ئیقراری نیزامی داخلی لە هەمان کۆبوونەوە ناکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی پەخشان خان گوتی لەماددەی نۆ هاتووە دەڵێ (تتولى الهيئه العامه) یەعنی کۆنگرەکە هەیئە عامە هەموویان تحدیدی بدلات ئینتیماو هەمووی لە موئتمرەکە دەکرێ, یەعنی ئەو سێ خاڵەی لەماددەی نۆ هاتیە موهیمەی هەیئەی عامەیە کەدەکاتە موئتەمەر دەکرا, بڵێی بیخەیتە ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەی پێشتری تەوحیدی بکەی, بڵێی موهیمەی ئەو کۆنگرەیە کە هەیئەیە دەکرێـتن ئەو خاڵانە بڵێی, ماددەی هەشت و نۆ تەوحید بکەی.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو حاڵەتە ناڵێین (تعقد المؤتمر لانتخاب ئەڵێین تعقد موئتمر و تنتخب) یان شتێك, چونکە موئتەمەرەکە بەس تەنها بۆ (الانتخاب) نییە, ئەوە ئەرکەکان لەماددەی نۆ هەیە ئەویش یەکێکە لەو ئەرکانە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ملاحەزەیە زۆر راستە, (ويتم إنتخاب المجلس) لە جیاتی (لانتخاب) یەعنی ئەو صیغەی پێشوو, واتە ئەو موئتەمەرە بەس بۆ هەڵبژاردنە, (ويتم فيه الانتخاب المجلس المتكون), بەڵی کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە بۆ مەسەلەی هەیئەی عامە هاتیە ئەو شروحاتە, بەلأم ئەرکەکان لە ماددەکی تر هاتیە هەرچی لەو موئتەمەرە ئەکرێ جائزە پەیڕەو و پرۆگرام تەعدیل دەکرێ, جائزە رسوماتی ئیشتیراکات تەعدیل دەکرێ, جائزە زۆر موفتەرەحات هەیە رەنگە پێویستی بە یاسا هەبێت ئەوەش جائیزە لەوێندەرێ مناقشە بکرێ, ئەوانە هەمووی جائیزە بەراستی بەس ئەوە تەنها بۆ هەیئە عامەکە هاتووە, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کەلیمەیە ئیشکالە (لانتخاب) لامەکەی لابەن (ينتخب فيه المجلس يتم فيه المجلس) کاك فرست مولاحەزیەکی هەیە مولاحەزەکەشی ئیشکالەکەمان بۆ حەل دەکا, دەڵێ ماددەی هەشت باسی ئینتیخاب نەکرێ هیچ, موئتەمەرە دەبەسترێ ماددەی نۆیەم هەموو موهیماتی هەیئەی عامەی تەحدید کردیە لە فەقەرەی چوارەمدا کە دەڵێ هەڵبژاردنی مەجلیس دەتوانین بڵێین (المتكون من سبعة أعضاء واثنين

أحتياط) مولاحەزەكە بەجێیە، ئەگەر كەس مولاحەزەی نەبێتن، ماددەی دووەم فەقەرە دووەم بەم شێوەیە دەبێتن، (يعقد الاتحاد مؤتمراته الدورية كل ثلاث سنوات مرة واحدة بقرار من المجلس و دعوة من رئيس الاتحاد ويتم النصاب بحضور اغلبية اعضاء الهيئة العامة و عند اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوما من تأريخ الاجتماع الاول و في نفس الزمان و المكان المعينين حيث النصاب كاملا بحضور ثلث الاعضاء) ئەزانی برەك هەینە برادەرانی لیژنەی قانونی تێكەڵیەكی تێدایە بەینی موئتەمەر و كۆبوونەوەی مەجلس، كاكە و بعكسە شەتب بكەن، ئەوەی لابە هیچ (لانتخاب الرئيس) لابە، ئەو جوملەی ئاخیرش (يعتبر المجلس مستمرا لدورة اخرى). ئەوەش لابەن چونكە معقول نیە خۆ سێیەكی هەر حازر دەبێ، ئەگەر حازر نەبوو حەل دەبێ، كە یەكێتیەكە نەتوانی بۆ موئتەمەرێك سێیەكی ئەندامانی خۆی حازر بكات، حەل بێ باشترە، (وبعكسە يعتبر المجلس مستمرا) لابەن، كاكە ئێستا دەیخوێنینەوە هەردوو برگەكە تصویتی لەسەر دەكەین بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

1-تعتبر الهيئة العامة أعلى سلطة للاتحاد وتتألف من جميع الاعضاء المسجلين الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون و تعقد مؤتمرها التاسيسى الاول بعد ستين يوما من تاريخ نفاذ هذا القانون لاقرار النظام الداخلي للاتحاد و انتخاب المجلس.

2-يعقد الاتحاد مؤتمراته الدورية كل ثلاث سنوات مرة واحدة بقرار من المجلس و دعوة من رئيس الاتحاد، ويتم النصاب بحضور اغلبية اعضاء الهيئة العامة و عند عدم اكتمال النصاب تجرى الانتخابات بعد خمسة عشر يوما من تأريخ الاجتماع الاول و في نفس الزمان والمكان المعنيين حيث يعتبر المنصاب كاملا بحضور ثلث الاعضاء.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسند كرا، برۆ ماددەی نۆیەم، ئەصڵەكەی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: تتولى الهيئة العامة مايلي:-

1-مناقشة التقرير الاداري والمالي والتقارير الواردة من اللجان الاخرى و المصادقة عليها.

2-اقرار التعديلات على النظام الداخلي و تقديم المقترحات لتعديل القانون.

3-انتخاب المجلس.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی نۆیەم: دەستەی گشتی ئەمانەی خوارەوەی بە دەستە:-**

**1-دیاری کردنی ئابوونەی ئەندامێتی و ئابوونەی هاوبەشی ساڵانە بۆ ئەندامەکان.**

**2-گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی کارگێڕی و دارایی و ئەو راپۆرتانەی کە لە لیژنەکانی دیکە هاتوون بۆ پەسند کردنیان.**

**3-بڕیار دان لەسەر هەموار کردنەکانی پەیڕەوی ناوخۆ, پێشکەش کردنی پێشنیارەکان بۆ هەموار کردنی یاساکە.**

**4-هەڵبژاردنی ئەنجومەن.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سەبارەت بەماددەی نۆیەم لیژنەی قانونی بەس فەقەرەیەکی زیاد کردیە لە ئیقتراحەکەمان ئەویش ئەوەیە تحدید بدلات الانتماء و بدلات الاشتراك السنوي للاعضاء, فەقەرەکانی تر وەکی خۆیتیان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دەبێ فەقەرە چوارەم لێرە ئیزافە بکەین (إنتخاب المجلس المتكون من سبعة أعضاء أصليين وعضوين إحتياط). لە ماددەی تر باس کرایە نوقتەی نیزامە.**

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**معقول نیە کۆنگریەکی گەورە ببەسترێ یەکەم خاڵی تحدید بدلات انتماء بێ, ئەبێ موناقەشەی تقریری ئیداری و مالی و ئەوانە بکرێ ئەول جارەکەی, هەموو موئتەمەرێك وەهایە ئەوەل جار تەقاریرەکان دەخوێنرێتەوە دوایی, ئینجا ئەوە بکرێتە خاڵێکی تر یعنی تقدیم و تاخیری بکرێت دوای ئینتخابی مەجلس ئەبێ لێرە تەحدیدی بکرێ, چونکە ئەمە کۆنگرەکەیە ئەبێ بڵێین (من سبعة أعضاء على الاقل) ئەوە بڵێین, و (عضوين احتياط على الاقل) لێرە تەحدید بکرێ, دوایی قەیدی ناکە لە ماددەی دەیەم شرح بکرێتەوە, لەگەڵ ڕێزمدا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**مولاحەزەی یەکەمت تقدیم و تاخیرە مشکیلە نییە, ئەوە دەتوانن خاڵی دووەم بکەنە یەکەم, ئەوە موشکلە نییە دەتوانن بیکەن, بەڵام ئەوەی تر مادەم لەماددەی دە هاتووە هیچ مشکیلە نیە تاکید کراوە, بۆیە دەیخمە دەنگەوە! کێ لەگەڵیەتی؟ کێ لەگەڵ دا نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا. کاکە فەقەرەی سێیەم**

ئیقرار پەسند کردنە راست دەکا, بە عەرەبیەکەی ئیقرار پەسند کردنە, زمانەوانیە دەتوانن چاکی بکەن, تەصویتش کرا, بەلاّم زمانەوانیە, بیکە پەسند کردنی ئیقرارە بە عەربیەکە, عەربیەکە ئەصڵە, ماددەی دەیەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

1-يتألف المجلس من خمسة أعضاء أصليين و عضوين إحتياط ويتم إنتخاب الرئيس و نائبه من بينهم و يجمتع دوريا كل شهر مرة واحدة و للرئيس دعوته للإنعقاد بصورة غير إعتيادية عند الضرورة وتنعقد بحضور أغلبية اعضائه ويتخذ قراراته بأغلبية الأعضاء و عند تساوى الأصوات يرجح الجانب الذى فيه الرئيس.

2-اذا تخلف عضو المجلس عن حضور ثلاثة اجتماعات متتالية او خمسة اجتماعات متفرقة خلال سنة واحدة بدون عذر مشروع يعتبر مستقيلا من المجلس.

ئێستا رای لێژنەی یاسا لەلایەن مامۆستا کاکە بەزمانی کوردی دەخوێنرێتەوە, عەرەبیە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: 1-يتألف المجلس من سبعة أعضاء أصليين و عضوين إحتياط ويتم إنتخاب الرئيس و نائبه من بينهم و يجمتع دوريا كل شهرين مرة واحدة و للرئيس دعوته للإنعقاد بصورة غير إعتيادية عند الضرورة وينعقد بحضور أغلبية اعضائه ويتخذ قراراته بأغلبية الأعضاء و عند تساوى الأصوات يرجح الجانب الذى صوت له الرئيس.

2-ليس لرئيس المجلس حق الترشيح لاكثر من دورتين متتاليتين.

3-اذا تخلف عضو المجلس عن حضور ثلاثة اجتماعات متتالية او خمسة اجتماعات متفرقة خلال سنة واحدة بدون عذر مشروع يعتبر مستقيلا من المجلس.

**بەڕێز کريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لێژنی یاسایی بە کوردی:

ئەنجومەن لە حەوت ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندامی یەدەك پێك دێت, لەنێوانیاندا سەرۆك و جێگرەکەی هەڵدەبژێردرێن و هەر دوو مانگ جارێکیش کۆدەبێتەوەو سەرۆك بۆی هەیە, بۆ بەستنی کۆبونەوەی نائاسایی و لەکاتی پێویستدا بانگهێشتی ئەندامەکان بکات و بڕیارەکانی بەزۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو وەردەگیرێن و لەکاتی یەکسانی دەنگەکان بەو لایەدا دێ کە سەرۆکی لەگەڵ دایە.

2-سەرۆکی ئەنجومەن مافی خۆ کاندید کردنی بۆ زیاتر لە دوو خولی بە دوای یەکدا نییە.

3-ئەگەر ئەندامانی ئەنجومەن لەئامادەبوونی سێ کۆبوونەوەی بەدوای یەك یان پێنج کۆبوونەوەی جیاجیا لە ماوەی ساڵێکدا, دوا کەوت بەبێ پاساوێکی ڕەوا بە دەست کێشاوە لە ئەنجومەن دادەنرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لێژنەی قانونی دوو گۆرانکاری لەسەر ماددەکە کردیە, یەکەمیان پێنج ئەندامەکە بوویتە حەوت, دووەمین مانگەکە بوویتە دوو مانگ, لەبەر ئەوەی مانگەك کەمە کۆبوونەوە بەزحەمەتی دەکرێ, لیژنەی یاسایی وای بەباش زانی ببێتە دوومانگ لەجیاتی مانگەك. زۆرسوپاس.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی سێیەم (اذا تخلف عضو المجلس عن حضور ثلاثة اجتماعات متتالية) پێم وایە ئەو پێنج ئیجتیماعاتی موتەفەریق زیادە ئەوەندە سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لەبڕگەی یەك باسی ئەوە هاتیە چۆنیەتی و صلاحیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن, بەڵام لەماددەی پێشوو ناوی سەرۆکی ئیتیحاد هاتیە نە باسی چۆنیەتی هەڵبژاردنی نە صلاحیەتی لەهیچ جێیەك باس نەکرایە و وەکو شتێکی ناشاز هاتییە, من پرسیارەکەم بۆ لیژنەی قانونیە چۆن سەرۆکی ئیتیحادەك هەڵدەبژێردرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تۆزێ هەست دەکەم ئەمە زیاتر عیلاقەی بەسەر نیزامی داخلیەوە هەیە, خۆیان بۆ خۆیان دادەنێن, یەعنی مەعقول نییە ئێمە قانونێکیان بۆ دابڕێژین پێیان بڵێین ئێوە مانگی جارێك کۆببنەوە یان دوو مانگ جارێك کۆببنەوە, ئەوە زیاتر عیلاقەی هەیە بە موعیدی کۆبوونەوەکان, واتا مەبەستمە عیلاقەی هەیە بەنیزامی داخلی, خۆیان تەحدیدی دەکەن, چەند و چەند کۆببنەوە, ئەگەر بەو حیسابە بێ ئەو ئیتیحادە ئیشی زۆر گەورە و میهمی بەدەستەوەیە, حمایەت و سیادەتی قانونی ئەو شتانە, یەعنی پێویست ناکا ئێمە بۆیان تەحدیدکەین, ئەوان قانون ئەپارێزن, ئەگەر وابێ چۆن ئەبێ ئێمە بۆیان تحدیدکەین, دوو مانگ جارێ یان مانگێ جارێ ئێوە کۆببنەوە, ئەوە بەجێبهێڵین بۆ پەیرەوی ناوەخۆ, خۆیان دیاری بکەن کۆبوونەوەکە, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ بەنیسبەت مولاحەزەی یەکەم سێ کۆبوونەوەی متتالیە یان پێنج کۆبوونەوەی متفرقە لەساڵێکدا وابزانم خۆیان موتەفیق بووینە لەسەری و, ئەو قانونەش ئەصڵەن لەلایەن خۆیانەوە هاتووە و, ئەو

تەعدیلانەش کەکراوە لەگەڵ خۆیان دانیشتوون موافقن, کەواتە یەعنی هەر شتێك لێرە نوسرابێتن بەقانون دەبێ ئیلتیزامی پێبکەن ئەوانە, بەلاّم پێشەکی رەئی خۆیان ئەساسە, قانونەکە ئەساسە پرۆژەکە لەلایەن خۆیان ئەو مجموعە قازیانە ناردوویانە و, ئەو دەستکاریەی کەلەلایەن لیژنەی قانونی بەراویێژ لەگەڵ ئەوان کرایە, بۆیە هیچ ئیشکالەك لەوەدا نیە, بەنیسبەت ملاحەزەکەی کاك سردار لێرە نوسرایە الانتخاب لە مجلسەکەی دەکرێـتن حەوت کەسن الانتخاب بە چ دەکریٚ معلومە یان بە اتفاق دەکریٚ یان بە نهێنی دەکریٚ یەکێ خۆی تەشریح دەکا یعنی پێویست ناکا لێرە تحدیدی بکەینەوە, بەڵێ. ئەتو باسی دەسەلاّتی ئەکەی؟ ئەی چی؟

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لەماددەی دە باسی ئەوەی کرا چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن لەماددەی پێشوو باسی سەرۆکی یەکێـتی هاتیە, سەرۆکی یەکێـتی لە شێوازو چۆنیەتی هەڵبژاردن باس نەکرایە و هەتا صلاحیەت, مەبەستم سەرۆکی الاتحاد بوو نەك سەرۆکی ئەنجومەن, خۆی لەقانوندا لە سەندیکاکاندا عادەتەن سەرۆکی ئەنجومەن خۆی سەرۆکی الاتحادە, بەلاّم لێرە باسی نەکرایە بەهیچ شێوەیەك, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا خۆ سەرۆکی ئیتیحاد هەیئەتێکە وەکو کۆنگرێس وایە مەکتەب سیاسی هەڵبژاردووە, بابڵێین رەئیسی مەکتەبی سیاسی هەیە و ئەندامی مەکتب سیاسیش هەیە, پێویست ناکا خۆ حزب نییە, رەئیسی حیزبەکە نییە جەمعیەکە رەئیسی نییە, وەکو جەمعیەی هەموو رەئیسی هەیئە هەیە عەینەن دەسەلاّتیش هەیە تەحدید کراوە, یەعنی ئەو منصبە نیە رەئیسی هەیئە نییە, رەئیسی مەجلس هەیە.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت باسی ئەوەی دەکا کە ئەو ئیتیحادە هەیئەتێکی هەیە و سەرۆکی هەیە و نازانم ئەوە دەبێ بە قانون تەنزیمی بکەی, دەبێ ماددەیەك هەبێ لێرە, هیچ ماددەیەك نییە, ئەوەی تەنزیم کردیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەدی ئەو ئینتیخابە بۆ چیە؟ کاك دکتۆر.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالە نەمێنێ, لێرە ئیزافەی کلیمەیەك بکەین وابزانم مشکەلەکە حەل دەبێ (یتالف المجلس من سبعة اعضاء اصليين وعضوين احتياط ويتم انتخاب رئيس للاتحاد والمجلس ونائبه). لێرە ئەبێ بگوترێ راست دەکا, یەعنی بەبێ وشەی ئیتیحاد, چونکە مەعقول ئەبێ بوترێ, رەئیسی ئیتیحاد

هەڵئەبژێردرێ, چونکە مادەم لەکۆنگرەکە هەڵمان نەبژارد بەموباشری ئەبێ لێرە مەجلیسەکە بۆ خۆی رەئیسی ئیتیحاد هەڵبژێری, جا لێرە دەبێ عیلاجێك بدۆزرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دوو کلمیەیە ئیزافە بکەن, فەقەرە یەك ئیزافە بکەن بڵێین یعتبر رئیس المجلس رئیس الاتحاد فەقرەیە, یەعنی بڵێی چوارەم: (یعتبر رئیس المجلس رئیس الاتحاد), ئەوە حەلی ئیشکالی کرد باشە, شێروان و کاك محمد.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە زۆر نیقابات قانونەکانیان پەسەند کرایە, من حەزدەکەم هەر لەبۆ تاریخ ئینسان قسە بکا لەهیچ نیقابەیەك ئەو مبدەئە نەهاتییە, عادەتەن رەئیسی ئیتیحاد و رەئیسی مەجلس هەمان شخصە, ئەمە یەك.

دوو: ئەوەی کاك سردار دەڵێ مبدەئی ئینتیخابەکە هاتییە, من خۆم هەڵبژاردیە بۆ ئیتیحادێك لەگەڵ کۆمەڵك خەڵك بووینە مەجلس, دێین کۆدەبینەوە کێ خۆی ئینتخاب دەکا بۆ رئیس, دوو کەس دەستی هەڵدەگرێ, ئینتیخابەکە دەکرێ حەسب ئوسولێ لە زیمنی ئەو مەجلیسەی کە کۆنگرە هەڵبژاردووە, یەعنی مەسەلەی ئینتیخابەکە پێویست ناکا ئەمن, بەنیسبەت هی مەجلیس ئەو تفصیلەی بدەینێ, بەلاّم مەبدەئی ئینتیخاب بۆ هەڵبژاردنی ئەو دەستەیە کە مەبدەئی ئینتیخابە لەهەموو سەندیکاکان بەم شێویە دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەم لەسەر ژمارەی ئەندامە, عادەتەن بەپێی مەهام, مەهامی هەر کۆمەڵەیەك هەر حزبێك ئەو مەهامانەی کە ئەژمێری ئەو مەهامە گرنگانەن, دوایی لەسەری ئەو مەهامانە لیژنە دروست دەکات, ئێستا ئێمە حەوت ئەندامان هەیە کە دوانیان یەکێکیان بۆتە سەرۆك و ئەویتریان بۆتە جێگرەکەی, ئەی ئێمە سێ پارێزگامان هەیە و وا ئەبێتە چواریش و, ئەبێ ئەم پارێزگانە کە لەوێ فەرعی هەبێ ئەبێ ئەو فەرعانە ئەندام بن لەم مەجلیسە ئەگەر نا ناتوانێ کارەکانی جێبەجێ بکا, چواری بچێ بۆ ئەم ئەندامانە مانای ئەوەیە دوو کەس مایەوە, ئەو دوو کەسە ئایا ئەتوانن کاروبارەکانیان جێبەجێ بکەن, لەبەر ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە ئەم مەجلیسە وانازانم بە پێنج کەس کارەکانی بڕوا, زیاد بکرێ لەبەر دوو هۆ, یەکەمیان: پارێزگاکان ئەبێ ئەو رەئیسانەی کە لەوێ مەسئوولن لێرە ئەندام بن, لەم مەجلیسە.

دوو: ئەو لیژنانەی کە دروست دەبن بۆ ئەم مەسائلیە موهیمانە مەسەلەن ئیقراری میزانیە خۆ ئەبێ مەسئوولی مالیە هەبێ مەسەلەن ئیشراف ئەبێ لیژنەیەکی هەبێ, یەعنی ئەمانە ئەبێ مەسئوولیان هەبێ ئەندامە ئیحتیاتەکان ناتوانن ئەمانە بکەن, ئیحتیات تەبیعەتی وایە, ئیحتیات تۆ لە دوو حاڵەت بەکاری

دەهێنێ بۆ رەئیس بەکاری ناهێنی, بۆ رەئیس قەتعەن بەکاری ناهێنێ, حەقی تەصویتی نییە ئیتر ناتوانی ئەوە بکا بۆ وەکو ئەندام ئەبێ, لەبەرئەوە پێم وایە ئەم ژمارە کەمە و, بەلای کەمەوە ئەم ژمارەیە بکرێ بەدە بۆ ئەوەی هی پارێزگاکانیش جێی ببێتەوە و, هەم ئیشەکانیشی لێرە بکا, زۆرسوپاس.

**بەرێز هیوا صابر احمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا ئەمن چەند پرسیارێکم هەیە یەکەم, ئایا هەموو ئەو کۆمەڵانەی کە دائەمزرێن پێویست ئەکا لەپەرلەمانا بەم شێویە موناقەشەی پەیڕەو و پرۆگرامیان بکرێت؟ ئەمە یەك.

دوو: ئایا ئەو کۆمەڵەیە دامەزراوێکی رەسمیە, دامزراوێکی ناحکومیە؟

سێ: ئایا ئەگەر ئێمە پەیڕەو و پرۆگرام بەشێوازی قانونی بکەینە بەری ئەو کۆمەڵەیە چ مەعنایەك دەمێنێتەوە بۆ کۆنگرەیان؟ جەنابت دەفەرمووێ ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لێرەن, کۆمەڵەی پارێزەران, کۆمەڵەی فلان ئەوانیش دێن بۆ پەرلەمان لەگەڵمان موناقشە بکەن, من ئەوەی کەحاڵیم لەدامەزراوەی مدنی نابێ پیرەووپرۆگرامی لە پەرلەمانا موناقەشە بکرێ, ئەو کۆنگرە ئەبەستێ پیڕوەو وپرۆگرامی مصادقەی لەسەر ئەکات, دوای مۆڵەت تقدیم دەکات, حوکمەت مۆڵەتی پێئەدا یان پێی نادا, لەبەر ئەوە ئەم باسە بەرەئیی من زیادە لەپەرلەمانا ئەکرێ, ئیشی ئێمەی پەرلەمانتار نییە خۆمان بەمانە خەریك بکەین, ئەوە خۆیان پێویستە کۆمەڵە بچنە کۆنگرەی خۆیان مصادقە لەسەر پەیرەو وپرۆگرامی خۆیان بکەن, دوایی بێن مۆڵەت لەئێمە وەربگرن, نەك ئێمە خۆمان بەم شتانە خەریك بکەین, چونکە تۆ ئەمە ئەکەیتە پۆشاکێك سبەینێ کۆنگرە ئەبەستێ, ئەندامانی کۆنگرە لەگەڵ رێزمدا هەر بەگاڵتە جاری ئەزانن, کۆنگرە بۆچی ئەبەستن بۆ شتێك وەکو قانون کراوە بەبەریانەوە, لەبەرئەوە من پێشنیار ئەکەم خۆمان بەمانە خەریك نەکەین, بابیدەین بەدەست کۆنگرەکانەوە, سوپاس.

**بەرێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کاك هیوا بەشێك لەقسەکانیان نەکرد, بەلاَم بۆ تەئیکد کردنەوە لەسەر هەندێك خاڵ, کە کۆنگرەکەی ئەوان تەماشا بکەی ئێمە زۆربەی کارەکانی کۆنگرەمان کردووە, من لەگەڵ ئەوەدام لێرەدا موناقەشە بکرێت, بۆ ئەوەی شەرعیەتیان بدرێتێ ببنە ئەندامی یەکێتی دادوەرانی نێودەڵەتی, بەلاَم مەبەستەکەش هەر ئەوەیە, ئەوەی من بزانم, بەلاَم زۆر وردەکاری هەیە, کۆنگرەی خۆیان چەندی ئەندام هەبێ, چەندی ئیحتیات بێ, ناوەخۆیان ئەوێ, ئێستا دوو شتمان هێشتۆتەوە بۆ کۆنگرەی ئەوان, دوویان هەڵبژاردن دەکرێ بۆ سەرۆك و ئەندامەکانی, بۆ ئەوەی زیاتر ئیشی بۆ کۆنگرەکە بهێڵنەوە, ئەوە دواتر عەرقەلەیکی تریان بۆ دروست دەبێ, کە بیانەوێ هەر گۆڕانکاریەك بکەن لە پەیڕوەکەدا یان زیادکردنی ژمارەکانیان یان کەمکردنەوەیان هەر هەموارکردنێك لەو پەیرەوەدا دەبێ بێن بەیاسا جارێکی تر بێتەوە پەرلەمان بۆ ئەوەی نەیەتە پەرلەمان جارێکی تر, باشتر وایە هەموو بەیاسا نەکرێ, هەموو ئەو

وردەكاریانەی كە كۆنگرە دەیكات پێویستە كۆنگرە پەسندی بكات, لای خۆیان, جگە لەوەی كە ئێمە لێرە تەصدیقی دەكەین بە یاسا, ئەو یەكێتی دادوەران پێك دەهێنرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە ئەوەلەن پەیڕەو نییە, پەیرەو راستە لەلایەن یەكێتیەكە لەلایەن خۆیان دایدەنێن, ئەوە قانونە, خۆیان ئیقتراحیان كردووە و, ئەم یەكێتیە وەكو یەكێتیەكی ئیعتیادی نییە, یەكێتیەكی قازیانە, یەعنی بابڵێین ژمارەیان كەمە موحەددەدن زۆریش قانونین, وەلەبەر ئەوە زۆریش قانونین خۆیان داوایان كردووە, كە ئەم پرۆژەیە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند بكرێتن, بۆ مۆڵەتیش, خۆ ئەمە مۆڵەت نییە, ئەوە قانونە, مۆڵەت دان نییە, لیژنە مۆڵەت لەناو وەزارەت وەردەگرن. قانونەكێكە بۆ ئەوەی لەڕووی دەوڵەتانەوە ئەو یەكێتیە, ئەو رێكخراوە تازەیە زوو بێتە تەعریف كردن, كە بەقانونێكی پەرلمانەوە دامەزراوە و خەڵكێكی زۆریش, ئیشیان گرنگە و هاوكاری ئێمە دەبن, ئێمە سبەینێ و دووسبەینێ رەنگە ئەو كۆمەڵەیەی كە دروست دەبن ئێمە دەیان ئیشمان پێیان بێتن مشاوەریان لێداوابكەین, لەبەر ئەوە ئەو تەفسیلاتە مومكینە وجهەت نەزرەرێك هەبێ كە پێویست ناكا خۆیان دایبنێن ئەوەش دەبیتن, ناڵێم ناء, بەلأم ئەم تەفسیلاتە بەقوەتیان دەكا, موناقەشات لەنێوان خۆیاندا نامێنێت, حەوت كەس بن, نۆ كەس بن كە بەقانون بوو هەموو ئیلتیزامی پێدەكەن و دەبڕێتەوە, ئەگەر نەش نووسن شتەكی وەها گەورە ناگۆڕێ, دەزانم ئەوەی, ئەگەر بنووسرێ باشترە, چەند تەفسیل رزگارت بێ لێی, بەقانون بەبڕیاری هین, نەگەڕێیەوە سەر, ئەوە كار ئاسان نییە بۆیان, ئەگەر نا دەتوانی بە چوار دێر تەواوی بكەی, قانونێكمان دەرهێنا ئەوە جمعیە دروست بێ, تەواو بەسە, كە دەچینە لای خۆیان رەنگە ئەو ئیشەی ئێمە دەكەین, بەدوو جلسە و سێ جلسە, بكەونە مناقشە بە دوو مانگ تەواو نەبن, قوەتیشە بۆیان, بۆیە مەسەلەكە مەنتیقی هەیە و حیجەتی هەیە, ئەوان خۆشیان ئەو جانبە دەزانن, بۆیە هاتیتە لای ئێمە و, ئەگەر نا عەریزەیەكیان دەدا بەوەزارەتی داخلی, دەیان وت ئێمە ئەوەندە ئیمزایەمان كۆكردۆتەوە, داوای مۆڵەتیان دەكرد, خۆشیان كۆنگرەكەشیان دەبەست و تەعریفیان دەكرد, بەلأم لەرووی یاساییەوە قوەتیان كەمتر دەبوو, سێ كەس قسەی دەكا, كاك عمر و كاك جمال و كاك سردار.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەحقیقەتدا, من شارەزایەكی تەواوم هەیە, لەسەر نیقابەی محامیان, ئەوەی من تێبینی ئەكەم هیچ شتێكی یاسایی لەو موزوعە نییە, بۆ تقدیم كردنی هەندێك خەدەمات, عادەتەن, ئەو نیقابەیە تەنها ئیشی ئەوە نەبێ ئیش و كاری ئەندامان راپەڕێنێ, شتی گرنگیان لەبەر دەمە هەر كاتێ كە بزانن, كە موشكیلەیەك لە دادگا هەیە, یان قەزیەكی گەورە هەیە یان كەسێكی گەورە هەیە, كە خۆی ناتوانێ, هەندێ محامین كە رێك و پێكن, ئەم لێژنەیە گرنگی بەم موزوعانە ئەدەن, بۆ سەركەوتنی یاسا و جێگیركردنی ئیشەكەیان, لەراستیا من ملاحەزە ئەكەم هیچ شتێك لەم بابەتە لە مەنهەجەكەیان نییە, یەعنی ئامانجەكەیان بەیانی

هیچ دەورێك لەو بابەتە نابینن, حەقە ئەوە دیاری بکەن, ئەگەر قەزیەکی گەورە بوو, بۆ نموونە بەیانی کێشەیکی گەورە بوو بۆ دروست کردنی مەسەلەن مشروعێکی گەورەی شەهیدان, ئەگەر زانرا داواکاری گشتی (المدعي العام) وەکو پێویست دەور نابینێ یان خەڵکێك وەکو پێویست دەور نابینن, ئەم نیقابیە ئەبێ موتابعەی ئەم شتانە بکا, وە باشترین نوێنەری خۆی دابنێ, بۆ ئەوەی بتوانێ دادگا عەدالەتی خۆی بنوێنێ لەو کارانە, من ئەوەم مولاحەزە نەکرد لەو خاڵەکانە شتێك لەو بابەتانەی تێدابێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گوێم لەو موقتەرەحە بوو کەوا رئیسی مجلس رەئیسی الاتحادەکەیە, بەلاّم ئێمە باسمان لەوە کرد کە هەیئەی عامە کۆدەبێتەوە موئتەمەرێ ئەگرێ, وە تصویتیشمان لەسەر مادده نۆ کرد, کە ئینتیخابی مەجلسی لەسەرە, کە ئینتخابی مەجلس کرا تەحصیل حاصل رەئیسی مەجلس خۆی ئەبێتە رەئیس ئیتیحادەکە, ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر ئەم قانونە نیزامی داخلی نییە, ئەمە قانونێکی گرنگە, چونکە ئێمە لەسێ دەسەلاّت باس لەدەسەلاّتەکانی حوکمەتی هەرێم ئەکەین لەدەستورا باسمان لە دەسەلاّتی دادوەری کردیە وباسمان لە دەسەلاّتی یاسادانان و لە دەسەلاّتی جێبەجێکردن کردیە, وەلە ئەهدافەکانیشی ئەهدافی ئەم یاسایە ئەوەیە کە ئەو برادەرە دادوەرە بەرێزانە هەوڵ ئەدەن, بۆ زیاتر چەسپاندنی یاسا, بۆ زیاتر سەروەری یاسا, پێشکەوتنی بواری یاسا, پێشکەوتنی ئەو کەسانەی کە لەم بوارە ئیش ئەکەن, واباشترە ئەم یاسایە لە پەرلەمان موصادقەی لەسەر بکرێ, چونکە ئەمانە لەموستەقبەل رەبت دەبن بە کۆمەڵەی دادوەرانی جیهانیەوە, ئەتوانن زانیاری زیاترمان بۆ بێنن, دەسەلاّتی دادوەری کە ئێمە لەکوردستانا باسی لێوە ئەکەین دەسەلاّتێکی بێ لایەنە, دەسەلاّتێکی سەروەریە, هیچ دەسەلاّتێکی بەسەرەوە نییە غەیری قانون پێویست بەوەیە کە ئەو دەسەلاّتە باو بکێشی بچێتە دەرەوە, لەدەرەوە زیاترە مەعلومات لەسەر بوارەکانی یاسا و پێشکەوتنی تازەمان بۆ بهێنێ, جا من پێم وایە لەبەر ئەوەی ماددەی نۆ مصادقەمان لەسەر کرد, ئینتیخابی مەجلیس لە موئتەمەرەوە دێت, موئتەمەر ئینتیخاباتی خۆی دەکا و مەجلیس هەڵدبژێرێ, هیچ پێویست ناکا بڵێین رەئیسی ئیتیحاد رەئیسی مەجلیسە, یان رەئیسی مەجلیس رەئیسی ئیتیحادە, هەروەك خۆی بمێنێتەوە, مەجلیس لەو چەند ئەندامەو لەنێوان خۆشیان, سەرۆك و جێگرەکەی بێ, سەرۆك و سکرتێرەکەی مەجلیس بێ, دەستەو دارایەکەی خۆی هەڵدەبژێرێ. زۆرسوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(المعروف عرفا کالمشروط شرطا) ئەوە راستە, پەندێکی راستە, بەلاّم لە غیابی نەصی قانونی, مەصادری قانونی تەشریعە و شەریعەی ئیسلامیە و ئینجا ئەعراف و تەقالیدە, کەی تۆ تەشریعت نەبوو, لە شەریعەی ئیسلامی مەوادت نەبوو, ئینجا پەنا دەبیە سەر ئەعراف, بەلاّم تۆ لێرە موشەرعی, قانون لەبەر

دەستتە دەبێ پەنا ببەیە بەر تەشریعی خۆت, مەوادی قانونی هەبێت تەنزیمی بکەی, موشەرع نابێ لێبگەڕێ هیچ حاڵەتێك بۆ مزاج و تحلیل. زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ کێشەیەك نیە, ئەو قسانە هەمووی ئەو ماددەیان دەوڵەمەند کرد, ئاشنایی ئەندامانی پەرلەمانیان زیاد کرد, ئەگەر شەتبی بکەین هینی کەین, چ گۆڕانکاریەك ناکات, بەڵام ئەو تفسیلاتەی تێدایە, بەهێزی دەکات, بۆیە من پێم وایە, نەتیجەی ئەو مەدخلاتە شتێکی وانەبوو, کە نەئیلغای تێدایە, نوقتەی نیزام فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی, بەقناعەتی من ئەو ئیشەی ئێمە ئەیکەین, پێچەوانەی بنەمای دانانی پیڕەو و پرۆگرامی سەندیکاو حزبەکانە, لەبەرئەوە ئەو رایەی کە جەنابت گوتت, ئێمە موصادقەی دەکەین لەسەر ئەو سەندیکا, لەسەر ئەو کۆمەڵە, بەچەند دێرێك, با خۆیان بچێتە ناو تەفاسیل, ئەم برایە باس لەوە دەکا, ئەمە پەیرەو و پرۆگرامە, ئەصڵی بنەماکانی پەیرەو و پرگرامی ئێوە لێرە دیاری ئەکەن, لەبەر ئەوە مانا نامێنێ کە باسی کۆنگرە ئەکەی, چونکە ئەو کەسەی دێتە کۆنگرە, شتێکی بەسەرا فەرز کراوە, لەوێ ئەڵێ ئەوە چ مەعنایە بۆ کۆنگرەکە, لەبەر ئەوە پێم باشە, پەرلەمان نەچێتە ناو ئەم قەزیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە, ئەوە پرۆژەیەکە خۆیان ناردوویانە, خۆ ئێمە فەرز ناکەین لەسەریان, خۆیان داوایان کردووە کە پەرلەمان ئەو قانونەیان بۆ دەربکات, بەو شێوەیەی کە ناردوویانە, هۆیەکەشی دیاری کردووە, لەهەمووی گەورەتر ئەوەیە کە کاك عومەر ئاماژەی پێکرد, ئەوەیە لەلایەن سەندیکاکانی نێودەوڵەتی, ئیتیحاداتی نێودەوڵەتی قانونی, ئەوانە ئیعتیباریان بۆ بکرێو وەربگیرێن, ئیقتراحەکەی خۆیانە, ئەگەر نا, ئەگەر خۆیان ئیقتراحیان نەکردبوو, ئێمە بۆمان نیە شتێك فەرز بکەین. بەڵام خۆیان ئەو دەستەیە, کە ئیمزایان کردووە, هەمووی قازی ناسراون, ئەو پرۆژەیان تقدیم کردووە, بۆ مەنتیقیشیان هەیە, لە داواکاریەکانیان, لێژنەی قانونی دیراسەیان کردووە, ئەوانیش پشتگیری لێدەکەن, واتا لەڕووی قانونیەوە, رەئیکی عام پەیدابووە, لەلایەن قانونیەکان کە ئەوە ضروریە, ئەگەر نا‌ء, دەبوایە زووتر کە یەکەم جار خوێندیەوە, ئیعترازت کردبا, بتگوتبا ئەوە نابێ بخوێندرێتەوە لێرە, لەبەر ئەوەی پێویست بەو قانونە ناکات, بەس ئێمە توجیهمان کرد, وتمان لێژنەی قانونی راپۆرت بنووسن, کۆبوونەوەیان کرد لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە داوای ئەوەیان کردووە, بۆیە من ئەو ماددەیە دەخوێنمەوە دەیخمە دەنگدان بەراستی ئەو ماددەیە, بیخوێنەوە تکایە, ئینجا پاش ئەوەی تعلیقێك ئەدەم لەسەر ئیجازاتی دەرچوون بۆ دەرەوە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی:

ماددەی دەیەم:

1-ئەنجومەن لە حەوت ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندامی یەدەك پێك دێت, لە نێوانیاندا سەرۆك و جێگرەکەی هەڵدەبژێردرێن و هەر دوو مانگ جارێکیش کۆ دەبێتەوەو سەرۆك بۆی هەیە بۆ بەستنی کۆبوونەوەی نا ئاسایی و لە کاتی پێویست دا بانگهێشتنی ئەندامانی بکات و بڕیارەکان بە زۆرینەی ئەندامانی ئامادەبوو وەردەگیرێن و لە کاتی یەکسانی دەنگەکان بەو لایەدا دێ کە سەرۆکی لەگەڵ دایە.

2-سەرۆکی ئەنجومەن مافی خۆ کاندید کردنی بۆ زیاتر لە دوو خولی بە دووای یەکدا نیە.

3-ئەگەر ئەندامانی ئەنجومەن لە ئامادەبوونی سێ کۆبوونەوەی بە دووای یەك یان پێنج کۆبوونەوەی جیاجیا لە ماوەی ساڵێکدا دواکەوت بەبێ پاساوێکی ڕەوا بە دەست کێشاوە لە ئەنجومەن دادەندرێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن: کاك عونی ئەگەر فەرقەکەی بلێی چیە؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, فەرقی ئیقتراحی ئێمە لەگەڵ ئەصڵی پڕۆژەکە ئەوەیە, یەکەم مانگەکە بووە دوو مانگ ئیجتماعاتی دەوری, دووەمین عەددەکە لە پێنج بووە حەوت, سێیەمین, رەئیسی مەجلیس بۆی نییە لە دوو دەورە زیاتر خۆی تەرشیح بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەست دەکەم ئێمە شەش حەوت جار دەستمان بەرزدەکەینەوە نازانم بۆ چاوتان لای ئێمە نابینێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با من تعلیقت لێبدەم, تۆ وا دەکەی دەستت دەهێنیە خوارەوە, ئەمن دوو کەس دەنووسم دێمەوە سەرە تۆ, دەبینم دەستت هێنایەتە خوارەوە, ئینتباه ناکەم ئەو جوملەیە شەتب کە لێرە, ئەو جوملە لێرە بەکار نایەت, فەرموو دانیشە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتی پارێزگاکان کوا, کەی ئەیهێنن؟ کە ئەو مەسئوولە لێرە ئەندام نابێ, کەی ئەیهێنن, چۆن موناقەشە ئەکرێ؟ لەبەر ئەوە من پێم وایە هەر ئەبێ مەسئوولی پارێزگاکان, ئەو لقانەی کە لە پارێزگاکانی ترە, وە بۆ هەولێر نابێ, زۆرسوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەلاً من هەر تەوزیحەکم هەیە, یەك: قانونی جمعیات مەجالی دایە, کە کۆمەڵە و ئیتحادات و نقابات, بە قانونی جیهە قانونی خۆیان بهێننە پەرلەمان, واتا مەجالی قانونی تێدایە, کە قانونی خۆیان بهێنە پەرلەمان.

دوو: دادوەران وادەزانن ئەو ئیتحادە تایبەتمەندێکی خۆی هەیە و, دەبنە ئەندام لە ئیتحادی دەولی قضاة, حەز دەکەن قانونەکەیان لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند بکرێ. نوقتەی سێ, بەنیسبەت ئەو مقترحەی کاك محمد فرج ئەوە نوقتەیەکە بەراستی ئێمە لەمەیدان لەم مەسەلەیەمان ئیش کردیە, وە فەشەلی هێنایە, ئەگەر هاتوو رەئیسی لقی دهۆك یان رەئیسی لقی سلێمانی ببێتە ئەندام لە ئەنجومەن, ئەو تجربەیە فەشەلی هێنایە بەراستی, بۆیە لە زۆربەی سەندیکاکانی ئێستاش ئەو مبدەئە سڕاوەتەوە نییە, چونکە نەتیجەی ئیش کردنی زانراوە کە فاشیلە, بۆیە ئیکتفاء دەکەن بەوە کە بانگیان بکەن, بۆ ئیجتماعاتی دەوری, وە راپۆرەتەکانی خۆیان بهێنن ناو نیقابە یان ناو ئیتحاد لەوێ بخوێندرێتەوە و داواکاریەکانیان جێبەجێ بکرێت, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس ملاحەزەی تری هەیە, ئەوان خۆیان داوایان کردووە, کە ئیجتماعاتی دەوری مانگێ جارێك بێ, بۆ دەیکەنە دوو مانگ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەش لەسەر داواکاری خۆیان بوو, ئێمە کردمانە موقتەرەحی لێژنەی قانونی بە ئیتفاق لەهەمان کات لەگەڵ ئەوان, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس مولاحەزەی نیە, بیخوێنەوە, بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

1-يتألف المجلس من سبعة أعضاء أصليين و عضوين إحتياط ويتم إنتخاب الرئيس و نائبه من بينهم و يجتمع دوريا كل شهرين و للرئيس دعوته للإنعقاد بصورة غير إعتيادية عند الضرورة و ينعقد بحضور أغلبية أعضائه و يتخذ قراراته بأغلبية الأعضاء الحاضرين و عند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذى صوت له الرئيس.

2-ليس لرئيس المجلس حق الترشيح لاكثر من دورتين متتاليتين.

**3-إذا تخلف عضو المجلس عن حضور ثلاثة إجتماعات متتالية أو خمسة إجتماعات متفرقة خلال سنة واحدة بدون عذر مشروع يعتبر مستقيلا من المجلس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**دەیخەمە دەنگدان, بەس مولاحەزەی ئەوەش بكەن, ئەو یەك, دوو, سێیە, بكەنە اولا, ثانیا, ثالثا, وەكو ئەوەی لە قوانینەكانی تردا هاتییە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵی دانیە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا. بڕۆ سەر ماددەی یازدە.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الحادية عشرة:**

**1-يتولى المجلس الاختصاصات التالية:-**

**ا-تشكيل اللجان و تسمية رؤسائها.**

**ب-إقرار الميزانية السنوية.**

**ج-أصدار القرارات الإنضباطية و ترقين قيد الاعضاء.**

**د-تعيين العاملين في الجمعية و إنهاء خدماتهم.**

**ه-الإشراف على أعمال فروع المحافظات.**

**و-المحافظة على ممتلكات و أموال الجمعية و أستثمارها و تطويرها.**

**2-يجوز الطعن في القرارات الإنضباطية الصادرة من المجلس لدى محكمة التميز خلال ثلاثين يوما من اليوم التالي للتبليغ و يكون قرارها باتا.**

**ئێستا رای لێژنەی یاسایی لەلایەن كاك كریم بحری دەخوێنرێتەوە.**

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**رای لێژنەی یاسایی:**

**ماددەی یازدەم:**

**1-ئەنجومەن ئەم تایبەتكارانەی خوارەوە دەگرێتە دەست:-**

**أ-پێكهێنانی لێژنەكان و ناوزەد كردنی سەرۆكەكان.**

**ب-پەسند كردنی بودجەی ساڵانە.**

**ج-دەرچوواندنی بڕیارە زەپتیەكان و سڕینەوەی ناوی ئەندامان.**

**د-دامەزراندنی كارمەندان لە یەكێتی داو دیاری كردنی مووچەو كۆتایی هێنانی ڕاژەیان.**

**ه- ڕەزامەندی لەسەر سەرفكردنی گۆژمەی پارە.**

و-سەر پەرشتی کردن لەسەر کارەکانی لقی پارێزگاکان.

ز-پارێزگاری لە موڵك و ماڵی یەکێتی و وەبەرهێنانی و پەرەپێدانی.

2-دەکرێ لەماوەی سێ رۆژدا کە لە رۆژی دوای پێ ڕاگەیاندنەوە دەست پێ دەکات لە دادگای پێداچوونەوەدا تانە لە بڕیارە زەپتیەکانی ئەنجومەن بدرێت, بڕیارەکەشی بنبڕە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, لێژنەی یاسایی تەنها لێرە فەقەریەکی زیاد کردووە, ئەویش فەقەرەی (ھ) کە دەڵێ (الموافقة على الصرف) کە لە ئەصڵی پڕۆژەکەیدا نەهاتووە, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارەکەم ئەوەیە, ئەو فەقەرەی کە ئیزافەتان کردووە, ئەوە دەسەڵاتی رەئیسە, هەر صرفێك ئەگەر مجلسەکە کۆی بکاتەوە, یەعنی حەوت ئیمزا کۆبکەنەوە, یەعنی چۆن دەبێ ئەوە؟ بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەندێك نقابات هاتیە دەسەڵاتی رەئیسە, راستە, بەڵام ئەو دەسەڵاتە محددە, بۆ نموونە مەجلیس دەسەڵات دەداتە نەقیب لە حدودی 1000 دینار صرف بکا, بەڵام لە مەسائیلی گەورە, دەبێ بێتە مجلس, مجلس قراری لەسەر بدا, تەنها نەقیب یاخود رەئیس ئیتحاد ئامری صرفە لەوێ بەتەنها. ئەوە متبعە لەسەندیکاکە, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەللا من ئەو فەقەرەیەم پێ زیادە, بەراستی, ئیشکال دروست دەکا, نێوان رەئیس و مجلسەکە, دەسەڵاتی من هی تۆیە, عرف هەیە, خۆیان تخمینی دەکەن, باسی دەکەن, ئەو مقترحەتان ئەگەر سحب بکەن.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی صرف کردنی پارە مەسەلەیەکی حەساسە, بەتایبەتی لەلایەن کۆمەڵەکانەوە, پێویستە بە بڕیاری کۆمەڵ دەنگی لەسەری بدرێت, نەك تاکە کەس ئەو بڕیارە گرنگانەو حساسانە بدات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن, پێش هەموو شتێك ئەوانە قازین, هەموویان ئیشیان ئەوەیە قانون جێبەجێکەن. ئەگەر سەحب ناکەن, ئەو فەقەرەیە دەخمە دەنگەوە, سحبی ناکەن, کێ قسە لەسەر ئەوە دەکا؟ ناصح, رشاد, پیر خدر, هیوا, عمر, شوکریە, دیلمان کێی تر بوو؟ کەس هەبوو لەولا؟ باشە, بەتەسەسول.

**بەڕێز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

كاك عەونی وتی یەك خاڵیان زیاد كردووە بەتەنها, ئەویش (الموافقه على الصرف)ە, هەر ئەوە نیە, لە برگەی (د) دەڵێ (تعیین العاملین فی الاتحاد و تحدید رواتبهم) وشەی رواتب, من پێم وایە پێویست ناكا لێرە تحدید رواتب بكرێ, چونكە كە تعیین كرا, حەتما میقدارێ پارەی بۆ دیاری دەكرێ, پێویست ناكا, ئەوەیان ئیزافە بكرێ, ئەوەشیان ئیزافە كردووە, وە هەروەها بەنیسبەت (الموافقة عن الصرف) من پێم وایە, دیسان ئەمە فەقەرەیەكی زیادە لێرە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخۆی هەموو صەرفەك, خۆی رەئیس ئامر بصرفە, بەلآم صرفەكە هەردەم لەنیزامی داخلی دێتن, هەموو حاڵەتەكان ورد دەكرێـتەوە, حاڵەتی وەفاتە, زەواجە, ئیكرامیەیە, راتبە, ئەمانە هەردەم لەنیزامی داخلی وورد دەكرێتەوە, یەعنی تەحلیل دەكرێـتن, بەلآم خۆی موباشەرەتەن متەلەقەن دێتن, رەئیس ئامر بصرفە, ئامر بصرفە بەپێی ئەو ووردەكاریەی لەنیزامی داخلی هاتیە, زۆرسوپاس.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەحدید كردنی دەسەلآتی سەرۆك, بۆ صرف, گەلەك لە جێگای خۆی دا نییە, كارەكان گران دەكات, خۆی لێژنەكە, ئەنجومەنەكە هەڵبژێردراوە, ئەوانیش لەناو خۆیاندا, سەرۆكێكیان هەڵبژاردوە, ئەو ئەنجومەنش لێژنەیان داناوە, یەكێكیان لێژنەی مالیە, لە وردەكاریەكاندا دەسەلآتیان دیاری كراوە, فە ئەز ئەبینم ئەو خاڵە زێدەیە, سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە, تەئیدی ئەو رەئیەی جەنابت بكەم, كە موافقەی صرفە, بەدەست سەرۆك بێت نەك مجلس, لەبەر ئەوەی عالیەت محتمەلە, هەموو جارێ ئەبێ ئەو مجلسە كۆنەبێـتەوە, دووەمینیش لە قانونا (من یملك الاكثر یملك الاقل) ئەگەر رەئیس مجلس صلاحیەتێكی زۆری هەبێـت, بەتەئكید صلاحیەتێكی كەمتریشی هەیە, لەبەر ئەوەی هەر وا باشە لە صلاحیەتەكانی رەئیس بێت, سوپاس.

**بەڕێز د0شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە, یەكەم دەڵێ ئەنجومەن ئەو تایبەتكارانەی خوارەوە دەگرێتە دەست, باشە چۆن ئەمە ئیختصاص تێكەلآو دەكەی, ئەمە ئەركە, ئیش و كارە, كە ئەكەوێتە ئەستۆی, ئیختصاص نیە, سەرۆكی

پەرلەمان. ئەمە خاڵێك, خاڵێكی تریش بەراستی بەنیسبەت خاڵی (د,ه)وە, ئەمە ئەركی سەرۆكە, سەرۆك دەبێ بودجە دیاری بكا, سەرۆك دەبێ رەزامەندی لەسەر صرف كردنی پارە بكا, زۆرسوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامیدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی كاك عمر دەكەم, لەبەر ئەوەی لەماددەی 12دا فەقەرەی دوو دەڵێ (صرف المبالغ اللازمة لشؤون الإتحاد بعد موافقة المجلس عليها) خۆی لەوێ هاتیە, بۆیە ناكرێ لەماددەی پێشووش بێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی ئێستا ئەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی لێرە تەحدید صلاحیەتی صرف ئەگەر سەحبی ناكەن دەیخەمە دەنگدان, ئاخر تەوزیحتان دایە, بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی وەكو مەبدەئی ئێمە لەگەڵ ئەوەی داین مەسائیلی مالی هەتا لە مەسائیلەكانی تردا, بریار هەردەم بەكۆمەڵ بێت, تاك لەهیچ شوێنێك, لەهیچ رێكخراوێك تاك بەتەنیا بڕیار لەسەر مەسەلەكان نەداتن, من بەپێی حوكمی ئەوەی كە ماوەیەكی زۆر لە سەندیكای پارێزەراندا لە ئەنجومەنی سەندیكادا ئیشم كردووە, بەراستی ئێمە لەسەر صەرف كردنی پارە, بە ئەنجومەن بڕیار دەدرا, بەلاَم دەسەلاَتیش لەناو ئەنجومەن درابووە نەقیبی پارێزەران, هەتا بەبڕێك لەو پارەیە بتوانێ كاروباری رۆژانەی سەندیكا بەڕێوە بباتن, خۆی دەتوانێ صەرف بكاتن, دووەمین مەسەلەی كە سەرۆك لەسەر چەكەكان و لەسەر مەسەلەكان توقیع دەكاتن, ئەوە مەسەلەیەكە لەنیزامی داخلی رێك دەخرێت, بۆیە پێویستە ئەو بڕگەیە بمێنێتەوە, چونكە زۆر گرنگە, خۆشیان هەتا حاكمەكانیش داوای ئەوەیان كردووە, زۆرسوپاس.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیەكم هەیە,یەعنی مەسەلەكە هەندەی هەڵنەدەگرت, ئەوان موقتەرەحێكیان هەیە جەنابیشت موقتەرەحێك, یەكێك تەئیدی قسەی تۆ دەكا, یەكێكیش تەئیدی قسەی ئەوان دەكا, بیخە دەنگەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من موقتەرەحێكی ناوەند دەڵێم لەجیاتی تەحدید صلاحیەتی صرف, (تخويل الرئيس حدود صلاحية الصرف), یەعنی مجلسەكە تەحدیدی ئەو حدودە بكاتن, باشە, (تخويل الرئيس حدود صلاحيات الصرف), چونكە ئەوە دوو مانگ جارێك كۆدەبێتەوە, هەموو جارێ راوەستی تاوەكو كۆدەبێتەوە صلاحیەتەكەی بدرێتی, بیخوێنەوە تاوەكو تصویتی لەسەر بكەین, راست دەكەی وامزانی ئیشارەتم پێداوە, فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی قسەیەکت کرد کاتی خۆی, حەزم دەکرد لەسەری بوەستاباین, ئەمیش هەر لەبابی ئەوەیە, کەباسی ئەوەی کرا, سەرۆك لە کۆنگرە هەڵئەبژێری, بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە رەهایەی نەبێ, دوایی حیساب بۆ ئەندامانی دەستەی بالاّ نەکات, قەزیەی مالی ئێمە, ئەبێ چاك بزانین گرفتەکانی هەموو دنیا گەندەڵیەکانی لەبواری مالیایە, لەبەر ئەوە دەسەلاّتی رەها بە هەر سەرۆکی مالی بدرێ, جێگەی پرسیارە و پرسیار ئەوروژێنێ, لەبەر ئەوە باشتر وایە بلێین سنووری دیاری بکرێ بۆ سەرۆك, مەسەلەن لە سنووری دوو سەد هەزارا بتوانێ, نەك بە موتلەقی و بەو رەهایە, نەزانین چی صەرف ئەکرێ و چ صەرف ناکرێ, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا تۆ ئینتیباهت نەکرد بەقسەکانی ئێمە, هەر چاوەڕانت کرد رەئیی خۆت بلێی, ئەگینا هەمان قسەمان وت, لە ئاخیر جوملە ووتت ئیقتراحەکەمان ئەوەبوو سنووری بۆ دابنرێ, دەبوایە بتگوتبا قسەکەی من کرا, سوپاس, بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

1-يتولى المجلس الاختصاصات التالية:-

ا-تشكيل اللجان و تسمية رؤسائها.

ب-إقرار الميزانية السنوية.

ج-أصدار القرارات الإنضباطية و ترقين قيد الاعضاء.

د-تعيين العاملين في الاتحاد و تحديد رواتبهم و إنهاء خدماتهم.

هـ-تخويل الرئيس على حدود صلاحيات الصرف.

و-الإشراف على أعمال فروع المحافظات.

ز-المحافظة على ممتلكات و أموال الاتحاد و أستثمارها و تطويرها.

2-يجوز الطعن في القرارات الإنضباطية الصادرة من المجلس لدى محكمة تميز الاقليم خلال مدة ثلاثين يوما من اليوم التالي للتبليغ و يكون قرارها باتا.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لێژنەی یاسایی:

ماددەی یازدەم:

1-ئەنجومەن ئەم تایبەتکارانەی خوارەوە دەگرێتە دەست:-

أ-پێکهێنانی لێژنەکان و ناوزەد کردنی سەرۆکەکان.

ب-پەسند کردنی بودجەی ساڵانە.

ج-دەرچوواندنی بڕیارە زەپتیەکان و سڕینەوەی ناوی ئەندامان.

د-دامەزراندنی کارمەندان لە یەکێتی داو دیاری کردنی مووچەو کۆتایی هێنانی ڕاژەیان.

هـ- دەسەڵادان بەسەرۆك بۆ صەرف کردنی گوژمەی پارە.

و-سەر پەرشتی کردن لەسەر کارەکانی لقی پارێزگاکان.

ز-پارێزگاری لە موڵك و ماڵی یەکێتی و وەبەرهێنانی و پەرەپێدانی.

2-دەکرێ لەماوەی سێ ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دوای پێ ڕاگەیاندنەوە دەست پێ دەکات لە دادگای پێداچوونەوەدا تانە لە بڕیارە زەبتیەکانی ئەنجومەن بدرێت, بڕیارەکەشی بنبڕە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز کاتەوە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا, زمانەوانیەکە دوایی چاکی کەن, عەربیەکە ئەساسە, کوردیەکە چاك دەکرێتەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڵێ تخویل الرئیس, ئەو وتی حدود صلاحیات الصرف, خۆی ئەبێ بڵێی تخویل الرئیس وتحدید صلاحیات الصرف, چونکە ئێمە ناڵێین تخویل الرئیس و حدود صلاحیات الصرف ئەو حدودی خۆی بۆ خۆی دادەنێت, ئەوسا یەعنی ئەو تەفسیرەکەیە ئەبێ بڵێ تخویل الرئیس وتحدید صلاحیات الصرف, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حدودەکە هەردووکی دەگرێتەوە, هەم تحدیدی تێدایە هەم دەسەلاتەکەشی تێدایە, بڕۆ سەر ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: يتولى رئيس المجلس مايلي:

1-تمثيل الجمعية أمام المحاكم و الدوائر الرسمية والجهات الاخرى.

2-الموافقة على صرف مبلغ لايتجاوز مليون دينار لكل حالة تتعلق بشؤون الجمعية.

3-تخويل بعض صلاحياته لنائبه.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رای لێژنە یاسایی:**

**سەرۆکی ئەنجومەن ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:-**

**1-نوێنەرایەتی کردنی یەکێتی لە بەردەم دادگاکان و فەرمانگە فەرمیەکان و لایەنەکانی دیکەدا.**

**2-خەرج کردنی پارەی پێویست بۆ کاروباری یەکێتی دوای ڕەزامەندی ئەنجومەن.**

**3-سپاردنی هەندێك لە دەسترۆیییەکانی بە جێگرەکەی.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عەونی فەرقەکەی پیشان بدە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لێژنەی قانونی بەس فەقەرەی دووەم دەستکاری لەگەڵ کردووە, ملیونەکەی لابردیە بەو صیغەی کە ئیقتیراحی لێژنەی قانونی خوێندرایەوە, صرف المبالغ اللازمة لشؤون الاتحاد بعد موافقة المجلس علیها.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو رەئیەی لێژنەی قانونی راستە, ئەگەر قسەتان لەسەر نیە, ماددەکە تەبیعیە, قسەتان لەسەر هەیە بابنوسم, کاك ئاریێز, کاك د0ناصح, کاك دیلمان, کێی تر قسەی هەیە؟ باشە کاك ئاریێز فەرموو.**

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەماددەی یازدە سنووری دەسەڵاتی خەرجی سەرۆکمان دیاری کرد, لێرە دووبارە کردنەوەی بەپێویست نازانم, زۆرسوپاس.**

**بەڕێز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**منیش هەر هەمان رەئیم هەیە, کە ئەڵێ (صرف المبالغ اللازمة لشؤون الاتحاد بعد موافقة المجلس علیها) لێرە زیادە, یان ئەگەر ئەشیانەوێ تەئکیدی لەسەر بکەن, بڵێن (صرف المبالغ اللازمة لشؤون الاتحاد حسب الفقرة ه من المادة الحادیة عشرة), زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەمن هەمان رەئیم هەیە, کە بڵێین بدل بعد موافقة المجلس علیها بڵێین وفقا لصلاحیات مخولة له, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانن چیە من تکایەکم هەیە، کە ناو دەنووسم، ناوەکانم خوێندەوە، دوایی لەکاتی موناقەشەدا داوای قسەکردن بەڕاستی لێم تێك دەدات، ئەوا کاك فرستیش دەڵێ خلافی نیزامە، یەك، کاتی زیاد دەکوژێ، دوایش شتێکی ئەوها نییە، لەحەقیقەتدا، ئەو ملاحەزەیەش من لەجیاتی لێژنەی قانونی وەڵامت دەدەمەوە، لەوێ تەخویلی رەئیسە، تەخویلی صەرفە، بەڵام لێرە دەسەڵات دانە، دەسەڵاتەکەی خۆی چیە؟ دەڵێ مەسئوولیەتەکەی چیە؟ ئەو لێرە تەخویلی داوە، لێرە مەسئوولیەتەکەی ئەوەیە کە صەرفی ئەو مەبالغانە بکات کە هین دەکات، دوو شتی جیاوازن، دوایی مەجلیس چ ئیشی دەکاتن، بێ ئەوەی بینووسێت، دەتوانێ بڵێ دەزانرێت، بۆیە تەحدیدی مەسئوولیەتی رئیس المجلس ئەوەیە یەك، دوو، سێ، چوار، بەتەئکید یەکێکیان لە فەقەرەی یەك لە ماددەی یەکەم هاتووە، ئەوەی تریان لەماددەی دووەم هاتووە، بەڵام لێرە تەحدید کرایە، پێم وایە ملاحەزەکان بەم شێوەیە بوون، کە تەقویەی موقتەرەحەکەی لێژنەی قانونی دەکات، بیخوێنەوە دەیخمە دەنگدان، تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: يتولى رئيس المجلس مايلي:

1- تمثيل الاتحاد امام المحاكم و الدوائر الرسمية والجهات الاخرى.

2- صرف المبالغ اللازمة لشؤون الاتحاد بعد موافقة المجلس عليها.

3- تخويل نائبه بعضا من صلاحياته.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە رای لێژنەی یاساییە بەزمانی کوردی:

رای لێژنەی یاسایی: سەرۆکی ئەنجومەن ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1- نوێنەرایەتی کردنی یەکێتی لەبەردەم دادگاکان و فەرمانگە فەرمیەکان و لایەنەکانی دیکەدا.

2- خەرج کردنی پارەی پێویست بۆ کاروباری یەکێتی دوای رەزامەندی ئەنجومەن.

3- سپاردنی هەندێك لە دەسترۆیێیەکانی بەجێگرەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ باشە، بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا. برۆ سەر ماددەی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثا/ فروع المحافظات

المادة الثالثة عشرة:

1-يتألف الفرع من رئيس و عضوين أصليين و عضو إحتياط يجري إنتخابهم من قبل أعضاء الفرع.

2-يسعى الفرع لتحقيق أهداف الجمعية ضمن النظام الداخلى و تعليمات و توجيهات الهيئة العامة و المجلس و يقدم تقريرا سنويا الى المجلس عن أعماله.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لقەكانی پارێزگاكان

ماددەی سێزدەم:

1- لق لە سەرۆك و دوو ئەندامی سەرەكی و ئەندامێكی یەدەك پێك دێ و لە لایەن ئەندامانی لقەوە هەڵدەبژێردرێن.

2- لق تێ دەكۆشێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی یەكێتی كە لەم یاسایەدا نووسراوەو ڕاپۆرتێكی ساڵانەش لە كارەكانی پێشكەش بە ئەنجومەن دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە, كاك ئارێز, كاك عمر, كاك پیر خضر, كەسی تر, فەرمووو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەڵێ سەرۆك و دوو ئەندام و ئەندامێكی یەدەك, هەڵدەبژێردرێن لەلایەن ئەندامانی لقەوە, پێویستە بگوترێت ئەندامانی پارێزگاكە, لەسەر ئاستی پارێزگایە نەك فەرع, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەرائیی من ئەو قانونە لەو وردەكاریە گەورەترە, پێویستە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێ بچێتە ناوە نیزامە داخیلیەكە, باسی لێوە بكرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرووتی دەڵێت (الفرع) باشترە بڵێتن (المجلس فرع), چونكە فەرع چیە؟ (المجلس الفرع یتكون), زۆر سوپاس.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرەدا ئەگەر بەوردی سەیری بكەین, دەبێ بڕگەیەك پێش ئەوەی هەبێ بڵێین لەپارێزگاكانی هەرێمی كوردستاندا لقێك بۆ یەكێتی دەكرێتەوە, دوایی بڵێین لێژنەی لقەكان, نەك لق راستە, ئەوە لەگەڵ تێبینەیەكەی پیر خدر دا, لێژنەی لقەكان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕاستی منیش ئەم تێبینیەم پێ هینە، پێشتر دەبێ مافی تشکیلەکەی بدەی، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بابەکە دەڵێ (فروعی المحافظات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ناء ئەوە ناڵێم، بەڵام دەبێ فەقەرەی یەکی ئەو ماددەیە، (یجوز للهیئة العامة تشکیل الفروع فی المحافظات) ئینجا فەقەرەی دوو و سێ، کوا لە کوێ هەیە؟ لەماددەی یەکەم هەیە، باشە تەواوە، کاك کریم ئیقتراحی تازەت هەیە؟ یەعنی، باشە موقتەرەحەکەت بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ثالثا/ فروع المحافظات

المادة الثالثة عشرة:

1-یتألف الفرع من رئیس و عضوین أصلیین و عضو إحتیاط یجري إنتخابهم من قبل أعضاء الفرع.

کاك کریم وای پێ باشە مەجلیسێك ئیزافە بکرێ لەسەر ئەو موقەدیمەی ماددەکە، للجنە الفرع، یتألف لجنة الفرع من الرئیس وعضوین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلا فەرعەکە هەر لێژنەکە دەگرێتەوە، فەرعە خۆ، ئەندامی فەرعە و بڕایەوە، فەرموو نوقتەی نیزامە.

**بەڕێز د0 ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەرع هەموو ئەندامانی ئەو ئیتحادە دەگرێتەوە لەو پارێزگایە، هەموو ئەندامەکانی دەگرێتەوە، کەوتت فەرع هەموویان دەگرێتەوە، بەڵام لێرە ئەبێ بوترێت یتألف لجنە الفرع، نەك مجلس الفرع، لجنە جیایە لە مەجلیس، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر واش بوو، بەڵام بیکە تتألف نەك یتألف، باشە ئەوە بۆ ئەوەی مەنتیقەکەی لەوە دایە لێژنەکە ئەگەر بڵێین، لەشوێنکی تردا کە دەڵێ الانتخاب من قبل أعضاء الفرع یەعنی ئەگەر لێژنەکەی نەڵێی هەر سێ کەسەکە دەمێنێنەوە، باشە ئەگەر پێتان باش بێ ئیزافە بکرێ، بیخوێنەوە با بیخەمە دەنگدان، تکایە، خۆتان تەعدیلتان کردووە لێژنەی قانونی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ثالثا/ فروع المحافظات**

**المادة الثالثة عشرة:**

**1-تتألف لجنة الفرع من الرئيس و عضوين أصليين و عضو إحتياط يجري إنتخابهم من قبل أعضاء الفرع.**

**2-يسعى الفرع لتحقيق أهداف الإتحاد المنصوص عليها في هذا القانون و يقدم تقريرا سنويا الى المجلس عن أعماله.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوەی دووەمیش دەبێ ببێتە تسعى, چونكە لە لیجنەكە دەنووسرێ, تائەكەی زیاد بكە. بیخوێنەوە بۆ ئەوەی تەصویتی بكەین**

**بەڕێز پەخشان عبدالله زنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**كە بڵێین تسعى اللجنە یەعنی ئیشی فەرعەكە هیچ نییە بەس سێ كەسەكە ئیش دەكەن, بەڵام خۆی فەرعەكە هەمووی ئیشی هەیە, ئەو سێ كەسە نوێنەری ئەو فەرعەن, لەبەر ئەوە فەرعەكە ئەساسە یان لقەكە, زۆرسوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**خۆی لێرە لێژنەكەش تەمسیلی فەرعەكە دەكا, بەڵام دەكرێ لەبەر رۆشنایی رەئیەكەی پەخشان خان بە رەئیی من وای لێبكرێ, -يسعى الفرع لتحقيق أهداف الإتحاد المنصوص عليها في هذا القانون وتقوم لجنة الفرع بتقديم تقرير سنويا الى المجلس عن أعماله.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لە ئیختصاصاتی مەجلیس دەڵێین: يتولى المجلس كە مەجلیسێكی ئیتیحادە الاختصاصات التاليە یەك, دوو, سێ, چوار, هەمووی ئەوەیە كە خزمەتی ئەندامانی ئەم ئیتحادە دەكات, ئەمە یەك, لێرە دەبێ لەگەڵی مونسجم بێ ئەو نصەی كە ئێمە لێرە دایدەنێین بەراستی, یەعنی مەسەلەكە لیجنەی فەرعە نەك فەرع, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**یەعنی ئێستا ئەو صیغەی من دەڵێم هەردووكی دەگرێتەوە, (يسعى الفرع لتحقيق أهداف الإتحاد المنصوص عليها في هذا القانون وتقدم لجنة الفرع تقريرا سنويا الى المجلس عن أعمال الفرع). بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ثالثا/ فروع المحافظات**

**المادة الثالثة عشرة:**

1-تتألف لجنة الفرع من الرئيس و عضوين أصليين و عضو إحتياط يجري إنتخابهم من قبل أعضاء الفرع.

2-يسعى الفرع لتحقيق أهداف الإتحاد المنصوص عليها في هذا القانون وتقدم لجنة الفرع تقريرا سنويا الى المجلس عن أعمال الفرع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵی دانیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ بە زۆرینە وەرگیرا, بڕوا سەر ماددەی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الخامس**

**مالية الاتحاد**

**المادة الرابعة عشرة:**

**تتكون مالية الاتحاد من:-**

1-بدلات الإنتماء و اشتراك الاعضاء.

2-المنح المخصصة من قبل الجهات الرسمية.

3-المنح و المساعدات الخارجية بعد موافقة حكومة الأقليم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەندی چوارەم**

**دارایی یەکێتی**

**ماددەی چوارەم: دارایی یەکێتی پێك دێت لە:-**

1-ئابوونەی ئەندامیەتی و هاوبەشیەکانی سالآنە.

2-بەخششی تەرخان کراو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە.

3-بەخشش و کۆمەکە ناوخۆی و دەرەکیەکانی پێشکەش بەیەکێتی دەکرێن دوای ڕەزامەندی حکومەتی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بەتەنها گۆرانکاری لەناوەکە کرایە، جەمعیە کراوەتە کۆمەڵ بەڵام من خۆم ملاحەزەیەکم هەیە خۆم، لەسەر سێیەم، منحی مساعداتی داخلی پێویست بە موافەقەتی حکومەت بۆ دەکا، خارجی بڵێین بەس، مینەحی داخلی راوەستێ لەسەر ئەوەی موافەقتی حکومەت بکا، هیچ موجیب نیە ئەوە، ئێمە بۆ حزبەکانیش وامان نووسیوە، موساعەداتی خارجی بەس مەرجە بەوەی کە مەجلیس موافەقە دەرکا، ئەگەرنا هەر جەمعییەکی خێریەش موساعەدەیان بکا، دەبی ڕاوەستن هەتا مجلس وزراء موافەقەتیان بۆ بکا، یەعنی ببێتە چوار فەقەرە، فەقەرەی سێیەم (المنح و المساعدات الداخلية) فەقەرەی چوارەمیش ببێـە (المنح و المساعدات الخارجية المقدمة الى الاتحاد بعد موافقة حكومة الاقليم)، یەعنی فەقەرەی سێیەم بەتەنها بۆ مساعەداتی داخلی بێ کە مەشروت نیە بە موافەقەت، فەقەرەی چوارەم (المنح و المساعدات الخارجية المقدمة الى الاتحاد بعد موافقة حكومة الاقليم)، بەڵێ.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی یاسای جمعیات شەرەتی تێدایە بۆ منح وهبە و شتی وا، لەبەرئەوە پێم وایە هەتا بۆ موساعداتی خارجیش قانون هەیە بۆ ئەمە، یەعنی پێویست ناکا هەر موساعەدەیەکی خارجی موافەقەتی حکومەت وەربگیرێ، بەپێی قانونی جەمعیات و قانونی 55 و شتێك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تیکرار و تەئەکید باشە، تەئکید باشە، مادەم لە قانون دا هەیە، تەئکید بکەی زەرەری نیە، ئەگەر نەبێتن ئەوکاتەی هین دەکات، بەڵام لەدوو شوێن نەبێتن لە چوار شوێن نەبێتن، زەرەری نییە، دەی بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان، بەڵێ.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام لەڕووی زمانەوانیەوە لە برگە یەکی ئەو بەشە، بەشی پێنجەمە ئەوم هەیە، لەڕووی صیغەکەی وابزانم ئەڵێ ئابوونەی هاتنە ڕیزی هاوبەشیساڵانەی ئەندامان. بە بۆچوونی من هاتنە ڕیزی ناوێ هەر ئابوونەی هاوبەشی ساڵانەی ئەندامان، هاتنە ڕیزی خۆیان کۆناکەنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دوو شتی جیاوازە، هاتنە ناو شتێکە، ساڵانەش شتێکی ترە، یەعنی زۆرجاریش جیاوازی دەبێتن، کاك جمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەم مەوزوعە زۆر موهیمە تەحدیدی مەبلەغ بکرێتن, بۆ ئەوەی نەتوانرێ تەئسیر بکاتە سەر شەخصیەتیان, مەسەلەن ئەحزاب مەبالغی گەورەیان نەدەنێ, لەسیستەما ئەبێ تەحدید بکرێ, مەسەلەن چەند ئەتوانن بدەن, ئەو نوقتەیە زۆر گرنگە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ خاڵی دووەمدا نیم, کە دەڵێ المنح المخصصة من قبل حکومة الاقلیم, من پێم وایە حکومەتی ئیقلیم مەفروز نییە, مخصەصات بدات بەو, ئێمە دەوڵەتمان نییە, نەء دەوڵەت ئەیداتێ, چونکە ئەگەر تۆ بەستەوە بە حکومەت, حکومەت پارەی بداتێ, ئەو دەزگایەکی سەربەخۆیە, مەفروز نییە, حکومەت پارە بدا بەدەزگایەکی قەزایی, کە بڵێین یەکێتی دادپەروەران, ئەمە دەوڵەت دەیداتێ, نازانم جا ئەبێ شتێك بۆ ئەمە بدۆزینەوە, دەوڵەت ئەبێ مخەصەصات بەو بدات, نەك حکومەت, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش تەمسیلی حکومەت دەکەین, کە دەڵێی حکومەت واتا دەوڵەت, ئەوە لەقانونی ئەحزاب هاتووە, لەهەموو سەندیکاکان هاتووە, هیچ موشکیلە نیە, کەسی تر ماوە قسە بکا, کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر هەمان قسەکەی کاك بکر ئەکەم, بەلاٌم ئێمە مبدەئێکمان هەیە, باسمان لە ئیستقلالیەتی قەزا کردووە, باسیش لە قانونی دەسەلاٌتی قەزائیە, دادوەرەکان میزانیکی تایبەتیان بۆ دیاری کراوە, ئێمە ئەگەر بڵێین ئەم کۆمەڵەی دادوەرانە کە هەموویان هەر حاکمەکانن پارە لەحکومەت وەرئەگرن حکومەت ئەکاتە دەسەلاٌتێکی تەنفیزی لێرە, کەواتە مەبدەئی ئیستقلالیەتی قەزا نامێنێ, بەتەحصیل حاصل دەسەلاٌتی قەزائیی دەکەوێتە ژێر هەیمەنەی دەسەلاٌتی تەنفیزی, ئەگەر ئەمە شتێکی لێبکرێ وەکو قانونی دەسەلاٌتی قەزائیی, هەروەك ئێستا هەیە, میزانییەکی تایبەتی بۆ داناوە, چونکە فەصلْ سلطات هەیە, پێم وایە باشتر بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونەکەی کاك بکرم, راستە, هەموو جەمعیات نەك بەس جەمعیەیی حوکام, جەمعیەکان ئەگەر بتوانن خۆیان بژێنن بە موستەقلی ئەوا شتێکی باشە و ئەوەش رێی راستە لەهەموو دنیادا, بەلاٌم من تەئکیدم کە مینحەی حکومی نەدرێتە جەمعیەکان و, حکومەت پاڵپشتی ئەو جەمعیانە نەبێ ئەوا بە دوو رۆژ جەمعیەکە پشتاوپشت دەکەوێتە عاردی, ئەوا واقعێکە کە ئێمە تیایدا دەژین, وەمن بە حوکمی ئەوەی کە ئیشم کردیە لەجەمعیەکەی دەزانم, بۆیە بۆ ئەو مەرحەلەیە مینەح بۆ هەموو جەمعیەتێك واردە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم هەردووکیان تەحقیق ئەبێ, چونکە میزانیە لەپەرلەمانا ئیقرار ئەکرێ, ئەو میزانیەیە بەشێکە, مەسەلەن بەشی حزبەکانە, بەشی جەمعیەکانە, کەوابوو هەر ئەوە دروست ئەبێ, ئێمە دەوڵەت نین, بەلاّم کە پەرلەمان دیاری ئەکا وەکو بوونی دەوڵەت وایە, راست ئەکا حکومەت تەقدیمی میزانیە ئەکا, بەلاّم ئیقرارەکە لە پەرلەمانا ئەبێ, بەشیان ئەکا, جیایان ئەکاتەوە, مەسەلەن حصەی پەرلەمان جیایە, حصەی حزبەکان جیایە, حصەی جەمعیەکان جیایە, کەواتە وای لێدێت کە ئیشکە هی دەوڵەتە نەك هی حکومەت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەیڵێم رەئیی خۆمە نەك رای لێژنەی یاسایی, پێم باشە لە جیاتی حکومەت, لەلایەن میزانیەیەی هەرێمەوە, لەلایەن بودجەی هەرێمەوە, بەڵێ دروستە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناء زۆر دروستە شتەکە, زۆر دروستە, کاکە بودجە حکومەت دەیدا, پەرلەمان مصادەقەی لەسەر ئەکا, پەرلەمان و حکومەت مەعلومە ئێمە دەوڵەتمان نییە, لەبەر ئەوە دەنا حکومەتی هەرێم کە وتت حوکمەتی هەرێم داخلی بودجە ئەبێ ببێت, یەعنی پەرلەمانیش تەرفە لێی و مصادەقەی لەسەر کردووە, موناقەشەی کردووە و بڕایەوە, بیخوێنەوە بەو صیغەیەی کە باسمان کرد و, فەقەرەی دووەم بکەنە سێ فەقەرە, بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الرابع**

**مالية الإتحاد**

المادة الرابعة عشرة: تتكون مالية الاتحاد من:

1-بدلات الإنتماء و الإشتراكات السنوية.

2-المنح المخصصة من قبل حكومة الأقليم.

3-المنح و المساعدات الداخلية.

4-المنح و المساعدات الخارجية بعد موافقة حكومة الأقليم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەندی چوارەم**

**دارایی یەکێتی**

ماددەی چواردەم: دارایی یەکێتی پێك دێت لە:-

1-ئابوونەی ئەندامیەتی و هاوبەشیەکانی ساڵانە.

2-بەخششی تەرخان کراو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە.

3-بەخشش و کۆمەکە ناوخۆیەکان.

4-بەخشش و کۆمەکە دەرەکیەکان دوای ڕەزامەندی حکومەتی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵی دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا, بڕۆ سەر ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة: تقوم الجمعية بمسك السجلات اللازمة و تخضع حسابتها للرقابة المالية.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لێژنەی یاسایی بەزمانی کوردی:

ماددەی پازدەم: یەکێتی بەڕێوەبردنی داراییەکەی لە ڕێگای بودجەی ساڵانە بە دەستەوە دەگرێ کە بەپێی سیستەمی ژمێریاری پشت بەستراو لەلایەن فەرمانگە فەرمیەکانەوە ڕێك دەخرێ و جێ بە جێ دەکرێ و ژمێریاریەکەشی دەکەوێتە ژێر وردبونەوەی چاودێری داراییەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوە ماددەیەکی بەدیهیە, بەس ئیتحادەکە چۆتە جێگایی جمعیە و صیغەکەشی گۆڕایە, ئەو صیغەیە باشترە, ئەگەر موناقەشەتان لەسەر نیە دەیخەمە دەنگدانەوە, باشە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵی دانیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ. بڕۆ فەقەرەی ئەحکامی ختامی تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة: للهيئة العامة للجمعية ان تقرر حل الجمعية حلا اختياريا بعد موافقة ثلثي اعضائها.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لێژنەی یاسایی لەسەر ماددەی شازدەم:

**بەندی پێنجەم**

**حکومە گواستراوەکان**

**ماددەی شازدەم: دەستەی گشتی یەکێتی بۆی هەیە خۆ حەزانەیە ڕەزامەندی دوو لەسەرسێ ی ئەندامانی یەکێتی هەڵوەشێنێتەوە ئەوسا کە موڵك و ماڵەکەی دەدرێت بە ئەنجومەنی داراییەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڵێ کاك ڕەشاد نوقتەی نیزام.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەك فەرامۆش کرایە، ئیشارەتی پێنەدرایە پێشی ئەحکامی خیتامی، دەبایە بڵێ تطبق أحكام قانون العمل و الضمان الاجتماعی بحق العاملين في الاتحاد وفروعها، دوو قانون هەیە یان قانون عمل و ضمان الاجتماعی یان قانون خدمەی مدنی، لێرە باس نەکرایە. حقوقی ئەوانەی ئیش دەکەن لێرە دیار نییە، ضائیعة، دەبێ تەسبیت بکرێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك فەرسەت دەڵێ ئەوە لەقانونی عەملدا هاتووە، الضمان الاجتماعی پێویست ناکا لێرە باسی بکەین، منیش مەمنونتم ئەوە فێربووم.**

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی قانونیم، بەڵام پاش هەڵوەشانەوەی ئەو یەکێتیە کە لە پێشنیارەکە هاتیە، مومتەلەکاتی بۆ ئەنجومەنی دادوەری دەڕوا و، مجلس القضاء جیهەتێکی رەسمیە، تابعە بە حکومەت، ئەما جمعیەیەکە یان نەقابەکە عادەتەن کە نیقابات یاخود جەمعیات هەڵدەوەشێ، بۆ جیهەتێکی سەربەخۆ دەڕوا مومتەلەکاتی، من پێشنیار دەکەم مومتەلەکاتی ئەگەر هەڵوەشا بۆ یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان بچێ، چونکە نزیکترین یەکێتیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پاش حەل بوون دەگەڕێتەوە مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی کە نیزك بێ لە خۆی، مەسەلەن عادەتەن ئەنووسن، بۆ جیهات خیریە یان منضمات خیریە شتێکی وەها المماثلة لها، یەعنی کە نیزیك بێ لێی ئیتر بەبێ ناو هێنان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کەواتە ئەگەر لیژنەی قانونی پێی باشە تەعدیلی بکا، لەجیاتی (مجلس القضاء بیکاتە الجمعیات و النقابات المماثلة).**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بزەبت بۆ ئەو توجیهەیە هەر لەبۆ ئەو جەمعیەیە کە نیزیکە لە جەمعیەکە, بە ئیعتباری ئەوەی کە زیمنی کۆمەڵایەتی مەدەنیە, بەڵام هەقی وایە, بە موافەقەتی مەجلیس ئیتیحادەکە بێ, یەعنی ئەو تحدیدی بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تؤول امواله و ممتلكاته عندئذ الى جمعية مماثلة لها, کە وتت جمعیە بەپێی قانونی جەمعیە هەمووان دەگرێتەوە, منظمە نیقابە دەگرێتەوە, جەمعیە هەمووی دەگرێتەوە, بۆیە لێرە دایبنێین, نوقتەی نیزامە, پرسیارە, ئێمە ئەگەر زمانەوانیە موشکلیەی هەبێ, عەرەبیەکەی ئەساسە, بیخوێنەوە, بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة: للهيئة العامة للإتحاد ان تقرر حل الاتحاد حلا اختياريا بعد موافقة ثلثي اعضائها و تؤول امواله و ممتلكاته عندئذ الى احد الجمعيات المماثلة له.

**بەڕێز گلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت قانونی جەمعیات من کە یەکێك بووم لە ڕێکخراوەکان, کاتێك کە ئیجازەی ڕێکخراوێك دەردەهێنی, قانونیەن فەرز دەکرێ لەسەرمان جیهەتەکە تەحدید بکرێ لەکاتی حەلی ڕێکخراوەکە یەعنی بیزەبت جیهەتەکە دیاری کراو بێت, نەك بڵێین جیهە غیر معروفە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی وتمان دروستە و باسمان کرد پێشتر, لێژنەی قانونیش وای پێ باشە کە تحدید نەکرێ, بەو صیغەی کە خوێندیەوە, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵی دا نیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا. بڕۆ بۆ فەقەرەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة:

اولا: يجوز حل الجمعية بقرار من محكمة البداءة محل جمعية بعد اكتسابه درجة البتات بناء على طلب يقدم من قبل رئيس مجلس القضاء في الحالات التالية:-

1-اذا مضى على تأسيس الجمعية سنة واحدة ولم يباشر اعماله المنصوص عليها في نظامه الداخلي أو أنقطع عن ممارسة اعمالة المذكورة بدون اسباب تبرر ذلك.

2-اذا خالف في نشاطه الاهداف المنصوص عليها في المادة الرابعة من هذا القانون.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لێژنەی یاسایی لەسەر ماددەی حەڤدەم:

ماددەی حەڤدەم:

یەكەم: سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە داوا لە دادگای بەرایی جێگای بارەگای سەرەكی یەكێتی بكات بە هەڵوەشانەوەی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

1-ئەگەر ساڵێك بەسەر دامەزراندنی یەكێتیەوە تێپەڕی و, دەستی بەكارەكانی نەكرد, كە لە پەیڕەوەی ناوخۆیدا نووسراوە, یان لە پیادەكردنی كارەكانی دا پچرا لەو ماوەیەی كە ئاماژەی بۆ كراوە بەبێ هۆیەكی پاساودار.

2-ئەگەر لە چالا كیەكانیدا سەرپێچی لەو ئامانجانە كرد كە لەماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا نووسراوە.

دووەم: بڕیاری دادگای بەرایی بۆ تانوت شیاوە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێم دا لە ماوەی سی ڕۆژ لە ڕۆژی دەرچوونیەوەو ئەو بڕیارەی دادگای پێداچوونەوەش كە لە ئاكامی تانوتەوەیە بنبڕە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

گۆرانكاریەكان زیاد كردنی بڕگەی دووەمە:

ثانيا: يكون قرار محكمة البداءة قابلا للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة ثلاثين يوما من تاريخ صدوره ويكون قرار محكمة التمييز اثر الطعن باتا. ئەوە لە ئەصڵی پڕۆژەكەی نەبوو, لێژنەی قانونی زیادی كرد و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێكە لەهەموو جمعیەكاندا ئەو فەقەراتانە هاتووە, ئەگەر مناقەشەتان نیە دەیخمە دەنگدانەوە, ئەگەر خوێندینانەوە موفتەرەحەكە كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكا؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بەكۆی دەنگ وەرگیرا, بڕۆ سەر ماددەكەی تر.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة عشرة: لا يعمل بأى نص يتعارض مع هذا القانون.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەژدەم: دەستەی گشتی بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەرچووێنێ بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو صیغەیەی کە کاك کریم خوێندیەوە, ئەوە رایی لێژنەی قانونیە, زیادمان کردیە (للهئة العامة إصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون),

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی بەجێی دا کاك فرست دەڵێ بەپێی هین ئەو دەسەلاَتەیەی دایتە مەجلس, مەجلس تەعلیمات دەردەهێنی نەك هەیئە عامە, (للمجلس إصدار التعلیمات).

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وابزانم ئەمە زیادەیە, ئەگەر وەزارەت بێ ئەگەر قەراراتی تر هەیە مشابهە بەو دەرئەکرێت, ئەوە جمعیە وانزانم ئەوەی پێویست بێ هەر پێویست نیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا منیش پێم زیادەیە ئەگەر ئیقتراحەکەتان سەحب کەن باشترە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم ئەگەر یاسا دانرا بۆ ئەنجومەنێك بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە نابێ ڕێنمایی دەربکرێ, کێ ئەو ڕێنماییە دەرئەکا؟ ئێمە پێمان وایە لە کۆنگرە دەستەی گشتی دەری ئەکا, ئەگەر رایەکی تریش هەیە با بفەرمووی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەر حزب موئتەمەر دەگریتن موئتەمەر تەعلیمات دەر ناکا, موئتمر قەرارات دەرئەکا, لێژنەی مەرکەزی لەبەر ڕۆشنایی قەراراتی موئتەمەر تەعلیمات دەرئەکا, شەش مانگی تر تەعلیماتەکە, ساڵێکی تر دەگۆڕێت لەبەرئەوەی کاری لێژنەی مەرکەزیە نەك کاری هیئە لێرەشدا کاری مەجلیسە نە کاری هیئە, جا ئەگەر موافقن ببێتە کاری مەجلیس باشە, ئەگینا موقتەرحەکەی کاك محمد دەخمە هینەوە کە هەر زیادە, حزبایەتی ئەو فازانجەی هەیە, ئێستا لەگەڵ نەصی ماددەی هەژدە (للمجلس اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ هذا القانون), کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکاتەوە؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ بەکۆی دەنگ ماددەی نۆزدەم وەرگیرا, موقتەرەحی یاسایشی ئەمە دەڵێ:

(المادة التاسعة عشرة: لایعمل بأی نص قانونی او قرار یتعارض مع احکام هذا القانون).

یەعنی كاری پێ ناكرێ, ئەوەش مەرج و بەدیهیە لەهەموو قانونێك داهاتووە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵی دانیە؟ بەكۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی بیستەم. دەكاتە نۆزدە لەوێ.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة العشرون: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆزدە لەپرۆژەی ئەصڵی بوویتە ماددەی بیستەم

ماددەی بیستەم: لەسەر وەزیرانی تایبەتكارە فەرمانەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارەكم هەیە, لە یاساكانی تر ئەنووسرا لەسەرئەنجومەنی وزیرانە, لێرە بۆ وەزیرە تایبەتمەندیەكانە, جیاواز كراوەتەوە, سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یاساكانی تر بۆ ئەنجومەنی وەزیران بوو, دەبێ ئەنجومەنی وەزیران بەو كارە هەڵبسێ, بەلاَم ئەوە رێكخراوێكە, یەكێتیەكە, پەیوەندی بەوەزارەتكان هەیە, بۆیە لەسەر وەزارەتەكانە ئەو یاسایە جێبەجێ بكەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەمان ماناش دەگەینێ كە وتت على مجلس الوزراء وعلى الوزراء هەر هەمان مانای هەیە, پەخشان خان فەرمoو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم هەیە ئەمە جەمعیەكی هینە چ علاقەیەكی بە وەزارەتەوە هەیە, وەزارەتی داخلیەو ئەو ماددەیەی لەلایە, یەعنی لام وایە ئەم ماددەیە زیادە, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەموو قانونێك لێرە كە دەردەچێ, پەیوەندی بەحكومەتەوە هەیە, موحتاجی وەزارەتێك دەبیتن, ئەو قانونە عیلاقەی بەو وەزارەتە هەیە جێبەجێی بكات, دەبێ بنووسرێت, كاك محمد فرج فەرمoو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وابزانم ئەوە دەسەلاتێكی زیادی بۆ خۆی دروست كردیە, كە ئیلزامی دەسەلاتی جێبەجێكردن ئەكات, ئەمە خۆی جەمعیەیە, جەمعیەیە تەنها وەزارەتی ناوەخۆ رێی دەداتێ ئیش بكا یان نەیكا, ئیتر تۆ خەلكی تر دەخەیە بەر دەستی, وانەزانم ئەمە لەگەلّ جەمعیە رێك بكەوێ, لەگەلّ رێزمدا.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەیوەندی بەوەزارەتی عەدلەوە هەیە, پەیوەندی بەوەزارەتی مالیەوە هەیە, پەیوەندی بەوەزارەتی داخلیەوە هەیە, پەیوەندی بە مەجلیس وزرائەوە هەیە, بەیانی ئەچێ داوای مینحە ئەكا, مەجلیس وزراء بڕیاری لەسەر دەرئەكات بۆ مینحە, جەمعییە موحتاجە دەچێ داوای مینحە ئەكا, كێ بڕیار ئەدا مەجلیس وزراء؟ كێ جێبەجێ ئەكات؟ وەزارەتی مالیە, داوای ئیجازە دەكا, پێشتر كێ دەیداتێ؟ وەزارەتی داخلی, لەبەر رۆشنایی خۆیەتی.

**بەرێز بكر فتاح حسین:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پەیوەندی پێوەیە چونكە مەسەلەكە ئەم قانونیە لەپەرلەمانا دەرچووە لەبەر ئەوە وەزارەتی موختەس مولزەمە بەوەی كە ئەو قانونە جێبەجێ بكات, نەك هی جەمعیەكە, بەلكو قانونەكەی پەرلەمان, قانونی جەمعیاتی كە دەركرد ئەو قانونەی كە ئێمە دوو رۆژە موناقەشەی لەسەر ئەكەین, جا پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی داخلی یان پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی مالیە, حكومەت مولزەمە بە قانونەكەی پەرلەمان نەك قانونەكەی جەمعیە, زۆرسوپاس.

**بەرێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوە بەیاسا دەرئەچێ, لە جەمعیە دەرچووە بووتە موئەسەسەیەك, لایەنە پەیوەندارەكان مولزەمن بەوەی كە جێبەجێی بكەن, سوپاس.

**بەرێز هیوا صابر احمد:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر لە ئەوەلیەوە موخالفی ئەوە بووم, مەعنا نامێنێ ئەگەر بلێ دامزراوەی كۆمەلگای مەدەنی لەولاوەش ئەوامرەكانی لەلایەن وەزارەتەكان جێبەجێ بكرێ, من تكایەكەم هەیە لە جەنابتان, ناوە ناوە هەندێك یاسا لەم پەرلەمانا موناقەشە كراوە, كاتێك زانراوە ئەمە بۆ شەخصیەتی پەرلەمان عەیبداری دروست ئەكا, وەستاندوومانە وتمانە نابێ ئەوە, بەراستی من وائەزانم ئەو براو خوشكانەی شارەزایی دامەزراوەی كۆمەلگای مەدەنین, لەم بوارە كاریان كردووە كاتێك ئەمە ئەبیستن, ئەلێن ئەوە پەرلەمان چی ئەكا, شتێ بە قانون تەسبیت ئەكا, لەوێش باسی ئینتخاب و ئازادی ئەكات, لەبەر ئەوە من لەبەر سومعەی پەرلەمان ئەلێم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا ببوورە, پێم وایە ئەمڕۆ تۆ بەراستی, تێكەلاَوی ئەكەی, ئەوە پەیوەندی بەهەڵبژاردنەوە نیە, جەمعیەكە بۆ نوخبەیەك, هەڵبژاردەیەكی ناو كۆمەڵگای كوردستانە هەمووشیان قازین, تایبەتمەندی خۆیان هەیە, نوخبەیەكن هەموویان دەوریان هەیە, یان هەبووە لەم كۆمەڵگایە بۆ دابین كردنی عەدالەت, گرنگیەكی زۆریان هەیە, لەبەرئەوە چەند تەفسیلاتی تێدا بێ باشە, وە حكومەت هیچ فەرز ناكا, هیچ قەیدێكیان لەسەر نییە, بەعەكسەوە دەبێ حكومەت هاوكاریان بكا, قەرارێك ئەدەن یان نامەیەك ئەنێرن بۆ هەر وەزارەتێك ئەگەر ئەو نصەی تێدا نەبێ, وەزارەتەكە بۆی هەیە بڵی وەری ناگرم, بەلاَم ئەگەر ئەو نصەی تێدابێ, وەزارەت ناتوانێ ئیستلامی نەكا, كاكە دەیخمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نییە؟ بەزۆرینە وەرگیرا, بڕۆ سەر ماددەی بیست و یەك كە لە ئەصڵدا بیستە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادیة و العشرون: ینفذ هذا القانون من تاریخ نشرة في الجریدة الرسمیة ((وقائع كوردستان)).

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست ویەك كە دەكاتە ماددەی بیست.

ماددەی بیست و یەك: ئەم یاسایە دادەنرێ لە مێژووی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەكرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) بلاَودەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمەش وەكو هەموو ماددەكانی هەموو قانونەكانی تر ڕۆتینیە و تەبیعیە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ تصویتمان كرد لەگەڵی دای, بەكۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو كاك شێروان مولاحەزەكەت بڵێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مولاحەزیەك ئەدەم بەس مەبەستم نیە ئیعادەی تصویت بكرێتەوە, بەلاَم ئەگەر لە پرۆتۆكۆلیش بنووسرێ قەیناكە, جەلسەی پێشوو, لەسەر بڕگەیەك كە لێژنەی قانونی موافق بوو, دەڵێ وەفات خاڵێكە بۆ لە دەست چوونی ئەندامیەت, ئەمە نەك بەتەنها لەسەندیكا, بەڵكو لە قانونی پەرلەمانیش هاتووە, لە ئەنجومەنی وەزیرانیش هاتووە, حالەتێكە, وەفات ئاساری قانونی لەسەر بزر ئەكا, لێرە لەو جەمعیەی لادرایە, ئەوە بەتەنها بۆ تەوزیح بوو, مەبەستیشم ئەوە بوو كە ئێمە بەهەڵە نەچین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆت سەرۆکی لیژنەی یاسایی, دەبوایە جەنابت ئینتیباهت کردبا, بەهەر حاڵ من قەناعەتم وایە مردن ئەگەر نەش نووسریتن هەر هەمان شت دەگەیەنیْ, ماددەکە بە هەمووی دەخمە دەنگەوە, کیْ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکا؟ قانونەکە هەمووی, کیْ لەگەڵدا نییە؟ بەیەك کەسە معارز قانونەکە پەسند کرا, کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر سەرنجەکەی کاك هیوا, پیم وایە ئیمە ماوەیەکی زۆر داوا ئەکەین نیزامی داخلی پەرلەمان بۆ ئیمە روون بین, بۆ نمونە ئەندامان ئەڵیین ئیمە 56 کەسین داوا ئەکەن جەلسە بکریْ لەهەندیْ پڕۆژەش, مەبەستم نییە لەهی وەزارەتەکان لەوانەیە حاڵەتیکی زەروری بیت, بەس هەندیْ پرۆژەش, وەکو ئەم پڕۆژەیە, برایانی لیژنەی یاسایی جەلسەیان بۆ تەرتیب کردووە, دیارە شتیکی زەروری بووە, بەلاْم من پیم وایە لە جەلسەی داهاتوودا بەسەر نیزامی داخلی پەرلەماندا بچینەوە, ئەوە زۆر زەروریە بزانین برایانی لیژنەی قانونی چیان کردووە, چونکە بە حقیقەت خالیك هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو تیگەیشتم, خۆی هەر پڕۆژەیەك, هەر پیشنیارەك دە ئەندام بەرەو سەرەوە بۆی هەیە تقدیم بکا, سەرۆکی پەرلەمان تەقدیری دەکا بیخاتە ئەژەندە یان ناء وە تائیستاش هیچ پرۆژەیەك تەقدیم نەکرایە, نەخرابیتە ئەژندە بەپیی ئەو فەهمەی کە هەمانە, بەپیی نیزامی داخلی, ئەگەر بیرتان بیْ خۆمان بڕیارمان دا, بڕیار ناء باسمان کرد, کە نیزامی داخلی پیویست بە ئیعادەی نەزەر و پیویستی بە دەوڵەمەند کردنیەتی, ئەگەر راستیتان ئەویْ ئەو نیزام داخلیە زۆر لەسەری ماندووبوونە لە پەرلەمانەکانی تریش وەریان گرتیە, هەروەها لەگەڵ وەزعی ئیستا هەندیْ خاڵ هەیە, ئەبیْ بگۆڕدریْ, ئەوەی پیشنیاری هەیە, داوایەکەت تازە هاتۆتە لامان تحویلیشمان کردووە بۆ لیژنەی یاسایی و بۆ سکرتاریەتی پەرلەمان, بۆ ئەوەی بیخەنە بەرنامەی کار و لیژنەکەی تشکیل بکەن, بەلاْم موقتەرەحات تەقدیم بکەن, یەعنی هەر ئەندامیك تەماشا بکا چی پیْ باشە, حازری بکات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە برادەران ئەندامانی پەرلەمان موقتەرەحاتیان نارد بۆ لیژنەی قانونی, ئیمە مانگی شەش و حەوت و هەشت ئیشمان لەسەر کردیە, هەتا ئیستا 30٪ و 35٪ پرۆژەی نیزامی داخلی پەرلەمانمان کردیە, بەلاْم مەجالمان نەبووە بەراستی ئیشمان هەبووە هەتا تاوتۆی لەسەر بکەین, جوان دیراسەتی بکەین وەك پڕۆژەیەك بەرەسمی تەقدیمی پەرلەمانی بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو نزیکانە دەیخەینە ناو بەرنامەی کار, بەلاَم حەز دەکەم خۆتان ئامادە بکەن بۆ ئەوە ئەمە یەك, دووش فیعلەن زۆر کەس نازانێ نوقتەی نیزام مانای چیە, بەلاَم ئێستا باشترە لەپار, وە ئێمەش ناچار بووین کە تەعلیق باوێین, بەس هەندێکیان قسەی پێیە, دەزانێ نوقتەی نیزامی نییە, بەلاَم رێگای تری نیە ئەم قسانە بکات, وا دەکا زوو بۆ ئەوەی قسەکەی خۆی دەکات, ئەگەر ناء نوقتەی نیزام زۆر وازیحە ئەگەر شتێك لەخلافی نیزامی داخلی بێت. دەتوانین بلێین نوقتەی نیزامە, بۆنموونە مەجال دەدەین هەر کەسێ دوو دەقیقە قسە بکا, ئەگەر یەکێ چوار دەقە قسەی کرد, یەکێ بۆی هەیە بلێ ئەوە نوقتەی نیزامە ئەوە چوار دەقە قسەی کرد, خیلافی نیزاممانە, دەبێ راوستێ, جەدوەلی ئەعمالمان هەیە لەیەك و دوو و سێ خالّ پێك هاتووە, رەئیسی پەرلەمان لە سێیەمەوە دەستی پێی کرد, یەکێ بۆی هەیە بلی تۆ تەجاوزی جەدوەلەکەت کرد, دەبێ لە یەکەمەوە دەست پێبکەی, یان بڕیارەکەمان هەیە, لە کۆبوونەوەی داهاتوودا خالێك بخەینە ناو بەرنامەکەوە, بەرنامەتان بۆ هاتووە, خالّەکە نەخراوەتە ناو بەرنامەکەوە, یەکێ بۆی هەیە, پێش ئەوە بلێ ئەدی ئێمە بڕیارێکمان, بۆ دانراوە؟ کاك غفور لەوێوە نوقتەی نیزامی هەیە ئەگەر هەو نەبوو دەلێم هەو نییە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر قسەی جەنابت خۆی لەسەر ئەو نصەی پێشوو, گوتت لەدانیشتنی داهاتوو, دەیخەینە بەرنامەو قسەی لەسەر دەکەین, کا ئەمڕۆ لەناو بەرنامەی کار نەبوو. ئەوە نوقتەی نیزام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, من وام وت, بەلاَم کاك فرست وا تێگەیشت بوو, لەدانیشتنەکانی داهاتوو, دانیشتنەکانی داهاتووش دەکاتە ئەمڕۆ و بەیانی و دوو بەیانی, تەحدید کرا ئەورۆ وایە, بەلاَم یەك نوقتە هەیە, ئەویش کاك فاروق جمیل تەلەفۆنی بۆ کردین, وتی ئەو پڕۆژەیە, نەگەیشتە دەستی من وەکو ئیدارەی سلێمانی, وەزیری عەدلم دەبێ چاوی پێدابخەشێنین, وتم وەللا راست ئەکەی, هەرچەندە دەرچووە, خۆمان حازر بکەین, بەوەم ئیقناع کرد کە راستە نەگەیشتێ, بەلاَم ئەگەر خوێندنەوەی یەکەمان کرد, بۆت هەیە پاش خوێندنەوەی یەکەم لەگەلّ لێژنەی قانونی دانیشی, رەئیەکانی خۆتان بلێن, ئەو دوو ڕۆژش تاخیرمان کرد بۆشیان چووە و, وتم ئەگەر پڕۆژەکەت لایە نوقتەیەکی زۆر گەورەی تێدایە, پێمان بلێ پێش خوێندنەوەی یەکەم, بۆیە نەخرایە ئەمڕۆ, ئەوە سەببەبە. نوقتەی نیزامت هەیە لەسەر قسەکانی من.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوەخۆ دەبێ لیستی حروفی ئەبجەدی رێك بخرێ, بەلاَم لیستی ئەندامان لەلایەن سەرۆکایەتەوە بەپێی حروفی ئەبجەدی رێك نەخراوە, کە ئەمەخیلافی ماددەی 53یە, دەبێ ئەوە

ڕێکبخرێتەوە, وەکورسیەکانیش لەسەر ئەو ئەساسە دابنرێ, ئەگەر لەسەر ئەو ئەساسە بێ, خیلافی ماددەی 53یە.

**بەڕێز د0 ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نیزامی داخلی یەکەم جار بەزمانی عەرەبی هاتە کایەوە, لەزمانی عەرەبیەکە بیخوێنەوە حروفی ئەبجەدی نیە حروفی هیجاءە, لەبەر ئەوە خیلاف لەناو هەردوو نیزامەکە بە کوردی و عەرەبی هەیە, کوردیەکە حەرفی ئەبجەدیە, عەرەبیەکەش حەرفی هیجائە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 53 لەنیزامی داخلی پەرلەمان دەڵێ:

المادة 53: يرتب جلوس الاعضاء على ان يكون لكل عضو رقم تسلسل خاص به بموجب القائمة مرتبة حسب حروف الابجدية من قبل هيئة الرئاسة.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو نوقتەیە لەناو بەرنامەی کاری ئێمەدا نەبوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بزانە کاک ئارێز مادەم لەمەسەلەی نیزامە,لەبەرنامەی کاریشدا نەبێت, دەکرێ قسەی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر دەتانەوێ چارەسەری کێشەی ئەو دانیشتنانە بکەن, خۆ لە هیچ ئایەتێکی قورئاندا نەهاتووە کە (ا, ب)ەکان لەپێشەوە بن, با تەوزیعاتەکە ئەوهاو ئەوها بێت, یەعنی بەراستی بۆچی هەرچی (ا و ب)یە لە پێشەوە بی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە باشە, ئەوانە هەموو حەل دەکەین, هەمووتان ڕێزتان هەیە, هەمووتان بەخۆشمەوە ئەندام پەرلەمانین, بەلاّم من هەڵبژێردراوم تاماوەیەك لێرە, هیچ فەرقێکم نیە, ئەندامی پەرلەمانم, بەلیستێکا هەڵبژێردراوین, هەموو وەکو یەکین لەکوێ دابنیشین لە پێشەوە یان لە پشتەوە, یەعنی ئاخر کەسیش بی, وەکو یەکە, لە حەقە وەکو یەکە, لە واجبات وەکو یەکە, لەدەنگدانە وەکو یەکە, هیچ فەرقی نییە, بەلاّم ئەوەندەیە دەبێ نیزامێك هەبیتن, دەبێ تەسەلسولێك هەبێت, دەبێ دابنرێ لەسەر ئەساسێك, خۆ بلێین لەوە دەست پێدەکەین, دیسان ئەوە ئیعتراضی لەسەر دەبیتن, کۆتایی بەجەلسەکەمان دەهێنم, ئەو بڕگەیەی کەماوە دەخرێتە کۆبوونەوەی داهاتوو, لە کۆبوونەوەی داهاتوو ئیعلان دەکەین, بریار بوو بەیانی کۆبوونەوە بێ, بەلاّم بەیانی مەشغولی مێوانین و لەگەڵ حکومەت ئیحتمال هەیە دانیشتنمان هەبێ,

دەیخەینە کاتێکی تر بەرادێو هینی دەکەین, بەلاّم من ملاحەزەیەکەم هەیە, ئەگەر ئیجازەم بدەنێ وەکو برایەکی, من خۆم گلەیم, لەسەر جەلسەکان هەیە, یەکیان ئەوەیە کە زۆر برادەران دەچنە دەرەوە, چوونە دەرەوە هەقی تەبیعیە ناتوانم مەنعیان بکەم, بەڵام من رجایەکم هەیە, کە بۆ جگەرە کێشان لەخۆیەوە قەرارئەدا بۆ جگەرە کێشان دەچێتە دەرەوە, چونکە ئێوە هەفتەی دوو جار کۆدەبنەوە, واجبتان ئەوەیە, ئەو کۆبوونەوەیە گەورەترین ئیشی ئێوەیە, بۆ جگەرە کێشان سێ جار بچیە دەرەوە, هەرجارێ پێنج دەقەت پێ بچێ, ئەوە دەبێتە چارەگێك هەندێ جار ئاگات لەو پێنج دەقەیە نییە, قسەیەك دەکەی تیکرارە یەعنی خەلەلیش دەبیتەوە, زۆریش ناشرینە لە تەلەفزیون ئەو لەقەتەیە پێشان دەدا کەنیوەی ئەندامانی پەرلەمان مەشغوڵی جگەرە کێشانن, پاشی جگەرەکەش دوو دوو, سێ سێ لەو مەمەڕە موناقەشە دەکەن و هیچ وجودیشی نیە, بۆ ئێمە جوان نییە و بۆ ئێوەش, لەبەر ئەوە هەریەکە لەلای خۆیەوە قەرار بدات بۆ جگەرە کێشان نەچێتە دەرەوە, بۆ حاجاتی تر, ناتوانی هەر ئەندامێك هەقی خۆیەتی بچێتە دەرەوە, چوونە دەرەوەی پەرلەمانیش دەبێ بەنووسین بنووسێت, داوا بکا کە دەچێتە دەرەوەی پەرلەمان, لێرە موافەقەت بکەین, چوونە دەرەوە بۆ دوو دەقە, سێ دەقە ئەوە هیچ ئێستا هەیە, بەلاّم داواتان لێدەکەم بۆ جگەرە کێشان نەبێتن, ئەوەش نەقەرارە نەشتێکە, بەلاّم هەرێکە بەپێی شعوریەت بەمسئوولیەت لەخۆیەوە ئەو قەرارە بداتن, زۆر سوپاستان دەکەم تا کۆبوونەوەی داهاتوو.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21)**

**دوو شەممە رێکەوتی 27\11\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21)

## دوو شەممە رێکەوتی 2006/11/27

کاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2006/11/27 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی

بەڕێزمحمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (21)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (21)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە.

2-خستنەڕوو گفتوگۆكردنی پرۆژەی راگرتنی بڕیاری ژمارە (368)ی (ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە).

3-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (21)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2006/11/27دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە.

2-خستنەڕوو گفتوگۆكردنی پرۆژەی راگرتنی بڕیاری ژمارە (368)ی (ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە).

3-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان.

پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەی كار بكەین, هەندێ دەمەوێ لەسەر ئەو وەزعەی ئێستا لە بەغدا باس بكەین, ئەویش رۆژی پێنج شەممە وەفدەكەمان بەرێ كەوتن بۆ بەغدا, تەبعەن وەفدەكەمان یەكگرتووە و لە هەموو لایەنەكان پێك هاتووە, بۆیە وەفدەكە بەرێكەوت بۆ بەغدا, هەروەها خۆتان ئاگادارن و دیتتان لە تەلەفزیۆن كە چەند كۆبوونەوەیان كرد لە بەغدا كە موناقەشەی ئەو وەزعە كراوە و ئێستاش هەر بەردەوامە, ئەگەر هەموو لایەك بەهەستی مەسئولیەتەوە هەڵنەستن بۆ جێبەجێ كردنی ئەركەكانیان, ئەوا ئەو وەزعەی لە عێراق هەیە ئیمكان نییە بەو شێوەیە دەوام بكات, چونكە بەداخەوە گەیشتۆتە رادەی ئەوەی رۆژانە سەدان قوربانی دەدرێ لە عێراق, قوربانیەكانیش بەتەنیا یەك تەرەف نین, بەكورد و عەرەب لە كەركووك دەكوژرێ و لەموصڵ دەكوژرێ, قوربانیەكان عەرەبی سوننەیە, عەرەبی شیعەیە, توركمانە,

مەسیحییە, کەسێك لەو پێکهاتانەی عێراق لەمە دوور نییە لەو قەیرانەی کە تووشی بووە, بەداخەوە لێرەوە سەرەخۆشی لە هەموو کەس وکاری ئەو شەهیدانە دەکەین, کەلەم چەند ڕۆژەدا بوونەتە قوربانی, هەروەها سەرەخۆشی لە هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی دەکەین, ئومێدەوارین کەبەزووترین کات ئەو وەزعە ناخۆشە نەمێنێ, هەموولایەك پابەند بن بە یاسا و بەردەوام بین لە چارەسەرکردنی کێشەکانی هاتۆتە پێش, بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونەمان لەدەست نەچێت و دوژمنانی گەلی عێراق و دوژمنانی ئازادی ودیموکراسی بەسەرنەکەون, تیرۆرستان بەرنامە گلاوەکەیان کە دایانناوە بۆ عێراق هەر لە بیدایەتەوە باسیان کرد بوو کە شەڕ هەبێت و سەرنەکەوێت, چونکە ئەوە خەتەرناکە بۆ هەموو گەلانی شەرقی ئەوسەت و خەتەرناکە لەسەر ئیسلام و خەتەرناکە لەسەر دیموکراتیەت, بۆیە هەر کەس لەلای خۆی مەسئولە لەوەی هاوکاری هەموو لایەنەکان بکات, بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو وەزعە بکات, وەفدێکی تریش تەبعەن باسمان کرد ئەویش بەسەرۆکایەتی کاك نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ چەندین وەزیری تر ئەوانیش لەسەردانی بەغدان, بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراقی و لەسەر کێشەکان کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە لەپێش هەموویانەوە مە سەلەی نەوتە, مەسەلەی بودجەیە, مەسەلەی کەرکووکە و چەند مەسائیلی تر کە هاتۆتە پێشەوە, کە ئەو مەسەلانە پێویستی دەکرد تەفاهومێکی باشی لەسەر هەبێت, بۆ ئەوەی هەر کەسە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە پێی هەڵبستێ, بەتایبەتی مەسەلەی بودجە, کە مانگێك و چەند ڕۆژی لەپێش ماوە یەك لابکرێتەوە, خیلافات هەیە, ئەو خیلافاتانە پێم وایە بە موناقەشە وگفتوگۆ یەك لا دەبێتەوە, دوا وتەم ئەوەیە کە کۆبوونەوەیەك بکەین لەسەر مەسەلەی ماددەی 140 مەسەلەی کەرکوك بە ئامادەبوونی د. محمد احسان کە وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمە, لەبەر ڕۆشنایی ئەو گفتوگۆیانەی کە لێرە کراوە و ڕەئیی ئێوە, بڕیار درا کە نامەیەك بنووسرێت بۆ جەنابی سەرۆکی هەرێم و جەنابی سەرۆکی وەزیرانی عێراق و هەردوو نامەمان نووسی, هەردوو نامەش بەدەستیان گەیشتووە ویەکیان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق کە بریتی بوو لەو چوار خاڵەی کە ئێوە داواتان کردبوو, یەکەم ئەوەیە بریتی بوو لەو چەند ناوەی ئێوە ئیزفەتان کردبوو ونارەزاییمان پیشان دا کە وتمان دەبێت هەر ناوێك ئیزافە دەکەن دەبێ ئاگادار بین, دووەم نوێنەری خۆی دانابوو و ئەو ناوانە بەخۆی دایتابوو, وتمان هەم سەرۆکی لیژنەکە نوێنەری خۆتە و هەموو نوێنەرەکانت ئەندامن لە لیژنەکە, بۆیە پێویست ناکات نوێنەری تایبەتی خۆشت هەبێت, سێیەم لەسەر پارەکە بوو کە پارەکە 200 ملیۆن دینار دۆلار بوو و تەرخان کرابوو, هەروەها کەمتەرخەمیەك هەیە لە تەملیك و لە هەنگاونان بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140 داوامان کرد کە پەلەی لێ بکرێت, ئاماژەمان بەوە کرد کە باس لەوە دەکرێت ئەو وەختەی دانراوە لە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140 گوایە زووە پێویستە دوابخرێت, ئێمەش وتمان بەهیچ شێوەیەك نابێت, چونکە خەرقە بۆ دەستوور, دانانی ئەو وەختە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140 لەدەستووردا هاتووە, لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك نابێت بیر لەوە بکرێتەوە دوابخرێت, چونکە بە تەعمیم دەرچووە, لەبەر ئەوە لە ئێستاوە بەرنامەکەتان وابێت کە لەوەختی خۆی جێبەجێ بکرێت, قابلی ئەوە نییە تەغییر

بێت, سوپاسمان کردن بۆ ئەو هەنگاوە ئیجابیانەی کە ناویەتی و بۆ هەڵوێستەکانی کە هەیەتی, باسی مەسائیلی تریشمان کرد, ئیتر ئەوەی لای من ئەوەندە بوو ئەوەی تریش خۆتان ئاگادار بوون, ئێستا دێینەوە سەر بەرنامەی کاری خۆمان کە خاڵی یەکەم بریتی بوو لە خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە, وەزیری ئاوەدان کردنەوە ئامادە نییە کە ئەویش بەشێوەیەکی تاریئی کاك نێچیرڤان داوای کرد بچێتە بەغدا و پرۆژەکەش بەبێ ئامادەبوونی ئەو تەواو ناکرێت, لەبەر ئەوەی قەناعەتمان وایە دەبێتە موناقەشە کردن و نابێ بڕیار لەسەر بدەین بەبێ رەزامەندی وەزیر, بە رەزامەندی ئەو دەبێت, جەنابی وەزیر داوای دوو جێگری کردبوو و دوو وەکیل وەزیری کردبوو, بەخۆشی لە پرۆژەکە یەك هاتووە لەگەڵ لیژنەی یاسا دانیشتووە و تویەتی موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیرانم وەرگرتووە دەبێت دوو بێت, دەبێ ئێمە گوێ لەو بگرین و بزانین حجەتەکەی چییە و سەبەبەکەی چییە, بەبێ ئامادەبوونی ئەو ناتوانین هیچ بکەین, هەندێ تەشکیلات لە وەزارەت هەیە, بۆیە خاڵی یەکەم دوادەخەین بۆ جەلسەیەکی تر کە خۆی ئامادە بێت, ئەو دواخستنە لەبەر رۆشنایی ئەوە دەبێت ئێوەش موافەقەت بکەن, کێ لەگەڵ ئەو دواخستنەیە با دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕایی دەنگ دواخرا.

خاڵی دووەم خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی راگرتنی بڕیاری 368 ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە, فەرموو لیژنەی یاسایی, کاك محمد نوقتەی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەرەسمی پێمان رانەگەیشتووە بۆ ئەم کۆبوونەوەیە, راپۆرتمان ئامادە نەکردووە, بۆیە داوا دەکەم ئەو خاڵەش دوابخرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ درەنگە کاك محمد ئەوە شەش حەوت رۆژە پێمان گۆتینە, لێرە باسمان کرد و خوێندرایەوە و تەحویلمان کرد بۆ لیژنەکان, هەموو ئەندامان ئاگادارن, کاك عونی ئێوە رەئیتان چییە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مانعمان نییە کە دوابخرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەجومەن:**

ئێستا موقتەرەح هەیە لە سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ, دەڵێ راپۆرتەکەیان ئامادە نەکردووە, دووش دەکرێت ئەندامانی لیژنەی مافی مرۆڤ لە موداخەلات هەمان رەئیی بڵێنەوە, لەگەڵ ئەوەشدائەو موقتەرەحەی لیژنەی مافی مرۆڤ دەخەمە دەنگدان, کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی مافی مرۆڤە کە دەڵێ دوابخرێ دەستی

بلّند بكات؟ سوپاس, كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەردەوام بین لەسەر موناقەشەی ئەو پرۆژەیە دەستی بلّند بكات؟ 34 بە 38 كەواتە دوادەخرێ.

خاڵی سێیەم: خستنەڕوو وگفتوگۆ كردنی پرۆژەی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان, پێش ئەوەی دەست بەگفتوگۆ بكەین, تەبعەن زۆر ئەندامانی پەرلەمان هەیە سەفەر دەكەن چ ئەوانەی پەرلەمان دەیانێرن و چ ئەوانەی لەگەڵ حكومەت دەڕۆن, حەقە كە دێنەوە راپۆرتێك بۆ سەرۆكایەتی ئامادە بكەن و ئاگادارمان بكەنەوە لە ئەنجامی سەفەرەكەیان, بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی لە دانیشتنەكان بیخەینە بەرنامەی كارەوە, بۆ ئەوەی راپۆرتەكە بخوێنینەوە, و تێبگەین ئەو سەردانە چ سوودێكی هەبووە وچیان كردووە و ئاشنایی پەیدا دەبێت, بۆیە هەموو ئەندامان مولزمن بە نووسینی ئەم راپۆرتە تكایە, فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە كۆبوونەوەی لیژنەی یاسا لە 2006/9/13, پاش ئەوەی ڕەوانەی لیژنەی یاسایی كرا, لیژنەی یاسایی دیراسەتی پرۆژەكەی كرد, تەنها ماددەیەكی ئیزافە كرد لەسەر پرۆژەكە, لە ژێر ژمارەی ماددە (21) تەسەلسولەكانی ماددەكانی پرۆژەكە گۆڕا, بە پێی ئەو ئیزافەیە لە بڕگەی (2) لە ماددە (5) (مجلس نوابی عێراقی) لادرا, لەبەر ئەوەی لە بڕگە (3) هاتووە, فەقەرەیەك ئیزافە كرا, یان بڵێین جملەیەك لەسەر ئەوەی بڕگەی (3) لەماددە (5)ی پرۆژەكە كە دەڵێ (یكون البرلمانیون الذین یمثلون الكورد من باقي اجزاء كوردستان اعضاء فخریون في الاتحاد) ئیزافەكە ئەوەیە (الذین لهم مواقف مشرفة) وئێستاش رەئیی لیژنەی یاسای بە زمانی كوردی لەلایەن بەڕێز كریم بحری دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**راپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەكەمان لە پرۆژەی یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستانی كە بۆی رەوانە كرابوو كۆڵییەوە, دوای خوێندنەوەی یەكەم لەرێكەوتی 2006/9/13 و گفتوگۆ و دانوستاندن, لیژنەكە بە كۆی بیروڕاكان راپۆرت و راسپێرییەكانی پێشكەش كرد و بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەكەم: لیژنەی یاسایی پرۆژەی ئەو یاسایەی لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی پێشكەش كرا, پەسند دەكات سەبارەت بە دامەزراندنی یەكێتیەكی سەربەخۆ بۆ پەرلەمانتاران, چونكە ئەو یەكێتیەی كە نیاز وایە بە پێی یاسا دابمەزرێ, ئامانجی ئەوەیە كاربكات بۆ دانانی پسپۆرایەتی ئەندامەكانی لە مەیدانەكانی یاسادانان و زانستی لە خزمەتی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان و هاوكاریكردن لە ئامادەكردنی توێژینەوەو لێكۆڵینەوەكانی پەیوەست بەكاری پەرلەمان, دوای زیاد كردنی ماددەیەكی دیكە تایبەت بە دەركردنی دەستەی گشتی یەكێتیەكە سیستەم ورێنمایی پێویست بۆ ئاسانكردنی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی یاسا.

دووەم: هەروەها لیژنە پێشنیاز دەکات هۆیەکانی دەرکردنی پرۆژەی یاساکە دابرِێژرێت, کە دارِشتنی کۆتایی پرۆژەی یاساکە بەم شێوەیە دەبێت کە لەم راپۆرتەدا پێشکەش کراوە, تکا دەکەین بفەرمووون بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکە و رِای لیژنەی یاسایی دەربارەیەوە, بۆ ئەنجومەن بۆ گفتوگۆ کردن و دەربرِینی رای گونجاو سەبارەت بە پرۆژەکە. لەگەڵ رێزمان.

**بەرِێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرموو قانونەکە بخوێنەوە, برِگە برِگە رەئیی لیژنەی قانونی لەسەر بدرێ.

**بەرِێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرِێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا قانونەکە دەخوێنمەوە, لە مادده یەکەوە دەست پێدەکەین.

المادة الاولى:

يؤسس بموجب هذا القانون اتحاد مستقل للبرلمانيين يسمى باتحاد برلمانيي كوردستان ويكون مقره في العاصمة اربيل وله ان يفتح فروعاً لة في محافظات الاقليم.

رەئیی لیژنەی قانونی دەقی ماددەکە تەئیید دەکات, واتە ماددەکە وەکو خۆی ماوەتەوە.

**بەرِێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی لەسەر مادده (1) هیچتان نییە, کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیەی خوێندیەوە فەرموو کاك دیلمان.

**بەرِێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەرِێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەیاسای دادپەروەرانی کوردستان تووشی ئیشکالێك بووین, ئێمە لە ئەندامیەتی و لەسەر تەئسیسەکەی بەرەئیی من ئەگەر وای لێبکەین (يسمى باتحاد البرلماني الكوردستاني) پاش ئەوە (يضم البرلمانيين والمتقاعدين في برلمان كوردستان و مجلس نواب العراق)دووره و ماددەی پێنج دوو فەقەرە هەیە وەکو ئەندامەتی کە نابێ شروتی ئەندامەتی هەبێت, چونکە خۆی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان (متقاعد) بن یان نا ئەوە هەر ئەندامن, ئەگەر ئەوە بچێتە ئەوێ دوو فەقەرەی ماددەی پێنجەم لەوێ بکەوێ, سوپاس.

**بەرِێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرِێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنج باسی شروتی عەزویەت دەکات, یەك لەوانە کە تەسبیت کراوە, (ان يكون من مواطني كوردستان او ان يعمل في المجلس الوطني بعد الانتفاضة 1991 او عمل في الجميعة الوطنية) ئێمە

**گۆڕانکاریمان لێ کرد (مجلس النواب) ئەوە پێ ی ناوێ ئەو تەئسیسە عیلاقەی بە شروتی عەزویەت نییە، سوپاس.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**کە دەڵێ (لە ان یفتح فروع في محافظات الاقلیم) بە خۆی ئیتیحاد دەکاتە یەکە، فروعەکان جەمعیەیە سەر بەو ئیتیحادەیە، نەك فەرعی ئیتیحاد لە موحافەزات بکرێتەوە، جەمعیات دەکرێتەوە سەر بەو موحافەزەیە، پێم خۆشە ئەوەی بەنەزەر ئیعتیبار وەربگرن. سوپاس.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە مادده (1) تەئسیسی ئیتیحادە لە بۆ کۆی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، مەقەرە رەئیسیەکەی لە هەولێرە، بۆی هەیە لق بکاتەوە لە هەر شارێکی کوردستان، واتە عیلاقەی بە جەمعیە نییە، ئەگەر جەمعیە بێت واتە چەند جەمعیەیەك دەبێت، ئەمە ئینجا وەکو ئەصڵەکەیە، فەرعەکانیش لە موحافەزەکانی کوردستان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەوە؟ فەرموو.**

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من بەس پرسیارێکم هەبوو، یاسای ژمارە (18) و یاسای ژمارە (15) کە لەپەرلەمانەوە دەرچووە، ئەویش سەبارەت بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەمەش لام وایە شتێکە بۆ شارستانی کۆمەڵگەی مەدەنی، یاسای دادوەری لە پەرلەمان دەرچووە، ئەم یاسایەیان بە یاسایەکی تایبەت دەرچوو، ئیتر وردە وردە وەکو یاسایەکانی تر، پرسیارەکەم ئەوەیە، ئەمە ناچێتە چوارچێوەی ئەو دوو یاسایە، هەر دەبێ یاسایەکی تایبەتی بۆ دەرچێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دادوەری شتێکە، ئەمەش شتێکی ترە، ئەوان ئەندامی پەرلەمانن چ کۆن و چ تازە.**

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەفوەن, قەصدم ئەوەیە بۆ چەند جەمعیەیەك لەمەودوا كە دروست دەبێت, یاسایەكی تایبەتی لە پەرلەمان بۆ دەرچێت, یانی ئێستا ئەمە جەمعیەیەكە, ئیتیحادێكە, شتێكە مونەزەمەیەكی مەدەنییە, قانون هەیە بۆ مونەزەماتی مەدەنی, دوو قانونیشە یەكێك نییە, ئینجا ئەڵێم هەموو مونەزەمەیەك لەپەرلەمانەوە قانونێكی خاصی بۆ دەربچێت, سوئالەكەی من ئەوەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر, عەفو, هەموو جەمعیەیەك پێویست بەقانون ناكات, جەمعیات و ئیتیحادات, پێویست بە قانون ناكات, بەتایبەتی ئەوانەی كە ئەو مەشاكیلانەیان هەیە وەكو باسمان كرد, حوكام هەمان حوجەت بۆ حوكام هەیە, بۆ ئەوەش هەیە, بۆ ئەوەی نییە ئەندامی لە ئیتیحادی پەرلەمانی, عالەمیە, مەنتیقەی شەرقی ئەوسەتە, ئیسلامیە, ئەگەر بە قانون دەتوانین داوا بكەین لەوێ ببنە ئەندام وەكو ئیتیحادی حوكام, فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەك پێشنیارم هەیە لەجیاتی (عاصمة اربیل) ببێتە (عاصمة الاقلیم), لەبەر ئەوەی ئەگەر لە داهاتوودا هەر شارێكی تر ببێتە پایتەختی هەرێم, ئیتر پێویست بەوە ناكات جارێكی تر بێتەوە سەری, لەبەر ئەوەی ئەوە بە قانون دەرچووە دەبێت بە قانون بێتەوە پەرلەمان و زیاتر گۆڕانكاری تێدا بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیتیحادی پەرلەمانی دەوری هەیە لە عالەم, بەڵكو هەژدە ساڵە دروست بووە, 131 ئەندامی هەیە و پێویستە ئێمە قانونێكمان هەبێت.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئییدی قسەكەی پەخشان خان دەكەم, لەو مەسەلەیە, بەرەئیی من پێویست ناكات, قانونێك هەیە لە پەرلەمان رێگەی داوە هەر جەمعیەیەك و هەر مونەزەمەیەك و كۆمەڵگەیەك دامەزرێ, مەسەلە ئاوا بێت ئەگەر ئەو قانونە نەبێت لە یەكێتی پەرلەمانی وەرناگیرێت, بڕوا ناكەم هیچ رێگر بێت بەرامبەر ئەوە, ئەویش هەر بە قانون و رێ و شوێنیشی ئیجازە وەرگرتنی بۆ دانرا, ئێمە نموونەیەكیشمان هەیە, سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بەبێ ئەوەی قانونی بۆ دەربچێت ئێستا ئەندامە لە یەكێتی سەندیكای رۆژنامەنووسانی جیهان, بەرەئیی من وەكو باسی دەكەن دواتر وای لێ دێت بۆ هەر كۆمەڵگەیەك و هەر رێكخراوێك بەیاسایەك بێتەوە, ئێمە هەموو ئیش و كارەكانمان دەبێتە بەس ئەوەی یاسای رێكخراو و كۆمەڵگەی مەدەنی دەربكەین, بەرەئیی خۆم دیسان دووبارە دەكەمەوە پشتیوانی لە پەخشان خان دەكەم,

زیادە, چونكە یاسایە و چارەسەری تێدایە,  ئەو ماندووبوونەی ئێستای ناوێ و باری خۆشمان قورس دەكەین لەبەرامبەر زۆر رێكخراوەیەكی تر لە حزبدا, چونكە هەمان داوا دەكەن, چونكە زۆر شكلێكی رەسمی دەداتێ نەك شكلێكی كۆمەڵگەی مەدەنی, سوپاس.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەو پرۆژەیە وای بەباش دەزانین كە ئیتیحادێكی تایبەتمەند بە پەرلەمانتارانی كوردستان, بۆ ئەوەی بتوانێ وەكو بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا كە ببێتە ئەندام بەیاسایەكی تایبەت كە عیلاقەی بە جەمعیە نییە, كە جەمعیە هەر چۆن بێ تەمسیلی شەریحەیەكی زۆر دەكات, بەڵام پەرلەمانتاران ژمارەیان كەمە لە كوردستان و لە عێراق و ئەوانەی كە نوێنەری كوردستانن لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق, واباشە یاسایەكی تایبەت دەربچێ بۆیان, عیلاقەی بە جەمعیات هەیە جەمعیە وەكو وتمان تەمسیلی خەڵكانی زۆر دەكات, بەڵام هەر كو بێت ئەندامانی پەرلەمان ژمارەیان كەمە, تایبەتمەندی خۆیان هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵام من روونكردنەوەیەك دەدەم, ئێمە چەند قانونێكمان دەرهێناوە بۆ جەمعیات و بۆ سەندیكاكانی تر, ئەمە بۆ خۆمانە هەیئەتێكە, جەمعیەكە خۆمان دەبینە ئەندام تێدا, و پاڵپشتی هەموو پەرلەمانتارێكی داهاتوو دەبێت, رێكی ئیش وكارەكانی خۆمان دەدەین, دەبینە مشاوری ئەم پەرلەمانە لە كۆنفراساندا بەشداری دەكەین, سەندیكایەكی گرنگی كۆمەڵگەیەكی مەدەنی دەبێت, لەبەر ئەوە من بەباشی دەزانم قانونێكی هەبێت, ئەگەر رایەكەتان مەنتیقی بێت, بەڵام هەبوونی قانونەكە پێم وایە زەرەری نییە, بەعەكسەوە قوەتێكە بۆ ئەو جەمعیەی كە دروست دەبێت, دواییش بۆ خۆمانە, ئەندامانی پێشوو داوایان كردووە, بەڵام ئێمەش دەبینە ئەندام تێدا, دوا رۆژیش هەر پەرلەمانێك بێت محتاجی ئەو جەمعیەیە دەبێت,  رەئیان وەربگیرێت لە پرۆژەكان بێن رەئی خۆیان بدەن, تەجروبەی خۆیان بەكاربێنن بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی بكەن, لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەگەر رەئیەكەتان سەحب بكەنەوە باشە, ئەگەر نا مەجبورم بیخەمە دەنگدان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبەست ئەوە نییە نەبێت, رەئیەكە ئەوە نییە كە ئەو جەمعیەیە نەبێت, رەئیەكە ئەوەیە من تەصور دەكەم قانونی ژمارە (18) كە عیلاقەی بەو مونەزەماتانەوە هەیە كە ئەنجامیان زۆرە, قانونی رەقم (15) عیلاقەی بەو یاسایانەوە هەیە كە بەس هەیئەیەكی ئیداری هەیە و ئەندامی نییە, من تەصور دەكەم وردە وردە ئەم دوو قانونە ئیتر دەوری نامێنێ, مەبەستەكە ئەوەیە, ئەگینا ئەوە نییە كە ئەو جەمعیەیە نەمێنێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە بەدەیان ئەگەر نەڵێم بەسەدان جەمعیات و سەندیکا و ئەوانەمان هەیە, ئەو دوو قانونە هەموویان دەگرێتەوە, بەڵام هەندێك سەندیکا یاخود هەندێك جەمعیە دێنە پێشەوە تایبەتمەندی هەیە, وەکو ئەوەی خۆمان کە ئێستا موناقەشەی دەکەین, وەکو ئەوەی حوکام کە موناقەشەمان کرد, بۆیە بەرەغمی ئەوەی یەك لەو دوو قانونە دەیانگرێتەوە, قانونێکی تایبەتی خۆیان بێت قوەتێکە و دەعمی زیاترە, لەبەر ئەوە هاتووە, موناقەشەی ئەوە تەواو بوو, پێم وایە بەردەوام بین لەسەر ئەوە باشە ئەگەر خیلافی ئەوەتان نییە, کاك هیوا ئەمرۆش موعارەزەی, فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من رێزم هەیە بۆ رایەکانی جەنابتان, ئێستا بەگوێرەی یاسای دامەزراوەکانی کومەڵگەی مەدەنی, جەمعیە ئەوە نییە کە قاعیدەیەکی فراوانی دەوێت, 10 نەفەر 15 نەفەر دەتوانێ جەمعیەکە پێك بێنن, لەبەر ئەوە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە نەچینە ناو ئەو تەفاصیلەوە, با پەرلەمان موصادەقەی لەسەر بکەین, دوایی کە خۆمان دەبین بە ئەندام تێدا و پەیڕەو و پرۆگرام بۆ خۆمان دادەنێین, بۆیە ئەم مەوزوعەم ئەمجارە دووبارە کردەوە, ئەوەی کە کە 10 ساڵ دەخوێنێ لەم بارەیەوە, ئەمە شتێکە دەربارەی پەرلەمان پێچەوانەی هەموویەتی, یانی چی ئەم جەمعیە تایبەتە و ئەوی تر تایبەت نییە, یانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەبێت سەربەخۆ بێت, نابێت لەلایەن پەرلەمانەوە یاخود لەلایەن حکومەتەوە دابمەزرێت, لەبەر ئەوە دەبێت تاوتویەکی زیاتر بکەین پێش ئەوەی تەصویتی بۆ بکرێت, کە ئایا بیکەین یان نەیکەین, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی ئاشکرایە چەندین سەندیکا و جەمعیات هەیە کە بەهەمان شێوە بەقانون رێکخراوە, وەکو سەندیکای پارێزەرانی کوردستان, یەکێتی مامۆستایان, پزیشکان و هەروەها دادوەران کە بەو ئاخیرەی دەرچوو, نازانم چ رێگرە لەسەر ئەوەی کە ئێمە یەکێتیەك بۆ پەرلەمانتارانی کوردستان رێك بخەین بە یاسا, کە ئاشکرایە یاساش قوەتی قانونی هەیە و یاسا باڵاترە لە نیزام, ئەو نیزامەی کە هەیە کە دەبێت یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ببێت بە ئەندام لە یەکێتی پەرلەمانتارانی جیهان, دەبێت بە یاسا بکرێت, بۆیە ئەوە بە ئەسبابی موجەبەیە لە موبەریراتی ئەوەیە کە بە پێی یاسا ئەو سەندیکایە و ئەو یەکێتیە رێك بخرێت, ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی داکۆکی لەو بۆچوونە دەکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرۆژەیەی کە بۆ ئێمە هاتووە, ژمارەیەکی قانونی لە ئەندامان ئیمزایان کردووە, ئەوە زیاتر پرۆژەیەکە لەلایەن ئەندامانی خۆتانەوە, دووەمین ئەوە حوریەتی خۆتانە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە

موناقەشە كراوە من دەیخەمە دەنگدان, كێ ڕەتی دەكاتەوە, تەواو موناقەشە, پەخشان خان, ئەوەی تۆ پرسیار بوو, بەڵام موداخەلەكانی تر تەبعێكی تری وەرگرت, دژی ئەوەی كە ئەو قانونە دەربچێت لێرە, ئینجا كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو قانونە ڕەت بكەینەوە دەستی بڵند بكات؟ یانی دەرنەیەت ئەو قانونە, ئەو مەشروعە ڕەفز بكرێت لەلایەن ژمارەی قانونی, كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پرۆژەیە ڕەفز بكرێت, دەستی بڵند بكات؟ ئەی ئەم قسانە چی بوو كردتان كاك هیوا و كاك ئارێز؟ تەواو كاكە بەردەوام بین, ماددەی یەك بخوێنەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

ماددەی یەكەم: بەپێی ئەم یاسایە, یەكێتییەكی سەربەخۆ, بۆ پەرلەمانتاران دادەمەزرێ, ناو دەنرێ یەكێتیی پەرلەمانتارانی كوردستان و, بارەگەكەی لە هەولێری پایتەخت دەبێت و, بۆیشی هەیە لق لە پارێزگاكانی هەرێمدا بكاتەوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

المادة الاولى: يؤسس بموجب هذا القانون اتحاد مستقل للبرلمانيين يسمى باتحاد برلمانيي كوردستان ويكون مقره في العاصمة اربيل وله ان يفتح فروعاً له في محافظات الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بكات؟ سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

المادة الثانية: يتمتع الاتحاد بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري.

لیژنەی یاسایی پشتگیری پرۆژەكە دەكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باوەڕ ناكەم كەسێك هەبێت لەسەر ئەمە تێبینی هەبێت, شتێكی ڕۆتینیە, دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بكات؟ سوپاس, كێ لەگەڵ نییە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی سێیەم.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

المادة الثالثة: يكون للاتحاد شعار يتكون من علم كوردستان يعلوه ميزان يرمز الى العدالة وسيادة القانون ويكتب تحته باللغة الكوردية (یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان).

لیژنەی یاسایی دەقی ماددەكە تەئیید دەكات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەوە؟ چوار كەس قسەیان هەیە, د.شكریە, كاك غفور, گوڵناز خان, كاك حاتم, فەرموو دكتۆرە شوكریە.

**بەڕێز د. شكريه رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی سێیەمەوە کە دەڵێ دروشمێك بێت لە ئاڵای کوردستان و تەرازوویەك لە بانەوەی بێت, من لەگەڵ ئاڵای کوردستانم, بەڵام ئەو تەرازوویە لەگەل وەزارەتی داد, یاخود لەگەڵ یەکێتی دادپەروەراندا هەردووکی یەك مانا ئەگەیەنێت, ئێمە ئەمڕۆ زەمان زەمانی رموزە, یاخود هێمایە, ئێستا وێنەی پەرلەمان کە چۆن لە سەتەلایتی کوردستاندا یاخود هی کورساتدا کە وێنەی پەرلەمان دادەنرێت, ئەمەی پێشەوە, هەروەها لە خوارەوەش کە بەڕێزتان قسە دەکەن ئەو چاوپێکەوتنە هەبێت, هەر ئەو وێنەیە و ئاڵای کوردستانی لەسەر بێت, سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە وەکو دکتۆرە شوکریە وتی کە جێی وایە, و تەئییدی پێشنیارەکەی دەکەم, لەجیاتی میزانەکە دەکرێت ئێمە شتێکی ترمان هەبێت, هەرچەندە ئێمە لە کوردستان دروشمێکمان نییە پابەند بێت بە کوردستان یاخود بە حکومەتی هەرێمی کوردستان, هەندێ شت هەیە بەڵام بەپێی یاسا رێك نەخراوە لە پەرلەمانی کوردستان, ئێمە دەکرێت دروشمێکمان هەبێت ئەوە بکرێتە رەمز و لەسەر ئەوێش دابنرێت, ئەوە خاڵێك, خاڵی دووەمم کە بەزمانی کوردی بنووسرێ یەکیەتی, یەکیەتی نییە, یەکێتی راستترە (یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان) لەبەر ئەوەی ئەوە دەبێتە یاسا, دەبێ بەگوێرەی یاسا چ نووسراوە ئەو بنووسرێ لەسەر ئاڵاکە, ئەو یەکیەتیە بکرێتە یەکێتی, سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس, من هەمان رای دکتۆرە شوکریەم هەیە, سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رەئییم هەبوو, کە ئەو میزانە بگۆڕدرێت, سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئیی من ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت, چونکە عەدای شعاری هەرێم و عەلەمی هەرێم و شتەکانی تر هی سەندیکا و جەمعیات نابێت بە قانون بێت, ئەمە هەیئەی عام و جەمعیات بۆ خۆیان شعارێك دابنێت, ئینشائەڵڵا هەموو ساڵێکیش بیگۆڕێت, بەڵام ئەگەر هاتوو داخلی قانون بوو دەبێ بە قانون بکرێت, ئەوە قاعیدەیەکی عامە لە قانون عەدای شیعار و عەلەمی وڵات هیچ شتێکی تر بە قانون نابێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی لەسەر ئەو رایەی کاك فرسەت هیچ تێبینییەکی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ مانعمان نییە, وەكو لیژنەی یاسایی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئیقتراحی كاك فرست دەخەمە دەنگەوە, لەبەر ئەوەی لیژنەی قانونی تەئییدی دەكات, كە ئەم شیعارە پێویست ناكات بە قانون بێت, خۆیان بۆ خۆیان شیعار دادەنێن هیچ پێویست بە قانون ناكات, شیعارەكەش لەوانەیە ساڵێكی تر بیگۆڕێت, هەر كۆنفراسێك بكات دەتوانێ بڕیار بدات شیعارەكە بگۆڕێت, قسەكەی كاك فرست زۆر راستە, فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەجیاتی ئەوەی بگوترێت دروشمی یەكێتیەكە بە رێنمایی بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئینجا كە وتمان هەر سەندیكایەك و هەر جەمعیەتێك حەقی خۆیەتی شیعاری هەبێت, خۆی قەرار دەدات, كە وتمان پێویست بە قەرار ناكات دروشمەكە دەتوانێ بگۆڕێت, لەبەر ئەوە من ئەو پێشنیارەی كاك فرست دەخەمە دەنگەوە, زۆر راستە كە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت, كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئیلغا بكرێت, دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بەكۆی دەنگ ئیلغا كرا, ماددەی چوارەم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

ماددەی چوارەم: ئامانجەكانی ئەم یەكێتییە ئەمانەن:

1-كۆشش دەكا, ئەزموونی یاساكاری ورۆشنبیری و زانستیی ئەندامانی یەكێتییەكە, لە خزمەتی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان دا دابنێ.

2-لە ئامادەكردنی لێكۆڵكاری و دیراساتی پێوەندییەكاری پەرلەمانی دا هاوپشك دەبێ.

3-بەهەموو شێوازێكی ئاشتەوایی و دیموكراتی, بۆ پشتگیری و داكۆكی لە مافە ڕەواكانی گەلی كوردستان, كۆشش دەكا.

4-كار بۆ چەسپاندنی فیدرالییەت دەكا.

5-كۆشش بۆ پتەوكردنی پێوەندیی نێوان پەرلەمانی كوردستانی عێراق و, ئەو پەرلەمانتارانەدا دەكات كە گەلی كوردی پارچەكانی دیكەی كوردستان دەنوێنن.

6-بۆ بنیادنانی هاوكارییەكی توندوتۆڵ لەنێوان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانی عێراق و پەرلەمانتارە كوردستانییەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا, كۆشش دەكا.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

المادة الرابعة: یهدف الاتحاد الى ما یلي:

1-العمل على وضع الخبرات التي يمتلكها اعضاء الاتحاد في المجالات التشريعية والثقافية والعلمية في خدمة برلمان وحكومة اقليم كوردستان.

2-الاسهام في اعداد البحوث والدراسات ذات الصلة بالعمل البرلماني.

3-العمل بكافة الوسائل السلمية والديمقراطية من اجل مساندة والدفاع عن الحقوق المشروعة لشعب كوردستان.

4-العمل على ترسيخ الفدالية.

5-العمل على توطيد العلاقة بين برلمان كوردستان العراق والبرلمانيين الذين يمثلون الشعب الكوردي في باقي اجزاء كوردستان.

6-العمل لبناء تعاون وثيق بين اعضاء برلمان كوردستان العراق والبرلمانيين الكوردستانيين في مجلس النواب العراقي.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ با ناوەكان بنووسین, گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی چواردا و خاڵی چوارەم زۆر بە زیادی دەزانم, چەسپاندنی فیدرالی یانی چی, فیدراڵی شتێكە كۆتایی پێ هاتووە, و لە خاڵی پێنجدا هیچ روونی تێدا نییە, ئەگەر بكرێت بە شێوازێكی تر دابڕێژرێتەوە, كە تێكۆشانی بەزەمان لەگەڵ پەرلەمانتارە دیموكراسیخوازەكان یان كارا كردنی پەرلەمان نكوڵی لەگەڵ دەسەڵاتدا ئەكرێت, بەڵام ئەوە هیچی تێدا دیار نییە, بەڵام خاڵی چوار هەر زۆر بەزیاد دەزانم, سوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەتەصوری من لەو ماددەیە تێكەڵیەك هەیە لە بەینی ئەم رێكخراوە و لەبەینی پەرلەمان خۆی, ماددەی شەش بەم شێوەیە دەبێ بێتە گۆڕین یان بڵێین (العمل على التعاون بين اعضاء إتحاد البرلمان الكوردستاني واتحاد برلمان) ئەگەر هەبێت (اتحاد مماثلة) یانیش ئەوە خۆی ئۆتوماتیكیەن بووە, چونكە ئەو ئیتیحادە كۆبوونەوەی هەیە, بارەگای هەیە, كۆنفراسات هەیە, خۆی تەعاون و عیلاقە لەبەینیان دروست دەبێت, ماددەی پێنجەمیش بە هەمان شێوە دێتە رێكخستن, چونكە ئەوە ئیشی لیژنەی عیلاقات و پەرلەمان خۆی رێكخراوێك نییە لەگەڵ پەرلەمان بیكات, ماددەی یەكەم و سێیەم كە دەڵێ (العمل على) لێرە تۆزێك مەتاتیەتێك هەیە, باشترە (العمل على) حەزف بكەین, ماددەیەكی تر ئیزافە بكەین ئەو رێكخراوە چ پێشكەش دەكات بۆ پەرلەمانتارەكان كە دەبنە ئەندامی ئەو رێكخراوەیە, لەسەر ئەساسی موازەنە بێت لەبەینی فەرق و لەبەنی حقوق, ئەوە تەنها واجباتە, ئەی مافەكانی ئەو ئەندامانە چی دەبێت, خەدەماتە, ئیداراتە, نەخۆشیەكە شتێكە, چی دەكات بۆی؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئییدی ڕەئیەکەی گوڵناز خان دەکەم, دیارە خاڵی چوار زیادەیە, چونکە لە ئایندە لەباتی ببێت بە کۆنفیدرالی یان مافی چارەی خۆنووسین, بۆیە ئەو ماددەیە بەڕەئیی من ئیلغا بکرێت باشترە, سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم لەسەر فەقەرەی پێنج هەیە لە ماددەی چوار, کە دەڵێت (العمل على توطيد العلاقة بين برلمان كوردستان العراق والبرلمانيين الذين يمثلون الشعب الكوردي في باقي اجزاء كوردستان)ئایا ئەم عیلاقە بەرێگەی یەکێتی ئەوانەوە دەبێت, یان بەشێوەیەکی تایبەتی دەبێت, بۆ ئەوە حەز دەکەم کە دیار بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی پێنج لە ماددەی چوارەم, کە دەڵێ (کۆشش بۆ پتەوکردنی پێوەندی نێوان پەرلەمانی کوردستان عێراق و, ئەو پەرلەمانتارانەدا دەکات کە گەلی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەنوێنن), ببێتە (کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستانی پارچەکانی تری کوردستان دەکەن) ئەوە خاڵێك, پێشنیار دەکەم دوو خاڵ ئیزافە بکرێت بۆ سەر ئەو ماددەیە, یەکەم, (کردنەوەی خول بۆ بەهێز کردنی پەرلەمانتاران بۆ ڕاهێنان لەسەر ئیش وکار و بەرزکردنەوەی ئاستی کاری پەرلەمانی) و بڕگەی هەشتیش (پەیوەندی گرتن لەگەڵ یەکێتی نێو دەوڵەتی پەرلەمانتاران) چونکە وەك خۆمان باسمان کرد ئەو یاسایە دادەنێین زیاتر بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەوان نزیك ببینەوە, ئێستا هیچ فەقەرەیەکی تێدا نییە بۆ کارکردن لەگەڵ ئەوان, ئەگەر ئەوە ئیزافە بکرێت پەیوەندی گرتن لەگەڵ یەکێتی نێودەوڵەتی پەرلەمانتاران, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی چوارەوە من ناڵێم ئیلغا بکرێت, بەڵام ئەڵێم بگۆڕێت (کارکردن بۆ گەیشتن بە چارەی خۆنووسین) یانی ڕزگاری لە موستەقبەلدا, ئەوە یانی هەدەفێکی دوور مەعنا, بەنسبەت خاڵی پێنجەمەوە من ئیقتراحێکم هەیە ئەڵێم وای لێ بکرێت (کۆشش بۆپتەو کردنی پەیوەندی نێوان پەرلەمانی کوردستانی عێراق و ئەو پەرلەمانتارانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان) یانی تەبیعی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان پەرلەمانتاری تر هەیە کورد نین و لەپارچەکانی تری کوردستان, سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا ئەمەوێ روونكردنەوەیەك بدەم, من مەبەستم ئەوە نەبوو ئەو یەكێتیە نەبێت, مەبەستم ئەوە بوو ئەو یەكێتیە بەبێ ئەو قانونە دەبوو كە بەپێی ئەو قانونەی كە پێشتر لە پەرلەمان دەرچووە, دووش تەئییدی قسەكانی كاك جمال و كاك غەفور دەكەم, كە نوێنەرانی گەلی كورد, نەك گەلی كوردستانی لەبەر ئەو هۆكارانەی خۆیان باسیان كرد, دوو ئەو مەسەلەیەی پتەوكردنی پەیوەندی نێو پەرلەمانتاری كوردستان و پەرلەمانتارانی تر, یانی ئەوە ئیش وكاری پەرلەمان دەكات, دەبێت زیاتر بووترێت پەرلەمانی كوردستان, پتەوكردنی پەیوەندی ئەندامانی ئەو یەكێتیە و پەرلەمانتاری پێش ئەوە دەخەم, و خاڵی شەشەمیش بە هەمان شكل هاتووە بۆ بنیاتنانی هاوكارییەكی توندوتۆڵ لەنێوان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, لەجیاتی ئەندامانی كوردستانی عێراق بكرێتە (ئەندامانی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان), ئەوانی تریش ئەوە برادەران ئیشارەتیان پێدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانین ئێمە واتێ نەگەیشتوون كە تۆ دژی یەكێتیەكەی, بەڵام مەسەلەی ئەو پڕۆژەیە هەبێت یان نا, كاك سردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشێك لە قسەكانی من كراوە لەلایەن خاتوو گوڵناز خان, بەشی دووەم پێشنیاری سێ بڕگە دەكەم, یەكەمیان كە ئەو ئیتیحادە ئەو كارەش بكات كە مەشاریعی قەوانین تەقدیم بكات, خۆم دەزانم مەشاریعی قانون بە دوو رێگە تەقدیم دەكرێت, لەلایەن حكومەت یان دە ئەندام تەوقیعی بكات, بۆیە صیاغەتەكە پێشنیار دەكەم بەم جۆرە بێت (التعاون مع اعضاء المجلس الوطني الكوردستاني لاداء مشاريع القوانين لاغناء و تطبيق قوانين الاقليم), دوو وەكو كاك غفور باسی كرد ئەو یەكێتیە یەكێك لە ئەركەكانی ئەوەیە كە پەیوەندی دروست بكات لەگەڵ یەكێتیەكانی جیهان, بۆیە پێشنیار دەكەم بڕگەیەكی تر ئیزافە بكرێت (العمل على بناء العلاقات مع الاتحادات المماثلة في العالم), سێ وەكو كاك دیلمان باسی كرد دەبێ ئەو یەكێتیە هەندێ شت پێشكەش بكات بە ئەندامەكانی خۆی, یانی داكۆكی كردن لە مافەكانیان, بۆیە پێشنیار دەكەم بڕگەیەكی تر ئیزافە بكرێت (الدفاع عن حقوق اعضاء الاتحاد من كافة النواحي), سوپاس.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیەكەم لەسەر خاڵی پێنجە لە مادده چوار, با نەختێك پەیوەندیەكە فراوانتر بكرێت لە نێوان پەرلەمانی كوردستانی عێراق و ئەو پەرلەمانتارانەی گەلی كوردی پارچەكانی تر, با بڵێین گەلی كوردی پارچەكانی تری كوردستان, هەروەها زیاتریش فراوان بكرێت بۆ ئەوەی خەڵكی كوردستان بۆ نموونە لە پەرلەمانەكانی ئەوروپا خەڵكیان هەیە و ئەندام پەرلەمانن با ئەوانیش بگرێتەوە, خاڵێكی تریش نەختێك ئەم خاڵە لەگەڵ خاڵی سێیەمی مادده پێنجدا یەك دەگرێتەوە, كە دەڵێ ئەو پەرلەمانتارانەی كوردی

پارچەکانی تری کوردستان دەنوێنن دەبنە ئەندامی یەکێتیەکە, ئەو دوو خاڵە لە هەردوو ماددەکە لەیەك دەچێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵێکم هەیە دەربارەی ئەوەی ئێمە لە ئەوروپا ئەندامانی پەرلەمانی کوردمان هەیە, ئەگەر ئێمە خاڵێك ئیزافە بکەین کەوا زیاتر پەیوەندی بکەین بەو ئەندامانەی کەوا لە پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپادا هەیە بەتایبەتی کوردەکان, بۆ ئەوەی زیاتر ئەو پەیوەندییە پتەوبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من بڕگەی شەش لابدرێ, چونکە لە ماددەی پێنجدا لە بڕگەی دوو و سێشدا تیکرار بۆتەوە, کە ئەندامەکانی جەمعیەی وەتەنی بۆیان هەیە عەزوو بن لە جەمعیەکە, چ پێویست دەکات بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان, یان ئەگەر لانەبرێت پێشنیار دەکەم بۆ بنیاتنانی لە بڕگەی شەشدا وای لێ بکرێت, وشەی کوردستان و عێراق وپەرلەمانتارە کوردستانیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق, وشەی کوردستانیەکان بسڕێتەوە, چونکە کوردستانیەکان خۆی تەحصیل حاصلە عەزوو بن لە جەمعیەکە پێویست ناکات بەو توندو تۆڵیەی پەیوندیان بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ماددەی چوار فیعلەن دیارە موناقەشەیەکی زۆر هەڵدەگرێ بە حەقیقەت, وەکو هەمووتان ئاماژەتان پێکرد خاڵی چوارەم موناقەشەی هەڵدەگرێ و مولاحەزەکانتان بەجێیە, جارێ ئەوەلەن فیدرالیەت تەسبیت بووە لە پەرلەمانی کوردستان تەسبیت بووە, لە دەستووری عێراق تەسبیتە, لەبەر ئەوە تەنسیقی فیدراڵیەت وەکو هەدەفێك رەنگە لەجیاتی ئەوەی وەکو کاك فرسەتیش ئاماژەی پێکرد, لەجیاتی باسی ئەوەی بکەین نەفسی سەقافەتی پەرلەمانی دیموکراتی مافی مرۆڤ, ئەوەش یەکێك بوو لەجیاتی ئەوەی باسی فیدراڵیەت بکەین باسی ئەوە بکەین چۆن تەنسیقی رۆشنبیری, دیموکراسی, مافی مرۆڤ بکەین, ئەوە خاڵێکی تر, پێنجەم وشەشەم باس لەوە دەکات (توطید العلاقة بین برلمان کوردستان) خۆی غەڵەتە, پەرلەمانی کوردستان خۆی ئەو تەشکیلە دەدات, ئەوان یەکێتین, یەکێتی پەرلەمانی کوردستانن, ئەوە نووسیویەتی پەرلەمان کوردستان, خاڵی چوارەم و پێنجەم پێویستی بە ئیعادەی صیاغە هەیە, چوارەمیش پێویستی دیسان بە ئیعادەی نەزەر هەیە, پێم وایە ئەو ماددەیە دوا بخەین, عیلاقاتی دەولی باس نەکردووە کە پەیوەندی ئەو یەکێتیە چۆن پەیوەندی دەبێت لەگەڵ یەکێتیەکانی وەکو خۆی لە دونیادا چی دەکات, ئەوەش ئیشارەتی پێ بکرێت, لەگەڵ ئەو مولاحەزانەی تر کە عیلاقەی بە مافی ئەندامانی یەکێتیەکەوە هەیە کە چۆن بیپارێزێ و دیفاعیان لێ بکات, بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو صیاغەیەکی ترمان بدەنێ لەبەر رۆشنایی موداخەلاتی ئێوە و مولاحەزاتی ئێمەش پێم باشە ئەوە

دوابخەین، ئەو ماددەیە دەخەمە تەصویتەوە لەبەر رۆشنایی موناقەشەکانتان، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دوابخرێت دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵ ئەوەدا نییە؟ بە کۆی دەنگ دواخرا، بڕۆ بۆ ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اولاً: يشترط لعضوية الاتحاد ان يكون:

1-من مواطني اقليم كوردستان.

2-عضو عمل او يعمل في احدى دورات المجلس الوطني لكوردستان – العراق بعد انتفاضة سنة 1991 او مجلس النواب العراقي.

3-عضو عمل في الجمعية الوطنية العراقية او يعمل في مجلس النواب العراقي.

ثانياً: يفقد عضو الاتحاد عضويته في الحالات التالية:

1-اذا قدم الاستقالة عن عضويته في الاتحاد وتم قبوله من قبل الهيئة الادارية.

2-حكم عليه بجريمة مخلة بالشرف.

3-اذا فصل من عضوية الاتحاد بقرار من الهيئة العامة لارتكابه اعمالاً تنافي اهداف الاتحاد.

ثالثاً: يكون البرلمانيون الذين يمثلون الكورد في باقي اجزاء كوردستان اعضاء فخريون في الاتحاد.

رابعاً: يكون بدل الاشتراك السنوي للعضو (150000)مائة وخمسين الف دينار عراقي.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: مەرجی ئەندامێتی لەم یەکێتییەدا ئەوەیەکە:

1-هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان بێت.

2-ئەندامی کار، یان لەخولێ لە خولەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراقدا دوای راپوونەکەی ساڵی 1991 یان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کاربکا.

3-ئەندامی کار بێ لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق، یان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کاربکات.

دووەم: ئەندامی یەکێتی، ئەندامییەتی خۆی لەم بارانەی خوارەوە لە دەست دەدات:

1-ئەگەر دەست لە ئەندامێتی خۆی هەڵبگرێ و، دەستەی ئیداری لێی قبووڵ کرد بێ.

2-بەتاوانێکی (جەریمەیەکی) شەرفنەنگێن حوکم بدرێ.

3-ئەگەر لە کارێکی پێچەوانەی ئامانجەکانی یەکێتییەکەوە گلا بێ و، لەسەر ئەوە بە بڕیاری دەستەی گشتی، لە ئەندامێتیی یەکێتییەکە دەرکرابێ.

سێیەم: ئەو پەرلەمانتارانەی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەنوێنن، دەبنە ئەندامی فەخریی یەکێتییەکە.

چوارەم: ئابوونەی ساڵانەی بەشداربوونی ئەندام (150000) سەدو پەنجا هەزار دیناری عێراقییە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**رەئیی لیژنەی یاسایی بەزمانی عەرەبی دەخوێنمەوە.**

**اولاً: يشترط لعضوية الاتحاد ان يكون:**

**1- من مواطني اقليم كوردستان.**

**2- عمل او يعمل في احدى دورات المجلس الوطني لكوردستان – العراق بعد انتفاضة سنة 1991.**

**3-عضواً في مجلس النواب العراقي او كان عضواً في الجمعية الوطنية العراقية بعد سقوط النظام البائد عام 2003 الذين يمثلون شعب كوردستان.**

**ثانياً: يفقد عضو الاتحاد عضويته في الحالات التالية:**

**1- قدم الاستقالة عن عضويته في الاتحاد وتم قبوله من قبل الهيئة الادارية.**

**2-اذا حكم عليه بجريمة مخلة بالشرف.**

**3-اذا فصل من عضوية الاتحاد بقرار من الهيئة العامة لارتكابه اعمالاً تنافي اهداف الاتحاد.**

**ثالثاً: يكون البرلمانيون الذين يمثلون الكورد في باقي اجزاء كوردستان ولهم مواقف قومية مشرفة اعضاء فخريون في الاتحاد.**

**رابعاً: يكون بدل الاشتراك السنوي للعضو (150000)مائة وخمسين الف دينار عراقي.**

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لێرە پرۆژەی ئەصڵی لەگەڵ رەئیی لیژنە قانونی دەستکاری لێ کراوە, (مجلس نواب العراقی) لە بڕگەی دوو لادرایە و لە بڕگەی سێ (الذين يمثلون شعب كوردستان) ئیزافە کراوە, هەروەها لە بڕگەی سێیەم لە مادده پێنج (وله مواقف قومية مشرفة اعضاء فخريون في الاتحاد) ئەوانە ئیزافە کراوە, ئەوانی دیکە وەکو خۆی ماوەتەوە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئێستا لەسەر ئەو ماددەیە کێ قسەی هەیە, با ناوەکان بنووسین, کاك ئاخێر فەرموو.**

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تێبینی من بەنسبەت خاڵی سێیەمینە, کە باسی ئەوە دەکات کە ئەندامانی پەرلەمانی پارچەکانی تری کوردستان کە عەزوو بن لێرە, عەزووی فەخری بن, هەرچەندە لیژنەی یاسایی راستی کردۆتەوە, بەڵام ئێمە نازانین ئەو عەزوو فەخریانە, لەوانەیە لەوێندەر سیستەم لەوێ سیستەمێکی دیموکراسی نییە, لە هەندێ جێگا کە خۆی هەڵدەبژێرێ, ئەکسەریشیان ئێمە دەیانناسین لەسەر ئەندامانی پەرلەمان لە تورکیا کەبەشی زۆریان ئاغاکانیان کردبوونێ, یانیش پیاوی خۆیان کردبوونێ, یان شێخەکانیان کردبوونێ, کە هەر**

کەسێ لە مەعاریفی خۆیان نەبا و بە تەئییدی خۆیان نەبا نەیاندەکردێ, ئینجا ئێمە چۆن ئینسانێك لەوێندەر لەناو کورددا مەلهوف بوو وئێمە بیکەینە عەزوویەکی فەخری, بەو شێوەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من موداخەلەیەك دەکەم, بۆ ئەوەی زۆر موناقەشەی لەوانەیە بگرێتەوە, رەئیەك دەدەم بۆ لابردنی ئەو مەسەلەی فەخریە, یەکەم دەبێ قەبووڵ کردنی ئەندامێکی فەخری دەبێت تەلەبێك هەبێت, رەغبەتێك هەبێت لەوە, دوو موشکیلەی گەورەمان دێتە پێش یەکێکیان ئەو ئەندامیەتیەی ئاماژەی پێکراوە, کێ تەقییمی دەکات کە ئەندامێکی پەرلەمانی پارچەکانی تری کوردستانە, نیشتمانپەروەرە, دووەمیش ئەتۆ ئەو عەزوویەتی ئەندامە فەخریەتەی بدەیتێ, ئەگەر رژێمەکە لەوێ زەغتت لێ بکات, بێیتە سەر تەلەفزیۆن بڵێ من رەفزی ئەو عەزویەتە دەکەم و پرسیشم پێ نەکراوە, لەبەر ئەوە من دەڵێم ئەوە هەر زیادە, ئەگەر کەسێك هەبوو رەغبەتی هەبوو داوای کرد, دوایی بۆی هەیە بیکات, پێم وایە ئەوە زیاد هاتووە, باشترە شەتبی بکەین بۆ ئەوەی موناقەشەی زۆر نەکەین, ئەگەر موافقن بۆ شەتب کردنی, کێ موافیقە کە کەلیمەی (فخریە) لابدرێت, ئەندامیەتی فەخری لابدرێت دەستی بڵند بکات, سوپاس, کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێ؟ بەزۆرینەی دەنگ لادرا, بۆ ئەوەی موناقەشەکانمان تیکرار نەبێت لەسەر ئەو مەوزوعە, کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك ئەوەی دمویست قسەی لەسەر بکەم لادرا, دوو کوردیەکەی زۆر نارێکە, سێیەم کە لە بڕگەی دوو دەڵێ ئەندامی کار, یان لەخولێ لەخولەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق دوای رابوونەکەی ساڵی 1991 , ئەنجومەنی نیشتمانیی خۆی دوای ساڵی 1992 دامەزراوە, پێویست بەوە ناکات, کەواتە یەکەم لە 1992 دامەزراوە, لەپێش ئەوە هیچ جۆرە پەرلەمانێك نەبووە, یانی کە تۆ باس دەکەی لە 1991 پێم وایە شتێکی زیادە, هەر لابدرێ چونکە پەرلەمان خۆی لە 1992 دامەزراوە, دوو ئەوەی باسی دەکەین کە ئەوانەی ئەندامی مەجلیسی نوابی عێراقین لە دوای 2003 تەئکیدی لەسەر بکەنەوە, دوای 2003 کە ئەندام بن تێیدا, لێرە باسی ئابوونە دەکات لە خاڵی چوارەمدا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ نابێت پارەکە دیاری بکرێت, چونکە ئەمڕۆ 150000 رەنگە ساڵێکی تر ئەوە پارەیەکی زۆر کەم بێت, یاخود زۆر زۆر بێت, لەبەر ئەوە نابێت پارە دیاری بکرێت, خۆی لە پەیڕەوی ناوخۆ دیاری دەکات, ئەگەر ماوەش ئەم خاڵە, ئابوونە بدات, ئەو خاڵە دەبێ بێتە پێشەوە, بێتە دوای خاڵی سێیەم, چونکە لێرە ئەندامیەتی لەدەست دەدات, یانی پێش ئەوەی ئەندامیەتی لەدەست بدات ئالوێر لە شوێنەکانیان بکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت دووەم لە ماددەی پێنج, کە ئیشارەتی داوە پاشی ئینتیفازە, لەبەر ئەوەیە کە مەجلیس تەشریعی قانونەن هەمان مەجلیسی وەتەنییە, ئیشارەتی پێ نەدەین لێرە ئەوانیش دەگرێتەوە, مەجلیسی وەتەنی لە بەغدا هەبوو ئەویش دەگرێتەوە, مەجلیسی نواب لێرە هەیە و لەشوێنێکی تریش هاتووە, بەنیسبەت ئابوونەکە راستە تەحدیدی پارەکە ناکرێ, چونکە قابیلی گۆڕینە, ئەگەر ئەو سەدو پەنجایە قیمەتەکەی زیادی کرد یا کەمی کرد, پێویست ناکات لێرە ئاماژەی پێ بکرێت, تەقدیم و تەئخیرەکەی دەکرێت بتوانین بۆ ئەوە بکەین, فەرموو د. رەمەزان.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لە رایەکەم کاك ئارێز باسی کرد, بەڵام ئەوەی کە من دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم یەکەمی ماددەکەیە کە دەڵێ (ان یکون من مواطني اقلیم کوردستان) واتە خەڵکی کوردستان بێت, ئێمە ئەڵێین ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بێت, شەرت نییە لە کوردستان دا بێت, ئەو تەحدید کردنە بەرەئیی من پێویست نییە و لابدرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لیژنەی قانونی هیچ رەئیتان نییە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە رەئیی برادەران کە دەڵێن ئەو ئابوونەیە نەمێنێ, لەبەر ئەوەی قابیلی گۆڕانە, منیش پێم باشە برادەرانی لیژنەی یاسایی لێرەدا خۆیان رەئییان بڵێن کە ئەو فەقەرەیە لەغو بکەین یان نا, یەکە یەکە ئەگەر جەنابتان رازین با رەئییان وەربگرین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی عەفو, لێرە یەکە یەکە ناکرێ بەراستی رەئیی وەربگرین, رەئیەکە ئەگەر زۆرینە بێت عەرزی دەکەین بە عام, ئەوە موقتەرەحی ئەندامێکە دەڵێ ( ان یکون من مواطني ا قلیم کوردستان) نازانم لە جێی چی بنووسرێت, نازانم, کاك رەمەزان تۆ ئەو ئیقتراحەت پێشکەش کرد, فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەڵێین ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان یان پەرلەمانی کوردستان, یان ئەو ئەندامانەی نوێنەرانی عێراق, هەر کەسێك کە بوو بە ئەندام حەقیەتی لێرە ئێمە وەریبگرین, بەڵام ئەو لە بەغدا دانیشتووە و ئێمە چی لێ بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لە بەغدا دانیشتووە خۆ حەقی ناخورێت, ئەگەر وتمان (سكنە كوردستان) ئەو وەختە ئەوە دەگرێتەوە, مواتن کە چووە بەغدا یان چووە ئەوروپا حەقی مواتنەکەی خۆی لێرە لێ ناسێنرێتەوە, ئەگەر مەقصەد ئەوە بێت, ئەوەی لە بەغدا دانیشتووە و ئەو حەقەی لێ نەسەنراوەتەوە, هەر مواتنی كوردستانە, دانیشتنی كوردستان بێت ئەگەر ئەو مانایە دەگرێتەوە, جارێ ئەو مولاحەزەی كاك ئارێز دای لەسەر ئابوونەكە, ئەوە خۆیان دەتوانن تەحدیدی بكەن و قەراری لێ بدەن و هەر ماددەكە نەمێنێ باشترە, فەقەرە چوار لە ماددەی پێنج (یكون بدل الاشتراك) ئەوەندە هەر ئەو فەقەرەیە نەمێنێ, دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە كە لایبدەین ئەوەی كە ئابوونەی تێدا هاتووە, دەستی بڵند بكات تكایە؟ سوپاس, كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرەیە بمێنێت دەستی بڵند بكات؟ فەقەرە نەمێنێ, چونكە ئەوە نیزامێكی داخلی خۆیانە دایدەنێن و كێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێ ئەو فەقەرەیە؟ زۆرینە وتیان كە نەمێنێ و لابدرێ, فەرمووو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سێ خاڵ هەبوون, دوانیان باس كران و چارە كران ئەو ئەندامی فەخری و ئابوونە, خاڵی سێیەمیش سەرنجێكی زمانەوانییە بۆ بەڕێزان ئەندامانی لیژنە, كوردی ئێمە گەلێك دەوڵەمەندە, كە ئەوانە بە مامۆستایەكی كوردی شارەزا بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگەی سێ باسی ئەوە دەكات (عضوا في مجلس النواب العراقي) بكرێتە (عضوا في الجمعية الوطنية) خراپ نییە, شتێك پێش جمعیەی عیراقیە وەتەنیە هەبوو كە پێیان دەوت (المجلس الوطني العراقي المؤقت)یان (الانتقالی) كە ئەعزای مەجلیسی حوكم عەزوو بوون لەوێ سەد كەس بوون كە موئتەمەرێكی سەد نەفەری گیرا حەفتا و پێنج كەس لەگەڵ ئەعزای مەجلیسی حوكم ئیختیار كران لەوە, ئەویش مەشمول بێ, چونكە ئەویش نوێنەرایەتی ئەوە دەكەن, پێشی جەمعیەی وەتەنی عراقی كە موهیمەی دەستووری بوو كە پێشتریش هەبوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە موشكیلەی ئەوەیە كە ئەوانە بە هەڵبژاردن نەبوون, هەمووی ئیختیار بوو بە هەڵبژاردن نەبوو, كەس دەنگی نەدابوو, ئەندامی پەرلەمان دەبێ میللەت دەنگی بۆ بدات, بۆیە نەخراوەتە ئێرە, هەڵبژاردنی گشتی نەبوو, هەزار نەفەر ئختیاری ئەوانەیان كردووە, كاك تارق فەرمووو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بڕگەی دووەم (دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی) (مردن) ئیزافە بکرێت, هەرچەندە ئەوە تەحصیل حاصلە, بەڵام بنووسرێ باشترە, سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ خاڵ بوو یەکێکیان تەواو بوو, ئەوەی دووەمیان لەسەر مەسەلەی زمانەوانی کە زۆر جار یەك لە ئەندامانی پەرلەمان باسی زمانەوانی دەکەن, جەنابتان بە جوملەیەك دەفەرمێن لیژنەکە بۆ خۆی وای دارشتووە ئەوەی زمانەوانی تەرتیب دەکات, بەڵام ئەگەر هەمان لیژنە بێت کە ئەوەی تەرجومە کردووە, یانی هەمان  دەستەواژەیە و هەمان رستە تەرتیب دەکات, بەراستی ئێمە کۆمەڵێك ئیختیصاصمان لە زمانی کوردی هەیە زۆر کەلیمات هەیە هەر نەمان بیستووە, پێم وایە مولاحەزەیەك بنووسرێ کە لیژنە دەستکاری بکات و پێداچوونەوەیەك لە دارشتنە کوردیەکەی بکات, ئەگینا بەراستی بۆ پەرلەمانی کوردستان جێگەی نەزەرە کە ئەو جۆرە دارشتنانە لەزمانی کوردی هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیعترازێکم هەیە لە زماندا نەك پەرلەمان هەمووومان موشکیلەمان هەیە, کاك دکتۆر نوری لێرە نییە, پرۆژەی دەستوور خۆی تەرجومەی کردووە, ئیعتیرازی لەسەر هەندێ تەعدیلات کردووە, دوایی دەڵێ پرۆژەکە دەبێ بە کوردی بنووسرێت, چوار کەسمان دانا بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن, هەر ئیعتیراز هەبوو لەسەر چوارەکە, ئەوە باش نییە ئەوە هەیە, بڕۆنە سەر ئەنتەرنێت کەسیان رازی نین لەسەر کوردیەکەی ئەوی تر, یانی ئەوە موشکیلەیەکە بۆ هەمووومان, کۆڕی زانیاری حەقە ئەو موشکیلەیەمان بۆ حەل بکات و ئینشائەڵڵا پێدادەچنەوە, بەڵام هەریەکە لە ئێوە لەم بوارە هەرکەسە خۆی بەراستتر دەزانێت لەوی تر, شەش زمانەوانی بێنن کە ئیتیفاق بکەن و بۆ ئەوەی ئێمەش بڵێین دەستتان خۆش, چی بکەین لیژنەی قانونی بۆتان دەکات, هەر ئیعتیراز دەکات, خەبیر دێنین بۆتان دەکات هەر ئیعتیراز دەگرن, خەریجی کولیەی زمانی کوردی نە ئەوان گەرەکن, نەئەوەی خۆی فێری کوردی بوونە, نە ئەوانەی لە ئەوروپا خەبیری کوردین و کوردیەکەی زیاتر رەسەن بووە, بەراستی موحەیرین, تا دەگەینە ئەو حەلە ئەو سیڕی عەمەلە هەر مەوجودە, من بەشبەحاڵی خۆم گوێ نادەمە ئەوە بەراستی, کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە تێبینیەکانم هەمووی وترا, بەڵام دوو شت تەئکید دەکەمەوە, یەك مەسەلەی زمانەوانی بەوە نییە کە لەهجەکان جیاوازن و ئەوانە, یانی هەر کەلیمە لەو یاسایانە دروستێك هەیە, یانی لە زمانی کوردی ئەگەر بگەڕێی لەهیچ هینێك نییە, یانی هەر کەلیمەیەك دروستێك هەیە ئەوەی دەیگۆڕی بە میزاجی خۆی دروستی دەکات, یانی کەمێك لەو بڕگانەی کە دەیخوێنیتەوە هەر ماناکەی تێی ناگەی, دووەم

ئەو تێبینیەی کەدووبارەی دەکەمەوە ئەوەی دکتۆر رەمەزان, هەرچەندە جەنابت جوابت دایەوە, بەڵام من پێم وانییە هاووڵاتی هەرێمی کوردستان, ئەوەی بەغداش هەر هاووڵاتی هەرێمی کوردستانە, چونکە زۆر کورد هەیە لە بەغدا باوو باپیری لە بەغدا ژیاوە و لەوێ لەدایك بووە, یانی ئەوە بەهیچ شێوەیەك نابێتە هاووڵاتی هەرێمی کوردستان, لەکاتێکدا تۆ لە پارچەکانی دیکە حەقت داوەتێ ئەندام بێت, بەڵام بەپێی ئەو یاسایە ئەوەی کە ئەندامی پەرلەمانی عێراقە و کوردی بەغدایە, نابێتە ئەندام لەو یەکێتیە و ئەگەر رەبتێکیش هەبێت لەبەینی یەك و دوو وسێدا ئەوەی ئەیخوێنێتەوە وا هەست دەکات, هەموو هاووڵاتیەك بۆی هەیە ببێت بە ئەندام, هەموو هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردستان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان شروتی ئەندامیەتی دیاری کردووە, ئەوانەن کە ئەندامی پەرلەمان بوونە لێرە و لە بەغدا, ئەوانەی تەحدید کردووە, دوایی دەڵێ هاووڵاتی کوردستان بێت, جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە, هاووڵاتی شەرت نییە کە نیشتەجێی ئەو شوێنە بێت, دکتۆر جەمال نەبەز چەند ساڵە لە خاریجە دەتوانی بڵێی هاووڵاتی کوردستان نییە, دکتۆر کەمال مزهەر ئەوەندە ساڵە لە بەغدایە دەتوانی بڵێی هاووڵاتی کوردستان نییە, ناتوانی, بەڵام دەتوانی بڵێی دانیشتووی کوردستان نییە, ئەگەر بیگوتبایە دانیشتووی ئەو هینەی کاك رەمەزان ئەوەی دەگرێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کورد هەیە لە بەغدا فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە لە کوردستان کۆچی کردووە بۆ ئەوروپا, یانی ئەوەی لە بەغدایە لە چەندەوە لە باب وباپیرەوە لە بەغدایە, بۆ نموونە کوردە فەیلیەکان ئەوانە دانیشتوو و هاووڵاتی بەغدان, راستە کوردن, بەڵام لە ئەزەلەوە لە بەغدا بوونە و لە بەغدا ژیاون و لەبەغدا لەدایك بوون, فەرقی هەیە لەگەڵ هاووڵاتیەك لە سلێمانی, یان لە هەولێر, یان لە کەرکووك سەفەر دەکات بۆ ئەوروپا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە فەرقەکە ئەوەیە من هاووڵاتی فەیلیش بە هاووڵاتی کوردستان دەزانم راستیەکەی, ئێمە نەمانوتوە هاووڵاتی هەولێر یان سلێمانی, ئێمە باسی کوردستان دەکەین, ئەوانیش دەگرێتەوە, هەموو فەیلیەکان هاووڵاتی کوردستانن, بەڵام لەبەغدا لەدایك بوونە, کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی هاووڵاتی کوردستان دەبینی ناتوانێ نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکات, نە لەپەرلەمانی کوردستان و نە لە پەرلەمانی عێراق, دەبێ هاووڵاتی کوردستان بێت, ئەوسا دەبێتە نوێنەری کوردستان, بۆیە ئەو مەرجەی لێرە هاتووە زۆر ئاساییە و یاسایشە, سوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكەم لەسەر بڕگەی سێ و چوارە, بەڵام برادەران باسیان كرد, سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە زۆر درێژەی پێ نەدەم, بۆ ئەوەی كە فەقەرەی یەكەم(من مواطني اقليم كوردستان) بێ ئەندام, ئەگەر بێینە سەر فەقەرە دوو, خۆی ئەساسە ئەگەر لە قانونی ئیتیحادی پەرلەمانی یانی خاصە بە پەرلەمانتار, كە خاص بە پەرلەمانتار لە فەقەرە دوو زۆر بە بەدیهیانە حەلی كردووە دەڵێ (عمل او ان يعمل) لە پەرلەمان بێت یان لە مەجلیسی نوابی عێراقی بێت, لەبەر ئەوە پێم وایە ئەو (مواطني كوردستان) هەر زیادەیە هیچ پێویست ناكات, بە نیسبەت رەقەم یەكی فەقەرە دوو, لەگەڵ رەقەم سێ, باس لە ئیستیقالە و فەصل دەكات, ئیستیقالەی داوە دەست هەیئەی ئیدارە, فەصلی داوەتە دەست هەیئەی عامە, بە هەردوو بارەگا عەزوویەت دانێ, چ فەصل بێت, چ ئیستیقالە بێت, لە هەیئەی ئیدارە باس لەسەر ئەوە نەكراوە, لە قانونەكە هەر باس نەكراوە, ئیدارە چەند ئەندامە, عەدا ماددەی دە نەبێت باس لە رەئیس و نائیب رەئیس و مەسئول مالیە دەكات, لێرەدا فەصلەكەی داوەتە دەست هەیئەی عامە, هەیئەی عامە یانی هەموو ئەعزای پەرلەمانەكە, هەموو ئەعزای یەكێتیەكە, كە هەموو ئەعزای یەكێتیەكە بێت, مەفروزە بەرای من نیسبەتێك تەحدید بكرێت لەوێ, ئایا بە ئەكسەریەت بێت, بە ئەقەلیەت بێت, بەنیسبەتی كیلەف بێت, روبع بێت, باشتر ئیستیقالە و فەصلەكە مادام بە هەردوو بارەگا عەزوویەت دابنرێ ببێتە یەك, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, موناقەشەكان تەواو, فەرموو كاك خلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(مواطن) كەلیمەیەكی قانونی موحەددەدە, شروت و حقوقی خۆی هەیە, لە ئینتیخابات و موشارەكەی ئینتیخابات, چ وەكو ناخب و چ وەكو مورەشەح, لێرە (من مواطني كوردستان) تا ئێستا وابزانم فەراغێكی قانونیشمان هەیە و نەمانگوتوە مواتن لە كوردستان كێیە, چونكە حقوق و واجباتی هەیە, تەئسیر لەسەر عەمەلیەی سیاسی دەكات, لە ناو حدودی كوردستان, ئێمە ناتوانین هەر كوردێك لە هەر شوێنێك, مادام كوردە بڵێین مواتنی كوردستانە قانونیە, هەتا لە پرۆژەی دەستووری كوردستانمان گوتووە بەنیزامێك یان بە قانونێك تەحدید ئەكرێت لە ماددەیەك لە ماددەكان, ئینجا لێرە ئەو سەغرە هەیە من مواطني كوردستان شتێكی تر, راستە لە بڕگەی سێوە چارەسەر كراوە, بەڵام تا نەبێتە مانع نەبێتە تەناقوضیك بڵێین ( او من يمثله) ( من مواطني كوردستان او من يمثل اقليم كوردستان) لە كێ سەكەنەی كوردستان بێت, یان كوردستان نەبێت, بەس ئێمە ناتوانین هەر كوردێك لە عێراق, یان لە موصڵ یان لە خاریجی

ئیدارەی ئیقلیم بڵێین مواتنی ئیقلیمی کوردستان, چونکە حقوق و واجباتی ئینتیخابی و تەرشیحی هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرەئی من نابێت (او من یمثله), چونکە ئەوە ئەندامی پەرلەمان نییە, ئتیحادی ئەندام پەرلەمانییە, یانی موتەقاعیدە, بەڵام ناشکرێت لایبەین لێرە, لەبەر ئەوەی لە نوقتەی سێیەمدا هاتووە, (عضو عمل في الجمعية الوطنية العراقية) ئەگەر ئەوەی لێرە لاببەین, یانی هەموو عارەبەکانیش و پێکهاتەکانی جەمعیەی وەتەنی عێراقیش دەگرێتەوە, ئەگەر فەقەرەی یەك لاببەین (من مواطني كوردستان) مانای سێیەمەکەش لابدەین, ئەگەر لاینەدەین مانای وایە هەموو ئەندامانی جەمعیەی وەتەنی عێراقی تەمسیلی ئەندام دەبن لەوە, بۆیە مانەوەی (من مواطني كوردستان) زۆر گرنگە, مادام لە پرۆژەی دەستووریش هاتووە بە قانون دیاری دەکرێت, ئەو وەختە دیاری کرا لەسەر ئێرەش تەتبیق دەبێ, مواصەفاتەکەی موشکیلەیەك نابێت, نوقتەی نیزام, کاك شێردل فەرموو.

**بەڕێز شێردل عبدالله حویزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەندامانی پەرلەمانی هەموو لەسەر لیستی حزبی دێنە پەرلەمان, یانی نیزامەکەش دەوری نییە, باشە کوردێك کە داخلی حزبێك بێت لەو حزبە کوردستانیانە, خەڵکی عەمارە بێت, کە دەزانین عەمارە کوردی لێیە, وەکو کوێستان خان وتی, بەسەدان کورد هەیە لە کوردستان نییە, خۆی لە کوردستان دەڕوات, یانی هیجرەتیشی نەکردووە, کە وتی هەیە کێ دەتوانێ بڵێ فەیلی بەغدایینە, باشە کە حزبەکە تەرشیحی کرد هێنای, مانای وەکو هاووڵاتی کوردستان نەبووە, لەبەر ئەوە تەئییدی ئەو برادەرە دەکەم کە وتی تەمسیلی بکات, شتێکی ببینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانن چۆنە برادەران, یانی خۆی بە قانون دەردەچێت, کاك محمد چت هەیە قسە زۆر کرا, ئەگەر شتێکت هەیە وەکو نوقتەی نیزام موناقەشە زۆر کرا, ئەو مواتنە مادام لە پرۆژەی دەستووریش هاتووە بە قانون دەردەچێت, کێیە مواتن, هیچ کێشەمان نییە, کە تەحدید کرا لەسەر ئێرەش تەتبیق دەبێت, بەڵام لێرە ئەگەر نەنووسرێ مانای وایە تۆ هەموو ئەندامانی جەمعیە وەکو ئیعادەی دەکەمەوە قسەکەم, جەمعیەی وەتەنی عێراقی هەموویان دەبنە ئەندام لەو یەکێتیە, هەموو مەجلیسی نوابی عێراقی دەبنە ئەندام لەو یەکێتیە, ئەگەر نەڵێی من مواتنی کوردستان, ئێمە ئێستا لێرە هەمانە, لەبەغدادا هەمانە فەیلیە, بێجگە لەوەی ئەوە دەیگرێتەوە ئەگەر ئەوە نەنووسی, ئەو وەختی عارەبەکانی تریش شیعە دەگرێتەوە, خەڵکی بەصرە دەگرێتەوە, خەڵکی نەجەف دەگرێتەوە, ئەگەر نەنووسی من مواتنی کوردستان, بۆیە من پێم وایە یەکەم دەمێنێ من مواطني كوردستان, دووەم ئەو ئیقتراحەی لیژنەی قانونی کە مەجلیس نوابەکە لێرە

شەتب بکەین, چونکە لەشوێنێکی تر هاتووە, ئەو ئیقتراحەی کە هات ئیزافەی ئەگەر مرد فەقدی عەزوویەت دەکات, سێیەم وچوارەمیش ئیلغا کران, بۆیە داوا دەکەم بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

اولاً: يشترط لعضوية الاتحاد ان يكون:

1-من مواطني اقليم كوردستان.

2-عمل او يعمل في احدى دورات المجلس الوطني لكوردستان – العراق بعد انتفاضة سنة 1991.

3-عضواً في مجلس النواب العراقي او كان عضواً في الجمعية الوطنية العراقية بعد سقوط النظام البائد عام 2003 الذين يمثلون شعب كوردستان.

ثانياً: يفقد عضو الاتحاد عضويته في الحالات التالية:

1-اذا قدم الاستقالة عن عضويته في الاتحاد وتم قبوله من قبل الهيئة الادارية.

2-اذا حكم عليه بجريمة مخلة بالشرف.

3-اذا فصل من عضوية الاتحاد بقرار من الهيئة العامة لارتكابه اعمالاً تنافي اهداف الاتحاد.

4-وفاة العضو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کوردیەکەش بخوێننەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: مەرجی ئەندامێتی لەم یەکێتییەدا ئەوەیەکە:

1-هاوولاتیی هەرێمی کوردستان بێت.

2-ئەندامی کار, یان لەخولێ لە خولەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراقدا دوای رابوونەکەی ساڵی 1991.

3-ئەندامی کار بێ لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق, یان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کاربکات, یان لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق ئەندام بووبێت, دوای رووخانی رژێمی لەناوچوو ساڵی 2003 ئەوانەی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکەن.

دووەم: ئەندامی یەکێتی, ئەندامییەتی خۆی لەم بارانەی خوارەوە لە دەست دەدات:

1-ئەگەر دەست لە ئەندامێتی خۆی هەڵبگرێ و, دەستەی ئیداری لێی قبووڵ کرد بێ.

2-بەتاوانێکی (جەریمەیەکی) شەرفنەنگێن حوکم درابێ.

3-ئەگەر لە کارێکی پێچەوانەی ئامانجەکانی یەکێتییەکەوە گلا بێ و, لەسەر ئەوە بە بڕیاری دەستەی گشتی, لە ئەندامێتیی یەکێتییەکە دەرکرابێ.

4-کۆچی دوایی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان, لەبەر ئەوەی چەند برادەرێك لەسەر هاووڵاتیەکە موناقەشە کرا, دوایی نەڵێن وەڵڵاهی سەرۆکایەتی فەرزی رەئیی خۆی دەکات, بە عەرەبیەکەی دەڵێ (من مواطني اقليم کوردستان او مثل الاقليم في البرلمانات المشمولة بهذا القانون) ئەوە باشە ئێستا, ئەگەر کەس نوقتەی نیزامی نییە, فەرمووو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت, بیکەینە هاووڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق بێت, چونکە من کاتی خۆی ئەندام بووم لە یەکێتی ئەندازیارانی بەغدا, باشە ئەگەر ئەندام پەرلەمانێکی عەرەبیش بێ و ببێتە ئەندام, یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان حەقە بەخێرهاتنی لێ بکەین, هەر پەرلەمانتارێك مەسەلەن کە بیەوێ ببێتە ئەندام لێرە, یانی بۆچی نەیەت, نازانم زەرەرەکەی چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نەبوو, من ئەوەی دەخەمە دەنگەوە, دەی کاك سەردار بزانم چییە, فەرمووو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزامی نییە, بەڵام لەسەر ئەو صیاغە نوێیەیە کە دەڵێ ( او یمثل البرلمان) یانی واتە ئەندام پەرلەمان نەبێت, ئەگەر بڵێی ( من اعضاء البرلمان الذين يمثلون البرلمان) یانی دەکرێ خەڵکی تریش تەمسیلی بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو جوملەمان بۆیە ئیزافە کرد, مولاحەزەیەك هات وتی رەبتی دەکات بەینی مواتن و موقیم, یان ساکن, لای من وازحە, بەڵام لای هەندێ برادەر وازح نییە, بۆیە ئەو ئیزافەیەمان کرد, ئەگەر نا ئەو ئیزافەیە بەرەئیی خۆم زیادە, بەتێگەیشتنی من کەلیمەی (مواطن) زیادە, بەس بۆ قەناعەت و بۆ ئەوەی ئەو رەئیانەی کە دران لێرە ئەو تەئکیدەمان ئیزافە کرد لەسەری, ئەگەر نا موجەرەد (ان يكون من مواطني اقليم) پڕ بەپێستی خۆی بوو, بەس بۆ ئەوەی بەتایبەتی مەسەلەی فەیلی و ئەوانە ئەو جوملەمان ئیزافە کرد, (او من مثل الاقليم في البرلمانات المشمولة بهذا القانون) یانی مەسەلەن ئەندامێکی پەرلەمان دێت لێرە فەیلیە, مواتنی کوردستان نییە مواتنی بەغدایە, بەپێی ئەو موستەلەحە ئەو جوملەیەی دووەم تەفسیر دەکات, بۆیە ئەگەر نوقتەی نیزام نییە, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵیەتی تکایە دەستی بڵند بکات؟

سوپاس, كێ لەگەڵی نییە؟ كاك سەردار لەگەڵی نییە, و كاك محمدیش, كەواتە بەزۆرینە وەرگیرا, تەواو بوو بەس قەیناكە تەوزیح بدە.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی هەرچەندە باسی زمانەوانی كرا لەلایەن برادەران, بەس بەراستی ئێستا منیش تەقریبەن تەخصوصەم زمانی كوردیە, بەلأم كەلیمەیەك هاتووە لێرە, یانی بەراستی شتێكی ناشرینە لەپەرلەمان شتێكی وا دەربچێت, لەباتی موخیلە بالشرەف (شەرەفنگێن) نووسراوە, شەرەفنگێن كەلیمەی (نگێن) دیارە نازانن مانای چییە, شێخ رەزای تاڵەبانی لە شیعرەكەی دەڵێ (مەربوتە حەیاتم بە سلێمانی و خاكی) هەتا ئاخیری دەڵێ (شعرت تەرەبەنگێنە رەزا شاعیری چاكی) (تەرەبەنگێن) یانی ئەوەی بلأوی دەكاتەوە, یانی لێرە ئەوە بە پێچەوانەی ماناكەیەتی یانی ئەوەی شەرەف بلأودەكاتەوە, ئەوەش لە ئەدەبی كوردیش بەكارهاتووە ناكرێ یانی زگم بە خۆم و بە پەرلەمان دەسووتێ وابڕوات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاست دەكەین, من هەندێ جار ئیجازە بەخۆم دەدەم و شتی عەرەبی چاك دەكەمەوە, بەلأم تۆش توركمانی شتی كوردی چاك بكەیتەوە زۆر سوپاست دەكەین, هەرچی زمانەوانی بێت, من موناقەشەی ناكەم پێم وایە راستە, پێم وایە عەكسە, لەبەر ئەوەی ئیتیفاقی لەسەر نییە, بەداخەوە, بڕۆ بۆ ماددەی شەش.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەشی سێیەم**

**دەستەی گشتی**

ماددەی شەشەم: دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانە پێك دێ كە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێ گەیاندووە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل الثالث**

**الهیئة العامة**

المادة السادسة: تتكون الهیئة العامة من كافة الاعضاء الذین اوفوا بالتزاماتهم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوە شتێكی رۆتینیە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بكات؟ سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە؟ كاك سردار لەگەڵ نییە, كەواتە بەزۆرینە وەرگیرا. ماددەی تر.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: دەستەی گشتی، ساڵانە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی ئیداریی یەكێتی كۆدەبێتەوەو، بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆو، بەزۆرینەی ئامادەبووان، حەوت ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەگ بۆ دەستەكە هەڵدەبژێرێ.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

المادة السابعة: تجتمع الهيئة العامة سنوياً لانتخاب الهيئة الادارية للاتحاد بالاقتراع السري المباشر باغلبية الحاضرين من سبعة اعضاء اصليين وعضوين احتياط.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟ فەرموو تاڤگە خان.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە دەنگمان دا بە ماددەی شەش و هەمووی لەگەڵین، بەڵام من پێم وایە ئەگەر یەكێتی كۆنگرەی خۆی بكات، هیچ ئیشی بۆ نامێنێتەوە، یانی هەموو شتەكانمان بۆ داڕشتووە، ئەو ئەندامانەی كە ئێستا لێرە حازرین، ئەوانەی كە پێش ئێمە ئەندام بوون، یان ئەوانەی مەجلیسی نواب هیچ ئیشیان نامێنێ و دێنە سەر حازری، یانی ڕەئیی ئەوانمان هیچ وەرنەگرتووە، بۆیە من پێم وایە لەدوای ئەوە هەڵبژاردن و كۆبوونەوە و ئەركەكانی دەستەی گشتی بە پەیڕەو وپرۆگرامی ناوخۆ دیاری بكرێت، یانی بۆ ئەوەی ئیش بۆ ئەوان بهێڵینەوە، ئەو هەڵبژاردن و شتانە لێرە دیاری نەكەین، بەڵكو بۆ كۆنگرە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانە هەمووی لەوێ تەتبیق بكرێت بە پێی پەیڕەو وپرۆگرامێك بۆ خۆیان دایبنێن، سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ماددەی حەوت لەگەڵ ماددەی نۆ ئەبێ یەك بخرێت، چونكە لەماددەی حەوت دەڵێ دەستەی گشتی ساڵانە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی ئیداری كۆدەبێتەوە، باشە ئەی ئەوەی ماددەی نۆ كەی ئەركی دەستەی گشتییە؟ ئیقراری میزانیە و لەسەر ئیش وكارو ئەمانە، ئەوەش هەردەبێ لەو كۆبوونەوە ساڵانە بكرێت، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەبێت یەك بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی ئەمە موقتەرەحێكی بەجێیە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مانعمان نییە، هەردوو ماددە دەمج بكرێن، سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەی ساڵەك زۆرزۆر کەمە, بلئەخەص تەشکیلی تازەیە, تەئسیسی تازەیە بەلایەنی کەمەوە ماوەی دووساڵ جارەك, ئەو ئینتیخابە بکرێ باشە, چونکە ساڵەك هیچ نیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان رەئیی پەخشان خان و لێژنەی قانونیم هەیە, کە هەردوو مادده دەمج بکرێ, بەلاَم لەماددەی نۆدا کە دەڵێ (مناقشة اعمال الهيئة الادارية) لەجیاتی ببێتە (مناقشة التقرير الاجازة السنوی) سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم نابێ لەگەڵ ماددەی نۆدا نابێ دەمج بکرێ, چونکە ماددەی حەوتەم دروستکردنی دەستگای گشتیە, ئەوەکانی تر ئەرکە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێ ئەوە ئیقتراحە نوقتەی نیزام نیە, نوقتەی نیزام نیە, داوای قسە بکە ئینجا بڵێ, فەرموو دکتۆر دلێر.

**بەڕێز د0دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ڕاو بۆچوونەکانی پەخشان خان و کاك دیلمانم, جگەلەوە پێم وایە هەموو ساڵێك ئەو دەستەی بالأیە هەڵبژێردرێ, ئیداریەکە کەم بێت ئەگەر تۆزێ مەجالی بدرێت بۆ ئەوەی زیاتر ئیش بکات باشترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار رەئیی خۆت بڵێ, نوقتەی نیزام نیە, رەئیە.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم دروستکردنی دەستەی گشتیە, بەس ماددەی نۆیەم ئەرکەکانی دەستەی گشتیيە, لەبەرئەوە نابێ دەمج بکرێ, تا دەستەی گشتی دەمج نەکرێ, چۆن دەتوانێ دەستەی گشتی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەیئەی گشتی دروست کرایە, ئەو ئەندامانن, کە مەرجی ئەنداماتیان تێدا متەوەفرە, ژمارەکەیان کۆکردۆتەوە, بوونەتە ئەندام, ئەوە هیئەی گشتیيە, کە کۆدەبێتەوە تەنیا کۆبوونەوەکەی بۆ هەڵبژاردن نیە, بۆ ئەوەیە کە مناقشەی دەقی ڕاپۆرتەکان بکا, ئیقراری نیزامەکان بکا, تەماشای کاروباری یەکێتی بکا,

پەیوەندیەکانیان, لەبەرئەوە زۆر راستە ئەو دوو ماددەیە بکرێتە یەك ماددە, ئەرکی کۆنفراسەکەیە, ماوەکەی ساڵێکەو هەندێ ملاَحەزە کرا کەماوەکەی کەمە, ببێتە دووساڵ فیعلەن واشە, ساڵێك بێزار دەبێ خۆت حازر بکەی بۆ ئامادەکردنی کۆنفراس دوومانگ حازر کردنی دەوێ, ئەو ئیقتراحە پەسەندە ئەگەر بکرێتە دووساڵ جارێك, کەواتە دوو مقترح هەیە, یەکێکیان ماددەی حەوتە تەعدیلی لەسەرە کە ساڵەکە بکرێتە دووساڵ, کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێتە دووساڵ دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ نیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ئیقتراحێکی تریش هەیە, ماددەی حەوت بەتەعدیلەوە دەمج بکرێ لەگەڵ ماددەی نۆ, لەماددەی نۆ با موناقەشەی لەسەر بکەین, ئینجا دەمجەکە بخەینە دەنگدانەوە, هیچ موناقەشەی تر هەیە, برۆ سەر ماددەی هەشت, با ماددەی هەشت تەواو بکەین, ئینجا ماددەی نۆ لەگەڵ ماددەی حەوتدا ئەو کاتی قەرار ئەدەین.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشت: دەستەی گشتی, لەیەکێ لەم بارانەی خوارەوەدا, کۆبوونەوەیەکی نائاسایی سازدەدا:

1-بە بڕیاری دەستەی ئیداری.

2-کە (سێیەکی) ئەندامانی دەستەی گشتی, داواکارییەك بدەنە دەستەی ئیداری.

3-بابەتی کۆبوونەوەکە دیاری دەکرێ و, ناشێ لەبەرنامەی دیاری کراوەکەی بترازێ.

4-بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی دەستەی گشتی (نیصابی) یاسایی دێتەجێ.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: تجتمع الهيئة العامة اجتماعا استثنائيا في احدى الحالات الاتية:

1-بقرار من الهيئة الادارية.

2-بطلب يقدم الى الهيئة الادارية من قبل 3/1 اعضاء الهيئة العامة.

3-يحدد الموضوع المطلوب الاجتماع من اجلة ولا يجوز الخروج عن المنهاج المحدد له.

4-يعتبر النصاب حاصلا بحضور أكثرية اعضاء الهيئة العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوای ئەوە کاك فرست ملاحەزەیەکی باشی هەیە, دەڵێ سێیەم و چوارەم زیادە لەبەرئەوە حاڵەتی هەیە, لەبەرئەوە هەر شتێ سەر بە هەیئەی ئیداریە لەدوو حاڵەتدا قەراری هەیئەی ئیداری یەکەمە یان 3/1 ئەندامانی هەیئە داوا بکەن, لێرە ئەمە حاڵەتەکانی دیاری دەکا ئەم مەوزوعەکە دیاری بکرێ مانای ئەوەیە ئەو حاڵەتانەی نیە, چوارەمیش پێویست ناکا هەبێ, ئەگەر کەس موناقەشەی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە فەقەرە چوار نیصاب حاصل ئەکا بە ئەکسەریەی ئەعزا, ئەی ئەگەر ئەو ئەکسەریەتە حازر نەبوو, ئەو ئیجتماعە چی بەسەر دێت, ئەگەر شتێك روویدا, بەلاّم ئەکسەریەیی ئەعزا حازر نەبوو چی دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە ئەکسەریەت حازر نەبوو ئیجتماع ناکرێ, ئێمە ئەگەر لێرە ئەکسەریەت حازرنەبوو ئیجتماعمان پێئەکرێ؟ ئەویش هەمان شتە, هەتا ئیستسنائیش, کۆبوونەوەی ئیستسنائی ئەگەر ئەکسەریەتی حازر نەبێ شەرعیەتی نابێ ئیجتماعی بکا, کاك پیر خدر.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەش قسە کراو تصویت کرا, ماددەی حەوت و هەشت و نە و دە تێکەلاّوی هەیە, لەگەل دەستەی گشتی و دەستەی بەڕێوەبەر, دەستەی گشتی بەرزترین دەسەلاّتە وەکو جەنابتان دەزانن, باسی وی دکەین باسی ئەرکەکانی, ئەرکەکانی, ناتوانین بدەینە دەستەی بەڕێوەبەر, کە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەنجامدانی هەلّبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەرە, ئینجا دێینە سەر معاملی دەستەی بەڕێوەبەریش, سیستەمی جەمعیە, پیڕەو و پڕۆگرامی جەمعیات هەمووی وایە, دەستەی بەڕێوەبەری گشتی یەکێك لە ئەرکەکانی ئەنجامدانی هەلّبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەرە ئینجا ئەرکەکانی دەستەی بەڕێوەبەر, سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەل ڕەئیی خوشکە تاڤگەم تفصیلێکی زۆری تێدایە, هەرچەندە شتێك بلّی لە موئتمەر, بەلاّم من پێم وایە بڕگەی سێ بمێنێ باشترە, چونکە ئیجتماعاتی ئیعتیادی هەیە و ئیجتماعاتی ئیستسنائیش هەیە, عادەتن ئیجتماعاتی ئیستیسنائی باسی ئەو موزوعەیە, ئەوەی تەلب کرایە, یەعنی پێویستە بمێنێ, مەسەلەن لەجەمعیەی عامەی ئومم موتەحیدە, لە پیڕەو و پڕۆگرامی ئەوان, هەمووی جیاکرایە, ئەگەر ئیجتماعاتی ئیستیسنائی بێ نابێ لەو موزوعە دەربچێ, ئەوەی تەلەبی ئیجتماعەکەی لەسەر کرایە, جا پێویستە بمێنێ, سوپاس.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی قسەکەی کاك فرست دەکەم,

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی ئەو ملاحەزانەی درا لەسەر بڕگەی سێ, لێژنەی قانونی ڕەئیەکی هەیە بابیخوێنێتەوە,

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەربارەت بەماددەی هەشتەم, لەبەرئەوەی بڕگەی یەك و دوو حاڵەتەكانی دیاری كردووە, و بڕگەی سێ و چواریش لە زیمنی حاڵەتەكان دا نیە, چونكە بە پێویستمان زانی یاخود بە پەسند زانرا, كە ماددەی هەشت بكەینە دوو بڕگە, بڕگەی یەكەم:

اولا: تجتمع الهيئة العامة اجتماعا استثنائيا في احدى الحالات الاتية:

1-بقرار من الهيئة الادارية.

2-بطلب يقدم الى الهيئة الادارية من قبل 3/1 اعضاء الهيئة العامة.

ثانيا: يشترط فى تحقيق الحالات الاعلى:

1-يحدد الموضوع المطلوب الاجتماع من اجلة ولا يجوز الخروج عن المنهاج المحدد له.

2-يعتبر النصاب حاصلا بحضور أكثرية اعضاء الهيئة العامة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن ئەوە پێشنیارە دەبێ ئەمن بەرزی كەمەوە, وە پێشنیارێكی ئێستای لێژنەی قانونیە, (تجتمع الهيئة العامة اجتماعا استثنائيا في احدى الحالات الاتية) ئەوا یەكەم و دووەم دەبێتە ئەوەلەن, دووەم (يحدد الموضوع المطلوب الاجتماع من اجلة ولا يجوز الخروج عن المنهاج المحدد له. يعتبر النصاب حاصلا بحضور أكثرية اعضاء الهيئة العامة). هەر بیكەینە (ثانيا) مشكیلەكە حەل دەبێ, ئەگەر پێتان باشە, ئەوەلەن یەك و دووە و (ثانيا) سێ و چوار پێكەوە دەمج دەكرێ, بۆ ئەوەی جیا بكرێتەوە كە دوو حاڵەتی جیاوازن, بەو شێوەیەی كە خوێندمەوە, جارێكی تر دەخوێنمەوە, بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن.

المادة الثامنة:

اولا: تجتمع الهيئة العامة اجتماعا استثنائيا في احدى الحالات الاتية:

1-بقرار من الهيئة الادارية.

2-بطلب يقدم الى الهيئة الادارية من قبل 3/1 اعضاء الهيئة العامة.

ثانيا: يحدد الموضوع المطلوب الاجتماع من اجلة ولا يجوز الخروج عن المنهاج المحدد له,

و يعتبر النصاب حاصلا بحضور أكثرية اعضاء الهيئة العامة.

كێ لەگەلیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەلی نیە؟ تەواو بەكۆی دەنگ وەرگیرا,

ئەگەر نوقتەی نیزام نەبوو دەڵێم نوقتەی نیزام نیە, كاك هیوا.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی پەیرەوی ناوەخۆ كاتێك تەقدیم دەكرێ راپۆرتەكان, لێژنەی یاسا دەیخوێنێتەوە نەك سەرۆك پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ شتی وا لەنیزام دا نیە, بەلاَم ئەگەر بگەڕێتەوە سەر نیزام, نوقتەی نیزامیش نەبوو, دەچینە سەر ماددەی نۆ.

ماددەی نۆیەم:

ئەركەكانی دەستەی گشتی:

1. گفتوگۆ كردن لەسەر ئیش وكاری دەستەی ئیداری.

2. ئیقرار كردنی بوجەی سالاَنەی یەكێتییەكە, كە دەستەی ئیداری دایدەنێ.

3. سەیری كاروباری یەكێتییەكە دەكاو, ئەو پێشنیازانەش ئیقرار دەكا, كە لە بارەی هەموار كردنی یاسایەكەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: واجبات الهيئة العامة:

1. مناقشة اعمال الهيئة الادارية.

2. إقرار الميزانية السنوية للاتحاد المعدة من قبل الهيئة الإدارية.

3. النظر في شؤون الاتحاد وإقرار المقترحات المقدمة إليها بشأن تعديل القانون.

لێژنەی قانونی هیچ گۆڕانكاری بەسەردا نەهێناوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی پێشتر كە باسكرا, ماددەی حەوت و نۆ تەوحید بكرێ, باسمان كرد, كێ موافەقە لەسەر ئەو تەوحیدە دەستی بەرزبكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە با دەستی بەرز بكاتەوە؟ پێنج كەس لەگەڵ دانیە, ئەو ماددەیە دەمج دەكرێ, جا چ مناقشە دەكرێ لەسەر واجیباتی هەیئەیە دەكا, كەس هەیە, پێم وایە رۆتینە و فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم هەیە, لەماددەی حەوت ئیقرار كرا كە ببێتە دوو ساڵ, مەبەست لەو دووساڵە كۆبوونەوەكەی دەستەی گشتی یە یان هەڵبژاردنەكەیە؟ خاڵی دووەم ئەو پێشنیارەی كە كاك دیلمان كردی سەبارەت بەخاڵی سێیەمی ماددەی نۆیەم, پێم وایە كەئەمەش راستە و من لەگەڵی دام, نەك هەر سەیری كاروباری یەكێتیەكە ئەكات, ئەڵێ شتێكی زۆر گشتی و عمومیە, راپۆرتێكی كاروباری ئەو ساڵە ئەخاتە بەردەم هەیئەتی گشتی بەڵێ, سوپاس,

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە دەستەی گشتیە, پێم وایە صیغەكە لێژنەی قانونی ئەو دەمجەی كردیە,

1-تجتمع الجنة كل سنتين لانتخاب الهيئة الادارية للاتحاد بالاقتراع السري المباشر بأغلبية الحاضرين من سبعة أعضاء أصليين و عضوين احتياط.

2-لمناقشة اعمال الهيئة الادارية.

3-إقرار الميزانية السنوية للاتحاد.

4-النظر في شؤون الاتحاد و إقرار المقترحات المقدمة إليها بشأن تعديل القانون.

يەعەنی بۆ هەموو ئەو چوارەیە, دوو ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێ, دادەنیشن هەر دووساڵ جارێك میزانیە و تەقریر سەنویە روونی دەکەنەوە, ئەگەر کەسێك رەئیی نیە دەیخەمە دەنگەوە. نووقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێك کرا بۆ خاڵی سێیەم نەك سەیری کاروباری یەکێتیەکە بکات, چونکە سەیری کاروباری یەکێتیەکە نازانم زۆر تێکەڵاویە, چیە کاروباری یەکێتیەکە؟ راپۆرتێك ئەنجام ئەدا کە ئەو یەکێتیە لە ماوەی ئەو دووساڵە چی کردیە, ئەوە پێشنیاری کاك دیلمان بوو پێم وایە زۆر راستر ترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان ئەوەلەن داوای توو لەبیرکرد, دووەمیان, جەنابت خیبرەیەکی زۆرت هەیە لە کۆنفرانسات و کاری سیاسی و حزبی, زۆر تەبیعیە ئەو خاڵە, یەعنی کۆنفرانسەکە بەناوی هەموو ئەندامانی ئەو کۆنفرانسەکە, بۆیان هەیە مەسائیلی کۆنفرانس تەرح بکەن مناقشە بکەن زۆر تەبیعیە تێیدا بێ, رەئیش بدەن, ئیقراری مقتەرەحات بکەن, لیژنە دادەنرێت, ئەو لێژنانە باس دەکەن و شت دەکەن, زۆر تەبیعیە ماددە دەمجەکە بووە ماددەیەك بەو شێوەیەی کە وتمان, صیغەکەی کە خوێندمانەوە, وە دەنگیشمان لەسەردا بۆیە دەچینە سەر ماددەی تر, فەرموو. ماددەی دە دەبێتە نۆ, نۆش دەبێتە حەوت, ماددەی هەشت لە جێی خۆی دەمێنتەوە, ماددەی دە دەبێتە نۆ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم کە ئێستا بوو بەماددەی نۆیەم:

ماددەی نۆیەم:

یەکەم: دەستەی ئیداری, لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا کە لەماوەی هەفتەیەکی دوای هەڵبژاردنەکەیدا, سازی دەدا, سەرۆکێك و جێگری سەرۆك و بەرپرسێکی دارایی لە نێو ئەندامانی خۆیدا هەڵدەبژێری.

دووەم: ماوەی ئەندامێتی لە دەستەی ئیداریدا, دووساڵە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بە ئیجازە بڕۆنە دەرەوە, بەڵام بۆ جگەرە خواردن نابێ, خۆتان و زەمیرتان, ئەو ماددەیە ڕۆتینە فەقەت دووەمەکەی پێویست ناکا, بڵێین, چونکە لەماددەی پێشوو هاتووە, هەر دوو ساڵ جارێکە لەبەرئەوە نایەوەێت**

**المادة العاشرة: تنتخب الهيئة الادارية في اول اجتماع لها خلال اسبوع من تاريخ انتخابها رئيسا و نائبا للرئيس و مسؤولا ماليا من بين أعضائها. مناقشەی ناوێ لەسەر بکەین, کێ لەگەڵەیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵی نیە؟ باشە بەکۆی دەنگ وەرگیرا. بڕۆ بۆ ماددە دوای ئەو.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم: کۆبوونەوەکانی دەستەی ئیداری مانگانەیی, لەسەر داوای سەرۆکیش, بۆ کاتی پێویست, بۆی هەیە زیاد لە کۆبوونەوەیەکیش ساز بدات.**

**دووەم: دەستەی ئیداری لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامەکانی, کۆبوونەوەیەکی نائاسایی سازدەدات.**

**سێیەم: (نصابی) یاسایی, بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەنداماکانی دەستەی ئیداری دێتەجێ و, بڕیارەکانیش بە زۆرینەی دەنگەکان, لادەدرێن. کاتێکیش دەنگەکان یەکسان ببن, ئەوە لەو بارەدا بۆ ئەو لایەنەیان دەبێ کە سەرۆك دەنگی دەداتێ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەمەش ئوصولی هەموو ئیجتماعاتێکە, یەعنی لە هەموو شتەکان هەر ئەمە هاتووە, فەرموو ئەگەر قسەیەکت هەیە فەرموو بیڵێ.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە ئەو ماددەیە, واتا لە ماددەیە یازدە هەتا ماددەی شازدە پێویست ناکا لەو هەبێت, یا لە نیزامی داخلیەکە هەبێت زۆر باشترە, بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن لەکاتی یاسادا کۆنفرانس گۆڕانکاری تێدا بکەن, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**وەڵڵا خۆ ئەوەش دەبی, یەعنی دەتوانێت نیزامێکی داخلی دابنێت, یەعنی صیغەیەك یان ماددەیەك ئەگەر هەبێ, (على الهيئة العامة اصدار النظام الداخلي) کاکە لەسەر ئەو ئیقتراحە جێگای خۆیەتی ئەوەندە هین نەکرێ, ماددە بە ماددە یەعنی ئەگەر ماددەیەك هەبێ, لەسەر ئیقتراحی لێژنەی یاسایی بۆیان هەیە کە نیزامی داخلی خۆیان دابنێن, بۆیە ئەو ماددانەی کە پێمان وایە ئیزافیە یەکە بە یەکە تەماشای دەکەین, دەیخەینە دەنگ بۆ ئەوەی بەیەکەوە ئیلغایان بکەین, ئێستا ماددەی دەیەم کە خوێندرایەوە زیمنی ئەو**

دەسەڵاتانەیە کە بە نیزامی داخلی دەکرێت, ئەوە ئیقتراح دەکرێ کە ئیلغا بکرێ, کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئیلغا بکرێ, دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بمێنێ, دەستی بەرز بکاتەوە؟ بە تێکڕایی دەنگ ئیلغا کرا, بڕۆ سەر ماددەی یازدە بخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم: ئەگەر هات زۆربەی پۆستەکانی دەستەی ئیداری, بە هەر هۆیەك دەبێ, ببێ, چۆل بوو, ئەوە لەو بارەدا دەستەی ئیداری, دەستەی گشتی بانگهیشت دەکا بۆ کۆبوونەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش موقتەرەحە بۆ ئیلغا, کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێ؟ بەتێکرایی دەنگ ئیلغا کرا, ماددەی دوازدە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدەهەم کە دەبێتە ماددەی دوازدە.

ماددەی دوازدە: ئەگەر ئەندامی دەستەی ئیداری, لە سێ کۆبوونەوەی بانەوبان یەکدا, بەبێ پاساوێکی ڕەوا, ئامادە نەبێ, ئەوە بە دەست لە کار هەڵگرتوو لە قەڵەم دەدرێ.

سەرەتا کەدەستمان کرد بەخوێندنەوە داوای لێبووردنمان کرد لەڕووی زمانەوانیەوە, بەبێ تعلیق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دوازدەش هەر لەگەڵ ئەوەیە کە هین بکرێ, کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئیلغا بکرێ؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بمێنێ؟ ئەوەش ئیلغا کرا بە کۆی دەنگ, ماددەی سێزدەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستەی ئیداری ئەم ئیش و کارانە دەکات:

یەکەم: بوجەی ساڵانەو, حساب و حسابکاریی کۆتایی, و پێشنیازگەلی پێویست بۆ فراژووکردنی (تطویر) یەکێتیەکە, ئامادە دەکاو هەواڵەی دەستەی گشتییانی دەکا بۆ ئیقرار کردنیان.

دووەم: داواکاریگەلی ئینتیساب بۆ یەکێتی قبوڵ دەکا, یان دەیانداتەوە دواوە, هەر کەسێکییش داواکەی قبوڵ نەکرا بێ, بۆی هەیە لەماوەی (30) ڕۆژ لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری قبوڵ نەکردنەکەوەی, لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان تانە لە بڕیارەکە بدات, بڕیاری دادگایەش کە دوای ئەو تانەلێدانە دەردەچێ, بڕیارێکی بنبڕە.

سێیەم: کارمەندان بۆ یەکێتییەکە دادەمەزرێنێ, مووچەکانیان دیاری دەکاو دەست لەکار هەڵگرتنیان قبوڵ دەکاو, لە کاریان دەخا و سزاشیان دەدات.

چوارەم: بڕیار گەل و ڕاسپاردەکانی دەستەی گشتی دەخاتە کار.

پێنجەم: لیژنەکان پێك دەهێنێ و ناویان لێ دەنێ و ئەرکو فرمانیان دیار دەکاو کۆتایی بە ئیشەکانیان دێنێ.

شەشەم: سەیری مەسەلەی هاوپشکی لە کۆنگرەو سمینارە مەحەللی و نێو دەوڵەتییەکاندا دەکاو، ژمارەی هاوپشکانیش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئاسایی دیاری دەکات.

حەوتەم: پارێزگاری لە ئەموالی یەکێتییەکە دەکاو، وە دەستیان دێنێ و، لە دارایی بەردەست خەرجی پێویست ئیقرار دەکا و، بە بڕیاری دەستەی ئیدارییش نەبێ، ناشێ دەستکاریی ئەموالی یەکێتییەکە بکرێ.

هەشتەم: ڕاپۆرتی ساڵانە لەبارەی بزاڤی یەکێتی و ئیش و کاری یەکێتییەوە ئامادە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووخاڵ هەیە، یان دوو نوقتە، لە ماددەی چواردەم پێویست دەکا بمێنێتەوە، کە نووسرایە (ثانیا: قبول طلبات الانتساب الى الاتحاد او رفضها و لمن رفض طلبه الطعن....) مادام تەعنی تێدایە تەلەبێکی تر داخیل دەبێتن، دەبێ لێرە بمێنێ ئەوە، هەروەها (سابعا: الحفاظ على اموال الاتحاد و استحصالها و اقرار صرف النفقات ضمن الموجودات و لا يجوز التصرف باموال الاتحاد بقرار من الهيئة الادارية.) ئەوەش دەبێ لێرە بمێنێ، لەبەر ئەوە تەصروف بە ئەموالی هین و ئەوانە نابێ بخرێتە نیزامی داخیلی، پێم وایە ئەو ماددەیە ئەو دوو خاڵەی تێدا بمێنێ، تەقریری سەنەوی ئەوەش واجبێکی هینە، واتا سێ خاڵ مقترحە لەبەر مەنتق کە دەسەڵاتەکە نەدرێتە ئەو هەیئەیە، بەو ئیعتبارەی ئەگەر ڕەفزی تەڵەبی ئەندامێك بکاتن، هەقی ئەو ئەندامەیە کە تەعن لەو ڕەفەزە بدات، کە وەری گرتووە، کەواتە تەعنەکە خارجیە دەبێ بەقانون ئەو هەقە بدەینە ئەو ئەندامەی هەقی هەبێ ئەو تەعنە بکا، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە بهێڵینەوە، بە قەرار دەتوانێ، قەرارەکەی قەتعی بکا، دووەمینش ئەموالی ئەو یەکێتیە، ئەموالێکە نابێ لە ژێر تەصروفی ئەوان دابێ، دەبێ بەقانون بپارێزرێ، سێیەمینش ئیلزامکردنیان لەسەر نووسینی تەقریری سەنەوی لەسەر ئیتحاد بە قانون دەبێ، تاوەکو بە قەراری خۆیان نەبێ ئیلغای بکەن، ئەو سێ نوقتەیە پێم وایە ماددەکە نوقاتەکانی تر لابردرێت ئەو سێ نوقتەیەی تیادا بمێنێ، زۆر چاکە ئەگەر مناقشەتان لەسەر نیە، پێم وایە بچینە سەر ماددەکەی تر، ئەوەش بخەمە دەنگدانەوە، کاك ڕەشاد ئەگەر نوقتەیەکت نیە، بلێ دەی، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەعینی عاملین لە ئیتحاد، مەفروزە متەعەلق بن، بە قانونی عەمەل و زەمانی ئیجتماعی، لێرە زیکر نەکرایە، هەتا حقوقەکەیان زایع نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیلغا دەكرێـتەوە گوتمان, ئەو سێ خاڵەیە دەمێنێ فەقەت, قانونی عەمەل تەنزیمی هەموو شتێك دەكا, لەوێ لە پەرلەمان لە هەر شوێنك دا تەعینات مەسئوولە بە قانونی عەمەل, لێرە ئیلغا دەكرێ تەنها ئەو سێ خاڵە كە خوێندمەوە ئەو دەمێنێ, كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو چەند نوقتەیە ئیلغا بكرێ, تەنها ئەو سێ نوقتەیە بمێنێ؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ كێ دەیەوێ ئیجازە وەربگری؟ مانعمان نیە, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, بڕۆ سەر ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

## بەشی چوارەم

## كاروباری ئیداری

**ماددەی پازدە: كەبوویتە ماددەی چواردە:**

**یەكەم: سەرۆكی یەكێتییەكە, ئەم ئەركوفرمانانەی خوارەوە, مومارەسە دەكا:**

1-سەرۆكایەتیی كۆبوونەوەكانی دەستەی ئیداری دەكاو, ئەگەر خۆیشی لەوێ نەبێ, جێگرەكەی نوێنەرایەتیی دەكا.

2-خۆی, یان كەسێكی دی رادەسپێرێ, نوێنەرایەتیی یەكێتییەكە لە بەردەمی دادوەری و لایەنەكانی دیكەدا بكات.

3-مومارەسەی هەموو ئەو سەلاَحییاتانە دەكا, كە دەستەی گشتی پێی داوە.

4-موستەنەدی پارەدان و (صكوك) و رەشنووسی دانیشتنەكان و نامە و نامەكارییەكانی یەكێتییەكە واژوو دەكات.

5-سەرۆكایەتیی كۆبوونەوەكانی دەستەی گشتی دەكا.

**دووەم: بەرپرسی دارایی, ئەركوفرمانی دارایی یەكێتییەكە, لە ئەستۆ دەگرێ و, سەرپەرشتیی تۆمار راگرتن (مسك السجلات) دەكا و, لەگەڵ سەرۆكی یەكێتییەكەشدا, (صكوك) و سەنەدەكان واژوو دەكات.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش هەر لە زیمنی مەسائیلی رۆتین و شتێكی ئیزافی نیە, پێم وایە لابردرێـت, وە مناقشەی ناوێ, دەیخەمەو دەنگدان كێ لەگەڵیەتی؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ باشە بەكۆی دەنگ ئیلغا كرا.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

## بەشی پێنجەم:

## دارایی یەكێتییەكە

**ماددەی شازدە: دارایی یەكێتییەكە لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

1-ئابوونەی ساڵانە ئەندامەكان.

2-بەخششەکانی پەرلەمانی کوردستانی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان.
3-خەلآت و پیتاك (الهبه و التبرعات)
4-قازانجی چاپەمەنییەکانی یەکێتییەکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لێژنەی قانونی بەس ئیزافەیەکی کردووە, بەنیسبەت مجلس نوابی عیراقی, فەقەرە دوو ماددەی شازدە کە دەبێتە ماددەی پازدە, (منح برلمان کوردستان- العراق و حکومة اقلیم کوردستان ومجلس نواب کوردستان- العراق.) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مینەحی پەرلەمان دەکەوێتە باری نیزامی تەبرعاتەوە, قسەتان هەیە, فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە (الهبات و التبرعات) پێویستە بنووسرێ (غیر المشروطة) چونکە ئەگەر مشروت بوو یەکێتییەکان لەژێر تەئسیراتی دەبن, لەبە رئەوە غەیر مەشروت بێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر تۆ لە جیاتی ئەو بیتن, شەرتێك هات, کە دەبێ شەرتێك تەرخان بکرێ بۆ نرخی سەقافەتی دیموکراتی, چی ئەڵێی؟ باش سوپاس.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستە ئەو پارانە کە بۆ یەکێتییەکە وەردەگیرێت, یان دەکرێتە (هبە) غەیر مەشرووت بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی پازدە خاڵی دوو (بەخششەکانی پەرلەمانی کوردستانی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان) من پێم باشە بنووسرێت, دەستکەوتەکان لەهەر سەرچاوەیەك بێ, چونکە لەوانەیە مونەزەمەیەکی خارجیی, مەسەلەن بەخشیش بدەن, بۆ هەر پەرلەمانی کوردستانی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ؟ دەتوانێین بڵێین دەستکەوتەکان لەهەر سەرچاوەیەك بێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەوەی تاڤگە خان وتی, ئەگەر مەشروتیش بێ بۆ هەدەفێکی مەشروع پێم وایە زۆر تەبیعیە, مەسەلەن نەشری دیموکراسی و مافی مرۆڤ بێت پێم وایە ئەوەش ئاساییە, بەلاّم سەبارەت بەوەی کە کاك زرار ئاماژەی پێدا لە تەبروعات ئەمە دەگرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێتان وایە کە مەشروتەو غەیر مەشروتە ئیزافە بکرێ, نازانم تحصیل حاصلە, بەلاّم مەشروتە نیە, باشە تاڤگە خان میسالێکمان بۆ بلّێ کە مەشروتە بێ, مەسەلەن اتحاد پەرلەمان هەیە منح دەکا شەرتەکەی چیە مەسەلەن؟

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەن ئینتخاب هەیە, لەو کاتەی ئێمە وتوومانە کە دیفاع لە دیموکراتی دەکەین, یان پالّپشتی حکومەت و پەرلەمان دەکەین, یان پالّپشتی مەسەلەکانی خۆمان دەکەین, لەوێ حزبێك ئەوە دەکا, دیاری دەکا دەلّێ من بەو شەرەتە یارمەتی ئەدەم, کە پالّپشتیم بکەی, ئێمە مادەم سەربەخۆین, کار بۆ هەرێمی کوردستان ئەکەین, لەبەرئەوە زەروریە مەسەلەی غەیر مەشروتەی تێدابێ, ئەوە رەئیی منە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن ئەگەر شتی وابێ ئەوا خلافی قانونیە, وە خلافی نیزامیشە, ئەوە یەك, دووەمیش ئەوەی کە هیبە دەداتە یەکێتییەکە, هەیئەکە حزبی نیە, ئیتحادەکە حزبی نیە, هەلّبژاردراوە, دەیداتێ ئەو ئیتحادە لەبەر رۆشنایی قانونی خۆی و نیزامی خۆی, ئیللا ئەگەر بە دزی بیداتێ, حیساب نیە, نەش نووسرێ پێم وایە تەبیعیە, بەلاّم بنووسرێ, تۆزێ هین ئەکا, نازانم سیقەنەبوونێکە, ئۆتۆماتیکی ئەندام پەرلەمان دەبێ ئەوە جیا بکاتەوە, کامە منحە قانونیە کامەش قانونی نیە, قانون نانووسێت بۆت, بەلّێ دکتۆرە.

**بەڕێز د0 شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەنیسبەت خالّی سێیەم تێبینیەکم هەیە, بۆ پیتاك هبە بێ, پیتاك لەکوردەواریدا بۆ رووداوێك ئەبێ کە خەلّك پارەی بۆ کۆبکاتەوە, ئێستا ئەو رووداوەی لەسەر لافاو روویدا, خەلّك پیتاکی کرد, رووداوێکی ناخۆش یان بۆ فەقیر و هەژاران, ئەلّێ پیتاکی بۆ کۆبکەوە, تەبەروعات جیایەو پیتاکیش جیایە, جا لەبەرئەوە بابێ بە خەلاّت و بەخشین جوانترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دەیخەمە دەنگدانەوە, بیخوێنەوە جارێکی تر کاکە.

**بەڕێز عونی سعید کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الرابع**

**الامور الادارية**

**المادة الخامسة عشرة: تتكون مالية الاتحاد من:**

**1-الاشتراك السنوى للاعضاء.**

**2-منح برلمان كوردستان- العراق و حكومة اقليم كوردستان و مجلس نواب العراق.**

**3-الهبات و التبرعات.**

**4-ريع المطبوعات التى يصدرها الاتحاد.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی پێنجەم**

**دارایی یەکێتییەکە**

**ماددەی پازدە: دارایی یەکێتییەکە لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

**1-ئابوونەی ساڵانە ئەندامەکان.**

**2-بەخششەکانی پەرلەمانی کوردستانی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق.**

**3-خەڵات و بەخشەکان (الهبه و التبرعات)**

**4-قازانجی چاپەمەنییەکانی یەکێتییەکە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددە دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ کێ بێ رەئیە؟ باشە بەکۆی دەنگ وەرگیرا, برۆ بۆ ماددەی تر.**

**بەڕێز عونی سعید کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل السادس**

**سجلات الاتحاد**

**المادة السادسة عشرة: على الاتحاد مسك السجلات التالية:**

**1-سجل الاعضاء: تدون فية اسماء الاعضاء وكل ما يتعلق بالعضو.**

**2-سجل القرارات: تدون فية قرارات الهيئة العامة و الهيئة الادارية و يوقع عليه من قبل الهيئة الادارية.**

**3-سجل الحسابات: تدون فيه الايرادات و المصروفات على ان يكون مصدقا من الكاتب العدل.**

4-سجل الاثاث و الموجودات: يدون فيه جميع الاموال المنقولة و غير المنقولة واوصافها و اثمانها.

5-سجل المراسلات الصادرة و الواردة تدون فيها ارقام و تواريخ و مواضيع الكتب و الجهات الصادرة منها و الواردة اليها.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەشی شەشەم**

**تۆمارەكانی یەكێتییەكە**

ماددەی شازدەم: پێویستە لەسەر یەكێـتییەكە ئەم تۆمارانەی خوارەوە رابگرێ:

1-تۆماری ئەندامەكان: ناوی ئەندامەكان و هەر شتێكی پێوەندیی پێیانەوە هەبێ, تێیدا تۆمار دەكرێن.

2-تۆماری بڕیارەكان: بڕیارەكانی دەستەی گشتی و بڕیارەكانی دەستەی ئیداریی تێدا تۆمار دەكرێن و, لەلایەن دەستەی ئیداریەوە واژوو دەكرێ.

3-تۆماری حیساب و حیسابكاری: داهات و سەرف و خەرجی تێدا تۆمار دەكرێن و, مەرجیشە لەلایەن نووسەری عەدلەوە تەسدیق كرابن.

4-تۆماری هاتن و دەرچوونی نامەونامەكاری: ژمارە و رۆژو جێگاو لایەنی ئەو نووسراوانەی تێدا تۆمار دەكرێن كە لێوە دەردەچن و بۆی دەنێردرێن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلا من پێم وایە ئەو ماددە زیادە, جارێك شەرحەكە هەر زیاد زیادە, ئیقتراح دەكەم كە ئیلغای بكەین, كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئیلغا بكرێ؟ كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بمێنێ؟ باشە بەكۆی دەنگ ئیلغا كرا, ئەوە قانونێكە بەتەنها قانون نیە بۆ ئەم ئیتحادە, قانون جەمعیاتمان هەیە قانونی عامان هەیە, قانونی دەستوورمان هەیە, قانونی جەمعییات فەرزە لەسەر هەموو كەسێك وقانونی رەقابەی مالی فەرزە لەسەر هەموو دام و دەزگایەك, لەبەر ئەوە ئەمانە هەمووی زیادن, تصویت كرا لەسەری, فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبدەئێك هەیە لەقانون دەڵێ (الخاص یقید العام) یەعنی ئەوەی لە جەمعیات هەیە شەرت نیە ئەوە بگرێتەوە, بۆیە ئەو ماددەیە زەروریە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مەبدەئە شمولی ئەوە ناكا, كاك كریم تۆش پێت وانیە؟

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕووی یاساییەوە قانونی جەمعیات ئیلزامی هەموو جەمعیات و سەندیكاو یەكێتیەكان دەكا, كە دەبێ ئەو سجلاتانەی كەلێرەدا هاتووە بگرێت بەدەستیانەوە بەخۆیەوە, یەعنی ئەو سجلاتانە ئیلزامیە بەپێی قانون, بۆیە زیكر كردنی تەئكیدە وەئیللا لەمەسەلەكە ناگۆڕێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە ئەگەر مەتنێكمان هەبێ, ماددەیەكمان هەبێ, دژی قانونی جەمعیات بێ, دەبێ لێرە هەبێ, مەبەستمان بێ, كە خاریجی ئەو قانونە بێت, ئەوا قانونە خاصەكە ئەو وەختەی دەیگرێتەوە, بەلأم ئەگەر نووسیت قانونەكە لەوێ مولزەمە و لەوێش هەر مولزەمە, لەهەموو جەمعیاتەكان مولزەمە, هەروەك قانونی رەقابەی مالی مولزەمە لەسەر هەموو وەزارەتەكان, خۆ لە وەزارەتەكان نەهاتووە شتی وەها, لەگەڵ ئەوەش وەزارەتەكان مولزەمن, بەو قانونە, جەمعیاتیش مولزەمن بەقانونی جەمعیات, هەمووشمان مولزەمین بە دەستوور, پاش ئەوەی دەنگی بۆ ئەدەین, ماددەی تر تكایە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة االسابعة عشرة:

تختم جميع مراسلات الاتحاد و سجلاتها بالختم الخاص به و تحفظ السجلات و الوثائق في اماكن مخرزة داخل الاتحاد و خاضعة للتفتيش وفقا للقانون.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەژدە كە دەبێتە ماددەی حەڤدەم:

هەموو نامەو نامەكارییەكان و تۆمارەكانی یەكێتییەكە بە مۆری تایبەت مۆردەكرێن و, تۆمار و بەڵگەنامەكانیش بە بۆكسفایل لە یەكێتییەكەدا دەپارێزرێن و بەپێی یاسایش پشكنینیان لەسەر دەبێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلا بەرەئیی هەمووتان ئەوەش زیادە, لەدەم و چاوتان را دیارە, كێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بكرێ؟ كێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێ؟ ئەوەش بەكۆی دەنگ ئیلغا كرا, برۆ سەر ئەوەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل السابع**

**أحكام ختامية عامة**

**المادة الثامنة عشرة:**

**اولا: في حالة حل الاتحاد اختيارا ينص وصف لتحديد الحقوق و الالتزامات واذا كان الحل اجباريا تؤول اموال الاتحاد الى اقرب اتحاد مماثل في الاهداف.**

**ثانيا: تطبق احكام قانون الجمعيات النافذ في الحالات التي لم يرد فيها نص في هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**نەصی چی کاک عەونی, پێم وایە ئەو نصەی کە لێرە هاتووە, دەبوایە لێژنەی قانونی باسی لێوە بکا, هەروەها ئەو وەصفەش غەڵەتە لێرە, یەعنی دوو غەڵەت هەیە, ئیلتیزاماتیش نەقل ناکرێ لەهیچ ئیتیحادێك, ئیستعدادی نیە, ئیلتیزاماتی نەقل کا, بۆ نموونە ئەو ئیتیحادە قەرداره بە ملیۆنەك دۆلار, چ ئیتحادێك هەیە ئەو قەردە تەحەمول بکا, لەبەر ئەوە باشترە بڵێ و في الحال اختياريا تؤول اموال الاتحاد الى اقرب اتحاد مماثل في الاهداف.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی حەوتەم**

**حوکمە کۆتاییە گشتییەکان**

**ماددەی هەژدە:**

**یەکەم: لە حاڵەتی لەخۆوە هەڵوەشانی یەکێتییەکەدا, بە دەقێك وەسفی ماف و ئیلتیزاماتی دیار دەکرێن. ئەگەر بەزۆرداری هەڵوەشێنرایەوە, ئەوە لەو بارەدا, ئەموالی یەکێـتییەکە دەچێتە سەر ئەموالی نزیکترین یەکێـتی, ئامانجەکانی لەگەڵیدا هاوشێوە دەبن.**

**دووەم: لەو حاڵەتانەدا کە دەقێکیان لەم یاسایەدا, لەسەر نەهاتبێ ئەوە حوکمەکانی یاسای کارپێکراوی کۆمەڵەکانی بەسەردا دەسەپێ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەپێی ڕەئی کاك فرست و ڕەئی خۆشم, ئەو ڕەئیەی کە پێشتر وتمان باشترە, چونکە حکام مماثلی هەیە, و اتحادی پرلەمان مماثلی نیە, ئەو صیغەیەی کە وتمان باشترە, فی حالة حل الاتحاد نەشنووسرێت اختياريا یان اجباريا و مەعلوومیشە بە ئەکسەریتی ئەعزا حەل دەبێتن, تؤول اموال الاتحاد الى اقرب اتحاد مماثل في الاهداف). کاك ڕەشاد فەمەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو حەلێك هی ئیتحاد هی جەمعیات, موفتەرین دەبێ بە قەراری قەزائی, لەبەرئەوەی حقوق و واجباتی تێدایە, ئیحتماله ئەو ئیتحادە قەرزار بێ, ئیلتزاماتی هەیە, زەرووریە ئەوە زیکر بکرێت, ئیشارەتی پێ بدرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەویش کاك رەشاد دەچێتە قانونی جەمعیات, مەشرووتە هەموو جەمعیاتێك و ئیتیحادێك مەشرووتن بە قانونی هین, هەروەها قانونی مەدەنیش وەها علاجی کردووە, بۆیە ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە باسم کرد, بیخوێنەوە لەگەڵ فەقەرەی دوو, بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة:

اولا:في حالة حل الاتحاد تؤول اموال الاتحاد الى اقرب اتحاد مماثل في الاهداف.

ثانيا: تطبق احكام قانون الجمعيات النافذ في الحالات التي لم يرد فيها نص في هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوجا ئەوە تەئکیدت کردەوە بەوەی لەسەر قسەکانی من, بەکوردی بیخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆزدەم:

یەکەم: لە حاڵەتی هەڵوەشانی یەکێتیەکەدا, ئەموالی یەکێتیەکە دەچێتە سەر ئەموالی نزیکترین یەکێتی, ئامانجەکانی لەگەڵیدا هاوشێوە بن.

دووەم: لەو حاڵەتانەدا کە دەقێکیان لەم یاسایەدا, لەسەر نەهاتبێ, ئەوە, حوکمەکانی یاسای کارپێکراوی کۆمەڵەکانی بەسەردا دەسەپێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, لەگەڵ ئەو تعدیلاتەیە کە بەسەریدا هاتووە, ئاخر تصویتمان کرد تەواو, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵی نیە؟ باشە بەکۆی دەنگ, بڵێ بزانەم ملاحەزەکەت چیە؟

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تازە ئەوە تصویت کرا, بەس بۆ قوەتی ئەوەی دووەم لەو ماددەی کە باسمان کرد, خۆی ببێتە ماددەیەك یەعنی نەبێتە فەقەرەی دوو لەماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەمان شتە, ماددەی هەژدە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العشرون: کە دەبێتە ماددەی هەژدەم: (للاتحاد إصدار مطبوع دوری).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوی بەکوردەیەکە بیخوێنێتەوە, ئەوە زیادە, ئەو ماددەی کە بەخۆیان دەنووسن قانونیان بۆ چیە؟ کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە کە ئیلغا بکرێ, کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێ؟ باش بەکۆی دەنگ ئیلغا کرا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة عشرة: للهيئة العامة اصدار الانظمة و التعليمات اللازمة لتسهيل وتنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستەی گشتی بۆی هەیە, پێڕەو و ڕێنمایە پێویستیەکان دەربکات, بۆ ئاسنکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەبێتە ماددەی هەژدەم, پاش ئەوەی کە ئەوانی تر ئیلغا کران, دەیخەینە دەنگدان, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵی نیە؟ ئەوەی تر ئیلغا کرا, سێ کەس, چوارکەس لەگەڵ ئەو ماددەیە دانیە, بۆ لەگەڵ ئەوەدانیت کاکە؟ (لا يعمل بأی نص يتعارض و احكام هذا القانون) بەس چوار کەس معارزە, بۆ؟ باشە بڕۆ سەر ماددەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة: لا يعمل بأی نص يتعارض و احكام هذا القانون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆزدەم: هەر دەقی لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ, ناخرێتە کار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش هەروەك هەموو قانونەکانی ترە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ باش بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة العشرون: على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش ڕۆتینیە, بیخوێنەوە دەی.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بیستەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران, و لایەنگەلی پێوەندیدار, حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنەكار.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەسەلسولەكە بە غەڵەت دەخوێنرێتەوە, چونكە ئەوە تحزیف دەكرێ, هەموو ماددەكان دەكاتە شازدە, چونكە هەشت ماددەمان لابردیە, دەبێ تەسلسولەكە ڕێك و پێك بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێدا دەچینەوە, بەتەئكید, ماددەی ئەوەی كە ئێستا خوێندرایەوە, (على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون. ڕۆتینە دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵی نیە؟ فەرموو بەكۆی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕەقمەكەی ناخوێنمەوە, هەتا دواتر تەسلسولەكەی ڕێك دەخرێت.

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ إصداره و ينشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە دەخرێتە كارو, لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی كوردستان)دا بڵاودەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە كاك فرست ڕەئیەكی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قاعیدەی عام لە قانون ئەوەیە, بە موجبی قانونی نەشر, قانون نافزە لە تاریخی نەشر, ئێمە بەنیسبەت وەزارەتەكان ئیستسنائێكمان دروست كرد, گوتمان لە تاریخی ئیصدار, یەعنی لە تاریخی توقیع كردنی

سەرۆکی هەرێم, بۆ ئەوە بوو وەزارەتەکان بەپەلە ئیشی خۆیان بکەن, چونکە پێش چەند مانگێك دروست کراینە, بۆ شتی تر ئەوەی زۆر بەپەلەنە, بەرەئیی من قاعیدەی عام لەتاریخی نەشر, قاعیدەی عام تێکی نەدەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە لەسەر ئەوە, فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەهەموو یاساکان لە ئاخیر بەند, کە زەرورەتی کارپێکردنیەتی, ئەیڵێن و هیچشی ناخرێتە کارەوە, یەکێك لەو گرفتانەی کە ئێستا لەدادگاکان دووچاری بووینە, ئەو یاسایانەیە کە لێرەدا نازانم ئەرقەڵەی پێش چاپکردنیان چیە, بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین جواب بدەینەوە, بۆیە نموونە دەهێنمەوە لەم ماوەیە لە کەلار خەڵك گیراوە بە توهمەی ئیرهاب بە قانونی 21 ڕزگار کراوە, لەکاتێکا ئێمە ئەو هەموو پەلەپەلمان کرد, لەسەری قانونی ئیرهاب, بۆچی چاپ ناکرێ ئەم قانونە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە قانونا چاپ کراوە, وە لە وەقایعی کوردستاندا بلاْوکراوەتەوە, لەڕۆژنامەکانیش بلاْوکراوەتەوە, ئیتر نازانم مسئولیەتی کێیە؟ قانون لە وەقائع بلاْودەکرێتەوە, تەواو بەنیسبەت ئێمە نوسخەی دەنێرین بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان, ئیمزا دەکرێتن و لە وەقایعی کوردستان بلاْودەکرێتەوە, ئەگەر هیچتان نیە, ئەوا دەخەمە دەنگەوە, کاك عونی رەئیتان هەیە لەسەری, ئەو ماددەی دەخەمە دەنگەوە بەو گۆرانەی کە لێژنەی قانونی موافق بوو, کە ئیصدارەکە بکرێتن, کێ لەگەڵ ئەو ماددە دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ باشە بە کۆی دەنگ وەرگیرا, تەنها ماددەیەکمان دواخست, فەرموون, ئەو ماددەی کەدواخرایە لەگەڵ ئەسبابی موجبە دەخەینە جەلسەی داهاتوو, لێرەدا جەلسەکە کۆتایی پێدەهێنین, ئینجا پڕۆژەکە بە تێکڕایی دەخەینە دەنگەوە, زۆر سوپاس, کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین, دانیشتنی داهاتوومان, رۆژی چوارشەم سەعات دە و نیو, بەرنامەی کارمان ئەگەر هاتبی هی ئاوەدان کردنەوە, ئەگەر نا دەیخەینە رۆژێکی تر, سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22)**

**چوار شەممە رێکەوتی 29\11\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (22)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2006/11/29

كاتــژمێر (10,10)ی ســەر لــە بــەیانی ڕۆژی چــوار شــەممە ڕێكــەوتی 2006/11/29 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردســتانی عێــراق بــە ســەرۆكایەتی بــەڕێز عــدنان ڕشــاد مفــتی ســەرۆكی ئەنجومــەن و, بــە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبـداللە (د.كمـال كـەركووكی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (22)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (22)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خـولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1– بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی ڕاگرتنی بڕیاری ژمارە (368)ی (ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە).

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (22)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10,10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2006/11/29دا بەم شێوەیە بێت:

1– بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی ڕاگرتنی بڕیاری ژمارە (368)ی (ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە).

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن, بۆ بڕگەی یەكەم, تێبینیەیەك حەز دەكەم عەرزی جەنابتان بكەم, بەنیسبەت غیاب لە كۆبوونەوەكان, ئەمڕۆ غیابات زیاترە لە كۆبوونەوەی ئیعتیادی, تەبعەن ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان بە ئیجازە ڕۆیشتوون لەوەدا ئاگادارین, بەس هەندێك

برادەر هەیە غایب دەبێت بەبێ ئەوەی داوای ئیجازە بکاتن, لەبەر ئەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا لەمەودوا گەرچی دەبوایە زووتر بیکەین, دەگەڕێینەوە سەر پرێنسیپەکانی خۆمان ناوی ئەو ئەندامانەی کە غایبن لە جەلسەی پێشوو دەخوێنینەوە, ئەوەی بە عوزرە, ئەوەی بێ عوزریشە نیزامی داخیلی لەسەر تەتبیق دەکەین, کە تیایدا هاتووە, لەبەر ئەوە تکایە ئاگادار بن, ئەوەی بە عوزرە تەبیعییە, ئیجازەی هەیە نووسراوە, ئەوەی بێ عوزرە نیزامی داخیلی لەسەر تەتبیق دەکەین بە خۆشمانەوە.

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان, خاڵێك مابوو کە صیاغەی بکەین, لەگەڵ دیباجەکە, داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئاگادارمان بکەنەوە چیان کردووە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەی رۆژی دوو شەممەی رابردوو 2006/11/27 دەست کرا بە گفتوگۆ کردن لەسەر یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان, لە ئەنجامی گفتوگۆ کردن دەرکەوت کە پرۆژەکە لە (23) مادده پێك هاتبوو, بوو بە (16) مادده, ماددەی چواری پرۆژەکە دواخرا گفتوگۆ کردن لەسەری بۆ ئەمڕۆ, ماددەی چوارەم رەقمەکەی بوو بە ماددەی سێیەم لە پێشنیاری لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان, لیژنەکەمان صیاغەکی داڕشت بۆ ئەو ماددەیە, ئێستا بەڕێز کاك کەریم بەحری بە زمانی کوردی دەخوێنێتەوە, پاشان مامۆستا محەمەد صالح بە زمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: یەکێتی ئەمانەی خوارەوە بە ئامانج دەگرێت:

1-کار بۆ بەکارخستنی شارەزایی یاسا دانەری و فەرهەنگی و زانستنی ئەنداماانی یەکێتی دەکات, بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو پرۆژەو پێشنیازانەی کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکرێن و بەشداری دەکەن لە پەرەپێدانی ئەو یاسایانەی لە هەرێمدا بەرکارن.

2- ئامادە کاری ئەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی بە کاری پەرلەمانیەوە پەیوەندارن.

3- بلاّو کردنەوەی وشیاری و فەرهەنگی و دیموکراسی پەرلەمانی و سەرەتاکانی مافی مرۆڤ.

4- کار بۆ چوونە پاڵی ئەو رێکخراوەو یەکێتییە نێودەوڵەتیانە دەکات, کە ئامانجیان هاوشێوەی یەکێتییە.

5- کار بۆ بەشداری کردن لە بوار و چالاکیە نێودەوڵەتیەکانی ئەو رێکخراوانەی بەکاری پەرلەمانییەوە پەیوەندارت دەکات.

6- داکۆکی کردن لە مافەکانی گەلی کوردستان لە هەموو بوارە نیشتمانیی و نێودەوڵەتیەکاندا.

7- داکۆکی کردن لە مافەکانی ئەندام و کار کردن بۆ دامەزراندنی ناوەندی کۆمەڵایەتی و کەلتووری بۆیان.

8- کار بۆ گەر خستنی میکانیزمەکانی داکۆکی لە مافە دەستووری و یاساییەکانی هاوولاتیان دەکات.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: يهدف الاتحاد الى ما يلي:

1- العمل على توظيف خبرات أعضاء الاتحاد التشريعية والثقافية والعلمية لاغناء المشاريع والمقترحات التي تقدم لبرلمان كوردستان والمساهمة في تطوير القوانين النافذة في الاقليم.

2- إعداد البحوث والدراسات ذات الصلة بالعمل البرلماني.

3- نشر الوعي والثقافة الديمقراطية والبرلمانية ومبادئ حقوق الانسان.

4- العمل على الانضمام الى المنظمات والاتحادات الدولية ذات الاهداف المماثلة للاتحاد.

5- العمل على المشاركة في المجالات والنشاطات الدولية للمنظمات ذات العلاقة بالعمل البرلماني.

6- الدفاع عن حقوق شعب كوردستان في كافة المجالات الوطنية والدولية.

7- الدفاع عن حقوق الاعضاء والعمل عن تأسيس المراكز الاجتماعية والثقافية لهم.

8- العمل على تفعيل آليات الدفاع عن حقوق المواطنين الدستورية والقانونية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیاغەیە لەبەر رۆشنایی موناقەشەکانی پێرێ بوو, بەس ئەوەندە مولاحەزەیە لە پێنجەم (العمل على المشاركة في المجالات والنشاطات الدولية والداخلية) یەعنی شتێکی وا داخیل بکەن, (الداخلية والدولية) هەردووکی هەبێتن, بەڵێ (المحلية والدولية), دەزانم بەس ئەوە ئەهدافە خراپ نییە تێدا بێتن, وابزانم لەبەر رۆشنایی موناقەشاتی خۆتان بوو, ئەگەر کەس مولاحەزەی نییە دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, دەمێنێتەوە ئەسبابی موجیبەکەی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

لە پێناو کارکردن بۆ پشتگیری کردنی گەلی کوردستان و بەرگری کردن لە مافە ڕەواکانی بە هۆکارەکانی ئاشتی و دیموکراتی و دانانی پسپۆرایەتی ئەندامانی یەکێتیەکە لە مەیدانەکانی یاسادانان و ڕۆشنبیری و زانستی لە خزمەتی دەزگاکانی هەرێمدا، پێویستی بەوە کرد کە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان دابمەزرێ، هاوشێوەی ئەو یەکێتییانەی کە لەبەشی زۆری دەوڵەتەکانی شارستاندا هەن، بۆئەوەی ببێتە سەکۆیەکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان پەرلەمانتارانی کوردستان و عێراق و جیهان، بۆیە ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الأسباب الموجبة**

بغية العمل على مساندة شعب كوردستان والدفاع عن حقوقه المشروعة بالوسائل السلمية و الديمقراطية و وضع الخبرات التي يمتلكها اعضاء الإتحاد في المجالات التشريعية و الثقافية و العلمية في خدمة مؤسسات الإقليم فقد اقتضى تأسيس اتحاد لبرلماني كوردستان اسوة بالإتحادات الموجودة في معظم دول العالم المتحضر ليصبح منبراً هاماً لتوطيد العلاقة بين برلمانى كوردستان والعراق والعالم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم باشە لە جیاتی (بغية العمل) بڵێین (بغية المساهمة في العمل), خەڵکی تریش عەمەل دەکات, یەعنی بەشداری کردن لە کاری پشتگیری کردنی گەلی کوردستان راستترەو دەقیق ترە (بغية المساهمة في العمل), ئەگەر کەس مولاحەزەی نییە ئەسبابی موجیبە و قانونەکە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە بە هەموو تەعدیلاتەکانیەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کاك هیوا لەگەڵدا نییە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

داوا لە لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی تەندروستی دەکەم بۆ راپۆرتیان لەسەر بڕگەی دوو بێن لێرە دانیشن, لیژنەی یاسایی فەرموو بۆ خوێندنەوەی راپۆرت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە پرۆژەی راگرتنی بڕیاری ژمارە (368) کە لە 1990/9/9 لە مەجلیسی قیادەی سەورەی عێراقی مونەحەل دەرچووە بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە, دوایی بەڕێز کاك محەمەد صالح بە زمانی کوردی دەیخوێنێتەوە.

**الى/رئاسة المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

**م/تقرير اللجنة القانونية**

قامت لجتنا بدراسة مشروع قرار ايقاف العمل بقرار مجلس قيادة الثورة العراقي المنحل المرقم 368 في 1990/9/9 بعد القراءة الاولى له في البرلمان بتاريخ 2006/11/14, وتقدم اللجنة تقريرها وتوصياتها بشأنه بأجماع الاراء وكما يلي:

اولا: ان اللجنة القانونية تؤيد المشروع بشكل عام بعد الاخذ بنظر الاعتبار الملاحظات الاتية, وذلك لان المشروع ينسجم مع المعايير العالمية المعمول بها في اغلب بلدان المنطقة والعالم بخصوص منع تشغيل الاحداث في جميع المشاريع, لان بناء شخصية الانسان تبدأ من طفولته وحداثته, وان السلطات في الاقليم تهدف من وراء

هذا المشروع الى الاهتمام الكلي بالاطفال ورعايتهم رعاية حسنة, تنسجم مع المعايير الدولية لحقوق الاطفال والاحداث.

ثانيا: تقترح اللجنة بتصحيح ديباجة القرار, لان المشروع مقدم من قبل الحكومة بموجب كتاب رئاسة مجلس وزراء اقليم كوردستان المرقم 8494 في 2006/7/24, وليس العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني, والاشارة الى هذه النقطة.

ثالثاً: اعادة صياغة الفقرة الثلاثة كالاتي:

(على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار).

رابعاً: اعادة صياغة الفقرة الرابعة كالاتي:

(ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية "وقائع كوردستان").

راجين التفضل بالاطلاع وعرض اصل المشروع راي اللجنة القانونية بشأنه على المجلس للمناقشة وابداء الراي المناسب بصدده, مع تقدير.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێتن, ئێستا راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ بە زمانی كوردی, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ

**بەڕێز/سەرۆكی پەرلەمان كوردستان**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە

ئەوەی ئاشكرایە رژێمی بەعسی دیكتاتۆر هەمیشە هەوڵی داوە بەهاو بنەما ئەخلاقی و مرۆییەكان و بگرە پرەنسیپە ئاینیەكانیش لە پێناو بەرژەوەندی و مەرامەكانی مانەوەی خۆیدا بەكار بهێنێت, یەكێك لەو بەهایانە كارو پێویستی مرۆڤە بەكار.

رژێم دوای ئەوەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق, شەڕی كەنداوی كرد بەریشی گەلانی عێراقەوەو بە هەزاران كەسی لە هێزی كار و بڕبڕەی پشتی بازاڕو كارگەو فەرمانگە خزمەتگوزاریەكانی كردە قوربانی ئەو شەڕە دۆراوانەو بۆشاییەكی گەورەو قەیرانێكی پڕ مەترسی بۆ رژێم دروست كرد, بۆ پڕ كردنەوەی ئەو بۆشاییەو رزگار بوونی لەو قەیرانە پڕ مەترسیە منالآنی تەمەن خوار 18 ساڵی بەكارهێنا بۆ ئەو مەبەستەو بەداخەوە ئەو كارەی بە یاسای ژمارە 368 رێكخست. كە بواریدا منالی 12 ساڵ بەرەو ژوور كار بكات, ئەو شێوازە یاسایە بەپێی جاڕنامەو رێككەوتننامەی مافەكانی منالْ بە توندوتیژی لە دژی منالْ سەیر دەكرێت, چونكە هیچ بەرژەوەندیەكی منالی تێدا رەچاو نەكراوە. جگە لەوەی ئەو رژێمە ستەمكارە تەواوی زانیاری و بەیاننامەكانی لە رێكخراوە نێو دەوڵەتیەكان شاردۆتەوە, لە كاتێكدا ئەو رێكخراوە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیانە ساڵانە راپۆرتی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو, كە نوێترینی ئەو راپۆرتانە

ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی ئەو منالأنەی لەبەر دەم کاری جۆراوجۆر دان لەنێوان 250 – 300 ملیۆنن. 100 ملیۆنیان بێ لانەو شەو و رۆژ لەسەر جادەکان دەکەونەوە, بەداخەوە لەلایەن مافیا گەورەکانەوە باندی جۆراوجۆریان لێ دروست دەکەن, 60 ملیۆنیان لە کاری بەدڕەوشتیدا بەکار دەهێنن, هەندێکی تریان بۆ دزی و پیاوکوشتن و, هەندێکی تریشیان بۆ بازرگانی بە مادە بێهۆشکەرەکان.
بەلأم سوپاس بۆ خوا لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی ئەو رێو شوێنەی کە حکومەتی هەرێم لەبەری گرتووە, کە منالأنی کوردستان دوورن لەو جۆرە ئافەتانەوە, بەلأم هیواداریـن حکومەت زیاتر گرنگی بەو بوارە هەستیارە بدات.

تێبینی و پێشنیارەکانی لیژنە:

1- ئەو یاسایە لە ئەساسدا دەبوو هەموار بکرێت, بەلأم لەبەر ئەوەی ئەو رژێمە ئیستیغلالی بەرائەتی ئەو توێژەی کردووە, بۆ مەرامی مانەوەی خۆیان لەسەر حسابی ئایندەی ئەو مندالأنەو بەهیچ جۆرێ رەچاوی بنەماکانی جاڕنامەی منالی نەکردووە لە یاساکەدا, جگە لەوەی (بەڕاستی ئەوە تێڕوانینی خۆم بوو, بەلأم لەوانەی کە هەندێ یاساناسن دەڵێن مەجلیسی قیادەی سەورە بڕیارەکانی قوەی قانونی هەیە, بەوەی کە پەرلەمان ئەوەی بۆ دەرچووە, بەداخەوە یەعنی شتێکی تاوانە مەسەلەن بەناوی یاساوە شتی نایاسایی بکرێتە یاسایی, ئەوەی کە من نووسیومە لەبەردەمتانە, بەلأم نایخوێنمەوە, یەعنی دەڵێم ئەو بڕیارانەی نووسیومە نا شەرعییە, چونکە نە هیچ رەبتێکی بە پەرلەمانەوە هەبووە, نە بە بە دەزگای قەزائیشەوە هەیە, لەو ناوەندە شتێك قیت بۆتەوە بۆ ئەو بڕیادەرانە, بە قەناعەتی من و لیژنەکە هەمووومان وا بووین, بەلأم ئەوانەی کە شارەزاییان هەیە لە یاسا دەڵێن ئەو دەزگایە بڕیارەکانی قوەی قانونی هەبوو, بەپێی بڕگەی (1)ی ماددەی (42) لە دەستووری عێراق, لەبەر ئەو حاڵەتانەی پێشوو ئەو یاسایە پوچەڵ بکرێتەوە.

2- لەبەر ئەوەی زۆر ئاسان نییە رێگا گرتن لە کار کردنی منالأن, چونکە هەروەکو ئەمڕۆ لە جیهاندا هەیەو رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان رێو و شوێنیان بۆ دیاری کردووە, هەروەها پێداویستی و بژێوی هەندێ لەو خێزانە بێ سەرپەرشتیارو هەژارانە لە ئەستۆی ئەو مندالأنەدا, لەبەر ئەوە پێویست بە یاسایەکی نوێ بۆ کار کردن هەیە, کە پەرلەمان ئیقراری بکات.

ئەو یاسایە بۆ ئەو مەبەستە دادەنرێت, پێویستە ئەم خالأنەی خوارەوە لەبەرچاو بگرێت:

أ- پابەند بوونی بە جاڕنامەو پەیماننامەکانی مافی مندالأنەوە دووپات بکاتەوە.

ب- تەمەنی کارکردن بۆ منالأنێ کە پێویستیان بە کارکردن هەیە لە 15 ساڵ کەمتر نەبێت.

ج- ماوەی کارکردنیان لە شەش کاتژمێر زیاتر نەبێت و لە حەوت کاتژمێریش زیاتر لە کاردا نەمێننەوە.

د- کاری قورسی ئەوتۆ نەبێت زیانی بە تەندروستیان بگەیەنێت, ئەویش لە رێگای پزیشکی پسپۆڕەوە دیاری بکرێت.

خ- بە هیچ جۆرێ کاری شەوانەیان پێ نەکرێت.

هـ- ئەو كار كردنە رێگای خوێندنیان لێ نەگرێت.

بەلأم بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە نموونەیەکی لەبەر چاوی تەواوی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان پێویستە حکومەت لە رێگای وەزارەتی پەیوەندیدارەوە پابەند بوونی خۆی بە عەمەلی دووپات بکاتەوە بەو جاڕنامەو رێککەوتننامەی تایبەت بە مافەکانی منداڵەوە, چونکە هەندێك لەو ماددانەی کە هاتوون ئەرکی چارەسەری ئەو منالأنە لەو تەمەنە ناسکەدا لە ئەستۆی حکومەتەکان دایە, هەروەکو لە ماددەکانی (18و 19و 20و 21و 26و 27و 32و 39) رێککەوتننامەی مافی منالّدا هاتووە, هەروەها دووریان بخاتەوە لەو چارەنووسە ترسناکەی کە منالأنی تری دونیای تێکەوتوە, ئەویش بە دابینکردنی گوزەرانی تەواوی ئەو خێزانە نەدار و هەژارانەی کە ناچارن منالّەکانیان بخەنە بەردەم کار کردن, بۆ ئەوەی رێژەی کارکردن بە مندالّ کەمتر بکرێتەوە, کە ئەوە بۆ خۆی سەروەریەکی گەورەو مەزنە بۆ گەل و دەسەلأتی هەرێمی کوردستان.

ئێمە لە لیژنەی مافی مرۆڤ کار دەکەین بۆ ئەوەی پرۆژە یاسایەك لەو بارەیەوە بخەینە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر فوئاد راپۆرتی لیژنەی تەندرستی.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**

**ب/راپۆرتی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلأیەتی**

لیژنەکەمان لە بڕیاری ژمارە (368)ی رۆژی 1990/9/9ی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی هەلّوەشاوەی عێراقی کۆلّییەوە, ئەمەی خوارەوەش رای لیژنەکەمانە لەسەر ئەو بڕیارە:

رێگەدان بە کارپێکردنی ئەو مندالأنەی تەمەنیان لە (12) سالّ کەمتر نییە, کە لە پرۆژەکانی کەرتی تایبەت, کەرتی تێکەلّ و کەرتی هەرەوەزیدا ئیش بکەن, بەبێ ئەوەی سروشتی ئەو پرۆژانە ئاماژەیان پێ بدرێ و بەبێ ئەوەی مەترسییان بۆ تەندروستی و هەستی دەروونیی ئەو مندالأنە دیار بکرێ, ئەوە خۆی لە خۆیدا بەسەر پێچی کردن لەو راسپاردە و بەندانە دادەنرێ کە لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مندالّدا هاتوون و کۆمەلّەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 1959/11/20دا دەریکردووە, بۆ ئەوەش بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە جاڕنامەی مافەکانی مندالّ بەستووە, کە لە سالّی 1924دا لە جنێف راگەیەنرا, لە ئەسلّی دەقەکەیدا هاتووە دەلّێ (ئەم جاڕنامەیە ئامانجی ئەوەیە مندالّ مندالّێتییەکی بەختیاری پێ ببڕێ و, بەپێی ئەو ماف و ئازادییانەی لەم جاڕنامەیەدا بڕیاریان لەسەر داوە, لە خێرو بێری کۆمەلّگەدا بەکامەرانی بژی, هەروەها کۆمەلّەی گشتی داوای لە هەموو لایەنەکان کرد, بە حکومەتەکانیشەوە کە دان بەم مافەدا بنێین و بۆ چاودێری کردنیشیان هەولّ بدەن.....).

لە ماددەی چوارەمیشدا هاتووە, کە منداڵ دەبێ لە سوودی زەمانەتی کۆمەڵایەتی بەشی هەبێ و بۆ گەشە کردنێکی تەواو راهێنراو بێ و ئامادە کرا بێ, بەپێی ئەم جاڕنامەیە هەموو ئادەمیزادێك تەمەنی بە (18) ساڵان نەگەیشتبێ بە منداڵ دادەنرێ, کۆنگرەی گشتیی رێکخراوەی کاری نێو دەوڵەتی بە سەرپەرشتیی دەستەی سەرۆکایەتیی مەکتەبی کاری نێو دەوڵەتی لە خولی (58)یدا, لە شەشی حوزیران ساڵی 1973دا لە جنێف بەسترا, ئەم کۆنگرەیە بەڵگەنامەی ژمارە (138)ی تایبەت بە رێکخراوەی کاری نێودەوڵەتیی دەرکرد, کە پەیوەندیی بە کەمترین رادەی تەمەنەوە هەیە, بتوانێ بچێتە مەیدانی کارەوە, ئەم جاڕنامەیە دوای ئەوە دەرچوو کە چاوخشێنرایەوە بە رێککەوتننامەکانی پێشتردا کە لەم بارەیەوە لە ساڵەکانی (1919, 1920, 1921, 1932, 1936, 1937, 1959, 1965)دا مۆر کرا بوون.

راسپاردەکانی ئەو کۆنگرەیە بە بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێ, هەموو ئەندامەکانی ئەم رێکخراوە نێو دەوڵەتیە پابەند دەکات کە عێراقیش یەکێکە لەو ئەندامانەو دەبێ جێ بەجێی بکەن.

لە ماددەی یەکەمدا هاتووە دەڵێ (هەموو ئەندامێ پابەندە بەم بەڵگەنامەیەوە بەڵێن دەدات سیاسەتێکی نیشتمانی بنیات بنێ بە ئامانجی ئەوەی کە کار بە منداڵان نەکات و هەوڵ بدات کە رادەی تەمەنی لاوانی ئیش کەر بەرە بەرە بەرز بکاتەوە, کە بە جۆرێ لەگەڵ گەشە کردنی جەستەیی و عەقڵی مێر منداڵانی ئیشکەردا بگونجێ.

ماددەی دووەم: هەموو ئەندامێك بەڵێن دەدات رێنمایی زۆرەملێ دەربکات, کە هیچ کەسێ تەمەنی لەو راددەیە کەمتر نەبێ نەیخاتە سەر هیچ ئیشێك, لە بڕگەی سێیەمیشدا هاتووە, کە بچووکترین تەمەن یاسا بڕیاری لەسەر داوە, نابێ لە تەمەنی خوێندنی زەبتی (التعلم الاجباری) کەمتر بێت و لە هەموو حاڵەتێکیشدا دەبێ لە (15) ساڵ کەمتر نەبێ.

لە ماددەی حەوتی بڕگەی یەکدا هاتووە, کە ئەمەش یاسای نیشتمانی رێنماییەکان بڕیار لەسەر کار کردنی تەمەن (13) ساڵ و (15) ساڵ بدەن لە ئیش و کاری سووکدا, یەعنی بۆیان هەیە هەر وڵاتێك رێنماییەك دەربکات, بۆ ئیش پێ کردنی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان (13 تا 15)یە لە ئیشوکاری سووکدا, یەعنی (الاعمال الخفیفة), بەمەرجێك ئەو خاڵانە رەچاو بکرێت:

أ- ئەو ئیشە مەترسیی بۆ تەندروستی و گەشە کردنی نەبێ.

ب- لەگەڵ بەردەوام بوونی خوێندن و ئەو بەرنامانەی گۆڕاندا (التأهیل) کە دەسەڵاتەکانی حکومەت دایدەنێن, پێچەوانە نەبێ.

بڕگەی دووەم: دەسەڵاتەکان پێویستە لەسەریان ئەو چالاکییانە دیاری بکەن, کە رێگا بدرێ ئیشی تێدا بکرێ, هەروەك لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە دوای دیار کردنی سەعاتی ئیشکردن و مەرجەکانی ئیشکردن.

بەشێوەیەکی گشتی راددەی نزمی تەمەن کە رێگای ئیش کردنی پێ بدرێ, بەپێی ئەو پێڕۆیانەی لە رێکخراوەی کاری نێودەوڵەتیەوە دەرکراون, بەپێی سروشتی جیاوازیی ئەم ئیشانەی وەکو (پیشەسازی, کشتوکاڵی, ئیشی ناو دەریا, راوەماسی و ئیشی ناو کانەکان .........), وەکو یەك نییەو جیاوازە, لە هەموو

ئەوانەی باس کران, ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بڕیاری ئەنجومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوە هیچ گوێی بەم لایەنانە نەداوەو بە تەنگەوە نەبووەو بەشێوەیەکی رەها هاتووەو مافی مێرد منداڵ و سروشت و ماوەو سەعاتی ئیش و فەراهەمکردنی زەمانەتی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خوێندنی بەلاوە گرنگ نەبووەو پشت گوێی خستووە.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە راددەی کەم بۆ ئیش کردنێك کە هەر بە سروشت زەرەرو زیان بە تەندروستی و هەست و دەروونی کەسی ئیشکەر دەگەیەنێ, پێویستە تەمەنی (18) ساڵان کەمتر نەبێ, ئەم ئیشانە پێویستیشە بە پێرۆ و رێنمایی دیار بکرێت:

لەبەر ئەوە لیژنەکەمان پشتگیری لە پوچەڵکردنەوەی ئەو بڕیارە دەکات و داواش لە وەزارەتی کار دەکا پرۆژەیەك بە یاسای کاری مێرد منداڵان پێشکەش بکات, کە هەموو بەندەکانی تایبەت بە مافەکانی منداڵانی تێدا رەچاو بکرێ, وەك ئەو دەقانەی لە بەڵگەنامەو رێککەوتننامەی نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون, بە تایبەتیش ئەوانەی کە رێکخراوەی کاری نێودەوڵەتی دەری چواندوون, لە کۆتاییشدا دەڵێین گرنگ هەر ئەوە نییە کە تەمەن دیاری بکرێ, بەڵکو گرنگ ئەوەیە کات و سەعات و جۆری ئیشەکانیش دیاری بکرێن و هەلی خوێندن لە ماوەی کار کردن دا بڕەخسێ و منداڵانیش رێگایان پێنەدرێ بەر لە سەعات حەوتی سبەینان و پاش سەعاتی حەوتی ئێواران کار بکەن.

هاوپێچیش لەگەڵ ئەم راپۆرتەدا وێنەیەك لە بڕیاری ژمارە (368) پێشکەش دەکەین کە لە رێکخراوەی کاری نێودەوڵەتیەوە دەرچووەو پێوەندی بە کەمترین تەمەنەوە هەیە, رێگای کارکردنی پێدرا بێ, لەگەڵ هەندێ راسپاردەی مەکتەبی کاری ئیقلیمی دەوڵەتە عەرەبیەکان, لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, هەرسێ راپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی تەندروستیش پشتگیری لەوە دەکەن کە ئەو بڕیارە پوچەڵ بکرێتەوە, ئەو تێبینیانەو پێشنیارانەی تر کە هاتوون لە راپۆرتەکان, بەتایبەتی راپۆرتی مافی مرۆڤ, راپۆرتی لیژنەی تەندروستی, دەکرێت دواتر لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پرۆژەیەك ئامادە بکەن, جا ئەگەر لە رێگای حکومەتەوە بۆمان بێت, یاخود لێرەوە بە ژمارەی یاسایی ئەندامان پێشکەش بکرێت, کە ئەو شتانە هەمووی جێگای خۆیەتی کە یاسایەك لێرە دەرچێتن مافی منداڵان بپارێزێتن بەو شێوەیە ئاماژەی پێ کرا, داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی دەقی بڕیارەکەی لابردنی, یاخود پوچەڵ کردنی ئەو بڕیارە بخوێننەوە, مادده یەکی بخوێننەوە, ئینجا پێشنیاری خۆیان, ئینجا دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

1-لەکار خستنی بڕیاری ئەنجومەنی فەرماندەی شۆڕشی عێراقی ژمارە (368) لە رۆژی 1990/9/9.

لیژنەی یاسایی وەك لە راپۆرتەکە خوێندمانەوە پشتگیری ئەو ماددەیە دەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی ئەو ماددەیە بخوێنینەوە لە بڕیارەکەدا هاتووە دەڵێت لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەن, ئەوە لە راپۆرتەکەدا هاتووە, دەبێت تەصحیح بکرێت, بگوترێت لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران, ئینجا ئەو خاڵە وابزانم لەبەر رۆشنایی هەرسێ راپۆرتەکە لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ و تەندروستی, ئەگەر ئێوە کەس ئیعتیرازتان لەسەر ئەوە نییە, ئیعتیرازتان لەسەر ئەو خاڵە هەیە, با ناوتان بنووسم, کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیعتیرازم نییە, بەڵکو قسەم هەیە لەسەر ئەو پرۆژەیە, من پرسیارم هەیە لەسەر ئەوە, ئایا تا ئێستا کار بەو بڕیارە کراوە لە کوردستان, تا ئێمە بێین هەڵیبوەشێنینەوە, ئەوە یەك.

دوو/ بڕیارەکە هی مەجلیسی قیادەی سەورەیە, مەجلیسی قیادەی سەورە هەڵوەشاوەتەوە بە یاسا, بە بڕیار هەڵوەشاوەتەوە, ئەوە یەك.

دوو/ مەجلیسی قیادەی سەورە, ئێستا دادگایی دەکرێت لەسەر ئەو هەموو بڕیارو ستەمکاریانەی کە دەریان کردووە, یەعنی لەسەر ئەو بڕیارانە ئێستا مەجلیسی قیادەی سەورە لەبەردەم دادگایە.

سێ/ لە ساڵی 1991ەوە تا ئێستا کوردستان ئازادەو ئێمە گوێمان بە هیچ بڕیار و یاسایەك کە لە دەسەڵاتی عێراق لە پەرلەمانی عێراق دەرچوو بێت, یان لە مەجلیسی قیادەی سەورە دەرچوو بێت, ئێمە گوێمان پێی نەداوەو کارمان پێ نەکردووە.

من پرسیار دەکەم ئایا ئێستا ئێمە لەو رۆژگارەوە دێین بەبێ ئەوەی بەدیلمان هەبێت ئەوەك ئیلغا دەکەینەوە وەکو ئێمە, هەتاکو ئێستا پابەند بووبین پێوە, وەکو ئەوەی بۆ ئێمە شەرعیەتێکە بۆ رابردووی 1991 تاکو ئێستا بۆ دەسەلاتی, یەعنی مەجلیس قیادەی سەورە دەگێڕینەوە, بەڕاستی بەڕای خۆم دەبوایە ئێمە یاسایەکی بەدیلمان هەبوایە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی منداڵان, بۆ کار کردنی منداڵان, یەکێك لە بەندەکانی ئەو یاسایە ئەوە بوایە هیچ یاسایەك کاری پێ ناکرێت کاتێك لەگەڵ دەقی ئەو یاسایە نەگونجێت, وەکو لە قانونەکانی تردا دامانڕشتووە, لەبەر ئەوە بە رەئی خۆم ئەوەی ئێستا کە ئێمە دەیکەین, یەعنی ئەوەندە ئەهمیەتی نەبووە, بەبێ ئەوەی کە ئێمە بەدیلێکی یاساییمان هەبوایە, من ئێستا بۆ خۆم هەست دەکەم ئێمە لە دەسەڵاتی خۆمان, لە دەسەڵاتی کوردستان گومان دەخەینە سەر دەسەڵاتی کوردستان, گومان دەخەینە سەر شەرعیەت و ناشەرعیەتی قەراراتی قیادەی مەجلیسی سەورە لە رابردوودا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رەئیەم کە قەرارەکە لابچێت, هەرچەندە پشتیوانی کاک ئاریێزیش دەکەم لە مەوزوعەکەدا, بەلأم لە سیستەمی بلێین کۆمەلگای مەدەنی جیای کردۆتەوە, هەتا تەمەنی دوازدە حیسابێکی بۆ دەکات, لە دوازدە بۆ نۆزدە ساڵ پێی دەڵێن (تین ئەیج) یەعنی ئەو زەمانانەی کە کۆتاییەکەی (Teen)ی پێی دەڵێن (teen age) سێزدە و چواردەو پازدە, ئەمانە تەنانەت لە مەکتەبەکاندا تەشجیعی ئەوەیان دەکەن کە تەمرین بکەن و ئیش بکەن لەسەر ئەو شتانەی کە رەغبەتیان لێیەتی, مەسەلەن لە مەکتەبدا قوتابی وا هەیە دەڵێت من حەز دەکەم لە بانك ئیش بکەم, مەسەلەن هەر لە بەرنامەی مەکتەبدا بۆیان دیاری دەکەن حەفتەی چەند سەعاتێك دەچن لە بانکەکان دادەنیشن و لەگەڵ کاتبەکاندا کار دەکەن, بۆ ئەوەی را بێن, کە تەمەنیان دەگاتە بلێین سانەوی تەواو دەکەن, ئیتر موئەهەل دەبن بۆ ئەوەی ئیش بکەن, کەواتە ئێمە ئەگەر ئیمکان بێت لەسەر ئەو مستەوایە کار بکەین, (teen age) حیسابێکی تایبەتی بۆ بکرێت, بەتایبەتی زرووفی کوردستان, کە ئێمە دەزانین ئەگەر مەجالی ئەوەی نەدەین دوازدە ساڵ, سێزدە ساڵ ئیش بکات لە کوێ پارەی بدەینێ و چۆن پارەی بدەینێ, بەپێی ئەو سیستەمەمان هەیە کەی ئێمە حازرین بەدیلی پەیدا کردنی ئەو مندالە چارەسەر بکەین, سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لە رووی مرۆییەوە راپۆرتەکان هەمووی تەواون, ئێمەش پشتگیری راپۆرتی هەرسێ لیژنەکان دەکەین, بەلأم دیارە واقیع لە ولأتی ئێمە شتێکی ترە, مندالأنی ئێمە جاری وای لە تەمەنی هەژدە ساڵی دوو سێ منداڵیشی هەیە, یەعنی ئیلتیزامیان هەیە خێزان بەخێو بکەن, ئێمە تەنها لێرە هەر یەك شت نەزانین, کە ئیش نەکەن, ئەی بەدیلەکەی چییە, چارەسەرەکەی چیە, مەسەلەن ئێمە دەبێت حکومەت ئیجبار بکەین, مادام ئەو مندالأنە کار نەکەن, یان هەتا خوێندن تەواو دەکەن, یان هەتا تەمەنیان دەگاتە هەژدە ساڵ ژیانیان دابین بکرێت, تۆ ئیشیان بۆ نەکەیت و حکومەتیش ئیجبار نەکەیت شتێکیان بۆ بکات, رەنگە کارەکە رووبەڕووی کارەساتێکی خراپ ببێتەوە, مندالأنی ئێمە لە هەشت ساڵی, یان دە ساڵی باوان هەروا دەیانێرن بۆ فیتەر, بۆ ئەوەی فێری صەنعات ببن لە جیاتی خوێندن, یان لە دیراسە فێری شتی صناعی نەبن, دوای مەکتەبێ دەیانێرن بۆ لای فیتەر بۆ ئەوەی فێری صنعات بن, مەقسەدم ئەوەیە ئێمە باشترە بیر لەو بڕیارە بکەینەوە, تەنها هەر خۆ شاردنەوە نییە, وەکو برادەرانیش باسیان کرد, کاك ئاریێز فیعلەن ئێمە مولزەم نەبووینە بەو قەرارە, کوردستان ئیشی پێ نەکردووە, من پێم باشە زیاتر بیر لەو بڕیارو لە هەڵوەشاندنەوەو لە کار خستنی ئەو بڕیارە بکەینەوە, زیاتر لە بەرژەوەندی مندالأن بێت,

چونکە دەبێت بەدیلێك هەبێت, ئەگەر ئیش نەکەن, ئێمە شتێکی ترمان پێ بێت, وەکو لە لیژنەکانیش هاتووە, ئێمە باشین کار ناکەین, بەلأم کار ناکەن چ بکەن, ئەو واقیعەی لە کوردستان هەیە دەبێت لەبەرچاو بگرین, سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە هەڵوەشانەوەی بڕیارەکە دەکەم بە دوو پێشنیارەوە:

یەکەم/ پشتگیری ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی دەکەم بەدەرکردنی ئەو پرۆژە یاسایەی بۆ کاری مێردمندالأن, لەگەڵ پێشنیاری کاك عوسمان, فیعلەن بژێوی ئەو خێزانانە دابین بکرێت, کە ئەرکی بەخێو کردنیان لە ئەستۆی منداڵەکانیانە.

یەك مولاحەزەشم هەیە لەسەر راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ, من نازانم بە چ ئامارێك ئیشارەتیان بەوە داوە کە مندالأنی کوردستان دوورن لە ئافاتی بەدڕەوشتی و دزی و تریاك و ئەوانەوە, راستە لەلای ئێمە مافیا نییە, بازرگانی بەو مندالأنەوە بکات, بەلأم زۆربەی هەرە زۆری ئەو مندالأنەی لە کوردستان ئیش دەکەن, بەپێی چەند ئامارێك کە لەلایەن رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و منالْ پارێز و ئەوانە کراوە, زۆربەیان تووشی کاری بەدڕەوشتی و دزی و جگەرەکێشان و مەشروب خواردنەوەو تەنانەت تریاك و دزی و ئەوانەش بوونە, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روون کردنەوەیەکم هەیە لەسەر راپۆرتەکانی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی تەندروستی, لە راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ هاتووە لە برگە دوو/ب/دەڵێ تەمەنی کار کردن بۆ مندالأنی کە پێویستە لەسەر ئەوەی پازدە, پێم وایە ئەگەر مندالْ لەسەرەوەی پازدە بێ, پێی ناگوترێت مندالْ, لە تەمەنی مندالْ دەردەچێت پێی دەگوترێت مێردمندالْ, یان ئەوەتە حەدەس, ئەوە لە رووی یاساییەوە وەکو مندالْ حیسابی بۆ ناکرێتن.

سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی تەندروستیش دەڵێت ئێمە تەئیدی ئیلغای ئەو قانونە دەکەن, پەرلەمانی کوردستان ئەو دەسەلأتەی نییە ئەو قانونانە ئیلغا بکاتەوە, تەنها پەرلەمانی عێراق نەبێتن, ئەو دەتوانێت ئەو یاسایانە ئیلغا بکاتەوە, لە رووی یاساییەوەش ئەو یاسایانەی کە ئەنجومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوە کە هەر یاسایەکی دەرکردووە, کە ئیلغا نەبۆتەوە لە پەرلەمان لە بەغدا هەمووی نافیزی مەفعولەو کاری پێ دەکرێت, ئێمە تەنها لە پەرلەمان بۆمان هەیە رایان بگرین, نەك بۆ ئیلغا کردنەوە, ئەوە بۆ روونکردنەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش هەندێك تەعلیق لەسەر بۆچوون و ئەوانەم هەیە, بەڵێ کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەکانی کاك ئاریز, هەموو قەراراتی حکومەتی عێراقی مەرکەزی لە کوردستان ئیشی پێ دەکرێت, هەتا تاریخی 1991/10/23, کە پەرلەمانی کوردستان قەرارێکی دەرهێنا ژمارە (11) دەڵێت ئیش بەو قەراراتانە لە کوردستان ناکرێت, کە پاش سەحبی ئیدارات لە کوردستان, قەرارەکەش هەتاکو ئێستا ساریە, واتا ئەو قەرارەی کە ئێستا پەرلەمان موناقەشەی لەسەر دەکات, کە بە نیازە رایبگرن لەو قەراراتانەیە کە ئیلغا نەکراوەتەوە, هەتا ئێستا کاری پێ دەرکرێت لە کوردستان, جگە لەوەش کە بریمەر هاتە سەر حوکم ئەو قەرارەی ئیلغا نەکردووە, هەتا ئێستا ئەو قەرارە لە بەغداش کاری پێ دەکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك دکتۆر فوئاد.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم روونکردنەوەیەك لەبارەی قسەی کاك عوسمان بدەم, ئێمە پێشنیار ناکەین کەوا ئیش بە منداڵ نەکرێت لە تەمەنێکدا, وەکو لەو بڕیارانە هاتووە, لە کۆنگرەکانی رێکخراوەی کاری نێودەوڵەتی ئاماژەی پێ کردووە لە راپۆرتەکەماندا, بەڵام وەکو لەو رێنماییانە هاتووە, دەبێت رەچاوی مافی منداڵان بکرێت, ئەوانەی کە ئیشیان پێ دەکرێت لە تەمەنی سیازدە تا پازدەساڵ, یان بەرەو ژوورتر, یەعنی مافیان پارێزراو بێت, بەتایبەتی لە خوێندندا ئیشی شەویان پێ نەکرێت, ئەگینا ئێمە داوا ناکەین ئیش بە منداڵان نەکرێت, ئەوە رێنمایی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی نییە کە ئیشیان پێ نەکرێت, بەڵام دەڵێت مافەکانیان پارێزراو بێت, لەبەر ئەوە بۆیە داوا دەکەین یاسایەك دابڕێژرێت, بۆ ئەوەی رەچاوی ئەو خاڵانە بکات, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کوێستان خان باسی ئاماری کرد, ئەوەی لە جاڕنامە و رێککەوتننامەکانی تایبەت بە مافی منداڵانەوە هاتووە, زیاتر تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە, کە منداڵانێك بە زۆر ئەو ئیشەیان پێ دەکرێت, لە کوردستاندا ئەگەر خەڵکێك منداڵێك کار دەکات, یان بە رەغبەتی خۆیەتی, یان پێداویستی خێزانەکەیەتی, ئەمانە خەڵکانێك یەعنی وەکو سوغرە, ئەم رێککەوتننامەیە زیاتر داکۆکی لەو منداڵانە دەکات کە بەزۆری ئیشیان پێ دەکەن, لە کوردستاندا ئەم جۆرانە نییە, وەکو خۆشت ئاماژەت پێ کرد مافیا نییە, ئەوەی کاك کەریم لە کوێ هێناویەتی پازدە ساڵ, جەنابت هەر سەیری ئەوە بکەیت (اتفاقیة حقوق الطفل), یەعنی منداڵ لە

منالّیەوە هەتاکو هەژدە ساڵ بە (طفل) ناونراوە, ئەوە دوایی تەفسیل دەدرێت, پاشان جیا دەکرێتەوە (طفل) لە بچووکەوە تا دەبێتە دوازدە, یان دە ساڵ پێی دەڵێن (طفل) دوایی پێی دەڵین حەدەس, بەلاّم رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان هەمووی هەر بە (طفل) ناو دەبەن, ئەم پازدە ساڵەش لە ئیتیفاقیەی نێودەوڵەتی مافەکانی منداڵان هاتووە, دەوڵەتە نیشتمانییەکان دەتوانن بۆ خۆیان تەمەنێکی موناسیب بۆ کار کردنی منداڵ دیاری بکەن, ئەوانەی کە من سەیرم کردووە, لەم دەوڵەتانەی کە هەن, هەم لە دەوڵەتی عالەمی ئیسلامی و هەم لە دەوڵەتانی ئەوروپاش تەقریبەن تەمەنی پازدە ساڵ وەکو تەمەنێکی نۆرماڵ لە هەموو لایەك دانراوە, ئەمە بۆتە حەددێك, لەمە بەرەو خوارتر نەبێت, چونکە لە خوار ئەو تەمەنەوە زۆر تەحەمولی ئیش ناکات, دەتوانن لەسەر ئەو رێنماییانەو لیژنەی تەندروستی ئیشارەتی پێ کرد, سوپاستان دەکەم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەلاّمی موداخەلاتی ئەندامانی بەرێز درایەوە لە لایەن لیژنەکانەوە, پێم وایە وەلاّمەکان وازیح بوون, ئەو قەرارەی لە ئەنجومەنی شۆڕشی فەرماندەی عێراقەوە دەرچووە, ئەگەر بە تەحدیدی ئیلغا نەکرێتن قانونەن لە مەحاکم جێ بەجێ دەکرێت, هەمووشمان ئەوەی دەزانین, ئیلا ئەو قەراراتانەی بە قەراری پەرلەمانی ئیلغا کراوە, لەبەر ئەوە ئەمەش دەبێت ئیلغا بکرێت, لە بەشەکەی خۆمان, ئەگەر بریمەریش ئیلغای نەکرد بێت, ئیلغا کردن لێرە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەر دێتەوە بیری, دەبێت ئەوانیش ئیلغای بکەن, ئیلغاشیان نەکرد, ئێمە حەقی خۆمانە ئیلغای بکەین, عەفو رایگرین, نەك ئیلغای بکەین, لەبەر ئەوەی ئیلغایەکەی دەبێت لەوێوە بێت, ئێمە لە بەشەکەی خۆمان لە کوردستان ئەو بڕیارە رادەگرین و لە کوردستاندا کاری پێ ناکرێت, هەر قسەیەکی ئیزافی لە هەموو ولاّتانی پێشکەوتوو, هەتا ئەو ولاّتانەش کە دیموکراتیش نین مافی منداڵ پارێزراوە, نابێت منداڵ لە پازدە ساڵ کەمتر بێت, لە حقوقی ئینسان هەژدە ساڵە نازانم تەئکید نیم کار بکەن, مەمنوعە کار بکەن لە ئەوروپادا پێش ئەو تەمەنە, ئەوەی ئاماژەی بەوە کرد, ئەی چی بکەین, یەعنی ئەرکی باوك و دایکە منداڵەکەی تا دەگاتە پازدە ساڵی مەسئوولیەتی هەڵبگرێتن و بەخێوی بکاتن, تۆ ئەگەر بە منداڵیەوە رەوانی ئیشی بکەیت فیکریەن موشەوەهـ دەبێتن, فیکرەی لە خوێندن دەکەوێتن نەفسیەن و جەسەدییەن, لەبەر ئەوەی دەبێت دەوڵەت ئەو حەقەی بپارێزێتن, بە رەغبەتی هەندێ کەسی وەك باوك نەبێت, کە منداڵەکەی لەبەر پێداویستی, یان لەبەر ئەوەی دەیەوێت زیاتر دەوڵەمەند بێت لە مەکتەب دەریدەهێنێت و دەینێرێتە کاری نابەجێ و ئەوانە, هەتا کاری بەجێش بێتن, حەقی ئەو منداڵەیە لە خوێندن بەردەوام بێت, نەك کار بکاتن, بۆیە ئەو لە جێی خۆیەتی, لە کوردستاندا ئەو دیاردەیە زۆر کەمە, بەلاّم خوانەخواستە ئەوە هەتا, ئەو قەرارە ئیلغا نەکرێت, ناتوانین خاوەن مەعمەلەکە, یان خاوەن دوکانەکە ئەو منداڵەی لەلای ئیش دەکاتن, ناتوانین موحاسەبەی بکەین, لەبەر ئەوەی ئیلغا کراوە, ئەو قەرارە لە لای مەجلیسی قیادەی سەورە ئیلغا نەکراوە, ئەوە یەك.

مەجلیسی قیادەی سەورە ڕێگا دەداتن بەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە دوازدە ساڵ کەمترە ئیش بکەن، کەواتە ئەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ قانونە ئەسڵەکە، قانونە ئەسڵەکە ڕێگا نادات بە منداڵ ئیش بکاتن، من دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بڕگەی کە خوێندرایەوە لە کارخستنی بڕیاری ئەنجومەنی فەرماندەی شۆڕشی عێراقی ژمارە (368) لە ڕۆژی 1990/9/9، بە عەرەبیەکەشی بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

1- ایقاف العمل بقرار مجلس قیادة الثورة العراقي المنحل المرقم (368) والمؤرخ في 1990/9/9.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ئێمە باسمان کرد لێرە داخیل ناکرێت، یاسا دانان دەبێت پرۆژەیەکی تازە بێت لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، یان لە لایەن دە ئەندامی پەرلەمان، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2- لا یعمل بأي نص یتعارض واحکام هذا القرار.

بە زمانی کوردی.

دووەم: هەر دەقێ بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە کار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس مولاحەزەی نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو بڕگەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە خاڵی سێیەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێیەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە بخاتە کار.

لیژنەی یاسایی صیغەیەکی تری بۆ داناوە:

بە زمانی عەرەبی.

3- علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ هذا القرار.

بە زمانی کوردی.

سێیەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە بخەنە کار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەکات, ئێستا بە عەرەبیەکەی (على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار), بە کوردیەکەشی دەبێت (ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەکات), ئاخر مەجلیس وزەرا ئەمر دەردەهێنێت, باشە (ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەکەن), دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, تکایە خاڵی چوارەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چوارەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە کار.

4- ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

بەلاّم دوێنێ وا ئیتیفاق کرا, کە صیغەکان لەمەدوا بگۆڕین ئیصدارەکەی لێ لا ببەین:

(ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان). ئیلا حاڵەتەکان موستەعجەل نەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, بڕیارەکە بە گشتی دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, زۆر سوپاستان دەکەم.

پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بێنین, مولاحەزەیەکم هەیە بۆ هەرسێ لیژنەکان, بەڕاستی هەموو لیژنەکان, راپۆرتەکانیان هەندێکیان مێژووی تێدا نییە, هەندێکیشیان یەك ئیمزای لەسەرە, هەندێکیشیان ژمارەی نییە, دەبێت یەکەم جار هەموو ئیمزاکانی لەسەر بێت, ئەوەی غائیبە بڵێن فلان کەس غائیب بووە, تاریخیشی لەسەر بێت, ئێمە لەمەودوا کار هەیە لێرە, بەپێی ئەو کارتە قسەکان و عینوانەکان ئەوە بەکار دەینین, هەریەکە لە جێ خۆی دانەنیشێتن, ناتوانم هینی بدەمێ, چونکە ناوەکەی دەنووسرێت, لەبەر ئەوە هەرکێ داوای قسەی کرد دەبێت لە شوێنەکەی خۆی دانیشێت, بۆ ئەوەی تەسجیل بکرێت, لیژنەکان کە کۆ دەبنەوە لە سەرەتای راپۆتەکانیان دەبێت لە فلان رۆژ کۆ دەبینەوە بە ئامادە بوونی ئەوەندە ئەندامەو ناوەکان بنووسن, ئەوەی غائیبە بە عوزرە, یان بێ عوزرە بنووسرێت, ئیمزاکان, یەعنی غیاب تەنیا لە جەلسەکان نییە, بەڵکو لە لیژنەکانیش غیاب تەسجیل دەکرێت, هەمووتان ئیمزا بکەن, ئیکتیفا نەکرێت یەکێك ئیمزا بکات, مەقسەدم ئێوە نییە, لێرە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین, بەڵێ کاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخمووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی سێیەم دەبێت ئێمە دەنگی بۆ بدەین, کە دواى بخەین, چونکە لە بەرنامە دایە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاست دەکەین و راستیش دەکەی, بەرنامەی کار خاڵێکی ماوە دەبوایە دەنگی بۆ بدەین دوای بخەین, لەبەر ئەوەی وەزیری پەیوەندیدار هەر لە بەغدایە لەگەڵ وەفدی حکومەتی هەرێم, کە چوونەتە بەغدا بە کارێکی رەسمی چووە, ناتوانین بڵێین غائیبەو وجودی زەروورییە, لەبەر ئەوەی هەندێ گۆڕانکاری هاتۆتە سەر پرۆژەکەیان بە موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە, بۆیە داوا دەکەم ئەو بڕگەیە دوا بخەین, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە ئەو بڕگەیە دوا بخرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین, کۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە, سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی**

**یه‌ك شه‌ممه رێكه‌وتی 17\12\2006**

**خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی

## یەك شەممە ڕێكەوتی 2006/12/17

كاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2006/12/17 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (1)ی نائاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-گفتوگۆكردنی ڕاپۆرتی بیكەر – هاملتۆن و دیاری كردنی هەڵوێستی پەرلەمانی كوردستان دەربارەی ئەو ڕاپۆرتە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2006/12/17دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆكردن لەسەر ڕاپۆرتی بیكر - هاملتون.

2-دیاری كردنی هەڵویستی پەرلەمانی كوردستان دەربارەی ئەو ڕاپۆرتە.

سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم, كە ئەمڕۆ ڕۆژی 2006/12/17 ڕۆژی دایكە, ڕۆژی هەڵكردنی ئاڵای كوردستانە, بۆیە بەبۆنەی ئەوەوە, پیرۆزبایەكی گەرم لە هەموو خەڵكی كوردستان دەكەم, كە پەرلەمان لەم ڕۆژەدا بڕیاری دا, ببێتە ڕۆژی دایك, چونكە ڕۆژی هەڵگرتنی ئاڵای كوردستان, ڕۆژێكی پیرۆزە لەلای هەموو خەڵكی كوردستان, بۆیە بۆ بایەخدان بەو ڕۆژە, لەو ڕۆژە بڕیاردرا كە ببێتە ڕۆژی دایك, پیرۆزبایی

لەهەموو دایکانی کوردستان دەکەم, ئومێدەوارم ژیانێکی خۆش لەگەڵ منداڵەکان و کەس و کاریان ببنە سەر, وە کوردستانیش هەر شاد بێت, بەئازادی و بە مافەکانی گەلەوە, هەروەها پێشی دوو رۆژ جەژنی یەزیدی کوردستان بووە, پیرۆزبایی لەهەموو خەڵکی کوردە یەزیدیەکان دەکەم, لەهەموو خەڵکی کوردستان دەکەم, زۆر بەخێرهاتنی بەڕێز کاك عمر فەتاح, جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان دەکەم, کەلەم دانیشتنەدا بەشدارن لەگەڵمان, بۆ مناقشەکردن و رەئی دەربڕین لەسەر ئەم ڕاپۆرتە, هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێزان نوێنەرانی(UN), کە ئەوانیش بەشدارن, بۆ گوێبیستن و زانینی ئەو وەزعە, دیارە لەو ماوەیەدا ئەو ڕاپۆرتەکە بلاٌوبوویتەوە, خەڵکی کوردستان نیگەرانن, نیگەرانن لەسەر ئەو خالأنە کە لێرە هاتووە, بەتایبەتی ئەو خالأنەی, کە پەیوەندیان بە ئایندەی گەلی کوردستانەوە هەیە, ئەو خالأنەی کە واتێدەگەین, بەزاندنە لەسەر مافی خەڵکی عیراق و خەڵکی کوردستان, خەڵکی ئێمە دوای رووخاندنی ڕژێمی صەدام, بەشداری کردووە, لە ڕزگاری کردنی گەلی کوردستان, و گەلی عیراق لە ڕووخاندنی رژێمی صەدام, و لە دوو هەڵبژاردنی یاسایی لەسەر تا سەری عیراق و پەرلەمانی کوردستانیش, بەشداری کردووە, لە داڕشتنی دەستوری عێراق و دەنگدان بۆی, سەرقاڵیشین هەموو لایەکمان, لەمناقشە کردن و گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پڕۆژەی دەستورەی هەرێمی کوردستان, کە ئومێد دەکەین, لە چەند مانگی داهاتوودا لە پەرلەماندا پەسەند بکرێتن, دواتر ڕۆژی دەنگدانی بۆ دیاری بکرێتن, وەکو ڕۆژێکی مێژوو حیساب بکرێتن, وە دەبینە خاوەن دەستوری خۆشمان ئینشائەڵلاٌ, بۆیە ئەم ڕاپۆرتە کە هاتووە, لە لایەن ئەم لێژنەیەوە, لێژنەیەکی ئیستشاری, هاتن بۆ عێراق, لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان کۆبوونەوە, ڕاپۆرتێکیان نووسیوە, تەحلیلی وەزعی عێراق دەکات, ڕاپۆرتەکە باسی قەیرانی عێراق و ناکۆکیەکانی عێراق دەکات, بەتایبەتی لەڕووی ئەمنیەوە, لەڕووی ئیقتصادیەوە, لەڕووی سیاسییەوەش, گەیشتۆتە چەند ئەنجامێك, کە پێم وایە, هەندێکیان دوورن لەواقیع, رەنگە زۆر جەوانبی ئیجابیش لە ڕاپۆرتەکەدا هەبێت, ئێمە ناچینە سەر ئەو باسە, چونکە بەتەئکید دە کەسی پسپۆری خاوەن تەجربە, خاوەن ڕێز, لە ئەمریکا لە هەردوو حزبە گەورەکانی ئەمریکا, حزبی دیموکراتی و حزبی جمهوری, بەتایبەتی بیکر کە وەزیری خارجیی و کەسێکی ناسراوی ئەمریکایە, هەروەها هاملتونیش, کەیەکێکیان لە حزبی دیموکراتیە, ئەوەی تریشیان لەحزبی جمهوریە, لەگەڵ هەشت کەسی تر, سەردانی کوردستانیان نەکرد, تەنها لەبەغداوە, لەگەڵ چەند لێپرسراوێکی حزبە سیاسیەکان و شارەزای ئەمریکی, خەڵکی تر گوێبستی پەند و ڕایی لەسەر وەزعی عێراق, ڕاپۆرتێکی دوورو درێژیان نووسیوە, کە ئەمن پێم وایە, ئەو ڕاپۆرتە لایەنە سلبیەکانی, حەقە لێرە باسی لێوە بکرێتن, وە ئێوەش رەئیی لەسەر بدەن, وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان, بۆ ئەوەی هەموو دنیا بزانێت, کە ئێمە ئەو زەمەنە ڕۆیشت, کە خەڵکی تر بڕیارمان لەسەر بدات, دونیا گۆڕاوە, ئەو وەختەی کە زوڵم لە کورد دەکرا, کیمیا باران دەکرا, ئەو زەمەنە بەسەر چوو, بەهەموو حیسابەکانی گۆڕانکارەکانی دنیا, جارێکی تر نە گەلی کوردستان ڕێگا دەدات, کەسێکی دیکە خاوەن دەسەلاٌت بێ ئەو تاوانە گەورانە بەسەر کوردا بسەپێنێ, رەفتاری لەگەڵ بکاتن, نە دونیا لێی قبوڵ دەکا, نە میللەتی

عێراقیش ئەو میللەتەیە، کەسێك بتوانێ، جارێکی تر بیگەڕێنێتەوە سەر دەسەلاتێکی دیکتاتۆری، یان حوکمەکی شموولی، ئەو ڕاپۆرتە بۆنی سیاسەتێکی بەسەرداچووی لێدەکرێت، من لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو دە ئەندامەی کە ئەو ڕاپۆرتەیان نووسیوە، بەلاّم بە تەفصیلش خوێندمەوە نە جارێك و نە دوو جار، پێم وایە ئەو ڕاپۆرتە لە حەفتاکان، هەشتاکان بنووسرابا، قابلی ئەوە بوو، کە تێبگەین، لەسەر دەمی حەربی ساردا نووسرابا، بەتەبیعیمان دەزانی، بەلاّم لەم سەردەمەدا، لەسەردەمی عولەمە، لەسەردەمی بەزاندنی سنووردا، لەسەردەمی ئەوەی کە کورد خاوەن پەرلەمانی خۆیەتی، سەردەمی ئەوەی کە لەناو شارەکاندا، سەردەمی رزگاری کردنی عێراقە، ئەم ڕاپۆرتە بەراستی لەهەندێك خاڵدا سەرسوڕمانی لێ دەبینین، چۆن دەکرێتن، ولاّتێکی گەورەی وەکو ئەمریکا، خاوەن تەجربەیکی گەورەیە، کەسانێك بێن ڕاپۆرتێك، لەسەر وەزعی عێراق بنووسن، گوێ نەدەنە ئەو هەموو قوربانیەی کە گەلی عێراق و گەلی ئەمریکا داویانە، ڕاپۆرتێك بنووسن بمان گەڕێننەوە دواوە، ئەم ڕاپۆرتە ئەگەر بێتو لەحالەتێکدا، ئەو خالاّنەی کە باسی لێوە کراوە، کە پەیوەندی بەگەلی کوردستانەوە هەیە، جێبەجێ بکرێتن، گەڕانەوەیە بۆ دواوە، بەهەموو مانایەك کە دەڵێین گەڕانەوەیە بۆ دواوە بۆ؟ گەڕانەوەیە بۆ ڕوحیەتی شەڕی سارد، گەرانەوەیە بۆ بیست ساڵ پێش ئێستا، وە کە دەڵێین ئەو عەقڵیەتەی کە ئەو ڕاپۆرتەی نووسیوە، عەقلیەتێکە تەنها بەرژوەندی حوکمەتەکانی لەبەرچاو گرتووە، بەرژەوەندی گەلان و ئیرادەی گەلانی بەرچاو نەگرتووە، گەلی کورد و گەلی عێراق بەئازادی دەنگی خۆیان، رەئی خۆیان دا بۆ دەستورێك، هەموو دنیا دەبێ ڕێز لەو دەستورە بگرێت، ئەوڕۆ گەلی کوردستان خاوەن خاکی خۆیەتی، خاوەن هێزی خۆیەتی، پیی قبوولْ نیە، کەسانێك بیانەوێ تەجاوز لەسەر ئەو مافە بکەن، ئەگەر یەکێ بەهەڵە باسی کوردستان بکاتن، ئەگەر بزانێ حوسن نیەتی هەیە، تەئسیری نیە لەسەر ئایندەی کوردستان، رەنگە گوێ بدەینێ، رەنگە بڵێین ڕاپۆرتێکە بۆ خۆی نووسیوە، قسەیێکە بۆ خۆی کردوویەتی، ئەهمیەتی ئەوەی نیە، نە پەرلەمان بۆی کۆببێتەوە، نە سەرۆك کۆمار رەئیی لەسەر بدات، نە سەرۆك هەرێم رەئیی لەسەر بدات، نە حزبە سیاسیەکان کۆبوونەوەی بۆ بکەن، بەلاّم لەمەسەلەیەکی وەها گرنگ حەقە هەموومان رەدی بدەینەوە، هەروەها دوو شتی بچووکتان بۆ باسم بکەم، لەوەی کە ئەو عەقڵەی پێشوو قبوولە یان ناء جارێکیان لە دیمەشق ساڵی 1984 بوو وابزانم، کۆبوونەوەیەکی سەر حزبێکی سیاسیمان هەبوو، لە مەقەڕی حزبی شیوعی عێراقی بوو، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی، خوای عەفووی بکا، زکی خیری لە کۆبوونەوەکە دابوو، چەند حزبی سیاسی تێدابوو، کاك مسعودیش لەوێ بوو، زەمانی خۆی لە حزبی شیوعیدا، لە ئەدبیاتیدا، بە عەرەبی ئەیوت (البارت) ئەمە وابزانم لە پەنجاکان بوو، بەلاّم لەهەشتاکان لە ئەدبیاتی حزبی شیوعیدا ئەنووسرا، (حدك) کاك رەسول مامەندی رەحمەتیش لە کۆبوونەوەکە دابوو، کاك زەکی خەیری لەمناقشەکردندا، هەر دوو، سێ جار، جارەك دەیوت، الاخوه في البارت بەکاك رەسولی رەحمەتیشی ئەگوت عباس مامند ئاغا، عباس ئاغای مامندی هین دەکرد، کاك فەخری کەریم لەتەنیشتمەوە بوو وتم ئەرێ بۆی چاك ناکەیتەوە؟ بەوەرەقەیەك بۆی نووسیم، وتی زەرەری چیە وازی لێبێنە، ئەو قسەیە واقعی نەبوو،

بەلاًم لەبەر ئەوەی زەرەری نەبوو, وازمان لێهێنا, بەلاًم شتێکی تر کە ناکرێ وازی لێبهێنین, مانگی شەش کۆنفرانسێك لە برۆکسل هەبوو, لەلایەن حزبە سیاسیەکان کە ئەندامیان هەیە لە پەرلەمانیان, گروپی لیبرال رادیکالْ کۆنفرانسێکیان ساز دابوو لەناو پەرلەمانی ئەورووپی, منیش دەعوەت کرابووم وەك سەرۆك پەرلەمانی کوردستان, کە تیایدا زیاتر لە حەفتا ئەندامی پەرلەمانی ولاًتە جیاجیاکانی ئەورووپاو, 25 ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا بەشداری کرد, ڕۆژی شەشی مانگ گەیشتینە هۆلًی هینەکە, لەبەردەم دەرگاکە پۆستەرێکیان لێدابوو, کە ئەم پۆستەرە باسی لە کۆنفرانسەکە دەکرد, بەشداربووان لەحزبەکان ومێوانەکان, تەماشام کرد ناوی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی تێدانیە, تەنها نووسراوە, وەفدێکی پەرلەمانی عێراقی, لە جەدەولەکەش نووسراوە, وتاری پەرلەمانی عێراقی, یەکسەر بیرم کردەوە وتم بێدەنگی لەوەدا قبوولْ ناکرێ, بانگم کردن وتم من ئینسحاب دەکەم, بەشداری لەم کۆنفرانسە ناکەم, چونکە ئەوە قابلی قبوول نیە, ئێوە خۆتان منتان دەعوەت کردووە, من نوێنەری پێنج شەش ملیون کەسم لەکوردستانی عێراقەوە هاتوومە ئێرە, من ڕێزم هەیە, بۆ پەرلەمانی عێراق, ئەوان جیاوازن, شەوەکەی دعوەت بووم, نەچووم بۆ دەعوەتەکە, سەرۆکی ئەم کۆنفرانسە, تەلەفۆنی بۆ کردم, وتی ئیعتزار دەخوازم کاکە هەلًەیە, وتم ئیعتزار قبوولْ نیە, و هەلًەش لە حالًەتی ئەوها قبوولْ نیە, جەنابت ڕێزت هەیە, بە تەلەفۆن ئیعتزار دەخوازی, وەکو شەخص لێت قبوولْ دەکەم, بەلاًم وەکو شت قبوولْ نیە, نایمە کۆبوونەوەکەش, وتی چی بکەین, وتم دەبێ پۆستەرەکە بگۆڕن, ئەوە هەلًەواسن, پۆستەرێکی تازە بنووسن, بەو شێوەیە ناوی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بنووسرێت, لە جەدوەلەکەشا کە وتار دەخوێنمەوە, ناوم بیخوێنرێتەوە دێم, ئەگەر نا نایەم, وتی باشە, بەیانی تەلەفونی بۆ کردم, هەشت ونیو, وتی قسەکانمان بە دلًی تۆ کردووە, وتی وەرە, خەریك بوو دوو دلْ بم, دوایی وتم قابیلە هینە, چووم تەماشام کرد, دیتم پۆستەرەکەی پێشوویان لادابوو, پۆستەرێکی نوێیان نووسیبوو, پێشانیان دام, کەنووسرابوو مێوانەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان, لەجەدوەلی هینەکەش, یەکەم ناو, ناوی منیان نووسیبوو, مەخسەدم لەوەدایە, ئەو کەسەی کەپێشتر ناوی ئێمەی شەتب کردبوو, بە عەقلًی کۆن, پێیوایە ئێمە بەشێکین لەعێراق, پێوایە زەمان زەمانی سەدامە, ئەگەر ناوی حکومەتی کوردستان بنووسین حکومەتەکان دەوروژێن, بەقەناعەتی خۆم تەبعەن, بەلاًم نەدەکرا لەوێ وەکو هەشتاو چوار بێدەنگ بین, شتێکی بەسیتە و سوعبەتە و تەئسیر ناکا, ئەوە عیلاقەی بە میلەتێکەوە هەیە, ئەو ڕاپۆرتەش بەم شێوەیە, ناکرێ لێی بێدەنگ بین, وەدەبێ بەڕاستی و بەزەقی پێیان بلێین ئێمە لەگەلْ هیچ بابەتێك نین, کە ئیرادەی گەلی کوردستان بەرچاو نەخا, لەمەسەلەی کەرکووکا بە متلًەقی ئەوە خەتی سوّرە, جگە لەوەی لە دەستورا دەنگمان بۆ داوە, هەر گۆڕانێك لەدەستورا بکرێت, دەبێ میللەتی عێراق دەنگی بۆ بدات, وە ئەمە تەشجیعی ئەو کەسانە دەکاتن, کە دژی دیموکراتیەتە, باس کردنی خەرقی دەستور, تەشجیعی ئیرهابیەکان دەکاتن, پێیان وایە سەرکەوتنە بۆ ئەوان, ئێمە ئەو نوقتەیە, پێشتریش لەلایان فعالیاتی کوردستانەوە, لەلایەن سەرۆکی کۆمارەو, لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە, لە لایەن حزبە سیاسیەکان ئەو

رەئیە دراوە, بەلاّم ئێمە لێرە نوێنەری میللەتین, لەلایەنی ئێمەشەوە, پـێم وایـە بـەڕوونی بلـێین دژی ئـەو خاڵەین کە داوا دەکا ڕیفراندۆم لەسەر حکوم لابرردرێت, لەسەر مەسەلەی نەوەت, مەسەلەی نـەوەت دیـاری کراوە, لە دەستوور ,کە چۆن دابەشکردنی ئەو سەروەتەی کە موڵکی هەموو میللەتی عێراقە, ئەوەی ئێستاو, چۆن لەئایندەدا ئەو حەقڵانەی کە نەوتی تێدایە, کە ئینتاجی چۆن دەکرێتن, ئەوەش لەدەستووری عێراقا, تۆ بێی سیغەیکی تر بهێنیەوە, هیچ موبەرڕیرێکیشت نەبێ, وەفدێکی حکومـەتی هـەرێم لەبەغدایـە, ئێسـتا بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئـەوە, چ مشکیلەیەك نیـە, ئەگـەر خیلافێکە, ئـەویش بـە حیـوار حـەل دەکـرێتن, لەبیر کردنی نوقتەیەکە, فاریزەیەکە, تۆ لـەوێ بـێ, بـەبێ ئـەوەی کـەس لـەتۆ داوای کردبێـت, هـەر لەبـەر قسەی چەند کەسێك, پێت وایە خوبەرائن, رازیان بکەیت و ئەو خاڵـە گرنگـە, پـاش موناقەشـەیەکی دوورو درێژ, پاش گفتوگۆیەکی دوور درێژ, توانیمانە بگەینە ئـەو صیغەیە, تـۆ ئـەوە ببـەزێنی, ئـەوەش مـەڕفوزە لەلای ئێمە, مەسەلەی ڕاگرتن و ڕەچاو کردنی ولاّتانی دراوسێ, ئەمە مەبدەئێکی چاکە, کەس رەفـزی ناکـا, بـەلاّم لەبـەینی سـنووردا ئێمـە مەترسـی دەخوێنینـەوە, بـەخۆمان داوا دەکـەین, کـە پەیوەنـدیمان لەگـەڵ دراوسێیەکانمان باش بێ, لە ئاستێکی بەرز دابێ, چونکە ناگەینە ئیسـتقراریەتێکی تـەواو لەعێراقـدا بـەبێ ئـەوەی ولاّتـە دراوسـێیەکان هاوکاریمـان بکـەن, سـوریایە, تورکیایـە, ئێرانـە, ولاّتـانی کەنـداوە, سـعودیایە, داواکارین پەیوەندی عێراق و کوردستان لەگەڵ ئەو ولاّتانە, لەسەر ئەساسی راگرتنی بەرژەوەندی هاوبـەش بێتن, ڕێزگرتن بێتن لەیاسا, بەلاّم ئەم خاڵە رەبتی دەکرێـتن لەگەڵ داواکردنی خاڵی دواخستنی ڕیفرانـدۆم, بـەو مەعنایـە ئێمـە ئەمـەشمان پـێ قبـوڵ نیـە, پێمـان قبوڵـە هـەر شـتێك لەسـەر ئەساسـێکی بەرژەوەنـدی موشـتەرەك دابڕێـژرێت و تـەدەخول نـەکردن لـەکاروباری یـەکتری, مەسـەلەی کـەرکووك, مەسـەلەیەکی کوردستانی وعێراقییە, چارەسەر کـراوە لـە دەسـتوری عێراقـدا, بـەهیچ شـێوەیەك کەسـی تـر هـەقی نییـە, رەئیـی لەسـەر بـدات, بـە موناقزیـەوە, دووەم لەهـەمووی گـەورەتر ئـەو راپـۆرتـە لەلایـەن ئـەو بەرێزانـەوە, کەخەڵکی بەڕێزن و بەناوبانگن, لەئەمریکادا ولـەدنیادا, راپـۆرتێکی وەهـا گـرنگ بنووسـرێتن بـەبێ ئـەوەی سەردانی کوردستان بکاتن, ئەزیەت بکێشێ, بێـتن لەنزیکەوە ببێنێ وەزعی ئێرە چـۆنە, لەتـەتورات بزانـێ, پەرلـەمان لـەچ دایـە؟ قـانون لـەچ دایـە؟ دیموکراتیـەت لـەچ دایـە, رەئێـك لەبەغـداوە بنووسـێتن, ئەمـەش مەڕفوزە, جێگای رەخنەشە لەڕاستیدا, لەڕاپۆرتەکەدا هـاتووە, دەڵێـت ئێمـە لەوەختێکدا وەفـدێکمان نـارد, یەعنی خەڵکی فەنی نارد بۆ کوردستان, قیادەی کوردی بڕیاریدا عەلەمی عێراق دابـبـەزێنێ, کـێ بـیری وای کردۆتەوە, کەوەفدەکە هات, لەو وەختە عەلەمەکە دابەزێ, هەر کەس لەخەیاڵیشیدا نـەبووە, جالەبەرئـەوە لەحەقیقەتدا, هەرچەندە زۆر کەس ئاگادارە لەمەسەلەی عەلـەم, مـن تێناگـەم, یـەعنی ئایـا بـەڕێز بێکـر و بەڕێز هاملتون و وەفدەکە, دیفـاع لـەو عەلەمـە دەکـەن, حەزدەکـەم بۆتـان بخوێنمـەوە, بـە ئیمـزای سـەدام حسێن چیە؟ ئەو عەلەمە بەئیمزای سەدام حسێن کە دەری کردووە لەساڵی 1986 دەبـێ ڕەنگـەکانی ئـالاّی عێراق غایاتی عـەرەبین, کـە لەمێـژووی عەرەبـدا, لەسـەرەتایی ئیسلامدا تـاوەکو ئێسـتا بـەکارهاتووە, سـێ نەجمەکـەش تەمسـیلی وەحـدەو حوریـەت و ئیشـتراکیەت دەکـا, ئەمـە لـەلای کـێ مەقبولـە, لـەلای کـورد,

تێکۆشەریش نەبێتن, هاووڵاتیش بێ مقبول نیە, تەمسیلی ناکا, غایەتی عەرەب بووە لە فەجری ئیسلام تاوەکو ئەمڕۆ, عێراقیش رەفزی دەکاتن, تێناگەم بۆچی وا تێبگا بەڕێز بێکر وهاملتون تەسەوریان وابێ کە ئەو عەلەمە هاتۆتە خوارەوە, خەرقە یان ئیستفزازێکە, لەدەستوری عێراقدا نووسراوە دەڵێ عێراق عەلەمی دەبێتن, ئیتیفاقێکە بەقانون, باشە ئەوەش شتێکە خەرقی دەستوور نەکراوە, لەدەستوور نووسراوە, دەڵێ عەلەمێکی دەبێ, وادەبێ, رەچاوی مەسەلەی مێژوو و پێکهاتەی عێراق دەکا, ئەوە لەدەستوورا, کەواتە مەبدەئیەن ئەو عەلەمە ئێستا نەماوە, قەیناکە لەهەندێك شوێن هەڵدەکرێ, بەلآم ئێمە هەقی خۆمانە, کە عەمەلیەنیش هەڵمان نەدەکرد, بەلآم ئەوی ئەو قانونەی خوێندبێتەوە, ئەو قەرارەی خوێندبێتەوە, کە بەئیمزای سەدام دەرچووە, دەبوایە هەر لە 1991 و, لەڕۆژی ڕاپەڕینەوە ئەو عەلەمە لەهیچ شوێنێك هەڵنەکرابایە, من دوا قسەم ئەوەیە, کە ئەم راپۆرتە نەبێتە مەترسییەکی گەورە لەسەر گەلی کوردستان, کە سبەینێ بڵێن خەتەرە, راستە ئەو تەحدیدە, هەندێك جموجۆڵ هەیە, هەندێك بیروڕا هەیە, لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کوردستان یەك ناگرێتەوە, بەلآم باشترین رەد بۆ ئەم راپۆرتە, یەکەم ئەو جموجۆڵەیە لەناو خەڵکی کوردستان, کە خەڵکی کوردستانی وروژاندووە,حزبە سیاسیەکانی وروژاندووە, هەڵوێستی توندی بەرامبەر وروژاوە, لەلایەن سەرۆکی کۆمار وسەرۆکی هەرێم وحزبە سیاسیەکان و, پێویستە هەموو دنیا تێبگا, کە ئێمە ئەو خاڵانەی کە مەسی ئیرادەی گەلی کوردستان دەکا, مەسی بەرژەوەندی باڵای کوردستان دەکاتن, خەرقی دەستوورە, قبوڵی ناکەین, لەگەڵ ڕێزمان بۆ لایەنە ئیجابیەکەی, کە بەردەوام بوونی دەعمی میللەتی عێراق وئیقتیصادی وديموکراتیەیە, بەلآم ئەو خاڵانەی کە بەزاندنە لەسەر مافی خەڵکی عێراق, ئێمە قبولی ناکەین, لەوەش باشتر, تەبعەن ئەوە فرسەتە, بۆخۆمان, کە بزانین لەسیاسەتدا دۆستی دائیمی هەر ئەوەیە کە دەبێ بەرژەوەندی هاوبەشەیەکان بەردەوام هەبێت, ئەمریکا دۆستێکی گەورەی گەلی کوردستانە, وە ئیعتزاریش بەو دۆستایەتیە دەکەین, هاوکاریشیان کردووین, ئەمریکا و بەریتانیاش, لە 1991 بەهۆی هاوکاری ئەوانەوە توانیمان هەڵبژاردن بکەین, پەرلەمانمان هەبێتن, بەهۆی هاوکاری ئەوانیشەوە رژێمی سەدام لەناوچوو, بەلآم ئەو دۆستایەتیە بەشێکی گەورەی بەندە بە خۆمان و ریزەکانی خۆمان, دەبێ ئەو راپۆرتە وامان لێبکاتن, بەهێزتری بکەین, حکومەتەکمان بەهێزتر بکەین, دام ودەزگایەکان بەهێزتر بکەین, هەنگاوی گەورەتر بنێنین بۆئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی دەوری خۆی ببینێ, ئەمانە قوەتن, قوەتی ئەساسی, لەدنیادا ئێمە هیچمان نیە, دەوڵەتمان نیە, هەروەها لە ئومەم موتەحیدە نوێنەرمان نیە, بتوانێ دیفاعمان لێبکا, بەلآم ئەو دیموکراتیە لەناو خۆماندا هەیە, ئەگەر بتوانین زیاتر بیچەسپێنین, ئێستاکە لە سەرتاسەری دنیادا باس لەوە دەکەن, لەو چەند رۆژەی کە لە برۆکسل بووم, لەگەڵ زۆر لە حزبە سیاسیەکان دانیشتنمان کرد, باسی ئەوەیان دەکرد, دەیان وت عێراق عێراقیکی تازەیە, بەلآم ئێوە خۆتان ئەو دیموکراتیە, نیمچە دیموکراتیەتە, لەکوردستان هەیە, چەند بیچەسپێنن, ئەوەندە رێزتان لێدەگیرێ, بەقوەتیش دەبن, ئومێد دەکەم هەموو لایەکمان, پەرلەمان و حکومەت هاوکاری یەکتر بین, بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵك لەژیانی دیموکراتی شاد بن,

وە ئەمەش فرسەتێکە, لەناحیەی دیبلۆماسیەتیش بەقوەتی بکەین, وفود بنێرین, هێزی قیادە سیاسیی ئەو بڕیارەی کەدایتی وەکو پشتگیری دەکەین, لەوبریارە, بەناردنی وفود بۆ دەرەوە, وە پەیوەندی کردن لەگەڵ ئەو لایەنە, لەگەڵ ئەو لیژنەیە, لەگەڵ ئەمریکا, لەگەڵ بەریتانیا, لەگەڵ ولأتە ئەوروپییەکان, ولأتانی عەرەبی, بۆ ئەوەی هەقی خۆمان شەرح بکەین, ئێمە لەسەر حیسابی کەس داوای ئەو هەقەمان نەکردووە, لێرە تەبعەن بەڕێز کاك عومەر فەتاح جێگیری سەرۆکی حکومەت لەگەڵمان بەشدارە, لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان ومێوانانی تر, نوێنەرانی UN لەکوردستاندا, ئەمەش بۆ ئەوەیە, لەهەموو دنیادا, پێشان بدەین, لەمەسائیلی مەسیریدا یەك دەنگین, حکومەت وپەرلەمان وحزبە سیاسیەکان, هیچ وەختێك کورد وەکو ئەمڕۆ یەك دەنگ و یەك ریز نەبووە, ئەمە ئیشارەتێکە بۆ هەموو دنیا, کە لێرە وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان, بەحکومەتەکەشەوە, دەنگمان دەگەینین, دەڵێین ناء بۆ ئەو خالأنەی کە دژی بەرژەوەندی گەلی کوردستانە, داوا لەبەڕێز کاك عومەر فەتاح دەکەم بفەرموویت, بۆ پێشکەش کردنی وتەکەی, سەبارەت بەو ڕاپۆرەتەی کە هاتووە.

**بەڕێز عمر فتاح حسین/ (جێگیری سەرۆکی حکومەت):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لەم رۆژانە بابەتێکی گرنگ, هاتۆتە کایەوە, کە باس لەڕاپۆرتێك ئەکرێ, تەقدیمی ئیدارەی ئەمریکی کراوە, بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکانی عێراق بکەن, وە ئەو راپۆرتە هەندێ ڕێنمایی داوە بەئیدارەی ئەمریکی, بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لەعێراقدا هەیە, بەڕاستی ئێمە دەمانەوێ بەڕاشکاوانە رەئیی خۆمان بڵێین, ئەو راپۆرتە راپۆرتێکی ناواقیعی و, ناحالیە لەوەزعی عێراق و, لەچۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق, لەکاتێکا کە کوردستان بەشێکی گرنگی عێراقەو, میللەتی کورد و میللەتەکانی تری کوردستانی تێدایە, وەزعی شیعە موستەقیرە و لە وەزعەکان هاوکارو پشتیوانی حکومەتی عێراقن, بۆئەوەی عێراقێکی دیموکرات وفیدرالْ بێتە کایەوە, وە وەزعێکی موستەقیری ئەمنی لەعێراق بێتەکایەوە, ئەوانە وایان کردووە کە ئەو بەشەی ئێرە بوروژێنن و, پەشیمانی بکەنەوە, لەوەی بەشداری دەکەن لەعێراق, لەکاتێکا کە چارەسەری زۆربەی کێشەکانی ئەم ناوچەیە کراوە, ئەوان چەند خالێك بوروژێنن, کە ئەوانە زەمەنی بەسەرچووە و, زەمەنی ئەوە نەماوە, کە بەو شێوەیە تەعامول لەگەڵ مەسەلەی کوردی بکرێ, لەکاتێکا کە میللەتەکەی ئێمە پشتیوانی ئەمریکا وهێزە هاوپەیمانەکانە, بۆ دابین کردنی ئەمن وئیستقراریەت لەعێراق, بۆ بنیات نانەوەی ئەمن و ئیستقراریەت لەعێراق, ئەوان هاتوون, لەچەند خالێکا دەست نیشانیان کردووە, دژ بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی عێراق وکوردستانە, وە ئەیانەوێ جارێکی تر نائارامی لەکوردستان دروست بکەنەوە, بەڕاستی لەسەر ئەمە, کۆمەلأنی زۆری خەڵك پەیوەندیان پێوە کردین, بۆ دربڕینی نارەزایەکی زۆر, بەشێوازی جیاجیا, بەلأم ئێمە داوامان لێکردن, کەیەکەم ئەو راپۆرتە قەرارو سیاسەتی ئەمریکا نیە, دەربارەی کێشەکانی عێراق, دووەمیش ئێمە بەهەمووماناوە ناڕازین بەوە, دەنگی خۆمان ئەگەیەنینە ئەمریکاو, بەردەوامیش ئەبین لەسەر خەبات, بۆ

چەسپاندنی مافەكانی خەڵكی كوردستان, ئەو تەقریرە فەرامۆشی هەموو دەنگی خـەڵكی عێراقـی كـردووە, چونكە دیارە لە عێراق دەستوورێك هەیە, لەسەدا شەست و پێنجی خەڵكی عێراق دەنگی پێـداوە, ئەوانـەی كەدەنگیشیان نەداوە, رەنگە لەبەر زروفی تایبەت نەیانتوانی بیّ بەشداری بكەن, فەرامۆشی ئەوەی كردووە, هاتووە ئیقتراحێك ئەكا, كەپێچەوانەی دەستووری عێراقە, كە ئەوە لەلایـەن هـەموو عێراقـەوە نامەقبوڵـە, بەڕاسـتی مـن ئـەتوانم وەسـفی ئـەو تـەقریرە بكـەم, بـەوەی كـە كۆمـەڵێك موفەتیشی ناحـاڵی ئـەنێرن بـۆ مەنتیقەیەك, بەبیّ ئەوەی بچن لێكۆڵینەوە و وردەكاری بكەن, بەبیّ ئەوەی لەوەزعی مەنتیقەكە تێبگـەن, بۆ ئەوەی مودەكەیان كەبەسەریان بردووە بڵێن ئێمە چەند شتێكمان تقدیم كـردووە, بـەو شـێوەیە وەزعـی كوردستان, نەپەیوەندیان بەكۆمەڵانی خەڵك كرد, نەسەیری كێشـەكانیان كـردووە و, نەسـەیری چارەسـەری كێشـەكانی خـەڵكی كوردسـتانیان كـردووە, دیـارە خۆتـان ئـەزانن مەسـەلەی كـورد لـەعێراق, مەسـەلەیەكە لەحكومەتەكانی پێشوو هەر موشـكیلەیەك هـەبوو و, چاوەڕوانی چارەسـەری كـردووە, خۆشـبەختانە ئێمـە ئـەتوانین بڵـێین ئێسـتا ئـەم چارەسـەرەی هـەم قیـادەی سیاسـی كـوردی پێـی رازیـە, وە هـەم لـەعێراقیش چەسپیوە, لەدەستوورا هەیە, كە فیدراڵیە, ئەوە چارەسەری مەسەلەی كوردی كردووە, جگە لەوە هاتوون لە فەقەریەكا, باس لەوە ئەكەن كە كەركوك قومبەلەیكی مەوقوتـە, ئێمـەش ئـەڵێین قومبەلەیـەكی موقوتـە, بەڵام بەپێچەوانەی ئەوان, ئەوان ئەڵێن ئەگەر دوانەخرێت, ئێمە ئـەڵێین ئەگـەر چارەسـەر نـەكریّ, ئەگـەر مەسەلەی كەركووك چارەسەر نـەكرێت, بەڕاسـتی زۆر لایـەن و زۆر جیهـەت ئـەوە ئەقۆزێتـەوە, بـۆ ئـەوەی فیعلەن ببێتە قومبەلەیـەكی مـەوقوت, بـەڕەئیی ئێمـە مـاددەی 140و جێبـەجیّ كردنـی بـەزووترین كـات, ئەوە چارەسەری كێشەی كەركووك ئەكاو, ئەوە ئەو قومبەلە مەوقوتە ئەتەقێنێتەوە لە بەرژوەنـدی كـورد وكەركووك وعێراق, هەموو راوبۆچوونەكانیان هەڵەیە, وكەموكوڕیان تێدایە, جگەلـەوە بـاس لـەوە ئەكـەن, كە سەروەت و سامانمان بەعادیلانە تەوزیع بكریّ, دیارە ئێمەش ئەمانـەویّ بەعادیلانـە تـەوزیع بكـریّ, كـە ئەڵێین بەشێكین لە عێراقی فێـدڕاڵ, چاوەڕێی ئـەوە ئەكـەین لەمیزانـەی عێـراق بەشـی كوردسـتان هـەبیّ, دیـارە میزانـەی عێـراق پێـك دیّ لەهـەموو داهاتـەكانی, بـەڵام بـەم شـێوەیە كەئێمـە رەچـاوی وەزعـی مەنتیقەكەو, رەچاوی ئەو هـەموو وێرانكاریـەی كوردسـتان و, رەچاوی ئەوهەموو پێداویستیانەی خـەڵكی كوردستان ئەكری, ئێمە بەو شێوەیە نامانەویّ بەڕاستی, ئەمانەویّ خۆمان دەست نیشانی ئـەوە بكـەین, كـە سەیتەرەكردنی سـەروەت و سـامان هـەبیّ, بـەڵام وەكو بەشـێك لـەعێراق و, بـەپێی دەسـتوور, ئەگـەر ئێـوە سەیری ئەوە بكەن, كەركووك لەسەر بوحەیرەی نەوتە, بەڵام وێران ترین بەشـی ئـەم مەنتیقەیەیـە, هـیچ جۆرە خەدەماتێك وهیچ جۆرە ئیشێكی بـۆ نـەكراوە, باشـە ئـەوە عەدالەتـە, ئـەوە تـەوزیعكردنی سـەروەتە بەعەدالەت؟ لەكاتێكا پارەكانی نەوتی كـەركووك هـەمووی بـردراوە, داویانـە بەچـەكی كیمیـایی و بەچـەكی نەوەوی وداویانە بە هەموو ئەو شتانەی كە بۆ تەدمیر بەكاردێت, ئێمە لەگـەڵ ئـەو سیاسـەتە كۆنانـە نـین, بەڕاسـتی لەگـەڵ ئـەوەین كـە سـەروەت و سـامان لەدەسـتی خۆمـان دابـیّ, ئێمـە خۆشمـان لەگـەڵ عێـراق بەشـدارین و بەشـێكین لـەعێراق, ئـەو شـتانە وئـەو خاڵانـەی كـە لەڕاپۆرتەكـەدا هـاتووە, پێچـەوانەی

بەرژەوەندیەکانی عێراقە, بەڕەئیی ئێمە سەر لێ تێکدانی ئیدارەی ئەمریکیە, بۆ ئەوەی سەرکەوتوو نەبێ, لەکارەکانیان و نەتوانێ چارەسەری باش بۆ کێشەکانی عێراق بدۆزێتەوە, ئێمە بەڕاستی ئەوە هەر بە دوژمنایەتی گەلی عێراق و بەتایبەتی گەلی کوردستان نازانین, ئێمە ئەمە بەدژایەتی سیاسەتی ئەمریکا و سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکی, و بەڕێوەبردنی ئیدارەی ئەمریکی لەعێراق دادەنێین, لەبەرئەوە داواکارین لە ئیدارەی ئەمریکی کە بەباشی ئەو راپۆرتە هەڵبسەنگێنێ و بزانێ کەئەوە نەلەبەرژەوەندی خەڵکی عێراقەو, نەلەبەرژەوەندی گەلی کوردستانەو, نەلەبەرژەوەندی ئیدارەی ئەمریکایە, بۆیە بەڕاستی نارەزاییەکی توند لامان دروست بووە, خەڵك بەهەموو چین وتوێژەکانەوە, بەهەموو عومرو تەمەنەکانەوە, ئەیانەوێ بەشداری لەو نارەزاییە بکەن, وە پێیان بڵێن ئەوە چارەسەری کێشەکانی عێراق نیە, وە ئەو نارەزایەی ئێمە بەڕاستی دژی بەرژەوەندی عێراق نیە, ئێمە بەشێکین کە بەڕاستی ئەمن و ئیستقرار هەیە, ئەمانەوێ چۆن ئێستا قیادەکانمان لە بەغدا بەشداری ئەکەن, بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ ئەمن وئیستقرار لە عێراق, بۆ نەهێشتنی ئەو ناخۆشیانەی کە لەعێراق هەیە, بۆ دامەزراندنی عێراقێکی فێدراڵی دیموکرات, بەو شێوەیە گەلی کورد بەردەوام بێ, لە پشتیوانی یەك پارچەیی عێراق, لەسەر ئەساسی عێراقێکی نوێی فێدراڵی دیموکرات, وە بەشدار بێ لە پرۆسەی دابین کردنی ئەمن و ئاسایشی عێراق بەگشتی, بۆیە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان, هەر لەیەکەم ڕۆژەوە, نارەزایی خۆمان دەربڕیوە, نەك ئەوەی کە بەچەند خاڵێکی وەها, سەرتاپا تەقریرەکە بەباش نازانین, وە بەبیرکردنەوەیەکی کۆنی ئەزانین, وەبەسەر لێشواندنی ئیدارەو سیاسەتی ئەمریکای ئەزانین, بەرامبەر بە مەنتیقەکە, زۆرسوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك عومەر, بەڕاستی چەند ڕاپۆرتێکمان بۆ هاتووە لەلایەن لێژنەکان, سەبارەت بەو وەزعە, بەڵام من بەتەلەفۆن داوام لە لێژنەی یاسایی کردبوو, کە ڕاپۆرتێکمان بۆ بنووسێ هەمەلایانە بێ, بۆ ئەوەی وەختی هین نەکەین, ئەو ڕاپۆرتەی لێژنەی یاسایی هەم موختەسەری راپۆرتی 140 ی تێدایە, هەم ئەو ملاحەزاتانەی تێدابوو کە بۆم هات بوون تێدایە, بۆیە داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەم, ئەوەی دەیەوێ ئەو راپۆرتە بخوێنێتەوە, بابفەرمووێ, کاك شێروان لێپرسراوی لێژنەی یاساییە, ئەو راپۆرتەکەمان بۆ دەخوێنێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

میوانە بەڕێزەکان, خوشك و برایانی خۆشەویستم, ئەندامانی پەرلەمان, لە حەقیقەتدا ئێمە وەکو لێژنەی یاسایی, دوای دیراسەت کردنی ڕاپۆرتی بێکر- هاملتون بۆ دەست نیشان کردنی چەند خاڵێکی یاسایی و

دەستووری لەم راپۆرتەدا, گەیشتینە ئەوەی کە بۆئێوەی بەڕێز چەند خاڵێکی گرنگ دەست نیشان بکەین, کە ئێستا لەم یاداشتەدا بۆتان دەخوێنمەوە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

سلاّوو ڕێزمان هەیە.

وەك ئاگادارن کە مانەوەی باری سیاسیی و ئەمنی لەعێراقدا بەئالۆزی و زیادبوونی توندو تیژی بووەتە هۆی ئەوە کە لێژنەیەکی تایبەت بەلێکۆڵینەوە بۆ عێراق ISG, بەسەرۆکایەتی جێمس بێکەر و بیل هاملتون, بە هاوکاری چەندین بەرپرس و ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئەمریکی, دابمەزرێ, ئەو لێژنەیە ڕاپۆرتێکی پێشکەش بەسەرۆکی ئەمریکا کردووە کە تێیدا کۆمەڵێك ڕاسپاردەی خستووتە بەرچاوی, تاکو ئیدارەی ئەمریکی جێبەجێیان بکات, بە ئومێدی چاککردنەوەی باری ناهەمواری لەعێراقدا.

هەرچەندە ئیدارەی ئەمریکی پابەند نییە بەو ڕاسپاردەو پێشنیازانە, بەلاّم پەسەند کردنی بەشێکیان دەبێتە هۆی ئەوە کە باری عێراق و ناوچەکە زیاتر ئالۆزتر ببێ, چەند پەرەگرافێکی ئەو ڕاپۆرتە پەیوەندی راستەوخۆی بەباری سیاسی و ئەمنی لەکوردستاندا هەیە, کە بە داخەوە زۆر بەناڕەوایانەوە داخوازیەکانی گەلی کوردستانی بەلاوە ناوە, ئەوەش ناڕەزایی و نیگەرانییێکی زۆری لەلای خەڵکی کوردستان پەیداکردووە, ئێمەش کە نوێنەری ئەو خەڵکەین, بەئەرکی خۆمان ئەزانین ئەو ناڕەزاییەی گەلەکەمان بخەینە بەرچاوی ئێوە تاکو لەنامەیەکی کراوەی ناڕەزاییدا, بەناوی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە, ئاراستەی ئیدارەی ئەمریکی و حکومەتی ناوەندی عێراق و رای گشتی لەجیهاندا بکرێت.ئەو ڕاسپاردانەی لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە ماف و داواکاریە ڕەواکانی گەلی کوردستانەوە هەیە, ئەوانەی خوارەوەن:

یەکەم: گەلی کوردستان نیگەرانە لەوەی لە کاتی ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتەدا کەسێك لە ئەندامانی ئەو لێژنەیە سەردانی کوردستانی نەکردووە, تاکو لەنزیکەوە لە داخوازیەکانی گەلەکەمان ئاگادار بێت, ئەمەش بێ متمانەیی لەناو خەڵکدا پەیداکردووە, کە یادی ئاداری ساڵی 1975 یان بەبیردێنێتەوە.

دووەم: لە پەرەگرافی 26ی راپۆرتەکەدا پێشنیازی پێداچوونەوەی دەستووری عێراق کراوە, بەلاّم بە شێوازێکی نەگونجاو لەگەڵ ئەو میکانیزمەی لەخودی ئەو دەستوورەدا دیاریکراوە, گوایە بە بەشداریکردنی پسپۆرانی نەتەوە یەکگرتووەکان. پابەندنەبوون بەو میکانیزمە دەستووریە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەستوورە کە لەلایەن 80٪ ی عێراقیەکان دەنگی بۆ دراوە, لەژێر چاودێری نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەمریکا لەعێراق.

سێیەم: راپۆرتەکە لەخاڵی 28 دا پێشنیازی ئەوە دەکات کە داهاتی نەوت هەمووی بخرێتە ژێر دەسەلاّتی حکومەتی ناوەندی تاکو بەپێی ژمارەی دانیشتوان دابەش بکرێت, هەروەها دەسەلاّتی هەرێمەکان لەسەر ئەو بیرە نەوتانەی کە تائێستا بەرهەمیان نەبووە, نەمێنێ کە ئەمەش بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی دەستووری عێراقە.

چوارەم: لە خاڵی 30ی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە ماددەی 140 ی دەستووری عێراق کە تەرخانکراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەهۆی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان پەیدابوون، دوابخرێت، ڕاپۆرتەکە داوا دەکات ئەو کێشانە لەلایەن گرووپێك بەناوی "گرووپی نێو دەوڵەتی پشتیوانی عێراق" چارەسەربکرێت کە شێوازی دامەزراندن و کارکردنی جارێ دیاری نەکراوە، بەم شێوەیە چارەنووسی کەرکووك و ئەو ناوچانە جارێکی دی نادیار دەمێنێتەوە، دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراقی جگە لەوەی بە پێچەوانەی ئەو دەستوورەیە، باری ئەو ناوچانە ئاڵۆزتر دەکات، هەڕەشەکردن بەوەی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەبێتە هۆی دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکە لەکەرکووك، کوردی پێ ناترسێ، چونکە ئەو دەوڵەتانە بەبەردەوامی دەستیان لەکاروباری ئەو ناوچانەدا وەرداوە، باری نا ئەمنی لەو ناوچانەدا بەهۆی ئەوانەوە پەیدابووە، دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق، وەك دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی 58ی TAL ە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی نائومێدییێکی زۆر لە نێو دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا پەیدا ببێ، کە ئاکامەکانی بە خراپە دەشکێتەوە بەسەر هەموو لایەکدا.

پێنجەم: ڕاپۆرتەکە پێشنیازی زیادکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی دەکات لەسەر حیسابی دەسەلاتی هەرێمەکان، کەئەوەش وەك پاشگەزبوونەوە لەسیستەمی فیدرالی تەماشادەکرێت، گەلی کوردستان لەساڵی 1992 ەوە دەنگی بۆ فیدرالیەت داوە و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەماکانی ئەو سیستەمە دامەزراون، پاشگەزبوونەوە لەو سیستەمە بەهیچ شێوەیەك قبووڵ ناکرێت لەلایەن گەلی کوردستانەوە.

شەشەم: ڕاپۆرتەکە گرنگی بە بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە دەدات و پێشنیازی ڕۆڵێکی زۆریان بۆ دەکات، کە ئەوەش لە بەرژەوەندی گەلانی عێراق و کوردستاندا نییە، چونکە بەشی زۆری کێشەکانی عێراق ئەوان دروستی دەکەن، لەڕێگای بەکارهێنانی گرووپی سەر بەخۆیان لەعێراق و کوردستان.

حەوتەم: ڕاپۆرتەکە داوا دەکات ڕۆڵ بەو لایەنانە بدرێت کە تا ئێستا دژی پرۆسەی سیاسی بوون و پەنایان بۆ توندوتیژی و کاری تێرۆریستی بردووە، بەم شێوەیە ئەو لایەنانە پاداشت دەکرێن ولایەنەکانی دیکە بەلاوە دەنرێن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە ئەو دەستکەوتانە کە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسی بەدی هاتوون، لەدەست بچن و پرۆسەی دیموکراتیکردنی عێراق بشێوێ.

هەشتەم: ڕاپۆرتەکە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی پەراوێزکردن و کەمکردنەوەی ماف و خواستەکانی گەلی کوردستان دەدات و حیساب بۆ سەنگ و قورسایی گەلەکەمان ناکات، بۆ نموونە ڕەخنەی لەبڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گرتووە سەبارەت بەهەڵنەکردنی ئاڵای عێراق لەکوردستاندا و، ئەو کارە بەنەبوونی خواستی پێکەوە ژیانی کوردو عەرەب پیشان دەدات، لەکاتێکدا ئەو بڕیارە تایبەتە بە هەڵنەکردنی ئاڵای سەردەمی حوکمی بەعسی، نەك ئەو ئاڵایە کە بە قانونێکی فیدرالی پەسەند دەکرێت.

دارشتنەوەی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراق نابێ لەسەر حیسابی مافەکانی گەلانی ئەم وڵاتە بێ, بەتایبەتی مافەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ ئەو بنەمایانەی لەدەستووری عێراقدا چەسپێنراون, بە پێچەوانەوە, هەموو ئەو بەڵێن و سیاسەتانەی کە ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بانگەشەی بۆ کردوون وەك قسەی بێ بنەما تەماشا دەکرێن.  لەگەڵ رێز و سوپاسمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك لەمەسەلەکان کە لەم راپۆرتەدا هاتووە, مەسەلەی کەرکووکە, کە داوای دواخستنی ریفراندۆم دەکات, لەپەرلەمان لێژنەی بەدواچوونی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 کە بە بڕیاری ئێوە ئەو لێژنەیە دامەزرا, ئەو لێژنەیەش راپۆرتێکی نووسیوە, لەبەر گرنگی ئەو مەسەلەیە داوا دەکەین, با بفەرمووێ بۆتان بخوێنێتەوە, سۆزان خان بەناوی لێژنەکە راپۆرتەکە دەخوێنێتەوە, بابفەرمووێت.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

لیژنەکەمان (لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ماددەی 140) لە پەرلەمانی کوردستان، بە وردی بەدواداچوونی کارەکانی (لیژنەی ماددەی 140)ی بە سەرۆکایەتی رێزدار (هاشم الشبلی/ وەزیری داد) دەکات.

کەچی ئێمە لەناو گەرمەی کارەکان بووین بۆ دەستنیشانکردنی ئاستەنگ و هەڵەکان و ئەو کۆسپانەی کە دەخرانە پێش کارەکانی (لیژنەی 140)و لەوبارەیەوە یادداشتێکمان بەرێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان گەیاندە (نوری المالکی/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق)و پێشتریش داوامان کرد کە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێك ساز بکات و (وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان) بانگهێشت بکەن و, لەسەر ئەو بنەمایە یادداشتێك لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە درایە رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان, کە فایلی (ماددەی 140) لە هەرێمی کوردستانەوە سەرپەرشتی بکرێت.

لەناکاو رووبەرووی راپۆرتی (بێکەر ـــ هاملتۆن) بووینەوە کە زۆر کەموکوڕی تێدایەو بەهیچ شێوەیەك خزمەتی ئاشتی و دیموکراتی و ئازادی لە کوردستاندا ناکات. دوای وردبوونەوەو بەدواداچوون بۆمان دەرکەوت کە راپۆرتی (بێکەر ـــ هاملتۆن) لەسەر بنەمای گفتوگۆو دیالۆگ و ئاڵۆگۆڕی بیروڕا لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی ناو عێراق بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان نەنووسراوە، بەڵکو زەحمەتێکی وایان نەکێشاوە بەماوەی چەند رۆژێکی کەم نەبێت کە ئەویش لە ناوچەی گرین زۆن بوونەو بەرەو هیچ لایەکیش نەچوون و لەوێش وەکو لەوێ نەبووبن وابووە.

**ئەم راپۆرتەیان لەسەر بنەمای زانیارییەکانی رێکخراوی چارەسەرکردنی تەنگژەکان (حل الازمات) نووسیوە کە ماوەیەك پێش ئێستا نووسراوەو ئەو رێکخراوەش لە عێراق بوونیان نیە، واتە لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراست (3) سێ نوێنەریان هەیە دووانیان لە (تورکیا)و یەکێکیان لە (ئەردەن)ـە، ئەوانیش نەهاتوونەتە (کەرکووك)و ناوچە کێشەدارەکان.**

**بەهەر شێوەیەك بێت ئێمە وای دەبینین:**

**1. راپۆرتی (بێکەر ـ هاملتۆن) کە توێژینەوەیەکە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دانراوە، سەد دەر سەد رەتی دەکەینەوە.**

**2. بەدڵنیایی دەڵێین ئەو راپۆرتە نەك چارەسەری هیچ کێشەیەك ناکات, بەڵکو کێشە دروست دەکات و ئاژاوە دەنێتەوە.**

**3. لە راپۆرتەکەیان داوایان کردووە (ماددەی 140ی دەستووری عێراق) دوا بخرێت. (ماددەی 140) کە دانراوە تاوەکو ئەو زوڵمانەی سەدام دژ بە خاك و گەلانی عێراق کردوویەتی، لاببات و مافە زەوتکراوەکان بۆ خاوەنەکانیان بگەرێتەوە.**

**(ماددەی 140) ماددەیەکی دەستووری عێراقی فیدراڵیە کە گەلی عێراق رەزامەندی لەسەر داوەو ماوەی بۆ دانراوەو دەبێت جێبەجێکردنی لە 2007/12/31 دەرباز نەبێت.**

**بە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە شوێنە کێشەدارەکان کە تائێستا بێ چارەسەر ماون، کێشەکانیان چارەسەر دەکرێت, لەوانە ئەو شوێنە دابڕاوانەی کە لەژێر دەستی رژێمی بەعس مابوون تاوەکو رووخانی وەك (کەرکووك)و گشت شوێنەکانی تر کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە سەر کوردستان، ئەم ماددەیە لە دەسەڵاتی دەزگاکانی راپەڕاندن و جێبەجێ کردنی عێراقدا نیە دوای بخات و, بۆ دواخستنیشی پێویستە رەزامەندی 3/2ی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی و سەرۆك کۆماری عێراق لە ماوەی (7) رۆژدا هەبێت, ئینجا ریفراندۆمی بۆ بکرێت و گەلی عێراق بڕیاری لەسەر بدات، لەو ریفراندۆمەش نابێ دەنگدەرانی (3) سێ پارێزگا رەتی بکەنەوەو ئەگەر هاتوو (3) سێ پارێزگا هەموارکردنەکەیان قبوڵ نەکرد, ئەوە رەت دەکرێتەوەو هیچ دواخستنێك کە داوا دەکرێ قبوڵ ناکرێت، کەدواخستن قبوڵ نەکرێت و ماددەکەش جێبەجێ نەکرێت, مانای ئەوەیە ئیلتزام بە دەستووری عێراق ناکرێت و, ئیلتزام نەکردنیش بەدەستووری عێراق یەك پارچەیی عێراق تێك ئەچێت و عێراق دابەش ئەبێت.**

**ئێمە لەئێستاوە دڵنیاین لەحاڵەتی داواکردن بۆ هەموارکردنی ماددەی 140 ، (4) چوار پارێزگا رەتی دەکەنەوەو قبوڵی ناکەن، پەرلەمانی کوردستانیش داوای دواخستنی جێبەجێکردنی (ماددەی 140) بە هێڵی سوور دادەنێت و, لەئێستاوە ئاشکرای دەکەین کە بەهیچ شێوەیەك قبوڵ ناکرێت، بۆیە پێویستە هەموو کەسێکی ئاشتیخواز پشتیوانی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بکات و هەوڵ بدرێت لەکاتی خۆیدا وەکو خۆی جێبەجێ بکرێ.**

**هەڵەکانی نووسەرانی راپۆرتی (بێکەر ـ هاملتۆن):**

1. نەهاتنی لیژنەکە بۆ کوردستان: نەهاتنی گرووپەکە بۆ کوردستان نیشانەی ڕێز نەگرتنە لەئیرادەی گشت خەڵکی عێراق، بە تایبەتیش دانیشتوانی کوردستان, چونکە لە دەستووری عێراقدا هاتووەو دان بە فیدڕاڵی کوردستان نراوە, کەچی ئەو گرووپە حیسابیان بۆ نەکردووە.

2. لە پێشنیاری (ژمارە 30)دا، داوای دواخستنی جێ بەجێ کردنی (ماددەی 140ی دەستووری عێراقی) کردووە.

ئەم دواخستنەش بەپێی دەستوور مومکین نابێت وەك پێشتر بەدرێژی باسمان کرد.

3. لەپێشنیاری (ژمارە 26)دا داوای پێداچوونەوەی دەستووری عێراقیان کردووە

بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بەدەستووری عێراق بکرێت ئالیەتێك لە دەستووری عێراقی دانراوە, کە ئەمە کارو ئەرکی خودی عێراقیەکانە.

4. لە پێشنیاری (ژمارە 28)دا داوای کردووە کە داهاتی نەوت بخرێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییەوە!

ئەم پێشنیارە دەست تێوەردانە لە دەستووری عێراق. لەلایەك باس لە هەموارکردنی دەستوور دەکەن، لەلایەکی دیکەوە هێشتا نە هەموارکردن پێشنیار کراوەو نە ریفراندۆمی لەسەر کراوە، ئەوان ئاکامەکەیان ئامادە کردووەو دەڵێن دەبێت ئەوها بێت, بۆیە ئەم کارە سووکایەتیە بەگشت خەڵکی عێراق و پرەنسیپەکانی دیموکراتی.

5. تێکڕای راپۆرتەکە گرنگی بە بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندی و لاوازکردنی دەسەڵاتی هەرێمەکان داوە. بەم پێشنیارەیان دەیانەوێت جارێکی تر دیکتاتۆرێکی تر بە ناوێکی تر بگەڕێتەوە حوکمی عێراق، ئەبوو پێچەوانە بێت و هەوڵ بدەن هەرێمەکان زیاتر بەهێز بن، سامان و دەسەڵات لە عێراق دابەش بێت تاوەکو رێگە نەمێنێت جارێکی دیکە دیکتاتۆرێکی تر پەیدا نەبێت و بەئارەزووی خۆی ئەنفال بکات و چەکی کیمیاوی بەکار بێنێت و شەڕی دراوسێکانی بکات.

6. چەند شوێنێکی راپۆرتەکە داوای رۆڵی زیاتری کردووە بۆ ولاّتانی دراوسێی عێراق, لە کام ولاّتی دیموکراتی دنیادا رێگا دەدرێت دراوسێکانی دەست بخەنە ئیشوکاری ناوخۆی ولاّتێك و دەستکاری دەستوورەکەی بکەن.

7. لە خاڵی (27، 35) داوای کردووە ئەو لایەنانەی کاری تیرۆریستی و توندوتیژییان ئەنجام داوە لە حکومەت و دەسەلاّت بەشداری بکرێن!

بەم پێشنیارەیان بەتەواوەتی دەتوانین بەوە بەراوردی بکەین کە لەپاش جەنگی جیهانی دووەم بە ماوەیەك حزبی نازی و هیتلەر دووبارە بیانهێنابوایە سەر حوکم لە (ئەڵمانیا).

بۆیە ئێمە وەکو (لیژنەی بەدواداچوونی ماددەی 140 ـــ پەرلەمانی کوردستان) داوا لە پەرلەمانی کوردستان و هەموو ئاشتیخوازو دیموکراتخوازێك دەکەین لەم خاڵانەی خوارەوە پشتگیریمان بکەن:

1. جێبـەجێ کردنـی (مـاددەی 140ی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقـی فیـدراڵ) بەتـەواوی و لـەکاتی دیاریکراوی خۆی و بە بێ هیچ دەستکارییەك بێت، چونکە هەر دەستکارییەك بۆ دواخستنی هێڵی سوورەو پەرلەمانی کوردستان قبووڵی ناکات.

2. پاڵپشتیکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەڵبژێردراوی عێراقی فیدراڵ بۆ جێبـەجێ کردنـی دەسـتووری عێراقی کە لەلایەن خەڵکی عێراقەوە دەنگی بۆ دراوەو پەسەند کراوە.

3. سیستەمی فیدڕاڵی باشترین شێوازە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق, بۆیە گرنگە پشتیوانی بکرێت. خەڵکی عێراق لەدسـتووری عێـراق دا سیسـتەمی فیـدڕاڵی پەسـەند کـردووە، کـە تیایـدا دەسـەلأت و سـامان دابـەش دەبـێ، دادپـەروەری بـەرپا دەبـێ و یاسـا حـوکم دەکـات و مـەجال نـامێنێ بـۆ ئـەوەی جـارێکی تـر دیکتاتورێکی تر دروست بێت و بە ئارەزووی خۆی خـەڵك بکوژێت و شـەڕ بکات و چەکی کیمیـاوی بـەکار بێنێت.

4. باشترین نموونە بۆ ئەوەی لە عێراق ئاشـتی بـەرپابێت و کێشـەکان چارەسـەر بکـرێن شـێوازی فیدراڵیـە، سیستەمی فیدراڵی بەهێزترین و عادلترین و گرنگترین رێگایە بۆ پێکەوە ژیان و چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەگەر جیابوونەوەی تەواو نەبێ سیستەمی فیدراڵی باشترین نموونەیە بۆ ئاشتی.

ئەمڕۆ ئەو شوێنانەی ژێر دەسەلاتی هـەرێمی کوردسـتاندان سـەیر بکـەن، چـەند ئارامـە و بـە چ شـێوەیەك بەرەو پێش دەچێت و مافەکانی مرۆڤـ و ئافرەتان و گشت پێکهاتەکان رێزی لێ دەگیرێت.

تەحدیدی سنووری هەرێمی فیدڕاڵی مانای دیاریکردنی سنووری کێشەکانە, ئینجا ئاسانترو باشـتر چارەسـەر دەکرێن, چونکە باشتر تەرکیز دەکرێتە سەریان، بۆیە زۆر زۆر گرنگە هـەوڵ بـدرێت هەرێمـەکانی فیـدراڵی بەهێز بکرێت نەوەك مەرکەز، بەهێزکردنی حکومەتی مەرکەزی گـەرەنتی نیـە تـا دیکتـاتۆری تـر دروسـت نەبێت و ئەوەش دژی ئیرادەی گەل و دەستوورەکەیەتی.

5. پشتیوانی تەواو لە هەرێمی فیدراڵی کوردستانی عێراق بکرێت، چونکە ئەمڕۆ بەتەنها پارچەی عێراقـە کـە ئاشـتی و دیمـوکراتی و ئـازادی تێدایـەو ئـەتوانین بلـێین جێگـەی ئومێـدە بـۆ گشـت عێـراق تـاوەکو کوردستانیان لێ بێ، چۆن ئاوی شیرینی گشت عێراق لە کوردستانەوە دەرئەچێت یـان بەسـەر کوردسـتانەوە دەربـاز ئـەبێت, هـەموو عێـراق لێـی ئەخواتـەوە، دیمـوکراتیش ئـەمڕۆ لەکوردسـتانەوە سـەری هـەڵی داوە, بەئومێدی ئەوەی گشت عێراق بگرێتەوە تاکو شوێنەکانیان باشتر ئاوەدان بکەنـەوەو کێشـەکانیان چارەسـەر بکەن و خۆیان پێش بخەن.

6.نەوت، سەروەت و سامانی عێراقی فیدڕاڵیەو دەبێت بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق رەفتاری لەگەڵ بکرێت.

7. سیستەمی فیدڕاڵی هەرێمەکان بەهێز بکرێت، نەوەك مەرکەز.

8. راپۆرتی (بێکەر ـــ هاملتۆن) زۆر کێشە دروست ئەکات و وەکو بۆمبێکی ناپاڵمە کە لە باخچەیەکی رازاوە بەگوڵ بدرێت، چۆن و بەچ شێوەیەك وێرانی دەکات، ئەو راپۆرتەش ناپاڵمێکە بۆ تێکدانی ئاشتی لە گشت عێراق بە تایبەتیش لە کوردستان.

9. دەستووری عێراق، یەکەم جارە بنووسرێت و بەشێوەیەکی ئازاد لەلایەن نوێنەرانی خەڵکی عێراق بەگشت پێکهاتەکانی لە کەشوهەوایەکی ئازاد دەنگی بۆ بدرێت. لەناو ئەو دەستوورە هاتووە ئیلتزام کردن بەم دەستوورە، یەکێتی ئارەزوومەندانەی گەل و خاك و سەروەری عێراق دەپارێزێت و بەپێچەوانەش ئیلتزام نەکردن پێی، یەکپارچەیی عێراق بە گەل و خاك و سەروەری نامێنێت، بۆیە پێویستە ئیلتزامی پێوە بکرێت و رێزی لێ بگیرێ و ماددەکانی وەکو هاتووە جێبەجێ بکرێن.

لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە پەرلەمانی کوردستان 2006/12/17 زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دیارە بەو راپۆرتانەی ئەو قسانەی کە کرا, لەلاتان ئەو خاڵە گرنگانەی کە لەم راپۆرتانەدا هاتووە دیار بوو, وە دیارە مەبەست لەم کۆبوونەوەیە ئەوەیە کە بەیانێك دەربچێت یان نامەیەك بنووسرێت رەئی گەلی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان لەبەر رۆشنایی ئەو موناقەشەیە کە دەکرێ دیاری بکرێ, بۆیە من دەرگای موناقەشە دەکەمەوە, بەلاَم یەکەم سەرۆك کوتلەکان ئەگەر قسە بکەن, لەپاشان هەریەکە دەیەوێ, سێ دەقە بۆی هەیە قسە بکاتن, بۆیە لەسەر کوتلەکان کێ دەیەوێ قسە بکاتن؟ ئەوەل جار کە قسە دەکەی ناوت بڵێ و نوێنەری چ کوتلەیەکیشی بڵێ, کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین/ (نوێنەری گروپی تورکمان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میوانە بەڕێزەکان, ئەندامانی بەڕێز, ئێمە بەڕاستی زۆر خاڵمان ئامادە کردبوو کە لێرەدا بیخەینە بەردەم بەڕێزتان, بەلاَم لەهەردوو راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی وراپۆرتی لیژنەی بەدواداچوونەوەی ماددەی 140 زۆربەی زۆری ماددەکان دەتوانم بڵێم هەموو ئەو شتانەی کە ئامادەمان کردبوو, خرانە باس, بۆیە ئێمە لێرەدا دەنگمان دەخەینە پاڵ هەردوو لیژنە, سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاك محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار/ (کۆمەڵەی ئیسلامی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە خوێندنەوە لەسەر ئەو خاڵانەی کە بیکر و هاملتون نووسیویانە لەگەڵ دە هاوکاریان قسە زۆر هەڵدەگرێ, پێم وایە زۆریان لەکەناڵەکانی رایانگەیاندنەوە یان لەکۆبوونەوەی حزبەکان راوبۆچوونی

خۆمان وتووه, من ئەوەی سەرنجی راکێشاوم لەنووسینی ئەو راپۆرتـە, ئەوەیـە کـە هێزێکـی وەکـو ئـەمریکا, سەرەرای ئەوانەی کە ئێستا دەوڵەتی ئەمریکا بەرێوەدەبن, هەر لەبوش و وەزیری خارجیەو وەزیرەکانـەوە, هــەمووی کەسـانی پسـپۆرن, تەماشـا ئەکـەین کەسـایەتێکی وەکـو رایـس چـەندین شـەهادەو چـەندین لێکۆڵینـەوەی هەیـە, بـەڵام سـەرەرای ئـەوە ئـەو وڵاتـە هـاتووە لەکۆنگریسـدا لـە 2006/3/15 لێژنەیـەك دروسـت ئـەکا, لەکۆمـەڵێك کەسـایەتی سیاسـەتی ئێسـتای ئـەمریکا لـە جیهانـدا, مشـوەرەتیان پـێ ئـەکا, و راوێـژیان پـێ ئـەکا, وە بـۆ ئـەو وەزعـە خراپـەی کـە ئـەمریکا لـەعێراق تێیکـەوتووە, راو بۆچـوونیان وەرئەگرێت, بۆیە ئەو راپۆرتەی کە نووسراوە, تەعبیر لەسیاسەتی حکومەتی ئەمریکا ناکا, بـەڵام لەهـەمان کاتـدا حکومـەتی ئـەمریکا لەسـەر تـا خـوار دیراسـەتی خۆیـان وە لێکۆڵینـەوەی خۆیـان وە ئـەم راپۆرتـەیان بەهەند وەرگرتووە, با لەگەڵ هەندێ بنەمای سیاسەتیان نەگونجێ, پێم وایە لەستراتیژیەتی کاری خۆیانـە, نەك لەتەکتیکیەتی, تێبینی لێ وەرئەگرن و کاری پێ ئەکەن وئیشی پێ ئەکەن, ئـەوەی کـە سـەرنجی منـی وەکـو کەسـێك راکێشـاوە, لەهـەمان کاتـدا ئـەوەی دەمـەوێ بیڵـێم و پێشـنیاری بکـەم, ئێمـەی کـورد وەکـو میللەتێك بەتایبەتی ئەو مەودایەی کـە دوای رووخـانی رێـژێمی دیکتاتۆریـەتی سـەدام, ئـەو سیاسـەتی ئـەو پەیوەندیـەی کـە پیادەمـان کـردووە, بۆیـە پێشـنیار ئەکـەم لێـرەوە, ئێمـەش وەکـو میللـەتێك لەپەرلـەمانی خۆمان لێژنەیەکی پسپۆر, لێژنەیەك لەسیاسەتمەدارانی میللەتەکەمان, لێژنەیەکی هەمەلایەنە, لێژنەیـەك کە راستیەکان بڵێ, تێبینی جوان بخەنە روو, قیادەی سیاسیمان دروستی بکا, برِیاری دروست کردنی بدا, وە ئەو لێژنەیەمان بـە زۆر بوارەکـان, چـۆن راپۆرتەکـەی بیکـر و هاملـتون زۆر بـواری گرتۆتـەوە, لەسـەرووی هەموویانەوە ئەوەی کە ئێمە ئاماژەی پێبکەین, ئەوەیە کە راپۆرتەکە, مەبەستی یەکەم لەنووسـینی زیـاتر, ئەمنیەتی ئەمریکیەکانە, ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکی لەبەر چاو گرتووە, چونکە ئەمریکا بەرەو لـێکترازان ئەچوو, گەلی ئەمریکا, هـەتا جومهوریـەکان و دیموکراتـەکان, بەرامبـەر بـە دۆسـییەی عێـراق دەبوونـە دوو بەشەوە, ئەو لێژنەیە دروست کرا, بۆ ئەوەی یەکێتی ئەمریکیەکان بپـارێزێ, بائێمـەش لێژنەیـەك دروسـت بکەین, کـە ئیسـتیفادە لـەراو بۆچوونەکانیان بکـەین, ئـەوانیش دیراسـەی وەزعـی بـارودۆخی ئێمـە بکـەن, پەرلەمانەکەمان, حکومەتەکەمان, میللەتەکەمان, کەرکووکەکمان, کە چیمان کـردووە بـۆ 140 وەکـو کـورد ئێمە, لە پەیوەندیەکانماندا لەگەڵ دەوروبەرمان هەموو, چی خراپمان کـردووە, چـی باشمـان کـردووە, ئـەو لێژنەیەش بیخاتە بـەر دەسـتی قیـادەی ئێمـە, بـۆ ئـەوەی ئیسـتفادەی لـێ بکـا, وە قـازانجی لێ بکـەین ئێمـە, ئەمە کورتەی قسەکانی منە, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرمووو کاك محمد فرج.

**بەرێز محمد فرج احمد/ (کوتلەی یەکگرتووی ئیسلامی):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا ئەمەوێ ئەمە بڵێم, کە ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین, لەم دانیشتنە یاداشتنامەیەك دروست بکەین, کە تەعبیر لە گەلی کوردستان بکا, هەروەها لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشدا, بە پشتگیری دۆستەکانمان, لەوێش یاداشتێکی هەمان شێوە, یان بەجۆرێکی تر بێ, بەلأم پشتگیری لەم راپۆرتە یان ئەم یاداشتە بکا, بدرێتە کۆنگرێسی ئەمریکی کە لەوێ موناقەشەی لەسەر بکا, هەروەها ئیداری ئەمریکا کە بەرپرسە لەبەردەم ئەم راپۆرتە, قسەکانم ئەمەوێ لەسێ مەحوەرا دیار بکەم, ئەم راپۆرتە هەمووی لەسەر عێراق نیە, زیاتر زەمین خۆشکەرە بۆ ئەو پرۆژەیەی رۆژهەلأتی ناوەڕاستی گەورە, لە سەرەتاوە لە فەلەستینەوە دەست پێدەکات, کە دەوڵەتێکی فەلەستینی دروست بکرێ, هەروەها ئاسایش لە لوبنان بەر قرار بکرێ, بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری 1701 ئەو دادگایەی کە ئەکرێ, بۆ بکوژەکانی هەریری, هەروەها بەشداری پێکردنی دەولأتانی دراوسێ کە پەیوەندیان هەیە, بەو کاروبارەی کە لە رۆژهەلأتی ناوەڕاستدایە, وەکو ئێران و سوریا, کە هەم کاریگەریان هەیە لەسەر لوبنان و هەم کاریگەریان هەیە لەسەر عێراق, بەشێکی بریتیە لەوە, بەشێکی تریشی ئەیانەوێ مجموعەیەکی دەولی دروست بکەن, بەرعایەتی ئەمریکا, بۆ سەرپەرشتی کردن و کارکردن لەسەر ئەو گرفتانەی کە لەم مەنتیقەیەدا هەیە, کە بەشدار کردنی جگە لەئێران و سوریا, دەوڵەتانی تری خەلیج و ئەو پێنج دەوڵەتە دائیمەیەی مەجلیسی ئەمن, محوەری دووەم کە پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە, بریتیە لەوانەی کە ئەیانەوێ لەڕووی سیاسی و ئیقتیصادیەوە ئەو مەجموعەیە, مەجموعە دەوڵەتێکە کە کۆمەکی باشی عێراق بکەن, نەك بەم شێوازەیەی کە ئێستا کۆمەك کراوە, زۆر لەو کۆمەکە کە دەرچووە, یا وەکو پێویست دیار نیە, دووەم, جەدوەلێکی ئینسیحاب دابنێن, کە هێزەکانی ئەمریکا بگەڕێتەوە, هەمووومان دەزانین کە ئەمریکا دەوڵەتێکی دیموکراتیە, پشت بە ناخب ئەبەستێ بۆ ئیش و کارەکانی, بۆ مساریفەکانیشی پشت بە باجدەر ئەبەستێ, ئەگەر ناخب و باجدەری ئەمریکی قەناعەتیان بۆ دروست بوو کە, ئەو شەڕەی کە ئەمریکا لەو مەنتیقەیە ئەیکا بێ سوودە, بێ گومان کاریگەریەکی پێم وایە راستەوخۆی ئەبێ لەسەر گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا, ئەولەویەتی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقا, جێگای نەزەرە, پێشتر ئەمریکا پییێوابوو, ئەبێ عێراق بکرێتە خالێك, دیموکراسیەت لێرەوە پەخش بێ بەسەر ناوچەکەدا, بەلأم لەم راپۆرتە دیارە ئەولەییەت دراوە بە ئیستقراریەت, ئەگەر ئیستقرار جێبەجێ بوو, ئەوسا ئەبێتە دیموکراسیەت, ئەمەش جۆرێك لە دڵەڕاوێکێی دروست کردووە, هەروەها خالێکی تری تێدایە, کە نەهج و ئیسلوبی ئەمریکا, تاوەکو ئێستا بەهەڵە سەیر ئەکا, لەم ناوچەیە, ئەوەی کە پەیوەندە بە کوردستانەوە, دیارە برادەران ئاماژەیان پێکرد, کە زۆر گرنگە لەوە کە ئەبێ دەسەلأتی سیاسی زیاتر ناوەند جێبەجێی بکا, ئێمە هەمووومان ئەزانین, رووخانی رژێم, یەعنی رووخانی دەوڵەتێکی سادە, دەوڵەتی بەسیتە نەماوە, عێراق بۆتە دەوڵەتێکی ئاوێتە, دەوڵەتی ئاوێتە پێکهاتەکانی ئەیبەن بەڕێوە, لەبەر ئەوە جارێکی تر بەهێز کردنی مەرکز, بریتیە لە دروست کردنی دەوڵەتێکی سادە, یەعنی ئەوە بەقەناعەتی من کارێکی مەحاڵە, هەروەها دابەش کردنی داهات, داهاتی نەوەت بەتایبەتی, کە عێراق لەسەر ئەوە دامەزراوە یان لەسەر ئەوە ئەڕوا بەڕێوە, گەورەترین داهات بۆ

عێراق ئەوەیە بۆناوەند, ئەمە كارێكی پێچەوانەی فیدرالیەتە, خاڵێكی تر كە بریتیە لەماددەی 140 ئەیەوێ راستەوخۆ بەبێ ئەوەی لایەنەكانی ئەم پێكهاتەیە, دەوری خۆیان ببینن هەتا ئێستا, خێرا بیداتە بەر دەستی نەتەوە یەكگرتووەكان, هەرچەندە خۆی هەیە, بەلاّم دوای تێپەڕبوونی چەند قۆناغ, ئینجا ئەگاتە بەر دەستی ئەو, بە قەناعەتی من ئەڵێم ئەم راپۆرتە هەر وا بە سادەیی وەرنەگرین, بڵێین شتێكی هیچ نیە, لەعێراق ئێمە هەمووومان ئەیزانین, ئەمریكا لەسەرەتاوە ویستی بەحەلی عەسكەری چارەسەری عێراق بكا, بەلاّم بۆی نەكرا, بۆیە پاڵپشتی كرد بە حەلێكی دبلۆماسی, حاكمی مەدەنی دانا, دواتر سەفارەتی هێنایە عێراق, بەمەش هەر نەیتوانی, خاڵێكی تری ئیزافە كرد, بریتیە لە كۆمەك كردن و یارمەتی دانی پێكهاتەكانی عێراق, بەهێز كردنی حكومەتی عێراق, لەمەشیان سەركەوتوو نەبوو, لەبەرئەوە ئەخیر حەل, كەبەكاری هێنا, بریتیە لەهێنانی خوبەرا, ئەمانەی كە كۆكردۆتەوە, ئەم دە كەسە هەمووی خەبیرن, بەنیسبەت ئێمە نا, بەلاّم بەنیسبەت ئەمریكاوە, ئەویش ئەوانە لەخۆیانەوە هاتوون, تەعبیر لە رەئیی ئێمە ئەكەن, من لەگەڵ رێزما ئەڵێم كۆنگرێسی ئەمریكی لە 3/15/ دانیشتووە, بەبڕیاری كۆنگرێسی ئەمریكی, ئەم مەجموعەیە دروست بووە, ئەمانە كۆمەڵێكیان (لۆرانس) كە وەزیری خارجی پێشووی ئەمریكیە, (ئەدوین) وەزیر عەدلی پێشووی ئەمریكیە, (ولیام بیری) وەزیری دیفاعی پێشووی ئەمریكیە, (ساندرای) عەزوی مەحكەمەی عولیای دەستووری ئەمریكیە, یەعنی خەڵكانێكی پسپۆڕن, وامەزانن خەڵكانێكن لەخۆیانەوە قسە ئەكەن, بە قەناعەتی من تەعبیر لە شارعی ئەمریكی ئەكەن, بەلاّم ئێمە لەبەردەم ئەمە ناترسین, ناڵێین ئەمە كوشتنی ئێمەیە, ئێمە داوای مافی خۆمان ئەكەین, لاواز كردنی هەرێمەكان لەبەردەم مەركەز, ئەمە پێچەوانەی دیموكراسیەتە, پێچەوانەی بەرژەوەندی گەلی كوردە, كەگەلی كوردستان لەعێراق, ئەبێ ئیمتیازی بدرێتێ, لەبەر ئەوە كوردستان بەشێك نیە, لە كێشەكان, هەمیشە بەشێك بووە لە چارەسەركردن, وە بەشێكی بەتواناش بووە, لەبەرئەوە تۆراندنی یان نارەزایی پێكردنی ئەبێتە كارێكی خراپ, لەرێگایی ئەم یاداشتەوە, بەجدی راپۆرتەكە ئەكەینە سێ بەش, بەشێكی دروستە, كە ئەیەوێ لەرۆژهەلاّتی ناوەراستا كارێك بكات, بەلاّم ئەو برگانەی كە پەیوەندن, بە هەرێمی كوردستانەوە, ئێمە ئەگەر قسەی لەسەر بكەین, خاڵی ئەخیرم ئەوەیە, ئێمە لێرە بەرژەوەندیەكانی یان پەیوەندیەكانی خۆمان دیاری بكەین, پەیوەندی گەلی كوردستان لەسەر چ ئەساسێكە, لەسەر بەرژەوەندیە, وەكو ئەمریكا ئەڵێ, یان لەسەر دۆستایەتیە, یان لەسەر كاری هاوبەشە, یان لەسەر ئامانجەكانە, بەقەناعەتی ئێمە ئەبێ پەیوەندیەكانی ئێمە لەسەر ئامانجەكانمان بێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, مامۆستا قسەكانت بەجێنە, بەلاّم تكام وایە كە وەقت موراعات بكەن, چونكە زۆر كەسی تر ماوە كە قسە بكات, هەرچەندە قسەكانی مامۆستا زۆر بەجێبوون, بەلاّم ئەو قسانەی كە برادەران كردوویانە, تكام وایە تەنها تەئیدەكە بڵێن, ئەگەر شتێكی ئیزافەش هەبوو, بیڵێتن, كاك عوسمان بانی مارانی, فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی)/ (سەرۆکی فراکسیونی سەوز):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەك زۆربەی برادەران باسیان کرد, راپۆرتەکەی بیکر وهاملتون, هەم ناواقعیە, هەم جۆرە بێ ویژدانیەکی تێدایە, بۆیە وەکو هەموو گەلی کوردستان, بەشێك لەراپۆرتەکە رەت دەکەنەوە, کە بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستانی لەبەر چاو نەگرتیە, ئێمەش ئەوها رەتی ئەکەینەوە, پشتگیری ئەو برادەرانە ئەکەین, جارێکی تر دووبارەی ناکەینەوە, بەلاّم دەبێ گەلی کوردستان و ئیدارەی سیاسی بەڕێوەبردنی کوردی بەهۆش خۆی بێتەوە, راستە ئەم راپۆرتە, مەترسی هەنووکەیی نیە, لەسەر گەلی کوردستان, بەلاّم دەبێ تێبگەین, ئەوانەی ئەو راپۆرتەیان نووسیوە, تەئسیریان هەیە, وەکو جیهەتێکن لەئەمریکا, کە پێیان دەوترێت, دیموکراتخواز, کە لەوانەیە لە ئایندە بێنە سەر حوکم, دەتوانن دەسەلاّت وەرگرن لەم ولاّتە, بۆیە زەرورە قیادەی سیاسی کوردی خۆی لەگەلّ ئەمریکا هەلّبسەنگێنێ, پەیوەندەیەکەمان لەسەر چ ئاستێکە فیعلەن لەگەلّ ئەمریکا, وە پێویستە قیادەی سیاسی کوردستان پەرە بەکاری دیبلۆماسی خۆی بدا, هەولّبدا فیعلەن, وەفدێك بەڕێ بکا, نەك بەشێوەیەکی تەشەنوجی وەلاّمی ئەم راپۆرتە بدرێتەوە, وەکو دەلّێن غەلّەت بە غەلّەت چارەسەر بکەین, کورد لەم قۆناغەی ئێستادا پێویستی بە نەرم و نیانیی, بە لەسەرەخۆیی, بە دبلۆماسیەتە, ئێمە ناتوانین هەڕەشە لەکەس بکەین و, هێزی هیچ کەسیشمان پێناشکێ, بەخۆمان خۆمان ئەناسین, بۆیە پێویستە کورد لێژنەیەك دروست بکا و, بچێ لەگەلّ سیاسەتی ئەمریکای ئێستا قسە بکا, هەم بچن لەگەلّ دیموکراتەیەکانیش قسە بکەن, لەنزیکەوە تێبگەن لەیەك, باشە, ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوە, پێویستمان بە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی دیموکراسیەتە لەناوەخۆ, ئێمە فیعلەن پێویستمان بەوەیە کە نموونەیەکی جوان پێشان بدەین, ئەگەر لێرە نموونەیەکی جوان پێشان نەدەین لە تەعامول کردن, لە تەسەروفات و لە بنیات نانی دیموکراسیەت لە ولاّتەکە, فیعلەن خەلّکی تریش رەئی دەگۆڕێ لەسەرمان, تا ئێستا هەقە پەرلەمانی کوردستان پێشنیار بۆ سەرۆکی هەرێم بکا, کە بە فیعلی رێز لە پەرلەمانی کوردستان بگیرێ, کە خۆیان جەنابی مام جەلال و جەنابی کاك مسعود ئەوە دەربڕن کە پەرلەمانی کوردستان مەرجەعیەتە بۆی, تەنها ئەم شوێنەمان هەیە مەرجەعیەتە, زۆربەی بڕیار دەدرێت نایەتە پەرلەمان, ئەوە مەعنای ئەوە نیە کە کەس نازانێ, خەلّك دەزانێ, ئەگەر هەر چۆنیەکیش بێ, ئەبێ قەرارەکان لێرە دەربچێ, ئەوەش بەشێکە لەکێشەکان, مەسەلەی یاسا, دەبێ هەموومان داوا بکەین, بەتایبەتی پەرلەمان, کە یاسا وەکو خۆی بەسەر هەموو کەسێك جێبەجێ بکرێ, یاسا وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێ, بۆ نموونە دە رۆژ پێش ئێستا لە سۆران کوڕێك لە نوێژی نیوڕوانێ پێنج دەمانچەی لە یەکێك دایە, کوشتیتی هەتا ئێستا قاتلەکە تەسلیم نەکرایە, خەلّك چۆن ئەمە قبولّ ئەکا, بەرهەر حالّ من فیعلەن لەگەلّ رەت کردنەوەی ئەو خالاّنەم لە راپۆرتەکە کە بەرژەوەندی کوردی لەبەرچاو نەگرتووە و رەتی ئەکەینەوە, وە سوپاستان ئەکەم و, پشتگیری لە رەئیی برادەران ئەکەم, ئەوانەی لەبەرژەوەندی کوردن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, تكام وایە لە چوارچێوەی وەزع قسە بكرێ, یەك, دووەمینیش تكام وایە وەقت رەچاوە بكرێ, كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری/ (سەرۆكی فراكسیۆنی زەرد):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من زۆر ناچمە ناو تەفاصیلەوە, چونكە لە هەر دوو راپۆرتەكە زۆر خاڵی گرنگ زیكر كرابوون, هەروەها بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, ئیشارەتیان بەزۆر خاڵ داوە, بەلاَم من دێمە سەر دوو سێ خاڵی سەرەكی, یەكەمیان ئەوەیە ئەو نیگەرانیەی كە دروست بووە, لەناو خەڵكانی كوردستان, لە جێگای خۆیەتی, چونكە ئەوی بەسەر میللەتی كوردستان داهاتووە, لە ئەنجامی پیلانە نێودەوڵەتیەكان هاتووە, بۆیە گەلی كورد لەكوردستانی عێراق مافی خۆیەتی نیگەران بێت, كە نیگەرانیش بوو, مەعنای ئەوە نیە بڵی نیگەرانم و بەس, پێویستە لەو نیگرانە هەڵویست وەربگریت لەو راپۆرتە, چ لەسەر ئاستی شەعبی, چ لەسەر ئاستی رەسمی, وە چ لەسەر ئاستی حزبیش بێ, ئەمە یەك, دووەم, ئەگەر راپۆرتەكە وەربگیرێ, بەشێوەیكی گشتی, جانبە سلبیەكانی زۆر زۆر زاڵە لەو راپۆرتە بەسەر جانبە ئیجابیەكانی, رەنگە هەندێ خاڵی ئیجابی تێدابی, بەلاَم زۆر لاوازە, نوقتەی سێ, تەناقوزاتێكی زۆر لە راپۆرتەكەدا هەیە, لەلایەك رۆڵ دەداتە كۆنە بەعسیەكان, وە لەلایەكی تریش رۆڵ دەداتە ئەو كەسانەی كە توندو تیژی بەكاردەهێنن لەعێراق, لەسەر حیسابی زۆرینەی گەلانی عێراق, كە ئەوان كەمینەنە بەحەقیقەت, لەلایەكی ترەوە, رۆڵ دەداتە ولاَتانی دەوروبەر, ئەمەش كە خۆی لەخۆیدا تەناقوزێكی ترە, جگەلەوەی كە ئەمریكا هاتۆتە عێراق, بۆ رزگار كردنی عێراق, وە بۆ پیادەكردنی دیموكراتیەت لەعێراق, ئەو راپۆرتەی كە ئێمە دەبینین, ئیستسلامە بۆ ئیرهاب, كە مومكینە ئیدارەی ئەمریكی خۆی ئەمە قبوڵ نەكا, خاڵێكی تر هەیە, كە دەمەوێ ئیشارەتی پێبدەم ئەوەیە, ئەو راپۆرتە مولزەم نیە, چ بۆ رەئیس بوش, چ بۆ ئیدارەی ئەمریكا, چ بۆ عێراق وە چ بۆ كوردیش, بۆیە من پێشنیار دەكەم, یەك یاداشتنامەیەك بەناوی پەرلەمانی كوردستانەوە, ئاراستەی كۆنگریسی ئەمریكی, رەئیس بوش بكرێ, نیگەرانی خەڵكی كوردستان پێیان رابگەیەندرێ, شان بەشان ئەو هەڵوێستەی كە سەرۆك كۆمارو سەرۆكی هەرێم وەریان گرت, لەسەرەتای رووداوەكە, دووەم, ئەگەر بكرێ وەفدێكی رەسمی و وەفدێكی شەعبی پێك بێت, لەپەرلەمانی كوردستان, لە حكومەت و لە ئەحزاب لەو مستەوایاتانە, بۆئەوەی ئەو موزەكەراتانە تەسلیم بە ئیدارەی ئەمریكی بكەرێن, بۆئەوەی سورەتێكی وازیحیان هەبێ, لەو نیگەرانیەی كە لە كوردستان هەیە, زۆرسوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس, كاك رۆمیۆ.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان/ (سەرۆك فراكسیونی ئاشوریەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایه, ئەم راپۆرتە زۆر ناواقیعانە و ناراستگۆیانە نووسراوە, چونکە ئەوانەی ئەو راپۆرتەیان نووسیوە, رەچاوی بیروبۆچوونی ئەو خەڵکانەی ئەو شوێنانەیان نەکردووە کە دەیانەوێ لەرێگای ئەو راپۆرتە وە گیروگرفتەکانی چارەسەری بکەن, زۆرەکی ئەو خەڵکانەیان نەبینیوە, جا بۆیە من بەراستی وادەزانم ئەوانەی ئەم راپۆرتەیان نووسیوە, بەهەر شێوەیەك بێ, دەیانەوێ ئەمریکا بەشێوەیەکی وەها لە مەسەلەی عێراق بچێتە دەرەوە, وا پیشانی شەعبی ئەمریکی بدەن, کە ئەوانە سەرکەوتوون لەعێراق, لەهەمان کاتیش ئاگاداری خەڵکی عێراق بکەن, کە ئەوانە خەمخۆری ئاسایش و چاکردنەوەی بەتایبەتی باری ئەمنی عێراقن, چونکە کە ئەم راپۆرتە چەند تەناقوزو ئیشتیباهێکی تێدایە, لەلایەکەوە ئەمە سێ ساڵە, هەر لە رووخانی رژێمی سەدامەوە, هەرەشەی سوریا وئێران دەکرێ, کە گوایە ئەمانە سەرچاوەی سەرەکی تێکدانی باری ئەمنی و هەموو لایانەکانی تری ناو عێراقن, لەلایکی ترەوە, وە لەرێگەی ئەم راپۆرتە, دەیانەوێ دەورێکی ئیجابیان بدرێتێ, ئەوان بیکەنە سەرچاوەیەك بۆ هێورکردنەوەی باری ئەمنی و چاککردنی گرژی لە عێراق, خاڵێکی تر من زۆر پێم سەیرە, کە ئەمریکا وەکو باوك یان دایکی داهێنەری سیستەمی نوێی جیهانی, کە بنیات نراوە لەسەر دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و عەدالەت و هەموو ئەو بابەتانەوە, لەرێگەیەکی ترەوە, ئەو دەستوورەی زیاتر لە 80٪ خەڵکی عێراق دەنگی پێداوە, دەیەوێ بەبێ گەرانەوە بۆ ئەم خەڵکە, دەستوورەکە پێیدا بچێتەوە, تەعدیلاتی بۆ بکرێ, کە بەراستی ئەمە پێشێلکردنە, لەم پێشێلکردنەدا بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بەهەرێمی کوردستانەوە کە ماددەی140, جێبەجێکردنی ماددەی 140 وەکو ئەوان وتوویانە وەکو قومبەلەیەکە دەتەقێتەوە, بەبروای ئێمە جێبەجێ نەکردنەکەی قومبەلەیەکە دەتەقێتەوە, بەهێز کردنی مەرکەز, لەسەر حیسابی هەرێمەکان, بەراستی ئەمەش تەئسیرێکی سلبی و نێگەتیڤیانە دەکاتە سەر هەرێمەکان, بەتایبەتی هەرێمی کوردستان, جا منیش تەئیدی بیرو بۆچوونی برادەرانی پێش خۆم دەکەم, کە وتیان موزەکەرەیەك, شتێك بنووسرێ, و بنێردرێ بۆ حکومەتی ئەمریکا, چونکە باوەر ناکەم ئەم راپۆرتە لە یەکەم رۆژی دەرچوونی, خودی سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش وتی راپۆرتێکی زاڵمانەیە من مولزەم نیم بەجێبەجێکردنی, جا بۆیە پشتگیری لەهەموو ئەو بیرو بۆچوونەی خەڵکی کوردستان دەکەم, ئەمە ماوەیەکە تیایە, پێمان باشە راپۆرتێك بنووسرێ, لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان کە ئێمە نارەزایی خۆمان دەردەبرین بۆ ئەو راپۆرتە, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك عومەر وبردەران ئیجازە دەخوازن, چونکە ئیش و کاریان هەیە, زۆر سوپاسیان دەکەین, بۆ ئامادەبوونیان, بەخێر بێن, ئەگەر دەتوانن دابنیشن, دانیشن, لەسەر داوای پەرلەمان داواتان لێدەکەم دابنیشنەوە, زۆر سوپاسی جێگیری سەرۆکی حکومەتی کوردستان و وەزیرە بەرێزەکان دەکەین, کە لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان دانیشتنەوە بۆ ئەوەی گوێ لەرەئیی ئەندامانی پەرلەمان بگرن, پێش ئەوەی ناوەکانتان بنووسم, چوار کەسی تریش داوا دەکەن قسە بکەن, فراکسیۆن نین, گروپ نین, بەلاّم حەقی قسەیان هەیە, بەپێی هەندێك تایبەتمەندی, کاك پیر خدر و دکتۆر نوری و کاك باپیر, ئەو دوو, سێ کەسە

قسه دەكەن, ئینجا ناوەكانتان دەنووسم, ئیجازەم بدەن, پەخشان خانیش, باشە, كاك پیر خدر بەناوی برا گەورەی كوردە یەزیدیەكان.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا سوپاسێتە پێشكەش كەم, وەك كوردێكی یەزیدی كە درێژیا دیرۆكیەدا, غەدرادیلمەك بوو, بیست و هەشتی ساڵە, لەسەر دەستی رژێما حوكمەتا سەدام و بەغدا بوو, وە غەدرا قومیشی هاتە سەرێ, یان نەتەوەیەژی, خەڵكێ مە قەزای شنگال, شێخان وناحیەی ئەلقوش وناحیەی باشیكێ, كورتە دكەن بارداوە ژیان رزگاركەرن, وە چاوەڕێی جێبەجێكردنا ماددە 140 ن, سەرەرایی هەردوو راپۆرت و ئاماژە بۆوان, خاڵی نێگەتیف هاتە كوڕ, راپۆرتە بیكر و هامڵتون, لەو رۆژانا خەڵكی مە هەر چاڤەڕێی بن, رۆشنایتان نۆرماڵ كرن, سەر هەرێما كوردستانێ بناڵە كوردستانێ, لۆیێ ئەو پێشنیارە پاشی خستنە جێبەجێكردنە خالا 140 نیگەرانێ گەلك دژوار دەڤەرێ مەلە شنگال و شێخان و باشیكێ و خەڵكێ مە, جەماوەرێ مە هاتە پێشاندان, وەگەلەك دڵ تەنگن, گەلەك نیگەرانن, چونكە پاش خستنا ماددێ 140, ئەو ماددەیە ماددێ 140 ئەنكو بەردەوامی نالەباریە, من وەك كوردی یەزیدیە دبیژێ وەك ئەندامێ پەرلەمانێ كوردستان, كە یادەشتەكی پەرلەمانی كوردستان بێتە پێشكەش كرن, وە ئاماژە پێبكرێ مل مل گەل هەڵویستێ سەرۆكێ عێراق بەڕێز مام جلال دەربڕی, سەرۆكی هەرێمی كوردستانی بەڕێز كاك مسعود دەربڕی, پەرلەمانێ كوردستان یادەشتەك بنێرێ و نیگەرانی خەڵكی كوردستان بخاتە بەر چاڤ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, پەخشان خان ببوورە نەم دیتی, ئەگەر نا رێم دەدای, فەرموو ئێستا.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سەرۆكی گروپەكەمان نیم, كاك دیلمانە, چاوەڕێی ئەو بووم, بەڵام ئەوە بەسەر مندا شكایەوە, پێشەكی من ئەمەوێ تەئكید لەسەر ئەوە بكەم, كە ئەم راپۆرتە تەحلیلیە بۆ واقعی عێراق, لەڕووی مێژوویی و لەڕووی سیاسی و لەڕووی پێكهاتەی عێراق, موەفەق نیە, یەعنی بە وردی نەچۆتە ناوی, وە بەو نەوعەش تەحلیلی بكا, لەهەمان كاتیشدا بەستنەوەی كێشەكانی عێراق بەكێشە دێرینەكانی ناوچەكە, كە چەندین ساڵە هەن و دەیان بڕیاریان لەسەر دەرچووە, لەوەش دیسان موەفەق نیە, بۆیە گەلێك ناكۆكی هەیە, بەتایبەتی لەڕاسپاردەكانیان ئەبینین, ئەم راپۆرتە من وای ئەبینم كە هەوڵدانێكە لەلایەن ئیدارەی ئەمریكاوە, بۆ چاوپێخشاندنەوە بە ستراتیژی ئەمریكا لەبواری سیاسەتی دەرەوە, دیارە بەرەچاوكردنی بەرژەوەندیەكانی خۆی, بەرەچاوكردنی رای گشتی وناخبی ئەمریكی......هتد, لەمە هەقی خۆیەتی, بەڵام راپۆرتەكە پەیوەستە بەوەزعی عێراق گەلێك خاڵی گرنگی تیایە, سەبارەت بەعێراق, وا دەرئەكەوێ

ئەوانەی لەڕاسپاردەکانە، ئەوانەی کە ئەو ڕاپۆرتەیان نووسیوە، زیاد لە پێویست مافیان بە خۆیان داوە، کە موقەریربن لەبارودۆخی عێراق، لەسەر وەزعی عێراق، وە بەهەمان عەقڵیەت، وەکو جەنابیشتان و برادەرانی تریش ئاماژەیان پێکرد، سەردەمی پێشووی عێراق، تەعامولیان لەگەڵ وەزعەکە کردووە، کەئەمە ئێستا مەقبوول نیە، لەلایەکی تر ڕاپۆرتەکە هەندێ لایەنی تێدایە، کەئێستا لەلایەن حکومەتی عێراق پیادەکراوە، چ لەڕووی موسالەحە، چ لەڕووی پەیوەندی لەگەڵ دەرودراوسێ، من بەڕاستی لەگەڵ ئەو ڕایانەم کە ئەبێ هەڵوێستی پەرلەمان بگاتە ئیدارەی ئەمریکی، وە تەئکید لەسەر چەند خاڵێك دەکەم، بۆ ئەم دەربڕینی هەڵوێستە، ئەگەر لە موزەکەرات بێ، یان لە هەر شێوازێکی تردا بێ، لەڕاسپاردەکان دەرئەکەوێت، کە ئەم ڕاپۆرتە عەملیەتی سیاسی لەعێراق، سیادەی عێراق، وە دەستووری عێراقی هەتا ڕادەیەکی زۆر پێشێلکردووە، ئینجا من ئەمانە ئەڵێم، ڕەنگە پێم بڵێن با کوردستانیەن باس بکەین، من پێش ئەوەی بێمە سەر ئەوە هیوادارم ئێمە بە رووحیەتێکی فراوان، دوور لەبەر چاو تەسکی، بەسەرێکی سارد، بەدڵێکی گەرم، تەعامل لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بکەین، بەڕاستی پێشێلکردنی ئەم سێ لایەنە، کەمن زۆر بەگرنگی ئەزانم، زۆر خەتەر ناکە، عیلمەن لەهەموو ئەم سێ لایانە نە ئیدارەی ئەمریکی و نە بەریتانیا و نە یوئێن دوور نەبوون، لەکاتی ئەنجامدانی ئەم پرۆسانە، جا ئەوە ناچمە ناو تەفاسیلی کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێ، بەڵام برادەران ئاماژەیان پێکرد، هەروەها بەستنەوەی کێشەی ئێستایی عێراق بەو کێشانە، کە ئەویش پێویستە ئێستا ئاماژەی پێبکرێ، دیارە لەبەر کات ئیشارەتم بۆ ئەکەن، لەبەر ئەوە زۆر ناچمە ناو ئەو تەفاسیلانەوە، مەسەلەی پاشگەزبوونەوە لەسیستەمی فیدراڵی، بەڕاستی ئێستا لەعێراق، هەرێمی فیدراڵی تەنها کوردستانە بەڕەسمی، ڕاستە یاسایەك دەرچوو لەلایەن پەرلەمانی عێراق، بەڵام تەنفیزی دواخرا بۆ هەژدە مانگ، تاقە هەرێم ئێستا کە هەبێ هەرێمی کوردستانە، وە ئێمە باشە لەو هەڵویستەی کە ئیعلانی ئەکەین، کە ئێمە لەسەرەتای دامەزراندنی کێشەی دەوڵەتی عێراقی، کێشەی ئەو مەرکەزیە بووە، کەڕەچاوی خواست و داخوازی و ماف و خسوسیەتی پێکهاتەکانی عێراقی نەکردووە، بۆیە ئەوە باشە تەئکیدی لەسەر بکەین، ناچمە ناو تەفاسیلی، ئەو دەوڵەتە عێراقەی کە دامەزرا، لەسەر ئەساس و مەرکەزیەتێکی زۆر توند دەمەزرا، ئەمەش سەبەبێکی ئەساسیە بۆ ئەم کارەساتەی کە ئێستا عێراقی تیایە، وەئەوەی کە سەرنج ڕائەکێشی لەڕاپۆرتەکە، حەنینی هەیە بۆ ئەم مەرکەزیەتە، وە ڕموزی نیزامی پێشوو ئەهێنێتە پێش بۆ ئەوە، یەعنی وادیارە هەر بەهەمان عەقڵیەت، دیارە ڕموزی نیزامی پێشوو ئەوان موئەهەلن بۆ ئەو مەرکەزە بەپێی ڕاسپاردەکە، پێداچوونەوە بەمەسەلەی 140 من پێم وایە لەو هەڵوێستەی کە ئێمە تەقدیمان کردووە، ئەگەر یاداشتنامە بێ، یان لەهەر شتێك بێ، کەرکووك مەسەلەیەکی تەنها کوردستانی نیە، کەرکووك مەسەلەیەکی عێراقیە، چارەسەرنەکردنی ئەم مەسەلەیە بەدرێژایی ساڵە های ساڵ، فاکتەرێکی ئەساسیی بووە، بۆ بارگرژی لەناو عێراق، ئاخر خاڵم تەئکیدە لەسەر قسەی جەنابت و برادەرێکی تریش ئاماژەی پێکرد، پشتیوانی ئەساسی گەلی کوردستان و هەمیشە خۆیەتی،

گەلی کوردستانە, لەبەرئەوە لەسەر گشت دام ودەزگا فەرمیەکانی کوردستان, بەپەرلەمان و بە حکومەت و بەدەزگاکانی تر, ئەوەیە کە خواست و داخوازی ئەو خەڵکە سەرووی هەموو شتێك بێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك باپیر کاملا فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بەشێوازی جیاجیا هەڵسەنگاندنی ئەو راپۆرتەی بیکرو هاملتون کرا, منیش لەگەڵ ئەو برایانە لەزۆر بیرو بۆچووندا یەکم, بەلاّم سەرچاوەی ئەو هەڵانەی کە تووشی بووە, بیکر وهاملتون کە ئەو راپۆرتەیان نووسیوە, لەدوو خاڵدایە, یەکێکیان لە دەرئەنجامی ئەو ململانێیەیە لەنێو دەسەلاّتی ئەمریکادایە, دووەمیش هۆکارەکەی ئەوەیە کە مەیدانی نەهاتوون ئەو راپۆرتە بنووسن, بۆتە مایەی ئەوەی کە تووشی تێرخوێندنەوەیەکی هەڵە بن, بەتایبەتی تێرخوێندنەوەی هەڵە, من لەو رووەوە زۆر رەشبین نیم, مەترسیی زۆرنابینم, بەو شێوەی کە لێکدەدرێتەوە, چونکە لە ئەسڵی واقعدا ناتوانن ئەمە جێبەجێبکەن, ئەو قۆناغە نیە کە ئێستا هەموو دنیا پێیدا تێپەر دەبێ, بەتایبەتی عێراقیش پێیدا تێپەڕدەبێ, ئەو قۆناغە بەسەرچووە, بەبیرێکی کۆنیان نووسیوە, بۆیە ئەوە هی جێبەجێکردن نیە, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بەوە هەیە, کە ئێمە بتوانین هەم رەتیبکەینەوە, هەم خۆئامادەکردن بۆ چۆنیەتی رەتکردنەوەی, من پێم وانیە تەنها بەهۆی یاداشتێك کە ئێمە بیدەین بە نارازی بوونێك, ئەوە دەبێتە مایەی رەتکردنەوەی ئەو راپۆرتە, ئیش بۆکردنی لەئاستی دەرەکی و لەئاستی ناوەخۆدا دەبێت, لە ئاستی دەرەکیدا, من بەباشی دەزانم وەفدێکی حکومی پەرلەمانی, هەردوو حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان, بەپێی ئەوەی کە مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە, لە پەیوەندی دەرەوەدا, ئەو وەفدە چ بۆ کۆنگرێسی ئەمریکی چ بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا بچێ, لەهامان کاتدا ئەورووپای رۆژئاوا, پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا بەسەر بکاتەوە, لەسەر رەئیی خەڵکی کوردستان و بە رەتکردنەوەی, لەهەمان کاتیشدا لەولاّتانی دەوروبەر پێویستی بەوە هەیە, کە گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانیش بکەین, بەلاّم لێرە جیاکردنەوەیەك بێ, لە دوانماندا جیاکردنەوەکە لەوەدا بێ لەنێوان ئیدارەی ئەمریکی لەنێوان نووسەرانی ئەو راپۆرتە, زۆر خۆمان دوورنەخەینەوە تا ئێستاش لەو دۆستانەی کە هەمانە ئەوەی کە خزمەتی ستراتیژیەتی ئێمە بکا, هاوپەیمانی ئێمە بێت, ئەمریکایە, بەخۆمان دەزانین لە ولاّتانی دەوروبەر بەتایبەتی داگیرکەرانی کوردستان ئەوانەی کە پارچەیەکی کوردستانیان لەبەر دەستدایە, هەڵوێست و تێڕوانینان چۆنە, وە چۆن هەوڵیانداوە بۆ لەبار بردنی ئەزموونی کوردستان, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لەگەڵ ئەوانیش وتوێژێك بکەین, خاڵی دووەم, پێم وایە لەئاستی پارچەکانی کوردستان توانای خەڵکی کوردستان توانای خەڵکی کورد ئەگەر لەهەر شوێنێك بن لە ئەوروپا یان لەهەر شوێنێکی تر هەن, تواناکانیان ئیستیسمارکەین, بتوانین بیکەینە پشتیوانی خۆمان, بیکەینە پشتیوانی ئەو ئەزموونەی کە

لەکوردستانداية, بيكەينە پشتيوانى حكومەت و پەرلەمان, خاڵى سێيەم, لەئاستى ناوەخۆدا زياتر خۆمان رێك بخەين, تەبايى سياسى و تەبايى كۆمەڵايەتى, ئەوەش ئەركى حكومەتە بەزياتر رێكخستنى ژيانى سياسى و كۆمەڵايەتى و بەتايبەتى بتوانێ خەڵكى كوردستان پشتيوانى ئێمە بێت, لەرێگەى هەيئەتى تەنفيزيەوە, هەيئەتى تەنفيزى خەڵك رازى بكات, وە لەداهاتيش چ لە جێبەجێكردنى ياسادا, دادپەروەرانە دابەشى بكا بەسەر خەڵكى كوردستاندا, ئەمەش دەبێتە پشتيوانێكى هەميشەيى بۆ خەڵكى كوردستان و بۆ دەسەڵاتى سياسى و حوكمڕانى كوردستان, بۆئەوەى رووبەڕووى هەموو ئەو قەيرانانە بێ كە دێتە پێشى, نەك هەر ئەوە, پێم وايە ئەو راپۆرتە لەرووى ترەوە لەوانەيە شتى تريشى بەدوادا بێت, بەرژەوەندى ئەمريكا تەحكوم دەكا بەسەر چۆنيەتى هەڵسوكەوتى لەگەڵ ئێمە, ئەو راپۆرتە درێژەى دەبێت, بەنەفەسێكى درێژەوە, بۆ بەردەوام بوونى, تەبايەتى سياسى وكۆمەڵايەتيمان زياتر لێدەخوازى, حكومەت رۆڵى سەرەكى دەبێت, سەرۆكايەتى هەرێم رۆڵى سەرەكى دەبێ, پەرلەمان رۆڵى سەرەكى دەبێت لەوەدا, پێويستە هەماهەنگيەك هەبێ, كە هەشە هەستى پێبكرێ, بەلاَم زياتر پێويستى هەيە, كە پتەوتر بكرێ, بۆ رووبەڕووبوونەوەى هەموو ئەو ئاستەنگانەى كە لەئايندەدا چاوەڕێى دەكرێ, تەنها خاڵێكى تر, لەگەڵ حكومەتى عێراقى فيدراڵ لەگەڵ پێكهاتە سياسيەكانى عێراقى, دەبێ زياتر لە هەڵسەنگاندن دابين, بەتايبەتى ئەوانەى وەكو ئێمە زەرەرمەند دەبن, لەئەنجامى ئەو راپۆرتە سوپاس.

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس, كاك دكتۆر نورى فەرموو.

**بەرێز د0نورى جميل تاڵەبانى:**

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من ناچمە ناو تەفاسيلى ئەو راپۆرتە, چونكە ئەو راپۆرتەى لەلايەن لێژنەى قانونييەوە, خرايە بەردەم پەرلەمان, لەسەر داواكارى لێژنەكە من ئامادەم كرد, بەلاَم كۆمەڵێك تێبينى و بەسەرداچوون لەلايەن لێژنەى بەسەرداچوونى ماددەى 140 دەستورى عێراقى, لەگەڵ بۆچوونى سەرۆكى پەرلەمان و بۆچوونى جێگيرى سەرۆكى حكومەت و كۆمەڵێك لەئەندامانى پەرلەمان, ئەو راپۆرتەيان دەوڵەمەندتر كرد, بۆيە پێشنيارى ئەوە ئەكەم, لێژنەيەكى پێنج كەسى پێك بێت, ياداشتنامەيەك ئامادەبكات, بەناوى پەرلەمانى كوردستان, وەك نوێنەرى خەڵقى كوردستان ئاراستەى كۆنگرێسى ئەمريكى و ئيدارەى ئەمريكى و حوكمەتى ناوەندى بكات, لەگەڵ بەشى زۆرى حكومەتەكانى ئەوروپا, كە راوبۆچوونى خەڵقى كوردستانە سەبارەت بە ناوەڕۆكى ئەو ياداشتنامەيە بەكورتى, بەلاَم بە داڕشتنێكى قانونيانە, بەزمانى كوردى و عەرەبى و ئينگليزى دابرێژرێ, بەزووترين كات, پێشكەش بكرێ بەو لايەنانەى كەوا ئاماژەم پێكردن, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستا ناوی ئەوکەسانە دەنووسم کە دەیانەوێ قسە بکەن, وە وەزیرەکانیش بۆیان هەیە قسە بکەن ئەگەر دەیانەوێ, بەلاّم دەستتان نەهێنە خوارێ, هەتا ناوی هەمووتان ئەنووسم, دوایی گلەیم لێنەکەن, فەرموو پەخشان خان نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زنگنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا بەباش ئەزانم, وابزانم واش پێویست ئەکا, کە وەقت تەحدید بکرێ, چونکە ئەوی هەڵدەستێ ئەو وەختە بەخۆی ئەدا, عەفوەن با قسەکەم تەواوکەم, چونکە ئەوەی هەڵدەستێ ئەفکارەکانی لەسەر ئەساسی سێ دەقە دارشتووە, بەلاّم سەیر ئەکەی یەکێك چوار دەقیقە قسە ئەکا, ئەوەی تر دوو دەقیقە قسە ئەکا, ئەفکارەکانی پچڕپچڕ ئەبێ, بۆیە باشتر وایە هەموو کەسێك بزانێ وەختەکەی چەندە, من بەش بەحاڵی خۆم بۆ ئەو وەختە کورتە زۆر زەحمت بوو, بەینما وەخت لەوە زیاتر هەیە بەعزە جارێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان, نوقتەی نیزامەکەت قبوڵە, بەلاّم خۆشت زیاتر لە وەختەکە قسەت کرد, قسەکەت راستە دوو دەقە زۆرە, چونکە زۆرن ئەوانەی داوای قسەیان کردووە, ئەگەر ئیجازەم بدەن, کە وەخت تەواو بوو ئیشارەتتان دەدەمێ, فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو راپۆرتە, زیاتر بۆنی قانونی و بۆنی ئیداری و بۆنی سیاسی لێنایێ, لەوەی کە بۆنی عەسکەری و بۆنی قواتی ئەمریکی لەکافەی ولاّتانی عالەم دەکاتن, وە بەچەند شکلەك رۆن دەبێتەوە لەوەی یەکەمیان کە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد, خیلافی دەستوورە, ئەوەی بەلای من گرنگە کە سەردانی کوردستانیان نەکردووە, ئەوانەی ئیتلاّعی لەسەر وەزعی عێراق کردیە, نەخێر ئیتلاّعی نیە, چونکە عەلەم یەك لەو شتانەی کە باسی عەلەم دەکرێ, بەقەراری مەجلسی حوکم عەلەم, عێراق ئێستا هیچ عەلەمێکی نیە, پێویست بەوە دەکا کە پەرلەمان دابنیشێ عەلەمێك دابنێ, چونکە بەقەراری مەجلسی حوکم عەلەم ئیلغا کراوەتەوە, وە چەند تەریقەیەك هەیە, ئێستا باس لەوە دەکرێ, یەعنی ئیمزا خڕ بکرێتەوە, یان باسی ئەوە دەکرێ کە پەرلەمان ئیحتیجاج بکا, باشترین شت ئەوەیە ئیحتیجاجی شەعبی کوردستان, چونکە یەکگرتنی شەعب و هەستانەوەی شەعب زیاتر شتکە پێشان دەدا لە عەبرە وەسائیلی ئیعلام, وە بەهەموو دنیا پێشان بدا کە ئەوە رەئیی ئێمەیە, رەئیی کوردە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, لەدانیشتنی داهاتوودا, هەرکەسێ لەشوێنی خۆی دابنیشی, وە ئەگەر هەر کەسێ لە شوێنی خۆی دانەنیشێ مەجالی قسەکردنی نادەمێ, چونکە لەدانیشتنی داهاتوو, بەکۆمپیتەر ناوی ئەوکەسانەی کە

دەیانەوێ قسە بکەن، دوگمەکەی دادەگرن ناویان لێرە ئەنووسرێ، ئەو دانیشتنە هیچ، بەلاَم دانیشتنی دووەم پراوەیەکی دەکەین، فێردەبین هەر کەسەو لە شوێنی خۆی دادەنیشێ، ئێستا بەسرە ناوتانم نووسیوە، ئەگەر سرەکە تەواو بوو، ناوی هەرکەسێکم لەبیر کرد پێم بلێ، فەرموو کاك ئیحسان.

**بەرێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز دگەل بۆچوونە جەنابێتە مە، جێگرە سەرۆکا حوکمەتە تەڤا هەڤالان پێشکەش کرینە، هەلبەتە بزانین لەسیاسەتدا سەنگ نینە، یان لەگەل سیاسەتی کوردیدا دەرڤە نینە، هەر شتێ قابیلیەتی گۆرانکاری هەیە، لە بەرژەوەندا هەر جیهەتەکا بریارێك بدا، جیمس بیکر وەزیرا هەرە گرنگی بوشێ باب بوێیە، وەختی خەلکی مە تووشی کوچا ملیوونی، هاتیە دەڤەری سەر سنووری دیتێ خەلکێ مە لەچ مەئساتێك دایە، راپۆرتێکی نووسیە بۆ حوکمەتە هەرێمە کورد هەوارە، بەسیستەمی جیهانێ راگەیاندبوو، کو ئەمریکا بۆ جەمسەرێ لە جیهانێدا، بەرنامەیەکی تازە لەسەر بنەمایی، مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت ئازادیە راگەهاند، لەچوارچێوەیی خەلکی کوردستانی هزرکرد، خەلکی کوردستانە نابێتە گۆرو قوربانا سیاسەتا و ململانا، دوو جەمسەرا ئیدی فرسەتێك بوو، گەلی کوردستان هات بگاتە ماف و سیاسەتی خۆی، ئەڤ گۆرانکاریە ڤێ دەمێکە پەیدابووی، لێژنیەیەکیان پەیداکرن، وەسلێش هات دەتگو، ئەڤ لێژنە خۆ سەرۆکی لێژنە خۆ ئەێك پەیکەری سیاسەتە سیستەمە جیهانی نوێ بوویە، ئەڤرۆکە تەنێ کوژیەکەدا، یەك زاویەتەنەرا بەرێ خودەتەرا بارودۆخی لەشکری ئەمریکی لەعێراقدا، کە لەچاوی لەشەکری ویە خلاس کرد، کوا بەرنامەی پرۆژەی چاکسازی رۆژهەلاتێ، پرۆژەی دیموکراتی عێراقا پرۆژەی گۆرانکاریە ولاَتا خۆ بەرچاو نەگرتینە، واتە خۆ بەری هەر شتێك دێتەکنە من تێکشکاندن و فەشەلە ستراتیژیتە ئەمریکەیە سیاسەتە ئەمریکەیە رادەگەینی بەری کوا بزانێ کوردە زیان و زاری بگەینیتە مە، بەری ئێمە بەرژەوەندی دەبینین، ئەمە وەکو خەلکی کوردستان راوبۆچوونە وان پێشەکەرن، ئان دەشتێکە رێکوپێك بێتە کرن، شاندێن پەرلەمانێ کوردستانێ بگەینتە سەر پەرلەمانی ولاَتانی بیانی، رەڤاندی کورد لە ئەورووپای هانبدەین، لەدەستووری عێراق گەلەك هەیە دەلێت دەڤێت نفسینەگە هەرێمی کوردستانا لەهەمی سەفارەتە عێراقا بێتەجێکرن، لازمە بێتە کرن ئەڤ نڤیسینگەیە، بێنە کارە رێکخستن بۆ کاروکار ببینن سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس، کاك ئارام فەرموو.

**بەرێز ارام رسول مامند:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لەسەر ئەم بابەتە زۆر قسە کرا، من بەتەواوی تەئیدی ئەوە ئەکەم کە یادشتنامەیەك ئامادە بکرێ، لەگەل وەفدێك ئاراستەی جیهەتە پەیوەند دارەکان بکرێت، بەلاَم لەهەمان کاتدا خالێکی گرنگ کە ئێمە دەبێ لەم یاداشتنامەیە باسی بکەین، کە ئەمرۆ زیاتر لەسەری بووەستین، نیگەرانی خەلکی کوردستان،

لەپەیوەندیکانی گەلی کوردستانە لەگەڵ ئەمریکا لەنتیجەی ئەم راپۆرتە, وە ئێمە پێویستە تەئکید لەسەر ئەوە بکەینەوە, کە ئەم راپۆرتە کاریگەری نابێت لەسەر ئەم پەیوەندیانە لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی زۆر لەنێوانماندا هەیە, کە بەرژەوەندی موشتەرەکە, دەکرێ کاریان لەسەر بکەین, وە بەلگەی زیندووش بۆ ئەمە پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەی جۆرج بوشە بەم دوایە, پەیوەندیەکانێتی لەگەل هەردوو بەڕێزان سەرۆك کۆمارو سەرۆکی هەرێم, لێرەدا من بەتەواوی تەئیدی رەئیی جێگیری سەرۆکی حکومەت دەکەم لەوەی کە ئێمە ناتوانین هیچ جانبێکی ئەم راپۆرتە بە ئیجابی هەڵسەنگێنین, چونکە ئەگەر پێشنیارێکی باشیش لەشوێنکدا هاتبێ بەتەئکید پێشنیارەکەی دواتر میکانیزمێکی بۆ داناوە, کە پێشنیارە باشەکەش تێك ئەدا, قسەمان زۆر هەبوو لەسەر پێشنیارو بڕگەکان, بەلاَم پێش ئێمەش بەڕێزان باسیان کرد, من تەنها ئەوەندە دەڵێم کە ئێمە پڕۆتۆستۆی ئەم راپۆرتە دەکەین, بەوەی کە پێمان وایە دوورە لەواقعیی ئەمڕۆی کوردستان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس, کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمەش لەبەر دوو هۆ راپۆرتەکە رەتدەکەینەوە, یەکیان پێشێلکاریەکی تەواوی دەستووری عێراقە, واتە ئیرادەی گەلانی عێراق, دووەمیشیان بەرژەوەندی, نەك بەرژەوەندی گەلی کوردستان لەبەرچاو نەگیرایە, بەڵکو زۆر لە بڕگەکانی دژی بەرژەوەندی گەلی کوردستان و ئەو دەستکەوتانەنە کە تائێستا بەخوێن و قوربانیەکی زۆر بەدەستی هێنابوون, ئێمە ئەگەر راپۆرتەکە بخوێنینەوە دەبینین ئەو کەسانەی کە راپۆرتەکەیان نووسیوە, ئەوەندەی حیسابی بۆ گروپە تیرۆریستەکان کردیە, ئەوەندە حیسابیان بۆ هەموو شیعەکانی عێراق و بۆ هەمووگەلی کوردستان و رابردووی گەلی کوردستان نەکردیە, وە لەراپۆرتەکە کاریگەری ولاَتە دەرودراوسێیەکان هەیە, کاریگەری شۆڤینیستەکان هەیە, کاریگەری شیعەکان هەیە, کاریگەری خودی سوپای ئەمریکاش هەیە, بەلاَم ئەوەی دەبینین کە دەبوایە کاریگەری گەلی کوردستان لەبەر چەند هۆیەك کە خۆمان شانازیمان پێوەدەکرد, لەهەمووی زیاتر گەلی کوردستان لەراپۆرتەکە لە پەراوێزترین بەشە, وەکو بەشێکی زۆر بچووکیش و هیچ تایبەتمەندیەکی نەدایتە گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێم و پەرلەمان یەعنی, ئەو هەموو دەستکەوتانەی کە بەدەستمان هێنایینە, لەبەر ئەوە بەراستی پێویستە پرسیارەك لۆخۆمان دروست بکەین, ئێمە چەند ساڵە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا کار دەکەین, وەچەند ساڵە دۆستایەتی ئەمریکا دەکەین, ئێمە پێمان وابووە ئەو دۆستایەتی کردنەی ئەمریکا,

ئەو برە ئازادی و برە سەقامگیریە ئاسایشە کە لە کوردستان هەیە, بەسن بۆئەوەی ئێمە بپارێزن, ئێمە لەوەی بۆمان دەرکەوت کە ئەوانە ئێمە ناپارێزن, بەڵکو خۆمان دەبێ بەشێوەیەکی تر و بەجۆرێکی تر خۆمان بپارێزین, ئەوە یەك, دوو ئایا ئەو بێدەنگ بوونەی ئێمە لەڕابردوودا, لەسەر دواخستنی ماددەی 140 پێش ئەوەی ناوی لێبنێندرێ ماددەی 140 ماددەی 58 پێش ماددەی 58 ناوچە تەعریب کراوەکان, ئایا ئێمە زەرەرمان کردیە یان قازانج؟ پێویستە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین, وەکو لەڕاپۆرتەکە بەدیاردەکەوێ ئێمە بە پێچەوانەوە زەرەرمان کردیە, چونکە ئەمریکا لەتەك سیاسەتی ئەو شۆڤەنیست و توندڕەوانە کە ڕۆژانە خەڵکی عێراق دەکوژن, وە ڕۆژانە سوپای ئەمریکا دەکوژن, ئەوان گوێیان لەوانە گرتووە, بەلاّم گوێیان لەخەڵکی کوردستان نەگرتووە, ئەوە خاڵێك, ئەمن دەمەوێ بچمە سەر خاڵە ئەساسیەکەی کە پێویستە قسەی لەسەر بکەم, بەکورتی, ئەوەیە کە ئەمریکا ستراتیژیەتی خۆی دادەڕێژی, ئەوەش ئێمە گەلی کوردستان واقیعیەکە دەبینین, ئایا ئێمە چی دەکەین, من لێرە پێشنیار ئەکەم, کە جەنابی جێگیری سەرۆکی حکومەت و برابەڕێزەکان کە لێرەنە, بەرەو دانانی بودجە دەچین, پێویستە لە ئێستاوە ئێمە حیساب بکەین, ئەمریکا کاری خۆی کردیە, ئێمە رەتمان کردەوە, بەلاّم دوای رەت کردنەوە ئێمە چی دەکەین, پێویستە پێش هەموو شتەکی یەکەمیان سەرکردایەتی سیاسی گەلی کوردستان, ئەویش ستراتیژیەتی نوێی خۆی داڕێژی, دووەمین کە حکومەت بودجە دادەنێ بە شکلەك, ئەو بودجەیە حیسابی بۆ بکاتن و دابەشی بکات, یەعنی لەڕووی ئابووریەوە, لەڕووی کۆمەلاّتیەوە, لەڕووی سیاسەوە وا بەهێزی بکەین کەنەك راپۆرتەکی ئەوها, بەڵکو لەکاتی جێبەجێ کردنیشدا ئەوەندە ئەژنۆمان نەلەرزێنێ, کە پێمان وابی کۆتاییە, ئێمە ئێستا قسە دەکەین, پێویستە دەسەلاّتی کوردستانی بەهێز بکەین, بەو مانایە نا, کە کوتەکی دامودەزگای ئاسایش بەو مانایەی کە دەسەلاّتی کوردستان, زۆرتر لە خەڵکی کوردستان نزیك بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمن جارێکی تر رجا دەکەم, تەبعەن ئێمە هەموو ئەندام پەرلەمانین, ئوسوڵ و پڕۆتۆکۆڵ دەزانین, ئەم دانیشتنە بۆ موناقەشە کردنی راپۆرتی بیکەر و هاملتۆنە, جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان لێرەن باوەڕناکەم لە پرسیاری ئێوە بترسن, بەلاّم کە بانگیان دەکەین بۆ پرسیار و وەلاّم, ئسوڵی خۆی هەیە, دەبێ پێشتر بۆیان بنووسین تا خۆیان ئامادە بکەن بۆ وەلاّم, لەبەر ئەوە هەر پرسیارەك بکرێتن ناتوانن جواب بدەنەوە, چونکە تەفسیلات نازانن, بۆیە حەزدەکەم لەسنووری دانیشتنەکەمان دەرنەچن, قسەکان بەجێنە, گلەییەکان بەجێنە, دە گلەیی تر من دەیخمە سەری, پانزەی تر جێگری سەرۆکی حکومەت دەخاتە سەری, چەند گلەییەك کە وەزیرەکان خۆیان دەخەنە سەری, بەلاّم دەبێ لە دانیشتنێکی بەئسوڵ و تایبەت بێت, بۆیان نووسرابێ بەپێی نیزامی داخلی خۆمان, پێشتر بۆمان نووسیبوون خۆیان حازر کردبوو, بەلاّم لەو دانیشتنەدا لەسنووری ئەوە دەرنەچن, بە روغمی ئەوەی کە ملاحەزاتەکان بەجێنە, ئەوە مەوزوعی موناقەشە نیە, کاك ئیسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لەسەرەتا باسی لە راپۆرتەکە کرد, هەم لەلایەن جێگیری سەرۆکی حکومەتیش باسی ئەم راپۆرتە کرا, کە ئەو راپۆرتە لەلایەن خەڵکی کوردستان ڕەت دەکرێتەوە, راپۆرتەکە ئەوەندە مەترسیدار نیە, بەراستی من وەکو پەرلەمانتارێك ئەوەندە بەمەترسیداری نازانم, شەرتیش نیە ئەو راپۆرتە جێبەجێ بکرێتن, بەڵام ئەو جۆرە رەئیانە لەئەمریکا سەبارەت بەخەڵکی کوردستان خراپە, چونکە ئێمە خەڵکی کوردستانمان وا راهێنایە کە دۆستاتێیەکی بەهێز لەنێوان خەڵکی کوردستان و گەلانی ئەمریکا هەیە, ئێستا حەق نیە, بەشێوەیەکی توندو تیژی ئەو وەڵامە بدەینەوە, خەڵکی کوردستانی پێ بترسێنین, بۆ نموونە سەرەتای ئاشکرا کردنی ئەو راپۆرتە جەنابی سەرۆکی هەرێم رەتی کردەوە, کە رەتی کردەوە هەمان شەو تەسادفی ئەوەی کرد, جەولەیەکی تەیارەی بەهێز لەکوردستان هەبوو, لە شەو دەستی پێکرد تا بەیانی, بەتایبەتی لە سلێمانی, خەڵکی کوردستان پێیان وابوو, ئەوە جەوابی ئەوەیە, ئەمریکا جەوابی سەرۆکی هەرێم ئەداتەوە, بۆیە تەیارانە لەئاسمانی کوردستان ئەسوڕێنەوە, بۆیە بەراستی ئەو مەسەلەیە پێویستە بە هێمنی دیراسەت بکرێ, حیسابی لەسەر بکرێ, دۆستایەتی نێوان گەلانی کوردستان و ئەمریکا حیسابی بۆ بکرێ, ئەمریکا خۆی هاتووە, داوای لە خەڵکی کوردستان کردووە, کورد تەنها شاخەکانی نەماون, تەنها شاخی دۆست بێت, ئێستا ئەمریکا دەستی کوردە, کۆڵن پاوەڵ دەستی هەردوو بەڕێزی بەرز کردەوە, چ جەنابی سەرۆك بارزانی یان جەنابی مام جەلال وتی ئێمە دۆستی گەلی کوردستانین, جا بۆیە ئێمە بەراستی پێویستە ئەمانەمان لەبیر بێت, بەو شێوەیە لەسەر راپۆرتێك, کە شەرت نیە ئەو راپۆرتە جێبەجێ بکرێت, سەرۆکی ئەمریکا خۆی ئەو راپۆرتەی بەزاڵمانە وەسف کرد, شەرت نیە هەموو سیاسەتمەندارانی ئەمریکا تەئیدی ئەو راپۆرتە بکەن, یان ئەوەتە ئەو راپۆرتە جێبەجێ بکرێ, ئێستا دەنگێکی گەورە هەیە لەناو کوردستان, هەم سەرۆکی هەرێم رەتی کردەوە, هەم سەرۆکی کۆمار پشتیوانی لە راپۆرتەکە نەکرد, هەم سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان هەر لەیەکەم رۆژەوە ناڕەزایی خۆی پێشاندا, هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت و هەموو بارەگاکانی حزبی کرانەوە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکی بەهەموو حزبە سیاسەکانی کوردستان کرا, لەو کۆبوونەوەیە بڕیاردرا ئیمزای هەموو خەڵکی کوردستان کۆبکرێتەوە, تا 19 ی مانگ ئەم ئیمزایانە بگەیەندرێتە دەسەڵاتی ئەمریکا, وەختم نەما, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی هەر تەعلیقەکی بچووك, ئینسان بەتەفاهم تەماشا بکا, تەیارەکانی ئەمریکا هاتوونە کوردستان رەنگە مەبەستی ئەوە بێ, بەڵێ گوێ مەدەنێ, ئێمە هەر لە 91 ەوە حیمایەتان دەکەین, ئێستاش هەر حیمایەتان دەکەین, بەڵێ مەلا ئەنوەر, فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتی بیکرو هاملتۆن بەراستی هۆشیارکەرەوەیەکی باش بوو بۆ قیادەی سیاسی کوردستان و بۆ هەموو عێراق, بۆ ئەوەی ئیعادە نەزەرێك بکرێ لەزۆر لەو مەسائیلانەی کە وەکو پێویست تەماشا نەکراوە, هەڵنەسەنگێنراوە, بۆیە بە شتێکی ئیجابی دائەنرێ لەڕووی ئەوە واقیعەتانە, بەلاّم بەنیسبەت ئەو خاڵە سلبیانەی کە تایبەتن بە زۆر لە گەلانی عێراق بەتایبەتی کوردستان, هەمووومان, لیژنەی یاسایی و لێژنەی 140 و جەنابت و جێگیری سەرۆك حکومەتی هەرێم ئیشارەیان پێکردو رەئیسی کوتلەکان, ئێمەش عەینەن پابەندین بەوە رەتی ئەکەینەوە, ئەو خالآنەی کە بەرامبەر خەڵکی کوردستان سلبینە, جێگایی رێز نین بۆ ئەم خەڵکە, لەبیرمان نەچێ راپۆرتی لێژنەی یاسایی ئیشارەی بۆ خاڵێك کرد, بۆ نەکسەی 75 حەقیقەتە وەکو جەنابیشت ئیشارەی بەوە کرد, ئەو قۆناغە بەسەر چوو, ئێستا سەردەمێکی ترە, سەردەمێکی نوێیە, ئەو شتانە ئینشاالله دووبارە نابێتەوە, نابێتە مایەی ئەوەی شتێکی تر دروست بێت, چونکە کورد خاوەنی قەزیەکی حەقە, خاوەنی کێشەیەکی حەقە, لەئەمڕۆ و لەداهاتوو, لەهەموو کاتێك ئامادەیە کە بەردەوام بێ لەسەر وەرگرتنی مافە ڕەواکانی خۆی, ڕۆژێك لە ڕۆژانیش کەم تەرخەمی ناکا, ئەوە حەقیقەتێکە کە ئێمە پێویستە ئاگامان لێبێ و لێی نەترسین و, گەرم کردنی مەوزوعی ئەو راپۆرتە خەریکە جەماوەری خەڵکی کوردستان تووشی نیگەرانی ئەکا, وە تووشی دڵەڕاوکێی دەکا, کە وادەزانێ قەزیەکی خەتەر لەگۆڕێیە, میللەت سەر لەنوێ تووشی هەلآتن دەکا, تووشی دەردە سەری دەکا, کۆمەڵە شتێکە کە پێشتر تەعەهودی هەبووە, ئێستا دووبارە نابێتەوە, بەس ئەوەی کە من حەز دەکەم عەرزی بکەم کە جێگیری سەرۆکی حکومەت لێرەیە, وە هەموو خۆشەویستان, بەهێز کردنی پرۆسەی دیموکراسی بە قوەت کردنی موئەسەساتی مەدەنی لە کوردستانی خۆماندا, ئێمە ئەوڕۆ لەسەردەمێکدا ئەژین, سەردەمی عەولەمە و بەراستی سەردەمی ئاشکرا بوون و هەموو شەفافیەتێکە, یەعنی بەراستی ئەو شتەی کە دێتە ناو حکومەت لەناو شێخەالله باس ئەکرێ, بۆیە پێویستە ئاگامان لەو خالآنە بێت, بۆ ئەوەی کاتەکە زۆر نەڕوا, ئێمە پێویستە پێدابگرین لەسەر هەموو ئەو خالآنەی کە پێچەوانەی دەستووری عێراقن, وە پێچەوانەی ئیرادەی گەلی کوردستانن, کە لەدەستووردا چەسپێنراوە و ئەو خالآنەی کە تەئەخیر کردنی مەوزوعی ماددەی 140 و سەروەتە سروشتیەکان و کۆمەڵێك شت لەوانە, یان پاشگەزبوونەوە لە فیدراڵیەت, ئەوانە پێچەوانەی ئیرادەی گەلی عێراقن, پێچەوانەی ئیرادەی گەلی کوردستانە و بەهیچ شێوەیەك ئەم جۆرە خالآنە قبولّ ناکرێ, وە دەبێ هەموومان پابەند بین, کە قبولّیی نەکەین, سوپاس.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نامەوێ باس لەراپۆرتەکە بکەم, هەرچەندە ئەو راپۆرتە مولزەم نیە, بەلاّم ئێمە وەکو گەلی کوردستان مەفروزە لەخراپترین حاڵەتی بەنەزەری ئیعتبار وەربگرین, هەموومان دەزانین سێ لایەنی سەرەکی بڕیار بەدەستن لەداڕشتنی سیاسەی ئەمریکا, ئەویش ئەمنی قەومی و پێنتاگۆن و خارجیەیە, کە هەریەك

لەوانە ئەوەندەی ئێمە لەکەناڵەکانی میدیاوە گوێبیستی بووین, ئەوانە چاوەڕێی راپۆرتی ئەوەن خۆیان بنووسن لەسەر راپۆرتەکەی بیکر و هاملتۆن, جا پێش ئەوەی ئەو راپۆرتە بنووسێت, من پێشنیار ئەکەم کە لەبواری دیبلۆماسی ختوتی عامی خەباتی ئەمڕۆی ئێمەی گەلی کوردستان دیاری بکرێ, بۆ موفاتەحەکردنی هەردوو مەجلسی کۆنگرێس, کە فشارێکی زۆر گەوەریان خستۆتە سەر ئیدارەی سەرۆك بوش, بەتایبەت لەسەر وەزعی عێراق, دوو: گۆڕینی رای گشتی ناو ئەمریکا ئەکا, بەپێی ئیستیلاٌعاتی رەئیی 74٪ی خەڵکی ئەمریکا پشتیوانیان لەو راپۆرتەی بیکر و هاملتۆن کردووە, ئەویش بە ئیجار کردنی سەحافەی ئەمریکی, وە پەیوەندی کردن بەو نووسەر و کاتبە گەورانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر سەحافە و رائیی گشتی, سێ: وتوێژکردن و پەیوەندی کردن لەگەڵ ئەو لوبیانەی کە هەمووومان دەزانین کاریگەریان هەیە, لەسەر داڕشتنی سیاسەی خارجی, ئەویش لە رێگای کەناڵەکان لەسەر ئاستی قیادەی سیاسی کورد بێ, شەعبی بێ, تاکەکەسی بێ, راپۆرت بێ, یاداشت بێ, چوار: لەئاستی شەعبی, لەئاستی جەماوەری گەلی کوردستان, پێویستە تەعبیری جەماوەری بکرێت بەراستی, ئەویش بەهاندان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو راپۆرتە بەراستی, چونکە بەراستی کێشەی نەتەوەی گەلی کوردستان, نەتەوەی گەلی کورد, خۆی لەدوو شتدا هەیە, فیدارلیەتەو ماددەی 140 بەراستی لەراپۆرتەکە پێشێلکراوە, مەفروزە ئێمە تەنها بەیاداشت و تەسریحات نەوەستین, وە خراپترین حاڵەت بەنەزەری ئیعتیبار وەربگرین, لەهەموو ئاستێکەوە کاری بۆ بکەین, زۆرسوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی من لەگەڵ ئەو رەئیە نیم, کە دەڵێن ئەو راپۆرتە گرنگ نیە, تا خەڵك نەترسێن, ئەوەی لەو راپۆرتە بەدیار ئەکەوێ, وەك ئەوەیە کە کورد وەك میللەتێکی سیاسی لەئەمریکا نیە, نەك هەر لەعێراق, بەڵکو لەهەموو ناوچەکان, وەك کێشەیەکی نەتەوایەتی چارەسەرنەکراو, جگە لەپارسەنگێکی سووك بۆ سات و سەودای نێودەوڵەتی, ئەم راپۆرتە هەڵگری شەڕێکی قورسە, نەتەوایەتی قورسە بۆ کورد, کە ئەنجامەکەی مسۆگەر نیە, ئەمە ستراتیژیەتی نوێیە, بەتایبەتی کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیاش تەئیدی دەکات, دەڵێ راپۆرتەکە نزیکە لە بیروبۆچوونەکانمان, بۆیە دەبێ سەرکردایەتی کورد بەجدی تەعاملی لەگەڵ بکات, کورد دەبێ هەوڵ بدات, عیلاقاتی لەگەڵ ئەمریکا بەتایبەت پێناسە بکات, موراجەعەی رابردووی عیلاقاتی خۆی لەگەڵ ئەمریکا بکاتەوە, دەبێ خەڵکی ئێمە بزانن کە کوردستان لەکوێی ئەجندای ئەمریکایە, دەبێ کورد حەملەی دیبلۆماسی روون بکاتەوە, بەتایبەتی بۆ تێگەیاندنی ئەمریکا و ئەوروپا, ئەگەر ئێمە کاتێکمان هەبێ بەکاری بهێنین, هەر نارەزاییەك خۆت بەفیڕۆی نەدەیت, ئەم راپۆرتە وەك خەتێکە, کە بەرگری لەبەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەدەرەوەی خاکی ئەمریکا لە کورد دەڕوانێت, هەر کاتێ ویستی بەکاری بهێنێ, هەر کاتێ ویستی بەناوەوەی بنێ, بۆیە دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان, دەست بەجێ وەڵامی ئەم راپۆرتە بداتەوە, زۆرسوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن رەئیەکـەم لەوانەیـە پێچـەوانە بـێ, جـەنابی سـەرۆکی پەرلـەمان, خـۆی لەئەسـەڵ بەراسـتی ئەمـە ستراتیژیەتی ئەمریکا بوو کە هاتە عێراق, ئەمەی ئێستا لەم راپۆرتە ئەیبینی, ستراتیژیەتی ئـەمریکا بـوو, گۆڕینەکـەی بـەوەی گـۆڕا کـە تورکیـا هاوکـاری نـەکرد, یـەك, دوو ئـەو تەسـەروفەی کـە لـەعێراق هەیـە, عەرەبەکان دەستیان پێکرد, ئەوان رایان کرد, ئەگەر ئێمـە بـە فکرمـان بێـت, پـۆل بریمـەر کـە حـاکم بـووە لـەعێراقا بـەقانونی محافـەزات لەلایـەك, بـەوەی کـە زۆر عەرقەلـەی دەخسـتە سـەر کێشـەکانی گـەلی کـورد لەکەرکووکا, ئەو نەیهێشت کێشەی کـەرکووك چارەسـەر بێـت, بـەڕێك وپێکـی, عەرەبـەکان کـە لەکـەرکووك هەلاٚتن کاتی خۆی, پۆل بریمەر بـەزۆری هێنایانیـەوە, بـەقوەتی عەسـکەری هێنایانیـەوە, لەبەرئـەوە ئەمـە سیاسـەتی سـتراتیژیەتی ئـەمریکا بـوو لـەعێراق بـەکاری هێنـا, ئێسـتا کـە بـوش خـۆی ناکـات بـەخاوەنی مەسەلەکە, ئەوا مەبەستێکی هەیە, نایایەوێ راست و راست بڵێن درۆمان کرد, یەعنی حیلـە شـەرعێکی بـۆ ئەدۆزنـەوە, بەسیاسەتی خۆیان, ئەیانەوێ جارێکی تر بە گـەلی کـورد, بەقەزیـەی کـورد ئەیانـەوێ تورکیـا و سوریا و ئێران ئاشکرا بکـەن, یەکـەم جـار بمانفرۆشـن بـەوان, ئـەمریکا سیاسـەتێکی هەیـە, ئـەوان زۆرجـار چەند خەتێکی بەقوەت دەکا, ئینجا راست ئەدۆزێتەوە, ئینجا زۆر لەمەسئولەکانی ئەمریکا بیستومانە, زۆر کەس گوێی لێبووە, زۆرجار وتوویانـە ئێمـە ئامـادە نـین ملیۆنـەها عـەرەب بکـەین بـە قوربـانی سـێ ملیـون کورد, زۆر قسەیان کـردووە, وە زۆر خـەڵك گوێیـان لێبـووە, زۆر لـەو برادەرانـە گوێیـان لێبـووە, لەبەرئـەوە بەراستی ئەمە سیاسەتی ئەمریکایە, ئێمە چیبکەین, باشترین شت ئەوەیە, من ناڵێم قیادەی کـورد غەڵـەتی کردووە, کوا کورد کەسی نیە, ئەگەر تەعاون لەگەڵ ئەمریکا نەکەین, ئەی لەگەڵ کێ ئەکـەین, ئێمـە ناچـار بووین, ئەو ناچاریەی ئێستا دەبێ کورد هەوڵێکی تر بدات, ئەو هەوڵەی بەڕاستی لە قوەتی جەماوەرەوەیە, بەدەرجەی یەك, دوو دیبلۆماسیـەتی کـورد زەعیـف بـووە, بەراسـتی نـەك هـەر لەسـەر مسـتەوای ئـەمریکا, بـەڵکو لەسـەر مسـتەوای عالـەم زەعیـف بـووە, لەبـەر ئـەوە پێویسـتە کـورد بەسـەر دیبلۆماسـیەتی خـۆی دا بچێتەوە, وەمن داوای ئەوش دەکەم نابێ سەرۆك کۆمارو سەرۆك هەرێمی کوردستان بـە تەلـەفۆنێکی بـۆش رازی بن, ئەمەش حیلەیەکی ترە, ئەوەش غافلاٚندنێکی ترە, تا چـەند دەوڵـەتانی دەوروبـەر دێنـە پـێش و بەو راپۆرتە تەعامل لەگەڵ ئەمریکا ئەکەن, ئامادەن کورد بکەن بـە قوربـانی, بۆیـە پێویسـتە کـورد بزانـێ ئەمە سیاسەت و ئیستراتیژیەتی ئەمریکایە کاتێك هەتە مەنتیقە, ویستویەتی بەم شێوەیە تەعامول لەگەڵ کورد بکات, بمان فرۆشێت, هەموومانی لابرد, پێشـمەرگەمانی چـەك ئـەکرد, مەقـەڕاتیان ئـەگرتین, ئـەوەی خراپ بوو بەکوردیان کرد, یەکەم جار, ئێستا ئەمە ئیعادە ئەبێتەوە بـەپێی ئـەم راپۆرتـە, کەواتـە ئەسـڵەن ئەمەیە سیاسەتی ئەمریکا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, وەللآ دەبێ هەندێ لەسەر قسەكانت راوەبوەستین, قسەكانت خیلافی هەیە, بەراستی لەهەندێك بەشی خیلافی ئەو تێگەیشتنەیە كە ئێمە هەمانە, ئێمە پێمان وایە ئەمریكا دۆستی ئێمەیە, سیاسەتی ئەمریكا لەگەڵ گەلی عێراقە, لەگەڵ پرۆسەی دیموكراسیە, لەگەڵ فیدراڵیەتە, لەگەڵ مافی مرۆڤە, لەگەڵ مافی ئافرەتانە و پشتگیری لە فیدراڵیەت كردووە, وە بەملیۆنەها پارەی سەرف كردووە تاوەكو ئەو دوو هەڵبژاردنە سەركەوتوانە ئەنجام بدرێ, بەملیۆن پارەی سەرف كردووە, بۆ دەنگ دان بۆ ئەو دەستوورە, لەبەرئەوە ئێمە واتێدەگەین ئەمریكا دۆستە و پشتگیری لە پرۆسەی سیاسی دەكا, بەلآم هەندێك سیاسی رەئیی خۆی دەڵێتن بابڵێتن, تەبیعیە, یەعنی ئەوە و, ئێمە قەت دوامان نەكردووە, یەعنی من خۆم نەم بیستووە, كە ئامادە نییە لەبەر خاتری سێ ملیۆن كورد واز لەعەرەب بهێنێ, بەعەكسەوە ئێمە دەڵێین بەرژەوەندی ئەمریكا پێویستە رەچاو بكەین, بەرژەوەندیان هەیە لەگەڵ عەرەب, لەگەڵ توركیا, قەد لەسەر حیسابی ئەوان داوای مافی خۆمان نەكردووە, مافی خۆمان لەسەر حیسابی خۆمانە, بۆیە بۆچوونەكان لەگەڵ رێزمدا, بەلآم بەحەقیقەت ئەگەر وابێ وەزعمان خراپە بەڕاستی, بۆیە بە تەسەوڕی من عیلاقاتمان باشە, یەعنی ئەو پەیوەندییەی سەرۆك بوش لەگەڵ جەنابی مام جەلال و جەنابی كاك مسعود زۆر بایەخی هەیە, زۆر ئەهمیەتی هەیە, زۆریش ئێمە تەقدیری ئەوە ئەكەین, وە دڵنیاییش دەدات بە میللەتەكەمان, كە ئەمریكا هەستەكەی ناگۆڕێتن و دیفاعیشمان لێدەكات, دیفاع لە فیدراڵیەت دەكا, دیفاع لە دەستووریش دەكا, وە گوتویەتی ئێمە قەت بەرتان نادەین, بەلآم ئێمە دەبێ بزانین كە ئەم سیاسەتە, سیاسەتێك نیە نەگۆڕ بێت, سیاسەت دەگۆڕێت بەپێی بەرژەوەندیەكان, ئێمە لێرەدا دەبێ ئیهتیمام بدەین بەوە, یەكەم جار دەبێ بڵێین هەڵە قبوڵ ناكەین, لەحیاتی میللەتی كورد قەرار بدەین, لەحیاتی میللەتی عێراق قەرار بدەین, دووش دەبێ ئیش بكەین, بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتە رۆژێك لەڕۆژان نەبێتە سیاسەتێكی رەچاو كراو یان بریار كراو بۆئەوەی جێبەجێی بكەن لەكوردستاندا, ببوورن ئەو موداخەلەیەم بەپێویست زانی, فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا/ (نوێنەری كلدان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە ئەو راپۆرتە راپۆرتێكی فەرمی مولزەم نیە, بەلآم لەواقیعدا رەنگدانەوەیەكە, ئینعیكاسێكە بۆ بیری سیاسی ئیدارەی ئەمریكی, ئیدارەی ئەمریكی ئەگەر بیەوێ ئیستراتیژیەتی خۆی لەشوێنێك بگۆڕێت, ئەوا بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ یەكەم جار بەرێگای ناڕاستەوخۆ تەرحی دەكا, تاوەكو بتوانێ ردەفیعلەكان كۆبكاتەوە, لەسەر رۆشنایی ردەفیعلەكان سیاسەتی خۆی بۆ داهاتوو دابرێژێ, پێویستە هەڵوێستی ئێمە هەڵوێستێكی شارستانیانە بێت, روون و دیاری كراو بێ, تا ئەوە رچاو بكرێ لەكاتی دارشتنی سیاسەی داهاتووی ئەمریكا, ئێمە وەكو كلدان كەبەشێكین لە كۆمەڵەی خەڵكی كوردستان, بەراستی چارەنووسی خۆمان بەسەركەوتنی ئەزموونی دیموكراسی خەڵكی كوردستان ئەبینین, پاڵپشتی بۆ هەڵوێستی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان ئەكەین لەو بارەیەوە, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاست دەكەین، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەڵسەنگاندنی من بۆ ئەم مەوزووعە، لەسەر بنـەمای بیركردنـەوەو زیـاتر مـەعلوماتی ئـەو خەڵكانەیـە كـە بیریان ئەكردەوە كە راپۆرتی بیكرو هاملتۆن لەسەر چ بنەمایەك دەبێ، خەڵك وای تەسـەور ئـەكرد، لەسـەر بنــەمای راسـت كردنــەوەی هەڵــەو ئــەو ئسـلوبانەی كــە بــەكارهاتووە لــەعێراقا ئــەبێ، بــەڵام تــەحلیلی موحەلیلەكانی ئەمریكا ناویان ناوە بە

By partisan report یەعنی راپۆرتێكی موشتەرەك بۆ راكێشانی دیموكرات لەسیاسەتی خۆیـان بـۆ عێـراق، من ئەمەوێ لەوە زیاتر شەفاف تر بم، وە بەعام باسی مەوزوعەكە ئەكەم و ئـەڵێم خـاڵی تریشی تێدایـە، lenience، یەعنی نەرمی بەرامبـەر ئـەو كەسـانەی كـە دەسـتیان هەیـە لـە تێكدانی عێـراق، ئەمـە یـەك، دووەم، a proms an gift یەعنی وەعدێك و هەدیە یەك بۆ ئەوانەی كە مەترسیان هەیە، لـە دەوڵەتـەكانی خۆیان و ئەو دەوروبەرە، سێهەم: دەست تێوەردانە لە وەزعی عێراق، شەرعیەتی هەڵبژاردنی خەڵكی عێراق و، سووربوونە لەسەر هەڵەكان، كەس ماددەی 56 و 60ی وەكو پێویست هەڵنەسانگاندووە، من حەز ئەكـەم ئەو نوقتەیە ئەیخوێنمەوە، 56 و 60 دەڵێ (على وزارة العدل الأمريكية توجيه مهمة تدريب قوات الشرطة الباقيـة ضـمن سـلطة وزارة الداخليـة) ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا تـەدەخولێكی زۆر راسـتەوخۆیە، وەزارەتێكـی ئەمریكی چی بكات لەعێراق، هەروەها ماددەی 60یـش یـەعنی سـوربوونە لەسـەر هەڵـەكانی پێشـوو، بۆیـە ئەگـەر ئێمـە بمانــەوێ قەناعـەت بەخـەڵكی بكـەین، ئـەبێ بـیر بكەینــەوە لـە پلانمـان، لـە داهاتوومـان، لـە راپۆرتمان، لە لابیانەی كە ئەكەین چ لەدەرەوە چ لەناوەوە بیر بكەینەوە كە هەڵەكان بخەینـەوە یادییـان بـۆ چارەسەر كردنی هەڵەكان وە داڕشتنی داهاتووییەكی باش بۆ عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من كۆمەڵێك قسەم لەلا بـوو كـە باسـی بكـەم، بـەڵام زۆر لـەو بەڕێزانـە باسـیان كـرد، جـەنابتان و جـێگیری سەرۆكی حكومەت ئیشارەتی پێدا، بەس لێرە بەشێوەیەكی پەلە ئەچمە سەر ئـەو خاڵانـە، ئـەویش ئەوەیـە كە ئایا ئەو راپۆرتە تا چەند دژی ستراتیژیەتی ئەمریكایە لە ناوچەكە، بۆ نموونە لەم خاڵانە ئەمـە ناكاتـە ئــەوەی كــە پێكخشــاندن بێــت، لەگــەڵ نزیكــەی 30 هــەزار ســەربازی ئــەمریكی، وە خــەڵكی عێــراقیش لەمەنتیقەكە، وە نابێتە تێكخشاندن و تەنازول كردن بۆ تیرۆرستان، نابێتە تەسلیم بـوون نـەیارانی خـۆی، وەلەبیر كردنی دۆستەكانی، پشتگیری كردنی نەیارەكانی نیە؟ لەلایەكی ترەوە پێشێلكردنی سیاسەتی عێراق و پێشـێلكردنی دەسـتووری عێراقـە، بۆیـە مـن لێـرە دوو خـاڵم مـاوە، ئـەویش ئەوەیـە كەپێویسـتە كـورد دیبلۆماسیەتی خۆی زیاتر بەهێز بكات، بۆ ئاگادار بوون لەهـەر رووداوێـك، خـاڵێكی تـریش ئەوەیـە لەگـەڵ

ئەوەم, کە لیژنەیەکی پەرلەمانی و حکومەت لەخەڵکی کوردستان دیاری بکرێت, هەتا بتوانرێ سەردانی ئیدارەی ئەمریکا بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

السلام علیکم, راستی ئەم راپۆرتە جێگایی هەڵوەستەیەکی زۆر جدیە, وە مەترسییەکی زۆریشی تیا ئەبینم, دڵی خۆشمان بەوە خۆش نەکەین, کە راپۆرتێکی ئیلزامی نیە, سەیری تەبیعەتی لیژنەکە بکەین, لەهەردوو حزب شەخسیاتی لامعی تێدایە, حزبی جمهوری حاکمە, حزبی دیموکراتی موسەیتیرە لە سەر کۆنگرێس بەهەردوو ئەنجومەنیەوە, ئێمە بەداخەوە میللەتێکین لەبەر پاکی خۆمان و دڵ سافی خۆمان, زۆر خۆش باوەڕین, زۆر عاتفین بە تەلەفۆنێك زۆر جار رازی ئەبین, ئەم راپۆرتە سەیر ئەوە بکەین کە لە چ مونتەڵەقات, لەچ کولیات دەرچووە, باسی عمومی مەنتیقە دەکا وەکو بڕادەران ئیشارەتیان پێدا, باسی وەرتە و مەئزەقی ئەمریکای تێیدا, کە چەند قوربانی داوە, چەند تەزحیاتی ماددی و بەشەریاتی ئەدا, مانگانە سەد جوندی ئەمریکی دەکوژرێت, مانگانە هەشت ملیار دۆلار سەرف ئەکرێ لەوە هیچ بەرەو پێش چوونێکیش نیە, عینوانی ئەم راپۆرتەش (الطریق نحو الامام مقاربة جدیدة) شتی جەدیدی تێدایە, ستراتیژیەتێکی جەدیدی تێدایە, باسی وەزعی عێراقە کە وەزعی عێراق هەموومان دەزانین عیبارەتە لە تیرۆر, لە تەخریب, لە عونفی تائیفی, لە گەندەڵی, لە ئەدائێکی زۆر لاوازی حکومەت, یەعنی خەدەماتێکی سفر, بیمەعنا, لازمە ئێمە زۆر جدی بین لەوە, زەعیف ترین تەرەف لەو راپۆرتە, لەو معادەلە ئێمەی کوردین, وە هیچ رەچاوی ئێمە نەکرایە, راستە باسی عێراق, باسی سیادە, باسی ئینتیهاکی دەستوور, باسی شت فەرزبکا لەسەر ئێمە, ئەو راپۆرتە پێویستی زۆر بەوەیە کە عەمیق تر بچینە ناوی, وەماددە ماددە تەوسیە هەریەکە عینوانی بۆ دانێین, چۆن ئەمریکا مراجەعەی ستراتیژیەتی خۆ و سیاسەتی خۆ لەهەموو مەنتیقە ئەکات, نەك هەر کورد هەموو تەرەف موحتاجە مراجەعەی کولیاتی سیاسەی خۆی بکات, ئێمە خۆمان موحتاجین لێرە چی بکەین, من وای نازانم بەئیدانەیەك, بە ئیستنکاریەك, نیگەرانییەك, ناڕازی بوونێك, ئەوە هەمووی پێویستە, بەلام تەعامول لەگەڵ ئەم راپۆرتە بەو شێوەیە, ئەوە زۆر زەعیفە, موحتاجی خۆمانین چ وەکو حکومەت چ وەکو هەموو موئەسەساتی دەستووری, وەکو ئەحزاب, قواتی شەعبی هەموو تەعدیل بکرێن, وەستراتیژیەتێکی وازیحمان هەبێ لەو مەوزوعە, خارجیی و داخلیی تەقییمی خۆمان بکەین, شەفافیەت لەگەڵ جەماوەر هەبێت, چەند وفودی ئەمریکی هاتینە, زۆربەی زۆرجار ئێمە وەکو بە مەعلومات ئەزانین, بۆ نەوعە فشارێك هاتوونە, بۆ ریسالەیەك هاتوونە, سەیر بکە ئیعلام چۆن باس ئەکات, راستی هەموو تاقەتی ئێمە لەیەك ئیتیجاه نین, ئەحزاب لە رێگایەکن حکومەت لەرێگایەکی ترە, پەرلەمان لە شتێکی ترە, ئیعلان لە دۆڵێکی ترە, موسەقەفین ئاوازێکی تر لێئەدەن, موحتاجین ستراتیژیەتێك بۆخۆمان دانێین, دیبلۆماسیەتی خۆمان لەداخل, ئیهمالی دوەلی عەرەبیمان کردووە, ئەمریکا دۆستی بەرژەوەندی خۆیە, دۆستی هیچ کەسێك نیە, تەزحیەی بەهەموو شتێك ئەدا,

بەس بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆی تەحقیق بکات, ئێمەی کورد بەراستی لە تەحقیقی مەسلەحەدا نین, لە تەهدیدی مەسەڵەحەتیش ئیحتیمالە محاوەلە بکەین, موراجەعەی سیاسەتی خۆمان بکەین, پتەو بکەین, مەجلسێکی سیاسیمان پێویستە لەکوردستان فراوان بێ, هەموو ئەترافی تێدابێ, وەزعەکە زۆر حەساسە, زۆر ناسکە, هەموو دام و دەزگای سیاسی بەیەك ئیتیجاه بخوێنین, دۆست بۆخۆمان زیاد بکەین, خیتابمان تەوحید بکەین, زۆر پێویستە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, خاتوو خەمان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بەدەل لەوەی ئەوەندە راپۆرتەکەی بیکر تەحلیل بکەین, بەلاَم لێرە لەپەرلەماندا بەتایبەتی بابڵێین بەئامادەبوونی حکومەت و ژمارەیەکی بەرچاویش لە وەزیرە بەڕێزەکان, پرسیارێ کە لەخۆمان بکەین, ئەوەیە بەراستی ئەو لێژنەیە ئەو دەرئەنجامەی کە ئێستا ئێمە تێیداین, بیکەین بە دەرسێك کە چی تر وەکو بینەرێك سەیری بارودۆخەکان نەکەین, ئەمە بکەین بە دەرسێك بۆ خۆمان کە بەراستی لەخۆمانەوە, یەکەم جار لە پەرلەمانەوە, دووەمیش لەڕێگایی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکانەوە, لە خۆشمانەوە, لەڕێگایی پارتە سیاسیەکان و هەموو دەزگاکانی تر, بەتایبەتی کە وەزیرێکی وەکو وەزیری تەعلیم عالی کە دەزگایەکی گرنگی وەکو زانکۆی لەبەردەست دایە, کە ئێمە چیتر وەکو بینا سەیری ئەو بارودۆخە نەکەین, بەڵکو هەوڵ بدەین,کە چەندەها سەنتەری لێکۆڵینەوەو دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ تاوتۆکردنی لێکۆڵینەوەی ئەو بارودۆخانەی کە لە ئارادا هەیە دروست بکەین, چونکە با لەبیرمان نەچێ تاکە لێژنە نەبووە, هاتۆتە عێراق, خەریکی لێکۆڵینەوە بووە, وە دوا لێژنەش نابێ, کە ئێستاکە لەعێراق لێژنەی تر هەیە, بەتایبەتی ئەو لێژنەی ئێستا کە ئەوەندە ئێمەی نیگەران کردووە, لێژنەیەکە لەساڵی پارەوە هاتووە ئیشی کردووە, وەئێستاکە پرسیارێکی تر کە من تائێستا لە وتەکانی سەرۆکی هەرێم, سەرۆکی کۆمار و نوێنەرانی ئەحزاب ئەلێرە لەپەرلەمان هەموو خەڵکانی تریش کە قسەیان کردووە, تائێستا ئەو پرسیارەی ئایا بۆ حکومەتی کوردستان ئیهمال کراوە, قسەیان بەهەند وەرنەگیراوە, لەلایەن ئامادەکەرانی ئەم راپۆرتە, تائێستا ئەوە پرسیارێکە وەلاَممان بۆ نیە, هەمووشمانی نیگەران کردووە, بەلاَم ئەگەر ئێمە سەنتەری لێکۆڵینەوەمان هەبێ, پێش رووداوەکانی سیاسی, یەعنی بڵێین تەحلیلاتی خۆی گریمان بکات, فەرەزیاتی خۆی بۆمان رێك بخات, بۆ ئەوەی پێشی رووداوەکان خۆمان ئامادەبکەین, ستراتیژیەتێکی وامان هەبێ, کە بەرامبەر رووداوەکان رابوەستین, باشتر نیە لەوەی بەراستی ئێمە وەکو بینەرێك سەیر بکەین, تا لەکۆتایی بەنیگەرانی یان تەنها بە بەیاننامەیەك ئێمە قسەی خۆمان لەسەری بکەین, بەهەر حاڵ ئەوەیە من ئەمەوێ ئەوەی بیڵێم چیتر وەکو بینەر سەیری ئەو بارودۆخە نەکەین, وەسەنتەری باش دروست بکەین, بۆئەوەی باشتر بتوانین لەگەڵ رووداوەکان هەڵوێست وەربگرین, سوپاس.

**بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرمووو کاك د0لێر.

**بەڕێز د0دلیر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی مێوانە بەڕێزەکان ئەکەم بۆمانەوەیان, بۆ گوێگرتن لە خواست و ویستی ئێمە, ئەم کۆبوونەوەیان ئەبوایە زۆر زووتر کرابوایە, کاتێك راپۆرتەکە ئیعلان کرا, بەداخەوە ئێمە دواکەوتین, تەنها هەڵوێست کە لەکاتی خۆی بوو, هەڵوێستێکی مەردانە بوو, کە من بەباشی ئەزانم و بینرا هەڵوێستەکەی جەنابی سەرۆکی کوردستان بوو, بەداخەوە تاکو ئێستا ئێمە هەمووومان کەم تەرخەمین, سەبارەت بەم راپۆرتە من لایەنگیری زۆربەی هەرە زۆری بیروبۆچوونەکانی برای بەڕێزم کاك شێخ جعفر و کاك خلیل, خەمان خان ئەکەم, ئەو راپۆرتە زۆر گرنگە, زۆر ئەهێنێ ئێمە لەسەری راوەستین, بەداخەوە وە لەو سێ دەقەیە کە بۆمن دانراوە ناتوانم زۆر شت باس بکەم, من نایەم باسی گرنگی ئەو راپۆرتە بکەم, کە ئەمە لەلایەن ئەو کەسانە داڕێژراوە, کە نەخشەی سیاسەتی ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەڕێژن, کە هەردوو جەمسەری سیاسەتی دیموکراتیەکان و جمهوریەکانی تێدایە, نامەوێ باسی ئەوە بکەم کە ئەم راپۆرتە و ناوەڕۆکی راپۆرتەکە لەگەڵ سیاسەتی ئاشکراکراوەی ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناگونجێ کە چەند ساڵە بانگهێشتەی بۆ ئەکات, من ئەمەوێ لەدیوکی تر, تەماشای مەسەلەکە بکەم, ئێمەی کورد وخەڵکی کوردستان, دائیمەن فێربووین لەکاتی تەنگانەدا هەڵەکان ئەخەینە سەر شانی کەسی تر, راستە لایەنی دەرەکی, فاکتەری دەرەکی, فاکتەرێکی گرنگە, بەلاَم من ئەمەوێ ئێستا لە دیوی ناوەوە تەماشای کێشەکە بکەم, ئەم کێشەیە و ئەم راپۆرتە بەراستی ئەگەر تەماشای بکەین, سەنگێکی زۆر لاوازی بۆ کێشەی کورد داناوە, کە لەڕاستیدا کێشەی کورد سەنگێکی گەورەی هەیە, نەك تەنها لە هەرێمی کوردستان و لە ئەمڕۆی عێراق, لەئاییندەی عێراق, بەڵکو لە رۆژهەلاَتی ناوەڕاست و لەجیهاندا, سەنگێکی خۆی هەیە, ئەو راپۆرتە سەنگێکی زۆر کەمی بۆ داناوە, ئەو سەنگە کە بۆی داناوە, بەشێکی لەڕاستیدا ئەگەڕێتەوە بۆ ئێمە, ئەگەڕێتەوە بۆ ئێمە بۆچی؟ چونکە بەشێکی ئەو نرخەیە کە هی شەڕی ناوەخۆ ئێمە ئەیدەین, بەشێکی بریتیەلە لاوازی دیبلۆماسی کورد, لە ماوەی ئەو چەند ساڵە, پانزە ساڵەی دەسەلاَتی ئێمەدا, هیوادارم کەس بەهەڵە لەمن تێنەگا کە ئێمە هیچمان نەکردیە هەمووومان, نەخێر ئێمە کاری گەورەمان کردووە, ئەگەر نەفەسێکی دیموکراسیەت لەنێوان دوو کەوانەی بچوك دا هەبووبێت, لەهەرێمی کوردستان هەبووە, بەلاَم دیبلۆماسیەتی ئێمە, کاری ئێمە لاواز بووە, ئەبێ ئێمە بگەڕێینەوە بۆ جەماوەرو پێداویستیەکانی جەماوەرو خواستەکانی جەماوەر, جارێکی تر ئەڵێم ئێمە وەکو پەرلەمان وەکو مەرجەعیەت, ئەبێ لەسەر ئەم راپۆرتە بوەستین, موراجەعەی بکەین, دیراسەتی بکەین, وەزیاتر لەسەری بڵێین, بەداخەوە ئەو بوارەم نیە لێرە باسی بکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, وەڵلا هەندێ جار ناچار دەبی تەعلیقی بدەی, ئەی ئێمە چیمان کردووە؟ لێژنەی قانونی دیراسەتی کردووە, لێژنەی مافی مرۆڤ دیراسەتی کردووە, هەر ئەندامێکی پەرلەمان واجبیەتی بەدوادابچێت, لەئەنتەرنێت دەری بهێنێ, من لەئەوروپا بوویمە, ئیجازەم فەتح کردووە, هاتوومەوە, لەوێ لە ئینتەرنێت دەرمهێنایە, ئەی ئەوە دیراسەت نەبێ, چی دیراسەتە؟ وە بەردەوامیشین, هەر ئەندامێکی پەرلەمان مەسئولە لەوە, وەئەوەی کردوومانە بەسەریع ترین رێگا کۆبوونەوەمان ئەنجامداوە, من پێری گەیشتیمە کوردستان, بەتەلەفۆنێك کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە, کاك کەمالیش لێرە نیە, لەو سورعەتە زیاتر چیتر ئەتوانین بکەین, جگە لەوەی ئەو لێژنانە, زۆر سوپاسیان دەکەم, بەتایبەتی لێژنەی مافی مرۆڤ و لێژنەی بەدواچوون و جێبەجێ کردنی ماددەی 140, چونکە توانیان لەوەختێکی باشدا راپۆرتێکی رێك وپێك ئامادەبکەن, لێژنەی یاسایی ببوورە نەك مافی مرۆڤ, کاك رەشاد, ئەگەر کەسێکم لەبیر کرد, توخوا بلێتن.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران باسی زۆر شتیان کرد, بەلاَم ئەمن یەك پێشنیارم هەیە, ئەو راپۆرتە بەگشتی ئەگەر بکرێ, دابەشی سێ بەش بکرێ, ئەوەی لەو راپۆرتەدا هاتووە, ئەوەی ئیجابیاتە باسی لێوە نەکەین, ئەوەی پێچەوانەی دەستووری عێراقیە, کولیەن رەدی بکەینەوە, ئەوەی هەردوو لای تێدایە, زەرەری مەی تێدایە, رەت بکرێتەوە بەلاَم بە بەدائیل, چیمان دەوێ پڕبکەینەوە بەشتێك, بکرێتە سێ بەش, ئیجابیات باس نەکرێ, پێچەوانەی دەستوور رەت بکرێتەوە, بەکامیلی, بەشی سێیەم بەدائیلی بۆ دابنرێ, بەڕوحێکی دیبلۆماسیەت, لەبۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرزبکرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هێشتا ژمارەیەکمان ماوە, بەلاَم ئەمن ئەو ناوانەی کە ئەندامی لێژنەی یاساین, ولێژنەی بەدواداچوونی 140, تەعبیر کراوە لەراپۆرتەکەیان, ئەگەر ئەوان بمان بەخشن تەنازول بکەن لەقسەکانیان, مەمنوونیان دەبین, کاك هیوا, کاك رشید, فەرموو.

**بەڕێز رشيد كريم رشيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نامەوێ ئیشارەت بەم بە ئیجابیات و سلبیاتی راپۆرتەکە بدەم, پێم وایە پەرلەمانی کوردستان, هەقی خۆیەتی هەموو کوردستان هەقی خۆیەتی ئەگەر بەرژەوەندی مامەڵەکردنی دروستی نەبێ لەگەڵ بەرژەوەندی میللەتەکەمان هەقی خۆمانە رەتی بکەینەوە, بەلاَم من حەز ئەکەم بیری جەنابتان بهێنمەوە, بیری ئەو برایانەش کە لێرە هەموو مەوجودن, بەتایبەتی میوانە بەڕێزەکان لەناو خەڵکا, لەناو جەماوەردا ترسێك دروست بووە, یەعنی ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ, وەختێك ئەمریکا بیەوێ موراجەعەت بکا لەسیاسەتی خۆی لەعێراق, وە وختێك ئەو راپۆرتە دروست بوو, لەناو خەڵکا ترسێك دروست بووە, خەڵك

دڵنیابوونەوەیەك, روونكردنەوەیەك, دڵ تەئمینیەكی ئەوێت, من پێم وایە كە پەرلەمانی كوردستان, لەوە ئەبێ دەور ببینێ, وە حكومەت ئەبێ دەور ببینێ, وەسەرۆك حكومەت و جێگیرەكەی دەور ببینن ئەمریكا حەقی خۆیەتی ستراتیژیەتی خۆی بگۆڕێ, مامەڵەیەكی كە لەعێراقا كردوویەتی فەشەلی هێناوە, لەڕووی ئەمنی و ئیداری و سیاسی بەنیسبەت عێراقەوە, وە ئەگەر سیاسەتیشی بگۆڕێ, بۆ تەعدیل كردن و چارەسەر كردنیەتی, گەلی كوردیش حەقی خۆیەتی كە سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆی بگۆڕێ, بۆ ئەم مەبەستە, بەلاَم لەسەر ئەساسێكی دیراسە و لێكۆڵینەوە, پەیوەندیەكانی ناوەوەی بەقوەت بكا, پەیوەندیەكانی لەگەڵ لایەنە سیاسیەكانی عێراقیشا پیاچوونەوەیەكی بكا, من لێرە ئەو پێشنیارە دووبارە ئەكەمەوە, كە بەعزێك لە برایان كردیان, بەراستی پەرلەمانی كوردستان, یان حكومەتی هەرێم, حەقی خۆیەتی سەنتەرێكی مەركەزی بۆ لێكۆڵینەوە لەهەرێمی كوردستان دابمەزرێنێ, وە بودجەی باشی بۆ تەرخان بكا, بیریارو سیاسەتمەدارو رۆشەنبیرو پسپۆڕانی بۆ ئامادە بكات, چونكە ئەم رووداوانە تیكرار ئەبنەوە, وە ئێمە رووداوی ترمان بەسەرەوەیە, گەلی كورد ترسی هەیە, بۆ روونكردنەوەش زیاتر پێویستە چارەسەر بكرێ, سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی ئەو قسانەی ئەمەوێ بیكەم, كران بۆیە نامەوێ كاتان لێبگرم, بەلاَم داواكارم ئەو راپۆرتە زۆر بەجدی وەربگیرێت, چونكە ئەگەر بێتو ئەو راپۆرتە جێبەجێ بكرێت, هەموو بەرژەوەندیەكانی خەڵكی كوردستان ئەگەر لەناویش نەچێت لەرزۆك ئەبێ, راستە ئەگەر جێبەجێ نەكرێ, هیچ ترسناك نیە, بۆیە داواكارم پێشنیار دەكەم, كە نووسراوێك بنووسرێ لە پەرلەمانی كوردستان, بۆ بەڕێزان جورج بوش و نەتەوە یەكگرتووەكان و كۆنگریسی ئەمریكی و پەرلەمانی ئەوروپا, هەموو ئەو خالآنەی كە لە بەرژەوەندی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان دانین, وە لەبەرژەوەندی هەرێمی كوردستاندا نین تیایدا بنووسرێ, بەتایبەتی ماددەی140, نەوت, داهات, دووبارە پشتیوانی لە راپۆرتی لێژنەی یاساو قسەكانی خەمان خانیش دەكەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من خوێندنەوەم بۆ راپۆرتەكەی بیكر و هاملتۆن, لەسێ لایەنەوە خوێندنەوەیەكی ئایدیالستیانە یان میسالیانەیە, كە ئەمرۆ ئەمریكا لەسەر ساحەكە واپیشانی دەدا, كە لەگەڵ سەروەری مافی مرۆڤە, لەگەڵ دیموكراسیە, لەگەڵ فیدارلیە, لەسەر بنبڕكردنی توندو تیژی, لەبن هەڵكێشانی تیرۆریزمە, خوێندنەوەی دووەمیشم, واقعیە كە ئەمرۆ ئەمریكا تا پشتێنەی دەتوانم بڵێم لە زەلكاوی خوێن و لە قوڕو چڵپاوە, دەتوانین بەوئسلوبە ئەگەر باسی بكەین, چەقیوە, خوێندنەوەیەكم بۆی ئەوەی ئێستا تیرۆریزم هەر بەردەوامە, گروپی شیعە و سونەی بەیەكا كێشاوە, لەلایەكی ترەوە بێدەنگە، بەنیسبەت هەرێمی

كوردستان, جا خوێندنەوەم بۆ ئەم راپۆرتە ئەوەیە بەڕاستی بێکەڵکە, خۆی سەر بە قوتابخانەی ریالیستیە, کە پشت بەهێز و بەرژەوەندیەکانی دەبەستێت, وە ئەمریکاش ئەمە سیاسەتەیەتی, بۆیە بەدەڵنیاییەوە دەڵێم ئەمڕۆ لەعێراقادا هەروەها لە کوردستاندا, دەنگێکی نارەزایی دروست بووە, ئەم دەنگە نارەزاییە سوپاسی سەرۆك کۆمار, سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەکەین کە زوو بەدەنگەوە هاتن, وەلەهەمان کاتیشدا من وای بۆ دەچم کە ئەو راپۆرتە بۆیە پێشکەش کرا تاوەکو دیراسەیەکی مەیدانی و راوبۆچوون دروست ببێ, ئەوەیە کە ئەمڕۆ سێ دژە ڕا دروست بووە, چ لەناو کۆنگریسا, چ لەناو نووسەرانی ئەمریکیدا, لەم ماوەیەشدا جای گارنەر پێشنیازێکی بۆ دابەش بوونی عێراق کردووە, یەکێکی تر کەوا فەرمانـدەی ئەرکانی وەزارەتی دەرەوەی بەرگری ئەمریکایە, کە ئەویش راپۆرتێکی چاکی دانایە, کە دەڵێت پێویستە لەو ماوەیەدا سی هەزار سەرباز بنێرین بۆ ناو بەغدا تاوەکو بتوانین کۆنترۆڵی بکەین, کەواتە لێرە خوێندنەوەکەمان ئەوەیە لەسەر ئاستی ئەقلیمی وەریبگرین فەشلی هێناوە, چونکە هیچ کاتێك بەرژەوەندی ئێران بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە, کە مەسەلەی ئیسرائیل لەگۆڕێیە ئەو دەڵێ ئەبێ لەسەر خەریتە حەزف بکرێتەوە, بەرژەوەندی پیتاندنی یۆرانیۆمی هەیە, بەرژەوەندی تورکیا ئێستا بەرژەوەندی نییە کە ئەم وەزعە ناخۆشە لە عێراق دروست بکا, وەکو لەراپۆرتەکە ئاماژەی پێ ئەکا, چونکە بازاڕی تورکیا ئێستا کوردستانە, بەرژەوەندیەکی ترە کە ئەمڕۆ حیزبوڵڵاو حەماس لەوێدا خۆی دواکەوتووە, خۆی لەناو قوڕو چڵپاوە, ئیتر ئەیەوێ دەرباز بێ, کە ئەبینێ لێرە دەرباز ئەبێ, بۆیە پەلاماری ئەم لاو ئەولا ئەدا, کەواتە ئەوەی لێرە پێویستە هەوڵی بۆ بدەین, کە ئێمە چی بکەین, ئەم راپۆرتە وەکو دەڵێن شتێکەو هەموو شتێکیش نییە, وەکو دەڵێن چیا ژانی گرت و مشکێکی لێبوو, یان ئەمە ئاوی حەیات نییە, بەڵکو تابووتی مەرگە, پێویستە سەرەتا لەپەرلەمانی بەغداوە دەستی پێبکەین, فراکسیونی شیعە لەگەڵ فراکسیونی کوردەکان, هەموویان هەوڵ بدەن ئەم راپۆرتە رێسوا بکرێ یاخود فەرامۆش بکرێ, وە هەروەکو کاك زرار ئاماژەی پێکردو خۆشم لەلای خۆم نووسیم, پێویستە هەڵمەتێکی دیبلۆماسیانە چ لەدەرەوەی وەزارەتی ئەمریکا یاخود لەوزارەتی دیفاع بێت, یاخود لەپەرلەمانی ئەوروپا بێت, ئێمە هەڵمەتێك بکەین, زۆر شتی ترم هەیە لێرە پێویستە زانکۆکانمان وەکو ئاماژەی پێکرد, ئەمڕۆ ئێمە لەزانکۆدا بەداخەوە پێویستە سەنتەرێکی ستراتیژیەتی بکەینەوە, چونکە تاوەکو ئێستا دام و دەزگایەکی ئاسایشی نەتەوەییمان نییە, تاوەکو بتوانین کیانی خۆمان بپارێزین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی نزیکەی 15 ناو مایە, بۆیە پشوویێك ئەدەین نزیکەی 10 دەقە, بۆ ئەوەی ئیجازەی جێگیری سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەرێزەکانیش بدەین, ئەوانیش ماندووبوون لەگەڵماندا, زۆر دانیشتن, زۆر سوپاسیان دەکەین بۆ هاتنیان و بۆ مانەوەیان, چارەگێك پێش ئەوەی بڕۆن کاك د0ادریس قسەی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د0ادریس هادی صالح/ (وەزیری خوێندنەوەی باڵا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, دەربارەی ئەو سەنتەرانە, ئێمە چوار جۆر سەنتەرمان هەیە, یەكێكیان دەزگای تەكنەلۆژیای وتوێژینەوەی زانستییە, ئەوە بۆ هەموو كوردستانە كە رەبتی وەزارەتە, دەربارەی پێداویستیەكانی كەرتی تایبەت و حكومەت لە هەموو بوارێك, بڕیاری ئەوەشمان دایە, ئەمریشی پێدەرچووە, كە هەر زانكۆیەك دەبێ سەنتەرێكی توێژینەوەی هەبێ, توێژنیەوەی زانستی بۆ زانكۆیەكە خۆی, ئێستا ئەوە لێرە دروست بووە, لە زانكۆكانی دهۆك و هەولێرو چەند زانكۆی تر, سەنتەرێكی ترمان هەیە بۆ تەدریب, ئەمە خاصە بۆ بەرزكردنەوەی تواناكان, ئەم سەنتەرە ستراتیجیە بەناوی (مركز الدراسات الاستراتیجیة) ئێستا مەشروعێكمان لەبەر دەستە ئەو سەنتەرەش دروست دەكەین, ئەو هەموو سەنتەرەمان هەیە, بۆ ئاگاداریتان, حەزیش دەكەم ئەوانەی زیاتر مەبەستیانە بزانن ئەگەر رۆژێك دەعوەتمان بكەن دەتوانین ئەو شتانە باس بكەین بەراستی, ئەم بابەتەی ئەمڕۆش ئێمە پشتگیری تەواوی ئەكەین, من پشتگیری لە بڕیارەكەی بەڕێز د0نوری تاڵەبانی دەكەم دەربارەی تەشكیل كردنی لیجنەی تایبەت, چونكە ئەو راپۆرتەی لێژنەی یاسایی و راپۆرتی لێژنەی بەدوا داچوونی ماددەی 140 تێرو تەسەل بوو, هەندێك شتی كەشی هاتە سەر, حەقە ئەوە هەمووی بنووسرێ لەگەڵ ئەوەی ملاحەزیەكی ترم هەیە كە ئەگەر بیخەنە سەری, بنووسرێ لەبیدایەت كە ئەو راپۆرتە بۆ كوێ ئەنێرن؟ بۆ سەرۆك بوش یان بۆ جیهاتی تر؟ كە ئێمە لەبیدایەتی تەشكیل كردنی لێژنەكە ئومێدێكی زۆرمان پەیدا كرد, كە چارەسەری كێشەكان ئەكرێ, بەلأم بەداخەوە پاش ئەوەی نەتیجەكە دەرچوو, تووشی یەئسێك بووین, ئەمەش پاش تاوتۆكردن و وەرگرتنی رەئیی جەماوەری كوردستان, ئەو بابەتانەی كە پەیوەندی بەئێمەوە هەیە, هەمووی سلبیاتی هەیە, وابزانم نە لەبەرژەوەندی ئێمەیە نە لەبەرژەوەندی ئەمریكاشە, چونكە بەو جۆرە زەرەر بەسیاسەتی ئەمریكا دەگەیەنێ, لەجیاتی ئەوەی دۆستی بۆ زیاد بكا, دۆستی بۆ كەم ئەكا, ئێمە ناچینە ناو تەفاصیلێ, یەعنی تەركیزی سەر ئەم دوو بابەتە بكەین زۆر باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس,تا سەعات دوو پشووە, سەعات دوو دەست پێدەكەین, زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوا دانیشتنەكەمان دەست پێدەكەینەوە, سەرەتا داوای لێبووردن دەكەم, جارێكیان تەعلیقم دا لەسەر هەندێك وتم دەقە چەند سانیەیە, كاك سردار رێی لێگرتم لە دڵی مابوو ئەو قسەیە پێم بڵێتەوە, كاك مەلا ئەنوەریش دەڵێتن دەقە چەند سانیەیە لەلایی خۆیەوە, تەبعەن تەعلیقی دوورودرێژتر هەیە, بەلأم جێگای نییە, بەهەر حاڵ بێ كاك سالم و كاك سوارە, فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە لازم شئوون نییە, بەس لەبۆتە حەق دپرسین, ئەز بینم راپۆرتا بیکرو هاملتون هەتا ئەگەر هاتوو ئیدارەی ئەمریکی جێبەجێشی نەکرد, نەڤیاش بیری نەکرد, بزانین هەر وەختەکی ئەمریکا پشتن خۆش بێت, گرفتاریە فوتار بکەتن, بۆ خەم نینە دان بنێ قوربانیە بەرژەوەندیە توێ, لەبەر هەندێ ئەز بینم یافەر زەروریە قیادە سیاسیە کوردیە هەمی پێش بی, ژ بەغدا نەزڤرنەڤەلە بەغدا بەردەوام بن, چونکو دڤا هەیڤادا خەباتا چەند سالە دڤا هەیڤادا دکاتن, ئینجا ئەگەر ئەز بژێن چاڤەڕێی مەوقەفی ئەمریکا بین, دە وختما چووین, ئەگەر شتە مسۆگەر نەبێ بۆ میللەت شتی بەدوایە, ئەگەر ئەمریکا بۆ مە چ نەکا, باوەڕکە کەس گازاندەش ناکا, ئیحتمالە ئەوکاتە ژ بەس گازاندە بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك سوارە فەرموو.

**بەڕێز سوارە محمد امین حمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت ئەم وەزعە وەزعێکە پێویستە ئێمە هەروا بەسادەیی وەرینەگرین, یەعنی من وەکو شەخصی خۆم وەزعەکە زۆر بەوەزعێکی خەتەردار ئەبینم بەنیسبەت قەزیەی کوردی, ئەم زروفە, زروفێکە کە دەبێ قیاداتی کوردی زۆر ئیهتمام, بەم وەزعە بدات بۆ چارەسەری, وەزعەکە خولقاوە لەنێوان هەردوو حزبدا, مودەی شەش مانگە جەنابتان مەعلوماتتان هەیە, ئەم هەیئەیە پێك هاتووە لەمەنتیقەکە, ئایا ئەو مودەی شەش مانگە کە ئیش ئەکەن لە مەوزوعەکە قیادەی کوردی هیچ ئیشی کردووە بۆی, ئاگادار بووە, هیچ ئەمانەی بینیوە, ئەوەی کەڕۆی رۆی, بەڕەئیی من ئێستا قیاداتی کوردی یان پەرلەمان تەشکیلی وەفدێك بکات, لە پەرلەمان, لە حکومەت, لە میللەت, وە ئەم وەفدە بەزووترین کات بچێت بۆ ئەمریکا, وە لەمیللەت شەرت نیە ئەوانەی کە لەکوردستاندا هەن, ئێمە خەڵکێکی زۆر شارەزامان هەیە, پسپۆڕمان هەیە, سیاسیمان هەیە لەدەرەوەی وڵات کە زیاتر خەمخۆری میللەتی کوردن و خەمخۆری خۆیانن, ئەم وەفدە زۆر زەروریە بەزووترین کات بچێتن, چونکە وەخت وەکو برادەران گوتیان لەبەردەمیان نەماوە, پێویستە ئەم وەفدە بەزووترین کات بچێت, وەبەحەقیقەت لەپێشیشدا من تەئیدی د0دلێر ئەکەم کە دەبوایە ئێمە لەبیدایەتەوە بەو وەزعە هەڵبساینایە, هەڵنەساوین, فەیناکە ئینشائەڵلا وەخت ماوە, دووەم شت خاڵێکی تر هەیە, پێویستە قیاداتی کوردی بەتایبەتی وەکو سیاسەتی دەرەوە پێویستە پیاچوونەوەی تێدا بکات, پێویستە ناو ماڵی خۆمان رێك بکەین, ناو ماڵی خۆمان لەهەموو شتێك زەروری ترە, پشت بەخۆمان, ببەستین پشت بەمیللەتی خۆمان ببستین, زەروریشە لەو وەختە بەتایبەتی ئێمە چەند ئیدارەتێکمان هەیە, تائێستا مودەیەکی زۆر نییە ئەم چوار ئیدارەتە تێکەڵ نەبووە, ئەم چوار وەزارەتە زەروریە پەلەی لێ بکرێ, پێویستە یەك بگرێتن, پێویستە ئێمە تۆزێك دابڕان هەیە لەنێوان حکومەت و میللەتا, ئەم دابڕانە پێویستە نەمێنێ, پێویستە بچینە ناو میللەت بزانین داواکاری میللەت چییە, قسە لەگەڵ میللەت بکرێ, داواکاریان چییە لەسەر ئێمە, پێویستە وابکەین, یەعنی ئەمە من بە خەتەری ئەزانم, یەکەم جار

نییه کورد کەوتۆتە ئەو وەزعەیە، ئێمە هەموومان بەبیرمان دێ و زۆرمان دیومانە یان بەبیرمان دێ، ساڵی 1975 نابێ لەبیر بکەین، ئەمە زەنگێکی ترە وەکو 975 دووبارە بۆتەوە، لەبەرئەوە من داوا ئەکەم بەتایبەتی لە جەنابت هیئەیەك زۆر زەرورییە، وەکو عەرزم کردن بچێتن بۆ ئەمریکا و هەردوو حزب ببینێ، ئیداراتی بوش و حزبەکەی تریش ببینێ، چونکە بەهەردووکیان تەرحی ئەم وەزعەیان کردووە، وەئیداراتی ئەمڕۆی بوش لەهەردوو حزب کە چەند ڕێگا چارەسەرێك بدۆزێتەوە، بۆ عێراق، بۆ دەرباز بوونی ئەمریکا لەعێراق، ئیتر من هەر ئەمە عەرزی جەنابت ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز شێردل عبداللە حەویزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاپۆرتی زۆر پێشکەش بەسەرۆك بوش کرایە، بەڵام هیچیان بەقەدەر ئەو ڕاپۆرتەی بیکرو هاملتۆن ئیهتیمامی پێنەدرایە، لەبەرئەوەی شەخصیاتی زۆر گرنگ ئەو ڕاپۆرتەیان نووسیوە ئیهتیمامیان پێداوە، 75 خەبیر تەقاریرو دیراساتی نووسییە، ژمارەیەکی زۆر ڕەئیس وەزەرای ئیتاڵیا، سەفیری زۆر، وەزیر خارجیەی زۆر، وەزیر دیفاع، سەفیری ئێران و تورکیا و سوریا، دەوڵەتە عەربیەکان هەمووی ڕەئیان وەرگیرایە، صحۆفیە گەورەکانی دنیایێ هەموو ڕەئیان وەرگیرایە، (کیسنجەر) خۆی ڕەئیی وەرگیرایە، یەعنی ئەو ڕاپۆرتە زۆر ئیهتمامی پێدرایە، لەهەموویان موهیم تر ئەوەیە وەزیری دیفاعی نوێی تێدایە، وەزیری دیفاع بریتیە لە کەسە هەرە موهیمەکانی کە قیادەی عێراق دەکات، خۆی ئەو لەناو ڕاپۆرتە نووسیویەتی، ئەو ڕاپۆرتە مەجموعەیەکە لە وەصایە هەمووی لەشێوەی ئەمر و شتی وایە، دەڵێ یجب، ینبغی علی، بەکوردی یەعنی پێویستە، دەبێ، لەبەر ئەوە ئەوەی من لەو ڕاپۆرتەدا ئەیبینم دیموکراتیەتی بەلاوەنایەو باس لە ئیستقراریەت ئەکا، خەتەرەکەشی لەوەیە چونکی تازە ئیستقراریەت لە عێراق ماوەیەکی زۆریشی دەوێ، جا بۆ تەجروبەکەی خۆمان ببینین، ئێمە شوێنێکی بچووکیش بووین، جا عێراق ئێستا لەسەر ئەرزی واقع دابەش کراوە گەڕەك گەڕەك، جادە جادە، شار شار، یەك کەسی سونی ناچێتە شوێنی شیعە و بەپێچەوانەشەوە، ئەمە زۆر خەتەرە، کێ سەفەر ئەکا بۆ بەغدا؟ یان واقیعەتەکە تەقسیم بووە، توراسی عەرەبی هەر ئەوەیە ئینتیقام بکا، ئەگەر چەند مەشروعیشی بۆ بێ کەس و کاری کوژراوەکان ناهێڵن عێراق ئیستقراریەتی بمێنێ، ئەوە زەرەری ئێمەی زۆر تێدایە، حکومەتێکی لاواز لەبەغدا هەیە، هەرچی وەعدێکی دەدا جێبەجێی ناکا، پەرلەمانێکی لێیە نیصابی تەواو نابێ، پەرلەمان نیصابی تەواو نەبێ چۆن قەرار بۆ ئێمە دەردەکات؟ چۆن یاساکانی بە ئێمەی کورد جێبەجێ ئەکرێ؟ لەبەر ئەوە ئێمە تووشی ئەو واقیعە بووین، دەبێ بیری لێبکەینەوە و جێبەجێ بکرێ، پێویستە بەراستی عوقەلائی قەوم کۆببێتەوە، یەعنی حزبە میهیمەکان، خەڵکی موستەقیل ئەوانەی دەرەوە پرسیان پێبکرێ، پەرلەمان و حکومەت هەموو ئەو شتانە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەوە ببینەوە، بەرەئیی من پێویستە شتەکی واها بکەین، ئەوەلەن هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارەکانمان بەچاکی یەکتر بگرێتەوە، یەك هێز بی لەگەڵ جەماوەر بەشێوەیەکی مۆدرێن ڕێکی بخەین، چاوێك بە ئیقتیصادمان دابخشێنین، بەتایبەتی ئیقصادی لادێیەکان، چونکە ئێستا

مومكینه حكومەتی ئێمه ئیحتیاتی دوو مانگی نەبێ, مەعاشی ئەو هەموو لەشكره زۆرەی مووچەخۆرەی بێ كار بدا, ئەوكاته ئێمه چی دەكەین, لەبەرئەوه پێویسته رووبەرووی ئەمانه ببینەوه, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەو سڕەیه تەواو, فەرموو كاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

به پەندی كوردی قسەكانم دەست پێدەكەم كه حوكەما و عاقڵەكانی میللەتی ئێمەی لەناوه, یەكیان دەڵێ (هەتا گندۆر گندۆر بوو خزمان گەلەك زۆر بوو, گندۆر هاتنه برانێ خزم هاتنه قڕانێ) هی دووەمیش دەڵێ (هەموو هێلكەكانی خۆمان له سەبەتێك دانەنێین, دوایی ئەو سەبەته بشكێ تەواو) ئەو دەرسانه چیه كه ئێمه دەبێ لەو راپۆرته وەریبگرین, قسەكانم لەو تەوەره باس ئەكەم, سوود وەرگرتن لەهەڵەكانی رابردوو, بەڕاستی شتێكی زۆر جوانه رۆژ ئاوایەكان زۆر ئازایانه ئیعتراف به هەڵەكانی خۆیان ئەكەن موراجعەی دەكەنەوه, ئێمەش با ئەو دەرسانه وەربگرین جێی خۆیەتی له ستراتیجیاتمان, له ئسلوبمان موراجعەی بكەینەوه, دووەم بناغەی برادەریاتیمان, دۆستایەتیمان لەگەڵ خەڵك لەسەر چ ئەساسێكه؟ ئەگەر لەسەر ئەساسی گندۆر گندۆر بوو دەبڕێ, ئەگەر لەسەر ئامانجی هاوبەش و مەصیری مشتەریكه ئەوانەشە, ئەوەش دەبێ دیار بێت, سێیەم ئێمه تا ئێستا لەگەڵ ئەمریكا وەكو گەلی كوردستان هیچ شتمان نیه وەكو دۆكیومێنت و وەسائیق و هەمووی تەلەفۆنه, قسەی مەجلیسه, هیچ وەعدێك, هیچ شتێكی نووسراو نیه كه ئەمریكا خۆی به مولزەم بزانێ بەرامبەر به سیاسەتی داهاتووی كوردستان, خاڵێكی تر ئەوەیه پێویسته ئێمه تەوازنمان هەبێ له عیلاقات لەگەڵ دەوروبەر, عیلاقاتی خۆمان كورت نەكەینەوه لەگەڵ لایەنێك و لایەنەكەی تر فەرامۆش بكەین, پێكهاتەكانی عێراق بەتایبەتی دەوروبەری خۆمان پێویسته دائیمەن لەبەرچاوی خۆمان بێ له عیلاقاتی سیاسی خۆمان, خاڵێكی تر ئەوەیه كه ئەمریكا بەراستی رای گشتی جیهانی تەئسیری تێناكا, بەڵام رەئیی ناوەخۆ تەئسیری لێئەكا, مەراكزی ئەبحاس و دیراسات و خوبەرا ئەمانه دەوریان هەیه بەراستی, ئێمه ئێستا یاداشت دەنووسین و مزاهەره دەكەین, تەوقیع كۆدەكەینەوه, بەڵام سیاسەتی ئەمریكاش هەر لەجێگای خۆیەتی, كورد دەبێ ئیستیفادە لەدەرسەكانی رابردوو وەربگری, ئێمه پشتمان زۆر بەردرایه, له شێخ مەحموود پشتیان بەردراین, لەكۆماری مهاباد پشتیان بەردراین, له 75 پشتیان بەردراین, زەمانەت چیه ئەوجارەش بەهەمان شێوه پشتمان بەرنەدرێ؟ خطورەتی ئەو تەقریره من لەو رۆژه ئەیبینم هەندێك لایەنی عێراقی تەبەنای بكەن, بۆیه پێویسته سیاسەتمەدارانی خۆمان ئیش لەسەر لایەنه عێراقیەكان بكەین, دۆستایەتی پتەوه بكەین, پێیان بڵێین كەئەوه قبوڵ نەكەین, بەڕەسمی سیادەی عێراق گەڕاوەتەوه, بەپێی قانون, بەپێی دەستوور ئێمه خاوەن سیادەی خۆمانین, بەڕەسمی راگەیەندراوه, بەچ حەقێك ئێستا ئەمریكا تەدەخول له سیادەی عێراق دەكا؟ خەرقی دەستووری عێراق دەكا, باسی خصوصیاتی عێراق دەكا؟ ئەوان بۆیان هەیه چاو به

ستراتیژیەتی خۆیان بخشێنن, مهیمەتی قواتیان لەعێراق بەنەوعێکی تر دەست نیشان بکەن زۆرباشە, یەك لەخاڵە دڵخۆشکەرەکانیش ئەو یەك ریزیەیە کە ئەویش ئەوەیە کە ئەورۆ خەڵکی کوردستان تیایدا کۆبوویتەوە لەسەر ئەو موزوعە, ئەمەش نوقتەی قوەتمانە, هیوادارم بەردەوام بین لەسەری, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, قسەکانت بەجێبوون, فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بێینە سەر لێکۆڵینەوەی بێکرو هاملتۆن چیبوو, بەریٚ خۆ دێینە خۆ, ئەڤیش 3/15 وەرە هەتا هەنوکە هەندیٚ حس پێکەری دوو وەفدی کۆنگریسی ئەمریکی بەس هاتینە پەرلەمانیٚ, ئەم وەکو ئەندامیٚ پەرلەمانیٚ راستی ئەڤ بۆ حەمیان زەڤرەتەڤە چ بۆ سەرۆکی پەرلەمان چ بۆمە چ بۆ حوکمەت, ڤەد جارێك پرسیارێك لەشولا مە کرن, کانی نیٚ ئەڤ چ لێژنە هاتینە داهێنان بۆ دراسەت کردنی وەزعوباریٚ عێراقیٚ, چ دراسەتی مەسەلا کوردی کردینە, سەر مەسەلا کوردا چ دەبێژن, ئەمە لایەنێکی مهمین دەڤێت دراسەتی مەو دەڤێت راوبۆچوونی مە وەربگرن, ئەڤ شتە نەبیٚ هەتا ئەوەی تر هاتە ئیعلان کرن, کۆلێن هاتە بەلاڤە کرین, شەلەڤە بزانین ئەن گەهێشتی خۆ کەین بلیٚ بەرژەوەندیە میللەت مەیە یەك نەقلیەتی دەڤەریٚ دە نەهاتینە ڕەچاو کرن سەنگی مە کوردنا ڤەمەیە گەلێکی مە, یەعنی وەکو کاك زانا ژ گوتی بەری حەمی شتێك ئەڤ خۆڤزبرڤینابا, ئەمە دروستی شولا خۆ بکەین, ئەمە تایبەتیە ژ لەڤەریٚ داخوازیە مەش حەمی گروپی سیاسیە کوردیە ژ ئەوە کو ئەو, سەرپەرستیەکی ستراتیجیەتی کوردستانیٚ ئەلحەمدللە یەك رێزیا هەی, بەس کارکرن نیە بۆ ستراتیجیەتی کوردی, یەعنی پێش هەندێکیان ستراتیجیەتی مە کوردا وەکو حەمی گروپی هێزی سیاسی سەرپرسی مادی چاوا بێت؟ بۆ پاشە رۆژا مە بۆ داهاتوویەك پشتی دەها ساڵا تر ئەمری چاوەتا تەعاملی دگەل وان بکەن, پرسی تر بکەین, ئەمە دگەل واقیع دژین, رۆژانە چ دێتە بەردەستی مە ئەمە حەلێکی ئانی دەبینین, ڤیٚ وەختیٚ داهتین ئەڤ, دەبیٚ ئەویدیا بگۆڕین چ وەکی حکومەت چ وەکی پەرلەمان چ وەکی حەمی هێزی گروپی سیاسی, سەر مەسەلا بێکرو هاملتۆنیش بێگومان حەمیمان پاڵپشتی ئەو یاداشەتە دکەین, ئەڤەیش لای پەرلەمانیٚ ڤەبێتە نڤیسین, چ وەکو پەرلەمان چ وەکو حوکمەت داخوزیە بەرژەوەندیە کوردیش بکەین, لە ئەڤروپا, لە ئەمریکا زروف پتر مناسبن بۆ هەندیٚ رڤێکێتی هێمنانە, خۆپشاندان دژی ڤەکۆلێنی راڤەوەستن, ئەڤ خالەی دژ بەرژەوەندیە کوردیە نازربکرێتن دەست نیشان کردنە, ئەوەیە هەروەسا گەل رێکخراو سەنتەر و پشوویەکی گشتی و کۆمەلگایی مەدنی ژ گەلی کوردستان گەل هاوولاتیا ئیمزا کۆکردنەوە, ئەوەش شولێکی باشە بێتە کرن, دگەل رێزوسوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر باشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داكۆكی له قسەكانی كاك زانا دەكەم, بەلاّم ئەوەی من دەلێم دەبێ كورد سیاسەتی خۆی بگۆڕێ, زیاتر دووربكەوینەوە لەسیاسەتی گلەیی, هەموو ئەگەرەكانیش بخەینە پێش چاوی خۆمان, دان بنێین بە غەلەتەكانی خۆمان, دان بنێین بەوەی كە زۆر خۆش باوەڕ نەبین بەسیاسەتی ئەمریكا, چونكە ئەو راپۆرتە وەكو هۆشداریەكە بۆ هەموو سەركردەكانمان وهەموو چین و توێژەكان, وە هەموو ئەگەركانیش بخەینە بەرچاوەمان, ئێستا دەبێ ئێمە ئەو خاڵە بكەینە خاڵێكی وە چەر خان لە بواری پەیوەندیەكانی نێودەولەتی خۆمان وەها بەگڕ بێخین لەبواری پەیوەندیەكانمان, چونكە ئیدارەی بوش كەوتە ژێر فشارێكی ئەوها كە لەوانەیە بكەوێتە باری جێبەجێ كردنی ئەو راسپاردانە ئەگەر هەمووشی نا هەندەكی, زۆرشی پێ تالّ و ناخۆش و نارێك بێ, بەلاّم كەوتە بوارێكی ئەوها لەوانەیە هەندێكی جێبەجێ بكا, دەبێ دان بەوە بنێن كە ئەمریكا دۆستی هەمیشەیمان نیە, بەلاّم دۆستی بەرژەوەندیەكانی خۆیەتی, وەكو لەیەكێك لەوتە بەناوبانگەكانی چەرچڵ دەڵێ (ئەمریكا هەتا هەموو رێگا چەوتەكان تاقی نەكاتەوە, نایەتە سەر رێگا راستەكان), ئەوەی ئەمن پێشنیاری دەكەم, یەك: هەڵمەتێكی دیبلۆماسی زۆر بەهێز دەست پێبكەین, لەگەڵ هەموو دۆستەكانی جیهانمان, گروپێكی فشار دروست بكەین, كە لەدەرەوەی ولاّت ئەو كوردانەی كەوا لەدەرەوەنە ببنە فشارێك لەسەر ناوەندی بڕیاری ئەمریكا, دووش, بودجەیەكی بەپەلە لەحكومەتی هەرێم تەرخان بكرێ, بۆ ماددەی 140 هەر چاوەڕێی حكومەتی بەغدا نەكەین, هەر لۆ ئەوەی شتێك بكرێ بۆ كەركووك, سێیەم: داكۆكی لەسەر ئەوە دەكەم كۆمەلگای مەدەنی هەموو ئەو رێگایانە بگرێتە بەر بۆ ئیمزا كۆكردنەوەو رێپێوان و خۆپیشاندان و هەموو شتێك بكا, ئەوەی كە لەهەموو كۆمەلگا مەدەنیەكانی جیهان دەكرێ, بۆ دروست كردنی فشارێك لەسەر بڕیارەكانی ئەمریكا, سوپاس.

**بەڕێز د0فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا كەس ناتوانێ ئەهمیەتی ئەو راپۆرتە كەم بكاتەوە, بەلاّم ئەوەی من ئەمەوێ بیلێم, پرسیار ئەكرێ, بۆچی نەهاتن بۆ كوردستان, پێم وایە بێكر وتی بۆچوونەكانیان هەر بۆچوونەكانی سالّەكانی حەفتایە, بۆیە پێویستی نەكرد بێین بۆ كوردستان, چونكە هەمان بۆچوونیان هەیە بۆ مەسەلەكانی عێراق, ئەم راپۆرتە بەڕاستی بۆ چارەسەری كێشەی عێراق دانەنراوە, بەلّكو بۆ چارەسەری كێشەی ئەمریكا دانراوە لە عێراق ولەناوچەكە,  لەبەرئەوە بۆچوونی ئەمریكیەكانە بۆ چارەسەری كێشەی خۆیان, بۆیە ئێمە نابێ لەوە گلەیی بكەین, وەخاڵێكی ترم ئەوەیە لام وایە هەردوو لێژنەكە باسی ئەوەیان نەكرد كە تەنها لەمەسەلەی كەركووكا باسی ئەوەكرایە كە دوابخرێ, لەگەڵ ئەوەشا باسی شتێكی تر كراوە, كە ئەڵێن كێشەی كەركوك لە رێگای تەحكیمی دەولییەوە حەل بكرێ, كە ئەمەش ترسێكی گەورەی ترە بەڕاستی, ئێستا وەخت لەبەردەم سەركردایەتی كورد و میللەتی كورد نەماوە, تەنها دووسێ هەفتە ماوە, وەخۆتان ئەزانن لەو ماوەیە جەژنی كریسمس دەست پێ ئەكا, لەبەر ئەوەی ئەوروپا لەگەڵ ئەمریكا سەریان قالّە, لەوانەیە قسەكانی بوش و بڕیارەكانی بوش بەپێی ئەو لێژنەیەی بۆ لێكۆلێنەوە لەو راپۆرتە دروستی

کردووە حەفتەیەك بخایەنێ, وەسێ راپۆرتی تر ئەخرێنە بەردەم سەرکردایەتی بوش لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا, وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ پێنتاگۆنە لەبەر ئەوە چوونی وەفدێکی بەپەلەی سەرکردایەتی کورد بەئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم و گەورە بەرپرسانی سیاستمەدارانی کورد لەقیادەی سیاسی هەردوو حزب و لایەنە سیاسەیەکانی تر, شتێکی زۆر بەپەلەیە بۆ ئەوەی کەوا لە نزیکەوە رای گەلی کوردستان رابگەیەنن, وە ئەو ناڕەزایانە لێرە ئەکرێ بەردەوام بێ, شتێکی باشە, بەلاّم بەڕاستی کاریگەری نابێ, ئەگەر لەنزیکەوە ئامادە نەبێ, سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئیی خۆم ئەو راپۆرتە مەترسیدارە, لەبەر ئەوەشە چونکە مەسەلەیەکی کوردی دەڵێ (مارگەستی لە گوریس ئەترسێ) ئێمە ئەو تەجروبەمان دیوە پێشتر, وە لەبەینی ئێمە وئەمریکاش بەحقیقەت هەر لەموئتەمەری لەندەن هەتا سەلاحەدین چ عەقدو عقودێك نەبووە, یەعنی وەسیقەیەك نیە کە ئێمە ئیهمال ناکرێین, یان بۆ سیاسەتی خۆیان مساوەمان لەسەر ناکەن, هی دووەمین بەرای من وایە ئەو لێژنەیە ئەو راپۆرتەی کەنووسیوە, تۆ بەراوێژکردن لەگەڵ هەندێ دەستی دەرەکی دەوروبەرمان, جیرانمان هەتا داخلی عێراق و تورکیاش, من پێم وایە دەستیان هەبووە لەنووسینی ئەو راپۆرتە, نموونەشم ئەوەیە دوو رۆژ بەر لەدەرچوونی راپۆرتەکە, گوێم لەو برادەرە بوو, گوڵ هەرەشەی ئەکرد لەئێمە, وتی جا خۆ ئەمریکا هەر لەکوردستان بەردەوام نابێ, کەواتە ئەو مەوزوعە و نووسینی ئەو راپۆرتە بە راوێژکردن و بەئاگاداری هەندێك لەو کەسانەیە کە دژن بە وەزعی ئێمەی کوردستان بەتایبەتی, جا بۆیە ئەوەی من پێشنیاری ئەکەم, داوا ئەکەم وەکو زۆر لەبەڕێزان باسیان کرد, وەفدێك لە مستەوایەکی بەرز لەسەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و تا شەخصیاتی کە شارەزان, پسپۆڕن لە مەسەلە سیاسەتەکە, هەتا زووە بەدوای مەسەلەکە دابچن, بەلاّم وەفدەکە بەدوو وەفد بێ, وەفدێکیان بۆ ئەورووپاو ئەمریکا, وەفدێکیان بۆ دەوروبەرو دوەلی عەرەبی, من پێم وایە ئەوە زەرورە, پێشی تایەکە بێ لێفەکەمان بەخۆ دابدەین, لەگەڵ رێزمدا, سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسە ناکەم, قسەکانم هەمووی دووبارەن, سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەگەر گەلی کوردستان لەو راپۆرتەی بێکر هاملتۆن نەترسێ خۆی هەڵە ئەکا, چونکە لەتاریخ و کاروانی دوورودرێژی خەباتی خۆیدا زۆرجار تووشی ئەو مەترسیە بووە, کە ئێستا جارێکی تر زەنگی مەترسیی بۆ لێدەدرێتەوە, بۆیە بە پەسەندی ئەزانم هەروەك ئەوەی برادەران باسیان کرد بەگشتی,

حەرەکەیەکی دیبلۆماسی زۆر سەریع بکرێت, بەلاَم دوای ئەوەی کە ئەو وەفدە بالاَیەی کوردستان سەردانی جدی دەکا, بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستن لەدنیادا, تەبعەن لەئەمریکاو کۆنگرێسەوە, بەلاَم دوای ئەوەی کە گەڕایەوە بەڕاشکاوانەو زۆر شەفاف چیان بیستووە بەگەلی کوردستانی رابگەیەنن, بۆئەوەی بەڕاستی گەلی کوردستان چاوبەست نەکرێ, چونکە ئەو رۆژە رەش و ڕووتانەی لەرۆژی تەنگانەو سەختەکاندا کە جارێکی تر ئیعتیمادی دەکەوێتە سەری, زۆر سوپاس بۆ هەمووولایەك.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی راپۆرتەکەی بێکرو هاملتۆن زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ تەواوی گەلانی رۆژهەلاَتی ناوەڕاست بەتایبەتی گەلی کوردستان لێی ئاگاداربوونەوە, دەرکەوت لەو هاوکێشانەی کە لەناوچەکەدایە هاوکێشە نێودەولَەتی و هەرێمایەتییەکان کارتێکی بێ هێز و لاوازە, بۆیە ئێمە لەهەمووکەس زیاتر پێم وایە ئەگەر هاتوو خوانەخواستە ئیدارەی ئەمریکی ئەو راپۆرتە, ئەو راسپاردانە تێدا دابڕێژی, بەڕاستی ئێمە تێیایدا زەرەرمەند دەبین, بۆیە پێویستە گەلی کوردستان بەتایبەتی قیادەی سیاسی و حکومەت و پەرلەمان هەتا زووە من پشتیوانی لە زۆربەی راوبۆچوونی ئەو برادەرانە دەکەم, هەروەها یەك لەسەبەبەکانی ئەوەی کە ئێمە کارتێکی بەهێز بووینە, ئێمە لەماوەی ئەو چەند سالَەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وئەو ئەزموونی هاتۆتەکایەوە, ئێمە چەند ئەزموونێك, نمونەیەکی باشمان پێشان دەرەوە نەداوە, بۆیە ئێمە پێش ئەوەی گلەیی لە خەلَك بکەین, پێویستە بەخۆمان دابچینەوە, سیاسەتەکانی خۆمان جارێکی تر دارێژینەوە, بۆئەوەی بتوانین وا لەگەلانی دەرەوە لە ئەمریکا و دەولَەتە بەهێزەکان بکەین, کە رێز لەئیرادەی گەلەکەمان بگرێت, رێز لە ئێمە بگرن, کە ئێمە گەلێکین شایستەی ئەوەین بەزیندوویی بمێنینەوەو لەرۆژهەلاَتی ناوەڕاست کاریگەری خۆمان هەبێ, بۆیە من پێشنیاری ئەوە ئەکەم, لەجیاتی ئەوەی ئەو ئیمزایانە کۆبکرێنەوە و بدرێنە بەغدا, بدرێتە سەفیری ئەمریکا لە عێراق, زالَمای خەلیل زاد, بنێردرێتە پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری راستەقینەی گەلی کوردستانن, وەفدێك, شاندێك پێك بهێنن ئەو شاندە بڕواتن, ئەو راسپاردانە بە کۆنگرێسی ئەمریکا و بە ئیدارەی ئەمریکی و هەروەها بەڕای گشتی جیهان بگەیەنێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەلّ ئەوەی زۆر لەقسەکانم کراوە, بەلاَم تێبینیەك و پێشنیارێکم هەیە, دیارە پێشنیارەکەم هەندێك لەو بەڕێزانە وتیان, بەلاَم بۆ تەئکید دووبارەی ئەکەمەوە, لەگەلّ پشتگیریم بۆ ئامادەکردنی ئەو یاداشتی نارەزایەتیەی پەرلەمان و چوونی چەند وەفدێکی بالاَ ئەنجامانی چەند هینێکی چالاَکیەکی دیبلۆماسی و شکەست بەو خالاَنەی کە لەراپۆرتەکە دایە کە دژی بەرژەوەندی میللەتەکەمانە, من پێشنیار دەکەم چەند چالاَکێکی تر وچەند نارەزایەکی تری دیموکراتیانە, بەڕەئیی من کۆکردنەوەی ئیمزا بەس نییە, بۆ

مەسەلەیەکی ئەوها گرنگ کە دژ بە بەرژەوەنـدی میللەتەکەمانـە, راو سیاسـەتی ئـەمریکا هەرچۆنێك بـێ, گرنگ ئەوەیـە ئێستا راپۆرتێك هەیـە, کـە راپۆرتەکـە دژ بەبەرژەوەندیـەکانی هەمووومانـە, پـێم وایـە ئـەو نارەزایەی کە ئێستا لەناو خەڵك دایە, ئێمە ئەو نارەزایەتیە رابەرایـەتی بکرێت, بەچـەند خۆپێشـاندانێکی هێمنانە, مـانگرتن, ئەمانـە ئـەنجام بـدرێت, بـۆ ئـەوەی رای جیهانی بزانـێ بەتایبـەتی ئـەمریکا بزانـێ کـە لـەکونجێکی ئـەو جیهانـە میللـەتێك هەیـە, کەئـەویش بەرژەوەندیـەکانی خـۆی ئـەزانێ بـەرگری لێئـەکا, تێبینیەکەشم ئەوەیە راستە ئێمە باشمان کردیە بێدەنگ نەبووینە, بەلأم پێم وایـە درەنـگ هاتینـە دەنـگ, بەرەئیی من وایە پێش ئەوەی ئەو راپۆرتـە تـەواو بـێ, بلأوکرابایـەوە, سـەرکردایەتی کـورد ئـەو راپۆرتـەی بیدیتبایە, ئەگەر دیویەتی نەدەبوایە ئەوکاتە بێدەنگ بوایە, پێم سەیرە سەرکردایەتی کورد بێـدەنگ بـوو بەرامبەر ئەو راپۆرتە تا بلأوکرایەوە, ناکرێ وەفدێکی ئەوها گرنگ ئەو ماوە دوورودرێژە لە عێراق بێ  بۆ نووسینی راپۆرتێك لەسـەر رەوشـی عێـراق, سـەرکردایەتی کـورد ئاگـای لێنـەبووبێ یـان ئاگـای لێبـێ, بـەلأم بێـدەنگ بـووبێ, مـن پـێم وایـە ئـەوە چـەندین جـارە مێـژوو خـۆی دووبـارە ئەکاتـەوە  بـەلأم کـورد تەجروبەیەکی لێوەرنەگرتووە, سەبارەت بەهاتنی ئەو وەفدە بۆ گەلی کوردستان, من ئەپرسم ئایا نەدەبوایە سەرکردایەتی کورد بانگهێشتی ئـەو وەفـدەی کردبایـە, وەکـو ئـەو سـەدان وەفدانـەی کـەدێن بـۆ کوردسـتان, سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەخۆمانەوە دەست پێدەکەم, کە بەشـێکین لەسـەرکردایەتی کـورد و رەخنـەی تونـدم لەسـەرکردایەتی کوردە, ئەمریکا هەرچی دائەرێژێ, سەیری بەرژەوەندەیەکانی خۆی دەکـا, بـەلأم ئێمـە لـەخۆمان ئەپرسـین ئەو پێناسەی سێ ساڵی رابردوودا پێشانی داین پێناسەیەکی خراپ بوو, ئێمە رۆشتووین لەوێ هەموو قیادە و سەرکردە چالأکەکانمان, هـەمووی خـۆی مەشـغول کـردووە بـە رێکخسـتنەوەی مـاڵی عەرەبـەوە کـە تـا دێ وێران تر ئەبێ, خۆمان لەبیر کردووە, خۆشمان ئەوها پێناسە ئەکرێین لەناو جیهاندا, وەفدە ئەمریکیـەکان و وڵأتان دێن, قیادە کوردیەکان لەبەغدا پێشوازیان لێئەکەن, کەچی لەراپۆرتەکە حەڤدە جار باسـی مـالکی ئەکا و دە جاریش باسـی ((مقتـدی صـدر)) ئـەکا, یـەك جـار باسـی قیـادەی کـورد ئـەکا, ئـەویش بـەخراپ و نموونەی شەڕی ناوەخۆ دەهێنێتـەوە, ئەگـەر ئێستا شـەڕی نـاوەخۆ لـە جنـوب لەسـەر بنـەمای مەزهـەبی و بنەمای گەرەکە و شەڕی ناوەخۆی کوردستان شەڕێکی ئایدۆلۆژیایی بوو, کە حزبایـەتی پێـی هەڵسا, ناگاتـە ئـەو خـوێن رشـتنەی کـە ئێسـتا عـەرەب ئـەیکا, ئـەو دەورە سـلبیەی ئـەمریکا ئـەیبینێ لەبەغـدا بەرامبـەر پێناسەکردنی سوریا و ئێران, هیچ کاتێك کورد نەهاتیە کێشەیەك بۆ ئەمریکا دروست بکا, کەچی ئەوەنـدە باسی سوریا و ئێران ئەکا باسی کورد ناکا, بۆیە من رەخنەی توندم لـەقیادەی کـوردە, وە ئێسـتا داوای ئـەوە ئەکەم کە پەرلەمان بەئەرکی خۆی هەڵسێ, سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم یان سـەرۆکی ئەنجومـەنی

وەزیران ئەرکێکی هەیە, پەرلەمان نوێنەری راستەقینەی ئەو خەڵکەیە تورەیی سەر جادەیە, کە ئێستا ئامادەیە بەهەموو جۆرێ خۆپێشاندان بکا و هەڵوێست وەربگرێ, ئێمە ماوەیەکمان لەپێشە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140 ئەو ناوچە خەتە سوورانەیە کە ئێستا لەم دوو هەفتەیە دێتە پێشمان, خۆزگە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لێرە بوایە, پێم خۆش بوو ئەو وەخت قسە بکەم, گوێبیستمان بن ریفراندۆمێکمان لێوەربگرن, چونکە ئەو خەڵکانەی هەموو رۆژێك شەهید ئەکرێن, دەربەدەر ئەکرێن کەچی ئەوان دێن هێشتا دوای دەخەن بۆ دوای قوناغێکی تر, زۆربەی شارەکانی کوردستان بووەتە لانەی ئەو عارەبانەی کەنازانین ئێمە هاووڵاتی بێدەسەڵاتن یان بەچ هینێك هاتوون لە کوردستان ئەحەسێنەوە, کەچی وشەیەکی خێر نیە بۆ سەر کوردستان, یەکێك لەو شتانەی کەزۆربەی برادەران ئاماژەیان پێدا شاردنەوەی راستیەکانە لەخەڵك, لەم ماوەیەدا دوو پرۆژەی نەوت کەوتە گڕ لە کوردستان کە هیوای خەڵك بوو, چرایماڵەکانی خەڵك بوو, کەئێستا خۆمان ئەزانین خەڵك لە چ وەزعێکی بێ سووتەمەنیە, بەئەمەلی ئەوەی ئەگەر پێنج ساڵی تریش بێتە بەرهەم خۆی پێ گەرم ئەکردەوە, کەچی راگیرا و روون کردنەوەش نادەینە خەڵك, داوای لێبووردن ئەکەم بۆیە لەو دوو مەوقیفە کورد نابێ بووەستێ, یەك بەگڕ خستنەوەی پرۆژە نەوتیەکان, یەك هەڵوێست وەرگرتن, هەڵوێستی ئاشکراش نەك بەنووسراو, سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز گیلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك کریم بەحری هەموو قسەکانی منی کرد, سوپاسی ئەکەم, پشتیوانیشی لێئەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرموو کاك د0ناصح.

**بەڕێز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەمریکا ئێمەی رزگار کرد, خوێنی ئێمە لەگەڵ خوێنی ئەمریکیەکان تێکەڵاو بوو بۆ رزگار کردنی گەلانی عێراق بەتایبەتیش ئێمە, بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە و جێی داخە ئەبینین لێژنەی ئەو راپۆرتە لێژنەیەکی رەسمی کۆنگرێسە ئامادەی کردووە, کەسایەتی ناسراوی تێدایە ودەوریان هەبوو لەدانانی سیاسەتی ئەمریکا, لەواقعیدا ئەمانە راستە نوێنەری سیاسەتی ئەمریکان, بەڵام نوێنەری سیاسەتی پێشووی ئەمریکان, ئێمەش ئەزانین ئەمریکای پێشوو یان سیاسەتمەدارانی ئەمریکا چۆن تەماشای ئێمە و عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەکرد, بەچ شێوەیەك ئێمەیان خستبووە قەوارەی سیاسەتەکانی خۆیان, هەندێك لەبرادەران ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن جگە لە خاڵی سلبیی گوایە خاڵی ئیجابیشی تێدایە, من پێم وایە ئەو خاڵانەی کەبەرەواڵەت باشن, دەست تێوەردانە لەکاروباری ناوەخۆی

عێراق, كە عێراق خاوەن سیادەیە, بیر كردنەوەیەكی كۆنی كۆلۆنیالیانەیە, ئەوانە ماف بەخۆیان ئەدەن لەحیاتی ئێمە چارەنووسی ئێمە دیاری بكەن, راستە ئەوان تووشی قەیرانێك بوونە, ئەیانەوێ لەو قەیرانە رزگار بن, بەلآم لەسەر چ ئەساسێك ئەیانەوێ رزگار بن, ئەوەی ئەوان پێشنیاریان كردووە, پێچەوانەی بەرژەوەندیەكانی گەلی عێراقە, پێچەوانەی ئەو خوێن وخەباتەیە كەهەمووومان پێكەوە دامانە, خوێنی ئەوانیش تێكەلأو كرا لەگەلْ خوێنی ئێمە, ئەوە ئیهانە كردنە بەخوێنی شەهیدان, ئیهانە كردنی گەلی ئەمریكاشە, نەك تەنها كورد و عێراق و خوێنی شەهیدان لێرە, بۆیە سەرۆك بوش و هەتا كلینتۆنیش هەمان رەئیان هەیە بەرامبەر بەو راپۆرتە, ئەوان هەلْوێستی راپۆرتەكەیان بەنیگەرانی وەرگرتووە, راستە ئەمە لێژنەیەكە ئیلتیزاماتی تێدا نیە, بەلآم لەهەمان كاتدا, كێ نالْێ سبەی یەكێكی تر دێ یان وەزعێكی تر دێتە پێشەوە كە پێویستە جێبەجێ بكرێ, بۆیە من پێم وایە پێش هەموو شتێك بۆئەوەی گورگانخوارد نەكرێێن وەكو جارانی پێشوو, بەتایبەتی لەناوەڕاستی حەفەتایەكان و سەدەی پێشوو سالْی 1975 كارا تر بین, راستە پێش هەموو شتێك ناو مالْی خۆمان رێك بخەینەوە, من زۆر گەشبینم بەرامبەر ئەو یەك ریزەیەی كەئەمڕۆ هەمانە خۆشبختانە جێگای خۆیەتی, بەلآم دەبێ پەرلەمانی عێراقیش هەلْوێست وەربگرێ, پەیوەندی بكەین بە دۆستانمان لە ئەمریكا, ئەوانەی كەدەور ئەبینن ئەو یاداشتەی كە ئەنووسین ئاراستەی جۆرج بوشی بكەین, ئاراستەی كۆنگرێسی بكەین, ئاراستەی سیناتۆری بكەین, ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكانی بكەین, ئاراستەی پەرلەمانی ئەورووپای بكەین, ئاراستەی ئەو دەولْەتانەی بكەین ئەوانەی كە زل هێزن و دەوریان هەیە لەسەر سیاسەتی نێودەولْەتی, لەگەلْ رێزوسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تازە بوویە پرۆفیسۆر كێ دەتوانێ راتبگرێ, دەرجەی پرۆفیسۆری وەرگرتووە پیرۆزبایی لێدەكەین, پێشتر پرۆفیسۆر نەبوو هەر بەقسەی خۆی ئەكرد رانەدەوستا, تازە هەر قسەی ناكا, دكتۆرە هالە.

**بەڕێز د0هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من تەنیا یەك پێشنیارم هەیە, داوا لە لیستی هاوپەیمانی كوردستان بكەن, فشار بخەنە سەر پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی دانیشتنیان هەبێ و هەلْوێست وەربگرن لەو مەسەلەیە, تا ئێستا پەرلەمانی عێراق هیچ دانیشتنێكی نەكردیە, بۆ ئەوەی زیاتر رێز گرتن لە مافی مرۆڤ و رێز گرتنی زیاتر لە مەبدەئیی فیدراڵیەت كە چەسپاوە لەدەستوری عێراق, بۆ رێز گرتن لەماددەی 140 كە لەپەرلەمانی عێراق نووسراوە, كە پێویستە و داوا ئەكەین كە ئەوانیش هەلْویست وەربگرن, سوپاس.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من وای ئەبینم ئێستا وەختی ئەوە نیە کە بگرین بۆ حاڵی خۆمان و بکەوینە گلەیی کردن, ئێستا چیمان پێئەکرێ بیکەین, من پێشەکی وام ئەبینی و دەبوایە واش بوایە, پەرلەمان زووتر دابنیشتبوایە, ئەگەر جەنابت غایب بووی زووتر هاتبووایەوە دووەهم: ئەمڕۆ سەیری پەرلەمان بکە, غیاب ببینە, ئێستا جەماوەری خەڵك ئێمە ئەبینێ ئیهتیمامی ئێمەی پەرلەمانتارانی کوردستان بەم قەزیە دەرئەخات, هەروەها گلەیەم هەیە لە سەرۆك کۆمارو سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و پەرلەمانتارەکانمان, ئەسڵ وابوو ئەمڕۆ قیاداتی کوردی بەسیاسی و ئیداری لەم پەرلەمانە بەشدار ببن, ئێمە ئەم وێنەیەمان پێشانی جەماوەری دنیا دابووایە, ئەمە وەکو گلەییەك ئاراستەی ئەو کەسانەی ئەکەم کە لەسەرەوە خوێندمەوە, خاڵێکی تر ئێمە خۆمان خۆمان دەستەمۆ کردووە, یەعنی کابرا موساڵەحەی وەتەنی کردووە, فلان کوتلەی بەدڵ نییە, هەڵئەستێ ئەچێتە دەرەوە, زۆر بەجورئەتە, ئەمریکاش مەجبوورە حیسابی بۆ بکا, چونکە لە زیمنی بازانەی سیاسەتی ئەو, من ئەڵێم قیادەی کورد بە پەرلەمانەوە جورئەتمان لەجەماوەر سەندووە, پێشنیار ئەکەم هەرچی کارتی فشارە بەکاری بهێنن لە زیمنی ئەوە موزاهەرات, موزاهەرەی بکەین, با تۆزێ خۆمان تاقیبکەینەوە ئەوەندە ئەڵێین جەماوەرمان هەیە لەدەرەوە, باهەر لەمینبەرەوە ئاگاداریان بکەینەوە کە موزاهەرە بکەن و خۆپیشاندان بکەن, بچن بۆ بەردەم سەفارەتی بەریتانیا و سەفارەتی ئەمریکا, رەسمی سەرکردەکانیان بسوتێنن لەراستیا, ئێمە بەڕاستی لەو شتانە ئەترسێن, با نەترسێین, ئێمە پێویستە رەئیەکی جەماوەری لە ئەمریکا دروست بکەین, لە ئەوروپا دروستی بکەین, هەروەها بەبێ دەنگی ئیستیمرار نەکەین لەسەر ئەم قەزیەیە, خاڵێکی تر بەڕاستی من رێزم هەیە بۆ قسەی برادەران و خوشکانم, ئەم راپۆرتە مەصڵەحەتێکی گەورەی ئەمریکای تیایە, ئەم راپۆرتە بەشێکی گەورەی لەمەصڵەحەتی عێراقیەکانی تێدایە, ئەم راپۆرتە سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی ولاَتانی دەوروبەر بوو بەسەر دیبلۆماسیەتی کوردا, من نامەوێ گلەیی ئەوانە بکەم, وە داواش ئەکەم دوای ئەوەی ئەوهەموو ئالیەتانە باس کرا, هەمووی بخەینە گڕ و پەرلەمانی کوردستان چەند کۆبوونەوەیەك بکا و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت تیایدا بەشداری بکەن, باسەر لەنوێ خۆمان بخوێنینەوە, بەراستی گەورەترین عەیب بوو بۆ ئێمە نۆ مانگ بەسەر ئەو راپۆرتە تێپەڕی پێمان نەزانی, کاتێك پێی ئەزانین لەلایەکی قەزیەکە دایئەنێین و خەریکە کۆتایی پێبینین, سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, بەڕاستی ناکرێ قسەی تۆ, تەعلیقی لەسەر نەبێ بەتایبەتی لەسەر ئەو قسەی کە ڕەسم بدڕێنین, گەلی کورد ئەو سەقافەتەی نییە, یان عەلەم بسوتێنین, ئەمە دیاریدەیەکی ناشرینە, بەڕاستی خەڵکی بێ دەسەلاَت ئەمە ئەکا, ئینشائەللاَ ئێمە دەسەلاَتمان هەیە, وەئەمە ناشرینە بۆ میللەتەکە نەك بۆ حکومەت, دەربارەی ئەو هەموو قسەی کرا, قسەی زۆر باش کرا, ئەوەی کە هەموو موتەفیقن لەسەری ئەوەیە کە ئەو خالاَنەی کە لەو راپۆرتانە هاتووە لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کوردستان ناگونجێ, رەتی ئەکەینەوە و قبوڵی ناکەین, دیاریشە ماددەی 140و مەسەلەی نەوتە و مەسەلەی فیدراڵیەتە و مەسەلەی عەلەمە, هەروەها

لەوەش دڵنیا بن کەئێمە بەتەنها تەرف نین رەدی ئەو راپۆرتە ئەکەینەوە, زۆرینەی پێکهاتەکانی عێراق رەتی ئەو راپۆرتە ئەکەنەوە, کەسێك باوەڕ ناکەم ئەوانەی بەشدارن لەعەمەلیەی سیاسی, دەنگی بۆ هەڵبژاردن داوە, دەنگیان بۆ دەستووردا وە, مەگەر ئەو لایەنانە نەبێ کەبیری تەسکیان هەیە, کەسێك لەگەڵ ئەوەدانییە کە دەستوور خەرق بکرێ و پشتگوێ بخرێ, لێرەدا دوێنێ بیکرو هامڵتۆن پرسیاریان لێکردووە لەمەڕ رەخنەکەی مام جەلال, وتیان والله لەمەسەلەی تەوزیع کردنی سەروەت ئێمە لەهەموو لایەنەکانمان پرسیووە, هەموو لایەنەکان پێیان باشبووە, کە تەوزیع کردنی سەروەت لەسەر ئەساسی سوکان بێ, ئەمن پێم وانیە ئەو خەڵکانەی دیویانە وایان وتبێ, ئەوەتە بەعەلەنی پێکهاتەکانی ئیئتیلافی موەحەد هەموو لایەنەکانی دەڵێن دەبێ بەعەدالەت بێ, عەدالەت فەرقی هەیە لەگەڵ سوکان, عەدالەت ئەوەیە تۆ رەچاوی جێگا دواکەوتوەکان بکەی کە زەرەریان پێکەوتووە, عەدالەت ئەوەیە کەهەموو سەروەتەکە لەبەغدا دانەنرێ, تەهدیدمان پێبکرێ بڵێن ناتاندەینێ, عەدالەت ئەوەیە ئەوەی لە کوردستانیش دایە جوزئێکە لەسەروەتی عامی عێراق, بەڵام بۆچی دەبێ ئیللا لەبەغدا بێت, سەبەی خوانەخواستە خەڵکانێك هات تەهدیدمان بکات, بڵێ نادەین بودجەیە ئەوە لەوێ وەردەگرین, نەوتیش حەقمان نەبێ, کەواتە چ فەرقێکی کرد هەر ناوەکەی فیدراڵیەتە, ناوەکەی دیموکراتیەتە, لەبەر ئەوە من قەناعەتم نییە, کەدەڵێن ئەو خەڵکانەی کە لەبەغدا دیوومانە دەڵێن ئێمە لەگەڵ ئەوەینە سەروەتی نەوەت لەسەر ژمارەی سوکان دابەش بکرێ, من ئەو قسەیەم لەکەس نەبیستووە لەوانەی کە ئاماژەم پێکرد, زۆرچاکە تەبعەن هەمووتان تەئکیدتان کردەوە, ئێمە تەوصیە دەکەین, بۆ قیادەی سیاسی کە ئەو وەفدانە تەشکیل بکەن, پێشتریش بڕیار درابوو لە مەجلیسی سیاسی کە هەیە ئەو بڕیارەی خۆیان تەفعیل بکەن, ئەو وەفدانە بنێرنە دەرەوە, پەیوەندی بکەن لەگەڵ ئەو لێژنەیە, و پەیوەندی بکەن لەگەڵ کۆنگرێس, لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا, نارەزایی گەلی کوردیان پێبڵێن و نیگەرانی خەڵکی کوردیان پێبڵێن, وەلەڕاستیشدا یەعنی ئێمە وەکو خەڵکانێك قسە نەکەین کە خۆیان بەتەرەفێکی دوژمن ئەزانن, ئێمە دۆستی ئەمریکاین بەوانەشەوە بەبیکرو هامڵتۆنیشەوە بەڵام بیروبۆچوونیان, تەریقەی تەفکیریان لەگەڵ ئێمە ناگونجێ, ئەگەرنا کەسێکیان نەیانوتوە کە کورد حەقی ئەوەی نیە فیدراڵیەتی هەبێ, خۆیان نووسیوویانە کە ئەگەر لەهەموو کورد بپرسی داوای فیدراڵیەت دەکەن خۆیان نووسیوویانە, خۆیان نووسیوویانە کەداوای سەربەخۆسی و داوای دەوڵەت دەکەین, بەڵام دەنگی داوە دەڵێ وەصفی کاك مسعود و مام جەلال دەکا, دەڵێ یەکێکیان سەرۆکی هەرێمە و ئەوەی تریان سەرۆکی عێراقە, جەلال تاڵەبانی هەوڵ دەدات بۆ سەربەخۆیی کوردستان, ئەمانەی هەمووی ئاماژە پێکردووە و دژیشی قسەی نەکردووە, بەڵام لە ئیقتراحاتی لە بەرژەوەندی ئەمریکا لە دیدی خۆیان نوسیوویانە کەئەو دیدەش لەبەر رۆشنایی و سەقافەتی خۆیان هاتووە, مەسئولی وەزارەتی خارجی بووینە, وەزارەتی خارجی تاساڵی 91 پشتگوێی نەتەوەی کوردی کردووە, چونکە بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتان بووە, بەڵام پاشی 91 و پاشی 11 سیبتەمبەر, پاشی عەولەمە سیاسەت و عەقلیەت لەئەمریکا گۆڕاوە, ئێمە هەر تەقیم دەکەین, هەر لایەنە رەشەکە نەبینین لایەنە ئیجابیەکە زۆر زۆر زیاترە, ئەگەر

چی ئێستاکە تۆزێ بەخۆدا دەچینەوە لەبەر ئەو شکستەی کە لەعێراقدا هەیە, تونـدو تیـژی لـەعێراق چارەسەر نەکرایە بەمانای ئەوەنایێ هەرچەند خاڵێك هەیە ئێمە پێمان لاوازە, یاخود چەند کەسێك بە سلبی قسە دەکەن, من پێم وایە دۆستایەتی ئەمریکا نەبایە, ئێمە نەمان دەتوانی بگەینە ئەمڕۆ, نەوەك هیچمان نییە نەتەیارەمان هەیە, نە دەبابەمان هەیە, بتوانین بەرەنگاری ئەوهەموو ناحەزو دوژمنانە ببینەوە, قوەتێکی گەورەی میللەتەکەمان ئەو دۆستایەتیە بووکە لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا و هێزەکانی تری وڵاتی تر پەیداکردووە کە بەشداریان کرد لەرزگار کردنی عێراق, من ئەو ئیقتیراحەی کە د0نوری کردی کە لێژنەیەك دابنێین پێم باشە, ئەگەر ئیجازەم پێبدەن سەرۆکایەتی دایدەنێ, بەڵام لە ئێستاوە لێپرسراوی لێژنەی قانونی و لێپرسراوی لێژنەی بەدواداچوونی ماددەی 140 کە دکتۆر کەماله لێرە نییە, کە لێرە نییە سۆزان خانە دووسێ کەسی تریش ئەگەر ئیجازەم بدەنێ من خۆم ئیختیاری دەکەم لەگەڵ کاك فرسەت ئەو کەسانەش کەئیختیار دەکەین نەك لەبەر رۆشنایی ئەوە یەکێتیە یان پارتیە ئەوە تورکمانە, بۆ ئەوەی بتوانن ئەو راپۆرتە جێبەجێ بکەن, بەزووترین کات بەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی و بینێرین بۆ ئەو لایەنانەی کە پێویستە و ئەو تەوصیەیەی ئێوەش بۆ وەفدەکە بە سەرۆکایەتی هەرێم دەڵێین, بە مەکتەبی سیاسی حزبەکان دەڵێین و هەموو لایەکمان فەعال کار بەردەوام بین, بەڵام جارێك موزاهەرات و ئەو شتانە زووە, نارەزایی هەنگاوی هەیە و مەراحلیشی هەیە, ئێمە جارێك لەمەرحەلەی بیدایەتین, مەرحەلەی یەکەم ئیحتیجاجاتە, کۆبوونەوەی پەرلەمانە, توقیع کۆکردنەوەیە, ئەگەر ئەو راپۆرتە بووە مولزەم لەسەر حکومەت, ئەوە ئەو کات نارەزایەکانی خۆمان بەرێگایەکی تر دەردەبرین, بەهەمان رێگای ئێستا دەریدەبرین, زیاتر لە خۆپێشاندانی نارەزایش سەردانی سەفارەت و, بەلأم من پێم وانییە ئەو راپۆرتە نەمولزەمە نەئەو خاڵانە سلبیانە کەباسمان کرد نابێتە مولزەم بۆ حکومەتی ئەمریکا, خۆیان ئەزانن ئیلتیزام پێکردنی واتە گەڕانەوە بۆ دواوە, ئیشارەتێکی غەڵەت ئەدا بەئیرهابیەکان کە بەردەوام بن لەسەر کاری ئیرهابی و تیرۆریستی, پێم وانیە ئیدارەی ئەمریکا کە دەستیان لەناو ئیدارەی موباشری عێراق دایە پەسندی بکا, دانیشتنی داهاتوومان رۆژی سێشەم دەبێ, فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی پێکهێنانی لێژنە دەسەلأت بدرێتە ئێوە یان لێرە ئێستا بڕیاری لەسەر بدرێ ئەو دووانە یەك لا بکرێتەوە, دووش ئەوەی بەپێی تایبەتمەندی نووسینی ئەو تەقریرە وەلأم دانەوەی ئەوەندەی پەیوەندی بەکۆمیتەکان هەیە, پەیوەندی بە لێژنەی یاسایی نییە, هیوادارین ئەوە لەبەر چاو بگرن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن ئەو لێژنەیە نەبەقەرارە نە لێژنەیەکی دائمیە, لێژنەیەکی صیاغەیە لەبەر رۆشنایی ئەو قسانەی کە کرا کۆی دەکاتەوە, صیاغەی نامەیەك دەکا دەکرێ یەك ئینسان پێی هەڵبسێ ئەگەر ئیقتراحەکەی

د0نوری  نەمکردبایە دەمگوت باشە خۆم هینەکە دەنووسم, بەلام لەبەرئەوەی ئیقتراحەکەی بەجێبوو بەتەنیا سەرۆکایەتی نەیخاتە سەر ئەستۆی خۆی دووسێ کەسی تر موشارەکەی بکات, بەتایبەتی ئەو لێژنەیە کەراپۆرتەکەیان خوێندەوە, ئێوەش پەسەندتان کرد, هەموو لەقسەکاندا تەئیدی راپۆرتی بەدواداچوونی 140 و تەئیدی راپۆرتی لێژنەی یاسایتان کرد, تەئیدی یەکتریتان کرد, پێویست ناکا هەموو ئیجماع بکەن, پێویست بەوە ناکا دابنیشن لێژنەیەك دابنێن, خۆ لێژنەکە کارێکی پێناسپێردرێ, تەنیا صیاغە کردنە, خۆم دەتوانم ئەگەر نارەزانە پێم بلێن کە نارەزانە خۆم ئەیکەم مەسئولیەتی منە ئەوە, کە دەلێم مەبەستم سەرۆکایەتیە ئێمە دانیشتووین ملاحەزاتەکانمان نووسیوە چ قسە کرایە ئەوانەی کە ئاماژەم پێکرد, ئصولی دنیا وایە, بەلام ئەوە رێزگرتنە بۆ ئێوە, بەلام ناکرێ دەنگی بۆ بدرێ بلێن ئەدی لێژنەی فلان, ئەدی فراکسیۆنی فلان, ئەدی نوێنەری تورکمان, ئەدی نوێنەری کلدان و ئاشوور و ئەوانە, ئەوە دەچینە رێگایەك مەبەستمان لەو کۆبوونەوەیە ئەوە نییە بەحقیقەت, لەبەرئەوە زۆر بەبەدیهی و بەتەبیعیم زانی, ئەو هینە دروست بکەین, تەبعەن ئەو جانبە تەواو بوو, زۆر سوپاستان دەکەم بەشێوەیەکی مەسئولانە موناقەشانە کرا, زۆر دەولەمەندی ئەو رەئیانە کرا, کە هەموو خەلکی کوردستان باوەری پێ ئەکا, پێشتریش لەلایەن بەرێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی کۆماریش کرا,  بەلام من یەك ملاحەزەش بدەم کە دەلێن ئێمە کەمتەرخەم بووینە, ئەوان رەد فیعلیان وابووە, هەشت مانگ بوو کەهێشتا یەکەم جار بوو بلاوببۆوە, لەناو پەرلەمانی ئەوروپا دوودێرم خوێندەوە بە ئینگلیزیەکەی, هێشتا هەمووم نەخوێندبۆوە, تێگەیشتم کە داوای تاخیر بوونی 140 دەکا, عەلەمەکەشم خوێندەوە تەصلیحم کرد وتم ئەوە دژی بەرژەوەندی کوردستانە, بەتصلیحی شەخصێك نابێ, ئێوە پەرلەمانن دەبێ کۆبوونەوە هەبێ, ئصولی هەیە, حازرکردنی دەوێ, ئەگەر نا هەریەك دەتان توانی رەئیی بدەن, بە تەلەفزیۆن دەتان توانی رەئیی بدەن, بەلام کە وتت ئەنجومەن, ئەنجومەن دانیشتنی دەوێ, کاك هیوا وتی دەبوایە زووتر بهاتبایەوە, من نازانم بفرم, نەخۆشی و مەوعیدی دکتۆرەکانم هەمووی تەئجیل کردووە, تۆش لێرە نازانم چیم کردووە, کۆبوونەوەکە سێ یاسامان هەیە, یەکەم بەردەوام بوون لەسەر موناقشەکردنی وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم, وەزارەتی سیاحەو ئاوەدان کردنەوە, هەروەها خوێندنەوەی پرۆژەیەك وابزانم هی موکافەئەی شوهەدایە, بەخوای کاك هیوا نوقتەی نیزام نەبێ دەلێم هەو نییە.

**بەرێز هیوا صابر احمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخەرقێکی یاسایی ئێمەت خستۆتە دواوە, دانانی ئەم ناوانە بەم شێوەیە پێچەوانەی پێرەوی ناوەخۆیە, چونکە بەپێی پێرەوی ناوەخۆ ئەبێ بەپێی پیتەکانی ئەبجەد بێ, نەك هەروا, سوپاست دەکەم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە چەندین جار مناقشە کراوە و یەك لا کراوە, ئەبجەد بێ یان هەورا بێ, یان تۆ دەکەوێتە پێشەوە یان مەلا انور دەکەوێتە پشتەوە, یەکێك هەر لەپشتەوە دادەنیشێ و یەکێکیش هەر لەپێشەوە دادەنیشێ و فەرقیشتان نییە, کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین, رۆژی سێشەمە سەعات 10:30, سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 19\12\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23)

## سێ شەممە رێکەوتی 2006/12/19

کاتژمێر (10,30)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2006/12/19 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (23)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (23)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

2- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

3- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گەشتوگوزار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (23)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(10,30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2006/12/19دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

2- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

3- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گەشتوگوزار.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن و هەروەها ئەو لیژنانەی کە راپۆرتیان هەیە لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بێن دابنیشن, لەمەودوا موناقەشە و ناونووسین و ئەوانە و ئەو سیستەمەی کە دانراوە, لەمەودوا کەس گلەییمان لێ ناکات, هەروەختێك دەرگا کرایەوە بۆ ناونووسین و ئەوەی دەیەوێ قسە بکات, دوگمەیەکتان لە پێشە دوگمەکە دەکەنەوە, ئینجا ئەوە هەر بۆ مەعلومات کە دەڵێین کێ دەیەوێ قسە بکات, یەك جار دەڵێم کێ دەیەوێ قسە بکات, پاشی ئەوەی دەیەوێ قسە بکات دەست بەدوگمەکە وەدەنێ بە کۆمپیوتەر ناوەکان بەپێی تەسەلسولی سورعەتی داوا کردنەکە دێت, بۆتان دەخوێنمەوە دواتر حەقی کەسێك نییە بڵێت دەمەوێ قسە بکەم, هەر ئەوەندەیە کەئەوانەی کەدەستیان لە دوگمەکە ناوە ئەوان ناویان دەنووسرێت ولێرەش ناوەکان دەنووسرێت و دەیخوێنمەوە, سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیری

ئاوەدانکردنەوە و کاك سعد وەزیری هەرێم دەکەین, خاڵی یەکەم خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە, داوا لە لیژنەی یاسایی و دواتریش لیژنەکانی تر, لیژنەی ئاوەدانکردنەوە ولیژنەی شارەوانی راپۆرتیان هەیە لەسەر ئەو پرۆژەیە, فەرموو لیژنەی یاسایی راپۆرتتان بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە ماددەکان یەکە یەکە دەخوێنینەوە, پاشان رەئیی لیژنەکان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکرێت, دواتر گفتوگۆ دەست پێ دەکات, ئێستا برای بەڕێزم کاك دلێر بە زمانی کوردی پرۆژەکە ماددە بە ماددە دەخوێنێتەوە با بفەرمێ.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی 2006**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق.

3- وەزارەت: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.

4- وەزیر: وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەرێم.

5- بریکار: بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بە زمانی عەرەبی یاساکە دەخوێنمەوە.

**قانون وزارة الاعمار والاسكان المرقم ( ) لسنة 2006 لاقليم كوردستان – العراق**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:

1-الاقليم: اقليم كوردستان – العراق

2- مجلس الوزراء: مجلس الوزراء لاقليم كوردستان – العراق.

3- الوزارة: وزارة الاعمار والاسكان.

4- الوزير: وزير الاعمار والاسكان للاقليم.

5- الوكيل: وكيل الوزارة للاعمار والاسكان.

ئێستا رەئیی لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی.

اولا: ان اللجنة القانونية تؤيد مشروع القانون مبدئيا نظراً لأستحداث الوزارة في الاقليم وتقترح صياغة ديباجة له وتبويب مواده وتنظيم فقراته وتبديل التسلسلات الرقمية بالتسلسلات الكتابية واجراء بعض التعديلات والتغيرات في صياغة بعض بنوده اسوة بقوانين الوزارات الصادرة قبله والتي ستظهر لاحقا من خلال هذا التقرير.

ثانياً: تقترح اللجنة بتبديل ( التعابير) بكلمة (المصطلحات) في المادة الاولى واعادة صياغتها كالآتي:

المادة الأولى: يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماددەی یەکەم ئیقتراحتان ئەوەیە بەس تەعابیرەکان بگۆڕێت, شتێکی ڕۆتینیە, وەکو هەموو وەزارەتەکانی ترە, هیچ مولاحەزەشی لەسەر نییە, ئەوەی لەگەڵ ماددەی یەکە دەیخەمە دەنگەوە, لەبەر ئەوەی هەموو وەزارەتەکان هەر وا ڕۆیشتووە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵدا نییە؟ بەکۆی دەنگ ماددەی یەکەم وەرگیرا, ماددەی دوو بخوێننەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەرکوفەرمانانە دەگرێتە ئەستۆ:

1-بۆ چارەسەر کردنی تەنگانەی نیشتەجێی و بنیادنانی تۆڕی ڕێگاوبانی نوێ بە هەموو جۆرو پاشکۆکانیەوە, وەزارەت پلانگەلی گشتی بۆ سیاسەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لەهەرێمدا, لە بوارەکانی نیشتەجێکردن و بینایە وڕێگاوباندا, بە (ڕێگاوبانی هاتوچۆی خێرا) و پرد و تۆنێل و فرۆکەخانە و هێلی ئاسنیشەوە, پێشنیاز دەکا.

2- دیراساتی تایبەت لە چوارچێوەی بواری کەرتی وەزارەتەکەدا دادەنێ و, دیراسەتی کەڵکی (جدوی) هونەری و ئابووری, بۆ پرۆژ پێشنیازکراوەکانی ناو پلانەکەی وەزارەتیش دادەنێ.

3- هێلکاری (تصامیم) و بەرنامەی کار, بۆپلانە تەسدیقکراوەکانی ئەو پرۆژانەی پێی سپێردراون, دادەنێ و, پێکهاتەکانی وەزارەت یەکسەر (ڕاستەوخۆ) ئەو پرۆژانە جێبەجێ دەکەن کە پێوەندییان بەوانەوە هەیە, یانیش هەواڵەی قۆنتەراتچی یان نووسینگەی ئیستیشاریانی دەکەن.

4- لەئامادەکردنی (مواصەفاتی) هونەریدا, بەپێی هەلومەرجی هەرێم, هاوپشکی دەکا.

5- سیاسەتی ئیقرار کراوی وەزارەتەکە جێبەجێ دەکاو, پلانی (ساڵانەو, قۆناغانەو, دوورخایەن)ی پێویستیش بۆ جێبەجێ کردنیان, پێشنیار دەکات.

6- لەرێگای پێکهاتە جێبەجێکار و هێڵکارەکانی خۆیەوە, ئەو پرۆژانە جێبەجێ دەکا, کە لە لایەنەکانی دیکەوە پێی سپێردراون, یانیش لەرێگەی کۆمپانیا پسپۆرەکانی کەرتی تایبەتەوە جێبەجێیان دەکات.

7- دەوامی سەلامەتی بەرێگاوبانی گشتی دەدات, بە ڕێگاکانی هاتوچۆی خێراشەوە کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکانەوە, هەروەها بەپێی یاسای (موحەڕەماتی) ڕێگاوبان, پردو وێستگە میحوەرییەکانی

ئەوزان و مەعابیرەکانیش دەخاتەگەڕو دەوام بەسەلامەتییان دەداو, پێتاڵ و کەلوپەلیان بۆ ئامادە دەکاو موحەڕەماتیان دەپارێزێ.

8- لەچوارچێوەی کارو پسپۆریی وەزارەتەکەدا, پلانەگەلی تایبەت بە ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لەهەرێمدا, کە وەبەرهێنەکان دایدەنێن, دیراسەو نرخاندنی هەڵسەنگاندنی ئەو پلانانەش دەگرێتە ئەستۆ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین لەگەڵ کۆی قانونی وەزارەتەکە و بەنیسبەت ئەو ماددەیە, ئێمە لەگەڵ دەقی ئەو ماددەیەین هیچ مولاحەزەیەکمان نییە, تەنیا لەسەرەتای ماددەکە کە دەڵێ (المادة الثانية) وابنووسرێت (تتولى الوزارة المهام التالية) لەیەکەوە هەتا هەشت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکەمان لەگەڵ لیژنەی یاسا هاوڕایە, بەلاّم لەسەر زمانەوانی پێشنیار ئەکەین وشەی (بنیادنان) بگۆڕێ بۆ (دروست کردن) و(بینایە) بگۆڕێ بۆ (خانوبەرە) و وشەی (تەسدیقکراو) بگۆڕێ بۆ (پەسەند کراو), وشەی (قۆنتەراتچی) بگۆڕێ بۆ (بەڵێندەر) و وشەی (ئیقرار کراو) بگۆڕێ بۆ (بڕیاردراو), وشەی (موحەرەمات) بگۆڕێ بۆ (قەدەغەکراو), چونکە بەراستی یاسا کوردیەکەش وەکو عەرەبی وایە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان نییە لەسەر ئەو ماددەیە, لەگەڵ دەقی ماددەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, هیچ مولاحەزە نییە لەسەر ماددەکە, تەنیا لە لایەنی زمانەوانیەوە, ئەویش دەتوانن پێش ئەوەی بچێتەوەو پێشتریش ئیتیفاقمان کردووە لەرووی زمانەوانیەوە هەرچی مولاحەزە هەبێ لیژنەی یاسایی بە هەندی وەردەگرێت و تۆماری دەکات, ئەگەر کەس مولاحەزەی لەسەر ئەو خالاّنە هەیە, کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دوو بڕگەدا تێبینی ئەوەم کردووە ناوی ئەوە هاتووە دەڵێ (الطرق) دوایی دەڵێ (و بما في ذلك طرق المرور السريعة) یانی نازانم ئەو (طرق المرور السريعة) جیاوازی چییە لەگەڵ (الطرق) پێم وایە تەنها ناوی (الطرق) بێت بەسە, ئەوەی تر زیاد دەبێت, دوو لە بڕگەی شەش دەڵێ (تنفيذ المشاريع الموكلة اليها) لێرەدا پێم وابێ صەلاحیەتی وەزارەت کەم دەکرێتەوە, باسی ئەو مەشاریعە ناکرێت ئەوەی وەزارەت بەخۆی پلانی

بۆ دادەنێت, ئەی کێ ئەو مەشاریعانەی جێبەجێ دەکات, بۆیە پێم وایە ئەگەر بگۆڕدرێت بنووسرێت (تنفیذ المشاریع التي تخطط لها الوزارة) ئینجا (والموكلة اليها من الجهات الاخرى), لە بڕگەی حەوت باسی (الطرق) دەکرێت دەڵێ (القیام بصیانة الطرق) ئەی دروست کردنی رێگا, بۆیە پێم وایە ئەگەر کەلیمەیەکی تر ئیزافە بکرێت (القیام بمد وصیانة الطرق), سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە لە مادده دوو لە بڕگەی سێ و چوار پێم باشە یەك بکرێتەوە, کە دەڵێ (وضع التصامیم و مناهج العمل للخطط المصدقة للمشاریع الموكلة الیها وتنفیذ المشاریع المتعلقة بها تنفیذا مباشراً من قبل تشکیلات الوزارة) من پێم باشە بکرێتە (من قبل اللجنة المشكلة المخصصة في الوزارة او المتخصصین بهذا الخصوص و المساهمة في اعداد المواصفات الفنیة وفق ظروف الاقلیم)بۆیە فەقەرەی چوار کە لەگەڵ ئەوی لێك بدرێ هەمووی یەك مانا دەگرێتەوە, پێم وایە فەقەرە چوارەم زیادە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەهامی ئەو وەزارەتە دیارە ئاوەدانکردنەوەیە, هیچ ئاماژەی بە ئاوەدانکردنەوەی دێهاتی کوردستان نەداوە, کە کۆڵەکەی ئابووری کوردستانە, زیاتر ئیشەکانی لە رێگاوبان چڕ کردۆتەوە, بۆیە پێشنیار دەکەم مەهامی سەرەکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بێت لەسەر شێوازێکی سەردەمانە, سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن تێبینیم هەیە لەسەر خاڵی سێیەم لەماددەی دووەم, وەکو سوئالێك یان وەکو پێشنیارێك بۆ جەنابی وەزیر ئێمە دەبینین کە جادەیەك چاك دەکرێت کە دە کیلۆمەترە لەوسەری هەتا تەواوی دەکەن تا دەگاتە کۆتایی خراپ دەبێتەوە, یان پاشی دوو هەفتە یان یەك مانگ هەموو وەکو قاندرمە دەبێتە رگلە, ئەم بەڵێندەرە کە ئەو مەشروعەی دەگری, پێویستە بەپێی شروت تەسلیمی بکاتەوە کە تەواو بوو, ئەگەر نا دەبێ موجازات بێتە کرن ئەو کابرایە, چونکە ئەو ماڵەی کە وەریدەگرێت ماڵی میللەتە, پێویستە ئەوە بەشێوەیەکی رێك و پێك موراقەبە بێتە کرن لەسەری, بۆ ئەوەی تەلاعوب لەو شتە نەیەتە کرن, دووەم لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوە, داوامان کرد بۆ رێگاوبان وایە؟ ئەو جەوابی دایەوە وتی ئێمە موختەبەراتمان نییە, ئەو قیرەی کە دێنن ئیشی پێ دەکەن خراپە, پێویستە وەزارەت لەو مەشروعەی دا دیاری کردبا کەوا پێویستە هەندێ موختەبەرات بێتە کوردستان, بۆ ئەوەی فەحصی ئەو قیر و ئەوشتانە بکەن, بۆ ئەوەی قیرەکەی کە بەکاری دێنن قیرەکە بە پێی شروت بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عیماد ئەو چوار مولاحەزەیە رەئیت چییە لەسەری؟ فەرموو.

**بەرێز عماد احمد/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو قسانەو منیش پێشتر حەزم کرد ئەگەر تەوزیحێکی عام لەسەر وەزارەتەکە بدەم, یان دوایی قسەی لەسەر بکەم بە هەردوو شێوەکە دەبێت, ئەگەر سەرەتا لەسەر وەزارەتەکە قسە بکەم, ئەو وەزارەتەی ئێمە وەزارەتێکە لە دوو وەزارەت پێشتر پێك هاتووە, جاران وەزارەتی ئیسکان هەبوو و وەزارەتی ئەشغال هەبوو, ئەم دوو وەزارەتە بووەتە یەك وەزارەت, ئێستا بەیەك وەزارەت ئیش دەکەین, دوو: خۆتان دەزانن دوای رووخاندنی بەعس و نەمانی دیکتاتۆریەت, دوای ئەوەی کە ئاوەدانی کەوتە کوردستان ئەبێت ئیهتیمامێکی باش بەم وەزارەتە بدرێت, بۆ ئەوەی ئاوەدان کردنەکەمان ئاوەدانکردنەوەیەکی مەدروس بێت و بەشێوەیەك بێت کە کوردستان بێجگە لە مەسائیلی سیاسی و کۆمەلآیەتی, مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەو ژێرخانی ئیقتیصادی بەشێکی وەزارەتەکەی ئێمە بگرێتەوە, ئێمە وەزارەتەکە کە دامانناوە لەسەر دوو ئەساسی عام دامانناوە, یەك لەسەر ئەساسی سەکتەر و نەوعیەت, دوو لەسەر ئەساسی جوغرافی, ئێمە وەزارەتەکەمان کردۆتە دوو بەشەوە, بەشێکی رێگاو بانە, بەشێکی بابلێین بیناسازی یان بابلێم ئاوەدانکردنەوەیە, دوو ئەساسێکی ترمان داناوە دابەش کردن لەسەر ئەساسی جوغرافی کە صەلاحیەتمان داوەتە موحافەزەتەکان, ئێمە پێشنیارێکی وامان هەیە, چونکە پێشتریش قسەم لەگەڵ برادەرانی ئەنجومەنی وەزیران کردووە کە ئێمە ئەو وەزارەتە لەجیاتی ئەوەی مەرکەزیەتی هەبێت لەیەك شوێندا بە حوکمی ئەوەی ئاوەدانکردنەوە ئیهتیمامێکی زیاد ئەدرێت لەم قۆناغە, ئەبێت صلاحیەتی زیاتر شۆڕ بکەینەوە خوارەوە بۆ ئەوەی بتوانن سەیتەرەیان لەسەر ئیش وکارەکە بێت و ئیشرافێکی باشی لەسەر بکەن, ئەوە مەسەلەی دووەم, مەسەلەی سێیەم تائێستا ئێمە ئیش دەکەین بە سیستەمێك ئیشمان کردووە هەندێ وەزارەت ئیختیصاصی ئیشەکەی خۆی نییە و ئیشێکی تر دەکات, وەکو نموونە وەزارەتی تەعلیمی عالی دائەنیشێ زانکۆ دروست دەکات, وەزارەتی صحە دائەنیشێ خستەخانە دروست دەکات, وەزارەتی تەربیە دائەنیشێ مەکتەب دروست دەکات, لەجیاتی ئەوەی ئیهتیمام بە مەجالەکەی خۆی بدات, مەجالێکی تر دەگرێتە ئەستۆ و دوایی خۆی تەنفیزی ئەکات, خۆی تەصمیمی دەکات, خۆی بەکاری دەهێنێت, لێرە کەس خەلەلەکە نادۆزێتەوە, یانی کەسێك نییە بزانێ کە ئەگەر من ئیشێکم کرد, خراپم کرد یەکێك لێم وەرناگرێت, من ئیشێکم کرد کە تەنفیزم کرد جیهەتێکی ئیشراف لەسەر بێت خارج دەسەلآتی خۆم, کە ئیشەکەم خراپ تەنفیز کرد بۆ ئەوەی موراقەبەم بکات و ئیستیشارەمان بکات, ئێمە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا قسەمان کردووە, ئێستا سێ دەزگامان وەکو سێ جیهەتمان لەناو حکومەت داناوە, ئێستا مەکتەبێك یان با بلێم موئەسەسەیەك بەناوی تەصامیم و ئیستیشارە دروست دەکرێت لەناو حکومەتەوە, ئەو مەکتەبە دائەنیشێ بە تەصمیم کردن, بە ئیستیشارە, بە ئیشراف کردن, شەرتیش نییە هەموو لە کوردستان بێت, ئێمە ئێستا زانکۆیەکمان هەیە لەسلێمانی بایی 258 ملیۆن دۆلارە, بە قودرەتی ئیستیشاری خۆمان و موهەندیسی خۆمان ئیمکانە لە حەق مەشروعەکی وا نەیەین, ئەگەر جیهەتێکی

ئیستیشاری دەرەوە بێت, خۆیان ئیشراف بکەن لەسەری, جیهەتی تەنفیزیەکەش تەنفیزی دەکات, جیهەتێکیش موستەفیدە کە وەزارەتی تەعلیمی عالیە وەریدەگرێت, ئێستا بۆ نموونە ئەو سێ مەرحەلەیە یەك لایەن ئەیکات کە وەزارەتی هینە, عەقدێکیان کردووە کە بەیەك وەرەقە, ئەوەی تەنفیزی دەکات, ئەوەی تەصمیمی دەکات یەکێکە, هەمان شەریکە تەصمیم دەکات و هەمان شەریکەش تەنفیزی دەکات, ئێستا تۆنێلەکەی سلێمانی وامان هەیە, هەندێ مەشاریعی وامان هەیە تووشی ئیشکالیەتێك بووینە کە لەتەنفیزەکە سەیری دەکەیت, ئەڵێ وەڵلا کاتی خۆی وامان نەوتوە, تۆ کاتی خۆی خۆت تەصمیمت کردووە, ئینجا بۆ ئەوەی من سەرتان نەیەشێنم نەچمە ناو مەشاکیل و شتی وا, بۆ ئەوەی ئێمە بەرچاومان روونتر بێت, وابکەین لەمەودوا مەسەلەی بیناسازی, مەسەلەی عومرانی بەشێك لەوەزارەتەکەی ئێمە پێی هەڵدەستێ, واناوی لێ نێین رەبی عەمەلە, تەنفیزی ئیشەکە دەکات, بەشێکی مەکتەبی ئیستیشاری و تەصامیمەکەی لە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت موراقەبەی دەکات, بەشێکی تریش موستەفیدە, ئەگەر خەستەخانە بێت, وەزارەتی صحە خراپ بێت وەرناگرێت, جامیعە بێت, خراپ بێت تەعلیمی عالی وەریناگرێت, ئینجا ئەم بەشەی ئێمە بەشی ئاوەدانکردنەوەیە یان مەبانیە, موختەبەراتی تایبەتی خۆی هەیە, موئەسەساتی تایبەتی خۆی هەیە, واش پێشنیارمان کردووە جێگرێکی وەزیر لەو بوارە سەرپەرشتی ئیش وکارەکە بکات, یانی وەزارەتەکەمان کردۆتە دوو بەشەوە, بەشێکی بۆ رێگاو بان, بەشێکی بۆ ئاوەدانکردنەوە و بیناسازی, ئەم دووبەشە هەروەکو باسم کرد هەریەکی وەکیل وەزیرێکی هەیە, هەریەکی دام ودەزگای خۆی هەیە, لە موحافەزەتەکان ئەبێت مودیریەتی عام هەبێت, مودیریەتی عامی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی, مودیریەتی عامی ئاوەدانکردنەوەی هەولێر, مودیریەتی عامەی ئاوەدانکردنەوەی دهۆك, رێگاوبانیش بەهەمان شێوە, لە قەزاکان مودیریەتمان هەبێت, ئێستا لە هەندێ قەزا مودیریەت هەیە, وەکو کۆیە, وەکو رانیە, لەهەندێ قەزا مودیریەت نییە, ئەگەر ئێمە وەحدەی ئیداریمان هەیە بە هەمان شێوە ئەبێت تەنزیمێکی هەوێنی داگرین, بۆ ئەوەی لە هەموو قەزاکان لە کەلارەوە بگرە تا کفری, تا زاخۆ ئەبێت مودیریەتمان هەبێت, ئەو کاتە ئیش وکارەکانمان باش دەبێت, ئەم مودیریەتانەش بۆ ئەوەی دەزگایەك هەبێت لە موحافەزە سەرپەرشتی ئیش وکارەکانیان بکات, خۆی مەرکەزیەن سەرپەرشتی دەکات, لێرە چی دەکات تەوزیعی ئیش وکارت کردووە, سەرپەرشتیەکەش باشتر دەکرێت ولامەرکەزیەتێك لە ئیش وکارەکەت دەکرێت, چونکە ئێستا بەراستی گلەیی ئەکەن کە هەموو شتەکان هاتۆتە مەرکەز, بەتایبەتی لای سلێمانی, کە تازە یەکگرتنەوەکە بووە ئیمکانە گلەیی ئەو کاتە من تەصور دەکەم شتەکانیش باشتر دەبێت, دابەش کردنەکەش باشتر دەبێت, بەشی دوو رێگاوبانە, ئەم رێگاوبانە تا ئێستاکە بەراستی ئێمە رێگاوبانێکی وامان نەکردووە ستراتیجی, رێگا کۆنەکانە, رێگەی فەرعی دەکەین, ئەو رێگایانە تا ئێستا سوود مەند بن وەکو چەند ساڵە لەناو حکومەت ئیشم کردووە, سوودێکی وامان نییە, سوود وەرنەگرتنەکە بەراستی وەکو بەرنامە و ئەولەویەت ئیش وکارەکانمان نەکردووە, یەکێك لەو برادەرانە کە قسەیەکی کرد وتی جادەیەك دەکرێت تا بیدایەکەی دەکەی و دەگەیە نیهایەکەی

بیدایەکەی خراپ دەبێت, ئەوە زۆر جار وەکو دەڵێن مەسەلەك هەیە (ترید ارنب اخذ ارنب, ترید غزال اخذ ارنب) ئێمە ئەو قیرەی کە بۆمان دێت لە عێراقەوە بۆمان دێت, قیرێکی تری بەدیلمان نییە, من تەبعەن تازەش هاتوومەتە ئەو وەزارەتە ودفاعیشیان لێ دەکەم, کە قیرەکەی وەریدەگری خراپە لە موختەبەر دەرناچێت, قیرێکی تر نییە تۆ بەدیلی ئەمە بەکاری بێنی, تۆ بەکاری ناهێنی, مقاولێك یان مەعمەلێکی دەرەوە وەریدەگرێت ئەیکاتە قیر و ئەسمەنت, مقاوەلەکە دەچێ لەو وەریدەگرێت ولەوێ تەنفیزی دەکات بەو شکڵە خراپە, ئێمە ئێستا لە وەزارەت کە ئەو برادەرە باسی کرد وەحدەیەکی موختەبەرمان داناوە, لەسێ موحافەزاتەکە دهۆك, سلێمانی, هەولێر, موختەبەراتی مەرکەزی خۆی دەبێت ئیشراف دەکاتە سەر ئەو شتانە, بەڵام ئەگەر ماددەیەك نەبێت, ئەگەر ئێمە بەدیلێك نەدۆزینەوە ئەم قیرەی عێراق کە جاران بە خراپی دەینارد, ئێستا بەخۆی خراپە, ئەبێ ئێمە بەدائیل بدۆزینەوە, ئێمە ماوەیەکە لەگەڵ بەڵێندەران و خەڵکی تریش قسەمان کردووە کە لە خەلیجەوە بۆمان بنێرن, لە وڵاتانی سۆڤیەتەوە بۆمان بنێرن, بۆ ئەوەی بتوانین بەدائیلێکی تر دروست بکەین, یان لەگەڵ هەندێ کەسیشدا قسەمان کردووە لەجیاتی قیر هەندێ مەوادی تر ئیختیلات بکەین و تێکەڵی بکەین بۆ ئەوەی قیرێکی باشترمان بۆدروست ببێت, ئەوەش لەگەڵ هەندێ کۆمپانیای ئەمریکی قسەمان کردووە, سەبارەت بەوەی کە ئایا رێگا چییە و رێگای سەریع چییە؟ ئەو رێگایانەی کە ئێستا ئێمە هەمانە رێگای ئیعتیادین, رێگای سەریع ئەوە ئۆتۆبان پێی دەڵێن, شەرت وشروتی خۆی هەیە, مەساحاتی گەورە ئەگرێتە بەر, وهەندێ جار مواصەفاتی تایبەتی خۆی هەیە, جار هەیە لەو رێگەیە پارە دەدەی, یان حدودی سورعەتەکەی, قورساییەکەی موحەدەدە, چونکە ئێمە تا ئێستاکە رێگاکانمان بەپێی مواصەفات لەگەڵێشیدا موعامەلات ناکەین, جادە هەیە قودرەکەی ئەوەندە سەیارە هەڵدەگرێ, ئێمە لەوە زیاتر ئەیخەینە سەری, جادە هەیە قورساییەکەی یەکێ لە موشکیلاتەکانی ئێمە ئێستا لەناو ئەو حکومەتە قورسایی سەیارە حسابی بۆ ناکەین, بەشەرێك ئەتوانێ پەنجا کیلۆ هەڵبگرێ, تۆ سەد کیلۆ ئەخەیتە سەر شانی پشتی ئەشکێنی, ئێمەش ئەو سەیارانەی کە تەنکەرو سەیارە قورسەکان بێجگە لەوەی کە حەجمی خۆی هەیە, حەجمێکی زیاتریش دەخەنە سەری, لەسەر ئەو جادانە رێ دەکات, وەکو باسی دەکەن هەمووی کردۆتە رەگڵە, ئەوە ئەوەیە کە کەس موحاسەبەی ناکات, نە مرور نە جیهەتێك هەیە, بڵێ ئەم سەیارە دە تەنە بۆ کردۆتە بیست تەن, ئەم جادەی منە بیست تەن هەڵدەگرێت, تۆ قورسایی زیاتر دەخەیتە سەری خراپ دەبێت, ئینجا ئەوەیە ئێمە دەبێ لەمەودوا دابنیشین مروریش تەشجیع بکەین بۆ ئەوەی قورساییەکە کەمتر بکەینە سەر جادەکانی خۆمان, نوقتەی سێیەم کە ئەو برادەرە باسی کرد دەیوت صیانە دەکەن, ئێ رێگاوبانیش دەکەن, نە ئێمە لەمەودوا مودیریەتێکمان دروست کردووە بەناوی صیانە, یانی یەکێك لە موشکیلاتەکانی ئێمە مودیریەی صیانەمان نییە, هەر بیناکردنەوەمان هەیە, کە جادە خراپ دەبێت ئینجا دانیشە بۆ صیانە داوایان لێ دەکەیت وئەبێ وەزارەتی مالیە قەبوڵی بکات, ئەبێ بچیتە ناو میزانیەکەی خۆتەوە, ئەگەر میزانیەتێکی تایبەتیمان دروست کرد لە هەر سێ موحافەزە, مودیریەی صیانەی رێگای ئێرەو سلێمانی خراپ دەبێت,

رەئسەن ئەو مودیریەتە پێی هەڵدەستێ, لەجیاتی ئەوەی مودیریەتی خۆی کە بینای جادە دەکات پێی هەڵدەستێ, ئیمکانە ئەوە ئیمکانیەتەکە هین نەبێت, سەبارەت بەوەی کە ئەو خوشکە باسی کرد دەڵێ ئایا ئێمە بۆ ئیشارەتمان بە مەسەلەی گوندەکان نەداوە, خۆی ئەم وەزارەتە ئیشی دەرەوەی شارە, ئەوەی ناو شار ئیشی وەزارەتی شارەوانییە, ئیشی ئێمە 99٪ ی ئیشی دێهاتەکانە, ئیشی ئەوە نییە بڵێی وەڵڵا لە دەرەوەی شارەکان ئیش دەکەین, لەناو شارەکان لە قەزاو موحافەزات هەمووی عایدی شارەوانییە, بەڵام ئیشی دەرەوە عایدی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە و ئەو قسەشمان کە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا کردووە کە لەمەودوا هەموو بیناسازیەك ئەگەر خستەخانەیە لەلادێ دەکرێت, دەبێ ئێمە بیکەین, ئەگەر جادەیە بۆ لادێ دەچێت ئێمە ئەیبەین, ئەگەر ئاوەدان کردنەوە, ئەگەر مەکتەبە بۆ ئاوەدانکردنەوە بۆ لادێکان ئێمە ئەیکەین, بەڵام ناومان نەهێناوە ئێستا خۆی لە وەزارەتی ئێرە, یانی پێش یەکگرتنەوەکە مودیریەتێکی عام هەبووە بۆ لادێکان لە سلێمانی ئەو مودیریەتی عامەمان نەبووە, لە دیراسە کردنی وەزعی وەزارەت لەم قانونە, وتمان ئەو مودیریەتی لادێکان زەرووری نییە, چونکە هەر ئاوەدانکردنەوەکە خۆی دەیگرێتەوە, یانی لەجیاتی ئەوەی ناوی بنێی لادێکان یان گوندەکان, هەر خۆی مودیریەتی ئاوەدانکردنەوەی هەولێر دێهاتەکانیش دەگرێتەوە و پێویست بەوە ناکات, مەسەلەی مقاولەکان کە خراپن, بەراستی من ناڵێم بەس لەرێگاوبان, ئیمکانە مقاوەلەتەکانمان و بەڵێندەرەکانمان تازە دەستیان داوەتە ئیش وکار وئیمکانیەتێکی وایان نییە, هەندێ جاریش ئیمکانە ئێمە سێ ساڵە میزانیەتێکی باشمان هاتۆتە دەست, جاران وانەبووە, ئەوان لەدەوری خۆ ئامادە کردن و خۆ بەرەوپێش بردندان, ئێمە حەقە وەکو پەرلەمان, هەم وەکو حکومەت دەستمان پێیانەوە بێت, موراقەبەیان بکەین, ئیشی خراپیان کرد حەقە یەکێ لە موشکیلەکان ئەوەیە کە ئێوە ئەندامی پەرلەمانن و خاوەن سوڵتەی تەشریعین و موراقەبە کردنی حکومەتن, ئێمە لە بەڵێندەرایەتی خۆمان سێ, چوار موشکیلەمان هەیە, موشکیلەی یەکەممان ئەوەیە بەراستی ئەو بەڵێندەرانە تەصنیف نەکراون, یانی بەڵێندەر هەیە ئیمکانە حەقی دەرەجە یەك نەبێت, بە ئەنواع شت دەرەجە یەکی وەرگرتووە, دوو ئیختیصاصیش نییە, لەلایەکەوە تیجارەت دەکات, لەلایەکی دەرمان دەهێنێت, لەلایەکەوە بینایەی مەعهەدم بۆ دروست دەکات, لەلایەکەوە رێگاوبان وجادەم بۆ دروست دەکات, هەمان مەکتەبە, بەراستی حەقە ئەگەر ئێوە توانیتان لەگەڵ بەشی بەڵێندەرایەتی یا بەشی غورفەی تیجاری, توجارو هینەکان قسە بکەن, کە سەر لەنوێ تەصنیف بکرێن, یانی تەصنیفی مقاولین ئەساسە, ئەمە یەکێ لە موشکیلەکان ئەوەیە کەلای ئێمەش تەصنیف نەکرێت, لە بەغداوە تەصنیفی دەکەن, پارەیەکی کەمی دائەنا دوایی دێت مقاوەلەیەکی قورس دەگرێت, ئێستا حەز دەکەم کە ئێوە موراقبن لەسەر حکومەت هیچ مەشروعێکمان نییە, دوا نەکەوتبێت, هیچ مەشروعێکمان نییە ئەعمالی ئیزافی نەبووبێت, هیچ مەشروعێکمان نییە زەرەری نەکرد بێت, ئێستا داوای تەعویز دەکات, ئەمە موشکیلەیەکە, ئینجا من پێم خۆش بوو برا و خوشکینە ئەگەر ئێوە بتوانن هاوکاری ئەو وەزارەتە بکەن بەو پێیە, ئەوە ئیشی شەخصیش نییە, یانی بەیانی و دوو بەیانی ئەم وەزارەتە دەبێتە وەزارەتێکی فەعال

**له ناو حكومەتێكدا كەدروست كردنی بینای چۆن دەڵێ ژێرخانی ئیقتیصادی و سیاسی و كۆمەڵایەتی خۆمانە, ئەم تەصمیمە كە ئێمە كردوومانە, یان ئەو یاسایەی كە دامانناوە دوو وەكیل وەزیر زەروریە بۆ ئەم وەزارەتە, چونكە دوو بواری جیاوازە لە قانونەكە نەهاتووە, ئەوە كاك سعد دانیشتووە, من لەگەڵ ئەنجومەندا هەتا ئێستا تەرشیحی دوو وەكیل وەزیرەكەشمان كردووە, ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی لەسەر كردووە وناردوویەتی بۆ سەرۆكایەتی كە بۆمان بنێرێت, دوو مودیر عامەكە زەروریە بۆ ئەوەی موحافەزەكان وەگەڕ بخەین و دروستیان بكەینەوە و بەو دوو مودیریەتە عامە وەكو باسم كرد, تەوزیعی ئیش وكار دەكرێت و موراقەبەی باشیش دەكرێت, ئەوە لەگەڵ كاك سعدیش قسەمان كردووە, ئەگەر موافەقەتی لەسەر بكەن ئەوە خێرێكە بۆ وڵاتەكەمان, لەمەودوا ئەگەر بەراستی ئێمە ئیش بكەین من تەصور دەكەم ئەوەی كە هەیە مەشاریعەكان پێش ئێمە و لەمەودوا ئەبێت عقودی باشیەتی لە موشكلیەكەمان ئەوەیە, ئێمە عقودەكانمان خەلەلی تێدایە, شارەزا نین لە عقودی دەولی, شارەزا نین لە عقودی پارەی زۆر, یانی ئێمە ئەگەر بكرێت ئەو لیژنەی كە ئێستا قسەی لەسەر دەكەین و ئێوەش پشتیوانمان بكەن, ئەو لیژنەی یا مەكتەبی ئیستیشاری, تصامیم, دیراساتی ئەنجومەنی وەزیران زۆر زەروریە, چونكە لەوێ عقودەكان دیراسە دەكرێت, لەوێ تەصمیمەكان دائەنرێت, بەپێی ئەوەش ئیشرافی دەكرێتە سەر و ئیستیشارە دەكرێتە سەری, ئەوەش شتێكی ئەساسیە لەو وڵاتە, من سوپاستان دەكەم ئەگەر پرسیارێكتان هەبێ لە خزمەتتانین.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس بۆ كاك عیماد وەزیری ئاوەدانكردنەوە, بەراستی قسەكانی زۆر تەوەری گرتەوە, دواتر موناقەشەی لەسەر دەكەین, بەڵام دیاریشە مەبەستی چییە تێگەیشتن لە قسەكانی, بۆ ئەوەی هەندێ موقتەرەح هەیە موافەقەتی لەسەر بكەن, لەسەر ئەو مولاحەزاتانەی ئەو چوار ئەندامە بەڕێزەی كە دایان, یەك نوقتە پێم وایە كاك عیماد ئەگەر موافەقەت بكەن بكرێت, ئاوەدانكردنەوەی دێهاتی تێدا بێت, هی گوندەكان زەروریە, كە ئاماژەی پێكرا, ئەو سێ لیژنەیەش ئەو شەرحە وافی بوو هەندێ وەڵامی دایەوە, بەڵام ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان نازانم بەدووی دەگەڕێم نییە, یانی گوندەكانی شامل بێت, ئەوەی تێبكەن و زمانەوانیەكان كە مولاحەزەی لیژنەی ئاوەدانكردنەوە كردوویەتی, جێی خۆیەتی, ئەو موقتەرەحاتانەی لایەنی زمانەوانیەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن, ماددەی دوو ئەگەر ئەوەی موافقی كاك عیماد گوندەكان لەشوێنێكدا جێی بكەنەوە دوایی لەگەڵ لیژنەكان یان خاڵێكی بۆ دابنێین یان لە جێگایەك دایبنێین, فەرموو كاك عیماد.**

**بەڕێز عماد احمد/وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەکرێت ئێمە وەکو باسم کرد, خۆی وەزارەتەکە مەهامی دەرەوەی موحافەزەو قەزاکانە, ئەکرێت خاڵێك دابنێین بڵێین ئەم وەزارەتە ئەبێ ئیهتیمامێکی زیاتر بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بدات, ئەوە شملی دەکات, یانی بیکەینە خاڵێك کە بڵێین ئەرکی ئەو وەزارەتەیە, بۆ خۆی ئەرکی حکومەتە, چونکە ئاوەدانکردنەوە ئێمە بەس مەهامی دەدەینێ وەکو رەبی عەمەلین, یانی تەکلیفمان دەکەن ئەڵێن مەکتەب دروست بکەن, تەکلیفمان دەکەن دەڵێن جادە دروست بکەن, دەتوانین ئەو خاڵەی تێدا بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە, ئەم ماددەیە هەشت خاڵە دەبێتە نۆ خاڵ, نۆیەمین خاڵ بریتی دەبێت بە ئاماژە کردن بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان لەبەرنامەیان دابێت, بەرەچاوکردنی گۆڕانکاریەکانی پێویست لەرووی زمانەوانیەوە, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بە تەعدیلاتەوە دەستی بڵند بکات؟ سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە؟ بە کۆی دەنگ قەبوول کرا, فەرموو بۆ ماددەی سێیەم.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: مەرکەزی وەزارەت, لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1-وەزیر: سەرۆکی باڵاو بەرپرسی ئیش و کارو ئاراستەکاری سیاسەتی وەزارەتەکەیەو, هەموو بڕیارو فەرمان و رێنماییگەلێکیش پێوەندییان بە ئەرکوفرمان و پێکهاتەکان و سەلاحییات و, کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و ئیداری و رێکخستنەکانی وەزارەتەوە هەبێ, بەپێی حوکمەکانی یاسا, لەوەزیرەوە دەردەچن و, بەسەرپەرشتی خۆی جێبەجێ دەکرێن.

2-بریکاری وەزارەت: لەچوارچێوەی سەلاحییاتدا کە پێی دەسپێردرێ, لە ئاراستەکردن و سەرپەرشتیکردنی کاروباری وەزارەتەکەدا, یاریدەی وەزیر دەدات, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.

3- راوێژکاران: لەچوارکەس زیاتر نابن, دەبێ بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و خاوەن ئەزموون و کەردەش بن.

4- مەرکەزی وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

أ-نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

ب- ئەنجومەنی وەزارەتەکە: لەوەزیر و بریکاری وەزارەتەکە و راوێژکاران و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ژمارەیێ خاوەن ئەزموونی ئیشە تایبەتەکانی وەزارەتەکە کە وەزیر, خۆی دەستنیشانیان دەکا و ئەرك وفەرمانیان بەپێی رێنمایی دیاردەکرێ, پێك دێت.

ج- نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێ بەڕێوەی دەبا, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

د- بەڕێوەبەرایەتیی کارگە و مەکینە و ئامرازەکان: فەرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا, بڕوانامەی زانکۆی لە زانستی ئەندازەی میکانیزم یان کارەبادا هەبێ و, خاوەن ئەزموون و پسپۆریش بێت, ئەم بەڕێوەبەرایەتییە کاروباری کارگە و ئالییات و کۆگاکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتەکە لە ئەستۆ دەگرێ.

هـ- بەڕێوەبەرایەتیی ریقابە و پشکنین: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکا, خاوەن ئەزموون و پسپۆریش بێت, ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن, لەبواری ریقابەدا لێهاتوو بن, ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئەرکوفەرمانی ریقابە وپشکنینی کاروباری دارایی و ئیداری و هونەریی کردار و رەفتاری وەزارەتەکە و پێکهاتەکانی وەزارەتەکە, دەگرێتە ئەستۆ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی:

اما فيما يتعلق بالمادتين الثالثة والرابعة من المشروع تقترح اللجنة دمجهما.

ضمن المادة الثالثة تحت عنوان (تشكيلات الوزارة) وجعل المجلس الاستشارى للوزارة ضمن مادة مستقلة وبرقم المادة الرابعة وصياغتهما كالآتى:

**(تشكيلات الوزارة)**

المادة الثالثة: تتالف الوزارة من التشكيلات التالية:-

اولاً: الوزير: هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن أعمالها وتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بأعتباره عضوا متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة أوالمدراء العامين اومن يراه مناسباً في الوزارة.

ثانياً: وكيل الوزراة : يساعد الوزير في توجيه الوزراة والإشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التى توكل اليه من قبل الوزير على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية إختصاصية.

ثالثاً: مكتب الوزير : يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعة اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

رابعاً: مكتب وكيل الوزارة : يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعة اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

خامساً: المستشارون : لايزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

سادساً: المديرية العامة للشؤون الإدارية و المالية:- يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الممارسة.

**سابعاً: المديرية العامة للشؤون الفنية:- يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الممارسة.**

**ثامناً: المديرية العامة للطرق و الإعمار و الإسكان في محافظات الإقليم:- يرأس كل منها و يديرها مديرعام حاصل على شهادة جامعية أولية إختصاصية و من ذوي الخبرة لتولي الإشراف على تنفيذ مشاريع الإسكان و المباني و الطرق في المحافظة و ترتبط بها مديريات الطرق و الإعمار و الإسكان في حدود كل محافظة من تلك المحافظات.**

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لەسەر ماددەی سێهەم لیژنەکەمان پێشنیار دەکات بە کۆی دەنگی ئامادەبووان بریکاری وەزارەت کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی وەزارەت بۆ ئەم یاسایە دوو بریکار هەبێت.**

**یەکەم: بریکاری وەزارەت بۆ ڕێگاوبان.**

**دووەم: بریکاری وەزارەت بۆ ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و هەریەکێك لەم بریکارانە ئەبێ بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و کارا بێت لە کارەکەیدا.**

**هەروەها بڕگەی (4)لابرێ چونکە دووبارەیە.**

**(ا)ئەبێ بە (4)و (ب) ئەبێ بە (5) و(ج) ئەبێ بە (6) و (ی) ئەبێ بە (7) و (هـ) ئەبێ بە (8) هەروەها لە بڕگەی (ب) ئەنجومەنی وەزارەت بگۆڕدرێ بۆ ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت لیژنەکەمان لەگەڵ لیژنەی یاسا هاوڕایە لەسەر ماددەی سێهەم لە ڕێکخستن و ریزبەندی بڕگەکان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لە لیژنەی یاسا بە تەفصیل موناقەشەی ئەو قانونەمان کردووە, لە زۆربەی بڕگەکانی کە ئێستا بۆتانی دەخوێنمەوە جەنابی وەزیر موافق بوو, یەکەمینیان ئەوەیە ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر ئیتیفاقمان کرد کە هەیکەلی تەنزیمی لە ئاستی مودیریاتی عام بووەستێ و مودیریات و شعب بۆ ئەقسام ورد نەکرێتەوە, وەکو وەزارەتەکانی تر, ئەمە یەك, دوو ئێمە لەگەڵ ئیلغا کردنی (المديريه العامة للتخطيط والمتابعة) داین, دامەزراندنی مودیریەتێکی عام بەناوی (المديرية العامة للشؤون الفنية), واتە بەشە فەنییەکانی وەزارەت پەیوەندی بە مودیریەی عامەی شئونی فەنی هەبێت, بەشە ئیداریەکانیشی پەیوەندی بە دیوانەوە هەبێت کە لێرە (المديرية العامة للافراد) هاتووە, ئەمەش خاڵێکی تر بوو کە جەنابی وەزیر موافەقەتی کرد, بەنیسبەت مودیریاتی عامەی تورق و ئیعمار و ئیسکان, لە هەولێر و لەسلێمانی و لە دهۆك, ئەمە بە خاڵی جیاواز هاتووە, ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە صیغەکە بەم شێوەیە بێت (المديريات العامة للطرق والاعمار والاسكان في محافظات الاقليم) حسابی کەرکووکیش کراوە, هەروەکو وەزارەتەکانی تر کە ناوی هاتووە, بەنیسبەت وەکیل وەزیرەکە ئێمە هیچ مانعەتێکمان نییە ببێتە دوو**

وەکیل وەزارەت, (وكيل وزارة للشؤون الاعمار و وكيل وزارة للشؤون الطرق) لەوەش ئێمە هیچ مانعەتێکمان نییە, وەکیل وەزارەتەکان بەم شێوەیە بێت, بەڵام بەنیسبەت مودیریاتی عامە لە موحافەزەکان ئێمە تەحەفوزاتمان هەیە, ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە مودیریەتێکی عام هەروەکو لە پرۆژەکە هاتووە (المديرية العامة للطرق والاسكان) هەبێت لە پارێزگاکان, بەڵام مودیریاتی تایبەتیش هەبێت لە بۆ ئیعمار و لەبۆ ئیسکان و لەبۆ تورق و پەیوەندی بە مودیریەی عامە هەبێت لە موحافەزەکان, ئەمە کورتەی رەئیەکانی ئێمەیە کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکانی ئێمە هەمووی عیلاج کراوە لە راپۆرتی لیژنەی یاسا, پشتگیریان لێ دەکەین و لەگەڵ ئەوەشداین کە ببێتە دوو وەکیل وەزیر, لەبەر ئەوی دوو ئیشی جیاواز لە زیمنی مەهامی وەزارەتەکەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ هەموو تێبینیەکانی لیژنەی یاسادایین, چونکە لە 2006/10/15 لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوە بەیەکەوە دانیشتین, لە هەموو تێبینی و پێشنیارەکانی یەکین, بەڵام من بە پێچەوانەی یاسا پێشنیار دەکەم لە هەر پارێزگایەك بەڕێوەیەرایەتێکی گشتی رێگاوبان هەبێت, بەڕێوەبەرایەتێکی گشتی ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێکردن هەبێت, چونکە بەراستی کوردستانی ئێمە هەمووشتان بەچاوی خۆتان دەیبینین رێگاوبانەکانمان زۆر ناتەواوە, ئێمە وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن سەردانی زۆر ناوچەمان کردووە, سەردانی هەموو شوێنە دوورەکانمان کردووە, ئەو شوێنە دوورانەی کە جاران پشت وپەنای پێشمەرگە بوون, ئێستا جادەی تێکەڵە ریژیشیان نییە, لەبەر ئەوە رێگاوبان شتێکی زۆر زەرورە, و هەر لەکۆنیشەوە مودیریەی عامەی تورق لە پارێزگای سلێمانی هەبووە, لە پارێزگای هەولێر هەبووە, لە پارێزگای دهۆکیش هەبووە, بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەروورترە لە بریکاری وەزارەت, لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە پارێزگای سلێمانی راستەوخۆ سەرپەرشتی رێگاوبان و پردەکان دەکات, ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەبێت لە سلێمانی ودەبێ بەڕێوەبەرایەتێکی گشتی هەبێت لە سلێمانی بۆ رێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە, ئەو کاتە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە بەشێك لە کاتی خۆی تەرخان دەکات لەبۆ رێگاوبان, بەشێکیش تەرخان دەکات بۆ ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن, لەبەر ئەوە من بەباشی دەزانم لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت, هەر بەڕێوەبەرێکیش لەم بەڕێوەبەرە گشتیانە بڕوانامەی زانکۆی لە ئەندازەی شارستانیدا هەبێت, وخاوەن مومارەسەش بێت, چونکە بەراستی رێگاوبان زۆر زەرورە لە هەموو گوند و لادێ و بنار و شوێنەکانمان پێویستی بەوەیە کە رێگاوبانیان بۆ بچێت, نەك رێگاوبانی تێکەڵە رێژ, پێویستە رێگاوبانی

ڤیرتاویشیان بۆ بچێت, ئێوە خۆشتان برا گەورەن لە پەسند کردن و بڕیاردان لەسەر ئەو پێشنیارەی کە لیژنەی یاسا کردوویەتی, ئێمەش وەکو بۆ مێژوو لیژنەکەمان پێشنیاری کردووە کە دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسا کە تەحەفوزاتمان نیشان دا, بەحەقیقەت ئەوەلەن هیچ وەزارەتێك نییە دوو مودیریەی عامەی لە پارێزگایەك هەبێت, ئەو وەزارەتانەی کە پەسندمان کردووە هەمووی یەك مودیریەی عامەیە, ئەمە یەك, دوو: دوومودیریەی عامە لە دهۆك و دوو مودیریەی عامە لە سلێمانی, دوو لەهەولێر, دووش لە کەرکووك, هەشت مودیریەی عامە خاریجی وەزارەت, ئەمەش لەهیچ وەزارەتێکدا نەمان بینیوە بەحەقیقەت, بۆیە ئێمە دەڵێین بوونی هەشت مودیریەی عامە لە خاریجی وەزارەتدا بەراستی تەزەخومێکی گەورەیە, ئێمە پێویستە سەیتەرە لەسەر ئەو تەزەخومە بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من پێش ئەوەی کاك عیماد وەزیری ئاوەدانکردنەوە قسە بکات, ئەوە زیاتر بۆ ئەوەی شتەکان روون بێتەوە, پرۆژەیەك هاتووە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە سێ راپۆرت خوێندرایەوە, راپۆرتی لیژنەی یاسایی صیاغەی کردووە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە, راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە, دوو ئیقتراحی تازەی هێناوەتە پێش, یەکێکیان وەکیل وەزیر کە دوو وەکیل وەزیر بێت, ئەسبابەکەشی شەرح کردووە, ئەوەی تریان کە مودیریاتی عامە هەبێت بۆ ئاوەدانکردنەوە لەسەر مستەوای موحافەزات, نەك یەك مودیریە و مودیریات هەبێت, ئەوە رەئیی وەزیریش دەپرسین, بەڵام بێجگە لەوەشدا ئەو خامسا و سادسا, دەرەجاتی مودیرو موستەشار کە نووسراوە (حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة) لە وەزارەتەکان نووسیمانە ( لاتقل عن عشر سنوات) دەبێت لێرەش بنووسرێت, بۆ ئەوەی فەرق و جیاوازی نەبێت, یەك, ئەو مودیرعامەی کەدادەنرێت کە خبرەیەکی هەبێت بتوانێت خزمەت بکات, نەك تازە دەرچووبێت, لەوانەیە ئەوەش کافی نەبێت بۆ ئەو ئیشە, فەرموو کاك عماد وەزیری ئاوەدانکردنەوە بۆ قسە کردن.

**بەڕێز عماد احمد/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو مودیر عامانەی کە ئێمە پێشنیارمان کردووە لە موحافەزاتەکان هەبن, بۆ پێشنیارمان کردووە؟ کاك شێروان بۆ ئەوەی وازح بێت, بۆ ئەوەی هەندێ وەزارەت هەیە مودیرعامیان زیاترە لە دیوانی وەزارەت, ئیمکانە سێ چوار مودیر عام هەبێت لە ناو خودی وەزارەت, ئێمە دوو مودیر عامەان هەیە لەناو وەزارەت, باقیەکەی دابەشمان کردۆتە سەر موحافەزاتەکان, بۆ ئەوەی لەوێ دەسەڵاتیان ببێت, لەجیاتی ئەوەی هەمووی کۆبکەینەوە, چونکە ئێمە وەزارەتێکی مەیدانین, ئێمە مودیرعامی دیوانمان هەیە لەگەڵ

مودير عامی فەنیەکە کەجەنابت گۆڕیوتە, باقیاتەکەی لەدەرەوەی وەزارەتن, یانی لە زیمنی وەزارەت نین, دوو ئێمە کە لە موحافەزە مودیریاتی عاممان دانا, ئەگەر لە موحافەزە مودیریەتێکی تریشمان دانا, ئەگەر یەکێك بێت رێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە, ئەبێت دوو مودیرەتێکی تریش دروست بکەیت هەر لەناو خودی موحافەزەکەوە, ئەمە مودیریەتێکی عامە پێی دەڵێن رێگاوبان, دوو مودیریەتی تریش لە ناو موحافەزەکە دروست دەکەی عایدی ئەوە دەبن, ئەم دوو مودیریەتە لەناو موحافەزە, ئەی لە کەلارو زاخۆش دوو مودیریەت هەیە ئەی ئەوان عایدی کێ دەبن؟ ئەمە لەرووی فەنییەوە, لەرووی ئیداریەوە چیمان کردووە, وتومانە ئێمە مودیریەتێکی عام بۆ رێگاوبان با بڵێم لە دهۆك, ئەم مودیریەتی عامی رێگاوبانی دهۆکە سەرپەرشتی مودیریەتی قەزاکانی دهۆك دەکات, وەکیل وەزیرێکیشمان لەسەرەوە هەیە, پێی دەڵێن وەکیل وەزیری شئونی رێگاوبان, ئەوان بەند دەبن بە وەکیل وەزیرەکەوە, ئەگەر یەك دانە بێت, سەرپەرشتی هەردووکیان بکات عایدی چ وەکیل وەکیل وەزیرێك دەبن, مەسەلەن مودیریەتی عامی رێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی دهۆك عایدی وەکیل وەزیری رێگاوبان دەبن, یان عایدی وەکیل وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەبن, ئەمەش لەرووی ئیداریەوە خەلەلە, ئینجا لەرووی عیلمیەوە, لەرووی ئیداریەوە, لەرووی ئیداریەوە کە ئیشەکان باش بڕوات, دوو مودیریەتت هەبێت باشترە, مودیریەتێکت هەیە بۆ رێگاوبان, خۆی تەسەلسولی هەرەمی خۆی هەیە, ئەگاتە وەکیل وەزیر, خوارەوە قەزاکان هەیە ئیش وکارەکانی خۆیان دەکەن, ئیختیصاصن بەس لە رێگاوبان, ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێ بەهەمان شێوە, سەرێکی هەرێم هەیە کە ئێمە سەرپەرشتی ئیش وکارەکانیان دەکەین, ئەمە لەرووی ئاسانکاری باشترە, لەرووی سەرپەرشتی کردنەوە باشترە, لەرووی تەخەصوصەوە باشترە, لەجیاتی دوو ئێمە خۆمان ئێستا لە وەزعی ئاوەدانکردنەوەین, یانی لەجیاتی ئەوەی هەمووی بێنینەوە وەزارەت, با ئیهتیمام بدەینە موحافەزاتەکان, نەوعە لامەرکەزیەتێك لە ئیدارەی خۆمان دروست بکەین, هەموو نەیەنینە ناو لبی وەزارەتەوە, هەموو دەسەڵاتەکان نەخەینە وەزارەت, دوو: وەزارەتەکەی ئێمە دوو وەزارەت بووە, یانی ئەوەی پێ زیاد نەبینن بڵێی بۆ دوو مودیریەتی عامی هەیە, چونکە ئیحتیرامم بۆ هەموو وەزارەتەکان ناویان ناهێنم ئەو بۆ یەکێکی هەیە, ئەوە شەرت نییە ببێتە نموونەیەك, بڵێی مادام ئەو یەکی هەیە, ئەبێ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش یەکی هەبێت, چونکە ئیختیصاصەکەی دوو شتی جیاوازە, ئێستا خەریکن لە جامیعە هینی بکەن, موهەندیسی مەدەنی رێگاوبان تازە بۆی دروست بکەن, هەر ئیختیصاصێك بۆرێگاوبان عیلاقەی بە مەدەنیەوە نەبێت, بە بیناو ئینشائاتەوە نەبێت, ئینجا ئەوە لە مەصلەحەتی من تەصور دەکەم حکومەتەوەیە, لە مصلەحەتی میللەتەکەیە, لە مەصلەحەتی وەزارەتەکەیە کە ئیش وکارەکانی باش دەڕوات, ئینجا داواتان لێ دەکەم کە من بە مەیدانیش هەتا ئەو قسەیەم لەگەڵ برادەرانیش کرد وتیان ئەگەر واش بێت, تۆ داوا بکە, ئێمەش بۆت ئیستیحداس دەکەین, چونکە لەصەلاحیەتی ئەنجومەنی وەزیرانە, ئینجا ئێمە بۆ نەیخەینە قانونەوە, کەدوای ئێمەش خەڵك هات بە باشی ئیش وکارەکان بڕوات, قانونێکە و نموزەجێکی باشە ولەهەموو دونیاش هەر وابووە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

با هەندێ مەجال بدەین ئەندامانی پەرلەمان رەئیی لەسەر بدەن, با ناوەكان بنووسین, كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەیەكی بچووكم هەبوو لەماددەی سێ, یانی عینوانی ئەم وەزارەتە ئیعمارو ئیسكانە, دەبوو هەر لەم ماددەیە لەفەقەرەی سێ و فەقەرەی چوار ئەو دوو مەكتەبە مودیریاتەكانی دیاری بكردبایە, ئەو مودیریەتانەی كە خۆی زۆر بەزەرووری دەزانێ, مدیریەتی ئیعمار لەگەڵ مدیریەتی ئیسكان, ئەگینا موعیدات عایدی تروق و جسور دەبێت, ئەو مەعامیل ئەو ئالیەت و شتانە عایدی ئەو مودیریەتە دەبێت, یەعنی شتێكی سروشتییە ئالیەتەكان, وەك لێرە بۆتە ئەساس, بەلاّم ئیشە ئەساسەكە بۆتە فەرع, لەبەر ئەوە پێم باشە هەر لەو مەركەزیەتە (تتألف الوزارە) دوو مودیریەتە ئەساسیەكە بێنێتە ئێرە, مودیریەتی ئیعمار لەگەڵ مودیریەتی ئیسكان, كە ئەو زۆر زەختی لەسەر دەكات و بە زەرووریەتی دەزانێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە لە ماددەی سێ بڕگە دوو لە كۆتایی ئەمەی بۆ زیاد بكرێت (علی ان یكون حاصلاً علی شهادة جامعیة اولیة في العلوم الهندسیة) ئەوەی بۆ ئیزافە بكرێت.

دوو/ من لەگەڵ ئەوەدا نیم كە دوو بریكاری وەزارەت هەبێ, یەك بریكاری وەزارەت دەتوانێت كارەكان بكات, چونكە خۆتان دەزانن زۆری پارەی حكومەت بۆ مووچە دەڕوات بەشێكی كەم بۆ خەدەمات دەمێنێتەوە, بۆیە دەبێت پلانی ئێمە لە پەرلەماندا بەڕاستی كەم كردنەوەی تەزەخوم بێت, نەك زیاد كردنی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد حەكیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو ئیستیفسار و دوو پرسیارم لە جەنابی وەزیر هەیە, ئەگەر لە لای خۆی تۆماری بكات, یەكەم/ كێشەیەك هەیە لە رێگاوبانی كوردستاندا, ئەویش موشكیلەی چاودێری, ئەو باسی صیانەی كرد, بەلاّم مودیری صیانە ئەوە لە جێگای خۆیەتی, ئەگەر ئەمرێكی بۆ بچێت, ئایا كێ موراقەبەی رێگاوبانەكان

دەكات، رۆژانە ئەو چاڵ و تاسەیەی کە ئێستا لە ڕێگاو بانەكانەكاندا چەندین ئەحداسی رۆژانەی لێ دەبێتەوەو، دەبێتە هۆی مردن و زامدار بوونی چەندین هاووڵاتی خۆمان، ئەوە یەك لە ئیستیفساراتەكانە.
دووەم ئیستیفساراتم، تەنسیقی نێوان وەزارەتی شارەوانیی و ئاوەدانكردنەوە، ئەوە ئیشی تەنسیقەكەیە، كە زۆر جار پرۆژەی شارەوانی زەرەری خراپی بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو ڕێگاوبان هەیە، بۆ نموونە ئەو جەزرە وەستیەی كە لە تاسوجەوە تاكو دەگاتە سلێمانی كراوە حەقی ڕێگاوبانەكەی خواردووە، زۆر بەرین كراوەو ئیشی زۆری تیا كراوە، لە كاتێكدا من پێم وایە دەبێت ئەولەویەت زیاتر بۆ ڕێگاكە بێت، نەك بۆ جەزرە وەستیەكە، ئەویش چۆن لە داخیل بوونی شاری هەولێر دەبینین، كە جەزرەی وەستیان هەڵگرتووەو ڕێگاكان بەرین كراوەو ڕێگاكە زیاتر خۆش بووە.
دوو پرسیارەكەی تریشم ئەوەیە، ئایا باسی موقاویل كرا، ئێمە لە كوردستاندا تاكو ئێستا هیچ موقاویلێك كە زەرەری بە وڵاتەكەمان گەیاندووە، سجنمان كردووە؟ یەعنی لە سجنەكاندا یەكێك هەیە موقاویل بێت رای كرد بێت و پارەی خوارد بێت، یان پرۆژەكەی سەقەت كرد بێت و سجن كراوە تاكو ئێستا؟ ئەوە یەك.
دووەم: من ئیستیفساراتی ترم لایە وەكو پرسیار، كاك عیماد باسی كرد لەلام بڵێین لە مەنتیقەی بەغداو ئەو جێیانە بڵێم، بەڵام تورقی كەركوك كە جاروبار دەیبینی ئیش دەكەن، لە كەركووك دەردەچیت بۆ سلێمانی، یان دەردەچیت بۆ هەولێر، ئیشەكان هەم قیرەكە مەزبوتترە، هەم ئیشەكەیان ڕێكترە، یەعنی من گەرچی وەكو شایەتییەك پێم وایە كاتی رژێمیش تورقی كەركووكیش یەكێك لەو مودیریەتانە بووە، كە سەركەوتوو بووە، بەڵام بۆ ئەو قیرەی ئەوان باشترە لەو قیرەی كە دێت بۆ كوردستان، ئەگەر هەر مەنبەعێكە، یان یەكێكە، گوایە ئێمە ناتوانین قیر لە توركیا، یان لە ئێرانەوە بێنین، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
بەڕێز كاك عیماد وەزیری ئاوەدانكردنەوە لە قسەكانیدا ئەو ئەم مەوزوعەی كردەوە، بەڵام با موناقەشەكەمان لەسەر قانونەكە بێت، رۆژێك بانگی دەكەین، چونكە كاك عیماد سنگی فراوانە، بەڵێ دەزانم تۆ نەبووی، ئەو خۆی مەوزوعەكەی كردەوە، بۆ ئەو مەوزوعە لە دانیشتنێكدا وەزیر بانگ دەكەین، لێرە پرسیارەكان كۆ دەكەینەوەو هەر ئەوە نییە، لەسەر بەڵێندەر و لەسەر زۆر شت كارەكان و بەرنامەكەیان هەمووی بە گشتی باس دەكەین، كاك عیماد من هەر سێ، چوار كەس قسە دەكاتن حەز دەكەم تۆ تێبینی خۆت بدەیت، ئێستا سێ كەس قسەیان كرد، فەرموو جەنابت قسە بكە.
**بەڕێز عماد احمد/ وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
سەبارەت بەوەی كاك رەفعەت كە یەك وەكیل وەزیر بێت، بۆ ئەوەی تەزەخوم نەبێت، تەزەخوم بە هەزارانە بە یەك كەس نە زیاد دەكات، نە كەم دەكات، یەعنی ئێستا ئێمە بەس حكومەت، چونكە بەڕاستی ئێمە دەڵێین مووچە خۆری لە كوردستان لە سەرووی ملیۆنێك و سەد هەزارە، بەس فەرمانبەر لە حدود نۆسەد هەزارە، ئەوەی لەلای خۆمان كارمەندی حكومەتە لە هەردوو ئیدارەكە، یەك كەسەكە من تەسەور

دەکەم یەعنی کەم تەئسیری لە تەزەخوم بکات و تەئسیر لە مووچەکە بکات, بۆ سەرپەرشتی ئیش و کارەکانە, من حەز ناکەم باسی خۆم بکەم, هەندێك وەزیر پێی خۆشە هەر وەکیل وەزیری نەبێت, یەعنی بۆ ئەوەی خۆی ئیش و کارەکان بکات, من خۆم هاتوومە دوو کەسم داناوە, بۆ ئەوەی تا فێر بین ئیش دابەش بکەین, فێر نەبین ئیش لەلای خۆمان بهێڵینەوە دەین, فێر بین خەڵك وەگەڕ بخەین, ئەوە گرنگ نییە, مەسئوول نییە, بڵێ وەڵلاً من بیست و چوار سەعات ئیش دەکەم بە تەنها, با ڕۆژی چوار سەعات ئیش بکات و چل کەس بخاتە ئیش, ئەوە ئینتاجیشی زیاتر دەبێت, ئەم وەزارەتە دوو شتی جیاوازن ڕێگاوبان لەگەڵ با بڵێم ئاوەدانکردنەوە, یان مەبانییەکە دوو شتی جیاوازن, ئەگەر هەر یەکێ ئیختیصاصی خۆی هەبێت قازانج زیاتر لێی دەکەین, کە وەکیل وەزیرێك دابنێین بۆ ڕێگاوبان, وەکیل وەزیرێك دانێین بۆ نیشتەجێ کردن, سەبارەت بە موڕاقەبە کردنی ڕێگا, ئێمە خۆمان وەکو مودیریەتەکان کە هەمانە, یەعنی یەك موڕاقەبە کردن ئەوە مرور خۆی دەیکات.

دوو/ خەڵکەکان و ئەگەر قەزاو ناحیەکانیش هەبێت ڕەئیسی وەحدەی ئیداری موحافزە, قائیمقامە, مودیر ناحیەیە, ئەوە یەکێکە.

سێ/ لە هەر شوێنێکیش مودیریەتێکمان هەبێتن, ئەوانە خۆیان هەڵدەستن بە موڕاقەبە کردن و, دوای ئەوە کە موڕاقەبەی دەکەن, ئێمە ئێستا ئەوە لە قانونەکەمان تازەیە, مودیریەتێکی صیانەمان دروست کردووە, لە هەر شوێنێك خەلەلێك هەبێت, ئەو مودیریەتە فریای بکەوێت, بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو مامۆستا فەتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیانە نیم کە دوو وەکیل وەزیر هەبێت, بەلاّم بە هەر حاڵ کە دوو وەکیل وەزیر دروست دەبێت, چونکە لە وەزارەتەکانی دیکە دوو وەکیل وەزیر نییە, بۆ وەزارەتەکانی دیکەش هەی داوای دوو وەکیل وەزیر بکەن, بە هەر حاڵ کە قەرار دەدرێت بۆ دوو وەکیل وەزیر, بەلاّم چوار مودیر عام بە چواری تر ئەوە هەشت, هەروەکو لیژنەی یاسایی ئیشارەتی پێداوە, ئایا تەزەخومێکی زۆر دروست ناکات؟ یان وەزارەتەکانی دیکەش بۆیان نییە لە هەندێ حاڵەتدا داوا بکەن, بڵێن ئێمەش داوا دەکەین مودیریەتێکمان بۆ زیاد بکەن بە مودیریەتی عامە لە هەندێ موحافەزە, لەبەر ئەوە منیش تەئیدی ئەوە ناکەم, کە ببێت بە هەشت مودیر عام, ئەگەر ببێت بە دوو وەکیل وەزیر قەیدی ناکات, دیارە ڕەئی جەنابیشتان هەر وایە, بەلاّم هەشت مودیریەتی عامە پێم وایە تەزەخومێکی زۆر دروست دەکات و وەزارەتەکانی دیکەش بۆیان هەیە داوا بکەن, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە من لەگەڵ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە هاوڕام, فیعلەن ئەو وەزارەتە پێویستەو گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە, لەبەر ئەوەی ولاٌتی ئێمە وێران کراوە, ڕێگاوبان نییە, جسور نییە, ئەو گوندانەی باس کرا هیچی ئاوەدان نەکراوەتەوە, بۆیە ناکرێت ئێمە هەموو وەزارەتەکان بەیەك ببەستینەوە, چونکە ئەرك و کاری هەموو وەزارەتەکان وەکو یەك نییە, وەزارەت هەیە ئەسڵەن یەك مودیر عامی بۆ زیادە, یەکەکەی کە بۆی دانراوە زیادە, ئەمە کارەکە وایە, بەپێی زەرووریەت ئێمە لێرە دانیشتینە, مانای ئەوە نییە بۆ تەزەخوم وەکو دەڵێن (تەدمیر)ی بەشێك لە ئاوەدانکردنەوەی ولاٌتی خۆمان بکەین برادەرینە, بۆ ئەوە لێرە دانەنیشتینە دە وەرەقە لە مووچەی مودیری عامێك کەم بکەینەوە, بەلاٌم وەکو دەڵێت شەلەلی ئاوەدانکردنەوە, یان نیشتەجێ کردنی ولاٌتی خۆمان بکەین, ئێمە لێرە دانیشتینە بەپێی زەرووریەت بڕیار بدەین, بەپێی زەرووریەت قسە بکەین, پەیوەندی بەوە نییە لە هەر جێیەك.

خاڵێکی تر فیعلەن وەکو باس کرا, ئەو وەزارەتە دوو کاری هەیە هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نییە, نیشتەجێ و ڕێگاوبان دوو شتی زۆر لێك جیاوازن, یەعنی دوو وەزارەت لێك گرێ دراوە, فیعلەن هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نییە, دوو ئیشی جیاوازن, حەقە ئەوە لەبەر چاو بگرین, کە ئەو دوو کارە جیاوازن.

خاڵێکی تر دابەش کردنی دەسەلاٌتەکان, فیعلەن وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد, بۆ زیاتر کۆنترۆڵ کردنی کارەکان زۆر زەرووره, مەسەلەن لە دهۆك چ مانای هەیە کە مودیر عامێك لەوێ نەبێت, ئەگەر هی تورق و جسور هەبێت, دەبێت هی نیشتەجێش هەبێت, یان نابێت هیچیان هەبێت, یان دەبێت هەردووکیان هەبێت, ئیشەکە وایە, چونکە ئیشەکان جیاوازن, لەوێوە بێتەوە ئێرە, کەواتە ئەمە لێرە فیعلەن شەلەلمان خستە کارەکەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن جێبەجێ نەبێت, ئەگەر لە دهۆك, یان لە سلێمانی هەتا دێتە هەولێر تا ئەمر وەربگرێت, فیعلەن ئەوە ئەوەندە ڕۆتینیاتیش هەیە هیچ ئیش جێبەجێ ناکرێت, بۆیە حەقە ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوە بین ئەو دوو مودیر عامە هەبێت, بۆ ئەوەی ولاٌتی ئێمە, خەڵکی فەقیری ئێمە, خەڵکی لێ قەوماوی ئێمە سوودی لێ دەبینێت تەنها ڕێگاوبانە, ئەوەی بە گشتی هاوولاٌتیانی بێ دەرامەت و بێ دەسەلاٌتی ئێمە کە هیچ سوودێکیان لەو حکومەتە پێ ناگات, تەنها ڕێگاوبانە کە سوودی لێ ببینێت, ئەمەش شتێك بکەین, نازانم بەکارێکی باشی نازانم بەڕاستی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك عەبدولڕەحمان فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا پێشینار دەکەم ئەم وەزارەتە ببێت بە دوو وەزارەت, چونکە ئەگەر دوو بریکاری وەزارەت بوو, ئەگەر دوو مودیریەتی عامە بوو, ئەی بۆ دوو وەزیریش نەبێت؟ من وا پێشنیار دەکەم ئەو وەزارەتە ببێتە دوو وەزارەت و ئەو موشکیلانە هەمووی حەل دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموومان دەزانین مەوزوعی کوردستان و وێران کردنی چوار هەزار و پێنج سەد دێ, بەڕاستی ئەو وێرانکارییەی لە کوردستاندا هەیە, پێم وا نییە لە هیچ دەوڵەتێکی تر هەبێت, یەعنی بۆ نیشتەجێ کردن من تەئیدی کاك عەبدولڕەحمان دەکەم, بەلاّم پرۆژەکە خۆی وا هاتووە, یەك وەزارەتە, ئێمە بۆ نیشتەجێ کردن وەزارەتێکمان دەوێت, جگە لە ئاوەدانکردنەوە, چونکە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتە, بەتایبەتی ئەوەی کە چینی هەژارە, نیشتەجێ کردن یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکان, بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر دوو وەزارەت نییە, دوو مودیریەتی عامەی هەبێت لە ئاستی وەزارەتدا, مودیریەتی عامەی ئاوەدانکردنەوەو, مودیریەتی عامەی نیشتەجێ کردن, ئینجا لە پاشان ئەوەی هەر یەکە بەشەکان خۆی دایناوە, هەروەها من پێشنیاری ئەوەی دەکەم وەزیر حەقە سەلاحیەتی ئەوەی بدرێتێ, بۆ ئەوەی تەفویز بداتە خوارەوەی خۆی, بۆ کەم کردنەوەی رۆتین و, ئێمە ئەگەر باس لە نیشتەجێ کردن بکەین, حەق وایە لە کوردستان ئەگەر هیچمان پێ نەکرێت, موئەسەسەیەکی نیشتەجێ کردن دابمەزرێت و سەر بەم وەزارەتە بێت, بۆ ئەوەی ئەزمەی سەکەن نەمێنێ, کە ئەزمەیەکە, بەتایبەتی چینی هەژار پێیەوە دەناڵێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك شێروان مولاحەزەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت کە ئێمە گوتمان مانعمان نییە دوو وەکیل وەزیر هەبێت, خۆی لە خۆیدا بایەخدانە بە وەزارەتەکە بە حەقیقەت, بۆ ئەوەی بتوانێت دەستی کراوە بێت بۆ ئیش و کارەکان, ئێمەش لەگەڵ ئەو هەموو بۆچوونانەین, کە چەند خزمەت بکرێت, بۆ کوردستان هەر کەمە.

**خاڵی دووەم/** جەنابی وەزیر ئیشارەتی بەوە دا, کە دەڵێ مەسەلەی لامەرکەزیەت, مەسەلەی لامەرکەزیەت ئەگەر مودیریەتێکی عام بێت, ئەگەر دوو مودیریەت عام بێت, ئەگەر سێ مودیریەت عام بێت, هەمان شتە, بە قەناعەتی من ئەوە بەنیسبەت لامەرکەزیەت.

بەنیسبەت دەڵێن مودیریت لە ئاستی قەزاو ناحیەکان, ئیمکان هەیە مودیریات لە ئاستی موحافەزەکان بێت, بەلاّم سەر بە مودیریەتی عامەی تورق و ئیسکان و ئیعمار بێت لە هەمان موحافەزە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك عیماد رەئی تۆ لەسەر ئەو مولاحەزانە.

**بەڕێز عماد احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی کە دەڵێت هەشت مودیریەی عامە هەبێت, هی ئێمە شەشە, کەرکووك خوا بکات بێتەوە سەر هی ئێمە بەو دوو مودیریەتی عامی ئێمە زیاد بێت, حەقە سەد جار سەڵەواتی بۆ لێ بدەین, یەعنی هیچ ئەوەی لەگەڵ ناکرێت, ئێمە بڵێین بە زیادی بزانین, هەتا وەزارەتەکانی تریش مودیریاتیان بۆ زیاد بکەن بۆ مەسەلەی کەرکووك, ئەوە شانازییەو دەستکەوتێکە هیچ کەس هین نەبین لێی, بەلاّم ئێستا شەشە, ئەگەر بەو شکلە بێت, چونکە سێ موحافەزەمان هەیە, ئەو سێ موحافەزەیە مودیریەتەکان هین دەکات, بۆ قسەکانی کاك عوسمان بەڕاستی لە من زیاتر دیفاعی لێ کرد, سوپاسی دەکەم و نەمتوانی من وا تەعبیری لێ بکەم, دەستی خۆش بێت, سەبارەت بە وەزارەت بیکەین بە دوو وەزارەت, من حەز ناکەم قسەیەك وەکو تەعن بکەم, دوو وەزارەت بوون ئیش و کارەکانیان وەکو پێویست جێ بەجێ نەدەکرا, یەعنی بە حوکمی نەداری, بە حوکمی دوو حکومەتی, یەعنی حاڵەتێك بووە, ئێستا کراوەتە یەك وەزارەت, ئەگەر ئێمە بەم شێوەیە وەکیل وەزیرمان دانا و مودیریەتی عاممان دانا بۆ قۆناغێکی تر باش رۆیشتین, ئەو کاتە بکرێتە دوو وەزارەتیش تەبیعییە, یەعنی تۆ زەمینەی بۆ خۆش دەکەی, ئەگەر بەیانی بووە دوو وەزارەت بە تەبیعی دەبێتە دوو وەزارەت لە جیاتی ئەوەی تۆ بەشێکی لێ نەکەیتەوە, بۆ ئەوەی ئەو فیکرە سەر بکەوێت, حەقە دوو وەکیل وەزیرەکە دانێین, حەقە دوو مودیریەتە عامەکە دانێین, بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو بۆی بچین و شتە ئیختیصاصەکان دروست بکەین, بەلاّم ئیختیصاص نەك لە هەموو بوارێك, وەکو ئەو برادەرە کاك عوسمان باسی کرد, چونکە هەندێ وەزارەت هەیە وەکو وەزارەتی تەندروستی ناتوانێت بڵێت من دوو وەکیل وەزیر دادەنێم, یەعنی ئیمکانە ماوەیەك لە صحە دوو وەکیل وەزیر هەبووبێ, هەندێ وەزارەتمان هەبووە سێ وەکیل وەزیری هەبووەو یەعنی زۆر تەبیعییە ئەگەر تۆ وەکیل وەزیر تەکلیف بکەیت بۆ ئیش و کار, من تەسەور ناکەم زەرەر بکەین لە ئیش و کارەکانی خۆمان و, ئەمە بۆ راپەڕاندنی ئیش و کارە, یەعنی هەتا ئەگەر لە قانونەکەش هینی نەکەن بەیانی, یان دوو بەیانی ئێمە داوا بکەین لە ئەنجومەنی وەزیران ئیمکانە بۆمان دانێن, بەس من دەڵێم بۆ شتەکانمان بە قانونی نەبێت, ئەمڕۆ عیمادە,

بەیانی عوبیدە, دوو بەیانی ئیمکانە خوشکێك بێت ببێتە وەزیر, با ئێمە ئیش و کارەکانمان بە رێك و پێکی بچێت و دوو وەکیل وەزیرەکە زۆر هینە.

سەبارەت بەوەی کاك شێروان کە باسی کرد گوتی ئەگەر ئێمە یەك مودیریەتی عامەمان هەبێ, یەعنی من لەوەم نییە یەك مودیریەتی عامەکە وەکو باسم کرد, ئەگەر لە موحافەزەی سلێمانی فەرەزەن مودیریەتی عامی رێگاوبان و نیشتەجێ کردنمان هەبێت, ئەمە عایدی کێ دەبێت؟ ئەمە عایدی چ وەکیل وەزیرێك دەبێت, تۆ لێرەوە کاك شێروان بیری لێ بکەوە, ئەگەر دووان بێت, ئێمە دوو وەکیل وەزیرمان هەیە هەرمیەن چۆتە سەرەوە تەشکیلەکەمان کردووە, من حەز دەکەم خەریتەکە ببینن بەو شکلە دەکرێت کاك عەدنان, هەر یەکە ئیختیصاصی خۆیەو ئیشەکە هاتووەو چۆتە هینەکە, ئەگەر وا بێت یەك مودیریەتی عامەمان هەبێت هەردوو ئیشەکە بکرێت, لێرە خەلەل لە تەوجیھ کردن, لە ئیشراف کردن, خەلەل لە پەیوەندی کردن دروست دەبێت, یەعنی مەشاکیلێك لە ناو وەزارەتەکە دروست دەبێت, جا من کە ئەم پێشنیارەمان کردووە, یەعنی ئێمە ئەوەمان لەبەر چاو گرتووە, کە وەزعی کوردستان بەرەو ئاوەدانکردنەوە دەچێت, ئەوەمان لەبەر چاو گرتووە, کە تەجروبەی پێشترمان سەرکەوتوو نەبووە, ئەگەر ئەمە پێشتر وا بووە, ئیش و کارەکانمان رێك بووە, ئەگەر رێك بووە دەستتان خۆش بێت و هیچ موشکیلەمان نییە, یەعنی ئەمە نموزەجێکی تازەیە بۆ سەرکەوتنی ئیش و کارەکانمان, بۆ گرنگی دان بە کەوادیری خۆمان, من شتێکیشم لەبیر چووە, ئەوانە دەبێت هەندەسی بن و, مودیر عامەکانی ئێمە کە نووسیومانە لە (15 تا 20) ساڵ کەمتری نەبێت, نازانم ئێستا لەناو قانونەکە نییە, ماوەی زەمنیەکە بۆ نەهاتووە, لە لای ئێوە هەیە, چونکە من داومەتە ئێوەو دەبێت ئیختیصاصی بن, دەبێت فەترەی زەمەنی لە ئیشدا بن, بۆ ئەوەی بتوانن ئیش و کارەکانیان جێ بەجێ بکەن, جا ئەمە قەراری خۆتانە زۆر موناقەشەی بکەن , بیخەنە دەنگدانەوەو قەراری چی لێ دەدەن, ئەوە بەرژەوەندی حکومەتەکەو وڵاتەکەمانە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موشکیلە لەوەدایە پرۆژەکان کە لە حکومەتەوە هاتووە, ئینجا دواتر ئەو تەعدیلاتانەتان داوا کردووە, جا ئێستا سەرۆکی حکومەت و حکومەت و نوێنەری حکومەت و وەزیری هەرێمیش پێی پەسند کراوە, بەڵام ئەمە ئیشکالی بۆ ئێمە دروست کردووە راستیەکەی, ئیشکالەکە ئەوەیە کە پرۆژەکە بە جۆرێك بڵاو بۆتەوە, ئێستا ئەو تەغیراتانەی کە داوا دەکەن, من خۆم تەغیراتەکە بە واقیعی دەبینم, لەبەر ئەوەی وەزارەتێکی گرنگە و ئومێدێکی زۆرمان پێیە بەڕاستی, هەمووومان مەبەستمان ئەوەیە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵك بکەین, وەکو کاك عوسمان و برادەرانی تریش ئاماژەیان پێ کرد, دەبێت هەموو ئیهتیمامان چاودێری کردنی وەزارەتەکە لە وەزارەتەکانی تریش زیاتر دەبێتن بە حەقیقەت, لەبەر ئەوە ئەو داواکاریانە بۆ خزمەت کردنی خەڵکە, بۆ راپەڕاندنی ئیشە, ئەگەر لە پێش چاویشمان بێت, کە تەزەخومێکی تێدایە, ئەمە وەکو عیلاج نییە, بۆ ئەو تەزەخومە گەورەیەی کە لە هەموو کوردستاندا هەیە, بەڵام ئەگەر قەناعەتمان پێیەتی زەرووڕە لە ترسی ئەوەی کە تەزەخوم هەیە, ئەو قەناعەتەمان لە

خۆ تێك نەدەین راستیەکەی, دوو وەزارەتیش هەیە, من لە مەسەلەی دوو وەکیل وەزیری زۆر بە تەبیعی دەزانم, بەتایبەتی کە دوو وەزارەت دەمج دەبێتن, دوو وەکیلیان هەبێتن, مەسەلەن ئێستا وەزارەتی گەشتوگوزاریش ئاسەواری چۆتە سەر, ئەویش رەنگە بێتە موناقەشە کردن دوو وەکیل وەزیری بوێت, یەکێك بۆ ئاسەوار و یەکێکیش بۆ گەشتوگوزار, دوو شتی جیاوازن, بەلاَم مودیریاتەکان ئەو مەنتیقەیە کە باس کراوە, هێشتا چەند کەسێکی تریش ماوە قسە بکەن, ئەوانیش با رەئی خۆیان لەسەر بدەن, ئینجا رەئی جەنابی کاك عیماد وەزیری ئاوەدانکردنەوە گرنگە, چونکە ئەو مەسئوولی یەکەمی جێ بەجێ کردنەکەیەو, ئەو دەزانی ئیحتیاجاتی خۆی چییە مەسەلەن, دەکا شەخسی نییە, دوو ساڵی تر وەزیرێکی ترە, لەبەر ئەوە هەمووومان رەئی ئەو وەردەگرین, ناڵێم کە شتێکی تایبەتی خۆیەتی, شتێکە بۆ دوا رۆژیشە بە مەوزوعی هێناویەتی, لە پاشان لە ئەنجومەنی وەزیران ئیقرار کراوە, دواتر ستافە فەنیەکانی خۆی مولاحەزەی خۆیان داوەتێ, ئەمە صیغەیەکی عەمەلی نییە, بۆ دوو وەزارەتەکە بۆتە یەك وەزارەت, بەتایبەتی لەم مەرحەلەی ئێستادا, رەنگە پاش سێ چوار ساڵی تر, ئەو ئیحتیاجە نەمێنێت بە دوو وەکیل وەزیری, ئێستاکە نیمانە دوو ئیختیصاصی بەڕاستی لێشیان تێك دەچێت بەحەقیقەتدا, ئەوە شتێکە, ئەوەش شتێکی ترە, یان دەبێت وەزیر هیچ وەکیل وەزیری نەبێتن, بە رەئی من هەموو سەرپەرشتی خۆی بیکاتن, ئەوەش تاقەتێکی فەوقەلعادەو ئیختیصاصێکی زۆری دەوێتن, یان ئەگەر بمانەوێت دەست پێ بکەین بۆ دەمج کردنی بەشێوەیەکی عەمەلی, ئەو ئیقتیراحە پەسندە, کە دوو وەکیل وەزیری موختەسی هەبێتن, یەکێکیان بۆ ئیعمارو یەکێکیشیان بۆ رێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن, هەر دوو شتی جیاوازن, ئێستا قسە دەدەمە دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێشنیازێکم هەیە لەگەڵ چەند تێبینیەك, پێشنیازم ئەوەیە کە من ماددەی سێ دەخوێنمەوە, وشەی مەرکەزی وەزارەت, بە رای من بکرێت بە پێکهاتەی وەزارەت جوانترە, مەرکەزی پۆلیس, مەرکەزی وەزارەت جوان نییە, ئینجا لە دوو شوێندا مەرکەزمان هەیە, ئەگەر بکرێتە پێکهاتە زۆر جوانترە, پێشنیازەکەم ئەوەیە ئەگەر ماددەی سێ بخرێتە ماددەی دوو, چونکە لێرەدا ئەو کۆمەڵە زاراوانە هەر یەکە واتایەکی تایبەتیان هەیە لە ماددەی یەکەمدا, کە دەڵێت ئەم دەستەواژانە, یەکسەر لە دوای ئەوە پێکهاتەی وەزارەتەکە لەمە پێك دێت, خاڵی سێیەم ئەرك و فەرمانەکانی ئەم وەزارەتە وا جوانترە, یەعنی ئەگەر لە رووی ئەکادیمی و لە رووی زانیستیەوە ئێمە تەماشای بکەین.

پێشنیازێکی ترم هەیە, لە خاڵی سێیەمدا نووسراوە خاوەن ئەزموون و کەردەش بن, ئەوە هیچ مانایەکی نییە, ئەگەر بنووسرێت خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بن, ئەمە جوانترە.

خاڵێکی ترم هەیە, بەڕاستی لە خاڵی (أ) نووسینگەی وەزیر فەرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکات, ئەمە دووبارە بۆتەوە, وشەی سەرۆکایەتی لە (د) و (هـ)دا بە پێچەوانەی خاڵی (ج)ەوە, ئەگەر بنووسرێت فەرمانبەرێ

بەڕێوەی دەبات جوانترە, نەك سەرۆكایەتی دەكات, چونكە سەرۆكایەتی زیاتر بۆ وەزیرە, كە سەرۆكایەتی هەموو كارەكانی دەكات.

خاڵێكی تریشم هەیە بەڕاستی من چەند ئەرك و پێكهاتەی ئەم وەزارەتە دەخوێنمەوە, نیشتەجێ نایبینم, زیاتر گرنگی بە ئاوەدانكردنەوە داوە, تاكو نیشتەجێ, ئینجا بۆیە بەڕاستی ئەركی وەزیر ئەركێكی گران دەبێت و, من لێرەوە بریا بمان كردبوایە بە دوو وەزارەت, بە دوو بریكار چاكترە, چونكە ئێستا لەم كوردستانە وەزیر هاتۆتە سەر ولاَتێكی وێران, هاتۆتە سەر ولاَتێك هەمووی خاپوور كراوە, شوێنی نیشتەجێ ئێستا تەزەخومێكی گەورە هەیە لە كوردستاندا بۆ نیشتەجێ كردن, جا من داواكارم بەڕاستی ئەو پێشنیارە بخاتە بەردەمی ئێوەو بەردەمی سەرۆكایەتی حكومەتی كوردستان و, داواكاریشم لێی داوایەكی تایبەتی كە من دەنگم ناگاتە لای و, هەروەها ناتوانم بگەمە لای گرنگی بە ناوچەی ئەنفالكراوەكان و كیمیاباران چ لە رووی نیشتەجێ كردنەوە, چ لە رووی رێگاوبانیشەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەعەجوبم دێت ئەم مەوزوعەمان ئەوەندە موناقەشە كردووە, لەبەر ئەوەی وەزیر خۆی دەیەوێت ئیشەكانی جێ بەجێ بكات, ئیشەكانی بڕوات, نایەوێت ئەم فەترەیەی كە ئەو دەبێت بە وەزیر هەروەكو چۆن بە وەزیری پێشوومان وت رەحمەتی لێ بێت, بەمیش هەمان قسە بكەین, یەعنی ئەو دەیەوێت رەحمەت بووی راستی بۆ بنێرین, ئەمە یەك.

دوو/ ئێمەی خەڵك مەعەدەل لە لاپەڕەكانی رۆژنامەكان و لەناوخۆمان كە دادەنیشین باس لەوە دەكەین كە چۆن ئەم مەشروعانە فەشەل دەهێنێ و بۆ فەشلی دەهێنێ و پرسیار لە كوێ بكەین؟ ئەگەر هاتوو ئەمە هەمووی بە یەك هەنگاو حەل بكرێت, دوو وەكیل وەزیر و لە هەموو بلێین پارێزگایەكدا دوو مودیریەتی عام هەبێت, سبەی رۆژێ ئەگەر هاتوو ئێمە موراقەبەمان كرد, دەزانین موراقەبەی كێ دەكەین و چاودێری كێ دەكەین و, ئەگەر هاتوو لە لاپەڕەكانی رۆژنامەكانیشدا گەلەییەك كرا, دەزانرێت رووبەڕووی كێ دەكرێتەوە, یەعنی لێرە مەوزوع دابەش كردنی ئیشە, لەبەر ئەوە من سەد لە سەد پشتیوانی لە وەزیر دەكەم, فەرسەتێكی بدەینێ بۆ ئەوەی ئیش و كارەكانی بەم شێوەیە بەڕێوە ببات, ئەگەر سەركەوتوو نەبوو, ئەوسا دەتوانین گەلەیی لێ بكەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سێ كەسی تر قسەی تیا دەكات دوایێ دەیخەینە دەنگدانەوە, بەلاَم سۆزان خان ئەم موناقەشەیە تەعەجوبی ناوێت, چونكە ئیختیلافی لەسەرە, هەر شتێك ئیختیلافی لەسەر هەبوو, موناقەشەی لەسەر دەكرێت, لەبەر

ئەوە تەعەجوبەکەی ناوێتن, ئەگەر نا بۆ وەزیر حکومەت هەرچی بنێرێت بۆی موافەقەت دەکەین و یەکسەر دەڵێین باشە, بۆ دەوڵەمەند کردنی فیکرەیەکەو بۆ قازانجی ئەوانیشە, فەرموو خاتوو سارە.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتاوەکو لە ناوچەیەکی راگوێزراو نەژی نازانیت چ ئەرکێك لە ئەستۆی ئاوەدانکردنەوەو ئەشغال دایە, بەڕاستی ئەرکەکەی قورسە, هەروەکو جەنابی وەزیریش باسی کرد, دوو کاری جیاوازن, ئەگەر ئێمە مەبدەئیەن لەگەڵ ئەوە بین, کە دوو وەکیل وەزیر هەبێت لە دابەش کردنی کارەکە لە وەزارەتەکە, بۆچی ئێمە لەسەرەوە کارەکە دابەش بکەین و جارێکی تر لە خوارەوە تێکەڵی بکەینەوە, لەبەر ئەوە کە لەسەرەوە دوو وەکیل وەزیر هەبێت زەرووورە لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانیش هەمان شت, کارەکە بەپێی ئیختیصاصی خۆی جیا بکرێتەوە, بۆ ئەوەش کە دەڵێن ئەو کارە لە یاساکەی ئەنجومەن وەزیراندا هاتووە, ئەی باشە ئیشی پەرلەمانیش ئەوەیە, بێت و بتوانێت گۆڕانکاری بکات لەو یاسایە, یەعنی راستە لە پرۆژەکەی ئەنجومەنی وەزیران باسی دوو وەکیل وەزیر و دوو بەڕێوەبەرایەتیەکەی گشتی تێدا نییە, بەڵام پەرلەمانیش دەتوانێت گۆڕانکاری بکات, ئەگەر بێتو رای ئەندامانی پەرلەمانی لەسەر بێت, بۆیە ئێمە ئەو گۆڕانکاری و پێشنیاری لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو جەنابی وەزیر بە باش دەزانین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمان محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وێڕای پشتگیریم بۆ رای لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو رای وەزیر, من رایەکم هەیە دەربارەی راوێژکاران, واتا موستەشارین, بەپێی یاسا ئەکادیمیەکان, موستەشارەکان دەبێت هەڵگری بڕوانامەی دکتۆراو ماستەر بن, بەتایبەتی دکتۆرا, بۆ ئەوەی ئێمە راوێژکارەکانمان لە ئاستی راوێژ کردن دابن, باشتر وایە هاوکاری زانکۆکانمان بکەین, بەتایبەتی ئەوانیش زۆر گەلەییان هەیە لە زۆر بواردا پشتگوێ خراون, ئەمیش وەکو چۆن ئێمە لە بواری تەندروستیدا زۆر لە پسپۆڕەکانمان هەم لە زانکۆ دەرس دەڵێنەوەو هەمیش لە نەخۆشخانەکاندا کاری عەمەلی دەکەن, ئەمەش دەوڵەمەند کردنێکە, هەم بوارێکی عەمەلی بۆ خوێندکارەکان دروست دەبێت, ئەگەر مامۆستایەکانیان لەناو وەزارەتەکاندا ئیش بکەن, ئەو کاتە چاودێری ئەو خوێندکارانە دەکەن, کە لە دەورە هاوینیەکاندا عەمەلیانە ئیش دەکەن و شارەزاییەکی باش پەیدا دەکەن, وەزارەتەکانیش سوودێکی باش لە شارەزایانی مامۆستایانی زانکۆ دەکەن, لەگەڵ ئەو تێکەڵاو بوونەش زەرووورەیەکە بۆ ئەو قۆناغە, هیوادارم بیرێکی لێ بکرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

به حەقیقەت کە من بیری لێ دەکەمەوە, هەست دەکەم وەکو پێویست بیر لە مەوزوعەکە ناکەینەوە, ئێمە تەزەخومێکی یەکجار فراوانمان هەیە, نموونەیەکی سادە دەهێنمەوە ئەوە سێ مانگە پێشمەرگەکانمان پارەیان وەرنەگرتووە, یەعنی ئیمکانیەت نییە, هەموو فراوان کردنێك و هەموو تەزەخومێك تەئسیر دەکاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان, کە ئێمە تەزەخوممان هەبێت ناتوانین مەشاریع بکەینەوە, ئەسڵەن لە ئەساسدا چل و دوو وەزیر هەر زۆر زۆر بوو, یەعنی لە واقیعدا میللەتان (330), (340) ملیۆنن دوانزدە, سیازدە وەزارەتیان هەیە, ئەگەر میکانیزمی رێك و پێك هەبێت, ئەگەر شعور بە مەسئوولیەت هەبێت, ئەگەر کارەکان بە رێك و پێکی دابەش بکرێت, دەتوانرێت کار بکرێت, بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە ئیقتیصاد لە بودجە بکەین, لە جیاتی ئەوەی دابەشی بکەین لەنێوان خۆماندا بەکاری دەهێنین بۆ خزمەت کردن و ئاوەدانکردنەوە لە کوردستاندا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاڵی نیزامت هەیە.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك پرسیارم هەیە, هەرچەندە ئەو خوشکە باسی کرد, بەڵام من دەمەوێ ئاراستەی جەنابی کاك عیمادی بکەم وەکو وەزیر, ئەم پرۆژەیەی کە هاتووە دیارە لە ئەنجومەنی وەزیران موناقەشەی کراوە, بۆ دوو وەکیل وەزیر موافەقەتی لەسەر کرا, بەڵام دوو مودیریەتە عامەکە موافەقەتی لەسەر نەکرا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ خاڵی نیزام هەبوو, تەنیا مولاحەزەیە بۆ کاك جەمال, زۆر جار باس دەکرێت چل و دوو وەزیر بۆچی و هەندێ وڵات هەیە سێ سەد ملیۆنن دوازدە وەزارەتیان هەیە, ئەویش بە مەرحەلەیەکی وەکو ئێمە تێپەڕ بووە, چل و دوو وەزیرەکە لەبەر ئیحتیاجات نییە, ئەو مەرحەلەیە بۆ ئەوەیە ئەو تەجروبەیە سەربکەوێتن, لەو مەرحەلەیەدا ئیئتیلافەکە زەرووری بوو, دەمجی دوو حکومەت بوو, رازی بوونی هەموو پێکهاتەکانی پەرلەمان بوو, کوتلەکان بوو, بۆیە ئەوە وای لێ کرد نۆ وەزیر زیاد بێت, بێجگە لەوەش لە بەغدا وەزارەتی زیاد دروست کراوە, بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی ئێمە خۆمان بە بچووك نەزانین و لەسەر شێوەی بەغدا چەند وەزارەتیان هەیە, لێرەش وەزارەتەکان هین بکەین, لێرە جیا بوونەوەش بوونە دوو وەزارەت موەقەتیشە, بۆیە ئینشائەڵلا لە چەند ساڵێکی تر لە کابینەیەکی تر دەبێتە ئەو ژمارەیەی کە پێویستن, ئێستا دوو,سێ مەوزوع پێویستی بە رەئی هەیە, پێشنیارێك من کردم جەنابی وەزیر رەئی نەدا لەسەری,لەسەر ئەوەی کە مودیر عام و موستەشار وەکو وەزارەتەکانی تر دەبێت دە ساڵ کەمتر نەبێت, واتا

تەحدید بکرێتن کە لە دە ساڵ خیبرەی کەمتر نەبێتن, وەکو دەوڵەتەکانی تر لیژنەی یاساییش ئاماژەی پێ نەکردووە, ئەوە رەئیتان چیە لەسەری.

دوو/ دەمێنێتەوە سەر دوو مەوزوع کە پێویست دەکاتن حەسم بکرێتن, ئەو وەزارەتە پێویستی بە دوو وەکیل وەزیر هەیە.

سێ/ ئایا هەر پارێزگایەك دوو مودیر عامی هەبێتن, یان نەبێتن؟

هەرسێکی یەکە یەکە مەوزوعەکە بزانە کاك شێروان بەنیسبەت دە ساڵەکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من مەعلوماتم لێی هەیە لە قانونی وەزارەتەکان خدمەتی خوبەڕاکان و موستەشارین نەهاتووە بە قەراری قەتعی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی منیش بە بیرم دێت, لە هەندێکیان هەیە ئەوەندەی لەبیرم بێتن تەحدید کراوە هەندێك بە حەوت ساڵ, هەندێك بە هەشت ساڵ, بەلاَم بە عام بە دە ساڵ تەحدید کراوە, کاك عیماد فەرموو.

**بەڕێز عماد احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارانەی کە ئەو خوشك و برایانە کردیان, لەوەی خوارەوە ئایا تەزەخوم دروست دەکاتن ئێمە دوو وەکیل وەزیر و دوو مودیر عامی رێگاوبان دروست بکەین, یان نا, خۆی ئێستا لە وجوددا هەیە, یەعنی من ناچم مودیر عامێك بێنم و موهندسێك بێت بیکەمە مودیر عام, ئێستا مودیر عامی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی هەیە و رێگاوبانی سلێمانی هەیە, لە هەولێر هەمان شت هەیە, ئەگەر بکەین بۆ دهۆك دەیکەین هەمان مودیریەت, یەعنی ئێستا لە خودی سلێمانی مودیر عامی ئاوەدانکردنەوە هەیە, مودیر عامی رێگاوبان هەیە, لە هەولێریش هەمان شت هەیە, جا ئەمە حاڵەتێکە, عامی بکەین دەبێت دهۆکیش وا لێ بکەین, ئەوە لە لایەك.

لایەکی تر, ئێمە ئەگەر دابەش کردنی ئیش چەند تەتەوری گەشە کردنەکە بێت دابەش کردنەکە زیاتر دەبێت, ئیختیصاصەکە زیاتر دەبێت و, نەوعیەتی ئیش و کارەکان رێك و پێکتر دەبێت, جاران هەر یەك کۆلیژی پزیشکی هەبوو, ئێستا کۆلیژی پزیشکی ددان و چاو و لووت و دڵ و فلاَن هەیە, هەموو بەرەو ئیختیصاص دەچێت, ئەمەش ئیش و کاری ئەم وەزارەتە ئیختیصاصی خۆیەتی, هەتا ئیمکانە بەیانی, یان دوو بەیانی ئیختیصاصێك دروست بێت لە رێگاوبانی سەریع لەگەڵ رێگاوبانی ئیعتیادی, بینایات, لەوانەیە بیناياتی حکومی لەگەڵ بیناياتی نیشتەجێ کردن, یەعنی ئەمە چەندێك بڕوات, ئەوەندە لە قازانجی ئێمەیە دابەش کردنی ئیش و ئیختیصاصی کردن لە ئیش کردن, ئەمە تەجروبەیەکە من تەسەور دەکەم قازانجی لێ بکەین و, ئیش و کارەکانمان رێك و پێکتر دەکەین.

سەبارەت بە موستەشار, راستە موستەشاری ئێمە یەكێك لە موشكیلەكانی لەناو حكومەتدا موستەشارە, خەبیرە, مودیر عامە, ئێمە لە لیژنەیەكین لەناو حكومەتدا خۆمان دیراسەمان كردووە, مەقاییسێك هەبێت, معیارێك بۆ موستەشار دادەنێین كێیە؟ مودیر عام كێیە؟ خەبیر كێیە؟ هەیە پۆلی شەشەمی ئامادەییە مودیر عامە, موستەشارە, خەبیرە, لەناو وەزارەتەكەی من ئێستا لەو خولە (38) خەبیر هەیە, لەناو ئەو وەزارەتەی من كە ئێستا داوای لێ دەكەم مودیری دائیرەیە, موستەشارە, من حەز دەكەم ئەگەر رۆژێك بانگمان بكەن, موساعەدەمان بكەن, یارمەتیمان بدەن, وەكو هەیئەتێكی حكومی, چۆن دەڵێین دەستووری, تەشریعی, موسائەلە كردنی دامودەزگاكانمان لە شتەكانمان, ئەو حەقیقەتانە ئاگاتان لێ بێت, من تەسەور دەكەم دەنگێكی باشن بۆ ئەوەی نەهێڵن, ئەوە خۆی بەشێكە لە گەندەڵی, بەشێكە لەو حالأتانە, ئینجا ئێمە دەڵێین پێمان خۆشە لە قانونەكەشمان هاتووە, كە پێشنیاری قانونەكەمان ناردووە, گوتوومانە موستەشار, بەڕاستی خۆمان داوای دوو موستەشارمان كردووە, كە ئێستا بۆتە چوار, من بە چوارەكەش دەڵێم (لا یزید) باشە, بەلأم دەبێت شەهادەی جامیعی هەبێت, خزمەتەكەی لە نێوان (15 - 20) ساڵ بێت, لە ئەنجومەنی وەزیرانیش موناقەشەمان كردووە لە نێوان (10 -15) ساڵ ماوە, پێم خۆشە پەرلەمان ئەو قەرارە بدات, لەمەودوا قەرارێك بدەن موستەشار كێیە؟ ئێمە هەر ئیعتیماد لەسەر ئیستیشارەی خۆشمان دەكەین, ئەو برادەرە كاك رەمەزان قسەیەكی باشی كرد, ئیستیشارە لەگەڵ زانكۆ, ئیستیشارە لەگەڵ دەرەوە بێت, یەعنی ئێمە پێویستیمان بە مەكاتبی ئیستیشاری هەیە, نەك شەخسی ئیستیشاری, كۆمپانیای ئیستیشاری كە بێنە ئەم كوردستانە ئەمە حاڵیەتی, چۆن ئیش و كارەكانمان رێكتر بكەین, ئەم موقاوەلە من كردوومە با بڵێین تونێل, من حەز دەكەم هەندێك نموونەتان بۆ بێنم, ئێمە تونێلێكمان كردووە لە هەیبەت سوڵتان, كەسمان لەم كوردستانە لە تونێل نازانێت, عەقدێكمان ئیمزا كردووە سەد هەزار عەیبەی تیایە, ئێستا گەیشتۆتە هەزار و هەشت سەد مەتر كون, موقاوەلەكە پێمان دەڵێت عەقدەكە من لە بیرم چووە تەهوییەی تیا بكەم, كارەبای تیا دانێم, ئێستا ئەگەر خۆی عەقدەكە نرخەكەی چوارده ملیۆن دۆلارە, داوای چوارده ملیۆن دۆلاری ترم لێ دەكات, دەبێت بۆتی جێ بەجێ بكەم, ئەوە ئەگەر خەڵكی شارەزامان هەبوایە, مەكتەبی ئیستیشارەی دەرەوەمان هەبوایە, تووشی ئەو خەلەلە نەدەبووین, ئینجا ئەم ئیستیشارانەی ئێستا ئێمە باسی دەكەین بەڕاستی هەر بۆ رازی كردنە, خزمی فلأنە,لایەنی فلأنە بیكە بە موستەشار, ئەوە تەزەخومە, ئەوە نەهامەتییە لەسەر حكومەتەكە, نەوەكو ئیختیصاص بۆ حكومەتەكە دروست بكەیت بڵێیت لایەنی تەزەخوم دروست دەكات, ئەوە بەشەكان.

بۆ مەسەلەی دكتۆرە شوكریە خان چۆن دەمم پێ بگات و, ئەگەر منم, رێگا هەیە و سەد جار یەكتریمان دیتوە, ئەگەر بێیە لای ئێمە بەسەر چاو, ئەگەر خەڵكی ترە, ئەوە رێگەشت بۆ خۆش دەكەم بۆ ئەوان, سەبارەت بە ئەنفال و شت, راستە وەكو پێویست نەكراوە, خۆتان دەزانن ئێمە سێ ساڵە میزانیەكی باشمان هەبووە, ساڵەكانی تر بە هەزار حاڵ راتبمان پەیدا دەكرد, ماوەی دوو مانگ جارێك مەعاش دەدرا, لەم ماوەیەش ئیشی ئاوەدانكردنەوە چووە, منیش دەڵێم وەكو ویژدانی خۆم سەیرم كردووە, بەڕاستی غەدر

هەیە لە بەشەکان, لە سەیتەرەکان وەکو دەڵێن غەدریش هەیە لە ناوچەکان, ناوچە هەیە من ناوم لێناوە ماشائەڵلا بۆی کراوە, ناوچەش هەیە دەبێت پێی بڵێین ئینشائەڵلا ئەوەت بۆ دەکەم, یەعنی ئەمە هەیە بەڕاستی و هەوڵیش دەدەین نەهێڵین و ئەنجومەنی وەزیرانیش لەسەر ئەوە موافیقە و دانیشن عەداڵەت لە دابەش کردن, عەداڵەت لە ئیش کردن و, موراقەبە کردنی ئەو ئیشە, ئەو خوشکانەی تریش کە دیفاعیان کرد سوپاسیان دەکەم.

ئێستا خوشك و برایانی خۆشەویست ئەوە حەقیقەتێکە بۆتانی باس دەکەم, خۆتان ئازادن هەر بڕیارێك دەدەن, من ئەو بڕیارە جێ بەجێ دەکەم, بەلاَم بە حوکمی تەجروبەی خۆم, کە جێگری ئەنجومەنی وەزیران بوومە, ئێستا وەزیری ئاوەدانکردنەوەم, پێشتر دوو سێ وەزارەتم کردووە, بە تەجروبەی خۆم, بە ئیستیشارەی خەڵکی ناو وەزارەتەکەی خۆم, ئەم نموزەجە لە قازانجی حکومەتە, موافەقەتی لەسەر دەکەن زۆر سوپاستان دەکەین, موافەقەتی لەسەر ناکەن چ پێشنیار و چ حاڵەتێك دەکەن, ئێمە ئیلتیزامی پێ دەکەین, (وما على الرسول الا البلاغ المبين), من هاتووم ئەو حەقیقەتان بۆ باس دەکەم, بەم شێوەیەش ئیش و کارەکان باش دەڕۆن و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خاڵی نیزامت هەیە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك عیماد بۆ خۆی و برادەرانی تریش ئاماژەیان بەوەدا, کە بەداخەوە کاتێك کە دوو وەزارەت بووە, وەکو پێویست, ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانە نەیان توانیووە ئەرکەکانی سەر شانی خۆیان جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تێبینیم ناوێت بەڕێز پرۆفیسۆر, دەی بڵێ.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینی دەکەم زیاتر رازی کردنی ئەو کەسانەن کە خۆمان گلەییان لێ دەکەین, ئەو دەڵێت ئێستا موديرياتی عام هەن لە سلێمانی, ئەوە هی تورقەو ئەوە هی هینە, کەواتە بەڕاستی ئێمە نامانەوێت گۆڕانکاری بکەین و چاکی بکەینەوە, ئێمە دەمانەوێت ئەوانەی تاکو ئێستا گلەییمان لێ هەیە, ئەوانە تەکریم بکەینەوەو دایان بمەزرێنینەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی لەو شوێنانەی کە تاکو ئێستا بەڕێوەیان بردووە, ئەگەر بەڕاستی وایە ئەم وەزارەتە, کە دوو وەزارەت ئێستا لە خۆی دەگرێت, گرنگە و مەفروزە وەکو کاك عەبدرولرەحمان ئاماژەی پێدا, فیعلەن ئێمە بیکەینەوە دوو وەزارەت, نەك بکەینەوە وەزارەتێك, ئەگەر واش نییە, مەفروزە ئەسڵەن یەك وەکیل وەزیر کافییە, یەك مودير عام کافیە لەو شارانە, پێویست ناکات ئێمە بیکەینە دوو وەکیل وەزیر و دوو مودير عام لەو شوێنانەدا, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزام نەبوو پرۆفیسۆر, ببوورە, بەڵام ڕەئیەكانت لایەنێكە, ڕەئییە بە حەقیقەت, فەرموو كاك عیماد.

**بەڕێز عماد احمد/ وەزیری ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بە حوكمی ئەوەی دكتۆر كە باسی ئەو مەسەلەی كرد خەلەل لە موئەسەساتەكان نییە, خەلەل لە عەناصری ئیدارەی ئەو موئەسەساتانەیە, یەعنی لەوە نییە بڵێ دوو مودیریەتی عاممان هەیە خەلەلەكە لەوەیە, بەڵام ئیمكانە خەلەلەكە لە خودی مودیر عامەكە بێت, لە وەزیرەكە, كە منم هەبێت, یان لە وەكیل وەزیرەكە هەبێت, ئێمە با موئەسەساتەكان تێك نەدەین, لەبەر ئەوەی عونصوریەت خراپە, ئەگەر عونصورێك خراپە بە تەجروبەی ئەم چەند ساڵەی ئێمە زەلامێك, عونصورێك خراپە لە جیاتی ئەوەی موحاسەبەی بكەین و لای ببەین دەچین موئەسەسەیەكی بەرامبەر دروست دەكەین, بۆ ئەوەی زوعفی لێ دروست بكەن پێكی لێ بكەنەوە, ئێمە كە دەڵێین ئەم مودیریە عاماتانە هەبێت, نییە من هەمان مودیر عام دانێم بۆی, ئێستا ئێمە لە سلێمانی من نازانم ئێوە ئاگاتان لێیە, یان نا, مودیریەتی شاری سلێمانی هەردوو مودیریەتەكەمان گۆڕیووە, هەم مودیری ئاوەدانكردنەوەو هەم مودیری ڕێگاوبانەكە دوو عونصوری تازەمان هێناوە, لێرە یەكسەر گۆڕانكاری لە هەولێر دەكەین, لە دهۆك گۆڕانكاریمان كردووە, یەعنی ئەوە نییە بڵێین حاڵەتێكە چۆن دەڵێت ئەو برایانە لە شوێنەكەی خۆیان پاداشتیان دەكەین و موئەسەسەیان بۆ دروست دەكەین, چونكە موئەسەسەكان هەبوونە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی سێ خاڵە یەكێكیان تەحدید بكرێتن مودیر عام و, موستەشار, جەنابی وەزیریش موافەقەتی لەسەر كردو پێشی باشە, گوتیان خزمەتی لەنێوان پازدە, بیست ساڵ بێت, من دەڵێم دە ساڵ بەرەو سەرەوە بێت, واتا بە لایەنی كەم لە دە ساڵ كەمتر نەبێت ئەزموونەكەی, بۆ ئەوەی تووشی ئیحراج نەبین و واستە و واستەكاری بخواتن لە مەسەلەكەدا, لە هەموو وەزارەتەكاندا كراوەو, ئێستا پرۆژەیەك لە ئەنجومەنی وەزیران هەیە ئەویش بەو ئیتیجاهە دادەڕواتن, ئەمە یەك.

دوو/ دوو مەوزوعی تر هەیە دوو وەكیلەكە قسەی زۆر لەسەر كرا, خۆشی ئاماژەی پێ كرد, هەروەها مودیر عامەكانیش, ئایا دوو مودیر عام هەبێتن لە هەولێر و مودیریات هەبێتن لە وەزارەتەكانیان, واتا دوو مودیریەتە عامێك لە هەر موحافەزەیەك هەبێتن, ئەو سێ مەوزوعەیە, تەبعەن یەكە یەكە دەخەمە دەنگدانەوە, بۆ ئەوەی دواتر ماددەی سێ و چوار لیژنەی قانونی كە ئیقتیراحی كردووە, فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها بەنیسبەت فەقەرەی یەکەم مولاحەزەم هەیە, ئەگەر بەنیسبەت خەبیرەکان و بەنیسبەت موستەشارەکان تەنها بۆ ئەو وەزارەتە بێت, ئەوە وارید نییە, دەبێت بڕیارێك دەربچێت بۆ هەموو وەزارەتەکان بێت, نەك تەنها بۆ وەزارەتی ئیعمار و ئیسکان بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئەم وەزارەتە عەفوم دەکەن وەزارەتی ئەوقاف نییە, وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەمووی موهەندس و فەنی دەوێت, هەمووی ئیختیصاصی دەوێتن, کاك عیماد خۆی باسی تونێڵەکەی کۆیی کرد کە چواردە ملیۆن دۆلارمان لێ زەرەر کردووە, لەبەر ئەوەی فەنیەکە, ئەوەی عەقدەکەی لەگەڵ ئیمزا کردووە, ئەو خیبرەیەی نەبووە ئەو کاتی تێیبگات, لەبەر ئەوەی من بە عام ئەوەم هەیە کە بۆ هەمووان بێتن, بەڵام بۆ هەندێکیان زیاتر دەبێت ئێستا بۆی بکەین و تەحدید بکرێتن, بەڵێ کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی شتێك هەیە لێرە, ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی, کە ئەو رەئیەمان تەبەنی کرد, لەسەر ئەو ئەساسەیە کە یەك وەکیل وەزیرەو یەك مودیر عامە بۆ ئیسکان و تورق تەواو, ئەوە تەواو ئەگەر یەك وەکیل وەزیر بێتن, بەڵام ئەگەر ئێمە لە لیژنەی یاساییدا لاریمان نەبێت لە دوو وەکیل وەزیر مەنتیقەن دەبێت لەگەڵ دوو مودیر عامەش بین لە هەر موحافەزەیەك هەبێتن, چونکە ناکرێت لە رووی فەنییەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئێمە مەحزەرمان کردووە کاك کەریمش ئیمزای کردووە, بزەبت ئەوە جوابی ئێمەیەو ئەوەش مەحزەرەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من رەئی خۆم بڵێم ئەگەر ئیجازەش هەبێتن, هەرچەندە ئەوەش زۆری خایەند لە حەقیقەتدا, بە ئیجازەی کاك عیمادیش, تەبعەن بۆشی هەیە رەئی بداتن و ئیعتیرازیش بگرێتن, ئەگەر ئیجابی کرد موناقەشە کردن لەسەر ئەو خاڵە تەئجیلیشی بکەین, کاك عوسمان ئەگەر خاڵی نیزام نەبێت, دەبێت دانیشت, فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبداللە قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتەکە با نەبێتە مەسەلەی سیاسی, ئەگەر شتەکە باش نییە با نەیکەن, بەڵام ئەگەر باشە دوو وەکیل وەزیر بێت, دەبێت دوو مودیر عامیش بێت, ئەگەر باشیش نییە با شتەکە نەبێتە مەسەلەی سیاسی, ئەوە پەرلەمانەو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قەزیەی سیاسی نییە, ئەوە جیایە, رەئیەکان جیاوازن, کاك محەمەد رەفعەت ئەگەر سیاسی بێت یەکەم کەس گوتی پێویست ناکات دوو وەکیل وەزیر هەبێت, ئەوە لە تەنیشتت دانیشتووەو لە فراکسیۆنی خۆتە, دەلیلی ئەوە سیاسی نییە, بەڵام بۆچوونە, من پێم وایە دوو وەکیل وەزیر زەرووریيە, بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو دوو وەزارەتە تەوحید بووە, ناکرێتن بەس وەزیر رەمزی تەوحیدەکە بێتن, یەعنی ئەگەر بە قسەی وەزیر بکەین بە تەنیا, ئێرە تەنیا وەزیرەکەیە دوو ستافەکە وەکو خۆی مایەوە, لەبەر ئەوە شەخسیەن لەبەر رۆشنایی ئەوانە دوو وەکیل وەزیرەکە زەرووریيە, بەڵام مودیریە عامەکان کاك عیماد شتێکی ویست بۆ کوێی بنێریت, لەوێ ئەگەر شتەکە عیلاقەی بە ئیعمارەوە هەبوو بۆ وەکیل وەزیری ئیعمار دەنێردرێت, هەر هەمان مودیریەتە, ئەگەر عیلاقەی بە لایەنەکەی تر هەبوو, بۆ وەکیل وەزیرەکەی تر دەنوێنێت, بەگوێرەی ئیختیصاصەکەی, لەبەر ئەوە ئەگەر جەنابی موافیقە, ئەو تەعدیلە دوو وەکیل وەزیرەکە هەبێت, ئەو دوو مودیریاتە وەکو لیژنەی یاسایی نووسیەتی بەم شێوەیە بێتن, بەڵام هەر یەکە بۆ وەکیل وەزیری موختەس بنێرێتن ئیشەکانمان ئاسانتر دەبێتن و عەمەلی تریش دەبێتن و رزگاریشمان دەبێتن لە یەکەم تەوەسوعێکە.

دووەمیش/ خەڵکەکە تەماشا ناکات بڵێت ئەوە دوو وەزارەتە, تەنیا وەزیر گۆڕاوە, جا نازانم حەز دەکەم کاك عیماد رەئی لەسەر بداتن.

**بەڕێز عماد احمد/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو دوو مودیریەتە عامەکە کاك عەدنان, برادەرانینە, یەعنی حاڵەتێکە وەکو باسم کرد ئێمە ناوماننا مودیریەتی عامی رێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی هەولێر, ئەمە دوو ئیش دەکات, لەسەرەوەش دوو وەکیل وەزیر هەیە, دوو تەوجیهی بۆ دەچێت, یەعنی یەك کەسەو دوو تەوجیهی بۆ دەچێت, ئەمە مەرکەزیەت ناهێڵێت, ئەمە ئیختیصاص ناهێڵێت, ئەم پیاوەش کە ئیشەکە دەکات شۆڕ دەبێتەوە سەر دوو مودیریەت, لە دوو لاوە شتی بۆ دێت, یەك/ گیرفانی هەبێت بۆ ئەوە بێت, ئەوی تریش بۆ ئەولا, دەبێتە راست و چەپ, ئەگەر ئێمە دوو وەکیل وەزیرمان داناوە, ئەم دوو وەکیل وەزیرە مەسئوولی مەجموعەی کارمەند و مەسئوولی رێگاوبان دەبێت, هیچ عیلاقەی بە نیشتەجێ کردنەوە نابێت, نیشتەجێ کردنەوەش وەکیل وەزیرێك هەیە و ستافی خۆی ئەوە سەرپەرشتی ئیش و کارەکانی خۆی دەکرد, تەسەلسولێکی ئیداری

و فەنی و ئیختیصاصی دروست دەبێت, یەعنی ئەمە لەوە نییە بڵێی وەڵلا ئەمە لەلایەکەوە کە تۆ موحافەزات کاك عەدنان, ئێمە لە هەولێر هەمانە, لە سلێمانی هەمانە, ئەمە شتێکی تریشت بۆ دەکات قەزاکانت بۆ ئاوەدان دەکاتەوە, واتا مودیریەت دەخەیتە قەزاکان, لە جیاتی ئەوەی ئەو ئیشەکەی قەزا بێتە لای من لە هەولێر ئیشەکەی بۆ جێ بەجێ بکەم, دەچێتە لای مودیریەتی عامی سلێمانی, دەچێتە لای مودیریەتی عامی دهۆك, ئیشەکەی ڕۆتین کەمتر دەکاتەوە, یەعنی ئەمە ڕۆتین ناهێڵێت, خۆی لەوێ مودیریەت هەندێك سەڵاحیاتی هەیە, لە جیاتی ئەوەی ئیشی زاخۆ, ئیشی ئامێدی بێتە هەولێر, با بچێتە لای مودیر عامی ئاوەنکردنەوەی دهۆك, ئیشەکەی سەڵاحیاتی پێ دەدرێت, ئیش و کارەکانی دەکات و هەندێك شتی مەفسەلی دەبێت, هەندێك شتی مەبدەئی نەبێت, نابێتە وەزارەت, ئەمە دابەش کردنی ئیشە, ئەمە تەسهیل کردنی ئیشە, ئەگەر خۆمانیش, من ئێستا ئێوە دانیشتوون کە یاساکەمان دانا, هەندێ جار هەیە مەرج نییە هەمووی جێ بە جێ بکەین, یەعنی ئەمە ئیختیصاصەکەیە, زۆر سوپاس, دیارە زۆر قسەمان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەناو پەرلەمانی کوردستان هەر یاسایەك دەردەکەین, هەوڵ دەدەین کە بەندەکانی و بڕگەکانی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دابن, ئایا ئەگەر دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە پارێزگاکان هەبێت زیانی هەیە, یان قازانج؟ هەر ئەوەندە پرسیارەتان لێ دەکەم و تەواو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو زۆر قسەی لەسەر کرا دەیخەمە دەنگدانەوە, جارێ ئەو خاڵەی باسی مودیر عام و موستەشار دەکاتن, کێ لەگەڵ ئەو داواکاریە تەعدیلەیە کە دەڵێت ئەزموونیان, کاك عوسمان خاڵی نیزامت چییە.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەوەی یەکلا بکەیتەوە, ئەگەر دوو وەزیر جێگرەکەی یەکلا بکەنەوە, چونکە ئەگەر دوو جێگر بێت, دەبێت حەتمەن دوو بێت, ئەگەر ئەوەی یەکلا نەکەنەوە, مەدە دەنگدانەوە, چونکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئەوە خاڵی نیزام نەبوو, گوتمان سێ خاڵە, هەرسێکی دەدەینە دەنگدانەوە, ئەوە تەسەلسولەکە لێمان تێك نادات, لە هینەکە هاتووە مودیر عام و موستەشار دەرچووی زانکۆ بێت و خاوەن ئەزموون بێت, لای ئێمە پێشنیارێك هەیە دەڵێت خاوەن ئەزموون بێتن لە دە ساڵ کەمتر نەبێتن, کێ لەگەڵ ئەوەیە لەو دە

ساڵە کەمتر نەبێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

پێشنیارەکەی تر کە دەڵێتن دوو وەکیل وەزیر هەبێتن, یەکێکیان بۆ نیشتەجێ و ئەویتریان بۆ ڕێگاوبان, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, پێنج کەس لەگەڵدا نییە, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا کە دوو وەکیل وەزیر هەبێتن.

مودیر عامەکان, لیژنەی یاسایی تەئیدی رەئی حکومەتیان کردووە, لیژنەی ئاوەدانکردنەوە.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ماددەی چوارەم لیژنەکەمان هاوڕایە لەگەڵ لیژنەی یاسایی لە گۆڕین و ریزبەندی بڕگەکانی و, پێشنیار دەکەین بڕگەی سێ و چوار و پێنج بکرێت بە یەك بڕگەو, بەم جۆرەی خوارەوە رێك بخرێت و بخوێندرێتەوە:

لەکاتی پەسند کردنی دوو بریکار بۆ وەزراەت لەلایەن بەڕێزتانەوە, ئەمەش دەقەکەیەتی:

(بۆ هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی کوردستانی عێراق, دەبێت دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت:

1- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان.

2- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن.

فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی هەر یەك لەو دوو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییانە دەکات و دەبێت بڕوانامەی زانکۆی لە زانستەکانی ئەندازەیی شارستانیدا هەبێت و خاوەن ئەزموونێکی دیار بێت, ئەزموون و کارا بێت, ئەم دوو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانە سەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن و ڕێگاوبانەکانی پارێزگاکان دەگرنە ئەستۆ و بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن و ڕێگاوبانەکان لە سنووری پارێزگاکەدا پابەند دەبن پێی).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئێستا جگە لە پێشنیاری لیژنەی یاسایی, چونکە لیژنەی یاسایی پێشنیاری پرۆژەکەی تەئید کردووەو, پێشنیاری لیژنەی ئاوەدانکردنەوە دەڵێت لە پارێزگایەکدا دوو مودیریەتی عام هەبێت, لە جیاتی یەك مودیریە عامە, کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارە تازەیە کە دەڵێت لە هەر پارێزگایەك دوو مودیر عام هەبێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (33) ئەندام, زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەوەیە هەر پارێزگایەك یەك مودیر عامی هەبێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (42) ئەندام, زۆر سوپاس, کەواتە ئەم خاڵە وای لێ دێت دوو برێکاری دەبێت, بەڵام یەك مودیریە عامە دەبێتن لە هەر موحافەزەیەکدا سەرپەرشتی مودیریەتەکان دەکات, وەکو لە پرۆژەی لیژنەی یاسایی هاتووە, پەسندی ئەو پێشنیارە کرا, پێشنیارێکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە کە وەزیریش داوای کرد بوو بۆ دوو بریکار پەسند کرا, کەواتە ماددەکە هەمووی, بەڵێ کاك عوسمان خاڵی نیزامە.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم ژمارەکە مەزبوت نەبوو, حەقە دووبارە بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە مەزبوت بوو, زۆریش مەزبوت بوو, لە پێش چاوی هەمووومان مەزبوت بوو, چونکە ئەو پێنج برادەرە رەئیان جیاوازدا, ئەوان باشتر دەبینن, ئێمەش خۆشمان سێ لیژنە لێرە دانیشتووین و هەمووتان دەبینین, دوو رەئی موختەلیفیاندا, یەك لەگەڵ بەڵێ, یەکیش لەگەڵ نەخێر, ئێمەش لێرە دوو رەئی موختەلیفین هەمووومان حیساب کرد, دووەم/ نەم ژمارد, چونکە دەنگم بۆ دا, لەبەر ئەوەی خۆم دەنگم دا بوو, حەقم نەدا بە خۆم, خۆم بژمێرم, کاك فەرسەت ژماردی, ئەو برادەرانەش چاویان لێ بوو, زۆریش وازیح بوو بۆ من, بەلأم دەبوایە بژمێرین (42) بە (33) بوو, زۆر مەعلومە شتەکە حەسم بوو, ئەگەرنا کاك زرار زووتر ئیعتیرازی دەگرت, مادام وایە تازە کاك زراریش تەشجیع بوو, فەرموو کاك دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم جارە دەبینم خەریکە سیاسیەت دەور دەبینێت لێرە, داتانە دەنگدان, نۆ دەنگ زیاتر بوو یەك و دوو نییە هەتا دیار نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم جار سیاسەت نییە لە گۆڕێ, من خۆم دەنگم بە پێچەوانەوە دا, تۆ تەفسیری وا مەکە ئەو شتانەش لە گۆڕێ نییە, کاك عوسمان شتێکی وت من خۆم دەنگم بە عەکسی رەئی ئەودا, هەر سیاسەت نییە نیهائیەن, رەفاقەتیش بێت کاك عیماد زۆر رەفیقمە, ئەگەر لایەنی ئەو بێتن هەر رەبتی بەوەدا نییە, جارێکی تر دەخەینە دەنگدانەوە, مادام گومان کەوتەوە, جارێکی تر دەیخەینە دەنگدانەوە, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ژمارەی دەنگدانەکە ئەوەی لەگەڵی دایەو ئەوەی لەگەڵی دانییە نۆ دەنگە, بەڕاستی نازانم بۆچی دووبارە بدرێتەوە دەنگدان؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس هەبووە بێ دەنگ بێتن, کەس هەبووە بێ رەئی بێتن, چوار دەنگ فەرقی هەیە, چوار دەنگەکەش هەرچەندە تەئسیر ناکاتن, ئەگەر بەولای دابێتن, یان بەولایە دابێتن, بەلأم بۆ ئەوەی دڵنیا بینەوە, تکام وایە کێ دەنگی داوە, ئەو دەنگی بداتەوە بە بەڵێیەکەو بە نەخێرەکە, نەك رەئی گۆڕین, تەنیا بۆ تەئکید کردن, کێ دەنگی دا بۆ ئەوەی لە هەر پارێزگایەك دوو مودیر عام هەبێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (33)

ئەندام, کێ لەگەڵ  ئەسڵی مەشروعەکەیە, کە دەڵێت لە هەر پارێزگایەك یەك مودیر عام هەبێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (38) ئەندام, کەواتە (33) بە (38) تەواو, هەندێك هەبوو دەنگی خۆی کەم کردەوە, تەواو کاکە بڕایەوە, خاڵی تر هەیە کە دوو ماددەیە پێشنیار کراوە دەمج بکرێتن بە ماددەیەك, کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە ئەو دوو ماددەیە وەکو لیژنەی قانونی گوتویەتی دەمج بکرێت بە ماددەیەك دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دەمج نەکرێت وەکو خۆی بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, کەواتە ئێستا ئەو ماددەیە بەو تەعدیلاتانەی بۆتاندا دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە بە تەعدیلاتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیە وەرگیرا, سوپاس, بچینە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچینە ماددەی چوار لە مەشروعەکە, ئێمە لە سەرەتای راپۆرتەکە داوای دەمجی ماددەی سێ و چوارمان کردووە, واتا ماددەی چوار فەراغ دەمێنێتەوە, لەبەر ئەوەی لەگەڵ جەنابی وەزیر رێککەوتین کە ئەو وەزارەتە مەجلیسێکی ئیستیشاری هەبێتن, کە لە ئەسڵی مەشروعەکە نەهاتووەو, لە هەموو وەزارەتەکاندا هاتووە, نازانم لە بیر کراوە, یان نا, بۆیە پێمان باشە ماددە چوارەکە ببێتە ئەو مەجلیس ئیستیشارییەی کە جەنابی وەزیر تەرحی کرد لە ئێمە (اولاً: يكون للوزارة مجلس استشاري يتألف من:

أ-الوزير: رئيساً.

ب- وكيل الوزارة: عضواً ويرأس المجلس في حالة غياب الوزير.

ج- المستشارون في الوزارة: اعضاء.

د- المدراء العامين في الوزارة: اعضاء.

ه- اي خبير اختصاصي يختاره الوزير في داخل الوزارة او خارجها: عضواً.

پاشان دێتە سەر کارەکانی مەجلیس کە دەڵێت:

ثانياً: يتولى المجلس تقديم الاستشارات والتوصيات الى الوزير وتكتسب صيغة القرار الوزاري اذا نال تصديقه.

ئێمە حەز دەکەین ببێتە ماددەی چوار, دوا بڕیاریش رەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس (ب) دوو وەکیل وەزیرە, نووسراوە وەکیلی وەزارەت, بیکەنە دوو وەکیل وەزارەت, بەڵێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وامان گوتووە (وكيل الوزارة لشؤون الطرق ويقوم بالمهام المتعلقة بشؤون الطرق والتي يوكلها الى الوزير.

2- وكيل الوزارة لشؤون الاعمار ويقوم بالمهام المتعلقة بشؤون الاعمار والذي يوكلها الى الوزير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڵێ عەفو, بەس وەکیل جسورەکە ئیزافە بکە (الطرق والجسور), من پێم وایە ئەوە شتێکی ڕۆتینیە, خیلافێکی لەسەر نییە, جەنابی وەزیریش موافیقە لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی, لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو و نیشتەجێ چ پێشنیارێکیان نییە؟ ئەگەر کەس قسەی لەسەر نییە دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بە تەعدیلاتەکانیەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, بڕۆ بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی پێنجەم: لە ئەسڵی پرۆژەکە:**

**حوکمە گشتییەکان:**

**1- ئەرك و فەرمان و ئیشی تایبەت و پێکهاتەکانی دایەرەگەلی وەزارەتەکە, بە پێڕۆ دیار دەکرێن.**

**2- وەزیر, بۆی هەیە, بۆ پێداویست و زەروورەتی کار بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە لە وەزارەتدا بکاتەوە, یان یەکیان بخات, یان ئیلغایان بکات.**

**3- وەزیر بۆی هەیە, لە کاتی پێویستدا دەستەگەل و لیژنەگەلی کاتی بۆ جێ بەجێ کردن و ڕێکخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێك بهێنێ.**

**4- وەزیر بۆی هەیە, ڕێنماییگەلی پێویست بۆ بەسانا جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی.**

**خامساً: اما فيما يتعلق بالمادة الخامسة من المشروع تقترح اللجنة مايلي:**

**أ-حذف الفقرة (3) منها.**

**ب- جعل الفقرة (4) مادة مستقلة في المشروع تحت رقم المادة الثامنة حسب مقترح لجنتنا وصياغة الفقرتين (1و2) كالآتي:**

**المادة الخامسة:**

**اولاً: يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.**

**ثانياً: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفق متطلبات عملها عند الاقتضاء.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڵێ کاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆ تەوزیح بەنیسبەت فەقەرە یەك و دوو لە ئەسڵی مەشروع ماوەتەوە, ئەوەی کە حەزف کراوە, بەڕاستی تەشکیلی هەیئاتە, چونکە وەزیر سەلاحیاتی خۆیەتی, ئەوە پێویست ناکات لە زیمنی قانونی وەزارەتیش بێت, بەنیسبەت فەقەرە چوارەکەش کە لە ئەسڵی مەشروعەکە هاتووە ئیصداری تەعلیمات, ئێمە پێمان باش بوو ببێتە ماددەیەکی موستەقیل, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عیماد هیچ ئیعتیرازت نییە؟ ئەو ماددەیەش لیژنەی یاسایی دوو رەئی تەواویان هەبوو, کە هەم جەنابی وەزیر موافیقە, هەم دوو لیژنەکەش ئیعتیرازیان نییە, دوو خاڵەکە بگۆڕێت, خاڵی سێیەم پێویست ناکات, چونکە دەسەڵاتی خۆیەتی, خاڵی چوارەمیش ببێتە ماددەیەکی تایبەت, واتە ماددەی پێنج دەبێتە دوو خاڵ, یەکەم تەحدیدی مەهام و ئیختیصاصاتی تەشکیلی دەوائیری وەزارەت, بۆ وەزیر هەیە ئیستیحداس و دەمج و ئیلغا بکات, ئەو ماددەیە بەو دوو خاڵەی کە ماوەتەوە, ئەگەر کەس قسەی لەسەر نییە دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموو بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

وەزیر بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت, بۆی هەیە لەگەڵ ئەشخاصی تەبیعی و مەعنەویی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی ناوەوەی هەرێم, یان دەرەوەی هەرێمدا, پێك بێت و ئەرك و فەرمانەکانیان پێ بسپێری لە ماوەیەکدا کە خۆی بە لەباری بزانێ, بۆی تەواو بکەن, ماف و ئیلتیزاماتی ئەوانەش وەزیر خۆی دوای وەرگرتنی رەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران دیاریان دەکات.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

فیما یتعلق بالمادة السادسة من المشروع فلا توجد اية ملاحظة علیها من قبل اللجنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو شارەوانی هیچتان نییە, جەنابی وەزیر ئیزافەت نییە, کەواتە ئەو ماددەیە, ماددەی شەش وەکو خوێندیەوە, وەکو خۆی داوا دەکەن بمێنێتەوە, ئەگەر کەس قسەو رەئی لەسەر نییە دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, فەرموون بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی حەوتەم:**

**یاسای ژمارە (25)ی ساڵی (2004)ی پەرلەمانی كوردستان و, یاسای ژمارە (242)ی رۆژی 1999/9/4ی ئەنجومەنی وەزیرانی (ئیدارەی سلێمانی)یش, ئیلغا دەكرێن و ئەم یاسایە جێگایان دەگرێتەوە.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی.**

**فيما يتعلق بالمادة السابعة من المشروع تقترح اللجنة صياغتها كالاتي:**

**المادة السابعة:**

**يلغى قانون رقم (25) لسنة (2004) قانون وزارة الاعمار والاسكان الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان العراق وقانون مجلس الوزراء رقم (242) في 1999/9/4 الصادر عن ادارة السليمانية, ويحل محلهما هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو تەعدیلەی لیژنەی قانونی تەعدیلێكی لوغەوی و قانونییە, تەفسیلی زیاتر داوەتێ, جەنابی وەزیریش موافەقەتی لەسەر كردووە, برادەران, بەڕێزان, مەسئوولی لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو لیژنەی شارەوانی ئیعتیرازیان نییە, لەبەر ئەوە بە تەعدیلەكەوە دەخەینە دەنگدانەوە, كاك رەشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**كە ئەو دوو قانونە ئیلغا دەبێت با ئیشارەت بدرێت ئینتیقالی حقووق و واجیبات و ئیلتیزاماتی ئیدارەی كۆن بێتە ئەو وەزارەتە, چونكە زۆر ئیش هەیە قەیدی تەنفیزە, یان كۆتایی پێ نەهاتووە, دەبێت ئیشارەتی پێ بدرێت, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك شێروان وابزانم مولاحەزەیەكی بەجێیە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**مولاحەزەكە بەجێیە, بەس لە هەمان كاتیشدا تەحصیل حاصلیشە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەگەر هەبێتن چ زەرەرێكی نییە وانییە كاك عیماد, ئەوە تەحصیل حاصلە, لە دەمج و هەموو حقووق و واجیبات هین دەكرێت, تێیدا بێت باشترە, ئەو پێشنیارەی كە لیژنەی یاسایی خوێندیەوە بە ئیزافەی**

لیژنەی شارەوانی, کە دەڵێت هەموو واجیبات و ئیلتیزاماتی ئەو دوو ئیدارەیە ئینتیقال دەبێتن, بەپێی ئەو قانونە تەعامولی لەگەڵ دەکرێتن, ئێستا دەیخەمە دەنگەوە بەوەرگرتنی مولاحەزەی لیژنەی شارەوانییەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ ماددەکە وەرگیرا, تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم:

هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ کاری پێ ناکرێت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ثامناً: جعل المادة الثامنة بهذه الصيغة:

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

اما فيما يتعلق بالمادة الثامنة من اصل المشروع والتي ستصبح برقم المادة التاسعة تؤيدها اللجنة ولا توجد اية ملاحظة عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر تەسەلسولی ماددەکان دەگۆڕێت, بۆیە پێشتریش ئێمە پێشنیارمان کرد (للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون), ماددەیەکی تایبەت بێت, دواتر تەسەلسولەکەی خۆی وەردەگرێتەوە, ماددە نۆ دەبێتە (لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەموو وەزارەتەکانی تریش هەر ئەو گۆڕانکارییە کراوە, بۆیە ماددە هەشت وەکو وتیان (للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون), ئەوە دەبێتە ماددەی هەشت, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی نۆ جارێکی تر بخوێنەوە, بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

**لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوە ماددەیەکی ئیزافییە, لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانیش وا هاتووە, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر تکایە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی نۆیەم لە ئەسڵی مەشروعەکە دەکاتە ماددەی دەیەم.**

**المادة العاشرة:**

**على مجلس الوزارة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**قانونی هەموو وەزارەتەکانی تریش هەر وا بووە, تەعدیل کراوە بەو شێوەیەی کە لیژنەی قانونی وتی و باسی کرد, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دایە بە تەعدیلەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەکەی تر تکایە.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی یازدە:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرکردنییەوە دەخرێتە کار و لە (وەقایعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**عاشراً: اما فيما يتعلق بالمادة العاشرة من المشروع والتي ستصبح برقم المادة الحادية عشرة وفق مقترح اللجنة. نقترح اعادة صياغتها كالاتي: (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو ماددەیەش هەروەکو ڕۆتینە لەگەڵ قانونەکانی تر, دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ وەرگیرا, تکایە ئەسبابی موجیبە.**

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆی دانانی ئەم یاسایە**

**لەبەر رۆشنایی یەکخستنی هەردوو ئیدارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و, لە پێناوی ئەوەشدا کە باشترین خزمەتی ئاوەدانکاری لە بوارەکانی نیشتەجێ کردن و بینایە و ڕێگاوبان و پرد و تونێل و فڕگە و هێڵەکانی ئاسندا, بە هەرێمی کوردستان پێشکەش بکرێ و, بە ئامانجی زێتر کردنی رەنێوهان (الانتاج)و توانستی رەنێوهانین و بەرز کردنەوەی سەویەی ئەدای کارو وەدیهێنانی باری و خزمەت خستنی پڕ بە پێستی (الاستخدام الامثل) دەرامەتی ئابووری و هێزی بەشەریدا, کە ئیدی ئەڵقە نازەرووڕەکانی نێوان وەزارەتەکەو پێکهاتەکانی وەزارەتەکە لا ببرێن و رۆڵی بڕیاردانیان نەمێنێ و, پلانی کار دابڕێژرێ و ریقابە کردنیش بەردەوام هەبێ, لەبەر ئەوانە هەمووی ئەم یاسایە دانرا.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**

**على ضوء توحيد ادارتي حكومة أقليم كوردستان – العرق وبغية تقديم افضل الخدمات لاعمار الاقليم في مجالات الاسكان والمباني والطرق والجسور والانفاق والمطارات والسكك الحديدية وبهدف زيادة الانتاج والانتاجية ورفع مستوى الاداء وتحقيق الاستخدام الامثل للموارد الاقتصادية والبشرية وازالة الحلقات غير الضرورية بين الوزارة والتشكيلات التابعة لها في اتخاذ القرارات و وضع خطة العمل ومراقبتها شرع هذا القانون.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە دەقی ئەسبابی موجیبە تەئید دەکەین, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرموو کاك زرار.**

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە هۆی دانانی ئەم یاسایە لەسەر رۆشنایی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووە, چونکە ساڵی 2004 یاسای ژمارە 25ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە دەرچووە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن, لە ساڵی 1999ش یاسایەك لە ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانییەوە دەرچووە بۆ وەزارەتی ئیشغال و ئاوەدانکردنەوە, کەواتە ئەگەر ئەو دوو ئیدارەیە یەکیشیان**

نەگرتبایە, ئەو وەزارەتە ئەوەندە گرنگە ئەو یاسایە دەبوایە دانرابا, کەواتە ئێمە ئەسبابی موجیبەکەمان گۆڕیوە بەم شێوەیە:

**هۆی دانانی ئەم یاسایە**

بۆ پێشکەش کردن و گەیاندنی باشترین خزمەتگوزاری لە بواری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن و خانووبەرەو رێگاوبان و پرد و تونێل و فرۆکەخانەو هێڵەکانی ئاسن و بۆ وەگەرخستنی هێزی مرۆیی و کەم کردنەوەی بێ کاری و جوانکردنی سیمای هەرێمی کوردستان و سڕینەوەی شوێنەواری وێرانکاری و لابردنی هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە پێویست نین لە نێوان وەزارەت و پێکهاتەکانیدا هەبن لە بڕیاردان و دانانی بەرنامەکانی کارو چاودێری کردنی کارەکان ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیە قەیمە (علی ضوء توحید ادارتي) ئەوە پێویست ناکات هەبێت بە حەقیقەت, ئەویتر کەلیماتە بە حەقیقەت, بەلاّم ماناکەی هەمان مانایە, لیژنەی قانونی لێرەیە, ئەگەر شتێکی گرنگ هەبوو لە ئەسڵی مەشروعەکە نەهاتبوو با بخرێتە ناوی قەیدی ناکات, ئێستا قانونەکە بە حەزف کردنی (علی ضوء توحید ادارتي) لادەچێتن, لە کوردیەکەی چ خاڵێك ئیجابی هەبێتن ئیزافەی بکەین مەشروعە ئەسڵەکەی بەهێز بکاتن وەریدەگرین, بەو شێوەیە ئەسبابی موجیبەکە دەبێتن, قانونەکە بەگشتی, بەڵێ.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەوحیدی ئیدارەکە لا ببەین لە کوێی ئیدارەی سلێمانی هاتووە بنووسرێت سابیقەن, من وای دەبینم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من بۆ ئەوەی صیغەکە موەفەق بێتن, ئێمە لە ماددەیەکی موستەقیل دەڵێین هەردوو قانونەکەی هەردوو ئیدارەکە ئیلغا دەبێت, لە ماددەیەکی موستەقیل دەڵێین (تؤل حقوق والتزاماته) هەردوو وەزارەتەکان بۆ وەزارەتی موستەحدەس, باشە لێرە لە ئەنجامی تەوحیدەوە هاتووەو ئەو ماددەیەش داخیل کراوە, بە قەناعەتی من ئەگەر ئەو ماددەیە تێ هەڵکێش بکەین لەگەڵ ئەو ماددەیەی کە کاك زرار دەڵێت بەڕاستی یەکتر دەگرێتەوەو بەشێوەیەکی رێك و پێك دەردەچێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەكو بەڕێزت فەرمووت ئەو ڕۆشنایی یەكخستنەكە لابیرێت, بەلاّم جوانترین كوردی, جوانترین ئەوەی كە ئێستا من دلّم پێ خۆش بوو ئەو كوردیە بوو كە كاك زرار خوێندیەوە لیژنەی ئاوەدانكردنەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

حا ئێمەش بە نەزەری ئیعتبار وەردەگرین, بە لیژنەكەمان گوت ئەو صیاغەیەی داوەتیّ وەردەگرن و دەوڵەمەندی دەكەن, كەسێك هەیە پێی وایە بێجگە لە لیژنەی قانونی كە دەبێت ئەو تەوحیدی ئیدارەیە بمێنێت لە ئەسبابی موجیبەكە, كەس نییە, كەواتە تەوحیدی ئیدارەكە لادەدەین, ئەو ئەسبابی موجیبە دەمێنێتەوە بە دەوڵەمەند كردنی ئەو صیاغە كوردیەی كە كاك زرار تەقدیمی كرد, قانونەكە بە گشتی بە هەموو گۆڕانكاریەكانیەوە دەیخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە كۆی دەنگ وەرگیرا, سوپاس بۆ هەمووتان و سوپاسی بەڕێز كاك عیماد دەكەم وەزیری ئاوەدانكردنەوە, من پێشی ئەوەی قسە بدەمە كاك عیماد دوو قسەی دەكەم بە دیموكراتیەكی زۆر موناقەشەی ئەو قانونە كرا, ئەو موناقەشەیەی هەڵدەگرت بەڕاستی, ئەو كەسانەی دەنگیان نەدا بۆ پێشنیاری دووەم, پێشنیاری یەكەمی سەركەوتوو دوو وەكیل وەزیرەكە, پێشنیاری دووەم بوونە دوو بەش و ئەوانە دەنگیشی نەهێنا, بەلاّم بە مانای ئەوە نییە پێشنیارەكە مەعقول نییە, یاخود مەنتیقی نییە, هەردوو پێشنیار مەعقولیاتی هەیە و سلبیاتی هەیە و ئیجابیاتی هەیە, لەو مەرحەلەیەدا زۆرینە پێیان وا بوو ئەو شكلە بێتن, ماوەیەكی تر, شەش مانگی تر, ساڵێكی تر ئەگەر وەزارەت تەماشای كرد كە مەحتاجی ئەوەیە دەتوانێت پرۆژەیەك تەقدیم بكات, ئەو یاسایە تەواو بووە, كاك عیماد قسەی هەیە, فەرموو كاك محەمەد حەكیم.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە خاڵی نیزامە, ئەگەر ئیجازەم بدەی, لەسەر ئەو دوو رەئیەی دروست بوو, جەنابی سەرۆكی پەرلەمان, من پێم وایە ئیشكالیەتەكە لەوە دایە, لەو كاتەی كە دەنگەكان لێك نزیكن, خاڵەكە خیلاف زۆر هەڵدەگرێت, جەنابت ئەوانەش بژمێری كە دەنگ نادەن بۆ هیچ لایەك, واتا ئەو كەسانەی (یمتنعون عن التصویت), ئەو خەلەلە من پێم وایە لە سەرۆكایەتی هەیە, لەمەولا لەو كاتانەی دەنگەكان لێك نزیكن ئیتر لای خۆتان یەكسەر سێ جۆر دەنگ دەژمێری و لەگەڵ كۆی ئامادە بووان لێكی دەدەیتەوەو, هەر یەكەم جار دەبێت سەرۆكی پەرلەمان بڵێت چل كەس دەنگی بۆ ئەو رەئیە داوەو, چل و سێش موخالیفن, ئەی كویّ دەنگی نادات بۆ هیچیان ئەویش بژمێردرێت, ئەوە ئوسولیترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزام نەبوو, دەبوایە لە كاتی خۆی بیدەیت, بەلاّم ئێستا تەواو بوو تەصویتمان كرد, لەبەر ئەوەی ئەگەر لە كاتی خۆی نەبێت, خاڵی نیزام تەواو, فەرموو كاك عیماد ئەگەر قسەیەكت هەیە.

**بەڕێز عماد احمد/ وەزیری ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاستان دەکەم, موناقەشەیەکی باش بوو, ئەوەی کە ئێوە موافەقەتان لەسەر کرد و پەسندتان کرد و بوەتە یاسا, ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین و, موناقەشەی ئێمە و هینەکانی ئێمە بۆ بەرژەوەندی گەلەکەو بۆ بەرژەوەندی حکومەتەکە بووە, شتێکی ترمان نییە لەوە زیاتر, بەلآم ئیمکانە رەئیەکان جیاواز بن لە یەکتر, ئەوەی ئێستا دەنگی داوە بۆ ئەم مەسەلە کەمتر شارەزا بێت لەو بوارەی ئێستا موختەسین و ئەوانەی دایانناوە شتێکی وا, بەلآم ئێمە بە حوکمی یاسا قەبولی دەکەین و ئیشی پێ دەکەین وەکو کاك عەدنانیش باسی کرد, من تەسەور دەکەم و ئەوەم لێ قەبول بکەن, ئەگەر زانیمان لە ماوەیەکی نزیك من تەعدیلتان بۆ دەکەم و دەهێنم لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە, بەلآم ئەگەر هێنام ئەمجارەش پشتیوانیم بکەن, چونکە منیش ئەندام پەرلەمان بوومە وەکو خۆتان, بەڕاستی ئەو شتانە تەبیعییە, من ئەوەی کە ئێوە رازی بوون لەسەری سوپاسی دەکەم و سەربەرزییە, ئەوەی کە هەر رازی نەبوونە ئیلتیزامی پێوە دەکەین و سەربەرزییە, بەلآم کە دوو جێگر دانراوە من لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانیش قسە بکەم دەتوانین تەعدیلی بکەین لە کاتی ئیش کردندا, ئێمە با جارێ یەکەکە دانێین, ئەگەر زانیمان سەرنەکەوت, ئەگەر زانیمان ئیشکالیەتمان بۆ دروست دەکات, ئەو کاتە پێشنیارێکی تر تەقدیم دەکەین لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دێین موناقەشەی دەکەین, ئینشائەڵلآ ئەوەش سەردەگرێت و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك عیمادو بۆ ئەو دڵ فراوانییەی, دڵنیا بە لەوەی ئێمەش ئیشمان ئەوەیە کە وەزارەتەکان, بەتایبەتی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە قوەت بێتن, بتوانێت بە ئەرکەکانی هەڵبستێت, چونکە ئەرکێکی زۆر پیرۆزی لەسەر شانەو پشتگیریشی دەکەین, ئەگەر پێویستی بە هەموار کردن کرد, نەك بەس لەو رووەوە لە هەر رووێکەوە کە خزمەتی کارەکانی بکات و پێشی بخات بە تەئکید دەخەینە موناقەشەوە, دوا خاڵ لێرەوە کە دوو خاڵمان ماوە لە بەرنامەی کار, دەبێت بدەینە دەنگدان بۆ ئەوەی تەئجیلی بکەین لە بەرنامەی کاردا:

خاڵی دووەم: بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

خاڵی سێیەم: بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی گەشت و گوزار.

داوا دەکەم دەنگی لەسەر بدەن, بۆ ئەوەی تەئجیلی بکەین بۆ دانیشتنێکی تر, کێ لەگەڵ ئەوەیە تەئجیلی بکەین دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس, بە کۆی دەنگ تەئجیل کران, کۆبوونەوەی داهاتوومان هەفتەی دادێت رۆژی سێ شەممە کاتژمێر (10,30)ی بەیانی, دوو شەممە نییە لەبەر ئەوەی جەژنی برا مەسیحیەکانە, کەواتە رۆژی سێ شەممە کۆبوونەوەیە, زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی**

**سێ شەممە رێكەوتی 26\12\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی

## سێ شەممە رێكەوتی 2006/12/26

كاتژمێر (10,30)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2006/12/26 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەرێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەرێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەرێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێرۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بریاردرا دانیشتنی ژمارەی (2)ی نائاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- ئامادە بوونی بەرێز (مەسعود بارزانی) سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ باسكردنی ئەنجامی سەفەرەكەی بۆ بەغداو بارودۆخی عێراق بە گشتی.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمرۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێرۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بریاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10,30)ی پێش نیوەرۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2006/12/26دا بەم شێوەیە بێت:

1- ئامادە بوونی بەرێز (مەسعود بارزانی) سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ باسكردنی ئەنجامی سەفەرەكەی بۆ بەغداو بارودۆخی عێراق بە گشتی.

سەرەتا بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كوردستان و عێراق و گشت شەهیدانی ئازادی داواتان لێدەكەم یەك دەقە بە بێدەنگی بووەستن, فەرموون.

بەگەرمی بەخێرهاتنی زۆر بەرێز كاك مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و جەنابی كاك كۆسرەت جێگری سەرۆكی هەرێمی كوردستان و كاك عومەر فەتاح جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان و جەنابی كاك فازل سكرتێری پارتی دیموكراتی كوردستان جەنابی وكاك سەلاحەدین سكرتێری گشتی یەكگرتووی ئیسلامی وجەنابی كاك قادر عزیز سكرتێری حزبی زەحمەتكێشان وجەنابی كاك محمدی

حاجی محمود سکرتێری پارتی سۆشیالیستی کورستان وجەنابی کاك مسعود ساڵەیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان وجەنابی کاك ویداد لێپرسراوی برا تورکمانان لە پەرلەمانی کوردستان وجەنابی کاك حەیدەر فەیلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانی وبرادەرانی تر دەکەم، هەموو بەخێر بێن، هەموو لایەکتان، ئەندامانی بەڕێزی پێشووی پەرلەمانی کوردستان میوانمانن لێرە لەگەڵ چەند ئەندامێکی سەندیکای خوێندکاران و قوتابیان، ئەم دانیشتنە تایبەتە بۆ ئەوەی گوێ بگرین لەبەڕێز جەنابی کاك مسعود، باسی ئەنجامی سەرفەرەکەی دەکات بۆ بەغدا، کەلەوەختێکی زۆر گرنگدا ئەم سەفەرە ئەنجام درا، عێراق بەگشتی لە قۆناغێکی زۆر ناسکدا تێدەپەڕێت، پێویستی دەکرد قیادەی سیاسی کوردستان بەشداری بکاتن لە چارەسەر کردنی کێشەکانی ناو عێراق، چارەسەر کردنی کێشەکانی ناو هێزە سیاسیەکان بەتایبەتی کە بەکارهێنانی توندو تیژی،کاری تیرۆریستی گەیشتۆتە نەك تەنها بەشەکانی تری دەرەوەی کوردستان، بەڵکو خەتەر ئەگەر بەردەوام بێتن مەترسی دەخاتە سەر خودی کوردستانیش، بۆیە واجبی سەرشانی هێزە سیاسیەکانی کوردستانیشە وەك پابەندین بەدەستووری عێراقی هەمیشەیی، ئەو عێراقە دیموکراتە فیدراڵە دابمەزرێت، نەهێڵین دوژمنانی گەلەکەمان، ناحەزانی دیموکراتیەت فورسەت بێنن بۆ تێکدانی ئەو ئەزموونە و گەڕاندنەوەی مێژوو بۆ دواوە، ئەم سەرفەرە گرنگە چەند بابەتێکی گرنگی بەخۆوە دیت. یەکەم لەمەسەلەی موساڵەحەی وەتەنی کە هەموولایەك چاوەڕوان دەکات کورد دەورێکی گرنگی هەبێت وەك هەمیشە هەی بووە، دووەم کە جەنابی کاك مسعود و وەفدە یاوەرەکەی لە بەغدابوون ڕاپۆرتەکەی بیکەر – هاملتۆن هاتە پێشەوە کەئەویش مەترسییەکی تازەی خستە ڕوو بۆ گەلی کوردستان وهەموو عێراق، دیارە زۆر بەرز بەیانەکەی دەنرخێنین کە زوو بڵاوی کردەوە، ڕەتدانەوەیەکی یەکسەری بوو، هەموو گەلی کوردستان هەمان ڕەئیان هەبوو، دەست خۆشی لێدەکەین، دواتر جەنابی مام جەلالیش بەهەمان شێوە وەڵامیان دایەوە، ئێوەش لە پەرلەماندا موناقەشەی ئەو ڕاپۆرتەتان کردو گەلی کوردستانیش لە هەموو لایەکەوەو حزبە سیاسیەکانیش رەدیان دایەوە، دیسان مەسائیلی تریش لە ئارادایە ئەو عێراقە بەرەو کوێ دەڕوات؟ هەموو ئەو مەسەلانە و مەسائیلی تریش تەفصیلی زیاتر، بۆیە جەنابی کاك مەسعودیش بەسوپاسەوە لێرە ئامادەیە، بۆ ئێوەو بۆ گەلی کوردستان قسە بکاتن، ئەنجامی سەفەرەکەش بخاتە ڕوو. داوا لەجەنابی کاك مەسعود بارزانی دەکەم بێت بۆ پێشکەش کردنی وتەکەی.

**بەڕێز مسعود بارزانی/ سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**خوشك وبرایانی بەڕێزو خۆشەویست.**

جارێکی تریش خۆم بە بەختەوەر دەزانم، کە ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخسا جارێکی تر بەخزمەتی ئێوە بگەین، بۆ ئەوەی باسی بارودۆخی ئێستای ناوخۆو ئێراق و دەروبەرمان بکەین، ئەنجامی ئەو سەردانەتان بۆ بخەینەڕوو کە نزیکەی مانگێك لە بەغدا بووین، بەڵام پێش ئەوەی بێمە سەرباسکردنی ئەنجامی سەردانەکەو بابەتەکانی تر، پێم خۆشە بەو بۆنەیەوە کە ئێستا جەژنی لەدایکبوونی عیسا پێغەمبەرو

کریسمسه، پیرۆزباییەکی گەرم لە برا مەسیحەکانی کوردستان و ئێراق و هەموو جیهان بکەم، هەروەها چەند رۆژێکی تر جەژنی قوربانیش دێت، هەر لەئێستاوە پیرۆزباییەکی گەرم لە هەموو برایانی موسوڵمان دەکەم بەتایبەت لەکوردستان و ئێراق و حاجیەکان ئینشائەڵڵا، ساڵی تازەش کە ئەویش چەند رۆژێکی ماوە دەبێتە ساڵێکی پڕ خێرو بەرەکەت بۆ گەلی کوردستان و هەموو گەلانی عێراق و بۆ هەموو گەلانی جیهان، لەجیاتی توندوتیژی و کوشتن و خوێنڕشتن ئاشتی و برایەتی و تەبایی و بەختەوەری باڵ دەکێشێ بەسەر هەموو گەلانی جیهاندا. هەروەك بەڕێزتان دەزانن لە $11/23$سەردانی بەغدامان کردو بۆ ماوەی $27$ رۆژ لەوێ ماینەوە. ئەو سەردانە لەسەر داوای برایانمان بوو لەبەغدا، چ جەنابی سەرۆك کۆمار چ سەرۆك وەزیران و حزبەکانی دیکەی هاوپەیمان، بەڵام زیاتریش ئەو هۆیەی کەوای کرد کەمن سەردانەکە بکەم، تەسەورێك لای دۆستانمان دروست بوو، کە کورد مادام بارودۆخی باشە ئیتر حەقی نیە لە بەغداو شوێنەکانی تری عێراق چ ڕوودەدات. ئەمە تەسەورێکی هەڵەیە. بەڕاستی بۆچونێکی زۆر هەڵە بوو، هەروەکو زۆر جار بەهەڵە دەچوون بەرامبەر هەڵوێستی کورد. ئەمە باش نەبوو کە ئەو تەسەورە بکرێت. چونکە، یەك لەڕووی ویژدانی ومرۆڤایەتیەوە ئەگەر ئێمە بتوانین، هەرچەند بەشداریەکی کەمیش بکەین بۆ ئەوەی ئەم خوێن ڕشتنە بوەستێ شتێکی گەورەیە دووەم، بەرژەوەندی خۆشمانە کە ئەو بارودۆخە چارەسەر بکرێ، ئەگەر پێمان بکرێت. لەوێ لەگەڵ جەنابی مام جەلال سەرۆك کۆمار زۆر هەوڵماندا لەگەڵ برایانی شیعەو سونە و هەموو لایەنەکانی تر، کە ڕێگەیەك بدۆزینەوە، ڕێگە چارەسەرێك بدۆزینەوە بۆ ئەم خوێن ڕشتنەی رۆژانە هەمووتان دەبینن، واتا رۆژ نیە بەتێکڕایی $60$, $70$ جەنازە فڕێ نەدرێ، جگە لەوانەی بە ئۆتۆمبێلی بەمین چێنراو شەهید دەبن و بریندار دەبن یان بەشێوەیەکی تر. من دەتوانم بڵێم ئێستا لەعێراق دوو جۆر شەڕ هەیە، شەڕێك بەداخەوە بووەتە شەڕی خۆ بەخۆ، شەڕی شیعە و سونە، بەداخەوە وایە. شەڕێکیش لەگەڵ تیرۆریستەکانە، بێگومان تیرۆریستەکان زۆر سودیان لەم بارودۆخە وەرگرتووەو تاڕادەیەك مەیدانیان بۆ چۆڵ بووە، کەبە کەیفی خۆیان بجولێنەوەو سوود لەو بارودۆخە بکەن ولەسەر حیسابی ئەم بارودۆخەی لەنێوان شیعەو سونەوە دروست بووە، زۆریش پەرەیان سەندووە، دوای ڕاوێژێکی زۆر، ئێمە چەند جار چ لەئەنجومەنی سیاسی بۆ ئاسایشی نیشتمانیی لەگەڵ حزبەکان دانیشتین، باس لەوە کرا چ ڕێگەیەك هەیە بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە، بۆ ئەوەی بەڕێزتان ئاگادار بن، ئێستا چ لەپەرلەمان چ لەناو حکومەتی فیدراڵ هیچ ئینسجامێك نیە، واتە وەزارەتێکی مەلغوومە، خەڵکێك لەناو وەزارەتە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەئیمکانیاتی دەوڵەت هەرچی خراپەکاریە دەیکات و یارمەتی تیرۆریستان دەدات، یان بووەتە پردێك بۆ تیرۆریستان، یان بۆ ئەو خەڵکە لادەرانەی کە دژ بەیاساو هەموو کارێکی چاکە، دیارە ناکرێت تۆ لەگەڵ پرۆسەکە بیت و هەمان کاتیشدا دژی پرۆسەکە بیت،ئێستا وایە چ لەناو پەرلەمان چ لەناو حکومەت خەڵکانێك هەن بەدەم لەگەڵ حکومەتن، لەگەڵ پەرلەمانن، لەگەڵ پرۆسەی سیاسین، بەڵام بەکردەوە لەگەڵ تیرۆریستانن، لەگەڵ ئەو میلیشیانەن کە رۆژانە کارو پیشەیان کوشتنە، لەگەڵ تێکدانی بارودۆخەکەن، بەکردەوە دژی پرۆسەی دیموکراتین، دژی پرۆسەی سیاسین کەلە

عێراق دەستی پێکردووە، ئەمانە هەم بارودۆخێکی ناخۆشن هەم کارەساتیشە، پێشنیاری ئەوە کرا کە دەبێ ئێمە هەندێك پرەنسیپ دابنێین، چونکە بەو تێکەڵیە هیچ چارەسەرێك بۆ ئەم بارودۆخە نادۆزرێتەوە، مەبادیئێك دابنرێت کە کێ لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسیە، کێ لەگەڵ دەستوورە، وێڕای ئەوەی کە بواری هەموار کردنی دەستوور هەیە، بەڵام بەپێی ئەم میکانیزمەی کەلەناو خودی دەستووردا هاتووە، نەك بەو شێوەیەی کە هەندێك کەس دەڵێن، دەبێ لەسفرەوە دەست پێبکاتەوە، کێ لەگەڵ فیدراڵیە، کێ لەگەڵ هاوبەشی فیعلیە. هەروەها کێش موعارەزەیە موعارەزەش دوو جۆرە، دەتوانێت موعارەزەیەکی قانونی بکات، لەپەرلەمان بەشێوەیەکی ئاشتیانە ڕای خۆی دەربڕێ، ئەمە شتێکی سروشتیە. موعارەزەی تر ئەوەیە کە پەنا بۆ چەك ببات و لەگەڵ تیرۆریستان، بێگومان مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دوو جۆرە کەسە بەدوو جۆر دەبێت. ئەوەی موعارەزەی قانونی بەشێوەیەکی ئاشتی هەڵبژێرێ، جۆرێکە، ئەوەی پەنا بۆ چەکیش دەبات شتێکی دیکەیە. مەبەست ئەوە نەبوو، کە بڵێن دەبێ فلان هێز بێت بۆ ناو ئەم بەرەیە یان ئەو هاوپەیەمانەتیەو فلانە کەس نەبێت، هەرکەسێك بڕوای بەو مەبادیئانە هەبێت دەتوانێت بێت، لەبەر ئەوەی زۆر حەساسیەت لەبەینی هەردوولادا هەیە، لێدوانێك بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکات، قسەیەك بارودۆخەکە هەمووی ئاڵۆز دەکات، هەروەها هیچ بڕواو متمانە بەیەکتر نەماوە، لەبەر ئەوەی دەبێ خۆیان بگەن بەقەناعەت و پێیان خۆش بێت، کە فیعلەن دەبێ چارەسەری بارودۆخەکە بکەن، ئینجا چ جەنابی مام جەلال یان من یان هەتا دۆستەکانی تر، دەتوانین یارمەتیان بدەین، بەڵام خۆیان نەگەنە ئەوقەناعەتە زۆر زەحمەتە. من پێم وایە هێشتا خۆیان نەگەشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە دەبێ چارەسەری بارودۆخەکە بەم شێوەیە بکرێت. هێشتا موعادەلات و حیساباتی ناوخۆیان کاریگەری هەیە، ئەو لەترسی ئەم، هەموویان دەزانن بارودۆخەکە وایەو هەمووشیان ناڕەحەتن، ئەوانە هەست بە مەسئولیەت دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی قوربانیان داوە لەموعارەزە زۆر هەست بەمەترسی ئەم بارودۆخە دەکەن،بەڵام لەبەر هەندێ حیساباتی ناوخۆیان یان بارودۆخێکی ناهەموار هەبێت، ئەگەر پێت بکرێت دەبێ یارمەتی بدەیت. دووەم بارودۆخی ئێمە، هێشتا ئێمە لەچوارچێوەی عێراقداین و بەشێکیشین لەم دەوڵەتە. هەردارمانێك لەبارودۆخی ئەوەی هەبێت کاریگەری سلبی لەسەر بارودۆخی ئێمەش دەبێت. چونکە بەبێ ئەو چوارچێوەی کەلەناو عێراقدا هەیە، بۆ ئێمە مەعلوم نییە بارودۆخی ئێمە چۆن دەبێت، لە بەرئەوە بەرژەوەندی خۆشمان وەك خەڵکی کوردستان ئەوەی پێمان بکرێت دەبێ ئێمە بیکەین بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە. هەڵوێستی ئێمە زۆر ڕوونە، ئێمە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو هێزانە دەکەین، کە بڕوایان بەدەستوورو دیموکراتی وفیدراڵی و پێکەوە ژیان و موشارەکە هەبێت بەڕاستی ئێمە هیچ وەختێك هاوپەیمان نەبووین لەگەڵ ئەو هێزانەی دژی ئەو مەبادیئانەن، ئینجا لەسونە یان شیعە بێت. ئەو ماوەیە پرۆسەکە زۆر بەرەوە پێشەوە چوو، کۆنگرەی ئاشتەوایی نیشتمانی ئەنجامدرا، ئێستەش لەنێوان چەند هێزێکی سەرەکی گفتوگۆبەردەوامە بۆ ئەوەی وەکو بانگەوازێك ئاراستە بکرێت بۆ دروست کردنی بەرەیەك یان ئیئتلافێك، چونکە ئێمە وەك خەڵکی کوردستان هیچ گیروگرفتێکمان نەبووە، یەك هەڵوێست بووین

بەپێچەوانەوە، چونکە ئێمە هیچ کاتێك بەشێك نەبووین لەکێشە، بەشێك بووین لەچارەسەر. لەبەر ئەوە لەسەر ئەو هەوڵەی دەستمان پێکردووە بەردەوام دەبین، بەڵکو ئینفراجێك لەبارودۆخەکە دروست ببێت و بارودۆخەکەش لەبەغداو شوێنەکانی دیکە بەرەوباشتر بچێت، بێگومان کێشەی هەرەگەورەی خودی بەغداو دەروبەرەکەیەتی، زۆر شوێنی وا هەیە تەسفیە بووە، ئەم لا شیعەیەو ئەولا سوننەیە، لەبەر ئەوەی شیعەیە دەردەکرێ و لەبەر ئەوەی سونەیە دەردەکرێ و، گەڕەك هەیە بەتەواوەتی لەیەکدی پاکسازی کراوە.لەلای ئێمەوە پابەند بوون بەدەستوور مەرجە، بەتایبەتی ئەو ماددانەی کە پەیوەندی بەدەستکەوتەکانی گەلەکەمانەوە هەیە، پابەند بوون بەو دەستوورە مەرجە بۆ ئەوەی عێراق بەیەکپارچەیی بمێنێتەوە. ئێمە کاتی خۆیشی کە قبووڵمان کردو ڕازی بووین و بەشدار بووین لەپرۆسەکە لەسەر ئەو بنەمایە بوو، کە ئەمە دەستووری عێراقەو پابەند بوون بەم دەستوورەش مەرجە بۆمانەوەی عێراق بە یەك پارچەیی، ئێستاش ئێمە دووپات لەسەر هەمان هەڵوێستی خۆمان دەکەینەوە، لە ناو شیعە چەند هێزێك هەن کە هەست بەمەسئولیەت و مەترسی بارودۆخەکە دەکەن. هەر ئەوانیشن کە بەڕاستی لەموعارەزەدا بوون و شەهید و قوربانیان داوە. ئەمانە زۆر بەجدی خەریکن لەناو سونەش هەندێك هەن، وەك ئەشخاص و هەتا وەك ڕێکخراو هەست بەمەترسی بارودۆخەکە دەکەن و جدین، بەڵام بەڕاستی ترسی لایەنەکەی تر ئەوەندە گەورە بووە، نەئەوان و نەئەمان ناوێرن هەڵوێستێکی ڕوون پیشان بدەن، واتە پێویستی بەدەفعێکی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆیان بەڕوونی و ئاشکرا دەربڕن، هەر لەم ماوەیە ڕاپۆرتی بیکەر – هاملتۆن دەرچوو، ئێمە خەریکی ئەو بەزمە بووین ئەوەشی هاتە سەر، لێرەدا دەمەوێ پڕ بەدڵ سوپاسی هەموو گەلی کوردستان و ئێوەی بەڕێزو ئەحزابەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و سەندیکاکان و بەتێکڕای ئەو یەك ڕیزی و یەك هەڵوێستیە بکەم، هەروەها سوپاسی جەنابی مام جەلالیش بکەم کەزۆر بەتوندی پشتیوانی لەهەڵوێستی ئێمە کرد، بەڕاستی ئەم یەك هەڵوێست و یەك ڕیزیە باشترین وەڵام بوو بۆ ڕاپۆرتی بیکەر – هاملتۆن و بۆ هەر ڕاپۆرتێکی دیکە کەلەمەو دوا بەم جۆرە دەربچێت، دوای ئەوە سەرۆك بۆش بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردم و وتی، من لەنیگەرانی کورد تێدەگەم، بەڵام ئەمەش ڕاپۆرتێکە وەکو زۆر ڕاپۆرتی دیکە، کە بۆم دێن من هەموو دەخوێنمەوەو تەماشایان دەکەم، بەڵام بڕیار لای منەو من بڕیار دەدەم هەڵوێست ئێمە ڕوونەو پێویست بەوەناکات بچمەوە سەری و دوپات لەهەمان هەڵوێستی خۆمان دەکەینەوە، بەڵام من دەمەوێت لێرەدا بۆ ئێوەی بەڕێزو لەڕێگەی ئێوەوە بۆ گەلی کوردستان و ئەو کەسانەی پەیوەندیدارن بەبارودۆخەکەوە ڕوون بکەمەوە. ئێمەی خەڵکی کوردستان قوربانیەکی زۆرمان داوە بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە بێتە دی، ئەم دەستکەوتانە بە خوێن و قوربانیەکی زۆرەوە هاتوونەتە دەست، بۆیە وا ئاسان نیە، بەڕاپۆرتی بیکەر – هاملتۆن یان یەکێکی هەروەا نادیدە بگرێ و بڵێ من وادەکەم و ماددەی 140 دوا دەخرێت مەسەلەی نەوت وای لێبێت، مەسەلەی فیدراڵی وای لێبێت، ئەمە کارێکی هەندە ئاسان نیە، ئێمە کەڕازی بووین لەچوارچێوەی عێراقدا بمێنین بەو مەرجە بوو کە ئەمە دەستووری عێراق بێت، بەو مەرجەی کە ئەم دەستکەوتانەی تێدا بوو بۆ گەلی کوردستان، ئەو ئازادییەی

که ئێستا بەدەست هاتووە کەس خێری پێ نەکردووین،ئەمە بەرهەمی خوێنی شەهیدانی خۆمانە، ڕەنجی میلەتەکەمانە، کەسیش ناتوانیت جارێکی دیکە ئەم دەستکەوتانە لەئێمە بسەنێتەوەو، ئێمە بەئازادی و سەربەستی نەبێ لەعێراقێکدا خاوەنی ئەم دەستووره نەبێت، ڕازی نابین و، مومکین نیە قبوڵی بکەین و هیچ پابەند بوونێکیشمان بەرامبەر بەو ڕاپۆرتە نابێت, بەڕاستی ئەو نرخەشی نیە, واتە ئەوە نیە بڵێین ئەمە دەبێتە سیاسەتی ئەمەریکا. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە خەڵکێك هەیە وا بیر دەکاتەوە, ئەمە وەکو زەنگێکی مەترسی دارە. دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت ئێمە بەو دەستوورەی عێراق ڕازین، بەڵام هەرکەسێك بیەوێ شتێك لەسەر ئێمە بسەپێنێ پێچەوانەی ئەوەی کە لەو دەستوورەدا هاتووە، دژی دەوەستین و قبوڵی ناکەین، هەر هەموارکردنێك لەو دەستوورەدا بکرێ بەپێی ئەو میکانیزمەی لەو دەستوورەدا هاتووە، گرفتێك نییە، بەڵام لەدەرەوەی ئەوەی لە ڕێی UNیا کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی یا ئیقلیمیەوە بسەپێنرێ، ئێمە بەڕاستی وەکو کورد و کوردستانی دەبێ ئامادە بین و مقاوەمەش دەکەین و ناهێڵین سەربگرێ. بەنیسبەت ماددەی 140 کە پەیوەندی بە کەرکووك و ناوچەکانی دیکەی وەکو خانەقین و شنگار و شێخان و مخموور و زومار و مەندەلی هەیە، نەك هەر لە کوردستان لە زۆر شوێنی دیکەی عێراقیش هەیە، وەکو سنووری پارێزگای رومادی لەگەڵ بەغدا،تکریت، حللە، کەربەلا، و نەجەف. واتە زۆر دەستکاری سنووری ئیداری کراوە.بەڵام لە دەستوور داهاتووە کە چارەسەری بۆ داناوە، ئێمە ڕازین و ئەوەش کەمترین شت بوو، کە ئێمە وەکو کورد پێی ڕازی بین، بەڕاستی ئەو نەرمونیانەشمان پیشان دا بۆ ئەوەی چارەسەری بدۆزینەوە، ئێمە لە چارەسەر دەگەڕێین نەك لە ئاڵۆزکردنی کێشەکە.بەڵام هەر دواخستنێك یا دەستکاریەك مانای ئەوەیە کارەساتی گەورەی لە دواوە دێت، هەروەها کەسیش ناتوانێ دەست بخاتە ناو ئەو مەسەلەیە، من لەوێ لەگەڵ وەزیری دادیش دانیشتم کە سەرۆکی ئەو لیژنەیە، دووپاتی کردەوە و گوتی: ئێمە بەردەوامین لەسەر کاری خۆمان و ڕێنوێنیش وایە، هەروەها من لەگەڵ سەرۆکی وەزیرانیش قسەم کرد و دووپاتی کردەوە، کە مومکین نیە, ئێمە مەجال بدەین هیچ دەوڵەتێك یان کەسێك تەداخول بکات یان فشار بخاتە سەرمان بۆ دواخستنی ئەو ماددەیە.

بڕیاری دامەزراندنی کۆمیتەیەکی بەهێزیشماندا بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە و پاشان ڕایدەگەیەنین. جارێکی تر دەیڵێمەوە ئێمە پابەندین بەوەی لەو دەستورە هاتووە، پابەندین بەو شێوەیە ماددەی 140 جێبەجێ بکرێ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئێمە رازی نین کەس تەدەخول لەو پرسە بکات، هیچ دەوڵەتێك یا ئەو لایەنەی لە ناوەوە داوای دواخستنی دەکەن، دەبێ لە ئێستاوە بزانین ئەگەر بەشێوەی دەستووری و قانونی بێت، ئەوە دەستوور ڕێگەی داوە سەرژمێری بکرێ و ڕاپرسی بکرێ، دەبێ ڕێز لە ڕای ئەو خەڵکە بگیرێ، ئەو کاتە ئێمەش ڕێز لە ڕای ئەو خەڵکە دەگرین، ئەگەر بیانەوێ بە فیتنەسازی و بە پیلان و تەدەخولی دەوڵەتێکی ئیقلیمی ئەوانە بیانەوێ ئەو پرسە تێك بدەن، دەبێ بزانن نە هیچیان پێ دەکرێ و لە غەیری سەر شۆڕی شتیکی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە.

لەوێ لە بەغدا زۆر چاوپێکەتنمان هەبوو لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵ، لە جەنابی سەرۆك کۆمار و وەزیران و جیگرەکانیان و وەزیرەکان تا گەیشتە شەخسیات و حزبەکانی ئێراقی و زۆربەی باڵیۆزەکان، هەروەها لەو دەرفەتە جەنابی تۆنی بلێر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاشمان بینی، لەگەڵ جەنابی مام جەلال پێکەوە دیتمان، وەزیری بەرگری ئەمریکاو سەرۆکی ئەرکانی لەگەڵ بوو، وەفدێکی گەورەی کۆنگرێس هات، کە مومکینە مەکییێن پالێوراوی کۆمارییەکان بێت بۆ هەڵبژاردنی دادێی ئەمریکا، لەگەڵ ئەواندا بە دوورودرێژی باسی بارو دۆخەکە کرا، ئەوان دوو بوون یەکێك جۆن ماك کیین کۆمارییەکان بوو. ئەویدیکەش جۆزێف لێبرمانی دیموکراتیەکان بوو. باسی ڕاپۆرتی بیکەر کراو گوتیان : ئێمە حەز دەکەین ئێوە بزانن ئەگەر خەڵکیك هەبێت وەکو بیکەر. هاملتۆن بیریان کردبێتەوە، کە ئێستا نە لە کۆنگرێس و نە لە حکومەتن و کەسیش مولزەم نیە بە ڕاپۆرتی ئەوان، بەڵام خەڵکێکی وەکو ئێمەش هەیە و هەست دەکەین، ئێمە ئیلتیزامێکی ئەخلاقیمان هەیە جگە لە بەرژەوەندی بەرامبەر کورد.

هەر لەو ماوەیەدا وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هاتە بەغدا، پاش گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی فیدراڵ و وەزیرە پەیوەندارەکان. بەشی کوردستان لە بودجەی دەوڵەت کە لە 17٪ یە تا سەرژمێرییەکی تەواو دەکرێت لەسەر ئەو مەبدەئە دەڕۆن، چەسپا و تەواو بوو. مەسەلەی قانونی نەوت تا ڕادیەك دەتوانم بڵێم تەواو بووە، هەرچەندە وەکو 17٪ بەتەواوی کۆتایی پێ نەهاتووە، بەڵام ئەویش خەریکە تەواو دەبێت بەو شێوەیەی کە لەدەستوردا هاتووە. ئێمە داوای شتێکمان نەکردووە لە دەرەوەی دەستووربێت.

دەربارەی وەزعی پێشمەرگە، هەروەکو لە دەستوردا هاتووە تەواو بووە بەڵام دەربارەی بودجەکە، سیستەمی بەرگری عێراق بودجەیەکی گەورەی بۆ دانراوە، من لە گفتوگۆکانی پێشمەرگە بەشدار بووم، کە دەبێ بەشی پێشمەرگەی تێدابێت. خەریکین لەوەش بەئەنجامێك بگەین، هەرچەندە هێشتا هەندێك ماوە، دیارە زۆرجار لێرەش و لەوێش هەندێك کەس بە هەڵە دەچن. وەك ئەوەی ئێمە موعارەزە بین یا ئێمە شتێکی تر بین، ئینجا بچین داوا لە حکومەتی فیدڕاڵ بکەین. ئێمە بەشێکین لە دەوڵەت و ئەو بارودۆخە بە خوێنی ئێمە دروست بووە، ئەوە نیە ئێمە بچین تکا بکەین، ئێمە چووین هاوکاریان بکەین بۆ ئەوەی پێکەوە چارەسەری بدۆزینەوە، لەبەر ئەوە کێشەی هەمووومانە. ئێمە ئەوە قبووڵ ناکەین لەوێ بڕیار بدرێت بەبێ ئەوەی حیساب بۆ ئێمە بکرێت.هەروەها دەبێ ئێمە ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە دەوڵەتی فیدڕاڵ دەوڵەتی ئێمەیە، ڕێز لەو قانوونە، لەو دەستووورە بگرین. ئێمە پابەندین بەوەی پشتیوانی لەو دەوڵەتە بکەین تاکو ئەویش پابەندبێت بەو دەستووورە و ئەو قانوونانەی کە لەسەری ڕێکەوتووین. بۆیە نابێ وا بیر بکرێتەوە کە ئێمە وەکو لایەنێکی موعارز دەچین و لە دەوڵەت داوا دەکەین. ئێمە بەشێکین لەو دەوڵەتە پێکەوە چارەسەر بۆ ئەو مەسەلانە دەدۆزینەوە کە چارەسەریان پێویستە.

زۆر بە درێژی باس لە ڕۆڵی پێشمەرگە لەبەغدا کرا. لەوێ پێمان گوتن پێشمەرگە نەك هەر بەرپرسە لە پاراستنی هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئێراق لە هەرکوێیەك تووشی مەترسیەکی گەورە بوو، پێشمەرگە

ئامادەیە بەرگری لە هەموو ئێراقدا بکات. ئەگەر ئەرکی پێشمەرگە پێشتر ئەوەبوو رژێمێکی دیکتاتۆری برووخێنێ. ئێستا ئەرکی پێشمەرگە ئەوەیە سیستەمێکی دیموکراتی بپارێزێ، بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوە بێت لە بەغدا دابنیشێ و ببێتە بەشێك لە ململانێی نێوان شیعەو سوننە. بەڕاستی ئێمە ئەوە ناکەین و ئەوە بە ئێمە ناکرێ و پێویستیش نیە هەم بۆ ئێوە و هەم بۆ خۆشمان خراپە، ئەگەر مەبەست ئەوە بێت پێشمەرگە بێت لە جادەکانی بەغدا دابنیشێ و ببێتە ئامانجی قەناس و ئوتۆمبێلی بەمینچێنراو، پێشمەرگەی ئێمە تەحەمولی ئەو دانیشتنە ناکات بەو شێوەش فێری شەڕنەبووە. ئەگەر مەسەلەی ململانێی نێوان سوننە و شیعە یەکلابۆوە، ئەگەر تیرۆرستان لە شوێنێکن مقاوەمە دەکەن و هەن دەیانەوێ ئەم بارودۆخە و ئەم پرۆسەیە تێك بدەن، پێشمەرگە ئامادەیە ئەگەر ئامانج دیارو سنووردار بێت و دێن و ڕۆڵی خۆشی دەبینێ و تەفروتوناشیان بکات، بەڵام بەو شێوەیەی کە ئێستا هەندێ کەس بیری لێدەکاتەوە، بە ڕاستی هاتنی پێشمەرگە نە مەسلەحەتە و نە ئێمە ئامادەین قبووڵی بکەین، فیعلەن ئەگەر بارودۆخی ناوخۆیان چارەسەر بوو، ئەرکی پێشمەرگە بۆ ئەوە بێت بچن لە هێزێکی تیرۆرستان بدەن لەگەڵ سوپای عێراق و هاوپەیمانان، پێشمەرگە ئامادەیەو ئەمە ئەرکێکی سروشتیە، بەڵام غەیری ئەمە ئێمە رازی نین و لە بەرژەوەندیشدا نیە.

بەڕاستی ئەو دەوڵەتانە دەست تێوەردانێکی نابەجێ دەکەن، راستیش ناکەن ئەگەر فیعلەن مەبەستیانە بارودۆخی ئێراق چاك بکرێ، ئەگەر بە پەرۆشن بۆ خوێنی ئێراقیەکان، کە ڕۆژانە دەڕژێ، باشترین کۆمەکی کە بە خەڵکی ئێراقی دەکەن ئەوەیە کە تەدەخول نەکەن نە بەچاك نە بە خراپ، ئەمە باشترین کۆمەکە بە خەڵکی ئێراقی دەکەن.

هەندێ جار ئەوانە هەقێکی وا بەخۆیان دەدەن، کە مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ کە تەدەخول لە هەموو شتێك دا دەکەن، دەبێ ئەم شارە وابێت ئەو ماددەیە وای لێ بێت وەك ئەوەی عایدی ئەوانە، یا پێشوازی لە گەو رەترین تیرۆرست دەکەن، کە هەمیشە بانگەشەی فیتنە و تێکدانی بارودۆخەکە دەکات.

بێگومان ئەمانە هەمووی کاریگەری خۆیان هەیە، من لە بەغداش بە سەرۆك وەزیران و لایەنەکانی تریشم گوت، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سیاسی گوتم : دەبێ ئێمە و ئێوە وەکو خەڵکی ئێراق بارودۆخەکە ڕێك و پێك بکەین و ناوماڵی ئێراق ڕێکبخەینەوە، ئەو کاتە خەڵکی تر مەمنوونیش دەبێت مەرحەباتان لێبکات، بەڵام بەم شێوەیە، کە لاشەیەکە کەوتووە و هەرکەسێك دەیەوێ پارچەیەکی لێببات.ئەوانە دەستێوەردانی نابەجێ دەکەن، دەبێ دەوڵەتی ئێراق هەڵوێستی خۆی هەبێت بەرامبەر بەو دەستێوەردانە.

ئەم هەڵوێستە لە هەندێك بۆنەشدا هەبووە، بەڵام دەبێ بارودۆخی ناو ئێراق وای لێبێت ئەمانە جورئەتی ئەوە نەکەن تەدەخول بکەن، ئەگینا پێموایە بە تکاو سەردان و ئەمانە سوودی نیە.

ئێستا فێری بەزمێکی دیکەش بوونە، کۆنفراس دەبەستن بۆ ئاگر خۆش کردن یا دوا شت خەریکن هەندێ جاش کە بەدرێژایی مێژوو بوون لەگەڵ هەندێ عەرەبی شۆڤێنی کە هێشتا تێنووی خوێنی کوردن. وەك ئەوەی بەرەیەك دروست دەکەن بۆ تێکدانی بارودۆخی کوردستان یا گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر ئێراق

وەك ئەوەی ئێمە داوامان کردووە کە کەرکووك لە ئێراق جیا بکرێتەوە. کەرکووك لە ئێراق جیا نابێتەوە، ئێمەش بەشێکین لە ئێراق. جارێکی تر دەڵێین: تا ئێراق خاوەنی ئەم دەستوورە بێت، ئێمە بەشێکی هەرە سەرەکین لە ئێراقدا، کە دەستوور گۆڕاو ئێراق کەوتەوە دەست ئەو شۆڤینیانە، ئەو کاتە خوا کەریمە، وەکو عەرەب دەڵێن (لکل حادث حدیث)، بەڵام بابێینە سەر واقیع، ئەوانە زۆر هەوڵیان داوە. تا ئێستاش ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان ڕابکێشنە ناو شەڕێکی ڕەگەزی. لە موسڵ زیاتر لە سێ هەزار ماڵی کورد دەرکراوە، لە کەرکووك و لە دیالە، لە موسڵ ژمارەی ئەو کوردانەی لەسەر ناسنامە شەهیدکراون لە دوو هەزار تێپەڕیووە.

ئێمە دەتوانیت دەبەرامبەر تۆڵەیان لێ بکەینەوە، بەڵام نە بە ئەنفال نە بە کیمیاباران و نە بە هیچ کردەوەیەك ڕژێمەکان نەیانتوانی کورد رابکێشنە ناو ئەو شەڕە، کە ببێتە شەڕی کورد و عەرەب، شەڕی کورد و تورکمان، ئێستا ئەوانە بەهۆی چەند جاشێك ئەگەر پیاون دێنە ناو میللەتی کورد، ئەگەر قیمەتێکیان هەیە بەس بوێرن بێنە زاخۆ، یا سلێمانی یا هەو لێر یا دهۆك یا شەقلاوە یا هەر شارێکی کوردستان، نیوسەعات ئەگەر بوێرن بێن لەبەر جەماوەری کوردستان با بێن، یا ئەو عەرەبە شۆڤێنانەی بە درێژایی مێژوو فاشیل بوون و بەر پرسن لەوەی بەسەر ئێراق دا هاتووە، ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ ی ئێراقی تێدایە، ئەمانە چیان پێ دەکرێ، بەڵام ئەمە نیەتەکە پیشان دەدات، کە ئەگەر ئەوانە پێیان بکرێ چ لە بارودۆخی ئێراق دەکەن. زیاتریش هەندێك لایەن هەن، بەڕاستی بەس کورد هیچی دەست نەکەوێ ئەویتر چ دەبێت با ببێت. لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە وریای ئەو بارودۆخەش بین.

جارێکی تریش من دەڵێم یەك هەڵوێستی، یەك ڕیزی ئێمە وەڵامە بۆ هەموو ئەو پیلانانەی دژی ئێمە دەیگێڕن. بێگومان هەندێ هەوڵی دیکەش بەناوی برایانی تورکمان، کلدان و ئاشوری و سریان لە ئەوروپا و ئەمریکا و هەندێ شوێنی هەیە ئەمانە وا پیشان دەدەن کە ئەمانە دەچەوسێنرینەوە و لە کوردستان مافیان نیە، من داوا لەو وڵاتانە دەکەم کە وەفد بنێرن با لەو تورکمان و کلدان و ئاشوری و سرییانیە نیشتمانپەروەرانە بپرسن. ئایا ئەوانە لە بارودۆخەکە ڕازین من ناڵێم بارودۆخێکی بێ گیرو گرفتە، بەڵام لە پەرلەمانن و لە حکومەتن ئەوان بابەرگری لە مافی خۆیان بکەن. بە دڵنیایشەوە دەڵێم ئێمە لەگەڵ مافی ئەوانین، بەڵام بە تەئکید ئێمە لەگەڵ ئەوانە نین کە خۆیان فرۆشتووە و بە ئەجندای خەڵکی تر دێن، ئەو هەموو بووختان و ئەو هەموو پیلانانە دەگێڕن.

ئێمە برای یەکین، وڵات وڵاتی هەمووومانە، بەداخەوە لەناو برایانی ئێزیدیش چەند کەسێك پەیدا بوونە، کەوا پیشان بدەن بەرەیەکی دیکە لە ئێزیدی و شەبەك و عەرەب و تورکمان دژی هەرێمی کوردستان دروست ببێت. با لە ئێزیدیەکان بپرسن، ئەگەر خۆیان بە کورد دەزانن کە بە بۆچوونی من ئەوان ڕەسەنترین کوردن، لە شەبەك بپرسن ئێوە لەگەڵ کوردن، لە تورکمانەکان بپرسن ئێوە دەتانەوێ لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان دابن، هەروەها لە ئاشوری و کلدان و سریانی ئەگەر زۆرینەی ئەو خەڵکەی

ڕای بە بەڵێ دا، با وازمان لێبینن و هەرکام لە مانە بیەوێ جیابێتەوە، بە خۆشی دەتوانێ جیابێتەوە، بەڵام بە پیلانگێڕان لە غەیری فەشەل بۆ ئەوانەی ئەو پیلانانە دەگێڕن هیچی دیکە نابێت.

ئامۆژگاری منیش بۆ برایانی تورکمان و کلدان و ئاشوری و سریانی، ئەمە وڵاتی خۆتانە، ئێوە دەتوانن هەرچی حەز بکەن و هەرچی بتانەوێ دەتوانن بیڵێن و داوای بکەن. پشتیوانی ئێوە، میللەتی کوردە، پشتیوانی ئێوە دەوڵەتێك یا چەند دەوڵەتێکی ئیقلیمی نیە. ئێمە پێکەوە ژیاوین و پێکەوە دەژین، پێکەوە لەسەر ئەم وڵاتە دەمێنین و دەبێ پێکەوە گیرو گرفتەکانی خۆمان چارەسەر بکەین. بەڕاستی پشت بەستن بە وڵاتێکی تر غەیری فیتنە دروست کردن هیچی دیکە نیە. من دڵنیاشم ئەوانەی دڵسۆزن و نیشتمانپەروەرن ئەم هەقیقەتەیان بۆ ڕوون بۆتەوە و لە غەیری برایەتی و هاوکاریی و تەبایی، من پیم وانیە هیچ ڕێگەیەکی تر بگرنە بەر.

دەربارەی بارودۆخی خۆشمان. من ئومێدەوارم کە لە ساڵی داهاتوو کە چەند ڕۆژێکی ماوە دەست پێ بکات، پیش ئەوەی ساڵ تەواو بێت، ئێمە خۆمان دامەزراندنی دامەزراوەکان و ئەو گیروگرفتانەی کە هەن، هیچی نەمیێنن. دەربارەی مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەندێك لە وەزارەتەکانیش وا بزانم وەزارەتی داد و دارایی تەواو بووە، وەزارەتی پێشمەرگەش تەواو بووە، ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد لەگەڵ بەغدا بگەینە ئەنجامێك دەربارەی هەیکەل و ژمارەی پێشمەرگەو سیستەمی ئیش کردنی پێشمەرگە و پەیوەندی پێشمەرگە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ چۆن دەبێت، ئێمە ئەوانەمان هەمووی تەواو کرد. لەبەر ئەوە ئیستا ئێمە دەتوانین ئەوەی خۆشمان لێرە تەواو بکەین، چونکە نەدەکرا ئێمە شتێك بکەین نەگونجێ لەگەڵ ئەوەی فیدراڵی.

دەربارەی وەزارەتی ناوخۆش، لەو کۆبوونەوە هاوبەشەی لە بەغدا کردمان بڕیارماندا لیژنەیەکیش بۆ ئەو دابنرێ. تەقریبەن ئەویش تەواو بووە، لە ڕاستی دا شتی سیاسی نەماوە، واتە هەندێ مەسەلەی هونەری مابۆوە کە هەندێکیان پەیوەندی بە بارودۆخی ئێمەوە لەگەڵ بەغدا مابوو، هەندێکیش بە کات ڕانەگەیشتن، سەرقاڵی ئیش و کارەکانی دیکە بووین، بەڵام دەبێ گیانی تەبایی و برایەتی لەناو حیزبەکان قوڵتر بکەینەوە، دەبێ پڕ بە مانای وشە دەوڵەتی یاسا بێت، دەبێ دەوڵەتی دامەزراوەکان بێت. کوردستان وڵاتێکی گەورە و دەوڵەمەندە بەشی هەموومان دەکات. بەڕاستی پێویستیش ناکات فێڵ لە یەکتری بکەین و پیلان لە یەکتری بکەین دەتوانین پێکەوە بژین، هەرکەس ڕاو هەڵوێستی خۆی هەیە، بۆچوونی خۆی هەیە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ وەکو حزب وەکو شەخس، بەڵام لەسەرووی هەمووشی دەبێ بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێمە لەبەرچاو بێت کاتێ سیاسەت و حزب یا ئەم حزبە بەشداربوونی لە کۆنفرانسێك بگاتە ئەوەی زەرەر لە بەرژەوەندی نەتەوەیی وڵاتەکەی بدات، دەبێ خۆی هەڵوێست وەربگرێ.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە زۆر سوپاستان دەکەم بۆ گوێگرتنتان من هەر ئەوەندەم پێ بوو کە عەرزتان بکەم، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی کاك مسعود. بۆ ئەو وتە بەنرخەی کە باسی هەموو ڕووداوەکانی بەغدای کرد لە ڕووی سیاسیەوە ئەو هەنگاوانەی کە نراون، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی کە ڕووبەڕووی گەلی عێراق بووە، هەموو ئەو هەنگاوانەی کە نراون، بۆ ڕەت دانەوەی ڕاپۆرتەکەی بیکەر – هاملتون، وەڵامدانەوەی هەڵوێستەکانی نا دۆستانەو ناحەزانی گەلەکەمان بەتایبەتی لەوڵاتانی ئیقلیمی کە دەیانەوێ، ئەم ئەزموونە لە ژێر ناوی جۆراو جۆر تێك بدەن، بەڕاستی سوپاسی دەکەین، ئێستاش ڕێگا دەدەین بۆ ئەو برادەرەی کە پرسیاری هەیە یان دەیەوێ، قسەی بکاتن، چەند کەسێك (5-6) کەسێك ئەوەنە بەسە لە هەر کوتلەیەك دوان دیار دەکەین، کاك خورشید شێرە، بەڵێ مامۆستا، کاك خلیل، کاك عوسمان، کاك ڕۆمیۆ، کاك محمد، پیر خدر، دکتۆرە شوکریە، دیلمان، کرخی، سۆزان خان وابزانم بەسە ئەوەندە، کاك محمد حاجی محمود، محمد حکیم، محاوەلەم کرد بۆ ئەوەی ناوەکان هەموو لایەنەکانی تێدا بێتن، هەم وەکو پەرلەمان هەم وەکو حزب، کاك خورشید شێرە فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم، بەخێرهاتنی برایانی وەزیر و حزبەکان دەکەین، یەك دوو پرسیارم لە جەنابی سەرۆکی هەرێم هەیە، بەو سیفەتەی جەنابت لەبەغدا بوویت چەند کۆڕو کۆبوونەوەیەك کرا لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی لەگەڵ مەجلسی ئەعلاو حزبی دەعواو حزبی ئیسلامی بۆ ئەوەی تەکەتولێکی پەرلەمانی لە بەغدا دروست بکرێت، هەندێ جار لە کۆبوونەوەکان لە سایدی ڕاگەیاندن، هەستمان پێدەکرد کە بەرەو پێش چوون هەیە بۆ دروست کردنی ئەو تەکەتولە، وەکو هەست دەکەم من کتوپڕ دەنگەکە کپ بووەوە، ئایا چ هەنگاوێکی تر چ خەتەواتێکی تر ئیجابیاتی تێدایە یان ڕاوەستاوە لە جێگای خۆی، چونکە کۆبوونەوەی ئەو دواییەی جەماعەتی ئیئتلاف لەگەڵ سیستانی وا پێئەچوو ئەوان زیاتر کۆك بن و، بەبیرو بۆچوونی من دورکەونەوە لەو تەکەتوولەی ئایا ئەوە تا چ ڕادەیەکە، پرسیاری دووەم ئەوەیە، تا چ ڕادەیەکی مەوزوعی ماددەی 140 جەنابت باستکرد، بەڵام دوێنێ سەرۆکی ئەنجومەنی محافەزەی کەرکووك، زۆر بێ ئومێدی نیشان دا کە ئەو لیژنانەی کە دروست بوون، تا ئێستا بەتایبەتی لیژنەی کەرکووك ومەندەلی، لیژنەی مەرکەزی کە دروست بووە، تائێستا هیچ هەنگاوێکی وای نەهاویشتووە تەنها کۆڕو کۆبوونەوەیان هەبووە ئەو قەراراتانەش کە داویانە، مەجلیسێکی شورا دروست بووە، گوایە دەبێ ئەو قەرارەی ئەوان دەیدەن بچێتەوە بەردەم دەستی ئەو مەجلسی شورایە، ئەو مەجلسی شورایەش ئایا مەجلسی وزەرایە، ئایا پەرلەمانە، ئایا مەجلسێکی تایبەتیە، یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس. كاك خەلیل بەڵام رجایەك ئەكەم یەكی پرسیارێك بكەن بۆ ئەوەی ڕێگا بدەن هەریەكە لە مێشكیدا چەند پرسیارێكی هەیە بۆ ئەوەی مەجال بدەن ئەوانی تریش قسە بكەن، ئەو پرسیارە موحەدەدە ئەوەی موهیم ترە با ئەو پرسیارە بكرێتن فەرموو كاك خەلیل.**

**بەڕێز خلیل أبراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**زۆر بەخێرهاتنێكی گەرمی بەڕێز سەرۆكی هەرێم دەكەم. لەگەڵ ئەو پەڕی سوپاس و پێزانین و پشتگیری بۆ هەموو هەڵوێستەكان و هەموو ئەو جوهدو ئەو ماندوو بوونە، سوپاسی ئەو عەرزی مەشهەدی سیاسی و ئەو ختورەتانە پێشكەش كرا، جێگای سوپاسە بەحەقیقەت، وەزع زۆر حەساسە، نەك وەزعی عێراق بەتەنها بەڵكو وەزعی عێراق بەگشتی و كوردستانیش، ئێمە ئیحتماله لە هەموو كەس زیاتر پێویستیمان بە خۆمان بێت، سیقەی جەماوەر بەڕای من یەعنی زەعیفە بە ئەمریكا، حەتا بە خودی مەركەزیش، ئێمە هەر نوقتەی قوەی ئێمە هەر ئەوەیە سیقەمان بە خۆمان بێت، یەك ڕیزی خۆمان و یەك هەڵوێستی خۆمان، بەحەقیقەت بەو تەقریرەی بیكەر – هاملتۆن، جێگای داچڵەكانێكی زۆر بوو، یەعنی ئیستیفادەشی لێ ئەكەین، موحتاجی ئیستراتیجیەی شاملین، ئێمە وەكو گەلی كوردستان، ئێمەش بەخۆدا بچین، ئێمەش لیژان دروست بكەین، هی دیراسات، هی بحوث هی سیاسی، تەقیمی وەزعی خۆمان بكەین، ئەو پانزە ساڵەی ئەم دواییەی تەقیمی هەڵوێستی بەرامبەرەكانمان بكەین دۆستمان، دەورووبەر، دوژمن بن، ناحەز بن، بەكاملی یەعنی تەقیمێكی شامل بكەین، ئێمە هەڵوێستەمان پێویستە زۆرجدیش لەسەر ئاستی خۆمان بزانین وەكو ئەحزاب وەكو سیاسی لەسەر سەعیدی سیاسی چی بكەین وەكو حكومەت، چی بكرێت، وەكو جەماوەریش چۆن ئیلتیفاتێكی ترو چۆن زیاتر خۆش بكەین، عەلاقاتی خۆمان، دبلۆماسیەتی كوردی هی كوردستانی لەدەرەوە، زۆر پێویستە، مراجعاتی باشتر یەعنی شامل تر، تائێستا تەركیزمان، زیاتر لەسەر ئەمریكاو دوەلی ئەوروپی بووە، دەوروبەریش، دوەلی عەرەبی وائەزانم دبلۆماسیەكی تری دەوێت، جەنابتان سەید عارفینن، من ناڵێم ئەوە، بەڵام پێویستە باش دڵی خەڵك خۆش بكەین، دڵی ئەحزاب خۆش بكرێت موشارەكە جدیی ببێت، ئیحتیمالە مەجلسێكی سیاسی لێرەش فراوانتر لەوە ئەوی هەی پێویست بیت و باشتریش بیت، داوامان ئەوەیە، لەسەر ئاستی ئەو مەوزوعانە، زیاتر دیراسە بكرێت، ئیتر تەوزیحات بدرێت بۆ ئەو خەڵكەی كورد، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**زۆر بەخێرهاتنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەكەم، سوپاس بۆ ئەم كۆبوونەوەیە، دەربارەی ڕاپۆرتەكەی بیكەر – هاملتۆن، دیارە وەكو هەموو دەزانن، ترسی هەنوكەیی نیە لەسەر قەزیەی میللەتەكەمان، بەڵام بۆ**

تەئكید هەموو دەزانین فیكرەیەكی وا هەیە لە ئەمەریكا كە حەقە كورد كاری لەسەر بكرێت، چونكە ئەو بۆ چوونەی عەناصری بەرز لە ئەمەریكا، ئەو جۆرە بیركردنەوەیەیان هەیە، پێویستە قیادەی سیاسی كورد وەفدێكی بەقوەت بنێرێت تەنها بەناڕەزایی دەربڕین و تەلەفۆن ئیتمینان نەبێت لەو وەعد و وعودانەی كە بەگەلەكەمان دەدەن، پێویستە بچن ڕوو بەڕوو لەگەڵیان دابنیشن، چونكە ئەو ڕاپۆرتە وەزیری بەرگری ئێستای ئەمەریكا كە دێن لەمەودوا لە عێراق ئیش دەكات، تەئیدی ئەو ڕاپۆرتەی كردیە، ئەوڕاپۆتە باش نیە بۆ ئێمە، وەفدێكی بەرزو باڵا بچیت لەگەڵ ئەمەریكا، لەگەڵ هەردوو حزبی دەسەڵاتدار دابنیشێ لەدەرگایان بدەن، بەڕاستی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەكەم نەتەوەینە چ وەكو ئیدارە چ وەكو نەتەوەو حزب پێشوازیمان لەهاتنی جەیشی ئەمەریكا، كردیە و حەقەو حەقیان پێبدەین ئەو جۆرە بیركردنەوەیە، ناكرێ ئێمە بەئاسانی بەڕاستی لەبیر خۆمانی ببەینەوە، خاڵێكی تر، لەنەتیجەی ئەو ڕاپۆرتە هاتیە، دیارە ئێمە وەكو كورد هەمووتان باستان كرد هیچ پشتیوانیەكی ڕاستە خۆمان نیە لە ئیدارەو قەزیەكەمان، تەنها ئەوەی دیفاع لەمانەوەو بوونی ئێمە دەكات، پیشاندانی ئیدارەیەكی سیحی شەفاف، بێفەرق و جودا وەكو ئەوەی جەنابت باستكرد تاكە چەك بۆ دیفاع و پشتیوانی كردن لەگەلی ئێمە یەكبوون و یەكدەنگی گەلەكەمانە، بۆیە حەقە ئەوە پەرەی پێبدرێ و پشتیوانی لێبكرێت هەم لێرە لە پەرلەمانی كوردستان كە جەنابتان دەڵێن ئێرە مەرجەعیەتە، وەحەقە كە ئەڵێن مەرجەعیەتە شەرعیەتی پێبدرێ و ببتە جێگای متمانەو قەناعەتی جادەی كوردی و خەڵكی كوردستان، خاڵێكی تر مەسەلەی ماددەی 140 بەڕاستی ماددەی 140 زۆر بە بێویژدانانە لە ڕاپۆرتەكە باسی كرایە و فیعلەن دەسەڵاتی یەك لەدوای یەكیش لە عێراق لەو فەترەی كە سێ سەرۆكی عێراق دانرایە هیچیان بەجدی جێبەجێ كردنی ماددەی 140كە نەهاتینە پێش، بۆیە حەق نیە ئێمە قیادەی سیاسی كوردستان تەنها چاو یان تەماشا بكات بۆ جێبەجێكردن، حەقە ئێمەش خۆمان وەكو كورد بۆ مەسەلەی كەركووك هەنگاو بنێین هەرچاوەڕێی ئەوە نەكەین مالكی چ دەكات یان ئەوە چی دەكات، كارەكە موافەقەی كێی دەوێت، من پێشنیار دەكەم بۆ جەنابت بەتایبەتی لەو 17٪ی مالیەی كە بۆ كورد دانرایە، (7)ملیار دۆلارە یان (6) ملیارو (700) ملیۆن دۆلارە، بەشێكی باش بۆ ئاوارەكان لەكەركووك تەرخانبكرێت، ئەگەر لەمەعاشی ئێمەش بگەڕێننەوە هەموو خەڵكی كوردستان قبوڵیەتی، بەڵام ئێمەش بەشێكین لەجێبەجێ كردنی ماددەی 140عیلاقەی بەخودی خۆمانەوە هەیە، ئێمە ناكرێت هەر سەیركەر بین، هەر لیژنە دروست بكەین و تەماشا بكەین و هیچیش نەكەین، خۆمان حەقە بەڕاستی، لەمەعاشی خۆمان بگێڕینەوە بۆ ئاوارەكانی كەركووك و سلێمانی چی هەیە بیان نێرینەوە وە نیشتەجێشیان بكەین، چونكە ئەگەر نیشتەجێیان نەكەین ناچنەوە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس تكایە ئیلتیزام بەوەقت بكەن، پرسیار بێتن زیاتر جەنابی كاك مەسعود، حەز دەكەیت وەڵام بدەیتەوە، یان هەمووی تەواو بێت ئەوجا وەڵام دەدەیتەوە، كاك ڕۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەناوی فراکسیۆنی کلدان و ئاشور وسریانی بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم. وەپشتیوانی و دەست خۆشیشیان لێدەکەم، لەو رۆڵە نیشتیمان پەروەریەی گێڕای لەعێراقدا وەك هەموو کاتێك کە بووە، من زۆر بەکورتی دێمە سەر خاڵی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەستن بەگەلی ئێمەوە، جەنابیان زۆر ڕاست باسیان کرد، ڕاستە خەڵکانێك هەن، پەیوەستن یان مەحسوبن، لەسەر خەڵکی ئاشوریەکان لەدەرەوە لەوانەیە زۆر بەناویژدانانە باسی پێکەوە ژیان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی تەجروبەی دیموکراسی لەکوردستان دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا باسی ئەوە دەکەم بۆ نموونە، کە مەسەلەی ڕاپۆرتی بیکەر – هاملتۆن باسی هاتە کایەوە، حزبی ئێمە وەك حزبێکی ئاشوری و سەرجەم حزبە ئاشوری وکلدانیەکان لە پێشی پێشەوە بوون کە ڕەدی ئەم ڕاپۆرتەیان داوە، لەهەموو کۆڕو کۆبوونەوەو موناسەبەیەکیشا زۆر بەتوندی رەدیان داوە، کە ئەمە شتێکی سلبی و نەگەتیڤە بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان بەگەلی ئێمەشەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەبێ شتێکی تریش، حەقیقەتێکی تریش هەیە داوا دەکەم قیادەی کوردی و کوردستانیش حەتمەن دەرکیان بەو مەسەلەیە کردووە، بەڵام ئەبێ خەڵکی نیشتمان پەروەر لە خەڵکی نانیشتمان پەروەر جیا بکرێتەوە، بۆ نموونە ئەو حزبانەی کە خەمخۆری تەجروبەی دیموکراسین کە ئیمانێکی موتڵەقیان هەیە بە پێکەوە ژیان لەکوردستان، حەتا لەسەر ئاستی عێراقیشا بەڕاستی ئەوانە دەکرێ بەهێز بکرێن دژی ئەو دەنگە نەشازانەی کە لەدوورەوە بەشێوەیەکی ناویژدانانەو ناحەقیقەتانە باسی ئەوە دەکەن، کە زوڵم لەنەتەوەکانی تر دەکرێت، جا بۆیە ئەگەر ئەو خەڵکانە یاخود ئەو هیزو لایەنە سیاسیانەی کە لەگەڵ ئەم تەجروبەی سیاسیەن، بەشداری پەرلەمان، بەشداری حکومەتی هەرێمی کوردستانن بەڕاستی پێویستە لەسەر هەموو خەڵکی کوردستان کە بەهێزیان بکەن بۆ ئەوەی هێزێکی گەورەیان هەبێت بۆ ئەوەی خۆیان ڕەدی خەڵکانی خۆیان بدەنەوە، چونکی بەم شێوەیە ئەم ڕەدە زیاتر جێگای خۆی دەگرێتەوە بۆ نموونە، ئێستا ئێمە ڕوو بەڕووی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەبین، حەقە بەڕاستی لەسەر ئاستی جەنابیشتا، من لەبیرمە کە من لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور بووم ئەو کاتەی کە پرۆژەکە تەواو بوو، پێشکەشی جەنابتان کرا، جەنابتان دوو مولاحەزەتان هەبوو هەردوو مولاحەزەکە لە بەرژەوەندی گەلانی وەکو گەلی ئێمە و گەلی تورکمان بوو، ئەو حەقیقەتە خەڵکی ئێمە قەت لە بیری ناکات، بەڵام کە ئێمە ڕوو بەڕووی نووسینەوەی ئەم دەستوورە دەبینەوە، حەقە بەڕاستی ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەستن بەدەستوورەوە لە هەمان کاتدا گوێ لە حەقیقەت و داواکاری خەڵکی ئێمە بگرن بۆ نموونە، سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکانی گەلی ئێمە دەتوانن بڵێم سەد لەسەر سەد نا، بەڵام حەفتا لەسەدای خەڵکی ئێمە داواکاری خۆیان پێشکەشی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور کردووە، بۆ ئەوەی ئێمە بەچ شێوەیەك داوای مافی خۆمان دەکەین، ئەمەش پەیوەستە بەدوو خاڵەوە، خاڵی ئێمە چین؟ ناوی ئێمە چی بێت؟ بەڕاستی بۆتە شتێکی وا لە کوردستانا زۆر ئاشوری وکلدانی و سریان و هەموو شتێك تێکەڵاو ئەکرێت، بەراستی ئەگەر ئیحترامی ڕای هێز و لایەنە سیاسیەکانی خەڵکی ئێمە و بەشێکی زۆری خەڵکی ئێمە بگیرێ مەسەلەی ناوی ئێمە چیە؟

تەسمیەکە، هەروەها خاڵێکی تریش کە پەیوەستە بە مافەکانی گەلی ئێمە، ئەمە شتێکی زۆر چاك دەبێت، لە خزمەتی پێکەوە ژیانە لەخزمەتی برایەتیە، لەخزمەتی زیاتر پشتگیری کردن و پشتیوانی کردنی ئەم تەجروبە دیموکراسیەیە کە ئێستا لەکوردستاندا هەیە، کە ئەویش دەبێتە هێزێکی کاریگەرو پۆزەتیڤانە بۆ سەرجەم خەڵکی عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك پیر خدر.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆك بارزانی دکەین و ڕێزدارێ لەگەڵدا، وە ئەو وتە بەنرخا ڕەوشا دژوارا، عێراقا فیدراڵ کرا دەرباز بت، وەئەزموونا نازك حکومەتا مە کوردستانێ دەرباز بت خستە ڕوو وەدێ ئاماژە بەخاڵا دماهیە بەڕێز سەرۆکی باس کری، بکەم بۆ تەمام کردنا هزرا برایە من کاك ڕۆمیۆ هەکاری سەبارەت ئەو تفاق و تەبایە تەمامی پێکهاتا گەلی کوردستانی  کو بوویە مایەی سەرکەفتنا ڤێ ئەزموونا مە، وە چاوەڕێ نەدەینە وان کەسان ڤێ دەسەکی بخەنە وێ ئیتفاقێ، من دوو پێشنیار هەینە، یەك ژێ ئەو کەسانەی گومان لێکری ئێ پشکداریە وان لە کۆنگرێ دیسا گومان لێ کرێ ڤێ دەولەتێ هەڵوێستا لای حکومەتامە و پەرلەمانێ مە وان کەسا تایبەتیەکەی وان پلەو پایەیەك لە پەرلەمانێ عێراقێ هەبت، لە ڤان حکومەتێ کوردستانێدا، دوو ئەگەر هەرکەسەك لە دەرفەدە هەوڵ بدەن، ڤێ ئەزموونا مە ڕەوشێ ئیشوەلی بکەن یان دەسەکی بخەنە وێ تفاقێ مە، بێژنە وان کەرەم کەن وەرن ڕەوشا دەڤەرێ ببینن، سەیری ڕەوشا کوردستانێ مە بکەن، من پێشنیار دەکەم بۆ پەرلەمانێ شاندەکی پەرلەمانی کوردستانێ وە سەرکردایەتیە کوردستانێ و حکومەتا کوردستانێ، شاندەکیش لە پێکهاتا کوردستانێ بلێن وان دەوڵەتا وە ئەم بۆ وان باس بکەین سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د. شكريە رسول إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دڵەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی سەرۆکی نەتەوەیی کورد کاك مسعود بارزانی دەکەم، بەڕاستی ئەو ڕاپۆرتەی بیکەر – هاملتۆن، دەتوانم بڵێم هەستی سیاسی جووڵاندو لەخەوە هەنگوینیەکەی ڕاپەڕاندین، جەماوەرو سەرکردایەتی سیاسی پێکەوە هەموو بە میدیاکانی کوردیشەوە دەنگێکی وایان دروست کرد، کە دەتوانین بڵێین دەنگێکی یەکڕیزی کە بۆ فەشەل کردنەوەی ئەو ڕاپۆرتەو زیاتر ئەمەش هانیدا سەرۆکی کۆماریش ئەو ڕاپۆرتەتان ئاراستەی بۆش کردو، وەڵامەکەشی دانەوە، جا من لێرەدا چەند پرسیارێکم هەیە لەبەڕێزتان، سێ پرسیارە ئایا ساڵی 2007 سەرکردایەتی سیاسی کوردی دەتوانێ موژدەی ئەوە بداتە

خەڵکی کوردستان لەماوەی ئەم ساڵی 2007دا بارودۆخی کەرکووك ئاسایی دەکرێتەوە، زەمانەتی سەرکەوتنی ئەم ڕاپرسیە ئایا ئەگەر ساڵی 2007 کێشەی کەرکووك چارەسەر نەکرا بەدیلێکتان داناوە بۆ دوای 2007، چونکە لە ماددەی 140دا دەڵێت تا کۆتایی 2007 جێبەجێ بکرێت، پرسیاری سێیەم، ئەگەر ئەمریکا ستراتیژیەتی خۆی لەگەڵمان گۆڕی، سەرکردایەتی سیاسی چی دەکات؟، ئێمە دەتوانین لەو کاتە فشارێکی گەورە دروست بکەین، یا دەتوانین بۆ خۆمانی رابکێشین یا دەتوانین لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئاستی دەرەوەماندا ئێمە شتێك بکەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس پرسیاری دووەمیشت هەر کرد. کاك دیلمان.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو ڕاپۆرتە گرنگە کە پێشکەشی بە پەرلەمان کرد، ئێمە وەکو پەرلەمان هاو هەڵوێستین لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم لەسەر پرسە چارەنووس سازەکانی کوردستان، پرسیارەکە لەوە دەست پێدەکەم ئەو ماوەیە کە لە بەغدا بوو زۆر دیدارو چاوپێکەوتن و پەیوەندی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەمریکی و بەریتانی، دەولەتانی دیکەی UN وە سەرکردەکانی عێراقی کرد، پرسیارم لەوەدایە هەستی جەنابی کە بەوە هەست دکاتن کە لای ئەمریکیەکان و بەریتانیەکان چارەسەرییەکی نوێ لە تەفکیرو لە مەنهەجیەتی سیاسی بۆ دەربازبوون لەو ئەزمە مەترسیدارەی کە لە عێراقدا هەیە بەتایبەتی هەمووومان دەزانین کە تێ فکرین و مەنهەجیەتی سیاسەتی ئەمریکا کێشە سیاسیەکانی سەرەکی و ململانیە سیاسیەکانی مێژوویی ئەم دەوڵەتە لەبەر چاو ناگریتن، بەتایبەتی لە بواری ئەشکالیاتی حوکم و دەسەڵات گرتنەبەر لەلایەن گروپەك یان تیژەك یان پیکهاتەکی عێراق لەسەر حسابی پێکهاتەکانی دیکەی ئەم دەوڵەتە، بە تەصەوری من پێش ڕاپۆرتی بێکەر – هامڵتۆن هەرچەندە دەبێ حسابێکی باشی بۆ بکەین ئیدارەی ئەمریکا هەڵوێستەك هەبوو بەرامبەری عێراق ئەوەش ئەوە بوو کە دەیگوت حکومەتی عێراق هەندێك قراراتی صعب وەربگریتن، پرسیارەکەم لێرە ئەوەیە ئەو قراراتە صعبانە چی بوون؟ حکومەتی عێراق چەند توانی ئەو قرارەتە صەعبە وەربگریتن؟ کوردستان چەند دەتوانێ بەشداری ئەم قرارتە صەعبانە ببیتن. لە مصالەحەی وەتەنی، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێش هەموویان ئاماژەی پێکردبوو، ئێستا ئەوەی ئەمن هەستی پێ دەکەم ئەمریکیەکان دەیانەوێت بە دوو بواردا بباتن: یەکەم تەنازولاتی موتەقابل دووەم ضغوطاط ،. پرسیارم ئەوەیە تەنازلات لە کێ بۆکێیە وە ضغوطاطیش لەسەر کێنە ئەوانەی دەرەوەی پرۆسەی سیاسی یان ئەوانەی لەناو پرۆسەی سیاسینە وەکو دیارە ئێستا لەناو پرۆسەی سیاسی دا ئەوانەی بەشدارن جیاوازی و شیقاق لە ناویاندا پەیدا بووە ئەگەر هاتوو تەوافقێك لە نێوان کوتەلی سیاسی ئەساسی نەبوون حەسمی خەیارات بوو ئەو حەسمە خیاراتانە ئێمە کوردستان لە چ لایەك دادەچین ئەگەر بوو حەسمی خیارات لە کوتلی شیعەکان لە نێوان

ئەوانەی لەگەل پرۆسەی سیاسینە و ئەوانەی کە لە دژی پرۆسەی سیاسی ڕابووەستن، من لەم هەلومەرجەدا لە ئسلوبی دیموکراسی و مەدەنی و حەزاری نایەتە وەرگرتن، دووەم ڕەنگە دوەلی ئیقلیمیش ئەو میحوەرە کە تازە هەولْ دەدەن دروست بکەن کاریگەریەکی سلبی لەسەر دەبێت ئێمە وەکو کوردستان ئیمکان نیە هەندێك وفود و چاوپێکەوتن و گەڕان لەگەلْ ولآتانی ئیقلیمی بکەین بۆ ئەوەی سست تر بیکەینە کوردستان. زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس،کاك کەرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پڕ بەدلْ بەخێرهاتنی ڕێزدار جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەموو مێوانە بەڕێزەکان دەکەین. بەڕاستی ئێمە لێرە دەمانەوێ کوتلەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستاندا سوپاس گوزاری خۆمان پێشکەش بە سەرۆکی خۆشەویستمان جەنابی کاك مسعود بارزانی بکەین لە هەموو بۆنەیەکدا لە هەموو فرسەتێکدا کە پشتیوانی خۆی و هەموو گەلی کوردستانی بۆ گەلی تورکمان دووپات کردۆتەوە وە بۆ هەمووگەلانی غەیری کوردیش لە کوردستاندا، لە راستیدا ئێمە چەند حەقیقەتیك هەیە زۆر بە کورتی دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم، گەلی تورکمان لە دێر زەمانەوە لەکوردستاندا ژیاون و لەگەلْ کوردیش برایانە گوزەرانیان کردووە و ئەو برایەتیەش وەکو داب و نەریتێکی پیرۆز بۆ ئێمە ماوەتەوە و ئێمەش لەسەری دەڕۆین و، ئەوە راستیەکی حاشا هەلْنەگریشە کە تەواوی مافەکانی ئێمە لەناو مافەکانی گشت گەلی کوردستاندایە، گەلی تورکمان ئێستا زۆر لەوە وشیارەو جارێکی تر پێم وایە بە فیتی ناحەزان وبە دەستی دەرەکی فریو نادرێین و راستیش وایە کە مێژوو بۆمانی ڕوون کردۆتەوە کە هەموو دەست تێوەردانێکی دەرەکی و هەموو پشت بەستنێك بە لایەنێکی دەرەکی تەنیا نەهامەتی بۆ بەجێ هێشتووین، تەنیا مەشاکلی بۆ بەجێ هێشتووین بۆیە من زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەم کە کاتێك دەلْێن ئێوە پشت و پەناتان خەلْکی کوردستانە، راستە ئێمە پشت و پەنامان هەموو خەلْکی کوردستانە و بەڕێزتانن و مێژوو ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئێمە خۆمان لەناو خۆماندا دەتوانین مافەکانمان بۆ نەتەوەی خۆمان جێگیر بکەین، قەت عەقل رێ نادات کە بچین مافی گەلی تورکمان لە ولآتێکی بێگانە داوا بکەین، بۆیە من دلْنیاتان دەکەمەوە کە گەلی تورکمان ئێستا زۆر بە وشیاری بیر لە مەسەلەکان دەکاتەوە، بەلآم ئەو کەسانەی کە هەتا ئێستا بە چەوتی بیر دەکەنەوە لەوانەیە کەمتەرخەمی لەلایەن هەندێ لایەنی خۆشمان هەبێ کە ئیمکانیاتی تەواو نەڕەخساوە بۆیان هەتا بتوانن بەرامبەر بەو کارانە ئیش بکەن زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك کەرخی لێپرسراوی کوتلەی تورکمانە لە پەرلەمان، من کاك ویداد ئەرسەلانم وا تاریف کرد، بەلآم کاك ویداد وەزیری پیشەسازییەولێپرسراوی ئۆجاغی تورکمانە کە میوانمانە لێرە، سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، بەخێرهاتنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم، هەموو پرسیارەکان بەتێکرا برادەرەکانم کردیان، بەڵام من یەك دوو پرسیاری بچکۆلانەم هەیە، هەتا ئێستا شیعە و سوونە زۆر زۆر لاوازن لە نەهامەتیدان بە ئێمە ناوێرن، باشە ئێمە زەمانمان چیە؟، من ناڵێم دەستور زەمانمان نیە، بەڵام دەستور لە وڵاتێکی دیموکراتدا بەڵێ زەمانە، بەڵام ئەگەر هاتوو شیعە و سوننە ڕێککەوتن، ئەوسا دەکەونە گیانی ئێمە، ئێمە چی بکەین ئەوکات، ئەبێ ئێمە ئەو پێشهاتەمان لەبەرچاوبێت کە ئەوان بەردەوام کە یەکیان گرت دژی کورد دەوەستن. پرسیاری دووەمم ئەوەیە هەرچەندە لەسەر ئەم ڕاپۆرت و دانیشتنە نیە، لەسەر شتێکی دیکەیە، دەنگۆیەك هەیە کە لەناو سەرۆکایەتی هەرێم کوردستاندا کە بڕیاردراوە سرودی نیشتمانی بگۆردرێت سرودێك دابنرێت لە جیاتی ئەی ڕەقیب، پرسیارێکی زۆر لە من کراوە لە میدیاکان و لە جەریدەکاندا ئایا ئەو شتە ڕاستە؟ چونکە هەتا ئێستا بەس قسەیە لەسەر ئینتەرنێت و جەریدە و شتی وا ئەگەر شتێکی وا، هەیە چۆن بە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان بڕیاری گۆڕانی سروود دەدرێت هەرچەندە لە پەرلەمانەوە ئەو سرووده نەکراوە بە سرودی نیشتمانی، ئەمە دەنگۆیەکی کۆ دنگی هەیە لە سەری زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەدی حاجی مەحموود

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەئکید ئەوە یەکەم جار نیە وە چەند جارێك کە جەنابی کاك مسعود پێش ڕۆیشتن و دوای گەڕانەوەی دێت لە پەرلەمانی کوردستان ئەو ڕووداوانە باس دەکات بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و بۆ پەرلەمان، بەڕاستی ئەوە شتێکی زۆر گرنگە، چونکە هەموو خەڵك چاوەڕێ ئەکات لە ئەنجامەکانی، دەربارەی سەردانەکە بە تەئکید شتێکی گرنگ بوو، چونکە وەکو جەنابیشی ئیشارەتی پێدا، ئێمە تا ئەو کاتەی مەسەلەی دەستور بەشێك لە عێراقین هەر گێروگرفتێك لە بەغدا و لە شوێنەکانی دی هەبێت کاریگەری سلبی بۆ سەر ئێمە ئەبێت، ئێمە پێویستە بە هەمووومان هەوڵ بدەین بۆ چارەسەری ئەو گێروگرفتانە، مەسەلەی ڕاپۆرتەکەی بێکەر – هاملتۆن بەڕاستی ئەوە دوو حاڵەت هەیە حاڵەتێکیان مەسەلەی دۆستەکانی عێراق یا سەرۆك بۆش و یا ئەولایە، حاڵەتێکیش ئەو ڕایەیە لەناو ئەمریکا و زۆر شوێن دروست بووە، ئێمە ڕاستە ئەوە پێشنیارە، بەڵام پێویستە بە وردەکاری زۆری بگرین، چونکە کاتێك ئەوە لاواز دەبێت کە کارەکانی بۆش و ئەمریکاو عێراقیەکان لە بەغدا بەرەو پێش بڕوات، بەڵام ئەوە ئەگەر لە

عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو دوا بێتەوە بە تەئکید ڕایەکەی ئەو بەرەو پێش دەڕوات، بۆیە من پێم وایە وەکو زۆر ئیشارەتیان پێدا، ئێمە زۆر بە وردی بەدوایدا بڕۆین و ئەگەر کرا وەفدێکیش برواتە ئەمریکا و لەوێ لەگەڵ کۆنگرێس و لەگەڵ هەموویان باسی بکات، یەعنی بە هەند وەربگیرێ باشترە، دەربارەی ئەو مەسەلانەی ناو بەغدا و ئەوانە، وەکو هەموو لایەك دەزانن ئێستا وەزعی بەغدا زۆر خراپە، یەعنی جگە لە چوار دیوارەکە و ناوچەی سەوز باوەڕناکەم حکومەت بتوانێت سەیتەرەی هەبێت لە بەغدادا، جگە لە کوشتن و بڕین و ئەوانە لەسەر ئەوەشەوە لەو کاتە لە پەرلەمان بیر لەوە بکاتەوە نیوەی لە حەجە و نیوەی لە کۆبوونەوەیە لە ئەنقەرە و هەریەکێکی لە شوێنێکە، نازانین ئێوە شتێك هەیە، ئەوانە بۆنموونە ئەڕۆن ئەندامی پەرلەمانە لەوێ دژی عێراق قسە دەکات، تەلەفزیۆنی داناوە سەعات بەسەعات دژی عێراق قسە دەکات، یەعنی پەرلەمانی عێراق شتێکی نیە لەوانە حصانە وەربگرێتەوە، شتێك بکات لەگەڵیان، ئەوە شتێکی پێویستە، وای لێهاتووە ئەوەندە دوورکەوتۆتەوە، کۆبوونەوەیەك لە سعودیە دەکرێ، کۆبوونەوەیەکی ئەوان لە ئەنقەرە دەکرێ، ئەوەندە لەیەك ترازاوە، جا ئەوە پێویستی بە رایەك هەیە کە هەوڵ بدەین. دەربارەی مەسەلەی پێشمەرگە و ئەوانە بەڕاستی مەسەلەی پێشمەرگەی ئێمە بودجەیەکی زۆر ئەم ساڵ بۆ وەزارەتی بەرگری دانراوە، یەعنی ئەو بودجە بەپێی ئەوان وا بیر دەکەنەوە کە ئەو بودجە بەری پێشمەرگە ناکەوێت چونکە پێشمەرگە لە وەزارەتی بەرگری نیە و وەزارەتی ناوخۆ و ئەوانە. ئێمە ئەگەر بکرایە پێشمەرگە لە هەموو حاڵەتەکان وەکو جاری پێشوو نیە ئەوان حکومەت بن و ئێمەش بچین داوا لەوان بکەین، ئێمە شەریکین، پێشمەرگە ئەگەر لە چوارچێوەی وەزارەتی بەرگری بوایە هەقی هەبوو دەبابەشی هەبێت و هەلیکۆپتەریشی هەبێت بەشێك بێت لە جەیشی عێراقی، بەڵام لەو ناوچەیە بێت ئەو ئیمتیازاتەی سوپای عێراقیشی بەشدار بێت، واتە ئەگەر شتێکی وا بکریت. دەربارەی مەسەلەی مادەی 140 تائێستاش لە عێراق و لە حکومەت و گوێشم لە سەرۆکی وەزیران بوو ئەڵێ تەنها ناو کەرکووك دەگرێتەوە، واتە تەنها ناو شاری کەرکووك دەگرێتەوە نە دەگاتە خانەقین و مەندەلی و نە دەگاتە سنجار و ئەوانە، بۆیە ئەوەش بەڕوونی پێوستە لەگەڵیاندا باس بکرێت کە ئەو ماددەیە هەموو شوێنەکانی کوردستان دەگرێتەوە، نەك تەنها ناو شاری کەرکووك، چونکە ئەوان لە بۆچوونی خۆیان تەنها ناو شاری کەرکووك دەگرێتەوە زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك محمد حکیم.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من دەست خۆشی وسوپاسی جەنابی سەرۆك دەکەم بۆ وتەکانی، دەڵێم مانەوەی مانگێکی جەنابیان هاوشان لەگەڵ جەنابی سەرۆك کۆمار لە بەغدا ئتمئنانێك بوو بۆ گەلی کوردستان، دواتر لە جیاتی ئەوەی لەسەر هەموو بڕگەکان تێبینی و هەمووکەس هەیەتی، بەڵام لەجیاتی ئەوە من یەك پێشنیار دەخەمە بەر

دەستی جەنابیان وە ئەڵێم جەنابی سەرۆك هەموو مرۆڤێك بۆ سەركەوتنی لە ژیانیدا پێویستە هەندێ جا وەقەفاتی هەبێت و هەڵوەستە بكات لە ژیانی دا بەتایبەت ئەو مرۆڤانەی كە سەرۆكایەتی میللەتێك دەكەن، بەتایبەت وەكو میللەتی كورد كە تازە پێ ئەخاتە قۆناغی ئیستقراری سیاسی، زیاتر پێویستیان بە وەقەفات هەیە لەو وەقەفاتەدا پێویستە قۆناغی پێشوو هەڵسەنگێنرێت و پلان بۆ داهاتوو دانرێت و زیاتر سەركەوتوو دەبن كە لەو وەقەفاتانەدا گوێ لە ڕای جیاواز بگرن، گوێ لە هەموو ڕای چین و توێژەكانی میللەت بگرن كە سەرۆكایەتیان دەكەن و ئەو ئایەتەی كە هەڵواسراوە (و امرهم شوری بینهم ) تا زیاتر جێبەجێ بكرێت سەركەوتوو دەبێ و ئەم قسەی من لە دڵسۆزیە بۆ سەرۆكی هەرێمی كوردستان و هەرسەرۆكێك كە بەرپرسایەتی دەكات زیاتر سەركەوتوو ببێت، بۆیە ئەو پێشنیارەم كرد و ئەو تێبینیەم دەربڕی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوا كەس خۆم دێمە خوارەوە و پرسیارێك دەكەم لە جەنابی سەرۆكی هەرێم، من پرسیارەكەم لە جەنابت ئەوەیە، جەنابت لەقسەكانت باسی ئەو گفتوگۆیەت كرد سەبارەت بە جەیشی عێراقی و پێشمەرگە كە بوجەی پێشمەرگە دەكەوێتە سەر وەزارەتی دیفاعی عێراقی، ئەمە كارێكی زۆر باشە، هاوكاری میزانییەی هەرێم دەكاتن، پرسیارێكی زۆر هەیە لەلای ئەندامانی پەرلەمان، من چاوەڕوانم ئەكرد ئەوانەی قسەیان كرد بیكەن، بەڵام نەیانكرد دواتر لەمنی دەكەنەوە، بۆیە منیش لەجەنابت دەپرسم، ئایا هیچ شتێكت لەوبارەیەوە ئیمزا كردووە، لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق، لەسەر چۆنیەتی بوجەی پێشمەرگە، ئەگەر ئیمزا كراوە، پێویستە ئێمە قانونی سەرۆكایەتی هەرێم هەموار بكەینەوە، بۆیە حەز دەكەم جەنابت ئەو پرسیارە ڕوون بكەیتەوە بۆ برادەران زۆر سوپاس.

**بەڕێز مسعود بارزانی/ سەرۆكی هەرێمی كوردستان:**

هەوڵدەدەم وەڵامی یەكە یەكەی پرسیارەكانتان بدەمەوە، بەڵام بەپێی ڕێزبەندی پرسیارەكان، كە كراون.

بۆ وەڵامی كاك خورشید شێرە دەڵێم: بە تەئكید هەوڵی بەردەوام هەبوون زیاتر لە نێوان ئەم پێنج حزبە، هەردوو حزبی كوردی ،وحزبی ئیسلامی، حزبی دەعوەو ئەنجومەنی باڵا بۆ ئەوەی ئەو بانگەوازە ئامادە بكەن بۆ بنكەیەكی فراوان، ئینجا ناوی لێبنێن بەرەی تازە، یان هەر چونێك بێت بۆ پشتگیری حكومەتی مالیكی. بێگومان بۆ ئەمە دەبێ كۆمەڵێك بنەما ئامادە بكەین، ئەو هێزانەی كە بڕوایان پێی بێت پێكەوە دێنە ناو، نەك بەرەیەك پێشتر ڕابگەێنرێت پاشان خەڵكی دیكە پەیوەندی پێوە بكات. ئەمە ڕەنگە جوان نەبێت، بەڵام وەكو لیژنەی ئامادەكاری بوو بەڕاستی بۆ ئەو بەرەیە. خۆی گرفتەكە لەوە دابوو، كە خۆزگە هەموو ئەوەی لە كۆبوونەوەكان باس دەكرا مرۆڤ بیتوانیبوایە هەمووی باس بكات. بەڵام هەندێك شت ناكرێت باس بكرێت، چونكە ئەمانەتە، بەڵام زۆر ناخۆشە تۆ ئێستا ڕێك بكەوێت و ڕاگەیاندنێك لە ئەمریكا دەربچێت، یان لە توركیا، یان لە شوێنێكی تر هەموو كاریگەری لە ڕەوشەكە بكات. ئەمە زۆر ناخۆشە، زۆر جار نزیكی ئەنجام دەبووین ڕاگەیاندنێك یان قسەی یەكێكی تر تەماشات دەكرد هەموو

ڕەوشەکەی دەگۆڕێ وبەڕاستی ڕاپۆرتی بێکەر – هاملتۆنیش کاریگەرییکی خراپی هەبوو، یانی هەندێك لایەنی زیاتر بەرەو توندی برد، چونکە پێیان وابوو ئەمە شتێکی گەورەیە، یان گۆڕانێکی گەورە بەسەرە ڕەوشی ئێراقدا دێت، بەلاّم بەتەئکید ئەو هەولّە بەردەوامە وچ لایەنی شیعە چ لایەنی سوننە حساباتی خۆیان هەیە. گرفتی ناوخۆییان هەیە, بە دلّنیاییەوە وەکو ئێمە ئازاد نین. بۆیە ئەو هەولّە بەردەوامە تاکو زەمینەکە ئامادە دەبێت. من لە بەرایی قسەکانیش گوتم دەبێت خۆیان بگەنە قەناعەت، ڕزای بن، ئینجا ئێمە دەتوانین یارمەتیان بدەین، بەلاّم لە لایەکی دیکە دەتوانم بلّێم دەبێت خۆیان زیاتر بە پەرۆش بن بۆ ڕەوشی خۆیان لەوەی کە ئێمە بەپەرۆشین بۆیان، ئێمە یارمەتیان دەدەین، ئێمە ناچین گرفتەکەیان چارەسەر بکەین، ئێمە یارمەتییان دەدەین بۆ ئەوەی چارەسەری گرفتی خۆیان بکەن، چونکە ئێمە لایەن نین لە ململانێیەکە، ئیستاش ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر ئەم هەولّەی خۆمان، هەر وەختێك خۆیان گەیشتنە قەناعەت بەدلّنیاییەوە بەم شێوەیە دەولّەت ناتوانێت کاری خۆی بکات. ناتوانێت حوکمڕانی بکات. دەولّەتێك لەوپەڕی توند ڕەوی بەرهەلّستکاری تێدایە لە ئۆپۆزیسیۆنی تیرۆریستییەوە بگرە تادێتە ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی و، خەلّکێکی بەرپرسی وەکو ئەو حزبانەشی تێدایە. واتە تۆ ناتوانیت لە وەزارەتێکی مەلغووم دا ئیش بکەیت. ئینجا ئەو هەولّە بەردەوامە، بەلاّم دیارە وەختی زیاتری دەوێت نەك سەبارەت بە ئێمە، بەلّکو سەبارەت بە خۆیان. ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی 140و ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکەوە هەیە. من لە ڕاستیدا نەمدیوە، بەلاّم لەوێ لەگەلّ سەرۆکی لیژنەکە – وەزیری داد، دانیشتم وپێم گوت: وەرە بەڕاشکاوی پێم بلّێ هیچ کۆسپێك هەیە، هیچ فشارێك هەیە لەسەر تۆ لە هیچ لایەنێك بۆ ئەوەی فەرامۆش بکرێت، یان سستییەك بکرێت لە جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە؟ تەئکیدی کردو گوتی: ئەسلّەن شتی وا نییە، بودجەشی بۆ داندراوە کە 200ملیۆنە ولەم برە پارەیە سولفەیەکی 20ملیۆنیان وەرگرتووە، بەلاّم بەڕاستی دەبێت ئەو لیژنەیە ئەکتیڤ بکەین، دەبێت فشاریان بخەینە سەر ودەبێت پالّیان پێوە بنێین، ڕەنگە وەکو ئێمە بە پەرۆشی ئەمە نەبن، یان لێی نەزانن، یان هەندێك مەترسی تێدایە ئەوان تەحەمولی نەکەن، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێ پالّی پێوە بنێین وئەنجامیشی دەدەین. بۆیە نا ئومێدی نییە وبۆ نائومێدی هەبێت. ئەوەی کاك خەلیل کە باسی کرد سەبارەت بە ئەنجومەنێکی سیاسی بۆ هەرێم، زۆرپێشنیاری تر هەیە وبەتەئکید بیری لێدەکەینەوەو ئێمە پێمان خۆشە هەموومان بەشدار بین لە بڕیارو بەشداربین لە هەلگرتنی بەرپرسێتیش و،ئەمە شتێکی باشە ومن هەرگیز لەگەلّ ئەوەدا نیم پارتی ویەکێتی بەتەنها بەرپرسییەتی هەلّبگرن، بەلّکو با هەموو حزبەکان وهەموو کەسایەتیەکان پێکەوە تەحەمولی بەرپرسێیەتی بکەن، چونکە چارەنووسی هەمووومان پێکەوە بەستراوە. کاك عوسمان باسی ڕاپۆرتی بێکەر وهاملّتۆن وزۆرببابەتی دیکەی کرد. بێگومان ئێمە نالّێین دەبێت بایەخی پێ نەدەین، بەلاّم زیاد لە پێویست بایەخیشی پێ نەدەین، بەڕاستی چونکە جارێ ئەم ڕاپۆرتە ڕاپۆرتی لیژنەیەکی فەرمی نیە، لیژنەی حکومەتی نیە. ئەمە ڕای خۆیانە، بەلاّم لایەنی تر هەن لەناو ئیدارە، لەناو کۆنگریس دژی ئەو ڕایەن. بەس ئەمە ئیعتیبارو سومعەتە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکایە، بەلاّم ئەگەر

بەتەواوەتی تەماشای بکەین زیاتر چارەسەری یان جێبەجێ کردنی ویستی چەند دەوڵەتێکی ئیقلیمیە لەوەی چارەسەری ئەمریکا یان عێراق بێت. هۆیەکەشی ئەوەیە دەبێت لەوە بگەڕێن بۆ وا بێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە بایەخی پێ دەدەین، پەیوەندیش بەردەوامە ورەنگە سەفەروشتی واش هەبێت، بەلاّم سەفەر دەبێت دوو لایەنە بێت، یان لایەنەکەی دیکەش دەبێت ئامادە بێت ئەگەر لەبەر ئەوە بێت پێتان وا بێت سەید عەبدولعەزیز ڕۆیشتووەو پاشان نوری مالکی چوو، پێش ئەوان ئێمە چووین، بۆیە دەبێت ئەوانیش ئامادە بن، چونکە چوونی ئەوان زیاتر بۆ ئەم بابەتە نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوە بوو گرفتی تایفی خۆیان چارسەربکەن کە مەسەلەی شەڕی شیعە وسوننەیە. ئێمە لایەن نەبووین لەو ململانێیە. لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندی بەردەوامە وسەردانیش دەبێت لە وەختێکی کە بۆ ئەوانیش گونجا بێت.واتە ئێمە ناتوانین دیاری بکەین کە سبەینێ ئێمە دێین. بەڵکو دەبێ ڕێککەوتن لەسەر کات وئەمانە بکرێت. دەربارەی دیاریکردنی بەشێك لە بودجەی 17٪ بۆ هەرێمی کوردستان، هەر چییەك پێویست بێت ئێمە بۆ ئەوە ئەنجامی دەدەین. بەلاّم خۆی 200ملیۆن دۆلار لە حکومەتی فیدڕاڵ تەرخان کراو، بۆ ئەم لیژنەیە وبۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوانەیە کە دەچنەوە، یان هاوردەکان کە بگەڕێنەوە، گرنگ ئەوەیە ئێمە دەبێ بەدواداچوونمان هەبێت بۆ ئەوەی ئیش لە لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 بکەین، بەلاّم لەلای خۆشمانەوە چ پێویست بکات لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەین ئەنجامی بدەین، کاك ڕۆمیۆ باسی دەستوری کوردستانی کرد، بێگومان دەستوری کوردستان هێشتا ڕەشنوسە ولە زۆر لاوە تێبینی وشت هاتووەو خوایار بێت هەموی لەبەر چاودەگیرێت، پاشان جارێکی دیکە دەخرێتە ڕوو، بەلاّم بەتەئکید من خۆم لەگەڵ ئەوەمە چەند سەخی بێت ئەو دەستورە لەگەڵ مافی ئەو برایانەی دیکەمان تورکمانن ئێوەن. من خۆم لایەنگری ئەوە دەکەم بەڕاستی یانی هیچمان نەتەحەفوزێکمان هەیە نە حەساسیەتێکمان هەیە بەرامبەر بەمە، ئەگەر خۆشتان بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر ناوێك بۆ خۆتان ئێمە لەگەڵتانین، ئێوە ئەم بڕیارە دەدەن بەڕاستی ئێمە نەناسنامە بۆ ئێوە دادەنێین نە ناو بۆ ئێوە دادەنێین، بەلاّم ئێوە بە کۆدەنگی بگەنە ڕێکەوتنێك وناوێك بۆ خۆتان دیاری بکەن بە تەئکید ئەوە دەچێتە ناو دەستوور. پیرخدر، ئەگەر من بەباش تێگەیشتبم هەر کەس ئازادە چ ڕایەکی هەیە بەس وا چاکە زۆرینە بێت. هەتا ئێستا لەناو کوردا هەموو یەك ڕا نین بەس زۆرینەی میللەتی کورد ئاشکرایە، کە چی دەوێت. بۆیە مەرج زۆرینەیە، بەس ڕای ئەگەر چەند کەسێك لەناو ئێزیدی بڵێن ئێمە عەرەبین دەبا بچن وئەوان خاتری کوردستانیان ناوێت، ئەوان بۆخۆیان پێویستە دەربچن، ئەگەر هەموو ئێزیدیان گوتیان ئێمە عەرەبین، کەیفی خۆیانە وئەوان پاشان گازندە نەکەن. ئەمەش مومکین نییە وئێمە دڵنایین ومن زۆر جارگوتوومە کوردی ڕەسە ئێزیدین. بەس ڕاستە شاندێك بچێت زۆر باشە هەتا شاندێکی پەرلەمانیش خەریکی ئەو چالاکیە بێت زۆر باشە نەك بەتەنها حزبەکان یان حکومەت خەریك بێت، بەڵکو پەرلەمانیش خەریك بێت زۆر باشە. پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانی عەرەبی، ئیقلیمی دروست بێت پێم وایە زۆر باشە، د.شوکریە خان پرسیاری زۆر زەحمەتی کردو سەبارەت بەوەی ئایا لە کۆتایی ساڵی 2007 ئێمە دەتوانین مژدەی ئەوە بدەین، ناتوانین، بەلاّم من

دەتوانم بەڵێنی ئەوە بدەم هەرچی پێویستە ئێمە ئەنجامی دەدەین بۆ ئەوەی جێبەجێ بێت، ئەگەر نا بەدیل چ بێت یان ئەگەر بارودۆخێك هاتە پێش بیر لە بەدیلێك بکرێتەوە لێرە باسی ئەوە دەکەین، لەم پەرلەمانە باسی دەکرێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئێمە قبووڵ ناکەین بە عەمدی دوا بخرێت، بەهیچ شێوەیەك قبووڵ ناکەین هیچ دەوڵەتێکی ئیقلیمی دەست لەم بابەتە وەربدات، بە هیچ شێوەیەك فەرامۆشکردن قبووڵ ناکرێت ودەبێت جێبەجێ بکرێت، چونکە ڕوون وئاشکرایە، ئەگەر کات بەشی نەکرد، ئەوە گریمان لێرە دەبێت بڕیاری لەسەر بدرێت، هەرچەندە نابێت هیچ بەهانەیەك، پاساوێك بدرێتە دەست بۆ ئەوەی دوا بخرێت. چونکە دواخستنەکە کارەساتێکی گەورەیە, واتە دواخستنی کارەساتە، نەك جێبەجێکردن، بە پێچەوانەوە جێبەجێکردن چارەسەرە، بەڵکو دواخستن کارەساتە. ئەگەر ئەمریکا ستراتیژی خۆی گۆڕی ئێمە چی دەکەین؟ من نازانم ئەمریکا چ دەکات وستراتیژیەتی خۆی چۆن دادەڕێژێت. ئەمریکا تووشی پابەندیەکی گەورە بووە لە ناوچەکە بۆ نمونە: ئیعتباری خۆی، بەرژەوەندی خۆی، بارودۆخی خۆی وئەمانە هەمموو لەبەر چاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەبێت هەمیشە پشت بەخۆمان ببەستین. ڕاستە ئەمریکا دوای ڕاپەڕینی 1991 دەرفەتێکی بۆ ئێمە دروست کردو سوپاس بۆ خوا لەگەڵ ئەوەی تووشی گرفتی ناخۆشیش بووین، بەڵام شتێك لە کوردستان کرا، ئەگەر دوای ڕووخانی ڕژێم ئەم ڕەوشە نەبا، ڕەوشی ئێمەش وەکو پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەبوو. لەبەر ئەوە مەرج ئێمە خۆمانین، ئەگەر ئێمە شت بین هەمموو کەسێك حیسابمان بۆ دەکات. ئێمە بەمەرجێك دەبینە شت، ئەگەر بێین ویەك ریزی خۆمان بپارێزین. بێگومان ئەگەر ئەمریکا ستراتیژیەتی خۆی گۆڕی من یەك شت لە میللەتی کورد داوا دەکەم لە ئێستاوە ئەم بڕیارە بدات، یان بە ئازادی دەبێت بژین یان دەبێت بمرین، بەارمبەر بەهەر گۆڕانکارییەکی ببێت، ئەمە دەبێت بڕیاری ئێمە بێت. کاك دیلمان، ئەگەر باش من لە پرسیاری تۆ تێگەیشتبم ئایا ڕێوشوێنی ئێمە لەگەڵ کێ بن دەبێت. ڕێوشوێنی ئێمە لەگەڵ ئەوانە دەبێت کە باوەڕیان بە دەستور هەیە، باوەڕیان بە دیموکراتی وفیدڕاڵی هەیە، لە حزبەکانی ئێراقداو ئێمە لە ئایندەش لەگەڵ ئەمانە دەبین، بەڵام ئەوانەی دژی ئەمانە بن ئێمە لەگەڵیان نین ودژایەتیمان بکەن دژایەتیان دەکەین، ئەگەر بە ڕێگایەکی یاسایی دژایەتیمان بکەن ئێمەش بە ڕێگایەکی یاسایی دژایەتیان دەکەین وبەرگری لە خۆمان دەکەین. کاك کەرخی وابزانم پرسیاری نەبوو، بەڵکو هەر تەئکیدی لەسەر برایەتی ودۆستایەتی کردەوە.بەڵام سۆزان خان پرسیارێکی کرد ئەگەر شیعەو سوننە ڕێکەوتن وهاتنە سەرمان چ دەکەین؟ بۆ ئەمە دەڵێم هیچ شتێك لە دنیادا نیە مەحاڵ بێت، بەڵام ئەمە زۆر زەحمەتە شیعەو سوننە ڕێك بکەون ئەمە یەك، دووەم ئێمە حەز دەکەین ڕێککەون، بەڵام لەسەر ئەو بنەمایە ڕێککەون لەسەر دامەزراندنی ئێراقی فیدڕاڵی دیموکراتی هەمموو پێکەوە بژین بە بەشدارێکی کارا هەمموو پێکەوە ئەو ئێراقە دروست بکەین، ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ ئەمەو حەزیش دەکەین وئومێدەوارین لەسەر ئەو بنە مایە ڕێك بکەون، بەڵام ئەگەر لەسەر حیسابی ئێمە ڕێکەوتن ولەبیرت نەچێت لە 61ەوە تا ئێستا ئەو ڕەوشە نەبوو لە ئێراق، بەڵکو یەك حکومەت هەبوو، یەك سەرۆك کۆماریان هەبوو، یەك دەوڵەت و

یەك سوپاو یەك شیعەو سوننەشی تێدا بوو، شەریشیان کرد وئەنجامەکەش هیچیان پێنەکرا. دڵنیابە، ئەگەر بارودۆخێکی وا دیکتاتۆریش لە ئێراق دروست بۆوە هەمان تاس و هەمان حەمام وپاشان هەر کەسێ لەماڵی خۆیی وهەمان موقاوەمە بەردەوام دەبێت. ئەوەی پەیوەندی بە گۆڕینی سروودی نیشتیمانی هەیە، من لە بەغدا ئەم هەواڵەم بیست، من وامزانی ئێوە خەریکن شتێکی وا بکەن، لە پەرلەمان، بەلاّم بەجدی شتی وانییەومن لەوێ پرسیم کاك عەدنان لێرە نەبوو وابزانم لەکاك فرسەتم پرسی، گوتی ڕاستە شتێکی وا هەیە؟ ئەگەر شتی وا هەیە نەکەین. هەندێك شت ئەگەر ڕاست بێت یان ڕاست نەبێت، ڕەنگە خۆم تێبینیم هەبێت، بەلاّم هەندێك شت دەبێتە بەشێك لە فەرهەنگ ومێژوو. بۆیە دەسکاری زەحمەتە لەبەر ئەوە ئەمە هیچ بنج وبنەوانێکی نییە. لە سەرۆکایەتی هەرێم ئەوەی بیری لێ نەکرابێتەوە ئەمەیە. هەروەها هەندێك دەنگیش لە سەر گۆڕینی ئالاّ دەرچووە، ئەم ئالاّیە هەزاران شەهیدی لەسەر دراوە، ئەمەش دیسان مومکین نیە باسی لێوە بکرێت. ئالاّیەکە بۆتە بەشێك لە مێژووی ئێمە و تێکەڵ بووە بە موقەدەساتی ئێمە، یەکێکە لە موقەدەسترین شتی ئێمە، ئەم ئالاّیە چۆن یەك هەق بەخۆی دەدات بڵێت دەبێت ئەم ئالاّیە بگۆڕین لەسەر چ بنچینەیەك. دەتوانێت هەڵینەگرێت، بەلاّم مومکین نیە ئەوە بگۆڕدرێت. هەندێك شت هەیە پێویست ناکات وەختی خۆتانی پێوە خەریك بکەن، نە مەسەلەی ئالاّ، نە مەسەلەی سروودی نیشتمانی، ئەگەر ئێوە خۆشتان وەکو پەرلەمان بڕیارێکی واتان دا، خۆتان تەحەمولی بەرپرسیەتی دەکەن، بەلاّم لە سەرۆکایەتی هەرێم شتی وا نییە. کاك محەممەد بەجدی ئەگەر لە بەغدا هەندێك شت نەکرێت، ڕەنگە لەوێ سەرۆك بۆش وئەوانەش موحرج بن، یانی زۆر زۆر یارمەتی بۆشیان دەدا، ئەگەر هەندێك شت بکەن. لەبەر ئەوە ئێمە زۆر هەوڵمان دا لەوێ هەندێك شت بکەن، یارمەتی بۆ ئەوان. بە دڵنیایەوە ئیدارەی بۆش خۆش حاڵ نییە بەو ڕاپۆرتەی بێکەر- هاملتۆن، بەلاّم من لەوێش بە برادەرانم گوت مەسەلەکە وایە، ئەگەر پێتان وابێت ئەمریکا هەتا هەتا پابەند دەبێت بەو ڕەوشەی ئێراق بەم شێوەیە، ئەمریکا بەرژەوەندی خۆی، سومعەی خۆی بە ئێراق نادات. ئەمریکا بایەخ بە ئێراق دەدات وەختێك کە بزانێت بەشێك لە بەرژەوەندی ئەو، سومعەی ئەو، هەیبەتی ئەو بەو پەیوەندییە دابین دەکرێت وهێزە بۆ خۆی، ئەمریکا نایەت ئەو هەموو سەرمایە وئەو هەموو زەرەرو زیانە لە خۆی بدات لە پێناو کردارێکی فاشیل و بێ ئەنجام. تەماشا بکە مرۆڤ باوکی، برای، کوڕی، هاوڕێی، خۆشەویسترین کەسی ئەمری خوا دەکات لە ئەنجامدا مەجبوورە دەیشارێتەوەو تەسلیمی ئەمری واقیع دەبێت وخواحافیزو هیچی پێناکرێت. ئەگەر هەر وابێت، ڕەنگە سبەینێ بڵێن خوا حافیزو ئێوە هیچتان نەکردو هیچتان پێ ناکرێت، لەبەر ئەوە من ناتوانم هیچی دیکە تەحەمولی ئەم ڕەوشە بکەم. لەبەر ئەوە سەد دەر سەد لەگەڵ جەنابت ڕێکم، کە دەبێت لە بغداش هەندێك شت بکەن، دەبێ بەغداش یارمەتی ئەمریکا بدا بۆ ئەوەی ئەمریکاش بتوانێت زیاتر یارمەتی ڕەوشی ئێراق بدات. ئەوە تێبینی دەکرێت خواش لێان قبووڵ ناکات لەو ڕەوشەدا 130کەس چوون بۆ حەج، تۆ وڵاتت بەو شێوەیە، ئەو ئاگر بارانە، ئەو خوێنڕشتنە دەچیە حەج، یانی حەجیش مەرجی خۆی هەیە بەڕاستی ئەمە ڕاکردنە لە بەرپرسیەت، لە واقیعدا شتێکی جوان نەبوو،

بەڵام ڕەوشی بەغدا ئەمەیە لە کۆنگرەو ئەو شوێنانە، کە دەچن بەڕاستی زیاتر ئاگر خۆش دەکەن، یانی هەندێك لەناو ئەو لایەنانە هەن پێیان خۆشە، بەرژەوەندیان لەوە دایە، دەستکەوتیان لەوە دایە کە بچن ئاگر خۆش بکەن. ئینجا پارە لەو وەردەگرن، لەم وەردەگرن وهەندێك دەوڵەتیش هەن پێیان خۆشە ئەو ڕەوشە وابێت. سەیریش ئەوەیە لە داوەت وئەوانە کە دەیان بینی هەموو کۆکن وئەسڵەن پێت وایە گرفتیان لەنێواندا نییە، کە دێنە دەرێش مایکرۆفۆن دەبینن هەمووی پەلاماردانی یەکدیە. ئینجا خوا هیدایەتی هەموو لایەك بدات، ئەگەر نا بەڕاستی میللەتی ئێراق گوناحە، یانی ئەو خەڵکە بێ گوناحەی کە دەکوژرێت، بەڕاستی قوربانی تێنەگەیشتنی کۆمەڵێك لەوانەیە کە خۆیان بە سیاسی داناوە، واتە ڕۆژانە ئەو هەموو جەنازیە فرێدەدرێت، خەڵکێکی بێ گوناح لەنێوان شەڕی جەیشی نازانم چی وچی ودەڕوات، ئەوانە بوونایە ڤیرۆسیا، بەڵام خەڵکی بێ گوناح بەهایەکی دەدات. ئەوەی 140یش هیچ ڕاست نییەو ڕەنگە گرفتی هەرە گەورە ناو شاری کەرکوك بێت، بەڵام کەرکووکە، خانەقینە، شنگاڵە، زوممارە، نەك هەر لێرە لە ئێراقیش هەمان گرفت لە شوێنەکانی دیکە هەیە. سنووری زۆر لە پارێزگاکانی ناوەڕاست هەمان شتە لەگەڵ حللەو کەربەلاو نەجەف وڕومادی وبەغدا وتکریت وئەوانە هەموو ئەو گرفتانەیان هەیە. لەبەر ئەوە ئەمە ڕاست نییە. ئەوەی کاك محەمەد حەکیم وا بزانم تەئکید لەسەر ئەمروهم شورا بوو، پابەندبوون بکرێت. ڕاستە من گوتم وخوایار بێت هەر واش دەبێت. کاك عەدنان وا بزانم دوایین پرسیار هی جەنابت بوو خۆی بەڕاستی بۆ ئەوەی ئاشکرا بێت ئێمە هێشتا نەگەیشتوینەتە ڕێکەوتنێکی تەواو لەسەر ئەوەی کە بەشی پێشمەرگە لە بودجەی سیاسەتی بەرگری ئێراق بێت، بەڵام ئومێد هەیە بگەینە ئەنجام. واتە ئومێد هەیە. بەڵام هێشتا دیارە هەندێك شت ماوە، کە دەبێت بە دواداچوونی بۆ بکرێت. دەربارەی ئەوەی کە شتێك ئیمزا کراوە، هیچ شتێك ئیمزا نەکراوە بۆ زانیاریت. ئینجا لە کۆتایدا پێمان باشە هەموو هەوڵێك بدەین، وەفد بچن، شاندی پەرلەمان، حکومەت، حزبەکان تێڕوانینی کورد بۆ هەموو لایەنەکان ڕوون بکەنەوە بۆ وولاًتانی ئیقلیمی، ئەوڕووپا ولە هەموو شوێنێك هەوڵ بدەین پەیوەندی خۆمان لەگەڵ دراوسێکانمان چاك بکەین وپێمان خۆشە، بەڵام ڕاستیەك هەیە دەبێت لەبەر چاومان بێت. ئێمە دەبێت ئیسپاتی بوونی خۆمان بکەین، ئێمە دەبێت خۆمان هەبین ویەکێتی ریزەکانمان بپارێزین. ئەمە مەرجە بۆ مانەوەی ئەو دەستکەوتانە وبۆ دەستکەوتی ئایندەش وئینشائەللاً هەر واش دەبێت وهەر بەختەوەرو سەرکەوتو دەبن وجارێکی دیکەش کریسمەس لە برا مەسیحیەکان پیرۆزبێت وجەژنی قوربانیش لە هەموو برایانی موسڵمان وساڵی تازەش ساڵی خۆشی وبەختەوەری دەبێت بۆ هەموو لایەك وزۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کۆتایی بەدانیشتنەکە دەهێنین، دانیشتنی ترمان سبەینێیە سەعات (10)یە، ئەندامانی پەرلەمان لێرە ئامادە بن تکایە و سوپاس.

**فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی**

| | | |
|---|---|---|
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**<br>**کوردستان – عێراق** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**<br>**کوردستان – عێراق** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**<br>**کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24)**

**چوار شەممە رێکەوتی 27\12\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24)

## چوار شەممە رێکەوتی 2006/12/27

کاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2006/12/27 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (24)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (24)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

2- بەردەوام بوونی لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی گەشتوگوزار.

3- خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای کوژاندنەوە و جیاکاری زەوی لە سنووری شارەوانیەکان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەناوی گەلی کوردستان, دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەین، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (24)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەکاتی (10)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 2007/12/27دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

2- بەردەوام بوونی لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی گەشتوگوزار.

3- خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای کوژاندنەوە و جیاکاری زەوی لە سنووری شارەوانیەکان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

داوا لە لیژنەی یاسا دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن, بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز د0محمد احسان وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و، بەڕێز کاک نەمرود وەزیری گەشتو گوزار دەکەم، لەگەڵ بەڕێز کاک سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان زۆر بەخێربێن, ئێمە لە جەلسەیەك دا ماوەیەك پێش ئەوەی پرۆژەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم خستەڕوو, چەند ماددەیەکمان تەواو کرد, واتە لە چەند ماددەیەك بۆچوونی جیاواز دروست بوو, دوامانخست بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی هەرێم قسە بکەین, جەنابی وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ئەو مەسەلەیە یەکلا بکاتەوە, پێشم وایە ئێستا یەکلا کراوەتەوە, لەگەڵ لیژنەی یاساییش دانیشتوون, جا بەو پێیەی کە ئیتیفاقیان کردووە, داوایان لێدەکەم و, لەو شوێنەی کە راوەستاین هەر لەوێ دەست پێبکەنەوە, ئەگەر گۆڕانکاری لەسەر خاڵەکانی پێشتریش زیاد دەکات, لەبەر رۆشنایی ئەو تەئجیل کردنە و, ئەو ماوەدانە بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی هەرێم یەك بکرێنەوە, دەتوانن ئەویش بخەینەڕوو, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان, بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, هەروەك هەموو ئاگادارین, یەکەم جەلسەی موناقەشە کردنی وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم 2006/9/6 بوو, ئەوەبوو هەندێ لەبڕگەکانی لێرە پەسەند کرا، هەندێکی بەموعەلەقی ماوە, ئەوانەی کە پەسەند کرا, بە حقیقەت ئەوانن کە لە لای ئێمە موئەشیرە, ماددەی یەك بوو و, لەهەمان کاتدا هەیکەل تەنزیمی وەزارەت بوو و, ئەوەی بە موعەلەقی ماوە نێوان ئێمە و نێوان وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ماددەی (3) بوو, ئەمڕۆ بەیانی لەگەڵ بەڕێز جەنابی وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم دانیشتین و, بەتەفصیلی موناقشەی ئەو مەسەلەمان کرد, گەیشتینە ئەو قەناعەتە ماددەی سێ بەو شکلە بێت, کە ئێستا بۆ ئێوەی بەڕێز عەرزی دەکەم, وە لەزیمنی ماددەی سێش فەقەڕەی (1, 2, 3) پەسەند کرابوو, ئەوەی کە مابۆوە بەموعەلەقی دوای فەقەرەی چوار بوو, ئەویش بەڕاستی پێی داچووینەوەو, ئێستا ماددەکە بۆ بەڕێزتان دەخوێنمەوە, ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی مەجالمان پێبدا, ماددەی سێ بەم شێوەیە دەبێ:

1-العمل على اعادة ربط المناطق المتقطعة من كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق احكام المادة 140 من الدستور الاتحادي.

2-التنسيق مع السلطات الاتحادية في كل ما يتعلق بضمان حقوق شعب كوردستان لأعادة رسم الحدود الادارية للأقليم.

3-التنسيق والتعاون مع الاقاليم والمحافطات غير المنظمة في الاقاليم في العراق الفيدرالي ضمن المجالات التى يحددها مجلس الوزراء.

ڕێکەوتین لەسەر حەزف کردنی فەقەرەی چوار بەئیعتیباری ئەوەی تەعاروز دەکا لەگەڵ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم, بەنیسبەت فەقەرەی پێنج لەگەڵ وەزارەت ڕێکەوتین کە ئەو فەقەرەیەش حەزف بکەرێ, بەنیسبەت فەقەرەی شەش وەکو خۆی بمێنێتەوە,

6-تطوير و تشجيع العلاقات الثقافية و التجارية و الاقتصادية بين الاقليم و الاقاليم الاخرى.

فەقەرەی 7 حەزف بکرێ, فەقەرەی هەشت وەکو خۆی بمێنێتەوە, فەقەرەی نۆ حەزف بکرێ چونکە لە صلاحیەتی سەرۆکایەتی هەرێمە و, جەنابی وەزیریش موفتەرەحێکی هەبوو وەکو ماددەیەکی ئیزافی ئەویش ئەوەیە ئیزافەی مەهام بکرێ, ماددەکەش بەم شێوەیە:

(العمل على تقديم المشاريع الخدمية الضرورية الى المناطق المقتطعة من الاقاليم).

ئەوە بەکورتی ئەو فەقەرانە بوو کە لە زیمنی ماددەکە کۆسپی تێدابوو, لەگەڵ جەنابی وەزیر گەیشتینە ڕێکەوتن, ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و, ئەوەی پێشکەشمان کرد پوختەی ئەو موفتەرەحانە بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئێستا لە ماددەی سێ فەقەرەی (1, 2, 3), پێشتر باس کرایە, فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕاسپێردرابووین وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان ڕاپۆرتی تایبەتی خۆمان سەبارەت بە وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم هەبێ, داوامان لێکرابوو خوێندبوومانەوەش لێرە, لەسەر ماددەی سێ ئێمە ڕەئیمان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو,

2-هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر کوردستانی عێراق بەهاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق لەژێر ڕۆشنایی دەستووری عێراقی فیدڕاڵدا.

وابزانم هەمان ڕەئیی لێژنەی یاسایە,

3-هەماهەنگی و هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتە فیدڕاڵیەکان لە پێناو پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان بە تایبەتی دەرەوەی کوردستان- عێراق.

4-لابردرێت چونکە لەگەڵ یاسای سەرۆکایەتی ناکۆکە ئەو ئەرك و مافە بە سەرۆکی هەرێم سپێردراوە.

5-لابردرێت.

6-لابردرێت, چونکە لەدەسەڵات و ئەرکەکانی وەزارەتەکانی ڕۆشەنبیری و بازرگانی و پلان دانانە.

7-لابردرێت, چونکە لەدەرەوەی دەسەلاتی ئەو وەزارەتەیە.

8-لابردرێت, چونکە لەدەرەوەی دەسەلاتی ئەو وەزارەتەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو خالآنەی کە لەماددەی سێ دا هاتووە، دە خاڵن، راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە ئیتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیر رێکەوتن لەسەر ئەوە، سێ خاڵ موناقەشە کرابوو، پەسەندیش کرابوو، لە خاڵی چوارەمەوە ئیتیفاق کرا، خاڵی چوارو پێنج و حەوت و نۆ بە ئیتیفاقی هەردوولا ئیلغا کراوە، ئیلغا کراوە بەئیقتیراحی تازەی حکومەت و، پەسەند کردنی لەلایەن لیژنەی قانونییەوە، ئەو چوار خاڵەی کە بە موقتەرەحی تازە ئیلغا بکرێ، چوارەم و پێنجەم و حەوتەم و هەشتەم، کە موناقشەی لەسەر نییە، لەلایەن وەزیر و لەلایەن لیژنەی قانونییەوە، ئەو ئیلغایەی دەخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو چوار خاڵە ئیلغا بکرێ، دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵی نییە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ ئەو چوار خاڵە ئیلغا کرا، واتە چوار، پێنج، حەوت، نۆ، بەلآم شەش داوات کردووە، پێویست بە رەئیی وەزیر دەکا، پێویست بە موناقەشە دەکا، بەلآم ئەوانە ئیتیفاقیان لەسەر کردووە، ئێستا بێینە سەر خاڵی شەش، کە دەکاتە خاڵی چوار دوای ئیلغا کردنی خاڵەکانی پێشەوە، (هاندانی پەیوەندیەکانی رۆشنبیری و بازرگانی و ئابووری لەنێوان هەرێم و هەرێمەکانی تردا)، یەك مولاحەزە هەیە، جارێك هەرێمەکانی تر دروست نەبووە، ئەگەر وەکو دەستوور برۆین هەرێمەکان و پارێزگاکان، پارێزگاکان دەبێ زیاد بکرێ، ئەوەی تر پێم وایە رۆتینە، یەعنی وەکو شتێکی قانونی لە دەستوور وا هاتووە، ئەگەر چی هەرێمەکان دروست نەبووە، بەلآم پارێزگاکان هەیە، ئەگەر بووە دوو، سێ هەرێم ئەوکاتیش دەستوور هین دەکرێ، ئەو خاڵە کەس موناقەشەی لەسەر نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی شەش، پەیوەندی رۆشنبیری تۆزێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، یەعنی ئەوە تایبەتە بە وەزارەتی رۆشنبیری، لەو خاڵەی دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی رۆشنبیری ئەوەی ئێستا هەیە، مەسئولیەتی مەسائیلی رۆشنبیریە، لە سێ پارێزگاکان، ئەوە وەزارەتێکە تایبەتە بۆ ئیش و کاری ناوچەکانی دەرەوە، دەتوانین ئیش و کارەکانی وەزارەتەکانی ناو هەرێم بەهاوکاری ئەو وەزارەتە لەو شوێنانە بکرێت، زۆربەی زۆریش لەبەر ئەوە تەبیعەیە، نازانم لیژنەی قانونی لەسەر ئەمە مولاحەزەی چیتان هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك لەو فەقەراتانە مەرحەلیە، رەنگە ئەو مەرحەلەی ئێستا پێویستی بەوە بێ، پاشی گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچەکانی تر رەنگە پێویستی بەوە نەبێ، بۆیە ئەو فەقەرەیە، فەقەرەیەکی ئینتیقالیە بەقەناعەتی من.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من پێم باشە بەڕاستی بڕگەیەك زیاد بكرێ لەو ماددەیە, باس لە ئاوەدانكردنەوەی ئەو ناوچانە بكرێ، كە لە هەرێم دابڕاون, بەهاوكاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان, لەبەر ئەوەی ئێمە تەماشا دەكەین ئەو ناوچانەی كە تائێستا نەگەڕاوەتە سەر كوردستان, هیچ شتێكیان بۆ نەكراوە, لەو پەڕی خراپیدان, ئێمە ئەو وەزارەتانە كە دادەمەزرێنین, موهتەمە بەو ناوچانە, بۆیە لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان بڕگەیەك زیاد بكەین, كاركردن بۆ ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان بەهاوكاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوە موقتەرەحێكی باشە, بەلاَم وابزانم ئەو موقتەرەحە لەئاخیر هین هاتووە, لەو ئاخیر خاڵەی كە باسیان كرد, دەكرێ ئەوە تەتویر بكرێ, ئیزافەی ئەو مولاحەزەیە لەگەڵ ئەو رەبت بكرێ, كە دەڵێ مەشاریعی خەدەمی تەقدیم بكرێ, صیغەكە بگۆڕێت بەشێوەیەك كە ئەو موقتەرەحەی ئێوەشی تێدا بێت, كەواتە خاڵی چوارەم كە پێشتر شەش بوو, (هاندانی پەیوەندیەكانی رۆشنبیری و بازرگانی و ئابووری لەنێوان هەرێمەكان و پارێزگاكان), واتە (دیكە) بەمانای (الاخری) حەزف دەكەین, ئەوە ئەو خاڵە دەخەمە دەنگەوە، چونكە خاڵەكان لەیەكتری جیاوازن, بیخوێنەوە.**

**بەڕێز كریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی خاڵی شەشەم بووبە بەخاڵی چوارەم بەم شێوەیە:**

**هاندانی پەیوەندیەكانی رۆشنبیری و كۆمەلاَیەتی و گەشەپێدان لەنێوان هەرێم و هەرێمەكانی دیكەدا, و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمدا رێك نەخراون.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كێ لەگەڵ ئەو خاڵەدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بەڵێ چیە؟ نوقتەی نیزامە, فەرموو.**

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لە عەربیەكەی خوێندتانەوە (تشجیع و تطویر) بەلاَم لەكوردیەكە تەنها تەشجیعی خوێندەوە تەنها هاندانی خوێندنەوە، تەتویریش بخوێنێتەوە باشە, پەرەپێدان تێدابێ, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**هاندان و پەرەپێدان, كێ لەگەڵ ئەو خاڵەدایە دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە؟ فەرموون, بەئەكسەریەت ئەو خاڵە وەرگیرا, خاڵی پینجەم كە پێشتر هەشتەم بووە, (رێكخستنی كاروباری كۆچ كردن و بەدواچوونی كاروباری كۆچكراوەكان), كاك ئارێز ئێوە دەتانەوێ ئیلغا بكرێ, باشە حوجەتی ئیلغا كردنتان**

چییە؟ کۆچ کردن خۆ مانای ئەوە نییە کۆچ کردن بۆ ئەوروپا, هەرچەندە جەنابی وەزیر دەیزانێ, کاك ئیحسان.

**بەڕێز د.محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر من ئەڵێم (تنظيم امور الهجرة و متابعة شؤون المهجرين) کارێکی سەرەکی ئەم وەزارەتەیە, لەبەرئەوەی مەسئوولیەتێکی وەزارەت ئەوەیە کە تەتبیق لەو ناوچانە بکات, کاتێك کابرایەك وافد لەوێ دەربچێت, ئایا لەسەر ئێمە فەرز نییە مورەحەل و موهەجرێك بیگەڕێنینەوە بۆ ئەو ناوچانە, پرسیار بۆ عیلاقاتی خارجی ئایا ئێوە عیلمتان هەیە کە ئەو مودیریەتە سەر بەکێیە لە حکومەت؟ دوو مودیریەتی هیجرەو موهەجرین هەبوو, لەهەردوو ئیدارەتی پێشوو, ئێستا سەر بەهیچ جێگایەك نین لە حکومەت, ئەمە صوڵبی کاری ئەو وەزارەتەیە, صوڵبی کاری ئەو وەزارەتە گەڕانەوەی ئەو خەڵکانەیە بۆ ئەو ناوچانە, تۆ ناتوانی ئەو کارە لەیەکتر جیا بکەیتەوە, کاتێك من وافد دەنێرم با جێگایەکی تر بێت مورەحەلەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ناوچانەو موهاجرەکان بنێرێت, ئەمە کاری ئەم وەزارەتەیە, لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین ئەمە کاری ئەو وەزارەتەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو مەوزوعە حەزدەکەم برادەران موناقەشە بکەن لەسەری, کێ حەز دەکا موناقەشەی بکات, واتە بابڵێین موقتەرەحی وەزارەت و حکومەت, رێکخستنی کاروباری کۆچکردن و بەدواچوونی کاروباری کۆچپێکراوەکان, لیژنەی یاسایی موافیقە لەسەر ئەوە, لیژنە پەیوەندیدارەکان دەڵێن ئیلغا بکرێ, کێ قسەی لەسەر ئەوە هەیە؟ بەناو دەنووسم, کاك محمد فرج, کاك حمد رشید, سردار هەرکی, کاك غفور, د0رمضان, کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەوتەم ئەبێتە پێنجەم, من لەسەر ئەوە قسەم هەیە, دەنگمان بۆ نەداوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێنجەم رێکخستنی کاروباری کۆچ کردن و بەدواچوونی کاروباری کۆچپێکراوەکان, وتمان ئەوە موقتەرەحی حکومەتەو لیژنەی قانونیش پێی باشە، بەلاّم لیژنەی پەیوەندیەکان دەڵێن ئیلغا بکرێ.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم هەشتەمەش منیش پێم وایە پەیوەندی بە هەموو کوردستانەوە هەیە, ئەم وەزارەتە وەزارەتێکی سیاسیە, یەعنی لەئەساسەوە بۆ ئەو ناوچانە دانراون کە لە کوردستان دابڕاون, صوڵبی ئیشی ئەم وەزارەتە ئەو ناوچانەیە, من پێم باشە لەجیاتی ئەمە خاڵێکی تر زیاد بکەین, لەم ناوچانە هەمیشە گرفت دروست

دەبێ, یەعنی لەهەموو سەحافی نێو دەوڵەتیش کەلتورێك هەیە, ئەو ناوچانەی کەوتوونە بەر زوڵم و زۆری دابڕان سەقافەتیان لەگەڵ دایکی خۆیان دەگۆڕێت, یەعنی ئەو وەزارەتە لەبڕی ئەوە سەقافەت لەگەڵ شوێنی تر تاوتۆ پێبکا, لەوناوچانە گێڕانەوەی سەقافەیەکی ڕەسەن بۆ ئەو خەڵکەی کە لەوناوچەیە ئەژین, یەعنی لەرووی سەقافیەوە کارێکی جدی بۆ ئەو مەسەلەیە بکات, ئەم مەسەلەیەی هیجرە لەهەڵەبجە زیاترە لەو ناوچانە, لە رانیە زیاترە لە کەرکووك, یەعنی پەیوەندی بەهەموو کوردستانەوە هەیە, پێم وایە یان لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە, یان لەسەر وەزارەتەکەیە کە پەیوەندی بەمە هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رەئیی جەنابی وەزیرم کە ئەڵێ یەکێك لەئیشەکانی ئەم وەزارەتە ئەوەیە کە تەنزیمی کۆچ, و بە پێچەوانەشەوە بکات, بەلاّم لە داخیلی ئیقلیمدا، رای پەیوەندیەکان وایە ئەو وەزارەتە ناتوانێ تەنزیمی کۆچ بکات لەهەندەران, یەعنی عیلاقەی بە هەندەرانەوە نییە, بەلاّم لەداخیلیدا عیلاقەی پێوە هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەو فەقەڕەیە بگۆڕدرێت, خۆی لە صوڵبی ئیش و کارەکانی ئەو وەزارەتەیە, موتابەعەی شئوونی موهەجرین بکات، بەس نەك هیجرە, (المهجرین) یەعنی ئەوانەی خارج مەناتیقی ئیقلیمن, واتە وای لێبکەین, (تنظیم امور المهجرین من مناطق خارج اقلیم کوردستان ومتابعە شؤونهم), بەلاّم من پێشنیارێکم هەیە ئەو وەزارەتە صلاّحیەتی بدەینێ کە تەنسیقی هەبی لەگەڵ ماددەی 140, سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو بڕگە وەکو خۆی بمێنێتەوە, لەبەر ئەوەی وەك ئاگادارین ئێمە لە عێراقیش وەزارەتی کاروباری کۆچپێکراوان هەیە (شؤون المهجرین), بەلاّم لە کوردستان ئێمە هیچ وەزارەتێك، هیچ دەزگایەکمان نییە, چاودێری کاروباری ئەوانەی کە کۆچیان کردووە, یان ئەوانەی کە لێرەوە کۆچ دەکەن, بۆیە زۆر جێگای خۆیەتی کە ئەو وەزارەتە ئەو ئەرکەش بگرێتە ئەستۆ، ئەمە خاڵێك, وە دواتر ئەو خەڵکەی کە کۆچی کردووە پێشتریش, زیاتر لەو ناوچانەن لە کەرکووك، لە خانەقین، لە سنجار، لە مەخموور لەبەر زوڵم و زۆرداری رژێم کۆچیان کردووە, ئەوانەی کە پێش راپەڕین کۆچیان کردبێ, یان دوای راپەڕین کۆچیان کردبێ لەو ناوچانەدا, بۆیە من لەگەڵ مانەوەی ئەو خاڵەدام, ئەو خاڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە, ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە کە وەزارەتێکمان نەبێ تایبەت بۆ ئەم کارە, با ئەو وەزارەتە تایبەت بێ بەو کارە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمان محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم وەزارەتە، ئەگەر وای دابنێین بچووك كراوەی وەزارەتی دەرەوەیە، لەوەزارەتی دەرەوە لە قونصوڵەكان كۆمەڵێك مولحەقاتی هەیە، هەریەكەیان نوێنەرایەتی بەشێك دەكا، بەلاّم بەشێكیشن لە وەزارەتی خاریجی، لەبەر ئەوەی ناكرێ ئەگەر پەیوەندی بەپەروەردەوە هەبێ بڵێین ئەمە ئیختیصاصی پەروەردەیە، ئەمە هی رۆشنبیریە، ئیشی ئەم وەزارەتە رێكخستنی ئیشەكەیە، نەك جێبەجێ كردنی، لەبەر ئەوە ئەم وەزارەتە ئەگەر كۆمەڵێك ئەركی رێكخستنی جیاجیاشی تێدابێ مافی خۆیەتی، بەلاّم بۆ جێبەجێ كردنی ئەو پەیوەندی دەكا بەوەزارەتە جیاجیاكانی هەرێم بۆ بەجێگەیاندنی ئەنجامی ئیشەكان، لەبەر ئەوە ئاساییە كە كۆمەڵێك ئەركی هەبێ بەو ناوچانەی كە نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێم، تاكو دەگەڕێتەوە هەرێم ئەو كاتە وەزارەتی مەعنی موباشر تەداخولی ئیشەكان دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز اخر شیخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەپێچەوانەی هەندێ برادەرانم، لەو وەزارەتەو لەو ئیش و كارەی تێگەیشتم، ئەگەر شئوونی موهەجرین عایدی ئەو وەزارەتە بێ، شئوونی موهەجرین بەحقیقەت نە مودیریەتێك بەخۆی هەڵدەگرێت، وەزارەتێك بەخۆی هەڵدەگرێت لەدەوڵەتانیش وەزارەتێكی تایبەتی هەیە، لەزۆر دەوڵەتی دەوروپشتی، وەزارەتێكی تایبەتیان هەیە، نازانم ئەو وەزارەتە تایبەت بێ فەقەت بەو مەناتیقانەی كە دەرەوەی هەرێمن و، لەچوارچێوەی عێراقن، وەكو كەركووك و خانەقین ومەندەلی، ئەمە جیایە، چونكە ئێمە زۆر ئاوارەی ترمان هەیە، ئاوارەمان هەیە هێشتا لە ئێران نەگەراونەتەوە، ئاوارەمان هەیە هێشتا لە توركیا نەگەڕاونەتەوە، ئاوارەمان هەیە لە هەندەرانن، هەتا ئاوارەی شەڕی ناوەخۆمان هەیە یەكجار زۆر لێرە ماون لە سلێمانی ماون، ئەبێ ئەو وەزارەتەو ئەو مودیریەتەی كە دروست دەكرێ ئەو شئوونانە هەمووی بەخۆیەوە بگرێت، ئیهتمامێكی تایبەتی پێبدات، نەك ئەو مەوزوعە سیاسیە تەواو، ئەوە دەبێ زۆر زیاتر گرنگی پێ بدەین و پشتیوانی لێبكەین، نامەوێ زۆر وەختەكەی بكوژم، بەلاّم مەشاكیلی زۆر گەورە هەیە لە موهەجەرین، ئێمە خۆمان لەناو موهەجەرین ژیاون ئەزانین مەشاكیلی چەند گەورەی تێدایە، ئیحتیماله مەشاكلیی نوێشی بێتە سەری، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د0كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم خاڵە زۆر تەبیعیە لە جێگایی خۆی زۆر بەجوانی هاتووە، چونكە ئەو ناوچانە ئێمە ئەڵێین ئەبێ ئاسایی بكرێتەوە، تەتبیع بكرێ، بۆ تەتبیع كردن هەندێ كەس ئەبێ بڕوا، هەندێ كەسیش ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنانە، ئەوانەی كە دەربەدەر كراون، بەزۆر لەو شوێنانە دەركراون، ئەمڕۆ لەهەر كوێی دنیا بن بگەڕێنەوە بۆ كەركووك، بۆ خانەقین، بۆ سنجار، ئەوانەی دەركراون ئەگەڕێنەوە، ئەو

وەزارەتە ئەی کاری چییە؟ لەعێراق وەزارەی هیجرە و موهاجر هەیە, بەلاَم لێرە گرنگییەك دراوەتەوە ئەو ناوچانە کەتەتبیع بکرێتەوە, وەزارەتێك هەبێ ئیش وکاری ئەو شوێنانە جێبەجێ بکات, پێشنیاری بکات, دیراسەی بکات لەگەلّ حکومەتی هەرێمی کوردستان, لێرە لە ئەنجومەنی وەزیران قەراری لێ بدەین, پاشان ئەوان ئەو ئالییەتەی دانێن، ئەو مودیریە عامانەی کە دائەنرێن هەرکەسێك بەکاری خۆی هەلّدەستێ, بۆیە زۆر زۆر تەبیعیە، زۆر روون و دیاریشە وەزارەتەکە بۆ ئەو شوێنانە دانراوە, ئەمەش لەجێگایی خۆی هاتووە, بەڕەئیی من وەکو خۆی بمێنێ زۆر تەبیعیە, سوپاس.

**بەڕێز د0 محمد احسان/ (وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حقیقەت لێرە با مودیریەتێکمان هەبێ بۆ تەنزیم کردنی شئوونی موهەجەرین وموڕەحەلین, غەڕەزمان نەك وەك برادەرەکانی پەیوەندیەکان دەلّێن شئوونی هیجرە لەگەلّ دەرێ یان لەگەلّ دەرەوەی کوردستان, ئێمە لەناوچە دابڕاوەکانی کوردستان ئەو خەلّکەی کە لەوێ هاتووە یان لەوێ دەرکراون ئێمە تەصنیفمان کردووە بە چوار فیئە, فیئەی یەکەم وافیدە, وافید ئەو عەرەبەیە، زیمنی سیاسەتی تەعریب هاتیە لەوێ نیشتەجێ بوویە لە 1968 ەوە هەتا 2003، سێ فیئەتی ترمان هەیە, فیئەتێکمان هەیە ناوی ئەندامانی مورەحەل, کە نیزامی بەعس بەقانون بە شکلێکی رەسمی ئەو کابرا کوردە, تورکومانە, ئاشوورە, کیلدانە, یان ئەرمەنە لەو ناوچانەی دەرکردیە, فیئەتێکی ترمان هەیە کە موهەجەرە, موهەجەر کە حکومەت بیئەیەکی بۆ خەلق کردیە، کە ئەو کابرایە هیجرە بکات, نەك بەشکلێکی نیزامی، نەك ئەمری پێدەرکردیە, بلّێتە ئەو کابرایە بڕۆ لەکەرکووك نەخێر, ئەو کابرایە لە وەزیفەی دابڕاوە, یان موزایەقەی سیاسی پێکراوە, ئەو کابرایە مەجبوور بووە لەوێ دەربچێ, هیچ سەنەدێکی قانونی نییە, کە ئەو کابرایە بە زیمنی سیاسەتی تەعریب دەرکراوە لەو ناوچەیە, بەلاَم بیئەیەکی بۆ خەلق کراوە کە ئەو کابرایە لەو ناوچەیە دەربکرێ, فیئەتێکی ترمان هەیە کە موهاجیرە ئەصلّن, زەرفێکی سیاسی هاتەدابین کردن لەوناوچانە, زەرفێکی ئیقتیصادی هاتە خولّقاندن لەوێ, ئەو کابرایە بەمەجبوریەت هیجرەتی کردیە, نەك لەسەر ئەساسێکی سیاسی, یان لەسەر زیمنی حکومەت, لەسەر ئەساسی نیزامی بەعس کە سیستیماتیك ئەو کابرایەی دەرهێناوە, کاری ئەم وەزارەتە ئەوەیە مورەحەلێکە, موهاجرێکە, موهاجرکە هەرسێکیان بگەڕێنێتەوە ئەو ناوچەیە لەسەر ئەساسی ئەو نەزەڕیە, وتمان با مودیریەتێکی کاملمان هەبێ تەنزیمی ئەو کارە بکات, غەرەزمان نییە بەکاری دەرەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێ, تەبعەن باوەڕناکەم لەسەر ئەو بۆچوونەی جەنابی وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم کەس ئیختلافی هەبێ, بەس ئەوەی من تێگەیشتم لە موناقەشەکە لەسەر وشەکان خیلاف هەیە, (الهجرة) وەزارەتی هیجرە لە میسر هەیە، لەهەندێ ولاَتی هین هەیە, خیلافەکە لەوە دایە, ئەگەر نا ئەو هەدەفەی کەباسی کرد, هەمووەمان موتەفقین لەسەری, من بۆ ئەوەی نەبێتە دوو رەئیی, ئەگەر وای لێی

بکەین ڕێکخستنی کاروباری کۆچ پێکراوەکان, دەربەدەرکان و, بەدواداچوونی کاروبارەکانیان, ئەوەها باشترە و, هەم مانایەکەشی دەگرێـتەوە هەم هەموو لایەکانیش دەگرێتەوە, بەعەرەبیەکەش ( تنظيم ومتابعه امور المهجرين والمرحلين) ئەوە باشترە, ئەگەر جەنابی وەزیر موافیق بێ, لیژنەی قانونیش موافیق بێ، ئەوە دەیخەمە دەنگدانەوە, ئیعتیرازت لەسەر ئەو ئیقتیراحە هەیە, فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە ئەو ڕاپۆرتەم خوێندەوە ڕاپۆرتی لیژنە بوو, کە بەکورتیشم باس کرد چونکە بە تێکڕایی لیژنەکەمان ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادە کردووە, لەبەر ئەوە بەکورتی قسەم کرد بۆ ئەوەی بەشداری برادەرانی تری ئەندامانی لیژنەکە هەبێ, دواتر دوو، سێ جار داوای قسەم کردووە, بەلاَم دەرفەت نەبووە ئەگەر قسە هەبێ, دیارە ئێمە پێمان باشە بەو کارە هەڵستان, ئێمە دژی ئەوە نینە, کە بەو کارە هەڵبسێ, بەلاَم ئەوە بایەخدان نییە بە کاروباری ئاوارەو دەربەدەرکراوەکان، بەپێچەوانەوە کەم کردنەوەی بایەخە لەوانە, چونکە لەعێراق وەزارەتێك هەیە بەناوی وەزارەتی هیجرە, ئێمە لێرە مودیریەتێکی بۆ دابین دەکەین, ئەوە یەك.

دوو: هەر لە بنچینەشدا پرۆژەی یاساکە باری ئەو وەزارەتەیان زۆر قورس کردیە, دوو ئیشی زۆر لەیەك جیاوازن, لەلایەك بە ئیش وکارەکانی دەرەوەی هەرێم هەڵدەستێ، لەلایەکیش بە جێبەجێ کردنی ماددەی 140, لەبەر ئەوەی پێمان باش بوو, هەر لەئەساس ئەوە لەیەکتری جیا بکرێتەوە, جێبەجێکردنی ماددەی 140 وەزارەتێکی تایبەتی دەوێ, کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمیش وەزارەتێکی تایبەتی دەوێ, بەهەر حاڵ ئەگەر تایبەمەندی ماددەی 140 ئێمە پێمان باشە مەسەلەی ئاوارەو دەربەدەرەکان ئەوە ئیشەکەی بێ, بەلاَم بەو شکلەی کە جەنابت باست کرد ئێمە تەئیدی ئەوە دەکەین, ئیش و کارەکانی ئەو وەزارەتە زۆر گەورەیە باوەڕدەکەم کە ئەگەر وەزارەتێکی تر هاوکاری بێتن, ئەگەر بتوانن ئیش وکارەکانیان بەتەواوی جێبەجێ بکەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیەکان کە خوێندرایەوە لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی یەك دەگرێتەوە, لەو خالاَنەی کە ئیلغا کران، تەصویت لەسەریان کرا, ئەو خالاَنەی کە ئیختیلافی لەسەر هەبوو لیژنەی پەیوەندیەکان داوای ئیلغای کردبوو ولیژنەی قانونی پەسەندی کردبوو, خاڵی هەشت بوو, ئەو خاڵەش بەو ئیقتراحەی کە کردم پێم باشە, ئەگەر لیژنەی پەیوەندیەکان ئیقتیراحەکەیان سەحب بکەن, بۆ ئەوەی ئەو تەعدیلەی کە جەنابی وەزیر موافق بوو لەسەری, بیخەمە تەصویت، ئیقتیراحی لیژنەی پەیوەندیکان کە دەڵێ ئەو خاڵە ئیلغا بکرێ, کێ موافقە لەسەر ئەوەی کە ئیلغا بکرێ؟ دە کەس داوای ئیلغا کردن دەکات, کەواتە ئیلغا ناکرێ, ئەوەی کە موناقەشمان کرد ئەو خاڵە تەصلًیح کرا بەموافەقەتی جەنابی وەزیر, بە موافەقەتی لیژنەی یاسایی تەصلًیحەکەش بخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی پێنجەم دوای هەموار کردن بەم شێوەیە دەبێت:

(ڕێکخستن و بەدواداچوونی کاروباری کۆچپێکراوەکان و ڕاگوێزراوەکان)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو خاڵە دایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموو، کێ لەگەڵ ئەو خاڵەدا نییە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموو، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە هیجەرەمان هەڵگرت لەوێش مودیریە عامە هەیە بەناوی (المديرية العامة للهجرة و المهجرين و المرحلين) بۆیە دەبێ لەوێش (الهجرة) هەڵبگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر ڕاستە، لەمودیریەتی عامە للمهجرین، دەبێ لەوێش وشەی (الهجرة) هەڵبگرین، کام ماددەیە؟ هێشتا نەگەیشووین، کە گەیشتینێ ئەو کات ئنتیباهمان بکە، سوپاس، فەقەرەی 10 لەگەڵ وەزارەت ڕێك کەوتن لیژنەی یاسایی کە گۆڕانکاری تێدا بکرێ، بەو شێوەیەی کە خوێندتانەوە، پاشان کاک غەفور تێبینیەکیدا، پێم وایە تێبینیەکەی جێگای خۆیەتی، کاك غەفور ئەگەر جارێکی تر بیلێیەوە ئیقتیراحەکەت؟

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من ئەوە بوو، کار کردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەری ڕێکەوتن ئەو خاڵە زیاد بکرێ، (کارکردن بۆ پێشکەش کردنی پرۆژە خزمەت گوزارەکانی پێویست بۆ ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان)

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بەس وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەمان هەیە، بە هاوکاری لەگەڵ ئەو وەزارەتە زیاتر بۆ ئەوە بچێ، ئێستا مەسەلەن ئەمن چی بکەم، تۆ لە ناو کەرکووك چی دەکەی، یان لە ناو مەخمور چی دەکەی؟ کاك کریم مەبەستم ئەوەیە ئەو ناوچانە، گوندەکان هەمووی وێران بووە، شاروشارۆچکەکانی دەوروبەری

هەمووی وێران بووە, پرۆژەی خزمەت گوزاری و ئاوەدان کردنەوە, یەعنی ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکان, وشەی ئاوەدان کردنەوەی لەگەڵ دابیت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر صیغەکەتان نووسییە, فەرموون, ئەگەرنا من نووسیومە, بەم شێوەیە: (العمل مع الوزارات ذات العلاقة لتطوير المناطق المقتطعة من الاقليم و متابعة المشاريع الخدمية فيها).

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کارکردن و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ پێشکەش کردنی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەو خزمەت گوزارەیەکانی پێویست بۆ ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

صیاغەکە بەم شێوەیە بێت:

سادساً: العمل على تقديم المشاريع في مجال الاعمار و الخدمات الى المناطق المقتطعة من الاقليم وبالتعاون والتنسيق مع الوزارات ذات العلاقة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەوەی من ئەیڵێم لەناحیەی صیاغەکە پێم عەملی ترە, (العمل مع الوزارات ذات العلاقة لتطوير المناطق المقتطعة من الاقليم و متابعة تنفيذ المشاريع الخدمية فيها), نوقتەی نیزام هەیە, فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر خزمەت گوزاریەك کە لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بکرێ خانەقین بێ, یان کەرکووك بێ, یان مەخمور بێ, ئەگەر بودجەی تایبەتی نەبێ چۆن دەتوانین کاری خزمەت گوزاری بۆ بکەین, ئایا بە بودجەی ئێرە دەتوانین کاری خزمەت گوزاری بکەین, بۆ ئەو ناوچانەی کە ئێستا لەدەرەوەی هەرێمن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەبیعیە زۆر مەشاریع کراوە, چەند ساڵە مەشاریع دەکرێ, ئەگەر قسەتان هەیە ناوتان دەنووسم, خورشید شیرە, کاك دلێر, سۆزان خان, د0ناصح, کاك سردار, د0رمضان, فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشنیارەکەی جەنابت دەڵێ (تطوير المناطق) تەتویر لەکوێ بکرێ, تەنها قەزای مەخمور 246 گوندە، تەنها مەرکەزی قەزای مەخمورو باقرت و دیبەگە نیوەی ئاوەدان کراوەتەوە, دەنا هەر هەمووی چۆڵە, چ

تەتویر دەكەی؟ كێندەر تەتویر دەكەی؟ ئەگەر ئاوەدان نەكرێتەوە, گوندەك نەماوە ئەگەر ئاوەدان نەكرێتەوە چۆن تەتویر دەكرێ؟ تەتویر یەعنی پەرەپێدان, پەرەپێدانی چ؟ هێشتا یەك گوند ئاوەدان نەكراوەتەوە, لەبەر ئەوە كەلیمەی ئاوەدان كردنەوە باشترە لە تەتویر, چونكە تەتویر بە چ دەكەی، ئاوەدان بكەوە, ئینجا تەتویر بكە, دەتوانیین بڵێین مەخمور تەتویر بكەین, بەس گوند نەماوە, بیر لەوە بكرێتەوە، ئەو ئیقتیراحەی كاك غەفور زۆر زۆر مەعقولە, من تەئیدی قسەی ئەو دەكەم, چونكە گوند نەماوە تۆ تەتویر لە چ دەكەی؟ سوپاس.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ ئەوە نیم ئەو مەشاریعە خەدەمیە زەروریانە لەم وەزارەتە تێكەڵ بكرێت لەگەڵ وەزارەتەكانی تر, (بالتنسيق مع الوزارات الاخرى) چونكە بەراستی ئەو وەزارەتانەی تر بۆ ساڵی 2007 بودجەكەیان بۆ ئەم سێ شارەیە كە لە كوردستانە سلێمانی هەولێر, دهۆكە, ئەگەر ئەمە بكرێ یەعنی ئەو وەزارەتە ڕێی لێی ئەگیرێت هیچ ئیشێ لەو مەنتیقانە نەكا، یەعنی هیچ ئاوەدان كردنەوەیەك, یان خزمەت گوزارەیەك لەو مەنتیقانە جێبەجێ نەكات, ئەوە عەرقەلە دورست كردن و رۆتین دروست كردنە, من پێم باشە ئەم وەزارەتە موكەلەف بێ تایبەتیش بێ بەوە, چونكە وتت خدمات زەروریە, یەعنی هەموو شتێك دەگرێتەوە, ئەمە باشترە بەم شێوەیە بمێنێتەوە, ئەگەر بمانەوێ خزمەتی ئەو مەنتیقانە بكەین لە خاریجی ئیقلیم, ئەبێ ئەم وەزارەتە خۆی موختەس بكەین, تایبەتی بكەین ئەو موهیمەی لەسەر بێ, من قەناعەتم نییە, وتت (بالتنسق مع الوزارات الاخرى) كێن وەزارەتەكانی تر؟ چ بودجەیەك دانێن تا ساڵی 2007 كە تا 2007 ماددەی 140 جێبەجێ نابێت, یەعنی ئیدارییەن لە ڕێی قانونییەوە ناتوانن هیچ تەدخولێك بكەن لەو مەنتیقانە, پێم وایە ئەو وەزارەتە ئەوها نەصەكەی بمێنێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفو كاك دلێر ئەوەی جەنابت دەیڵێی ئیمكان نییە, مەعنای وایە ستافێك دابنێین بۆ ئەو وەزارەتە بریتی بێت لە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو وەزارەتی پەروەردە، ناكرێـتن ئیشی جیاجیا هەیە, هەر دەتوانێ تەعاون بكا, ئەو وەزارەتە بەتەنیا ناتوانێت بەو ئیشە هەڵبستێ, كاك سردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو وەزارەتە وەزارەتێكی زۆر حەساسە بۆ ئێمە, پێم وایە زیاتر كاروباری سیاسی گەڕانەوەی ئەو مەنتیقانە بكا, نەوەك مەشغول بێ بەتەنفیز كردنی ئەو مەشاریعانە، ئەو پێشنیارەی بۆ جەنابت هاتووە, من لەگەڵ پێشنیارەكەی لیژنەی یاساییم، بەڵام تۆزێ گۆڕانكاری لەسەر بكرێ, بەم شێوەیە بێت:
(تقديم المشاريع في مجالات الاعمار و الخدمات للمناطق المستقطعة الى الوزارات المختصة في الاقليم).

موتەقەتیعە کەلیمەیەکی غەڵەتە, جەنابی سەرۆك موتەقەتیعە خۆی لەوانەیە بپچڕێت، بەڵام کە وتت موستەقتەعە یەعنی لێ کراوەتەوە, سوپاس.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری بۆچوونەکەی جەنابت دەکەم, بەڵام ئەگەر پێشتر (اعادة بناء) بێت ئینجا تەتویر, چونکە ئەگەر ئیعادەی بنائی نەکەین تەتویر ناکرێ, لەبەر ئەوە ئەو ناوچانە هەموویان کاول و وێران کراون, بۆیە پێش وەخت پێویستە (اعادة بناء) بکرێتەوە, ئینجا مەشاریع تەقدیم بکرێ (لأعادة بناء) وەکو ئەوەی لیژنەی یاسا تەقدیمی کردووە, بەڵام (تقديم مشاريع لاعادة بناء و تطوير المناطق المتضررة), سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من نازانم ئەو وەزارەتە بۆ وای لێهات, یەعنی هیوادارم ئەمڕۆ نەجاتمان بێ لەدەستی, بەڕێز وەزیر یەعنی مەگەر سوپەرمان بێ, بەراستی بەس سوپەرمان ئەتوانێ لەلایەکەوە سیاسی بێت و بچێتە لیژنەی جێبەجێکردنەوە, لەلایەکی ترەوە خەریکی کاروباری هاووڵاتی دەرەوەی کوردستان بێ, یەعنی خاریجی کوردستان, یەعنی نازانم ئەو هەموو کاروبارە بۆ ئەوها ئاڵۆز دەکرێ, ئەوە ئیعماریشی ئەخەینە سەر, ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو وەزیرە, ئەبێ ئێمە بزانین مەبەستمان چییە لەو وەزارەتە؟ مەبەستمان ئەوەیە جێبەجێ کردنی ماددەی 140 ئەوە بەکاروباری خۆی هەڵئەسێ, با ئەوانی تری لێ لابدەین, ئەگەر مەبەستیشمان بیکەینە وەزارەتێکی هەمەلایانە هەموو شتێك بگرێتە دەستی خۆی، ئەوا با دەنگی بۆ بدەین و ئەمڕۆ نەجاتی بدەین, سوپاس.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمان محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وەزارەتە بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان جگە لە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی خۆمان، پێویستی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارە خۆجێیەکانی ئەو ناوچانە هەیە, چونکە ئەوانیش پێویستە هاوکار بن بۆ ئەوەی بتوانین پرۆژەکانمان لەوێ جێبەجێ بکەین, بەڵام بەیاسایی کردن, و ئاوەدان کردن و پەرەپێدان شتێکی قورسە، ڕەنگە لە ئیمکانیەتی حکومەتی هەرێمدا نەبێ بەیاسایەك دەربچێت و ببێتە ماڵ لەسەرمان, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د0کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم وەزارەتە وەزارەتێکی زۆر گرینگە بۆ ئەو شوێنانەش دانراوە, ئێمە هەمووومان شکایەتمان هەیەو گازاندەمان هەیە ئەڵێین لەوەتەی هەیە هیچمان بۆ ئەو مەنتیقانە نەکردووە, هیچ نەکراوە, بۆ نەکراوە؟ چونکە کەس خۆی بە خاوەنی نەزانیوە, یان زۆر شت کراوە بزربووەو دیار نییە, بەغەڵەت جێبەجێ دەکرێ, ئێستا قیادەی سیاسی کوردستان ئێوەی بەڕێز لەم پەرلەمانە دەنگتان دا وەزارەتێك هەبێ کە مەسئولیەتی چاککردنی ئەو مەنتیقانە هەڵبگرێ, هەمووومان ئەزانین بەساڵێك هیچ وەزارەتێك ناتوانێت هەموو مەشاکیلی ئەو مەنتیقانە لەسەدا سەد تەواو بکا, بەڵام بۆ هەندێ مەشاریعی زەروری، بۆ تەتبیع، بۆ ئەم شتانە, پێویستە ئەم وەزارەتە مەسئول بێ بەرامبەر وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان, مەسئولیەتی تاریخی لەسەرە, ئاوەدانی گوندەکان بکرێتەوە, ئینجا بەتەنسیق لەگەڵ وەزارەتەکانی تر ئەیکا, مودیریەتێکی عام پێی هەڵدەستێ, ئەنجومەنی وەزیران قەراری لێئەدا, ئەم وەزیرە بەڕێزە لەڕێگای ئەو زانیاریانەی بەردەستی ئەکەوێ و, زەرورە ئەبێ سەرپەرشتی ئیشەکان بکا, ئێستا زۆر مەشاریع ئەکرێ دیار نییە, ئەم لایەکە ئەو لایەکە هەمووومان گازاندە ئەکەین و ئەڵێین نازانین چەند ئەکرێ؟ کێ ئەیکا؟ چۆن ئەکرێ؟ ئێمە لێرە لەپەرلەمانی کوردستان یەقەی ئەم وەزارەتە ئەگرین, ئەو مەشروعە چەند میزانیەتی هەبوو, چۆن سەرفت کرد؟ لە چی سەرفت کرد؟ وە ئینتاجیەکە چی بوو؟ ئەگەر ئێمە بڵێین هەموو وەزارەتەکان، ئەوجا ئەو وەزارەتەمان بۆ چی بوو؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو موقتەرەحەی هاتووە زۆر زەرورە بمێنێ و, تەشخیصی ئەوە بکا ئیشرافی موباشیریش مەسئولیەتی موباشری ئیشەکانیش هەڵبگرێ, مەشروعەکان چۆن ئەکرێ؟ ئینتاجەکەی چۆن ئەبێ؟ چەندیشی لێ سەرف کردووە؟ ئەبێ ئەم وەزارەتە بەرپرس بێت لەبەرامبەر ئەم پەرلەمانە, ئەگەر وانەبێ بەیانی بانگی بکەین, ئەڵێ من عیلاقەم چیە, ئێوە خۆتان لەپەرلەمان وتتان با ئەو وەزارەتە بیکاتن, یەعنی هیچمان نەکردووە, بۆیە من دووبارەی ئەکەمەوە ئیشی وەزارەتەکە تەحدید بێ و, ئاوەدان کردنیش مەسئوول بێ لێی, جا چۆنیەك تەنسیق ئەکا و, ئەنجومەنی وەزیران قەرار ئەدا، خۆی بەتەنیا قەرار نادا, بەڵام خۆی مەسئوولە لەبەرامبەر ئێمە, لەبەرامبەر ئەم پەرلەمانە, کە ئەو مەشروعانە چەندی تیا سەرف کردووە؟ چۆن سەرفی کرد؟ وە چی لێدەرچوو؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موناقەشە تەواو, ئەو صیغەیە لەبەر ڕۆشنایی موناقەشەکانیش تەعدیلمان کردەوە, سەد لەسەدی هەموو لایەك وەرنەگیرا, بەڵام جەنابی وەزیریش موافق بوو لەسەر ئەو صیغەیە, (العمل والتعاون مع الوزارات ذات العلاقة لأعمار وتطوير المناطق المقتطعة من الاقليم ومتابعة تنفيذ المشاريع الخدمية فيها), ئەگەر جەنابی وەزیر رازی بوو, دەیخەمە دەنگەوە, فەرموو بیخوێنەوە بەعەرەبیەکەی بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگەوە فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

العمل والتعاون مع الوزارات ذات العلاقة لأعمار وتطوير المناطق المقتطعة من الاقليم و متابعة تنفيذ المشاريع الخدمية فيها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرمووو, کێ لەگەڵ دا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموو, بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, بۆ ئەوەی فەرقەکەی ئەوە بن, صیغەکەی ئێمە راستترە, (العمل والتعاون) دەتوانێت بەتەنیاش ئیش بکات, لەگەل حکومەتی بەغدا, بودجەی هەیەو وەردەگرێتن بۆ ئەو تەتویرە, ئەگەر (بالتعاون)ت وتبا ئەو کات بەس حکومەتی هەرێمی دەگرتەوە, بەلاٚم لێرە دەرگا کراوەتەوە لەگەڵ حکومەتی بەغداش, خاڵی دواتر. خاڵی یازدەش حەزف کراوە, کەواتە ئێستا ماددەی چوار هەموو خاڵەکانی بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان, کاك فەرست مولاحەزەیەکی باشی دا, ئەڵێ ماددەی سێ خاڵ، خاڵ دەنگی لەسەر درا, بۆیە ئیعتیبار دەکرێ کە دەنگی لەسەر دراوە, د0ناصح فەرموو, نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە سەفارەتی عێراقیدا نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان هەیە, ئەو نوێنەرایەتییە پەیوەندی بە چ جیهاتێکەوە هەیە؟ دەزگایەکی ئێمە دیاری نەکراوە لێرە هەبوو, بەلاٚم چ دەزگایەکە, ئەگەر ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەوە ئەبێ تەعدیلات لەسەر یاسای ئەنجومەنی وەزیران بکرێت و, خاڵی یازدەم بمێنێ ئەوە شتێکی ترە, نازانم بۆ ئێمە ئەوەمان ئیلغا کرد, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەر وەختێك لەئەنجومەنی وەزیران شتێکمان بۆ هات هەمواری دەکەین, بەلاٚم عیلاقەی بەو وەزارەتە نییە, ئیتیفاقمان لەسەر کرد, بۆیە ئیلغا کرا, بڕۆ سەر ماددەی چوار ئێمە بیدایەت تەصویتمان لەسەر ئیلغا کردنی فەقەرەی 4, 5, 7, 8 دواتر 9 تەعدیل کرا, ئێستاکە دەبێ تەصویت لەسەر 10,11 بکرێ بۆ ئەوەی ئیلغایان بکەین, لەگەڵ جەنابی وەزیرش ئیتیفاق کراوە کە 9, 10,11 لەماددەی سێ ئیلغا بکرێ, کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئیلغا بکرێ دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوە دانییە ئیلغا بکرێ, دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ ئیلغا کرا, ئێستا بەو شێوەی کە خوێندرایەوە فەقەرە، فەقەرە دەنگی لەسەر درا, ماددەی سێ ئیعتیبار دەکرێ تەصویتی لەسەر کرا تەواو, بڕۆ سەر ماددەی چوار, فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی تەشکیلاتی وەزارە لەماددە دوو هاتیە و, مەهامی وەزارەت لە ماددەی سێ هاتیە, ئێمە لە جەلسەی پێشتر مهامەکەمان خستە پێش تەشکیلات, وەکو لەهەموو وەزارەتەکان هاتیە و, ئەوە شتێکی ئیعتیادیە دەبێ پێشتر مەهام بێ، ئینجا تەشکیلات بێ, ئێستا ئێمە لەسەر ئەو موفتەرەحەی جەلسەی پێشتر کرا,

ئەوەی خوێندمانەوە ماددەی دوو بوو, دوای ئیزافات, تعدیلات, موقتەرەحات ئێستا ئێمە دێینە سەر ماددەی سێ کە تەشکیلاتی وەزارەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن مولاحەزەی ئەوە کراوە، تەشکیلاتی وەزارەت موناقەشەمان کردووەو پێشتردەنگیشی لەسەر دراوە, فەقەت لەتشکیلاتەکە لەبەر رۆشنایی ماددەی پێشتر کەلیمەی هیجرە لێرە دەبێ بگۆڕدرێ, پێشتر موناقەشەمان کردو تەصویتشمان کرد, کە ببێتە موهەجرین, بیخوێنەوە ئەو صیغەی ئێستا.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی دوو لەماددەی چوار:

بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری کۆچپێکراوان و راگوێزراوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەت ئەو فەقەرەیە دەخەمە دەنگەوە, کە گۆڕانکاری لێکرایە لەبەر رۆشنایی ماددەی پێشتر, ئەو مولاحەزەیەی کە درا لەلایەن لیژنەی قانونی دەبێ تەعدیل بکرێ, کەواتە (المدیریة العامة للهجرة و المهجرین) دەبێتە (المدیریة العامة لشؤون المهجرین و المرحلین)

فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆ مەسەلەی ئاوەدان کردنەوە کە لەمهامەکان زیادمان کرد, دەبێ لێرە بەڕێوەبەرایەتیەك زیاد بکەین, (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو وەزارەتە تەنفیزی ناکا خۆی موباشر, لەبەر ئەوە ئەو مودیریەتەی ناوێ, تەعاون دەکا لەگەڵ حکومەتی هەرێم, لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ جێبەجێ کردن, وەزارەتی ئەعمار لە حکومەتی هەرێم، وەزارەتی ئیعمار لە بەغداو وەزارەتەکانی تری پەیوەندیدار, ئەو تەعاونیان لەگەڵ دەکا، مەشاریعیان تەقدیم دەکا هاوکاریان دەکا, دەسەڵاتی وەزیر هەیە مودیریە دروست بکات نەك مودیریە عامە, ئەگەر زانی مودیرەیەکی تایبەتی دەوێ دەتوانێ لە تەشکیلاتی وەزارەت دروستی بکا, ئەو تەعدیلە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو تەعدیلەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموو, کێ لەگەڵ دا نییە, دەستی بەرزی بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ئەو ماددەیەش تەعدیل کرا پێشتریش دەنگی لەسەر دراوە, بڕۆ سەر ماددەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی  پێنجەم لە ئەصڵی مەشروعەکە هاتووە بەم شێوەیە:

ماددەی پێنجەم: پێکهاتەکانی وەزارەتەکە بە پێڕەوی ناوەخۆ دیاردەکرێن.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اما بالنسبة للمادتين الخامسة و السادسة تقترح اللجنة دمجهما بمادة واحدة تحت رقم المادة الخامسة وإضافة فقرة أخرى إليها وصياغتها كالآتي:-

اولاً: يحدد بنظام مهام وإختصاصات تشكيلات الوزارة.

ثانياً: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها.

ثالثاً: للوزير إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەیوەندییەکان هیچ مولاحەزەیەکتان نییە؟ ئەو دوو ماددەیە دەمج کراوە, ئەوەش ڕۆتینە لەوەزارەتەکانی تریش هاتووە, یەکەم تەحدیدی مەهام و ئیختیصاصاتی تەشکیلاتە بە نیزام ئەوە ڕۆتینە, وەزیر بۆی هەیە ئیستحداس, دەمج , یان ئیلغای مودیریات و ئەقسام بکات, ئەوەش لەناو هەموو وەزارەتەکاندا ئەو دەسەڵاتەی هەیە, وەزیر تەعلیمات دەردەکات بۆ ئاسان کردنی ئەو یاسایە, بە ئیتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ئەو تەعدیلە کراوە, پێم وا نییە قابیلی موناقەشە کردن بێ, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, بڕۆ سەر ماددەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەشەم: هەرچی ماددەی حەوتەمی پرۆژەکەیە, کە بەپێی پێشنیازی لیژنەی یاسا (بووە بە ماددەی شەشەم), ئەو پێشنیاز دەکا, دووبارە بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی شەشەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان, حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سادساً: أما فيما يتعلق بالمادة السابعة من المشروع و التي اصبحت برقم المادة السادسة من مقترح اللجنة القانونية إعادة صياغتها كالآتي:

المادة السادسة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەوتەم: هەرچی ماددەی هەشتەمی پرۆژەکەیە, کە بەپێی پێشنیازی لیژنەی یاسا (بووە بەماددەی حەوتەم), ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکا دووبارە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

(هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ, کاری پێ ناکرێ).

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سابعاً: اما فيما يتعلق بالمادة الثامنة من اصل المشروع والتي اصبحت برقم المادة السابعة من مقترح اللجنة القانونية تقترح إعادة صياغتها و تقرأ كالآتي: (لايعمل بأى نص يتعارض مع احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەشتەم: هەرچی ماددەی نۆیەمی پرۆژەکەیە, کە بەپێی پێشنیازی لیژنەی یاسا (بووە بە ماددەی هەشتەم) ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکا, دووبارە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ: ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرکردنیەوە کاری پێ دەکرێ و, لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اما فيما يتعلق بالمادة التاسعة من اصل المشروع والتي اصبحت برقم المادة الثامنة من مقترح اللجنة القانونية تقترح إعادة صياغتها و تقرأ كالآتي:

(ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ إصداره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, دەزانم خیلافی لەسەر نییە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ئەسبابی موجبە بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەسبابی موجیبەکەش هەر لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین, ڕێکەوتین لەسەر ئەم ئەسبابە موجیبەی کە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە:

**الاسباب الموجبة**

لما كانت الكثير من المناطق المقتطعة فصلها النظام السابق من حدود كوردستان الادارية و قام بتغيير هويتها دون مسوغ قانوني وطبقا لدستور جمهورية العراق الفيدرالي الذي كفل معالجة هذا الموضوع و ضمان حق شعب كوردستان على اراضيه المقتطعة منها حيث اوجب الدستور على قيام السلطة التنفيذية في الحكومة الفيدرالية اتخاذ الخطوات اللازمة لاستكمال تنفيذ متطلبات المادة (140) من الدستور الاتحادي كانت المسؤولية الملقاة على عاتق السلطة التنفيذية المنصوص عليها في المادة المذكورة على ان تنجز كاملة (التطبيع, الاحصاء, وتنتهي باستفتاء في كركوك و المناطق الاخرى المقتطعة لتحديد ارادة مواطنيها) في مدة اقصاها الحادي و الثلاثون من شهر كانون الاول سنة الفين و سبعة ولما كان برنامج الحكومة الفيدرالية قد وضع خارطة الطريق لحل المشكلات المتعلقة بشؤون المناطق خارج الاقليم, ولغرض ضمان حقوق اقليم كوردستان على اراضيه واعادة المناطق المقتطعة والخارجة عن هذه الحدود, فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا غەڵەتی مەتبەعی و قواعیدی هەیە, کاک ڕشاد و کاک پیر خدر قسەی دەکەن, فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەزەروری دەزانم ئیشارەت بدرێتە ماددەی (58)ی مەرحەلەی ئینتیقالی ئینجا ماددەی (140), ماددەی (58) ئەساسە بۆ ماددەی (140), ئێستا کە یاسا تازە دەردەچێت بابزانین ئەصڵەکەی لە کوێ هاتووە, لە دیباجەکەی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەفهومە, وتت ماددەی 140 دەزاندرێ, ماددەی (58)ە, فەرموو کاک پیر خدر.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی مە هەمووی دانووساندنی کرد لسەر, دەنگیشی لسەردا, بەس ئاخرنەیەك هەیە بۆ دیرۆکەیی بۆ منیش و بۆ جەنابی وەزیر بۆ حزوری ئەندامێ پەرلەمانێ بێژم, ناڤێ وەزارێ نەیکۆکە, ناڤێ ناڤێوێکی لەرزۆکە, وەزارەتی ناوچەی دەرەوەی هەرێم, وەزارەتی ناڤچەی دابڕای هەرێم, ئەڤە یەك, ئەوە چوو. دوو, ئەز نا موو سێ ساڵ یوکما لیژنەیەك هەیوو چوار فەزای دابڕێ کوردستانی مە کارت کرد, دەبێژمە جەنابی وەزیر بە حزوری ئەوە, ئەگەرحەمی وەزارەت هاریکار نەبن دگەڵ جەنابی وەزیر محالە کاری خۆ بکات, مە تەجروبە هەیە چوار ساڵی, وەزارتی پەروەردە دگەل مە هاریکار بوو کارەکی باش کرد وەزارەتی تەندروستیە تارادەیەك وەزارەتی دی هاریکار بوو شوول نەهاتە کرن, ئەڤ وەزارەت بودجەی نە دیارە, ئەڤ

وەزارەتە كارى حكومەتە هەرێمى كوردستان ناوڤچە دابڕى, جا ئەگەر هەمى وەزارەت ئەنجومەنى وەزيران و پشتەڤانى پەرلەمانێ گەل لەوەزير نەبێ ئەڤ وەزارەتە وەزارەتێ تەنگاڤيايە نا وەزارەتێ ناوڤچەى دەرەوەى هەرێم، وەزارەتێ تەواريە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

جارێك ئەوەلەن, يەكەم رۆژ دەبوايە موناقەشە بكەى, ئەوە يەك.

دوو: لە قانون نووسراوە لەكوێندەر كەليمەى هەرێم هات, يەعنى هەرێمى كوردستان, ئەوەل سەتر نووسرايە تەعبيرەكان, (الاقليم) يەعنى (اقليم كوردستان).

سێيەميش مەسەلەى بودجە، تەبعەن ئەوە بەخۆيان هينى دەكەن و, ئەهميەتى ئەو وەزارەتەش ديارى كراوە, جگە لەوەش ئەو ليژنەى بۆ جێبەجێ كردنى ماددەى 140 لەلايەن حكومەتى فيدراڵەوە دانراوە, وەزيرى ناوچەكانى دەرەوى هەرێم ئەندامە لەو ليژنەيە, لەبەر ئەوە ئەهميەتەكەى لەوە دايە, ئێستا هەموو قانونەكە بە ئەسبابى موجەبەوە دەيخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو قانونەيە دەستى بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ ئەو قانونەدا نييە, دەستى بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆى دەنگ ئەو قانونە وەرگيرا, زۆر سوپاس, پيرۆزە ئومێد دەكەين ناوچەكانى دەرەوەى هەرێم, جەنابى وەزير كە پێويست ناكا تەعريفى بكەين, ئەكتيڤە, قابليەتى زۆر باشى هەيە, من پێم وايە سەركەوتوو دەبى لەو ئيشە, دەورى باش دەبينى بۆ جێبەجێ كردنى ماددەى 140, من تەمەنا دەكەم ئەو وەزارەتە زوو ئيشى تەواو بێ, بەزووترين كات دەورى خۆى بيبينێ, هەموو كوردستان ئەو خەبەرە خۆشەى بدەينێ, ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمى كوردستان, پيرۆز بايى لێدەكەين, فەرموو ئەگەر قسەت هەيە.

**بەڕێز د0محمد احسان/ وەزيرى كاروبارى ناوچەكانى دەرەوەى هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

زۆر زۆر سوپاس, حقيقەت من پێم خۆشە سوپاسى ليژنەى قانونى و ليژنەى پەيوەنديەكان بكەم, زۆر خۆيان ماندوو كرد بۆ ئەم شتە, پێم خۆشە بە خوشكە سوزان بڵێم خۆزگە سوپەرمان بام, لەمناڵيەوە بەمنيان ئەوت شكلت بە سوپەرمان ئەچێ, بەلاًم خۆزگە بەعەمەل سوپەرمان بام, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

فەرموو كاك قورشيد, بەس بەقاف ها, فەرموو.

**بەڕێز خورشيد سليم شيرە:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

كاكە با من پێتان بڵێم, لە دەشتى هەولێرێ قاف هەيە, كاك شەمسەدين تا ئێستا بە قورشيد ناوى من دێنێ, بە خورشيد ناوى من نايێنێ, جا ئەوەش تەلەبەى ويە, ئەمنيش تەلەبەى ويمە, جا ئەوە موشكيلەى خۆمانە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

حا با قەتعی کەم, هەرچیەکمان تەلەبەی رەحمەتی صالّح شێرەیەن, ئەو ناوی لێنایە قورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شیره:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر من پێشنیارێکم هەیە بۆ جەنابت, بەپێی ئەو تەجروبەی کەمن لەناو وەزارەت بوویمە, تا ئێستا هیچ وەزارەتێك لەوەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان لەزیمنی بودجەی خویان هیچ دینارێکیان تەخصیص نەکردیە بۆ ناوچەکانی ئازاد نەکراو, ئێستا لەناوچەکانی ئازاد نەکراو لە سنجار تا خانەقین هەمووی لە مەجلیس وزەرائەوە کراوە, لەبەر ئەوە من پێشنیار ئەکەم بۆ جەنابت, ئەگەر زانیت وەزارەتەکان تەقدیم نەکرابێ, لەگەڵ وەزارەتەکان پێشنیار بکە, چونکە ئەو تەجروبە ئەمن کردوومە لەوێ, لەزیمنی بودجەی خۆیان بۆ ناوچە ئازاد نەکراوەکان تەخصیصاتیان هەبێ, هەر وەزارەتێك بۆ خۆی, لە ئێستاوە ئەو  ئیشەی بکە, دەنا تەقدیم ناکەن, زۆر حەسودن وەزیرەکان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك د0احسان بۆ بەشداری کردن و, تەواو کردنی ئەو یاسایە, جەنابت دەتوانی بڕۆی ئێمە بەردەوام دەبین, ئەگەر دەتانەوێ ئستراحەت وەربگرن یەك چارێکی تەواو, سوپاس فەرموون.

**پاش پشوودان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەینەوە, داوا لە لیژنەی شارەوانی, و لیژنەی قانونی دەکەم بێن دانیشن, بۆ موناقەشەکردنی بڕگەی دوو, لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆمان, بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسایی وەزارەتی گەشت  و گوزار, جەنابی وەزیر بەڕێز کاك نەمرود لەگەڵمانە, راپۆرتی لیژنەی یاسایی بخوێنەوە تکایە؟ فەرموون, موناقەشە بوو بەڵێ خوێندراوەتەوە, لەو شوێنە دەست پێبکە کە راوەستاین, ماددەی یەك تەواو بووە, ماددەی دوو دەست پێبکە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم لە ئەصڵی مەشروع بەم شێوەیە بوو:

ماددەی دووەم:  أ-وەزارەت ئەم ئامانجانەی خوارەوە دێنێتە دی:

1-بە هاودەنگی لەگەڵ لایانە پەیوەندیەکاندا وزەی گەشت وگوزار چاوگە خۆریسکەکانی هەرێم وەبەردەهێنێ بەرەو چاکتریان دەگۆڕێ.

2-بەهاوکاری و هاودەنگی لەگەڵ لایانە پەیوەندیەکان ناوچەی مێژوویی ئاسەوارە جۆربەجۆرەکانی بەجۆری کە خزمەت بە مەبەستەکانی گەشت و گوزار بکات.

3-هاندانی دروست کردنی شارو کۆمەڵگای گەشت و گوزار و جێگای بووژاندنەوەی ئوتێل و خانووی گەشت و گوزار.

4-دامەزراندن و بەکرێ دان و بەکرێ گرتنی خواردنگا و گازینۆ و چایخانە و جێگای رابواردن و سەیرانگا و جێگای خۆرسك و دروست کردنی مەلەوانگا و جێگای خلیسکانی سەر بەفر و سەهۆڵ و شتی تر.

5-لەگەڵ سەندیکا و رێکخراوە جەماوەریەکاندا هاوکاری دەکاو بەپێی توانا ئاسنکرای بۆ هەمووان دەرخسێنێ, بۆ پەیداکردنی بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی گەشت و گوزار.

6-گەڕانی گەشت و گوزار تاك تاك و بە کۆمەڵیش لەدەرەوە بۆ هەرێم و, بەپێچەوانەشەوە بەشێوازی جۆراو جۆر رێك دەخات، هەروەها گەڕانی گەشت و گوزار بە تاك و کۆمەڵیش رێك دەخات.

7-بە هاودەنگی و بەپێك هاتن لەگەڵ لایانە پەیوەندیەکان خزمەت گوزاری پارە گۆڕینەوەی پێویست لە ناوچەی گەشت و گوزار پێشکەش دەکات.

8-دامەزراندنی کۆمپانیا و نووسینگە و وەکالەتی سەفرو گەشت و گوزار.

9-لەگەڵ دەستە و کۆمپانیا و تاکە تاکەی خەڵکیشدا لەناوەوەی هەرێم و دەرەوەی هەرێمیشدا دوای وەرگرتنی موافەقەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران گرێبەست سازدەدات.

10-لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنەکانی دیکەی پەیوەندیداردا لەبوارەکانی گەشت و گوزاردا هاودەنگی پەیدادەکات.

11-لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لەهەرێمدا بۆ راکێشانی وەبەرهێنان بۆ ناو هەرێم لە چوارچێوەی پلانەکان و یاساکاندا کە بۆ ئەم مەبەستە دانراون دەکەوێتە هاوکاری و هاودەنگی.

ب-ئەرك و فەرمانی وەزارەت:

وەزارەت ئەم ئەرك و فەرمانانەی خوارەوە پیادە دەکات:

لە چوارچێوەی پلانی گوشت و گوزار لەهەرێمدا نەخشەی بزووتنەوەی گەشت و گوزار و ناوچە هاوینە هەوارەکان ئامادە دەکەن.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً: فيما يتعلق بالمادة الثانية من المشروع تقترح اللجنة مايلي:

1-دمج الفقرتين (أ- ب) ضمن المادة و صياغة بداية المادة كالآتي:

(تمارس الوزارة مهام التخطيط و متابعة الحركة السياحية و مناطق الاصطياف ضمن اطار الخطة العامة للسياحة في الاقليم و تتبع الوسائل التالية لتحقيق اهدافها).

2-اعادة صياغة الفقرة (5) منها كالآتي (التعاون مع النقابات و المنظمات المهنية و الجماهرية و تقديم كافة التسهيلات الممكنة لها لخلق حركة سياحية واسعة.

3-اضافة كلمة (الداخلية) الى ما بعد كلمة (السياحة) الواردة في السطر الأخير من الفقرة (6) منها.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەبڕگەی (6) (تنظيم السفرات الفردية و الجماعية من الخارج الى الاقليم وبالعكس و بمختلف الوسائل وكذلك تنظيم السفرات السياحية الفردية و الجماعية) موكەرەرە, داوا دەكەم ئەوە لابېردرێت زيادەيە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**موقتەرەحی ليژنەی قانونی ئەوەيە, فەقەرەی دووەم بۆئەوەی ملاحەزەی جەنابتان هين نەبێ (الداخلية) زياد بكەن, كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەو ئيزافاتانە ياخود ئەو تەعديلاتانە كە هاتۆتە سەری لەلايەن ليژنەی قانونييەوە, بەم شێوەيە: ئەوەلەن, مەهامی وەزارت كەتيتە فەقەرەی (ب) مەفروزە مەهامی وەزارەت لەفەقەرە (أ) بێت, تەحقيقی وەسائيلی ئەهداف بێتە فەقەرە دوو, بۆيە ئێمە نەصەكەمان داڕشتووە بەنيسبەت مەهامی وەزارەت ((تمارس الوزارة مهام التخطيط و متابعة الحركة السياحية و مناطق الاصطياف ضمن اطار الخطة العامة للسياحة في الاقليم و تتبع الوسائل التالية لتحقيق اهدافها)), ئينجا هاتينە ئەهدافەكەمان دياری كرديە, ئەوە يەك. دوو/ بەنيسبەت فەقەرە يەك و دوو هەردووك لێك نزيكن, ئێمە لەگەڵ ئەوەينە كە هەردوو فەقەرە دەمج بكرێ و, صياغەشمان بۆ دەمج حازر كردووە. نوقتەی سێ/ بەنيسبەت فەقەرە سێ, كە دەڵێ (التعاون مع النقابات و المنظمات المهنية و الجماهرية), ئێمە بەباشمان زانی كە مونەزەماتی ميهەنيش بەشدار بن لەو مەسەلەيە. نوقتەی چواريش ئەوەيە (الداخلية) لەفەقەرەی شەش زياد كرايە, ئەمە بەگشتی ئەو گۆڕانكاريانەيە بەسەر ئەو ماددانە دا هاتووە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, جەنابی وەزير پێش ئەوەی قسەی بكەی, من دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم, ئەو ماددەيە فەقەڕاتەكانی موناقەشە كرا, زۆريش موناقەشە كرا لەلايەن ئەندامەكانەوە, بەلاَم لەبەر دوو هۆ تەئجيلمان كرد, يەكێكيان لەبەر ئەوەی جەنابت لێرە نەبووی, دووەميش لەبەر ئەوەی بوو كە وەزارەتی رۆشنبيری ئێستا بەشێكی گرنگی شوێنەوارە, شوێنەوار ئێستا بەشێك دەبێ لەو وەزارەتە, وتمان دەبێ ئاماژەی پێبكرێ و, دووبارە لەگەڵ ليژنەی ياسايی دابنيشن, ئێستا من پێم وايە ئەو فەقەراتانە موناقەشە كراوە, و ليژنەی قانونيش بە نەزەری ئيعتيباری وەرگرتووە, تەنيا يەك كەليمە ئەگەر رێگايەكی بۆ بدۆزينەوە بۆ هين, پاشان رەئيی جەنابی وەزير وەردەگرين, شەشەم:(تنظيم السفرات السياحية) ئايا ئەوە ئيشی وەزارەتە؟ يان وەزارەت پشتگيری لەوە بكاتن, ئەوە ئيشی شەريكاتە, تەنيا ئەو نوقتەيە هەيە, پێشتريش ئاماژەی پێكرا, لە هەشتەميش كاك فرست دەڵێتن (انشاء) نابيتن (اجازة الشركات و مكاتب ووكلات السفر و السياحة), فەرموو كاك نەمرود قسەت هەيە, فەرموو.**

**بەڕێز نەمرود بێیو/ وەزیری گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز بێژم ئەڤە حکەدڤێت (تنظيم او إنشاء شركات و مكاتب ووكلات السفر و السياحة, وتشجيعها على تنظيم السفرات السياحية الفردية و الجماعية من الخارج الى الاقليم و بالعكس و بمختلف الوسائل و كذلك تنظيم السفرات السياحية الفردية و الجماعية), يەعنی ئەو نوقتەیە شەش دێتە دگەل نوقتە حەشت ئەڤە یەك. دوو/ حەقیقەت یەعنی نزانم صلاحیەتی وەزیر چنە, بۆ عقد و ئیتیفاقات یەعنی هەمی دەبیتە (بعد اصطصلاح موافقة رئاسة الوزراء) ئەدی صلاحیەتی وەزیر چنە؟ یەعنی نوکە عقود موساتەحە بکەن, صلاحیەتی وەزیر دە ئیعلام دەکرێ, بۆ ریئاسەی مەجلیس وزەرا بکەن نە موافەقەتی وەرگرن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکانی جەنابی وەزیر بەجێنە, فەقەرەی هەشت و شەش دەمج بکرێن, فەقەرەی تەعاقودەکە خارجیەکە رەبت بکرێ بە موافەقەتی ریئاسەی مەجلیسی وەزرا, داخلیەکە دەسەلاتی وەزیر خۆیەتی, راستە, لەوەزارەتەکانی تریش وامان کردیە, ئەگەر ئەو دوو مولاحەزەیە وەربگرن, موناقەشەکانی پێشتریش هەروا بوو, کاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کاتی گفتوگۆکردنی یاساکە من لە دەرێ بوویمە لێرە نەبوویمە, لەسەر خاڵی چوارەم تێبینیەکم هەیە ئەگەر بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ, ئەویش وشەی جێگای رابواردن بەراستی ئەوە هەتا مەعنای خراپی لێوەربگیرێ هیچ مەعنای باشی نییە, بۆیە ئەگەر بکرێتە جێگای کات بەسەر بردن گونجاو ترە و رێك ترە و باشترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زۆر موناقەشەی لەسەر کرا, جەنابت لێرە نەبووی, وشەیەکی تریان دۆزیەوە, زۆر موناقەشە کرا, لەبەر رۆشنایی ئەو موناقەشانە زۆر تەعدیلات کرا, ئەوانەی قسە دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە؟ د0هالە, کاك عادل, کاك جمال یوسف, کاك جمالەکەی تر, سوزان خان, مامۆستا, کاك سەردار, د0رۆژان, کاك محمدی حاجی محمود, د0شوکریە, مریم خان, کاك بکر فتاح, تاڤگە خان, بەخوای گەڕاینەوە, ئەو هەموو موناقەشەیەمان بەلاش بوو, فەرموو د0هالە.

**بەڕێز د.هالە سهيل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەفەقەرە (10) (التنسيق مع الوزارات و الجهات المختصة في مجالات السياحة), پێشنیار دەکەم تەنسیق هەبێ لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا, لەجامیعەی بەغدا کولیەی سیاحە و فندەقە هەیە, ئەگەر بکرێ ئەوەش لەلای ئێمە هەبێ, شتێکی باشە, خزمەت بە سیاحە دەکا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان نوقتەی نیزامت چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە خۆشت ئاماژەت پێدا ئەم یاسایە موناقەشەی زۆری لەسەری کرا, ئەوەی کەمایەوە مەسەلەی ئاسار لەسەر شارەوانی بێ, یان لەسەر ئەم وەزارەتە بێ ئیتر بۆ درێژە بدەینە ئەو وردەکاریانە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حا بەو ئەندامە بەڕێزانە بڵێ, دەیانەوێ قسە بکەن, مەسەلەی ژنە دیفاع دەکەی, دە فەرموو سوزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, من یەك شت نابینم لەناو ئەو مەهامەیە, ئێمە ئێستا کۆمەڵێکی زۆر ئوتێلات کراوەتەوە, هەر لەخۆیەوە یەکێ هەستاوە چوار ئەستێرە, سێ ئەستێرە, دوو ئەستێرەی ناوە بە بەردەمی ئوتێلەکەیەوە, ئایا وەزارەت کاری ئەوە نییە تەحدیدی عەدەدی ئەو ئەستێرانە بکات, یاخود مونەزەمەی فەنادق, چونکە عادەتن مونەزەمەی فەنادق ئەبێ ئەم کارە بکات, یاخود وەزارەت خۆی بیکات بەتەعاون لەگەڵ مونەزەمەکە, قیەم ئەبێ دابنرێ, ئەمە یەکەم. دوو/ ئەگەر بێیتە سەر ئەوەی ئەگەر بزانین تۆ ئەو هەموو شوێنی گەشت و گوزارە ئەکەیتەوە تەشجیعی ئەکەی, ئەوە حەقی خۆمانە, پێویستمان پێیەتی وەکو دەخلیشە, بەلأم ئایا جەنابی وەزیر بیری لەوە کردۆتەوە ئەو پاك, و تەمییز, و موراقەبەی شوێنی گشت و گوزارەکە هەر لەسەر کردنەوەکەی حیساب نییە, موراقەبە و موتابەعەکردنەکە ئایا لەئەستۆی وەزارەتەکەدایە؟ یاخود ئەدرێ بە شوێنێکی تر؟ چونکە شارەوانی پێی هەڵناستێ, کەواتە ئەبێ وەزارەتەکە خۆی پێی هەڵبستێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د0رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: ئەرکی وەزارت ئەوەیە کە خەڵك بناسێنێ بە چەند لایەنێك, ناساندنی خەڵك, یەعنی بەتەبیعەتی هەرێمی کوردستان هەروەها لەلایەن گەشت و گوزاریەوە, هەروەها بەنیسبەت خەدەماتیش تەنها باسی خەدەماتی سەرفی دەکات لەبڕگە حەوت, ئایا ئەدی ئیقامە و تەنەقول؟ ئەمانەش, پێویستە ئەرکی وەزارەت بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەك هەبوو, گەر ئیزافە بكەین ببتە برگە 12 ((الاهتمام بالسیاحة الدینیة وانشاء المرافق و المحلات و الفنادق بالقرب إو في المناطق المسموح بها)), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو د0شوكریە.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من رای خۆم ئەخەمە پاڵ رایەكەی گوڵناز خان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر رەئیی لەسەر ئەو مولاحەزاتانە هەیە, مەهامی وەزارەتە بەتەئكید مەسەلەی ئیشراف لەسەر ئوتێلەكان, هەم تەحدیدی دەرجەیان, هەم موحاسەبەكردنیان شتێكی تەبیعیە لە مەهامە, فەرموو.

**بەڕێز نمرود بثیو/ وەزیری گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەصنیف فەنادق ئەز بێژم ئیختیصاصی ئەڤ وەزارەتەیە, یەعنی خەدەماتی فەنادق و تەصنیفی ئەوان چەند ستێرن, ئەوە من صوڵبی بە ئیختیصاصی وەزارەتی دائەنێم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت مولاحەزەكەی د0هالە, كە دەبێ ئاماژە بەوە بكرێ لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵآ.

**بەڕێز نمرود بثیو/ وەزیری گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەعهد سیاحی هەیە, لە وەزارەتی خوێندنی باڵآ, بەس تەنسیق هەیە, یەعنی تەنسیقی مە, ئەز بێژم نەلازمە.

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئاشكرایە كە سیاحەت لەدنیادا ئەهمیەتێكی گەورەی هەیە و, ئێستا زۆر لە وڵآتانی دنیا بەئیعتیماد كردنی سەر سیاحەت بەشێكی زۆر لەئیقتیصادی وڵآتاكەیان گەشەوپەرەدەسێنێ, بۆیە لەكوردستان پێم

وایە ئیهتیمامێکی ئێگجار زۆر بدەین بە سیاحەت, بتوانین بیکەینە یەکێك لە مەصدەرەکانی ژیان, و پێشکەوتن, پەرەسەندن, ئابووری لەولاَتەکەمان, لەم هینانە یەکیَ لەنوقتەکان کە ئیشارەتی پیَ نەداوە پروپاگەندەکردن بۆ سیاحەت, ئێمە تاکو ئێستا هیچ دەلیلێکمان نییە بۆ سیاحەت, ئەو قسەی د0هالەش کەباسی کرد مەعهدی سیاحی بەهاوکاری کردن لەگەلَ وەزارەتی خوێندنی بالاَ, بتوانین مەعهدی سیاحە بکەینەوە, جگە لەوە بەراستی ئێمە لەئوتێلەکانیش و لە شوێنە سیاحەیەکانمان کەلتوری خزمەت گوزاری سیاحیمان نییە, لەبەر ئەوە پێویستیمان بەوەیە کە ئیهتیمام بەو لایانە زیاتر بدەین, بۆ ئەوەی بتوانیَ سیاحە لە کوردستان پەرە بسێنیَ, ئینجا شتێکی تر هەیە ئەوەی ئێمە تاکو ئێستا قیتاعی عام و قیتاعی خاص, چۆنیەتی دروست کردنی ئەو پرۆژە سیاحیانە, ئایا بەقیتاعی عام دەکریَ, یان بەقیتاعی خاص؟ لەو وەختەی ئەگەر بەقیتاعی خاص دەکریَ, دەتوانین زیاتر بلێین (تقدیم تسهیلات لازمە), یەعنی تەسهیلات بدەین بە کۆمپانیا, من بەحالی خۆم پێم وایە تەسهیلات بدەین و, بیدەین بە قیتاعی خاص باشترە, ئەوان دەتوانن ئەو پرۆژە سیاحیانە لەکوردستان جێبەجیَ بکەن, نەك وەزارەت بیکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەریحەکەت چیە تۆ؟

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاتر ئیهتیمام بدەین بە پروپاگەندە و, ئەوە بەشێکی گەورە بیَ لە مەهامی وەزارەتی سیاحە, ئەمە یەك، دوو/ وەزارەتی سیاحە خۆی ئەو پرۆژانە نەکات, تەسهیلات بدات بەو کۆمپانیانە, بۆ ئەوەی بتوانن پرۆژەی سیاحی دروست بکەن لەکوردستان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ئەگەر ئەو فەقەرەی هەشت و شەش, صیاغەیێك بدۆزنەوە لەبەر رۆشنایی موناقەشەکان, دەمجی بکەن, ئەو مولاحەزاتانە هەموویان بەهەند وەربگیرێن, بەلاَم شەرت نییە خالَی بۆ دابنریَ, کاری پێدەکریَ, بەلَیَ کاك جمال ئاخیر کەس قسە دەکا, فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت برگە چوار, جیاوازیەك هەیە لەنێوان دەقی عەربی و کوردیەکەی, بەنیسبەت لە ئاخر هاتیە (محلات التزحلق والتزلج) بەکوردیەکەی نییە, نازانم موفرەداتی نییە, بەس (التزحلق علی الثلج) نووسرایە لەکوردی, تزلج بەکوردیەکەی نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەناحیەی زمانەوانی, دائیمەن وتومانە هەندێ جار لەتەرجومە غەڵەت دەبێ, پێش ئەوەی یاساکە بە پوختەیی دەربچێ, بەڵێ کاك شێروان, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە موقتەرەحمان ئەوە بوو فەقەرە یەك و دوو دەمج بکرێ و, صیاغەکەشمان بۆ حازر کردیە, حەز دەکەم صیاغەکە بخوێنمەوە ئەگەر بەدڵتان بێ, هەتا موناقەشە بکرێ, فەقەرە یەك و دوو بەم شێوەیە دەبێ: (استغلال و تطویر واستثمار الطاقات السیاحیة والمصادر الطبیعیة والمناطق الاثریة والتاریخیة بما یخدم الاغراض السیاحیة بالتنسیق مع الجهات ذات العلاقة), ئەگەر مانعتان نەبێ صیغەی یەك و دوو بەم شێوەیە بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگەوە, ئیعتیرازت هەیە لەسەر ئەو فەقەرە, فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مەناتقی ئاساری, ئاسار وتمان دەکەوێتە تەشکیلاتی وەزارەتی رۆشنبیری, لەبەر ئەوە وابزانم لێرە باسی نەکەین باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە تەصویتەوە, بەڵێ جەنابی وەزیر قسەت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز نمرود بثیو/ وەزیری گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی ئەو نوقتە ئێك و دوو وختێ دەمج کەن بلە, ئیزافەت بکەن المزارات الدینیە, یەعنی نە بەتەنیا مەناتقی ئەسەری, مەزاراتی دینی, یەعنی ئیزافە بکەن, سپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وشەیەکی راستە, مەزاراتی دینیە هەمانە, سیاحەی دینیش هەیە, مەزارات باشە تەعبیرێکی, ئێستا بیخوێنەوە بە ئیزافەی مەزارات دینیە, ئینجا دەیخەمە دەنگەوە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**استغلال و تطوير واستثمار الطاقات السياحية والمصادر الطبيعية والمناطق الاثرية والتاريخية والمزارات الدينية بما يخدم الاغراض السياحية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.**

**ئەمە فەقەرەی یەك و دووە كە دەمج كرایە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**فەقەرەی یەك و دوو بەم شێوەیە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ پەسند كرا, فەقەرەی هەشت و شەشیش, دەمج كرایە ئەگەر صیغەیەكتان هەبێ.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**عەینی ئەو دوو ماددەیە بەس وامان لێكرد: (منح إجازات الشركات ومكاتب و وكالات السفر والسياحة وتشجيع السفرات الفردية و الجماعية من الخارج الى الأقليم وبالعكس وبمختلف الوسائل وكذلك تنظيم السفرات السياحية الداخلية), بەم شێوەیە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی نیقاشی ئێوە بوو, دەمجی فەقەرە شەش و فەقەرە هەشت, فەقەرە شەش كە دەڵێ تەنزیم بكرێ, وتمان تەنزیمەكە وشەكەی بگۆڕدرێت, فەقەرەی هەشتیش دەڵێ ئینشا, فەرموو كاك سردار.**

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئیجازەی شەریكات قانونی هەیە و, هەیئەتێكی جیاوازی هەیە, ئەو ئیجازەیە تەنها لەوێ دەدرێ, لەو وەزارەتە نادرێ, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك ڕۆمیو فەرموو, لەلای جەنابی وەزیر دانیشە نەوەك لەلهجەو شتی وا, ئەگەر پێویستی بە تەرجەمەو شتی وابوو, كاك ڕۆمیو ئەڵێ من لەتەنیشتت دادەنیشم نەوەك هەندێ وشەی كوردی هەبێ بە سریانی, ئێستا لەبەر ڕۆشنایی ئەوە, جەنابی وەزیر ئەگەر ئینتیباه بكا, لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسایی, موختەصریشمان كردووە, (الموافقة على المنح) بە ئیعتیبار قانونەكەیە, ئەو مولاحەزەی كاك سردار راستە بەم شێوەیە: (الموافقة على منح إجازات الشركات ومكاتب و وكالات السفر والسياحة وتشجيع السفرات السياحية) موتەلەقە و هەمووی دەگرێتەوە داخلی و خارجیش, یان پێتان باشە دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵیدا نییە؟ فەرموون, كەواتە فەقەرەی شەش و هەشتیش دەمج كرا, بەو ماددەیە, زۆر سوپاس, هیچ مولاحەزەیەكی ئەوها نەماوە, تەنها زمانەوانی نەبێ, ماددەكە بەهەموو فەقەراتەوە دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە, دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەدا نییە, دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, بەس مامۆستا لەگەڵدا نییە, كەواتە بەئەكسەریەت, مامۆستا خۆت موافەقەتت كرد, كە تەنیا چوار كەس، پێنج كەس قسە بكەن, بەڵام بووە**

**ئەکسەریەت, ئەگەر مەقسەدت ئیعتیرازەکەی پێشووە, جا تەبعەن حەقی خۆتە موافەقەت بکەی, بەلاّم ئەوە ئەکسەریەت موافەقەتیان کرد, بڕۆ سەر ماددەی سێیەم, تشکیلاتی وەزارەت.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێیەم: یەکەم: وەزیر/ سەرۆکی بالاّی بەرپرسی ئیش وکاری ئاراستەکردنی سیاسەتی وەزارەتەکەیە و, هەموو بڕیار و فرمان و ڕێنمایگەلی و پەیوەندیان بە ئەرك و فرمان و پێك هاتە و صلاّحیات و کاروباری دیکەی هونەری و ئیداری و ڕێکخستنی وەزارەتەکەوە هەبێ, بەپێی حکومەکانی یاسا لەوەزیرەوە دەردەچێ و بەسەرپەرشتی خۆی جێبەجێ دەکرێن.**

**دووەم: برێکاری وەزارەت/ لە چوارچێوەی ئەو صلاّحیەتانەی کە پێی دەسپێردرێ لە ئاراستەکردن و سەرپەرشتی کردنی کاروباری وەزارەتەکەدا یاریدەی وەزیر دەدات, مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت.**

**سێیەم/ وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

**أ-نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.**

**ب-نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.**

**ج-راوێژکارەکان: لەچوار راوێژکار زیاتر نەبن, مەرجیشە بروانامەی زانکۆیان هەبێ و خاوەن ئەزموون و کەردەش بن.**

**چوارەم/ ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت:**

**1-وەزیر/ سەرۆکە.**

**2-بریکاری وەزارەت/ جێگیری سەرۆکە.**

**3-بەرێوەبەرە گشتی یەکان/ ئەندامن.**

**4-راوێژکار و خاوەن ئەزموونەکان/ ئەندامن, بەمەرجێ لەسێ کەس زیاتر نەبن و بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و خاوەن ئەزموون و کەردەش بن.**

**ئەنجومەن ئەم کارانە دەگرێتە ئەستۆ:**

**أ-نەخشەی سیاسەتی گشتی گەشت و گوزار دادەنێ و ئیقراری دەکا.**

**ب-ئەو ڕێکەوتنامەی تەصدیق دەکا، کە پەیوەندیان بە دامەزراندن و بەرەوچاکتر گۆڕین و وەبەرهێنانی دەزگا و پرۆژەگەلی گەشت و گوزار هەیە.**

**ج-دوای موافەقەت لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو ڕێکەوتنامەیە هەرەوەزیانە، واتا (التعاونیات) تەصدیق دەکات, لەگەلّ لایەنە بیانیەکاندا گرێ دروان.**

**د- ئیقرار کردنی بودجەی سالاّنە و میلاکات وحیساب و حیسابکاری کۆتایی.**

**پێنجەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی لەمانە پێك دێت:-**

**أ- بەڕێوەبەرایەتی تاکە تاکەی کارمەندان.**

**ب- بەڕێوەبەرایەتی ئیدارە.**

**ج- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی.**

**د- بەڕێوەبەرایەتی رەقابە و لێوردبوونەوە (تەدقیقی ناوەخۆ).**

**هـ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.**

**و- بەڕێوەبەرایەتی نەخشەسازی و بەدواداچوون.**

**شەشەم/بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسەوار: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات, بڕوانامەی زانکۆی هەبێ, دائیرەگەلی ئاسەوار لەپارێزگاکاندا پێی واوەستن.**

**حەوتەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری گەشت و گوزار لە هەولێر:**

**فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.**

**هەشتەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری گەشت و گوزار لە سلێمانی:**

**فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.**

**نۆیەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری گەشت و گوزار لە دهۆك:**

**فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا بڕوانامەی زانکۆی هەبێ.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خامساً: اعادة ترتيب و صياغة المادة الثالثة من المشروع و تقرأ كالآتي:**

**(تشكيلات الوزارة)**

**المادة الثالثة: أولاً: تتألف الوزارة من التشكيلات الآتية:-**

**أ-الوزير: هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والإشراف والرقابة عليها و تصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة او المدراء العامين أو من يراه في الوزارة مناسباً.**

**ب- وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والإشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التى توكل اليه من قبل الوزير على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية اختصاصية.**

**ج-مكتب الوزير: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**د-مكتب وكيل الوزارة: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**هـ- المستشارون: لايزيد عددهم عن اربعة على ان يكونوامن حملة شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.**

**و-المديرية العامة للإدارة والمالية: يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**ز-المديرية العامة للآثار: يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**ثانياً: تشكل في كل محافظة من محافظات الإقليم مديرية عامة للسياحة يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والإختصاص.**

**ثالثاً :**

**أ- المجلس الإستشاري للوزارة ويتألف من :-**

**1-الوزير : رئيساً**

**2- وكيل الوزارة : عضواً ويرأس المجلس في حالة غياب الوزير.**

**3- المدراء العامين : اعضاء**

**4- المستشارون والخبراء: على ان لا يزيد عددهم عن ثلاثة وان يكونوا من حملة شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.**

**ب- يعقد المجلس اجتماعاته بدعوة من الوزير كلما دعت الحاجة الى ذلك.**

**ج- يختص المجلس بتقديم التوصيات الى الوزير وتكتسب التوجيه صفة القرار الوزارى اذا نال تصديقه.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك خورشيد, قسەت هەيە, فەرموو.**

**بەڕێز خورشيد سليم شيره:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لە هەندێك وەزارەتەكان لە كۆبوونەوەكانی پێشوو, وامان فەرز كرد, كە ناوی موديرات صلاحيەتی وەزيرە, خوێندنەوە عيلاقەمان بەسەريدا نييە, چونكە كە دەڵێ ئيقرار بكرێ مانای ئەوەيە صلاحيەتی وەزير نييە دەستكاری بكات, مادەم صلاحيەت دراوەتە وەزير ئەو موديرەتە رێك بكات, جگە موديريەتە عامەكان نەبێت, ئێمە دووبارە و سێ بارە دەكەينەوە, لەهەندێ موناقەشاتی وەزارەتەكان ئێمە لاماندايە, هەندێكی تريش وا ئێستا دووبارە دەكەينەوە, بۆيە ديسان زيادە, موديرەيەی ئەقسام بۆچی لێرە موناقەشەی لەسەر بكەين, ئەگەر قەرارمان داوە لەسەری كە باسی نەكەين, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**فەرموو مام رەشاد.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بكرێ فەقەرەك ئیزافە بكرێ، مەجلیسی ئیستیشاری لەگەڵ جەنابی وەزیر ساڵانە بەرنامەی سەنەویان هەبێتن، یەعنی مینهاجی ئیستسماری هی ساڵێك كامل، لەحدودی ئەو مینهاجەی وەزارەت بتوانێ نەشاتی خۆی جێبەجێ بكات، نەك هەروا كراوە بێت، حاڵەت بەحاڵەت زۆری دەوێ، زۆر دەخایەنێ یەكتری ناگرێتەوە، جەدوەلی ئیقتیصادی دانێ بۆ مەشاریعی سیاحی، بەرنامەیەكی كامل ساڵانە ئیعلان بكا بۆ هەموو موحافەزات بزانین چ دەكرێتن، خیلالی ئەو ساڵەی، هەتا لەدەرەوەش بە وەسائیلی ئیعلام بلاوبكرێـتەوە مینهاجی وەزارەت، بۆئەوەی زیاتر ئیستیفادە بكاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە نیزام دەتوانێـت وابكاتن راستە، بەلام من كاك شیروان پێش ئەوەی بڵێم مەجلیسی ئیستیشارەیەكە دەڵێ: لە وەزیر و وەكیل وەزیر و مودەرائی عامە و موستەشارو خوبەرا، بۆ لێرە دەڵێ (لا یزید عددهم عن ثلاثة) خۆیان هەموویان چوارن، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی فەرق نێوان مەشروعی ئەصڵیی و رای لیژنەی قانونی بەم شێوەیە:

1- ئیعادەی صیاغەتەكان بكرێـتەوە وەكو هەموو ماددەكانی تر.

2- بەنیسبەت مەجلیسی ئیستیشاری، لەبەر ئەوە ئەو مەجلیسە سیفەتی ئیستیشاری هەیە، بۆی نییە ئیتیفاقات ئیمزا بكات، بۆی نییە ئیقراری میزانیەت بكات، بۆی نییە تەوقیعی عقود بكا، لەبەر ئەوەی سیفەتەكەی ئیستیشاریە، ئیمكانیەتی هەیە ئیش و كاری ئەو مەجلیسە وەكو وەزارەتەكانی تر، بە نیزام جێبەجێ بكرێ، ئەمەش لەلای مەجلیسەوە، بەنیسبەت ئەو صیغەیەی كە هاتیە، بەراستی رەنگە بەغەڵەت هاتبێ، ئێمە وامان قەرار داوە، بەس دیارە لە تەبع غەڵەت دەرچووە، دەڵێ (إی خبیر او مستشار یختارە الوزیر من داخل الوزارة او خارجها/ عضواً) تەحدیدی سێیەكەمان نەكردووە، بەلام دیارە لەتەبع بەغەڵەت هاتووە، هەروەك لەمەشروعەكە چۆن هاتووە هەروەها بۆی چووینە، فەقەرەی سێش ئەوەیە بەراستی، ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر رێكەوتینە، كە مودیریاتی عام ورد نەكرێتەوە، دەسەلاتەكە وەكو وەزارەتەكانی تر بدرێـتە وەزیر، بۆ خۆی لەنیزام ئەمانە تەحدید بكات، ئەمە بەكورتی رای لیژنەی یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوانەی كە دەچنە دەرەوە زوو بێنەوە، لەبەر ئەوە پێویستمان بەوە هەیە، كە ژمارەكە لەنیسبەتێك كەمتر نەبێـت، دواتر پاشی ئەو قانونە قسەمان هەیە، دەبێ زوو بێنەوە، كەس نەچێتە دەرەوە، كێ دەیەوێ قسە بكات، بەكورتی؟ رۆمیو، د0رۆژان، ئارێز، حاتم، سردار، د0شوكریە، بكر، كاك رۆمیو فەرموو.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له فەقەرەی ئەخیری (المجلس الإستشاري للوزارة و يتألف من: خاڵی چوارەم: المستشارون و الخبراء: على ان لا يزيد عددهم عن ثلاثة و ان يكونوا من حملة شهادة جامعية اولية و من ذوي الخبرة و الممارسة) بەرای من ئەوە دووبارە کراوەتەوە, چونکە لەفەقەرەی (هـ) لەسەرەوە المستشارون, که دەڵێ (المستشارون : لايزيد عددهم عن اربعة على ان يكونوامن حملة شهادة جامعية اولية و من ذوي الخبرة و الممارسة), یەعنی لێرە شروتەکان هەیە, پێویستی بە دووبارە نییە, سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو مەجلیسە ئیستیشاریە, هەموو ئەندامەکانی تەنها موستەشارو خوبەرا نەبێت هەموو مونتەسیبی وەزارەتن, یەعنی ئیستیشارەی چییان پێبکرێ, ئەگەر لەجیاتی مودرائی عامون, مودیر عامی ئیستیسمار ئەندام بێ, مودیر عامی وەزارەتی پلاندانان, یان وەزارەتی سەقافە, مودیر عامەکان لە دەرەوەی وەزارەت بن و ببنە ئەندام لەو ئەنجومەنە باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر هیچ رەئیت هەیە لەسەر ئەوە, فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ئەنجومەنی راوێژکاریە, ئێمە لێرە چوار راوێژکارمان هەیە, رەنگە ئەو راوێژکارانە باشترین شوێن کە بتوانن قسەی تێدا بکەن, و پێشنیار بکەن ئەنجومەنەکەیە, لێرە دیاری نەکرایە و, نووسرایە سێ, یان لەسێی زیاتر نەبێت, کەچی سەرۆکی لیژنەی یاسایی باسی کرد کە وەزیر دیاری بکات, بەرای من ئەو چوار کەسەی تێدابێ و خەڵکی تر لە دەرەوە بێت, ئەمە یەك.

دوو: نووسرایە راوێژکار و شارەزا, ئەگەر کەسێك شارەزا نەبێت چۆن دەبێتە راوێژکار, دەبێ شارەزا بێت, ئینجا دەبێـتە راوێژکار, بەرای من وشەی خەبیر, یان شارەزا زیادە تەنیا راوێژکارەکە بمێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر, فەرموو.

**بەڕێز نمرود بثیو/ وەزیری گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز بێژم فەرق هەیە لەبەینێ خوبەرا و موستەشار, فەرقەکەش دەرجاتی وەزیفییە, یەعنی موستەشار دەرجەی وەزیفی هەیە و, خوبەراش دەرجەی وەزیفی هەیە, سپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له بڕگەی حەوت, بە جیا جیا ناوی پارێزگاكان هاتووه, من پێم باشه یەكجار بووترێ له هەریەك له پارێزگاكانی هەرێم بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزار هەبێت و, فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی بكات, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ, بۆ ئاینده ئەگەر هەر محافەزەیەك زیاد بوو ئەوا دەیگرێتەوه, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیە بەجێیە, له زۆر لەوەزارەتەكان نووسیمان (المديرية العامة في محافظات ألاقليم), لەجیاتی بڵێین سلیمانی, یان دهۆك, یان هەولێر، لیژنەی قانونی رای وایە, یەعنی وەرگیرایە بە نەزەری ئیعتیبار باشە, كاك سردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر خاڵی حەوت, و هەشت, و نۆ له ئەصڵی مەشروعەكە و, لەسەر پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەڵێ له هەموو پارێزگایەك بەڕێوەبەرایەتێكی گشتی بكرێتەوە, تەقریبەن ئێمە لەهەموو وەزارەت واكرایە, یەك مودیریە عامە هەبێت و, له موحافەزە مودیریە هەبێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس. د0شوكریە.

**بەڕێز د.شكريه رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی سێیەم, خاڵی سێیەم, كە نووسراوە (نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات, بڕوانامەی زانكۆی هەبێ, ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن), هەروەها خاڵی پاشیش دووبارەی كردۆدەتەوە (نووسینگەی بریكاری وەزارەت: فەرمانبەر بەڕێوە دەبات), بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان هەندەی تێبینیم كرد, لەگەڵ یاسایی وەزارەتەكانی تر لێرە نووسراوە فەرمانبەرێ سەرۆكایەتی دەكا, كەچی لەوێ نووسراوە بەڕێوەبەرێ سەرۆكایەتی دەكا, ئەمە جیاوازی هەیە لەنێوان بەڕێوەبەر، فەرمانبەرێ, ئەمە خاڵێك.

دوو: ژمارەی فەرمانبەری یاریدەدەر, ئەمە رۆتینیەن له نووسینگەی وەزارەت كۆمەڵێك فەرمانبەر ئیش دەكا, ئیتر پێویستی بەوە ناكا ئەمە هەبێ, له خاڵی یەكەم و دووەم ئەمە لابردرێت و, فەرمانبەرەكەش ببێتە بەڕێوەبەرێ, چونكە رۆتینیەن بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات.

خاڵی سێیەم: وشەی كەردش كە لەخاڵی سێیەمە, خاوەن ئەزموون و كەردش بن, بەراستی بەعزە وشەمان هەیە ئەم وشانە شازن له زمانی كوردی نەڕۆشتوون و, میللەتیش تەقەبولی ناكات, ئیتر پێویست ناكا ئێمە

وشەی کەردش بەکاربهێنین, ئەگەر تەفتیعیشی بکەین مانایەکی زۆر ناشرین دەگەینێ, لەبەرئەوە ئەمە بووترێ خاوەن ئەزموون و پسپۆر بن لەو بوارە, هەروەها چەندین وشەی بێگانەی عەرەبیشم دەرهێناوە, پێویستە بکرێ بەکوردی وەکو ئیقرار, تصدیق, رقابە, موافقە داواکارم لەو لیژنەیەی کە بەسەریدا دەچێتەوە ئەم وشانە بگۆڕێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرموو کاك بکر.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەم: من پشتگیری ئەو خاڵە ئەکەم کە ناوی بەڕێوەبەرایەتیەکان نەهێنین, بەڕێوەبەرایەتی دهۆك, سلێمانی, هەولێر, چونکە ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە ئیعتیرافمان بەوە کردووە کە تەنها ئەو سێ موحافەزەیە عیلاقەی بە ئێمەیە, ئەمە یەك.

دوو: بۆ جارێکی تر من تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە ئیعلام زۆر موهیمە، پروپاگەندە زۆرە, جا مودیریەتی بۆ دروست دەکا پەیوەندی دەکەن, لەگەڵ وەزارەتی سەقافە, چونکە سیاحە بەبێ ئیعلام نابێ, سیاحە چۆن ئەتوانێ زیاتر پەرەبسەنێ؟ بەوەی بتوانین لەرووی ئیعلامەوە لەرووی پروپاگەندەوە ئیهتیمامی پێبدەین, من ئیقتیراحم ئەوەیە, یان مودیریەتێکی بۆ دانێین, یان لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیریا, چونکە وەزارەتی رۆشنبیری رەنگە هەمان مەهامی هەبێ.

خاڵی سێیەم: ئەوەی کە د0شوکریە باسی کرد, بەنیسبەت هەندێ وشە هەیە, بەکاری دەهێنین من پێم وایە زمان وەسیلەیەکە بۆ تەفاهوم, لەبەرئەوە پێویست ناکات هەندێ کەلیمات دارێژین مانای خۆی لەدەست بدات, یان مانای وازح نییە, عەیبیش نییە, ئەگەر زمانەکەمان کەلیماتی تری تێدابێ, سەیری ئەو زمانانە بکەن وەکو زمانی فارسی, لەسەدا شەست, حەفتا کەلیماتی عەرەبی بەکارئەهێنێ هیچ عەیبیشی تیا نییە, ئێمە جاران کە هینمان دەکرد لەسەر زمان, چونکە هەویەی قەومیمان لە خەتەرا بوو, لەبەر ئەوە زمانەکەمان بەکارهێنا, پاراستنی زمانەکەمان بۆ پاراستنی هەویەی قەومیمان بوو, ئێستا من بڕوا ناکەم ئەو ئەهمییەتەی هەبێ, ئەو کەلیماتانە داتاشین, کەس لە ماناکەی تێناگا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز خاتوو تاڤگە, فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکانم عەرزیان کرد, سوپاسیان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی کە کردتان ئەوە  ئەغلەب لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە و, بەنەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە, مەسەلەی ئیعلان دەمێنێ, ئیعلانیش ئەوە وەزیر دەتوانێت لەتشکیلاتی خۆی مودیریەتێك دابنێ, ئەگەر لەموستەقبەل زانی, ئەوە کارێکی زۆر گرنگە, گەورەیە, دەتوانێت داوا بکات و, داواکەی هەموار بکەین و مودیرییەتێکی بۆ دانێین, نوقتەی نیزامت هەیە کاك حەمە رەشید, فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەزدەکەم, ئەو وشەی کەردەشە راست بکەمەوە, (کردە)یە (ش)ەکە پاشگریەتی لێکی مەدەن ببێت بە (کەردەش), (کردە) کەسێکی کردە بێ, ئەوە مانایەکەیەتی, ئەو (ش)ەی پێوە نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شیروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تەوزیحێکم هەیە بەنسبەت موستەشار, خوبەرا ئەوەی کە لەمجلیسی ئیستیشاری هاتووە, خوبەرا دوو نەوعە: ئەوەی لەسەر میلاکی حکومەتە مەعلومە عینوانی خەبیرە, عینوانی موستەشارە, ئەمەش لە داخیلی وەزارەت هەیە، لە خارجی وەزارەتیش هەیە، وەزیر دەتوانێت بانگیان بکات, ئەمە لەلایەك, بەلاّم خەڵکانێك هەیە خەبیرن و عینوانیان خەبیر نییە, خەڵکانێك هەیە مەشاوراتیان پێدەکرێ سیساڵ خزمەتی هەیە لەمەجالی سیاحی, مەقصەدەکە ئەوەیە کە وەزیر بتوانێ ئەوانە بهێنێتە مەجلیسی ئیستیشاری ئیستیفادە لەخیبرەتەکەیان بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەرەیەك لەماددەی دواتر هاتووە, دەڵێ بۆ وەزیر هەیە ئیستیحداس و دەمجی مودیریات و ئەقسام بکات, بەڵێ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز نمرود بثیو/ وەزیری گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس مولاحەزەیەك لەسەر فەقەرا وەزیر نهایەتا وی دبێژی (أن یراه في الوزارة مناسبا) یەعنی نابێت (أن یراه في الوزارة), بەڵێ ئەو تەعدیلەی لیژنەی قانونی ئەو صیاغەیە (أن یراه الوزارة مناسباً), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆی زیاد بکە کاك شیروان, ماددەکەی دەخەمە دەنگەوە بەهەموو ئەو تەعدیلاتانەی کە کرا, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیە وەرگیرا, بڕۆ سەر ماددەی چوار.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی چوار: ئەرك و فرمان و پێكهاتەكانی وەزارەت بەپێڕەو دیار دەكرێن.**

**رای لیژنەی یاسایی:**

**شەشەم: لیژنە پێشنیاز دەكات مادەی چوارەم و شەشەم لێك بدرێن و مادەی چوارەمی لێ پێك بێت و بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:-**

**مادەی چوارەم: یەكەم: بە پێرەوێك ئەرك و فرمان و دەسەڵاتە تایبەتیەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت دیاردەكرێت.**

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەرێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە لە ناو پێكهاتەی وەزارەت بێنێتەكایەوە، لێكیان بدات، یان پوچەڵیان بكاتەوە. بەپێی پێداویستی كارەكەی.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوە رۆتینە, لەوەزارەتەكانی تریش هاتووە ئەو دوو ماددەیە دەمج بكرێ بە (أ, ب), واتە ماددەی چوارو شەش دەبێتە یەك مادده بە شێوەی (أ, ب), دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەدا نییە, دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ ماددەی چوار وەرگیرا, برۆ سەر ماددەی پاشی.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی پێنجەم: وەزارەت صلاحیەتی ئەوەی هەیە جێگاكانی گەشت و گوزار و كۆمپانیای گەشت و گوزار لەهەر جێیەك ببەخشێ تەنها جێیی گومرك نەبێ.**

**واتە رسوم, داوای لێبوردن دەكەین, لەسەر ئەو تەرجوومەیە, ئێمە نەمان كردووە لەدەرێ هاتووە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو فەقەرەیە نابێت, ئەو فەقەرەیە بە قانون دەبێت, لەبەرئەوە لیژنەی یاسایی ئیقتیراح دەكا كە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێ, پێم وایە لیژنەی شارەوانیش هەمان شتی هەیە تەئیدی دەكات, یەعنی لەماددەی پێنج هاتووە كە صلاحیەت بدرێتە وەزارەت ئەوە ناكرێ, بۆیە لیژنەی یاسایی ئیقتیراح دەكا ئیلغا بكرێ, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەوەیە, ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێ, دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ ئەوەدا نییە, دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ ئیلغا كرا, برۆ سەر ماددەی پاشی.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی حەوت لەئەصڵی مەشروع دەبێتە ماددەی پێنج بەم شێوەیە هاتووە: هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە نەگونجێ ناخرێتە کار, یاسای ژمارە (39)ی ساڵی 2004 گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان و یاسای پێشووی دەزگای گەشت و گوزاری ئیدارەی سلێمانی ئیلغا دەکرێ.**

**رای لیژنەی یاسایی:**

**هەشتەم: لیژنە پێشنیاز دەکات ناوەڕۆکی مادەی حەفتەمی پرۆژەکە بکرێت بە دوو مادەی سەربەخۆ بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:**

**مادەی() یاسای دامەزراوی گشتی گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان ژمارە 39 ساڵی 2004پووچەل دەکرێتەوە کە لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عیراق دەرچووە.**

**مادەی () کار بە هیچ دەقێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ثامناً : اما فيما يتعلق بالمادة السابعة من المشروع تقترح اللجنة توزيع مضمونها على مادتين مستقلتين و تكون الأولى بالصيغة التالية :{يلغى قانون المؤسسة العامة للسياحة في اقليم كوردستان رقم 39 لسنة 2004 الصادر من المجلس الوطني الكوردستاني - العراق}.**

**اما الثانية فتقرأ كالآتي : {لا يعمل باي نص يتعارض و احكام هذا القانون}.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لیژ نەی شارەوانی, فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەکەمان ئیقتیراح دەکا, دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە, بەس ئیزافە بکرێ, (وتؤول جميع الحقوق والالتزامات الواردة في القانون رقم (39) لسنة 2004 وقانون مؤسسة السياحة في ادارة السليمانية الى وزارة السياحة), سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو مولاحەزەی هەینەکە ئیلتیزامات و مومتەلەکات راستە, بەڵام موقتەرەحی لیژنەی یاسایی هاتووە بەعەرەبیەکەی, (2004 الصادر) ئەو (الصادر)ەی ناوێ, هەروەها (المجلس الوطنى الكوردستاني- العراق), ئەمەش هەڵەیە (من المجلس الوطنى لكوردستان- العراق), ئەم هەڵانە چاك بکەنەوە, ئەو مولاحەزەیەش هین بکەن, لیژنەی شارەوانی ئیقتیراحی کرد, بیکەینە دوو فەقەرە بیخوێنەوە بۆئەوی بیخەینە دەنگدان, لەبەرئەوە رۆتینە خیلافی لەسەرە نییە, قسەی زۆر هەڵناگرێ, بچینە ماددەیەکی تر تاوەکو صیاغەی ئەو ماددەیە تەواو دەبێ.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی هەشتەم: پێویستە لەسەر وەزیرەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە بخاتە كار.**

**رای لیژنەی یاسایی.**

**نۆیەم : لیژنە پێشنیاز دەكات مادەیەكی دیكە زیاد بكرێت بەم جۆرەی خوارەوە:**

**مادەی ( ) وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربكات بۆ ئاسانكردنی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**تاسعاً :كما تقترح اللجنة اضافة مادة اخرى الى القانون و بالصيغة الآتية :{للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون }**

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لیژنە پێشنیار دەكا ماددەی هەشتەمی پرۆژەكە بەم جۆرە دابڕێژرێ:**

**(دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنەكانی پەیوەندیدار حكومەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن).**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كە دەڵێ (للوزير استحداث ودمج والغاء المديريات) موفتەرەحی لیژنەی قانونی كە دەڵێ (للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون), هەمان شتە لەو قانونە هاتووە بۆ جێبەجێ كردنی حەقی استحداسی هەیە، دەمجی هەیە، ئیلغای هەیە, موقتەرەحی لیژنەی قانونی تەواوە, فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز نمرود بثيو/ وەزیری گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەس یەعنی صیاغەی عەرەبیا, مايصير للوزير اصدار التعليمات, للوزير صلاحيه اصدار التعليمات, یەعنی ئەم صیاغەیە نابێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**هەردووكی دەبێتن, (للوزير صلاحية, للوزير اصدار), يعنی عندما تقول للوزير اصدار يعنی فله صلاحية لذلك, فەرموو كاك ئارێز قسەت هەبوو.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**وابزانم, ئەوەی كاك كريم خوێندیەوە, لەگەڵ كاك خلیل دوو شتی لێك جیاواز بوون, سەبارەت كاك كريم خوێندیەوە كوردیەكە نارێك بوو, ((لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایانەكانی پەیوەندیدار ئەم یاسایە**

جێبەجێی بکەن), ئەوە کوردیە راستەکەیە ئەوەی, کاک کریم خوێندیەوە خۆشی وتی کە ئێمە تەرجومەمان نەکردووە, ئەوا لەسەریانە جێبەجێی بکەن, ئێمە 45 ئەندامی پەرلەمانین پێشنیارمان کردیە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیەی, لەناو پەرلەمان سەبارەت بە زمان هەیە سێ شتمان داوا کردیە, ئەگەر بیخوێنەوە و, ئەو داواکاریەو پێشنیاری ئێمە جێبەجێ بکەین ئەوا کێشەی زمانمان نامێنێ, یەکێك لەو کەسانە هاوکاری لیژنەی یاسایی بێت, من خۆشم پێیانم وتووە لەگەڵ کۆمەڵێك برادەری تر ئامادەین هەمووجارێ پێدابچینەوە پێش ئەوەی, ئێوە لێرە بیخوێنەوە, پێش ئەوەی ئێوە گلەییمان لێبکەن, یان بە کەموکوڕی بخرێتە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو ئەندامی پەرلەمان حەقت هەیە لەو لیژنەیە حازر بێ, بەبێ ئەوەی کەس پێت بڵێ و, لیژنەکە مەمنونیشت دەبێ, ئەو موقتەرەحە ئیهمال نەکراوە بڕیاری لەسەر دراوە, لەو رۆژانە تەوقیع دەکرێ, ناوەکانیش دیاری کراوە, بەڵام هەموو ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە بچن بۆ ئەو لیژنەیە رای خۆیان بدەن, موناقەشەش بکەن, کەواتە ئەو ماددەیە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرمووون, کێ لەگەڵدا نییە؟ فەرمووون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, بڕۆ سەر ماددەی پاشی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی قانونی, ئەو نەصە لە هەموو وەزارەتەکان هاتووە, بەنەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێت, دەیخەمە دەنگەوە, دەڵێ (على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون), کێ لەگەڵ

ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, بڕۆ سەر ماددەی پاشی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم لەئەصڵی پڕۆژەکە بەم شێوەیە:

ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاّوکردنەوەی لەوەقائیعی کوردستان کاری پێدەکرێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش موفتەرەحی لیژنەی یاسایی وەکو وەزارەتەکانی تر ڕاستە, موفتەرەحیی لیژنەی قانونی دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, صیغەی دوو ماددەکە, تەواوتان کرد, باشە ماددەکە هەمووی بخوێنەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أ- يلغى قانون المؤسسة العامة للسياحة في اقليم كوردستان رقم 39 لسنة 2004 الصادر من المجلس الوطني لكوردستان – العراق.

ب- تؤول جميع الحقوق والالتزامات الواردة في القانون رقم (39) لسنة 2004 وقانون مؤسسة السياحة في ادارة السليمانية الى وزارة السياحة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موفتەرەحە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ئەسباب موجەبەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆیەکانی پێویستکار**

لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان – عێراق سروشتێکی گەشت و گوزاری هەیە لە ڕووی هاوینەهەوار و دەزگای گەشت و گوزاریەکان و شوێنەوارە دێرین و ئاینیە جۆراوجۆرەکان و کەرتی گەشت و گوزار گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە سەرچاوەیەکی سەرەکی سامانی نەتەوەییە و شێوازێکی کارایە بۆ ناساندنی بۆماوەکان و شارستانیی گەلی کوردستان بە جیهان و بۆ هاندانی بزاڤی گەشت و گوزار و کێش کردنی گەشتیاران لە ڕێگەی دامەزراندنی دەزگای گەشتیاری هاوچەرخ و سەردەم، لەبەرئەوە وزارەتێك لە هەرێم

دامەزراوە بۆ ئەوەی ئەم ئەرك و فرمان و ئامانجانە بەدی بێنێت و بۆ ئەوەی پێکهاتەکان و ئەرك و فرمان و دەسەڵاتەکانی دیاربکات ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الأسباب الموجبة**

بما أن اقليم كوردستان – العراق ذات طبيعة سياحية من حيث المصايف والمرافق السياحية والمواقع الأثرية والدينية المختلفة. وحيث ان للسياحة من اهمية بالغة لكونه مصدرا رئيسياً من مصادر الثروة الوطنية و وسيلة فعالة لتعريف العالم بتراث وحضارة شعب كوردستان ولغرض تشجيع الحركة السياحية وجذب السياح عن طريق اقامة المرافق السياحيةالحديثة والعصرية ولإستحداث وزارة في الأقليم لتتولى تحقيق مهامها وأهدافها وبيان تشكيلاتها وصلاحياتها فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, پیرۆز بابی لەوەزیری سیاحە دەکەین, هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز نمرود بثیو/ وەزیری گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەلێ سوپاس بۆ هەمووان, بەس من پرسیارێکم هەیە هەنوکە, نافێ وەزارەت دەبێت (وزارة السياحة) ئان دەبێت (وزارة السياحة و الاثار), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەبەر رۆشنایی ئەو قانونە, لە ئاخیرەکەی دەڵێ (لايعمل بأى نص يتعارض مع احكام هذا القانون), پێویست دەکاتن گۆرانکاری بکرێتن, یەك لە قانونی وەزارەتی رۆشنبیری ئیقتیراحی بێنێ, کە وەزارەتی رۆشنبیری تەعدیلی قانونەکەی بکەن, مودیریەی ئاسار لەوێ قەتع بێتن.

دوو: ئیقتیراح بکەن ناوی وەزارەتەکەی ئێوە بگۆڕدرێت, بۆ (وزارة السياحة), لەوێ بێتن بۆئەوەی ئێمە تەعدیل بکەین, یەعنی موقتەرەحەکە بەم شێوەیە دەبێ: یەك: قانونی مەجلیسی وەزرا, ناوی وەزارەتەکانی تیا نووسراوە, ناوی وەزارەتی ئێوە بگۆڕدرێت.

دوو: قانونی وەزارەتی رۆشنبیری تەعدیل بکرێ, بەوەی کە مودیریەتی ئاسار هین بکرێ, بەڵام تۆ عەمەلییەن ئیش بەوە دەکەی, پێویستە پرۆژەیەك بۆمان بێ لە مەجلیسی وەزرا, هەم تەعدیلی قانونی مەجلیسی وەزرای تێدابێ بە گۆڕینی ناوی ئێوە, هەم مودیرییەی ئاساری لێبکرێتەوە, سوپاس جەنابت دەتوانی بفەرمووی گەلەك بەخێر بێی سوپاست دەکەین, فەقەرەی تر لەبەرنامەمان بەردەوام بین, یان

تەئجیلی بکەین, لەبەر ئەوە وەزارەت نەهاتووە خۆشتان ماندوون, بۆیە ئەو فەقەرەیە لەبەرنامەی کار تەئجیل دەکرێ, کێ لەگەڵ ئەوەیە تەئجیل بکرێ, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرمووون, کێ لەگەڵ ئەوە نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرمووون, بە ئەکسەریت دەڵێ تەئجیل بکرێ, مەسەلەکی گرنگ هەیە ئەمرۆ 27 بەیانی 28 لەپاشی عوتلە دەست پێدەکات, پاش ئەوەی عوتڵەش دەستی پێکرد، ئێمە دەچینە ناو عوتڵەی پەرلەمان, جا ئەوەی راستی بێ ئێمە لەگەڵ سەرۆکی کوتلەکان دانیشتنێکمان کرد, لەو دانیشتنەدا رەئیی وابوو هەموو لایەنەکان تەمدید بکەین, لەبەر ئەوەی چەند پرۆژەیەکی یاسایی هەیە هی وەزارەتەکان گرنگە, بێجگە لەوە چەند قانونێك هەیە, ناکرێ دوو مانگ دوا بخرێ, هی وەزارەتی شەهیدانە, ئیتفایە, ئێمە وامان ئیتیفاق کرد, بەڵام بەداخەوە داخیلی بەرنامەی کار نەبوو, بۆئەوەی ئەو مەشاریعانە دوا نەکەون پاش دوو مانگ, دەبێ جارێکی دیکە مەجبور بێ حکومەت پرۆژەکان سەر لەنوێ تەقدیم بکاتەوە, چونکە ئەگەر هەر پرۆژەیەك لەلایەن حکومەتەوە هات عوتڵەی کەوتە ناوی، عوتلەی پەرلەمان, ئەو پرۆژەیە نەخوێندرایەوە, ئەوا پرۆژەکە سقووت دەکات, بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە سقووت نەکات و, ئێمەش لە عوتڵەی پەرلەمان مەجالیی لیژنەی پەرلەمان هەبێتن بە ئیسراحەتی خۆی دیراسەتی بکات, راپۆرتی خۆی حازر بکات, ئێمە ئیتیفاقمان کردبوو لەگەڵ لیژنەی یاسایی, دە رۆژ تەمدیدی بکەین, بەڵام ئەو دە رۆژە حەوت رۆژی عوتڵەیە, لە شەممەوە 30 مانگە تا یەك شەمێکی تر عوتڵەیە, ئەگەر دەست پێبکەین ئەوا دوو رۆژمان دەمێنێ ئەوەش نابێ, بۆیە هەرچەندە من لەگەڵ سەرۆکی کوتلەکان وامان ئیتیفاق کرد دە رۆژ بێ, بەڵام پێم وایە دە رۆژ ناکرێ, جا پێتان باشە بیکەینە 15 رۆژ, لەیەك شەمی پاش جەژن دەست پێدەکەین, چونکە عوتڵەی مۆزەفینیشە, یەك شەمی پاش جەژن سەعات 10:30 بەیانی دەست پێدەکەین بەرنامەی کارمان تەواو کردنی ئەو فەقەرەیە کە ئێستا دەیخوێنینەوە, لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو پرۆژانەی, لەلایەن حکومەتەوە هاتووە, ئینجا بزانین لەو حەفتەیا چمان بۆ دەکرێ, مومکینە بە دوو سێ رۆژ تەواوی بکەین, بەڵام ئەوە لەبەر رۆتینە نەوەك تووشی هەر شتێ بین.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها باسی یەك شت دەکەم, وەختەکە دیاری بکرێ 1/1 هەتا 1/15, چونکە وەختەکە دیار نییە, جەنابت دیاری بکەی بۆ ئەوەی وەختەکە دیار بێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە وتت تەمدیدی 15 رۆژ لە 31ی مانگ تەواو دەبێ, لە 1 مانگ دەست پێدەکا بۆ 15ی مانگ, کاك شیروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئیش و کارەکە بەڕێك و پێکی بڕوات بەحقیقەت, بەپێی مەعلوماتی من هەشت, نۆ, دە مەشروع لەلای ئێوەیە, لای کاك فرستە و, لەلای ئێمەش رەنگە شەش, حەوت مەشروع هەبێت, رەنگە ئەوانەی لای ئێمەن تەرجومە کرابێ, بەلاّم ئەوانەی لای ئێوەن هەتا ئێستا تەرجومە نەکرایە, ئەگەر بکرێ بەیانی یان ئەمڕۆ بماندرێتێ بۆ ئەوەی تەرجومەی بکەین, بۆ ئەوەی پاشی عوتڵە حازر ببێت, ئەوەی کە دەیدەینێ تەرجومەی بکا ماوەی هەبێ, ئەو هەشت, نۆ, دە مەشروعە تەرجومە بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کەواتە مەبدەئیەن مادەم موافیقن دەیخەمە دەنگەوە بۆ تەمدید کردنی دەورەکەمان لە 1 مانگەوە هەتا 15 رۆژ, کێ لەگەڵ ئەوەیە تەمدید بکرێ, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ ئەوە نییە, کە تەمدید بکرێ, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بە کۆی دەنگ 15 رۆژ خولەکە تەمدید دەکرێ, تەبعەن ئەوە بەپێی نیزامی داخلی دوو لەسەر سێیی ئەندامانی پەرلەمان دەبێ دەنگی لەسەر بدەن, نەوەك سبەی ئیعتیراز بکەن, چونکە وجود دوو لەسەر سێ ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ زائد یەکێك, یەعنی بەیانی بۆمان نەڵێن لە قانون ئەوها بوو, ئێمە وامان کرد, ئێمە ئەوەمان حسێب کردیە, کۆی دەنگیش بوو, دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانیش رازی بوون, یەعنی قەرارەکەمان قانونیە, بەپێی نیزامی داخلیە, با لە ئێستاوە وزوحمان هەبێ, کەواتە بەیانی ئیعتیباری ئیجازەی بۆ ناکرێ, چونکە جەژنی لەپێشە ئەوەی سەفەر ئەکا ئەبێ لێرە بمێنێ, جەژنتان پیرۆز بێت, جەژنی نەورۆز و سەری ساڵ, ئەو پرۆژانەش بدرێتە ئەو لیژنانەی کە موختەصی قانونی و پەیوەندیدار, هەر ئێستا وەریبگرن, سوپاستان دەکەین، کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین, زۆر سوپاس.


| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |